سەرجەمی بەرهەمی

# ڕەفیق چالاک

## سەرجەمی بەرهەمی

# ڕەفیق چالاک

بەرگی دووەم

(شانۆنامە)

ئامادەکردن


کەمال ڕەئووف محەممەد        سدیق ساڵح

چالاک ڕەفیق چالاک



پرۆژەی هاوبەش

٨٩١,٥٩٧٨٠٤

س ٨٤٥

سدیق ساڵح.

سەرجەمی بەرهەمی ڕەفیق چالاک: شانۆنامە/ ئامادەکردنی کەمال ڕەئووف محەممەد، سدیق ساڵح، چالاک ڕەفیق چالاک. – تاران، ٢٠٢٣.

٧٧٦ل، ١٧×٢٤ سم.

١. ئەدەبی کوردی – شانۆنامە ٢. سەرجەمی بەرهەم

ئ . سدیق ساڵح، چالاک ڕەفیق چالاک (ئامادەکەر) ب. ناونیشان

(پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان)

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکان: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٩٨

کتێب: سەرجەمی بەرهەمی ڕەفیق چالاک

بەرگ: دووەم (شانۆنامە)

ئامادەکردن: کەمال ڕەئووف محەممەد، سدیق ساڵح، چالاک ڕەفیق چالاک

پیتچنین: سەهەند، لاس

لەقاڵبدان: لاس

رووبەرگ: سەفین محەمەد

خەتی رووبەرگ: ئەحمەد سەعید

ژمارەی سپاردن: ١٨٢٢ی ساڵی ٢٠٢٢ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

کۆدی نێودەوڵەتی ISBN: 9-789922-920665

تیراژ: ٥٠٠

نرخ: ٢٠٠٠٠ دینار

شوێن و ساڵی چاپ: تاران، ٢٠٢٣

**بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی، شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی بەرانان ١٠٧

ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ س. پۆست: ١٤ بەختیاری

پێگە: www.zheen.org ناونیشان: zheen@zheen.org

---

**بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید**

زنجیرە: ١٥٢

Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: شەقامی سالم، بەرامبەر بە ماکسیمۆڵ

## پێڕست

### شانۆنامە


| | |
|---|---|
| قوتابیی مەرگ | ٩ |
| چیرۆکی شەهرەزاد | ١٩ |
| چیرۆکی هاملێت | ٣٣ |
| لە ڕێی پارەدا | ٩٠ |
| ژان بوو، ژن نەبوو | ٩٩ |
| خەسوو | ١٠٦ |
| تاسەی بەنگکێشان | ١١٧ |
| خزمی خراپ | ١٢٦ |
| چڵکاوێکی پیس: نەخۆشیی سفلس | ١٣٧ |
| گوڵی خوێناوی | ١٤٩ |
| ئامۆژگاریی میکرۆفۆن | ١٥٧ |
| باوەژن | ١٧٠ |
| دەردی هاری | ١٨٣ |
| ئیبن‌سینا | ١٩٥ |
| نەخۆشیی سیل | ٢٠٥ |
| جەژنتان پیرۆزبێت | ٢١٤ |
| پیاوی دوارۆژ | ٢٢٣ |
| پیاو نەبوو | ٢٣٢ |
| کارکردنی بەکەڵک | ٢٤١ |
| هاتە ڕێزەی خەڵقی | ٢٥٧ |
| ئەنجامی زۆرخۆری | ٢٦٩ |

پاداشتی چاکە ٢٧٨
هامسەری ژیان ٢٩١
ئامۆژگاریی میکرۆفۆن ٣٠٤
میکرۆفۆن لە ڕەمەزانا ٣١٦
ڕۆژووگرتن ٣٢٩
قەوماوی ناوماڵ ٣٣٩
دایکێکی خراپ ٣٥١
کرێگرتەیی ٣٦٤
هەندێک ناڕێکی ٣٧٦
تەلەفۆن ٣٨٨
دادی ئاسمان ٤٠٢
دڵداریی کوڕە شوان ٤١٤
تۆبەکردن ٤٢١
حاجی قادری کۆیی ٤٣٤
هێزی تاریکی، یان تاوانی دڵداری ٤٥٤
بووکی ژێر دەواری ڕەش ٤٦٦
ژنهێنانی نابەجێ ٤٨١
دارکیۆلا ٤٨٥
هاوڕێی گورگەکان ٤٩٣
کوڕی ئاغا ٥٠٤
نەناسراو ٥٠٧
چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر، یان ڕزگارکەری گەل ٥١٦
خەسوو یا هەژدیها ٥٢٠
داد لەدەست هەژاری ٥٢٩
ژنهێنان ٥٣٨

| | |
|---|---|
| ژنی لاڵ | ٥٤٨ |
| شەیتان زەفەرت پێنەبات | ٥٦١ |
| شیرین، کچە بۆهیمی | ٥٦٩ |
| فەصڵی هەزەلی | ٥٨٧ |
| فەصڵێکی هەزەلیی کورت | ٥٩١ |
| قسەی خەڵقی | ٦٠١ |
| گەنجانی ئیمڕۆ | ٦١٨ |
| جەژنێک لە لادێ | ٦١٨ |
| کچەکەم نەبووایە | ٦٢٧ |
| گڵکۆی تازەی لەیل | ٦٤٠ |
| مارەیی | ٦٥٤ |
| موتەنەبی لە بەندیخانەکەیا | ٦٧٠ |
| مێردی خەڵەتێنراو | ٦٨٠ |
| هەندێ نارێکیی کۆمەڵایەتی | ٦٩١ |
| ئامۆژگاریی میکرۆفۆن | ٧٠١ |
| (...) | ٧٠٩ |
| پیسکەی تەڕپیر | ٧١١ |
| دوکتۆری دێم | ٧٥٣ |

## قوتابیی مەرگ*

(بۆ دوژمنەکانی مرۆڤی - ئینسانییەت)

دانەری نووسەری میسری: تۆفیق ئەلحەکیم

بە دەستکارییەوە کراوە بە کوردی

١٩٤٣/١٢/٢٢

چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە ساڵانی ٩٣٨ و ٩٣٩دا، بەیانییەک مەرگ لە ژووری کار دانیشت، لە پشت مێزە گەورەکەیەوە کە لەسەر ئێسقانی فیل چەسپکرا و پەنجەی خستە لاجانگی و دەستیکرد بە بیرکردنەوە. لە هەمان کاتا چاوە بەقووڵاچووەکانی ئەگێڕا بە کۆمەڵە داسێکی کۆندا کە دیوارەکانی ژوورەکەیان ڕازاندبووەوە، جگەرەییەکی گەورەی کوژاوە لەناو دەم و دانە زل و زەردەکەیا، ئەهات و ئەچوو، وەکوو لقێکی وشک بێت بە دارێکی گەندەڵەوە، لە ڕۆژی پاییزدا با بیهێنێ و بیبات.

لە هەموو جمانێکیا ئارامی و گلاراولێکەوتوویی دیاربوو. لەپاش تۆزێک مۆڕبوونەوە، دەستیبرد و لە چاوی مێزەکەی پارچەکاغەزێکی دەرهێنا و بەوردی تەماشای ژمارە و نووسراوەکانی ناوی کرد و لێیوردبووەوە، لەپاش کەمێک کاغەزەکەی فڕێدا و بە تووڕەبوونێکەوە وتی:

- ئەمە نابووتییە، نابووتیی تەواو ئەمەیە.

دەستی نا بە زەنگەکەی بەردەمیا و داوای یەکێک لە ژێردەستەکانی کرد کە ناوی نەخۆشییە. لەپاش تۆزێک، زەلامێکی ناشیرینی دەموچاو چرچی ئاوڵاوی،

---

* نووسەر، ئەمەی لە سەراوردی بابەتەکە نووسیوە: ١٩٤٣/١١/٢٢، ئەم پارچەیەی خوارەوە لە کتێبی "سلطان الظلام"ی مامۆستا تۆفیق حەکیمەوە وەرگیراوە، کە نووسەرێکی گەورەی میصرە. دانەری ئەم پارچەیە لە کاتێکا ئەم کتێبەی لەچاپ دا، کە -وەکوو خۆی ئەڵێت- هیچ کەسێک نەیئەتوانی ڕەمڵ لێبدا یان بزانێ کە ئادەمیزادی ئازاد چیی بەسەردێ. (س)

بە چاوێکی کوێرەوە، بە ترس و لەرز و بە شەلەشەل، خۆی کرد بە ژووردا. مەرگ دەستبەجێ تێیخوڕی:

- کوڕە ئەم ژمارە و نووسینانەی بەردەستم چین؟؟ ئیشوکارمان بەرەو خراپبوون و کەمبوونەوە ئەڕوات، ساڵ بە ساڵ وەکوو کلکی حوشتر ئەگەڕێینە دواوە. ژمارەی ئەو گیانانەی هەموو ساڵێک ئەیاندرووینەوە، ئەمەندە کەمبوونەتەوە، لەوانەیە ئارام و ئۆقرەمان لەبەر هەڵبگرێت!

(نەخۆشی) کەمێک بۆی جما و وتی:

- ئەی سەرەک! پێویستە لەسەرم کە ڕاستیی هەموو شتێکت پێبڵێم: گرانە بتوانم وەکوو پێشوو کاروبارم ڕاییبکەم. ڕاستت ئەوێت، خەریکبووم ئیمڕۆ ئیستیقالەت پێشکەشبکەم.

- ئیستیقالەی تۆ؟

بێگومان، ئەگەر هات و بە بیرتا گوزەربکات کە من باشباش ناکەم، یان مەسئوولم لەم دەستکەوتە کەمەیەی ئێستا.

هیچ خانوو و جێیەکم نەهێشتووە سەری پیانەکەم، هیچ ژوورێکم نەهێشتووە سەرێکی لێنەدەم، بەڵام بەدرێژی ئەمدی.. چاوەڕوانیمئەکات..

- چی چاوەڕوانتە؟ چیت ئەوێ؟

- گەلێک شتی زراوتۆقێنەر، کە هەموو مووی لەشم ڕاستئەکەنەوە: (شیرنقەیەکی دەرزیی درێژ) ئاڕاستەی دڵم ئەکرا، (شووژنێک لەناو لوولەیەکی شووشەدا) دانرابوو بکرێت بە سنگما، (گەلێک شتی بریقەدار) کە ئاوی چاویان ئەبردم.. کە هەرگیز من ناتوانم لەناو ئەم مەترسییانەدا کاربکەم.

- هەموو کارێک مەترسیی هەیە. لەپاشا وەنەبێ ئەمە هۆیەکی زۆر....

- هیچ نەبێت هۆیەکی بەهێزە بۆ کەمیی دەستکەوتمان.

مەرگ قینی زۆر هەڵسا و دانی جیڕکردەوە و لە بەرخۆیەوە وتی:

- ماڵی زانستی نوێ بە قوڕ بگیرێت، بەڵام قەیناکات، من ئەزانم چۆن هەموو چەکێکی ئەم زانستە نوێیە ئەشکێنم، نەء.. بەڵکوو ئەزانم چۆن بە شارەزایی ئەو چەکانە ئەخەمە دەست خۆم.

برۆ ئەی نوێنەر (نەخۆش) بۆ سەر کاری خۆت، من ئەزانم چۆن کاروبار هەڵئەسووڕێنم.

- بەقەد توانست هەوڵئەدەم، بەبێزیادوکەم، (نەخۆشی) ئەمەی وت و لە ژوور چووەدەرێ.

مەرگ دەستی کردەوە بە بیر و لێکدانەوە، لەپاشا سەری هەڵبڕی و زەنگێکیتری لێدا و داوای ژێردەستەکەیتری کرد کە ناوی جەنگە.

جەنگ بە زرەزرِ و بریقوهووڕی چەکە ئاسنینەکانیەوە هاتە ژوورێ و بە پۆستاڵە قورسەکانیەوە قاچی دا بە زەوییا و لە باری وریابوونا وەستا و تەمەننایەکی سەربازیی کێشا. مردن بوارەینەدا، دەستبەجێ پێیوت:

- گوێبگرە، من ئیشم پێتە. وەکوو ئاگاداریت هەمیشە کە کاروبارمان باش ئەڕواتبەڕێوە، تۆ بەکارئەهێنم. لەبەرئەمە پێویستە ئێستاکە پێتبڵێم کە کاروبارمان ڕوو لە خراپی و شلۆقبوونە و باش ناڕواتبەڕێوە. هاتی تەماشای ئەم ڕاپۆرتە بکە! ئەو حەلە تێئەگەی کە چۆن ئێمە بەرەو نابووتی ئەڕۆین. تۆی بە تەنیا کە بتوانی تای تەرازوو ڕاستبکەیتەوە، تۆی کە بە مانگێک بتوانی ژمارەی گیانە کێشراوەکانت بگەیێنیتە پلەیێک، کە بەرامبەر بە پێنج ساڵ، بەڵکوو زیاتریش بوەستێ.

جەنگ کڵاوە مسینەکەی داگرت و ئارەقی ناوچەوانی سڕی و وتی:

- ئەی سەرەک، کەمێک لەمەوبەر خەریکبووم واز لە کار بێنم.

- تۆش دیسان؟! بۆ وا گێتی گۆڕا، ئەی شەیتانینە؟! چی قەوماوە، ئەی دەعباییتە؟

جەنگ ئەموستی بۆ پەنجەرەکە درێژکرد و بە سەرەکی وت:

- فەرموو، تەماشاکە و ببینە. گۆرانی وەکوو دووکەڵ لە سنگی زەوییەوە هەڵئەستێت، لە هەموو دڵێکەوە ئاوازە بەرزئەبێتەوە بۆ ئاسمان، بەرزئەبێتەوە بۆ ئاسمان. وەکوو گازێکی ژاراوی بەر لووتمان ئەکەوێت.

- گۆرانیی چی؟ کام گۆرانی؟

- گۆرانیی ئاشتی. لە هەموو شوێنێک خەڵک بەسەر زمانیانەوەیە، لە هەموو شارێک کۆمەڵ و کۆنفرانس بۆ ئەمە ئەبەستن و ئەگرن. بەڵێ، لە هەموو شوێنێک نزیکئەکەومەوە، ئەم گازە ژاراوییە بە دەموچاوما هەڵئەپرژێت. نە.. کاری ئێستامم هیچ پێ خۆشنییە و هەرگیز پێی شادنیم.

مەرگ دەستیکردەوە بە لێکدانەوە، سەری لێشێواوە، نازانێ چی بکات.. هەڵسا ڕوویکردە پەنجەرە گەورەکەی ژوورەکە. لەوێوە چاوێکی بە زەویی جوان و ڕازاوەدا خشان: دارستان کراسی گەڵای سەوزی لەبەرکردەوە، گوڵ دەمی کردۆتەوە، بەو ڕەنگە جوانەیەوە پێئەکەنێت. میوە، هەمووی بۆنخۆشبووە و پێگەیشتووە، باڵندە لەگەڵ بێچووەکانیا دەستیکردەوە بە نەغمەخوانی، ئادەمیزاد دڵشاد و گەشەدارە لەگەڵ ماڵەکانیا، سروەبای بەهار بۆنی عەتری گوڵان بە هەموو شوێنێکا بڵاوئەکەنەوە. گۆرانیی شادی لە زەویوزار و دێ و شارەکانەوە بەرزئەبێتەوە، لادێیەکان بەدەم هەڵپەڕین و سەماوە دروێنەئەکەن.. هەموو شتێک وا ئەگەیێنێت کە ئاشتی و خۆشی و جوانی باڵیان بەسەر زەوییا ڕاکێشاوە. هەموو شتێک وا ئەگەیێنێت کە ژیان نوێبۆتەوە و پیت وا لە هەموو شتێکا.

مەرگ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە، وای هەستئەکرد کە ئێستا نا تۆزێکیتر ئەخنکێت، دوو هەنگاوینا و خۆی فڕێدایە باوەشی کورسییەکەیەوە، دانی جیڕکردەوە، ئەم قسانەی کرد:

– ئەمەیە نابووتی، ئەمەیە ماڵوێرانی و کوێرەوەری و کۆستکەوتن. داخی بە جەرگم، ماڵوێران خۆم، شکۆ و گەوەرەیی و دەسەڵاتم لە بنەڕەتا هەرەسیانهێنا!

ئەم بێهیوابییە زۆری نەکێشا، لەپاش کەمێک هەڵسایە پێیان و لەپڕ وتی:

– نەء، پێویستە تێبکۆشم. تێکۆشینم و هەوڵوتەقەلادانمە، دەسەڵات و هێز و شکۆم پێببەخشێتەوە. ئینجا ڕوویکردە نوێنەرەکەی جەنگ وە پێیوت:

– باش بیربکەرەوە. ئەمە جاری یەکەم نییە ئێمە تووشی بارشلۆقی ببین. لەمەوپێش گەلێک جار بارمان زۆر لە ئێستا کە شلۆقتربووە و دەستکەوتمان گەلێک لە ئێستاکە کەمتربووە، باش ڕابوردووت بهێنەرەوە بیرت، ئەی جەنگ.

– من چاک مێژووی خۆمم لەبیرە، هەرگیز لە مێژووی ڕابردوما گازی ژاراویی وا ناشیرین و دەعەجانیی وەکوو ئەم گۆرانییەم نەبیستووە و نەدیوە، هەموو هەوا پڕکا و کاسیکات.

لە مێژوودا گەلێک وەختی هێمنی و ئیشنەکردنی تیابووە، لەگەڵ ئەوەشا تۆ هەر توانیوتە هەڵبگیرسێیت و دەست بدەیتەوە کاروبارت.

– داوام لێمەکە خۆم خۆم هەڵگیرسێنم، لەو کاتەوە لەدایکبووم، تا ئێستاکە من خۆم نەمتوانیوە خۆم داگیرسێنم، من قوتووە شقارتەیەکم پێویستە.

- پێویستە ئەو قوتووە شقارتەیە بدرێتە دەستی کابرایەکی شێت. (شێتێک)!

مەرگ، بە پەلە و هەڵەداوان ئەمەی وت و قاقا دەستیکرد بە پێکەنین، کە هەموو دار و دیواری ژوورەکە لەگەڵ قاقای ئەم هاتە چۆقەچۆق. (ژێردەستەکەی) وای ئەزانی سەرەکی گاڵتەی پیئەکات، لەبەرئەوە لەگەڵیا پیئەکەنی. بەڵام سەرەک ڕووی تیکرد، وتی:

- ئایا بۆ پیناکەنی و گەشکەداربیت؟ کلیلمان دۆزییەوە.

- کلیلی چی؟ کام کلیل؟

- سوێند ئەخۆم کە تۆ باش مێژووی خۆت شارەزایت. چەند ساڵێک بگەڕێرەوە دواوە، بیر لە ڕابوردووی خۆت بکەرەوە. ئەبینیت ئەو کەسەی هەمیشە هەڵیگیرساندوویت و ئاگری تیبەرداوی، پیاوێکی شێت بووە!

مەرگ، لەسەر قاقای پیکەنین ڕۆیشت و لە پەنجەرەکە نزیکبوووە. تەماشای زەویی ڕەنگینی کرد کە بەها و خشڵی جوانی خواکرد ڕازاندوویەتیەوە. باش لە ئاشتی وردبووەوە کە خێوەتی بەسەر هەموو زەویدا هەڵداوە، چاک گوێی لە گۆرانی و شاییلۆغانی ئادەمیزاد گرت و پڕبەدەم هاواریکرد:

- ئەم هەموو شتانە بە خوێنی سوور ڕەنگئەکەم! حا حا حا..

بە پەلە پەنجەرەکەی بەجیهێشت و ڕوویکردە ئەو تەنافەی عەبا ڕەشە گەورەکەی پیادرابوو، لەبەریکرد و تەمەننایەکی لە ژێردەستەکەی کرد و لە دابەزینە سەر زەویدا وای وت:

- هەوڵ و تێکۆشین و سەرکەوتنم، لەسەر ئەوە وەستاوە، شێتێک بدۆزمەوە!

*

مەرگ، بەسەر زەوییا دەستیکرد بە گەڕان، هەرچەند بە لای ئادەمیزادی شادمان و بە لای دار و درەختی سەوز و بە لای فڕندەی دەم بە گۆرانییا بڕۆیشتایە، تەنگەچیکڵانە ئەبوو- بە ناهەقی نییە قینی لە ژیانە. زۆر بە گورجی لادێکانی بەجیهێشت و ڕوویکردە شارستان.

سەری سووڕما لەو کۆشک و تەلارە گەورە و جوانانە، لەو شوێنانەی پڕیانە لە شادی و لە پێکەنین، لەو پەیکەرە شیرینانەی لە هەموو شوێنێکا چەسپکراون- ناهەقی نییە قینی لە جوانییە. هەموو شتێک وا پیشانئەدات کە شارستانی

جێگیربووە، ئادەمیزاد لەسەر پێشکەوتن ئەڕوات. کوانێ؟ ئەو کەسەی بتوانێ، بوێرێ، ڕووی بێت، خوێنی سوور بڕێژێ بەسەر ئەم شتانەدا.

مەرگ، دەموچاوی گرژبوو، خەریکبوو بێهیوایی شانی بگرێتەوە و واز لە هەموو شتێک بێنێت. لەم حەلەدا چاوی بە قەلەباڵغییەک کەوت لە بەردەمی کۆشکێکی گەورەدا، کە بە پەیکەر جوانکراوە و لە مەتحەفێکی گەورە ئەچێت، کۆبوونەتەوە و بە دەنگی بەرز قسەئەکەن.

مەرگ، ڕووی تێکردن و سەری هەڵبڕی. چاوی بە بۆیەچییەک کەوت لەسەر پەیژەیەک ڕاوەستاوە، خێرا خێرا ڕەنگێکی سوور ئەڕێژێت بە کۆشکەکەدا بەبێ ئەوەی جوانییەکی تیابێت، یان شتێکی بەهادار دروستبکات. ئەم ڕەنگە سوورە لە سەر و دەم و لووتی پەیکەرەکانەوە ئەهاتنە خوارەوە و تک تک ئەتکانە سەر زەوی.

قەڵەباڵغەکە قینیان هەڵسا:

- ڕاوەستە ئەی بۆیەچی؟ جوانیی ئەنتیکەخانەکەت ناشیرینکرد.

- مەئموورەکانی ئەنتیکەخانەکە هاتنەدەرەوە و لە هەموو شتێک گەیشتن. پڕبەدەم بانگیانکرد:

- بوەستە ئەی کرێکار، وەرە خوارەوە ئەی بۆیەچی!

لەسەر پەیژەکەوە بۆیەچی تەماشایەکیکردن و وتی:

- ئایا ئەم ڕەنگەتان بەدڵنییە؟ ئەم ئەنتیکەخانەی ئێوە پێویستی زۆرە بە ڕەنگێکی گەرمی هاوارکەر..

مەئموورەکانی کۆشکەکە بە خەڵقەکەیان وت:

- ئەم پیاوە لەخۆبابییە شینە بێنیە خوارەوە! لەم کاتەدا مەرگ هاوارێکی شادمانی لە هەموو هەیکەلە ئێسقانییەکەیا دەنگیدایەوە و بە خۆی وت:

- دۆزیمەوە! ئۆخەی دۆزیمەوە!

مەرگ لە پەیژەکە نزیکبووەوە و بە کابرای بۆیەچی وت:

- وەرە خوارەوە کاکەی بۆیەچی، کابرایەکی لەمە گەورەترم لایە، وەرە بۆم بکە.

(مۆسیقا)

مەرگ و بۆیەچییەکە هەموو تفاقێکی بۆیەکردنەکەی دا بە شانیا، ورد ورد ڕۆی بۆ مەیخانەیەکی بیرە، لە ڕێگا بۆیەچی ڕووی‌کردە مەرگ:

- کارەکەی تۆ لە چ کۆشک و تەلارێکە..؟

مەرگ بە زەردەخەنەیەکەوە کە دانە زەردەکانی دەرخست پێی‌وت:

- لە کۆشک و تەلارێکی زۆر گەورە و ڕاقییایە، لە کاروانسەرایەکی ئیجگار زل و زەلامایە، پێویستە لەسەرت هەموو ڕەنگەکانی پیا بڕژێنیت.

بۆیەچی وتی:

- چاوت بەوانە کەوت کە ڕازی‌نەبوون بە نەخش و نیگارەکەم.

- زۆر بێ‌مێشکن، ئەم ئەنتیکەخانەیە بەو ڕەنگە کش و ماتانەوە بە چاو ئەگەیێنن، ئایا تۆش لەگەڵمانیت؟ هەموو ئەو شتانەی ناویان‌ناون جوانی، هەموو ئەو شتانەی پێیان‌ئەڵێن شارستانی، پێویستە ڕەنگی شۆڕشیان پیابڕژێت.

بۆیەچی بە سەرسووڕمانێکەوە وتی:

- کام جوانی و چ شارستانییەک؟!

مەرگ، لەسەر قسەکردنی خۆی ڕۆی، بێ ئەوەی گوێ‌بداتە بۆیەچی!

ئەو ڕەنگەی دەماری جرِوجانەوەرەکانی دارستان ڕاستئەکاتەوە وەک باسقەنە.

- دارستان؟!

- بەڵێ، چەند شیرینە ئەم ڕەنگە سوورەی لە دارستانا ئەبەسترێت؟

مەرگ ئەمەی وت، وەکوو یەکێک شیعر بخوێنێتەوە (ئەگەر شیعر بێزی‌بێت لەو دەمە ناشیرینە نزیک‌بێتەوە). لەپڕ مەرگ ڕووی‌کردە بۆیەچی و وتی:

- تۆی ئەو پیاوەی بتوانی هەموو شتێک بەو ڕەنگە بۆیەبکات!

- ڕەنگی سوور. بەڵێ، من ئەتوانم تەواوی هەموو شتێکی پێ‌بدەم، بەڵکوو ئەشتوانم هەموو شتێکی پێ‌سواخ‌بدەم.

ئەزانم ئەتوانی و لەبارتا هەیە. مەرگ ئەمەی وت و ڕووی‌کردە مەیدەر (ساقی)ی مەیخانەکە و داوای دوو پەرداخ بیرەی مونیخی کرد.

پیرە هات و مەرگ پەرداخی بەرزکردەوە و وتی:

- لە چاوی سەرکەوتنمان.

لەپاش کەمێکی‌تر وەرە بۆ لام بۆماڵەوە. ماڵەکەی من ئەزانی؟

(مۆسیقا)

مەرگ بە چەقەنەلێدان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، هەموو ئەندامی لە خۆشی و شادییا نەئەکەوتە زەوی و نەئەسرەوت، یەک لەسەر یەک قاقا پێ‌کەنی و بە گازی پشتا ئەتلایەوە.

جەنگی ژێردەستی پێی‌وت:

- چیت کرد بە چی، ئەی سەرەک؟

مەرگ بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی‌دایەوە:

- دۆزیمەوە؛ ئەو پیاوەم دۆزییەوە کە شقارتەکەی بدرێتە دەست!

- لەبیرت‌نەچێت، ئەبێت ئەو کەسە شێت‌بێت.

- لەبیرم‌نەچووە.

- کوانێ؟

- لەپاش تۆزێکی‌تر دێت بۆ لام، بۆ ئێرە.

*

تاریکی داهات، سەعات بوو بە دوانزەی شەو، سەرەک بە نوێنەرەکەی جەنگی وت کە لە ژوورەکەی ئەودیو، خۆی بشارێتەوە. بۆیەچی هات.

سەرەک هەڵسا و بە پیریەوە چوو، لە نزیک مێزە گەورەکەیەوە کورسییەکی بۆ دانا. بۆیەچی چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و ڕووی‌کردە مەرگ و پێی‌وت:

- فەرموو، من لە خزمەتتانام.

- من لە خزمەتی ئێوەدام، میرم.

- لێم‌ببوورە.. من..

- نەء، ئەوەندە خۆت بە بچووک مەزانە، تۆ هێشتا گەورەییی خۆتت لێ ئاشکرانەبووە. تۆ بۆ ئەوە دروستکراوی، ڕووی زەوی بگۆڕی. قەدەر هەڵیبژاردووی هەموو گێتی بەو ڕەنگە تەڕاوبدەی کە خۆت حەزی لێ‌ئەکەی. تۆ بۆ ئەوە دروستکراوی، مێگەلی ئادەمیزاد لێ‌خوڕی و بەریت بەڕێ‌دا. خوا و

بتپەرستەکانی دارستان تۆیان کردووە بە نوێنەری خۆیان، بۆ ئەوەی وەکوو ئەوان، بۆ ئەوەی وەکوو شەریعەتی دارستان، حوکم بکەی لەسەر ئەم زەوییە.

- من؟

- بەڵێ تۆ.

- بە چ ڕێیەک، بەگوێرەی چ پیلانیک ئەتوانم ئەم هەموو شتە بکەم؟

- پیلان و ڕێگا ئاسانن. با لەپێشا لەسەر کاغەز بیاننووسین، هانێ ئەم خامەیە بگرە بەدەستەوە و بنووسە. مەرگ خامەیەک و کاغەزێکی زۆری لە بەردەمی بۆیەچیدا دانا و پێیوت:

- وا ئێستاکە کتێبیکت پێئەنووسمەوە، ئەو کتێبەی پیلانی کارکردنە، بنووسە: "تێکۆشینم".

بۆیەچی وتی:

- تێکۆشینی تۆ!

- نە میرم تێکۆشینی ئێوە.

- تێکۆشینی من؟!

- ئەگەر ئەتەوێ تێکۆشینی هەردووکمان.

مەرگ بە زەردەخەنەیەکەوە ئەمەی وت و تەماشایەکی دەرکی ژوورەکەی ئەودیوی کرد، کە جەنگ تیایا وەستابوو، چاوی لە سەرەک دائەگرت. مەرگ بەبێ وچان کتێبێکی گەورەی بە بۆیەچی نووسییەوە. لەپاش تەواوبوونی "تێکۆشینم"، بۆیەچی ئارەقی ماندووبوون و شەکەتیی سڕی و وەکوو زەلامێکی خەواڵوو وتی:

- من ئەم هەموو شتە ئەکەم، من ئەم هەموو کارەساتە جێبەجێئەکەم.

- تۆ پیاوێکی گەورەی.

- من پیاوێکی گەورەم؟

- تۆ خاوەنNامەیەکی کە قەدەر و خواکانی پێشوو بۆیان ئامادەکردوویت، نابێت بە هیچ جۆرێک وە لە هیچ کاتێکا لەم قسەیە دوودڵ و گوماندار بیت. مەرگ بە دەنگێکی بەرز و کاریگەر ئەم قسانەی ئەکرد، هەرچەندە لە کانگای دڵیشا گاڵتەی پێئەکرد.

ژێردەستەکەیتری مەرگ (نەخۆشی) زانیی کە وەختە بارە شلۆقەکەیان ڕاستببێتەوە، ئەویش هات و شانی نا بە شانی جەنگەوە و بە گوێیا چرپان:

- ئەمەیە شینە کە سەرەک بەشوێنیا ئەگەڕێت؟

- بەڵێ، ئەمە، بێدەنگبە.

- پێویستە ئەم پیاوە سپاسی بکرێت، پێویستە دیارییەکی زۆر گرنگ و بەنرخی بدرێتێ. ئایا بڵێی سەرەک چیی پێببەخشێت؟

جەنگ بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- ئەوەی ئەمەوێت بەخشراوە بە هاوچەشنەکانی.

- چی؟

- قوتووە شقارتەیەک بەبێزیادوکەم.

- بێگومان ئاگرێکی پێ بەرپائەکات.

- ئەمەیە ئامانج، ئێمەش ئەوەمان ئەوێت.

- بەڵام خۆیشی ئەسووتێنێت.

- ئەنجا لەبەرئەمەیە بە شێت ناوئەبرێت!

- ئەوی ئاگری جەنگ داگیرسێنێ، خۆشی ئەسووتێ!

- بێگومان ئەوی خەڵق بکوژێ، ئەیکوژنەوە

# چیرۆکی شەهرەزاد

دانەری: تۆفیق حەکیم

تەرجەمەی: ڕەفیق چالاک

١٩٤٥/١/١

سووورداش

شەخصەکانی چیرۆک:

مەنظەرەی یەکەم

١. ساحیر ٢. جارییە ٣. عەبد ٤. جەللاد ٥. دەنگێک ٦. کچێک ٧. مەلیک

مەنظەرەی دووەم

١. وەزیر ٢. شەهرەزاد (کچ) ٣. شەهریار (کوڕ)

مەنظەرەی سێیەم

١. مانگ (پیاوێکە) ٢. ساحیر

مەنظەرەی چوارەم

١. قەمەر ٢. شەهریار

مەنظەرەی پێنجەم

١. شەهرەزاد ٢. عەبد

مەنظەرەی شەشەم

١. ئەبومەیسوور ٢. جەللاد ٣. قەمەر ٤. شەهریار

مەنظەرەی حەوتەم

١. شەهرەزاد ٢. عەبد ٣. شەهریار ٤. قەمەر

عەدەدی مومەثیلین تەقریبەن ١٥ کەس

## پەردەی یەکەم

(ڕێگایەکی چۆڵ، خانوویەک، بە تاقی تەنیا چرایەک بە دەرگاکەیەوەیە بە داگیرساوی، لە دوورەوە دەنگی مۆسیقایەکی نەرم دێت، وەخت شەوە)

ساحیر: (کچەتیوێک ئەباتەوە ناو ماڵەکەوە و لێیئەپرسێ) ئەو غەریبە ڕەشکەلانەیە چیت پێئەڵێت؟

کچەکە: لێمئەپرسێ کە هۆی گەشکەی شارەکە چییە؟ منیش پێموت کە هەموو کچە عازەبەکانی ئەم شارە، ئاهەنگێک بۆ شاژن شەهرەزاد ئەکەن.

جادووگەر: ئەی بۆچی وا ئەلەرزیت؟

کچەکە: (بە چپەدوو) نازانم!

جادووگەر: من پێمنەوتووی کە لەم عەبدە پیرە نزیکمەبەرەوە، چونکە خراپە لە چاوەکانی هەڵئەقوڵێت؟

کچەتیو (کەنیزەک بە چپەدوو) پیرنییە، کوا پیرە؟

جادووگەر: بۆ بە دەنگی چپەدوو قسەئەکەیت؟ بێنە دەستت، با بڕۆینە ژوورەوە. ڕەنگە لە ناشیرینیی ئەم پیاوە ترسابیت.

کەنیزەک: (بە چپەدوو) ناشیریننییە.

(جادووگەر و کەنیزەک ئەچنە ماڵەکەوە. لەم کاتەدا عەبدە دەرئەکەوێ و چاوئەبڕێتە کەنیزەکەکە)

عەبد: ئەم کچە عازەبە ئێجگار جوانە! هەر بۆ باخەڵ دروستکراوە.

دەنگێک: (لەپشت عەبدەکەوە) بۆ باخەڵی شەیتان؟ یان بۆ باخەڵی شمشێر؟

عەبد: (ئاوڕئەداتەوە) ئەمە تۆی؟

جەللاد: (خۆی دەرئەخات) منت ناسی؟

عەبد: کوا شیرەکەت، ئەی جەللاد؟

جەللاد: فرۆشتم و بە پارەکەی خەوم پێکڕی.

عەبد: تێگەیشتم.

جەللاد: چی تێگەیشتی؟

عەبد: پارە دابەشکردن و فڕێدانی دوێنێت لە مەیخانەی ئەبومەیسوور.

جەللاد: (بە قاقا پێئەکەنێت)

عەبد: بۆچی لە بەردەمی ماڵی پاشادا ڕانەوەستاوی؟

جەللاد: من ئیتر جەللادی پاشا نیم.

عەبد: تێگەیشتم.

جەللاد: چی تێگەیشتی؟

عەبد: ئایا ئیمڕۆ جێژن و ئاهەنگی گەورەکچەکانی ئەم شارە نییە؟

جەللاد: بەڵێ، ڕاستە! لەبەرئەوە پاشا ئیشی بە جەللاد نەماوە.

عەبد: (بە گەشەوە) ئەی هاوار بۆ ئەو لەشە جوانەی شەهرەزاد!

جەللاد: نەخێر، لەشی جوان و خۆشەویستیی شەهرەزاد نین کە نایەڵن پاشا گەورەکچەکان سەرببڕێت. خراپ تێمەگە.

عەبد: (گوێئەگرێت) گوێبگرە! بە خوا گۆرانییەکی خۆشی پڕسەمەرەیە! ئەم ماڵە هیی کێیە؟

جەللاد: (بە ڕوویەکی خۆشەوە) ماڵی جادووگەرە، پاشا بە نهێنی دێت بۆ ئەم کۆشکە، تا قسە لەگەڵ جادووگەرا بکات.

عەبد: ماڵی جادووگەرە؟ جادووگەری باوکی کەنیزەکە جوانەکە؟

جەللاد: وا ئەڵێن.

عەبد: (گوێ لە گۆرانییەکە ئەگرێت و پێئەکەنێت) قومرییەکی[١] ئاوازخۆش بەر شمشێرەکەت نەکەوتووە!

جەللاد: (ئەیەوێ بڕوات) ئەوی لە دەستی من ڕزگاریئەبێت، ئەکەوێتە باوەشی شەیتانەوە.

عەبد: کەمێک ڕاوەستە! لام وایە هیچ ئیشێکی پەلەت نەبێت.

جەللاد: بەڵێ، دەنگێک دێتە گوێم، باسی شتی سوورم بۆ ئەکات.

عەبد: (بە پێکەنینەوە) نەء، شتی ڕەشە، ئەو دەنگە بەهەڵەچووە.

(لەپڕ هاوارێک و ناڵەناڵێکی زۆر پڕتەئثیر لە پەنجەرەی کۆشکەکەوە دێت.)

---

[١] بە هەڵە بە (قریەکی) نووسراوە، ڕاستکرایەوە. (س)

جەللاد: (بە چپەدوو) ئایا گوێت لێبوو؟

عەبد: چی؟

جەللاد: دەنگێک لە دەنگی کوننەپەپوو ئەچێت.

عەبد: (تەماشای هەرچوار دەوری خۆی ئەکات) کوننەپەپوو! لە کوێ؟ کوا، بۆ نایبینم؟ ماڵت بەقوڕگیرێ، ئەی جەللادی شووم، خەریکنیت ژیان پڕکەیت لە ناشیرینی!

جەللاد: (دەستئەکات بە ڕۆیشتن) دڵخۆشبە بە کەڕیی خۆت، تا گوێت لە هیچ نەبێت!

عەبد: بۆ کوێ ئەڕۆی؟ تۆزێکیتریش ڕاوەستە! تووخوا ئەگەر باسی شەهرەزادی شای کچانم بۆ نەکەیت؟!

جەللاد: ئەتەوێ چی دەربارەی شەهرەزاد ببیسی لەپاش ئەوەی دوێنێ بیستت؟ ئەڵێی تۆ تەنیا لەبەر خاتری شەهرەزاد هاتوویتە ئەم شارەوە.

عەبد: (لەپڕ هاوارئەکا و دەست ڕائەکێشێت بۆ جێگایەکی دوور) ئەی جەللاد! تەماشاکە! ئەو ڕووناکییە بەشەوقە چییە لەوێ، سەرچاوەی هەموو ڕووناکیی ڕووی زەوییە!

جەللاد: (تەماشای ڕووناکییەکە ئەکات) ئەوە ژووری پاشایە.

عەبد: ئەی شاژن؟

جەللاد: شاژن، ژووری جیایە، وا لەوبەری کۆشکی شا.

عەبد: بە خوا سەیرە، شا ئیتر پێویستیی بە چیرۆکگێڕانەوەی شاژن نەماوە.

جەللاد: شا شێت بووە.

عەبد: لە خۆشەویستیی شەهرەزاد؟

جەللاد: نەخێر، هەر شێتی تەواو بووە.

عەبد: چۆنت زانی؟

جەللاد: وا ئەڵێن، وەرە تەماشاکە!

عەبد: چی؟

جەللاد: (چەند هەنگاوێک عەبد ئەباتبەڕێوە) تەماشای ئەو باڵقونە تاریکە بکە! چی ئەبینی!

عەبد: هیچ شتێک.

جەللاد: تەماشای لای چەپی باڵقونەکە بکە!

عەبد: بەڵێ، بەڵێ، سەرێک ئەبینم ڕەق ڕاوەستاوە وەکوو پایەی دیوار.

جەللاد: ئەوە ئەوە.

عەبد: (باش تەماشائەکا و سەرنجئەدات) بۆچی وا تەماشای ئاسمان ئەکات؟، ئەڵێی ئەستێرەپەرستەکانە.

جەللاد: ئەمە پیشەی هەموو شەوێکیەتی. هەندێ جاریش بە درێژیی شەو ئە ئاوا ڕەق ڕائەوەستێ هەتا بەیان.

عەبد: بەخوا سەیرە! گوایە ئەبێ لەبەر چی بێت؟

جەللاد: کێ ئەزانێت؟

عەبد: گوایە کەس نازانێت؟

جەللاد: هیچ کەسێک.

عەبد: کەی تووشی ئەم شێتییە بوو؟

جەللاد: نازانم، بڕواشناکەم لەمەوپێش تووشیبووبیت، جارێکیان چاوی بە ژنی یەکەمی کەوت کە لەناو باوەشی عەبدێکی پیسا بوو. هیچی نەکرد، لەوە زیاتر کە هەردووکیانی کوشت و سوێندیخوارد کە هەموو شەوێک کچێکی عازەبی لابێت، هەتاکوو ڕۆژ، ئینجا ئەو حەلە سەریبڕێت.

عەبد: ئینجا گوایە ئەتویست چی بکات لەمە زیاتر؟

جەللاد: من مەبەسم ئەوەیە کە ئەو حەلەش هیچ وەکوو ئێستا شێتنەبوو.

عەبد: ڕاستئەکەیت. دە باشە، ئەتوانی هۆی شێتیی ئێستای پاشام پێبڵێیت؟

جەللاد: تەماشاکە! شا چووە ژوورەوە.

عەبد: بەڵێ، بەڵێ، وا چراکانیش کوژانرانەوە.

جەللاد: ڕەنگە ئێستاکە بێت بۆ لای جادووگەر.

عەبد: بۆ ئێرە یەت؟ (دەستبەجێ عەبد ڕائەکات)

جەللاد: (بەشوێنیا ئەگەڕێت) بۆ کوێ چوو؟

جادووگەر: (لە دەرگایماڵەکەیان دێتە دەرەوە و ئەڵێت) کێ بۆ کوێ چوو؟

جەللاد: عەبدەکە.

جادووگەر: (چرای بەردەرگاکەی خۆیان ئەکوژێنێتەوە) پەستی بۆ ئەو. با ئەم پیاوخراپە گەڕۆکە لەم دەورولانە دووربکەوێتەوە.

جەللاد: بۆ چراکە ئەکوژێنیتەوە؟

جادووگەر: تۆ حەقی ئەمەت چییە؟ ئایا خۆت چی ئەکەیت، تاکوو ئێستاکە لێرە ماویت؟

جەللاد: ڕاستئەکەیت، وا ئەڕۆم.

(جەللاد ئەڕوات، جادووگەر تەماشائەکات تا گومنەبێت، ئینجا دەرگای ماڵەکەی خۆی دائەخا و لە ڕێگایەکیترەوە ئەمیش ئەڕوات)

عەبد: (دێتەوە دەرەوە) کلۆڵی بۆ ئەو کەسەی زۆری لێکراوە بە تاریکییا بڕوات.

دەنگ: (هاوار و ناڵە پڕتەئسیرەکە لە پەنجەرەکەوە) ئادەمیزادێکە، خۆشت و بریسکەی چاویشت ئەبینێ.

عەبد: ئایا ئەمناسی؟

دەنگ: ئەشزانی کە لە پێشوەختا هاتووی بۆ بینینی تیشکی ڕۆژ.

عەبد: ئایا وەختی بینینی نەهاتووە؟

دەنگ: ئەگەر ژیانت ئەوێ، ڕاکە لە تاریکییا و وریاشبە ڕۆژت لێنەبێتەوە.

عەبد: بۆچی ئەی گەورەکچ؟

دەنگ: پیاوەکە هێشتا مناڵە، هێشتا تێنەگەیشتووە کە ئەگەر ڕەشیی دی، نەیکوژێت!

عەبد: ژیانم لە خەتەردایە؟

گەورەکچ: بڕۆ لەپێش ئەوەدا پاشا بتبینێ. هێشتا لەبیرینەچۆتەوە کە قولەڕەشێکی دیوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە باوەشی ژنەکەیا. ڕاکە! خۆت بشارەرەوە، عەبدی کلۆڵ، ڕاکەرەوە بۆ تاریکی!

عەبد: تاقە وشەیەک، ئەی گەورەکچ؟

گەورەکچ: ڕاکە!

عەبد: ئەمەوێ بیبینم.

گەورەکچ: ئایا بۆ بینینی ئەو هاتووی؟

عەبد: بەڵێ، ئەشمەوێ بزانم کێیە؟

گەورەکچ: ئەو هەموو شتێکە، هیچ شتێکیش دەربارەی نازانرێ.

عەبد: ئەی تۆ؟ ئایا هیچی دەربارە ئەزانیٚ؟

گەورەکچ: نازانم، زۆریان دەربارەی ئەو لیٚپرسیوم، زۆریش لیٚم‌پاڕاونەتەوە کە وەرامیان‌بدەمەوە، بەڵام من هیچ نازانم، با لە سەرە بڕاوەکەم بپرسن، ڕەنگە وەرام‌بداتەوە، بڕۆ!

عەبد: وشەیەکی‌تریش؟

گەورەکچ: بڕۆ! پیٚم‌وتی بڕۆ!

عەبد: ئایا هەر خۆت بە تاقی تەنیا لەم ماڵەدای؟

گەورەکچ: ئادەمیزادیٚکم لەگەڵایە، وا بوو بە ٤٠ ڕۆژ لە کووپەیەکی پڕڕۆنی کونجی‌دایە. جادووگەر تەنیا هەنجیر و گویٚزی دەرخواردئەدات، گۆشتی بە لەشەوە نەماوە، لە پیٚست و دەمار و کاروباری سەری زیاتر. وا ئیمشەو جادووگەر لەناو ڕۆن‌کونجی دەریئەهیٚنیٚ تا با وشکی‌بکاتەوە.

عەبد: بۆچی وای لیٚکردووە؟

گەورەکچ: بۆ ئەوەی لەمەودواوە وەرامی هەموو پرسیاریٚک بداتەوە.

عەبد: وەرامی کیٚ بداتەوە؟

گەورەکچ: وەرامی پاشا.

عەبد: پاشا، ئەو ئەیەویٚ چی بزانیت؟

گەورەکچ: بڕۆ، ئەی قولەڕەش! لەم شویٚنە دوورکەوەرەوە. وا هاتن چراکە بکوژیٚننەوە!

عەبد: (بە ترس و لەرزەوە) چراکە؟ ئەی باوکت نەیکوژاندەوە؟!

(پەنجە ڕائەکیٚشیٚت بۆ چرای ماڵەکە)

گەورەکچ: (هاوار و ناڵەکەی پیٚشوو ئەگەشیٚتەوە) ئای، ئەی هاوار.

عەبد: (سەرسام‌ئەبیٚت) بۆ ئەم ئاوازە ناخۆشە ئەڵیٚیت؟

گەورەکچ: ئەگەر لە تاریکی‌دا هەوریٚکی سەوز بە لاتا تیٚپەڕیٚ.

عەبد: بۆچی گەڕایتەوە؟

جەللاد: گەڕامەوە بەشوێن تۆدا بگەڕێم، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچین بۆ مەیخانەی ئەبیمەیسوور. ئایا وا ئەزانی من بەبێ تۆ هەڵئەکەم؟، وەرە با لەسەر حسابی من بچین بۆ ئەوێ.

عەبد: ئەی ئەگەر پاشا لێیپرسیت کوا شمشێرەکەت؟

جەللاد: لێمناپرسێت.

عەبد: گوێبگرە، ئەی جەللاد، ئیلهامەکەت ڕاستبوو.

جەللاد: کام ئیلهام (نیگاهـ)؟

عەبد: لەبیرتچووەوە شتە سوورەکە ئیمشەو سەرێک ئەپەڕێنرێت.

جەللاد: سەری کێ؟

عەبد: (بە چپەدوو) سەری وەزیر.

جەللاد: قەمەر؟ لە هەموو دنیادا سەرێک نییە لە سەری قەمەری وەزیر ئەمینتربێت.

عەبد: (بە تەعەجوبەوە) چۆن؟

جەللاد: پاشا ئەتوانێ هەموو شتێک بکات، دەست لەوەزیردان نەبێت.

عەبد: چۆن؟ بە خوا سەیر و سەمەرەیە.

جەللاد: واز لە شمشێر و سەربڕین بێنە! هەموو جەللادێک ئەتوانێ لە تاریکیدا سەرببپەڕێنێت!

دەنگ: (هاوار و ناڵەکە ئێجگار بە بەرزی دێت، وەکوو لە قەبرەوە بێتە دەرەوە) ئای ئەی هاوار.

عەبد: (بە لەرزینەوە) ئایا گوێت لێبوو؟

جەللاد: چی؟

عەبد: ئایا گوێت لێنەبوو؟

جەللاد: (بە زمانێکی لاڵەوە) بێگومان ئەمە دەنگی یەکێکە لە خەو هەڵبسێت. تاریکیش بۆ هیچ دروستنەکراوە، بۆ خەوبینین نەبێت. بڕۆ، با بڕۆین..!

عەبد: (تەماشای تاریکایی ئەکات) نەء، ڕاوەستە!

جەللاد: (بە ترسەوە)

چیتە، ئەی قولەڕەش؟

عەبد: (بە پەنجە ئیشارەتئەکات) شتێکیتر ئەبینم لە تاریکاییدا.

جەللاد: (بە لەرزینەوە) چی ئەبینی؟

عەبد: (ئیشارەتئەکات و بە ئەسپایی ئەڵێت..) لەوێ شت ئەبینم، تەماشاکە.

جەللاد: (بە ترسەوە) چی؟ قسەبکە.

عەبد: (بە لەرزینەوە) چی ئەبینی؟

عەبد: (ئیشارەتئەکات و بە ئەسپایی ئەڵێت) لەوێ شت ئەبینم، تەماشاکە.

جەللاد: (بە ترسەوە) چی؟ قسەبکە؟

عەبد: (بە لەرزینەوە) هەورێکی سەوز، تارماییيەک، لەوێ.

جەللاد: (بە دەنگێکی نزم) ئای خوای گەورە.

عەبد: (بە ئەسپایی) ئایا دێت؟ ..

جەللاد: (بە لەرزینەوە) با ئەم شوێنە بەجێبێڵین ..!

**پەردەی دووەم**

(لە کۆشکی پاشادا: بەشی شاژن، لە ناوەڕاستی حەوزێکی مەڕمەڕ ...)

وەزیر: شاژنی بەرز! تۆ گوێ لە قسەم ناگریت.

شەهرەزاد: (تەماشای ئاوی حەوزەکە ئەکات) با، گوێملێتە.

وەزیر: ڕەنگبێ بفەرموویت قسەی هیچوپووچ ئەکەم.

شەهرەزاد: (زەردە ئەیگرێت) نەء.

وەزیر: ئەم زەردەخەنەیە قسەم ئیثباتئەکات، بەڵام مەعناکەی نهێنییە، نازانم چاکەی گاڵتەپێکردنە یان بەزەیی پیاهاتنەوە؟

شەهرەزاد: (تەماشایئەکات) تۆ بەهەڵەچووی.

وەزیر: ئەی ئەم تەماشاکردنەی ئێستات؟ بۆ ڕێگامنادەیت منیش شێتببم؟

شەهرەزاد: (بە پێکەنینەوە) بۆچی؟

وەزیر: (تۆزێک تێکئەچێت) چونکە..

شەهرەزاد: (عەیارانە زەردەخەنە دێتە سەرلێوی) ئەزانم چیت ئەوێت.

وەزیر: (بە تێکچوونێکی تەواوە) نەء، نەء، من نامەوێ ... ئەمە ... یا ئەتەوێت.

وەزیر: سوێندت بۆ ئەخۆم، شاژن.

شەهرەزاد: ئەی بۆچی وا تێکچوویت؟

وەزیر: هیچم ناوێت ئەوە نەبێت کە بزانم تۆ کێیت؟

شەهرەزاد: تۆش دیسان؟ ئەمەت ئەوێت؟

وەزیر: بەڵێ.

شەهرەزاد: وام ئەزانی لە ئێستات عاقڵتریت.

وەزیر: عەقڵم لەوە پچووکترە بزانێت تۆ چی ئەکەیت. بۆ هێشتت پاشا بچێت بۆ ماڵی جادووگەر، لە کاتێکا کە ئەزانیت ئەچیت بۆ دەرهێنانی گیانێک. ئایا لەبیرتچووەوە کە ئیمشەو جێژن و ئاهەنگی گەورەکچەکانە، ئەو ئاهەنگ و جێژنەی کە پیرۆزباییە بۆ تۆ. بەڵێ، بۆ تۆ کە بووی بەهۆی ئەوەی نەیەڵیت ئیتر خوێنیان برژێت.

شەهرەزاد: (خۆی ئەکێشێتەوە) لەشم جوانە، ئایا لەشێکی جوانم پێوەنییە!

وەزیر: (بە تیلاییەکی چاو تەماشایئەکات و سەردائەخاتەوە) نەء، نەء.

شەهرەزاد: ئایا لەشم جوان نییە؟ ئایا لەشی من بە جوان نازانن؟

وەزیر: بەڵێ، ئەی شاژن، بەڵام زۆر تکات لێئەکەم (وەزیر دەستئەکات بە ڕۆیشتن).

شەهرەزاد: بۆ کوێ ئەچیت؟

وەزیر: بۆ نوستن، ئەگەر لێم ببووری، وا نیوەی شەوە.

شەهرەزاد: (بە عەیاری) ئایا بە تاقی تەنیا بەجێمئەهێڵیت؟

وەزیر: (تەماشای زەوی ئەکات) کەنیزەکەکانت بۆ بانگئەکەم.

شەهرەزاد: بۆ هەمیشە گوێنادەیتە من!

وەزیر: (هەڵئەسیت بەبێ ئەوەی تەماشایبکات) شەوباش گەورەم!

شەهرەزاد: تۆزێکیتریش دانیشە! لام وایە پێت ناخۆشە کە پاشا لە گەڕانەوەیا لێرە بتبینێت!

وەزیر: تۆ ئاگاداریت کە من لەڕادەبەدەر خۆم ئەخەمە بەر پیش و غەضەبی پاشا.

شەهرەزاد: ئایا لەبەر من؟

وەزیر: لەبەر ئەویش.

شەهرەزاد: چاوت لێیە تا چ ڕادەیەک خۆشتئەوێ!

وەزیر: تۆشم ئەوەندە خۆشئەوێت، گەورەکەم.

شەهرەزاد: منیش؟ ئایا ڕاستە؟ منیش؟

وەزیر: (بە تێکچوویی) تۆش شات خۆشئەوێت!

شەهرەزاد: بڕوائەکەیت؟

وەزیر: (بە دەنگێکی بەرز) بەڵێ.

شەهرەزاد: لەبەر چی بڕوات وایە کە من شەهریام خۆشئەوێت؟

وەزیر: (بە دەنگێکی پڕداخەوە) ئایا دڵداری ئەشارڕێتەوە؟

شەهرەزاد: ئەمە سەمەرەیە .. ئەتۆش دڵداری ئەزانی؟

وەزیر: گەورەم.

شەهرەزاد: وەرامبدەرەوە!

وەزیر: تکائەکەم ڕێگای ڕۆیشتنم بدە.

شەهرەزاد: با بگەڕێینەوە بۆ قسەی پێشوومان، بۆچی وا تێئەگەی کە من شەهریارم خۆشئەوێت؟ ئایا منت دی ڕۆژێک ماچیبکەم!

وەزیر: (بە توننی) تۆ لەمە زیاتریشتکرد، تۆ زیندووتکردەوە.

شەهرەزاد: (بە زەردەخەنەوە) بۆچی ئەو مردبوو؟

وەزیر: لە مردووش زیاتربوو، لاشەیەکی بێدڵ بوو، ماددەیەکی بێگیان بوو.

شەهرەزاد: (بە زەردەخەنەوە) بۆچی من چیم لێکرد؟

وەزیر: تۆ سەرلەنوێ دروستتکردەوە.

شەهرەزاد: (بە گاڵتەوە) بە حەوت ڕۆژ؟!

وەزیر: بە هەزارویەک شەو.

شەهرەزاد: (بە گاڵتەوە) ئەمە زۆرە.

وەزیر: ئایا چیرۆکی شەهرەزاد نەبوو کە ئەم کێوییەی کرد بەو ئادەمیزادەی کە کتێبی پێغەمبەرەکان بەشەرییەتیان پێگۆڕی؟!

شەهرەزاد: (زەردەخەنە ئەیگریَ)

وەزیر: زەردە ئەتگریَت؟ پیَمان پیَئەکەنی، گاڵتەمان پیَئەکەیت، قەیناکا!

شەهرەزاد: بزانم، قەمەر مەتحی من و زەمی هاوڕیَکەت ئەکەیت؟

وەزیر: زەمیناکەم.

شەهرەزاد: لام وایە هاوڕیَتیی مەعبەینی کۆنتان لەبیرچۆتەوە.

وەزیر: (بە دڵگەرمییەوە) هیچم لەبیرنەچۆتەوە.

شەهرەزاد: با لەبیرتچۆتەوە.

وەزیر: (بە تووڕەیی) من هیچم لەبیرنەچۆتەوە، بەڵام پیَشانتئەدەم کە تۆ زۆرت خۆشئەویَ. جاریَکیتر من مەخەڵەتیَنە، من ناخەڵەتیَم، من ناخەڵەتیَم!

شەهرەزاد: (بە لەسەرخۆیی) قەمەر! چیتە؟!

وەزیر: (دیَتەوە هۆشی خۆی) گەورەم! لیَمببوورە .. من ..

شەهرەزاد: هەندیَ جار ئاگات لە خۆت نامیَنیَ.

وەزیر: من ویستم بڵیَم کە تۆ گۆڕیت. لەو ڕۆژەوە تۆی ناسیوە، بووە بە ئادەمیزادیَکی تازە.

شەهرەزاد: نەیناسیوم.

وەزیر: لەپیَش ئیمرۆشدا پیَموتوویت کە پاشا بەهۆی تۆوە بووە بە لوغزیَکی بەستراو لە بەرچاوم. ئەڵیَی ئاسۆیەکی بیَبڕانەوەی پیشاندراوە، هەمیشە وا لە بیرکردنەوەدا، بەشویَن شتیَکا ئەگەڕیَت، ئەگەر بیَت و نەختیَ بەسەریا بیَم، گاڵتەم پیَئەکات.

شەهرەزاد: گوایە ئەمە چاکەی منە؟ ئەمە چاکەیە.

وەزیر: بەڵیَ، ئەمە چاکەیە و چاکەی تۆشە، ئایا ئەمە چاکە نییە منالیَکت لە دەوری یاری بە ئەشیا کردنەوە گەیاندۆتە دەوری بیر لە ئەشیا کردنەوە؟!

شەهرەزاد: زۆر دەستداری لە وشە یەکخستنا..!

وەزیر: چیت ئەویَ، ئەی گەورەم؟ زۆر ئارەزوومەندم هەندیَ جار لە قسەت بگەیشتمایە!

شەهرەزاد: وا چاکە هەوڵنەدەی تیَبگەی.

وەزیر: هەوڵنادەم، بەڵام ویستم کە باسی خۆشەویستیی ئیَوە بکەم بەرامبەر بە پاشا.

شەهرەزاد: هێشتا بوختانم بۆ ئەكەی؟

وەزیر: بوختان‌ناكەم.

شەهرەزاد: چەند عەقڵت پچووكە! ئایا وا ئەزانی هەرچییەكم كردووە، لە خۆشەویستیی پاشا كردوومە؟

وەزیر: (بە سەرسوورِمانەوە) ئەی بۆ كێ؟

شەهرەزاد: (بە زەردەخەنەوە) بۆ خۆم.

وەزیر: بۆ خۆت؟ یەعنی چی بۆ خۆت؟

شەهرەزاد: یەعنی هەرچییەكم كردووە بۆ ئەمەم كردووە كە بژیم و نەمكوژێ.

وەزیر: ئەڵێیت بۆیە لات دا لە خەڵق‌كوشتن كە تۆ نەكوژێ؟

شەهرەزاد: (بە زەردەخەنەوە) بەڵێ.

وەزیر: (لەپاش بیركردنەوە) بڕواناكەم، ئایا ئەم كردەوانەت هەموو دوورئەندێشی بوو؟! شەهادەت‌ئەدەم كە تۆ دڵێكی گەورەی!

شەهرەزاد: (بە پێكەنینەوە) لە ئاوێنەی دڵی خۆتا وام ئەبینی!

وەزیر: من ڕاستی ئەبینم.

شەهرەزاد (بە دەنگێكی تۆزێ گەرم و بە زەردەخەنەیەكی پڕ لە زووخاوەوە) ڕاستی!!

وەزیر: پێ‌ئەكەنیت!

شەهرەزاد: ئەی بۆچی ئەیەڵم ئیمشەو بچێت بۆ ماڵی جادووگەر، تا سەری ئەو جوانە كچە بپەڕێنێت؟

وەزیر: نازانم، بەڵام بڕواناكەم حەزبكەی ئەو سەرە بپەڕێنرێت. نازانم تۆ چیت، نازانم ئەم دوو چاوە جوانە پاكەت چ جادوویەک و چ مەعنایەكی نهێنی ئەشارێتەوە.

شەهرەزاد: (پێ‌ئەكەنێت)

وەزیر: بە چی پێ‌ئەكەنیت؟

شەهرەزاد: جادوو و مەعنای نهێنی! ئافەرم بۆ شەهریار! وا دیارە قسەی زۆری فێركردوویت.

وەزیر: بەڵێ، هەندێ قسە و هەندێ بیریم لێ‌دزیوە لەو ڕۆژانەدا كە دائەنیشتین و بەیەكەوە باسی تۆمان ئەكرد.

شەهرەزاد: چیی دەربارەی من ئەوت؟

وەزیر: بەشی زۆری قسەكانی تێناگەم.

شەهرەزاد: (هەڵئەسێت) برۆ ڕێویە پچكۆلە!

وەزیر: گەورەم، بۆ ژووری نوستن ئەڕوات؟

شەهرەزاد: نانووم تا شەهریار نەگەڕێتەوە.

وەزیر: (بە سەرڕاوەشانەوە) چاوت لێیە چۆن خەوت لێناكەوێت تا ئەگەڕێتەوە! خۆشی لە پاشا بۆ ئەم خۆشەویستییەی تۆ.

شەهرەزاد: (بە زەردەخەنەوە) تۆ بەسەزمان.

وەزیر: (گوێقوڵاغ ئەبێت) گوێم لە دەنگی كلیلە.

شەهرەزاد: ئەگونجێ دەرگای ژێرزەمینەكەی بێت. برۆ بۆم بێنە، با بیبینم لەپێش نوستنیا!

وەزیر: بەڵێ، گەورەم (وەزیر دەستبەجێ ئەڕوا).

شەهرەزاد: (لە نزیک دەرگاكەوە) مۆسیقا لێبدە! ئەمەوێ چاوەكانی شەهریار ببینم. ئەمەوێ لەو چاوانە بڕوانم تا شكان و سەرنەكەوتوویی تیا ببینم. ئیمشەو شەهریار ئەگەر بێت بۆ لام بە عاجزی و خەمباری و بێهیوایی، ئیمشەو دێتەوە بە هەستیكردن بە نەمان و هەر وەكوو هەموو هێزێكی سەر ئەم زەوییە.

(لە دەوری قاعەكە مۆسیقا لێئەدرێت)

شەهریار: (لە دەرەوە بانگئەكات)

...

## چیرۆکی هاملێت*

مومەثیلەکان:

١. کلۆدیۆس - پاشای دانیمارک

٢. هاملێت - کوڕی پاشای دانیمارک

٣. بۆلۆنیۆس - گەورەی ئەمنییەکانی بیلاط

٤. هۆراشیۆ - هاوڕێی هاملێت

٥. لێرتیس - کوڕی بۆلۆنیۆس

٦. فۆلتیماند

٧. ڕۆزنکرانتز

٨. جیڵدنستێرن

٩. ئۆسریک

١٠. شەریفێک

(٧–١٠: پیاوی بیلاطن)

١١. قەشەیەک

١٢. مارسیلیۆس - زابت

١٣. بێرناردۆ - زابت

١٤. فرەنسیسکۆ - سەرباز

---

* ئەم شانۆنامەیە تێکەڵکراو و نارێکوپێک و فەسڵ و پەردەکان پاش‌وپێشیان پێکرابوو، لەبەرئەوە هەوڵدرا لەسەر دەقێکی عەرەبیی بەراورد و ڕاست بکرێتەوە. ئەم دەقە بەکارهێنرا: ولیم شیکسبیر، هاملیت: أمیر الدانمارك، تقدیم وترجمة صلاح نیازي، ط١، دار المدی للثقافة والنشر، ٢٠٠٨.
نازانرێ دەقە عەرەبییەکەی وا ڕەفیق چالاک بەکاریهێناوە، وەرگێڕدراوی چ دەقێکی عەرەبی و کام وەرگێڕ بووە. بە بەراوردی بەشێکی ئێرەوئەوێی کوردییەکە بەو وەرگێڕانە تازەیەی شانۆنامەکە، دەرکەوت جیاوازییان زۆرە. دڵنیایش‌نین ئاخۆ دەقە کوردییەکە وەرگێڕدراوی دەقاودەقی عەرەبییەکەیە، یان وەرگێڕ خۆی بە دەستکارییەوە وەریگێڕاوە و پوختەیکردووەتەوە؟ لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بە نوقسانییەکانی دەقی کوردی دراوە. (س)

١٥. ڕینالْدۆ - خزمەتکاری بۆلۆنیۆس
١٦. دوو کرێکاری قەبرهەڵکەن
١٧. فۆرتنبراس: ئەمیری نەرویج
١٨. زابتێک
١٩. سەفیری بەریتانیا
٢٠. جێرتروود - شاژنی دانیمارک وە دایکی هاملێت
٢١. ئۆفیلیا - کچی بۆلۆنیۆس
٢٢. خەیاڵی باوکی هاملێت
٢٣. دوو کەس بە جلی دەریاییەوە[١]

## فەصڵی یەکەم

### بینینی یەکەم

کۆشکی ئێلسینۆر، لە بەردەمی کۆشکەکەدا فرەنسیسکۆ بە جلی یاساوڵییەوە وەستاوە. بێرناردۆی زابت دێتە ژوورەوە و ئەڵێ: کێ لێرەیە؟

فرەنسیسکۆ: قسەمەکە، بوەستە لە جێی خۆت، تۆ کێی؟

بێرناردۆ: بژی پاشا.

فرەنسیسکۆ: بێرناردۆی زابتی؟

بێرناردۆ: بەڵێ، ئەوم.

فرەنسیسکۆ: باش بوو لە کاتی یاساوڵیی خۆتا گەیشتی.

بێرناردۆ: وا نیوەشەوە، دە بڕۆ، ئیتر بنوو تۆ.

فرەنسیسکۆ: سوپاستئەکەم، شەو زۆر ساردە و دڵیشم ئێجگار تەنگە.

---

[١] لەبەرئەوەی ڕەفیق چالاک ئەم دەقەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، ناوەکانی وەک عەرەبییەکە نووسیوەتەوە، لە کاتێکدا هەندێکیان جیاوازن و بەم شێوەیەن: بۆلۆنیۆس: پۆلۆنیۆس Polonius. جیڵدنستێرن: گیڵدنستێرن Guildenstern. جێرتروود: گێرتروود Gertrude. ئۆڤیلیا: ئۆفیلیا Ophelia. (س)

بێرناردۆ: هیچ ناخۆشییەک لە یاساوڵییەکەتا ڕووی دا؟

فرەنسیسکۆ: نا، نەوەڵڵا، مشک چییە بەم دەورومەکانەدا نەهاتووە!

بێرناردۆ: شەو باش، ئەگەر چاوت بە هۆراشیۆ و مارسیلیۆسی هاوەڵم کەوت، هەردووکیانم زوو بۆ بنێرە.

فرەنسیسکۆ: گوێم لە دەنگی پێیە، ئەڵێی ترپەی پێی ئەوانە.. کێیە؟ بوەستە لە جێی خۆت!

هۆراشیۆ: خۆمانین (دێنە ژوورەوە).

مارسیلوس: مسکێنی شای دانیمارکین.

فرەنسیسکۆ: شەوتان باش.

مارسیلیۆس: خوات لەگەڵ سەربازە ئەمنییەکە، کێ یاساوڵیی لێوەرگرێت؟

فرەنسیسکۆ: بێرناردۆ. (ئەڕوات)

مارسیلیۆس: (بانگئەکات) بێرناردۆ!

بێرناردۆ: ئەڵێی چی، هۆراشیۆت لەگەڵایە؟

هۆراشیۆ: لەگەڵیام، بەیەکەوە هاتووین.

بێرناردۆ: بەخێربێی هۆراشیۆ، بەخێربێی مارسیلیۆس.

مارسیلیۆس: شتەکە ئیمشەویش خۆی پیشاندایەوە؟

بێرناردۆ: هیچم نەدیوە.

مارسیلیۆس: هۆراشیۆ ئەڵێ کە ئەو تارماییە درۆیە و مێشکی خۆتان دروستیکردووە، وە باوەڕناکات کە ئێمە دووجار چاومان پێیکەوتووە. ئینجا لەبەرئەوە ئیمشەو ئەبێ هەتا بەیان لەگەڵیدابێت، تا بە چاوی خۆی بیبینێ و قسەی لەگەڵ بکات.

هۆراشیۆ: ئەم قسانە پوولێک ناهێنن، هەرگیز تارمایی دەرناکەوێت.

بێرناردۆ: تۆ دانیشە و گوێمان لێبگرە، با سەرلەنوێ ئەوەی کە دوێنێشەوێ و پیرێشەوێ دیمان، بۆتێ بگێڕینەوە.

هۆراشیۆ: باشە، دانیشین، با بێرناردۆ بۆمان بگێڕێتەوە.

بێرناردۆ: دوێنێشەوێ ئەو ئەستێرەیەی وا لای ڕۆژئاوای قوطبەوە، کە گەیشتە ئەو عاستەی ئێستا، من و مارسیلیۆس ڕاوەستابووین. (خەیاڵی، باوکی هاملێت دێتە ژوورەوە)

مارسیلیۆس: وسبە، ئەوە تاپۆکەیە، تەماشاکە ئەوا هات.

بێرناردۆ: لە پاشای بەڕەحمەتچووی باوکی هاملێت ئەچێ.

مارسیلیۆس: هۆراشیۆ تۆ زۆرترت خوێندووە، قسەی لەگەڵا بکە.

بێرناردۆ: تووخوا لە پاشا ناچێت، هۆراشیۆ تێیوردبەرەوە.

هۆراشیۆ: زۆر لەو ئەچێت، وەختە زراوم بتۆقێ.

بێرناردۆ: لام وایە ئەیەوێت بماندوێنێت.

مارسیلیۆس: هۆراشیۆ بیدوێنە.

هۆراشیۆ: تۆ کێیت، ئەی ئەو کەسەی بەم پاشنیوەشەوە لاساییی ڕۆیشتنی پاشای نێژراوی دانیمارک ئەکەیتەوە؟ قسەبکە تووبی خوا.

مارسیلیۆس: وا قینی هەڵسا.

بێرناردۆ: ئەوا خەریکی خۆشاردنەوەیە.

هۆراشیۆ: مەڕۆ! قسەبکە، بە خوا سوێندتئەدەم، قسەبکە (تارماییەکە ونئەبێ).

مارسیلیۆس: ڕۆیشت، تازە وەرامناداتەوە.

بێرناردۆ: ئینجا ئێستا کاک هۆراشیۆ ئەڵێی چی؟ خەیاڵی خۆمان ئەم تارماییەی دروستکرد؟ تۆ چاوت لە خۆتە، چۆن زەرد هەڵگەڕاوی و ئەلەرزیت.

هۆراشیۆ: خوا ئەیزانێ، بڕوامنەئەکرد، ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیایە.

مارسیلیۆس: لە پاشای باوکی هاملێت نەئەچوو؟

هۆراشیۆ: ئەگەر تۆ لە خۆت نەچیت، ئەویش لە باوکی هاملێت ناچێت. هەر ئەو قەڵغان و بەرگە زرێیەی لەبەرابوو، کە پاشای نەرویجی دوژمنی ئازادیی پێشکان. چاویش هێشتا ئەو تووڕەبوونەی تیا مابوو کە پەلاماری پۆڵۆنییەکانی دا و شکاندنی. ئەمە شتێکی سەمەرەیە.

مارسیلیۆس: ئەمە بوو بە سێجار لەسەریەک، کە لەم وەخت و سەعاتەدا ئێمە ئەیبینین.

هۆراشیۆ: بەڕاستی، من زۆر تێکچووم، نازانم بڵێم چی، سەرەتا بێت بۆ ئینقلابێکی سەیر لە وڵاتەکەمانا.

مارسیلیۆس: ئێستا واز لەوە بێنە و نهێنیی خۆئامادەکردنی ئەم وڵاتەم لێبگەیەنە کە ئەکرێت بۆ جەنگ. بۆچی تۆپ دروستئەکەین، بۆ چەکەکانمان تیژئەکەینەوە، بۆ بە پەلە بە شەو و بە نیوەشەو کەشتی دروستئەکەین و مەشقی جەنگ ئەکەین. بۆچی بە درێژیی شەو یاساوڵێکی زۆر بەناو شارا دێن و ئەچن؟ داخۆ چی ڕوودەدات، هەر کامێکتان ئەزانن پێمبڵێن.

هۆراشیۆ: ئەوی ئەیزانم ئەمەیە؛ پاشای نەرویج لە وەختی خۆیا چوو بەگژ پاشای باوکی هاملێتا، وە هەر ئەو وەختە هەردووکیان بڕیارئەدەن هەر کامێکیان شکا، واز لە هەموو ماڵ و موڵکێکی خۆی بێنێ بۆ ئەویتریان. بەم جۆرە هەموو ماڵ و موڵکی پاشای نەرویج، بوو بە هیی هاملێت. ئینجا ئێستاکە ئەڵێن فۆرتنبراسی کوڕی پاشای نەرویج بە خۆی و چەند کەسێکەوە هاتووە، ئەیەوێت موڵکی زەوتکراوی باوکی بسێنێتەوە، ئەبێ هەر ئەمە بێ کە وا میری خستۆتە ئەم جموجووڵەوە.

بێرناردۆ: ئەبێ دەرکەوتنی پاشای باوکی هاملێت بەو بەرگە جەنگییانەوە، هەر ئەمە ببەخشێ.

هۆراشیۆ: لەپێش کوشتنی قەیصەر، مردووەکان لە قەبر هاتنەدەرەوە و کفنیان فڕێ دا و بە گریان و زاری بەناو بازاڕەکانی ڕۆمادا ئەهاتن و ئەچوون. مانگ و ڕۆژ گیران، ئەستێرەکان ئاگریان لێوە ئەباری، خوێنیان لێئەتکا. وا ئێمەش ئیمڕۆ ئەبینین کە زەوی و ئاسمان ئەو هەڕەشەیەمان لێئەکەنەوە (تارماییەکە دێتەژوورەوە). تەماشاکەن ئەوا هاتەوە. ئەیدوێنمەوە، ئەگەر لەسەریشمبدات. ڕاوەستە ئەی تاپۆ، ئەگەر گوێت هەیە، قسەم لەگەڵا بکە، ئەگەر ئەتوانی! ئەگەر خێرێک هەیە و بەو خێرە تۆش و ئێمەش ئەکەوینە خۆشییەوە، بوەستە و پێمبڵێ! ئەگەر کلیلی نهێنیی شتومەکت لایە و هەندێ شت دەربارەی وڵاتەکەت ئەزانی، تێمانبگەیەنە! (تارماییەکە خۆی ئەشارێتەوە)

بێرناردۆ: خەریکبوو قسەبکات.

هۆراشیۆ: وا خەریکە ڕۆژئەبێتەوە، لە یاساوڵی بووینەوە. پێویستە ئێمەش چیمان دیوە، بە هاملێتی بگەیەنین.

مارسیلیۆس: من هەموو شتێکی بۆ ئەگێڕمەوە. با بڕۆین.

(ئەڕۆنە دەرەوە، پەردە دائەدرێتەوە)

## بینینی دووەم

(قاعەیەکی ئیستیقبالی گەورە)

(شا و شاژن، هاملێت، بۆلۆنیۆس، لێرتیس، فۆلتیماند، کۆرنیلیۆس وە چەند خزمەتکارێک، لە کاتی چوونەژوورەوەدا چەپڵە و دەهۆڵ و مۆزیقا لێئەدرێت)

پاشا: ڕۆژ بە ڕۆژ بیرەوەریی مردنی برای خۆشەویستمان، باوکی هاملێت، تازەئەبێتەوە. ڕاستیشتان ئەوێت، پێویستە هەموو نیشتمان تێکڕا بەرگی ڕەش لەبەربکات. بەڵام ئەوەیە کە پێویستە شینەکەمان شینێکی ژیرانە بێت و خۆمان لەبیرنەچێتەوە. لەبەرئەوە شاژنمان مارەکرد، هەتا دوێنێ خوشکمان بوو، ئیمڕۆ ژنمانە. ئەمە خۆشییەکە لەگەڵ خزما تێکەڵاوە. ژیان و مردن هەردووکیان پێکەوە لەناو تەرازووان، نە ئەم لەو زیاترە و نە ئەو لەم کەمترە. لەبیریشم نەچێت، سوپاسی هەموو لایەکتان بکەم بۆ ئەو تەگبیر و ڕایانەتان کە لەم خصووصەوە کردووتانە. دیسانەوە پێویستە کە پێتانبڵێم فۆرتنبراسی نەرویجی مردنی پاشای برامانی بە هەل زانیوە و وا تێگەیشتووە کە وڵات ئێستا کە لە دەوری مردنایە، لەبەرئەوە ئێستا هەوڵی ئەوە ئەدا کە ئەو مولک وماڵەی پاشای کۆچکردوو لە باوکیی داگیرکردووە، بیسەنێتەوە. چیی لەدەست دێت، تەخسیرنەکات. نامەیەکیشمان نووسیوە بۆ پاشای نەرویج، کە مامی فۆرتنبراسە، تا نەیەڵێت برازاکەی لەسەر بێئەقڵی و هەڵەشەییی خۆی بڕوات. لەبەرئەوە ئەی کۆرنیلیۆس و فۆلیتماند، بڕۆن بۆ لای پاشای نەرویج وە ئەم نامەیەی ئێمەی پێبگەیەنن.

کۆرنیلیۆس وە فۆلتیماند: ملکەچین لە ڕێی فەرمانی پاشامانا.

پاشا: ئێمە گومانمان نییە لەوەدا، بڕۆن خواتان لەگەڵ (کۆرنیلۆس و فۆلتیماند ئەڕۆن). ئینجا تۆ ئەی لێرتیس! چی داوائەکەی بۆت بکەین، چونکە پایەی باوکت لای ئێمە زۆر بەرزە.

لێرتیس: داوا لە گەورەم ئەکەم، ڕێگام بدا بگەڕێمەوە بۆ فەرەنسە. بۆیە گەڕابوومەوە بۆ دانیمارک، کە لە ڕۆژی تاجنانە سەر سەرتا، دڵسۆزیی خۆمتان پیشانبدەم.

پاشا: باوکت ئیزنتیداوە؟ (ڕووئەکاتە بۆلۆنیۆس) ئەڵێی چی؟

بۆلۆنیۆس: ئەمەندەی زۆر لیٚکردم، مەجبووربووم داوا لە گەورەشم ئەکەم کە ئیزنیبدات.

پاشا: کەواتە خوات لەگەڵ (ڕووئەکاتە هاملیٚت) ئەی تۆ برازا، ئەی کوڕە شیرینەکەم؟

هاملیٚت: (لە بەرخۆیەوە) لە برازا زیاتر و لە خۆشەویست کەمتر.

پاشا: هیٚشتا هەوری دڵتەنگیت نەڕەواوەتەوە؟

هاملیٚت: نەخیٚر گەورەم، من لەبەر هەتاو زۆر ڕائەوەستم.

شاژن: هاملیٚت! ئەم ڕووە گرژەت بگۆڕەوە، بە خۆشەویستییەوە تەماشای پاشا بکە. چییە ئەوەندە بۆ باوکی خۆشەویستت دڵ پڕ لە داخی؟! هەموو زیندوویەک بۆ گڵ ئەڕوا، مردن پەیژەیەکە ئەمانگەیەنیٚتە دوایی، ئەمە شتیٚکی عادەتییە.

هاملیٚت: بەڵیٚ، خانم، شتیٚکی عادەتییە.

شاژن: کەواتە بۆچی خەیاڵ وا ئەکەیتەوە کە مردن شتیٚکی بیٚگانەیە پیٚمان؟

هاملیٚت: وا خەیاڵئەکەمەوە؟ نەخیٚر، نەخیٚر، گەورەم، خەیاڵ لای من ئیشی نییە. وایە! ئەم بەرگە خومکراوەت دیوە؟ ئەم ئاهـ و هەناسە ساردانەت دیوە؟ دیوتە فرمیٚسکەکانی چاوم، زەردیی ڕووم، ئامباڵای خەمبارم؟ ئەمانە هەموویان هیٚشتا بەڵگە نین بۆ تەعزیەباریی ڕاست و ڕەوان! ئەمانە هەموو ڕووکەشن، بەشەر ئەیپۆشیٚت. ئەمانە بەرگی خەفەتن، بەڵام خەفەت خۆی نین. ڕاستی بیٚڕووکەش، بیٚ پیٚچوپەنا و ڕیایی، وا لیٚرەدا، لەناو دڵ شاردراوەتەوە.

پاشا: پیٚویستی بەجیٚهیٚنانت بەرامبەر باوکت، شتیٚکی جوانە. بەڵام تۆ ئەزانیت کە باوکیشت باوکی مردووە و ئەویش بۆ باوکی گریاوە. پیٚویستە هەتا ڕادەیەک بگرین، خۆفریٚدانە نیٚرینەی خەفەت، دوورە لە دینداریەتی و لە پیاوەتییەوە. خاوەندڵیٚکی بەهیٚز و بیرکەرەوەیەکی ژیر، دوورە لە نیٚرینەی خەفەت، ئەگەر شتیٚکمان لەدەستچوو، نەمانتوانی زاڵبین بەسەریا، بۆچی دڵی خۆمانی لە ڕیٚدا بتویٚنینەوە؟! تۆ خۆشەویستی ئیٚمەی، لەبەرئەوە نامانەویٚ بچیت بۆ مەکتەب لە ویتنبیٚرگ، بەڵکوو داوات لیٚئەکەین کە نزیکبی لیٚمانەوە و ببی بە سەرەکی پیاوەکانی بیلاط.

شاژن: کوڕە شیرینەکەم، بە قسەی دایکی خۆت بکە و مەچۆ بۆ ویتنبیٚرگ.

هاملیٚت: هەوڵئەدەم کە بە قسەت بکەم.

پاشا: وەرامێکی جوانە، وا تۆم گەیاندە پایەی خۆم لە دانیمارکا. (بە شاژن) هەڵسە خانم با بڕۆین، چونکە زۆر شادم بە مانەوەی هاملێت لە لامان (هەموو ئەڕۆن جگە لە هاملێت).

هاملێت: ئەی هاوار خوا! خۆزگە ئەم لەشە ڕەقەم بتووایەوە و ببووایە بە قەترەی ئاونگ. خۆزگە خوایە خۆکوشتنت حەرامنەکردایە. ئەی خوای گەورە! نیظام و قانوونی ئەم دنیایە چەند بڵح و تاریکە، چەند کۆن و نالەبارە بۆ ژیانی ئێستامان. کاولبێ ئەم باخەی تۆوی دڕکی تیا چەنرا و لە خائین و خراپ و دەنی زیاتر، هیچ بەرێکیتری نەگرت. بمرێ ئافرەتی خائین! هێشتا دوو مانگ تێنەپەڕیوە بەسەر مردنیا، ئەو مێردە شیرینەت کە نەیئەویست تیشکی ڕۆژیش بتبینێ، ڕۆی، مرد، تۆش شووتکرد.

ئەی خوای ئاسمان و زەوی! بیرەوەریی پڕناسۆر چەند ستەم و ناخۆشە، ئێستا ئەو ڕۆژانەم لە بەرچاوە کە ئەم دایکەم ڕۆژ بە ڕۆژ چۆن خۆی لە لای باوکم خۆشەویستئەکرد. ئەی ئێستا؟ هێشتا مانگێک تێنەپەڕیبوو بەسەر مردنی باوکما، کە ئەم ئافرەتە وەکوو هەر مێردیشی نەمردبێ، وا خۆی پیشان دا. ئەگەر لە خیانەت و ترسنۆکی و بێوەفایی یەکێک دروستبکرێت، بێگومان ئەو کەسە ئافرەتە. لەپاش مانگێک! هەر تەنیا لەپاش مانگێک، شووی‌کرد بە مامم، بەو جلوبەرگە و ئەو پێڵاوەی پێیەوە، چوو بۆ کەنیسە؛ هێشتا نەیگۆڕیوە، کەچی دڵی گۆڕی. بێگومانم کە حەیوانێکی کێوی لەم ئافرەتە زیاتر دڵگیرئەبێ بۆ ونبوونی هاوڕێکەی.

هاوار لەدەست ئافرەت! دایکم، ئەو دایکەی خۆی بە دڵسۆزترین کەس دائەنا، شووی‌کرد بە مامم، بە برای باوکی مردووم، کە هەرگیز لەیەکناچن لە هیچ شتێکا. من چەند لە هەرقل ئەچم، مامیشم ئەوەندە لە باوکم ئەچێت. ئای بۆ شوومیی پەلەکردنی ئەم شووکردنە، هێشتا فرمێسکە درۆزنەکانی بە دەموچاویەوە وشکنەبووەوە، کە ڕای‌کردە ناو ئەو نوێنە پیسانەوە. دوایی ئەم ئیشوکارانە جوان نین، بەڵام بێدەنگبە، بێدەنگبە زمان، هەڵقرچێ ئەی دڵ.

(هۆراشیۆ، مارسیلیۆس، بێرناردۆ) دێنە ژوورەوە.

هۆراشیو: ڕۆژ باش میرم.

هاملێت: زۆر شادم بە دیدەنیت، تۆ هۆراشیۆ نیت.

هۆراشیۆ: بەڵێ، هەر نۆکەرە ڕاستەکەی جارانتم.

هاملێت: مەڵێ نۆکەر، تۆ هاوڕێی خۆشەویستی منی، بۆچی لە وتنبەرگەوە هاتوویتەوە (ڕووئەکاتە مارسیلیۆس) مارسیلیۆس؟

مارسیلیۆس: بەڵێ، گەورەم.

هاملێت: من شادم بە بینینت. (ڕووئەکاتە بێرناردۆ) خوات لەگەڵ، تۆ بڕۆ. (ڕووئەکاتە هۆراشیۆ) بۆچی تۆی لە ویتنبەرگەوە هێنایەوە ئێرە؟

هۆراشیۆ: تەمەڵی و لە ئیش ڕاکردن.

هاملێت: ئەم قسەیەم ناوێ ببیستم، هەتا لە دوژمنت. نامەوێ گوێم لێبێ تۆ زەمی خۆت بکەیت. نا تۆ تەمەڵنیت و لە پێویستیی سەرشانت ڕاناکەیت. چی تۆی هێنا بۆ ئێلسینۆر؟

هۆراشیۆ: هاتم جەنازەکەی باوکت ببینم[١].

## فەصڵی سێیەم

### بینینی یەکەم[٢]

پاشا: بەمە گەلێ دڵشادبووم، زیاتر دڵخۆشیی بدەنەوە، تا پێتانئەکرێ وا بکەن خۆش ڕابوێرێ.

ڕۆزنکرانتز: گەورەم ئەمرەکەی. (ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن ئەچنە دەرەوە)

پاشا: تۆش ئەی خۆشەویستم، بچۆرە دەرەوە و ئێمە بە تەنها بەجێبێڵە، ناردوومانە بەشوێن هاملێتا و وامان ڕێکخستووە بێئەوەی خۆی بزانێ، تووشی ئۆفیلیا بێت و من و باوکی ئۆفیلیا خۆمانی لێئەگرین، بە جۆرێکی وا ئێمە چاومان لەو بێ و ئەو ئێمە نەبینێ، تا بزانین ئەم دەردەی چییە؟ دڵدارییە، یا شتێکیترە.

ژنی پاشا: ئەمرەکەی. (بە ئۆفیلیا ئەڵێ) ئەی ئۆفیلیا! تەنها ئەوەم ئەوێ کە جوانیی تۆ هاملێتی شێتکردبێ و چاکیشت ببێ بەهۆی چاکبوونەوەی، تاوەکوو هەردووکتان دڵشادبن.

---

[١] ئەم پەردەی دووەمە ناتەواوە و پەردەکانی سێیەم، چوارەم و پێنجەمیش دیارنین. فەسڵی دووەمیش کە دوو پەردەیە، هەر لەوەبەتر، دیارنییە. (س)

[٢] ئەم پەردەیە چەند گفتوگۆیەکی لە پێشەوە لێپەڕیوە و لە بەردەستدا نییە. (س)

ئۆفیلیا: گەورەم، منیش تەنها ئەمەم ئەوێ. (ژنی پاشا ئەچێتەدەرێ)

بۆلۆنیۆس: ئۆفیلیا تۆ لەملاوە برۆ. (بە پاشا ئەڵێ) ئەگەر پاشام لای باش بێ، وا چاکە ئێمە لێرەوە ڕاوەستین. (ڕووئەکاتە ئۆفیلیا) ئەم کتێبە بخوێنەرەوە. (کتێبێکی نوێژکردنی ئەداتە دەس) خۆت وا دەرخە وەکوو خەریکی نوێژکردن و دوعاخوێندن بی. ئینسان ئەگەر خۆی بە پیاوچاک بە خەڵک بناسێ و کارێکی خێریش بکا، بۆی ئەلوێ دڵی پیس و لەشە شەیتانییەکەی بشارێتەوە.

پاشا: (لە بەرخۆیەوە و بە خۆی ئەڵێ) ئەی ئەم قسەیە چەند ڕاستە و چۆنیش برینم ئەکولێنێتەوە و تا چ ئەندازەیەکیش ئازارمئەدا! چی بکەم؟ چیت لێبکەم، ئەی بارە گرانەکەم؟ ئەگەر ڕاستت ئەوێ، ڕووی پیاوخراپێک بەو هەموو ڕووکەشەوە کە پێوەیەتی، بەقەد کردەوەکانی من خراپ نییە کەوا بە قاڵەی دەم شاردوومەتەوە.

بۆلۆنیۆس: گەورەم، گوێملێیە وا هات، با خۆمان لادەین. (هەردووکیان ئەچنەدەرەوە و هاملێت دێتەژووری)

هاملێت: مانەوە یا لەناوچوون؟ ژیان یاخود مردن؟ ئەمەیە مەسئەلەکە، نازانم کامیان مەردانەترە؟ زۆردارێکی دڵڕەق و زۆرلێکردنی ملکەچکردن، یاخود بە پڕچەکییەوە خۆئامادەکردن بۆ بەربەرەکانیی بێدادی و لەو ڕێیەدا مردن؟ مردن چییە؟ ئایا نوستنە، نوستنە و بەس؟ ئەگەر نوستن بێ، وا سەروماڵمان ئەسێنێتەوە وە خۆشمان لەم کوێرەوەرییە ڕزگارئەکا. کە وابوو، بابێ، ئەگەر وابێ.

ئەگەر مردن نوستن بێ، وا خەویشی تیا ئەبینین. ئینجا گرێکە لێرەدایە، چونکە دوای ئەوەی ئەم بەرگی دەردیسەرییەی سەرزەمینە لەسەر خۆمان دائەماڵین، دوای ئەوە کێ ئەزانێ ئەو خەوە چییە و چیێترمان نیشانئەدا؟ بۆیە هەر بیرکەوتنەوەیمان، وامان لێئەکا کەمێ لێیوردبینەوە.

بە درێژاییی ژیان بۆ نەگبەتی ملکەچکردن و بێدەنگبوون زۆر ستەمە، چونکە هەر کەسێ لەبەر شەق و سیخورمەی گەردوونا ڕاوەستێ و چرچەی بۆ نەکا، یا بۆ زۆردارێکی ناڕاست سەر شۆڕکا، بەرامبەر بێدادی و نالەباریی کاربەدەستان لێو هەڵنەهێنێتەوە و بە بەرچاویەوە هیچلەبارانەبووەکان خاوەنتواناکان بچەوسێننەوە و خوێنیان بمژن و ئەمیش ورتەی لێوە نەیە، لە کاتێکا کە بتوانێ بە خەنجەرێکی پچکۆلە ئەم حسابانە هەموو ڕاستکاتەوە!

ئایا ئەگەر سامی دوای مردن نەبێ، یاخود لە ترسی ئەو وڵاتە نەبێ کە هێشتا کەس نەیدیوە و ئەوەی بۆی چووە لێی‌نەگەڕاوەتەوە، کەس وا خۆی لەژێر بارا ڕائەگرێ و تا ئەمرێ ناڵەی بێ؟ ئەمەیە سەری لە ئێمەی شوان شێوانووە و وای لێ‌کردووین کە لەو خراپەیەی ئێستا دەربارەمان ئەکرێ و دیومانە، نەدوێین، نەوەکا تووشی خراپەیەکی لەوە خراپتر بین کە هێشتا نەماندیوە و نازانین چۆنە.

ضەمیرمانە کە وامان لێ‌ئەکا بێ‌ورەبین و ئازاییمان لێ‌ئەشارێتەوە و بەرگی ترسنۆکیمان ئەکا بە بەرا، عەزمێکی کە لە ئەزەلەوە تیامانایە، ئەیگۆڕێ و دوچاری دوودڵیمان ئەکا، تا واز لەو فەرمانە گەورەیە بێنین کە بڕیارمان‌دابوو بیکەین و توانای کردنیمان نامێنێ. (سەیرێکی ئۆفیلیا ئەکا) لەسەرخۆ، بوەستە. ئۆفیلیا چاکی؟ ئەی ناسکۆڵەی قەدباریک کە دوعا ئەخوێنی، وەختێ نوێژئەکەی، دوعام بۆ بکە، گوناهبارم.

ئۆفیلیا: گەورەم، لەم ڕۆژانەدا چۆنە؟

هاملێت: سوپاستئەکەم، چاکم، چاکم، چاکم.

ئۆفیلیا: گەورەم، وا ئەو دیارییانەی کە دابوتمێ، ئەیاندەمەوە بە خۆت و دەمێکیش بوو چاوەڕێی هەلێک بووم کە بیاندەمەوە، تکام وایە کە وەریانگریەوە، گەورەم.

هاملێت: نەء، نەء، هیچم نەداویتێ.

ئۆفیلیا: بەڵێ، گەورەم گەلێکت پێ‌بەخشیوم و لەگەڵ بەخشینیشیانا چەند قسەیەکی شیرین و جوان و بۆن‌خۆشیش کە دیاری و نرخی دیاریشی زیادکردبوو، بەڵام ئێستاکە ئەو بۆنەت لێ‌بڕیوم. وا چاکە ئەوی‌تریش بەریتەوە. بەخشینی ناوچەوان‌گرژی، ئاوی سەرچاوەکانیش وشک‌ئەکا، گەورەم وەریانگرەوە.

هاملێت: ها، ها تۆ پاکیت؟

ئۆفیلیا: گەورەم!

هاملێت: تۆ جوانیت؟

ئۆفیلیا: گەورەم، مەرامت چییە؟

هاملێت: ئەگەر پاک و جوان بیت، با پاکییەکەت ببێ بە یاساوڵ بۆ جوانییەکەت.

ئۆفیلیا: جوانی باشترین هاوملی پاکییە.

هاملێت: بەڵێ، سیحری جوانی پاکی ئەگۆڕێ و وەک خۆی نایەڵێ، بەڵام پاکی ئەو توانایەی نییە و جوانیی پێناگۆڕێ. جاران ئەمە هەر وا ئەوترا، بەڵام ئێستا تاقیش‌کراوەتەوە. من خۆشم‌ئەویستی.

ئۆفیلیا: ڕاستە، گەورەم، منیشت وا لێ‌کرد بڕوا بەوە بکەم.

هاملێت: ئەبووایە بڕوات پێ‌نەکردمایە، هەموو شتێ ڕووکەشێکی هەیە. ئەگەر لەشمان بە ئاوی چاکە و فەضیلە ئاوبدرایە، وا پێوەی دیاری‌ئەدا. قەد خۆشم‌نەویستووی.

ئۆفیلیا: گەورەم، هەڵخەڵەتام.

هاملێت: بڕۆ، واز لە دنیا بێنە، بەزەییت بە خۆتا بێتەوە، لەوە باشترە پیاوخراپ بی. هەندێ ڕەوشتی باشم هەیە. لەگەڵ ئەمانەشا، لەژێر باری گوناها ئەناڵێنم. کاشکی دایکم هەر نەیبوومایە. پیاوێکی بەدەعیە و تۆڵەسەگ و تەماعکار! گوناهەکانم لەوە زۆرترە کە بێنەوە بیرم، یا بتوانم بیانهێنمەوە بەرچاو، یا لێکی‌بدەمەوە، لە ژماردە نایە. ژیانی یەکێکی وەک من لە خراپە بەولاوە قازانجی چییە؟ هەموومان ناپاک و ترسنۆکین، بە کەسمان بڕوامەکە. بڕۆ بۆ کونجی مزگەوتێ و واز لە دنیا بێنە. باوکت لە کوێیە؟

ئۆفیلیا: لە ماڵەوەیە.

هاملێت: با دەرگا لەسەر خۆی داخا و لەوە زیاتر بەدناونەبێ، بە دوعا.

ئۆفیلیا: ئەی خوای گەورە بەزەییەکت پیابێتەوە.

هاملێت: ئەم پەندە بگرە گوێ ئەگەر هات و شووت‌کرد، بیکە بە مارەیی؛ ئەگەر وەکوو بەفر پاک‌بی، یا وەک سەهۆڵ بێ‌گەرد، لە زمانی بەد هەر ڕزگارت‌نابێ. بچۆ بۆ کونجی مزگەوتێ، بڕۆ. بەڵام ئەگەر هەر ناچاریش بووی شووبکەی، شووبکە بە شێتێک، چونکە عاقڵ زۆر چاک ئەزانێ کە چۆن شاخی لێ‌ئەڕوێنێ، بۆ کونجی مزگەوت بڕۆ خێرا، بە دوعا.

ئۆفیلیا: خوایە، وەکوو خۆی لێ‌بکەرەوە.

هاملێت: ئەزانم و بیستوومە کە چی ئەکەن: سووراو، سپیاو، بۆیە، ڕووکەش. خوا یەک ڕووی پێ‌داون، کەچی ئێوە ڕوویەکی‌کەتان بۆ خۆتان دروست‌کردووە.

هەموو شتێ ئەکەن و پاڵیئەدەنە بەر نەزانین! برۆ لەمانە هەمووی بێزاربووم، شێتیکردم. بە ژن و مێردی یەکتر نابین. برۆ، برۆ واز لە دنیا بێنە. (ئەچێتە دەرێ)

ئۆفیلیا: ئای بۆ ئەو عاقڵە پوختەی لەدەسچوو! کوا دەمڕاستی زانا؟ کوا شێری عەسکەریی ئازا؟ کوا گەلی مەجلیسی شاهان؟ جوانیی پیاوان، ئاوێنەی جوانی، شوێنتەماشای تەماشاکەران؟ ڕۆی، ڕۆی، لەدەسچوو، هاوار بە ماڵم. کوڵۆڵ خۆم، لێقەوماو خۆم لەناو ژنانا، کەساس خۆم. ئەوسا چۆن بە خۆشیی ئەوەوە خۆشم ڕائەبوارد، ئێستا چۆن چاوم کوێرنەبێ کە ئاوا ببینم گوێم کە وەک تەلەکانی دەنگی لێک بەربووبن، وا لە چارەی ئەو گەنجە دلێرە نووسرابوو کە ئەبێ شێتبێ. ئای چی بکەم! (پاشا و بۆڵۆنیۆس دێنەژوورەوە)

پاشا: ئەمە گوایە دڵدارییە؟ بەلای حەزلێکردنا ناچێ! لە قسەکانیشیا شێتی دیارنەبوو! شتێک لە دڵیایە کە خەیاڵ و خولیای خراپ دەوریئەدا و زۆر ئەترسم کە بە جۆرێکی خراپ دەربیبڕێ، بۆیە وا بەباش ئەزانم بینێرم بۆ ئینگلتەرە، کە سەرانە لەبیرچووەوەکانمان بۆ بێنن و بەڵکوو ڕووی دەریا و زەویی وڵاتی بێگانە بیگۆڕێ و ئەم خەیاڵە خراپەی لەبیربەرێتەوە. ئەڵێی چی؟

بۆڵۆنیۆس: زۆر باشە، بەڵام من هێشتا لام وایە شێتییەکەی لە حەزلێکردنێکی دووودڵییەوەیە. (ڕووئەکاتە کچەکەی) هەرچیتان وت گوێمان لێبوو، دووبارە پاتی بێسوودە. (بە پاشا ئەڵێ) گەورەم چۆنت ئەوێ وا بکە، بەڵام تکام وایە بە ژنی پاشا بفەرموون کە دوای تەمثیلەکە بانگیکا و بە تەنیا هەموو قسەیەکی لەگەڵ بکا، ئینجا ئەگەر هەر هیچ دەرنەکەوت، وا بینێرە بۆ ئینگلتەرە، یاخود تا کەی ئەڵێن بمێنێتەوە.

پاشا: وا ئەکەم، نابێ شتێکی خاوەنشوێن و ناسراو هەروا وازی لێبێنرێ و ئاگاداری‌نەکرێ. (هەموو ئەچنەدەرێ)

**بینینی دووەم**

ژوورێک لە تەلارەکەدا

(هاملێت و مومەثیلەکان دێنە ژوورەوە)

هاملێت: قسەکان وا بکەن وەکوو فێرمکردن، زمانتان کراوە و قسەکانتان جوان بێ. ئێجگار ئەوەندە ئیشارەتمەکەن، تۆزێ لەسەرخۆبن، لەوەم لا ناخۆشتر نییە

که مومەثیلی تیایە بەو دەنگە ناخۆشە ئەنەڕێنێ، گوێی دانیشتووان کەڕئەکا و ئەو ئامانجەی کە تەمثیلیشی بۆ ئەکا، ئەیدۆڕێنێ. ئێوە وا مەکەن.

مومەثیلی یەکەم: چۆن ئێوە ئەڵێن وا ئەکەین، گەورەم.

هاملێت: ترسنۆکمەبن، ئیشارەت بەگوێرەی قسە و قسەش بەگوێرەی جێگای خۆی بکەن. لەوە بەولاوە مەچن، چونکە ئامانج لە تەمثیل ئەوەیە کە طەبیعەت چۆنە وای دەرخەین، وەکوو ئاوێنەیەک تەماشایبکەی کە ناوجەرگەی چاکە و وێنەی خراپە ئەبینی و زەمانەشت بە لەش و گیانەوە بۆ دەرئەکەوێ. ئەگەر وا نەکەن، بەڵێ، بێعەقڵەکان بۆتان ئەخنێنەوە، بەڵام عاقڵ بێزارئەبێ و بگرە تووڕەشئەبێ.

مومەثیلی یەکەم: لام وایە ئیشەکەم نەختێ چاککردووە.

هاملێت: ئەبێ هەمووی چاکبکەن و نابێ ماوەی ئەوانە بدەن کە دەوری پێکەنین ئەبینن، لە دەوری خۆیان تێپەڕن. هەندێکیان هەیە لە شوێنێکا کە پێکەنین پێویست نییە، خۆی پێئەکەنێ، تاوەکوو هەندێ لە دانیشتووە کورتبینەکان بێننە پێکەنین. چەند ئەمە ناخۆشە، بڕۆن خۆتان ئامادەکەن. (مومەثیلەکان ئەچنەدەرێ و بۆڵۆنیۆس و ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن دێنەژوورەوە) گەورەم چییە؟ ئایا پاشا دێت بۆ سەیری تەمثیلەکە؟

بۆڵۆنیۆس: ژنی پاشاش.

هاملێت: بە مومەثیلەکان بڵێ با خێراکەن، بۆڵۆنیۆس ئەچێتەدەرەوە، ئێوەش یارمەتییبدەن.

ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن: گەورەمان ئەیکەن. (ئەچنەدەرێ و هۆراشیۆ دێتەژوورێ)

هاملێت: هۆراشیۆ بەخێرهاتی.

هۆراشیۆ: گەورەم، من بەندەی خزمەتتم.

هاملێت: ئەی هۆراشیۆ، تۆ ڕاستترین پیاوێکی کە دیومە.

هۆراشیۆ: گەورەم.

هاملێت: قسەکەم بە ڕیا تێمەگە، چ قانزانجێکت لێ چاوەڕێئەکەم تا مەراییتبکەم، لە کاتێکا کە تۆ لە عەقڵ زیاتر هیچت نییە. ئایا ڕیایی بۆ فەقیر ئەکرێ؟

وازبێنە با زمانی شیرین خۆڵی گەورەیی پفهەڵدراو بلێسێتەوە، گوێم لێبگرە، لەو ڕۆژەوە کە توانیومە پیاو و ناپیاو لێک جیاکەمەوە، تۆم هەڵبژاردووە و مۆری هاوڕێیەتیتم بە دڵما ناوە و هیچ شتێکم وەک تۆ بەدڵانەچووە. تۆیەک کە لەژێر

باری زەمانا نانەوی و بە خۆشیش دڵخۆش‌نابی، ئافەرین بۆ ئەو کەسانەی کە عاطیفەیان ژوور عەقڵیان ناکەوێ و عەقڵیان وا تێکەڵ ئارەزوویان ئەبێ، لەوەیان دوورئەخاتەوە کە ببن بە مۆزیقەیەک بەدەم فەلەکەوە، کە بە دوو دەنگ لێ‌بدا: دەنگێکی دڵشادی و دەنگێکی غەمباری. ئەو پیاوەم بۆ بدۆزەرەوە، پیاوێ سەر بۆ ئارەزوو شۆڕنەکا، تا وەکوو تۆ بیخەمە ناو دڵمەوە. لەسەرخۆ، ئێمە چیمان لەمە داوە. ئەمڕۆ لە بەردەم پاشادا چیرۆکێ تەمثیل‌ئەکەن، کە بەشێکی کارەساتێ ئەگێڕێتەوە وەکوو کارەساتی کوشتنی باوکم. کە دەوری ئەو بەشە هات، تا پێت ئەکرێ لەژێرەوە سەیری پاشا بکە و ئاگات لێی‌بێ. ئەگەر ئەو کردەوەیەی لە دەموچاویا دیاری‌نەدا و ئەو خەیاڵەی کە دیمان درۆیە و هەموو بیرلێکردنەوەکانم بەتاڵ و خراپە و منیش لەگەڵ تۆدا سەیری‌ئەکەم و لە دواییدا هەردووکمان پێکەوە قسەی لێ‌ئەکەین و حوکم‌ئەدەین.

هۆراشیۆ: زۆرباش سەیری‌ئەکەم و ئاگام لێی‌ئەبێ.

هاملێت: وا هاتن، بگەڕێ لە شوێنێکەوە دانیشە، بەڵام من بێ‌ئیش ئەوەستم.

(دەنگی بڕی، بڕی و مۆسیقا و پاشا و ژنی پاشا و بۆلۆنیۆس و ئۆفیلیا و ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن و چەند کەسێکی‌کە دێنەژوورەوە)

پاشا: هاملێتی کوڕمان چۆنە؟

هاملێت: چاکە، وەکوو یەکێ بە هەوای خوا ئەژیا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو هەوایەش ناچێ بە گەرووا.

پاشا: من و ئەو وەرامە لە کوێ، ئەم قسەیە کاری نییە بە منەوە.

هاملێت: بەسەر منیشەوە، (بە بۆلۆنیۆس ئەڵێ) بۆ وتت لە مەکتەبا تەمثیلت‌ئەکرد.

بۆلۆنیۆس: بەڵێ و لە سەرکەوتووەکانیش بووم.

هاملێت: کام دەورت بینی؟

بۆلۆنیۆس: دەوری یۆلیۆس قەیصەر، لە کابیتۆل کوژرام، برۆتوس کوشتمی.

هاملێت: چەند دڕندەیەکی دڵڕەق بووە، ئەم گوێرەکە قەڵەوە ئەکوژێ، مومەثیلەکان ئامادەبوون؟

ڕۆزنکرانتز: بەڵێ، چاوەڕێی ئەمری تۆن.

ژنی پاشا: هاملێت، خۆشەویستم، وەرە لە تەنیشتمەوە دانیشە.

هاملێت: نەء، دایە، لێرەدا شتێکیتر هەیە کە دڵم ڕائەکێشێ و (لە بەرپێی ئۆفیلیادا خۆی ئەدا بە زەوییا).

بۆڵۆنیۆس: (بە پاشا) گوێت لێبوو چیی وت!

ئۆفیلیا: گەورەم، بزانم دڵت خۆشە.

هاملێت: کێ؟ من؟

ئۆفیلیا: بەڵێ.

هاملێت: بەڵکوو تا پێمئەکرێ ئەمەوێ دڵت خۆشکەم. زەمان ئەوەندە تەنگە لە خۆشی زیاتر ناگرێتەخۆ، سەیرکە دایکم چەند دڵی خۆشە و باوکیشم دوو سەعات نابێ مردووە.

ئۆفیلیا: دوو مانگە.

هاملێت: ڕاستە! ئەوەندە بەسەر مردنیا ڕۆییوە؟ واز لە ڕەشپۆشی دێنم بۆ شەیتان، ئاهـ خوایە، دوو مانگە مردووە و کەچی هێشتا ناویئەبرێ. ئەمە هیوا ئەنێتە بەر کە ناوی پیاوی گەورە ٦ مانگ زیاتر بمێنێتەوە. بەڵام ئەبێ مەعبەد دروستکەن، تاوەکوو ئەگەر مردن، ناویان هەر بمێنێ، چونکە کە نێژران لەبیرئەچنەوە.

(مومەثیلەکان دێنەژوورەوە، پاشایەک و ژنەکەی یەکتریان خۆشئەوێ. ژنەکە لە بەردەمیا بەچۆکادێ، ئەویش هەڵئەسێ و ماچیئەکا و سەری ئەخاتە سەر ملی و ژنەکە لەسەر کورسییەکی گوڵ دائەنێ و ئەنوێ و ژنەکە بەجێیدێڵێ. دوای ئەوە پیاوێکی خزمی پاشا دێتەژوورەوە، تاجەکە هەڵئەگرێ و ماچیئەکا و ئەیخاتە ئەولاوە و دائەنەوێتەوە و زەهرێک ئەکاتە گوێی پاشاوە و ئەچێتەدەرێ. ئینجا ژنی پاشا دێتە ژوورەوە، ئەڕوانێ پاشا مردووە، هاوارئەکا و ئەشڵەژێ، خاوەنزەهرەکە لەگەڵ دوو یا سێ پیاو دێتەوە و لەگەڵ ژنی پاشادا بۆ پاشا ئەگری. لاشەکە ئەبرێتەدەرێ، پیاوە خاوەنزەهرەکە چاوبڕکێ لەگەڵ ژنی پاشا ئەکا و بە درۆ دڵخۆشییئەداتەوە، لە پێشەوە نایەوێ و لە دواییدا ڕازیئەبێ، ئەچێتەدەرێ.)

ئۆفیلیا: گەورەم، ئەمە یەعنی چی؟

هاملێت: خراپە و ناپاکی.

ئۆفیلیا: ئەبێ ئامانجی چیرۆکەکە لە ڕابوردووا بێ. (موفەسیرەکە دێتەژوورێ)

هاملێت: ئێستا لە ئامانجەکەی ئەگەی، مومەثیل پەناهیان نییە.

ئۆفیلیا: ئەو پەردەیەی کە تەواوبوو، تێمانئەگەیەنێ؟

موفەسیر: تکامان وایە گوێمان لێبگری و سەیری لێقەوماوەکەمان بکەن.

هاملێت: ئەمە دیباجەیە، یا نەخشی سەر ئەموستیلە؟

ئۆفیلیا: کورتە.

هاملێت: وەکوو خۆشیی ژن.

(دوو مومەثیل، پاشا و ژنی پاشا دێنەژوورەوە)

پاشای مومەثیل: سی جاری تەواو، سی جار، ڕۆژ بە دەوری دەریای نیپتۆن و زەویی ....[1] گەڕا و لەو حەلەدا خۆشەویستی دڵی هەردووکمانی پێکەوەبەست.

ژنی پاشای مومەثیل: ئا، خۆزگە مانگ و ڕۆژ وایان لێبکردینایە کە بماتوانیایە ئەوان چەند دەورە سووڕانەوە، ئێمە بۆمان بژماردنایە، پێش ئەوەی ئەم خۆشەویستییەمان دوایی‌بێ.

چی بکەم، تۆ لەم ڕۆژانەدا نەخۆشی، وەکوو جاران نەماوی. کوا خۆشی و بەزمت، زۆرت بۆ پەرۆشم، بەڵام دڵتەنگمەبە، وەنەبێ لەبەر سەبەبێ بۆت پەرۆش‌بم. خۆشەویستی و بێزاربوونی ژن زۆر سەیرە، یان هەر هیچ نییە، یان کە بوو پڕبەدڵە. بەڵام خۆشەویستی من تاقیمکردۆتەوە و ئەیزانم و بەپێی ئەو ترس و سامم لێئەنیشێ.

پاشای مومەثیل: گیانە شیرینەکەم، خۆشەویستەکەم، لام وایە بەم زووانە کۆچئەکەم و لێت دوورئەکەومەوە، بەڵام تۆ لەم دنیا خۆشەدا هەر بە خۆشەویستی ئەمێنیتەوە و ڕەنگە مێردێکیش بدۆزیتەوە.

ژنی پاشای مومەثیل: زۆری لەسەر مەڕۆ، خۆشەویستیی تۆ لە دڵمایە، ئەگەر وازم لێهێنا، ئەوا لەعنەتم لێبێ. ژن شوویەکی‌تر ناکات تا واز لە مێردەکەی‌تری نەیەنێ و نەچێتە چاڵەوە.

هاملێت: (لە بەرخۆیەوە) ئای جانەوەر! ئەی جانەوەر!

---

[1] ساغنەبووەوە چییە؟ لە دەقە عەرەبییەکەدا: "حول المحیط المالح Neptun Salt Wash وحول الأرض"ە. (س)

ژنی پاشای مومەثیل: شووکردنی دووەم شتێکی ماددییە و بەس و دوورە لە خۆشەویستی، بەڵام من شەرتم وابێ، ئەگەر مێردێکی کە بێتە سەر جێگاکەم، بیکوژم.

پاشای مومەثیل: ئێستا بڕوات پێئەکەم، بەڵام زۆر جار پەشیمانئەبینەوە و سوێند ئەشکێنین. ئامانج تاسەر نییە، هەر ئەوەندەیە تا لەبیرمانە و لە پێشەوە زۆر بە گەرمی هەوڵی بۆ ئەدەین، بەڵام ئەوەندەی پێناچێ لێی ساردئەبینەوە، هەروەکوو میوەیەکی نەگەییو، کە تا نەگەییوە، بە درەختەکەوە نووساوە؛ کە پێگەیی، پێش ئەوەی بیکەنەوە، خۆی بەرئەبێتەوە. ئای لەبیرچوونەوەمان چەند زۆرە. گفتدانمان چەند لا ئاسانە، بەڵام هەر ئەوەندەیە تا ئەو شتە لەناوایە و کە نەما، ئیتر گفتی چی. لە خۆشەویستی و دڵتەنگییا پێ لێهەڵبڕێ، وەکوویەک بە دەسی خۆی لەناوئەبا. دنیا هەر جۆرێ نابێ و ئەگۆڕێ، بۆیە ئەگەر خۆشەویستیش بەگوێرەی خۆشی و ناخۆشیمان بێ، شتێکی سەیرنییە.

دنیا هەر وایە، بزانە کە یەکێکی خاوەنشوێن بەدەسیبێنێ، هەڵئەخلیسکێ و ئەکەوێ. بزانە چۆن گورج هاوڕێ و خۆشەویستەکانی لەچاو ونئەبن. خۆ کە بێدەسێکیش ئەکەوێتە کارەوە، هەروا دوشمنیەتی و ئەبێ بە دۆستی هەزارساڵەی. تۆ وازت لە خەڵک نەهێناوە و ناسیاوی هەموویانی، وە کە ئیحتیاجت پێیانبوو، هەموو ئەبنە دوژمنت.

وازم لێبێنە، با هەر لێرەدا بیبڕمەوە. وەنەبێ هەموو شتێ بە دڵی خۆمان بێ. بەڵێ، ئەتوانین بیر لەو کردەوەیە بکەینەوە کە ئەمانەوێ بیکەین. بەڵام ئەوەی ئەمانەوێ، ناتوانین دەریبڕین و بیکەین، ئەگەر بڕیارتداوە کە بە ژنی مێردێکیتر نەبی، وا کە مێردەکەی پێشووت ناشت، ئەم بڕیارەشی لەگەڵا بخەرە چاڵەوە.

ژنی پاشای مومەثیل: ئەگەر دوای بێوەژنیم حەز بە شووکردن بکەمەوە، وا خوا کوێرمکا، زەوی خۆراکم پێ ڕەوانەبینێ، ڕۆژ ڕووناکیم لێبشارێتەوە، بە شەو و ڕۆژ بەشم هەر تاڵی بێ، بێهیوا بمرم، بەشم هەر دیلی و خراپە بێ. ئەگەر بیر لەوە بکەمەوە، خوا ڕۆژێ زووتر بمکوژێ، یا مووچەم هەر کڵۆڵی و کەساسی و بەشبڕاوی بێ.

هاملێت: ئەی ئەگەر ئەم گفتانەی شکان، چی ئەبێ؟

پاشای مومەثیل: ئەم سوێندە ناکەوێ، گیانەکەم بەجێمبێڵە، ئەمڕۆ زۆر هیلاکم، هێزم نەماوە، بەڵکوو نەختێ چاو بچێتە خەو. (ئەنوێ)

ژنی پاشای مومەثیل: خەوی خێرت بێ، با ئەم خەوە نەختێ بتحەسێنێتەوە و ناخۆشیمان لێ دوورخاتەوە.

هاملێت: (بە دایکی ئەڵێ) ئەم چیرۆکەت لا چۆنە؟

ژنی پاشا: لام وایە ئەم ژنی پاشایە زۆر ڕاستناکا.

هاملێت: بەڵام گفتەکەی نەشکاند.

پاشا: گوێت لە چیرۆکەکە بوو، تۆ هیچی وای تیا نابینی کە ناشیرین بێ.

هاملێت: نەء، نەء، گاڵتەئەکەن، بە گاڵتەوە زەهر ئەخۆنەوە، قەیناکا.

پاشا: ناوی چیرۆکەکە چییە؟

هاملێت: تەڵەمشک. ناوەکەی مرازی تیایە. کوشتنەکە لە ڤیانە ڕوویداوە، ناوی ئەمیرەکە جۆنزاجۆیە و ژنەکەشی بابتیسا. بێگومان ئەوەی کە دایناوە، ناپاک بووە. بەڵام ئێوە یا ئێمە بە لامانەوە شتێکی وانییە، چونکە خۆمان پاکین. بەڵێ، ناپاکەکان دائەچڵەکێن و ئەیانتلێنێتەوە، بەڵام ئێمە هیچ شتێ لە خۆمانا شکنابەین.

(لۆسیانۆس کە یەکێکە لە مومەثیلەکان دێتەژوورەوە:) ئەوا لۆسیانۆس، برازای پاشا هات.

ئۆفیلیا: گەورەم، چەند جوان ئەیگێڕیتەوە.

هاملێت: ئەتوانم چی لە بەینی تۆ و دڵدارەکەشتا هەیە، بیگێڕمەوە.

ئۆفیلیا: گەورەم، زیرەکی بەڕاستی، زیرەکی.

هاملێت: نەء، ئەی پیاوکوژ، خوا بەڵاتان لێ دا، دەسبکەن بە تەمثیل، دەستپێبکە. قەلەڕەشێ ئەفڕێت و داوای تۆڵە ئەکا.

لۆسیانۆسی مومەثیل: هەل لەمە باشتر نابێ، بۆم چۆڵبوو، زەهرەکە زوو ئەکوژێ، مردنیش زوو دێ. (لە زەهرێک ئەکاتە گوێچکەی نوستووەکەی)

هاملێت: لە باخچەکەدا زەهری دایە، ناوی جۆنزاجۆیە، چیرۆکەکە ڕوویداوە و ڕاستە. ئێستاش ئەبینن کە پیاوکوژەکە چۆن بە ژنی جۆنزاجۆ شادئەبێ.

ئۆفیلیا: پاشا هەستا.

هاملێت: ئاگری درۆ ڕاوینا.

ژنی پاشا: (بە پاشا) گەورەم چیتە.

بۆلۆنیۆس: واز لە تەمثیلەکە بێنن.

پاشا: چراکان داگیرسێنن، هەستن بڕۆن.

هەموو: چرا، چرا، چرا. (هەموو ئەڕۆن هاملێت و هۆراشیۆ ئەمێننەوە)

هاملێت: وازبێنە، با ئاسکە بریندارەکە بۆ خۆی ڕاکا و یاریبکا. خەڵک هەندێکیان نوستوون و هەندێکیشیان بەخەبەرن و ئاگاداریئەکەن و فەلەکیش هەر دەورەی خۆی ئەکا. ئەگەر بکەومە ناو گێژەڵووکەی دنیاوە و گەردوون ڕووم لیوەرگیرێ، بە تەنها دوو شیعر و مشتەپەڕێک و دوو گوڵ لەسەر کەوشە دڕاوەکانم، ئەتوانم وەکوو مومەثیلێکم لیبێ.

هۆراشیۆ: وەکوو نیو مومەثیل.

هاملێت: بەڵکوو وەک یەکێکی تەواو. هاوڕێی خۆشەویستم، تۆ ئەزانی کە پاشای خاوەنـدەسەڵات فەرمان و دەسەڵات و وڵاتی لەم وڵاتەدا لی زەوتکرا و ئێستا پاشا پیاوێکیترە.

هۆراشیۆ: تەواویکە.

هاملێت: خەیاڵەکە چەند ڕاستبوو، چاوت لینەبوو؟

هۆراشیۆ: زۆر چاک.

هاملێت: کە ناوی زەهر برا.

هۆراشیۆ: زۆر چاک ئاگام لێیبوو.

هاملێت: دەنگەخۆشەکان وەرن، نەختێ لە دەنگە خۆشەکانتمان گوێ لیبێ، ئەگەر پاشا چیرۆکەکەی بەدڵ نەبووبێ، چونکە بەدڵی نییە، وەرن تۆزێکمان بۆ بڵێن. (جێڵدنستێرن و ڕۆزنکرانتز دێنەژوورەوە)

جێڵدنستێرن: گەورەم، ڕێم بدا قسەیەک بکەم.

هاملێت: نەک قسەیە، سەرگوزەشتەیەک.

جێڵدنستێرن: گەورەم، پاشا.

هاملێت: پاشا چی بووە؟

جێڵدنستێرن: گۆڕاوە و وەکوو خۆی نەماوە.

هاملێت: لە سەرخۆشییا؟

جێڵدنستێرن: بەڵکوو لە تووڕەییيا.

هاملێت: ئەگەر تێگەیشتوو بوویتایە، بە دوکتۆرەکەیت ئەوت، چونکە ئەگەر من چاری‌بکەم، توورەترئەبێ.

جێڵدنستێرن: گەورەم، ئەگەر بە مەعقوولی وەرامم‌نەدەیتەوە، وا ناتوانم فەرمانی ژنی شا بەجێ‌بێنم و ناچارئەبم ئیزن ئەخوازم و ئەگەڕێمەوە.

هاملێت: ناتوانم.

جێڵدنستێرن: گەورەم، چی؟

هاملێت: ناتوانم بە مەعقوولی وەرامت‌بەمەوە، چونکە مێشکم نەخۆشە. بەڵام وا تا لە توانامایە وەرامئەدەمەوە تا وەرامی دایکم ئەدەمەوە، بڵێ دایکم چیی وت؟

ڕۆزنکرانتز: لە کردەوەکانت سەری سووڕماوە.

هاملێت: من کوڕێکم سەری دایکی لێ سووڕئەمێنێ، چیتر بڵێ.

ڕۆزنکرانتز: ئەیەوێ پێش نوستن بە تەنیا قسەت لەگەڵ بکا.

هاملێت: بەگوێ‌ئەکەم، هیچی‌ترت هەیە بیڵێی؟

ڕۆزنکرانتز: گەورەم، تۆ جاران خۆشت‌ئەویستم.

هاملێت: ئێستاش بەم دەسانە هەر خۆشم‌ئەوێیت.

ڕۆزنکرانتز: تۆ ئەگەر ئەم دەردی ناموسییەت لە هاوڕێکانت بشاریتەوە، وا دەرگا لەسەر خۆت دائەخەی. گەورەم بۆچی وا ئەکەی؟

هاملێت: پاشایەتیم لێ‌ئەسێنن.

ڕۆزنکرانتز: چۆن تۆ پاشا خۆی گفتی دایتێ، کە دوای ئەو لەسەر تەختی دانیمارک دائەنیشی.

هاملێت: کەرە مەمرە بەهارە. بەڵێ، گیا سەوزئەبێ، بەڵام ئەسپیش لە برسا ئەمرێ. (مومەثیلەکان دێنەژوورەوە و مۆسیقاهەڵگرەکانیشیان لەگەڵایە) وا مۆسیقەلێدەرەکان هاتن، شمشاڵێکم بدەرێ. ئەتوانی شمشاڵ لێ‌بدەی؟

جێڵدنستێرن: گەورەم، نازانم.

هاملێت: تکات لێ‌ئەکەم.

جێڵدنستێرن: بڕوابکە نازانم.

هاملێت: لەبەر من، تکات لێ‌ئەکەم.

جێڵدنستێرن: نازانم چۆنی ئەگرن.

هاملێت: ئەمە زۆر لە درۆکردن ئاسانترە، پەنجەکانت بخەرە سەر ئەم کونانە و فووی پیاکە، خۆشترین ئاوازت گوێ لێ‌ئەبێ، دە تاقیی‌کەرەوە.

جێڵدنستێرن: گەورەم، نازانم لێی‌دەم، ناتوانم فێربم.

هاملێت: کە وابوو، بۆچی گاڵتەم پێ‌ئەکەی؟ لات وایە لێخوڕینم لە لێدانی ئەم شمشاڵەش لات ئاسانترە.

(بۆلۆنیۆس دێتەژوورەوە و ئەڵێ:) گەورەم، ژنی پاشا خێرا تۆی ئەوێ.

هاملێت: ئێستا ئەچمە لای دایکم، (بە خۆی ئەڵێ) گاڵتەم پێ‌ئەکەن، ئەوا ئێستا ئەڕۆم.

بۆلۆنیۆس: ئەچم پێی‌ئەڵێم.

هاملێت: هاوڕێکان، بڕۆنەدەرێ، (هەموو ئەچنەدەرێ و تەنیا ئەبنەوە) ئێستا وا شەوە، دوای نیوەشەوە، بەسامە، گۆڕەکان جووڵەجووڵیانە و ئاگری دۆزەخی سەر ئەرز خۆش‌ئەکرێ. تینووی خوێنێکی گەرمم، حەز بە فەرمانێکی تاڵ ئەکەم؛ کە ئەگەر ڕۆژ بینیی، ئەلەرزێ. لەسەرخۆ ئەچمە لای دایکم. ئەی دڵ، خۆت بگرە و خۆت لە خۆت مەگۆڕە و نەیەڵی گیانی نیرۆنت بەسەرا زاڵ‌بێ و خۆیت بگەیەنێتێ. زۆر دڵڕەق‌ئەبم و دڕندەنابم، خەنجەری لێ‌هەڵناکێشم، بەڵام قسەیەکی پێ‌ئەڵێم کە لە نووکی خەنجەر تیژتربێ، بە جۆرێ کە خۆم نەتوانم ئەوی زمانم ئەیڵێ، بهێنمە دی. (ئەچێتەدەرێ)

## بینینی سێیەم

ژوورێک لە تەلارەکەدا

(پاشا و ڕۆزنکرانتز و جێڵدنستێرن دێنەژوورەوە)

پاشا: بۆ ئێمە جوان نییە، کە ئەم شێنە بەرەڵڵاکەین. پاشا ئەبێ هەرچیی کردووە، چاری ئەمە بکا. خۆتان ئامادەکەن و لەگەڵیا بڕۆن بۆ وڵاتی ئینگلیز.

جێڵدنستێرن: ئەم مەترسییەی پاشامان گەلێ بەجێیە و خوا ئەفەرموێ، چونکە لەپاڵ ژیانی ئێوەدا زۆر کەس ئەژین.

ڕۆزنکرانتز: هەموو کەس تا لەتوانایایە پێویستە ژیانی خۆی بپارێزێ، بەتایبەتی ئەو کەسەی کە ژیانی هەزاران کەسیش بەوەوە بەستراوە. ئەگەر -خوا

نەخواستە- پاشا نەما، وەنەبێ تەنها کەسێک مردبێ، بەڵکوو وەکوو لافاو ژیانی هەزاران کەسیش بەدوای خۆیا ڕائەکێشێ.

پاشا: خۆتان ئامادەکەن بۆ ڕۆیشتن، قەرارمان دا کە ئەو شتەی مەترسیی ناوەتە بەر ئێمە، هەر بەرەڵڵانەکرێ و چاودێری‌بکرێ. (هەردووکیان ئەڕۆنەدەرێ و بۆڵۆنیۆس دێتەژوورەوە).

بۆڵۆنیۆس: وا دێ، چاوی بە دایکی بکەوێ، بێ‌گومان دایکی لێی تووڕەئەبێ، بەڵام دیارە دایکیەتی و -هەرچۆنێ بێ- دڵی پێی ئەسووتێ و منیش لەسەر فەرمانی ئێوە لەودیو پەردەکەدا لە ژوورەوەدا ئەوەستم و چی بڵێن گوێم لێ‌ئەبێ و لە دوایی‌دا بۆت ئەگێڕمەوە.

پاشا: سوپاستەئەکەم خۆشەویستم، (بۆڵۆنیۆس ئەچێتەدەرێ) گوناهەکەم دەنگی‌دایەوە، گەییە ئاسمان، ئاهـ بۆ گوناهێک کە لەو ڕۆژەوە ئادەمیزاد خەلقکراوە، بە گوناهێکی گەورە دانرا. برای خۆم بکوژم! چیم بە خۆم کرد، هەرچەند زۆریش لە خۆم ئەکەم، ناتوانم نوێژەکەم بکەم.

ئای بۆ ئەم دەسە پیسانەم کە بە خوێنی براکەم ڕەش و قورس بووە! گوایە لەم ئاسمانەدا ئاو نەماوە بیشواتەوە و بیکا بە بەفری سپی! کە وابوو، ڕەحمەت و بەزەیی بۆ چییە، ئەگەر بۆ لێخۆشبوون نەبێ؟ نوێژ دوو چاکەی هەیە: یەکێکیان پیاو لە خراپەکردن ئەگێڕێتەوە، دووەمیشیان ئەگەر گوناهێکی لەدەس‌دەرچوو، بۆی ئەپاڕێتەوە کە ببەخشرێ. با نوێژەکەم بکەم و لە خوا بپاڕێمەوە بمبەخشێ، بەڵام چی بڵێم و چ دوعایەک بکەم. ئەگەر داوای لێخۆشبوونی ئەم گوناهەم بکەم، گوێم لێ‌ناگیرێ، چونکە هێشتا لە بەری گوناهەکانم ئەخۆم. تاج و دەسەڵات و ژنەکەشم هەر لەبەردەسایە. کە تۆ نەبی، لێخۆشبوونیش نییە. بەڵام لەم دنیایەدا دەسی گوناهبار هەموو گوناهێک ئەکا و هەر گوناهـ و خراپەیە بە چاکە و ڕاستی نیشان‌ئەدا و خەڵکیشی پێ چاوبەستئەکا. بێ‌دادی ئەکا بە داد، بەڵام ئەوەی کە لەسەر مانەوەیە، هەڵناخەڵەتێ و ڕێی لێ تێکناچێ و بگرە هیچی لێ گوم‌نابێ و لە دوایی‌دا ڕاستی و ناڕاستمان دەرئەخرێ، چی بکەم؟ تۆبەبکەم؟ تۆبەی چی؟ تۆبەشم پێ‌ناکرێ. ئاخ بۆ بەختی ڕەشم، ئاهـ دڵم چەند پەست و ڕەشە، ئاهـ بۆ ئەم گیانە دیلەم کە تا خۆی ڕائەوەشێنێ بۆ ئەوەی لەم زنجیری دیلییە ڕزگاری‌بێ، کەچی زنجیرەکان زیاتر ئەچنە یەک. فریشتەکان یارمەتی، یارمەتیم‌بدەن.

ئەی ئەژنۆ ڕەقوتەقەکان بنوشتێنەوە. تۆش ئەی دڵە پوڵاکە، بە دڵی مناڵێکیش نەبووبی و نابیت. (بەچۆکادێ نوێژبکا و هاملێت دێتەژوورەوە)

هاملێت: هەلێکی زۆر باشە، لە نوێژایە و چیم ئەوێ لێیئەکەم. کردەوەکەی بەجارێ ئاگری تۆڵەی لە دڵما خۆشکرد، گەییە ئاسمان. بەڵام جارێ با ڕاوەستم، نەختێ لێکیبدەمەوە، پیاوخراپێ باوکەکە ئەکوژێ و کوڕەکەش دێ لە تۆڵەدا ئەوەی باوکی کوشتەوە، ئەیخاتە ئاسمان. نەء، ئەمە تۆڵەی پێناڵێن، کارێکی کرێگرتانەیە. ئەو لە ڕۆژێکا باوکمی لەناوبرد، کە باوکم لە گەورەترین دەسەڵاتیا بوو و هەروەکوو ئەزانین پشتی لەژێر باری گوناها هەڵنەهاتەوە، ئەو گوناهانەی کە خوا نەبێ، کەس نایزانێ.

ئینجا گوایە ئەمە تۆڵەیە. لە کاتێکا بیکوژم کە خەریکە خۆی پاکئەکاتەوە و هەروا بە پاکی بڕوا؟ نەء! ئەی شیر بچۆرەوە ناو کێلانەکەت، چاوەڕێبکە تا ڕۆژی خۆی دێ، لە ساتێکا کە لە سەرخۆشییا بەمڵاوبەولادا یەت، یا لە تووڕەییا هەموو لەشی ئەلەرزێ، یا لەسەر مێزی قومار دانیشتووە، یا خەریکی ئیشێکی خراپە کە بە هیچ جۆرێ ڕێگای پاڕانەوە و لێخۆشبوونی نییە، بێ. ئەوسا، ئەوسایە وا لێیئەدەم کە لە عاسمان لنگی فڕێبدا و گیانی ناپاکیشی بە دۆزەخ شادئەکەم. دایکم چاوەڕێمە، جارێ کەوا نایکوژم، دەرمانێکە کە دەردەکەی درێژترئەکاتەوە. (ئەڕۆنەدەرێ)

پاشا: (لە نوێژ و ڕکووع هەڵئەسێتەوە) قسەکانم سەرئەکەوێ، بەڵام دڵم هەر لەژێرەوەیە، قسەیەکیش لە دڵەوە دەرنەچێ، ناگاتە ئاسمان، (ئەچێتەدەرێ)

**بینینی چوارەم**

ژووری ژنی پاشا

(ژنی پاشا و بۆلۆنیۆس دێنەژوورەوە)

بۆلۆنیۆس: ئێستا یەت، پێی تووڕەبە و پێیبڵێ زۆر هەڵەشە ئەڕوا و تۆ نەبوویتایە تووشی بەڵایەکی گەورەتر ئەبوو. ها بزانم بێدەنگبووی؟ قسەی ڕەقی لەگەڵا بکە.

هاملێت: (لە دەرەوە) دایە، دایە، دایە.

ژنی پاشا: (بە بۆلۆنیۆس ئەڵێ) مەترسە، چۆن ئەڵێی وا ئەکەم، وا هات، تۆ برۆ ئەولاوە.

هاملێت: دایە چییە؟

ژنی پاشا: ڕۆڵە، هاملێت گەلێ خراپەت دەربارەی باوکت کرد.

هاملێت: دایە، تۆ گەلێ خراپەت دەربارەی باوکم کرد.

ژنی پاشا: وەرە، وەرە، تۆ بە زمانێکی نەفامانە وەرامئەدەیتەوە.

هاملێت: بڕۆ، بڕۆ، تۆش بە زمانێکی ناپاکانە پرسیارئەکەی.

ژنی پاشا: چییە، ئەمە چییە، هاملێت؟

هاملێت: چی، چی بووە؟

ژنی پاشا: لەبیرتچۆتەوە من کێم؟

هاملێت: نەء، بە خوا لەبیرمنەچۆتەوە. تۆ ژنی پاشای، ژنی برای مێردەکەت، تۆ دایکی و کاشکی نەبوویتایە!

ژنی پاشا: وا ئەڕۆم و یەکێکت بۆ ئەنێرم کە قسەت لەگەڵا بکا.

هاملێت: وەرە، وەرە ئێرە و مەجووڵێرەوە. ناڕۆیت، تا ئاوێنەیەکت لە بەردەما دائەنێم و چی لە دڵتایە تیا ئەبینی.

ژنی پاشا: ئەوە چی ئەکەی؟ ئەمکوژی؟ بمگەرێ، بمگەرێ، بمگەرێ ..

بۆلۆنیۆس: (لەودیو پەردەکەوە) بمگەرێ، بمگەرێ، بمگەرێ ..

هاملێت: (شیرەکەی هەڵئەکێشێ و هەر لەودیو پەردەکەوە پیا ئەکێشێ) ئاهـ کوشتمت. (ئەکەوێ)

ژنی پاشا: خوایە، چ خراپەیەکت کرد؟

هاملێت: نازانم، ڕەنگە پاشا بێت.

ژنی پاشا: ئاهـ چەند خراپەیەکی خوێنینی گەورەیە!

هاملێت: ئیشێکی خراپە؟ ئایا لەوە خراپترە کە برای پاشا بکوژی و ژنەکەی مارەکەی؟

ژنی پاشا: کوشتنی پاشا؟

هاملێت: بەڵێ، خانم ئەوەم وت. (پەردەکە هەڵئەداتەوە و بۆلۆنیۆس ئەبینێ) بە دوعا ئەی پیاوخراپە شێتە بەکرێگیراوەکە، تۆم پێکا، دەستم لە یەکێکی لە تۆ باشترەوە بۆ تۆ تەتەڵەیکرد. بەڵام وا جەزای خۆت دی، چونکە خۆی لە ڕێی ئیشێکا بەختکرد، کە کاری تۆ نییە. بۆ تۆ باش نەبوو، بحەوێرەوە. دەس بە دەسا

مەدە، ئەگینا شیرێک ئەدەم لەسەر دڵت. خراپە دڵێکی زیندووی بۆ هێشتوویتەوە، هێشتاش هەر لێ ئەدا.

ژنی پاشا: چیم کردووە، وا بە قسە ئابڕووم ئەبەی؟

هاملێت: کارێک، کارێکی وا کە ڕووی جوانی ڕەشکرد، چاکەیکرد بە مەرایی و گوڵخونچەی خۆشەویستیی پاکی هەڵپچوڕکان و گوڵی کرد بەسەر پیاوخراپدا و گفتی بەنرخی ژن و مێردیی گۆڕی بە بەڵێنی قومارکەران. بەڵێ، گیانی پاکی لە لەش دوورخستەوە و ئایینی کرد بە قسەیەکی بێئامانج. تۆ هەروەکوو ڕۆژی حەشر هەستای، ڕووی ئاسمانت سوور و ڕووی ئەرزت زەرد کرد.

ژنی پاشا: ئەم کردەوە خراپە ناپاکە چییە؟

هاملێت: تەماشای ئەم وێنەیە بکە و سەیرێکی ئەو وێنەیەش بکە. (هاملێت بەراوردێکی بەینی وێنەی باوکی کە لە خۆیایە و وێنەی باوەپیارەکەی کە لە ملی دایکیایە، ئەیکا) هەردووکیان وێنەی دوو بران. ئەمەیان ئەمە، ئەو ناوچەوانە پاکە صافە، ئەم قژە ئاوریشمییە نەرمە، ئەم چاوە گەشە جوانە، ئەم قەدە ناسراوە کە هەر یەکێکیان لە ئەستێرەیەک ئەکەن. بەڕاستی وێنەیەکی بەرزە، کە خوا بە پیاوێکی تەواو پیاوی ناردە ناو خەڵک. ئەمە بۆ مێردەکەت.

دە تەماشایەکی ئەوەش بکە، ئەوە، ئەوەتە مێردەکەت. چاوەکانت ئەبینێ؟ سەیریبکە. ناتەوێ لەسەر ئەم شاخە خۆشە ڕابوێری و ڕازیت کە لەم بیابانە چۆڵەدا بلەوەڕێیت؟ چاوت ئەبینێ؟ دڵداری چاوی کوێرکردووی؟ نەء، تۆ ئێستە لە تەمەنێکای کە عەقڵ بەسەر خوێنگەرمییا زاڵە، بە چ عەقڵێک حوکمت دا و ئەمت لەو بە باشتر زانی؟ بێگومان تۆ عەقڵداری، چونکە ئەگەر بێعەقڵ بوویت، حەزلێکردنیشت نەئەبوو، بەڵام عەقڵێکی کۆن و کوێر.

شێتیش ئەم خەتایە ناکا و هیچ ساتێ عەقڵێک بۆ خولیای شێتی وا سەر دانانەوێنێ کە بیر و هۆشی نەمێنێ. ئینجا نازانم کام شەیتان هەڵیفریوانی و چاوی کوێرکردی؟ چاو هەیە و مەستی نییە، هەستی هەیە و بینینی نییە، گوێ هەیە، دەسوچاو نییە، بۆنکردن هەیە و هیچ شتێ نییە بۆنبکرێ. نەفامییە کە نەخۆشیش توانای خۆلێپاراستنی هەیە. چەند شوورەیییە! بۆ تەریقنابیتەوە؟

ژنی پاشا: لەسەری مەڕۆ، هاملێت! تۆ خۆم بیرئەخەیتەوە و وام لێ ئەکەی سەیرێکی ناو دڵم بکەم کە پەڵەی ڕەشڕەشی تیا ئەبینم، بە هیچ جۆرێ ڕەنگی ناچێتەوە.

هاملێت: ئەژیت، هەروەکوو لە مەنجەڵێکا بیت کە بە خراپەوە بکوڵێ.

ژنی پاشا: بێدەنگبە، قسەکانت خەنجەرێکە جەرگم ئەبڕێ. هاملێت، خۆشەویستەکە، بێدەنگبە.

هاملێت: ناپاکێکی پیاوکوژ کە دەیەکێکی مێردەکەی پێشووت نایەنێ! پاشای ناپاکی، دزی گەل و حکوومەت، گەوهەرە بەنرخەکەی لەسەر ڕەفەکە دزی و خستیە گیرفانی!

ژنی پاشا: بێدەنگبە، بێدەنگبە.

هاملێت: پاشای پەڕۆ! (خەیاڵەکە دێت) بمگەنێ، ئەی یاساوڵە ئاسمانییەکان، باڵم بەسەرا بکێشن. ئەی مێثالە بێگەردە بەرزە پاکەکە، چیت ئەوێ؟

ژنی پاشا: هەی هاوار، شێتە.

هاملێت: نەهاتووی کە سەرزەنشتی کوڕە بێکارەکەت بکەی، کە خەریکە زەمان هەلی لەدەسبدا و ئەمری تۆی بەجێنەهێناوە؟ بڵێ.

خەیاڵ: لەبیرتنەچێ، هاتمە لات کە ئەوەی نیازت کردووە بیکەی و لێی ساردی، بیرت بخەمەوە. دایکت شڵەژاوە، فریایکەوە، و قسەی لەگەڵا بکە.

هاملێت: خانمەکەم، چۆنی.

ژنی پاشا: تۆ چۆنی، چییە وا بە ئاسمانا هەڵئەڕوانی و لەخۆتەوە قسەئەکەی؟ ئەوەندە نەماوە گیانت لە چاوتەوە بێتەدەرێ و هەموو مووی سەرت ڕاستبووەتەوە. ڕۆڵەکەم، نەختێ وەرە سەر خۆت، سەیری چیت ئەکرد؟

هاملێت: سەیری ئەو، سەیری ئەو. تەماشاکە ڕەنگی چەند زەردە، لە تەماشاکردنی بەویقاریا و لە ڕاستی ئەو تاوانەدا کە دوایکەوتووە، بەرد نەرمئەبێ. سەیرمەکە، بەم سەیرکردنی پڕبەزەییانە تا ساردمئەکەیتەوە و نایەڵی ئەوەی لەسەریم، بیکەم و ئەو فەرمانەم بەرزییەکەی نامێنێ و فرمێسک بە خوێن ئەگۆڕمەوە.

ژنی پاشا: کێ؟ قسەبکە.

هاملێت: کەس لێرە نییە؟

ژنی پاشا: هیچ کەس.

هاملێت: هیچت گوێ لێنەبوو.

ژنی پاشا: لە قسەی خۆم و خۆت زیاتر بەولاوە، هیچم گوێ لێنەبووە.

هاملێت: سەیرێکی ئەولایە بکە، بڕوانە چۆن ئەڕوا. باوکم بە جلەکانیەوە، تەماشاکە لە دەرگاکەوە ئەڕواتەدەرێ. (خەیاڵەکە ئەڕوا)

ژنی پاشا: ئەمە تەنها دڵت پێتئەڵێ، شێتی پڕە لە خەیاڵ.

هاملێت: شێتی، نەبزم وەکوو دڵی تۆ زۆر بەڕاستی و لەسەرخۆ لێئەدا. ئەوەی وتم شێتی نەبوو، تاقیمکردەوە. هەرچیم وتووە حەرف بە حەرف بۆت دووبارەکەمەوە کە ئەمە لە توانای شێتا نییە. خوا ڕەحمت پێبکا، برینی دڵت بە دەرمانی ڕیا مەبرژێنەرەوە. با هەڵتنەخەڵەتێنێ و وات لێبکا کە شێتیی منە قسەئەکا، نەک گوناهی تۆ. بەڵێ، برینەکەیش ئەوکاتە ببرژێنێتەوە، بەڵام لەژێرەوە هەموو لەش دائەڕزێنێ.

لە خوا بپاڕێرەوە، لە ڕابوردوو پەشیمانبەرەوە و لەوەی کە وا بەڕێوەیە خۆشت بپارێزە، با گوناهبارترنەبی. (بە خۆی ئەڵێ) ئەی چاکەی بەسەزمان! وا لە خراپە بۆت ئەپاڕێمەوە، زەمانێ تێکەوتووین کە پاکی چۆک بۆ ناپاکی دائەدا.

ژنی پاشا: هاملێت دڵت کردم بە دوو بەشەوە.

هاملێت: بەشە خراپەکەیان فڕێدە و بەشە چاکەکەیان گلدەرەوە. بە دوعا، مەچۆ سەر جێگای مامم، بەزۆر خۆت بە پاکی ڕابێنە، ئەو خووە وا لە ئینسان ئەکا کە بە کراسی تازە ڕابێت، ئەتوانێ وایشی لێبکا کە چاکەی لێبوەشێتەوە. ئەمشەو مەچۆ، سبەیشەو ئاسانترە و شەوێکیتر ئاسانە. زۆرلەخۆکردن خوو ئەگۆڕێ و شەیتان لە ئینسان دوورئەخاتەوە.

جارێکیکەش بە دوعا، ئەگەر تۆبەتکرد و لە خوا پاڕایتەوە، وا منیش لە تۆ ئەپاڕێمەوە. بەڵام ئەم پیاوە (ئیشارەتی بۆلۆنیۆس ئەکا) لە کردەوەکەم پەشیمانبوومەوە، بەڵام ڕێکەوت وای کرد کە بە دەسی من جەزابدرێ و منیش بەو جەزا بخۆم. لێرە ئەیگوێزمەوە و ئۆباڵی مردنی لە ئەستۆی منایە. دڵڕەقیی من بەزەییەکی تیایە. خراپە خراپەی لەدوایە. خانمە چاکەکەم، قسەیەکیتریشم هەیە.

ژنی پاشا: چی بکەم.

هاملێت: واز لەم پاشا درۆزنەیە بێنە، با بەزۆر بتباتە سەر جێگاکەی و دەس بەسەر کوڵمەکانتا بنێ و پێت بڵێ مشکەکەم، تا ماچێ یا دووماچی پێت ئەکا، یا دەسێ بەسەر ملتا دێنێ؛ ئەوسا هەموو شتێکی پێبڵێ و بڵێ کە من وەنەبێ شێتبم و بەڵکوو خۆم کردووە بە شێت. جوان نییە بۆ ژنی پاشا ئەم فەرمانە لە بۆقێ یا کوندەبەبوویەک یا پشیلەیە بشارێتەوە.

ژنی پاشا: ئەگەر زانیومە گیانم بەختکردووە، ئەوانەی ئەیڵێی نایدرکێنم، بڕوام پێبکە.

هاملێت: ئەزانی من ئەچم بۆ ئینگلتەرە.

ژنی پاشا: لەبیرم چووبووەوە. بەڵێ، وای بڕیارداوە.

هاملێت: چەند نامەیەکی مۆرکراوم پێیە و دوو هاوڕێی واشم لەگەڵایە کە چەند بڕوا بە کەڵبەی مار ئەکەم، ئەوەندەش بڕوام بەوانە. هەردووکیان بۆ ئەوە دانراون کە فێرمبکەن و بەرەو ناپاکی بمبەن. بەڵام من لێیانئەگەڕێم چی ئەکەن بیکەن و خۆشم سنگەکەیان لەژێر ئەو چاڵەدا بۆ دائەکوتم کە بۆمی هەڵئەکەنن و سەرەنگرێیانئەکەم.

(ئیشارەتی لاشەی بۆلۆنیۆس ئەکا) ئەم پیاوە ناچارمئەکا پەلەبکەم، ڕیخۆڵەکانی ئەخەمە ئەو ژوورەی تەنیشتەوە. دایە بەخێرچی، ڕاستە ئەم موشیرە دوای ئەوەی چەنەباز و شێت و ناپاک بوو، وا ئێستا لەسەرخۆ و بێدەنگ و نەهێنگیر بووە. بەخێرچی دایە (ژنی پاشا لە لایەکەوە ئەچیتەوەدەرێ و هاملێتیش لە لایەکیکەوە ئەچێتەدەرێ و لاشەی بۆلۆنیۆس ڕائەکێشێ)

## فەصڵی چوارەم

### بینینی یەکەم

ژوورێک لە تەلاردا

(پاشا و ژنی پاشا و ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن دێنەژوورەوە)

پاشا: بەم هەستان و شڵەژانە تا ئاستێک هەیە، پێمان بڵێ چییە، کوڕەکەت لە کوێیە؟

ژنی پاشا: تاوێ بەجێمانبێڵن (ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن ئەچنەدەرێ) گەورەم، ئاهـ ئەمشەو چیم دی.

پاشا: چی؟ هاملێت چۆنە؟

ژنی پاشا: شێتە، (هەروەک شتێ شەپۆلی دەریا و با کە بەربەرەکانێئەکەن. لەودیو پەردەکەوە دەنگێکی گوێ لێبوو، بەسەریا هات و شیرەکەی دەرکێشا و هاواریکرد:) مشک، مشک. ئەو پیاوە باشە کە خۆی شاردبووەوە، کوژرا.

پاشا: ئەی چەند ئیشێکی خراپە! ئەگەر لەوێ بوومایە، کوشتبوومی. ئەگەر هەروا بەرەڵڵابێ، بۆ من و تۆش و هەموو کەسێکیکەش خراپە، بەڵکوو لە ئاخرا ئۆباڵی هەمووی ئەخرێتە ملی من. ئەبێ ئەم گەنجە شێتە چاربکەم. ئەوەندەم خۆشئەوێ ئەم خۆشەویستە، بەرچاوی گرتووم و هەموو شتێکی لەبیربردوومەوە، هەروەک نەخۆشێ ناوێرێ دەردەکەی دەربڕێ، نەوە کاری بزانن و بەرەبەرەش ئەیکوژێ، بۆ کوێ چوو؟

ژنی پاشا: لاشەی مردووەکە ڕائەکێشێ و بۆشی ئەگریێ. شێتییەکەی جۆرە پاکییەکیشی تیایە، هەروەکوو پشکۆیەکی بێگەرد لەناو قاپێکی پیسا.

پاشا: جێرتروود وەرە، ڕۆژ لە دەمکەل دەرنەیە، ئەم ئەبێ بڕوا و پێویستە ئەم کردەوەیەی پینەبکەم. (ڕۆزنکرانتز و جێڵدنستێرن ئەگەڕێنەوە) هاوڕێکانم، هاملێت شێتبووە و بۆڵۆنیۆسیشی لە ژووری دایکیا کوشتووە و ئێستا خەریکە لاشەکەی ڕائەکێشێ. بڕۆن چەند کەسێک پەیداکەن و مردووەکە بێنن بۆ کەنیسە. (ڕۆزنکرانتز و جێڵدنستێرن ئەچنەدەرەوە) خێراکە خۆشەویستم، با ژیرترین هاوڕێکانمان بانگکەین و پێیان‌بڵێن کە چی قەوماوە و تێیان‌بگەیەنین کە چی ئەکەین و خۆمان لە زمانی خراپ بپارێزین. وەرە، دڵم زۆر تەنگ و پەشێوە. (ئەچنەدەرێ)

**بینینی دووەم**

ژوورێکیتر لە تەلارەکەدا

(هاملێت دێتەژووری)

هاملێت: گەیانمە جێی خۆی.

ڕۆزنکرانتز و جێڵدنستێرن: (لە ژوورەوە) هاملێت! هاملێت!

هاملێت: کێیە، کە بانگئەکا هاملێت؟ ها ئەوەتەم. (دێنەژوورەوە)

ڕوزنکرانتز: گەورەم، لاشەکەت چی لێکرد.

هاملێت: لەگەڵ ئەو خۆڵەی کە لە خۆیەتی، تێکەڵمکرد.

ڕۆزنکرانتز: پێمان‌بڵێ لە کوێیە؟ تا بیبەین بۆ کەنیسە.

هاملێت: بڕوامەکەن.

ڕوزنکرانتز: بە چی بڕوانەکەین؟

هاملێت: من بڕوا بە قسەی تۆ ئەکەم. چی ئەبێ من کە کوڕەپاشایەکم، بە قسەی ئەم ئیسفەنجە بکەم.

ڕۆزنکرانتز: گەورەم بە ئیسفەنجمان ئەزانی.

هاملێت: بەڵێ، ئیسفەنجێک کە دڵ و خۆشی و دیاریی پاشا بمژێ. ئێوە هەردووکتان باشترین کەسن بۆ خزمەتکردنی و هەردووکتان لای خۆی ئەهێڵێتەوە، هەروەک چۆن مەیموون گوێز لە لایەکی دەمیا گڵئەداتەوە و بە تف تەڕیئەکا و لەپڕ قووتیئەدا. پاشا کە چاوی بڕییە ئەوەی دەستتانئەکەوێ، هەردووکتان وا ئەگوشێ، وشکتانئەکاتەوە وەک ئیسفەنج.

ڕۆزنکرانتز: گەورەم، تێنەگەیشتم.

هاملێت: قسەی هەڵخەڵەتێنەر لە گوێی شێتا ئەنوێ.

ڕۆزنکرانتز: گەورەم پێمانبڵێ لاشەکە لە کوێیە و لەگەڵیشمان وەرە بۆ خزمەت پاشا.

هاملێت: لاشەکە لەگەڵ پاشایە، پاشا لەگەڵ لاشەکە نییە، بەڵام پاشا شتێکە ...

جێڵدنستێرن: گەورەم شتێکە؟

هاملێت: کێ شت نییە؟ بڕۆن با بچینە لای، بۆ کێلانەکەت ئەی شیر. (ئەچنەدەرەوە)

**بینینی سێیەم**

ژوورێکیتر لە تەلارەکەدا

(پاشا و دووسێیەک لەوانە دێنەژوورەوە)

پاشا: (بە تەنیا) ناردوومە بۆ لای کە لاشەکە ببینێ، مانەوە و بەرەڵڵاکردنی زۆر خراپە. بەڵام بەتونگی قانوونیشی بەسەرا تەطبیقناکەیت، چونکە گەلێ نەفام خۆشیانئەوێ و لای ئەوانیش جەزا بەپێی خراپەکەرەکە دائەنرێ، نەک بەپێی ئیشە خراپەکە و هەر وا مانەوەشی و درەنگ ڕەوانەکردنی بۆ من جوان نییە. (ڕۆزنکرانتز دێتەژووری) چیت کرد؟

ڕۆزنکرانتز: شوێنلاشەکەی پێنەوتین، گەورەم.

پاشا: خۆی لە کوێیە؟

ڕۆزنکرانتز: لە دەرەوەیە، چاوەڕێی ئەمری ئێوەیە.

پاشا: بیهێننە ژوورەوە.

ڕۆزنکرانتز: جیڵدنستێرن، با گەورەم بێت. (هاملێت و جیڵدنستێرن دێنەژوورەوە)

پاشا: هاملێت، بۆڵۆنیۆس لە کوێیە؟

هاملێت: لەسەر مێزی نانخواردنە.

پاشا: نانخواردن؟ لە کوێ؟

هاملێت: ئەخورێ، نەک ئەخوا، کومەڵی کرمە سیاسییەکان لێیکۆبوونەوە و پاشایەک نییە وەکوو کرم زۆرخوربێ. ئێمە هەموو حەیوانێک قەڵەوئەکەین، تاوەکوو خۆمان قەڵەوبین. قەڵەوئەبین بۆ ئەوەی ببین بە خۆراکی کرم، پاشای قەڵەو و جووتیاری لاواز، دوو چەشنن و ئەخرێنە سەر یەک مێز، ئەمەتە دوایی هەموو شتێ.

پاشا: داخم ناچێ، داخی گرانم!

هاملێت: پیاوێ کرمێک کە لاشەی پاشایەکی خواردبێ، ئەیخاتە توورەکەیەکەوە و ئینجا ئەو ماسییە ئەخوا کە بە خواردنی ئەو کرمە گرتی.

پاشا: مەرامت چییە، ئەڵێی چییە؟

هاملێت: هیچ، من شاییی پاشایەکت نیشانئەدەم کە بە ڕیخۆڵەی جووتیارێکا ئەڕوا.

پاشا: بۆڵۆنیۆس لە کوێیە؟

هاملێت: لە ئاسمانە، بنێرە بەشوێنیا، ئەگەر لەوێ نەیدۆزیەوە، وا خۆت لە شوێنێکیکە بەشوێنیا بگەڕێ. خۆ ئەگەر لە مانگێکا نەتدۆزیەوە، بێگومان لە ڕێگا بۆنەکەیت دێ بە لووتا.

پاشا: (بە یاساوڵەکان) بڕۆن بەشوێنیا بگەڕێن.

(یاساوڵەکان ئەچنەدەرێ)

پاشا: هاملێت، هەر لەبەر خۆت، لەتاو ئەم کردەوەیەت پێویستە زوو بڕۆی، زووتر لە ئاگر، خۆت کۆکەرەوە، هاوڕێکانت چاوەڕێتن. پاپۆڕەکە ئامادەیە، هەمووتان ئەچن بۆ ئینگلتەرە.

هاملێت: بۆ ئینگلتەرە.

پاشا: بەڵێ، هاملێت.

هاملت: چاکە.

پاشا: بەڵێ، چاکە ئەگەر بێت و مرازی ئێمە بزانی.

هاملێت: فریشتە ئەناسم کە مرازی ئێوە ئەزانێ! چیمان لەمە داوە. وا ئەڕۆم بۆ ئینگلتەرە، دایە بە دوعا.

پاشا: ئەی دوعاخوازی لە باوکە خۆشەویستەکەت ناکەی؟

هاملێت: هەر دایکم. باوک و دایک، ژن و پیاوێکن. پیاو و ژنەکەش یەک لەشن، لەبەرئەوە دوعاخوازی لە دایکم ئەکەم. با بڕۆین بۆ ئینگلتەرا. (ئەڕواتەدەرێ)

پاشا: (بە ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن ئەڵێ) شوێنیکەون بۆ سەر پاپۆڕەکە. خێرا ئەبێ ئەمشەو بڕۆن. (ئەڕۆنەدەرێ)

تۆ ئەی ئینگلتەرە، تۆیەک کە خوێنڕێژی شیری دانیمارکیت دیوە و تاڵ و سوێریشت چەشتووە، ئەگەر منت ئەوێ، وا بەپێی ئەو نامە داخراوانەم بکە، لە هاملێت ڕزگارمکە، سەگێکە و هەڵچووە، وەکوو خوێن لە دەمارەکانما ئۆقرەناگرم، دڵم خۆشنابێ تا باسی ئەو نەبیەم. (ئەچێتەدەرێ)

## بینینی چوارەم

دەشتێک لە دانیمارکا

(فۆرتنبراس و زابت و عەسکەر و پیادە دێنەژووری)

فۆرتنبراس: ئەی زابت بڕۆ و لە زمان منەوە سەلام لە گەورەی دانیمارک بکە و پێیبڵێ ڕێگامان بدا کە لە وڵاتەکەیەوە تێئەپەڕی بۆ ئەو شوێنەی ئەیزانی.

زابت: گەورەم، باشە.

فورتنبراس: خوات لەگەڵ. (فۆرتنبراس ئەچێتەدەرێ لەگەڵ عەسکەرەکانا و هاملێت و ڕۆزنکرانتز و جیڵدنستێرن و چەند کەسێکیکە دێنەژووری)

هاملێت: ئەم لەشکرە هیی کێیە؟

زابت: هیی پاشای نەرویجە، گەورەم.

هاملێت: بۆ کوێ ئەچن؟

زابت: بۆ سەر هەندێ شوێنی پوڵەندە.

هاملێت: کێ سەرکردەیانە؟

زابت: فۆرتنبزاسی برازای پاشای نەرویج.

هاملێت: بۆ ناوجەرگەی پۆڵەندە ئەچن، یا بۆ هەندێ شوێن لە دەوروپشتی؟

زابت: ئەگەر ڕاستت ئەوێ، گەورەم، ئێمە هەوڵی هەندێ زەویمانە کە چ بۆ پۆڵەندە و چ بۆ نەرویجیش، ئەگەر بە فرۆشتن بێ، ئەوەندە پارە ناکا و بێنرخە.

هاملێت: کە وابوو، پاشای پۆڵەندە بەرهەڵستیناکا.

زابت: هەمووی پڕکردووە لە لەشکر.

هاملێت: گوایە دووهەزار عەسکەری شەڕکەر و ٢٠هەزار دانە زیو، تەنها بۆ داگیرکردنی شوێنێکی بێنرخ؟ ئەمە دەردێکە لە زۆربوون و دەوڵەمەندییەوەیە. دەردێکە لە ژێرەوە جووڵەی دێ و لە سەریشەوە دیارنییە و کە مردیش، نازانن لەبەر چی مردووە. سوپاستئەکەم.

زابت: گەورەم، خوا بتپارێزێ.

روزنکرانتز: گەورەمان، ڕازیی لەسەرە بڕۆین؟

هاملێت: پێشکەوە هەر ئێستا ئەتگەمێ. (هەموو ئەچنەدەرێ و هاملێت تەنیا ئەمێنێتەوە) دەورەم لێدراوە، داوام لێئەکەن، داوای ئەو تۆڵەیەم کە لێیساردبوومەوە. خوا بەڵا لەو پیاوە دا کە لە دنیادا هەر هەوڵی خواردن و نوستنی بێ.

**بینینی پێنجەم**

ئێلسینیۆر، ژوورێک لە کۆشکەکەدا

(شاژن، هۆراشیۆ، لەگەڵ یەکێ لە پیاوەکانی کۆشک)

دێنە ژوورەوە

شاژن: قسەی لەگەڵ ناکەم.

پیاوەکە: لە خۆیەوە ئەبزرکێنێ، جێگای بەزەییە.

شاژن: چیی ئەوێت، ئەم ئافرەتە.

پیاوەکە: هەواڵی باوکی ئەپرسێ، بە سنگی خۆیا ئەماڵێ و ئەڵێت دنیا پڕە لە فێڵوفەرەج، لە درۆودەلەسە. هەر لە خۆیەوە تووڕەئەبێ، قسەکانی تێکەڵاو و

پێکەڵاون. ئینسان ئەبێ زۆر هیلاکببێ تا مەعنایەکی بۆ ئەدۆزێتەوە. ئەم ئافرەتە عەقڵی‌نییە، بەڵام وات لێ‌ئەکات کە بە عاقڵی دابنێیت.

هۆراشیۆ: (ڕووئەکاتە شاژن) وا باشە ئەم ئافرەتە بدوێنیت، تا گومان نەخەیتە دڵی خەڵقییەوە.

شاژن: با بێتە ژوورەوە (هۆراشیۆ ئەڕوات بەشوێنیا) مەترسی لە هەموو شتێکا چاو بزئەکاتەوە، تاواندار لە تاوانەکانی ڕابوردووی ئەترسێت، لەبەرئەوە باش ناجووڵێتەوە، وە ئەم باش نەجووڵانەوەیەی ئەبێ بەهۆی ئەوەی تووش‌ببێت.

(هۆراشیۆ لەگەڵ ئۆفێلیادا دێنە ژوورەوە)

ئۆفیلیا: کوا شاژنە جوانەکەی دانیمارک؟

شاژن: ئۆفیلیا چۆنیت؟

ئۆفیلیا: کێ خۆشەویستم پیشان‌ئەدات بە شەپقە و دار و پێڵاوەکانیەوە، لە تۆ زیاتر.

شاژن: ئێ، کچە جوانەکە، ئەم قسانە مەعنای چییە؟

ئۆفیلیا: ئەی چی؟ گوێ‌بگرە؟ تووخوا گوێ‌بگرە. مرد و ڕۆی، ڕۆی و مرد، پووش لای سەریەوە ڕوواوە، لە بەرپێشا بەردێک دانراوە.

شاژن: ئۆفیلیا؟

ئۆفیلیا: گوێ‌بگرە، کفنە سپییەکەی لە بەفری سەر شاخان ئەچێت. (پاشا دێتە ژوورەوە)

شاژن: ئای داخەکەم، تەماشاکە گەورەم.

ئۆفیلیا: [تەرمەکەی وەک] گوڵ ڕازاندیانەوە و بردیان بۆ مەزار.

پاشا: کچە جوانەکە چۆنیت؟

ئۆفیلیا: چاکم، خوا ئاگای لێت‌بێت. ئەڵێن کوننەپەپوو لە نەوەی نانەوایە. ئێمە ئەزانین کێین، بەڵام نازانین چیمان لێ‌دێت. خوا لەسەر خوانەکەت دابنیشێت.

پاشا: (ڕووئەکا بەم‌لاوە) شێت‌بووە بۆ باوکی.

ئۆڤیلیا: تووخوا ئەگەر ئەم قسانە بکەیت، ئەگەر مەعنای قسەکانیان لێ‌پرسیت، بڵێ: سبەینێ جێژنی ڤالەنتینی نوورانییە. منیش لە پەنجەرەکەدا دائەنیشم، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ئەکەم کە بۆ تۆ ئەبم.

پاشا: ئایا دەمێکە وا شێت‌بووە؟

ئۆفیلیا: خوابکا ئیش‌وکار باش بڕواتبەڕێوە، ڕاوەستە، بیرئەکەمەوە لە ساردبوونەوەی لاشەی باوکم. براکەم هەر پێ‌ئەزانێت، سوپاسی ئامۆژگارییەکانت ئەکەم، شەوتان باش، شەوتان باش. (ئەڕواتە دەرەوە)

پاشا: (ڕووئەکاتە هۆراشیۆ ئەڵێ) شوێنیکەوە و بیپارێزە (هۆراشیۆ ئەڕواتە دەرەوە). ئەمە زەهری دڵگیرییە، بە مردنی باوکی کراوە بە دەمیا، جێرتروود! کۆست تاکتاک نایەت. کوڕەکەت باوکی ئەم کچەی کوشت، وازیشی لە خۆشەویستەکەی هێنا و مەجبووربوو بۆ ئەوەی بڕوات. وا هەموو میللەت داوائەکات سزای ئەو کەسە بدرێت کە بۆلۆنیۆسی کوشت. ئۆفیلیاش وا شێتبوو، ئێمە کە عەقڵمان لێ‌جیابووەوە، ئەبین بە پەیکەرێک، یان بە دڕندەیەک. وا برای ئۆفیلیا لە فەڕەنسەوە بە دزییەوە هاتۆتەوە و ئەگەڕێ بەشوێن مردنی پڕنهێنیی باوکیا. ئای جێرتروود! ئەم جۆرە شتانە مردنیان لا شیرین‌کردووم. (دەنگێک لە دەری شانۆ)

شاژن: ئەو دەنگە چی بوو؟

پاشا: کوا یاساوڵەکان، با باش دەرگاکان پاس‌بکەن (یەکێ لە پیاوەکانی کۆشک دێتە ژوورەوە) چی ڕوویداوە؟

پیاوەکە: خۆت ڕزگارکە، گەورەم، وا لێرتیس بە کۆمەڵێکی گەورەی پڕچەکەوە پەلاماری پیاوەکانیان داوین، هەموو ناوبازاڕیان شوێن‌کەوتووە، ناوی پاشایان لێ‌ناوە و چەپڵە لێ‌ئەدەن لە خۆشیانا.

شاژن: دەک خەجاڵەت‌بن، ئەی دانیمارکییە دووڕووە بێ‌ئابڕووەکان.

پاشا: دەرگاکان بکەنەوە (لێرتیس پڕچەک دێتە ژوورەوە، عەشامێکی زۆریشی وا لە دواوە).

لێرتیس: ئا ئەم پاشایەم پیشان‌بدەن، گەورەکان ئێوە لە دەرەوە ڕاوەستن.

خەڵقەکە: نەء، دێینە ژوورەوە.

لێرتیس: تووخوا ئەگەر لە دەرەوە ڕانەوەستن، وازم لێ‌بینن با بە تەنیا لێرە بم.

خەڵقەکە: باشە، باشە (ئەچنەوە دەرێ).

لێرتیس: سوپاستان‌ئەکەم، باش ئاگاداری دەرگاکان بن (ڕووئەکاتە پاشا) ئەی پاشای دەنی، کوانێ باوکم؟ چیت لێ‌کرد؟

شاژن: ڕاوەستە، کەمێک هێمن‌بەرەوە، ئەی لاوە پیاوچاکەکە.

لێرتیس: ئەگەر دڵۆپە خوێنێکی هێمنی لە لەشما بێت، کەواتە من زۆڵم و کوڕی باوکی خۆم نیم، چیتان لە باوکم کرد؟

پاشا: ئەم چەتەگەری و نەڕەنەڕەت لە چییە، لێرتیس؟ جێرتروود تۆ وازی لیّبهێنە، مەترسە. ترس و سامی پاشایی دیوارێکی وا دروستئەکات کە پیاوخراپی بە دزەدزە نەبێت، ناتوانێ لێی نزیکبێتەوە. پێمبڵێ ئەم تووڕەبوونەت لە چییە، وازی لیّبێنە جێرتروود، کوڕە قسەبکە.

لێرتیس: کوا باوکم؟

پاشا: مرد.

شاژن: ئەم هیچ دەستی لە مردنیا نەبووە.

پاشا: وازی لیّبێنە با بپرسێت.

لێرتیس: چۆن باوکم مرد؟ قیروقاچ مەکە، من بیّهیوام لە دنیا و لەدوای دنیاش، هەموو ئاواتم تۆڵەسەندنی باوکمە.

پاشا: ئینجا بۆ تۆڵەی خۆت ناسێنیت، کێ تۆ ئەگەڕێنێتەوە لە تۆڵەسەندن.

لێرتیس: هەموو دنیا هەڵسێتە پێیان، ناتوانێ من بگەڕێنێتەوە لە بڕیارم، خۆم ئامادەکردووە بۆ کارێکی گەورە.

پاشا: نابێ بڕیاری بەگژاچوونی دۆست و دوژمن بدەی، لەپێش ئەوەدا بزانی باوکت چۆن مردوووە.

لێرتیس: تەنیا بەگژ دوژمنەکانیا ئەچم.

پاشا: بۆچی ئەیانناسیت؟

لێرتیس: دۆستەکانی باوکم ئەگرمە باوەشم و خۆمیان لە ڕێدا بەختئەکەم.

پاشا: ئێستا قسەکانت باشن، من بێتاوانم لە کوشتنی باوکتا، زۆریش بۆی دڵگیرم.

خەڵقەکە: (لە دەرەوە بانگئەکەن) وازی لیّبێنن با بچێتە ژوورەوە.

لێرتیس: ئەو دەنگە چییە؟ (ئۆفیلیا دێتە ژوورەوە) ئای مێشکم سووتا و توایەوە. گەرمیی فرمێسکی سوێرم ڕووناکیی چاومی کوژاندەوە. بە حەقی ئاسمان، ئەو کەسە لەناوبەرم کە بوو بە هۆی شێتیت. ئەی گوڵە جوانەکەی بەهار! ئەی خوشکە جگەرسۆزەکەم، ئۆفیلیای شیرین، بۆ وات بەسەرهات؟ ئایا کوشتنی باوکت وای بەسەرهێنایت، یان گوڕی دڵدارییە تووانوویتیەوە بۆ دڵدارە ڕۆیشتووەکەت؟

ئۆفیلیا: هەڵیانگرت بە دارەمەیت، ڕووی دانەپۆشرابوو، فرمێسک وەکوو باران بەسەر مەزارەکەیا ئەڕژا، خوات لەگەڵ خۆشەویستەکەم.

لێرتیس: خوا ئاگادارە کە ئەم قسانەت هەزار ئەوەندەیتر گڕی ئاگری تۆڵەسەندنم خۆشئەکەن.

ئۆفیلیا: گۆرانی بڵێ، گۆرانی بڵێ؛ نەغمە دانێ لەسەر هاتوچۆی بەرداش؛ چیرۆکی ئەو سەرکارە خائینە بگێڕەرەوە، کە کچی گەورەکەی خۆی فڕان.

لێرتیس: ئەم وڕێنەیە لە قسەی عاقڵ کاریگەرترە.

ئۆفیلیا: گوڵ بەڵگەی بیرەوەری و ڕەمزی تەفکیرە.

لێرتیس: تۆ بەم شێتییەت ئامۆژگاریمئەکەیت.

ئۆفیلیا: چەپکێ وەنەوشەم ئامادەکردبوو بۆ پاشا، بەڵام لە ڕۆژی مردنی باوکما سیسبوو. وایان تێگەیاندم کە باوکم بە دڵنیایی مردووە، ناگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە. تازە مرد و ڕۆی، ناگەڕێتەوە. ڕیشە سپییەکەی هەر لە بەفر ئەچوو، ڕۆی، ناگەڕێتەوە. خوایە ڕەحمێک، لە گریان زیاتر هیچمان بۆ نەماوەتەوە. (ئەڕواتە دەرەوە)

لێرتیس: گوێت لێبوو؟

پاشا: گوێبگرە، هەموو شتێکت بۆ ئەگێڕمەوە. لەپاش گێڕانەوەی بچۆ بۆ لای هاوڕێکانت. ئەگەر گومان بە لای منا هات، ئەوا تاج و تەخت و ژیانی خۆمت پێئەبەخشم. ئەگەر زانیشت کە من بێتاوانم، ئەوا خۆت بدەرەوە دەستم، بزانە چۆن حەقت بۆ ئەسێنم.

لێرتیس: باشە، پێویستە بزانم چۆن مردووە.

پاشا: لە هەر کوێیەک تاوانکرا، سزاش لە دوایەوەیەتی. (ئەڕۆنە دەرەوە)

(پەردە دائەدرێتەوە)

**بینینی شەشەم**

ژوورێک لە کۆشکەکەدا

(هۆراشیۆ و خزمەتکارێک دێتە ژوورەوە)

هۆراشیۆ: کێن ئەوانەی ئیشیان بە من هەیە؟

خزمەتكار: كەشتییەوانن، نامەیان پێیە، گەورەم.

هۆراشیۆ: با بێن (خزمەتكار ئەڕوات) هیچ شوێنێک نییە نامەم لێوە بۆ بێت، ئەو شوێنە نەبێ کە هاملێتی وا تیا. (چەند کەشتییەوانێک دێنە ژوورەوە)

کەشتیوانی یەکەم: خوا ئاگای لێتبێت، گەورەم.

هوراشیۆ: خوا ئاگای لە تۆش بێت.

کەشتییەوان: ئەگەر ناوت هۆراشیۆ بێت، ئەوا ئەم نامەیە بۆ تۆ نێرراوە لە لایەن ئەو باڵوێزەوە کە ئەچوو بۆ بەریتانیا.

هۆراشیۆ: (نامەکە وەرئەگرێ و ئەیخوێنێتەوە) لەپاش گەیشتن و خوێندنەوەی ئەم نامەیە، ڕێگا بۆ هەڵگرەکەی بکەرەوە تا ئەو نامەیەی پێیەتی بیگەیەنێتە پاشا. لەپاش ئەوەی دوو ڕۆژ لە دەریادا بووین، جەردەی ناو ئاو پەلاماریان‌داین و نزیکبوونەوە لە کەشتییەکەمان. منیش خۆم فڕێدایە ناو کەشتییەکەیان و بووم بە دیلیان. ئەو جەردانە زۆر خزمەتیان‌کردم، لەپاش گەیشتنی نامە بەگورجی، وەرە بۆ لام تا باسی ڕۆزنکرانتز وە جیڵدنستێرنت بۆ بکەم.

ئیتر خۆشیت، هاملێت

(بە کەشتییەوانەکان:) خێرا وەرن ئەو نامەیە بگەیەنن بە پاشا، کە هاملێت ناردویەتی تا بمگەیەننە ئەو.

(هەموو ئەڕۆنە دەرەوە)

## بینینی حەوتەم

ژوورێکی‌تر لە کۆشکەکەدا

(پاشا و لێرتیس دێنە ژوورەوە)

پاشا: ئینجا ئێستا لام وایە باش دڵنیابوویت لە بێتاوانیی من. هەروەها پێش گەیشتنی ئەو کەسەی باوکتی کوشت، کوشتنی منی ئەویست.

لێرتیس: قسەکانت جێگای بڕوان، بەڵام نازانم لەبەر چی دواکەوتی لە سزانەدانی خائین.

پاشا: لەبەر دوو شتی زۆر کاریگەر؛ یەکەمیان چونکە دایکی زۆری خۆش‌ئەوێت، منیش بەبێ دایکی ناتوانم بژیم، دووەمیان میللەت زۆریان خۆش‌ئەوێت، هەموو کەمییەکی بە چاکی تێئەگەن.

لێرتیس: لەبەر ئەم دوو هۆیە باوک و خوشکم لەکیس‌چوو، بەڵام تۆڵەیان هەر ئەسێنم.

پاشا: دڵنیابە، من گاڵتەپێکەری کەس نیم، بزانە چی ئەکەم؟ (یەکێک دێتە ژوورەوە)

ئەو یەکە: لە هاملێتەوە نامەتان بۆ هاتووە، پاشام. ئەمە بۆ ئێوەیە، ئەوی‌تریشیان بۆ شاژنە.

پاشا: لە هاملێتەوە؟ کێ هێنانی؟

ئەو یەکە: کەشتیی‌ەوان هێناویانە.

پاشا: گوێ‌بگرە بیانخوێنمەوە بۆت (بە ئەو یەکە- برۆ، ئەخوێنێتەوە) ئەی بەهێزی خۆبەرزکەرەوە! من بە تەنیا ئەگەڕێمەوە بۆ موڵکەکەت. سبەینێ لە بەردەمی خۆتا نهێنیی گەڕاندنەوەمت تێ‌ئەگەیەنم، هاملێت.

پاشا: ئەمە یەعنی چی؟ هەموو لەگەڵیا دێنەوە، یان هەر خۆی؟

لێرتیس: خەتەکەی ئەناسیت؟

پاشا: خەتی هاملێتە، بە تەنیا، بە تەنیا دێمەوە، تۆ ئەڵێی چی؟

لێرتیس: شتێکی سەمەرەیە، بەڵام من لە کانگای دڵمەوە چاوەڕوانی‌ئەکەم تا ڕووبەڕوو دەردی دڵمی لەگەڵ سارێژبکەم.

پاشا: ڕاوەستە من کارت بۆ سازئەکەم.

لێرتیس: بە شەرتێ ئاشتیی تێ‌نەخەیت، گەورەم.

پاشا: من بۆ تۆ ئیش‌ئەکەم. ئەگەر هاتەوە، بە مردن نەبێت ڕزگاری‌نابێت، مردنێک کە دایکیشی بە قەزا و قەدەری بزانێت.

لێرتیس: من لەناوی‌ئەبەم، گەورەم.

پاشا: لە نۆرماندیاوە، لامۆندی سوارچاک هاتبوو، باسی ئازایەتیی تۆی ئەکرد. دە هاملێت بەمە زۆر تێک‌چووە، داوای لە خوا ئەکرد کە تۆ بێیتەوە لە فەڕەنسەوە و شەڕەشیرت لەگەڵ بکات.

لێرتیس: ئینجا چی لەمەدایە، گەورەم؟

پاشا: ئای گوایا باوکت خۆشەویستی تۆ نەبوو، یان تۆ دەم‌وچاوێکی بێ‌دڵی؟

لێرتیس: بۆچی ئەمەم لێ‌ئەپرسیت؟

پاشا: وا هاملێت دێتەوە، دە تۆ چۆنمان بۆ ئیثبات‌ئەکەیت کە کوڕی باوکی خۆتی.

لێرتیس: له کەنیسە ئەیکوژم.

پاشا: تۆڵە هیچ سنوورێکی نییە، پیاوکوژیش هەمیشە بێ ئارام و ئۆقرەیە. من وای بە چاک ئەزانم لە ماڵی خۆتا دانیشتیت، هاملێت لاوچاکیی تۆ ئەبیسێتەوە و ئەو حەلە دێت بۆ ئەوەی شەڕەشیرت لەگەڵ بکات. ئەو حەلە تۆڵەی باوکتی لێبسێنە.

لێرتیس: باشە، شیرەکەم بە ڕۆنێک چەورئەکەم کە بەر هەر برینێک بکەوێ، دەستبەجێ بمرێت.

پاشا: ئەگەر هات و لە تۆ ڕزگاریبوو، ئەوا پەرداخی ئاوی بۆ ئامادەئەکەم کە تینوویەتیی پاش شەکەتیی شەڕەشیرەکەی پێبشکێت و هەرگیز هەڵنەسێتەوە. (شاژن دێتە ژوورەوە)

شاژن: کۆست بەدوای کۆستا یەت، لێرتیس خوشکەکەت خنکا.

لێرتیس: خنکا؟! لەکوێ؟

شاژن: دەستی بۆ لقە بییەک ڕاکێشاوە، پێی هەڵخلیسکاوە و کەوتۆتە چەمەکەوە و خنکاوە.

لێرتیس: ئەی هاوار، خنکا بەتەواوی.

شاژن: خنکا، بەڵێ، خنکا.

لێرتیس: ئۆفیلیا! وا من فرمێسکت لێئەگرم، چونکە ئاوت زۆر خواردووەتەوە. دوعا ئەخوازم لە هەمووتان، بەڵام ناو دەروونم پڕە لە ئاگرێکی ئەوتۆ، ئاسن ئەتوێنێتەوە. (ئەڕوات)

پاشا: با شوێنیکەوین، زۆرم هەوڵ دا تا ساردمکردەوە. ئەترسم سەرلەنوێ لێمان هاربێتەوە، با شوێنیکەوین (ئەڕۆن).

(پەردە دائەدرێتەوە)

## فەصڵی پێنجەم

### بینینی یەکەم

دەشتێک لە بەردەمی قەبرستانی کەنیسەدا

(دوو قەبرهەڵکەن دێنە ژوورەوە)

یەکەم: ئایا وەکوو گاورەکان ئەینێژن؟

دووەم: بەڵێ، چونکە قازی وتوویەتی کە هەڵئەگرێت بە گاوری بنێژرێت، دەی خێراکە و قەبرەکەی ڕاست و چەپ بۆ هەڵکەنن.

یەکەم: ئەبێ ئیثباتیانکردبێ کە بۆ خۆڕزگارکردن خۆی خنکاندووە.

دووەم: ئەوە ئیثباتبووە.

یەکەم: پێویستە بە شەرعی ئیثباتکرابێت. مەثەلەن، ئەگەر من بە دەستی ئەنقەست خۆم خنکان، ئەوا مەعنای ئەوەیە کە من ئیشێکمکردووە. دە ئیشیش لە سێ کەرت پێکدێت: یەکەم ئیش، دووەم هەوڵ، سێیەم کردن. دە لەسەر ئەمە، کەواتە ئۆفیلیا بە دەستی ئەنقەس خۆی خنکاندووە.

دووەم: گوێبگرە، ئەی هاوڕێ، قەبرهەڵکەن.

یەکەم: تۆراوە، لێرە ئاو هەیە، وە نییە؟ لێرەش پیاوێک هەیە، وا نییە؟ دە ئەگەر ئەم پیاوە چوو بۆ لای ئاوەکە، ئەوا ئەخنکێت، بیەوێت یا نەوێت. بەڵام تۆ باش گوێبگرە. ئەگەر ئاوەکە هات بۆ لای پیاوەکە و خنکاندی، ئەوا ئەو حەلە پیاوەکە خۆی نەخنکاندووە. دە لەسەر ئەمە، بۆمان دەرئەکەوێ بێتاوان ئەو کەسەیە کە خۆی بەکوشتندابێت، بەڵام خۆی خۆی نەکوشتبێت.

دووەم: ئینجا ئەمە شەرعییە؟

یەکەم: بێگومان زۆر شەرعییە.

دووەم: ئەتەوێ گوێ لە ڕاستی بگریت؟ بەو خوا گەورەیە، ئەگەر ئەم ئافرەتە لە بنەماڵە گەورەکان نەبووایە، وەکوو گاورە بێتاوانەکان نەئەنێژرا.

یەکەم: بەڵێ، ڕاستە. ئەسەف ئەوەیە کە ئەو چینە ئەتوانن خۆیان بکوژن، بەڵام چینەکانیتری گاور ناتوانن. بێنە پاچەکەمم بدەرەوە دەست، کەس نییە لەم دنیایەدا بەرزیی بنەماڵەی بگاتە بەرزیی بنەماڵەی باخەوان و کارێزهەڵکەن و گۆڕهەڵکەن. ئەمانە لەسەر ئیشی ئادەمی باپیرەگەورەی خۆیان ئەڕۆن.

دووەم: ئایا ئادەم لە بنەماڵە شەریفەکان بوو؟

یەکەم: ئەی چۆن! یەکەمین کەس بوو کە چەکی هەڵگرت.

دووەم: چۆن؟ خۆ ئەو چەکی نەبوو؟

یەکەم: ئەوە ئەڵێی چی؟ تۆ ئەڵێی بتپەرستی، کتێب ئەڵێ ئادەم زەویی هەڵکەندووە. دە چۆنی هەڵکەندووە، ئەگەر چەکی نەبووبێت؟! ڕاوەستە پرسیارێکیترت لێئەکەم. ئەگەر باش وەرامنەدەیتەوە، تووشی بەزمێکت ئەکەم.

دووەم: بپرسە.

یەکەم: کێ کارسازی باشتر ئەزانێت لە کرێکار و دارتاش و کەشتیساز؟

دووەم: ئەوی قەنارە دروستئەکات.

یەکەم: وا دیارە تۆ زۆر زیرەکی، قەنارە خراپنییە، چونکە ئەوانە لەناوئەبات کە بە لای خراپەدا ئەڕۆن. دە تۆش لە وەرامەکەتا بە لای خراپەدا ڕۆیشتیت، چونکە قسەکەی تۆ وا ئەگەیەنێت کە قەنارە دروستکردن چاکترە لە دروستکردنی کەنیسە. وە لەسەر ئەمە، هەڵئەگریت لەقەنارەتبدەن. وا ئەم وەرامەت هیچ، وەرامێکیترم بدەرەوە.

دووەم: وەرامی کێ کارسازی باشتر ئەزانێت؟

یەکەم: ئا، وەرامی ئەوە بدەرەوە و پارەی ئیمرۆت حەڵاڵ بێت.

دووەم: هەڵمهێنا.

یەکەم: بیڵێ.

دووەم: بە خوا نازانم. (هاملێت وە هۆراشیۆ لە سووچێکی دووری شانۆکەوە دێنە ژوورەوە)

یەکەم: تۆ لە کەر کەرتریت، چونکە کەریش تا لەگەڵیا خەریکبیت، کەرتر ئەبێت. بەڵام ئەگەر یەکێ ئەو پرسیارەی لێکردیت، ئەوا بڵێ "گۆڕهەڵکەن"، چونکە ئەو خانووانەی کە دروستیئەکات، هەتا ڕۆژی حەشر ئەمێنێت. دە برۆ پەرداخێ شەرابم لەو دووکانە بۆ بێنە (دووەم ئەڕوات، یەکەم گۆرانی ئەڵێت).

هاملێت: ئەم کابرایە چۆن لە وەختی گۆڕهەڵکەندنا گۆرانی ئەڵێت، گوایا گۆڕهەڵکەنی کاری تێنەکردووە؟

هۆراشیۆ: میرم، نەریت و عادەت ئیشەکەیان لە لا سووککردووە.

هاملێت: بەڵێ، ڕاستە. هەر کەسێ ئیشی کەمبێ، هەستی زیادئەکات. (گۆڕهەڵکەن بەدەم گۆرانییەوە، جمجمەیەک لە قەبرەکەوە فڕێئەدات)

هاملێت: ئەم کەللەسەرە زمانێکی هەبوو، گۆرانیی پێئەوت. ئێستاش ئەم گۆڕهەڵکەنە نزمە فڕێیئەدات. دوورنییە ئەم کەللەیە سەری سیاسییەکی زیرەکی

وا بووبێت، کە دەستی بۆ لای خواش درێژکردبێ. کەچی وا ئێستا ئەم کەرە دەستی بۆ درێژئەکات، ماشەڵڵا لە کاری خوا (وا نییە؟)

هۆراشیۆ: بەڵێ، میرم.

هاملێت: ئەگونجێ کاژەڵەی قسەخۆشێکی زمانلووس بووبێ، یان کەللەی شەریفێکی دووڕوو، ئایا ڕاستنییە؟

هۆراشیۆ: بەڵێ، ڕاستە.

هاملێت: کەچی ئەم کەللەسەرە ڕووتوقووتە بوو بە خواردەمەنیی مار و مێروو، بەدەم پاچی قەبرهەڵکەنەکانەوە دێت و ئەچێت، وەکوو ئەم ئێسقانە ئەبووایە دروستکرابن، لە ژیانا ببن بە تۆپی یاریکەر لە مردنا. ئەوەیە چەرخی چەپگەڕ کە ئێمە چاومان بە سووڕانەوەی ئەکەوێ. (کرێکارەکە بەدەم گۆرانییەوە کەللەسەرێکیتر فڕێئەداتە دەرەوە)

هاملێت لەسەر قسە ئەڕوا و ئەڵێ: ئا ئەوەش کەللەسەرێکیترە، ئەگونجێ هیی مەلایەکی پیری دوانزەعیلم بێت. نازانم ئەم قەبرهەڵکەنە بێمەعنایە چۆن دڵی یەت ئەو پاچە پیسە بدات لەو ناوچەوانە پاکە. سەروەت و سامان، زانست، بیروباوەڕی بەرز، موڵک و کۆشک و تەلار، باخ و زەویوزار؛ ئەمانە تێکڕا چەکێکن پیاو ئەگرن، چۆن ئەتوانن نەیەڵن ئەم کەللەسەرانە پڕبن لە خۆڵ. ئینسان لە ژیانا هەرچی چەندێکی ببێ، لە مردنا لەو چاڵەی زیاتر بەرناکەوێ.

هۆراشیۆ: هیچ نەبێ بستێک زیایی؟

هاملێت: ئەوەنییە بە چەکی پێستی مەڕ بەهەشت ئەفرۆشن.

هۆراشیۆ: لە پێستی گوێرەکەش دروستیئەکەن.

هاملێت: ئەو کەسانەی بڕوا بەو چەکانە ئەکەن، لە گوێرەکە و مەڕ کەرتر و بەسزمانترن. با کەمێ قسە لەگەڵ ئەو کابرایەدا بکەم، هۆ کاکە ئەو قەبرە هیی کێیە؟

قەبرهەڵکەن: هیی منە، گەورەم.

هاملێت: عەجایەب نییە، چونکە خۆت وای لەناویا.

قەبرهەڵکەن: تۆی تیانیت، لەبەرئەوە هیی تۆ نییە. بەڵام هەرچەندە من لەناویانیم، لەگەڵ ئەوەشا هەر هیی منە.

هاملێت: تۆ درۆئەکەی کە ئەڵێی لەبەرئەوەی لەناویام هیی منە، چونکە قەبر بۆ مردوو دانراوە، نەک بۆ زیندوو.

قەبرهەڵکەن: درۆیەکی زیندووە لە منەوە، تۆش تووشئەبیت.

هاملێت: بۆ چ پیاوێکی هەڵئەکەنی؟

قەبرهەڵکەن: بۆ پیاو نییە.

هاملێت: بۆچی ژنێکە؟

قەبر هەڵکەن: بۆ ژن نییە.

هاملێت: کێی تیا ئەنێژرێت؟

قەبر هەڵکەن: شتێک کە پێیانئەوت ژن و ئێستاکە مردووە.

هاملێت: (ڕووئەکاتە هۆراشیۆ) ئەم کابرایە زۆر ئەزانێ. پێویستە ئاگامان لە دەمی خۆمان بێت، ئەگینا ئەمانبەزێنێ. چەرخ بە جۆرێکی وا گۆڕاوە کە سمی جووتیار گەیشتۆتە لای پاژنەی پیاوی گەورە و بەو سمانە ئەو پێیانەش بریندارکراون. (ڕووئەکاتەوە قەبرهەڵکەن) دەمێکە قەبرهەڵکەنیت؟

قەبرهەڵکەن: لەو ڕۆژەوە کە پاشای بەڕەحمەتبوومان، هاملێت، بەسەر فۆرتنبراسا زاڵبوو.

هاملێت: کەی بوو ئەو حەلە.

قەبرهەڵکەن: ئایا نازانی هیچ شتێک نییە شارەزای ئەو ڕۆژە نەبێ کە هاملێتی لاوی تیا لەدایکبوو، ئەو لاوەی شێتبوو، ناردیان بۆ بەریتانیا.

هاملێت: بۆچی ناردیان بۆ بەریتانیا.

قەبرهەڵکەن: چونکە ئەڵێن لەوێ لەو شێتییە چاکئەبێت. ئەگەر هات و ڕزگاریشنەبوو، ئەوا قەیناکات.

هاملێت: چۆن قەیناکات.

قەبرهەڵکەن: لەوێ کەس نازانێ کە هاملێت شێتە.

هاملێت: چۆن؟

قەبرهەڵکەن: چونکە بەریتانیاییەکان هەموویان شێتن.

هاملێت: هاملێت، چۆن شێتبوو؟

قەبرهەڵکەن: بە وێنەیەکی زۆر سەمەرە.

هاملێت: چۆن؟

قەبرهەڵکەن: عەقڵی لیَونبوو.

هاملێت: لە کویَ لێی ونبوو؟

قەبرهەڵکەن: لێرە، لە وڵاتی دانیمارکا.

هاملێت: باشە، تۆ پێمانبڵیَ پیاو بە چەند ڕۆژ لەناو زەوییا بۆگەنئەکا.

قەبرهەڵکەن: ئەگەر لەپێش مردنیا بۆگەنینەکردبیَ، هەشتنۆ ساڵ ئەمێنێتەوە. گەلیَ لاشەی پیس دەستبەجیَ ئەتوێتەوە، بەڵام دەباخکەرەکان نۆ ساڵ ئەمێننەوە.

هاملێت: گوایە دەباخکەر چیی لە خەڵقیتر زیاترە؟

قەبرهەڵکەن: کە بە دەباخییەوە خەریکئەبێت، لەشی خۆشی دەباخئەبێت وە ئاو لە پێستەکەی دوورئەکەوێتەوە، چونکە هیچ شتیَ نییە وەکوو ئاو خراپ بێت بۆ لاشە. تەماشای ئەم کەللەسەرە بکە، ئەمە ٢٣ ساڵە وا لە زەوییا.

هاملێت: ئەزانی کەللەی کێیە؟

قەبرهەڵکەن: هیی شێتێکە، ئەتەویَ هیی کیَ بێت؟

هاملێت: نازانم.

قەبرهەڵکەن: هیی کابرایەکی خراپە، کە جارێکیان شووشەیەکی کێشا بەسەرما، ئەمە کەللەی یۆریکە کە پاشای ئەهێنایە پێکەنین.

هاملێت: ئەمە کەللەی ئەوە؟

قەبرهەڵکەن: بەڵیَ، هیی ئەوە.

هاملێت: بیدرەوە دەستم (کەللەکە ئەگریَ بەدەستەوە) داخەکەم یۆریک!

هۆراشیۆ: قسەکانی ئێجگار بەتام بوون، خەیاڵێکی زۆر جوانی هەبوو. ڕەنگە هەزار جار کردبێتمیە کوڵی. کە بیرئەکەمەوە کە چەند جارەها دەمی ئەم پیاوەم ماچکردووە، وەختە شێتببم. کوا گەپوگاڵتەت، کوا یاری و گۆرانیت؟ ئایا تاقە وشەیەکیشت پیَنەماوە. کە گاڵتەی بە خۆت پیَبکەی؟ لەناوچوون؟ هۆراشیۆ! بچۆ بە کچە جوانەکە بڵیَ کە زیاتر ئارایشبکات، چونکە ئەمەیە دوایی ناهەموار.

هۆراشیۆ: چیت ئەویَ، گەورەم.

هاملێت: ئایا ئەمە دوایی ژیانی ئەسکەندەریش بووە؟

هۆراشیۆ: بەبێ‌گومان.

هاملێت: بۆگەنیشی‌کردووە (کەللە فڕێ‌ئەدات).

هۆراشیۆ: بەڵێ، کردوویەتی.

هاملێت: پاشەڕۆژمان سەمەرە و دەنییە. دوورنییە خۆڵی ئەسکەندەر کونێکی پێ‌گیرابێ.

هۆراشیۆ: زۆر خۆت داوە بەدەم خەیاڵەوە.

هاملێت: نەء، نەء، من هەنگاو بە هەنگاو گەشتەکەت بۆ باس‌ئەکەم؛ ئەسکەندەر مرد، ناشتیان، بووەوە بە گڵ. گڵەکەش بوو بە قوڕ، قوڕەکەش کرا بە خشت. دە هیچ دوورنییە ئەو خشتە بخرێتە سەر دەمی کووپەیەکی شەراب. قەیصەری بەرز مرد و بووەوە بە خۆڵ. خۆڵەکەش گیرایەوە بە قوڕ و کەلەبەرێکی پێ‌سواغدرا. خۆزگە بیانتوانیایە لە خۆڵی ئەو لاشە گەورەیە کە هەموو دنیای ترسان، دیوارێکی وایان دروست‌بکردایە کە بەرگەی هەموو زوقم و زەلالەتێکی زستانی بگرتایە. ئەوا پاشا هات! بچۆرە ئەو لاوە، ڕاوەستە (چەند کاهینێک دێنە ژوورەوە، لاشەی ئۆفیلیایان هەڵگرتووە) لیرتیس، پاشا، شاژن وە حاشییە دێنە ژوورەوە).

هاملێت: جەنازەیەکی ناتەواوە، کێ بێ ئەو مردووەی خۆی بەم دەردە بردووە؟ با بێین و بیبەین. (خۆیان ئەشاردنەوە)

لیرتیس: (ڕووئەکاتە کاهینەکان) ئەم جەنازەیە ناتەواونییە؟

هاملێت: ئەمە لیرتیسی ئازایە.

کاهین: وەختەبوو لە سنووری نەریتیش لابدەین، مردنی پڕە لە گومان. ئەگەر لەبەر شتێک نەبووایە کە قانوون سەری بۆ دانەواندووە، ئەوا لە زەوییەکی پیسا فڕێ‌ئەدرا و بەردەبارانمان‌ئەکرد لەجیاتیی نوێژلەسەرکردنی.

لیرتیس: ئایا لەمە زیاتر هیچی‌تری بۆ ناکەن؟

کاهین: ئەگەر هات و شتێکی‌ترمان بۆ کرد و بە چاوی ئینسانە باشەکان تەماشامان‌کرد، ئەوا بێ‌دین ئەبین.

لیرتیس: چۆنتان ئەوێ بینێژن، پڕ مەزارەکەی لە وەنەوشە بێت. بەڵام ئەوی بیزانم، ئەوەیە کە لە کاتی ڕۆیینی تۆدا، ئەم فریشتەیەک ئەبێ لە ئاسمانا.

هاملێت: ئەمە لاشەی ئۆفیلیایە!

شاژن: جوان بۆ جوانە، خوا بتپارێزێ (چەپکێ گوڵ فڕێئەداتە سەر لاشەکە) بەتەمابووم بۆ هاملێتی کورمت بێنم وە هیوام وابوو ئەم گوڵانە بخەمە ناو نوێنی بووکێنیتەوە، نەوەکوو بۆ سەر لاشەکەت.

لێرتیس: نەفرین لەو سەرەی بە ئیشە ناشیرینەکەی شێتیکردی. کەمێ ڕاوەستن، بۆ جاری دوایی بینوسێنم بە سنگمەوە (بازئەداتە ناو قەبرەکە و ئەڵێ: ئینجا ئێستا خۆڵمان بکەن بەسەرا، بەسەر زیندوو و مردووا خۆڵ! خۆڵێک بەقەد شان بەرزبێ و شەڕ لەگەڵ هەورا بکات.

هاملێت: (دێتە پێشەوە) کێیە ئەو پیاوەی ئەم بارە گەورەی دڵگیرییەی وا بەسەر شانەوە؟ کێیە ئەو کەسەی لاڵانەوەی ئەستێرەی ئاسمان سەرسامئەکات؟ من هاملێتم (بازئەداتە ناو قەبرەکەوە).

لێرتیس: شەیتان گیانکێشت بێ (پەلاماریئەدا).

هاملێت: تۆ نوێژ باش نازانی، دەست لە یەخەم بەردە، من هەرچەندە لاوێکی هەڵەشەنیم، بەڵام کە قینم هەڵسا، پێویستە ئەگەر عاقڵ بیت، بکێشییتەوە. دەستت لابە!

پاشا: لێکیانبکەنەوە.

شاژن: هاملێت! هاملێت.

خەڵقەکە: بیانگەنێ، یەکتری ئەکوژن.

هۆراشیۆ: (لەیەکیانئەکاتەوە و لە قەبرەکە دێنە دەرەوە).

هاملێت: شەرتبێ لەسەر ئەو قسەیەت دەستبەردارتنەبم، تا تۆڵەت لێئەسێنم.

شاژن: لەسەر کام قسە، کوڕم؟

هاملێت: بەقەد ٤٠هەزار برا ئۆفیلیام خۆشئەویست. (ڕووئەکاتە لێرتیس) تۆ چیی بۆ ئەکەیت؟

پاشا: لێرتیس! شێتە وازی لێبێنە.

شاژن: لێیببوورە، لێرتیس.

هاملێت: دە تۆ چیی لە من زیاتر بۆ ئەکەیت، قسەبکە، ئەگریت، شەڕی بۆ ئەکەیت، بەڕۆژووئەبی، خۆت پارچەپارچەئەکەیت، سرکەی بۆ ئەخۆیتەوە، یان کیسەڵی لەدوا ئەخۆیت. بۆ گریان هاتووی بۆ ئێرە، یان بۆیە خۆت فڕێدایە ناو

قەبرەکە، کە خۆت لە من بە دڵسۆزتر بزانی؟ بە زیندوویی خۆتی تیا بنێژە، خۆمی تیا ئەنێژم. ئەگەر داواتکرد گڵی سەرقەبرەکەمان بەقەد شاخێک بێت، ئەوا من داوائەکەم کە ئەوەندەمان گڵ لەسەر ڕۆکەن، تا قەبرەکەمان ئەگاتە ڕۆژ.

شاژن: ئەمە شێتییە، هەندێ جار کەفی لێدێت، دەستئەکات بە وڕێنەکردن، بەڵام لەپاشا ئەبێ بە کۆترێکی هێمنی بێدەنگ.

هاملێت: ئا تووخوا ئەگەر پێمنەڵێی بۆ قینت لێمهەڵساوە. هەمیشە من خۆشمئەویستی، بەڵام قەیناکا، حوکمی قەدەر وای بڕیارداوە (ئەڕواتە دەرەوە).

پاشا: هۆراشیۆ ئاگاداریبە (هۆراشیۆ ئەڕوات) لێرتیس دان بە خۆتا بگرە و گفتوگۆی دوێنێشەومانت لەیادبێت. دەستبەجێ دەستئەکەین بە کار. شاژن! ئاگات لە کوڕەکەت بێ و باش بیپارێزە، پەیکەرێکی زیندوو ئەخەینە سەر ئەم مەزارە.

هەڵسن با بڕۆین، کەمێ بحەسێینەوە، ئینجا دەستبکەینەوە بە کارکردن.

(پەردە دائەدرێتەوە)

## بینینی دووەم

### نامەیەک

(هاملێت وە هۆراشیۆ ئەچنە ژوورەوە)

هاملێت: ئێستا تۆ بێدەنگبە. ئایا پەیمانەکەمت لەبیرنەماوە کە لە نامەکەما بۆم نوسیبوویت؟

هۆراشیۆ: بەبێ ئۆقرە چاوەڕوانی بەجێهێنانیم، چیرۆکەکەم بۆ تەواوبکە.

هاملێت: زۆر بێئارامبووبووم. لە کانگای دڵما جەنگێک بەرپابووبوو، وام ئەزانی بە زنجیر بەستراومەتەوە. دەستبەجێ هەڵسام، بەبێ ئەوەی هیچ لێکبدەمەوە، بەڕاستی بۆم دەرکەوتووە کە قەدەر ئێمە ئەباتبەڕێوە.

هۆراشیۆ: زۆر ڕاستە، گەورەم.

هاملێت: کە هەڵسام و لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە و گەڕام تا ژوورەکەیانم دۆزییەوە. ئینجا هەرچییەکیان لە گیرفانا بوو، دەرمهێنا و گەڕامەوە. دەستبەجێ کاغەزەکەی پاشام هەڵپچڕی و خوێندمەوە. ئەزانی چیم خوێندەوە، نزمی و

سووکیی پاشا، کۆڵیبووەوە لە پارێزگاریی وڵاتی دانیمارک و بریتانیا، ئینجا نووسیبووی کە دەستبەجێ لەملمبدرێت.

هۆراشیۆ: بڕوا بەم قسانە ناکەم.

هاملێت: ها ئەوە نامەکەی پاشا، لە دواییدا بیخوێنەرەوە.

هۆراشیۆ: دەی تووخوا میرم، بۆم بگێڕەرەوە.

هاملێت: چاوم بە خۆم کەوت، لە هەموو لایەکەوە بە نزمی و کەموکووڕی و خراپی دەورەدراوم. عەقڵم دەستیکرد بە تەمثیلکردنی چیرۆک، پێش ئەوەی دەست بە سەرەتاکەی بکەم. ئەزانی چیم کرد، نامەیەکیترم وەکوو خەتی پاشا نووسی، ئەزانی چیم نووسی؟

هۆراشیۆ: چیت نووسی؟

هاملێت: نووسیم کە شای دانیمارک تکا لە شای بەریتانیا ئەکات دەستبەجێ هەڵگرانی نامە لەناوببات، وە بە مۆری باوکم مۆرمکرد و خستمەوە گیرفانیان. لەپاش ئەوە ئینجا تووشی شەڕی کەشتییەکان بووین، کە خۆت ئەیزانی.

هۆراشیۆ: کەواتە جیڵدنستێرن وە ڕۆزنکرانتز ئێستا کوژراون؟

هاملێت: هیچ بەزەییم پیایانانایەتەوە، چونکە شەریکبوون لەو دەسیسەیەدا کە دەربارەم کرا. برام! ئینسانی بێهێز زوو ئەکەوێ و لەناوئەچێ، ئەگەر خۆی خستە مەعبەینی شیری دوو شەڕکەری کەللەڕەقەوە.

هۆراشیۆ: ئەم پاشایە پاشایەکی زۆر نزمە.

هاملێت: ئایا پێویستنییە لەسەر شانم کە ئەم کابرایەی باوکمی کوشت و دایکمی داگیرکرد و هەموو هیوا و ئاواتێکی دا بەدەم باوە، ئەڵێم ئایا پێویستنییە تۆڵەی لێبکەمەوە؟! ئەگەر هات و پەتم بۆ خراپەکردنی درێژکرد، ئەوا بێگومان من ڕەوای نەفرینلێکردنم.

هۆراشیۆ: لەوە ئەترسم بەم زووانە بزانێت کە تۆ چیت کردووە لە ڕێگای بەریتانیادا.

هاملێت: ئەجەل کورتە، سەری پەتەکەی دا بەدەست خۆمەوە. ژیانی ئادەمیزاد لە وشەیەک درێژترنییە کە لە دەم دێتە دەرەوە. خراپمکرد دڵی لێرتیسم شکان، بەڵام قەیناکا هەوڵئەدەم ئاشتیبکەمەوە.

هۆراشیۆ: بێدەنگبە، ئەوە کێیە؟ (ئۆسریک دێتە ژوورەوە)

ئوسریک: گەڕانەوەت فەڕی داوە بە دانیمارک، گەورەم.

هاملێت: سوپاستئەکەم (ڕووئەکاتە هۆراشیۆ) ئەم پەپوولەیە ئەناسی؟

هۆراشیۆ: نا، ئەمیرم.

هاملێت: باشترە، چونکە ناسینی پڕە لە پیسی. کابرایەکی دەوڵەمەندە، لە سەرەتادا کۆیلەیەک بوو، ئێستا گەورەبووە و بۆتە کانگای خراپە.

ئۆسریک: گەورەم! ڕاسپاردەیەکم لە پاشاوە بۆ هێناویت.

هاملێت: بەخێری بێنی، بەڵام تۆ کڵاوەکەت بخەرەوە جێی خۆی، چونکە بۆ سەر دروستکراوە.

ئۆسریک: سوپاس بۆ گەورەم، بەڵام دنیا گەرمە.

هاملێت: نەء، نەء، زۆر ساردە، بڕوام پێبکە.

ئوسریک: بەڵێ، ڕاستە تۆزێک ساردە.

هاملێت: نەخێر، زۆر زۆر گەرمە.

ئۆسریک: زۆر زۆر گەرمە. بەڵام گەورەم پاشا پێیوتم کە گرەوی لەسەر تۆ کردووە.

هاملێت: کڵاوەکەت بکەرە سەرت.

ئۆسریک: چۆن ڕووم بێ لە حضووری تۆدا کڵاو لەسەرکەم.

هاملێت: لەسەری‌کە و ڕاستبەرەوە، ئادەمیزاد بۆ خوا نەبێ، نابێ سەر بۆ کەسی‌تر دابنەوێنێت.

ئوسریک: لێرتیس هاتۆتەوە، بەتەواوی پیاوەتی و ئازایەتیی لێئەباریێ.

هاملێت: ڕاستە، بەڵام چەند خەریکبیت ناتوانی هێشتا بەتەواوی باسی‌بکەیت، چونکە هەموو چاکییەکانی هەر لە خۆیایەتی و کەسی‌تر نییە لەو بچێت. ئەگەر هات و یەکێک ویستی لاساییی‌بکاتەوە، ناتوانێ بگاتە سێبەرەکەشی.

ئۆسریک: تۆ ئێجگاری کردت بە فریشتە.

هاملێت: ئەڵێی چی؟ ئێمە لە قسە زیاتر هیچی‌تر چاکەمان لەگەڵ ئەو پیاوەدا کردووە؟

ئۆسریک: چۆن، چی، گەورەم؟

هۆراشیۆ: تۆ ناتوانی لە قسەکانی خۆت بگەیت، کە یەکێکی‌تر گێڕایەوە؟

هاملێت: کەڵک چییە لە ناونانی پیاو.

ئۆسریک: کام پیاو، لێرتیس؟

هۆراشیۆ: (بە چپە بە هاملێت ئەڵێ) قسە خۆشەکانی تەواوبوو، جەواڵەکەی بەتاڵبووەوە.

هاملێت: بەڵێ، لێرتیس.

ئۆسریک: بێگومان تۆ ئەی ...

هاملێت: خۆزگە تێبگەیشتیتایە. بەڵام تێگەیشتنت، نە دنیا پێشئەخات، نە پاش. ئێستا خەریکبوویت بڵێی چی؟

ئۆسریک: تۆ لێرتیس باش ئەناسیت.

هاملێت: ناتوانم بڵێم باشی ئەناسم، چونکە باشناسینی خەڵکی، جارێ باشناسینی خۆتی ئەوێت.

ئۆسریک: یەعنی من لە لایەن چەکبازییەوە ئەڵێم، لام وایە کەس نییە لە شەڕەچەکا خۆی لەقەرەیبدات.

هاملێت: چەکی شەڕکردنی چییە؟

ئوسریک: شیر و خەنجەر.

هاملێت: دەی قسەبکە.

ئوسریک: پاشا گرەوی لەسەر کردوویت.

هاملێت: گرەوی بۆچی لەسەر من کردووە؟

ئوسریک: کە ئازایەتیی تۆ بۆ هەموو کەسێک دەربخات.

هاملێت: هەوڵئەدەم پاشا ڕازیبکەم.

ئوسریک: کەواتە شەڕەشیر ئەکەیت؟

هاملێت: بەڵێ ئەیکەم (ئۆسریک ئەڕوات).

هۆراشیۆ: قەلەڕەش ڕۆیشتەوە بۆ کونەکەی.

هاملێت: تەیرە ناشیرینەکان هاوڕێی یەکترین. (پیاوێکی بیلاط دێتە ژوورەوە)

پیاو: شا و شاژن هاتن.

هاملێت: باشە. (پیاوە ئەڕوات)

هۆراشیو: زۆر ئەترسم.

هاملێت: مەترسە! دەرەقەتی یەم، بەڵام چاوم ئەفڕێ.

هۆراشیۆ: کەواتە گەورەم.

هاملێت: نەء، من بڕوا بە خەرافەت ناکەم.

هۆراشیۆ: گەورەم، چەند ڕۆژی بوەستێنە ئەم شەڕەشیرە.

هاملێت: کەسمان نازانین تاریکی چیی لێشاردوویەتەوە. نازانین لەپاش مردن چیمان لێدێت، ئەحەسێینەوە یا ئازار ئەچێژین، یا هیچیان نابینین. بۆ لە مردن بترسین، هەزار ژینی زەلیلانە بە قوربانی مردنێکی پیاوانە بێت.

(پاشا، پاشاژن، لێرتیس، ئۆسریک لەگەڵ یەکدوو کەسی ئەشراف وە خزمەتکار دێنە ژوورەوە)

پاشا: وەرە هاملێت دەست بخەرە ناو ئەم دەستەوە. (دەستی هاملێت وە لێرتیس ئەخاتە ناویەک)

هاملێت: (قسە لەگەڵ لێرتیس ئەکا) لێمببوورە، ئەگەر خراپەیەکم دەربارە کردبیت، خەتای من نییە، بەڵکوو خەتای شێتییەکەمە.

لێرتیس: ویجدانم لێتئەبوورێت، بەڵام شەرەفم لێتنابوورێت.

هاملێت: باشە، بە چ چەکێک ئەجەنگی.

لیتس: بە شیر.

پاشا: شیریان بدەنێ. هاملێت شەرتەکان ئەزانیت؟

هاملێت: چاکیان ئەزانم، بەڵام ئەوەندە بزانە کە بار هەرچی چۆنێکبێت، تۆ لە دۆڕاوەکانی.

پاشا: ئەگەر هاملێت جارێ یەکەم و دووەمی بردەوە و لە جارێ سێیەمیشا شیری بەرنەکەوت، ئەوا مەی بێنن، گوللە بتەقێنن.

(دەستئەکرێت بە شەڕەشیر، هاملێت شیریک ئەکا بە لێرتیسا؟)

پاشا: پەرداخێکم بدەنێ، پەرداخێکیش بدەن بە هاملێت.

هاملێت: من جارێ ناخۆمەوە. (شیرێکیتریش ئەدا لە لێرتیس)

پاشا: وا دیارە کوڕەکەمان زاڵئەبێت.

شاژن: بژی ڕۆڵەم، وا من پەرداخەکەی تۆ ئەخۆمەوە.

پاشا: نەیخۆیتەوە.

شاژن: ئەیخۆمەوە.

پاشا: (ڕووئەکاتە خەڵقەکە، پەرداخە زەهراوییەکە بوو) ئەی هاوار بە ماڵم!

شاژن: (بە هاملێت) وەرە دەموچاوت بسڕم.

لێرتیس: ئەمجارە نۆبە گورزی منە.

پاشا: بڕواناکەم دەرەقەتی بێت.

هاملێت: دەی ئینجا نۆرەی دەوری سێیەمە.

(لێرتیس شیر ئەکات بە هاملێتا، شیرەکانیان ئەگۆڕنەوە، هاملێتیش شیرێکیتر ئەکات بە لێرتیسا)

پاشا: لێکیانکەنەوە، ئاگر لە چاویان ئەبارێ.

شاژن: وەرە بۆ لام کوڕە شیرینەکەم (ئەکەوێتە سەر زەوی بەدەم هاوارێکەوە)،

ئۆسریک: بگەنە شاژن، بگەنە شاژن.

هۆراشیۆ: هاوار بە ماڵم، هەردوو لایان برینداربوون، بە هاملێت ئەڵێ: چۆنی گەورەم؟

ئۆسریک: (بە لێرتیس ئەڵێ) چۆنی لێرتیس؟

لێرتیس: زۆر نەزان و کەر بووم، بە دەستی خۆم خۆمم کوشت.

هاملێت: شاژن چیی بەسەرهاتووە؟

پاشا: کە بینیی خوێنتان لێئەتکێ، لەسەر خۆی چوو.

شاژن: نەء، نەء، پەرداخە شەرابەکە بوو، هاملێت، ڕۆڵە شیرینەکەم، شەرابەکە وای لێکردم، زەهری تیابوو، زەهر. (ئەمرێت)

هاملێت: ئای لە خیانەت، ئای لە دەنائەتی بەشەر، دەرگاکان داخەن، بگەڕێن بەشوێن خیانەتا.

لێرتیس: بۆی مەگەڕێن، وەرە هاملێت، ئەوەتا خیانەت (ئیشارەتئەکات بۆ پاشا) ئەمەتا خیانەتی موجەسەم. هاملێت وەرە پێتبڵێم، تۆش لەپاش نیو سەعاتیتر ئەمریت، چونکە ئەم شیرەی لە سەرەتادا بەدەست منەوە بوو، زەهراوی بوو. وە من تۆ، تۆش منت بەم شیرە بریندارکرد. منیش کەمێکیتر لەگەڵ تۆدا هەردووکمان ئەمرین بە زەهر.

دایکیشت به زەهر مرد. ئای وا جەرگم دەستیکرد بە ژان، وا هەموو ڕیخۆڵەکانم سووتان. ئای لە ئێش و ئازار، ئای لە خیانەتی پیاوی گەورە! تاواندار پاشایە.

هاملێت: ئەم شیرەی دەستم زەهراوییە؟ وەرە ئەی زەهر فریامکەوە و پیاو بە. (ئەیکات بە ورگی پاشادا)

خەڵقەکە: خیانەتە، خیانەتە.

پاشا: ئەی دەستوپێوەن بمپارێزن، برینداربووم.

هاملێت: پەرداخەکەت بخۆرەوە، ئەی سەرداری لەعین، ئەی خائینی ناپاک، کاتی تۆڵەیە، خوێنمژی قاتڵ. تەماشای ژنەکەت بکە، بچۆ بۆ لای. (پاشا ئەمرێت)

لێرتیس: بەتەواوی سزای خۆی وەرگرت، بەو زەهرە مرد کە بۆ کوشتنی خەڵقی ئامادەیکردبوو. هاملێت، میرم، لێمببوورە، ئێستا زانیم کە کوشتنی خۆم و باوکم بە دەستی تۆ نەبووە. هەروەها دڵنیاشبە لەوەی مردنی تۆش بە دەستی من نەبوو، بە دەستی ئەو سەردارە خائینە ناپاکە کە گوێنەداتە مردنی کەس، هەموومان مردین. (ئەمرێت)

هاملێت: وەکوو من لێتبوردووم، خواش لێتببوورێت. وا منیش پێتئەگەم، هۆراشیۆ وا منیش ئەمرم. خوات لەگەڵ شاژنە کلۆڵە هەڵخەڵەتاوەکە. وا ئەمرم هۆراشیۆ، ئەمرم لەپاش ئەوەی میللەتم ڕزگارکرد لە ڕەمزێک، ڕەمزێکی ناپاکی دەروون و نیهاد نزم، لە ڕەمزێکی پیسی بەشەرییەت. تووخوا چیرۆکەکەم بۆ هەموو کەسێک بگێڕەرەوە، تا عیبرەت وەرگرن.

هۆراشیۆ: میرم! ببورە منیش شوێنتئەکەوم بۆ مردن. ئەم پەرداخە زەهرە کەمێکی تیا ماوە.

هاملێت: پەرداخەکە دانێ، تۆ و پیاوەتیت پەرداخەکە دانێ لەبەر خاتری من، چونکە حەزناکەم بمرم و خەڵقی بەتەواوی چیرۆکی ژیانم نەزانن، تۆ و گیانی برایەتیمان مەمرە، پێش ئەوەی چیرۆکەکەم بۆ خەڵق بگێڕیتەوە. (دەنگی مۆزیقا و دەهۆڵ)

ئۆسریک: فۆرتنبراس سەرکەوتووە بەسەر دوژمنا و ئێستا چاوی بە وەفدی بەریتانیا ئەکەوێت.

هاملێت: وا زەهرەکە بەتەواوی هێزی لێبڕیم، ئەمرم پێش ئەوەی دەنگوباسی بەریتانیا بزانم. هۆراشیو چیرۆکم بۆ فۆرتنبراس بگێڕەرەوە و پێشیبڵێ کە ئەو

پاشای ئەم وڵاتەیە لەدوای من. وا ئەجەل هات، وا دوا کاتی ژیانی پڕناسۆری خۆم دی، ناتوانم ئیتر بەپێوە بوەستم. (ئەکەوێ و ئەمرێ)

هۆراشیۆ: ئای بۆ ئەو زمانە شیرینەی خیانەت بێدەنگی کرد! ئای بۆ ئەو مێشک و دڵە بەرزە پاکەی کوێرەوەری لەکاریخستن! خوات لەگەڵ بەرزترین ئەمیر، فریشتەی پاک بتگرنە باوەش.

(دەنگی مۆزیقە و دەهۆڵ دێت، فۆرتنبراس وە وەفدی بەریتانیا دێنە ژوورەوە)

فۆرتنبراس: کوا ئەو شتەی باستانکرد؟

هۆراشیۆ: هاتوویت چی ببینیت لەمە زیاتر، کوێرەوەری و بەدبەختی شانی ئەم میللەتەیان گرتووە و بوون بە هاوڕێ. هەر ڕۆژە سزایەک ئەبینین، چاوبکەرەوە و ببینە چیمان بەسەرهات.

فۆرتنبراس: کوێراییمدایە بۆ ئەو قەسابخانەیەی لێمان دانراوە، بۆ ئەو پیاوانەی لێمان کوژراوە، بۆ ئەم لاشانەی لێمان خراوە. ئەی مردن! چیت بیستووە وا ئەم هەموو کەسانەت لێکوشتووین؟!

سەفیری یەکەم: خۆزگە تۆزێک زووتر بهاتیتایە، تا خەبەری کوشتنی ڕۆزنکرانتز وە جیڵدنستێرنمان بگەیاندایە بە پاشا و سوپاسیبکردنیایە. دیمەنێکی ناشیرینە ئەم دیمەنە. (ڕووئەکات بەولاوە)

هۆراشیۆ: پاشا ئەگەر نەمردایە، سوپاسینەئەکردن بۆ کوشتنی ڕۆزنکرانتز وە جیڵدنستێرن، چونکە پاشا داوای کوشتنی ئەوانی نەکردبوو. با بڕۆین تا چیرۆکێکی پڕ لە کوشتن و خیانەت و مردن و فێڵوفەرەجتان بۆ بگێڕمەوە. با بڕۆین تێتانبگەیەنم کە ئەو کەسانەی بیر بۆ خەڵق هەڵئەکەنن، خۆشیان تێیئەکەون. ئەو کەسانەی خەڵق ئەکوژن، خۆشیان ئەکوژرێنەوە.

فۆرتنبراس: با بڕۆین، لەناو میللەتا گوێ لە چیرۆک بگرین، چونکە پێویستە میللەت ئاگاداربێ لە هەموو شتێک وە نابێ هیچی لێبشارینەوە.

هۆراشیۆ: میرم فۆرتنبراس! هاملێتی خوالێخۆشبووی گەورەمان، تۆی لە جێگای خۆی داناوە، هیوام وایە میللەتیش تۆ بە ڕۆڵەی ڕاستی خۆی قبووڵبکات.

فۆرتنبراس: هاملێت بەرزبکەنەوە بۆ سەرەوە، جێگای ئەو بەرزییە، چونکە بە بەرزی ژیا و بە بەرزی مرد. لاشەکان بگوێزنەوە، سەربازەکان گوللە بتەقێنن.

(مۆسیقایەکی مەحزوون، هەموو کڵاوەکانیان دائەگرن و خۆیان ئەنوشتێننەوە، لە کاتی بەرزکردنەوەی لاشەی هاملێتا)

(تەواوبوو)

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢٢

❊

نارێکیی کۆمەڵایەتیمان:

## لە ڕێی پارەدا

**(ضحية المال)**

١٩٥٠/٦/٢٦

پێشەکی:

نارێکییەکی‌تر لە نارێکییەکانی کۆمەڵایەتیمان، دەردی کچ‌بەشوودان و ژن‌هێنانە لە وڵاتی ئێمەدا. ئامانجی بەشی زۆری دایک و باوکەکانی ئێمە لە کچ‌بەشوودان و لە ژن بۆ کوڕ هێنانیانا، بازرگانیکردنە، تیجارەتە، نەک بناغەی بنەماڵەی چاک دامەزراندن، لە ڕێی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتییا.

تەحلیلی عیلمیی ئەم دەرد و نارێکییەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان، ئەوەیە کە کۆمەڵ نەخوێندەوار و نەزان و دەرکنەکەرەیە بە ژیانی ڕاستی ئینسان‌ئامێزانە، ئەوەیە کە تەنیا پیاو وا لە مەیانی ئیشکردنا و ژن بێ‌ئیش لە ماڵەوە کەوتووە. ئەوەیە هێشتا ئافرەت نەیتوانیوە داوای حەقی طەبیعیی خۆی بکا لە ژیانا وە بەزۆر ئەو حەقەی خۆی وەرگرێ. ئەوەیە کە وڵات دواکەوتووە لە ناحیەی ئیقتیصادی و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و ناحیەکانی‌تریا. چ کاتێ ئافرەت هاتە مەیانی کارکردنەوە شان‌بەشانی پیاو لە ژیانی عەمەلیيا، ئەو حەلە نە کچ ئەفرۆشرێ و نە پارە بۆ فرۆشتن و کڕینی ئادەمیزاد بەکارئەهێنرێ. نە ئافرەت دیلی پیاو، نە پیاو دیلی پیاوێکی‌تر ئەبێت. دە چیرۆکی ئەمڕۆمان لە ڕێی پارەدا نموونەیەکە لەو قەوماوانەی ئەقەومێن و باسکردنی دەردێکە کە گەلێ کوڕ و کچی جوانی بە داخەوە سەرپێ‌ناوەتەوە وە بە هەناسەساردی لە قەبری تاریکا ناشتوونی، وە لە تیشکی ڕووناکیی ژیانی ڕاستەقینەی ئادەمیزادیەتی ناهومێدی‌کردوون، هیوادارین جێگای کەڵک و عیبرەت بێت.

شوێن: چایخانەیەکە، کات دەمی ئێوارە.

تاهیر (شاگرد): ئاو، ئاوی سارد.

میرزاڕەشید: ئەوە بچکۆل، سەعید ئەفەندی لە کوێوە دانیشتووە؟

شاگرد: سەعید ئەفەنی، لە بەرەوژوور دانیشتووە بە تاقی تەنیا، ها ها.. ئەوەتە.

میرزاڕەشید: مەرحەبا سەعید ئەفەنی؟ حاڵ و ئەحواڵ؟

ش: مەرحەبا سەرچاوم، فەرموو میرزا، فەرموو. یا خوا بەخێربێی، واشمان لێبپرسیتەوە هەر باشە!

م. ڕ: بە سەری جەنابت، ئەوەندە ئیشم زۆرە، دەستم ناگا سەرم بخورێنم. تۆ نازانی ئیشم چەند گرانە، بەڵام خوا ئەیزانێ بە دیاری برایەتیمان هەر لەبیرمبووی.

ش: ئێستا خۆ شوکور چاکی؟

م. ڕ: لە سایەی خواوە و سەری ئێوەوە شوکور چاکم.

ش: تیجارەتەکەت چۆنە؟

م. ڕ: زۆر چاکە، شوکر لە وەختی شەڕا قازانجێکی چاکم کردووە، پارەیەکی زۆر هەیە، چونکە -وەکوو ئاگاداری- پارە پارە ئەهێنێ، بەڵام ئەی هاوار هیچ ڕووناکییەک لە دڵما نییە. نازانم چی بکەم.

ش: گوایە ڕووناکیت بۆچی لە دڵا نییە؟ ئەی لە گیرفانتایە؟ (پێئەکەنن) کاکی خۆم ڕووناکی پارەیە، تۆش زۆرت هەیە، ئیتر بۆ سەرت لێشێواوە، میرزا؟

م. ڕ: سەعید، من هیچ لە تۆ ناشارمەوە، کە بە تەنیا لەو ماڵە ساردوسڕەدا دائەنیشم، پەستییەک دامئەگرێ، ئەڵێی لە زیندانام. حەز لە مناڵ ئەکەم، حەزئەکەم نەوەیەکم ببێ، میراتە زۆروزەبەندەکەم بخوا کە مردم.

سەعید: ئینجا ئەوە کۆڵان پڕیەتی لە مناڵی جوانی ڕووتوقووتی بێکەسی برسی، پێنجشەشێکیان بەخێوناکەی میرزا؟

میرزا: بیبڕەرەوە کاکی خۆم، وا دیارە تێمناگەی من باسی چیت بۆ ئەکەم و تۆ چیم پێئەڵێیت؟

ش: بۆچی پێتنەنگە مناڵی خەڵقی بەخێوبکەیت؟

م. ڕ: تۆ لەکن خۆت عاقڵیت، من ژنم ئەوێت، ژن، ژنێکی مناڵکاری جوانم ئەوێت، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بتریقێتەوە و پێبکەنێ، کچێکم ئەوێ لە چواردە تێپەڕینەکردبێ.

ش: ئا.. تێگەیشتم بەم ئاخریی عومرەتەوە ژنت ئەوێ، لە چواردەش تێپەڕینەکردبێ؟ جوانە.. جوانە، زۆر جوانە، میرزا. پارەش و کچی چواردەساڵیش؟ تێگەیشتم.. تێگەیشتم، ئێ تەواویکە تووخوا؟

م. ڕ: گاڵتەم پێئەکەی، سەعید ئەفەندی؟ گوایە ئەوانەی کە کچی چواردەساڵ ئەهێنن، لە من جوانتر و قۆزتر و داراتر و ناودارترن؟ بە قەبری باوکی هەردووکمان، پار ٣٠ دینارم هەر داوە بە تاقمی دان، هەموو ڕۆژێکیش لەگەڵ شەبەقا هەڵئەسم سەروسمێڵم ڕەشئەکەم، لەشیشم لە گوێز ساغترە. جاری وا هەیە بە پانزە ڕۆژیش نەخۆشناکەوم، ئیتر گوایە چییە؟

ش: ئینجا من چیم وتووە. پارە کەفیلە دەست بخەیتە سەر چ کچێک، بە مەمنوونییەتەوە پیشکەشتیئەکەن. بەخوا ئەگەر سێیەکی تۆم ببووایە، هەتا ئێستا دە ژنم هێنابوو. نازانی خورشەی ژنم چ بەڵایەکە؟

م. ڕ: ئەزانم بە پارە هەموو شتێک ئەکرێ. بەڵام قسەیەکم هەیە وە ڕووم‌نایە بیڵێم. ئەمەوێ..

ش: دە بڵێ گوایە شەرمی چییە؟ ئەتەوێ بڵێی چی؟

م. ڕ: خۆت ئەزانی کچ زۆرە.. بەڵام من ئەمەوێ کچێکی جوانی باشی ناسیاو بێنم..

ش: ئێ باشە، قسەبکە، با بچم بۆ خوازبێنی، کێیە؟

م. ڕ: ڕاستت ئەوێ، کاک سەعید من نەسرین بە باش ئەزانم.

ش: نەسرین، کام نەسرین؟

م. ڕ: نەسرینی کچت، ئیتر کەیفی خۆتە؟ ئەمەوێ ببین بە خزم، خزمێکی تەواو.

ش: میرزا، نەسرین مناڵە، جگە لەوەش، دەزگیرانی شێرزادی پوورزایەتی.. بڕواناکەم ئەمە پێکبێت.

م. ڕ: نەسرین مناڵی چییە؟ عازەبێکی تەواوە، وەختی شووکردنیەتی، وە یەتە سەر شێرزادیش، ئەو هێشتا مەکتەبی تەواونەکردووە، مناڵەوردکە لە کوێ لە ژن و مێردایەتی ئەزانن. لەپاشا خزم لای خزم کوا قەدری هەیە؟ سەعید ئەفەنی ئەبێ دەست بە ڕوومەوە نەنێیت، چیش ئەمرئەکەن حازرم.

ش: ئەم مەسەلەیە ڕا و مەشوەرەتی ماڵەوەشی ئەوێ. با قسە لەگەڵ دایکی نەسرینا بکەم، بزانم ئەڵێ چی؟ ئەو حەلە جوابت لێئەگێرمەوە. بەڕاستی من

حەزئەکەم نەسرین بدەم بە پیاوێکی کامڵی لەدنیاگەیشتووی وەجاغزادەی وەکوو جەنابت.. با بزانین میرزا با بزانین..

م. ڕ: ئاخر سەعید ئەفەنی، نابێ مەسەلەکە درێژەبکێشێ، بە دایکی نەسرین بڵێ من حازرم بۆ هەموو ئەمرێکی.

ش: باشە، وا ئێستا ئەڕۆمەوە وە مەسەلەکە جێبەجێئەکەین، پشت بە خوا.. بە دوعا..

م. ڕ: لە پەنای خوادا بیت، خوا حافیزت بێت. کوڕە چایچی پارەی لێوەرنەگریت.

ش: ئاخر نابێت میرزا.

م. ڕ: نابێ بە سەری تۆ، بێقەزابی.. کوڕە وەریئەنەگریت.

(مۆسیقا)

ش: پارە، ئای پارە، دەمێکە بەشوێنتا عەواڵم، وا ئاخری پێتگەیشتم. گیانەکەم نەسرین، من لە یەکەم ڕۆژی بوونتەوە زانیم کە ناوچەوانت خێر و بەرەکەتی لێئەبارێ. وا شووئەکەی بە میرزا ڕەشید، کە گەنجی قاروونی هەیە، هەمووومان ئەکەوینە خێر و خۆشییەوە. لەپاش یەکدوو ساڵیتریش بۆ خۆی ئەمرێ، عومری پیرەمەڕێکی ماوە. ئەو حەلە هەموو ماڵ و موڵکەکەیمان بۆ ئەمێنێتەوە.. بەڵام – داخەکەم– بەم هەموو گەنجییەوە نەسرین بێوەژن ئەبێت.. ئای، گوایە قەیچێکات، ئەو حەلە شوویەکیتر بکاتەوە، خەڵقی سبەینێ بە چاوێکیتر سەیرمئەکەن، بە زبانێکیتر ناومئەبەن. کە چوومە چایخانە، هەموو لە بەرم هەڵئەسن؛ کە بە ڕێگادا ڕۆیشتم، هەموو بە گەرمی مەرحەبام لێئەکەن؛ داوای هەرچەند بۆ هەر شتێک بکەم، دەستبەجێ ئەمدەنێ، چونکە خەزووری میرزا ڕەشیدی تاجرم کە دەزگاکەی بە سەد هەزار دینار ناشکێت.. من شادم ئەمڕۆ.. زۆر شادم.. ئۆخەی ئینجا هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵئەکێشم.. (لە دەرگا ئەدا).

خورشید: کێیە ئەوە؟

سەعید: کێت ئەوێ؟ بیکەرەوە منم.

خورشید: ئەوە چییە باوکی نەسرین، بۆ وا ڕووت گرژە؟

سەعید: ڕووم گرژی چییە، خورشید گیان؟ ئەتەوێ شەڕ دامەزرێنی. ئەی ئینسان چاوی بە چڕوچاوە جوانەکەی تۆ بکەوێ، ڕووی گرژنابێ؟

خورشید: دەک موبارەکمنەکرد لە عومرت، ئەمە لەجیاتیی دەستلەملکردنەکەتە؟

سەعید: عاجزمەبە، کەرە گاڵتەت لا ئەکەم، من کێم هەیە لە تۆ زیاتر. مژدەیەکی ئەوەندە خۆشم پێیە، هەر نەبێتەوە؟

خورشید: خێربێ و بێربێ، بەسەرمانا ئەڕژێ، ئادەی بڵێ، بزانم چییە؟

سەعید: ئافرەت، ئێمە فەقیرین، یا فەقیرنین؟

خورشید: فەقیری چین؟ خوا نەیبڕێ بەقەد خۆمانمان هەیە.

سەعید: ئاخر کە ئەڵێن ژن عەقڵی نوقسانە، ئەمەیە، چۆن ئێمە فەقیرنین؟ قەسرمان هەیە؟ ئوتومبیلمان هەیە؟ پارەی نوستوومان هەیە؟ هەموو ڕۆژێ پلاو و گۆشت ئەخوێن؟ بۆ قسەناکەی؟ ئەڵێی دایکی ئاڵی!

خورشە: موور محەمەدی شەریف، یاخوا دەمت شکێت، ئەی خۆ سواڵناکەین.

سەعید: چۆن سواڵناکەین، وا قەرزار داوای پارەی خۆیان ئەکەن، سەری دنیام لێهاتۆتەوە یەک. ئەمە ژیان نییە منی تیام بەدەست تۆوە.

خورشە: ئێستا نیازت چییە؟

سەعید: قسە هەزارە و دووانی بەکارە، هاتوون بۆ خوازبێنیی نەسرین.

خورشە: کوا کێ هاتووە؟

سەعید: کچێ، دەنگ هەڵمەبڕە، فاتەی سوورەبان، با نەسرین گوێی لە قسەکانمان نەبێ. هاتوون بۆ لای من.

خورشە: کێیە؟ بۆ کێ؟

سەعید: پیاوێکی دەوڵەمەندی وەجاغزادەی کامڵی تانوپۆ ئاوریشم. بە خوا گوڵەکەی ماڵەکەشمان ئەبێ بە ئاڵتوون. ڕۆژانی نەگبەتی بەسەرچوو، ئافرەت.

خورشید: ئەی نەسرین دەزگیرانی شێرزاد نییە؟

سەعید: ئینجا ئێستا جنێوم پێئەدا بە باوکی باوکی شێرزادیش، دەزگیرانی چی و کالیار و پەڵپینەی چی، ئافرەت؟ بۆ نەختێ ئاقڵ نابێ، ماڵوێران؟!

خورشە: باشە کێیە ئەم زاوایەمان بەخێرێ؟

سەعید: میرزایە، میرزا ڕەشیدی حاجی وەسمانئاغا..

خورشە: میرزا ڕەشید کێیە؟ ڕەشەکەچەڵ نەبێت؟

سەعید: لاحەوله وەلا قووەته ئیلا بیلا، کەچەڵی چییه؟ بەوەی نەختێ سەری ڕووتاوەتەوە، بووه به کەچەڵ؟ جگه لەوەش، خۆ ئەو کڵاو و مشکیی بەستووە، ئیتر کەی سەری دیارە؟ تۆ چاوت به سەری کەوتووە؟

خورشە: دەک بەزیادمنەکرد، من بێنم ئەم کچه نازک و نازدارە بدەم بەم پیرە گایه که سەری له گوێ قەبر ئەلەرزێ، یا ئیمڕۆ یا سبەینێ ئەبێ به میوانی مار و مێروو؟

سەعید: کچێ، نەخەڵەتێی ناوی میرزا ڕەشید بەری. قەسەم بەو کەسەی له ڕەنگی نییه، ئەم مەسەلەیه جێبەجێنەکەی، نەسرین ئیقناعنەکەی، تەڵاقتئەدەم. ئیتر کەیفی خۆته.. تۆ زۆر بێئەقڵی، گوایه که میرزا ڕەشید مرد، سەروەتەکەی ئەمێنێتەوە، بێئەقڵی شێت؟

خورشە: خوا خۆی و سەروەتەکەی بەرێتەوە بۆ خۆی.

سەعید: لەسەری مەڕۆ، بەسیەتی چەنەبازی. وا من ئەچم ئەنووم، هەتا سبەینێ هەڵئەسم، ئەبێ هەموو شتێکت تەواوکردبێت. من خۆم پیاوم و باوکیم، ئەزانم قازانجی کچەکەم له چییایه. دەی برۆ ژوورەکەی نەسرین وە قسەی لەگەڵا بکە.

خورشید: (دەرگا پێوەئەدا به قایم) (له بەرخۆیەوە) ڕەبی ئەم دەور و زەمانەیه هەڵپێچیت که باوک کچی خۆی تیا ئەفرۆشێت له ڕێی پارەدا. ئای دنیای بێوەفای کاروان سەراڕەنگ.

(مۆسیقا)

خورشە: باوکی نەسرین، باوکی نەسرین، هەڵسه وا نیوەڕۆیە.

سەعید: (باوێشکئەدا) ئای.. چیت کرد ئافرەت، قسەت لەگەڵ نەسرینا کرد؟

خورشە: قسەم لەگەڵا کرد، به خوا له شەوێوە نەنوستووە، هەر ئەگری، دایکی بمرێت.

سەعید: پێیبڵێ حەیامانەبا، ئەگینا لینگ له لینگی ئەنێم، هەڵیئەتڵیشینم، ئەقڵ تڕەلللی وا له چاک و خراپی خۆی له کوێ ئەزانێ! من ئەیزانم، من دنیام تاقیکردۆتەوە. ئێ لەپاشا وتی چی؟

خورشە: وتی چی؟ نابەدڵانه ئەڵێ، لەبەرئەوەی باوکم وای لا باشه، له قسەی دەرناچم.

سەعید: ئافەرم، ئاوائەبێ.. وا ئەچم جوابەکەی له میرزا ڕەشید ئەگێڕمەوە.

خورشە: ئەی چاناخۆیتەوە؟

سەعید: کچێ چای چی، وەختی چایە.. بە دوعا... خۆتان حازربکەن.. (بە قایم دەرگا پێوەئەدا).

(مۆسیقا)

سەعید: سەلامونعەلیکوم.

میرزا: وە عەلیکموسەلام وە ڕەحمەتوڵڵا وە بەرەکاتەهو. فەرموو، یا خوا بەخێربێیت، چیت کرد. سەعید ئەفەنی؟

سەعید: بڕایەوە مەسەلەکە.

میرزا: چۆن، یەعنی جێبەجێبوو؟

سەعید: ئا، هەموو شتێک بڕایەوە، ئەتوانی ئیمڕۆ مارەیبکەی.

میرزا: بێنە دەستت ماچبکەم؟

سەعید: ئەستەغفیروڵڵا تۆ برای منی، بە دوعا.

میرزا: میرزا وا ئێستا شتومەک و خەڵق ئەنێرم، هەر ئێستا.. هەر ئێستا..

(چۆپی بە شمشاڵ و تەپڵ.. شاباش)

(مۆسیقای کۆڵان)

نەسرین: (تەقەی دەرگا) ئەقیژێنێ. نەیەیتە پێشەوە، توخنمنەکەوی، ئەگینا ئەم چەقۆیە ئەکەم بە ورگتا.

میرزا: ئەوە ئەو قیژوهووڕەت لە چییە؟ وا دیارە زۆر بێحەیای، داینێ ئەو چەقۆیە، لایبە.

نەسرین: من بێحەیانیم، بێحەیا تەڕپیرە دەعباکانی وەکوو تۆن، چ ڕەوای حەق بوو ئەم ظوڵمە گەورەیەت لێکردم؟

میرزا: ظوڵمی چی، کچێ؟ کام ظوڵم؟ گوایە مارەمکردوویت، ظوڵممکردووە؟ نەختێ هێمنبەرەوە، تۆ بە شەرع ژنی منی.

نەسرین: پێموتی نزیکنەبیتەوە، هوو؟ ئەمە ظولم نییە پیرێکی وەکوو تۆ منالێکی وەکوو من بێنێت؟ ئەمە ظولم نییە بە پارە بمکڕی و بلێی مارەمکردوویت؟ شەرع کەی وتوویەتی کچ دەستی نەبێ لە شووکردنیا؟ کەی ؟ پێمبلێ؟

میرزا: یەعنی ئەم شووکردنەت پێخراپە؟ ئەم هەموو سەروەت و سامانەت بە هیچ دێتە بەرچاو؟ بۆچی من ئەم هەموو پارەیەم لە خۆت و باوکتا خەرجکرد؟ لە ڕێی چییا؟

نەسرین: هیچ تەریقنابیتەوە لەم کارەی کردت، هیچ خەجالەتنابیت لە کردەوەت؟ من و تۆیان کەی وتووە، مامە. بەلام بلێم چی، تۆ و باوکم بازرگانن، مەعنای ژیان نازانن، هۆش و شعوورتان نەماوە، هەموو شتێک ئەکەن لە ڕێی پارەدا، چاوت لەم شووشەیەیە؟ باش تەماشایکە. وا من ئەمرم، بەلام ئەم حەقەتان هەر لێئەسێنرێ.

میرزا: (بە پەشۆکاوی ئەقیژێنێ) نەکەی، نەکەی نەیخۆیتەوە؟ ئەی هاوار بە مالم.

نەسرین: ئای.. ئای جەرگم پچڕا.. جەرگم پچڕا.. ئەی هاوار..

میرزا: ئەی هاوار، خەلقە، بۆ خاتری خوا، نەسرین خۆی کوشت، فریامکەون، مرد، مرد.. خەلقە.. دکتۆر.. دکتۆر.. ئەی هاوار،

(مۆسیقای حەزین- مۆسیقای کەنائیسییە)

سەعید: (لە دەرگا ئەدا بە شێوەیەکی حەزینەوە)

خورشید: (خەمبارانە، بەدەم گریانەوە) کێیە ئەوە؟ ئیهی، ئیهی کولوکۆی باوکت دامرێ، ڕۆلە.

سەعید: بیکەرەوە ئافرەت.

خورشید: نەخەلەتیی جارێکیتر ڕووبکەیتەوە ئەم دەرگایە.

سەعید: ئافرەت، بۆ خاتری خوا، دەرگاکە بکەرەوە، وا ئەمرم، ئەمە چواردە ڕۆژە وێلم!

خورشید: بچۆ بۆ لای میرزا ڕەشیدی زاوات. برۆ، برڕۆ، مەوەستە، لەخوانەترس، برۆ، تازە من و تۆ و قەبر، برۆ.. ڕیسوای ڕێی پارە.. برۆ.. کچفرۆش، برڕۆ، برڕۆ.

سەعید: ئافرەت عەیبە، شوورەییە؟ کەی بووە بە عادەت ژن پیاو دەرکا لە مال؟ حەیامانمەبە؟

خورشید: ئێمە دەمێکە حەیامانچووە، ئەو ڕۆژە حەیامانچوو، کە کچمان فرۆشت، برۆ؟ ڕیسوای دنیا و قیامەت برۆ، ڕیسوای ڕێی پارە، برۆ کچفرۆش، پیاوکوژ.

سەعید: (بە گریانەوە) خوای گەورە لێم ببوورە، تاوانێکمکرد، لێمببوورە، ئاسمان، زەوی، کردگار، خوا لێمببوورە، لێمببوورە.

## ژان بوو، ژن نەبوو

**(الزوجة الشرسة)**

١٩٥٠/٧/٤

دانەر: قاسم خطاط

(گۆڕینی بۆ کوردی بە دەستکارییەوە)

ناڕێکیی کۆمەڵایەتیمان:

گوێگرە خۆشەویستەکان

ئافرەتی باش، بەردی بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، لە توانایەتی ماڵە خنجیلانەکەی بکا بە بەهەشتێکی پڕ لە جوانی و خۆشەویستی و ئاسوودەگی و کامەرانی. باشیی ئافرەتیش، وەکوو لەمەوپێش لێیدوواوین، بەستراوە بەو حاڵوئەحواڵەی وا لە وڵاتێکا کە ئەو دانیشتووانەی ئەیبیننەوە، هەستی پێئەکەن. کەواتە چۆنیەتیی حاڵوئەحواڵی ئیقتیصادی و کۆمەڵایەتییە، کە ئەگەر باشبێت، وا ئینسانی باش و ژیانی باش، وە ئەگەر ناڕێک و ناقۆڵا بێت، ئینسانی خراپ و ژیانی خراپ، دێنێتە بەرهەم. هیچ کەسێ، ژن بێ، پیاو بێ، بە خراپی لەدایکنابێت، نیظامی کۆمەڵایەتییە خەڵق ڕەوانەی خراپە یا چاکە ئەکات. بۆ پێگەیاندنی جیلیکی تازەی -بە مەعنای وشە- ئینسان، پێویستە ئافرەتی چاک پێگەیەنرێت. بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی باشیش، پێویستە حاڵ وە ئەحواڵ و ظرووفێکی باشیشی بۆ خۆشبکرێ. ڕێگای ئیشکردنیش، دامەزراندنی بنەماڵەی باشە بە دۆزینەوە، بە باش بەخێوکردنی ئافرەت و یەکگرتن و یارمەتیدان لە ڕێی پێگەیاندنی جیلێکی تازەی لە بەهەشتێکی باش دامەزراوا بەخێوکراوە، لە ڕێی سوودی هەموو کۆمەڵا وە بۆ گەیشتنە ژیانێکی بەرزی ئادەمیزدانە (ئینسانی).

کردگار کەرەسەیەکی خاوی زۆروزەبەندی دروستکردووە، ئەم کەرەسە خاوە جێگای کەڵکیشە و جێگای ژیانیشە بۆ ئادەمیزاد، ئەگەر هات باش پەروەردەکرا، بێگومان جێی کەڵک و پێشکەوتن دەبێ. پێویستە لەسەر ئادەمیزادی

خاوەن بیر و هۆش و خێرخوا، کەرەسەی خاو بەکاربێنێ لە ڕێی پێشکەوتنی بەشەرا، نەک بۆ دواخستن و لەناوبردن.

هەتا بەرەبەرەکانی و تەماع و گیانی دڕندەیەتی لە بەینی وڵاتانا بمێنێ، زەوی ئاشتیی دوایی چاوپێناکەوێت. هەروەها هەتا بنەماڵەش شەڕوشۆڕ و ناخۆشی و بیروباوەڕکورتیی تیابێت، کۆمەڵ بە ئاشتی و ئاسوودەگی و خۆشەویستی و کامەرانی ناژی.

پێشینیان وتوویانە: «نە پێڵاوی تەنگ، نە خانەی بەجەنگ»، «ژن، نەک ژان». هەندێ جار ئینسان تووشی ژان ئەبێ لە ژنهێنانا، لەبەرئەوەی ماڵی لێئەبێ بە دۆزەخ، نەفرینئەکا لەو ڕۆژەی ئەم ئافرەتەی تیا بوو بە کوڵکەوە، ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵئەگیرێ، ئاسوودەگی و ئاشتی و کامەرانیی لێئەپەڕێتە کۆڵی شێر. خۆشیی ژیانیش، ئاشتی و ئاسوودەگی و خۆشەویستییە. کە ئەمانە نەبوون، ژیان ئەبێ بە بیابانێکی وشکوبرنگی گەرمی پڕناسووری، پڕ ئێش و ئازاری پڕ لە دەرد و خەم.

چیرۆکی ئیمڕۆمان، باسکردنی ژیانی ئینسانێکە کە تازە بنەماڵەیەکی دامەزراندووە، تووشی بووە بە تووشی ژیانێکەوە، ژنی هێنا بۆ کامەرانی، بەڵام ژانی تووشبوو؛ ژان، نەک ژن. ئەمەیە چیرۆکەکەمان، هیوامان وایە جێگای کەڵک بێت.

(شوێن ماڵی عەزیز ئەفەنییە، کات دەمی ئێوارەیە)

عەزیز: (لە دەرگا ئەدا)

نازەنین: کێیە ئەوە؟

عەزیز: کێت ئەوێ منم..

نازەنین: ئەمە وەختە بێیتەوە؟ هەتا ئێستا لە کوێ بووی؟ بۆ جوابمنادەیتەوە؟ لە سەعات دوانزەونیوەوە دایەرە بەتاڵبووە، لە کوێ بووی؟ نازانی ماڵت هەیە؟ کە وات ئەزانی، بۆ ژنتهێنا. من هەزار ئیشم هەیە، هەزار کارم هەیە.. خۆ وەکوو قازی کوێر لێرە دانیشم و جەنابیشت لە دەرەوە کەیفبکەی.

عەزیز: نازەنین، بۆچی هەمیشە ڕووت گرژە؟ بۆ ئەبێ دائیمەن بەم قسە ڕەقانە بەرەوپیرمەوە بێیت. کەیفی خۆتە چی و قووزەڵقورتی چی؟ وا من دنیام لە بەرچاو تاریکبووە. تۆ ئەزانیت خۆشمئەوێیت؟ بە چاوی شەریکێکی ژیان تەماشاتئەکەم. خوێندەواریت، لەدنیاگەیشتوویت، کەچی لەگەڵ ئەمانە هەمووشیا زۆرم ئازارئەدەیت؟

نازەنین: کەوتیتەوە فەلسەفەکردن؟ کوا مەعاشەکەت؟ بە قسە دامەگرە؟

عەزیز: مەعاش؟ وا لە گیرفانما، ئەوە منالەکان کوان؟

نازەنین: لە کۆلان یاریئەکەن. تۆ گوێبگرە، ئیمڕۆ خەیاتەکە هاتبووە سەرم، داوای پێنج دینارەکەی ئەکرد، حەقیشیەتی، هەتا ئێستا نەمانداوەتێ.

عەزیز: خەیاتی چی و پێنج دیناری چی؟ ئێمە کەی قەرزاری خەیاتین؟

نازەنین: چۆن؟ ئەی دوو کراسی تازەم لا نەکردووە؟

عەزیز: کوا، بۆ من نەمدیون؟

نازەنین: ئاخر هەر بۆ قبوولْ لەبەریانئەکەم، بۆت بێنم چاوت پێیانبکەوێ؟

عەزیز: چاوم بە چی بکەوێ؟ تۆ هەزار کراست هەیە، ئەمە نەبڕایەوە. هەموو ڕۆژێ کراس، هەموو ڕۆژی کراس؟ کراس بوو بە چی؟ مالْی ئەوەم بەقوڕگرت کە کراسی داهێنا، ئاوا.

نازەنین: ئەمە چییە بەزیادمنەکرد، ژنی خەلْقی هەموو ڕۆژێ کراسێک لەبەرئەکەن. ئەی لە قبوولا عەیب و شوورەیی مۆدەی تازەم لەبەرانەبیت؟

عەزیز: ئافرەت، قبوولْی چی و مالْوێرانیی چی؟ قبوولْ چییە؟ مۆدەی تازەی چی؟ ئینسان جلی لەبەرابێ و بڕایەوە. ئەم قبوولْە لە کوێوە بۆ من پەیابوو، خوا هەلْیپێچێت، ئاوا؟ هەموو ڕۆژێ کراسی تازە، قۆندەرەی پاژنەعانە، سپۆرت، دەبابە، تەیارە، قۆندەرە، هەر قۆندەرەیە. ئەم هەموو ناوە چی بوو بۆتان دۆزییەوە، مالْوێرانکەرینە؟

نازەنین: سا چونکە وا ئەلْێی، با مژدەتبەمێ، ئەبێ شەش دیناریش بدەی بە خواجە ئیسحاقی زەڕەنگەر، سێدینارونویش بە وەستا عەبدوللای پێلاودروو، چواروڕوبعێکی کۆگاشم لەسەرە.

عەزیز: دەک موبارەکم نەکرد، ئاوا. گوتی کوردە مەیکە بە دوو، گوتی ئەیکەم بە چوار! ئاخر ئافرەت من ئەم پارانە بە چی بدەم، بە چی، دە تێمبگەیەنە و ڕێگایەکم بۆ بدۆزەرەوە؟ فەرموو، ئەوە مەعاشەکە، چۆنی دابەشئەکەی، دابەشیبکە؟

نازەنین: من حەقم نییە بەسەرەوە، تۆ پیاوی و ئەبێ مالْ بەڕێوەبەری. نەتهێشت مەکتەبەکەم تەواوبکەم، ئەگینا ئێستاکە منیش موعەللیمە ئەبووم، کولْێ پارەم وەرئەگرت و مەجبووری تۆ نەئەبووم، دەستت لێ پانبکەمەوە.

عەزیز: ئاخر ئافرەت تو شەریکمی لەم ماڵەدا، تۆ لە لایەکەوە بێحیساب تێبگوشی و من لە لایەکیترەوە، چۆن گوزەرانئەکەین؟

نازەنین: لەسەری مەڕۆ، ئۆی، عەیبنییە ئەوەندە قسەئەکەی؟ تۆ لەکن خۆت خوێندەواری؟

عەزیز: ئافرەت، با بە سەڕاحەت پێتبڵێم. هەتا تەپڵی سەرم بووە بەژێر قەرزەوە. بە شەرەفم، وەکوو حیسابمکردووە، سێ دینار قەرزارم. بۆ خاتری خوا، نەختێ ئاگات لە مەصرەف بێت.

نازەنین: کە ئەمە حاڵت بوو. بۆ ژنتهێنا؟ بۆ ئافرەتێکی نەخوێندەوارت نەهێنا بەقەد حاڵی خۆت؟ من هەموو شتێکم ئەوێ. من ناسراوم، خۆ کچەتیوەیەک نیم؟ لەبیرتنەچێ، ئاردی بەمبا بێنیتەوە، سبەینێ نۆرە قبووڵمە. وا من ئەڕۆم.

عەزیز: بۆ کوێ ئەچی، ئافرەت؟ ئاخر ئەم منالانە بەرەڵلائەکەی لە کۆلانانا؛ عەیبە، شوورەییە؟

نازەنین: ئەچم بۆ ماڵی حەسیبەخان، تازە لە بەغدا هاتۆتەوە. چییە، ئەتەوێ چوونە دەرەوەشم لێ مەنعکەی؟ بۆچی من حەپسم؟ هەر دووسێ سەعاتم پێئەچێ، زوو دێمەوە.

عەزیز: باشە خوا حافیظ. شوکرم بە بەشت، خوایە.

(مۆسیقا)

عەزیز: چی بکەم ئێستا؟ قوڕی کوێ بەسەراکەم؟ شەڵلا ملم بشکایە و ژنمنەهێنایە. ئەم دەعبایە چی بوو بوو بە کوڵکمەوە؟ ئەبێ چ گوناهێکم کردبێ، وا خوا تووشی ئەم چەرمەسەرییەی کردم؟! ئەگەر پێیانزانی کە پارەم لە خەزێنە دزیوە، بێگومان پێشئەزانن، ئەوا حەپسیشمئەکەن و حەیا و ناموسیشم ئەچێ. بە خوا، چاک تووشبووم. یا خوا ئەوەی بەسەر من هاتووە، بەسەر کەسیتر نەیەت، ئەخۆمەوە؟ نەء. قومارئەکەم؟ نەء. پارە لە ڕێی نامەشرووعا خەرجئەکەم؟ نەء. دەستێ جلی پیاوانەم لەبەرایە؟ نەء. ئەی بۆ بووم بە تاوانکەر و صندووقبڕ؟ لە ڕێی چییا؟ بێگومان لە ڕێی ئەم ژانەدا کە خەلقی ناویان ناوە ژن، چی بکەم ئێستا؟ چاکترین ڕێگا ئەوەیە گوللەیەک بە خۆمەوە بنێم و ببیرمەوە. ئەی

مناڵەکانم؟ چش، کە من ئەمە حاڵم بێ، چی لە مناڵ بکەم؟ بەڵام -وەکوو ئەڵێن- خۆکوشتن ترسنۆکییە، لە ژیان ڕاکردنە، عەیبە بۆ پیاوێک کە تووشی موقەدەرێک هات وە نەیتوانی بەسەریا زاڵبێت، خۆی بکوژێت. تۆ بڵێی ئەمە ڕاستبێت؟ بێگومان ڕاستنییە و سەرتاپا درۆیە. چۆن ئینسانێک ئەمەندە ئازابێت، دەستی بچێتە خۆی و خۆی لەناوبەرێت؟ ئەمە ترسنۆکییە. وەڵڵا ئەمە ترسنۆکی بێت، مەعنای ئەوەیە ئازایەتی نییە لە دنیادا.

(تەقەی دەرگا)

ئەی هاوار بە ماڵم. بێگومان پۆلیسە، وە پێیانزانیوە بە تاوانەکەم. ئینجا چی بکەم ئێستا، ئەی هاوار بە ماڵم، ئەمبەن بۆ حەپسخانە و سبەینێ هەموو خەڵقی لەم تاوانەی من ئەدوێن. هەوڵ و تەقەلادانی پانزەشانزە ساڵم، شەونخوونیکێشانم، حەیا و شەرەف کۆکردنەوەی ئەم ماوە دوورودرێژەی ژیانم؛ هەمووی بە تاقە تاوانێک هەرەسیهێنا. خەڵقی ئێستاکە من بە تاوانکەر تێئەگەن، بە دز و درۆزنم ئەدەنەقەڵەم.

(تەقەی دەرگا لەسەریەک)

کێیە ئەوە؟ کێیە؟

کەمال: منم، کاک عەزیز لە ماڵەوەیت؟

عەزیز: کەمال گیان تۆیت؟ نەمزانی تۆیت؟ یا خوا بەخێربێیت، فەرموو.

کەمال: چییە، ئەوە بۆ وا پەشۆکاوی؟ چیت لێقەوماوە؟ دایکی سزا لە کوێیە؟

عەزیز: من .. کوا.. نەپەشۆکاوم.. هەر تۆزێ سەرم ژانئەکات. دایکی سزا، قوربان چووە بۆ ماڵی حەسیبەخان کە لە بەغدا هاتۆتەوە.

کەمال: عەزیز، ڕاستم پێبڵێ، بۆ وا پەشۆکاوی؟

عەزیز: بەڕاستی برا ئەوەی لە من قەوماوە، لە کەس نەقەوماوە. موشکیلەیەکم هەیە بە هیچ شتێک حەلناکرێ، بە گوللەیەک نەبێت.

کەمال: ئەم بیروباوەڕە تاریکە چەوتە چییە؟ تۆ لەکن خۆت خوێندەواریت وە ئاموژگاریی خەڵقی ئەکەیت! ئادەی پێمبڵێ بزانم ئەم موشکیلە گەورەیە چییە؟

عەزیز: براله، من تازە بڕامەوە وە خەتی ڕەش بەسەر ناو و شەرەفما هێنرا، بەدەست ئەم ئافرەتە دڕندەیەوە.

کەمال: چۆن؟ دە بۆم بگێڕەوە، ماڵوێران، ئەوەندە قسە ئەجویتەوە.

عەزیز: پارەم دزی لە خەزێنە، پارە. من دزم، سەدوپەنجا دینارم دزی، قەرزەکانم دایەوە. قەرزی کراسی مۆدە و خشڵی مۆدە و قۆندەرەی دەبابەی نازەنین‌خان.

کەمال: (پیَ‌ئەکەنیَ) ئیَ؟ ئینجا ئەم موشکیلەیە بە گوللە حەل‌ئەکریَ؟ بەوە پیکدیَ کە خۆت بکوژیت؟ هەرگیز بڕوام‌نەئەکرد کە پیاوێکی ئەوەندە کورتبین بیت. هەڵسە با بڕۆین، هەڵسە.

عەزیز: بۆ کویَ بچین؟

کەمال: پارەت ناویَ بە قەرز؟ سەدوپەنجا دینارت نوقصان‌نییە؟

عەزیز: ئەمدەیتیَ؟ هەمووی؟ هەر صەدوپەنجاکە؟

کەمال: ئا، بە شەرتێک نازەنین دووربخەینەوە و ژنێکی باش بێنیت.

عەزیز: ئەی منالەکانم چی لیَ‌بکەم؟ کیَ بەخێویان‌کات؟

کەمال: بۆچی ئێستاکە ئەو ئاگای لێیانە؟ ژنێک بێنە کە منالەکانت بۆ بەخێوکا، کە ئاقڵ و تێگەیشتوو بێت، ماڵ ئاوابکاتەوە، نەک ماڵ بڕووخێنیَ. ژن بێنە، نەک ژان.

عەزیز: دە مەڕۆ هەتا یەتەوە. ببە بە شایەتم لە وەختی تەڵاقدانیا، قەراری تەواویم دا.

کەمال: سبەینیَ لە مەحکەمەدا تەڵاقی‌بدە لای قازی. بڕۆ با بڕۆین، پارەکە بخەرەوە صندووق، بەشوێن ئافرەتێکی باشا بگەڕیَ، بڕۆ.

(مۆسیقا)

عەزیز: گیانە شیرینەکەم، پەروین وا بوو بە سێی مانگ، تۆ چاوت بە دەرەوە نەکەوتووە، قبووڵێکت نەکردووە، نەچووی بۆ قبووڵی خەڵقی، بۆچی؟ یان ئێستا قبووڵیان هەڵگرتووە.

پەروین: حەز لە قبووڵی بریانیی درۆودەلەسە و غەیبەتکردن ناکەم. خوا ماڵوحاڵی خۆمم لیَ‌تێکنەدا. من ئەم زیادەمەسرەفە خۆڕایییە بۆچی ئەکەم.

عەزیز: حەز لە چ پارچەئاڵتوونێک ئەکەی، بۆت بکڕم؟ شوکر ئێستا وەضعم باشە، هیچ قەرزارنیم.

پەروین: ئینسان کە مرد، ئاڵتوون لەگەڵ خۆیا ناباتە قەبر. ئەوی بۆ ئینسان ئەمینێتەوە، ناوی چاک و کردەوەی چاکە. پارەی ئاڵتوونەکە بکە بە جلوبەرگ و بە کتێب بۆ منداڵەکان، وا بەرەجەژنانە.

عەزیز: پەری گیان، من لە خەوام یا لە خەیاڵا ئەژیم؟ ئایا ئافرەتی وەکوو تۆ هەیە لە ڕووی زەوییا؟

پەروین: ئەترسم گاڵتەم پێبکەیت، خەڵقی ئەڵێن بترسە لەو پیاوەی ژنی تەڵاقداوە، ڕابوردووت خراپە.

عەزیز: خەڵقی درۆئەکەن، ئەو پیاوەت خۆشبوێ کە لە ژن گەیشتبێ، کە ژانی هێنابێ بۆ ئەوەی لە ژن بگات. ئەگەر تووشم نەبووایە بە تووش خراپەوە، هەرگیز فێری چاکە نەئەبووم. تۆ دنیامی، تۆ ئاوات و هیوامی، تۆ کەرتەکەیتری گیانمی، کە بەشوێنیا ویڵ و ئاوارە بووم. تۆ ژنی، نەک ژان، گیانەکەم.

پەروین: مژدەیەکی خۆشت بدەمی.

عەزیز: ئادەی خێراکە، گیانەکەم.

پەروین: ئەگەر.. ئەگەر کوڕمان بوو، ناوی ئەنێی چی؟

عەزیز: کوڕ.. کوڕ یا کچ.. لەبەرئەوەی وێنەی جوانی بەنرخنەکراوی تۆی تیا ئەبینم، ناوی ئەنێم.. ئاشتی.. ئاشتیی ناوئەنێم، ئاشتی.. چونکە سزام زۆر کێشا بەدەست ژانەوە.

(مۆسیقا)

# خەسوو

دانەر: قاسم مەهدی ئەلخەطاط

(گۆڕینی بۆ کوردی)

١٩٥٠/٧/١١

پێشەکی:

ناڕێکییەکیتر لە ناڕێکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان، کە دەستێکی گەورەی هەیە لە تێکدانی بنەماڵەی تازە پێکهێنراوا، خەسووە. بە دانسقە هەڵئەکەوێ بووکێک تووشی خەسوویەکی باش بووبێت. لە سەرەتای مێژووەوە، لەو ڕۆژەوە کە بە شەرییەت فێربووە بنەماڵە دامەزرێنێ هەتا ئیمڕۆ، خەسوو مایەی شەڕوشۆڕ و تەنگوچەڵەمە و بەیەکاهاتن و عەزاب و عەزیەتدان و تەڵاقدان و ماڵوێرانی بووە. خەسوو لای بووک هەژدیهایەکی حەوتسەری فەساڵگرانی دەعبایە؛ لە یەکەم ڕۆژی شووکردنیەوە، بەڵکوو لەپێش ئەوەشا شووبکا، فیکرێکی خراپ دەربارەی خەسوو ئەچەسپێتە مێشکیەوە، بە ساڵانی دوورودرێژ نەبێ، ئەو فیکرە لاناچێتن وە لەسەر ئەم تێبینییە وە بەم چاوە ئەڕوانێتە خەسوو وە هەست بە قینێکی خەستوخۆل ئەکا بەرامبەری. خەسووش، هەتا چەند ڕۆژێک بێدەنگە لە بووک، بەڵام لەپاش چەندڕۆژە، ئەبێ بە تەوقی عەزازیل[١] و ئەچێتە گەردنی. لە پێشەوە هەردووکیان خێسە لەیەکتری ئەکەن، ئینجا ئەکەونە ورتەورتی ژێرلێو، ورتەش ئەبێ بە خۆتە و بۆڵە. خۆتە و بۆڵەش ئەبێ بە قرەقڕ و گرمەگرم، ئینجا جنێو. کاتێک بە خۆت ئەزانی هەردووکیان، بووک و خەسوو، دەستیان ناوەتە بیناقاقای یەکتری، تیتکی یەکتریان دەرهێناوە. دە تۆی کڵۆڵیش کە کەوتیتە بەینی دوو ئاگرەوە، ئاگری خۆشەویستیی دایک و ئاگری خۆشەویستیی ژن و خەمی

---

[١] عەزازیل: وشەیێکی بەئەسڵ جوولەکانەیە، بە عیبری واتە "خودا بەهێزبوو"، یا "خودا هێزدەدا". لە وشەی عەزەزی عیبرییەوەیە، بە مانای بەهێز و وشەی ئیل ئی ئەڵلا، کە بە عەزازیل دەنووسرێ و مانای فریشتەی مەرگە. دەبێ هەر لە ڕێی جوولەکەکانی دانیشتووی کوردستانەوە، هاتبێتە ناو زمانی کوردی. (س)

تێکچوونی بنەماڵەی تازە بناغەدانراوت، ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێ و وریانەبیت، کاتێک بە خۆت ئەزانی، یا لە خەستەخانەیت، یان لە شوێنە خۆشەکەی‌تر کە ناوی بەندیخانەیە.

تەحلیلی عیلمیی ئەم دەردە ناڕێکییەی ژیانی کۆمەلآیەتی، ئەوەیە کە کۆمەڵ نەخوێندەوار و باش بەخێونەکراو و دواکەوتووە لە باری ئیقتیصادی و کۆمەلآیەتییەوە. دەردەکانی کۆمەڵ هەموویان بەیەکەوە بەستراون و جۆگەلەی تاقە یەک سەرچاوەن، ئەویش دواکەوتنە. هۆیەکی‌تریش هەیە بۆ ناکۆکیی بەینی خەسوو و بووک، ئەویش شتێکی نەفسی و عاطیفییە و لە هۆی یەکەمەوە هەڵقوڵیوە. ئەم هۆ نەفسییە عاطیفییەش ئەوەیە کە دایکە ئەیەوێ کوڕە تەنیا ئەوی خۆش‌بوێت وە کەسی‌تر شەریکی نەبێت، ژنەش هەموو هیوا و ئاواتێکی مێردەکەیەتی، لەبەرئەوە بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵ‌ئەدا گومی‌نەکات. بەلآم با هەر چۆنێک بێت، ئەوی ئەبێ بە مامەخەمە و گورزی گرانی بەرئەکەوێ، مێردی کلۆڵە.

ئەو کەسانەی ئەیانەوێ بە ئاسوودەگی بژین، پێویستە ماڵی جیاوازیان هەبێت، ئەگینا کاتێک بە خۆیان ئەزانن، کەوتوونەتە ناو دۆزەخەوە.

دە چیرۆکی ئەمڕۆمان، باسی بارودۆخێ لەو دوزەخانە ئەکات. کات شەوە، شوێن ماڵی وەستا فەرەجە.

گوڵچین: دە بەسە ئیتر ڕۆڵە، سۆمای چاوت چوو، ئەوەندە کاغەذت خوێندەوە بەم شەوە.

حەمە: تۆ هەقت چییە بەسەرمەوە، حەزئەکەی بنوو، من بەبێ خوێندنەوە نازانم، هەزار جارم پێ‌وتیت کە شت ئەخوێنمەوە، قسەم لەگەلآ مەکە.

گوڵچین: ئاخر ڕۆڵە، با دوو قسە بکەین، با دوو باس بکەین.

حەمە: قسەی چی و باسی چی (کتێبەکە پێوەئەدا) دەی فەرموو قسەبکە؟

گوڵچین: ڕۆڵە، بە خوا من ئەوەندەم بە بەرەوە نەماوە.

حەمە: ئاخر من بۆیە گوێ لە قسەکانت ناگرم، چونکە دائیمەن باسی مردنم لەگەلآ ئەکەی.

گوڵچین: ئەڵێم خۆزگە لەپێش ئەوەدا بمردمایە، چاوم بە منالەکانت بکەوتایە و بمزانیایە لە منالیی تۆ ئەچێت؟ ئای ڕۆڵە چەند حەزئەکەم لەپێش ئەوەدا بمرم، ژنێکی جوانی ڕێکوپێکت بۆ بێنم.

حەمە: ژنی چی و منالّی چی؟ دایە، بۆ ئەمسەر ئەکەیت و ئەوسەر ئەکەیت، ئەم باسەم لەگەلّا ئەکەی؟ کەی ئێستا من وەختی ژنهێنانمە؟

گولّچین: بۆچی نونولانەی[1]؟ یا دیگەلّەت نەدیوە چەند مالّە؟ لە بەرت مرم، نونولانە.

(هەردووکیان پێئەکەنن)

حەمە: ڕاستی بلّێم دایە، من ئێستا بە باشی نازانم ژنبهێنم. مەعاشەکەم کەمە، هیچ پارەی پاشەکەوتم نییە، هێشتا بەتەواوی لە ژیان نەگەیشتووم. نازانم پاشەڕۆژم چۆن ئەبێ؟ لە خۆمەوە ئێستا هەلّبستم و ژنبێنم؟ نا.. ئەمە بە باش نازانم. با بچینەوە بۆ وەختێکیتر.

گولّچین: کوڕە، دە وس، وس، مەعاشەکەم کەمە و هیچ پارەم نییە، گوایە ئەم خەلّقەی ژنئەهێنن، لە تۆ زیاترن، بەزیای خێرم نەکرد. ئیمامی عەلی، ڕۆحم بە قوربانی بێ، خۆی فەرموویەتی: هەر کەسێ بیەوێ ژنبهێنی، من زامنیم.

حەمە: ئێستا یەعنی نەتیجە چیت ئەوێ؟

گولّچین: ژنت بۆ ئەهێنم، تۆ هەر بلّێ باشە، هەموو شتێک بڕاوەتەوە.

حەمە: ئاخر دایە ئەترسم سبەینێ بکەوینە گیروگرفت و بەزموڕەزمەوە و ڕوشتەی ژیانمان ببچڕێ و مەجبووربیم بگوێزمەوە، بەخوا ئەمە بە من ناکرێت.

گولّچین: بۆچی بکەوینە گیروگرفتەوە، گوایە؟ ئەم قسانە چییە، ئەیکەی؟ بە خوا لەبەر خاتری تۆ، ئەیخەمە سەر سەرم، لەپاشا من خۆم بۆم دۆزیویەتەوە.

حەمە: ئەگەر وابێ، باشە، کێیە، ئەو کەسەی بۆت دۆزیومەتەوە؟

گولّچین: هەلّیبێنە؟

حەمە: نازداری باجی حەپسەیە؟

گولّچین: حەددی چییە بە باوکیەوە، ئینجا من چۆن جلفڕی[2] وا بۆ تۆ ئەهێنم.

حەمە: بۆ نازدار خوێندەوارە و خراپنییە؟

گولّچین: چاولەدەرەوەیە و جلفڕە و ئەوە کەی بە عەمەلی من یەت؟

حەمە: باشە.. نەسرینی حاجی حەسەنە؟

[1] نوونوولانە: زەلامێک کردەوەی مندالّانە بێ. (س)
[2] جلفڕ: هەدانەدەر و شێتۆکە، جرپن. (س)

گوڵچین: نەسرینی چی، بەزیانەبێ، دەمەوەرێکە لە پووری خراپتر..

حەمە: ئەی گەلاوێژی حەمە خانە؟

گوڵچین: بە چوار فلس نامەوێت، ئەو ڕۆژە چوومەماڵیان، نە وێڵێکی هەیە، نە لە بەشەر ئەچێت، دانشتبوو دەفتەرێکی گرتبوو بەدەستیەوە، گوایە سەعیی‌ئەکرد. نە لە بەرم هەڵسا، نە عەباکەی لە دەستما وەرگرت. بێوێڵە ڕۆڵە، بێوێڵە.

حەمە: ئەی ئەمە کێیە کە لەم هەموو عالەمە باشترە وە من نایناسم؟

گوڵچین: ئەختەر، ئەختەری عەزیزئاغای خۆمان.

حەمە: ئەختەر؟ ئاخر دایە منالە و نەخوێندەوارە و لەپاشا من حەزناکەم نەخوێندەوار بێنم.

گوڵچین: منالی چی، ڕۆڵە. عومری حەڤە و هەژدەیە. من کە شووم بە باوکت کرد، عومرم شانزە بووە. بە خوا هێشتا لە کۆلان بووکبووکێنەم ئەکرد، ئاهـ .. دنیا.. لەپاشا ڕۆڵە نەخوێندەواربێ باشترە. ئێستا ئەڵێی چی، باشم بۆ هەڵبژاردوویت؟

حەمە: بە خوا بڵێم چی، نازانم.

گوڵچین: بە خوا هەتا ئێستا بەردەرگای نەدیوە، کە چاوی پێم‌ئەکەوێ لە دوورەوە، بەرەو پیرم یەت، عەباکەم لەسەر ئەکاتەوە، پەیدەرپەی جگەرەم بۆ دائەگیرسێنێ. هەزار کەڕەتم پێ بڵێ "بەخێر بێی پووریێ"، جارێکە، ئەو کچە ڕۆڵە.

حەمە: باشە، بەڵام باوکم ئەڵێ چی؟

گوڵچین: باوکت ئەڵێ چی؟ من قسەی لەگەڵا ئەکەم، ئەوە چی ئەکەی؟ بۆ وا خۆتت پێچاوەتەوە؟

حەمە: ئەنووم، شەو درەنگە، نەبڕایەوە ئێتر؟ ئەوا ژنە ئەیهێنین و دەست لە دەست و قووەت لە خوا، ئێتر چیت ئەوێ؟

گوڵچین: هیچم ناوێ، خەوی تۆ نەبێ، دە بنوو باوکم، خەوی خێرانت بێت. مەلائیکەت دەست بە باڵت گرن. ڕۆڵە، من چەند لە تۆ ڕازیم، حەمە گیان، خواشت ئەوەندەت لێڕازی‌بێ.

(مۆسیقا)

(لە دەرگا ئەدرێ)

گوڵچین: ئەوە کێیە؟

فەرەج: منم ئافرەت بیکەرەوە.

گوڵچین: (تەقەی پێ، دەرگائەکاتەوە، دایئەخات) ئەوە چی بوو ئیمشەو وا دواکەوتی؟

فەرەج: لە چایخانە دانیشتبووم، تاقەتم نەبوو.

گوڵچین: تازەبوویتەوە نوونوولە، ئەچێتە چایخانە و تا نیوەشەو نایەیتەوە. ئەوەندەم باوێشک دا، کوێربووم. ئەمەودوا ئەمرە، ئەبێ زوو بێیتەوە.

فەرەج: بۆچی زوو بێمەوە؟ چی قەوماوە؟ لە بەیانییەوە هەتا ئێواریێ ئیش‌ئەکەم، تەنیا شەوەکەیە، نایەڵی یەکدوو سەعات لەگەڵ دوو ڕەفیقا بۆ خۆم دانیشم.

گوڵچین: ئینجا چیم وتووە کەوڵەکۆن، فەساڵت‌خواتەوە، خوایئەکرد هەتا بەیانی نەئەهاتیتەوە.

فەرج: ئینجا بووین بە کەوڵەکۆن؟ ئەوە حەمە نوستووە؟

گوڵجین: ئەی بەساقەیبم، دەمێکە خەوی لێکەوتووە. ئەمەوێ شتێکت پێبڵێم. دە تۆ دانیشە.

فەرەج: فەرموو ئەمرکە، کراست ئەوێ، یا کەوا، دەسماڵ، یا سەرپۆش؟

گوڵچین: ئەوانە نین، مەترسە.

فەرەج: ئەی چین؟ چیت ئەوێ، گوڵچین گیان؟

گوڵچین: باوکی حەمە، خۆت ئەزانی من پیربووم وە هەناوم تیا نەماوە، بە تاقی تەنیا ناتوانم ماڵ بەڕێوەبەرم..

فەرەج: ئێ؟ کارەکەرت ئەوێ؟

گوڵچین: کارەکەری چی؟ بەزیادنەبێ؟ ئەمەوێ ژن بۆ حەمە بێنم. حەمە تاقانەیە و.. (پێئەکەنێ بە قاقا) ژن بۆ حەمە؟

فەرەج: ئەی قوڕبەسەر حەمە، ئینجا بەسەر ژنەکەی. کەست نەدۆزیەوەتەوە شەڕی لەگەڵا بکەی، لەبەر ئەوە ژن بۆ حەمە ئەهێنی، تا هەموو ڕۆژێ مەحکەمەیەک لە ماڵی خۆمانا دامەزرێنن، نە ئافرەت.

گوڵچین: دە بیبرەوە، بەزیادمنەکرد لە عومرت، تۆ خەڵەفاوی پیاوەکە، چاوت لەم دەستە سووکانە بێت لیمئەنێت، گوایە شەڕم لەگەڵ کێدا کردووە هەتا ئێستاکە، باوکی حەمە؟

فەرەج: ئینجا کێ ماوە شەڕی لەگەڵا نەکەی؟ بەخوا من ٣٠ساڵیتریش وا پیرنەئەبووم، ئەگەر تۆ نەبوویتایە.

گوڵچین: ئەختەری کچی ئاغای خۆمان.

فەرەج: ئینجا حەمە ئەیەوێت؟ قسەت لەگەڵا کردووە؟

گوڵچین: ئەی چۆن؟ لە بەیانییەوە خەریکم لەگەڵیا.

فەرەج: باشە، منیش ڕازیم، سبەینێ ئەچم بۆ لای عەزیزئاغا و مەسەلەکەی لەگەڵا باش ئەبڕمەوە.

گوڵچین: باشە منیش ئەچم بۆ لای ڕابیعاخانی دایکی ئەختەر.

فەرەج: بەڵام ئافرەت قسە لەمسەرەوە خۆشە، بەم ئاخری عومرەمەوە، تاقەتم نییە تووشی بەزموڕەزمم کەی سبەینێ لەگەڵ عەزیز ئاغادا.

گوڵچین: بەزم و ڕڕزەمی چی، پیاوەکە، تۆ لەکن خۆت ئاقڵی.

فەرەج: مەبەسم ئاژاوە و شەڕوشۆڕ و پەشێویی ناو ماڵە. ئەبێ خەسوو نەبیت، دایک بیت، تێئەگەی؟ لەبەر خاتری حەمە.

گوڵچین: بۆ تێناگەم، خو گوێرەکە نیم، کەوڵەکۆن؟ بەزیادنەبێ.. ئینجا من کێم هەیە لە حەمە زیاتر.

(مۆسیقا)

فەرەج: چییە دیسان گوڵچین لچت دا بەیەکا..

گوڵچین: هیچ نییە باوکی حەمە، تۆزێ سەرم ژانئەکا.

گوڵچین: دەمەقاڵێم بۆچی ئەبێ؟ بەڵام تووخوا فەرەج ناحەقمە قسەبکەم. وا نیوەڕۆیە و بووکێ هێشتا لە خەو هەڵنەساوە.. ئەمە حەوت ڕۆژە گوێزراوەتەوە، هەتا ئێستا دەستی لە هیچ نەداوە، تووخوا ناحەقمە؟

فەرەج: بیسمیللا، دایکی حەمە؟ هێشتا پێنەگەییوە دووکەڵ بکا، هێشتا بووکی حەوتڕۆژە. کە شوومکرد بە تۆ، دایکت -بە ڕەحمەت بێ- بەڕەکانی پێشتم.

فەرەج: ئافرەت، تاقەتی بەزموڕەزمم نییە، بۆ خاتری خوا ئەگەر شەڕ بگێڕی؟

گوڵچین: بەزموڕەزمی چی؟ بەزیادی خێرمنەکرد، ئەی نابێ قسەبکەین؟

فەرەج: ئەمە قسەیە، خەریکی لە ئێستاوە شەڕ بە کچە قوڕبەسەرە ئەفرۆشی؟

گوڵچین: ئینجا چیت پێبڵێم، هەر خۆت بە خۆت بی، کەوڵەکۆن.

فەرەج: ئافرەت بۆ خاتری خوا، بەم سوباهی ساڵحانە دەنگمان دەرمەیەنە. نەخەڵەتابی لە ئەختەر تووڕەببی، وا پێموتی. وا من ئەڕۆم بۆ دووکان بە عەزەی شاگردا شتومەکەکان ئەنێرمەوە.

(تەقەی دەرگاکە و بێدەنگی)

حەمە: دایە.. وا دیارە زوو هەڵساوی ئەم بەیانییە؟ چا حاضرە؟

گوڵچین: بە خوا ڕۆڵە خەو نەچۆتە چاوم. شەوگار کردی، من کردم، بە خوا هەناوم تیا نەماوە.

حەمە: خوانەکا، دایە گیان، ئەمڕۆ حەمامەکە گەرمبکەین؟

گوڵچین: بە خوا ڕۆڵە من تاقەت و توانای حەمام گەرمکردنم نەماوە. بۆ بە ژنی خۆت ناڵێی حەمامت بۆ گەرمبکات؟ لەو ڕۆژەوە گوێزراوەتەوە، پشتی لە ئیشکردن ساردبۆتەوە؛ لە ماڵی باوکی سروەتی نەبووە، یا بەختە ڕەشەکەی من وای لێکرد خۆی لە هیچ نەگەیەنێ؟

حەمە: باشە، گوایە بۆ ئیشناکات، ئینسان ئیش بۆ ماڵی خۆی بکا عەیبە؟

گوڵچین: ڕۆڵە، وا نابێ کە ئەختەر ئەیکا. گوایە من بۆچی بۆم هینایت؟ بۆ ئەوە نەبوو کە من بخاتە ئیسراحەتەوە؟ کەچی لێم بووە بە ئاغاژنی سەر دۆشەک.

حەمە: دایە مناڵە، لێی مەگرە. هەر ئەم چەند ڕۆژەیە، گوایە چۆن ئیشناکات؟

گوڵچین: مناڵی چییە ڕۆڵە؟! بەقەد دە سەرسپی ئەزانێ؟ ئای حەمە گیان، بە چ نازدارییەک بەخێومکردی؟ چەندەم ڕەنج لەگەڵ دای، چەندم شەونخوونی بە دیارەوە کێشای؟

حەمە: ئینجا گوایە من چیم وتووە، دایە. هەزار ژن بەقوربانتبێ.

گوڵچین: ئەی بە قوربانی دەمت بم، حەمە گیان، ڕەسەن هەر ڕەسەنە.

حەمە: وا من ئەڕۆم بۆ دایەرە، دایە گیان. بۆ نیوەڕۆ بە ئەختەر بڵێ حەمامەکە دابخا؟ باشە؟

گوڵچین: لە پەنای خوادا بیت، باوکەکەم، باشە.

(مۆسیقا)

گوڵچین: ئەوە چی بوو کچێ، ئەڵێی سەروپێ لێئەنێی، ئەم چێشتە هەر نەکوڵا؟ وا نیوەڕۆیە مردم لە برسانا دە نەختێکیم بۆ تێکە.

ئەختەر: باشە پووری، هەر دووسێ دەقیقەی‌تر ڕاوەستە، بۆتی تێئەکەم.

گوڵچین: کچێ ئەو شیرەشیرەت لە چییە؟ ئەڵێی بەسەر کارەکەری دایکیا ئەشیرێنێ. بەزیادمنەکرد، هەر ئەمەمان مابوو؟

ئەختەر: ئینجا پووری من چیم وتووە؟ بۆ خۆت عاجزئەکەیت، کوا شیراندوومە، پووری گیان؟

گوڵچین: ئەوە لەبەر خۆتەوە جنێوم پێئەدەی، کچی عەزە کەچەڵ؟ دەک مبارەکمنەکرد. ڕاوەستە، با حەمە بێتەوە.

ئەختەر: پووری، بە خوا هیچم نەوتووە. ئاخر هێشتا چێشتەکە پێنەگەیشتووە، قابیلە بە نەکوڵاوی بۆتی تێکەم؟

گوڵچین: کچێ، خۆ ماڵی باوکت نییە؟ حەددت چییە بۆم تێناکەی. بەزیادنەبێت، ئاوا لە عومرت. بەخوا شتێکی باشە، بووکەکەمان جوانە و بالوکەیەکیشی لەسەر لێوانە.

ئەختەر: لەسەری مەڕۆ، پووری، وا بۆت تێئەکەم، (لە بەرخۆیەوە) بە قووزەڵقورتت بێ.

گوڵچین: ئینجا من دەم بخەمە دەمی تۆوە! ئەمە نابێ سابیرم بە شوکرەکەت خوایە! هەڵبەتە خوا وای بە باش زانیوە تۆ بکا بە کوڵکمەوە. ئەستەغفیروڵڵا خوایە. با حەمە بێتەوە؛ یا من، یا تۆ، ئەختەرخان.

(لە دەرگا ئەدرێ)

ئەختەر: ها پووری ئەوە چێشتەکەت، کێیە ئەوە؟

حەمە: منم، بیکەرەوە، ئەوە چییە ئەو دەنگەدەنگە؟

گوڵچین: تەماشاکە، ڕۆڵە لەجیاتیی گۆشت، کەفەلۆوکی بۆ داناوم. هەرچی مایچە و گۆشتە باشەکە هەیە، بەدەم سوورکردنەوەوە، هەمووی ئەخوا و کەفەلۆوک ئەدا بە من.

حەمە: بۆچی وا ئەختەر؟

ئەختەر: پووریێ، بە خوا قەت فێرنەبووم بەدیار مەنجەڵەوە گۆشت بخۆم. ئەگەر تەماشای دەورییەکە نەکەی، بزانە ئەو گۆشتە خراپە؟ پووریێ، عەیبنییە قسەی وا ئەکەی. خۆ تۆ سەرت سپییە؟

حەمە: چیی ئەویێ، بۆی بکە. مەنجەڵەکە بخەرە بەردەمی، بۆ خەریکن لەسەر کوتێ گۆشت شەڕێ داگیرسێنن؟ عەیبنییە. هیلاک و ماندوو هاتوومەتەوە کاولبووەکە، نایەڵن نەختێ ئیستراحەتبکەم.

گوڵچین: ئینجا لەگەڵ تۆیەتی، ڕۆڵە. هەموو ئاگرتان لێئەبارێ. پەنام بەر خوایە.

ئەختەر: نانت بۆ تێکەم؟

حەمە: نەء. بۆم تێمەکە، قوزەڵقورت بخۆم لەم حاڵە باشترە (دەرگا بەتوندی دائەخا).

ئەختەر: پووریێ، تووخوا ئەمەی ئەویست؟ نەتهێشت نانەکەی بخوا؟

گوڵچین: ئینجا ناخوا چش، بەزەییت بە مێردەکەتا یەتەوە؟ وەیش لەبەرت مرم. بە خوا خوا یاربێ نەیەڵم بە ژنی بێت.

(مۆسیقا)

بەم جۆرە بووک و خەسوو دەستبەرداری بەیەکتری بوون و لەیەک ئاشکرابوون، ماڵ لای حەمە بوو بە دۆزەخ، ڕۆژ نەبوو شەڕی تیا نەکرێ. شتومەکی ناوماڵی تیا نەشکێنرێ. وەستا فەرەجی بەسزمان، بەداخەوە سەرینایەوە. حەمەفەنی ماڵی لێ حەرامبوو، ڕوویکردە مەیخانە و قومارخانە و جێگای شەونیشینی، سەری لێشێوابوو، نەیئەزانی چی بکات؛ واز لە دایکە بێنیت؟ گرانە واز لە دایک هێنان؛ ژنە تەڵاقبدا، شتێکی ناشیرینە. ئەی چی بکا؟ وا ماڵی لێبووە بە دۆزەخ، نە شەوی شەوە و نە ڕۆژی ڕۆژە. کەواتە مەی دەرمانە، بکەوە لە مەیخانەدا، پەرداخ لەدوای پەرداخ هەڵدە، تا ئەبێ بە ئارەقخۆرێکی مودمین، تا

قەرزار ئەبی، تا پوولەی پارەت پێنامێنێ، تا بێهێز و زەرد و لاواز ئەبی و لەناو کۆمەڵا ڕیسوائەبی، تا وات لێیەت مەئموورییەتەکەشت پێناکرێ، دەرتئەکەن.

ئەمەیە حاڵی ئێستای حەمە ئەفەندی، وا بەم دەرد و کوێرەوەرییەوە دەرکرایەوە، ڕوویکردەوە ماڵەوە، ماڵی لە دۆزەخ خراپتر...

(لە دەرگا ئەدا)

گوڵچین: ئەو دەرگایە بۆ ناکەیتەوە، کچی عەزیزئاغا، بەر دایکت مرم.

ئەختەر: دەستمان پێکردەوە، بەزیادنەبێ، چییە ئەوەندە خوتەخوتئەکەی، پیرێژنە خەڵەفاوە سەرئاسنینە، فەرهادکوژ.

(دەرگا ئەکاتەوە)

حەمە: دیسانەوە بەزمەکەیە، کچەتیوەن، چیتان پێبڵێم! دایە خۆ تۆ لەکن خۆت سەرت سپییە، هەی سەرت بەتاشینچێت. دە ببڕێتەوە، ئیتر وا بوو بە پینج ساڵ، بە پێنج ساڵی دووردودرێژ، مێشکم لە سەرا نەماوە، ماڵوێرانبووم، ڕیسوای عالەم بووم، دەرکرام. هەمووی بە بۆنەی ئێوەوە. دە ببڕێتەوە، ئیتر خوام کرد بەگژتانا.. نەعوذوبیلا خوایە، دە بەسە، ئیتر با نەختێ ئاسوودەبین. با بەرپێی خۆم ببینم، ئیشێک بدۆزمەوە، لە برسانا نەمرین.

گوڵچین: بە ژنەکەت بۆ ناڵێی؟ بەزیای خێرم نەکرد؟ ئای فەرەج گۆڕ هەڵتەکێنە. ئەگەر تۆ بمایتایە، بۆ وام بەسەرئەهات (ئەگری).

ئەختەر: بە خوا باوکم، یا خانووم بۆ جیائەکەیتەوە، یان من ئەچمەوە ماڵی باوکم. تاقەتی خوتەخوتی ئەم پیرێژنە خەڵەفاوەم نییە، نە بە خوا.

حەمە: کچێ ببڕەوە، ناکەسبەچە، لە بەرچاوی خۆشم جنێوی پێئەدەی؟ تۆش وەنەبێ لەو باشتربیت. خانووت بە چی بۆ جیابکەمەوە، خانم. مەئموورییەتەکە بوو، ئەویشتان بڕی.

ئەختەر: بە خوا من دانانیشم، کەیفی خۆتە.

گوڵچین: بە خوا منیش لەگەڵ کچی عەزە کەچەڵ هەڵناکەم، باوکم.. نە بە خوا.

حەمە: تۆزێ بۆم ڕاوەستن، چاری هەردوکتان ئەکەم. بە سەری باوکی هەردووکتان، ئەچم بۆ شارێ، کەس جارێکیتر ناوم نەبیەت. من ڕائەکەم. ڕائەکەم لەدەست هەردووکتان، لەدەست دایک، لەدەست ژن، لە دەست بووک، لەدەست

خەسووی. بەڵام دا لە هەردووکتان. ئەختەری عەزیزئاغا، تۆ سێبەسێ تەڵاقت کەوتبێت، بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە. تۆش گوڵچینخانی دایکم، لەژێر باڵی شەیتان و جنۆکەدا بیت. کە مردیشیت، مار و مێروو و دەعبا میوانت بن. ئەمەتان ئەویست، وەنییە. بە دوعا، بە دوعا، بە قاقای پێکەنینی شێتانە.

(مۆسیقا)

کۆمەڵایەتیی کۆمیدییە:

## تاسەی بەنگکێشان

**(نوادر الحشاشين)**

١٩٥٠/٨/٢

دانەر: قاسم خطاط

گۆڕینی بۆ کوردی بە دەستکارییەوە

وەکوو گەلێ جار لەمەوبەر باسمانکردووە، ئێمە ئامانجمان دەربڕین و بەرگوێخستنی لێکۆڵینەوەی ئەو دەردانەیە کە دەمیان ژەنیوەتە لەشی کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتییان ناڕێک و ناخۆش کردووە. دە ئەمڕۆ لە دەردێکیتری کۆمەڵ ئەدوێین کە بە ئەسەفەوە خەریکە بەرەبەرە تەشەنەئەکات و زیاترئەبێ وە زیاتر بەناو وڵاتا بڵاوئەبێتەوە. ئەم دەردە پیسەش بەنگکێشی و تلیاککێشییە. بەنگ و تلیاک، هەردووکیان بەری گیایەکن کە ئەڕوێن و پەروەردەئەکرێن لە شوێنی تایبەتییا بە دزییەوە، ئینجا بە قاچاغ و بە گەلێ ڕێگای پڕ فێڵ و فەرەجەوە مەترسی ئەگوێزرێتەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر و هەر بە دزییەوە ئەفرۆشرێ بە بازرگانی جوملە، ئەمانیش بە هیی بچووک، ئەم بچووکانەش ئەیفرۆشن بەو کڵۆڵانەی تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، کە لە ڕەگی گولی پیسترە. تلیاک و بەنگ دەستکردی وڵاتی ئێمە نییە، وە نەتەوەی ئێمەش نەناسراوە بەم ناوە ناشیرینەوە، بەڵکوو ئێمە لە دراوسێکانمانەوە فێری ئەم خووە ناشیرینە بووین. تلیاک، بەنگ، یەکەمیان بە دوێت ئەکێشرێ (مافوور)، دووەمیشیان بەنگ بە جگەرەوە و بە سەبیل. ئەو کەسانەی تووشی ئەم داوە ئەبن، سییەکانیان هەلاهەلائەبێ، فەسادی مەعیدە و ڕیخۆڵە و سک دەرنەچوونیان تووشئەبێ، چاویان بەقووڵائەچێت. خوێنیان لە لەشا نامێنێ، زەرد ئەگەڕێن، ئاو بە چاو و لووتیانا دێتەخوارەوە، ئەژنۆیان دێتە لەرزین، زوو هیلاکئەبن، شوێن خورافات ئەکەون، ئیعتیمادیان بە خۆیان نامێنێ، ترسنۆکئەبن، هەر کاتە نا کاتێ وەنەوزئەیانباتەوە، گەلێ جار لێفە و دۆشەک و خۆشیان بە ئاگری جگەرەی دەستیان ئەسووتێنن، لە چای خەست و لە

شیرینی و چەورییا بیانکولێنی، ئۆخەی‌ناکەن، ئاگایان نە لە خۆیان نە لە ماڵ و منداڵیان نامێنێ، مەعنای مەسئولیەتیان لەبیرئەچێتەوە، هەمیشە تاس‌ئەیانباتەوە و بە خەیاڵ وان لە عالەمێکی‌ترا کە چوونە ژێریەتی، تلیاک و بەنگ بە درۆ لە بەرچاوی نووقاویان کردوویەتی بە بەهەشتی بەرین. بەکورتی، لە پیاوەتی –لە مێردیەتی– لە ئادەمیزادیەتی ئەکەون، ئەبن بە مشتێ چڵوچێوی بێ‌ئیرادەی بێ‌گیان، بێ توانا و تاقەتی بەناو زیندوو، هەموو ڕێگایەک ئەگرن لە پێناوی جگەرەیەک بەنگا، لە ڕێی چەسپی تلیاکی زەهری مارئامێزا.

پیاوێکی دنیادیدەی زەلام کە چووە ژێر خۆی، وا ئەبینێ کە سواری قوتووە شقارتەیەک بووە. بەرەکەی ژێری لێ‌بووە بە قاڵیچەی حەزرەتی سولەیمان و فڕیوە بە ئاسمانا، دوێتەکەی دەستی لێ‌ئەبێ بە تۆپ. بەردێکی بچکۆلە بەقەی نووکی کل ئەگەر لە نزیکیەوە کەوتە زەوی، وا ئەزانێ شاخی پیرەمەگروونی بە سەرا ڕووخاوە. ئەگەر تەقەیەکی بەرزت کرد، شەقت لە تەنەکەیەک هەڵدا، وا ئەزانێ بۆمبای زەرڕە و هیدرۆجین هەردووکیان بە جووت کێشران بە تەپڵی سەری ئەوا، وە ئەو حەلە هیچی لە کەللەدا نامێنێ، ئەمە ئەگەر کەللەی پووچی تالیاک و بەنگخۆر هیچی تیابێت؟

دە گوێگری خۆشەویست:

دەستم دامێنت، دوورکەوەرەوە لەم بەدخووییە، لەم ماڵوێرانییە، لەم بە دەستی ئەنقەس خۆکوشتن و بنەماڵە تێکدانە. هەتا پێشت‌ئەکرێ ئەوانە ڕزگارکە کە دوچاری ئەم دەردە پیسە تۆقێنەرە بوون. چیرۆکی ئیمڕۆمان لەم نەخۆشانە ئەدوێت، لە کردەوەکانیان، لە هەڵسان و دانیشتنیان، لە تاسە و خەیاڵە سەرتاپا پڕلەدرۆکانیان، لە فیشاڵیان، تاسەی بەنگکێشان، ئەمەیە چیرۆکەکەمان، هیوامان وایە جێگای کەڵک بێت.

کات: عەسرێکی درەنگە. شوێن: چایخانەیەکی قەراغی شارە، کە ئەم تەیرانە کردوویانە بە لانە.

(مۆسیقا)

ئەحمەد: ئادەی حەمە چایەکی خەستی شیرینم بۆ تێکە.

حەمە: بەڵێ، ئەحمەد ئەفەنی، ئەمە ئەبێ بە دە چا.

ئەحمەد: خوایئەکرد ئەبوو بە پەنجاوپێنج، مردووت مرێ. هەر دەقیقە نا دەقیقەیەک ئەم بالۆرەیەم بۆ لێئەدەی. چا تێکە، چا سەرسوالکەر.. مردووت مرێ، وەرە چەسپێ بکێشە، وەرە وەنەوز ئەتباتەوە.

حەمە: من بە جگەرە چوومەتە ژێری، خێرت ئەگا ئەحمەد ئەفەنی نەختێ سوختە بدە بە عەزە، زۆرم بەزەیی پیایەت.

ئەحمەد: بە خوا دوێنێ دوێتەکەم داتەکان، هەرچی سوختەیەکی پێوەبوو، یام بە عەباس، بۆ ئەو باشترە. ئەزانی حەمە نەصرەت شەشحەوت لوولەی چاکی هێناوە؟

حەمە: بەڵام بە گرانی ئەفرۆشێ، دوێنی کەریم ئەفەنیی خۆمان لوولەیەکی کڕیبوو بە ٦٠٠ فلس.

ئەحمەد: دە لوولەیەک بۆ ئاغا بکڕە و بۆی بەرەماڵەوە، زۆری پێ خۆشئەبێ. بەڵام لەوەی بەندرۆڵەکەی پێوەیە.

حەمە: ئەحمەد ئەفەنی؟ هۆ ئەحمەد ئەفەنی؟ (بە دەنگی بەرز).

ئەحمەد: چییە حەمە؟

حەمە: ئەوە بۆ وا دوورکەوتوویتەوە؟

ئەحمەد: کوا دوورکەوتوومەتەوە حەمە؟ ئا تۆ پشکۆیەک ئاگری پانم بۆ بێنە.

حەمە: بە خوا دەستم ناتگاتێ، ئیتر جارێ داوای چا نەکەیت، بە دوعا، وا بردمیان. ئای لەم دنیا خۆشە، ئای لەم بەحرە شینە جوانە، بەڵام پڕیەتی لە پیاڵە و ژێرپیاڵە و قۆریە، ئەمە یەعنی چی؟ بە قەبری باوکم، من لەناو پیاڵەدا دانیشتووم، یاهوو بە کەوچک لێئەخوڕم، لەجیاتیی سەوڵ (پێکەنی). خۆزگە عەباس لێرە بووایە، بیبینمایە بەم سەڵطەنەتە (پێکەنی). بەڵام کێ ئەڵێ عەباسیش ئێستا سواری قوتووە جگەرەیەک نەبووە و بە ئاسمانا جەولانناکات.. (پێکەنی)

ئەحمەد: ئادەی حەمە چایەکیترم بۆ بێنە.

حەمە: نەموت من لەناو بەحرام.. بۆ خۆت تێیناکەیت؟

ئەحمەد: ئا هەڵسە عەزەکە چایەکی باشم بۆ تێکە...

(مۆسیقا)

حەمە: کێ بوو ئەو قەوانەی لێدا؟

ئەحمەد: عەزە لێی‌یا.. قەیناکە، چی بووە جگەرەیەکی‌تر بکێشە.

حەمە: هەزار جارم وتووە کەس قەوان لیٚ‌نەدات، کە من ئەچمە ژێری، بە خوا ئەیفرۆشم، من صندووقم ناوێت.

ئەحمەد: لەسەری مەڕۆ، مردووت مریٚ، وا چەسپەکەم خراپ‌بووە، ئەهـ. ئا دە بیٚ‌دەنگ‌بە.

کەریم: سەلامونعەلەیکوم.

ئەحمەد: وەعەلیکموسەلام، بە خوا باش بوو هاتیت.

حەمە: بەخێربێی کەریمەفەنی.

کەریم: سەلامەت‌بی، ئادەی حەمە نەختیٚ خەڵووزی‌تر بگەشێنەرەوە.. دەمێکە لێرەی ئەحمەد؟

ئەحمەد: هەر وا نیوسەعاتێکە، ئەم نیوەڕۆیە چیت خوارد؟

کەریم: بیٚ تۆ ناخۆش، شلکێنە و کەلانەیەکی باش، بە هەنگوینەوە، ئەی تۆ؟

ئەحمەد: من قبووڵییەکی چەور لەگەڵ بامیەیەکی پڕ دووگ وماینچە و کلێنچکەدار، ئا حەمە چایەک بۆ کەریمەفەنی بێنە.

کەریم: ئا مەقاشەکەم بەریٚ، ئەحمەد. ئەوە چەسپەکانت بۆ هاوردن؟

ئەحمەد: نەمماوە بە سەری تۆ، ئەبیٚ ئیمشەو بیکڕم.

کەریم: لە کوێی ئەکڕی؟ نەسە نەیماوە.

ئەحمەد: وا مەڵیٚ بۆ خاتری خوا؟ ئینجا چی بکەم؟ بە زاتی خوا ئەبیٚ بکەوینە شیلە دروستکردن، من چووم بە ملی شکاوم ئەو هەموو سوختەیەشم یا بە کاک عەباس.

حەمە: ها ئەوە کەریمەفەنی؟

کەریم: داینیٚ لە بەردەمما، جامی بەفراویشم بۆ بێنە، ئەری ئەحمەد دەنگ‌وباس چییە؟ گویٚ لە ڕادیو ئەگرێت؟

ئەحمەد: ئەریٚ وەڵلا ناوبەناو مناڵەکان ئەیکەنەوە، من ئەم قونبەلەی زەڕەیە بە باش نازانم.

کەریم: ئێمە هەقمان چییە بەسەر قونبەلەی زەڕییەوە (هەناسە وەرئەگرێت، فوو لە ئاگر ئەکات).

ئەحمەد: چۆن هەقمان چییە بەسەرەوە، ئەی ئەگەر سبەینێ پێیانەوەناین؟

کەریم: کێ حەددی هەیە جانم، بە خوا ئەوەی پێمانەوەبنێ، سمێڵی ئەبڕین، دەی هاتووە، نەفەسێ لەمە بکێشە.

ئەحمەد: ئا بێنە بە قوربانە (فووی پیائەکا و هەڵیئەمژێ)، ئەی هەزار بۆمبای زەڕی بە قوربانت بێ. بە خوا خۆشە، دە وەرە کەریم ئەو بۆمبا پیسە بتەقێنە و ئەم تلیاکە جوانەمان لێبکات؟

کەریم: کێ حەددی هەیە، بە خوا بە تاقی تەنیا دەرەقەتی حکوومەت یەم.

ئەحمەد: دوێنێ کەریم زللەیەکم دا لە کابرایەک، لاشەکەی کەوت لە بەرپێما و سەری چوو بۆ ئەمریکا...

کەریم: ڕاستئەکەی، ڕاستئەکەی. ئەوا دوێنێ بە ڕێگەدا ئەڕۆم، تەماشائەکەم شەمەندەفەرێک لە ئەمریکاوە هاتووە و ڕێگای هەڵەکردووە..

ئەحمەد: ئی، ئینجا چیت کرد؟

کەریم: چیم کرد؟ بانگمکرد بوەستە، کەچی هەر ئاوڕیشی لێنەدامەوە.

ئەحمەد: بە خوا بێئەدەب و بێتەربیەتە؟ چۆن تۆ بانگیبکەیت و ئەو ڕانەوەستێ؟ ئاخر چۆن؟

کەریم: تۆ ڕاوەستە دەردیم دەرمانکرد، تۆ کاکی خۆت چۆن ئەناسی؟ لەگەڵ یەک شەقم لە بەرسنگی هەڵدا، پیرە شەمەندەفەر هەتا تیابوو تێیقاچانەوە بۆ ئەمەریکا...

ئەحمەد: قاچ خۆش، دەست خۆش، ئاوا ئەبێ.

(شەق لە تەنەکە)

(مۆسیقا)

ئەحمەد: بە زاتی خوا کەریم کە تەقەکە هات، وام زانی دراینە بەر تۆپ و بۆمبا. لام وایە من ناوکم کەوتووە، هیچ، هەرچییەکمان کێشا بەفیڕۆچوو.

کەریم: بە ناموسم، منیش هیچم لە کەللەدا نەما، لام وایە سەفرام جووڵاوە.. ئەرێ حەمە چی بوو ئەوە؟

حەمە: ئەوە شاگردەکەی فەرەجی ئاسنگەر بوو، تەنەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە.

کەریم: ئینجا حەرامزادەی وا هیچ کویێەک نەدۆزێتەوە تەنەکەی لێبدا بە ئەرزا، ئێرە نەبێ؟ بە خوا منالی ئەم زەمانە بێحەیان..

ئەحمەد: ڕاستئەکەی، ئەشهەدوبیلا ڕاستە، تۆ -هیچ نەبێ- کەریم ئەفەنی نیو لوولەم بە قەرز بدەرێ، هەتا ئەکرم.

کەریم: باشە لە قوتووەکەدا نیوەی زیادی تیایە.. ئا تووخوا ئەحمەد ئەگەر گۆرانییەکەی نەڵێی، با نەختێ بێینەوە سەر خۆمان.

ئەحمەد: کام؟ ئەستەمبولدە؟

کەریم: ئا، ئا خۆیەتی.

ئەحمەد: گۆرانی ئەڵێ...

کەریم: بۆچی ناتوانی حەمە؟

حەمە: بە زاتی خوا وەکوو قاچم ببڕنەوە وایە؟ ئەی هاوار بە ماڵم، هەیش، قاچی ڕاستیشمە.

کەریم: کێ ئەیبڕێتەوە حەمە، بە چی؟

حەمە: بە خوا لام براپەوە، بە جگەرە بڕییانەوە. ئەی هاوار بە ماڵم، خو ئەوە تاکە قۆندەرەکەم لەولاوە کەوتووە.. ئا هەڵسن، نامەدرتاننەکەن، بگەڕێن بەشوێن قاچما، بزانن چیی لێهات؟

ئەحمەد: باوکم، با خۆمان چا بۆ خۆمان تێکەین، ئەوەندە ئەکێشێ ئەم مردوومراوە، ئەوەتەی من هاتووم، پێنج جگەرەی تێکردووە و سەبیلێکیش.

کەریم: ئەهـ لە .. ماڵی وێرانبێ.. بەس نییە سەریشی پێوە ماوە.

حەمە: بە خوا لام وایە عەزە قاچی دزیبیم، هەموو شتێکی لەدەست یەت. ئەو ڕۆژە تەماشائەکەم سەری عەباسی فەقیری خستۆتە بنباخەڵی.. خەریکە لێیئەشارێتەوە. ئاخر ئێستا من بەم گرانییەوە و بە حەوت سەر خێزانەوە، ئەگەر قاچێکم بدزن، چی بکەم بۆ خاتری خوا؟

(تەقەی دەرگا)

(مۆسیقا)

حەمە: چی بوو دیسان؟ بە خوا ئەم عالەمە بێشەرمن، ئاخر ناڵێن پیاو دانیشتووە لێرە. ئەوە بۆ وا ئەکەی هەتیو؟ لاچۆ با نەیەم بتخنکێنم.

کەریم: وازی لێبێنە حەمە، منداڵەوردەکەمان لێمەورۆژێنە.

ئەحمەد: ئەزانی کەریم ئیمشەو تۆزێکی مابوو بە شووشەی پەنجەرەکە سەری خۆم ببڕم.

کەریم: بۆچی؟

ئەحمەد: ئەوا ئەبینم بەشی دوو جگەرە بەنگم هەیە، منیش یەکێکیانم کێشا، لەپاش نەختێ هەر وا تاسبردمیەوە.. بچووکبوومەوە، بچووکبوومەوە، هەتا بەقەد ماسییەکم لێهات و بۆ خوم لە ئاوێکی سارد و خۆشا دەستمکرد بە هاتوچۆ. لەپڕ بووم بە قولاپی ماسیگرێکەوە.. هەرچەند خۆم ڕاپسکان، فایەینەبوو. ئاخری هێنامیە ماڵەوە و ناوسکی هەڵدڕیم و تەماشائەکەم ژنەکەی تەشتێ ڕۆنی بۆ خستمە سەر ئاگر. خۆم بە خۆمم وت: ئای ئەحمەد، قوڕ بەسەرت، بە ناموسم فەوتایت. برا ڕۆن کەوتە قرچەقرچ، دووکەڵی لێ پەیابوو. وەڵلا ژنە هەڵیگرتم بمخاتە ناو تەشتە ڕۆنەوە، نەخێر گەرمایی بە لەشم گەیشت، برا ئەو غەدارە دەسی لێ بەرەڵلاکردم و پشتم سووتا. وەڵلا نەمکردە نامەردی، قەڵەمبازێکم دا. کە چاو ئەکەمەوە، دایکی حەسەن خەریکی کوژاندنەوەی جلەکانمە وە سەریشم کێشاوە بە پەنجەرەکەدا، تەبەقێ شووشەم شکاندووە. دە فەرموو دەی ئەوە خەیاڵی بەنگ. ئیتر حەمە چۆن قاچی گومنابێ؟ (هەردووکیان پێئەکەنن).

کەریم: بە خوا من بەنگم هیچ لا باش نییە؟

ئەحمەد: ڕازئەکەی بەنگ خراپە، ڕاستت ئەوێ تلیاکە شای کەیف و خەیاڵ.

کەریم: ئەحمەد وا دیارە ئەم تلیاکەی نەصروڵلا زۆر شتێکی نایابە؟

ئەحمەد: بە چییا ئەزانی؟

کەریم: ئەوا سواری قاووغە شقارتەیەک بووم و لە ئوتوموبیل تیژتر بۆ خۆم بەسەر ئەم ئەم جادانەدا دێم و دەچم، نایەیت بتبەم بۆ سەرچنار، وەرە لە تەنیشت خۆمەوە سواربە.

ئەحمەد: نە بە خوا من وام لەناو قۆپیی قەرەداغا.. ئەی هاوار لەم هەموو جوانییە، فێنک، خۆش..

کەریم: خۆت لادە دایکم، خۆت لادە.. با پێتەوە نەکەم، لاچۆ لە بەردەمی ئۆتومبیلەکەما.. ئەها.. ئەها.. (دەنگێک) ئەهـ بە زاتی خوا چەرداخ بە دووکانی تایەنەوە نەما.. بە ناموسم هەموویم پێئەبژێریت..

ئەحمەد: بە خوا قۆپی سامدارە.. ئەم شاخە بەرزانە و.. ئەم هەموو چڕوبێشەیە و جیک جیک، ئەی هاوار بە ماڵم، پڵنگە، پڵنگ، وا ئەمخوا، ئەمخوات، ئای ئای ئەشهەدوبیللا خواردمی.

(مۆسیقا)

حەسەن: بابە، وەرەوە دایکم بانگتئەکات؟

ئەحمەد: ها؟ .. دایکت؟ منی بۆ چییە؟

حەسەن: نازانم دە هەڵسە.

کەریم: دە هەڵسە، ئەحمەد بزانە چییان ئەوێت؟

ئەحمەد: سەعات چەندە، حەسەن؟

حەسەن: وا نزیک حەوتە.

ئەحمەد: نزیک حەوت، ئەها.. ئەوە بۆ وا زوو ڕۆژ ئەبڕێتەوە؟ بە دوعا کەریم ئەفەنی؟

کەریم: خوا حافیظت بێ، هینەکەت لەبیرنەچێت.

حەمە: خۆت وەکیل بە، بە خوا نازانم، دووانە، سیانە..

ئەحمەد: باشە، قەیدیکە بە دوعا، نەختێ لەو خەڵووزەم بۆ بنێرەوە.

حەمە: باشە، بەسەر چاو. خوا حافیظ بێ.

(کەمێک بێدەنگی)

(مۆسیقای کۆڵان)

ئەحمەد": کێ لە ماڵەوەیە، حەسەن؟

حەسەن: دایک و مناڵەکان.. تووخوا بابە گیان عەیبنییە وا لە خۆشت و ئێمەش ئەکەیت؟!

ئەحمەد: عەیبی چییە، هەتیو؟ چیم کردووە؟

حەسەن: ئینجا چی ماوە بیکەیت، عەیب و شوورەیی لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەو چایخانە پیسەدا دائەنیشت، ئەم هەموو پارەیە قەرزاریت، هیچ لە ماڵا نییە.

ئەحمەد: وس‌بە کەرە، تۆ هێشتا سەرت لە هێلکە نەجووقاوە، لە دنیا چووزانی.. ئەرێ حەسەن؟

حەسەن: بەڵێ.

ئەحمەد: ئەوە ئەم ئاوە زۆرە چییە؟

حەسەن: کام ئاو؟

ئەحمەد: چۆن کام ئاو هەتیو، ئەی چاوت تەنەکەیە؟

حەسەن: ئەمە جۆگەلەیە.

ئەحمەد: جۆگەلە (پێ‌ئەکەنێ) ئەمە جۆگەلەی پێ‌ئەڵێن، بەزیادبێ، فایەی‌نییە. ئەمە لە تەحەمولی منا نییە، ئینجا خۆ من مەلەش نازانم.

حەسەن: ئەوە چی ئەکەی، بابە؟

ئەحمەد: چۆن چی ئەکەم؟ دەی تۆش خۆت ڕووتکەرەوە، با تەڕنەبین..

حەسەن: بابە بۆ خاتری خوا، خەڵقی چاوی لێیە، عەیبە، خۆت ڕووتمەکەرەوە.

ئەحمەد: عەیبی چییە، هەتیو دەی خۆت ڕووتکەرەوە.

حەسەن: بابە جۆگەلەیە جۆگەلەیە، بازێک بدە ئەپەڕیتەوە.. ئێ هاوار خوا..

ئەحمەد: چەنە مەدە کەرە، بەقەد تانجەرۆ بێت، جۆگەلەی چی؟

حەسەن: ئەوە ئاخری خۆت ڕووتکردەوە؟ شەرتبێ بە شەرتی خوا جارێکی‌تر سەر نەکەمەوە بە ماڵا..

(دەنگ دوورئەکەوێتەوە)

ئەحمەد: (بە دەنگی بەرز) بۆ کوێ ئەچی، حەسەن؟

حەسەن: سەری خۆم هەڵئەگرم لەتاو تۆ، لەتاو کردەوەکانت، لەتاو تلیاک، لەتاو تلیاک.

(مۆسیقا)

(تەواو)

# خزمی خراپ*

١٩٥١/١٠/٢٩

محەمەد: (لە بەرخۆیەوە) ئەوا جل لەبەرکرا، چیم لەبیرچووە؟ چیم لەبیرچووە؟ هیچ، مردووت مری، ئەوەندە شت لێکئەدەیتەوە.. چیت لەبیرچووە، دە ملی ڕێگا بگرە و بڕۆ بۆ دائیرەکەت. هەشەشین بەسەرت، با دەرتنەکەن. گوایە بۆ دەرمئەکەن؟ ئەم هەموو قوڕبەسەرییەش بچێژم، بەم مەعاشە کەمەش ڕازیبم، هێشتا دەریشمکەن.. یاخوا موبارەک نەبێت، لەپاشا ئەم فکرکردنەوەیەی بۆ چییە ماڵوێران؟ ئێستا چیم لەبیرچووە؟

ئینجا بۆچی من مێشکم لەسەرا ماوە، بۆچی پارەم لە گیرفانا ماوە، بۆچی زەخیرە وا لە ماڵما بەدەست میوانەوە. بۆچی ئەشوێرم قسەبکەم؟ نەء. قسەی چی ئەی قوڕبەسەر من. ئەی بۆ پێشینان وتوویانە "میوان کەری خانەخوێیە"؟ پێشینان شەکریان خواردووە، نوقڵ لە دەمیان. خانەخوێ کەری میوانە.

بە خوا لەمەودواوە یەکێ بڵێ "میوان کەری خانەخوێیە"، هەڵیئەدڕم.

کوڕە ئێستا وەختی ئەمەیە؟ بۆ ناچی بۆ دایەرەکەت، ماڵوێران؟

باشە ئەڕۆم، هێشتا نیو سەعاتی ماوە. ئەم پەلەپەلە چییە؟ بەڵام چیم لەبیرچووە؟ چیم لەبیرچووە؟ ئا.. سدارەکەم.. کچێ زەکیە.. زەکیەخان، زەکیە.

زەکیە: (لە دوورەوە) تۆزێ ڕاوەستە، چا بۆ پوورم تێئەکەم ....

محەمەد: ئەی هاوار بە ماڵم خوا... کوڕە ئەمە ماڵ نییە، ئەمە نەخۆشخانەی شێتانە، چییە ئەمە؟ بە ناموسم ئەوەندەی نەماوە کەللەیی‌ببم.. کوڕە نە ڕەفیق ڕەفیقە، نە خزم

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، سلێمانی (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)، ٢٠٠٠، ل١٠٤-١١٣.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنێن. ڕاستییەکیشی بە دەفتەرەکەوە دیارە پێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە. بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

خزمە، نە دەرەوە دەرەوەیە، نە ماڵ ماڵە، نە دائیرە دائیرەیە... ئەی هاوار، کوڕە ئینسان ئەتەقێت. دنیایەک کەوتووین، هیچی بەسەر هیچەوە نییە، کچێ.

زەکیە گیان (بە ئەسپایی) لەبەر پوورت مرم، وەرە بەلامەوە، ئاخر خۆ منیش مێردتم.. کچێ زەکیە؟

زەکیە: ئەوە ئەڵێی چی؟ ئەوە لە بەرخۆتەوە قسەی چی ئەکەیت؟ چیت ئەوێ؟

محەمەد: سدارەکەم، کوا سدارەکەم؟

زەکیە: داخۆ گوتم چی ئەوێ؟ ئەم هەموو ئیشەش بکەم و بەشوێن سدارەکەی تۆشا بگەڕێم. من ئیشم هەیە و وا نیوەڕۆیە.

محەمەد: ژن ئەبێ وا جوابی مێرد بداتەوە، زەکیە؟

زەکیە: دە بزانە لە کوێ داتناوە، فیکر بکەرەوە....

محەمەد: فیکر فیکری چی؟ کوا فیکر ماوە، قوڕبەسەر فیکر، قوڕ بەسەر ئەوەی فیکرئەکاتەوە، بەسەر ئەوەی فیکری ماوە... من ئا لێرە دامنابوو، شەوێ کە بە ناخێرم خۆم ڕووتکردەوە، .. ئا لێرە.

زەکیە: ئەی ئەوە چییە بەو بزمارەوە هەڵواسراوە؟

محەمەد: ئەوە؟ ئەوە سدارەیە؟ بەڵام هیی من نییە خانم.

هیی حەسەنبەگە، ئەی هیی حەسەبەگی مێردی کچی پوورت، هیی میوانە، یا خوا بەخێربێی میوانی عازیز، بە ڕۆژی بەهار بە شەوی پاییز.

زەکیە: ئەوە ئەم گاڵتەکردنەت لە چی، پیاوەکە؟

محەمەد: گاڵتەی چی؟ پێشینان وایان وتووە. ئێ لەپاشانا ئەی مێردی کچی پوورت، پوورت خۆی، ئێمەیان گەورەنەکردووە، ماڵەکەی ئێمەیان ئاوەدان و ڕووناک نەکردۆتەوە! ئەی عەزیز نین، ئیشیان چییە لێرە؟ ئەمانە هەمووی لەولاوە بوەستێ، ئەی دنیاش پاییز نییە؟ ئیتر بۆچی ئەڵێی؟

زەکیە: عەیبە، دەنگ هەڵمەبڕە، پیاوەکە لەودیو نوستووە، پووریشم گوێچکەی سووکە.

محەمەد: ئەوە جارێ باسی پیاوەکە لە دواییا ئەکەین، بەڵام پوورت بۆچی ئەبێ گوێچکەی سووک بێت، لە تایەفەی مشکە؟

زەکیە: یا خوا بەبەزیادنەبێت ئەوا، بۆچی باسی خزمەکانم ئەکەی، ئەی خزمەکانی خۆت؟

محەمەد: خزمی من بن یان هیی تۆ، فەرقییان نییە، هەموویان هەر بۆ ئەوە یەن کە زەرەرمان لێبدەن. هەموویان سن و کوللەن، یەن بۆ زەخیرەخواردن، بۆ ئەوەی ماڵەکەمان گەسک لێبدەن. گیرفانمان بەتاڵبکەنەوە، بمانخەنە ژێر باری قەرزەوە، ئاژاوەمان بۆ بنێنەوە.

زەکیە: لەسەری مەڕۆ، لەسەری مەڕۆ، ئینجا کێ بەدەم دەرەقەتی تۆ یەت؟ لە هەزار ئاوت داوە، قولەپێت تەڕنەبووە.

محەمەد: قولەپێم، قولەپێی چی، ئێمە باسی میوانە عەزیزەکانمان ئەکەین، زەکیەخان. ئەی! میوان... میوان.

زەکیە: ئەم بەیانییە شەڕت لێئەبێتەوە، پەنام بە تۆ خوایە! خراپ هەڵساوی، ئەتەوێ بەزم داگیرسێنیت، ئەتناسم.

محەمەد: ناحەقمە خراپ هەڵسم؟ ئەمشەو لەسەر قەنەفەکە نوستم، هەرچی پەراسووم هەیە تێکشکاوە، ئافرەت. خوا هەڵناگرێ، پوورت دوێنێ قەرەوێڵەکەی پێ چۆڵکردم بۆ حەسەن ئەفەندیی زاوای، ئەڵێی گونی عەرزە!

زەکیە : وس ... وس، لەودیو نوستووە، حەیامان مەبە.

محەمەد: ئێستە نەمەلازم زەکیەخان، سدارەکەم بۆ بدۆزەرەوە. با بڕۆم دەستی یەکێک ببرم، شتومەکتان بۆ بکڕم، یەعنی شتومەک بۆ میوانە عازیزەکانمان بکڕم...

زەکیە: ئەو شتە ڕەشە چییە لەسەر دەمی گۆزەکەم؟

محەمەد: کامە؟ کام گۆزە؟ ئادەی... دەک موبارەکم نەکرد، ئەمە خۆ سدارەکەی منە، بۆ لەوێت داناوە؟

زەکیە: بەزیادنەبێ؟ بۆچی من شێتبووم، سدارەکەت بخەمە سەر دەمی گۆزەکە.

محەمەد: ئینجا کەواتە من شێتبووم و هێشتا بە خۆم نەزانیوە؟

زەکیە: نەء، من لەسەرمکردبوو، کە دامکەن، خستمە سەر دەمی گۆزەکە.

محەمەد: ئینجا کەواتە من شێتبووم و هێشتا بە خۆم نەزانیوە؟

زەکیە: نەء، من لەسەرمکردبوو، کە دامکەن، خستمە سەر دەمی گۆزەکە.

محەمەد: ئەمە ئیشی ئەوە، خوا دەستی بشکێنێ، پەنجەکانی هەڵوەرێنێ.

زەکیە: بێدەنگبە، بۆ خاتری خوا، با گوێی لێنەبێ.

محەمەد: گوێی لێ‌ئەبێ فیلناری فیلسەقەر. کچێ خۆ من تەقیم، بە درێژیی شەو سدارەکەم لەسەر دەمی گۆزە دابنرێت، خۆم لەسەر قەنەقەکە هەموو پەراسووم بشکێت و هێشتاش بێ‌دەنگ‌بم. فەرموو تەماشاکە چۆن درێژبووە، ئەڵێی لووتی حەسەن ئەفەندییە.

زەکیە: بێ‌دەنگ‌بە، بۆ خاتری خوا، ئێستاکە چوویت بو دایەرە، ئوتووی لێ‌دە....

محەمەد: ئەی پەراسووم چی لێ‌بکەم؟ ئەویش لەئوتووبدەم؟! ئەوا گیرفان ئوتووی لێ‌دراوە، زەخیرەش گەسک.

زەکیە: بەڕاستی تۆ زۆر گۆڕاویت، عەیب نییە، چییە ئەمە؟

محەمەد: تۆ ڕاستت‌دەوێ، وا ڕۆحم گەیشتە سەر لووتم، هیچ لە توانامدا نییە لەمە زیاتر خۆم بخۆمەوە، بەسی نییە ئیتر. کەی پوورت بەخێرێ تەشریف‌ئەبات؟

زەکیە: چی بکەین، گوایە دەری‌کەین؟

محەمەد: ئاخر نابێ زەوقی هەبێ، نەختێ لێک‌بداتەوە؟! ئەو وتی: هەفتەیەک زیاتر نامێنێتەوە، کەچی وا بوو بە چوار مانگ.. تەقیم بۆ خاتری خوا؟

زەکیە: ئاخر عەیبە و میوانمانە؟

محەمەد؛ ئێمە میوانی ئەوین، حەدمان چییە، ئەو خاوەنی ماڵە.

زەکیە: ئێستا چیت ئەوێ؟

محەمەد: بڕوات، بڕوات، تەشریف‌بەرێت، بچی بۆ ماڵی خزمێکی‌تر. هەر من خزمم؟ .. ئای ... سەیرە سەیر!

زەکیە: ئەی حەسەن ئەفەندی؟

محەمەد: کێ، حەسەن ئەفەندی؟ (پێ‌ئەکەنێ) ڕاس‌ئەکەی حەسەن‌بەگم لەبیرچوو، ئەویش تەشریف ئەبێ ببات، بۆ ئوتێل، بۆ ماڵی خزمێکی‌تر. دوو قەرەوێڵەمان بە هەزار کوێرەوەری کڕیوە، کەچی هەردووکیان لێ داگیرکردووین. پەراسووم شکا بۆ خاتری خوا.

زەکیە: ئاخر تۆ خانەخوێیت، عەیبە قسەبکەی، تۆ خاوەنی ماڵی....

محەمەد: (پێ‌ئەکەنێ) ماڵ؟ کام ماڵ؟ ئەی ماڵم بەقوڕگرت، وەکوو میوان بەقوڕی‌گرت. ئێستا تۆ پێم‌ناڵێی بۆچی کە دوو قسە بە بەرزی ئەکەم، پوورت

هەڵئەداتێ. ئەو حەقی چییە بەسەرەوە، لە کاولبووەکەی خۆشما نابێ دوو قسە بکەم؟ ئەبێ ئیزنی لێوەرگرین؟ یاخوا موبارەکنەبێت.

زەکیە: خوا وای دروستکردووە، چیی لێبکەین. لەپاشا وەکوو لەگەڵ حەسەن ئەفەندییایە، پێکەوە برۆن و ڕزگاربین، بەڕاستی بۆژەبووین[1].

محەمەد: ئێستا کەی حەسەنبەگ تەشریفئەبات؟ .... ئەترسم ئەویش وەکوو پوورت دووسێ مانگ گەورەمانبکات؟

زەکیە: بڕواناکەم، ئەوا پوورم پوورمانە، ئەو چی؟

محەمەد: ئەو؟ ئەی ئەویش مێردی کچی پووری تۆ نییە؟ ئەویش بەشدارە. ڕاستتئەوێ، زەکیە من ئەم حەسەن ئەفەندییەم هیچ بەدڵنییە.

زەکیە: ئێستا چارماننییە. ئەوا تووشبووین پیاوەکە.

محەمەد: هیچ شتێک نییە لە دنیادا ناوی تووشبوون بێت و چارەسەرنەکرێت. بەڵام تۆ پێمناڵێی بۆچی هەتا ئێستا من بە خزمەت ئەم پوورەی تۆ نەگەیشتووم.

بە خوا ئەمە و حەسەن ئەفەندیم بدیایە، بڕواناکەم بمهێنایتایە.

زەکیە: پیاوەکە عەیبناکەی قسەی وا ئەکەیت. من هەقم چییە بەسەریانەوە، من لەگەڵ تۆدام. خوایئەکرد هەر ئێستا دەرتئەکردن، منیش بارم سووکئەبێ و دوو پارووی ڕەحەتی ئەخۆم.

محەمەد: ئەوە حەسەنبەگ هێشتا هەڵنەساوە.

زەکیە: نەء، پوورم ئەڵێ هیلاکە، با بنوێ.

محەمەد: جوانە، هیلاکی چییە؟ بە خوا ئەم عالەمە بێشەرمن. ئاخر وا من ئەڕۆم بۆ دایەرە، لۆزەندەری وا لە ماڵەوە نوستووە، بۆچی؟ کچێ تەقمکرد، ئەوا کوا پوورت، هەژدیهام کرد بەگژیا؟

زەکیە: لە مووبەق چائەخواتەوە.

محەمەد: لەو حەلەوە هەر چائەخواتەوە؟ ئەی قوڕ بەسەر چا، بەسەر شەکر، بەسەر ئەوەی ئەیانکڕێ. کچێ ئافرەت مردم. بە ناموسم لەو ڕۆژەوە کە ئەو خەڵقە سەریان تێکردووین، نە خەوم خەوە و نە خواردنم خواردن.

---

[1] بۆژە: بێزارکردن، جاڕس و هەراسان کردنی یەکێک. (ک.ڕ)

زەکیە: بێدەنگبە، پیاوەکە زۆری ڕۆیشتووە و کەمی ماوە. هەڵسە با بچینە لای پوورم.

محەمەد: ئاخر ئەترسم دەستبکات بە تەحقیق و تەحقیقکاری لەگەڵما؟ با بڕۆین، سابیرم بە بەشت خوایە..

(مۆسیقا)

پوور: ئەوە هەتا ئێستا چیتان ئەکرد لە ژوورەوە؟ ئەوە بۆچی بە تەنیا لێرە بەجێتانهێشتم، ڕۆڵە؟ تووخوا ئەوە باسی چیتان ئەکرد؟ خۆ من حەقیشم نییە بەسەرەوە، بەڵام هەروا ئەڵێم.

زەکیە: بە خوا پووری باسی هیچمان نەئەکرد، محەمەد ئەیەوێت بڕوات بۆ دایەرە.

پوور: ئەوە بۆچی، ڕۆڵە زەکیە، شت لە پووری خۆت ئەشارێتەوە. پەنام بە تۆ، هەر ئەڵێی دایکتی. تووخوا حەمە باسی چیتان ئەکرد؟

محەمەد: باسی سدارەکەمان ئەکرد کە خرابووە سەر دەمی گۆزەکە.

پوور: ئۆی ئەوە من دەمی گۆزەکەم پێداپۆشی. چی بکەم ڕۆڵە هیچم دەستنەکەوت بیخەمە سەر دەمی گۆزەکە.

محەمەد: ئاخر گۆزەکە خۆ دەمەوانەی پێوەیە، ئیتر ئەم سدارەی من بۆچی؟ ئەی هیچ شتێکیتر نەبوو لە سدارەکەی من زیاتر؟

پوور: ئینجا ڕۆڵە عەیب و شوورەیی من چۆن بەناو ماڵی ئێوەدا ئەگەڕێم، من چۆن دەستئەبەم بۆ هیچ. من میوانم، ڕۆڵە. چۆن بۆ من ئەشێ دەست لە شتومەکی ئێوە بدەم.

محەمەد: تۆ میوانی؟ حاشا تۆ خاوەنی ماڵی، تۆ گەورەی ماڵەکەی، لە چوار مانگ لەمەوبەرەوە کە تەشریفتهێناوە، ماڵ بووە بە بەهەشت، پاک، جوان، ڕووناک، تەمیز.

پوور: یا خوا خوا بتهێڵێ بۆمان قورعانەکە، یا خوا خوا بۆ منت بهێڵێ.

محەمەد: هەر بۆ تۆ؟ هەر بۆ تۆ نا، لەبەر خاتری حەسەن ئەفەندیش.

پوور: ئەوە بۆچی ڕۆڵە وا درەنگ هەڵئەسیت، بە خوا من لە مەلابانگدانەوە بەخەبەرم.

محەمەد: منیش لە سبەینێوە مەلابانگدان هەڵئەسم، چارم چییە، بەڵام لەبەر حەسەن ئەفەندی، ئەترسم خەبەری‌بێتەوە.

پوور: ئا، ڕاستەکەی. بە قوربانی سەعاتێکی حەسەن بم، ئیمامی حەسەن دەست بە باڵی بگرێت. تووخوا تەقەمەکە، با خەبەری‌نەبێتەوە، با تێر بۆ خۆی بنوێ.

محەمەد: بەسەر چاو، بەسەر چاو، ئەمریکی‌ترتان نییە؟

پوور: بە خوا ڕۆڵە وتم بڕۆمەوە، ئیتر بەڵام کە حەسەن هات....

محەمەد: یەعنی بەیەکەوە ئۆغرئەکەن، کەی؟

پوور: نەوەڵڵا لەبەر ئەو وا جارێ ئەمێنمەوە، چی بکەم ڕۆڵە.

محەمەد: یەعنی حەسەنیش قەراری وایە یەکدوو مانگێک گەورەمان‌بکات؟

پوور: مانگ‌ونیوێک ئیجازەی وەرگرتووە و ئەشڵێ درێژی‌ئەکەمەوە.

محەمەد: چی، مانگ‌ونیوێک، تەنیا مانگ‌ونیوێک، هەر چل‌وپێنج ڕۆژ و بەس، ئەی گیان، کوڕە گیان. ئەمجارەش گیان، درێژیشی‌ئەکاتەوە، هەر درێژ و بەس؟ ئەی بۆ پانیشی‌ناکاتەوە! پانمان ئەوێ، درێژی‌ئەکەینەوە. جوانە، یاخوا بەخێربێی میوانی عازیز، بە ڕۆژی بەهار بە شەوی پاییز...

(مۆسیقا)

حەسەن: (دێتە ژوورەوە و باوێشکئەدا) چییە، بزانم مەسەلە گۆرانی‌وتن و شادییە.

محەمەد: ئەی چۆن؟ وا خەسووت مژدەی یامێ کە مانگ‌ونیوێک گەورەمان‌ئەکەن، گوایە شت لەمە خۆشتر هەیە.....

پوور: چیم پێ‌وتی حەسەن گیان؟ نەموت ئێمەیان زۆر خۆش‌ئەوێت.

حەسەن: وەڵڵا ڕاستت‌کرد، نەمئەزانی ئێجگار بەم ڕادەیە بەتەنگ ئێمەوەن.

پوور: ڕۆڵە حەمەکە، حەسەن خەریک‌بوو لە ئوتێل دابەزێت.

محەمەد: ئۆتێل؟ ئینجا ئەوە عەقڵە، گوایە مێردی کچی پووری ژنەکەت ئوتێلی هەبێ، ئیتر ئوتێل مەعنای چی؟

پوور: بە خوا ڕۆڵە منیش وام پێ‌وت.

محەمەد: زۆر زۆر چاکتکرد، ئافەرین بۆ عەقڵ و کەماڵت، ئافەرین بۆ سەلیقە و تەگبیرت.

زەکیە: دە هەڵسە، محەمەد بچۆ بۆ دایەرەکەت، درەنگە.

محەمەد: ئا.. ڕاستئەکەی، بەڵام چی بکڕین بۆ نیوەڕۆ؟ چیتان بۆ بنێرمەوە؟

حەسەن: ئا.. باش بوو بیرتخستمەوە، لوتفەن دوو ماسیی گەورەمان بۆ بنێرەوە.

محەمەد: ماسی؟

حەسەن: لەگەڵ نەختێکیش گۆشت بۆ چێشتی شلە.

محەمەد: جوانە.

حەسەن: تۆزێ سەوزە و میوەش. ئا ئەوە خۆ مریشکیشتان لەماڵەوە هەیە... زۆر شتێکی باشە ئەم مریشک بەخێوکردنە، حازربەدەستە، من ....

محەمەد: تۆ ڕاوەستە، کاکی خۆم، ڕاوەستە، بەڵام ئەم هەموو شتومەکانە بۆچی؟ چی قەوماوە؟

حەسەن: وەڵڵا چەند هاوڕێیەکم بانگکردووە بۆ قاوەڵتی.

محەمەد: کێن ئەم هاوڕێیانەت؟

حەسەن: دوێنێ دیمن، ئیتر منیان دەعوەتکرد بۆ سەر قاوەڵتی و منیش...

محەمەد: تۆش بانگتکردنەوە، وەنییە؟

حەسەن: با وایە؟

محەمەد: زۆر جوانە.

حەسەن: زۆر جوانە.

محەمەد: بەڵام شار پڕیەتی لە چێشتخانەی نایاب.

پوور: ئینجا ڕۆڵە ئەوە چۆن وائەبێ؟ چۆن ئەو لێرە دابەزیوە و هاوڕێکانی بەرێ بۆ چێشتخانە؟ گوایە ئەمە عەقڵە.

محەمەد: عەقڵ؟ ئینجا کوا من عەقڵم ماوە؟ ئەمە ماڵی منە یا ماڵی تۆیە، پووری موحتەرەممان؟

پوور: زانیمان ماڵی تۆیە، بەڵام چی لە ماڵەکەت کراوە، خوانەخواستە؟

محەمەد: ئینجا -خوانەخواستە- ئەتانەوێ چییتری لێبکەن؟! ماڵتان لێداگیرکردووم، لاتان لێبڕیومەتەوە، لەسەر قەنەفە ئەنووم، خۆم و ژنم خزمەتکاری و کارەکەریتان ئەکەین، سەرباری ئەمانەش خەڵقیم بۆ دەعوەتئەکەن؟

حەسەن: بەسە، بەسە، من بەهەڵەچووم، من ویستم بە ئینسانی موحتەرەمت بناسێنم.

محەمەد: من نە ئەمەوێ جەنابت بناسم و نە هاوڕێ موحتەرەمەکانت.

زەکیە: چییە ئەوە؟ محەمەد ببڕێتەوە.

محەمەد: بۆچی ببڕێتەوە؟ بەردم، دارم، لەم ماڵەدا؟

حەسەن: ئینجا ئینسان وا لەگەڵ میوانا ئەجووڵێتەوە؟

محەمەد: بۆچی ئەو کارەی ئێوە ئەیکەن کاری میوانە، کە ئەبێ کەری خانەخوێ بێت، خواردن ئەخۆن و من پارەکەی ئەدەم، کارەبا ئەسووتێنن من ئەیدەم. کرێخانوو، پارەی جلشتن، لەئوتوودان، ئەمانە هەمووی لە گیرفانی من دەرئەچێت. سەرباقیی ئەوەش، ئەچیت خەڵقم بۆ دەعوەتئەکەیت و بەبێ ئەوەی تەریقببیتەوە، بە من ئەڵێی ماسی و گۆشت و سەوزە و میوە بهێنەرەوە و مریشکیشمان هەیە. بۆچی من حەمەقەدۆم... یا سکە لێئەدەم؟

پوور: ئا... مەسەلە پارەیە... ئێی... ئێی، ئینجا ڕۆڵە بۆ وا ناڵێی حەمەکە... ئادەی حەسەن پارەی بەرێ....

حەسەن: پارە لای من ئەهەمییەتی نییە، بەڵام ئەڵێم عەیبە لە بەینی خزمایەتییا و... لەپاشا بۆ ناوی خۆی باش نییە... ئەگینا ها ئەوە پارە.

محەمەد: پارە مەدە بە من... بچۆ خۆت و خەسووت پێی بژین و ڕەفیقەکانتی پێ بەرە بۆ چێشتخانە. من موحتاجی پارەی ئێوە نیم، بەشی خۆم و ماڵی خۆمم هەیە و بەسەر ورگی کەسیشەوە نیم و نابم، تێئەگەی حەسەن ئەفەندی؟

حەسەن: نەختێ ئەدەبی خۆت بپارێزە و بزانە چۆن قسە لەگەڵ پیاوا ئەکەیت!

محەمەد: دەک موبارەکنەبێت ئاوا، لە ماڵی خۆشما خەریکی بەگژمایەیت، سەرباقی هەموو شتێک.

پوور: ئەوە بۆ بە مێردەکەت ناڵێی، زەکیە؟

زەکیە: چیی پێبڵێم؟

پوور: یەعنی تۆش لەگەڵیایت و پشتیئەگری.

زەکیە: ئەی پشتی تۆ و حەسەنی زاوات بگرم، ماڵتان لێکردین بە جەهەنەم.

پوور: بە قورعانە گەورەکە یەکدەقیقە لەم ماڵەدا نامێنم، حەسەن.

محەمەد: پێویست بە سوێنخواردن ناکات، فەرمووون.

حەسەن: تۆ ئەتوت خۆشیانئەوێین، پوورێ؟

پوور: بەهەڵەچووم، مار بە زمانمەوە بدات، من چووزانم خزمێکی وا خراپن.

محەمەد: خراپین، چاکین، لەسەری مەڕۆن، شتومەکەکانتان بپێچنەوە و تەشریفبەرن.

پوور: ئیتر نەیەن بە ماڵمانا هوو؟

محەمەد: لام وایە تاکە قۆندەرەکەمان دائیما لەوێ کەوتووە! کچێ من کەی تۆم ناسیوە، کەی چاوم بەسەر و سەباحی خۆت و کچ و مێردی کچت کەوتووە؟! من کە ژنمهێنا، بۆچی لایەکتان نەهاتن بەلاما؟ بۆچی کەستان دەستێکتان نەگرتم؟ ئێستاش بۆ میوانداریەتی و ماڵ بەقوڕگرتن، بووم بە خزمتان. وەڵڵا لەمەودواوە یەکێکتان بەم ماڵەدا بێن، سەگتان پێوەئەنێم.

حەسەن: لەسەری مەڕۆ، کابرا، یا ئەڵڵا پوورێ با بڕۆین.

پوور: یا ئەڵڵا پێشمکەوە، بچین بۆ ماڵی جەلال ئەفەندیی خۆمان.

محەمەد: ئەچن بۆ هەر کوێیەک فەرمووون، دەی خێرا. مەوەستن.. خێرا، خێرا.. وەڵڵا ئەوی بە ماڵما بێت، چی و چی ئەکەم بە ورگیا. دەی بۆ دەرەوە.

حەسەن: ڕاوەستە، پاڵم پێوەمەنێ، عەیبناکەی؟

محەمەد: ئینجا تۆ لە ڕێی پاڵای، سیخنەی لە ئۆمەت نەچووە! یا ئەڵڵا.

(مۆسیقا)

شەریف: (لە دەرگا ئەدا) .. ئەوە ئەڵێی کەس لێرەنییە... چییە ئەمە، (لە دەرگا ئەداتەوە بە قایم) ئەمەیە ماڵی حەمە ئەفەندی؟

محەمەد: کێ بێ ئەوە، ئافرەت؟ خێرە دیسان؟ ئا بچۆ ئەو دەرگایەی لێبکەرەوە.

زەکیە: خۆت بچۆ وا من نان تێئەکەم، دەستم گیراوە.

محەمەد: ئێستا بەیانیمان بەو نەوعە ڕابوارد... بەم وەختی قاوەڵتییە ئەم لەدەرگادانە مەعنای چی؟ کێیە ئەوە؟ کێیە؟

شەریف: منم حەمە، ئەمە ماڵی حەمە نییە.

محەمەد: کام ماڵی حەمە؟ حەمە کێیە؟ حەمەی خزمەتکاری باوکت؟

شەریف: حەمەی خزمی خۆمان، خزمی پوورم کە کاکە حەسەنم کچی پووری ژنەکەی ئەوی هێناوە، مەئموورە مەئموور.

محەمەد: ئا.. مەئموورە مەئموور، حەمەی خزمی کاکە حەسەنت، ڕازئەکەی. فەرموو وەرە ژووریَ، وەرە.

زەکیە: ئەمە برای حەسەنی مێردی کچی پوورتە، تەشریفیهێناوە، فەرموو.

شەریف: خوا سەلامەتتکات، ئەوە کاکم لە کوێیە؟ دوێنیَ پێیوتم هەموو پێنجشەمووان و جومعانێک بێم بۆ ئێرە، چونکە من لێرە لە مەکتەبم.

محەمەد: ئێی زۆر جوانە، بەڵام کاکت و پووری کاکت تەشریفیانبرد بۆ ماڵی جەلال ئەفەندیی خزمتان، ئەگەر حەزئەکەی بچۆ بۆ ئەویَ.

شەریف: نەوەڵڵا، بۆچی بچم؟ خۆیان یەنەوە نەختێکیتر...

محەمەد: بۆ کویَ یەنەوە؟ بۆ کویَ؟

شەریف: ئەی نایەنەوە؟ گوایە بە ئێجگاری ڕۆیشتوون؟

محەمەد: بەڵیَ، بە ئێجگاری تەشریفیانبردووە.

شەریف: بۆچی چوون بۆ ئەویَ، ئێرە باشتر نەبووە؟! بە خوا من ناچم، حەز لە چارەی ژنەکەی جەلال ئەفەندی ناکەم.

محەمەد: کوڕە، هەڵسە بۆ دەرەوە، قوڕمساغباوک، بەڵام دا لە چارەی خۆت و برا و جەلال ئەفەندی و ژنی جەلال ئەفەندیش ئاوا.... وەڵڵا هەتیو سەربکەی بەم ماڵەدا، تەسلیمی پۆلیست دەکەم.

شەریف: تۆ ڕاوەستە کاکەحەمە...

محەمەد: کوڕە بۆ دەرەوە، قوڕمساغ بۆ دەرەوە، بەڵام دا لە خزمی خراپ، بەڵام دا لە خزمی درۆزن، لە خزمی خزم، بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە...

(تەواو)

## **چڵکاوێکی پیس:**
### نەخۆشیی سفلس*

١٩٥١/١٢/١٠

گۆڕینی لە عەرەبییەوە

(چیرۆکبێژ - راویة)

گوێگرە خۆشەویستەکان

قەوماو و کارەساتی ناو چیرۆکی ئێستامان، سەبارەت بە پیسترین نەخۆشییە، کە زیانێکی ئێجگار گەورە بە لەشساغیی گشتی و بە دواخستنی پێشکەوتنی بەشەرییەت ئەگەیێنێ، باسی ئەنجامی ناهەمواری پڕ لە کوێرەوەری و ماڵوێرانیی ئەوانەیە کە چڵکاوی پیس، کە پاشماوەی خەڵقی، بەکارئەهێنن، ئەنجامی ئەوانەی لە ڕێی لەزەتێکی سەردەمیی کەما بە دەستی ئەنقەس خۆیان دوچاری نەخۆشیی سووزەنەک و فەرەنگی ئەکەن؛ ئەو نەخۆشییانەی زۆر بڵاوبوونەتەوە و لەناو نەتەوە دواکەوتووەکانا پەرەیانسەندووە.

چیرۆکی چڵکاوێکی پیس لە جەرگەی واقیعەوە وەرگیراوە، مەترسیی ئەو نەخۆشییە بێڕەزایانەتان پیشانئەدا کە بنەماڵەی بناغەی کۆمەڵی بەشەر هەڵئەگێڕێتەوە.

---

* سەرچاوە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١١٥-١٢٦.
(جێگەی گوتنە، دەوری ئاکتەرەکان نیشانە نەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەیشی  بە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە. بۆییێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)
ئەم چیرۆکە لە دەستخەتەکەی نووسەردا بە ناوی "چڵکاوێکی پیس: فەرەنگی (سووزەنەک)"ەوە هاتووە، دیارە پاشتر ناوەکەی گۆڕدراوە و لێرەولەوێ کەمێک دەستکاریی ناوەڕۆکەکەی کراوە. لەبەرئەوەی دوایین دەق ئەوەبووە کە لە کتێبی "هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی"دا نووسراوە، پێویست نەبینرا ئاماژە بە دەستکارییەکان بدرێ. (س)

**(فەسڵی یەکەم)**

(شوێن ژووری دکتۆرەکە لە شاری پاریس)

جۆرج: دکتۆر گیان، ڕاستم پێبڵێ.

دکتۆر: کوڕم هیچ گومان لەوەدانییە کە تووشبوویت.

جۆرج: چۆن؟ چۆن ئەزانی؟

دکتۆر: چۆن نازانم، مەسەلە ئاشکرایە، هەموو شتێک بە تەرازووی زانستی ئەکێشرێت. بە میکرۆسکۆب تەماشای جەڕاحەتەکەم کرد، پڕیەتی لە میکرۆب.

جۆرج: (بە شڵەژاوییەوە) پڕیەتی لە میکرۆب، میکرۆبی چی؟

دکتۆر: بە ملیۆنەها میکرۆبی سووزەنەک و فەرەنگی.

جۆرج: چی بکەم، بۆ خاتری خوا؟ بۆ کوێ بچم؟ ڕێگایەک دکتۆربەگ....

دکتۆر: پێویست بە شڵەژان ناکات، چارەسەرتئەکەین، بەڵام چاکبوونەوەی تەواو وەختێکی زۆری ئەوێت.

جۆرج: هیچ چارەسەرێکم ناوێت، خۆم دەرماننەکەم. خۆم ئەکوژم... خۆم لەناوئەبەم.

دکتۆر: زۆر شتێکی سەیرە، لە هەموو شەش کەسێکا کە دوچاری ئەم دەردە پیسە ئەبن، پێنجیان بڕیاری خۆکوشتن ئەدا.

جۆرج: (بە سەرسامییەوە) ئای خوای گەورە!

دکتۆر: بەڵام ئەم بڕیارە.. ئەم بیرکردنەوەیە، شتێکی ڕاستنییە.. بەڵێ، چارەسەرئەکرێت، بەڵام پێویستە کارێکی وا بکەی جارێکیتر تووشینەبیتەوە... نەچیتەوە بەلای ئافرەتی خراپا... ژنیشنەهێنیت، هەتا دەرئەکەوێ کە پاکبوویتەوە بەتەواوی.

جۆرج: ژننەهێنانیش؟

دکتۆر: بەڵێ، ژننەهێنان هەتا چاکبوونەوە، چونکە کامەرانیی خێزان هەرگیز ڕێکناکەوێ و پێکنایەت بەم نەخۆشییەوە...

جۆرج: بەڵام من.. دکتۆر.

دکتۆر: تۆی چی؟ سووزەنەک لە هەموو نەخۆشییەکیتر زیاتر بڵاوبۆتەوە و تووشی گەلێک کەس هاتووە.

جۆرج: خۆزگە تووشمنەبووایە... خۆزگە بمردمایە، پێش ئەوەی دوچاری ئەم دەردە حەیابەرە ببوومایە.

دکتۆر: داخەکەم، شت بە خۆزگە پێکنایەت لەم دینایەدا. ئەوی لە باوەشی پیسی ئافرەتێکی خراپەوە بچێتە باوەشی ئافرەتێکی خراپتر، ئەوی چڵکاوی پیسی خەڵقی بەکاربهێنێت، بێگومان دوچاری نەخۆشی ئەبێت. بەڵام پێویستە پێش ئەوەی نەخۆشبکەوین، بیربکەینەوە، بۆ ئەوەی دوای قەومانی کارەسات، دوای دۆڕاندن، ئاخ بەبانەدەین و پەنجەی نەدامەت نەگەزین.

جۆرج: (ئەگری)

دکتۆر: مەگری، پیاو بە، هیچ دەردێک نییە دەرمانی نەبێ، زانستی زۆر پێشکەوتووە. بەڵێ، نەخۆشییەکە پیس و بێڕەزایە، بەڵام بەسەریا زاڵئەبین، ئەگەر بێت و بەقسەمبکەیت.

جۆرج: یەعنی دکتۆر گیان چاکئەبمەوە، من چاکئەبمەوە؟ ڕزگارمئەبێت؟

دکتۆر: بەڵێ، چاکئەبیتەوە، بەڵام دوو ساڵت ئەوێت.

جۆرج: یەعنی ئێستاکە من ناتوانم ژنبهێنم؟

دکتۆر: بێگومان، نابێ ژنبهێنیت، نابێ بچیت بەلای هیچ ئافرەتێکا.

جۆرج: چۆن ئەبێت دکتۆر... ئەمە لەتوانادانییە.

دکتۆر: توانا؟ توانا، مەعنای چی؟ ئەزانی میرم ئەگەر ژنتهێنا، چی لە خۆت و منداڵە بەسزمانەکانت دێ؟ ئەزانی ئەو ژنە بەسزمانە بێتاوانەی تووشی تۆ ئەبێت، چیی بەسەردێ؟ ژنەکەت لە تۆوە تووشئەبێت، هەموو ناولەشی دائەوەشێت، مناڵەکانت گۆج، ئیفلیج، کوێر، گەڕ، سەروفەساڵ خوار و لووتبڕاو و کاس و وڕ ئەبن. لە دواییا، لەپاش پارە خەرجکردنێکی زۆر، لەدوای داوودەرمانێکی بێبڕانەوە، ئەمرن. ئەمە هەمووی لە نەخۆشییەکەی تۆوە، تێئەگەی... پێویستە، ژننەهێنیت، پێویستە بیری لێنەکەیتەوە، تێئەگەی.

جۆرج: بڕوام بەمانە نییە، ئەمانە ڕاستنین. بڕواناکەم شتی وا ڕووبدات، بۆ ترساندنم وا ئەڵێیت.

دکتۆر: بڕوام پێبکە کە هەموو حەرفێکی قسەکانم ڕاستە، کە هەموو وەکوو نەخشی سەر بەردە و دێتەدی. بڕوابکە ئەو بنەماڵەیەی ئەتەوێ لەسەر ئەم بناغە

ڕۆچووە دایبمەزرێنی، بەسەر تەپڵی سەری هەموو دانیشتووەکانیا ئەڕووخێت.

جۆرج: بڕواناکەم.. جگە لەوە، من دەزگیرانەکەمم خۆشئەوێت. بڕیارمان وایە لەدوای شەش مانگیتر بیهێنم، لەبەرئەوە دکتۆر بە خوا ژن هەر ئەهێنم.

دکتۆر: هەر ئەیهێنی؟ دە بڕۆ موجریمی بێئابڕوو بیهێنە، بۆ ئەوەی کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنیت. بۆ دەرەوە بێئابڕووی مێشئامێز کە هەر خەریکی بەسەر پیساییەوە بنیشیتەوە، بۆ دەرەوە.

(مۆسیقا)

**(فەسڵی دووەم)**

(لە ماڵی جۆرجدا)

(چیرۆکبێژ - راویة)

جۆرج ژنیهێنا و گوێینەدایە ئامۆژگارییەکانی دکتۆر، سێ ساڵی ڕەبەقیش بەسەر ئەم ژنهێنانەدا تێپەڕی. مێرد و ژنە دانیشتوون لە ژووریکا، مێردە لە دەریای بیرکردنەوەدا شەپۆل ئەیهێنێ و ئەیبات، وەک پارچە تەختەیەکی سەرئاوکەوتوو لە کاتی گەرداوێکی سەختا. ژنەیش بلووزێک بۆ منالە ساواکەی ئەچنێت. دایکی جۆرجیش منالەکەی بردووە بۆ ماڵی خزمێکیان لە دەوری شاری پاریس، بەو نیازەی دایەنێکی بۆ پەیابکات.

جۆرج: چیتە گیانەکەم، بۆ وا ڕووگرژ و پەستی، بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

هەنریت: دایکت هیچ تەلگرافێکی بۆ نەناردوویت؟

جۆرج: نەء، هیچی نەناردووە.

هەنریت: کەواتە سبەینێ دایکت دێتەوە.

جۆرج: وا بزانم.

هەنریت: ئەی منالەکەی کلێر؟ ئەیهێنێتەوە لەگەڵ خۆیا.

جۆرج: ئەگەر دایەنێکی باشی بۆ دۆزییەوە، ئەوا ئەیهێنێتەوە لەگەڵ دایەنەکەدا.

هەنریت: من تێناگەم مەمکم بۆچی وای لێهات؟ تێناگەم بۆ ئەم شیرە کەمەم وا خەستبۆتەوە، ئەڵێی کێم و خوێنە... بۆ نەچم بۆ لای دکتۆر، جۆرج.

جۆرج: دکتۆر، دکتۆر، دکتۆری چی، گەلێ ئافرەت کەمشیرن، ئەوە بۆچی ئەم عالەمە هەرچییەکیان لێئەقەومێ، خێرا ورە بەرئەدەن و ڕائەکەن بۆ لای دکتۆر!

هەنریت: ئەی فەرقی بەینی ئینسانێکی تێگەیشتوو و نەزان چییە؟ نابێ کە یەکێ نەخۆشکەوت، خۆی پیشانی دکتۆر بدا، پێش ئەوەی لێی تەشەنەبکات؟

جۆرج: بەڵێ، باشە، بەڵام تۆ هیچت نییە، بۆچی ئەوەندە لەم مەسەلەیە ئەدوێیت؟

هەنریت: چۆنی لێنەدووم؟ وا مەمکم وەختە شەقببا. ئاوساوە، کێمی لێدێت. مناڵەکەم بێشیرە، نەخۆشە، بە چراوە بەشوێن دایەنا ئەگەڕێین، بە هەزار دەست و پێ ماچکردن دایەنمان دەستناکەوێت.

جۆرج: دایەن دەستناکەوێت، چش، ئەوە مەمکی شووشە و بۆی پڕئەکەین لە شیر.

هەنریت: ئاخر ئەمەشمان تاقیکردەوە، فایەی نەبوو. کە مەمکەکە ئەبەم بەلایا، ڕووئەکات بەولاوە و ئەگری.

جۆرج: کەی ئەم مناڵە پێویستی بە شیر نابێت؟

هەنریت: کە بڕیمانەوە لە شیر.

جۆرج: بۆچی لە ئێستاوە نەیبڕینەوە؟

هەنریت: هێشتا عومری نەوەدویەک ڕۆژە، بەلای کەمەوە ئەبێ شەش مانگیتر شیری بدرێتێ، ئینجا ببڕێتەوە.

جۆرج: شەش مانگ چی ئەیبڕێتەوە بەم حاڵە؟

هەنریت: خوای بکردایە دایەنێکمان دەستبکەوتایە، هەموو شتێک جێبەجێئەبوو. من تێناگەم بۆچی ئەو دووسێ مناڵەی لەبارمچوون، وا سەروفەساڵیان ناشیرینبوو. یەکێک لووتی خوراو بوو، ئەویتریان کوێر، نۆبەرەکەشم لە گۆشتێکی کرمتێداو ئەچوو، ئەمیش ئەوەتە وا نەخۆش و....

جۆرج: (تووڕەئەبێ) لەسەری مەڕۆ... لەسەری مەڕۆ، من ئەموت جارێکیتر ئەم باسانەم لەگەڵا مەکەرەوە، من پێمنەوتی بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە؟ ها....

هەنریت: چۆن بیر لە ڕابوردوو نەکەمەوە، پیاوەکە.. نابێ بزانین ئەم مناڵانەمان بۆ وایان بەسەردێ؟ ئەی مەمکم چی لێبکەم، وا شەقیانبرد... وا تەقی. (ئەگری)

جۆرج: ببڕێتەوە، شتی گەرمی لێنێ و بڕایەوە. دە هەڵسە پەتاتەکە سوورکەرەوە، با پارووییێک نانبخۆین..

هەنریت: سەعاتەکەت چەندە؟

جۆرج: سەعات یەکونیوە.

(مۆسیقا)

ژنە ئەچێ بۆ مووبەق، زەنگی دەرگا لێئەدرێ.

دایک: (جەرەس لێئەدا)

جۆرج: کێیە ئەوە؟ ئای دایە گیان تۆیت؟

دایک: بەڵێ منم، ئەوا کوا هێنریت.

جۆرج: وا لە مووبەق، بانگیکەم؟

دایک: نەء، نامەوێ بانگیبکەی، ئەمەوێ بەبێ ئەو هەندێ قسەت لەگەڵا بکەم.

جۆرج: چییە مەسەلە، بۆ خاتری خوا؟

دایک: دایەنێکم هێنا و منداڵەکەشم هێنایەوە.

جۆرج: نەخۆشە منداڵەکە؟

دایک: ئا.. تۆزێک.

جۆرج: چی بکەین ئێستاکە، چار چییە.

دایک: چار چییە، بردم بۆ لای دکتۆر، بۆ ئەوەی لە نەخۆشییەکەی بگەین.

جۆرج: بۆچی بردت، کێ پێی وتی؟

دایک: چاوەڕوانی ئەوەنیم کەس پێمبڵێت. لەسەر چوار منداڵ ئەم تاقە یەکە ماوەتەوە. ئەی نەیبەم بۆ لای دکتۆر، چیی لێبکەم، بەدیاریەوە بگریم، هەتا ئەمرێت؟ ئەی خەستەخانە و دکتۆر بۆ چاککردنەوەی نەخۆش دانەنراون؟! تۆ زۆر گۆڕاوی ڕۆڵە، شتێکی نهێنی وا لە دەروونتا، بەڵام....

جۆرج: ئەم قسانە لای من مەکە.. دکتۆر وتی چی؟

دایک: خۆی ئێستا یەت بۆ ئێرە، هەموو شتێکت پێئەڵێت.

جۆرج: ئیشی چییە بە من، من نامەوێ چاوم بە هیچ دکتۆرێک بکەوێت.

دایک: دکتۆرەکەی خۆتە، ئەوەی سێ ساڵ لەمەوبەر چوویتە لای.

جۆرج: (بە تووڕەبوونەوە) چی؟ من؟ کام دکتۆر؟

دکتۆر: (زەنگی دەرگا لێئەدرێ)

دایک: ئەوا هات، دکتۆرە..

جۆرج: بۆچی وات کرد، بۆ ناونیشانی ئێرەت دایە؟

دایک: ڕێگای ڕاستم گرتووە، فەرموو، فەرموو دکتۆربەگ.

دکتۆر: ڕۆژتان باش.

جۆرج: ڕۆژ باش.

دایک: فەرموو دکتۆربەگ دانیشە.

دکتۆر: سوپاستئەکەم، کوا لوتفەن باوکی منداڵەکە؟

جۆرج: منم دکتۆر، نامناسیتەوە؟

دکتۆر: (لەپاش کەمێک) تۆ.. تۆیت؟ تۆ ئەو کەسەی کە داوام لێکردی ژننەهێنی، کەچی هەر هێنات؟ ئای کە کابرایەکی کەللەڕەقی، ئای کە نەزان و بێئیرادەی!

جۆرج: تۆ ڕاوەستە تێتبگەیێنم.

دکتۆر: چیم تێبگەیێنی، هەموو شتێک ئەزانم، دەمێکە هەموو شتێک ئەزانم. چیم پێوتی لە کاتی خۆیا؟

جۆرج: هیوام وایە لێمببووری و منداڵەکەم چاکبکەیتەوە.

دکتۆر: کابرایەکی تێنەگەیشتووی هەرزەپیاوی، چیت پێبڵێم، تازە چیت پێبڵێم.

جۆرج: نەمتوانی خۆم بگرم، نەمتوانی بوەستم.

دکتۆر: کەیفی خۆتە، ناتوانم ئێستاکە هیچت پێبڵێم. بەڵام ئەگەر پیاو بیت، خۆت موحاکەمەی خۆت ئەکەی، خۆت ئەبێ قێز لە خۆت بکەیتەوە، نەفرین لە کردەوەکانت بکەی. بەڵام من ئەوەندەم لەسەرە منداڵەکەت و دایەنەکەی چاکبکەمەوە، نەیێڵم ئەم دەردە بێڕەزایە بە خەڵقیتر بگات.

دکتۆر: (جارێ بێدەنگە)

دایک: هیوام وایە دکتۆربەگ ئەم مەسەلەیە لای کەس باسنەکەی.

جۆرج: بەتایبەتی دکتۆر گیان لای ژنەکەم.

دکتۆر: مەترسن.. دکتۆری ڕاست نهێنیی خەڵقی ئاشکراناکات.

دایک: ئەی مەسەلەی چارەسەرکردنی منالّەکە؟

دکتۆر: خۆم جێبەجێیئەکەم، بە سستەرێکی شارەزای ئەسپێرم، هەروەها دایەنەکەش.

جۆرج: دایەن بۆچی؟

دکتۆر: چۆن، بۆچی؟ پێویستە ئیتر شیری نەداتێ.

دایک: یەعنی دایەنێکیتر بهێنین؟

دکتۆر: نەخێر، نابێت ببڕایببڕ ئەم منالّە دەم بنێت بە هیچ مەمکێکەوە.

جۆرج: ئەمە چۆن وائەبێت، پارەمان داوەتێ.

دکتۆر: پارەت نەداوەتێ، چش. ئەم منالّە دەم بنێت بە گۆی مەمکی هەر ئافرەتێکەوە، تووشی نەخۆشیی ئەکا، مەمکی، لەشی، دائەوەشێنێت.

دایک: بەلاّم منالّەکە شیری مەمکی شووشە ناخوات.

جۆرج: ئینجا چی بکەین، خوای گەورە!

دکتۆر: ئێوە حەقی مەسەلەی شیرتان نەبێت، ئێمە خۆمان جێبەجێیئەکەین.

جۆرج: نەخێر، خۆمان دایەنمان هەیە و بۆ خۆمان شیری ئەدەینێ، تۆ هەقی ئەوەت نییە.

دکتۆر: من حەقی تەواوم هەیە، بەلاّم ئێوە حەقتان نییە لەشساغیی خەلّقی بەسزمان بخەنە مەترسییەوە.

جۆرج: ئێمە پارەی ئەدەینێ.

دکتۆر: لێکینێ! مەسەلە پارە نییە. ئێوە نابێت بیر لەوە بکەنەوە کە خەلّقی بە پارە بکوژن. ئەم نەخۆشییە وەکوو ئاگر وایە و ئینسانیش پووشوو... دە ئەم ئاگرە لە هەر پووشوویەکەوە نزیککەوتەوە، ئەیسووتێنێ. ئەم نەخۆشییە پیسترین دەردە بۆ سەر کۆمەلّ، تێئەگەی؟

جۆرج: بەلاّم، ئاخر.

دایک: مینجەمینجمەکە. بەلاّم و ئاخری چی، بۆ قسەناکەیت؟ من نایەلّم منالّەکە بمرێت لە ڕێی خەلّقیترا.

دکتۆر: ئەی بۆچی حەزئەکەی خەڵقی‌تری بەسزمانی بێ‌تاوان لە ڕێی منالّی نەخۆشی تۆدا بمرن، خانم؟

دایک: مەبەسم ئەوەنییە؟

دکتۆر: ئەی مەبەست چییە؟ ئەم دایەنە تووشی نەخۆشی ببێت، سبەینێ شکاتتان لێ‌ئەکات، قاپیی سەراتان لێ‌ئەگرێت، قانوونیش لە پشتییەتی.

جۆرج: ئێمەش باشترین ئەوقات ئەگرین.

دکتۆر: ئاخر ئەگەر بە پارە و ئەوقاتیش دەعواکەتان بردەوە، حەیاتان هەر ئەچێت، ڕۆژنامەکان لەسەرتان ئەنووسن. ئەبنە بنێشتەخۆشەی سەر زمانی هەموو خەڵقی. ئەم دایەنە مێرد و منالّی نییە؟

دایک: بەڵێ هەیەتی، شیریش بە چەند منالّێکی‌تر....

دکتۆر: دە لێتان سووربێت کە منالّەکانی خۆی، مێردەکەی، منالّی خەڵقی، دایک و باوکی ئەو منالاّنە، هەموو تووش‌ئەبن... هەموو نەخۆش‌ئەکەون. ئەمەش ئەوپەڕی جینایەتە بۆ سەر کۆمەڵ.

جۆرج: دکتۆر، تۆ هەر بیر لە خەڵقی ئەکەیتەوە، ئەی منالّەکەی من؟

دکتۆر: من دکتۆرم، بیر لە لەش‌ساغیی گشتیی خەڵقی ئەکەمەوە. هەوڵ‌ئەدەم هەموو کەس لە نەخۆشی بپارێزم. ئێستا درێژەی بۆ چییە؟ قانوون ئەڵێت: هەر دکتۆرێک سۆراخی منالّێکی سووزەنەکاوی بزانێ و خەبەرنەدات، یان بیەڵێت دایەنێک شیری بداتێ، ئەوا هەر نەخۆشی و زیانێک کە لەمەوە ئەکەوێتەوە، ئۆباڵی ئەخرێتە ئەستۆی ئەو دکتۆرە ... خۆلاسە..

دایک: ئێستا چارەسەرێک دکتۆر گیان (ئەگری).

دکتۆر: ئەڵێم خۆلاسە، منالّەکە لە نەخۆشخانە ئەنوێنم وە هەوڵ‌ئەدەم بۆ چاککردنەوەی. دایەنەکەش ئەنوێنم، هەتا چاکنەبێتەوە، نایەڵم شیر بدا بە کەس، بە دوعا.

جۆرج وە دایکی: خوات لەگەڵ دکتۆر، خوات لەگەڵ.

(مۆسیقا)

**(فەسڵی سێیەم)**

دایک: ئەمە هەمووی لە کرداری چەپەڵی تۆوە ڕووی دا، بەڵام لێدایت بۆ چ کوڕێکی، شەڵڵا نەبوویتایە! ئەوەتا خوا بەم جۆرە غەزەبی لێگرتی و ئەو منداڵەتی وا لێکرد، تا هەموو دەقیقەیەک کردەوە ناشیرینەکەتت بیربکەوێتەوە.

جۆرج: (دەستئەکا بە گریان) چی بکەم، دایە گیان؟

دایک: بێدەنگ بە ناپیاو، وا ژنەکەت هات، با گوێی لێنەبێ.

جۆرج: هەلاو هەنریت، نانەکە پێگەیشت؟

هەنریت: دوورکەوەرەوە لێم... نزیکنەبیتەوە زەهراوی!

جۆرج: ئەوە بە کێ ئەڵێی ئافرەت؟ ئەمە مەعنای چی؟

هەنریت: ئافرەتی چی؟ چ خراپەییێکم دەربارە کردبووی، تا وام لێ بکەی، تا ئەم نەخۆشییە پیسەم پێبگەێنیت؟ گوێم لە هەموو شتێک بوو.

جۆرج: (دەستئەکا بە پاڕانەوە) خوای گەورە لێمببوورە. خۆشم و ژنەکەشم و منداڵەکەشم، ئەم هەموو سزا و ئەشکەنجەیە بۆ؟

دایک: بۆ؟ چونکە وەک مێش بە بۆگەنییەوە نیشتیتەوە، چونکە لە خراپخانەکانا لە باوەشی ئافرەتە پیسەکانا شەوت ڕۆژکردەوە. ئەگەر توخنی ئەم شوێنە پیسانە نەکەوتیتایە، بۆ وا لەم خەڵقە ئەهات؟

هەنریت: پیاوەکە وەکوو حەیاتبردم، خوا ئابڕووت لە بەر هەڵگرێ، وەکوو دوچاری ئەم دەردە پیسەت کردم. کۆمەڵ، قانوون، حەقپەرستی، خوای گەورە غەوری غەزەب و شوورەییت کەن...

(مۆسیقا)

**(فەسڵی چوارەم)**

(چیرۆکبێژ - راوية)

گوێگری خۆشەویست

منداڵ مرد، ژنە ماڵی پڕ لە بۆگەنیی بەجێهێشت و ڕووی‌کردەوە ماڵی باوانی.

لەدوای ژیانێکی سێ‌ساڵەی پڕ ئازاری دۆزەخ‌ئامێز.. دایەن لە قوڕەمتینەدا[1] هێلرایەوە. مێردی گوناهباریش جەرگبڕاو، نەخۆش، ماڵ‌لێ‌تێکچوو، خۆی خزاندۆتە گۆشەی تەریکییەوە، لە شەرمانا ڕووی‌نایەت تێکەڵاوی کۆمەڵ ببێت. باوکی هەنریت کە زانیی کچەکەی نەخۆشە، ڕایکرد بە هەڵەداوان بۆ لای دکتۆر.

خزمەتکار: دکتۆربەگ، پیاوێک وا لە بەردەرگا، ئەیەوێ بەپەلە بتانبینێ...

دکتۆر: با بێتە ژوورەوە.

باوکی هەنریت: ئێوارەتان باش، دکتۆر.

دکتۆر: ئێوارەت باش فەرموو، ئەمرکە.

باوکی هەنریت: من لۆش پیلیەم، باوکی هەنریتم. ژنەکەی جۆرج، ئەو جۆرجەی فەرەنگیی گرتووە و وەکوو سەگ گڕوێ‌بووە، هاتووم تکایەکت لێ‌ئەکەم و سەروماڵیشم وا لە ڕێتا.

دکتۆر: ئەمرکە، زویرمەبە، چار چییە، هەموو شتێک باش‌ئەبێت.

باوکی هەنریت: دەرمانی کچەکەم بکە، ڕزگاری‌کە، هەموو لەشی بووە بە پەڵەی سووری ڕەق، مەمکی کێمی لێ‌ئەتکێ، (بە گریانەوە) هەموو ئازای ئەندامی دائەوەشێت. ڕزگاری‌کە، بۆ خاتری خوا، لە ڕێی ئینسانییەتا. ئەی هاوار بە ماڵم، حەیا و ناموسی شکانم، ئەو بێ‌غیرەتە ترسنۆکە چەپەڵە گڕوێیە.

دکتۆر: تکات لێ‌ئەکەم کەمێک هێمن‌بەرەوە. ئەگەر پێش ئەوەی کچەکەی خۆتت بدایە بە جۆرج، لای دکتۆری خێزان تەماشایەکی زاواکەت بکرایە، ئەم هەموو کوێرەوەرییە نەئەقەوما.

فەڕاش: ئەشهەدو دکتۆربەگ، حەق وایە پێش ئەوەی چ پیاو و چ کچ[2] بدرێن بە یەک، ئەبێ فەحس‌بکرێن، نەوەکوو لایەکیان نەخۆش‌بن.

دکتۆر: ڕاستە، ئەمە شتێکی حەقە.

---

[1] قوڕەمتینە: کەرەنتینە، گلدانەوەی ناچاریی نەخۆش لە جێگەیێکدا. (ک.ڕ)

[2] لێرەوە تەواوکەری دەستخەتەکە نییە، پاشماوەکەی لەم سەرچاوەیە وەرگیرا: هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٢٥-١٢٦. (س)

فەڕاش: من تاقە کچێکم هەیە، بە نامووسم هەتا دەزگیرانەکەی نەهێنمە لات سەدجار فەحسینەکەی، کچ نادەم بە شوو. وەی وەی لەم دنیایەی تێیکەوتووین، پەنام بە تۆ خوایە.

باوکی هنیریت: فایەی چی دکتۆر، تازە نەدامەت چی ئەهێنێ؟ خۆزگە پێش ئەوەی کچ بەم بەشوو، ئەمەم بزانیایە.

دکتۆر: مەسەلەی چاکبوونەوەی کچەکەت شتێکی موحەققەقە، بەڵام موهیم ئەوەیە منداڵەکانتان، منداڵی منداڵەکانتان فێربکەن.. تێیانبگەیێنن کە سووزەنەک، فەڕەنگی، سیل، گەلێ نەخۆشیی بێڕەزایتر، لە شوێنی خراپەوە بە پیاو ئەگات. پێیانبڵێن کە توخنی چڵکاوی پیسی پاشماوەی خەڵقی نەکەون، کە نەخۆشێکیان دی ڕەوانەی نەخۆشخانەی بکەن. ئەمەیە ڕێگای ڕزگاربوون لەو ئەنجامە پیسەی کە لەو نەخۆشییانەوە ئەکەوێتەوە.

فەڕاش: دکتۆربەگ، خۆ دایکی جۆرجیش دەستی گرتووە بە چاویەوە، وا لە بەردەرگا.

دکتۆر: ئەی هاوار، وا ئەو ژنە بەسزمانەش میکرۆب چووە چاویەوە و کوێریکرد. ئەوا ئەو بنەماڵەیە بەتەواوی ڕووخا. چاوت لێیە باوکی هەنریت چۆن تاقە یەکێکی خراپ ئەبێتە هۆی کوێرەوەریی هەموو بنەماڵەکەی خۆی و هەموو خەڵقیتریش.

باوکی هەنریت: چارە دکتۆر، ئەم خەڵقە چۆن ڕزگارئەبێت لەم نەخۆشییە پیسە.

دکتۆر: بەیەک شت، ئەویش ئەوەیە لە خراپەکاران نزیکنەبنەوە، لە خراپەکەران نزیکنەبنەوە.

(تەواو)

## گوڵی خوێناوی*

١٩٥٢/٢/٤

باوک: هەزارجار پێموتی ئافرەت، من حەز لە چارەی نەریمان ناکەم، نامەوێ بێتە ماڵم، نامەوێ.

دایک: ئەو توورەبوونەت لە چییە؟ ئەی خۆ عەیب و شوورەیی دەریناکەم، دەزگیرانی نەسرین نییە.

باوک: دەزگیران، دەزگیران، دەزگیرانی چی؟ کفرمانکرد قسەییێکمانکرد؟

دایک: بۆ پیاو عەیبە لە قسەی خۆی پاشگەزببێتەوە. بەڵێن و و پەیمان شکاندن دوورە لە پیاوەتییەوە..

باوک: بێدەنگبە، بەڵام لێدایت. نەریمان چیی هەیە تا من کچی بدەمێ؟ موڵکی، ماڵی، ڕەز و باخی، کۆشک و سەرای؟

دایک: من کە شووم بە تۆ کرد، هیچمان نەبوو، پیاوەکە. لەبیرتچووە لایەکی لێفەکەمان دائەخست و بە لایەکەیتری ئەنوستین؟

باوک: ئەو زەمانەیە بەسەرچوو، ئێستا هەر کەسێ خۆی بناسێ کچ نادا بە لە خۆی کەمتر، بەلای کەمەوە، ئەبێ هەزار دینار بدات، ئینجا کچی ئەدەمێ..

دایک: ئەی تۆ هاوڕێی حاجی فەتاحی باوکی نەریمان نەبووی؟ ئەی کە نەسرین و نەریمان لەدایکبوون، بەڵێنتنەدا بۆ یەک بن؟

باوک: دیسانەوە کەوتینەوە بەڵێن و بەڵێنکاری. ئاخر کە داواکەری لە نەریمان دەوڵەمەندتر ببن، ئیتر بۆچی بیدەم بەو، ئافرەت؟

---

* سەرچاوە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٢٧-١٣٤.
وێدەچێ دەوری ئەکتەرەکان نیشانە نەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی بە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم دڕاوە، بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ و لەدەستچووبێ. ڕەفیق چالاک، لەم نووسینەدا سوودی لە شیعری گوڵی خوێناویی گۆرانی شاعیر وەرگرتووە. (ک.ڕ)

دایک: کێن داواکەرەکان؟

باوک: ماڵی شەریف‌ئاغا، ئەی نەهاتن بۆ ئێرە؟

دایک: ئەی ئیزنمان‌نەدان و نەبڕایەوە ئیتر؟

باوک: کەیفی خۆتە، من لە هەزار دینار کەمتری نادەم.

کچ: بابە گیان، قسەیەک ئەکەم، نابێ عاجزببیت؟ ئەم دنیایەی ئێستا لە دنیای جاران ناچێت.

باوک: یەعنی چی لە دنیای جاران ناچێت؟ ئەتەوێ بڵێی چی؟ وەڵڵا دوو لێو هەڵبێنیتەوە و قسە بەسەر قسەما بکەی، وەکوو سفرە یەکالاًتئەکەمەوە. ئاخر ئەمە خەتای دایکتە؟

دایک: من بۆچی؟ یا خوا داخی دایکی بەقەد تۆپێک لە بەربینت خڕبێ، ئاوا. من چیم وتووە؟ قسەمکردووە، ئەڵێم دەزگیرانی کوڕەکەیە و لەو زیاتر شووناکات بە کەسی‌تر..

باوک: کچ کچی منە، یان هیی تۆ؟

دایک: هیی هەردووکمانە، بۆچی ئەبێ بە تەنیا هیی تۆ بێت؟

باوک: یەعنی من گەورەی ئەم ماڵە نیم؟

دایک: بەڵێ، گەورەی ئەم ماڵەیت، خوا لە گەورەییت ببڕێ، ئاوا، بۆ چی گەورەیەکیت! ئەمە پێنج‌شەش ساڵە کەڵکەڵەی دەوڵەمەندی و گەورەیی و تەماعکاری زێفی لێ‌سەندوویت، شەیتان چۆتە قەڵاندۆشکانت، ئاگات لە چاکە و خێرخوایی و بەزەیی نەماوە، هەر ئەتەوێ بخۆیت و بە هیچیش تێرنابی..

باوک: ئینجا من هەموو هەوڵ و تەقەلاییێکم لە ڕێی ئێوەدا نییە؟

دایک: خۆزگە هەر فەقیرەکەی جاران بوویتایە، چونکە ئەوساکە خۆشترمان ڕائەبوارد، چونکە نەختێ بەزەییت لە دڵا مابوو..

کچ: ژیان -بابە گیان- ئاسوودەگی و کامەرانییە، ئەمانەش لەگەڵ تەماعکارییا ڕێک‌ناکەون.

باوک: تۆ ئەگەر زەڕەیێک عەقڵت ببووایە، پاشەڕۆژی خۆتت لێک‌ئەدایەوە و شووت‌ئەکرد بە کوڕی شەریف‌ئاغا.

دایک: دیسانەوە مەسەلەکەیە؟ شووی پێ‌ناکات و بڕایەوە، بۆ ئەمەندە درێژە بە شت ئەدەیت.

باوک: ئەی شووئەکا بە کێ؟ بە نەریمان کە قۆڕەی سکی ییێت؟ من نایێڵم شووی پێبکات. من نایدەم، ئیلا بە هەزار دینار نەبێ، وەکوو ئەم خەڵقەی کە لە شارا کچ ئەدەن بە شوو.

دایک: ئەمە پێی‌ئەڵێن فرۆشتن.

باوک: هەرچییەکی پێ‌ئەڵێن پێی‌بڵێن. ئەگەر کچەکەم کچ بووایە، شووی‌ئەکرد بە پیاوێکی دەوڵەمەند یان بە پیاوێکی ئازای جەسوور.

دایک: نەریمان ئازا و جەسوورە و هاوتای نییە لەم شارەدا، لە سەد سوار کۆناکاتەوە و دڵی نالەرزێ.

باوک: درۆیە، نەریمان لە سێبەری خۆشی ئەترسێ، خووی لێ‌بکەن ڕۆحی ئەچێ.

دایک: ئینجا فایەی چی؟ نەریمان شێریش بە گوێ بگرێ، تۆ بڕوای پێ‌ناکەی، چونکە ئەتەوێ بڕوای پێ‌نەکەی.

باوک: تۆ بەهەڵەچووی، ئافرەت، من لە حەق لاری‌نیم. ئەوە عەرز و ئەوە گەز، وا سبەینێ شایی و ڕەشبەڵەکە لە ماڵی ڕەشیدبەگا. دە ئەگەر ئەو پیاوە و ئازایە، با بچێت بۆ باخی پاشا، چەپکێکی گوڵەباخی سوور بێنێت؛ شەرت‌بێ ئەگەر هێنای، نەسرین بۆ ئەو بێت.

دایک: باشە، بەڵام قسەی پیاو بێت و بێ پەشێمان‌بوونەوە.

باوک: قسەی پیاو بێت، عەهد بێ پەشێمان‌نەبمەوە، ئەو بتوانێ بچێتە ناو ئەو باخەوە و لە یاساوڵەکانی پاشا ڕزگاربێ و چەپکێ گوڵەباخی سوور بهێنێت، شەرت‌بێ نەسرینی بدەمێ. دە هەڵسە ئافرەت، با سەرێکی ماڵی کاکم بدەین.

(مۆسیقای شەهرەزاد)

نەریمان: (بە ئەسپایی) نەسرین، نەسرین.

نەسرین: ئەوە تۆی گیانە شیرینەکەم، نەریمانی خۆشەویست.

نەریمان: کەس لە ماڵەوەیە؟

نەسرین: کەسی لێ‌نییە؟ دایکم و باوکم چوون بۆ ماڵی مامم، وەرە ژوورەوە.

نەریمان: ئەترسم لەپڕ بێنەوە.

نەسرین: مەترسە، ئێستاکە ڕۆیشتن. ئەگەر هاتیشنەوە لە پەنجەرەکەوە بڕۆ.

نەریمان: بتە دڵسۆزەکەم، هەموو هیوا و ئاواتم، بەبێ تۆ ژیان بیابانێکی وشکوبرنگە. تۆی لەم شەوەزەندەدا پاڵم پێوەئەنێی بۆ خەبات، بۆ تەقەلا و تێکۆشینی بێبڕانەوە، لە ڕێی دامەزراندنی بنەماڵەکەمانا کە خەوی پێوە ئەبینم.

نەسرین: پڕ بڕوا بە کە ئەگەر لە ترسی باوک بمویرایە، دەمێک بوو شووم پێئەکردی. دڵداریی پاکی ڕاست گوێناداتە هەژاری و دەوڵەمەندی، لەناو هەموو لاوانی ئەم دنیایەدا تۆم بە دڵا چووە. بێگومانبە کە هەر بۆ تۆش ئەبم.

نەریمان: من لەوە بێگومانم، بەڵام لە پاشەڕۆژ ئەترسم. لەوە ئەترسم بتفرۆشن، وەکوو گەلێک کلۆڵیتر کە لەمەوبەر فرۆشراون و بە داخ و ناسۆرەوە سەریان ناوەتەوە..

نەسرین: کەس ناتوانێ کچێکی دڵسۆزی بەئیرادە لە خۆشەویستیی ڕاستی لابدات. من بۆ تۆم و تۆش بۆ من.. پەیمانێکە و بڕیارمان لەسەر داوە، تەنیا گڵ ئەبێ ئەو پەیمانەمان بشکێنێ..

نەریمان: هەندێ باوک و دایک وا ئەزانن کە کامەرانیی کچەکەیان لەوەدایە کە بدرێن بە پیاوێکی دەوڵەمەند..

نەسرین: بەڵێ، وا ئەزانن کە ژیان پارە و ئاڵتوونە. بەڵام بێگومانبە کە من گوڵەباخێکی سوورم لا بەنرخترە لە ملیوانکەیەکی مرواری.

نەریمان: ڕاستبوو نەسرین هاتبوونە خوازبێنیت بۆ کوڕی شەریفئاغا؟

نەسرین: بەڵێ، ڕاستبوو، بەڵام دایکم پشتی گرتم، شەڕێکی باشی لەگەڵ باوکما کرد لەسەر تۆ.. لە دوایی ئەوانیان ئیزن دا... بەڵام باوکم هەر لەسەر ئەوە سوورە کە ئەبێ هەزار دیناری بۆ بهێنیت..

نەریمان: چی؟ هەزار دینار؟ هەزار دینار؟ لە کوێی بهێنم، گیانەکەم؟ باوکم پێش ئەوەی عەمری خوا بکات، زەویوزار و ڕەزەکانی هەموو فرۆشت بە باوکت، بۆ ئەوەی قەرز و فایزی بازرگانەکانی شاری پێبداتەوە.

نەسرین: تۆ دڵگیرمەبە، باوکم هەزار پەڵپبگرێت، بەسەر پەڵپەکانیا زاڵئەبین، چونکە دایکم وا لە پشت. بێگومانبە کە لە تۆ زیاتر کەسیترم ناوێ لەم دنیایەدا.

نەریمان: من لەوە بێگومانم، گیانە شیرینەکەم. بەڵام پێویستە شەو بخەمە سەر ڕۆژ، هەوڵ و تەقەلا بدەم، کاربکەم بۆ ئەوەی بتوانم بتهێنم، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشت بۆ تەئمینبکەم.

نەسرین: ژیانی باش ئەوەیە هەردووکمان بەیەکەوە بین، ئەگەر خواردنمان نان و کەوەر بێ و سەرینی ژوورسەریشمان بەردێکی ڕەق، قەیناکا.

نەریمان ئەڵێ: چی، نەسرین بچم لە شار ئیش بکەم بۆ ئەوەی زوو پارە کۆبکەمەوە، پەڵپی باوکت ببڕین.

نەسرین: لە شارا پارە نەڕژاوە، هەزار دینار هەرگیز بە پیاوێکی بێدەزمایەی بێفرۆفێڵ کۆنابێتەوە. بەردیش لە جێی خۆی سەنگینە.

نەریمان: بەڵام چار چییە چی بکەین؟ پارە چۆن پەیابکەین؟ دزیبکەم؟ جەردەیی بکەم؟ خەڵق ڕووتبکەمەوە؟

نەسرین: نەکەی هەرگیز بیر لەوە بکەیتەوە، ڕێگای چەوت بگری لە ڕێی پارە پەیاکردنا.. وا دانیشتووم چاوەڕوانیتئەکەم، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی بۆ یەک ئەبین.

نەریمان: شت نییە لە دنیادا لە چاوەڕوانی ناخۆشتربێت، شت نییە ئازاراویتر بێت بەقەد ئەوەی شتێکت بوێ، نەیگەیتێ، بەڵام داد لەم ژیانەی هەموو شتێکی بە تەرازووی پارە ئەکێشرێت..

نەسرین: ئەترسم زۆر بیرکردنەوە و نەبوونی فیکرت بگۆڕن، منت لەبیربچێتەوە.

نەریمان: سەرێکە و هێناومە، بەڵام بێگومانبە کە نابەزم. ئەگونجێ ناوبەناو کوێرەوەری و ناڕێکی و بەرهەڵستیی زۆر بەهێزی ناو ئەم ژیانە لە ڕۆیشتنم بخا، پشوویێکم پێبدا، کەمێ بێهیوامبکا، بەڵام بەزین، بەزینی تەواو هەرگیز لە ئاییینی منا نییە.

(باوک و دایکی کچە دێنەوە)

باوک: (لە دوورەوە) نەسرین، نەسرین، ئەوە لە کوێی؟

نەسرین: (بە شڵەژاوییەوە) دەی خێراکە هاتنەوە، لە پەنجەرەکەوە بڕۆ، (دەنگ هەڵئەبڕێ) وام لێرە بابە، وام لێرە.

نەریمان: (بە ئەسپایی) سبەینێ شایییە، لەگەڵ هاڵهاتنی ڕۆژا لە بەردەمی پەنجەرە چاوەڕوانیتئەکەم..

نەسرین: باشە، بڕۆ، خێراکە..

(مۆسیقای شەهرەزاد)

نەریمان: نەسرین، نەسرین، گیانەکەم نەسرین.

نەسرین: نەریمان تۆیت، بۆچی بەمبەیانییە هاتی؟

نەریمان: بڕوانە، شاییە، چۆپییە لەو ماڵە.

گوی بگرە دەهۆڵە، زوڕنایە، شمشاڵە

زەردو و سوور تێکەڵبوون، ژن و پیاو هەرایە

لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە..

هەڵسە با بڕۆین دەستبگرین،

بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین

نەسرین: گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ، چەپکێ، زەرد چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

نەریمان: کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا

کچ لە ڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا

پایزە گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە

گوڵ کوانێ؟ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە

نەسرین: گوڵ نەبێ بۆ سەرم، زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەرکێ

بتدایە دڵ بە من، بە هەموو ماناوە

دوو چەپکت بۆ ئەهێنام لە باخچەی پاشاوە

نەریمان: هەر تەنیا دوو چەپک؟ هەموو گوڵی باخچەی پاشات بۆ ئەڕنم، ئەگەر گوڵی تیابێت.

نەسرین: وا چاوەڕوانیتئەکەم. ئەگەر گوڵت بۆ هێنام، خۆم بە بەختیارترین کچ ئەزانم و تۆش بە ئازاترین پیاو.

نەریمان: شەرتبێ ئەڕۆم، ئەگەر نەشگەڕێمەوە،

باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە،
خێڵی دوشمن دەورەی‌داوە
ئەڕۆم ڕێگام لیٚ‌گیراوە،
ناڕۆم چاوکاڵ لێم توراوە
(چارەکە دەقەیەک مۆسیقا)

یاساوڵ: کوڕە کێی زەلام؟
نەریمان: عاشقێک هاتووم بۆ چەپیٚ گوڵ.
یاساوڵ: نازانی ئێرە باخچەی پاشایە؟
نەریمان: ئەزانم، بەڵام گوڵم ئەویٚ.
یاساوڵ: نابیٚ کەس گوڵی ئەم باخچەیە بڕنیٚ.
نەریمان: چارم نییە، چونکە ژیانم بە دوو چەپکە گوڵی ئەم باخە بەندە.
یاساوڵ؛ ئاخر دەست بەری بۆ گوڵێک، ژیانت ئەدۆڕێنی.
نەریمان: لام وانییە، ئەم مردنە باشترە لەوەی بەبیٚ گوڵ بگەڕێمەوە، بەڵام من کە لە لەشکری پاشا ڕزگارمبووە، بڕواناکەم تۆ بمکوژی.
یاساووڵ: کوڕە دەست درێژنەکەی، ئەگینا ئەتکوژم.
نەریمان: گوڵێک بە گوللەییێک، ئێجگار نرخێکی گرانە. بەڵام خۆشەویستیی ڕاست، هیچ شتێک بە گران نازانیٚ.
بتدایە دڵ بە من بە هەموو ماناوە
دوو چەپکت بۆ ئەهێنام لە باخچەی پاشاوە.
یاساووڵ: دە خۆت بگرە (گوللە ئەتەقێنیٚ).
نەریمان: ئای ... ئای سەر دڵم.....ئای دڵداری چەند بەئازارە.
ئای کە تۆش یاساوولێکی دڵڕەقی بیٚ‌غیرەتی
شەرم ناتگریٚ گوللە بە پیاوی بیٚ‌چەکەوە ئەنێی، ئای سەر دڵم..
(مۆسیقایەکی خەمگین)

دایک: ده هەڵسە نەسرین جلەکانت لەبەربکە، بابچین بۆ شاییەکە.
نەسرین: تۆ لەپێش منەوە برۆ، ئێستاکە دێم.
دایک: چاوەڕوانی چیت، ڕۆڵە؟
نەسرین: چاوەڕوانی هیچ، هەر تاقەتم نییە، تۆ برۆ ئێستاکە، منیش جلئەگۆڕم و دێم.
دایک: ئاخر درەنگت پێنەچێ، دەرگاکەش سەر کلۆمبکە.
نەسرین: باشە (دەنگی دەرگاپێوەدان).

(چارەکە دەقەیەک مۆسیقا)

نەریمان: نەسرین، گیانە شیرینەکەم.
نەسرین: نەریمان، هاتیتەوە، کوا گوڵ؟
نەریمان: بە باخچەی پاشادا ورد گەڕام خوار و ژوور
زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگنەکەوت گوڵی سوور
ئینجا نازانم دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ
نەسرین: من چیم پێوتی؟
نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ؟
نەریمان: تەماشای سەر سنگم کە
ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟
نەسرین: هەی هاوار، تفەنگی دوشمن پێکاتی؟
ڕاکشێ، تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم
با بگریم، بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم.

(تەواو)

# ئامۆژگاریی میکرۆفۆن*

١٩٥٢/٢/١١

گوێگرە خۆشەویستەکان

لەسەر داواکردنی هەندێ لە خوشکەکانی سلێمانییەوە، ئەم هەفتەیە باسی ناڕێکیی شەکراوخواردنەوە و پاشتێلانە و ناوکەبڕانە و لە بەردەرگا دانیشتنی هەندێ ئافرەت ئەکەین، هەروەها لەسەر ڕێبەکچانگرتنیش لەگەڵ پاکوتەمیزیی ناو حەمامەکان؛ وە ئەم باسانەمان کردووە بە چیرۆکی بچووک بچووک لەناو چیرۆکێکی گەورەدا و لەو ناڕێکییانە دوواوین. هیوامان وایە چیرۆکەکەمان جێگای کەڵک بێت.

**شەکراوخواردنەوە**

عەلی: ئەزانی کاکەحەمە ماڵی میرزا ڕەشید پارچەیێک شەکری بچووکیان بۆ ناردووین. بەشی دە چای تیانابێت؟

حەمە: شەکری چی؟ شەکریان بۆ بۆ ناردوویت؟

عەلی: شەکری شەکراو، ئاخر سەعەی کوڕی میرزا ڕەشید کچی حاجی عەلیی هێنا..

حەمە: خوا موبارەکیکات، کارێکی زۆر بەجێیە، زۆرم پێخۆشبوو.

عەلی: خوا لێیان موبارەکنەکات ئاوا، ماڵی حاجی فەتاح کەللەیەکی تەواویان بۆ ناردین، کەچی ئەم سەرسواڵکەرانە -هیچ نەبێ- نیو کەللـەشیان بۆ نەناردووین.

حەمە: ئەی من بۆ هیچیان بۆ نەناردووم؟ یاهوو هەر بانگیشیاننەکردم.

عەلی: ئاخر ئەڵێن دە فەردە شەکرمان بۆ شەکراو بەشیوەتەوە.

---

* سەرچاوە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٣٥-١٣٧.
ڕەفیق چالاک، خۆی دەورەکانی ئەوها دابەشکردووە: ١. مایکرفۆن: ڕەفیق چالاک، ٢. عەلی: فائیق دڵزار (فائیق چالاک)، ٣. حەمە: نووری عەنبەر. (ک.ڕ)

حەمە: (خۆیان هەڵئەکێشن) بە قوربانی خوا بم، هەتا دوێنێ بوو میرزا ڕەشید بەشوێن ناڵی کەری تۆپیوا ئەگەڕا.

عەلی: ئەوە بەچی وا هەڵگڕا، بۆ خاتری خوا؟

حەمە: چووزانم! بەخوا تێناگەم هەندێ کەس چۆن وا لەپڕ هەڵئەگەڕێن و ئەبنە خاوەنی هەموو شتێک.

عەلی: وەڵڵا ئەڵێی کاکەحەمە شەکرەکەی بۆ بنێرمەوە، گوایە بۆچی من ئەو پارچە شەکرە قبووڵبکەم، موناسەبە چییە؟

میکرۆفۆن: سەلامون عەلەیکوم.

عەلی: عەلەیکەسەلام، تۆ کێی کابرا؟ بۆچی بەدیارمانەوە وەستاوی، گوێ لە قسەمان ئەگری؟

میکرۆفۆن: من میکرۆفۆنم، میکرۆفۆنی بەشی کوردیی ئێستگەی عیراق.

حەمە: میکرۆفۆن مەعنای چی؟ چیت ئەوێ لە ئێمە؟

میکرۆفۆن: ئەمەوێ چەند قسەیێکتان لەگەڵ بکەم، ئەرێ کاکەحەمە و جەنابی کاک عەلی بۆ قسە بە خەڵقی ئەڵێن؟ بۆ غەیبەتئەکەن؟ حەقتان چییە بەسەر خەڵقەوە؟

عەلی: ئینجا تۆ حەقت چییە بەسەرەوە.

میکرۆفۆن: من حەقم زۆرە، من باسی کەموکووڕیی ناو کۆمەڵ ئەکەم.. من شوێنپێی هەموو کاروبارێک و هەموو ناڕێکییەک هەڵئەگرم و ئاشکرایئەکەم و لێی ئەدوێم، بۆ ئەوەی خەڵقی چاوی بکرێتەوە، لە خراپە و ناڕێکی و نەریتی خراپ لابدات. من زانیاریی گشتی بڵاوئەکەمەوە بەناو کۆمەڵا.

حەمە: ئێستا تۆ چیت ئەوێ لە ئێمە، کاکی میکرۆفۆن؟ بۆ ناچی بەلای کاروباری خۆتەوە.

میکرۆفۆن: ئاخر جارێ کاروباری من وا لای ئێوە، عەیبناکەن قسەی ناشیرین و سووک بە میرزا ڕەشیدی بەسزمان ئەڵێن؟! کفریکرد ژنی بۆ کوڕەکەی هێنا، کفریکرد شەکری دابەشکرد؟!

عەلی: چیی دابەشکردووە؟ تەنیا پارچەیێکی بچووکی بۆ من ناردووە.

میکرۆفۆن: ئێی، ئینجا چیيترت ئەوێ؟ داوای پارەی لێکردوویت، بەرامبەر بەو شەکرەی بۆی ناردوویت، کەم بێ یا زۆر بۆ پێی ڕازینیت، لەبەرتمرم؟

حەمە: بەڵام ئەی من هەر هیچی بۆ نەناردووم.

میکرۆفۆن: بۆچی بۆت بنێرێت؟ قەرزی باوکتی بەسەرەوەیە؟

حەمە: ئەی بۆ بۆ خەڵقیتری ئەنێرێ؟

میکرۆفۆن: ئارەزووی خۆیەتی، ئینجا ئەگەر هەر کەسێک شەکراوی خواردەوە، شەکری بۆ هەموو شارەکە و بۆ هەموو کەسێک نارد، ئەوا قوڕ کرا بەسەریا .. ئەو حەلە لەجیاتیی شایی، ئەبێ شینبکات. بەڵام میرزا ڕەشید و ئەمسالی میرزا ڕەشید، بێمەعنا و بێ عەقڵ و ئیدراکن، بۆ شەکری کەللە ئەکڕن؟

چوار نوقڵ، زەرفێکی بچووک، ئەمەتا شەکراوخواردنەوەی ئەم چەرخە، نەک بە فەردە کەللەشەکر کڕین. ئەو پارەیەی ئەیدەی بە کەللەشەکرێک و ئەیدەیت بە یەک ماڵ، بەشی پەنجا ماڵ نوقڵی تیائەبێت.. بەڵام ئێوە کاکەحەمە و عەلە شانخوار بە هیچ تێرنابن، لەپاشا قسە هەر ئەکەن.. قسەشئەکەن. چش، ئەوەی گوێتان باتێ لە ئێوە عاقڵترە.

جارێ موساعەدەی من بکەن، ئیشم زۆرە، ئەچم بەلای پاشتێلانەوە، بە دوعا.

سوڵکەرەکانی شەکراوخواردنەوە بە دوعا.. (پێکەنین) منم میکرۆفۆن.

(مۆسیقا)

**پاشتێلانە**[1]

عەلی: ئافرەت، ئەوە کوا لیرەکەی تەوقەسەرت؟

ژن: بۆ چیتە؟ بۆچی ئەپرسی؟

عەلی: چۆن بۆچی ئەپرسم؟ ئەی نابێ بزانم بۆ لە فێستەکەت کردۆتەوە؟

ژن: لێم کردۆتەوە و بڕایەوە.

عەلی: ئاخر لە کوێیە، چیت لێکردووە؟

ژن: ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە درێژە بە شت ئەدەی، پەنا بە تۆ خوایە.

---

[1] ڕەفیق چالاک خۆی دەورەکانی بەم جۆرە دابەشکردووە: ١. میکرۆفۆن: ڕەفیق چالاک، ٢. عەلی: فائیق دڵزار (فائیق چالاک)، ٣. ژن: ئەحمەد مەحموود (کەمال ڕەئووف، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی، ل١٣٨-١٤٠). (ک.ڕ)

عەلی: کچێ، دەنگم دەرمەهێنە. خوا لەناوی دەمت با. پێمبڵێ چیت لە لیرە کرد؟

ژن: ئۆ، هەر خۆت بە خۆت بی، ئاوا، چاوت لەو قیژوهووڕە بێت کە ئەیکا بەسەرما.

عەلی: خۆمی چی بە خۆم بم؟ چیمە؟ شەلم، کوێرم، قۆڕم؟ چیمە؟ کچێ، کوا لیرەکە؟

ژن: تووخوا ئەم پیاوە شەڕ نافرۆشێ؟ ئێستا لیرەی خۆمە، یان هیی تۆ؟

عەلی: هیی تۆی چییە؟ لە ماڵی باوکتەوە هێنات؟ کچێ کە تۆم مارەکرد، دایکم بۆی نەهێنای؟

ژن: ئێ، ئیتر بۆچی ئەڵێی دایکت -بە ڕەحمەت بێ- نەیداوە بە خۆم؟

عەلی: کچێ، ئێستا خۆم و خۆتی بۆچییە، ئافرەت؟ کوا لیرەکە، با داتنەپلۆسم..

ژن: ئەیهوو، ئەیهوو، ئینجا بەزمە، بەزم.

عەلی: بە ناموسم، پێمنەڵێی چیت لە لیرەکە کردووە، تەڵاقتئەدەم.

ژن: ئینجا لەدەستت بێت، هەموو شتێک ئەکەی.

عەلی: قسەنەکەی؟

ژن: لیرەکەم برد بۆ ئافتاو، باشە.

عەلی: ئافتاو کێیە؟ کام ئافتاو؟

ژن: ئافتاوی بووکی میرزا ڕەشید.

عەلی: موناسەبەت چییە؟ بە وەعدەی چەند ڕۆژ لات داناوە؟

ژن: بیسمیللا، وەعدی چی؟ بۆچی لێی خواستووم؟

عەلی: ئەی چۆن؟ بۆچی بۆت بردووە؟

ژن: ئەی دوێنێ پاشتێلانەی نەبوو.

عەلی: ئەی نەچووین بۆ شایی کە شوویکرد؟ ئەی شەکرمان بۆ نەهات، ئەی نەچووین بۆ حەمام؟ کوڕە عەیبە پیاوەکە، بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆی. ئەوە تازە وات لێهاتووە؟

عەلی: چیم لێهاتووە؟ شێتبووم، وەنییە؟ ئاخر بەدەست تۆوە شێتبووم. کچێ تۆ شێتتکردم، بابیی سی فلس شەکر و پەنجا فلس نانخواردنی شایی و پەنجا فلس حەمام، کە هەمووی ئەکاتە سەدوسی. لەجیاتیی ئەمە، تۆ ئەچیت لیرەکەی تەوقەسەرت ئەبەی بۆ بووکی میرزا ڕەشید، دەک موبارەکمنەکرد، ئاوا..

ئافرەت گوێبگرە، ئەمە خاتیمەی بێت سێبەسێ تەڵاقتکەوتبێ بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە، ئەگەر جارێکیتر هیچ شتێک بەری بۆ پاشتێلانەی هیچ کەسێک..

ژن: ئافەرم، دەک موبارەکنەبێ لە عومرت بۆ چ پیاوێکیت! بەخوا من ئەڕۆم و یەکدەقیقە لەم ماڵە کاولبووەدا نامێنمەوە..

عەلی: کچێ، نامێنیتەوە چش، نارەسەنی بێمێشکی جرپن. وا من ئەچم بۆ بازاڕ، هەتا پیمەوە لێرە نەمابیت.

ژن: ئەگەر مام لە جێی تۆ بم..

(دەرگا بە قایم پێوەئەدرێ)

با جلەکانم بپێچمەوە و لەم کاولبووە دەرچم. بەخوا ئیتر لەتوانامدا نەماوە..

میکرۆفۆن: (پێئەکەنێ)

ژن: باسم الله الرحمن الرحيم. ئەوە کێیە پێئەکەنێ؟

میکرۆفۆن: منم مەترسە. من میکرۆفۆنی بەشی کوردیم، هیی ئیزاعە.

ژن: چیت ئەوێ، باوکم؟ ئیشت چییە لێرە، نازانی پیاو لە ماڵەوە نییە؟

میکرۆفۆن: من حەقم چییە بەسەر پیاوە کڵۆڵەکەتەوە، هاتووم یەکدوو قسە لەگەڵ تۆ ئەکەم.

ژن: قسەی چیم لەگەڵ ئەکەی، چیت ئەوێ لە من، باوکم؟

میکرۆفۆن: ئەڵێم شتومەک مەپێچەرەوە و دانیشە لە ماڵەکەی خۆتا و لانە لە خۆت تێکمەدە. کە هاتەوە ئاشتیکەرەوە، تووخوا ئەو مێردە کڵۆڵە ناحەقیەتی تووڕەببێ؟

ئاخر چ موناسەبەت لیرەیەک بدرێ بە سەدوسی فلس، لە وەختێکا کە خۆتان موحتاجی ئەو لیرەیەن.. پاشتێلانەی چی و کالیاری چی؟ ئەمە پێیئەڵێن سواڵکردنی بەعەدەب. ئەوا یەکێکیتر شوویکردووە و کابرایەکیتر ژنی هێناوە، من بۆ ئاڵتوونی بۆ بەرم. تەرکیکەن ئەم عادەتە پیسە ناشیرینە.

ژن: ئەی عەیب و شوورەیی هیچ نەبەین بۆ بووک، بەرامبەر بەو هەموو حەمام و شایی و شەکراوخواردنەوەیە؟!

میکرۆفۆن: نەخێر هیچ مەبەن، با خاوەنی شایی -ئەگەر لەتوانایانییە- ئەوەندە مەسرەفنەکا. هەر کەسە لە ژنهێنانا بە دزیی مێردەکانیانەوە شت ئەبەن بۆ

پاشتێلانە؟ تۆ ئەزانی هەندێ ژن دزی لە مێردەکانیان ئەکەن، شتومەکی ناوماڵ ئەفرۆشن و ئەیبەن.. خوا هەڵناگرێ وا لە ماڵ و مێردی خۆتان ئەکەن.

ژن: ئاخر باوکم ڕەسم و عادەتە، عەیب و شوورەییە ئینسان شت بۆ ناسیاو نەبات. لەپاشا بە دەستیاویشە.

میکرۆفۆن: دەستیاوی چی؟ تەرکیکەن. کە تۆ بۆ خەڵقت نەبرد و خەڵق بۆ تۆی ناهێنایەوە، ئەوا ڕەسم و عادەت نەما. شتومەک نەپێچیتەوە و نەڕۆیت، نەوەکوو تەڵاقتبدا، ماڵ لە خۆت مەشێوێنە، خوشکێ.

میکرۆفۆن ئامۆژگاریتئەکا کە شت نەبەی لە پاشتێلانەدا، شت نەبەی، ئەگینا تەڵاقتئەکەوێ. بە دوعا خوشکێ، لەبەر خاتری پاشتێلانە ماڵ لە خۆت تێکمەدە، دزی لە ماڵ و مێردەکەت مەکە، بە دوعا..

ژن: تووخوا ئەگەر بڕۆی؟ هەتیو باوانت شێوێ قسەکانت زۆر خۆشن.

میکرۆفۆن: ئاخر بەسەری تۆ ئیشم زۆرە، ئەچم بەلای ناوکەبڕانەوە، دوعا.

ژن: خوا ئاگای لێتبێ، خوا حافیزتبێ.

(مۆسیقا)

**ناوکەبڕانە**[1]

حەمە: ئافرەت، وا تێمگەیانی، یەک پوول و یەک مەنقڕ[2] لە کەس گلنەدەیتەوە..

ژنە: (بە ئەسپایی) ئاخر دەنگ هەڵمەبڕە، باجی ئایشێی مامان وا لەودیو نوێژئەکا..

حەمە: کەیفی خۆیەتی، نابێ یەکپوول لە کەس وەربگیرێ.

ژنە: ئاخر باجی ئایشی ڕازینابێ و ئەتۆرێ.

---

[1] ڕەفیق چالاک خۆی دەورەکانی ئەوها دابەشکردووە: ١. میکرۆفۆن: ڕفیق چالاک، ٢. حەمە: نووری عەنبەر، ٣. ژن: ئەحمەد مەحموود، ٤. ئایشێ: ئەحمەد دلاوەر (کەمال ڕەئووف، هونەری دارمای ڕادیۆی کوردی، ل١٤١-١٤٤٠). (ک.ڕ)

[2] مەنقڕ: نەزانرا چییە، بەڵام بە پێوشوێنی ڕستەکە، مانای یەکشت یا یەکفلس دەگەیێنێ، واتە تەنانەت شتی ئایەخیش. (س)

حەمە: ناتۆرێ، چاوی دەرئەهات، بۆچی سواڵە، سەدەقەیە. ئەو چوار دیناری ئەدەمێ و بڕایەوە..

ژنە: ئەگەر ڕازی‌نەبوو؟

حەمە: ئەمجارە مومەڕیزەی خەستەخانە ئەهێنم بۆ منالبوونت، پاکتر و تەمیزتر و باشتر و هەرزانتر و بێخەتەرتر.

مامان: مامان، باجی ئایشێ، هەتا ئێستا هەزار منالی بەسزمانیان خنکان، ئەم مامانی لاکۆلانانە، هەزار ئافرەتیان کوشت، وتیان دایکی ئال هات بەلایا..

ژنە: کوڕە دەنگ هەڵمەبڕە، با گوێی لێ‌نەبێت..

حەمە: وا من ئەڕۆم، خۆ هیچت ناوێ؟

ژنە: نەء، خوا حافیزت‌بێ. زوو بێیتەوە، نەوەکوو باجی ئایشێ بڕوات بۆ سەر سەیرانێکی‌تر..

حەمە: باشە، زوو یەمەوە، باجی ئایشێ، وەرە ئەمدیو..

ئایشێ: ((سبحان ربنا العلي العظيم)) ... (فووئەکا بەملاوبەولای خۆیانا) خوایە توو گەورەییی خۆت ئیمانمان پێ عەتابکە.. خۆ منالەکە نەگریا؟

ژنە: نەء .. نوستووە.

ئایشێ: قەیناکە با بنوێ؟ ئەوە حەمە ئەفەندی ئەیوت چی، ڕۆڵە؟

ژنە: هیچ، وتی ڕازیم‌نییە هیچ لە کەس گڵ‌بدەمەوە.

ئایشێ: چۆن؟ چۆن هیچ لە کەس گڵ‌نەدەینەوە. ئەوە ڕەسم و عادەتە، ڕۆڵە. ئەمە چەند ساڵە ناوکەبڕانە هەر بووە. قابیلە ئێوە ڕەسم و عادەت تێک‌بدەن، عەیب و شوورەیی! بەخوا دایکم من ناتوانم دەست بە ڕووی کەسەوە بنێم..

ژنە: ئاخر باوکی سالار چوار دیناری بۆ داناوی، باجی ئایشێ؟

ئایشێ: چەند؟ چوار دینار؟ بەزیادبێ یا خوا، بەخوا ئەویش قبووڵ‌ناکەم، بەخوا هیچتان لێ‌وەرناگرم..

ئووی دوور لە تۆ سەرم هاتە ژان....

ئووی ئووی ئووی، بەخوا بڕۆمەوە نەختێ بکەوم لە ماڵەوە.

ژن: بۆ کوێ ئەچی، ئایشی؟ دە لێرە پاڵ‌کەوە، بە تاقی تەنیا بەجێم‌مەهێڵە..

ئایشێ: بەخوا دایکم ناتوانم، هەر ئەبێ بڕۆمەوە.

ژنە: ئەوە لە قسەی باوکی سالار عاجزبووی؟

ئایشێ: نەوەڵڵا، ئووی من چۆن عاجزئەبم، هەر ئەڕۆمەوە..

میکرۆفۆن: مەرحەبا، باجی ئایشێ، بۆ کوێ؟

ئایشێ: موور محەمەدی شەریف، ((بسم الله الرحمن الرحيم......))

قول ئەحەیی بیئیسم...

میکرۆفۆن: کچێ قول ئەحیەی چی ئەخوێنی، سەرئاسنینی فەرهادکوژ، باجی ئایشێ؟ بۆچی من جنۆکەم، شەیتانم، دانیشە، بۆچی هەڵساوی؟

ئایشێ: تۆ کێی کابرا؟ ئیشت چییە لێرە؟ تۆ لە کوێ من ئەناسی؟

میکرۆفۆن: چۆنت ناتناسم، من میکرۆفۆنی بەشی کوردیی ئێستگەی عیراقم.

ئایشێ: بیسمیللا، بیسمیللا، ئێزگەی عیراق؟ بیسمیللا، تووخوا لەوان نیت؟

میکرۆفۆن: لە کێ؟ لە کامانە؟ لە جنۆکەکان؟ نەخێر لەوانە نیم، باجی ئایشێ، بیسمیللا ئەلڕەحمان و ئەلڕەحیم. لە خۆمانم، بەڵامماڵی خۆمان بەقوڕبگیرێ کە تەماعکار ناپاکن.. تۆ دانیشەرەوە باجی ئایشێ، تووخوا چوار دینار کەمە؟

ئایشێ: ئینجا باوکم خۆ من مەبەسم ئەوەنییە؟

میکرۆفۆن: ئەی مەبەست چییە؟

ئایشێ: ئەڵێم ئەمە ڕەسم و عادەتە و هەموو کەسێک کە مناڵی ئەبێ، خەڵقی ناوکەبڕانە هەر ئەهێنن. ئەی مامان ئەم هەموو هیلاکییە، ئەم هەموو شەونخوونییە بۆچی ئەکێشێ؟

میکرۆفۆن: تووخوا تۆ هیلاکترئەبی و عەزێت زیاتر ئەکێشی، یان دایکی کڵۆڵ کە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ مناڵ بە پێستی سک هەڵئەگرێ و لە وەختی بوونیشیا ئەگاتە ڕادەی مردن.. تۆ هیلاکترئەبی، یان کرێکار و جووتیار کە سەدوپەنجا فلس وەرناگرن بەرامبەر بە دە دوانزە سەعات ئیشکردن.

بۆ هەفتەیەکیش کەمتر، چوار دینار کەمە، باجی ئایشێ؟ پەڵپ بۆ بەم زەیستانە بەسزمانە ئەگری و خەریکی بەتاقی تەنیا بەم ئێوارەیە بەجێیبێڵی؟

ئایشێ: باوکم کوا پەڵپمگرتووە، هەر سەرم ژانئەکات؟

میکرۆفۆن: ئەی سەرت بەرگولله کەوێ، ئاوا درۆزن.. سەری چی؟ بۆچی من ناتناسم.

ئایشێ: چۆنم ئەناسی؟ تۆ له کوێ من ئەناسیت؟

میکرۆفۆن: وات ئەناسم، باجی ئایشێ که تۆ وه ئەمسالی تۆ له مامانی لاکۆلان، هەتا ئێستا بوونەته هۆی هەزار کارەساتی پڕ کوێرەوەری. گەلێ ئافرەت و منالی بەسزمانتان به نەزانی کوشتووه، ئێوه دوژمنی زانیاریی تازەن، ئێوه قینتان له نەخۆشخانه و له دوکتۆر و له دەرمانی تازەیه، چونکه ئەتانەوێ هەتا دنیا دنیایه هەر مامان بن..

ئێوەن که نایەڵن خەرافیات نەمێنێ لەم ولاتەدا، به درۆودەلەسه باسی دایکی ئاڵ و شەوه بۆ ئافرەتی نەزانی بەسزمان ئەکەن. ئێوەن هۆی تەرکنەکردنی ئەم عادەته پیسەی که ناوی ناوکەبڕانەیه..

ئایشێ: تۆ به قسەکانتا وا دەرئەکەوێ پیاوه چەنابازەکەی ئیزاعەی.

میکرۆفۆن: باشت هەڵهێنام، باجی ئایشێ؟ خوا ئەیزانێ وازتان لێناهێنم هەتا ئەو عادەته پیسانەتان پێتەرکنەکەم.

ئایشێ: ئینجا باوکم تۆ هەقت چییه بەسەر خەڵقەوه.

میکرۆفۆن: ئەی بۆ تۆ و ئەمسالی تۆیان بەجێبهێڵم، وەکوو مێردەزمه بچیته قەلادۆشکانیان، وەکوو مۆتەکه سواری سەر سنگیان ببی، باسی پڕ له درۆی دایکی ئاڵ و شەوه و شەولەبان و قسەی قۆڕیان بۆ بکەی و پارەیان لێبکێشیتەوه و پارووی چەور بگلێنی و چای شیرین و دیژلەمەی خەستم بۆ بخۆیتەوه.

باجی ئایشێ: ئینجا کێ به دەم دەرەقەتی تۆ بێت، ئەڵێی چیکەنەی.

میکرۆفۆن: ئاخر لەسەر حەقم، بۆیه وا زوو تۆی لەسەرناحەقڕۆیشتوو ئەبەزیت. ئیشم زۆره، جارێ به دوعا باجی ئایشێ. نەڕۆی، مناڵەکه و زەیستانەکه بەجێنەهێڵی، ئەگینا چوار دینارەکەش وەرناگری و ئەمجاره حەمه ئەفەندی ناشتکا به مامان، مومەڕیزه ئەهێنێ. دانیشه ڕازیبه بەو چوار دیناره. به دوعا باجی گوڵنام.. باجی ئایشێی دایکی ئاڵی مامانی لاکۆلان. (پێکەنین)

(مۆسیقا)

**لە کۆڵان دانیشتن**[1]

حەمە: تووخوا ئەمە حاڵە؟ عەیب و شوورەیی و حەیاچوونە.

عەلی: چی قەوماوە، حەمە؟

حەمە: کورە چی نەقەومێ، ئەم کۆڵانەیان کردووە بە چایخانە.

عەلی: کێ؟ چی بووە؟

حەمە: ئینجا چی ماوە نەبێ! قوربان باجی عەدلە و گوڵچینی پوورە هەمین و دووان‌سیانێکی‌تر، بەم ڕۆژگارە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ لەناو ئەم دەرگایانەدا دانیشتوون، فیشەفیشی جگەرە و ڕاز و گلەیی و تیر و توانج گرتنە خەڵقییان کردووە بە پیشە.

عەلی: دەک موبارەک نەبێ ئاوا، ئەی مێردەکانیان و کەسوکاریان قسەناکەن؟

حەمە: تێناگەم! ئاخر نابێ بپرسنەوە، بڵێن ئافرەت بۆ لە ناودەرگا دانیشتوون؟

عەلی: ڕەنگبێ هەر پرو‌پیرێژن بن.

حەمە: کورە پرو‌پیرێژنی چی؟ کچە عازەبەکانیش کە وەختی شوویانە.. ئەم کلاش ئەچنێ، ئەو بنێشت ئەجوێ، مڵچەی دەمی ڕۆژەڕێیەک ئەڕوا، ئەویان ئەقیژێنێ.

میکرۆفۆن: ڕاستە قسەکانتان هەمووی بەجێیە، ئافەرم.

عەلی: ئەوە هاتیتەوە میکرۆفۆن؟

حەمە: کێ میکرۆفۆنەکەیە، ئا وەرە بە قوربان، چارەسەرێکی ئەم عادەتە پیسە بکە. ئەوە بۆ باسی هەموو شتێک ئەکەی، کەچی ئەمەت لەبیرچووە.

میکرۆفۆن: هیچ شتێکم لەبیرنەچووە. بێگومان‌بە ناڕێکی نامێنێ باسی لێنەکەین. ئێستا ئەگەر باجی عەدلەی موبارەک و فیشەکلغ لە دەمەکانی‌تر هەر لەناو ماڵی خۆیانا دابنیشن و قسە بە خەڵقی نەڵێن، قەیناکە، بەڵام ڕێگایان لە خەڵقی بڕیوەتەوە. ئەوا کچانی مەکتەب ئەچن بۆ قوتابخانە، قسەیان پێئەڵێن. ئەوا یەکێک بە ڕێگادا ئەڕوات، جارێ هەر لەپێش ئەوەدا بگاتە عاستیان، دەست‌ئەکەن بە باسکردنی، بەڕاستی ئەم خووە شتێکی زۆر ناشیرینە.

عەلی: ئێستا چار چییە؟

---

[1] بۆ دەورەکان لە لایەن نووسەرەوە نێویان نیشانەنەکراوە. (ک.ڕ)

میکرۆفۆن: چار ئەوەیە هەر پیاوەماڵی خۆی تەمیبکا کە لە بەردەرگا دانەنیشن. جاریَ لەسەر ئەو عەرزە تەڕە، تووشی نەخۆشی مایەسیری و ڕۆماتیزم ئەبن، تۆز و خۆڵی کۆڵان ئەچێتە ناو چاو و لووت و دەمیانەوە، جلەکانیان زووتر چڵکنئەبیَ و ئەدڕیَ، فێری چاوباشقاڵی و غەیبەت و جنێوی سووک ئەبن. بەکورتی، ئەبن بە ئامە کوڕانی.

عەلی: ئەشهەدوبیللا ڕاستە. پێویستە لە ئێستاوە ئەمانە لە پیاوی گەڕەکەکە بگەیێنین. بڕۆ حەمە با دەستپیبکەین.

میکرۆفۆن: ڕاوەستن، شتێکی زۆر ناشیرینیتریش ماوە، با باسی لیبکەین.

حەمە: چییە؟

میکرۆفۆن: مەسەلەی هەندیَ قوتابیی لەخۆبایی کە لە سەرەڕێی کچانی مەکتەبا ئەوەستن و ڕێیان پیئەگرن، ئەمەش هەتا بڵێی شتێکی ناشیرین و بیمەعنایە.

عەلی: ئەوە مەسەلەی تەلەبە عائیدی مەکتەبەکان و مەعاریفە، ئەگەر یەکدوو تەلەبە لە سەرڕێگا بە کچ گرتن جەزابدەن و دەریانبکەن، کەسیان ئیتر ئەوە ناکەن.

میکرۆفۆن: بەڵیَ، پێویستە مەعاریف ئینزبات دابنیَ بۆ موراقەبە و چاودێریی خوو و ڕەوشتی قوتابی. بەڵام پێویستە لەسەر دایک و باوکیشیان ئاگایان لە مناڵەکانی خۆیان بێت، جاریَ بە دوعا.

عەلی وە حەمە: خوات لەگەڵ.

(مۆسیقا)

حەمە-عەلی: ئەزانی باجی عەدلە ئەڵیَ چێویش بنێن بە ورگمەوە، لە بەردەرگا دائەنیشم.

عەلی: وا مەڵیَ.

حەمە: وەڵڵا، زۆر بیئابڕووە، هەی هەی هەی لە عەدلە نێرە.

عەلی: ئینجا مەسەلە ئاسانە بۆ تەمێکردنی ناعەدلەخان.

حەمە: چۆن؟ چی بکەین؟

عەلی: بە کاک ساڵحی موختار ئەڵێین.

حەمە: ئینجا ساڵح چی ئەکات؟

حەمە: چۆن چی ئەکات! بە ناموسم هەزار عەدلە نێرەت بۆ ئەکاتە کون، نایەڵێ کەس لە بەردەرگا دانیشێت.

حەمە: ئاخر چۆن خەڵق لە بەردەرگا بەزۆر مەنعئەکرێ؟

عەلی: بەخوا سەیرە، چۆن مەنعناکرێ؟ ئەی موناسەبەت چییە ئەوان تەعەدا بکەنە سەر خەڵقی.

حەمە: کەواتە با بچین بۆ لای ساڵح.

عەلی: جارێ با بچین بۆ حەمام، خۆمان ئەشۆین و یەینە دەرەوە، ئینجا ئەچین بۆ لای ساڵح.

حەمە: باشە با بڕۆین.

(مۆسیقا)

عەلی: خۆت شت حەمە؟

حەمە: ئا، بەڵام هێشتا خۆم بیسمیلنەکردووە.

عەلی: دە بە دووسێ سەتڵ بیسمیلکە و ببڕێتەوە.

حەمە: نەء، ئێستا بە حاجی تۆفیق ئەڵێم کلیلی غەزێنەکەم باتێ، ئەچم لەناو غەزێنەکەدا خۆم بیسمیلئەکەم.

عەلی: ئاخر غەزێنەکەیان مەنعکردووە، نابێ کەس بچێتە ناوی.

حەمە: بەخوا هەزار مەنعیانکردبێ، هەر ئەچمە ناوی، فێربووم.

میکرۆفۆن: چۆن ئەچیت کاکەحەمە؟ فێری چی بووی؟

حەمە: ئەوە تۆی، لێرەشی؟ لە حەمامیشا حازری، میکرۆفۆن؟

عەلی: کوا میکرۆفۆن؟ پێمنەوتی مردووت مرێ باسمانئەکات.

حەمە: من چووزانم، وەکوو مووی لووت وایە، ماڵ بەقوڕگیراوە.

میکرۆفۆن: ئەمە لەکن خۆی ئێوە ئامۆژگاریی خەڵقتان ئەکرد و ڕێگاوشوێنی چاکتان پیشانی خەڵقی ئەدا.

عەلی: باوکم، وەڵڵا پێموت بە دووسێ سەتڵ ئاو خۆت بیسمیلکە، کەچی ڕازینەبوو.

میکرۆفۆن: ئاخر نازانی کاکەحەمە ئاوی غەزێنەکە کە پیسبوو، کە خەڵقی خۆی تیا شت، هەزار نەخۆشیی پیست بە خەڵقیتر ئەگات. بۆچی غەزێنەکە بە پاکی نەمێنێتەوە؟

حەمە: ئینجا ئەی تۆ باسی خاولیی حەمام بۆ ناکەی؟ بۆچی خاولێکان پاکن؟

میکرۆفۆن: ئینجا کە پاکنین، بۆ خاولی بۆ خۆت ناکڕی، لەگەڵ خۆتا بیبەیت بۆ حەمام، خۆتی پێ وشکبکەیتەوە؟

عەلی: ڕاستئەکا.. بۆ خاولی ناکڕی، خۆ زۆر هەرزانە.

حەمە: وەڵڵا حەق وایە هەموو کەسێک خاولیی ببێت.

باوکم، لەمەودوا ئەیکڕم.

میکرۆفۆن: ئەی غەزینەی حەمام؟

حەمە: ناچمە ناوی ئیتر، ناشهێڵم کەس بچێتە ناوی، هەر ئێستا بە حاجی تۆفیقی حەمامیش ئەڵێم کە ئیتر نەیەڵێ کەس بچێتە ناو غەزێنەکەوە.

میکرۆفۆن: پێویستە بە هەموو حەمامچییەکان بوترێ کە دەرگای غەزێنەکان داخەن، نەیەڵن کەس بچێتە ناویانەوە. پێویستە نەهێڵن سیل و دیقاوی و گڕوێ لە حەمامەکانیان خۆیان بشۆن، چونکە لەمانەوە بەشی زۆری خەڵقی شارەکە نەخۆشئەکەون. پێویستە هەموو ڕۆژێک حەمام پاکبکرێتەوە و بشۆرێ.

حەق وایە خاولی لابەرن، پەشتەماڵ نەدەن بە کەس، بۆ ئەوەی کەس لە کەسیترەوە تووشی نەخۆشی نەبێت. ئەگەر وا نەکەن، تووشی نەخۆشی ئەبن، ئەکەون. نەچنە غەزنەی حەمامەوە، بە خاولی حەمام خۆتان وشکنەکەنەوە، نەچنە حەمامی پیس.

(تەواو)

# باوەژن*

١٩٥٢/٣/٢

نووسینی: ئەحمەد دلاوەر

دەستکاریی: ڕەفیق چالاک

دەرهێنانی: عەبدوڵڵا عەزاوی

باوەژن: ئا بەهیە، ڕۆڵە هەڵسە گۆشتەکەم بۆ بێنە. خۆ حەمەسەعیدی برات گۆشتی مەڕەپیر و بزنەلات نەبێ، نایهێنێتەوە.

بەهێ: ئەوە بۆچی ڕازی‌نیت لە ئیشی من و کاکم، باجی؟ گوایە ئەم گۆشتە چەورە باشە، چییەتی؟

باوەژن: ئەمە گۆشتە؟ خوا بە خێری نەهێنێتەوە، ئاوا. تۆ بزانە تۆزێک گۆشتی چاکی پێوەیە، ئینسان بیبرژێنێ بۆ خۆی؟ لایبە لە بەرچاوم، بە باریێ دار ناکوڵێ. خوا جوانەمەرگتان‌کا ئاوا.

بەهێ: باجی بۆچی پەڵپ‌ئەگریت؟ ئەم دوعاکردنەت لە چییە؟ هەموو ڕۆژێکی خوایی هەزار پەڵپمان پێ‌ئەگریت، هەزار شکاتمان لای باوکم لێ‌ئەکەی، هەرچی ئیش‌وکاری سەختە، ئەوەمان پێ‌ئەکەی. سەرەڕای ئەوەش، دوعامان لێ‌ئەکەی؟

باوەژن: ئەوە دەم‌درێژیم لەگەڵا ئەکەی، کچەتیوە جرپنە؟ وەڵڵا وەڵڵا ئەم‌جارە ورتەت لە دەم بێتە دەرەوە، لالغاوەت هەڵئەتلێشێنم. دەک بەزیادنەبێ ئاوا. من گەورەی

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٤٩-١٦٢.

جێگەی گوتنە، لەسەر دەفتەرەکە ڕێبەری ڕادیۆ کامل کاکەمین لە ١٩٥٢/٣/٣دا ئیمزای لێ‌داوە و بە زمانی عەرەبی لێی نووسیوە "يذاع - بڵاوئەکرێتەوە". لە لایێکی‌دییەوە وەکوو لەسەر دەفتەرەکە دەورەکان نیشانەنەکراوە، ئەوە بەپێی شریتە تۆمارکراوەکەی دراماکە دەورەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە: ١. باوەژن (گوڵچین): ئەحمەد دلاوەر، ٢. میرزا: ڕەفیق چالاک، ٣. کچ (بەهێ): ئەحمەد مەحموود، ٤. غەفوور: فائیق دڵزار (فائیق چالاک)، ٥. مامۆستا: نووری عەنبەر. ئەم درامایە دەنگە تۆمارکراوەکەی لە ئەرشیف‌دا هەڵگیراوە. (ک.ڕ)

ئەم ماڵەم یان تۆ بەهێخان، لە بەر دایکە .... ئینجا شەیتان.

بەهێ: ئەوا پێموتی هەرچییەک بە خۆم ئەڵێی قەیناکات، بەڵام ناوی دایکم نەبەی. دایکم ڕەفیقی هەموو کەسێک نەبوو.

باوەژن: ئووی گلە کوێربێت! ڕەفیقی کێ نەبوو، کچێ؟ دایکت لە من ژنتر بوو؟ ئەوە بۆ جوابنادەیتەوە، چاومۆن؟

بەهێ: ئینجا ئێستا ئەگەر قسەئەکەم، شەیتان بەنەحلەتبێ، یا هەر دیزە بەدەرخۆنەبێ. خەتای تۆ نییە، باجی، خەتای بێعەقڵی و دڵپاکیی خۆمە، کە باوکمم تەفرە دا تۆ بهێنێ.

باوەژن: دە فەرموو قسەی لەگەڵا بکە. هێشتا من حەرفێکم لە دەم نەهاتۆتەدەرێ، هەشتهەشت جوابمئەداتەوە. دەک بە بووکی گڵ و مارومێروو بیت، ئاوا. ئەو دایکە خواتەوە کە تۆی بەخێوکرد.

بەهێ: کچێ، ئەوەندە دایکت خواتەوە هەتا چاوت سپیئەبوو. پیرێژنە حەوت شووکەرە، بەسنییە دایکم هەتا مرد یەک پیاوی ناسی، تۆ کچەکەت بەقەد دایکمە، فەرهادکوژ.

باوەژن: ئەمەشت لەبارابوو بەهێخانی دەممردوو؟ دەک موبارەکمنەکرد لە عومرت ئاوا و بەخوا ئەمە گوزەراننییە لەگەڵ تۆ و سەعەهارەی براتا. شەرتبێ ئێستا بێتەوە لەگەڵیا ببڕمەوە، یان من یان ئێوە.

بەهێ: تووخوا عەیبنییە هەموو ڕۆژێ ئەم حەنە حەبەشێیە؟ عەیبنییە هەموو ڕۆژێ باوکم عاجزبکەین بەم شتە پڕوپووچانە؟ تۆ لەکن خۆت لە جێی دایکم دانای؟

باوەژن: ئەوە ڕووت بێت قسەم لەگەڵا بکەی، بەهێ کوڕانی؟!

بەهێ: کوڕانیی چیم، باجی؟ چوومەتە پشت دەرگا؟ چاوباشقەڵیم کردووە؟ خوانەخواستە شتێکی بێشەرعیم کردووە؟

باوەژن: ئەوە بەتەوسەوە قسە ئەگریتە حەپسەی کچم، کچەتیوەی ناکەسبەچەیە؟ ئینجا بشچێتە بەردەرگا، سەربەرزە، کچی دایکیەتی.

بەهێ: من باسی کەس ناکەم بە خراپی، حەقم بەسەر کەسەوە نییە.

باوەژن: ئیف لەبەرتمرم، ئەوە قینت هەڵئەسێت بچێتە بەردەرگا، وەڵڵا لەمەودواوە هەموو ڕۆژێ ئەبێ بینێرم بۆ خۆی کەیفبکا و دڵی بکرێتەوە،

بەشکوو ئەمە خوایە تۆ شەقبەری. پشت بە خوا و بە کوێراییی چاوی تۆ، ئەبێ بیدەم بە شوو، تۆش هەر بمێنیتەوە بۆ کارەکەرێتی.

بەهێ: تۆ بەهەڵەچووی، باجی. من شەقنابەم و بە کارەکەریش نامێنمەوە. هەمووی کاکم ساڵێکی ماوە، عەمر بەرقەراربێ، دەرئەچێ و ئەبم بە بناوانی، لەم دیلییە ڕزگارمئەبێ.

باوەژن: کەواتە بۆیە وا دەمت درێژبووە، عەهدبێ نەیێڵم یەکسەعات هەناسەی ڕەحەتی هەڵکێشێ. عەهدبێ ڕەشتکەم لە بەرچاوی باوک و برا و کەسوکار و ناسیاو و نەناسیاو، بتکەم بە پەندی پسات[١]، بە عیبرەت.

بەهێ: چ خوا هەڵئەگرێ بوختانم بۆ ڕێکخەی؟ چۆن دڵت یەت بە خوتوخۆڕایی شتم بۆ هەڵبەستیت، باجی؟ ئەمە ئەجری چاکەکەمە ئەیدەیتەوە؟

باوەژن: چاکەی چی، کچێ؟ نەخەڵەتابی جارێکیتر باسی چاکە بکەی؟ ئینجا من نەبوومایە، کێ بە باوکت ڕازیئەبوو؟ ڕیشی بە حەوت گوێزان ناتاشرێ!

بەهێ: چاکە، خۆ تۆ هەزار نوشتەت کرد، هەتا شووتکرد بە باوکم.

باوەژن: من؟ ئۆ گڵە کوێربیت، من بێزمهاتووە نوشتەبکەم؟

من ڕەفیقی ئێوەمانانی ڕووهەڵماڵراوم؟ من ئێستاش دەس بە خۆمان بێنم،.. ئینجا شەیتان؟ دایکم بەهێ بۆ وازم لێناهێنی، چیت لە من ئەوێ؟

بەهێ: من چیم لە تۆ ویستووە، باجی؟ تۆ بە خوتوخۆڕایی هەموو ڕۆژێک شەرم پێئەفرۆشی و بەزمئەگێڕی.

باوەژن: من بەزمئەگێڕم، کچی دایکت؟

بەهێ: ئەوە هەزار جارم پێوتی، ناوی دایکم نەهێنی. عەیبناکەی تۆ لەکن خۆت سەرت سپیکردووە، هەی باوەژن؟ فەرهادکوژ، کرمۆڵەی ئاولاوییە.

باوەژن: ئەوە بە من ئەڵێی؟ ئەوە بە من؟ ئەوە بە من؟

(دەستئەکات بە لێدانی)

---

[١] سپارد، نووسراوە کە هەڵەیە، پسات ڕاستە، بە مانای جڤات، ناوکۆمەڵ (هەژار، هەنبانە بۆرینە، ب١، ل١٠٨). ڕەنگە ئەم وشەیە لە کاتی گوێلێبوونی شانۆنامەکەدا، باش و ڕاست وەرنەگیرابێ. (س)

بەهێ: ئای سەرم، ئای سەرم، ئەوە لێمئەدەی، باجی. باجی عەیبناکەی؟ ئەی هاوار، ئەی هاوار، خنکانمی، ئەی هاوار..

باوەژن: (هەر لەسەر لێدان ئەڕوات) هەتا نەتخنکێنم، وازت لێناهێنم.

(مۆسیقا)

میرزا: (لە دەرگا ئەدا)

باوەژن: ڕاوەستە وا هاتم.

میرزا: گوڵچین، ئەوە تۆ دەرگاکەت کردەوە؟

باوەژن: ئەی چی بکەم پیاوەکە، کێ بیکاتەوە؟

میرزا: ئەی بەهێ؟ ئەی حەپسە؟

باوەژن: حەپسە، دایکی بمرێ، سەری ژانئەکات لە بەیانییەوە. بەهێخانیش دیسانەوە بە خوتوخۆڕایی مانی گرتووە.

میرزا: دەستمان پێکردەوە؟ یا سەتار، نابێ ڕۆژێ بە ڕەحەتی نانەکەمان قوزەڵقورتکەین، هەموو ڕۆژێ ئەم مەحکەمە و مەحکەمەکارییە ئەبێت، ئافرەت!

باوەژن: ئینجا من چی بکەم، پیاوەکە؟ خەتای من چییە؟ لە بەیانییەوە تۆ ڕۆیشتوویت، ئەوە ئەگری و لەخۆیئەدا و دوعا لە تۆ ئەکا و جنێو بە من و حەپسە ئەدا هەتا ئێستاکە. هەر گوتم قەیناکا، لەبەر خاتری تۆ، لەبەر خاتری ڕەحمەتییەکەی دایکی.. هەر فایەی نییە. ئەوەندەی لە خۆیدا، هەموو قژی خۆی ڕنی..

میرزا: ئەی تۆ بۆچی وا سەروپۆتەڵاکت تێکچووە؟

باوەژن: چووم بە ناخێرم دەستی بگرم، کەچی چاوت لێیە چیی لێکردووم.

میرزا: ناشێ؟ بەهێ شاڵاوی بۆ هێنابێ؟

باوەژن: هەر شاڵاو؟ هەزارجار دایک و باوکی منیش و تۆشی لە گۆڕ دەرهێناوە.

میرزا: بەهێ.

بەهێ: بەڵێ، بابە.

میرزا: ئەمە مەعنای چی؟ تۆ و ئەم کردەوە ناشیرینانە؟ تۆی عاقڵی سالار!

بەهێ: بابە گیان لەسەری مەڕۆ، خۆت باشم ئەناسی، ئەشزانی کە قەد درۆم نەکردووە و نایکەم. باجیم هەرچییەکی وت خیلافبوو، هیچی ڕاستنەبوو.

میرزا: ئەمە مەعنای چی، ئافرەت؟

باوەژن: ئینجا من ئیتر قسەی چی بکەم؟ بەخوا یەکدەقیقە لەمماڵەدا نامێنمەوە، هەر ئێستاکە ئەڕۆم.

میرزا: ئافرەت، تۆ بۆچی زوو تووڕەئەبیت؟ نابێ لە مەسەلەکە بگەین، نابێ بزانین خەتای کێیە؟

باوەژن: ئەمە هێشتا هەر نەتزانی خەتای کێیە؟ ئەگەر مێردێکی باش ئەبووی، ئێستا ئەتدایە بەر شەق. بەخوا ئەگەر پیاو ئەبووم، بەڵام بڵێم چی! خوا منی کردووە بە ژن و تۆشی کردووە بە پیاو.

میرزا: ئەوە بە کێ ئەڵێی، گوڵچین؟ بە من؟ ئینجا نۆبەی منە؟ هەڵسە نانەکە تێکە، هەڵسە نابێت بزانی چۆن قسەئەکەی.

باوەژن: ئینجا قسەم لەبیر ماوە، بەهێخان هەموو شتێکی لەبیربردوومەتەوە.

میرزا: دە هەڵسە نانەکە تێکە، برسیمە.

باوەژن: نانی چی، هیچمان نییە.

میرزا: یەعنی چی هیچمان نییە؟ ئەی بەیانی گۆشتمان نەکڕی؟

باوەژن: کە بەهێ لە خۆیدا، بە هەڵەداوان ڕامکرد، هاتم بزانم چی قەوماوە، هەتا گەڕامەوە مووبەق، پشیلە گۆشتەکەی خواردبوو.

میرزا: یا خوا موبارەکنەبێ لە عومرتان، ئاوا. بە درێژیی ئەم ڕۆژگارە من کاسبیبکەم و بۆ ئێوە بتەقمەوە و گۆشت بکڕم، نیوەڕۆش کە هاتمەوە پشیلە گۆشتی خواردبێ و هیچمان نەبێ بیخۆین؟ بەهێ بۆچی وا ئەکەی، کچم؟ هەر باوکێکی تێنەگەیشتوویتر بووایە لەجیاتیی من، هەتا ئێستا کوشتبووتی.

بەهێ: ئەگەر بڕوام پێئەکەی، بابە گیان، بە قەبری دایکم هیچ خەتا و گوناهێکم نییە.

میرزا: ئێستا نەتیجە چی بخۆین، ئافرەت؟

باوەژن: چی ئەخۆین؟ تۆ بۆ خۆت لە کەبابخانە نان بخۆ، منیش نەختێ مزرۆکە ئەکەم.

میرزا: ئەو ژووری میوانە پاکبکەنەوە، چونکە میوانمان بێت، جگەرەش تێبکەم.

باوەژن: میوان؟ میوانی چی؟ کێ بێت؟

میرزا: نازانی کێ بێت؟ ئەی دوێنێ شەو چیم پێوتی؟

باوەژن: ئەی من پێمنەوتی ئیزنیانبدە.

میرزا: ئیزنیاننادەم.. بووی بە مێردم، تۆ گوڵچینخان.

باوەژن: ئینجا بۆ ئەنەڕێنی؟ پەنام بە تۆ خوایە، ئاگرت لێئەبێتەوە.

میرزا: وا من ئەڕۆم، هەتا یەمەوە، هەموو شتێک حازربێت، جگەرە، قاوەی هاڕڕاو، ژوور پاککرابێتەوە، ئەگینا ..

باوەژن: ئەگینا چی؟

میرزا: ئەگینا هەمووتان ئەیخۆن، ئیتر کەیفی خۆتانە.

(مۆسیقا)

باوەژن: دە ڕۆڵە هەڵسە نانێ تێبگوشە و بیخۆ بۆ خۆت، بۆ پەڵپئەگری؟ ئەوە دوو سەعات دانراوە.

بەهێ: نان بگوشمە چییەوە؟

باوەژن: ئەی ئەوە مزرۆکە نییە بۆم هێشتوویتەوە؟

بەهێ: بە ئاوی کاڵوکرچ ئەڵێن مزرۆکە؟ من نان ناخۆم، حەقت چییە بەسەرمەوە، دایکم؟

باوەژن: ئینجا نان ناخۆی، چش. دە هەڵسە ئەو ژوورە پاکبکەرەوە، هەتا نەهاتۆتەوە. وا منیش سەری جگەرەکان ئەگرم، ئەمە واش سبەینێ شووئەکەی؟ ئەی قوڕ بەسەر ئەوماڵەی تێیئەچیت.

بەهێ: بەزمەکەیە دیسان؟ نەبڕایەوە ئیتر؟

باوەژن: بۆ نەبڕایەوە، بە قوربانی خوا بم، ڕۆڵە تالعت یارە، ئەگینا ماڵی حاجی عەبدوڵڵا و تۆیان وتووە! حەیفنییە تۆ ببی بە ژنی ئەحمەد ئەفەندیی حاجی عەبدوڵڵا؟

بەهێ: ئەوە لە خۆتەوە ئەڵێی چی؟ ئەم قسانە مەعنای چی؟

باوەژن: ئووی لەبەر مەکرت مرم، ئەی گوایە نازانی ئەمشەو دێن بۆ خوازبێنیت؟

بەهێ: بەسیەتی، عەیبە ئەوەندەم گاڵتە پێمەکە.

باوەژن: گاڵتەی چی، ڕۆڵە؟ ئەی چاوی شەیتان کوێربێ، چاوت لێیە چۆن هەڵسای بۆ ژوور پاککردنەوە. حەپسەی نازک و نازداری سەلاری وێڵ و ئوصووڵ زان بمێنێتەوە و تۆ شووبکەیت؟ ئەی سەری گوڵچین بەتاشین‌چێت، ئەگەر بیێڵم ئەم شووکردنە سەربگرێت، عەهدبێ نەیێڵم بەم مرازە بگەی.

میرزا: (لەدەرگا ئەدا) ئەوە ئەو دەرگایە بۆ ناکەنەوە؟

باوەژن: (دەرگا ئەکاتەوە) ئەوە چیتە وا دەنگ هەڵئەبڕیت؟ تازە وات لێ‌هاتووە؟

میرزا: چیم لێ‌هاتووە؟ قسەکردنیش مەمنووعە، گوڵچین؟ ئیشەکانتان ڕاییکرد؟

باوەژن: ڕاییکردن؟ جوانیی کچیشت خەریکی ژوورەکەیە ئەیڕازێنێتەوە.

میرزا: ئافرەت، عەیبە بۆ تۆ دەم ئەخەیتە دەمی ئەو منالەوە.

باوەژن: تۆ هەر خەتای من بگرە، هەتا خوا پێت ئەنوێنێ.

میرزا: باوەژن وەکوو مار وایە.

باوەژن: ئەی مارەکەی شێخ هۆمەر بچێتە گەردنت، ئاوا.

میرزا: تۆ لە مارەکەی شێخ هۆمەر بێ‌ڕەزاتری. هەتا شووت‌نەکردبووەوە سڕبووی. بەڵام وا گەرمت‌بۆتەوە، ئینجا ئەتەوێ بمانئەنگێوی، خوا چاکی‌کات ئافرەت.

باوەژن: خوا چاکی‌نەکات بە دەست تۆ و بەهێ‌خانی کچتەوە.

میرزا: کچێ بۆ وازناهێنی و نەختێ هۆش و شعوورت بێ. وا بە خێرێ ئەڕوا و ئەبڕێتەوە.. ماڵەکە بۆ تۆ و حەپسەخانی کچت چۆڵ‌ئەکا. چیت لێی‌ئەوێ؟ ئافرەتی چاکبە.

باوەژن: خێری پێوەبێت، ئینجا ئێستا ئەم جلفڕە وەختی شووکردنێتی. سبەینێ کە نەیتوانی ئەم ماڵە گەورەیە بەرێت‌بەڕێوە، عەیبەکە یەتە ئەستۆی تۆ.

میرزا: گوایە بۆچی ناتوانێت ماڵ بەڕێوەبەرێ، ئافرەت؟ چی نازانێ؟ بەڵام تۆ سەرکوێرت‌کردووە، بەو خوایەی چارەنووسی من و تۆیە.

باوەژن: من تاقەتی حەنەحەپەشێی تۆم نییە، پیرەمێردە خوتەخوتکەرە.

میرزا: بووین بە خوتەخوتکەر و پیرەمێردی جوانەکچ، گوڵچین‌خان؟ ناحەقت‌نییە، هێشتا دیگەڵەت نەدیوە چەند ماڵە.

باوەژن: بە کێ ئەڵێی ئەوە؟ یا خوا موبارەک‌نەبێ ئاوا، وەڵڵا هەر ئەمەمان مابوو.

(لە دەرگا ئەدرێ)

میرزا: بێدەنگبە وا هاتن، لێکینێ و حەیامانمەبە. فەرموون، فەرموون، یا خوا بەخێربێن. فەرمووونە ئەم ژوورەوە.

غەفوور: فەرمووو، مامۆستا پێشکەوە.

مامۆستا: ماشائەڵڵا، ماشائەڵڵا، باخێکی زۆر خۆشە، میرزا یا خوا موبارەکبێت.

میرزا: خوا سەلامەتتکات، مامۆستا، بەخێربێیت یا خوا.

غەفوور: خوا سەلامەتتکات.

مامۆستا: شوکور چاکیت میرزا؟ بازرگانییەکەت چۆنە؟

میرزا: ناشوکری نەبێ، مامۆستا وەکوو جاران نەماوە. کاسبی بچووک زوو ئەڕوات، ئاگای لە خۆی نەبێ.

غەفوور: کار نییە خوا چاکینەکات، حەمەسەعید شوکور چاکە.

میرزا: خوا سەلامەتتکات، واشمان لێبپرسیتەوە چاکە. خزمایەتی وا ئەبێت کاک غەفوور؟ نە سەرێکمان ئەدەی، نە ئەپرسی ماوین، مردووین.

غەفوور: وەڵڵا میرزا بە دەردیماڵبەڕێوەبردن و نانپەیاکردنا کەوتووم، دەستم ناگات سەریش بخورێنم، گوڵچینخان شوکور چاکە؟

میرزا: چاکە شوکور، ئەوە حاجی عەبدوڵڵا بۆچی تەشریفینەهێنا.

مامۆستا: بەخوا -دوور لە ئێوە- ئازارەکەی پەیاکردووە، ئیتر نەیتوانی تەشریفبهێنێ، کاک غەفووری لەجیاتیی خۆی نارد.

میرزا: بەخوا پێم ناخۆشبوو. بەڵام چار چییە، نەخۆشی کە هات، وەخت و سەعات نازانێ. یا خوا بەخێربێن.

مامۆستا: باوکم میرزا ئێمە کە ئادەمیزادین و خوا دروستیکردووین و هەموو دنیای پێعەتاکردووین، پێویستە ئێمەیش کردەوەمان جوانبێ و ڕەوشتمان بەرزبێ و لەسەر شەریعەتی دینە حەنیفەکەمان بڕۆینبەڕێوە.

میرزا: فەرمایشتەکەتان جوانە، مامۆستا.

مامۆستا: هەموو بەنیبەشەر برای یەکترین، ئەم دنیا گەورەیە هەموو بەیەکەوە بەستراوە، موسوڵمانان و هاوزوبان و هاودینیش برای یەکترین. ئەبێ لەپێناوی سوودی کۆمەڵا هەوڵبدەین، لەپشت حەق بین، بۆ ژیانێکی باشی پڕ لە کامەرانی

تیبکۆشین. پێویسته حەز بە ئاشتی و ئاسایش بکەین، قینمان لە شەڕوشۆڕ و جەنگ بێت، چونکە ماڵوێرانیی وا لەدوا.

میرزا: سەمیعنا مامۆستا، ئای کە حەزمئەکرد گوێم لەم فەرمایشتە جوانانەتان بێت.

مامۆستا: خوای گەورە هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە بناغەی ژن و ژنخوازیی بۆ حەڵاڵکردووین. ئەبێ کچ شووبکا و کوڕ ژنبهێنێت. ئەفەرموێ: "وتناکحوا بینکم." ژننەهێنان یان شوونەکردن شتێکی باشنییە بۆ بەنیبەشەر وە هەتا بڵێی گوناهە.

غەفوور: بەڵێ، ئەمە زۆر ڕاستە، مامۆستاش شەکرئەخوات. ئەڵێن جارێک پیرێژنێک کچێکی ئەبێ، گەلێ کەس داوایئەکەن، نایدا بەشوو. لەبەرئەوە خوا غەزەبی لێئەگرێ و ئەیکا بە مەیموون.

(هەموو پێئەکەنن) فەرموو ئینجا مامۆستا تەواویکە.

مامۆستا: بەڵێ -وەکوو عەرزمکردن- پیاوی موسوڵمان نابێ لارییبێت لە مەسەلەی ژن و ژنخوازی.

غەفوور: باوکم میرزا، من خزمی هەردوو لام و لە جێی حاجی عەبدوڵلاش قسەئەکەم، ئێمە هاتووین بۆ خوازبێنی.

میرزا: بەسەرچاو بێن، ماڵ ماڵی خۆتانە و کچ کچی خۆتان.

غەفوور: خوا ئەمسالتان زیادکات. باوکم، ئەحمەد ئەفەندی حاجی عەبدوڵلایە خۆتان ئەیناسن چ کوڕێکە، بەهیەخانیش ئەوە کچی خۆمانە و ئیش بە ئیزنی خوا ئەسازێ.

مامۆستا: یا خوا میرزا ئەمسالتان زیادبێت.

میرزا: خوا ئێوەش بهێڵێ مامۆستا کە لە ڕێیەکی ڕاستەوە لەنگەری ئەم دینەتان گرتووە.

مامۆستا: ئێستا ئێمە کەواتە جواب لە حاجی عەبدوڵلا بگێڕینەوە کە مەسەلەلە بڕایەوە شوکور. باوکم با ئێمەش دەممان چەورکەین، میرزا.

میرزا: وەڵلا مامۆستا -وەکوو عەرزمکردن- من ڕازیم، بەڵام خۆتان ئەزانن ئێستا وەکوو جاران نییە، بە شەرعیش و بە هەموو شێوەیێکی ئینسانیش زەرووریيە ڕەئیی کچەش وەربگیرێت. کە ئەویش ڕازیبوو، ئەو حەلە خێری پێوەیە و هەرچییەک پێویست بێ و عەیبنەبێ، ئەیکەین.

مامۆستا: قوربان ئەم فەرمایشتە بەجێیە، بەڵام لە مەسەلەی شتومەکەوە ئەڵێن چی؟

میرزا: مەسەلەی شتومەک بۆ کوڕەکە و کچەکەیە. شتی زەرووریان ببێ بەسە. کێمان کە ژنمان هێنا، مامۆستا ساحێبی هیچ بووین!

مامۆستا: ئەشهەدو ئێوە موسوڵمانی تەواون، میرزا. یا خوا ئەمسالتان زۆربێ.

غەفوور: من چیم وت مامۆستا؟ نەموت میرزا هیچ پەڵپێک ناگرێت، دە فەرموو با بڕۆین ئینجا مامۆستا.

میرزا: بۆچی وا زوو، دە نەختێکیتر دانیشن.

مامۆستا: بەخوا ئەبێ بڕۆین، جوابەکەی بەرینەوە بۆ ماڵی حاجی عەبدوڵڵا.

میرزا: بۆچی ئێستا مامۆستا؟ حەزئەکەی جەنابت بچۆرەوە بۆ ماڵەوە، با کاک غەفوور لێرە بمێنێتەوە. کە پرسەکەمان کرد، ئەو حەلە کاک غەفوور دێتەوە بۆ خزمەتتان، لەوێوە بەیەکەوە جوابەکە لە حاجی عەبدوڵڵا بگێڕینەوە.

مامۆستا: زۆر جوان و بەجێیە، دە ماڵ ئاوابێ.

میرزا: خوا حافیزتبێ مامۆستا، بەخێرهاتی سەرچاوان، گەورەتکردم.

مامۆستا: ئەستەغفیروڵڵا، تۆ برای گەورەمانی.

غەفوور: مامۆستا هەمووی نیو سەعاتی پێناچێت، دێمەوە بۆ خزمەتت.

مامۆستا: زۆر باشە، خێری پێوەیە.. خوا حافیز.

غەفوور: خوا حافیزتبێ.

میرزا: خوات لەگەڵ، غەفوور ئەزانی مامۆستا زۆر پیاوێکی تێگەیشتووە؟

غەفوور: مەعنای چی؟ تێگەیشتوو بەس، دوانزە عیلمە و مەلاییکی پڕە، بەڵام ئەزانی لەپێش هەموو شتێکا جارێ هەوڵی دەمچەورکردنەکەیەتی.

(هەردووکیان پێئەکەنن)

میرزا: وەرە با لەمدیو دانیشین.

گوڵچین: بەخێرببێت کاکە غەفوور، ئەوە تووخوا بۆچی دیارنیت. ئەمە خزمایەتی وا ئەبێ؟

غەفوور: خوا خۆشتکات گوڵچینخان، حەپسە شوکور چاکە؟ وەڵڵا ئەمەندە دەستم قاڵە، هەتا خوا حەزئەکات.

میرزا: دەی غەفوور تۆ پرسیار لە بەهێ بکە.

غەفوور: بەهێخان چۆنی؟ چاکی شوکور، ماشائەڵڵا ماشائەڵڵا.

بەهێ: تۆ شوکور چاکی، کاک غەفوور.

غەفوور: ڕووسووربیت، ئێی بەهێخان، ئەڵێی چی؟ ئەمە شتێکی شەرعییە و خوا و پێغەمبەریش پێیان خۆشە.

گوڵچین: چییە مەسئەلە؟ ئەی من بەردم، دارم؟ نابێ بزانم چییە؟

میرزا: چی چییە؟ ئەی دوێنێ شەوێ و ئەمڕۆ پێمنەوتوویت و نەبڕاوەتەوە.

گوڵچین: چی بڕاوەتەوە، یا خوا موبارەکنەبێ ئاوا، ئەی لەکن خۆی گوایە من لە جێی دایکی نیم؟ ئەی من لە هەموو شتێکی ئەم کچە ئاگادارنیم و شارەزانیم، تۆ لە ماڵەوەی پیاوەکە یان من؟

میرزا: ئێستا چی بووە، چی قەوماوە، وا ئاگرت تێبەربووە؟

غەفوور: مەبەست چییە گوڵچینخان؟ وا باوکی یاویەتی و ماوەتەوە سەر ڕازیبوونی کچە و ئیتر مەسەلەکە ئەبڕێتەوە، بۆ خەریکی خوانەخواستە..

گوڵچین: خوانەخواستەی چی؟ تۆ ئامۆزازای من نیت؟

غەفوور: بەڵێ، ئامۆزازاتم.

گوڵچین: حاجی عەبدوڵڵاش پوورزای حەقی تۆ نییە؟

غەفوور: بەڵێ، وایە.

گوڵچین: ئیتر چۆن لە خۆتانەوە ئەتانەوێ دەستی سووک لە ماڵی حاجی عەبدوڵڵا بنێن؟

میرزا: دەستی سووک؟

غەفوور: دەستی سووک مەعنای چی، بۆ خاتری خوا؟

گوڵچین: ئەم کچە بە عەمەلی ماڵی حاجی عەبدوڵڵا نایێت، ئەم و ئەوانیان نەوتووە.

میرزا: ئەوە ئەڵێی چی، ئافرەت؟ خراپیی ئێمە چییە؟

گوڵچین: خراپی؟ ئینجا کوا من باسی خراپیی ئێوەم کردووە؟

غەفوور: ئێستا بۆچی دەرینابڕی گوڵچینخان، تا لە مەسەلەکە بگەین؟

گوڵچین: لە مەسەلەی چی کاک غەفوور؟ با "دیزە بە دەرخۆنە" بێت؟ هەر دەنگی لێنەکەین باشترە، باوکم.

میرزا: کچێ گوڵچین خەریکی بەم ڕیشە سپییەوە، بەم ئاخری عومرەمەوە حەیامئەبەی؟

گوڵچین: ئینجا خەتای من چییە؟ وا پێموتن. ئەم کچە بدەن بەو کوڕە، حەیای هەزار ساڵمان ئەچێ و ئەبین بە پەندی ئەم شارە. خۆ تۆ بێگانە نیت کاک غەفوور، ئیی ئیتر بڵێم چی؟ ئەستەغیفرەڵڵا خوایە.

میرزا: کچێ بەهێ، بەهێخانی ناموبارەک، وەرە پێشەوە، وەرە پێشەوە، وەرە مارسی مارسباب[1]...

بەهێ: وەڵڵا وەڵڵا هیچ لە خۆما شکنابەم، ئاگرم لە قەبری دایکم بەردابێت، هیچ لە خۆمان شکنابەم.

غەفوور: عەیبناکەی میرزا، تۆ قژی بەرەڵاکە، با بە هێمنی لە مەسەلەکە بگەین.

میرزا: هێمنی؟ هێمنیی چی؟ قسەبکە بەهێخان. تووخوا ئەگەر وازنەهێنی کاک غەفوور، ڕجات لێئەکەم وازم لێبێنە هەتا حەیام نەچووە، قسەبکە بەهێ؟

بەهێ: بابە گیان تۆم بمرێ، حەمەسەعیدی برام بمرێ، هەردوو چاوم ببێ بە بڵقی دۆ، جوانەمەرگ بم، هیچ لە خۆما شکنابەم. ئەم باوەژنە بێشەرمە بە خۆتوخوڕایی خەریکە کەتنێک بنێتەوە.

غەفوور: میرزا خەتای بەهێ نییە، وازی لێبێنە.

باوەژن: ئەی خەتای کێیە غەفوورە ورگە؟ ناشێ بڵێی خەتای منە، بەزیادیی خێرم نەکرد لە عومرت، کچەکە شووئەکا و بڕایەوە.

غەفوور: ئینجا من قسەی چی کەم، ئەگەر ژنی میرزا نەبوویتایە، دوو قسەم لەگەڵا ئەکردی. باوکم میرزا من ئەڕۆم.

بەهێ: بابە یان من یان باجیم، یان ئەمشەو خۆم دەرمانخۆرئەکەم، یا سەری خۆم هەڵئەگرم.

(ئەگری)

---

[1] مارس: زاڵم، لاسار و سەرسەخت، گیانداری چەتوونی سەرڕەق. مارسباب: باوک زاڵم یا لاسار و چەتوونی سەرڕەق. (س)

میرزا: مەڕۆ غەفوور، تۆش خۆت دەرمانخۆرمەکە کچم. من لە زووەوە ئەمزانی کە باوەژن لە مار پیسترە. من نەمئەویست ئەم ئافرەتە حەوشووکەرە بهێنم، بەڵام دەی کار نییە چارەسەرنەکرێ.

باوەژن: ئەوە پیاوەکە بە من ئەڵێی، بەزیادنەبێ، گوایە خوانەخواستە من چیم کردووە؟ تووخوا حەوت جار سڵاو.

میرزا: فەرهادکوژ، ئەمە هێشتا هیچت نەکردووە؟ ئەی ئەتەوێ چی بکەی، ئەتەوێ چیی‌تر بکەی، فاتەی سوورەبان. باوکم غەفوور، بۆ خوا و پێغەمبەر بەشایەت بە، گوڵچینی فەرەجە کەچەڵ سێ‌بەسێ تەڵاقت‌کەوتبێ، بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە. هەرچی شەرع بتداتێ، من بتدەمێ. دە بڵێ قبووڵمکرد، دە بڵێ قبووڵمکرد.

باوەژن: ئەوە شێت‌بووی میرزا، ئەوە ئەڵێی چی؟

میرزا: ئەڵێم سێ‌بەسێ تەڵاقت‌کەوتبێ بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە. دە بڵێ قبووڵمکرد.

باوەژن: ئینجا ئەوە عەقڵە من بڵێم قبووڵمکرد؟ نایڵێم، نایڵێم، بە خوا نایڵێم. من چۆن دڵم بێت بەجێت‌بێڵم!

میرزا: کچێ، دڵی چی؟ فەرهادکوژ، باوەژن، فاتەی سوورەبان. تۆ کوا دڵت هەیە؟ ئافرەتێک کە لە شوویێک زیاتری کرد، ئیتر دڵی نامێنێ. دڵی چی، سەرئاسنین، حەوت شووکەر، شەش بە شەش، حەوت بە حەوت، چل بە پەنجا، سەد بە هەزار، تەڵاقت‌کەوتبێ، کەوتبێ، بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە، دەی بۆ دەرەوە.

باوەژن: ئەیەڕۆ، ئەیەڕۆ، ئەوە پاڵم پێوەئەنێی.

میرزا: کچێ، بۆ دەرەوە دەعبای جانەوەر، بۆ دەرەوە.

باوەژن: هەڵسە؟ کچێ حەپسە هەڵسە. دە ڕاوەستە با شتومەکەکانم بەرم.

میرزا: سبەینێ هەمووی بەرە، سبەینێ، بۆ دەرەوە.

میرزا: بۆ دەرەوە کرمۆڵ، (تەقەی دەرگا) ئەوا باوەژن تەڵاقدرا، ئێستا ئەڵێی چی بەهێ شووئەکەی بە کوڕی حاجی عەبدوڵڵا؟ خێرا قسەبکە.

بەهێ: تۆ چۆن بڵێی، وام لا باشە.

میرزا: دە ئینجا غەفوور جواب بەرەوە بۆ مامۆستا و لەبیریشت‌نەچێ، قەد منالت نەخەیتە بەردەست باوەژن. بەڵام دا لە باوەژنی خراپ.

# دەردی هاری*

١٩٥٢/٣/١٦

پیاو: (لەدەرگا ئەدا)

ژن: ڕاوەستە، وا هاتم. (دەرگا ئەکاتەوە)

پیاو: ئەوە چییە ئافرەت، بزانم هەر لە خۆتەوە پیئەکەنی؟

ژن: لە خۆمەوە پیئەکەنم؟ بۆچی خۆ شێتنەبووم، بەزیادبێ؟!

پیاو: ئاخر وامان نەوت کە تۆ عاجزببیت، ئەڵێم شوکور ئەمڕۆ ڕەنگوڕووت جوانە و دڵت خۆشە و تووڕەنیت.

ژن: کەواتە حەزناکەی تاوێک دڵم خۆشبێت؟

پیاو: کچێ ئافرەت بۆ حەزناکەم، من لە خوام ئەوێت تۆ هەموو ڕۆژێک ڕووت خۆشبێت، ئەوە نەسرین کوا؟

ژن: چوو بۆ ماڵە پووری، ئەزانی پیاوەکە ئەمڕۆ هاتنە خوازبێنیی نەسرین؟

پیاو: خوازبێنی؟ ماڵی کێ؟

ژن: ماڵی حاجی مستەفا بۆ حەسەنی کوڕیان، ماڵێکی زۆر باشن.

پیاو: تۆ وتت چی؟

ژن: وتم چی؟ وتم باشە، ئەمە حاجی مستەفا بە خۆشتی وتووە و قسەشناکەی؟ شتم لیئەشاریتەوە؟

پیاو: نەوەڵڵا، شتت بۆ لیبشارمەوە، هەر پێمئەوتی.

ژن: ئاخر بۆیە من متمانەم پێت نەماوە.

---

* بڕوانە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٦٣-١٧٣.
لە دوا لاپەڕەدا ڕەفیق چالاک دەورەکانی بەم جۆرە دابەشکردووە: ١. پیاو (عەزیز): فائیق دڵزار (فائیق چالاک)، ٢. ژن: ئەحمەد دلاوەر، ٣. کچ (نەسرین): ئەحمەد مەحموود، ٤. عەلی: نووری عەنبەر، ٥. دوکتۆر: ڕەفیق چالاک، ٦. ئەمین: قادر دیلان. (ک.ڕ)

پیاو: ئەڵێم وەڵڵا ئەمڕۆ پێمئەوتی ئافرەت، تووخوا ئەگەر لەسەر ئەم مەسەلەیە بەزم داگیرسێنیت؟

ژن: بەزمی چی؟ یا خوا هەر خۆت بە خۆت بیت، ئاوا.

پیاو: قەیناکا لەسەر سەرم، نەسرین بە مەسەلەکە نەزانێ؟

ژن: ئەی چۆن نازانێ؟

پیاو: ڕازییە بەم شووکردنە؟

ژن: بەڵێ ڕازییە و پێی خۆشە، ئەی ئەگەر بمزانیایە پێی ناخۆشە، چۆن ئەموت باشە. خۆ ئەمیش ئەو وەختە نییە کە تۆ منت هێنا، ئێستا دنیایەکیترە.

پیاو: بۆچی لەپاش ئەم هەموو عومرە، هێشتا منت بەدڵنییە، ئافرەت، خراپیم چییە؟

ژن: ئینجا من وتوومە خراپیت؟ خوا بتباتەوە بۆ خۆی، ئاوا. وەرە دانیشە، ئەزانی پیاوەکە حەمە ئەفەندیی موبارەک داوای نەسرینی کرد؟

پیاو: حەمەی کاکم؟

ژن: ئەی بەخێرێ، هاتۆتە بنکلێشەمەوە و پێمئەڵێ ئامۆژن گیان، من مەعاشەکەم هەژدە دینارە و مامیشم ڕازییە و.. ئەوە بۆ سەرت دانەوان، گەلۆر؟

پیاو: ئێی تۆ تەواویکە.

ژن: چی تەواوکەم؟ نەسرین لێی ڕاپەڕی، هەرچی فەرش[1] و فەزیحەتی دنیا هەیە پێیکرد، پێیوت چ وەختێ لەم شارەدا یەکێک، تەنیا یەک کەس لە خوو و ڕەوشتی پیسی چەپەڵی تۆ ڕازیبوو، ئەو حەلە شووت پێئەکەم.

پیاو: بۆچی وا بە ڕەقی قسەتان لەگەڵا کرد؟ عەیبە ئافرەت؟

ژن: ڕەقی؟ ڕەقی بە مەعنای چی؟ لە جێی سندان، قوزەڵقوورتە! کابرایێکی خوو و ڕەوشت نزمی خوێڕیی ناوکۆڵانان، کە وەکوو مێش وایە و هەموو ڕۆژێک بەسەر پیسایییەکەوە ئەنیشێتەوە؛ ژنێکی بە دوو مناڵەوە بەرەڵاکردووە و دەستی هەزار کچە هەژاری بەسەزمانی بڕیوە، ئێستا بێت چەپەڵیی خۆی لە ئێمە بسوێ؟

پیاو: نەختێ بە سلووکەت ئافرەت، عەیبە، خزم هەر خزمە.

---

[1] دەبێ لە بنەڕەتدا "فەزح و فەزیحەت" بێ، هەروایش بیستراوە. (س)

ژن: سلووکەت، سلووکەت لەگەڵ پیاو و مەردا قەیناکا، بەڵام دا لە هەزار برازا و ئامۆزا و خزمی بێئابڕووی بێئەخلاقی چەپەڵ. تۆ بچۆ گوێبگرە، بزانە خەڵقی چیی پێئەڵێن؟ بە خوا ئەگەر ئەم مەئمووریيەتەی نەئەبوو، ئەگەر خزمەکانی نەختێ بەدەسنەئەبوون، خۆڵ و دۆیان ئەکرد بە سەرا و شاربەدەریانئەکرد.

پیاو: ئێستا ئێمە بۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆین، خۆ کچمان نەداوەتێ، وا کچ شووئەکات بە حەسەنی حاجی مستەفا، دە ببڕێتەوە ئیتر.

کچ: (لە دوورەوە ئەقیژێنێ) ئەی هاوار، ئەی هاوار.

دەنگە کاریگەرەکان (سەگ ئەوەڕێ) چغە، چغ.

ژن: ئەوە دەنگی نەسرین نییە، پیاوەکە؟

پیاو: با لە دەنگی ئەو ئەچێ؟

ژن: دە هەڵسە، کوڕە بگەرە فریای.. (تەقەی دەرگا)

پیاو: (لەپاش کەمێک بێدەنگی) نەسرین، کچم.

ژن: وەی ڕۆڵە دایکت کوێربێت، گەستتی! ئا بزانم.

کچ: قاچی ڕاستمە، ئای قاچم.

پیاو: نەئەبوو کچم ئاگات لە خۆت بێت.

کچ: ئاگام بۆ لە خۆم نەبووە، دەرگا کاولبووکەیان پێوەدرابوو. لەپڕ سەگەکە دەرپەڕی و قاچی گرتم، ئای قاچم، دەستی حەسەنیشی گەست.

ژن: حەسەن کوا؟

کچ: بە دەنگی منەوە هات و پەلاماری سەگەکەی دا و ڕاوەدووینا، وا بەشوێنیەوە. ئای قاچم.

ژن: ئادەی پیاوەکە تۆ نەسرین بەرەوە، هەتا من ئەچمە سەر ماڵی مام عەلی.

پیاو: قسەمەکە ئافرەت، تاقەتی ئەم کابرا بێحەیایەمان نییە.

ژن: تۆ حەقتنەبێ، (لە دەرگا ئەدا) ئا بیکەنەوە، کاولمکرد بەسەرتانا.. کەتنەکەشئەکەن و دەرگاشدائەخەن. بیکەرەوە عەلی خەڵەفاو.

عەلی: ئەوە ئەو قرەقرە چییە؟

ژن: سەرەڕای هەموو شتێک، ئەشلێی قڕەقڕ، عەلەشێت. ئەی سەگەکەتان نەسرینی کچمی بریندارنەکردووە؟!

عەلی: ئینجا چی قەوماوە، تۆ لەکن خۆت ژنێکی سەلاریت.

ژن: هیچ نەقەوماوە هێشتا، سمێڵ کلکەمشک، پیاوی ناو پیاوانی سەگەوان.

عەلی: ئەوە بە من ئەڵێیت؟ بە من؟

ژن: ئا بە تۆ ئەڵێم، تووڕەی ترۆیەی سەگەوانە، ڕێگات بە ڕێبوار بەستۆتەوە بەم سەگە پیسە. هەموو ڕۆژێک چوارپێنج کەس کۆڵەوارئەبێ و کەسیش ناوێرێ قسەبکات.

عەلی: من لە ماڵی خۆما بە ئارەزووی خۆم سەگ ڕائەگرم. کەس ناتوانێ بە من بڵێت سەگ ڕامەگرە.

ژن: خوایئەکرد لە ماڵی خۆتا ئەبووی بە مەیموونەوان و لۆتی، بەڵام ئەبێ مەیموون و سەگەکانت ببەستیتەوە، دەرگاکەت داخەیت، تا کەس نەگرن. وەڵڵا وەڵڵا ئەمجارە سەگەکەت لە ماڵ بێتە دەرەوە، گاڵی گەڕەکت لێئەدەم بە ڕۆژ شکاتت لێبکەن لە پۆلیسخانە و بە شەویش لە هەموو لاییکەوە بەردەبارانتانبکەن.

عەلی: کێ حەدی هەیە بێت بەگژ منا. ئەوەی من بەردەبارانئەکات، هێشتا لەدایکنەبووە. من ئەوەتە سەگەکە کچەکەی خۆشمی گەستووە، سەگگەستن چییە؟

ژن: ئەوا بۆ خوا پێموتی، ئیتر کەیفی خۆتە.

عەلی: ئەی سەگەکەم کوا؟

ژن: سەگەکەت، بچۆ قەبری بۆ هەڵبکەنە. بەخوا ئێستا پشت بەخوا حەسەن کوشتوویەتی و پۆلیسیش ئەهێنێتە سەرت.

(مۆسیقا)

پیاو: ئافرەت، برینەکەی زۆر قووڵ نییە.

ژن: یا خوا برین بکرێتە سنگی عەلی شێتەوە، ئاوا. ئا بێنە بزانم.. با جارێ بە قوڕەسوور گلاویی دەرکەین.

پیاو: قوڕە سووری چی، با بیبەین بۆ لای دوکتۆر.

ژن: دوختۆری چی، ئا لاچۆ تۆ..

نەسرین: دایە گیان بچین بۆ لای دوکتۆر، نەوەکوو سەگەکە هاربێت.

پیاو: دە هەڵسە ئافرەت بیبە بۆ نەخۆشخانە، هەڵسە، نەوەکوو سەگەکە هاربێت.

ژن: سابیرم بە بەش و کەرەمەت خوایە. ئەمەمان لە کوێوە بۆ هات. یا خوا عەلە سمێڵ کلکەمشک، هاربیت ئاوا. تۆ بزانە پیاوێک ڕائەپەڕێت، نەختێ تەمێیبکا و لە سەگەوانیی بخات. هەڵسە کچم با بڕۆین.

(تەقەی دەرگا)

(مۆسیقا)

ژن: ئا تۆ باوکم تۆزێ خۆت لادە، با من بچمە ژوورەوە.

دوکتۆر: فەرموون، کامتان نەخۆشن؟

ژن: نەسرینی کچم، دوکتۆر، سەگ قاچی گەست.

دوکتۆر: ئێوە خێزانی ماڵی عەزیز ئەفەندی نین؟

ژن: بەڵێ، دوکتۆربەگ.

دوکتۆر: عەزیز ئەفەندی شوکور چاکە؟

ژن: خوا سەلامەتتکات یا خوا.

دوکتۆر: فەرموو دانیشن.. کەی قاچی گەستی نەسرینخان؟

نەسرین: ئەم بەیانییە، دوکتۆربەگ. هەر من نیم، ئەو گەڕەکەی ئێمە ماڵ نییە یەکێکی لێنەگەسترابێ.

دوکتۆر: سەگی کێیە؟

ژن: سەگی عەلی ئەفەندیی تەقاویتە، کچەکەی خۆشی گەستووە.

دوکتۆر: وا؟ ساحێب ماڵەکەش؟ لیک لە دەمی دێتە خوارەوە.؟

ژن: لیکی چی؟ خۆ نان و لانی نییە، خوا بیباتەوە بۆ خۆی. ئەڵێم تەقاویتە، تەقاویت..

دوکتۆر: (پێئەکەنێ) مەبەسم سەگەکەیە.

ژن: بەخوا من نازانم، حەسەنی حاجی مستەفاشی گەستووە. حەسەن شوێنی کەوتووە بیکوژێت.

دوکتۆر: (دەستئەداتە تەلەفۆن) هەلاو، هەلاو، دایەرەی شورتە، من ڕەئیسی سەحەم، سەگی خوێرپی زۆر بڵاوبۆتەوە، هەموو ڕۆژێک دە دوانزە کەس ئەگەزن، دوورنییە سەگی هاریان لەناوابێت. بەڵێ، ئا.. گوێبگرە، ئەبێ دەستبەجێ بکەونە ناو شارەوە بە سەگ کوشتن. ئەڵێم بیانکوژن، مەسئولییەت لەسەر من.. وا تەحریریشتان بۆ ئەنووسرێت. بەڵێ.. قەتعیەن.. هەر سەگێکتان دی لە کۆڵان، بیکوژن.. هاریی لێوە پەیائەبێت، خەڵقی پێی ئەمرن، میرم، سەگ عەزیزترە یا ئینسان؟ بەڵێ، خوا حافیز.

ژن: هەرچی سەگێک هەیە لە شاردا ئەیکوژن؟

دوکتۆر: بەڵێ، ئا وەرە سستەر، نەسرینخان بنوێنە لە قاووشی ژنانا، بیست ڕۆژ دەرزیی لێئەدرێت.

ژن: بیست ڕۆژ؟

دوکتۆر: بەڵێ، بیست ڕۆژ، تۆش ئەتوانی لەگەڵیا بمێنیتەوە.

ژن: با بە باوکی بڵێم.

دوکتۆر: پێیبڵێ. بەڵام نەسرین هەر ئەبێت لێرەبێت، چونکە -خوانەخواستە- ئەگەر سەگەکە هاربووبێت، ئەوا نەسرین دەرماننەکرێت، ئەمرێت. بیانبە سستەر.

(مۆسیقا)

ئەمین: ڕۆژ باش میرم؟

دوکتۆر: ڕۆژ باش کاک ئەمین، فەرموو دانیشە، سەگەکەت نارد بۆ بەیتاڵخانە.

ئەمین: بەڵێ، هەفتەیێک ئەبێ، هیچ جوابی نەبوو.

دوکتۆر: ئا بزانم پەنجەت، ئێستا پەنجەتی بۆ گەزی؟

ئەمین: چووزانم، خواردنم ئەدایە و یاریم لەگەڵا ئەکرد، کەچی کاتێکم زانی پەنجەی گەستم .. ئەوها..

دوکتۆر: برینەکەش قووڵە. ئا ڕاوەستە تەلەفۆنێک بە بەیتاڵخانە بکەم .. هەلاو، دوکتۆر ڕۆژ باش، مەسەلەی سەگەکەی ئەمین ئەفەندی چیی بەسەرهات؟

.. ها؟ بەڵێ لامە، دانیشتووە، ئاوا. هاربووبوو، ئیفلیجبوو، تۆپی، سوپاستئەکەم.

هەر ئێستا دەرزییەکانی بۆ جێبەجێئەکەم. بەڵێ، منیش بە دایەرەی پۆلیسم وت کە دەستبکەن بە سەگکوشتن.. ئا، خوات لەگەڵ..

ئەمین: دوکتۆر گیان چییە مەسەلە؟

دوکتۆر: سەگەکەت هاربووبوو، تۆپی. ئەوە بۆ موتەئەسیربووی؟ ئەزانی ئەگەر نەتناردایە بۆ بەیتاڵخانە و قسەتنەکردایە، هەموو کەسێکی ناوماڵەکەتان هارئەبوون و ئەمردن؟ یا ئەڵڵا خیرا با شیرینقەت لێبدەم.

ئەمین: لە قوڵم یان لە قاچم؟

دوکتۆر: نە لەمیان و نە لەویان؟ لە ژێرسکت، لە بەرمووسەڵدانت.

ئەمین: بەرمووسڵدان؟

دوکتۆر: بەڵێ، بەرمووسڵدان، چونکە ئەم ناوچەیە زووتر دەرمانەکە هەڵئەمژێ و ئیلتیهابیشی تووش نایەت. جگە لەمە، ئەبێ ئەمین ئەفەندی بشچێتە ماڵی خۆتان، بۆ ئەوەی ماڵەوەش هەموو شرینقەیان لێبدرێت.

ئەمین: ئەوان بۆچی دوکتۆر؟

دوکتۆر: چونکە لیکی سەگی هار بەر ڕووشاندنێکی بچووکی هەر ئینسانێک بکەوێت، هاریئەکات. هەڵسە وەرە لەگەڵما بۆ ناو قاووشەکان، شتت پیشان بدەم.

(مۆسیقا)

دوکتۆر: تەماشاکە کاک ئەمین، ئەم پیاوەی کەوتووە، بەلای عەرەبانەیێکا ئەڕۆیشت، وڵاخی عارەبانەکە قەپاڵیکردووە بە شانیا.

ئەمین؛ ئەی ئەم پیاوە عەرەبە؟

دوکتۆر: ئەم بەسزمانە کەوتۆتە بەر قەپاڵی حوشترێکی بەلەسە، ئەگەر حوشترەیان نەگرتایە و یخیاننەدایە، هەلاهەلایئەکرد.

ئەمین: ئەمیش ئەبێ دەرزیی هاریی لێبدرێت؟ ئێستاکە نا، وا حوشترەکە لەژێر چاودێریدایە، ئەگەر هات و دەرکەوت کە هاربووە، ئەو حەلە بە مەجبووری ئەبێ شرینقەی لێبدرێ.

ئەمین: کەڵکی چاودێری چییە؟

دوکتۆر: کەڵکی ئەوەیە دەری‌ئەخات کە هارە یان هار نییە، چونکە هاریی حەیواناتی زاووزێکەر زوو دەرناکەوێت. سەگەکەی تۆ کە تۆی گەست، بە سەرزاری هاریی پێوە دیاری‌نەئەدا بەتەواوی، بەڵام لیکەکەی پڕبوو لە میکرۆبی هاری.

ئەمین: لیکەکەی میکرۆبی تیایە و کەچی پێشیەوە دیاری‌نادات؟

دوکتۆر: بەڵێ، هەتا دە ڕۆژ ئینجا هارییەکەی بەتەواوی دەرئەکەوێت. لەبەرئەوە هەر حەیوانێک گازی‌گرت، هەتا پانزە ڕۆژ ئەیخەینە ژێر چاودێرییەوە.

ئەمین: ئەی هیچ ڕێگاییکی‌تر نییە بۆ ئەوەی بزانرێ کە زراو تووشی هاری بووە یان نا؟ وەکوو تەحلیلی خوێن؟

دوکتۆر: نەخێر بە ئەسەفەوە، هیچ ڕێگاییکی‌تر نییە.

ئەمین: گەلێ کەس هەیە ئەگەزرێن، خۆیان پیشانی دوکتۆر نادەن، یان گەلێ خاوەن‌سەگ هەیە، کە سەگەکانیان خەڵقیان گەست، نایانبەن بۆ بەیتاڵخانە.

دوکتۆر: ئەمە هەمووی لە نەزانینەوەیە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، هەر سەگێک یەکێکی گەست، دەست‌بەجێ خاوەن‌سەگ ئەبێ بیبات بۆ بەیتاڵخانە، ئەگینا بەپێی قانوون جەزائەدرێت.

ئەمین: ئێمە لە هەموو ناحیەیەکەوە دواکەوتووین.

دوکتۆر: ئەمە شتێکی ڕاستە، بەڵام مەسەلەی هاری لە هەموو شتێکی‌تر پیسترە، پێویستە یارمەتیی یەکتری بدەین، یەکتری عەزێت‌نەدەین. فەرقی چییە تۆ گوللەیێک بنێیت بە یەکێکەوە بیکوژیت، یان سەگە هارەکەت بیگەزێ و هاری‌کات.

ئەمین: بەڕاستی ئەمە جورم و جینایەتە بۆ سەر کۆمەڵ، بۆ سەر خەڵقی.

دوکتۆر: چاوت لەم کابرا جووتیارە بەسزمانەیە. ئەمە بە شەو گورگ قەپاڵی کردووە بە سەریا، وە مەترسیترین ڕێگای هاری سەرگەستنە.

ئەمین: بۆچی دوکتۆر؟

دوکتۆر: چونکە هەتا گازەکە نزیک بە دەماغ، نزیک بە مێشک بێت، خەتەرترە.

ئەمین: بۆچی، گورگیش هاری تووشی پیاو ئەکات؟

دوکتۆر: مەعنای چی؟ هەر حەیوانێک بە گوان شیربدا بە بێچووەکانی، تووشی هاری ئەبێت.

ئەمین: یەعنی پشیلەش کە هەمیشە وا لەناو ماڵا و چڕنووک لە مناڵان ئەگرێت؟

دوکتۆر: بەڵێ پشیلەش. تۆ تەماشای ئەم پیاوە بەسزمانە پیرە بکە کە پاڵکەوتووە. ئەمە کەرەکەی بەلەسەبووە لێی، ویستوویەتی بیگرێتەوە، گەستوویەتی.

ئەمین: لا حەولە وەلا قووەتە ئیلا بیللا، ئەی ئەم مناڵە بچووکە، دوکتۆر؟

دوکتۆر: قوربان ئەمیش نەتیجەی هەژاری و نەزانین. ئەم دایکە ئەگەر زانا بووایە، دەستی مناڵەکەی بە پیسی نەئەهێشتەوە تا مشک دایکرۆژێ.

ئەمین: مشک؟ مشک؟

دوکتۆر: نا، مشک، ئەگەر هەژاریش نەبووایە، بێشکەیەکی بۆ ئەکڕی و ئەو حەلە مشک نەیئەگەیشتێ.

ئەمین: شتی سەیر لەم دنیایەدا ڕووئەدات.

دوکتۆر: بەڵێ، شتی سەیر، بەڵام جێگای ئەسەفن ئەم شتە سەیرانە. با بچین بۆ ژوورەکەیتر، فەرموو.

ئەمین: فەرموو دوکتۆربەگ بەڕاستی ئەوەندەی ناماوە بەقەد دوکتۆرێک لە هاری بگەم. ئەمیش هەمووی لە تۆی ئەناسم.

دوکتۆر: نەخێر ئەمین ئەفەندی، لە سەگەکەتی بناسە کە گەستتی. (هەردووکیان پێئەکەنن)

دوکتۆر: چاوت لێیە ئەمە شوێنی دروستکردنی دەرمانی هارییە کە پاستۆر دۆزییەوە. ئەو زانا فەڕەنسزە بەناوبانگە پیاوچاکەی دەردی هاریی دۆزییەوە، بەشەرییەتی ڕزگارکرد لەم دەردە پیسە.

ئەمین: هەتا دنیا دنیایە پێویستە خەڵقی سوپاس و سەنای پاستۆر بکەن وە هەرگیز لەبیریاننەچێتەوە.

دوکتۆر: پاستۆر هێنای کەروێشکی تووشی نەخۆشیی هاری کرد، وە دوای مردنی ئەو کەروێشکانە، هێنای مێشکی دەرهێنان، وە ئەم مێشکانە شرینقەی زددی هاریی بەکارهێنا.

ئەمین: سوپاستئەکەم دوکتۆربەگ، وەخت درەنگبوو، مەمنوونتبووم، ئەمرێک، خزمەتێک.

دوکتۆر: تەنیا یەک شتم لە تۆ ئەوێت.

ئەمین: ئەمرکە، بەسەر سەر ئەیکەم.

دوکتۆر: وتارێک بنووسە بۆ ڕۆژنامەکان سەبارەت بە نەخۆشیی هاری، بۆ ئەوەی خوێندەواران تێیبگەن و بۆ نەخوێندەوارانی بخوێننەوە. هەوڵیشبدە، بەڵکوو لە ئێستگەی ڕادیۆ وە لەسەر شانۆی قوتابخانەکانی لادێ و شار لەمبارەیەوە بە چیرۆکی تەمسیلی لە هاری و لە نەخۆشییەکانیتر بدوێن.

ئەمین: بەسەر سەرم، بە هەموو توانایەکمەوە لەمەولاوە پشتی لەشساغیی گشتی ئەگرم، لەگەڵ نەخۆشییا ئەجەنگم.

(مۆسیقا)

باوک: ڕۆژباش دوکتۆربەگ.

دوکتۆر: ڕۆژ باش، عەزیز ئەفەندی فەرموو، فەرموو دانیشە.

عەزیز: باوکم زۆر مەمنوونتکردم، خوا لە پیاوەتیت کەمنەکا. ڕاستی تۆ نەبوویتایە کچەکەم ئەمرد.

دوکتۆر: چاککردنەوەی نەخۆش پێویستیی سەرشانی ئێمەیە. من واجیباتی ئینسانیی خۆمم بەجێهێناوە. ئەمڕۆ نەسرین دەرزییەکانی تەواوکرد، وە ئەتوانی بیانبەیتەوە. ئا ڕاوەستە بنێرم بەشوێنیا یان نا..

(جەڕەس) سستەر، لوتفەن بچۆ بۆ قاوشی ژنان، بەماڵی عەزیز ئەفەندی بڵێ کەوا عەزیز ئەفەندی هاتووە بەشوێنیانا.

عەزیز: دوکتۆربەگ ئەی کچەکەی عەلی ئەفەندیی دراوسێمان چیی بەسەرهات؟

دوکتۆر: بەسزمانە فەوتا، باوکی کوشتی، چونکە نەیهێنا بۆ ئێرە، هەتا نەخوشییەکەی بەتەواوی پێوەی دیاری دا. تای لێهات، بە شەو خەوی نەبوو، سەیری ژنی ئەکرد، نەیئەتوانی ئاویش قووتبدا. کە ناوی ئاوت لا ئەهێنا شێتئەبوو، قسەی هەلەقومەلەقی ئەکرد، هەر لە خۆیەوە دائەچڵەکی و ئەترسا. ئێستایش بەم حاڵە ماوەتەوە. فایەینییە، کە گەیشتە ئەم دەورە ئەمرێت.

عەزیز: داخەکەم، ئەو کچە جوانە بەسزمانە بمرێ و ئەو پیرە شەڕانییە خەڵەفاوە بمێنێتەوە.

(تەقەی دەرگا)

دوکتۆر: فەرموون، ماشەئەڵڵا، ماشائەڵڵا، قەڵەویشبووی، نەسرینخان.

ژن: دوکتۆربەگ وەکوو نەسرینت چاککردەوە، خوا دەست بە باڵت بگرێت، هەتا ئەمرین لە چاکی و پیاوەتیی تۆ دەرناچین.

دوکتۆر: من هیچم نەکردووە، خوابکات قەت کەس نەخۆشنەکەوێت.

(تەقەی دەرگا)

عەلی: دوکتۆر بۆ خاتری خوا بگەرە فریامان، وا کچەکەم گیانئەدا. ماڵ، موڵک، هەرچییەکەم هەیە بۆ تۆ، تەنیا کچەکەم ڕزگاربکە.

دوکتۆر: عەلی ئەفەندی، نە ماڵ و نە موڵک، نە هیچ شتێک هەیە لەم دنیایەی ئێستا کچەکەتی پێڕزگاربکرێت، داخەکەم. بۆ لە سەرەتاوە کە سەگەکە گەستی، وەکوو ئەو خەڵقە نەتهێنا. پانزەبیست ڕۆژی بەسەرا تێپەڕیوە. نەخۆشییەکەی بەتەواوی جێگیربووە، تازە بەچی هەڵئەکەنرێت؟

عەلی: بۆ خاتری خوا، ئەی دەرمان، ئەی ئەم خەڵقە چۆن چاکبوونەوە.

ژن: ئۆ بیسمیللا، موور محەممەدی شەریف. یا خوا چاوت بە بەری پێم بێت، ئەوە عەلەشێت چاو بە کچەکەم هەڵنەهێنێت، چاوت کوێربێ ئاوا.

عەزیز: عەیبە ئافرەت، بێدەنگبە.

دوکتۆر: لوتفەن بێدەنگبن. باوکم دەرمان لەپێش ئەوەدایە نەخۆشییەکەی بەتەواوی تووشببێت. شرینقەکانی پاستۆر تەنیا بۆ ئەوەیە ئینسانێک کە گەزرا، تووشنەبێت.

عەلی: من ئەزانم کە تۆش ناسیاوی ئەمانی و قینت لێمە و ئەتەوێ کچەکەم بکوژیت.

دوکتۆر: ئەو دوکتۆرەی بە ڕاستی و پاکی دەرمانی نەخۆش نەکات، ئەو دوکتۆرەی غەرەز بەکاربهێنێ و تۆڵە لە نەخۆش بکاتەوە و خەڵق بکوژێت، دوکتۆر نییە، جەلاد و پیاوکوژ و تاوانبارە، موجریمە، دوژمنی بەشەرییەت و ئینسانییەتە. دوکتۆری، پیرۆزترین و بەنرخترین پیشەیە لەم دنیایەدا، بۆ چاکە و خێرخوایی دانراوە، نەک بۆ کاری پیسی چەپەڵ.

عەفووتکرد میرم، من دوژمنی باوەکوشتەشم نەخۆشبێت، بە هەموو توانایەکمەوە هەوڵی چاککردنەوەی ئەدەم. بەڵام چی بکەم کە عیلم هێشتا نەیتوانیێ دەرمان بۆ هاری بدۆزێتەوە! ئەگەر کەللەڕەق و نەزان نەبوویتایە و زوو کچەکەت بهێنایە، چاریئەکرا، بەڵام تازە مەگەر ڕەحمەتی خوا.

عەلی: (ئەگری) خوای گەورە لێمببوورە، بە دەستی ئەنقەس کچەکەمم کوشت. لێمببوورە، لێمببوورە.

(مۆسیقایەکی خەمگین)

(تەواو)

## ئیبن‌سینا*

١٩٥٢/٣/٢٣

ئیبن‌سینا: لە ساڵی ٣٧٠ی هیجری کە ئەکاتە ٩٨٠ی میلادی، لە دێی (ئەفشەنە)ی سەر بە شاری بوخارا لەدایکبووم، کە گەورەترین شاری خوراسان بوو، لە سایەی دەوڵەتی سامانییەکانا و لە زەمانی خەلیفەکانی عەباسییا، دوای لەدایکبوون ناوم‌نرا حسێن.

(مۆسیقایەکی کورت)

ئیبن‌سینا: لەدوای پێنج ساڵم، مەحموودی برام لەدایکبوو، لە دێکەشەوە گواستمانەوە بۆ شاری بوخارا. لە بنەماڵەیێکی سەر بە عیلم و عولەما پیٚگەیشتم. عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی سینا کە باوکم بوو، شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە ئەدەب و فەلسەفەدا. گەورەپیاوان و ڕۆشنفیکرانی ئەو حەلەی بانگ‌ئەکردە ماڵەوە، گوێی لە نووسین و گفتوگۆکانیان ئەگرت. منیش قورئان و ئەدەبیاتم خوێند، هەتا گەیشتمە تەمەنی دەساڵە وە باش تیایا پێش‌کەوتم. ئێوارەیێک کە باوکم لە دیوەخانا دانیشتبوو، گوێم لەم قسەوباسە بوو.

عەبدوڵڵا: ئێی ئەبوبەکری خوارەزمی، قوتابییەکەت چۆنە؟

ئەبوبەکر: لە چ ناحیەیەکەوە، عەبدوڵڵا؟

عەبدوڵڵا: لەبارەی ئەدەبیاتەوە.

ئەبووبەکر: نازانم بڵێم چی.

عەبدوڵڵا: هیچ دڵگیرییەکت هەیە بەرامبەری؟ هیچ چەوتییەکی کردووە؟

* بڕوانە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٧٤-١٨٣.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەیشی بە دەفتەرەکەوە دیارە ییکەم پەڕەی دڕاوە و لیٚکراوەتەوە. بۆییکا ویٚدەچیٚ دابەشکردنی دەورەکان لەو پەڕەیەدا بووبیٚ و لەدەست‌چووبیٚ. (ک.ڕ)

ئەبوبەکر: بە پێچەوانەوە، من هەرگیز مەبەسم ئەوەنییە، ئەڵێم ..

عەبدوڵڵا: بڵێ، ئەی خوارەزمی، ئەڵێی چی؟

ئەبوبەکر: ئەڵێم لێی ئەترسم.

عەبدوڵڵا: لێی ئەترسی؟ لە چی؟

ئەبوبەکر: لە بلیمەتییەکەی، لە زیرەکییەکەی.

عەبدوڵڵا: (پێئەکەنێ) تۆ منیشت ترسان، من وامزانی -خوانەخواستە- دوچاری شتێک بووە. بەڕاستی ئەم کوڕە شتێکی باشی لێ پەیائەبێت.

ئەبوبەکر: هیوام وایە کە وابێت.

عەبدوڵڵا: ئەبوبەکر، بە فیکری تۆ چ عیلمێک ئەخوێنێ.

عەبدوڵڵا: نەء، وانییە، لەبەرئەوەی قوتابیی تۆیە لە ئەدەبیاتا، بە پێویستی ئەزانم کە ڕەئیی تۆ وەربگرم.

ئەبوبەکر: تۆ لە من شارەزاتریت، چیی بۆ هەڵئەبژێریت، باشە.

عەبدوڵڵا: باشە کەواتە ئەڵێی چی فەلسەفە و فیقهـ و حیسابی هیندستان بخوێنێ؟

ئەبوبەکر: ڕاییێکی جوانە و ئاڕاستەکردنێکی باش.

عەبدوڵڵا: کێ پەسەندئەکەیت بۆ وتنەوەی ئەم دەرسانە؟

ئەبوبەکر: من وای بە باش ئەزانم کە مەحموود حیسابەکەی پێبڵێت.

عەبدوڵڵا: مەحموودی بەقاڵ ئەڵێیت؟

ئەبوبەکر: بەڵێ، مەحموودی مەساح.

عەبدوڵڵا: ڕایەکی جوانە.

ئەبوبەکر: بەڵام فیقهـ و فەلسەفە..

عەبدوڵڵا: من وای بە باش ئەزانم کە ئەم دوو عیلمە بسپێرن بە محەمەد ئیسماعیل زاهید.

ئەبوبەکر: فەرمایشتێکی بەجێیە.

عەبدوڵڵا: بە بۆنەی تەشریفهێنانی ئەبوعەبدوڵڵا تاتلی بۆ بوخارا، داوام لێکرد کە عیلمی مەنتیق و کتێبی ئەقلیدس لە ئوسوولی هەندەسە، وە کتێبی موحیتی بەتلیمۆس لە ڕیازیات و هەندەسەدا بڵێ بە ئیبن‌سینای کوڕم.

ئەبوبەکر: ئەم دەرسانە زۆرن و بارێکی گرانن بۆ ئیبن‌سینا.
عەبدوڵڵا: لێی مەترسە، دەرەقەتیان دێت.
ئەبوبەکر: ئارەزووی خۆتە.

(مۆسیقا)

ئیبن‌سینا: چەند ساڵێکی پێنەچوو ئەم عیلمانەم تەواوکرد، ئینجا دەستمکرد بە خوێندنی نسووس و شرووحی لە تەبیعییات و ئیلاهییاتا، دەرگای زانیاری و زانستیم بۆ خرایە سەر گازی پشت، بەبێ ئەوەی ئیتر پرس بە مامۆستایان بکەم، کەوتمەڕێ.

(مۆسیقا)

لەدوای ئەمە کەوتمە خوێندنی عیلمی حەکیمی وە لەپاش ماوەیێک بووم بە جێگای متمانەی حەکیمە بەرزەکانی ئەو وەختە، وە هەرچییەکم بوتایە سەبارەت بە دەرد و دەرمانی دەرد، بەتەواوی وەریانئەگرت. هێشتا لە تەمەنی شانزەساڵی‌دا بووم کە میر نووح کوڕی مەنسووری سامانی بانگی‌کردم بۆ چاککردنەوەی وە بووم بە یەکێ لە دانیشتووانی کۆشکەکەی. ئەم نزیکییەم لە میر نووحەوە، بووە هۆی ئەوەی چاوم بە گەورەترین کێتبخانە بکەوێ.

(زرمەییێکی مۆسیقا)

دوای ئەم وەزعە بۆ ساڵونیوێک مەنتیق و فەلسەفە و تەبیعییات و ڕیازیاتم دەورکردەوە. کە لەمە بوومەوە، دەستمکرد بە خوێندنی کتێبی دوای تەبیعییات یان عیلمی ئیلاهی کە ئەرستۆ نووسیوێتی. بەڵام باش تێی‌نەئەگەیشتم وە نەمئەزانی نووسەرەکە بۆچی وای نووسیوە، لەبەرئەوە چل جارم خوێندەوە و لەبەرمکرد، بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەم.
خەریکبووم واز لە هەموو شتێک بهێنم، ئەگەر ئەو ڕۆژە نەچوومایە بازاڕ وە ئەم کارەساتەم نەدیبایە.
(دەنگەدەنگ و دەنگی جۆربەجۆر)

دەڵاڵ: (بە دەنگی بەرز) کتێبێکی ئێجگار نایاب، کتێبێکی بەنرخ نەکڕاو، کتێبێکی فەلسەفە، بە نرخێکی ئێجگار هەرزان ئەفرۆشم، ئایا گەورەم تۆ نایکڕیت؟

پیاوێک: نەخێر نامەوێت.

دەڵاڵ: کتێبێکی بەنرخە، میرم.

پیاوەکە: پێموتی نامەوێت، زۆربڵێ.

دەڵاڵ: بەڕاستی تۆ کابراییێکی نەزانیت.

پیاوەکە: بەڵام دا لە چارەت ئاوا (دوورئەکەوێتەوە).

دەڵاڵ: کتێبێکی هەرزانی گرانبەها، ئەریَ تۆ نایکڕیت؟

دووەم: نەخێر نامەویَ.

دەڵاڵ: خاوەنەکەی موحتاجە، بۆیە ئەیفرۆشێت.

دووەم: ئۆهـ وتم نامەویَ.

دەڵاڵ: ئەی کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی نەحسە، بەڵام ئەوە ئیبن‌سینایە؛ گەورەم، ئیبن‌سینا.

ئیبن‌سینا: بەڵیَ، فەرموو.

دەڵاڵ: ئەمە کتێبێکی نایابی فەلسەفەیە.

ئیبن‌سینا: سوپاستئەکەم.

دەڵاڵ: بۆ تۆم هەڵگرتووە.

ئیبن‌سینا: پێموتی سوپاستئەکەم.

دەڵاڵ: هەتا ئێستا دە کەس داویان لیَکردووم، نەمداونەتیَ، شتێکی ئێجگار بەنرخە.

ئیبن‌سینا: بە کێی ئەفرۆشی، بیفرۆشە، من نامەویَ.

دەڵاڵ: زۆر هەرزانە.

ئیبن‌سینا: ئەڵێم نامەوێت.

دەڵاڵ: خاوەنەکەی زۆر هەژار و موحتاجە، پارەی نییە نانێکی پیَبکڕێت.

ئیبن‌سینا: بۆی بفرۆشە بە یەکێکیتر.

دەلاڵ: بە سێ درهەم بە تۆی ئەفرۆشم، تکات لێئەکەم، گەورەم، ئەی سەرەک، تکات لێئەکەم.

ئیبن‌سینا: چیتە ئەمڕۆ؟

دەلاڵ: هیچم نەفرۆشتووە، ئەمڕۆ، دە تۆ بیخوێنەرەوە.

ئیبن‌سینا: ئا بێنە بزانم چییە ئەمە.

دەلاڵ: فەرموو گەورەم، تەنیا بە سێ درهەم، ئا ئەم کتێبە بە سێ درهەم.

ئیبن‌سینا: ها، ئەمە کتێبی ئەبی‌نەسری فارابییە.

دەلاڵ: بەڵێ گەورەم هیی فارابییە، کتێبێکی ئێجگار بەنرخە، باسی ناوەڕۆکی کتێبی دوای تەبیعەت ئەکات.

ئیبن‌سینا: باشە، زۆر شتێکی باشە، ها ئەوە نرخەکەی.

دەلاڵ: سوپاستئەکەم گەورەم، ئای کە کتێبێکی نەحسە، وەڵڵا ئیبن‌سینا نەبووایە ئەم قورساییە لەسەر دڵم لانەئەچوو.

(مۆسیقا)

ئیبن‌سینا: ئا بەم کتێبە توانیم لەغز و پێچوپەنای کتێبی عیلمی ئیلاهی دەربخەم. لەبەرئەوە زۆر سوپاسی خوام کرد لە ڕۆژی دووەمی کڕینی کتێبەکەدا وە پارەیێکی باشم دابەش‌کرد بەسەر هەژارانا.

(مۆسیقا)

ئیبن‌سینا: لە ساڵی ٣٩٤ی هیجری کە ئەکاتە (١٠٠٢)ی میلادی، پێم‌نایە تەمەنی (٢٢)ساڵییەوە و دوای وەفاتی باوکم، چووم بۆ شاری (کەرکایخ) وە لەوێ ئەبولحسێنی سوهەیلی بووبوو بە وەزیری میرعەلی کوڕی مەنسوور. کە گەیشتمە شارەکە، گەلێ لە عالمەکانم دی، وەکوو ئەبوولرێحان محەمەدی خوارەزمیی بەیروونیی فەیلەسووف، ئەبوسوهەیل عیسا کوڕی یەحیای مەسیحی جوزجانی حەکیمی مەشهوور، ئەبونەسر مەنسوور کوڕی عەلی کوڕی عیراق کە گەورەترین شارەزای حیساب بوو لە سەدەی چوارەمی هیجرییا. چاویشم‌کەوت بە فەیلەسووفی مەنتیق، حەکیم ئەبولخەیر کوڕی زەمار. لەپاش ماوەیێکی‌تر ڕووم‌کردە فیساد، لەوێوە بۆ بایاوترد(؟)، ئینجا بۆ تووس،

لەپاشا بۆ شقان،[1] سملقان، جاجروم، خوراسان، جوزجان، وە ئامانجیشم لەم گەشتە ئەوەبوو کە قانوونی میری جوزجان و وڵاتی شاخاوی ببینم. بەڵام داخەکەم وەفاتیکرد، بە مەجبووری چووم بۆ دەهستان وە لەوێ نەخۆشکەوتم، وە دیسانەوە گەڕامەوە بۆ جوزجان لە ۳۲ساڵییا. لەوێ چاومکەوتەوە بە قوتابی و هاوڕێکەم ئەبوعوبێدی جوزجانی[2] وە ئەبومحەمەدی شیرازی کە حاڵی خۆشبوو وە خانوویێکی بۆ کڕیم بەتەنیشت ماڵەکەی خۆیەوە.

لە ماوەی دووساڵا هەر خەریکی تەرجومەی حاڵ نووسینی خۆم بووم. ئینجا ڕووومکردە ئەو شوێنەی ئێستا پێیئەڵێن تاران، لەوێوە چووم بۆ قەزوێن، ئینجا بۆ هەمەدان. لێرە چاوم بە شەمسودەولە کەوت کە قۆڵینج گرتبووی، ٤٠ ڕۆژ دەرمانم کرد، هەتا چاکبووەوە. ئەو حەلە بووم بە یەکێ لە نەدیمەکانی. بە ڕۆژ خەریکی پاراستنی لەشساغیی ئەم ئەمیرە بووم، بە شەویش بۆ خۆم ڕامئەبوارد.

مەحموود: ئەبوعوبێد؟

ئەبوعوبید: بەڵێ.

مەحموود: ئیمشەو ئیبنسینا دواکەوت.

ئەبوعوبێد: ئەبێ سەرلەنوێ میر شەمسودەولە نەخۆشکەوتبێتەوە.

ئەحمەد: بە درێژاییی ڕۆژ داگیریکردووە بۆ خۆی، بە شەویش وازی.

ئەبوعوبێد: ئاگاتان لە دەمی خۆتان بێت، نەک جاسووسەکانی میر ببیەن.

ئەحمەد: کەسیان لێرەنین.

ئەبوعوبێد: دار و دیواریش گوێی هەیە.

مەحموود: دە مەی تێکەن، چی لە سەرەک بکەین.

ئەبوعوبێد: نەخێر مەحموود، پێویستە چاوەڕوانیبکەین هەتا یێتەوە.

مەحموود: باشە، چیمان وتووە.

ئەحمەد: دە تێیکەن، مەی تێکەن.

---

[1] ئەم شوێنە (شقان)، بەپێی جوگرافیای شارەکانی دەوروبەری، دەبێ شیروان بێ. (س)

[2] جوزجانی: ئەبوعوبێد جوزجانیی پزیشک و مێژوونووسێکی فارس و خەڵکی جوزجانە، کە ئەمڕۆ بە ویلایەتی جوزجانی ئەفغانستان ناسراوە (ar.wikipedia.org). (س)

ئەبوعوبێد: من ڕام لەسەر ئەمە نییە.

مەحموود: تۆ هەمیشە ڕات لەگەڵ مامۆستاکەتایە.

ئەبوعوبێد: بەڵێ، مامۆستاکەمم خۆشئەوێت.

مەحموود: باشە، کوان جارییەکان؟

ئەبوعوبێد: ناردم بەدوایانا.

مەحموود: ئەمەوێ گوێم لە کەلسووم بێت، گۆرانییە خۆشەکەمان بۆ بڵێت بە شیعری ئیبن‌سیناوە.

غولام: وا گەورەم ئیبن‌سیا تەشریفیهێنا.

مەحموود: برامان فەڕی هانی، بەخێرهاتنی زانست و زانیاری ئەکەین. زاخاوی دڵیشمان بە شەراب و ڕابواردن ئەدەینەوە.

ئیبن‌سینا: ئەوە چیتە مەحموود؟

مەحموود: لە کوێ بووی هەتا ئێستا؟ لای میر؟

ئیبن‌سینا: بەڵێ.

مەحموود: بە درێژیی ڕۆژ لەوێی، بەس نییە ئیتر.

ئیبن‌سینا: دەنگ هەڵمەبڕە و بێدەنگبە.

مەحموود: ئەمرئەکەی، گەورەم.

ئیبن‌سینا: جوزجانی چۆنە؟

ئەبوعوبێد: چاکە، شوکور جەنابی سەرەک.

مەحموود: مەی بێنن، جام پڕکەن.

ئیبن‌سینا: بەڵێ، جام پڕکەن، مەی بگێڕن، کوان جارییەکان؟

ئەبوعوبێد: چاوەڕێی ئەمرتانن.

مەحموود: ئەی تۆ نەتوت کە ناردوومە بەشوێنیانا؟

ئەبوعوبێد: من تەنیا فەرمانی مامۆستام بەجێئەهێنم.

ئیبن‌سینا: ئا وەرە کوڕە، تۆ.

غولام: بەڵێ، گەورەم.

مەحموود: جوانان بهێنن بۆ مەجلیس.

غولام: کێیان ئەفەرمووی؟

مەحموود: هەموویان، هەرچییەکت هەیە بیانهێنە.

غولام: وان لەبەر دەرگا، گەورەم.

مەحموود: دەبا بێنە ژوورەوە.. خێرا.. خێراکە کوڕام.

ئیبن‌سینا: بەڵێ، با بێنە ژوورەوە.

مەحموود: تێکەن هەتا بەیانی، مەی تێکەن.

ئیبن‌سینا وە مەحموود و ئەحمەد و ئەبوعوبێد: وە عەلەیکومو سەلام ئەی مانگی چواردە، ئەی پەیکەری جوانی.

مەحموود: کەلسووم.

کەلسووم: بەڵێ فەرموو.

مەحموود: گورانییەکم بۆ بڵێ.

کەلسووم: لە پێشەوە بۆ گەورەمان ئیبن‌سینا.

ئیبن‌سینا: قەیناکە چیی ئەوێ، بۆی بڵێ.

کەلسووم: فەرمانی گەورەمان ڕەوایە.

(مۆسیقای تیپ - پێکەنین و دەنگەدەنگ و مۆسیقا)

ئیبن‌سینا: ئا بەو جۆرەش ڕۆژمان‌ئەکردەوە. بەڵام ئەمە هەتاسەر نەما. لە ساڵی ٤٠٥ی هیجریيا و دوای ئەوەی بووم بە وەزیر، سەربازەکان لێم هەڵگەڕانەوە، چونکە زۆر توندبووم لەگەڵیانا، وە میریش حەپسی‌کردم. لەبەرئەوە لەزەت و ماڵم لەکیس‌چوو، ئینجا نەفی‌کرام لە ڕێی دڵهێنانەوە جێی ئەو سەربازانەدا.

(مۆسیقا)

بەڵام میر شەمسودەولە نەخۆشکەوتەوە، وە ئەم نەخۆشییە بووەوە هۆی بانگکردنەوەم بۆ هەمەدان، تا ببمەوە بە وەزیر. وە داوی وەفاتی ئەم... کوڕی سەمائودەولە بوو بە حوکمڕان وە منیش حەزم‌نەئەکرد کاری لەگەڵ بکەم. بۆیە

له ژێرەوە دەستمکرد بە نامەناردن بۆ میر عەلائودەولەی حوکمڕانی ئەسفەهان. بەڵام ئەم پێیزانی و خەریکبوو بمگرێت. خۆم شاردەوە لە ماڵی ئەبیغالبی عەتارا، هەتا کتێبی شیفام تەواوکرد. بەڵام ئەم خۆشاردنەوەیەم زۆری نەخایان، گیرام و لە قەڵای فەردجان حەپسکرام، لەگەڵ ئەبوعوبێدی جوزجانیی قوتابیما. لەوێ یەکەم کتێبی ڕەمزیم نووسی، حیکایەتی حەی کوڕی یەقزان، وە کتێبی هیدایە و کتێبێکیتریشم سەبارەت بە نەخۆشیی کۆڵنج نووسی، وە ڕۆژێ لە ڕۆژان پاش چوار مانگ حەپسی، لە بەندیخانەکەمان گوێم لەمە بوو:

(دەنگی ئەسپ و شەڕکردن)

سەرکردە: بۆ پێشەوە، ڕووەو شار بۆ پێشەوە.

یەکێک: قارەمانینە، دوژمن وا لە پێشمانەوە ڕائەکات. دوژمن شکا..

سەرکردە: ئەبوحەسەن، ئاگات لە خۆت بێت.

عەلائودەولە: ئیبنسینا، ئیبنسینام ئەوێت.

یەکێک: ئەڵێن لەناو قەڵاکەدا حەپسیانکردووە.

عەلائودەولە: باشە، کەواتە بۆ قەڵاکە، ئەی سەربازینە.

سەرکردە: ئەوە میر سەمائودەولەیە لەگەڵ تاجولمولکی وەزیرا.. شوێنیانکەون، شوێنیانکەون.

عەلائولدەولە: نەء، وازیان لێبێنن، با سەری خۆیان هەڵبگرن.

سەرکردە: گەورەم، با شوێنیانکەوین و بیانکوژین.

عەلائودەولە: پێموتی وازیان لێبێنە، با دەربازبن.

سەرکردە: ئەمرئەکەی، میرم.

عەلائودەولە: بەشوێن ئیبنسینا بگەڕێن.

سەرکردە: ئەڵێن میرم لەو قەڵایەدا حەپسیانکردووە.

عەلائودەولە: کەواتە بۆ قەڵاکە (دەنگی وڵاخ) بەڕاستی ئەمە کۆستێکی ئێجگار گەورەیە، ئەو عاقڵە دانایە وەکوو تاوانبارەکان حەپسبکرێت.

یەکێک: ئەمەتا قەڵاکە..

عەلائودەولە: دەرگاکە بکەنەوە (دەنگێکی گەورەی دەرگاکردنەوە) بەدوایا بگەڕێن.

سەرکردە: ئەی سەرەک ئیبن‌سینا، ئەی گەورەپیاو ئیبن‌سینا، ئێمە هاتووین بۆ ڕزگارکردنی تۆ، هیچ وەرام نییە، گەورەم.

عەلائودەولە: جارێکی‌تریش بانگکەرەوە.

سەرکردە: ئیبن‌سینا، ئیبن‌سینا.

عەلائودەولە: وەرام نییە دیسان.

سەرکردە: وابزانم لە کاتی شەڕەکەدا گواستبێتیانەوە لێرە.

عەلائودەولە: دوورنییە گواستبێتیانەوە .. چی بکەین ئێستا؟

سەرکردە: تازە بڕاوناکەم هیچمان پێ‌بکرێت. مانەوەشمان لێرە هیچ سوودێکی تیانییە. ئێمە ویستمان ئیبن‌سینا لە دیلی ئازادبکەین، بەڵام سەرنەکەوتین.

عەلائودەولە: بەڵێ، سەرنەکەوتین لە ڕزگارکردنی فەلسەفە و عەقڵ و بلیمەتی لە زەلیلی و دیلی و حەپسی.

(مۆسیقا)

ئیبن‌سینا: ئەم کارەساتانەم لە دواییدا بەرگوێ‌کەوت. بەڵام من هەر هەوڵی ڕاکردنم ئەدا، هەتا ڕۆژێک من و جوزجانیی قوتابیم و دوو غوڵام و مەحموودی برام بەرگی سۆفێتیمان پۆشی و ڕوومان‌کردە ئەسفەهان، پایتەختی میر عەلائودەولە. خوا دەستی بە باڵ گرتین و بە سەلامەتی گەیشتین وە بە دەبدەبە پێشوازی‌کراین.

(دەنگەدەنگی پێشوازیی خەڵکی)

خەڵق: سەرەک هات، ئیبن‌سینا گەیشت.. کوا؟ کامەتا؟ ئەوەیە ئیبن‌سینا، ناوچەوانی پڕە لە نوور، بەڕاستی جێگای عیلم و زانینە.

ئیبن‌سینا: ئا بەم جۆرە چوومە ناو شاری ئەسفەهانەوە.

لەژێر سایەی عەلائودەولەدا زۆر بە خۆشی و کامەرانی ژیام، بەبێ ئەوەی کۆست و ناخۆشی و حەسوودەکان پێم‌بوێرن. هەموو سێ ڕۆژێک جارێک قورئانم خەتمئەکرد. هەرچییەکم هەبوو دابەشم‌کرد بەسەر هەژارەکانا. تووشی نەخۆشیی کۆڵنج بووم وە چەند هەوڵ و تەقەلام دا لێی ڕزگاربم و چاکببمەوە، سوودی‌نەبوو. هێشتا تەمەنم لە (٥٨)ساڵی تێپەڕی‌نەکردبوو، کە ئەجەل هات و ڕاپێچی‌دام بۆ ناو قەبری تار.

(تەواو)

## نەخۆشیی سیل*

١٩٥٢/٦/١٧

تەلەفۆن: هەلاو، هەلاو، بەڵێ، ڕۆژ باش میرم.

مەحموود: کێ قسەئەکات؟ بەڵێ؟ تۆ، حەسەن چۆنی؟ چاکی شوکور؟ سەلامەتبی. دەی گوێم گرتووە، بە خوا نایەم بۆ سینەما. تاقەتی سینەمام نییە، نایەم ئیشم زۆرە، ها؟ نەوەڵڵا خوا بتگرێ، بوختانم بۆ ئەکەی، ئەچم بۆ قوتابخانەی سانەوی. ئا ئێستا ئەچم، موحازەرە هەیە لەوێ، ئا دوکتۆر عەزیز لەبارەی نەخۆشیی سیلەوە موحازەرەئەدات. ئا یەیت؟

باشە چی؟ مەسەلەی ژنهێنانەکە بڕایەوە. حاجی غەنی ڕازیبووە، (پێئەکەنێ). خوات لەگەڵ.. هەر ئێستا هەر ئێستا.. خوات لەگەڵ.

(مۆسیقا)

دوکتۆر: هاووڵاتییەکان، لە ڕێی ئامانجێکی بەرز و پیرۆزدا کۆبووینەتەوە، لە سەرەتای دنیاوە هەتا ئەمڕۆ بەشەرییەت ئەگەڕێ بەشوێن دوژمنەکانیا، بۆ ئەوەی بەسەریانا زاڵبێ و لەناویانبەرێت. وا ئەمڕۆ بەتەواوی ئەو دوژمنانەی بۆ دەرکەوتووە، ئەو دوژمنانەش هەژاری و نەخۆشی و نەزانینە، وە ئەم سێکوچکەی بەڵایە پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە. وا ئەمڕۆ لە نەخۆشییەکی پیسی کوشندە ئەدوێین کە سیلە. ئینسانی زەرد و لاوازی برسی، کە لە جێی تاریک و نوتەکا بژی، کە زۆر هیلاکببێت، زوو دوچاری ئەم دەردە پیسە یەت؛ ناوبەناو بە وشکی ئەکۆکێ، بە شەو ئارەقئەکاتەوە. ئەمە سەرەتای

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٨٤-١٩٢.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە، کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەیشی بە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە. بۆییکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

سیله. ئەگەر چارەسەرنەکرا، ئەیکوژێت. لەگەڵ تێکەلاویی خەڵقی بوو، تووشی سیلیان ئەکات. کوختەڵە تاریکەکانی چینی هەژارەکان باشترین مەڵبەندی ئەم دەردەن، وە لە یەکێکەوە هەموو خێزانەکە بە ئاسانی دوچاریئەبن، چونکە هەژاری و نەزانین یارمەتییەکی باشی نەخۆشی ئەدەن.

مەحموود: دوکتۆر پرسیارێکم هەیە.

دوکتۆر: فەرموو.

مەحموود: نەخۆشیی سیل بە چ ڕێگاییێک نەقڵئەبێت؟

دوکتۆر: بەهۆی هەناسە و لیکی دەم و شتومەک بەکارهێنانی نەخۆشەکەوە، هەروەها بەڵغەم و تفکردنەوەی نەخۆش، کە پڕیانە لەو میکرۆبانە، ئەبنە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشیی سیل. لەبەرئەوە پێویستە ژوورێکی تایبەتی بۆ ئەو نەخۆشە جیابکرێتەوە، کەس دەس لە شتومەکەکانی نەدا، خواردنی باشی بدرێتێ، هەتاو و هەوای پاک بچێتە ناو ئەو ژوورەوە، دەرمانبکرێت لە لایەن دوکتۆری تایبەتەوە، یان ببرێت بۆ نەخۆشخانە، چونکە بنەماڵەییێکی هەژار ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە سەرشانی.

ئەحمەد: ڕاستە دوکتۆر شیر ئەبێتە هۆی نەقڵی نەخۆشی؟

دوکتۆر: بەڵێ، ئەگەر هات و مانگاییێک سیلی بوو وە ئینسانێکی ساغ شیری ئەو مانگایەی بەبێ تەعقیمکردن خواردەوە، تووشی سیل ئەبێت.

مەحموود: بۆچی دوکتۆر مانگاش تووشی سیل ئەبێت؟

دوکتۆر: بەڵێ، تووشی سیل ئەبێ، وە میکرۆبەکە تێکەڵی شیرەکەی ئەبێت، لەبەرئەوە پێویستە لە لایەن دایەرەی بەیتاڵخانەوە هەرچی مانگا هەیە لەم وڵاتەدا فەحسبکرێت.

مەحموود: دوکتۆر باشترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشییە چییە؟

دوکتۆر: پاکوتەمیزیی لەش و ناوماڵ و جلوبەرگ، هەوا و هەتاو لەناو ماڵا، ئیسراحەتکردن، خواردەمەنیی باش، نزیکنەکەوتنەوە لە ئینسانی نەخۆش.

مەحموود: دوکتۆر، بیستمان کە بەم زووانە حکوومەت شرینقەی زددی سیل ئەدا لە خەڵقی، ڕاستە؟

دوکتۆر: بەڵێ، ڕاستە. دەرمانێکی تازە دۆزراوەتەوە، وە ئێستا حکوومەت خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی هەموو میللەت تێکڕا ئەم شرینقەیەی لێبدرێت. لەبەرئەوە هیوام زۆرە خۆتان و هەموو کەسوکارتان بچن بۆ ئەو شوێنانەی کە

ئەکرێنەوە بۆ ئەم ئامانجە، وە لەبیرشتاننەچێت کە خۆپاراستن لە هەموو داوودەرمان و چارەسەرکردنێک باشترە.

(لە لایەن کۆمەڵێک خەڵک چەپڵەلێدان)

(مۆسیقا)

غەنی: چییە ئافرەت؟ دیسان وا لچت دا بەیەکا؟

ژن: هیچ نییە، تۆ بۆچی ئەوەندە لەسەر شت هەڵئەدەیتێ، پیاوەکە؟

غەنی: سەرت ژانئەکا؟

ژن: سەرم بۆ ژانئەکا، خوا سەرت بەبڕینچێ، ئاوا.

غەنی: ئەی چیتە ئافرەت؟ ئەها توو قەبری ڕەحمەتییەکەی باوکت، ئەگەر پێمنەڵێی؟

ژن: چیت پێبڵێم کابرا؟ تۆ ئەڵێی خەڵەفاوی؟

غەنی: بۆچی وا لچت داوە بەیەکا دیسان؟

ژن: ئەی چۆن لچ نادەم بەیەکا، بەزیای خێرم نەکرد لە مەحموود ئەفەندیی زاوات.

غەنی: هەروا زوو ئافرەت؟ خۆ هێشتا پێنەگەییوە دووکەڵبکات، هێشتا کچەی مارەنەکردووە، خەریکە وەکوو مێردەزمە[1] بچێتە قەڵاندۆشکانی.

ژن: من بۆ ئەچمە قەڵاندۆشکانی؟ خوا قەڵاندۆشکانی ببڕێ ئاوا. بە خوا پیاوەکە من کچی نادەمێ، نەوەڵڵا.

غەنی: ئێ ئێستا نابێ بزانین چییە مەسەلە، ئافرەت؟ چیی کردووە مەحموود ئەفەندی؟

ژن: جوابی ناردووە وەڵڵا دوکتۆر عەزیز ئەنێرم، حەپسەی دەزگیرانم فەحسبکات، ئەو گڵە کوێربێت.

غەنی: فەحس؟ فەحس مەعنای چی، ئافرەت؟

ژن: یۆقلەمەی[2] بکات بەخێرێ، دەک موبارەکنەبێ ئاوا.

---

[1] مێردەزمە: غوولی بیابان، بە واتای خەڵکی ملۆزمیش ئەگرێتەوە. (ک.ڕ)

[2] یۆقلەمە، وشەیەکی تورکییە بە واتای سەرنجی پزیشکان (فەحس) دێ. (ک.ڕ)

غەنی: یۆقلەمە؟ کێ حەدی هەیە بە باوکیەوە یۆقلەمەی کچی من بکات. هەزار ساڵە حەیا کۆئەکەمەوە، ئێستا جەنابی مەحموود ئەفەندی ئەیەوێ دوکتۆر بنێرێ یۆقلەمەی کچی من بکات. یا خوا موبارەکنەبێ ئاوا.

ژن: ئەوە پیاوەکە تێمناگەیێنی خەڵقی بۆچی غیرەتیان لا نەماوە و هیچ لێکنادەنەوە و بە دەستی نەنقەس حەیای خۆشیان و خەڵقیتریش ئەبەن؟

غەنی: حەیای خۆیان ئەبەن نابەن، چش. من نایێڵم کەس حەیامبەرێ. نە کچی ئەدەمێ و نە ئەشیەڵم کەس یۆقلەمەی کچم بکا و سەربکا بە ماڵما.

ژن: بچم ئەموستیلەکەیان بۆ بەرمەوە؟

غەنی: ئا، دەی خێرا هەڵسە، پێشیان بڵێ جارێکیتر بێن بەم ماڵەدا، سەگیان پێوەئەنێم.

ژن: حەپسە، حەپسە.

حەپسە: (لە دوورەوە) بەڵێ، دایە گیان، وا هاتم.

ژن: دە خێراکە ڕۆڵە، وەرە با بڕۆم، بەزیای خێرم نەکرد.

حەپسە: بۆ کوێ ئەچی، دایە؟

ژن: ئەچم بۆ ئەو ماڵە، تۆزێ ئیشم هەیە.

حەپسە: کام ماڵ، دایە گیان؟

ژن: ماڵی مەحموود ئەفەندیی زاوامان بەخێرێ. ئا بێنە ئەو موستیلەیە داکەنە، ڕۆڵە.

حەپسە: بۆچی دایە گیان؟

ژن: چۆن بۆچی ڕۆڵە؟ ئەی خەریکنییە جەنابی نامەحموود ئەفەندی حەیامانبەرێ؟

حەپسە: حەیابردنی چی، دایە؟

ژن: تۆ بێنە ئەموستیلەکە، درەنگمە، با بڕۆم کاولمکرد بە سەریانا.

حەپسە: ئێستا چی قەوماوە، دایە گیان؟

غەنی: (لە دوورەوە ئەنەڕێنێ) کچێ ئەموستیلەکەی بدەرە دەست و ببڕێتەوە.

ژن: ڕۆڵە بە دوکتۆر عەزیزی وتووە، بێت یۆقلەمەتبکات.

حەپسە: ئینجا چیی تیایە، دایە گیان؟

ژن: ئینجا چیی تیایە؟ دەک موبارەکمنەکرد لە عەمرت ئاوا. گوێت لێبێ غەنی، گوێت لێبێ، ئەڵێ هیچی تیانییە.

غەنی: چی هیچی تیانییە، حەپسەخان؟

حەپسە: بابە گیان، هەتا ئێستا لە مەکتەب هەزارجار فەحس‌کراوین.

غەنی: ئەی قوڕ بەسەرم، هەی.

ژن: (بە ڕوومەتی خۆیا ئەکێشێ) ئۆی، ئۆی، باوان‌شێواو خۆم. هەزار جار پێیان‌وتم مەینێرە مەکتەب، کچەکەت ئەفەوتێ، بە قسەم نەکردن. ئابڕووچوو خۆم ڕۆڵە، شەڵلا بمردیتایە، ڕۆڵە.

غەنی: ئا وەرە ئێرەوە مارسی مارس‌باب.

(لە دەرگا ئەدرێ)

ئا بزانە ئافرەت کێیە ئەوە.

(لەدەرگا ئەدرێتەوە)

ژن: ڕاوەستە، وا هاتم. ئەوە کێیە؟

دوکتۆر: منم ئامینەخان، حاجی غەنی لەماڵە؟

ژن: تۆ کێی باوکم؟

دوکتۆر: من دوکتۆر عەزیزم، ئامینەخان.

ژن: (لە بەرخۆیەوە) ئەی بەپەن خۆم. فەرموو دوکتۆر عەزیز، دایکت شوکور چاکە.

دوکتۆر: تەشەکورت‌ئەکەم، تۆ شوکور چاکی؟ کاک غەنی لە ماڵە؟

ژن: بەڵێ، لە ماڵە فەرموو. (بە دەنگی بەرز) حاجی دوکتۆر عەزیزە.

غەنی: (لە دوورەوە) کێ؟ بڵێ لە ماڵەوە نییە ئافرەت، بڵێ کەس لە ماڵەوە نییە.

دوکتۆر: (ئەکۆکێ) کاک غەنی شوکور چاکی؟

غەنی: (تێکئەچێ) ها، دوکتۆربەگ، یاخوا بەخێربێیت.

فەرموو، فەرموو.

دوکتۆر: حەپسەخان شوکور چاکە؟

غەنی: چاکە شوکور، دەستت ماچئەکات.

دوکتۆر: ئاڵووەکەی چاکبووە؟

غەنی: بەڵێ، چاکبووە، خوا بیباتەوە بۆ خۆی.

دوکتۆر: خوانەکا، بۆچی وا ئەڵێی کاک غەنی؟ شوکور کچەکە خوێندەوار و تێگەیشتوو و بەئەخلاقە، کێ کچی وای هەیە؟

غەنی: دوکتۆر، کچ بەڵایەکە و تووشی ئینسان بێت.

دوکتۆر: وا مەڵێ حاجی، کچ و کوڕ لەم زەمانەدا هەردووکیان وەکوو یەکن. عەینی حقووق و واجیباتیان هەیە، هەردووکیان ئینسانن، بەردی بناغەی ماڵپێکەوەنانن. کچێکی خوێندەواری بەئەخلاق، هەزار پیاوی بێئەخلاق ئەهێنێ.

غەنی: دوکتۆر تێمانگەیێنە ئەم دنیایە بۆچی وا گۆڕاوە؟

دوکتۆر: ساڵ لەدوای ساڵ دنیا پێشترئەکەوێ، زانستی تازە بەرچاو ڕووناکئەکاتەوە. خۆ بەشەر گا نییە، هەتا ئەمرێ لە پێستێکا بێت.

ژن: دوکتۆر، باوکم با بەڕاستی پێتبڵێم، من ناهێڵم کچم فەحسبکرێ و نەئەشییەم بە جەنابی نامەحموود ئەفەندی. ئێستایش ئەموستیلەکەیان بۆ ئەبەمەوە.

دوکتۆر: بۆچی ئامینەخان، خوانەخواستە هیچ قەوماوە؟ مەحموود ئەفەندی ئینسانێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و بەئەخلاقە.

غەنی: کەیفی خۆیەتی، بە خوا دوکتۆر من حەیای خۆم نابەم، نەوەڵڵا.

ژن: خەریکە جەنابی مەحموود ئەفەندی ئەمانکات بە پەنی پسارد[1] و بنێشتەخۆشەی سەر زمانی ئەم شارە زماندرێژە.

دوکتۆر: ئێ ئێستا خوانەخواستە مەحموود ئەفەندی، چ شتێکی ناشیرینی کردووە؟

غەنی: ئینجا شت لەمە ناشیرینتر ئەبێ، دوکتۆر؟

دوکتۆر: چیی کردووە، بۆ پێمناڵێن؟ ئەمرۆ من سەبارەت بە نەخۆشیی سیل لە سانەوی قسەمئەکرد، چاوم پێیکەوت و قسەمان لەگەڵ یەکتریيا کرد، بەڵام هیچی وام بۆ دەرنەکەوت کە -خوانەخواستە- شتێک لەئارادابێت.

ژن: چۆن هیچ لەئارادانییە، باوکم؟ جوابی ناردووە ئەڵێ ئەبێ حەپسە فەحسبکرێت، موبارەکنەبێ ئاوا.

دوکتۆر: ئینجا چیی تیایە.

---

[1] پسارد، لە کوردەواریدا زۆر بەکاردێت، بەڵام لە هیچ فەرهەنگێکدا بەرچاومانەکەوتووە (ک.ڕ) [لە ڕاستیدا وشەکە پساتە، پسات: جڤات، ناوکۆمەڵ. واتە بە پەندی ناوکۆمەڵ بێ. (س)]

غەنی: چۆن هیچی تیانییە، بێقەزابی؟

دوکتۆر: منیش پێش ئەوەی ژنبهێنم، فەحسمکرد، ئینجا هانیم. من خۆشم فەحسکرد.

غەنی: یەعنی چی؟

دوکتۆر: ئێستا عادەت وایە ژنیش و پیاویش، پێش ئەوەی ببنە ژن و مێرد و سەربکەنە سەر یەک سەرین، ئەبێ خۆیان پیشانی دوکتۆر بدەن، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان نەخۆشبوو، دەستبەجێ چارەسەربکرێت، تا ئەو نەخۆشییە بەویتریان نەگا، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەشساغ و پتەو بن.

ژن: ئینجا ئەوە دوکتۆر -عەیبنەبێت- یۆقلەمە چۆن ئەکرێت؟

دوکتۆر: ئەم سەماعەیە نییە، ئەنرێت بە سنگ و سەر دڵەوە و بڕایەوە.

غەنی: ئەمە یوقلەمە و فەحس؟

دوکتۆر: ئەی گوایە چییە؟

ژن: بەڵام دوکتۆر جاران ئەم مۆدەیە نەبوو، ئەم هەموو عالەمە شوویئەکرد و ژنیئەهێنا، بەبێ ئەوەی حەتا چاویشیان بە یەکتری بکەوێ. بەخوا کچی وا هەبوو کەسوکاری نەیانئەهێشت ڕۆژیش ببینێ، هەتا شوویئەکرد.

دوکتۆر: ڕاستە ئەمە جاران وابوو. بەڵام ئێستا دنیا پێشکەوتووە. پێشکەوتنیش هەموو عادەت و نەریتێکی ڕابوردوو ئەگۆڕێ و ئەیخاتە سنووری زانستی تازەوە، لە ڕێی خێر و خۆشیی بەشەر و لە ڕێی پێشکەوتن و ئینسان پێگەیاندنی پتەوی دانای لەشساغی عەقڵساغا.

غەنی: هەتا ئێستا من نەمبیستووە هیچ کچێک فەحسکرابێت.

دوکتۆر: تۆ فەحس بە چی تێئەگەی، حاجی؟ هەموو ئیسانێک فەحسکراوە و ئەکرێت. تۆ ئەو جارە کە گوێت ئەیەشا، تەماشای گوێم نەکردی؟

غەنی: با کردت.

دوکتۆر: دە ئەوە فەحسی پێئەڵێن. ئیتر ئەم درێژەیەی بۆ چییە و بۆچی ئەتانویست بە خوتوخۆڕایی دوو دڵ لەیەکبکەن لەسەر شتێکی هیچوپووچ.

غەنی: بەخوا دوکتۆر هەمووی خەتای ئامینە بوو، خوا ئامینەم لێبستێنێ ئاوا، وای بردە مێشکمەوە کە یۆقلەمە خراپە.

ژن: خەتای من بۆچ کەوڵەکۆن! خۆت لە خۆتەوە داگیرسایت، بەزیای خێرم نەکرد ئاوا.

دوکتۆر: ئێستا نەتیجە، حەپسە فەحس‌بکەم یان نا؟

غەنی: بۆ فەحسی‌ناکەی؟ جاریَ تۆ خۆمانی، دوکتۆریش مەحرەمە، ئیتر گوایە چیی تیایە؟ ها ئافرەت؟

ژن: هیچ، چیی تیایە، بەخوا دوکتۆر -دوور لە ڕووت- ئەم لاکەلەکەیەم پەرێشانی‌کردووم.

دوکتۆر: ئاخر فەحست‌ئەکەم ئامینەخان.

(هەموو پیَ‌ئەکەنن)

دوکتۆر: ئا وەرە حەپسەخان.

حەپسە: ڕۆژ باش دوکتۆربەگ.

دوکتۆر: ژیانت باش، تۆزیَ یەخەی کراسەکەت بکەرەوە، ئیَ، ئیَ، باشە. هەناسە وەرگرە، قایمتریش، ئەم‌لات، ها ئە! بڕایەوە، دڵی بەقووەتە و ماشائەڵڵا ئەڵێی گوڵە و هیچ نەخۆشییەکی نییە. ئیتر ئەم ترس و لەرزەی بۆچی بوو.

غەنی: دوکتۆربەگ، مەحموود ئەفەندیش فەحس‌ئەکەیت؟

دوکتۆر: فەحسم‌کرد و بڕایەوە. ئەو خوێنیشم لە لەش دەرهێنا و فەحسم‌کرد.

غەنی: توخوا، خوێنەکەشی؟

دوکتۆر: ئەریَ وەڵڵا خوێنەکەشی، شوکور ئەویش ئەڵێی ئێستری تۆپخانەیە.

(هەموو پیَ‌ئەکەنن)

ژن: دە دوکتۆر گیان تەماشاییێکی لاکەلەکەی منیش بکە.

دوکتۆر: ئەزانم چیتە، ئێستا بە مەحموود ئەفەندییا موشەمایەکت بۆ ئەنێرم، تێی‌بگرە، بە دوعا.

هەموو: خوات لەگەڵ دوکتۆر، خوا حافیزت‌بیَ.

(مۆسیقا)

دوکتۆر: مەحموود، مەحموود، بۆ کویَ ڕائەکەی، ئەڵێی ڕاوەدووت‌ئەنێن؟

مەحموود: ئەهاتم بۆ عیادە بۆ لای تۆ.

دوكتۆر: فەحسمكرد و بڕایەوە.

مەحموود: حاجی غەنیی خەزوورم هێشتی؟

دوكتۆر: چۆن نایێڵێ، خەسووشتم فەحسكرد.

مەحموود: (پێئەكەنێ) نا تووخوا؟

دوكتۆر: وەڵڵا، بەڵام بەناموسم بەسەرا نەچوومایە، مەسەلە هەڵوەشابووەوە.

مەحموود: چۆن، بۆ خاتری خوا؟!

دوكتۆر: قوربان، هێشتا گەلێ كەس ماوە لەناو ئەم وڵاتەی ئێمەدا، لە مەعنای فەحس و یۆقلەمە ناگەن و بە شتێكی پڕشوورەییی ئەزانن. هێشتا بەتەواوی بەناو خەڵقا بڵاونەبۆتەوە كە پیاو و ژن پێش ژنهێنان و شووكردن پێویستە فەحسبكرێن.

مەحموود: ڕاستە، بەڵام لام وایە دوكتۆر چەند ساڵێكیتر نابات، ئەمە بڵاوئەبێتەوە، چونكە خێری خۆیانی تیایە.

دوكتۆر: بێگومان، جارێ وا خوێندەوارەكان دەستیان پێكردووە، هەموو كارێكیش پێویستی بە پێشڕەوە.

مەحموود: نەتیجەی فەحسەكە چی بوو، دوكتۆر گیان؟

دوكتۆر: لە گوێز ساغترە. هەتا زووە مارەیبكە و ببڕێتەوە. ئا گوێت لێبێ، هەر ئێستا بچۆ لەو ئەجزاخانەیە موشەمایەک بكڕە و بیبە بۆ خەسووت.

دوكتۆر: لەسقە[1] بەهۆی ئەم لەسقەیەوە نەختێكیش دائەنیشێت.

مەحموود: تەشەكورتئەكەم دوكتۆر گیان، نازانم چۆن چاكەتبدەمەوە.

دوكتۆر: بەوە ئەتوانی چاكەم لەگەڵا بكەی، كە لە گۆڤارەكەتا پەیدەرپەی[2] مەقالە بنووسیت دەربارەی قەڵاچۆی نەخۆشی. خوات لەگەڵ.

مەحموود: خوات لەگەڵ دوكتۆر گیان.

---

[1] لەسقە: مەبەست لكاندنی موشەماكەیە. (ك.ڕ)

[2] پەیدەرپەی: خێراخێرا. (ك.ڕ)

# جەژنتان پیرۆزبێت*

١٩٥٢/٦/٢٤

عەزیز: کچێ ئافرەت، گوڵچین گیان، بۆ وائەکەی بەم بەرەبەیانە.

گوڵچین: ئەوە هەڵسای باوکی هیوا؟ جێژنت پیرۆزبێ، پێکمانەوە.

عەزیز: چی پیرۆزبێ، گوڵچین؟ بەم سباهی ساڵحانە ئەم هەموو تەقوتۆقە مەعنای چی! ئەڵێی لە مەیانی حەربایین.

گوڵچین: ئۆ، دەمت شکێ ئاوا. حەربی چی، پیاوەکە؟ ئەی نابێ شت حازربکەین؟ ئەی نابێ چێشت لێبنێین؟ ئەی جێژن نییە، عەزیز گیان؟

عەزیز: کچێ جێژنی چی و عەزیزی چی؟ کەی من عەزیزم؟ من زەلیلم بەدەست تۆوە. ئاخر من شەوێ هەر خەریکی نووسین و ئیشکردن و قوڕبەسەری بووم.

گوڵچین: لەسەری مەڕۆ، باشە چێشت لێنانێم، با بە کاسەی ڕەش..

عەزیز: ئێستا کێ وتوویەتی چێشت لێمەنێ؟ تووڕەمەبە، گوڵچین گیان، ئەوە چی لێئەنێیت؟

گوڵچین: لاچۆ، قسە لەگەڵ منا مەکە.

عەزیز: ئۆو، دەستمان پێکردەوە. ئەها گوڵچین گیان توو قەبری باوکت، ئەگەر خەم و خەفەتم زیاتربکەی؟بە هەزار کوێرەوەری و گوپچڕگوپچڕ هەتا دوو دینارم لە قەرزەکان دزیوەتەوە، ڕۆحم هاتۆتە سەر کونەلووتم.

گوڵچین: ئەی تۆ ڕۆژی شەموو مەعاشت وەرنەگرت؟

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل١٩٢-٢٠١.

لە یێکەم لاپەڕەدا ڕەفیق چالاک دەورەکانی بەم جۆرە دابەشکردووە: ١. عەزیز: ڕەفیق چالاک، ٢. گوڵچین: ئەحمەد دلاوەر، ٣. هیوا: ئەحمەد مەحموود، ٤. فەرەج: قادر دیلان، ٥. عەلی: عەلی مەردان، ٦. دارفرۆش: تاهیر تۆفیق. (ک.ڕ)

عەزیز: وەرمگرت.. مەعاشم وەرگرت، بەڵام قەرزدارەکان بردیان.. دیسانەوە بەردەمی دایەرەیان پێگرتمەوە، ئافرەت.

گوڵچین: ئەی پێتنەوتن کەوا جێژنە و پارەمان لازمە؟

عەزیز: بەڵێ، پێموتن، لێشیان پاڕامەوە، بەڵام فایەیەنەبوو. ئەوانیش حەقیانە، ئەی ئەگەر لێیاننەساندمایە، ئەو کلۆلانەش بە چی کاسەی جێژنیان تەئمینبکردایە؟ بەڵام ئافرەت ئەزانی ئەم مانگەی کەوا بێت، چل ڕۆژە؟

گوڵچین: دە وس وس، بەزیای خێرم نەکرد، ئاوا. مانگ هەیە چل ڕۆژ بێت؟ یان ئەتەوێ کەڵەکم لێبدەی؟

عەزیز: کەڵەک؟ کەڵەک مەعنای چی؟ هیچ پیاوێکی بەغیرەت کەڵەکناکا، ئافرەت. بەڵام بۆیە مانگی داهاتوو چل ڕۆژە، چونکە ئێمە لە بیستویەکا مەعاشمان وەرگرتووە، درایەوە بە قەرزا و خورا، دە لێرە دە ڕۆژ و لەولاش سی ڕۆژ، ئەمە چل.

گوڵچین: دەی خوا بیبڕێ ئاوا.

عەزیز: چی ببڕێ، ئافرەت؟ مەعاشەکە؟

گوڵچین: خوانەکات، مەعاش ناڵێم..

عەزیز: ڕازیبە ئافرەت، تا ئێستا هەزار عائیلەی بەسزمانی داماو هەیە لەم شارەدا کە کاسەی جێژنی نییە.. کە منداڵەکانیان چاویان بە ڕووتیی خۆیان و پۆشتەییی خەڵقی ئەکەوێ، فرمێسکی نەبوونی و داخ وەک بارانی بەهار بە چاوی خۆیان و دایک و باوکی کلۆڵیاندا دێتەخوارەوە.. بەڵام لای ئەوانیش هەر جێژنە، ئافرەت.

گوڵچین: سابیرم پیاوەکە، وەڵڵا ئەوەندەم بەزەیی بە ماڵی عارفا یەتەوە، مەگەر خوا بزانێ.

عەزیز: بۆچی ئافرەت؟

گەڵچین: (موتەئەسیرانە) گیانم دەرچێ، عارف نەخۆشە و ئەو منداڵە جوانانەشی ئەمڕۆ کاسەی جێژنیان نییە و بەهیەی بەسزمانیش وەختە لە تەریقی و نەبوونی و برسێتییا شێتببێت.

عەزیز: هەڵسە دەی خێرا، ئەم ڕوبعە دینارەیان بۆ بەرە، لەگەڵ برنج و ڕۆن و نیوەی بامێ و تەماتەکەشا، هەڵسە دەی.

گوڵچین: با چابخۆینەوە، ئینجا..

عەزیز: دە تێیکە خێراکە، ئەوە هیوا کوا، ئافرەت؟

گوڵچین: لە سەرەوەیە، جلەکانی ئەگۆڕێ، بەساقەیبم.

عەزیز: دوو کراسی هیواش بەرە بۆ مناڵەکانی عارف. من ئەزانم هەموو کەسێکیتریش تێگەیشتووە کە فەقیر بە دەسندە تێرنابێ، بەڵام چار چییە.. ئینسان ئەوەی لە دەستی یەت، ئەبێ بیکا... لەبیریشتنەچێ ئافرەت، پێیان بڵێیت جێژنتان پیرۆزبێ. بەڵێ، جێژنی ئەوانیش پیرۆزبێ.

گوڵچین: هیوا، هیوا گیان، دە وەرە ڕۆڵە چایەکەت بخۆرەوە، کوڕم.

عەزیز: هیوا.

هیوا: بەڵێ، بابە گیان وا هاتم.

عەزیز: ئا وەرە باوکەکەم، بێنە ماچێک.

هیوا: جارێ بێنە دەستت ماچبکەم. (ماچ)

عەزیز: ماشائەڵڵا، ماشائەڵڵا، ئەڵێی گوڵی. (ماچیئەکا)

هیوا: جێژنت پیرۆبێ، بابە گیان.

عەزیز: پێکمانەوە بابە گیان، جێژنی مناڵێکی پاکی بێغەلوغەشی دەروونپاکی وەکوو تۆش پیرۆزبێ.

گوڵچین: ئەی من پیاوەکە؟

عەزیز: گوڵچین گیان، جێژنی تۆش پیرۆزبێ، بەڵام بێشەڕوشۆڕ و بە هێمنی و ئاسایش بژین.

گوڵچین: دە بێنە جێژنانە.

عەزیز: بەخوا ئەمەوێ.

عەزیز: ها ئەمە پەنجا فلس بۆ تۆ هیوا گیان.

هیوا: بابە گیان پەنجا کەمە.

عەزیز: کەمنییە باوکەکەم. من کە لەم عومری تۆدا بووم، باوکم دە فلسی ئەدامێ، کوڕم.

هیوا: بۆچی وا باوکت ڕەزیلبوو، بابە گیان؟

عەزیز: ڕەزیلنەبوو کوڕم، هیچ باوکێ نییە لەم دنیایەدا بەرامبەر بە بەندی جگەری ڕەزیل بێت، بەڵام نەیبوو کوڕم. ماڵی نەبوونی بەقوڕبگیرێ!

هیوا: بۆچی نەیبوو، بابە گیان؟

عەزیز: چونکە فەقیربوو.

هیوا: ئەوە ئینسان بۆچی فەقیرئەبێ، بابە گیان؟

عەزیز: لەسەری مەڕۆ کوڕم، تاقەتمنییە کای کۆن بەبابکەم. کە گەورەتربووی، خۆت تێئەگەی. ها ئافرەت، ئەمەش ڕوبعێک بۆ تۆ.

گوڵچین: بەزیادبێت، خوا ڕزقتبدا پیاوەکە، بە لەشی ساغ. ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟

عەزیز: بۆ ماڵی دەرودراوسێ، بۆ جێژنە پیرۆزە. لەبیرتنەچێ بچی بۆ ماڵی عارف.

گوڵچین: هەر ئێستا ئەڕۆم، زوو بێیتەوە پیاوەکە.

عەزیز: باشە، جارێ بە دوعا.

(مۆسیقا)

گوڵچین: ئەوە چی ئەکەی ڕۆڵە، سەری چێشتەکە هەڵمەدەرەوە.

هیوا: ئاخر برسیمە دایە گیان.

گوڵچین: ڕاوەستە، ئێستاکە باوکت یەتەوە، نانئەخۆین.

هیوا: ئەی کەی بچین بۆ ماڵی نەنکم؟

گوڵچین: کە نانمان خوارد، ڕۆڵە.

عەزیز: (لەدەرگا ئەدا)

گوڵچین: ئا برۆ هیوا، بزانە کێیە؟

هیوا: کێیە ئەوە؟

عەزیز: من، کوڕم بیکەرەوە.

هیوا: باوکمە دایە.

عەزیز: ئەی بەڵام دا لە ئینسانی وا پیسی بێمەعنا.

گوڵچین: ئەوە چییە پیاوەکە، بۆ وا زوو هاتیتەوە؟

عەزیز: کچێ خۆ ئەم دنیایە پڕیەتی لە نیفاق، ئافرەت. وەڵڵا لە ماڵی میرزا حسێن خەریکبوو شەڕێکبکەم.

گوڵچین: ئەیەڕۆ، لەگەڵ کێیا پیاوەکە؟

عەزیز: لەگەڵ جەنابی نامیرزا حسێنی توجارباشییا.

گوڵچین: ئەیەڕۆ، لەسەر چی؟

عەزیز: ئەوا چووین و جێژنە پیرۆزەمان لێکرد و فەقێ ئەحمەدیش لەوێ بوو.

گوڵچین: ئێی؟

عەزیز: ئەم فەقێ کلۆڵە سێ ساڵ ئیشی بۆ کردووە و بۆی تەقاوەتەوە، دێ بە دێ تووتنی بۆ کڕیوە. لە نەتیجەدا کە هاتووەتە سەر حیساب، فەقێ ئەحمەد چل دینار کەوتۆتە ژێرەوە، بەبێ ئەوەی میرزا حسێن هیچیشی دابێتێ لەم ماوەیەدا. وەڵڵا ئەمڕۆ کافر بەزەییی پیائەهات، قەرزار، ماڵوێران.

گوڵچین: ئینجا ئیشی بۆ بۆ ئەکات؟

عەزیز: ئینجا لە کوێ ناسیویەتی هەتا ئێستا؟ چووزانێ سووخۆری وا ئەم ساختەچێتییەی لەگەڵا ئەکا.. تووخوا، حەق وایە ئینسان بە کابراییێکی وەکوو میرزا حسێن بڵێ جێژنت پیرۆزبێت؟ بەڵام چارچییە وا جێژنی ئەویش و جێژنی فەقێ ئەحمەدی کلۆڵیش هەر پیرۆزە.

گوڵچین: وەرە نانەکەت بخۆ پیاوەکە، من درەنگمە ئەچم بۆ ماڵی باوکم.

عەزیز: بچۆ و وەرەوە، من جارێ نانناخۆم.

گوڵچین: ئەی تۆ نایەی؟

عەزیز: بەخوا ئافرەت ئەمڕۆ تاقەتمنییە، مەگەر سبەینێ، ئێوە بچن.

هیوا: بابە لە پێشەوە نەختێ سەیری کورسیکورسی ئەکەین، ئینجا ئەچین بۆ ماڵی نەنکم.

عەزیز: باشە کوڕم.

گوڵچین: ئەگەر هاتیتە دەرەوە، دەرگاکە قفڵبە.

عەزیز: ئەی خۆ ماڵەکە بەرەڵڵاناکەم.

گوڵچین: وا ئێمە ڕۆیشتین.

عەزیز: خوا حافیزتانبێت، ئاگاتان لە ئوتومبیل و قەڵەباڵغی بێ، ئافرەت.

گوڵچین: باشە، بە دوعا.

عەزیز: خوا حافیزتانبێت.

(مۆسیقا)

(لە دەرگا ئەدرێ)

عەزیز: کێیە ئەوە؟

فەرەج: منم عەزیز.

عەزیز: تۆی فەرەج؟ فەرموو، یاخوا بەخێربێیت.

فەرەج: جەژنتان پیرۆزبێت.

عەزیز: پێکمانەوە، بە دڵی خۆش و ڕزقی حەڵاڵ، فەرموو.

فەرەج: بەتەمانەبووم لەماڵەوە بیت.

عەزیز: وەڵڵا بەیانی سەرێکی دەرودراوسێم دا و هاتمەوە. قوربان بەم بەیانیی جێژنە خەریکبوو شەڕێک لەگەڵ میرزا حسێنا بکەم.

فەرەج: بۆ؟ لەسەر چی؟

عەزیز: لەسەر مەسەلەی فەقی ئەحمەدی کڵۆڵ؟

فەرەج: ئەوە منیش نەختێ لەمەوپێش بیستم. ئەگەر خەڵقی پیاو بن، مەرحەبا لە میرزا حسێن و هاوڕێ پیسە سووخۆر و سەلەمکەرەکانی ناکەن. ئەو حەلە ئەمانە نەختێ هۆشیان یەتەوە بەر.

عەزیز: بڕوامەکە، ئەم دەعبایانە مەگەر خوا چاکیانکات، یان پاکیانکاتەوە.

دارفرۆش: دار، بارەدارێکی چاک، بارێکی دار بە هەرزان.

عەزیز: دە فەرموو گوێت لێبێ بەم جێژنە و دارفرۆشتن؟

فەرەج: چیکا قوڕبەسەرە.

عەزیز: ئا وەرە فەرەج یەکدوو قسەی لەگەڵا بکەین.

فەرەج: ئەرێ کاکە بەم ڕۆژی جێژنە دارفرۆشتن یەعنی چی؟ خەڵقی لەناو ماڵ و منالی خۆیا دائەنیشێت، یان دارئەفرۆشێ؟

دارفرۆش: قوربان شتێکت بیستگە ناوی نەبوونی وێت؟

فەرەج: بەڵێ، بیستوومە.

دارفرۆش: لە دوێنی و پێرێوە خەریکبووگم هەتا چەن بارێ دارم حازرکردگە، تا بیانفرۆشم و کاسەی جەژنی پێبکەین، برا.

عەزیز: کاسەی جێژن، بێنە بارەکەی بخە برا و جێژنی ئێوەش پیرۆزبێت.

دارفرۆش: گەردنم ئازابکە، ئەفەنی.

عەزیز: گەردنت خۆش و ئازا بێت، کاکی زەحمەتکێش.

(تەلەفۆن)

فەرەج: عەزیز تەلەفۆنە.

عەزیز: وا ئەچم، هەلاو. بەڵێ، کێ، قالە تۆیت؟ جێژنتان پیرۆزبێت. وەڵڵا دانیشتووین لەگەڵ فەرەجا.. ئا لێرەیە، چی؟ .. قومار؟ دەک موبارەکنەبێ ئاوا، بەم جێژنە و قومار؟ میرم لە جێژنا دوشمن ئاشتئەبێتەوە، لە جێژنا بوغز و کینە و ناڕێکی چارەسەرئەکرێت، بۆ ئەوەی خەڵقی بە خۆشی و ئاشتی و شادی بژین یان قومارکردن و یەکتری ڕووتاندنەوە؟ ها، نەء، نەهاتووم و نایەم. قومارناکەم و نامەوێ گیرفانی خەڵقی ببڕم، نەخێر. خوا حافیز و جێژنی ئێوەش پیرۆزبێت، میرم. ئا جێژنی ئێوەش پیرۆزبێت.

فەرەج: ئەوە کێ بوو، عەزیز؟

عەزیز: جەنابی قادربەگە، قوربان، ئەڵێ وەرن کابرایەکی ناشیی پارەدارمان دۆزیوەتەوە، بە یەکدوو کارێ دەستبدەین بە پشتیا..

فەرەج: تووخوا ئەمە دزی و جەردەیی و خەڵق ڕووتکردنەوە نییە؟

عەزیز: ئەی گوایە چییە! نەء، ئێستا وا بەگەرمی ئەڵێ وەرن، ئەڵێی ئەمانبات بۆ مزگەوت. یاهوو، ئەم دنیایە ئینسانی عەجایبی تیایە.

فەرەج: بەڵێ، دنیا بێشەیە و چەمیش بێچەقەڵ نابێت. هەڵسە با نەختێ سەری دەرەوە بدەین، هەڵسە.

عەزیز: فەرموو با بڕۆین. (تەقەی دەرگا)

(مۆسیقا)

(دەنگەدەنگ و قاووقیژی منالآن)

عەلی: (سەرخۆشانە) ئێمەش پیاوی چاکین، ئەی پارەشمان هەیە کاکە. ها، کێ ئەتوانێ قسە لە قسەی منا بکات؟ ئەوی فزەی لە دەم بێتەدەرەوە، گیرفانێکی بۆ ئەکەم.

عەزیز: فەرموو تەماشاکە، فەرەج، ئەم کابرایە و هەزاری وەک ئەم بێئەقڵی سەری نەرد لێتێکچووە، وا تێئەگەن کە جێژن یەعنی خۆکەرکردن و شەڕ بە خەڵق فرۆشتن.

فەرەج: ئەم نەوعە ئینسانانە ئینتیحارئەکەن، بە سەری تۆ، بەڵام جێژنیشیان هەر پیرۆزبێت.

عەزیز: چاوت لەم خواردەمەنییە پیسانە بێت، هەزار مێشیان لێنیشتووە، تەپوتۆز، دەستی پیس.

فەرەج: ئەو منالە بەسزمانانە گوناهیان چییە، لەم جۆرە خواردەمەنیانەوە تووشی هەزار نەخۆشی ببن.

عەزیز: بەڵام چی بکەن برا، ئەم شتفرۆشانەش نەزان و بەسزمانن، نان پەیائەکەن. فەرەج چی بکەن.

فەرەج: ڕاستە، بەڵام کوڕە تۆزێ پاکوتەمیزی.

عەزیز: لەسەری مەڕۆ، جێژنی ئەمانیش هەر پیرۆزبێت.

فەرەج: یا ئەڵڵا، کوڕە عەزیز چاوت لەو چەرخ و فەلەکە بێت، لەقەلەقیەتی، وەختە دارەکەی هەڵکەندرێ.

عەزیز: ئەی تەماشای پەتەکەی بۆ ناکەی، وەختە بپچڕێت.

فەرەج: ئەی ئەوە ئەگەر منالێک لەم چەرخ و فەلەک و کورسیکورسییە کەوتەخوارەوە و مرد، کێ مەسئوولە؟

عەزیز: مەسئوول؟ (پێئەکەنێ) مەسئوولی چی برا! ئەمڕۆ جێژنە، مەسئوولییەت کوا؟ بڕۆ، با بڕۆین بۆ ئەولاتر و جێژنی ئەمانیش پیرۆزبێت.

فەرەج: تەماشای ئەو تاقمە کچ و ژنە کە ڕاوەستاون لەپاڵ ئەو دیوارەدا. ئای، ئای، خۆ ئەوە بە عەلەنی چاوباشقاڵیئەکەن، ئەی بەڵام لێدان ئاوا..

عەزیز: لەسەری مەڕۆ برا، جێژنیان پیرۆزبێت. تۆ تەماشای ئەو تاقمە کە، کوتەکیان گرتووە بەدەستەوە، شەڕەگەڕەک ئەکەن. دەک بەزیادنەبێ، تازە ئەگەڕێنەوە بۆ زەمانی شەڕەگەڕەک.

فەرەج: تووخوا ئەمە حاڵە، عەزیز؟

عەزیز: بۆ حاڵ نییە گوایە؟ جێژنە و خەڵقی داخی دڵی خۆیان ئەڕێژن، ئەی چی بکەن؟

فەرەج: ئینجا بەم نەوعە؟

عەزیز: ئەمەیە حاڵەکە، ئەڵێی چی؟ دوورنییە لە جێژنانیترا بار بگۆڕێ؟

(دەستپێکردنی لێدانی مۆسیقای سەرەتای تەمسیلەکە بۆ کۆتاییپێهێنانی)

فەرەج: ئەوا دەستیان گرت، هەڵپەڕکێیە. عەزیز وەرە با تەماشاکەین.

عەزیز: بەڵێ، عارفی دراوسێمان، بەهیەی ژنی، مناڵەکانیان، فەقێ ئەحمەد، میرزا حسێن، قادربەگی هاوڕێمان، ئەو سەرخۆشە و کابرای دارفرۆش.. هەموو دەست ئەگرن، هەڵئەپەڕن، جێژنە پیرۆزی لە یەک ئەکەن، چونکە جێژنە. بیژەنە برا بیژەنە و جێژنی هەموو لایەکیش هەر پیرۆزبێت.

(تەواو)

## پیاوی دواڕۆژ*

١٩٥٢/٧/٦

(گریانی منالێک)

عەزیز: دە هەڵسە ئافرەت بەلای ئەو منالەوە، هەڵسە وا تەقیکرد.

گوڵچین: ئێستا تۆ پێمنالێی چ گەڕێکت لە من ئالاندووە؟ چیت ئەوێ، پیاوەکە؟

عەزیز: کچێ، ئەڵێم بچۆ بەلای ئەو منالەوە، من چیم لە تۆ ئەوێ، خواگرتوو. بۆ بەم سباهی سالحانە دەنگم دەرئەهێنی؟

گوڵچین: ئینجا چی لە منال بکەم؟ من ئەتوانم چیی لێبکەم؟ شیرم داوەتێ، هەموو ڕۆژێک ئەیشۆم، هەموو ڕۆژێک بۆدرەی ئەکەم، ئیتر چیی لێبکەم؟

عەزیز: ئەی ئەم چڵکە چییە لەناو لەپی دەست و لە مەعبێنی[1] پەنجەکانیا؟ ئەی ئەم نینۆکانەی بۆ وا درێژن؟ کچێ ئاخر کە ئەم دەستە پیسانەی خستە ناو دەمیەوە، هەموو ئەم چڵکە ئەخوا و ئەو حەلە سکی ئەچێ، ئافرەت، نەخۆشئەکەوێت.

گوڵچین: وەڵڵا سا لە دوێنێوە سکی ئەچێ، بەڵام هیی ئەوەنییە.

عەزیز: سکی ئەچێ؟ کوا بزانم، دەک موبارەکنەبێ، ئاوا لە عەمرت گوڵچین خان، بۆ خۆت و منال بەخێوکردنت.

گوڵچین: ئینجا خەتای من چییە، پیاوەکە بەزیای خێرم نەکرد.

عەزیز: ئەی خەتای کێیە، ئافرەت؟ هەزار جارم پێنەوتی بە سەعات شیری بدەرێ. کچێ هەر سێ سەعات و جارێک شیری بدەرێ، گوڵچینیناموبارەک.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٠٢-٢١٠.
لە یێکەم لاپەڕەدا ڕەفیق چالاک، دەورەکان بەمخۆرە دابەشکردووە: ١. عەزیز: ڕەفیق چالاک ٢. بێباک: ڕەفیق چالاک ٣. گوڵچین: ئەحمەد دلاوەر ٤. نووری: نوری عەنبەر ٥. ڕووناک: ئەحمەد مەحموود. (ک.ڕ)

[1] لە ئەسڵدا نووسراوە (نەعبەین)، واتە (مابەین، مابێن: نێوان). (ک.ڕ)

گوڵچین: قیژەقیژ، بەزیادنەبێ ئاوا. دە بچۆ بۆ دایەرەکەت، من خۆم ئەیبەم بۆ لای حاجی ئایشێ، ئەو لێیئەزانێ.

عەزیز: باجی ئایشێ مەعنای چی، ئافرەت؟ باجی ئایشێ حەکیمباشییە؟ ئەی نەخۆشخانە بۆچی کراوەتەوە؟ دوکتۆر بۆچی دانراوە؟

گوڵچین: نەخۆشخانە و دوختۆری چی، پیاوەکە؟! تۆ ئەڵێی ئاگات لە دنیا نییە.

عەزیز: بۆچی ئافرەت؟ چی قەوماوە، نەخۆشخانەکانیان داخستووە، چی؟

گوڵچین: نەخێر دایاننەخستوون، بەڵام هەتا ئینسان ئەگاتە لای دوختۆر و دەرمانێک وەرئەگرێ، جەرگی ئەبێ بە ئاو.

عەزیز: مەعنای چی؟ ئەوە ئەڵێی چی، گوڵچین؟

گوڵچین: لە بەیانی زووەوە ئینسان ئەبێ بچێ لەوێ ڕاوەستێ، هەتا دوختەر یەت. کە دوختەریش هات، یەکدوو ئەفەندی خۆیان ئەکەن بە ژوورا و ئەکرێ بە ڕاز و گلەیی. لەپێش قاوەڵتیشا، چیتە چیتە دەستپێئەکات. ئینجا بە سەعاتێکیتریش دەرمان وەرئەگرێ و پیاو یەتەوە ماڵی، لە ژیانی خۆشی بێزارە.

عەزیز: ئینجا من دوکتۆر حەسەن ئەناسم و ڕەفیقمە، کاغەزێکی ئێستا بۆ ئەنووسم.

گوڵچین: ئینجا وا تۆ کاغەزت نووسی، ئەی ئەو هەموو خەڵقەیتر؟

عەزیز: تۆ حەقت چییە بەسەر خەڵقەوە؟ ئەوانیش خەڵقێک هەر پەیائەکەن، دەرمانی خۆیان وەرئەگرن.. لەپاشا ئافرەت بڕواناکەم دوکتۆرەکان میوان قبووڵبکەن لە نەخۆشخانەکانا، میوان لە نادی و لە ماڵەوە ئەبینن.

گوڵچین: کەواتە بڕوا بە من ناکەی؟ دە هەڵسە وەرە لەگەڵم.

عەزیز: نایەم لەگەڵتا و ڕاستئەکەیت و لەسەری مەڕۆ. گوڵچین گیان، وازم لێبێنە، با بچم بۆ دایەرەکەم، درەنگە.

گوڵچین: ئێستا وتت چی، بیبەم بۆ لای باجی ئایشێ؟

عەزیز: ئافرەت بە داوودەرمانی لاکۆڵانان مناڵ بەخێوناکرێت، بیبە بۆ خەستەخانە و ببڕێتەوە، با کوڕەکە نەمرێت.

گوڵچین: بە چی ئەمرێت؟ پیاوەکە سکچوون چییە! مناڵ لە هاوینا سکی هەر ئەچێت.

عەزیز: کچێ سکچوون مناڵی پێئەمرێ. ئافرەت هەتا زووە بیبە بۆ خەستەخانە و پیشانی دوکتۆری بدە و ببڕێتەوە.

گوڵچین: باشە لەسەری مەڕۆ، بەڵام ئەم نیوەڕۆیە ئەبێ چێشت لێنەنێین.

عەزیز: چێشت بۆ لێنانێن، گوڵچین گیان؟

گوڵچین: چونکە ئەچم بۆ خەستەخانە و هەتا نیوەڕۆ ئینجا بەرمئەکەوێ.

عەزیز: ئەی نەموت کاغەزت بۆ ئەنووسم.

گوڵچین: کاغەزم ناوێ، منیش وەکوو ئەو عالەمە. خۆ من لەو خەڵقە بەسزمانە زیاترنیم، مەرگ لەگەڵ ئاوەڵانا جێژنە.

عەزیز: بژی گوڵچینخان، بژی دایکی بێباک، چونکە ئافرەتێکی دیموقراتییە.

گوڵچین: خۆت دیموقراتیت، یا خوا ناوی دەمت شینببێتەوە ئاوا، ئەمکا بە گاور، بەزیای خێرم نەکرد، چاوت لەم دەستە سووکانە بێت لێمئەنێ.

عەزیز: کچێ، دیموقراتی خراپنییە، ئافرەت. وەڵلا یەعنی ئەتەوێ وەکوو خەڵقی بیت، باشیت، چاکیت.

گوڵچین: ئەم قسانە بۆ خۆت بکە و لەسەریشی مەڕۆ.

عەزیز: بس بس، بلبل، گیانی من، بێباک، بێباک، ئۆخەی بابە گیان. خۆزگەم بەو دنیایەی تۆی تیایا ئەژیت، باوکەکەم. ئافرەت، ئەزانی بێباک ژیانێکی خۆش ئەژی؟ دواڕۆژ بۆ ئەم چینە منداڵەی ئێستایە، هەرچی نارەحەتی هەیە نایچێژن، دنیایان بۆ تەختئەبێ؛ گیروگرفت، نارەحەتی، ئێشوئازار، کوێرەوەری، تەنیا لەناو کتێبی ئێستادا ئەخوێننەوە و بەزەییان بە وەزعی ئێستای ئێمەمانان یەتەوە. دواڕۆژی پڕ کامەرانی بۆ ئەمانە، چونکە ئەمان پیاوی دواڕۆژن.

گوڵچین: ئەی بەخێرێ تۆ چیت لێ یەت، کەوڵەکۆن.

عەزیز: من؟ من ئەمرم ئافرەت، ژیان تاسەر بۆ کەس نییە، بەڵام خوابکات منداڵەکانمان پیاو بن. بەخوا بە دەموچاوی بێباکا وا دەرئەکەوێ کە پیاوێکی باشی لێدەرئەچێت، بە شەرتێ ئێمە بزانین چۆنی پێئەگەیێنین بۆ دواڕۆژ، چۆنی بەخێوئەکەین.

گوڵچین: لەسەری مەڕۆ، بەسیەتی، هەڵسە برۆ بەلای دایەرەکەتەوە، با مەعاشەکەمان نەبڕن. هەڵسە ئەوەندە قسەمەکە، نەگبەت.

عەزیز: تووخوا ئافرەت ئەگەر ئەوەندە دڵم عەزیەتبدەی، تاقەتم نەماوە وەڵڵا. ئەم ژانەدڵە حەیشی پێتاڵکردووم.

گوڵچین: گاڵتەت لەگەڵا ئەکەم، پیاوەکە. یا خوا هەرچی دەرد و بەڵایەک بۆ تۆ یەت، لە من کەویَ، قورعانەکە. ئینجا من لەدوای تۆ عومرم بۆ چییە.

عەزیز: درۆئەکەی گوڵچین، بەخوا ئەترسم شوویەکیتر بکەیتەوە بۆ خۆت.

گوڵچین: ئۆ، شووی مەرگم بێت، زۆرم خێر لە تۆ دی، ئینجا نۆرەی یەکێکیترە. من – خوا لێمنەسێنیَ– کۆشی مناڵم هەیە، مێردم بۆ چییە؟ بیَباک لەجیاتیی هەموو کەسێکمە.

عەزیز: دە تۆ بڕۆ عەزیز بە لای ئیشی خۆتەوە. پیاوەکە بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆی؟ پیرەمێردە خەڵەفاوە.

عەزیز: مەکرووزێرەوە، وا ئەڕۆم، بە دوعا.

گوڵچین: خوا حافیزتبیَ.

(مۆسیقا)

گوڵچین: (ئەگری) ئۆ لێلاییمدایە عەزیز گیان.

بیَباک: چییە ئەوە؟ دایە گیان بۆچی ئەگریت دیسان؟

گوڵچین: کوا ئەگریم باوکەکەم؟

بیَباک: کەس دڵی ئازارداوی؟ لە هیچ شتێک دڵت ڕەنجاوە؟ ئەوە خانوو، ئەوە ئوتومبیل، ئەوە خواردنی چاک، لەبەرکردنی پۆشتە، ئەوە تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، لە چیت کەمە، دایە گیان؟ تووخوا ژیانی سی ساڵ لەمەوبەر و ئێستا ئاسمانی فەرق نییە؟

گوڵچین: (پیربووە) با باوکەکەم، فەرقی ئەو حەلە و ئێستا ئاسمان و ڕێسمانە. باوکت –بە ڕەحمەت بێت و لە دەنگم دانەچڵکیَ– گەلێکجار باسی ئەم ڕۆژەی ئەکرد و ئاخی هەڵئەکێشا. بۆ باوکت ئەگریم ڕۆڵە.

بیَباک: بۆچی بۆ باوکم ئەگری، دایە گیان؟

گوڵچین: چونکە ڕۆڵە –عەمرەکەم نەمێنیَ– هەتا ئەو ڕۆژەی گیانی سپارد، ڕەحەتیی نەدی؛ بە شەو و ڕۆژ ئیشیئەکرد، بۆ ئەوەی بمانژیێنیَ، بۆ ئەوەی تۆ باش بەخێوبکات.

بیَباک: ئەگەر ئەو حەلە دایە گیان دوکتۆری بەقەد ئێستا پێشکەوتوو بووایە، بیَگومانبە کە وا زوو نەئەمرد. بەڵام تازە لەگەڵ ڕابوردووا هیچ ناکرێت، تۆ نابیَ هەموو ڕۆژێک هەر خەریکی گریان بیت.

گوڵچین: ناتوانم لەبیر خۆمی ببەمەوە، کوڕم. بە شەو و ڕۆژ و لە بەرچاومە، بەڵام چار چییە؟

(تەلەفۆن)

بێباک: بزانین کێیە؟ هەلاو، ها، ئۆ ڕووناک ڕۆژ باش، چۆنی؟ سوپاس، دایکم، شوکور چاکە. دایە، ڕووناک ئەحواڵت ئەپرسێ؟

گوڵچین: خوا خۆشی‌کات، پێی‌بڵێ چاوی ماچئەکەم.

بێباک: دایکم ئەڵێ چاوی ماچئەکەم. ئەرێ ڕووناک مەسەلەکە نەبڕێنینەوە؟ ئا.. باشە ئێستاکە من یەم، بە باوکت ئەڵێم، لەوێوە ئەڕۆین بۆ گەڕان. چی، ئیشت هەیە؟ ئەی ئەمڕۆ تۆ ڕۆژی حەسانەوەت نییە؟ ها، ئەچی بۆ کارگە، کۆبوونەوەتان هەیە؟ باشە، کەواتە سبەینێ باشە، شتومەکەکانت بپێچەرەوە و خۆت حازربکە، باش ڕۆژ باش.

گوڵچین: ئەوە چییە، ڕۆڵە؟

بێباک: مەسەلەی گواستنەوەی ڕووناکە.

گوڵچین: بۆ کێ؟

بێباک: بۆ خۆم، بڕیارمان دا لەسەر ئەوەی بۆ یەکتری بین.

گوڵچین: هەر وا زوو بە زوو؟ ئەی دایکی، ئەی باوکی؟

بێباک: هەموو شتێک براوەتەوە، ڕووناک پێی‌وتوون.

گوڵچین: ئەیەڕۆ، ڕووناک خۆی پێی‌وتوون؟

بێباک: ئەی چیی تیایە؟

گوڵچین: هیچ، هیچی تیانییە، ئەی جیازی؟

بێباک: جیازی چییە؟ ئا ئەمە ئیستیلاحێکی کۆنە، جیازی لە جیهازی عەرەبییەوە هاتووە، یەعنی جیهاز، شتومەک. ئێمە شتومەکمان هەیە، ئەو هەموو شتێکی ناوماڵی خۆی هەیە، چونکە ئیش‌ئەکات لە کارگەی شەکر دورستکردنا و هەموو پارەکەی بۆ خۆیەتی. منیش -وەکوو ئەبینی- هەموو شتێکی خۆمم هەیە، چونکە ئیش‌ئەکەم.

گوڵچین: ئەی مارەیی ڕۆڵە؟

بێباک: مارەیی؟ ئا. مارەیی.. مەهر.. مەهر.. ئەمیشم هەر لە کتێبی کۆنا دیوە و ئەسڵەکەی عەرەبییە. ئێستاکە باوی مارەیی نەماوە، دایە. تەنیا وشەکە وا لە قامووسا و

هیچیتر.. چ پێویست بە مارەیی ئەکات، کە پیاویش و ژنیش هەموو حقووقێکیان وەکوو یەک بوو وە هەردووکیشیان ئیشکەر بوون و ترسی برسێتی و بێئیشیان نەبوو؟

گوڵچین: پەنام بە تۆ خوایە. ئینجا ئەوە ڕۆڵە هەموو کەسێک ئێستاکە ژنبهێنێ، وای ئەهێنێ؟

بێباک: ئەی چۆن؟ ئەم دنیایەی ئێستا لەگەڵ جارانا -وەکوو پێموتی- لە هەموو شتێکا جیاوازە. دنیایەکی دیموقراتیی وەکیەکییە.. ئاسایش بەرکەماڵە، ئیش بۆ هەموو کەسێک هەیە. هەموو کەسێک تێرە، قوتابخانە و نەخۆشخانە و کتێبخانە و شوێنی هونەرە جوانەکان، دەرگایان کراوەتەوە بۆ هەموو کەسێک.

گوڵچین: (ئەگری)

بێباک: ئەوە بۆچی ئەگریت، دایە؟

گوڵچین: چونکە باوکت باسی ئەمانەی ئەکرد، چونکە بە ناسۆری دنیایەکی واوە سەری‌نایەوە.

بێباک: هەر ئەو بەم ناسۆرەوە سەری نەناوەتەوە، خەڵق و عەشاماتێکی زۆر لە ڕێی پێکهێنانی ئەم دنیایەدا بوون بە قوربانی و ڕۆیشتن، بەڵام شانازی و نەمری بەر ئەو پێشەنگە نەبەزە کەوت کە لە ڕێی ئێمەدا لەناوچوون.. لە ڕێی پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لە کامەرانییا.

تەلەفۆن: دیسانەوە تەلەفۆنە..

گوڵچین: تۆ بڵێی کێ بێ؟

بێباک: هەلاو، کێ؟ تۆی ڕووناک. ئێی؟ باشە وا هاتم، هەر ئێستا.. دایە وا من ئەچم بۆ لای ڕووناک.

گوڵچین: خوات لەگەڵ، باوکەکەم.

(مۆسیقا)

(دەنگی زەنگ)

نووری: ئا بزانە کێیە ڕووناک؟

ڕووناک: هەر کەسێ بێت، دێتە ژوورەوە.

نووری: ئاخر کچم هەزار جارم پێوتی، دەرگاکە داخە.

ڕووناک: دەرگا بۆچی داخەم، بابە؛ نە دز هەیە، نە درۆزن هەیە، نە پیاوخراپ هەیە. ئیتر دەرگاداخستن مەعنای چی؟ کێ هەیە دەرگا دابخات؟

نووری: چۆن دز و درۆزن هیچ نییە؟

رووناک: نەخێر، ئەوەی تۆ باسیئەکەی، هی سیچل ساڵ لەمەوپێش بوو، کە خەڵقی برسینەبوو، نە پیاوخراپیئەکا و نە دزی و درۆزنی.

بێباک: ڕۆژتان باش.

نووری: ڕۆژ باش کوڕم، فەرموو.

ڕووناک: ئەوە تۆ بووی زەنگت لێدا؟

بێباک: نەء، ئەوە ڕەنگبێ زەنگی ئەسانسۆرەکە بووبێت.

نووری: ئەسانسۆر چییە کوڕم؟

بێباک: مەسعەدی کارەبایی کە پێی یەین و ئەچین، بۆچی نایزانی، باوکی ڕووناک؟

نووری: بەخوا ڕۆڵە من ئەم ناوانە نازانم.

بێباک: ئەوە خەتای ڕووناکە.

ڕووناک: خەتای من نییە. خەتای دنیای پێشووە کە فێری هیچی نەکردووە و مێشکی وا لێکردووە شتی تازەی تیا جێنەبێتەوە.

نووری: شتی تازە کچم هەمووی باشە، بەڵام مەسەلەی دەرگا دانەخستن، تووخوا ڕۆڵە بێباک ئەڵێم نەوەکوو شتێکمان بدزن.

بێباک: (پێئەکەنێ) مامە، کەس ئەو بێعەقڵییە ناکات شت بدزێت، چونکە هەموو کەسێک تێرە. تۆ ئێستاش وا ئەزانی لە سی ساڵ لەمەوبەرا ئەژیت، بەڵام دنیای ئێستا و ئەو حەلە ئاسمان و ڕێسمانە.

ڕووناک: دایکت چۆنە، بێباک؟

بێباک: شوکور چاکە، چاوی ماچئەکردی، سەلامی لە تۆش ئەکرد مامە.

نووری: خوا چاکی بۆ بکات، ڕۆڵە. ئەشهەدو ئافرەتێکی بەقیمەتە، قەدیمییە ڕۆڵە، قەدیمی.

ڕووناک: بۆ مەسەلەی شاییەکەمان وتی چی؟

بێباک: که باسی ژنهێنانی تازەم بۆ کرد، وەکوو له بانێکەوە فڕێی بدەیتە خوارەوە، وابوو.

نووری: ڕۆڵه بێباک وا ڕووناک هیچم بە قسه ناکات، بەڵام تۆ عاقڵیت کوڕم، بە شکڵێکی وا بیبڕێنەوە کە خەڵقی گاڵتەمان پێنەکات.

بێباک: مامە، ئێوە جاران نەتانئەوت ڕەسم و عادەت چییە ئەوە؟

نووری: با کوڕم.

بێباک: دە ڕەسم و عادەتی ئێستایش ئەوەیە کە ڕووناک بۆی باسکردوویت.

ڕووناک: من هەموو شتێکم بۆ باسکردووە، هەموو شتێکم تێگەیاندووە، بەڵام هەر فایەینییە و باسی سیچل ساڵ لەمەوپێشم بۆ ئەکات.

بێباک: قەیناکا، بەرەبەرە لە هەموو شتێک ئەگەن. نابێ بەتەمای ئەوە بین لەپڕ تێکڕا هەموو کەسێک لە هەموو شتێک بگات.

ڕووناک: ڕاستە، ئەو دنیایەی ئەوان تیایا ژیان، دنیایەک بوو هەرگیز لە ئێستا نەئەچوو، لە هیچ شتێکا.

نووری: ڕۆڵە، منیش ئەزانم دنیا هەر لە پێشکەوتنایە، بەشەر گا نییە لە پێستێکا بمێنێتەوە، بەڵام وردەوردە.

بێباک: ئێستا -مامە گیان- خۆ پێتخۆشە من و ڕووناک ببینە شەریکی ژیانی یەکتری وە پیاوی بەنرخی دواڕۆژ بێبگەیێنین؟

نووری: ئینجا چی هەیە لەوە خۆشتر، کوڕم؟ لەبەرئەوەی ئێوە خۆتان پێتان خۆشە، منیش شەریکی شادی و خۆشیتانم. ئێمە دنیامان بۆ ئێوە ویست، ئێوەش دنیاتان بوێ بۆ ئەولادەکانتان.

بێباک: ئێوە دەستێکی باڵاتان هەبوو لەم ژیانە خۆشەی ئێستای ئێمەدا، ئێمەش بەردی بناغەین بۆ دروستکردنی ژیانێکی لە ئێستاش باشتر.

ڕووناک: لە هەر وڵاتێکا ئافرەت ئازادبوو، دەستیکرد بە کارکردن شانبەشانی پیاو بێجیاوازی، مەعنای ئەوەیە ئەو وڵات و خەڵقە پێشکەوتوون.

بێباک: بەڵێ، پیاو و ژن، کرێکار و جووتیار، کاسب و مەئموری دڵسۆز، لادێیی و شارستانی، قۆڵیان کردووە بە قوڵی یەکا، تێئەکۆشن لە ڕێی ژیانێکی باشترا، لە ڕێی دنیایەکی پڕ لە ئاشتی و خۆشەویستی و کامەرانییا، پیاوی دواڕۆژ

پێئەگەیەنن. پێشینان خەباتیان‌کرد لە ڕێی ئێمەدا، ئێمەیش تێئەکۆشین لە ڕێی نەوەمانا، لە ڕێی ئینسانا کە بەهادارترین شتە لە دنیادا.

(مۆسیقا)

(دەنگی گریانی منداڵێک)

بێباک: چییە ئافرەت؟ شوکور بڕایەوە؟

ڕووناک: بڕایەوە، بەهۆی پێشکەوتنی لەش‌ساغیی تازەوە هیچ ئازارێکم نەچێشت، ئەزانی کوڕیشە بێباک؟

بێباک: کوڕ بێ یا کچ فەرقی‌نییە لەم دنیایەدا، هەر پێی‌ئەوترێ ئینسان، هەردووکیان پیاوی دوارۆژن، لەسەر شانی ئەوان بەشەرییەت ئەڕوات بۆ پێشەوە.

## پیاو نەبوو*

١٩٥٢/٧/١٣

عەزیز: ئەزانی هاوڕێ ئەو کابرایە کێیە کە بەوبەرا خێرا تێپەڕی، ئەڵێی شەیتان و جنۆکە ڕاوەدووی ئەنێن؟

عەلی: ڕاوەستە با چاک لێیوردببمەوە! ئەو ئەفەندییە مەیلەو شێتە ئەڵێی؟

عەزیز: ئا! هەڵتهێنا! ڕاستئەکەی، ئەو ئەفەندییە شێتە! ئەزانی کێیە؟

عەلی: ئەوە غەنیبەگ نییە؟ لام وایە خۆیەتی!

عەزیز: بەڵێ، غەنیبەگە! ئەو چاتر کە ناپیاوی شێتی وا کەمە لەم دنیایەدا و هەموو کەسێک ئەیانناسێت!

عەلی: من بیستم کە تازە هاتۆتەوە و ژنەکەی خۆی تەڵاقداوە و بەرەڵایکردووە!

عەزیز: بەڵێ، ئەم ناپیاوە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەما ژنێکی بەرەڵاکرد، پاش ئەوەی چواردەپانزە ساڵ بە شەو و ڕۆژ ئێش و ئازاری دەرخوارد دا. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەما کچێکی قوتابیی مناڵکاریشی هێنا و تازە سەرلەنوێ لە تەمەنی چلوپێنج ساڵییا بوو بە زاوا و ئەم کڵۆڵەشی گروفتارکرد.

عەلی: وا زوو ژنیهێناوە؟ ئەی مناڵەکانی؟

عەزیز: مناڵەکانی ماون، نەمردوون، بەگێکی شێتی کەللەڕەقی ناپیاو گوێناداتە هیچ شتێک. حەقدە ساڵێکە ئەیناسم، لە سەرەتاوە هاوڕێم بوو، ئینجا بوو بە ڕەقیبم، بوو بە دوژمنم. بەڵام ئێستا بە چاوێکی سووکتر تەماشایئەکەم، چونکە پیاو نەبوو، ئینسان نابێ قینی لە شێت و ناپیاو بێ.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٦٥-٧٣.

ڕەفیق چالاک، خۆی دەورەکانی ئەوها دابەشکردووە لە دەفتەرەکەدا: ١. گوڵجین: ئەحمەد دلاوەر، ٢. ڕووناک: ئەحمەد مەحموود، ٣. غەنی: نووری عەنبەر، ٤. عەزیز: ڕەفیق چالاک، ٥. عەلی: ئەحمەد دلاوەر. (ئەم درامایە دەنگە تۆمارکراوەکەی لە ئەرشیفدا هەڵگیراوە) (ک.ڕ)

عەلی: وا دیارە عەزیز چیرۆکێکی پڕ ناسۆر وا لەدوای ئەم قسانەتەوە!

عەزیز: بەڵێ، چیرۆکێکی ناسۆراویی خەستوخۆڵی پڕ لە ئێشوئازار و مەینەتی، چیرۆکێکی دڵداریی پاکی یەکەمجاری سەرەتای لاوی، کە هێشتا قوتابی بووین ئەمانخوێن. هێشتا خاوبووین، تەشیی ژیاون بایءنەدابووین، قامچیی زوڵموزۆر و بێدادی و دڵڕەقی نەدرابوو لە لەشمان، پێوەندی عورف و عادەتی کۆنی چەپەڵ لە یەکتریی جیانەکردبووینەوە و خۆمان بە دیل نەئەزانی. ئەم پیاوە گورگە هاوڕێم بوو، کەچی لە تاریکیا دزانە خەنجەرێکی کرد بە کەلەکەما و ڕووناکی لێفڕاندم. ئەو کارەساتە بووە هۆی ناوپیسبوونی من، بەڵام هەر وتم قەیناکە، یەکێ پەرێشانبێ باشترە لە دوو. بەڵام وا ڕووناکیشی پەرێشانکرد، وا کوڕێکی لاویتریشی کوشت بەوەی دڵدارەکەی هێناوە. وا ئەم کچە بچووکە بەسزمانەش کەوتە دوای ئەم داوێنپیسە ناپیاوە. چیرۆکەکە هاوڕێ زۆر دووردوودرێژە و هێشتا کۆتاییشی نەهاتووە، بەڵام گوێبگرە با بەکورتی بۆت بگێڕمەوە.

(مۆسیقای شەهرەزاد)

عەزیز: (نە، باوی حۆری و پەری ....)

غەنی: هەلاو عەزیز، ڕۆژ باش.

عەزیز: ڕۆژ باش، هاوڕێی شیرین، بەڕاستی کە ناوتم لەناو غەزەتەدا خوێندەوە، دەرچوویت و دامەزراوی، هەتا بڵێی پێم خۆشبوو، بە هەموو دڵێکمەوە تەبریکتئەکەم.

غەنی: سوپاستئەکەم، پشت بە خوا، تۆش داخڵی یەکێ لە قوتابخانە بەرزەکان ئەبی و دەرئەچی بە مەئموورێکی گەورە، چونکە زیرەکیت.

عەزیز: براله، بڕواناکەم بتوانم بچمە یەکێ لە قوتابخانە بەرزەکان، دارلموعەللیمینێکی ڕیفی، موزەمیدییەک..

غەنی: موناسەبەت چییە؟ ئەی من بۆچی داخڵبووم و دەرچووم؟

عەزیز: تۆ جیایت، تۆ غەنیبەگی کوڕی ئەحمەدبەگی، بەڵام من .. وا لە ئێستاوە باوکم لە ئیشکردن کەوتووە.. براکانم وردن، دایکم نەخۆشە، کەلاوەییکمان نییە تیا بژین.. ئەبێ ڕۆژێ زووتر ببم بە شتێک، بۆ ئەوەی نانیان بۆ پەیابکەم.

غەنی: ئەی ئەمە خانووی خۆتان نییە؟

عەزیز: جارێ ئەمە پێی‌ناوترێ خانوو لەچاو کۆشک و تەلارەکەی ئێوەدا، فەرموو تەماشای ژووره تاریکەکانی کە، بەم ڕۆژی ڕووناکە سیسرک تەختی مۆسیقای تیا دامەزراندوون، جاڵجاڵۆکە و مشک تەراتێنیانە تیایا.. دوێنێ هێشتا پانتۆڵەکەمم نەکردبووە پێ، کە دووپشکی ناو دەرلنگەکەی دووجاری پێوەدام.. جگە لەوە خانووی کرێگرتەشە.

غەنی: تۆ وازبێنە لەم قسە بێ‌مەعنایانە، باسی ڕووناکم بۆ بکە؟ لەچییان؟ یەکتری ئەبینن، ئێستاش هەر یەکترتان خۆش‌ئەوێ؟

عەزیز: بێ‌گومان، هەتا مردن، هەتا گیان سپاردن هەر خۆشم‌ئەوێ، خۆشەویستییەکی پاکی بێ‌غەل‌وغەش، بێ لەیەکتری نزیک‌کەوتنەوە، خۆشەویستیی گیانیی دەروونی، جوانی‌پەرستن، نەک عەبدایەتیی لەش و لەزەتی وەختی.

غەنی: یەعنی دڵدارییەکی میسالیی ئیفلاتۆنی؟

عەزیز: بێ‌گومان، دڵداریی پاک و ڕاست یەعنی ئەوە.

غەنی: تۆ کابراییکی خەیاڵاویت، باشە وا ئەمساڵ تۆ چوویت بۆ دارولموعەللیمین، بە چەند ساڵی‌تر دەرئەچیت؟

عەزیز: بە چوار ساڵی‌تر دەرئەچم، ئەویش ئەبێ بە موعەللیمە، بەم جۆرە ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و شادی بۆ خۆمان دائەمەزرێنین.

غەنی: یەعنی لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣دا؟

عەزیز: بەڵێ ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣، ئەبێتە ساڵێک کە هەرگیز لەبیرمان‌نەچێتەوە، چونکە من و ڕووناک لەو ساڵەدا ئەبینە شەریکی ژیانی یەکتری، چونکە لەو ساڵەدا دوو دڵدار بەیەک‌ئەگەن. ئەو حەلە بە شەو و ڕۆژ هەوڵ‌ئەدەم، تێ‌ئەکۆشم کە ژیانێکی باشی بۆ تەئمین‌بکەم. خۆم کۆنەی ناوبازاڕ لەبەرئەکەم، بەڵام باشترین جل بۆ ئەو ئەکەم، من ..

غەنی: بەس بەس، لەسەری مەڕۆ، ئەی ئەگەر لەم ماوەی خوێندنەی تۆدا، یەکێکی دەوڵەمەند ناردییە خوازبێنیی، ئەڵێی چی؟

عەزیز: بڕواناکەم شووبکا بە کەسی‌تر.

غەنی: تۆ غەڵەتی، بە سەری تۆ، دایک و باوکی زۆر باش ئیقناعی‌ئەکەن. خۆشی کە

چاوی بە ئاڵتوون و جلوبەرگ و کۆشک و تەلار کەوت، هەزار دڵداریی ڕاست ئەگۆڕێتەوە.

عەزیز: یەعنی مەبەست ئەوەیە ڕووناک لەو جۆرە کچە تێنەگەیشتووانەیە کە ئەبێتە نۆکەری کۆشک و تەلار، دیلی جلوبەرگ، شێتگیری خشڵ.

غەنی: بەڵێ، مەبەستم ئەمەیە. ئافرەت هەموو وان، هیچ کچێک نییە شوێن دەوڵەت و سامان نەکەوێت.

عەزیز: بەڵێ، گەلێ جار کەسوکار کچە بەسزمانەکانیان ئەفرۆشن. بەڵام ڕووناک هەرگیز مل بۆ فرۆشتن درێژناکات، چونکە خوێندەوار و تێگەیشتووە.. ئەگەر هات و خوانەخواستە ملیشی درێژکرد، ئەوا منیش ئەو حەلە ئەڵێم من بە ئەسپ بگۆڕێتەوە، منیش بە کەر ئەیگۆڕمەوە.

غەنی: ئێستا با واز لەم قسانە بهێنین، ئەم ئێوارەیە لە کوێ ئەڵێی نەختێ ویسکی بخۆینەوە؟

عەزیز: ویسکی؟ نەکەی بۆ خاتری خوا، منی کڵۆڵ ڕۆژانەکەم دە فلسە، هێشتا بە چوار ساڵیتریش نابم بە مەئموور، ویسکیی چی و خواردنەوەی چی؟

غەنی: من ئەیکڕم، لەسەر حیسابی من.

عەزیز: عەفوومکە ناخۆمەوە، هەتا لە قوتابخانە دەرنەچم، دەم لە هیچ خواردنەوەیەک نادەم. ئەو حەلەش خوا ئەمێنێ و موڵکی.

غەنی: کەواتە نایەیت لە گەڵمانا؟

عەزیز: نەخێر، سوپاستئەکەم.

غەنی: خوا حافیز.

عەزیز: خوات لەگەڵ، برا.

غەنی: ئەی تۆ ئەم ئێوارەیە ئەچیت بۆ کوێ؟

عەزیز: بۆ دەرەوە.

غەنی: بۆ دەرەوە، بۆ لای ڕووناک، بۆ بەر پەنجەرەکە، وەنییە؟

عەزیز: بڕۆ بە لای خواردنەوەی خۆتەوە، با دوانەکەویت. بڕۆ ..

(مۆسیقا)

عەزیز: ڕووناک، ڕووناک گیان.

ڕووناک: (بە چپە) عەزیز. ئەوە تۆی گیانە شیرینەکەم، بۆ وا دواکەوتیت؟ ئەمە سەعاتێکە چاوەڕوانتم.

عەزیز: چی بکەم گیانەکەم. هاوڕێیەکم هات بۆماڵەوە و دوایخستم.

ڕووناک: کێ بوو هاوڕێکەت؟

عەزیز: غەنیبەگ.

ڕووناک: غەنیبەگ؟ غەنیبەگی ناپیاو، هاوڕێی تۆیە؟

عەزیز: بۆچی وا بە هاوڕێکەم ئەڵێیت؟

ڕووناک: ئەوە گورگە، هاوڕێ نییە. ئەمڕۆ سەدجار بێرەدا هات و تێپەڕی، هەتا وام لێهات سەتڵێ ئاوم کرد بە سەریا و هەزار قسەم پێوت. کەچی ناپیاوە بێشەرمە ئەڵێ: وەڵڵا بە باوکت ئەڵێم کە تۆ عەزیز ناناسیت.

عەزیز: وا نەڵێی بۆ خاتری خوا؟ چۆن غەنی ناپیاویی وا ئەکات؟ بەڵێنبێ ئیتر نەیدوێنم، بە هاوڕێی نەزانم، نەیناسم.

ڕووناک: ئەوراقەکانت تەقدیمکرد؟

عەزیز: تەقدیممکرد، ئەی تۆ؟

ڕووناک: منیش. ساڵێکیتر ئەم حەلانە هەموو پێنجشەممە و جومعەیەک یەکتری ئەبینین، بەبێ ترس و لەرز تێر قسە لەگەڵ یەکتریا ئەکەین.

عەزیز: پشت بەخوا. هەموو چوار ساڵیتریش نابات ئەبینە.. ئەبینە شەریکەژیانی یەکتری و هەتا مردن لەیەک جیانابینەوە.

ڕووناک: پەیمانبێت کە لە تۆ زیاتر کەسم نەوێت، گیانە شیرینەکەم.

عەزیز: دایکت لە ماڵەوەیە، ڕووناک؟

ڕووناک: نا لە ماڵەوە نییە، بۆچی؟

عەزیز: بۆ هیچ، وتم نەوەکوو بێت بەسەرا، با من بڕۆمەوە، گیانەکەم.

ڕووناک: مەڕۆ، با تۆزێکیتریش قسەبکەین.

عەزیز: ڕۆیشتنەوە مەسلەحەتە، بەڵام شەویش پاش نانخواردن هەر یەمەوە. جارێ بە دوعا، گیانە شیرینەکەم.

ڕووناک: خوات لەگەڵ، هەتا مردن پەیمانبێ لە تۆ زیاتر کەس نەناسم.

عەزیز: بەڵێنبێ هەتا دوا هەناسەی ژیانم لە ڕێی کامەرانیتا شەو بخەمە سەر ڕۆژ، سرەوتم نەبێت.

(مۆسیقا)

غەنی: ئێستا ئێمە گوڵچینخان بۆچی درێژە بە مەسەلەکە بدەین.

گوڵچین: ئاخر غەنیبەگ هێشتا ڕووناک لە دارلموعەللیمات دەرنەچووە، سێ ساڵی ماوە. با تەواویبکات، ئەو حەلە مەعقوولە.

غەنی: نەخێر، گوڵچینخان هیچ مەعقوولنییە. ئەگەر لەبەر مەسەلەی مەساریفی مەکتەب ئەڵێن، ئەوا من هەمووی ئەدەم. جگە لەوەش، هەر شتێکتان ئەوێت، من حازرم بەسەر سەر، جێبەجێیئەکەم.

گوڵچین: ئاخر، بەخوا بڵێم چی.. نازانم حاجی چۆن موافەقەتیکرد؟

غەنی: پیاوی گەورە بە باوکی ڕووناکیان وت. جگە لەوەش، موافەقەتی خاڵیشی وەرگرتووە، تەنیا ماوەتەوە سەر ڕووناک خۆی، ئەویش تۆ ئەبێ جێبەجێیبکەی.

گوڵچین: ئاخر ڕووناک تۆزێ لەم ناحیەیەوە گیرە و نایەوێ ئێستاکە شووبکات، هەتا مەکتەبەکەی تەواوئەکات.

غەنی: چیی تیایە، حەزئەکات دوای مارەکردنی دەوامی مەکتەب بکات، هەتا لە دارلوموعەللیمات دەرئەچێت.

گوڵچین: باشە، بزانم قسەی لەگەڵا ئەکەم.

غەنی: نابێ، ئەبێ پێش ئەوەی تەمووزی ١٩٣٧ تەواوبێت، من و خوشکم و تۆ و ڕووناک بچین بۆ بەغدا بۆ جیازی.

گوڵچین: خێری پێوەیە، باشە..

(مۆسیقا)

غەنی: ڕووناک (بە tووڕەییەوە) ڕووناک.

ڕووناک: بەڵێ، ئەڵێی چی؟

غەنی: ئەمە مەعنای چی؟ بۆچی وائەکەی؟ پەڵپی چیم پیئەگریت؟ تێمناگەیەنی بۆ هەموو ڕۆژێ شەڕ و هەڵلا، هەموو ڕۆژێ بەزم و ڕەزم، هەموو ڕۆژێ حەیش بە من تاڵئەکەی؟! لەو ڕۆژەوە تۆم هێناوە، سەعاتێک چییە ئیسراحەتمنەکردوە. چوویتەوە مەکتەب و بووی بە موعەللیمە، وتم قەیناکە؛ مناڵت بوو، بووی بە خاوەنی ئاڵتوون و هەموو شتێک، کە حەزی لیئەکەیت؛ خزمەتکار، ئوتومبیل، سینەما، گەڕان، چیت ئەوێ ئیتر؟

ڕووناک: هیچم ناوێ، پێویست بە قیژەقیژ ناکات، پەڵپ و بەهانەم پیمەگرە.. وا نزیکەی شانزەحەڤدە ساڵە بەیەکەوەین، ئەتەوێ چی بکەیت؟

غەنی: ئەمەوێ چی بکەم؟ تووخوا هێشتا تۆ خۆت بە ئافرەتی باش و بیخەتا ئەدەیتە قەڵەم. من ئەزانم تۆ بۆ وائەکەی؟ ئێستاش تۆ هەر بیر لە عەزیز ئەکەیتەوە. عەزیزت قەت لە دڵ نەچۆتە دەرەوە لە هیچ کاتێکا. هەمیشە هەر خەریکی هەواڵپرسینی عەزیز بووی، چیت لێی ئەوێ تازە؟ ژنی هەیە و مناڵی هەیە. خانم تازە تۆی ناوێت، تۆی لەبیرچۆتەوە. (پێکەنینی گاڵتەجاڕی) عەزیز، عەزیز ئەفەندی، ناپیاوترین ئینسان عەزیز ئەفەندییە، خانم.

ڕووناک: بۆ ناوی خەڵکی ئەبەی؟ بۆ بە درۆودەلەسە بوختان هەڵئەبەستیت؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان من و عەزیزت دی بەیەکەوە؟ لەپاشا ئەگەر من لەم ماوە دوورودرێژەدا، بمویستایە عەزیز ببینم، هەڵبەتە هیچ شتێک نەبوو لە ڕێما ڕابوەستێ.

غەنی: هەر وا؟ ئا ئەمەش قسەیێکی جوانە. ئەی کەواتە بۆ ماڵت لیکردووم بە جەهەننەم؟

ڕووناک: چونکە تۆ ژیانی منت ژەهراویکرد، تێکڕا دنیات لیکردم بە جەهەننەم؛ چونکە تۆ داوێنپیسی، بیئەخلاقی، ڕەوشتنزمی؛ چونکە تۆ ناپیاوی، بێنە تەڵاقمبدە بیغیرەت. تۆ هەموو شەوێک لە لای ئافرەتێکی پیسی چەپەڵی؛ تۆ قومارچی و سەرسەریت؛ تۆ مێشیت، مێشێکی پیس، دائیما بەسەر پیساییەوە ئەنیشیتەوە؛ تۆ پیاو نیت، ناپیاوی.

غەنی: (لێیئەدا) ئەوە بە من ئەڵێی؟ بیئابڕوو؟ ئەوە بە من، ئەوە بە من.

ڕووناک: ڕاوەستە لە حەدی خۆتا ناپیاو، هەر ئێستا ئەبێ تەڵاقمبدەی، هەر ئێستا.

غەنی: باشە. سیبەسێ تەڵاقتکەوتبێ بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە. شەرتبێ لە زووترین وەختا وە بە کوێرایی چاوی تۆ، کچێکی چواردەساڵ بهێنم.

ڕووناک: خوایئەکرد ئێستا ژنتئەهێنا. من تازە دڵم بە ژیانەوە نەماوە، من بووم بە پیاو. بەڵام قوربەسەر ئەو ژنەی کە ئەیهێنی، ناپیاوی چەپەڵ.

(مۆسیقایەکی خەمگین)

غەنی: (لە دەرەوە) هەلاو، عەزیز ، عەزیز ئەفەندی.

عەزیز: کێ؟ غەنیبەگ؟ (بەساردییەوە) چۆنی میرم؟

غەنی: ئەوە بۆچی نەهاتی بۆ سەر دەعوەتەکە، ئەی کارتم بۆ نەناردی؟

عەزیز: ئا، کارتی دەعوەتی شاییی تۆ؟

غەنی: ئەی ژن گوێزرایەوە، تەواوبوو. یاهوو ئینسان ناتوانێ لەم دنیایەدا بە یەک ژنەوە بوەستێ هەتا ئەمرێ.

عەزیز: بەڵێ، ئینسان کە گەورە و دەسەڵاتدار بوو، کە پارەی هەبوو، خەڵقی ژنی ئەدەنێ. بەڵێ پێویستە بەگ کەیفبکات، هەموو ڕۆژێک کچێکی چواردەساڵ بهێنێ، وەکوو هامان، هامانی مەشهووری جوولەکە کە بە هەمانە کوشتیان.

غەنی: یاهوو عەزیز لە ژنهێنان خۆشترنییە، بەتایبەتی منالێکارێک کە لەپێش تۆدا کەسیتری نەناسیبێ.

عەزیز: هەموو کچێک یەکێک هەر ئەناسێت، میرم، دڵی بە یەکێکا هەر چووە، بەڵام زۆروکەم کەوتووە.

غەنی: وانییە. ئەمەی ئێستای من کەسی نەناسیوە لەوەپێش. ئەویتریش ڕووناک، بۆیە تەڵاقم دا چونکە .. هیچ، بۆچی لەسەری بڕۆین.. موهیم ئەوەیە ئینسان کەیفبکات، ڕابوێرێ.

عەزیز: بەڵێ، کەیفبکات، ڕابوێرێ، لەسەر حیسابی خەڵقی، لەسەر حیسابی دڵداران لەیەککردن. میرم، هەندێ ناپیاو هەن ئەزانن کە ئەم کچە حەز لەو کوڕە ئەکات، کەچی ئەچێ ئەیهێنێ، ژیانی کچە و خۆشی زەهراویئەکات. کوڕە بەسزمانە بێدەسەڵاتەکەش تووشی سەدهەزار کوێرەوەری ئەکات. لە نەتیجەشا لەپاش عومرێکی زۆر ئافرەتەکە تەڵاقئەدا بە کۆشێ منالەوە.. یەعنی ئەیکوژێ. ئینجا ئەچێ کچێکی بەسزمانیتر ئەدۆزێتەوە، بە پارە و مەرکەزی کەسوکارەکەی ئەیخەڵەتێنێ، ئەمیش مارەئەکات. دەزگیرانەکەی ئەمیش ئەکوژێ. هەر بەمەشەوە

ڕاناوەستیٚ، هەتا پێی‌بڵێی داوێن‌پیسی ئەکا، کۆ لە عائیلە و لە خزم و کەسوکاریش ناکاتەوە. ئەم جۆرە ئینسانانە گورگن، ناپیاون، دزن، موجریمن.. حەقوایە قانوون بە لاق هەڵیانواسێت.

غەنی: ئەوە ئەڵێی چی عەزیز؟ تۆ ئەڵێی هیچ هاوڕێیەتی و پیاوەتییەکت لە بەرچاو نییە کە من لەگەڵ تۆما کردووە، لە کاتی تەلەبەییبیا؟ تۆ سپڵەی.

عەزیز: هاوڕێیەتی و پیاوەتی، غەنی‌بەگ، تۆ مەعنایان ئەزانی؟ چاکە، تۆ ئەزانی چاکە بەری چ دارێکە؟ هەموو کوێرەوەری و ناوپیسی و قوڕبەسەرییەکی ئەم چەندساڵەی دوایی کە بەسەرما هات و دوچاری‌بووم، ئەو کۆستە بوو کە تۆ هێناتە ڕێم لە سەرەتای دەوری لاویما، بیٚ‌غیرەتی موجریم. جاران قینم لێت‌بوو، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی ڕووناکت تەڵاق دا، قێزت لیٚ‌ئەکەمەوە، بە چاوێکی سووک تەماشات‌ئەکەم.

غەنی: ئینجا بۆ ڕووناک ناهێنی، مانیع چییە؟ بۆ تووڕەئەبیت؟

عەزیز: تازە من لەو عومرەدا نەماوم یەک، دووەمین ژن و منالم هەیە. ئەویش بڕواناکەم تازە ئیتر بیەویٚ شووبکاتەوە. بەڵام -بیٚ‌گومان‌بە- موجریمی چەپەڵی ناپیاو، کە بە چاوی برایێک تەماشای‌ئەکەم، وە هەر یارمەتیدانێکی منی بوێت، برایانە بۆی ئەکەم. ڕووناک نامریٚ لە برسانا، چونکە مەعاشی هەیە، پێویستیشی بە پیاو نەماوە، چونکە هەر لە کچێنییەوە پیاو بوو. بەڵام تۆ ئەو ڕۆژە مردیت کە خیانەتت لە هاوڕێکەت کرد، ئەو ڕۆژە مردیت کە مۆری ناپیاویت پێوەنرا، ناپیاوی مێش‌ئامێز. بەڵام دا لە تۆ، لە ناپیاوەکانی وەک تۆ، لەو کچانەی دڵ ئەگۆڕن، لەو کەسوکارانەی کچەکانیان ئەفرۆشن. ئەم تاقمە هەموو لە ڕیزەی ناپیاوانن.. ڕاکە.. ڕاکە، هەتا نەمخنکاندووی، ناپیاو، ناپیاو، ناپیاو. تۆ هەرگیز پیاونەبووی، پیاو نیت، ناپیاو..

(تەواو)

# کارکردنی بەکەڵک*

پێشدەستی

هاووڵاتییەکان!

لە ساڵی ١٩٣٤ەوە، خەریکی خوێندنەوەی هەموو جۆرە بابەتێکی زانیاری بووم هەتا ئەمڕۆ؟ ئەمڕۆش لە خوێندنەوە نەکەوتووم و ناکەوم، هەتا توانام لێئەبڕێ. لەم ماوە دوورودرێژەدا، گەلێک کارەسات و قەومانی جگەربڕی پڕناسۆرم بەسەرهات، بەڵام وازم هەرگیز لە خوێندەواری نەهێنا و هەر شوێنی کەوتم.

لەپاش ئەم ساڵە پڕوچڕانە، بۆم دەرکەوت کە ئەبێ ئامانج لە خوێندەواری بۆ ئەنجامێکی پڕکەڵک بێت لە ڕێی زۆربەی زۆرا، زۆربەی زۆریش لە تەمسیل و لە چیرۆک باش ئەگات. لەبەرئەوە لەم ڕێیەوە ئاڕاستەکردن شتێکی بە کەڵک و سوودە. هەتا ئێستا داخی هەموو خوێندەوارێک ئەوەیە کە نووسین بە کوردی باش بڵاونابێتەوە و ڕەواجی نییە! دە ئەمە بۆتە هۆی سڵەمینەوەی گەلێک نووسەر لە شتومەک چاپکردن. بەڵام هەر ئەمە نییە بەرهەڵستی چاپکراوی کوردی، بەڵکوو بێپارەش هۆیەکی زۆر کاریگەرە! وا ناوبەناو هەندێ لە ئینسانە دڵسۆزەکان لەسەر ئەرکی خۆیان هەندێ شت چاپئەکەن، بەتەمای ئەوە نا کیسەیان بۆ قازانج هەڵدرووبێت، بەڵکوو بەو نیازەی دەستمایەکەشیان بفەوتێ! دە ئەمە ئەگەر بەقەد خزمەتکردنی نووسەرەکان نەبێت، هەرگیز لەوە کەمترنییە و هیوا وایە ئەم جۆرە کەسانە زۆرتربن. بەڵام خۆزگە شیرکەتێک دامەزرایە بۆ چاپکراوی کوردی! چونکە بێگومانبن کە بەبێ زانیاریی گشتی، پێشکەوتن و هەنگاونان بۆ پێشەوە شتێکی مەحاڵە.

---

* کارکردنی بەکەڵک، زنجیرەی خوێندەواری بە کوردی -٢-، نووسینی: ڕەفیق چالاک، لەسەر ئەرکی مامۆستای موهەندیس بەکر دلێر لەچاپدراوە، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢.
ئەم نامیلکەیە پاشتر بە زنجیرە لە ژمارەکانی ٢٩٩، ١٩٥٥/٦/٢٠، ل١١-١٤؛ ٣٠٠، ١٩٥٥/٦/٢٧، ل١١-١٤؛ ٣٠١، ١٩٥٥/٧/٤، ل٣-٦، ١١؛ ٣٠٢، ١٩٥٥/٧/١١، ل٥-٧، ١٠؛ ٣٠٣، ١٩٥٥/٧/١٨، ل١٠-١٢ی گۆڤاری "پەیام"دا بڵاوبووەتەوە و لێرەولەوێیش دەستکارییکردووە، لەبەرئەوە ئەم دووەم دەقە دەستکاریکراوە ڕەچاوکرا. (س)

بەم بۆنەیەوە سوپاسی مامۆستای بەنرخ بەکر دلێر ئەکەم، کە باوەڕی وایە پێویستە هەتا لە توانا و تاقەتا بێ لە ڕێی پێشکەوتنی زانیاری و خوێندەواریدا جار لەدوای جار چیرۆک و نووسین بڵاوبکەینەوە، هەتا ئەگەینە ئەو ڕۆژەی گۆڤارێکی کوردیی بەکەڵک پێشکەش‌ئەکەین. هیوامان زۆرە بە یارمەتیی ئێوە و لە ڕێی ئێوەدا بگەینە ئامانج.

نووسەر

## کاری بەکەڵک

(شوێن: دێیەکە)

### فەسڵی یەکەم

فەتاح: ئەرێ شەریف!

شەریف: یەژی چە فەتاح!

فەتاح: ئەوە چی لێک‌ئەدەیسۆ؟ یەژی کۆستت کەوتگە، دوور لە سەری قالە! بۆ ناخەنی، گەوجە؟

– بە چی بخەنم، فەتاح؟ بەو کابەیەی هاجی هەسەن دەستی پێوە گرتگە، خوێن لە دڵم ئەتکێ.

– کوڕە عەیب‌ناکەی قسەی وا یەژی، نامەردت‌نەکەن، پیاو ژن بۆ کوڕی بێرێ، خوێن لە دڵی ئەتکێ، یا ئەبێ بتریقێت و بخەنێ؟ کەی زەماوەنەکەمان بۆ ئەکەی، خوێڕی؟

– تووخوا ئەگەر لالەفەتاح وازم لێ نەیێری. من کەوتگم وە دەردی خۆما و تۆیش..

– ئەوەی ناوێ، بزانم چیتە شەریف؟ دە بێژی بزانم؟

– بە خوا لالەفەتاح ئەوە سێ ڕۆژە خەجەی دایکی مناڵەکان و قالەی نۆکەرت نەخۆشن.

– هەی نەبێ؟ هەستە با بڕۆین، هەستە! ئەی کە سێ ڕۆژە کەفتگن، بۆ قسەت نەکردگە؟ ئێمە وەتەماووین لە زەماوەندی قالەدا هەڵپەڕین، کەچی تۆ وا بێژی؟ بڕۆ با بڕۆین!

– بڕۆ لالەفەتاح... وە قوربانی وەستا کەریم بم، هێشتا لە دەردێ نەبووینەسۆ، ئەو دەردێترمان پێ‌عەتائەکا....

– قسەی وا مەکە، گەوجە، بۆ ئیمانت خراوە... چییانە شەریف! چە خێریانە؟

– لەرزوتا دوابڕیاگەکەس! تاویٚ سەرمایانە، ییژی وان لەناو سەڕسەڕا... تاویٚ گەرمایانە، ییژی وان لەناو تەنوورا... بە درێژیی ئەم ڕۆژگار و شەوگارە ئەم ئەنالێنیٚ و ئەو ئەیسێنێتۆ .... قسەی حەلەقومەلەقیش ئەکەن... کوڕە بێژم چی؟ بەو قورحانە لالەفەتاح فرەپەرێشانم....

– خەوت نەویٚ، خوا کەریمە، خاس ئەونۆ ... پارەکە ئەوولْحەمەی هاجی هەسەن کە لەرزوتاکەی گرت، یارۆی مزەمبیل، غەفوور ئەفەنی، بە هەژدە پەنجایی خاسیکرد و دە پێشکەوە شەریف!

– تۆ پێشکەوە لالەفەتاح!.. کچیٚ کەنی! خەجەکە! ئەولقادر باوکەکەم! لالەفەتاح هات..

## فەسڵی دووەم

(ماڵی شەریف)

– خاسیت خەجە! ئەی نامەردتنەکەن ئەولقادر، ئەوە بۆ وات لە خۆت کردگە، ییژی زەیسانی! هەڵس هەڵس! وا ئیمە خەریکین شاییت بۆ ئەکەین و زەماوەندت بۆ ئەگێڕین..

خەجە: (ئەنکێنیٚ) وەخێرهاتی لالەفەتاح، وەبان چاو!

قالە: (ئەنکێنیٚ) یا خوا وەخێربێن! لالەفەتاح فرە پەرێشانم، دوعام بۆ بکە...

خەجە و شەریف: (ئەگرین)

فەتاح: ئەوە یەژی چی، قالە؟ عەیبناکەی، تۆ پیاوگی، لەکن خۆت وا سبەی دووەی ژنت بۆ تێرن... ئەریٚ شەریف! ئەوە بۆ مەلاڕەحیمت نەهاورد لەرزیان بۆ ببڕێت؟

– هاوردم لالەفەتاح! دوو جار بۆ هەردووکیانی بڕی، هەزار گرێی هەر داگە لە دەزووە خاوەکە.

فەتاح: ئەی بۆ خاس نەوونەوە کە لەرزیان بۆ بڕیاگە؟

خەجە: کوڕە لالەفەتاح، تۆ شەریف چۆن ئەناسیت؟ مەگەر هەر من بیناسم... تۆ بیستگتە مەلا لەرزوتا بووڕێت، وە بیٚ سەرقەڵەمانە؟

– نەء، نەمبیستگە! ئەوە شتێکی جاریس... ئەشیٚ سەرقەڵەمانە بدریٚ وە مەلا... مریشکیٚ! گیسکیٚ، کەللەقەندیٚ... هەندیٚ تۆچایی... شتێکی هەر ئەویٚ پیٚبدریٚ...

خەجە: ڕەحمەت لە باوکت! ڕاست بێژی! دەی شەریفی مووارەک چووە دوو پەنجاییی پێداگە! تووخوا وە دوو پەنجایی ئێمە خاص ئەوینۆ؟ تووخوا دوو پەنجایی سەرقەڵەمانەس؟

شەریف: ئەی ئافرەت نییەسم! هەر دوو پەنجاییم لە گیرفاناوو! ئەی خۆ ناچم ئەسپەکوێت بدەم وە مەلا ڕەحیم! ئاخر وا ئێمە خەریکی ژنهێنانین بۆ ئەولقادر، کەنی! ناوێ نەختێ ئاگامان لە خۆمان وێت؟...

قالە: باوە، باوە! من ژنم نەگەرەکە و خاسمکەرەوە... من وا ئەمرم، چی لە ژن بکەم؟

خەجێ: ئەی وە قوربانی سەرت ووم قالەکە! ڕۆڵە، یا خوا منیش و باوکیشت لە دەوری سەرت گەڕێین وەک قۆچی قوربانی... (ئەگری) کوڕە شەریف پچۆ خزمەت مەلا ڕەحیم... کوڕە پچۆ دەستی ماچکە و شتێکیتری پێبدە، با دوعاکەی گیراوێ بۆمان.... کوڕە شەریف خاسمانکەرۆ، با جاڕی ئاواییەکەت لێنەدەم...

شەریف: ئەی بەردی لێ وارێ! خوا تۆ بۆ من ناکوژی و لەدەست خەجە هارە ڕزگارموێ... بەو قورحانە، لالەفەتاح، خەجە ماڵی وێرانکردگم.. خەجە نەویایە وە دە ساڵیتریش ڕیشم چەرمگ نەئەوو...

فەتاح: ئێستا ئەو قسانەی پێناوێ... بۆ ناچی مەلا ڕەحیم بێری و گیسکێکی پێبدەی؟

شەریف: گیسک؟ بەو قورحانە گیسکی پێنادەم.. ئینجا من بۆ لەرزووتا بڕین گیسکێک و دوو پەنجایی وە مەلا ڕەحیم بدەم، کەواسە بۆ یاسین خوێندن، ئەشێ ئەسپەکوێتی بدەمێ... حەی لەو قسە...

فەتاح: باشە! ئەی چی ئەکەی شەریف؟ بۆ ناچی غەفوورەی موزەمبیل بێری...

شەریف: ئاخر غەفووری موزەمبیلیان بانگکردۆسۆ بۆ شار... یەژن دەریانکردگە و موزەمبیلێکیترمان بۆ دێ.

- یا خوا خاسیانکرد غەفوورەیان دەرکرد.. برا حەپێکی سپی ئەدا وە سێ هێلکە، ماڵی بڕمێ... سوورەکەش وە دووان... پارەکە هەژدە پەنجایی هەر پەنجاییی لە هاجی هەسەن سەند و هەموو ڕۆژێکیش لەوێ نانی ئەخوارد، هەتا ئەولحەمەدی خاسکرد و... فرە گرانجان بوو، ماڵی بڕمێ...

- ئەوە لالەفەتاح! غەفوورە ئەم حەمکە داوودەرمانیانەی لە کوێوە ئەهاورد؟

- حکوومەت ئەیانداسێ... هەموو موزەمبیلێک لە مەکتەو ئەخوێنێ و فێریئەوێ. ئینجا دەرمانی ئەدەنە دەست و ئەینێرن بۆ لادێ، بۆ خاسکردنەوەی نەخۆش...

- ئەی کەواسە بۆ پارە و مامر و هێلکەی ئەسەند؟

- ئێمە کارمان نییە بەوەوە، شەریف، عەقڵت بێت!

- چۆن کارمان پێوەنییە..

قالە: ئەی کارمان وە چییەوە هەیە، لالەفەتاح؟ ئەو کە موزەمبیلە و حکوومەت دەرمانی پێئەدا و فێریئەکا و مەحاشی ئەداسێ، بۆ ئەوەنییە ئێمە کە نەخۆش کەفتین، خاسمان کاتۆ؟

فەتاح: با وەسە! بەڵام یەژێ هەندێ دەرمان وە پارە ئەسێنێت، لەبەرئەوە ئەیفرۆشێتۆ وە نەخۆش.

خەجە: درۆئەکا وەو قورحانەی ها لە سنگی مەلا ڕەحیما... بۆچی یارۆی موزەمبیلە چەرچییە؟ ئەی کوتاڵفرۆشەیان پیاگی حکوومەتە؟

شەریف: ئەواسە پیاگی حکوومەتە! بە خوا، بە خوا، لێرەوەدوا دوو عانە چییە پێینادەم و دەرمانیشم تەوێ.. نەشمداتێ، شکاتی لێئەکەم لای مدیری ناحیە، یا سواری ئەسپەکوێت ئەووم و ئەچمە شار بۆ لای یارۆ، ئەوی پێییەژن.... پێییەژن..

فەتاح: ئێ... ئێ.. دوختەر....

شەریف: دوختەر نییە .. لە دوختەریش گەورەترە، برا.. پێییەژن...

قالە: حەکیمباشی نەوێ، باوە....

شەریف: ئەو نییە! شتێکی خۆشی پێیەژن.. کوڕە حا، ڕەیس.. ڕەئیس صیحە... خۆیەسی..

فەتاح: ئەی تۆ نایەژی غەفوورەیان دەرکردگە، شەریف؟

شەریف: باوا یەژن، کەریم لە شار بووگە، لە ماڵی حەسەن ئەفەنیی خزمیان میوان بووگە... یێژێ حەسەن ئەفەنی ناوی غەفوورەی موزەمبیلی لەناو قەزاتە خوێندۆسۆ..

- غەفوورەی موزەمبیل ئەوەندە گەورەس، ناوی لەناو قەزاتە نووسریاوە؟

- گەورەی چی لالەفەتاح؟ ئەوە بۆ ئەتک و پەن ناویان نووسیوە. حەی! دەریانکردگە دەر! هەر کەسێ دەربکەن، ناوی لە قەزاتە ئەنووسن...

قاله: ئەی باوە! کەریم نەیوت کێ ئەوێتە موزەمبیلی ئێرە؟

– یەژێ یەکێکیان داناگە، ئەورۆ سوەی تێ، بەڵام فرە شارەزاس، وەقەد دوختەرێک ئەزانێ..

فەتاح: ئەزانێ نازانێ، ئێمە کارمان نییە پێوەی.. پارە وەرئەگرێ یا نا، شەریف؟

خەجە: ئێوە بۆ گوناهی خەڵقی ئەگرنە ئەستۆی خۆتان؟ هێشتا نەهاتگە، با بێۆ، بزانن خاسە، خراوە..

قاله: تووخوا باوە کە هات، با بێتە ئێرە داوەزێ! غەریبە و ئەی ئێمەش – ناشوکری نەوێ– نەخۆشین، با خاس خاسمان کاتۆ...

فەتاح: عافەرم قالەکە بۆ زیرەکیت! ڕاست یێژی، شەریف!

خەجە: با بێ وەبان چاو بێ...

شەریف: ئەی کێ ماڵ ڕاییکا، کەنی؟ کێ چێشتمان بۆ لێنێ؟

خەجە: با مەنیجی دەزگیرانی ئەولقادر بێت. ئەو، ئەمڕۆ بێ یا سۆزی، خۆ هەر تێتە ئەم ماڵە!

شەریف: ئینجا تێت؟ دادە گوڵچین قایلئەوێ؟

فەتاح: تێتۆ ئەولاتریش! ئێستا من ئەچم وە دادە گوڵچین یێژم خۆیشی و مەنیجەیش بێن خزمەتتانبکەن. حەی، ئەی من ڕیشچەرمگی ئاواییەکە نیم؟ حەدیان چییە نەیەن.. ئەی قەوموقیلە بۆ ڕۆژێکی وا نەوێت، بۆچی خاسە.. وا من ئەڕۆم ئەیاننێرم..

شەریف: تۆ یێژی ئەورۆ موزەمبیل ئەفەنی بێت؟

فەتاح: بە خوا بێژم چی؟ ڕۆژەکەی خۆشە و ئەی ئەگەر سەگوەڕ وەڕی، ئەوا تێت.. وە دوعا لە گشت لایەکتان.

خەجە: خۆش هاتی لالەفەتاح!

قاله: خوا بتانهێڵن لالەفەتاح!

شەریف: دەی کەنیم چی لێبنێین بۆ موزەمبیل ئەفەنی؟

خەجە: مریشک!

شەریف: مریشک وە ڕووتی عەیبە، کەنی؟

قاله: برنجیش لیَنێن دایکه! حەز له برنج ئەکەم، دڵم وا پێوه!

خەجه: ئەی قەزات له من کەویَ ئەولقادر، باشه وەبان چاو.

**فەسڵی سێیەم**

(لەناو کۆڵانی دێیەکەدا)

فەتاح: داده گوڵچین! هەر ئێستا عەلەن عەجەله تۆیش و مەنیجیش بچن بۆ ماڵی شەریف .. خەجه و ئەوڵقادر هەردووکیان کەفتگن.. لەرزوتایانه.

گوڵچین: هەی نەوی؟ خاسی لالەفەتاح! مناڵەکان خاسن؟ کوڕە بیچکەل خاسه؟ گشت لایەکتان خاسن؟

فەتاح: خوا خۆشتکا! ئێوه گشت لایەکتان خاسن؟ نەوێسی داده گوڵچین ... هەر ئێستا بچن.

گوڵچین: وەبانی چاو .. ئەی بەرد لەو لەرزووتایه بواریَ، چیمان پیَئەکا!

فەتاح: وه دوعا گوڵچین..

گوڵچین: خوات لەگەڵ.. ئەوه ئەفەندییەکه وا هات، لالەفەتاح!

فەتاح: خاسه! ئێستا ئەیوینم (بەرەوپیری ئەڕوات).

موضەمید: تووخوا ئەگەر زەحمەتنییه ماڵی کوێخا فەتاحم پیشانبدە...

فەتاح: من خۆم کوێخا فەتاحم.. جەنابت کێی ئەفەنی؟

– من موضەمیدی ئێرەم.. نەقڵکراوم .. لەجیاتیی غەفوور ئەفەنی ..

– یا خوا وەخێربێن، وەبان چاو.. فەرمووا! فەرموو لێرەوه وەره! ئەی غەفوور ئەفەنی چیی وەسەرهات، ئەفەنی؟

– غەفوور ئەفەنییان دەرکرد .. شکاتێکی زۆری لیَکراوه و ئەڵێن ئیشی باش نەکردووه و ڕاسته کوێخا؟

– بەخوا ئەفەنی ئێتر بێژم چی؟ .. فەرموو لێرەوه وەره!

– مامفەتاح! ئینسان خزمەتی ئەم خەڵقه بەسزمانه نەخۆشه نەکات، شاخی لیَئەڕوێت. ئەوپەڕی بیَغیرەتییه ئینسان له کاروباری خۆیا دڵسۆزنەبێت، نەخۆشێک ببینیَ و چاکینەکاتەوه و یارمەتییندا ..

– کوڕە ئەی وە قوروانی دەمت وم .. فەرموو ئا لێرەوە وەرە.

– بێشەرمییە ئینسان تەماعبکاتە ئەم جووتیارە هەژار و بەسزمانانە کە بە شەو و ڕۆژ ئیشئەکەن لە ڕێی خزمەتکردنی خەڵقییا.

– کوڕە ئەفەنی برینم مەکوڵێنەرۆ، هەی هەزار غەفوور ئەفەندی و موزەمبیلی وەک غەفوورە لە دەورت گەڕێن، ئاوا.

– ئەم هەموو مەرەزانەی قەراغ دێیەکە... ئەو هەموو گۆل و زەلکاوانە ... ئەم هەموو سەرەنوێڵکانەی ناو دێ؛ ئەمانە تێکڕا کانگای نەخۆشی و میکرۆبن... ئەمانە میکرۆب هەڵئەهێنن ... ئەو میکرۆبانەش ئەبنە هۆی نەخۆشی.

– بە کەلامولا ڕاست ییژی! ئەی وە قوروانی دەمت وم ... میقرۆب ئێمەی کوشتگە. وە هەر لایەکا ئەڕۆین، هەر میقرۆبە. هەی بەڵام دا لە میقرۆب، ئاوا. فەرموو وا گەیشتین. ئەمە ماڵی شەریفی پلکزامە و ئیمشەو جەنابت لێرە میوانی ... سۆزیش لە لای من ...

– تەشەکورتئەکەم .. سەلامەت بی .. من نامەوێ بەسەر کەسەوە ئەرکبم، نامەوێ مووچەی دەمی خەڵقی بخۆم. لە سبەینێوە ئەچمە موستەوصەفەکەی خۆم، هەموو زەخیرە و ئەسپابێکم هێناوە، وا لە دواوە ..

– کوڕە ئەفەنی ئەوە چی ییژی؟ وا دیارە تۆ زۆر وەجاغزادەی .. فەرموو!

– دە بڵێ با ڕێگا بکەن مامفەتاح!

– ڕێگای چی قوروان؟ ئێرە وەکوو شار نییە. ئێمە پیاو و ژنمان وەک یەکن. فەرموو! کوڕە شەریف! وا ئەفەنی موزەمبیل تەشەریفی هێنا.

## فەسلی چوارەم

(لە ماڵی شەریف)

شەریف: یا خوا وەخێربێیت! فەرموو! ئەفەندی، گەورەتکردین ... ئا مەنیجە خێراکەن، ڕۆڵە! من کە سەگوەڕەکە دەستی پێکرد، زانیم ئەفەندی تەشریفی هاوردگە. یا خوا خێربێت! فەرموو کوێخا!

موضەمید: خوا سەلامەتتکا! تووخوا –زەحمەت نەبێ– ئەم هەگبەیە لە جێگایەکی باشەوە دانێن! دەرمان و مەرمانی تازەی تیایە، لەگەڵ شیرنقە و میرنقەدا، با نەشکێن.

فەتاح: ئەی وەسەر چاو! ئا شەریف بیانخەرە سەر ئەو هەزراڵە، با مرینقە و چرینقەکان نەشکێن، وە قوروانە!

شەریف: ئا کەرەمی کە لالەفەتاح! یا خوا وەخێرویێ!

خەجێ: (لە دوورەوە) بەخێربێن موزەمبیل بەگ، وەبانی چاو!

- خوا سەلامەتتکات!

قالە: (لە دوورەوە) وەخێرهاتی ئەفەندی گەورەتکردین! ئای! ئای!

- خوا خۆشتکا! ئەوە چە خێریانە وا ئەنالێنن، مامشەریف؟

شەریف: قوربان، دوور لە ڕووی جەنابت، خێزانەکەم و قالەی خزمەتکارت نەخۆشن!

فەتاح: لەرزوتایانە موزەمبیل بەگ!

- با بچینە ژوورەوە بۆ لایان!

فەتاح: جارێ قوروان ئیسراحەتێبکە! تۆ شەکەتی و هیلاکی و ماندووبووگی و وە ڕێگادا هاتگی.

- قەیناکە! هیلاکی چیم. ئینسان کە ساغ بوو، هیلاکنییە... نەخۆشی ئینسان هیلاکئەکا، کوێخا!

فەتاح: ڕاست یەژی وە قوروانی دەمت بم.

شەریف: قوروان، وە قورحان هەڵناسیت، خۆیان تێن، ئا وەرن کەنێ! خەجە! قالە!

- ئێستا بۆچی ئەوان بەم نەخۆشییە بێنە ئێرە؟ با ئێمە بچین بۆ لایان، چیی تیایە؟

شەریف: وە قەورێ باوکمی تێچووگە، ناچیت، حەی! خۆیان تێن! وا هاتن .. (خەجێ و قالە بە نکەنک دێنە بەردەمی موضەمید).

- فەرموو دانیشن! ئا تووخوا ئەو هەگبەیەم بدەرێ، هەست بە هیلاکییەکی زۆر ئەکەی، پووری؟!

خەجێ: ئەی لە دەورت گەڕێم، فرە نەخۆشم ... شەکەتم! ماسوولکەکانم ئازاریان هەس! لەبەرۆ سەرمامە .. لەداوی سەرماکە، تا ئەمگرێ، فرەگەرم ئەووم ... ئینجا ئارەقئەکەم، گشت لەشم، گشت پێخەفەکەش، تەڕئەوێ... ئەو حەلە تۆزوکێک خاس ئەوم، بە شەریف یێژم ئەلحەدولیلاهـ خاس ووم. کەچی بۆ سۆزی لە عانی ئەمڕۆکەدا دێتەوە سەرم، حەیشم پێتاڵئەکاسۆ!

قاله: جەنابی موزەمبیل ئەفەنی، منیش وەکوو دایکم وامە، بیٚکەموزیاد.

خەجیٚ: ئەی دایکت بیٚ وە سیاقەت .. ئەها ئەفەنی، مەعزەن لیللاهـ قالەکە خاسکەرۆ، من چش.

- پشت بە خوا هەردووکتان چاکئەبنەوە.. ئا دەمت بکەرەوە و با ئەم شووشەیە لەژێر زمانتا بێت! دانی پیانەنێیت، ئەگینا ئەشکێت.

شەریف: (ئەچرپێنیٚ بە گوێی فەتاحا) ئەو شووشە چە بوو وە قوروانە؟

فەتاح: کوڕە وزبە شەریف! بیٚدەنگ وە! چیتە وەسەر شووشەوە؟

- ئەم شووشەیە هیی دەرخستنی گەرمیی ناو لەشە! دەریئەخا کە چەند گەرمن ... ٣٩، ٤٠، چلویەک! خوا نەخواستە ئەگەر چلودوو بێت، ئەوا وەضع خراپە!

شەریف: ئەی ماڵکاول خۆم! خەجەڕۆ! یا خوا هیچ نەویٚ! قورحانەکە هیچ نەویٚ!

موضەمید: (پیٚئەکەنیٚ) ئەگەر هەتا ٤١یش بیٚ، قەیناکا، بەڵام ٣٧ لە هەمووی باشترە.

فەتاح: دە دوعاکە بکە، با ٣٧ بێت، شەریف!

شەریف: کوڕە ئەگە وە دوعای من ئەوو، بە خوا، بە خوا ئەبووایە کەس نەخۆش نەکەفتایە. یا خوا کەس نەخۆشنەکەویٚ!

فەتاح و قالە: ئامین! ئامین خوا!

موضەمید: ئا پوریٚ زمانت لابە! .. ئا .. چل دەرەجە و نیوە!

شەریف: ئای ماڵی وێرانم، هەی! خەجەڕۆ! ئاوایی خەجەڕۆ!

موضەمید: هیج نییە شوکور! ئەوا دەرکەوت بەتەواوی کە مەلاریایەتی.

فەتاح: ناشیٚ! شتێکیتر بێژە، بۆ خاتری خوا! مەلاریا چییە؟

- مەلاریا! یەعنی لەرزوتا...

شەریف: وا بێژە قوربانە! بەو قورحانە کە وتت مەلاریایە، وەختەبوو ناوکم بکەفیٚ..

فەتاح: تووخوا ئەفەندی ئەم لەرزوتایە لە چییەوە پەیدائەویٚ؟

- لەرزوتا کە پێشیئەڵێن مەلاریا، بە هۆی مێشوولەوە نەقڵئەبیٚ لە ئینسانێکی نەخۆشەوە بۆ ئینسانێکی ساغ وە تووشیئەکات!

قالە: مێشوولە؟ مێشوولەی چی، ئەفەندی شتێکیتر بێژە.

- قسەی ڕاست ئەوەیە کە بەهۆی جۆرە مێشوولەیەکی تایبەتییەوە پەیدائەبێت، کە پێیئەڵێن مێشوولەی ئەنۆفل. ئەم مێشوولەیە وەکوو مێشوولەکانیتر وایە، بەڵام باڵەکانی ئەم بەڵەکبەڵەکە و حەز لە جێگای تاریک ئەکات، بۆ ئەوەی بە ڕۆژ خۆی تیا حەشاربدات.

فەتاح: پەنام وە تۆ خوایە! ئەفەندی، بەڵەکبەڵەک مەعنای چی؟

- یەعنی ڕەنگی بە لای ڕەشا ئەڕوات.

شەریف: تووخوا ئەفەندی باسی ئەم مێشوولە ڕەزاگرانەمان بۆ بکە، بەڵکوو ئەمە خواس لەناویوەرین.

فەتاح: ڕاستە ئێمە بەرازمان لەناوبرد کە ئێستا دەرەقەتی مێشوولەی خوێڕی نایەین؟ حەی!

- ئەم جۆرە مێشوولەیە لەناو گۆل و زەلکاوەکانا هێلکەئەکات و هەڵدێ و گەورەئەبێت.

خەجێ: دەک موارەک نەوێ، ئاوا! مێشوولەش هێلکەئەکات؟

- ئەی چۆن؟ پوورە خەجێ، مێشوولە ئەگەر هێلکەینەکردایە، خەڵقی تووشی لەرزوتا نەئەبوون.

شەریف: دەی ئەوە -عەیبنەوێ- چۆن زانریاگە کە مێشوولە هێلکەئەکات؟ کێ دیگیەسی؟

موضەمید: باشە مامشەریف! ئۆتوموبیل، مەکینەی جووت و درەو هەیە یان نییە؟

- هەیە، قوروان مەعنای چی!

فەتاح: ڕادیۆن و تەیلەفوونیش هەیە، شەریف!

- دە ئەمانە هەموو بە عیلم، بە ئەقڵ دۆزراونەتەوە. هەروەها ئەم هەموو داوودەرمانانەی کە دروستیشکراون بۆ ئەم هەموو نەخۆشییانە، هەر بە عیلم و عەقڵ زانراون. میکرۆبی بچکۆلە کە بە چاو نابینرێت، دۆزراوەتەوە و بینراوە...

شەریف: چۆن، چۆن؟ ئەی کە وە چاو نابینرێن، چۆنیان دۆزیونەسۆ؟

- بە میکرۆسکۆب، وەکوو زەڕەبین وایە، شت زۆر گەورە ئەکات.

فەتاح: ڕاستە! من زەڕەبینم لای مەلا ڕەحیم دیگە!

موضەمید: باشە! دە مێشوولەی دوابڕاو هێلکەکانی ئەکاتە ناو گۆل و زەلکاو و مەرەزەکانەوە. لەوێدا ئەم هێلکانە هەڵدێنێ و ئەبن بە مێشوولە و بە شەو بڵاوئەبنەوە بۆ خوێنمژینی ئینسان. بەم جۆرە نەخۆشیی لەرزوتا پەیائەبێت.

شەریف: دەم خۆش! دەی چی بکەین بۆ ڕزگاربوونمان لە لەرزوتا؟ دەرمان چییە بۆ خاتری خوا؟

موضەمید: ئێستا جارێ واز لە دەرمان بێنە، لە دوایییا باسیئەکەین. بەڵام مادام مێشوولەیە هۆی لەرزوتا، ئێمە بۆچی مێشوولە لەناونەبەین، بۆ ئەوەی لەرزوتامان تووشنەبێت؟

فەتاح: ڕاست ئەفەرمووی، قوربان! وەخوا، وەخوا، ئەم لادێیەی تۆ ئەیوینی، گشتی لەرزوتایەسی. ماڵ نییە نەخۆش و دوو نەخۆشی تیا نەوێ.

- باشە! کەواتە لەبەرئەوەی گۆل و زەلکاو کانگای مێشوولەیە، پێویستە لەپێش هەموو شتێکا گۆل و زەلکاو لەناوببرێت، بۆ ئەوەی مێشوولەی تیا نەژێ.

شەریف: چۆن گۆل و زەلکاو لەناووەرین، وە قوربانە.

موضەمید: بۆ ئەوەی مێشوولە نەژێ وە گەرادانەنێت، پێویستە یان نەوتی ڕەش بکەین بەسەر ئەو گۆل و زەلکاوانەوە بۆ ئەوەی هێلکەکان هەڵنەیەت و مێشوولەکان بمرن، یان ئەبێ پڕیانبکەینەوە...

فەتاح: زۆر خاس و وەجێیە. لە سبەینێوە گاڵی ئاوایی ئەدەم، هەرچی گۆل و زەلکاو هەس، پڕیانئەکەینۆ...

- زۆر شتێکی جوان و بەکەڵکە! ئەمە بۆ خۆتان و ماڵومناڵتانە! ئەها تەماشای قادر کە، بەسزمانە بەم گەنجییە لەناو جێگادا کەوتووە.

خەجێ: قوروان، لەسەر ژنگواستنەوەشە، بیم وە سیاقەت!

- دە فەرموو! ئەرێ قادر تۆ حازریت کە چاکبوویتەوە، دووسێ ڕۆژێک لەگەڵ خەڵقی دێیەکەدا گۆل و زەلکاو پڕبکەیتەوە؟

قالە: قوربان، تۆ خاسمکەورۆ، شەرت وێ وە شەرتی پیاوان، هەتا بەغدا وەشوێن مێشوولەی دوابڕیاگا ڕاکەم، هەتا نەیکوژم ناگەڕێمۆ.

خەجێ: ئەی وەقوربانی دەمت وم!

– لەپاش پڕکردنەوەی گۆل و زەلکاوەکان، پێویستە مەرەزەکانیش دووربن لە ئاوایی و هەفتەی جارێکیش مەرەزەکان ئاویان لێببڕێت و وشکبکرێنەوە. دوو هەنگاو زیاتر بنێن، بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی نەبن.

فەتاح: زۆر گفتێکی جوانە، لەسەر سەرم.

– تەلی هێڵەکتان بیستووە، یا نا؟

شەریف: بیستگمانە!

فەتاح: شار پڕیەسی لە تەلی هێڵەک.

– ئەم تەلی هێڵەکە گرانیش نییە و زۆر بەکەڵکیشە! پەنجەرەکانتان بەم تەلی هێڵەکە بگرن. ئەگەر دەستیشتانکەوت، کەتانی، مەتانی، بکەن بە کوللە، ئەوا لە مێش و مێشوولە ڕزگاربوون.

فەتاح: قوربان ناوی کوللە و پەردە مەوە! ئەوە وە ئێمە ناکرێت، خوا نەیوڕێ یەکی دە دوانزە سەر خێزانمان هەس.

– باشە، ڕۆنێک هەیە پێیئەڵێن: ستڕۆنێلا، بیدەن لە لەشتان بە شەو، ئیتر مێشوولە بەلاتانا نایەت! چونکە بۆنی ئەم ڕۆنە بە دڵی مێشوولە نییە!

شەریف: ئەو ڕۆنە ناوی چییە وە قوربانە؟

– ستڕۆنێلا، ستڕۆنێلا!

فەتاح: بەو قورحانە من ئەم ڕۆنە و تەلی هێڵەک ئەسێنم.

قالە: باوە منیش ڕۆنی ستڕۆنێلا و تەلی هێڵەکم تەوێ!

شەریف: باشە، باوە وە بانی چاو، هەردووکیان ئەسێنین.

– جگە لەوە، من حەبێکی زۆری کنین و ئەتپرین و پلاسمۆکینم هێناوە، کە لەرزوتا ناهێڵێ، بۆ چاکردنەوەی ئەم نەخۆشییە یەکاویەکن.

فەتاح: ئەو وەخێربێی، ئاوا ئەفەنی!

خەجێ: ئامین، خوا بتهێڵێ!

– لەمەودواوە هەموو ڕۆژە نا ڕۆژێک حەبێک لەم حەبانە ئەدەم بە دانیشتووانی دێیەکە، بۆ ئەوەی تووشی لەرزوتا نەبن.

شەریف: قوروان، –عەیبنەوێ– حەپی وە چەند، موزەمبیل ئەفەندی؟

– به چەند؟ چی، به چەن؟ به چەن مەعنای چی؟ حەب حەبێکی حکوومەتییە و به خۆڕایی ئەدرێ به خەڵقی.

فەتاح: وا مەیەژە ئەفەندی، ئەوە گاڵتەمان پێئەکەی؟

– گاڵتەی چی؟ یەک پوولی ئێوە لە من حەرام بێ، وەکوو گوشتی سەگ! ئەوی یەک پوول به ناوی بەرتیلەوە لەم خەڵقە بەسزمانە وەرگرێت، گڕوێئەبێت. ئەوی دەستی تەماح بۆ ئێوە درێژئەکات، به نەحلەت بێ... ڕووی ڕەش بێ لە دنیا و قیامەتا.

شەریف: کوڕە، قوروانی ناوی دەمت ووم، کوڕە بیم وە سیاقەی تاقە سەحاتێکت.

خەجێ: ئەی لە دەورت گەڕێم، هەی قەزات لە باوکم کەوتبێ، ئەفەندی!

فەتاح: ئەفەندی، سێ وە سێ تەلاقی فەتاح کەوتوێ، به هیچ مەزەبێک خاسنەوێسۆ، ئەبێ لە ماڵی ئێمە داوەزی بەبێ کرێ! به خۆم و خاووخێزان و گشت خەڵقی ئاواییەکە خزمەتتئەکەین.

– ئەوە پیاوەتیی خۆتانە، من هاتووم بۆ ئێرە خزمەتی ئێوە بکەم. وا بەم زووانە سەعید ئەفەندیی موعەللیمش یەت. به هەردووکمان وە به یارمەتیی ئێوە، هەرچی شتی چاکە، ئەوە ئەکەین بۆ ئەم دێیەش و بۆ دێیەکانی دەورووپشتیش.

شەریف: بۆچی موعەللیمیشمان بۆ تێت، قوروان؟

– هەموو دووسێ ڕۆژیتر نابات، به خۆی و کورسی و مێز و تەباشیر و ڕادیۆ و کتێب و دەفتەر و قەڵەمەوە ئەگاتە ئێرە.

شەریف: ئەوە وا دیارە لالەفەتاح دەوری ڕەحمەتمان لێکریاسۆ!

فەتاح: ئەفەندی، موعەللیم فێری خوێندن و نووسینمان ئەکات؟

– بەڵێ، لەمەودواوە مەکتەب به شەو و ڕۆژ گرمەی دێ، دەرگا لەسەر گازی پشت ئەبێت بۆ خوێندن. ئەوی به ڕۆژ ناتوانێ بخوێنێ، به شەو.

شەریف: ئەی وە قوروانی دەمت وم، به خوا مەکتەو چتێ خاسە.

– تووخوا مامفەتاح بڵێ، با نەختێ ئاوم بۆ گەرمبکەن، بۆ ئەوەی شرینقەیەکی کنین بدەم لە پووری و لە ئەوڵقادر.

فەتاح: حەوجۆشەکە ئەکوڵێت، ئا بێری شەریف.

موضەمید: ئەزانی کوێخا ئەبێ چی بکەین بۆ نەهێشتنی نەخۆشی؟

فەتاح: چی قوروان؟ هەرچییەک یەژی بەسەر سەر ئەیکەین!

موضەمید: سەرەنویلک لەناو دیٚدا ناهیلین، دووریانئەخەینەوە لە دیٚ!

شەریف: خاسە وە جێیە! یا تەویٚ مندالەکان دوورتر چت فڕیٚبدەن.

- کۆلانەکان زۆر پیسن، ئەبیٚ هەموو ڕۆژیک هەر کەسە بەردەمی مالی خۆی پاکبکاتەوە و کەس هیچ لە کۆلان فڕیٚنەدا!

فەتاح: زۆر وەجێیە.

- هەموو مالیک ئەبیٚ پەنجەرە بکاتە ژوورەکانیەوە بۆ هەوا و هەتاو. پێویستە ئەم پەنجەرانەش بە تەلی هیلەک بگیرێن.

شەریف: ئەم فەرمایشتانە زۆر وەجێن.

- هەموو مالیک ئەبیٚ ئاودەستخانەیەک بۆ خۆی دروستبکات! گۆل و زەلکاو پڕبکرینەوە، مەرەزە دووربخریتەوە لە دیٚ.

فەتاح: هەمووی پیکدیٚ قوروان، ئەمانە زەحمەت نین.

- ئینجا دەستئەکریت بە کوشتن و لەناوبردنی میش، کوللە، سن، میشوولە، بەراز؛ ئەمانە دوژمنی باوەکوشتەی لادیٚن، پیویستە قەلاچۆیان تیبخریت.

فەتاح: زۆر وەجێیە، موزەمبیل بەگ، هەمووی بۆ قازانجی خۆمانە.

- کە سەعید ئەفەندیی موعەللیمیش هات، ئەبیٚ هەموو لایەکتان منالەکانتان بنیرن بە ڕۆژ بۆ مەکتەب. بە شەویش پیویستە لە مەکتەبا کۆبببنەوە، بۆ ئەوەی گەورەکان فیری خویندن ببن وە باسی نەخۆشی و کشتوکال و شتیتری بەکەلک بکەین.

شەریف: کوڕە وە قوروانی ئەو باوکە وم تۆی خستۆسەوە. وە خوا، وە خوا گشت دانیشتووانی ئاواییەکە حەز لەو چتانە ئەکەن و ئیوە چۆن بیژن، ئیمە وا ئەکەین.

- بەلیٚ، پیویستە ئەم ڕیٚ پڕکەلکە بگرین. پیویستە ئامانجمان کارکردنی بەکەلک بیت. ئەگەر وا نەکەین، هەمیشە نەخۆش و نەزان و پەریشان ئەبین. ئەگەر وا نەکەین، پیشناکەوین، ناگەینە قافلەی میللەتە پیشکەوتووەکان، خیر لە ژیان نابینین. ئەمەیە کارکردنی بەکەلک، لە ڕیی سوودی گشتا، لە ڕیی خیر و خۆشیی زۆربەی زۆرا، لە ڕیی لەناوبردنی نەخۆشی و نەزانینا.. لە ڕیی پیشکەوتنا.. دەی کویخا بکەوەرە ناو ئاوایی، بە قوربانی کوڕ بم، جاریٚ با نەخۆش چاکبکەینەوە.

ئەنجام:

چەند ڕۆژێکی پێنەچوو، مامۆستا هات، قوتابخانە دامەزرا، موضەمیدی دڵسۆز دەستیکرد بە دەرمانکردن و ڕێگاپێشاندانی لادێییەکان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی. مامۆستای دڵسۆزی ڕاستیش دەستیکرد بە فێرکردن. بە ڕۆژ قوتابخانەکە جمەی ئەهات لە منداڵ، بە شەویش یەکێکیتری نەئەگرت. لە ماوەیەکی ئێجگار کەما بەشی زۆری دانیشتووانی دێیەکە فێری خوێندن و نووسین بوون. شانبەشانی ئەمە، زانیاریی گشتیشیان بەرزبووەوە. بە دانسقە مەگەر یەکێک نەخۆش بکەوتایە و نەچووایە بۆ لای موضەمید، یان پیرێکی کۆنەپەرست منداڵەکەی نەناردایە بۆ قوتابخانە. خەجێ و قالەش چاکبوونەوە. مەنیجیش گوێزرایەوە بۆ قالە. منیش هاتمەوە، هیچیان نەدامێ.

هاووڵاتییەکان، وا ئەم چیرۆکانەتان خوێندەوە. ئەگونجێ لای هەندێ کەس شتێکی باش بێ و ڕەخنە هەڵنەگرێ، بەڵام بێگومانم کە لای هەندێکیتر پەسەندناکرێت. دە با هەرچی چۆنێکبێت، وا چاپکرا و کەوتە ناو بازاڕ. ئینسان کە دەستیدایە نووسین، ئەبێ لە ڕێی زۆربەری زۆرا بنووسێت. وە ئەگەر ڕەخنەی لێگیرا، نابێت ساردببێتەوە، یان ورەبەربدات. چیرۆکیش لە هەموو شتێکی ناو ژیان ئەدوێت. وا ئەمجارە باسی کارکردنمان کرد لە لادێکانا، بەڵام چیرۆکی ئایندەمان باسی نۆکەرەکانی مردن ئەبێت، کە هەندێک لە بیر و باوەڕەکەی لە مامۆستای چیرۆکنووس تۆفیق حەکیمەوە وەرگیراوە. چیرۆکەکانمان هەموو یەک بابەت نابن، هیی بێگانەشی تیائەبێ و هی خۆشمان. لەبەرئەوە بڕوامان وایە کە هەتا بێت، جار لەدوای جار، چیرۆک لەدوای چیرۆک، ڕەخنەگر کەمئەبێتەوە. بۆیە چیرۆکیشمان گرتە ئەستۆی خۆمان، چونکە -داخەکەم- ئەدەبی کوردی دوو شتی زۆر کەمە: یەکەمیان چیرۆک، دووەمیان مەلحەمەی شیعری. وا من خەریکی یەکەمیانم، دووەمیشیان کەوتۆتە ئەستۆی شاعیرەکان.

نووسەر

(تەواوبوو)

زنجیرەی خوێندەواری بە کوردی ٣:

چاوەڕوانبە، ئەی خوێندەوار: نۆکەرەکانی مردن

چیرۆکی ئەمجارەمانە و بەم زووانە چاپئەکرێ - نووسەر

# هاتە ڕیزەی خەڵقی*

ڕەسووڵ: ئەوە بۆچی وا درەنگ هاتی؟ دە جارم نارد بەشوێنتا، لە کوێ بوویت سەرکارە موبارەکەکە؟

سەرکار: قوربان، لە شار بووم. کە هاتمەوە، مناڵەکان پێیان‌وتم کە جەنابت ناردووتە بەدواما. وا خێرا هاتمە خزمەتت.

ڕەسووڵ: ئەی درۆزنی شەیتان، خەریکی بە درۆودەلەسە خۆت بپەڕێنیتەوە. من تازە بڕوام بە قسەی تۆ نەماوە.

سەرکار: خوانەخواستە، قوربان درۆی چیم کردووە؟ بۆ بڕوات بە قسەم نەماوە؟

ڕەسووڵ: چونکە بۆم دەرکەوتووە کە تۆ سەرکارێکی باش‌نیت و درۆشم لەگەڵا ئەکەی.

سەرکار: من قوربان؟

ڕەسووڵ: بەڵێ، تۆ خوێڕیی چەپەڵی درۆزن، تۆ لەکن خۆت ڕیشت سپییە؟

سەرکار: کوڕم، من لە جێی باوکتم، من بە باوەش بەخێومکردووی. من جێگای متمانەی ڕەحمەتییەکەی باوکت بووم. من پشتاوپشتم لەگەڵ باووباپیری تۆدا هاتۆتە خوارەوە. عەیبە لەدوای ئەوەی گەیشتوومەتە ئەم عومرە، جنێوم پێ‌بدەی.

ڕەسووڵ: ئەم قسە قۆڕانەم بۆ مەکە، گوێم پڕبووە.. من باشت ئەناسم تۆ چیت. هەتا ئێستا هەر درۆزن بوویت، ئێستاش وا دزێتییت دەرکەوت.

سەرکار: دزێتیی چی، قوربان؟

ڕەسووڵ: نازانی دزێتیی چی، ڕیش کلکە بارگیر؟؟ کوا ئەو گەنمەی کرابووە ناو گونیە خەت‌سوورەکەوە؟

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٤٣-٣٥٤.

ڕەفیق چالاک، لە دوا لاپەڕەدا خۆی دەورەکانی بەم جۆرە دابەش‌کردووە: ١. ڕەسووڵ: نووری عەنبەر، ٢. دایک: ئەحمەد دلاوەر، ٣. کچ: ئەحمەد مەحموود، ٤. کوڕ: فایەق دڵزار، ٥. سەرکار: ڕەفیق چالاک، ٦. محەممەد: ڕەفیق چالاک، ٧. حەسەن: قادر دیلان.

ڕەنگبێ ئەم تەمسیلییە ساڵی ١٩٥٢ پێشکەش‌کرابێ. (ک.ڕ)

سەرکار: ئەی هەر لە جێی خۆی نییە، قوربان؟

ڕەسووڵ: کام جێی خۆی؟ جێی چاڵی چاوت؟

سەرکار: بۆ تووڕەئەبی قوربان؟ نەختێ حیلمت بێت، لەناو ژووره بچووکەکەی سەر داڵانەکەدا دامانناbوو.

ڕەسووڵ: هیچی تیا نەماوە، لەبەرت مرم.. ڕیش سپییە ئەمیندارەکە، سەرکارە درۆزنەکە. وەڵڵا لەجیاتیی هەموو دەنکە گەنمێک، دە دارت لێئەدەم، بێئابڕووی دز.

سەرکار: قوربان، ئینجا خەتای من چییە؟ جووتیار بە جووتیار گەڕاوم، دانەوێڵەکەم کۆکردۆتەوە و کێشەم کردووە بۆ ئێرە. من چی بکەم ئەگەر خەڵقیتر دزییان لێکردبێت، خەتای من چییە؟

ڕەسووڵ: هەمووی خەتای تۆیە، تۆ جووتیارەکانت هانداوە داوای پارەم لێبکەن. تۆ کەمیان لێئەستێنی، تۆ دەرگای عەمارەکەت بۆ کردوونەتەوە تا گەنم و جۆکەم لێبدزن.

سەرکار: ئەستەغفیرەڵڵا من ئەمانەم کردبێ، گەورەم. ئێمە پشتاوپشتمان دڵسۆزی خانەدانی ئێوە بووین. ئەمە ساڵێکە یەکپوول، یەکلالە و هیچ دانەوێڵەیەکت نەداومەتێ، بزانە قسەمکرد، بزانە دوو لێوم هەڵهێنایەوە، دیتان ڕووم گرژکرد، قوربان؟ من خزمەتکار و نۆکەرتانم.

ڕەسووڵ: من ئەم قسە پووچانە بە عەقڵما ناچن. گەنمەکەم ئەوێتەوە؟ باشە ئەگەر تۆ نەتدزیوە، ئەم ساڵە بە چی ژیاوی؟

سەرکار: بە چی ژیاوم، قوربان؟ ئینجا -ناشوکری نەبێ- ئێمە کەی ژیاوین؟ بە خوا ئەگەر عەزیز ئەفەندی نەبووایە، لە برسانا ئەمردین.

ڕەسووڵ: جاریکیتر نەڵێی عەزیز ئەفەندی، بڵێ عەزیزئاغا، کوڕی من نابێ بە ئەفەندی بۆ شاران، بۆ خوێندن. بمزانیایە نەمئەنارد بخوێنێ، ماڵی خوێندنم بەقوڕگرت ئاوا. من کوڕم نارد بۆ شاران بۆ خوێندن، تا بێتەوە یارمەتیمبدا و موڵک و ئەملاکەکانم زیادبکا، کەچی لێم بووە بە مێمڵ، لەسەر جووتیار ئەکاتەوە و یارمەتیی پیاوی دز و درۆزنی وەکوو تۆ ئەدات. هەی نەحلەت لە شیری مناڵی وا.

سەرکار: قوربان، خەتای من چییە؟ عەزیزئاغا خۆشەویستی هەموو ئاواییەکە و هەموو جووتیارەکانە، سوێن بەسەری ئەخۆن.

ڕەسووڵ: سوێن بە سەری ئەخۆن (پێکەنینێکی قەشمەرییانە). بەڵێ، سوێن بە سەری ئەخۆن، چونکە ماڵی منی کاولکردووە بۆ ئەوان؟ ئێستا من گەنمەکەم ئەوێتەوە، دزی چەپەڵ.

سەرکار: قوربان ئەمە ساڵێکە کلیلی عەمارەکەت لێسەندوومەتەوە، ئیتر بۆچی.

ڕەسووڵ: ئیتر، ئیتر، ئیتر بە چاڵی چاوە کوت و کوێرەکانت، پیرەی خەڵەفاوی دزە. وەڵڵا گەنمەکە نەهێنیتەوە، لەژێر دارا ئەتڕزێنم.

سەرکار: قوربان خوا هەڵناگرێ ئەم مەخسەرەم پێئەکەی (ئەگری). من هەموو عومری گەنجێتیم لە ڕێی ئێوەدا سەرفکرد. ئێسقانم لە ڕێی ئێوەدا پووا. ڕیشم لە ڕێی ئێوەدا سپیکرد. ئاوی چاوم لە ڕێی شەونخوونیی تۆدا داهات. قوربان، بە ڕۆژ زەحمەتکێش و بە شەو پاسەوانی ماڵ و موڵکەکەت بووم. بە هەموو نەوعێ هەر پێت ڕازیبووم، ئێستا بۆ وام لێئەکەیت، من لە جێی باوکتم، من بەخێومکردی، من خزمەتکارت بووم..

ڕەسووڵ: ببڕێتەوە ئەم نووکەنووکە پیرەکەر. خزمەت خزمەت بە خێری باوکت خزمەتتکردووم، من تۆ و عائیلەکەتم ژیاندووە.. من نەمهێشتووە ئێوە بمرن.

سەرکار: خۆزگە بمردینانە و ڕزگاربووینایە.. قوربان، خوا لەسەر حەق بێت... دنیایەک کەوتووین وەفای لێسڕاوەتەوە، بەزەیی و ڕەحمی لێهەڵگیراوە.

ڕەسووڵ: بەزەیی و ڕەحم و وەفا بەرامبەر بە دزێکی وەکوو تۆ؟

سەرکار: قوربان، وەڵڵا دز نیم، بیللا دز نیم، دزیم لێنەکردووی. قوربان، گونییەیەک گەنم ئەوە ئەهێنێ.

ڕەسووڵ: چۆن ئەوە ناهێنێ؟ ناهێنێ مەعنای چی؟ بە خوا، بە خوا لەسەر ئەو گونییە گەنمە هەڵتئەواسم.

سەرکار: کەواتە قوربان لەسەرمی حسابکە، لە حەقەکەی خۆمی دابشکێنە و عاجزمەبە.

ڕەسووڵ: عاجزنەبم؟ ئاوا، ئێی.. ئێی، ئەوا بەتەواوی دەرکەوت کە تۆ دزیوتە. من زوو زانیم کە ئەمە ئیشی تۆیە... ئەگینا بە چی و بۆچی چوویتە شار.

سەرکار: ئینجا کێ ئەڵێ قوربان من چووم بۆ شار؟

ڕەسووڵ: ئەی نەختێ لەمەوپێش خۆت نەتوت؟

سەرکار: خەجێی کارەکەرت چوو بۆ شار هەندێ چتێوکەی بە قەرز بۆ داپۆشینی عەورەتی منداڵەکان، قوربان.

ڕەسووڵ: ئەی تۆ لە کوێ بووی؟ ڕاستم پێبڵێ عەفووتئەکەم لە گونییە گەنمەکە و ئێستایش دە دینارت ئەدەمێ لەسەر حیساب.

سەرکار: قوربان، لە ماڵەوە بووم، عەزیزئاغا گەورەیکردبووین.

ڕەسووڵ: زۆر زۆر باشە، کێیتریشی لێبوو؟

سەرکار: ئەولقادر و حەمەسوور و فەتاح و شەریفی مامە و حەسەن.

ڕەسووڵ: زۆر جوان و بەجێیە، هەرچی دەمڕاستی دێیەکەیە لەوێ بوو، ئێی، باسی چیتان ئەکرد.

سەرکار: قوربان، باسی زەراعەت و زەوی و ئافاتمان ئەکرد.

ڕەسووڵ: چییتریش.. باسی چییتریشتان ئەکرد؟

سەرکار: باسی مەکینەی تازە و یارمەتیدانی یەکتری.

ڕەسووڵ: ئێی، ئێی، باسی چییتریش.

سەرکار: قوربان، ئیتر هیچ.

ڕەسووڵ: چۆن هیچ؟ هیچ مەعنای چی؟

سەرکار: بە قورعان، ئیتر باسی هیچمان نەکردووە.

ڕەسووڵ: ئینجا کەواتە قورعان بۆ ئەخۆی؟

سەرکار: بۆ ئەوەی بڕوام پێبکەی، قوربان. چونکە -ناشوکری نەبێ- بڕواکردن نەماوە، یەکێک خۆی ئەکوژێ لە ڕێی خەڵقییا.. حەیا و ئابڕووی ئەچێ، بێنان و بێئاو ئەکەوێ، کەچی هەر بڕوای..

ڕەسووڵ: تۆ جارێ بڕوا بخەرە ئەو لاوە، عەزیزی کوڕم ئەیوت چی؟

سەرکار: باسی شاری ئەکرد، باسی مەکینەی تازەی ئەکرد.

ڕەسووڵ: چییتریش؟

سەرکار: ئیتر هیچ قوربان..

ڕەسووڵ: کەواتە خەریکی پیلانگێڕین، ناکەسبەچەینە، بە ئێوە و بە عەزیزی کوڕم خەریکن دزیم لێبکەن؟

سەرکار: ئەستەغفیرەڵڵا، قوربان ئێمە حەدمان چییە دزی لە تۆ بکەین، ئێمە نۆکەری ڕاستی ئێوەین.

ڕەسووڵ: شەرتبێ ئێستا هەڵتواسم.

سەرکار: قوربان، بۆ خاتری خوا ئەگەر ئابڕووم‌بەری، دڵم بە بەریەوە نەماوە، ئەمرم. بۆ خاتری خوا عەزێتم مەدە؟

ڕەسووڵ: ئەمری چش، چاوت دەرئەهات.

سەرکار: ئەها مەعزەن لیلاهـ قوربان، بێنە دەستت ماچئەکەم، بێنە پێڵاوەکانت ماچکەم.

کچ: ئەوە چییە بابە، ئەوا بۆ وا کەوتوویت لەسەر ئەو زەوییە؟

سەرکار: هیچ کچم، تۆ بۆچی هاتی ڕۆڵە؟ دوو قسە لەگەڵ ڕەسووڵئاغا ئەکەم.

کچ: قسەکردن وا ئەبێت، هەڵسەرە پێیان؟ چیت لێی ئەوێ ئاغا؟

ڕەسووڵ: باوکت دز و درۆزنە.

کچ: باوکم دز و درۆزنە؟ ئێمە دزنین. ئەمە حەوت ساڵە کارەکەرم لە ماڵەکاتا، چیم لێ‌دزیویت؟

ڕەسووڵ: باوکت فەردەیێکی خەت‌سوور گەنمی دزیوە.

کچ: باوکم؟

ڕەسووڵ: بەڵێ، باوکت.

دایک: ئەوە چییە ڕۆڵە؟ (بە هەڵەداوان و ئەکێشێ بە سنگی خۆیا) ئەیەڕۆ باوکی حەمە؟ ئەوە بۆ کەوتوویت؟ بۆ ئەگریت؟

سەرکار: هیچ ئافرەت، بڕوام پێ‌ناکات، ئەڵێ گەنمت دزیوە.

دایک: چی؟ گەنمی چی؟ بەزیادنەبێ یا خوا.

ڕەسووڵ: ئێوە ئیشتان چییە لێرە؟ یا ئەڵڵا بۆ دەرەوە با گاڵنەدەم...

دایک: گاڵئەدەی چی؟ چی لەمە زیاتر؟ هەڵسە با بڕۆین پیاوەکە، هەڵسە. سابیرم بە بەشت خوایە.

ڕەسووڵ: بۆ کوێ؟ ئێوە بڕۆن، با ئەم لێرە بمێنێتەوە.

سەرکار: قوربان بیکە بە ساقە سەری عەزیزئاغا، بیکە بە ساقەسەری خۆت، وا دڵم پچڕا.

ڕەسووڵ: دزی هەروا خۆڕاییە؟

دایک: من دزیم، من دزیم، من گونییە گەنمەکەم دزی، باشە. دە چی ئەکەی بیکە.

سەرکار: ئافرەت تۆی چی؟ ئافرەت بڕۆن ئێوە.

ڕەسووڵ: ئێوە زۆر بێئابڕوو و دەمدرێژ بوون. ئەڕۆن ئێستاکە، گاڵئەدەم تێتانهەڵدەن.

کوڕ: چییە ئەوە بابە؟ مامسەعید ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

ڕەسووڵ: تۆ هەقت چییە بەسەرەوە.

کوڕ: چۆن حەقم چییە؟ ئەی من کوڕت نیم، بۆ وات لە مامسەعید کردووە؟ پەڵپی چیی پێئەگریت؟ عەیبنییە ئەمە؟!

دایک: ئەی بە قوربانی ناوی دەمت بم، لە دەورت گەڕێم، عەزیزئاغا چاوت لێیە باوکت چیی لە باوکی حەمە کردووە؟

ڕەسووڵ: ئەوا پێموتی عەزیز لە قسە و ئیشوکاری منا هەڵبدەیتێ، بێبەریتئەکەم لە هەموو شتێک. من بۆیە بە تۆم خوێند، کە یارمەتیم بدەی.... کە پشتم بگری.

کوڕ: من لە خوێندنەوە فێری ئەوە بووم، پشتی حەق و ڕاستی و داد بگرم، من یارمەتیی ناحەق نادەم.

ڕەسووڵ: ئەم قسانە بکەی، بێبەریتئەکەم.

دایک: باوکی حەمە، باوکی حەمە، بۆ وا ئەکەیت.

سەرکار: دڵم، ئای دڵم، .... خوایە... لەسەر.... حەق بیت.

کچ: ئەی هاوار باوکەڕۆ (ئەگری) باوکەڕۆ.

دایک: (دەستئەکات بە گریان) باوکی حەمە، مردی.... (دەستئەدا بە سنگا) خوایە لەسەر حەق بیت.

کچ: پشتی شکاوم باوکەڕۆ.

ڕەسووڵ: ئادەی مارف، ئەحە، ڕەشید، ئەو مەیتە بنێژن و ماڵی سەعەش ئەبی بارکەن، لێرە نەمێنن.

دایک: ئێمە خوامان هەیە.. لێرە نا لە شار... کە ئێمە بە کارەکەرێتی و جلشۆری ڕازیبووین، نامرین لە برسانا.. بەڵام خوا لەسەر حەق بێت.

(کچە و دایکە ئەگرین)

(مۆسیقاییێکی غەمگین)

ڕەسووڵ: ئای، ئای چاوم، کوڕە عەزیز، ڕۆڵە عەزیزە.

(هاوارئەکا) چاوم کوێربوو، عەزیز.

کوڕ: چییە ئەوە بابە بەم نیوەشەوە؟ چییە؟

ڕەسووڵ: نازانم برووسکەیەک دای لە چاوم، چراکە داگیرسێنە.

کوڕ: برووسکەی چی؟ ئەی ئەوەنییە چرا داگیرساوە.

ڕەسووڵ: کوا چرا؟ کامەتا چرا؟ گاڵتەم پێئەکەی، خۆ من باوکتم ڕۆڵە؟

کوڕ: وەڵڵا و بیللا داگیرساوە، بۆ بڕوات بە هیچ نەماوە؟

ڕەسووڵ: ئینجا کەواتە کوێربووم (ئەقیژێنێ).

کوڕە چاوم نابینێ. چاوم نابینێ، کوێربووم، ئەی هاوار کوێربووم (ئەگری).

کوڕ: لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا، ئێستا هەر چاوت لە هیچ نییە؟

ڕەسووڵ: لە هیچ، هیچ نابینم، (ئەگری) کوڕە فریامکەوە ڕۆڵە.

کوڕ: هەڵسە بابچین بۆ شار بۆ لای دوکتۆر.

(مۆسیقا)

ڕەسووڵ: عەزیز.

کوڕ: بەڵێ بابە.

ڕەسووڵ: چەند ساڵ لەمەوپێش مامسەعید عەمری خوای کرد؟

کوڕ: دوانزە ساڵ ئەبێ.

ڕەسووڵ: ئیمشەو هاتبووە خەوم، چاومی چاککردەوە.

کوڕ: بەڕاستە ئەوە بابە.

ڕەسووڵ: ئەی خۆ درۆناکەم. مناڵەکانی چییان لێهات، عەزیز.

کوڕ: ئەو ڕۆژە کۆچیانکرد بۆ شار.

ڕەسووڵ: چەند منالّی هەبوو؟

کوڕ: دوو کوڕ و کچێک.

ڕەسووڵ: کوڕەکانی ناویان چی بوو؟

کوڕ: گەورەکەیان ناوی محەمەد بوو، ئەویتریشیان حەسەن، کچەکەشی ناوی بەهێ بوو. بەڵام تۆ گوێت لێبێ بابە، ئەزانی چی لەم غەزەتەیەدا نووسراوە؟

ڕەسووڵ: چی نووسراوە؟

کوڕ: باشترین دوکتۆری چاو کە تازە لە ئەورووپاوە هاتۆتەوە، عەیادەکەی وا لە خانووی ژمارە ١٠٥/٧٧.

ڕەسووڵ: کوڕم داد لە دەرمان بڕا، ئەمە دوانزە ساڵە من خۆم پیشانی دوختەر ئەدەم، تازە بەتەمای چی بم؟

کوڕ: وەرە بە قسەم بکە و با ئەم دوختەرەش تاقیبکەینەوە، خۆ هیچمان لەکیس ناچێ.

ڕەسووڵ: کوڕە، خوایئەکرد هەموو موڵک و ماڵم نەئەما، بە شەرتێ چاوم چاکببووایەوە. ئینسان لەشبەبار و کوێر بێت، چی لە ماڵی دنیا بکات.

کوڕ: ئەی کە جاران ئەم قسانەم لەگەڵا ئەکردی، بۆچی تووڕەئەبوویت. ئینسان نابێ لە ڕێی پارە و موڵک زۆرکردنا ناحەقیبکات. سەروەتی دنیا چڵکی دەستە، زوڵمکردن شتێکی ناشیرینە. کێ مرد و شتێکی لەگەڵ خۆیا بردە قەبرەوە؟!

ڕەسووڵ: ئەمانە هەمووی ڕاستن، کوڕم. ئێستا ئەڵێی چی، بچین بۆ لای ئەم دوختەرە تازەیە؟

کوڕ: هەڵسە با بڕۆین.

(مۆسیقا)

حەسەن: کاکە.

محەمەد: ئەڵێی چی باوکەکەم.

حەسەن: ئەوە ڕەسووڵئاغا و عەزیزی کوڕی نییە؟

محەمەد: با خۆیانن، تۆ بڵێی بۆ کوێ بچن؟

حەسەن: من خۆمم پێ ڕاگیرناکرێ، وا سەعاتی تۆڵەسەندن و ئینتیقام هات. ئێستا شوێنیئەکەوم و ئەیکوژم، تۆڵەی باوکمی لێئەکەمەوە. تۆڵەی دایکمی لێئەکەمەوە کە لە ڕێی پێگەیاندنی ئێمەدا ئەوەندە خۆی ڕەتانەوە، هەتا بە سیل و دیقەوە مرد.

محەمەد: گوێبگرە برا؟ ئێمە خوێندەوار و تێگەیشتووین. لەپاشا ئەم کابرایە خوا تۆڵەی لێکردەوە و ئەمە دوانزەساڵە کوێر و موزمەعیلە، عەیبنییە تۆ کابراییکی تێنەگەیشتووی کوێر بکوژیت؟ وازی لێبێنە برا، لە جێی خراپە چاکە بکە.

حەسەن: ئەوە خۆ یەن بۆ عەیادەکەی ئێمە.

محەمەد: وا مەڵێ.

حەسەن: تەماشاکە وا سەرکەوتن.

محەمەد: حەسەن، ناشیرینترین شت لە دنیادا ئەوەیە کە ئێستا تۆڵە لە کوێر بکاتەوە. توو قەبری باوکم، ئەگەر دەستی لێبدەی؟ عەیبە لەسەر بەڕەی خۆت ئازاری هیچ کەسێک بدەی. بەڵێنبێت حەسەن.

حەسەن: بەڵێنبێت کاکە.

کوڕ: ڕۆژتان باش.

محەمەد: ڕۆژباش، فەرموون.

کوڕ: کامتان دوکتۆرن لوتفەن؟

محەمەد: هەردووکمان دوکتۆرین، ئەو لە ناوسکا و من لە چاوا شارەزام.

کوڕ: ئەمە دوانزەساڵە دوکتۆربەگ باوکم چاوی....

محەمەد: بەڵێ، بەڵێ، فەرموونە ئەم ژوورە، با فەحسیبکەم.

ڕەسووڵ: کوڕم، من زۆر دەوڵەمەندم. ئەگەر چاکتکردمەوە، شەرتبێ بە شەرتی پیاو، هەرچییەک و هەرچی چەندێکت بوێ ئەتدەمێ.

محەمەد: پەلەمەکە، با جارێ فەحسێکتبکەم. ئا حەسەن ئەو پەردانە دابدەرەوە. ئێی، ئێی، جەنابت چاوت چاکئەبێتەوە.

ڕەسووڵ: چاکئەبێتەوە؟ ئەی بە قوربانی دەمت بم، هەرچییەکت ئەوێ حازرم.

کوڕ: دوکتۆربەگ ئومێد هەیە؟

محەمەد: بەڵێ، هیوام ئێجگار زۆرە بە چاکبوونەوە، بەڵام پێویستیی بە عەمەلیاتە. ئەبێ عەمەلیاتیبکەم.

ڕەسووڵ: قوربان بیکە، هەر ئێستا عەمەلیاتمبکە.

محەمەد: جەنابت، کوڕی ئەوی، وەنییە؟

کوڕ: بەڵێ، ناویشم عەزیزە، ئێمە بەزۆری لە لادێ دائەنیشین.

محەمەد: ڕازیت بە عەمەلیاتکردنی باوکت؟

کوڕ: بەڵێ، ڕازیم.

محەمەد: باشە، فەرموو جەناب پاڵکەوە. ئادەی حەسەن ئەو ئەدەواتانەم بۆ بێنە لوتفەن. (تەق تەق)

ڕەسووڵ: ئای، ئای دوکتۆر ژانئەکا.

محەمەد: قەیناکا، ئێستا لێئەبێتەوە.

ڕەسووڵ: ئا، ئای دوکتۆربەگ.

محەمەد: تۆزێکمان ماوە، دان بە خۆتانا بگرن.

ڕەسووڵ: ئای، ئای.

محەمەد: تەواوبوو، ئا وەرە لەگەڵمانا بپێچە، حەسەن.

ئەم لایەی بگرە.. ئا باشە، ڕاوەستە با لێرەدا بیبەستین.

ڕەسووڵ: قوربان دوکتۆربەگ خۆ ئەوە هەموو سەرمتان پێچا.

محەمەد: لەپاش نەختێکیتر ئەیکەینەوە، لوتفەن نەختێ بێدەنگبە.

کوڕ: دوکتۆربەگ ئوتومبیلتان کڕیوە؟

محەمەد: نەوەڵڵا جارێ هەر بەپێ ئەڕۆین. ئوتومبیل زۆری ئەوێ. لەپاشا ئێمە بەشی زۆری ئەو کەسانەی دەرمانیانئەکەین، فەقیرن. خواش هەڵناگرێ ئینسان پارە لە بێپارەی داماوی بارکەوتوو بسێنێت.

کوڕ: دە قوربان هەمانە. ئەگەر خوایکرد و ناجیحبوو، ئەوە چی ئەکەی دوکتۆربەگ؟

محەمەد: ئەیکەمەوە.

ڕەسووڵ: دوکتۆربەگ قسەبکەم قەیناکا.

محەمەد: قەیناکا.

ڕەسووڵ: چاوم لە ڕووناکییە، ئەوە ڕووناکییە. کوڕە عەزیز بەرچاوم ڕووناکبووەوە.

کوڕ: ئۆخەی، خوا سەد شوکور.

محەمەد: حەسەن تۆزێ ئەو پەردەی پەنجەرەیە لابە.

ڕەسووڵ: ئۆخەی، ئەمە پەنجەرەیە، ئەوە کورسی؟ ئەوە ڕەسم، ئەوە تۆ. ئۆخەی خوا چاوم کرایەوە. چەند ئەفەرمووی دوکتۆربەگ حازرم... ماڵ، موڵک، کۆشک، پارە.

دوکتۆر: من هیچم ناوێ بۆ خۆم، شتم ئەوێ بۆ خەڵقی حازریت.

ڕەسووڵ: چۆن یەعنی؟

محەمەد: کۆشکەکەت ئەکەم بە نەخۆشخانەی دێیەکە، تۆ بچۆرە ماڵێکی بچوکترەوە.

ڕەسووڵ: باشە حازرم، چییتریش؟

کوڕ: ئینجا نۆبەی منە، منیش قسەئەکەم.

ڕەسووڵ: بڵێ، بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

کوڕ: بەشێ لە زەوییەکانی خۆمان دابەشبکەین بەسەر ئەو جووتیارانەدا کە زەوییان نییە.

ڕەسووڵ: قەیناکات ئەمیش ئەکەین. من کە چاوم چاکبووەوە، بەم ئاواتە گەیشتم، ئیتر هیچم ناوێ.

حەسەن: قوتابخانەیەکیش لە دێیەکەدا ئەکەینەوە.

ڕەسووڵ: بەسەر چاو.. یا ئەڵڵا با بڕۆین، من لە خزمەتتانام.

محەمەد: ئەی منداڵەکانی مامسەعیدت لەبیرچوو؟

ڕەسووڵ: کێ، مامسەعید؟ ئەوی پێمبڵێ لە کوێن هەزار دیناری هەر مژدانە ئەدەمێ، تۆ ئەیانناسیت دوکتۆربەگ؟

محەمەد: بۆچی؟ چییان لێئەکەیت؟

ڕەسووڵ: زەوییان ئەدەمێ، خانوویان ئەدەمێ، پارەیان ئەدەمێ، ئاخر ئەم کوێرییەم خوای ئەوان بوو. ئاخ لێم ببووردنایە پێش ئەوەی بمرم.

محەمەد: بە یەک شت لێت ئەبوورن.

ڕەسووڵ: چییە ئەو شتە؟

محەمەد: بێیتە ڕێزەی خەڵقی، بێیتە ڕێزەی خەلقی.

ڕەسووڵ: تۆ، ئۆ، مەحەمەدی مامسەعید نیت، دوکتۆربەگ، تۆ دەنگت لە باوکی ڕەحمەتیت ئەچێت، تووخوا ئەو نیت؟

محەمەد: بەڵێ ئەوم، ئەویش حەسەنی برامە.

ڕەسووڵ: (دەستئەکات بە گریان) ئەی لە بەرزیی ئێوە و نزمیی من، بەڵام دا لە زۆرداری، لێم ببوورن کوڕم، منیش هاتمە ڕیز. چی خێری خەڵقی تیایە، با ئەوە بکەین. ئەوی لەمەودواوە زوڵم و زۆر بکات، نەحلەتی لێبێت.

محەمەد: چاوت لێیە حەسەن، چاکەکردن خراپیش چاکئەکا. چاکە بچێنە، تا چاکە بدرووێتەوە. وا ئەمیش هاتە ڕیزی خەڵقی، چونکە چاوی کردەوە. دەی بۆ فریاکەوتنی لادێ، فریاکەوتنی لادێ... بۆ دێیەکەی خۆمان، بۆ دێیەکەی خۆمان.

(تەواو)

## ئەنجامی زۆرخۆری*

(١٩٥٢؟)

عوسمان: (لە بەرخۆیەوە) وا سەعات حەوتی بەیانییە و کەچی گوڵچین هێشتا هەڵنەساوە چا لێبنێ. بەخوا چاک تووشبووم بەدەست گوڵچینەوە. ئینجا هەڵنەساوە ئەوچاتر، بۆ خۆم ئەچم بۆ مووبەق، هەرچییەکی لێبوو، ئەیخۆم.

(لێدانێکی مۆسیقا)

ئەڵڵا بۆنی مووبەق چەند خۆشە، کوا پەنیرەکە....

پەنیر.. پەنیر.. ئێی ئەمە جارێ دە هێلکەکەی دوێنێیە.. باشە چواری بە ناشتا هەڵئەقوڵێنرێت.. ئێی پەنیر کوای، مردووت مرێ، .. ئەمیش پەنیر.. ئەی ئەمە چییە ئەڵێی دۆشاوە؟ ئا ئەمە.. ئەمە هینە.. کوڕە هین.. دۆشاو، نەء هەنگوینە.. ئەی گیان، هەنگوین گیان (ئەخوا) ئم.. چ ئاح.. پێغەمبەر، گوڵچین جارێ هەڵنەسێ.. ئاخ....

گوڵچین: ئاوا، دەک موبارەکنەبێ لە عەمرت..

عوسمان: گ ... گ... گ... گوڵچین گیان. گوڵ.. چین .. گوڵچین بە چین.. گوڵ ئەبارێ لە ڕووی زەمین.. گوڵچین گیانی باجی هەمین.. تۆ گوڵی گیانەکەم. ماشائەڵڵا.. بەم بەیانییە ئەڵێی خونچەی گوڵەباخی.. لیکی دەمت ئەڵێی ئاونگی بەرەبەیانی بەهارە.

گوڵچین: چەنەچەن، چەنەبازەی درۆزنەی تێرنەخۆرەی گامێشە.. خەریکی بە قسەی لووس تەفرەمبدەی، ئەوە چی ئەکەی؟

هەنگوین و پەنیرەکە ئەخۆی؟

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٥٥-٣٦٣.

جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانە نەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. ڕەنگبێ ئەم تەمسیلییە ساڵی ١٩٥٢ پێشکەشکرابێ. (ک.ڕ)

عوسمان: نەوەڵڵا نایانخۆم... هەر تامیانئەکەم، بزانم نەترشاون.

گوڵچین: کوڕە تامی چی پیاوەکە، بۆ وا لە خۆت ئەکەی؟ بۆ بە هیچ تێرنابی بۆ خاتری خوا؟ بزانە وەکوو خەڵقی دووپارچە شت وا لە ماڵەکەمانا، هەرچی مەعاشێک وەرئەگریت، هەر ئەیدەی بە لەوسی دەمتا، بۆ وا ئەکەیت، بۆ؟

عوسمان: ئینجا چیم کردووە، ئافرەت؟ تۆ بەم سباهی ساڵحانە هێشتا خێر و شەڕ بەشنەکراوە، بۆچی بیانووم پیئەگریت؟

گوڵجین: خێر و شەڕ دەمێکە بەشکراوە، بە قوربانی چارەنووس بم کە شەریکی وەکوو تۆی کرد بە تووشمەوە.

عوسمان: گوڵچین، خوانەخواستە چی؟ لەم بیستساڵەدا چوار ڕۆژی ساغنەبوویت، یان پێچ بە سکتا هاتووە، یا بەرچاوت ئاوساوە، یا لیرت دەرداوە، یان ئیتەڵاتکردووە، کوڕە ئیتر بڵێم چی؟ ئەگەر عوسمان تووشی ئیسقای تەپڵی نەبووی، چی ئەڵێی بیڵێ.

عوسمان: ئێ ئافرەت کەس هەیە لە دنیادا نەخۆشنەکەوێت؟ کەس هەیە هەتا دنیا دنیایە هەر گەنج و بەقووەت بێت؟ ئێ جگە لەمەش، من شوکور هەر گەنجم.

گوڵچین: (پیئەکەنێ) چی؟ گەنجیت! گەنجی چی؟ ئەڵێی بیڵێم شەیتان، بەو ورگە دەهۆڵەتەوە ئەڵێی مانگی خۆتە، ڕووت یەت بە من بڵێی گەنجم. بچۆرە شارێ کەس نەتناسێ، خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ.

عوسمان: حەی حەی لە گوڵە چلدەم... ئینجا من چۆن دەرەقەتی تۆ یەم.. ئێستا ئەمەوێ بڕۆم بۆ دایەرە.

گوڵچین: ئینجا بۆ ناڕۆی؟ کەس ڕێگای لێگرتووی؟

عوسمان: ئەی چانەخۆمەوە؟ نانەخۆم... یەعنی هەموومان نانەخۆین، چانەخۆینەوە؟

گوڵچین: ئەی ئەو هەموو هەنگوین و پەنیرەت نەخوارد؟ ئەی چوار هێلکەت هەڵنەقوڕاندووە؟ ئیتر نانی چی، عوسمانئاغا؟

عوسمان: دەنگ هەڵمەبڕە، با نووری گوێی لە قسەکانمان نەبێت، ئافرەت... قسەی ڕاست ئەوەیە من بەبێ خواردن ناژیم.

گوڵچین: ئەم عالەمەش هەموو بەبێ خواردن ناژین... بەڵام پێشینان وتوویانە "هەموو شتێ بە خوێ، خوێش بە مەعنا".

عوسمان: ئامەننا.. بەڵام هیی وا هەیە خۆی کەم ئەخوا، هیی وا هەیە زۆر... دە بێنە شتێ با بیخۆین. ئافرەت، دنیا ئەبڕێتەوە، بێنە دەی.

گوڵچین: ئینجا ئەوە تۆ لە گرانی و حەربا چی ئەکەی، بۆ خاتری خوا؟

عوسمان: گرانی و حەرب مانای چی؟

گوڵچین: چۆن گرانی و حەربەکەی چەند ساڵێک لەمەوبەرت لەبیرچووەوە کە هەموو شتێک قاتبووبوو؟

عوسمان: ئینجا ئێمە هیچمان لێهات؟ مردین؟

گوڵچین: ئەو حەلە کەلاوەکەمان فرۆشت. ئەمجارە چی بفرۆشین و بە چی بژین. نەگبەت تۆ ئەمە گەووگیپاڵت بێت؟

عوسمان: هەموو کەسێک ئەڵێ حەرب نابێ و جارێکیتریش گرانی قەت داناکەوێ و بڕایەوە.

گوڵچین: چۆن ئەزانی جەنگ ناقەومێ و گرانی نابێ؟

عوسمان: ئەزانم، چونکە خەڵقی هەموو تێگەیشتوون کە جەنگ و شەڕوشۆڕ و گرانی شتێکی پیس و خراپە، چونکە هیچ کەرێک نییە لەم دنیایەدا پێی خۆشبێ مناڵ و کەسوکار و خۆشی بکوژرێ، ماڵێ بڕووخێنرێ، برسی و نەخۆش و هەژار بکەوێ. کەس نییە ناز و نیعمەتی ئاشتی و ئاسوودەگی و کامەرانیی نەوێت.

کابراییێکی تێر ئێستا حەزناکات برسییببێت. کابراییێکی برسیش، نایەوێ بمرێت. من و تۆش حەزناکەین بکوژرێین. هەموو شتێکی ئەم دنیایەش بە حەزە.

هەموو دنیا کە وتی حەزناکەین، یەعنی حەزناکەین. دە هەڵسە، نان بێنە.

گوڵچین: قەت نەمئەزانی زۆرخۆرێکی وەکوو تۆ ئەمەندە شت ئەزانێ و شتی وا جوان ئەکەی.

عوسمان: من دائیمە قسەی جوان ئەکەم، چونکە تێرخواردنم بە قسەی جوانەوە وەستاوە. تۆش قسەی جوان بکەی... خواردنم بۆ بهێنی، تا شەڕ نەقەومێ.

گوڵچین: شەڕی چی بەزیادنەبێ؟ دیسانەوە بەزمەکەیە؟

عوسمان: شەڕی گەورە نا، یەعنی لە ماڵەوە.

گوڵچین: حەدت چییە شەڕبکەیت، خوا نەیبڕێ، نووری گیانم وا لە پشت. شەڕبکەی دەرتئەکەین. لەبەرئەوە بۆ خۆت دانیشە لەگەڵمانا پاروویەک نانی ڕەحەتی بخۆ، تێرنەخۆر.

عوسمان: ده بێنه نانی ڕەحەت، گوڵچین گیان.

گوڵچین: ئێستا هێلکەیەکی دەڵەمە و پارچەیەک پەنیرت بۆ ئەهێنم، بە یەکدوو چاوە بیخۆ و برۆ بۆ دائیرەکەت.

عوسمان: چی؟ هێلکەیەک؟ من بەمە تێرناخۆم. تۆ ئەتەوێ من لە برسانا بکوژی؟ تۆ گەمارۆی من ئەدەی لە ناحیەی ئیقتیسادییەوە؟ تۆ جەنگی سارد لەگەڵ منا ئەکەی؟

گوڵچین: حەی حەی لە ورگە، قسەی ناو ڕادیۆ و ناو غەزەتەم لەگەڵا ئەکات. لەوەی پێموتی زیاترنییە. ئەیخۆی بیخۆ، نایخۆی کەیفی خۆتە.. ئەڵێی چی؟

عوسمان: تۆ هەموو جارێک هەر حەقی ڤیتۆ بەرامبەر بە من بەکارئەهێنی، لەبەرئەوە وا چاکە جارێ ئەمە بخۆم، هەتا ئەم حەقی ڤیتۆیە لەناوئەبەم.

(مۆسیقا)

گوڵچین: نووری، نووری، باوکەکەم، دە هەڵسە بەس سەعیبکە ڕۆڵە، سۆمای چاوت چوو، وا نیوەڕۆیە، ئێستا باوکت یەتەوە.

نووری: ئینجا باوکم یەتەوە چی بکەم؟ هەزار جارم پێوتی کە من سەعیمکرد، بانگمەکە، قسەم لەگەڵا مەکە، سەعیئەکەم، سەعی.

گوڵچین: ئاخر ڕۆڵە سەعی نەبڕایەوە، بە شەو هەر سەعی، بە ڕۆژ هەر سەعی.

نووری: ئینسان بە سەعیکردن دەرئەچێت، بە سەعیکردن شت فێرئەبێت، بە سەعیکردن ئەگاتە هەموو هیوایەک.

گوڵچین: ئۆ بە قوربانی دەمت بم، بە قوربانی هیوات بم، ڕۆڵە گیان. ئەڵێم نەختێ بەفرت بکڕیایە، باوکەکەم.

نووری: باشە بێنە پارە، چیت ئەوێ دایە گیان.

گوڵچین: قبووڵی و بامیە. مریشکێکیشم بۆ باوکت سوورکردۆتەوە.

نووری: تووخوا دایە ئەم هەموو مەسرەفە مەعنای هەیە؟

گوڵچین: بڵێم چی ڕۆڵە، بەدەست منە؟

نووری: باییی هەر دە فلسەکە بکڕم؟

گوڵچین: ئا باوکەکەم.. زوو بێیتەوە.

عوسمان: (له دەرگا ئەدا)

نووری: کێیە ئەوە؟

عوسمان: من، منم ڕۆڵە، بیکەرەوە گەرما پڕووکانمی.

(ئەفیشکێنیٚ) کوا بەفراو، ئافرەت؟ دەی خێرا.

نووری: وا ئەچم بەفر ئەکڕم.

عوسمان: هێشتا نەتکڕیوە، ڕۆڵە؟ خێراکە خێرا؟

گوڵچین: ئاوی ساردمان هەیە بۆت بێنم.

عوسمان: نەء، با بێتەوە (ئەفیشکێنیٚ)، ئای کە گەرمە، ئای کە گەرمە!

گوڵچین: ئەوە ئۆغربێت؟ بۆ کویٚ؟ بۆ کویٚ؟

عوسمان: هیچ، هەر وتم بزانم چیت لیٚناوە؟

گوڵچین: دە جلەکانت داکەنە و قاچوقولت بشۆ و ئیسراحەتیٚبکە، بۆ ئەوەندە چاوچنۆک و سەرسواڵکەریت، بۆ خاتری خوا.

عوسمان: جاریٚ پیٚمبڵیٚ مریشکەکەت سوورکردۆتەوە؟

گوڵچین: بەڵیٚ، کردوومە، قبووڵی و بامیەش.

عوسمان: ئەی بژین. گوڵچین، تۆ زۆر ڕەسەنیت، من چاکمکرد تۆم هێنا. تۆ ژنێکی زۆر مومتاز و نایابیت، تۆ...

گوڵچین: لەسەری مەڕۆ و درۆمەکە، بڵیٚ چێشتلێنەر و کارەکەرێکی چاکیت.

عوسمان: من، من وا ناڵیٚم، حەدم چییە؟ ها ئەمەم لیٚبگرە.

گوڵچین: ئەمە چییە؟

عوسمان: ئەمە -قوربان- خەیارە بۆ دۆغرەمە بە نەختیٚ کشمیشەوە، تۆزیٚ قەیسیش، تەماتەیش بۆ زەڵاتە، بەڵام تووخوا -گوڵچین گیان- نەختیٚ ڕۆنزەیتوونیشی پیٚوەبکە.

گوڵچین: ئەمە بۆ کەی پیاوەکە؟

عوسمان: بۆ ئێستا، بۆ قاوەڵتی، ئافرەت.

گوڵچین: تووخوا ئەمە حاڵە، تووخوا ئەمە وائەبیٚ کە تۆ ئەیکەی؟

عوسمان: گوڵچین گیان، توو قەبری ڕەحمەتییەکەی باوکت ئەگەر بەسەرما هەڵشاخێی، با بە ئیسراحەت نانەکەمان بخۆین و بە دڵمانەوە بنووسێت.

نووری: بابە، ئەم بەفرە زۆرە یان کەم؟

عوسمان: باشە، بابیی چەندە؟

نووری: بابیی دە فلس.

عوسمان: ئەی بۆ بابیی بیستت نەکڕی ڕۆڵە. دە بیخەرە ناو کووپەکەوە، تێیکە ئافرەت وا مردم لە برسانا.

گوڵچین: ئینجا ئەوە باوکی نووری چوارپێنج ڕۆژیتر چی ئەکەی؟

عوسمان: چی قەوماوە دیسان، ئافرەت؟ چیت بیستووە؟ نەمانووت حەرب ناقەومێ.

گوڵچین: بەڵێ وتمان، بەڵام چوارپێنج ڕۆژیتر ڕەمەزانە.

عوسمان: چی چ چ... ڕەمەزان، ئینجا بەخێربێت.

گوڵچین: بە سەری تۆ، من و نووری قەرارمان وایە بەڕۆژووئەبین.

عوسمان: خێری پێوەیە... خۆزگە منیش بمتوانیایە.

گوڵچین: بە سەری خۆت بتوانی و نەتوانی من هەتا عەسر لە خەو هەڵناسم و باوکیشم زیندووببێتەوە، چێشتی بۆ لێنانێم.

عوسمان: ئینجا ئەمە مەعنای ئەوەیە کە ئەتەوێ بمکوژی، ئافرەت.

گوڵچین: بە خوا ئیتر کەیفی خۆتە. بۆ نایەی وەکوو ئەم هەموو خەڵقە ڕووبکەیتە قاپیی خوا و بۆ خۆت بەڕۆژووببی و نەختێ ئیسراحەتبدەی بە لەشت.

عوسمان: ئیسراحەتی من لەوەدایە خواردنی چاک بخۆم و لەسەریشی مەڕۆ. ئادەی ڕۆڵە ئەو بامیێیە بێنەرە لامەوە. دە تۆ ئەو مریشکەشم بەرە دەست، ڕۆڵە. ئەی دەستەکانت خۆشبێ، گوڵچین گیان. ئاڵ، ئەڵێی دەنووکی کەوە.. یا ئەڵڵا بیسمیللا.. ئەوی زوو نەیەت، بەشی خوراوە.

(مۆسیقا)

عوسمان: ئای، ئای باوکە گیان... سکم شەقیبرد، دوکتۆر گیان ئاممان..

دوکتۆر: هەزار جارم پێوتی ئەوەندە مەخۆ. کاک عوسمان ئەوەندە مەخۆ، زۆرخواردن هەزار نەخۆشی پەیائەکات.

عوسمان: ئینجا کوا هیچم خواردووە، بۆ خاتری خوا.

گوڵچین: ئینجا ئەوە دوکتۆربەگیش خۆمانە، گوایە چی ماوە نەیخۆی؟

عوسمان: تۆ حەیاتبردم گوڵچین لەناو خەڵقا، ئەمەندەت وت زۆرئەخوا، تا بەچاوەوە بووم.

دوکتۆر: چاوی چی کاک عوسمان، تۆ لەکن خۆت خوێندەواری، قورحەی مەعیدەت تووشبوو.

عوسمان: قورحەی مەعیدە؟ برینی ناوسک؟

ئەی ماڵوێران خۆم، ئای....

دوکتۆر: هەر ئەمە نییە، کاک عوسمان. دڵیشت زەعیفبووە، چونکە بەز و پیو بەریان گرتووە و جگەریشت خراپبووە.

عوسمان: کوڕە، دە ئێجگاری بڵێ ئەمری و بڕایەوە.

ئەی هاوار، بگەنە فریام. نامەوێ بمرم، نامەوێ، گوڵچین گیان. دوکتۆر گیان چیم لێئەکەی. بۆ خاتری خوا چاکئەبمەوە؟

دوکتۆر: من یارمەتیتئەدەم، بەڵام چاکبوونەوە بەدەست خۆتە.

گوڵچین: بەدەست ئەو نییە، بەدەست منە دوکتۆربەگ. چی ئەمرئەکەی، من جێبەجێئەکەم.

دوکتۆر: مەسەلە پارێزگرتنە.

گوڵچین: زۆر بەجێیە، فەرموو....

عوسمان: چی بەجێیە، ئافرەت؟ تۆ لە خۆتەوە بۆچی بووی بە والی بەسەرمەوە؟!

گوڵچین: بۆ ئەوەی نەمریت، بۆ ئەوەی چاکببیتەوە.

دوکتۆر: بێگومانبە عوسمان ئەفەندی، ئەگەر پارێزنەکەی، بەم زووانە ئەمریت، ئیتر کەیفی خۆتە.

عوسمان: باوکم کفتە و یاپراغ و چەنسووتەکە ناخۆم، باشە دوکتۆر گیان.

دوکتۆر: زۆر باشە، چییتریش؟

عوسمان: وەڵڵا ئیتر هیچ نەماوە کە ئینسان نەیخوات، ئای سکم باوکە گیان..

دوکتۆر: قوربان، نابێ لەم مانگی ڕەمەزانەدا هیچ بخۆی، لە کوولەکەی کولاو زیاتر.

عوسمان: چی؟ کوولەکەی کولاو؟ ئاخر حەزی لێناکەم، قەد نەمخواردووە.

دوکتۆر: ئەبێ بیخۆی، چارت ناچارە.

عوسمان: ئەی بریانی، مەسەلەن ماسی، مریشک، قبووڵی؟

دوکتۆر: بیانخۆیت ئەمریت، ئیتر کەیفی خۆتە.

عوسمان: ئەی ئاوی فڕووج، هیچ نەبێ شۆربا و شیر و هێلکە، وەکوو ئەم نەخۆشانەی دنیا؟

دوکتۆر: ئێمە بۆ درێژیبکەینەوە... لە کوولەکەی کوڵاو زیاتر بخۆی، ئەمریت.

عوسمان: کەواتە بەڕۆژووئەبم.. چارم چییە. ئافرەت بەڕۆژووئەبم و لەگەڵ ئێوەدا بەربانگ و پارشێو ئەکەم... باشە دوکتۆربەگ.

دوکتۆر: بەڕۆژوو ئەبی، نابی، کەیفی خۆتە... لە کوولەکەی کوڵاو زیاتر، هیچیتر نابێ بخۆی.. بە دوعا.

گوڵچین: خوات لەگەڵ دوکتۆر. ئا نووری جانتاکە بۆ دوکتۆربەگ هەڵگرە.

عوسمان: خوا حافیزتبێ. بەخوا ئافرەت من ناژیم.

گوڵچین: هەموو شتێک ڕاهاتنە. ئەژیت و ڕایەیت بەم خواردنە و چاکیشئەبیتەوە.. تۆ خۆت نەتوت هەموو شتێک بە حەزە..

عوسمان: یەعنی چی، ئافرەت؟

گوڵچین: دوکتۆر حەزئەکا تۆ کوولەکە بخۆیت. نووری و منیش حەزئەکەین کە کوولەکە بخۆیت، هەموو شتێکیش بە حەزە، کە ئێمە وتمان حەزئەکەین.. ئەبێ تۆش حەزبکەیت و کوولەکە بخۆیت..

عوسمان: باشە ئەیخۆم، بەڵام شتێکیتریشی با لەگەڵا بێت، ئافرەت، گوڵچین گیان، بۆ وا دڵڕەقی؟

گوڵچین: بۆ ئەوەی چاکببیتەوە، بۆ ئەوەی نەمری..

عوسمان: ئێستا لە کوولەکە زیاتر هیچیترم نادەیتێ..

گوڵچین: هیچ شتێک، نووریش هیچت بۆ ناکڕێ، دەرگای ژوور و مووبەقیش هەموو داخراون، لەم ئێوارەیەوە کوولەکە ئەخۆی..

عوسمان: ئەی هاوار خەڵقە، ژنەکەم لە برسانا ئەمکوژێ، تەنیا کوولەکەم ئەداتێ.. ئەی..

گوڵچین: وس، حەیامانەبەی، ئەگینا لە خەستەخانە ئەتنوێنم..

عوسمان: باشە لەسەری مەڕۆ، ئافرەت، سابیرم بە بەشت. ئەم کوولەکە خواردنەشت لە چارە نووسیبووم؟ کوولەکە خواردنیش کوولەکە، کوولەکە، قەد شین‌نەبێتەوە و بمرێ کوولەکە..

گوڵچین: نەوەڵڵا، بمرێ زۆرخۆری، تێرنەخۆری، چاوچنۆکی و چڵێسی..

(تەواو)

## پاداشتی چاکە*

١٩٥٤/٢/٢٦

ڕەحمە: (لە دوورەوە) ... سیلاح! ئەرێ سیلاح! پیاوەکە! ئەوە بۆچی جوابمنادەیتەوە بە خێرێ گوایە؟

صەلاح: (لە دووەرەوە) ڕەحمە گیان، چیت ئەوێ، بە قوربان؟

ڕەحمە: ئەوە بۆ چوویتە ئەودیو، پیاوەکە؟

صەلاح: بۆچی نەچم؟ مەمنووعە؟ چیت ئەوێ بەم سباهی صاڵحانە؟

ڕەحمە: ئەڵێم ئەگەر ناچیتە دەرەوە، تۆزێک ئاگات لە شەمار بێت، نەوەکوو بگری، چونکە لە دوێنێوە نەچووم بۆ ماری کاکم!

صەلاح: تەنیا جومعان لە ماڵەوەم، جومعەش ئەمکەیت بە دایەن، بەدیار مناڵەوە دامئەنێیت و جەنابی موبارەکت تەشریفئەبەیت بۆ ماری کاکت. تۆ دوێنێ لەوێ بوویت! کچێ تۆزێک ئارام بگرە لە ماڵە کاولبووەکەی خۆتا، گسکێک بدە، دروومانێک بکە، شتێک پاکبکەرەوە.

ڕەحمە (بە عاجزییەوە): ئەمە وا نابێ کە تۆ ئەیکەیت، نەوەرا.

صەلاح: چیم کردووە، ئافرەت؟ جومعەیە و بۆ خۆمان لە ماڵەکەی خۆمانا دانیشتووین، ئەوە ڕادیۆ، بیکەرەوە بۆ خۆت. ئیشی ناو ماڵیش ئەگەر هەیە، بیکە و ئیتر بۆ سەرمان ئەیەشێنی بە خوتوخۆڕایی؟

ڕەحمە: حەز لە ڕادیۆ ناکەم، بە زۆرە؟ ئینجا من چیی لێ تێئەگەم؟ ئیشی ناو ماریشم نییە، ئەی تۆ بۆ ناچی بۆ دەرەوە، سیلاح؟

---

* ئەم دەقە لە دەستنووسی نووسەر خۆی وەرگیراوە، مامۆستا کەمال ڕەئووف محەممەدیش لە ڕووی کاسێتی دەنگییەوە گواستوویەتیەوە و لە کتێبەکەیدا بڵاویکردووەتەوە: هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٤٠-٢٥١. (س)

صەلاح: سیلاح سیلاحی چی؟ کام سیلاح؟ ساڵونیوێکە لەگەڵتا خەریکم زمانت ڕاست بکەمەوە، هێشتا پێمئەڵێی سیلاح.. ئەی قوڕ بەسەر عەقڵ و تێگەیشتن و زمانڕاستی بۆقلەموون، کچێ بڵێ صەلاح.

ڕەحمە: ئەوە گارتەم پێئەکەیت؟ یاخوا موبارەکی خێرم نەکرد؟ بووین بە بۆقرەموون.

صەلاح: (پێئەکەنێ) چی؟ بۆقرەموون؟ ئەی قوڕ بەسەر بۆقلەموون! ناوی ئەویشت گۆڕی. تۆ لە من بووی بە مەجمەعی لوغەوی، فەرهەنگۆک دائەنێیت؟ لە خۆتەوە ناو ئەگۆڕیت؟ صەلاح ئەکەیت بە سیلاح، شەماڵ ئەکەیت بە شەمار، بۆقلەموون بە بۆقرەموون، پیاڵە بە پیارە. کچێ ئەم زمانە قوڕبەسەرە بۆ تێکئەدەیت، ئافرەت؟ زمانت ڕاستکەرەوە؟

ڕەحمە: (بە تووڕەیییەوە) بەخوا بەخوا، یەک ئان و سەعات لەم مارەدا نامێنمەوە... کردوومی بە قەشمەرجاڕی خۆی، بەزیادمنەکرد، ئاوا! زمانم چییەتی؟

صەلاح: زمانت هیچی نییە، مار پێوەیبدا، ئاوا. کچێ عەقڵت نوقسانە، عەقڵ. من نەفام و بێمێشک بووم کە تۆم هێنا.

ڕەحمە: کوڕە هۆو، بەسیەتی لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیت، بەزیادمنەکرد. ئەوا هەر ئێستا ئەچم بۆ ماری کاکم، من تاقەتی خوتەخوتی تۆم نییە. ئۆف ڕەبی کوێربی، هەزاری لە تۆ باشتر داوایانکردم، شووم پێنەکردن. بە (ئیستیهزاوە) .. پیاوەکە مەئموورە.. سیلاحەفەندی.. .

صەلاح: ئەی سیلاح بە چاڵی چاوت، گاڵتەم پێئەکەیت؟ بۆ مەئموور نیم؟ مەئمور چییەتی؟ دزم، ڕەشوەتخۆرم، قورماچیم، ئارەقخۆرم وەکو کاکت؟ لە چیت کەمە، ئافرەت؟

ڕەحمە: نەکەی ناوی کاکم بێنی هۆو، بەزیادنەبێ لە عەمرت.

صەلاح: ئەی بەرکەنەکەی[1] ئاوا، ئێستا بەم ڕۆژی جومعەیە من بڵێم و تۆ بڵێیت ئەمە نابێ، تازە ڕیشمان بووە بە ڕیشی یەکەوە، ئەبێ شانەی بۆ هەڵگرین. قابیلە هەموو ڕۆژێک خەریکی ژنهێنان بین؟ تۆ لە کوێ و من لە کوێ؟ ماڵی قیسمەت و نەصیبم بەقوڕگرت.

ڕەحمە: چی؟ ئەوە ئەرێی چی؟

---

[1] بەرەکەتنەکەی، نووسرابوو، کە هەڵەیە. (س)

صەلاح: هیچ نالێم، چیت ئەوێت بە موختەصەری تێمبگەیەنە، بێ شەرت و شرووت، بێ تۆران، بێ بەزمورەزم. فەرموو بڵێ؟

ڕەحمە: ئەرێم، ئەچم بۆ ماری کاکم؟

صەلاح: خێری پێوەیە، چەندت پێئەچێت؟

ڕەحمە: ئینجا ئەوە قسەیە؟ چووزانم! پێشینان ڕەحمەتیان لێبێت......

صەلاح: ڕەحمەت لە هەموو مردووەکانت بێ.

ڕەحمە: ئەرێم، وتوویانە چوون بەدەست خۆمانە و هاتنەوە بەدەست خۆمان نییە.

صەلاح: بەڵێ، ئەوە پێشینان -هەزار ڕەحمەتیان لێبێت- لەگەڵ ئەو باوک و دایکەدا کە تۆیان بۆ من بەجێهێشت، لە وەختێکا وایان وتووە کە چوون بۆ سەفەر بە پێ و بە ولاغ، شەش حەوت مانگیان پێچووە. ئەو حەلە ڕێگاوبان نەبووە، ئافرەت، ئۆتومبیل و شەمەندەفەر و تەیارە هێشتا بە چەرخوفەلەکی ناو حیکایەت ناوئەبران. تۆ ئەچیت بۆ ماڵی کاکت، خۆ ناچیت بۆ ئەمەریکا، ڕەحمە گیان!.

ڕەحمە: تۆ چاوت لێبێت چەندی درێژکردەوە؟

صەلاح: درێژیناکەمەوە، دە بڵێ سەعاتێ، دووان، پێش قاوەڵتی ئەگەڕێیتەوە؟

ڕەحمە: ئا، ئەگەڕێمەوە، نەیەری منارەکە بگری.

صەلاح: نایەڵم، بەلام زوو بێیتەوە، ئافرەت.

ڕەحمە: (لە دوورەوە) باشە لەسەری مەڕۆ.... ئینجا ئەوە پیربێت، چی بکەم؟ قوڕەکە بەسەر سەرم.

صەلاح: هەر لە ئێستاوە قوڕەکە بەسەر سەری من، سابیرم بە بەشت خوایە، خراپتر نەدەیت. (تەقەی دەرگاداخستن) ... دە بڕۆ حەوت بەردت لەشوێن، تووخوا ژنمنەهێنایە باشترنەبوو؟ ئەمە ژنە یان ژان؟ وەرە هەتا ئەمریت ئەمە حاڵ و ئەحواڵت بێ.... چاوت لەم ماڵە پیسە بێت، هەر شتە لە لایەک و پێشم ئەڵێ ئیشی ناو مارم نییە سیلاح، باوکی شەمار. ئەی کوێراییتدایە و مار بە سەری زمانتەوە بدا، ئاوا، جرپنەی مالانگەڕیدە، قوڕ بەسەرت براژنی کلۆل، مەلیحەی نەگبەت، وا ڕەحمەی موبارەکی هێوەرت بەڕێوەیە (پێئەکەنێ) (مؤثرات) (دەنگی گریانی مناڵ)، مەگری کوڕی خۆم، مەگری، دایکت لێرەنییە، مەترسە و مەگری،.... کلۆڵ ناوی تۆیشی گۆڕیوە و پێتئەڵێ (شەمار)، مەجبوورم ناوێکیترت لێبنێم، لایلایە..

صەلاح: .... کتێب ڕیزکرا و تەکێنرا، ماڵ تۆزێک ڕێکخرا. خۆ ڕەحمەخانی موبارەک وتی پێش قاوەڵتی تەشریف ئەهێنێتەوە. دەک بەخێرنەیەیتەوە ئاوا..... ئەمە چییە؟ ناو... دەفتەری گۆرانییەکانی سەردەمی لاوی .... (هەناسە) .... ئەی داخی بەجەرگم بۆ ئەو سەردەمە، بۆ ئەو هەموو ڕۆژ و شەوانەی وەکوو خەوێکی خۆش هاتن و تێپەڕین، بۆ ئەو هەموو هیوا و ئاواتەی کە قوڵپیان‌ئەدا لە ناخی دەروونا و هەموو بوون بە بیرەوەری و لە هەڕەتی گەنجی و تافی لاوی‌دا خنکان.... "ئەی چاو چەشنی بازی قەفەز هەڵوەریێ پەڕت، کوا باڵە تیژەکانی نیگای جوانی دولبەرت؟ کوا دوو چاوی مەست کوانێ؟ کوا برۆی پەیوەست کوانێ؟ کوانێ زوڵفی ڕەش، کولمی ئاڵ و گەش، کوا هەیکەلی جەمال، جوانی بێ میثال (لە دەرگا ئەدرێت) .... ئەوا هاتەوە.... هەتیو ڕەحمە هاتەوە... کێیە؟

ڕەحمە: منم.. ئەوە بۆ نایکەیتەوە؟

صەلاح: ئەوە کردمانەوە و لەسەری مەڕۆ، کاکت شوکور چاکە؟ مەلیح چۆنە؟ بەڕاستی من کاکتم زۆر خۆش‌ئەوێت.

ڕەحمە: ئەوە قسەت لەگەر کێ ئەکرد، باوکی شەمار؟

صەلاح: لە بەرخۆمەوە گۆرانیم‌ئەوت، بۆچی؟

ڕەحمە: (پێ‌ئەکەنێ) .... گۆرانی؟! گۆرانیی چی؟! تازە منائەبیتەوە و گۆرانی‌ئەرێیت؟!

صەلاح: بۆچی هەر کەسێ گۆرانی بڵێ، مانای ئەوەیە مناڵبووەتەوە؟!... گۆرانی .. هونەرێکی جوانە و شتێکی پڕکەیف و پڕکەڵکە و ...

ڕەحمە: کەیف؟!.. کام کەیف؟!.. ئەرێم.. شەمار ئەگریا سیلاح؟

صەلاح: نە نەگلیا، لەحمە، تۆ لێلە نەبیت، بۆچی ئەگلی؟!

ڕەحمە: ئەوە وتت چی؟

صەلاح: وتم نەگریا، ناگری، نەگریاوە، بۆچی ئەگری؟ قەد، هەرگیز، هەمیشە، بە هیچ جۆرێک، هەتا دنیا دنیایە، هەتا زمان ڕاست‌ئەبێتەوە، هەتا بۆقلەموون ئەبێ بە ئینسان، هەتا صەلاح لەجیاتیی سیلاح بەکارئەهێنرێت، هەتا ڕەحمە ئەبێت بە

ڕەحمەت، نەگریاوە و ناگری، گریان نەما، گریان نەما ڕەحمە گیان، بژی ڕەحمە، هەزار ڕەحمەت لە باوک و دایکت، ڕەحمە گیان؟ توو ئەم ڕۆژی جومعەیە، تو بانگ و سەلای خوا و پێغەمبەر، با نان بخۆین و بڕۆم، تۆزێک ئیشم هەیە.

ڕەحمە: ئەهـ ... ئێستا باشیت ... تۆزێک ئاوا سەر و لەبزت خۆشبێ، پیاوەکە، ڕووگرژ مەکە.

صەلاح: بە لەبز قەسەم، لەمەودواوە، سەرم خۆشئەبێت، لەبزم خۆشتر، ڕەحمە گیان.. بژی کاکت.. مەلیح چۆنە، ڕەحمە؟

ڕەحمە: ئەوەندە ناوی مەریحە جرفر بۆ ئەیەنی؟ .. کوێراییم دایە سیلاح، کاکم بە هەزار کەسی وتووە بۆ پەنجا دینار، کەس نەیداوەتێ.

صەلاح: ماشائەڵڵا.. لاحول ولا قوة الا بالله... خوایە خراپترنەدەیت.. ئێ ڕەحمە گیان؟

ڕەحمە: ئێ، ئێ.. ئەرێم.. پێموت.. خەفەت مەخۆ، ئێستا باوکی شەمار بۆت پەیدائەکات.

صەلاح: (شپرزانە) ... چی؟! چیت پێوت؟ ... من؟ ... لە کوێ؟

ڕەحمە: ئەوە بۆ دەموچاوی خۆتت لێکردم بە دوو ئەموست؟ چۆن لە کوێ؟ ئەی ئەم هەموو خەرقە ئەناسیت... هێشتا ئەرێی لە کوێ؟

صەلاح: ئاخر ئافرەت لە خۆتەوە بۆ بەزموڕەزمم بۆ دروستئەکەیت؟ من مەئموورم... مەئموور.. پارەکەم هەر بەشی ئەوەیە سەروبەر کاروباری خۆمانی بە هەزارحاڵ پێ جێبەجێبکەین، ئیتر پەنجا دینار لە کوێ؟

ڕەحمە: ئەتوانی هەموو شتێک بکەیت، نازانم من ئەمڕۆ پەنجا دینارەکەم ئەوێ.

صەلاح: تۆ تێم ناگەیەنیت کاکت پەنجا دیناری بۆ چییە؟ دووکان دائەنێ؟!

ڕەحمە: دووکانی چی... بەزیادنەبێ؟! ئەیداتەوە بە قەرزا و ئیتر قەد قوماریشناکا و نایشخواتەوە.

صەلاح: خێری پێوەیە، یا خوا وابێت.

ڕەحمە: ئەوە چاوەڕوانی چیت؟ دە هەرسە بیهێنە.

صەلاح: کچێ تۆزێک لێمڕاوەستە، بیرێکبکەمەوە، ئافرەت. گونجی حەسەن بەغدادییە؟ ئەم پەلەپەلەت لە چییە؟ ئەی حەمە ئەفەندیی کاکت پارەی ڕهوونی سێ مانگ لەمەوپێشی وەرئەگرت؟ لە مانگی ڕابوردووشا تۆ نەتگێڕایەوە کە

فەرشێکیشی فرۆشتووە؟ ئەترسم من بچم پارەکە قەرزبکەم و سەری مانگ نەیداتەوە، ئافرەت؟ ئەو حەلە ماڵمان کاولئەبێت و حەیامان ئەچێت.

ڕەحمە: کاکم سەرڕاستە و کەس حەدی نییە قسەی پێبرێ.

صەلاح: ئەترسم پاداشتی چاکەمان ...

ڕەحمە: هەرسە و لە سەری مەڕۆ خێراکە.

صەلاح: بەڵێ، بەسەرچاو، وا ئەڕۆم،... هەتا یەمەوە شتێک حازرکە بیخۆین.

ڕەحمە: هەر ئێستا قبووریت بۆ لێئەنێم، شفتەی دوێنێ ئێوارەشمان ماوە، پێوەی بخۆ، سیلاحە گیان.

صەلاح: (لە بەرخۆیەوە) ... بەرتیل بەردیش نەرمئەکات، ئەی لەبەر کاکت نەمرم! با بچم بۆ لای نەسرینی خوشکم، بەشکم ئەمە خوایە ...

(فاصل موسيقي)

صەلاح (لە دەرگا ئەدات)

نەسرین: کێیە ئەوە؟

صەلاح: منم نەسرین، عەزیز لە ماڵەوە نییە؟

نەسرین: تۆیت کاکە؟ یا خوا بەخێربێیت، فەرموو... ئەوە تووخوا کاکە گیان بۆ دیارنیت لە هیچ لایەکەوە؟! دوو مانگ زیاترە دیارنیت؟

صەلاح: وەڵا چی بکەم؟ خەریکی کوێرەوەریی دنیاین، شەماڵ تۆزێک ناساغبوو، ئیتر هەروا ...

نەسرین: خوانەکات، شوکر ئێستە چاکە؟

صەلاح: باشترە، ئەوە کوا عەزیز؟

نەسرین: ئەمڕۆ لەسەر قاوەڵتییە، هەتا شەوێ نایەتەوە، ئیشت پێیەتی؟

صەلاح: ئەرێ وەڵا تۆزێک ئیشم پێیبوو؟

نەسرین: بە من جێبەجێناکرێ کاکە گیان؟

صەلاح: بڕواناکەم.

نەسرین: دە چییە بۆ پێمنالێیت؟ خۆ تۆ کە مناڵبوویت، هەموو هەستونەستێکی خۆتت بە من ئەگوت (بەئاخەوە) ئای بۆ ئەو زەمانەیە کە خۆشبوو!

صەلاح: ڕاستە .. بەلام نەسرین گیان پەنجا دینارم لازمە.

نەسرین: (تەعەجوب) پەنجا دینار؟! بۆچی کاکە، خۆ خوا نەخواستە هیچ نەقەوماوە؟

صەلاح: نەوەلا، بەلام هەر لازممە.

نەسرین: لازمتە بۆ چی؟ تۆ قەت پارەت قەرزنەکردووە و دائیمەن بەپێی دەستکەوت و مووچەی خۆت جوولاویتەوە، هەر لە منالییەوە تا ئێستا.

صەلاح: بەڕاستی بۆ خۆم نییە، بۆ حەمە ئەفەندی ژنبرامە، برای ڕەحمە گیان.

نەسرین: بۆ کێ؟ بۆ ئەو قومارچییە ئارەقخۆرەی برای ڕەحمە؟

صەلاح: خوشکێ، هانای هێناوەتە بەر ئێمە و قەراریداوە کە تۆبەبکات.

نەسرین: (پێئەکەنێ) تۆبە؟ تۆبەی گورگ مەرگە، برالە.

صەلاح: ئێستا چی بکەین؟ منیش تیا ماوم، شەش بەشی لەبەر ڕەحمە! حەیشم پێ تاڵئەکات وەڵلا.

نەسرین: ئەی کوێراییمدایەت کاکە، ئەوە لە کەیەوە وا بوویت بە ئولولئەمری ڕەحمە؟

صەلاح: مەسەلە ئەوەنییە، ئەزانم ئەڵێی چی؟ بەلام پێشینیان وتوویانە "سواربوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیب"، بۆچی ناتوانم لێیبدەم؟ دەریکەم؟ تەلاقیدەم؟ بەلام عەیبەی خەڵقی لە لایەک، ماڵوێرانی خۆم، ئەم منالە مەعصوومەش بووە بە ڕیخۆڵە و لە دەست و قاچمەوە ئالاوە. هەزار ڕەحمەت بۆ دایکم کە ئەم ئافرەتە دەعبا هیچنەزانە بێمێشکەی لە لای من کرد بە مەلائیکەت و حۆری.

نەسرین: دایکم بۆچی؟ لە دەنگم دانەچڵەکێ، باجی عاصمەیناموبارەک هاتە بنکلێشەیەوە و بەم ڕۆژگارە لە دایکم نەبووەوە هەتا لای تۆیان شیرینکرد.

صەلاح: ئێستا ئێمە بۆ کای کۆن بەبابکەین؟ ئەگەر عەزیز لێرە بووایە، باسی ٥٠ دینارەکەم لەگەلا ئەکرد.

نەسرین: بەخوا کاکە من بزانم ٥٠ فلسی زیادەی نییە.

صەلاح: کەواتە با بڕۆم بە لایەکیترا، خوا ئەیزانێ بە چوار کەسیترم وتووە، ئەوانیش وا لەم بەختە ڕەشەی منا، پارەی حازریان لەژێر دەستا نییە.

نەسرین: ئەی کاکە گیان، بۆ لێرە قاوەڵتی‌ناکەیت؟ هێلکە و قاورمەت بۆ ئەکەم.

صەلاح: بەخوا لەماڵەوە ڕەحمە قبوولێی لێ‌ناوە، ئەڕۆم.

نەسرین: ئێستا کاکە تۆ هەر ئەبێ پەنجا دینارەکە بۆ حەمە ئەفەندی پەیدابکەیت؟

صەلاح: ئەرێ وەڵا، چارم ناچارە، تازە ئەبێ بە عەیب. لەپاشا ئینسان ئەبێ هەتا پێی‌بکرێت، دەستی لیقەوماو و داماو بگرێت. خوشکێ، بەتایبەتی وا بووشە بە خزمم، چار چییە؟

نەسرین: باشە من ئاڵتوونەکانی خۆمت ئەدەمێ و بیخەرە ڕەهنەوە و سەری مانگ بۆم بهێنەرەوە.

صەلاح: چۆن ئەبێ ئاڵتوونی تۆ بخەمە ڕەهنەوە؟ ئەی عەزیز؟

نەسرین: عەزیز قسەناکات، لەپاشا نایشیەڵم بزانێ.

صەلاح: نابێ ژن شت لە مێردی بشارێتەوە، ئەمە ئەبێ بە درۆ و دزی و شتێکی ناشیرین.

نەسرین: کاکە گیان، لە بیرت نەچێ، ئەبێ سەری مانگ بۆم بێنیتەوە.

صەلاح: بەسەر چاو، هەر ئەمزانی کە دەست بە ڕوومەوە نانێیت، بە دوعا.

نەسرین: خوات لەگەڵ.

(فاصل موسيقي)

صەلاح: ئەو دەرگایە بۆ کراوەتەوە، ئافرەت؟

ڕەحمە: ئۆ ... بیسمیللا داچرەکیم... ئەوە کاکەحەمە ئەفەندیم لێرە بوو، بەساقەی بم ... کوا، چیت کرد؟... پیاوەکە بەو سەروسیمایەوە هات بۆ ئێرە.

صەلاح: چی؟ تووخوا؟ سەروسیما مەعنای چی؟ ئەی کەواتە ئەم عالەمە هەمووی بێ‌سەروسیمایە، هەزار ئاڵتموساڵتمان‌کرد هەتا ٥٠ دینارمان بۆ سەروسیما پەیداکردووە. ها ... برۆ بۆی بەرە و پێی‌بڵێ سەری مانگ بە دەقیقە و سەعات نابێ دوابکەوێ و هەر پەنجاکەی ئەبێ بهێنێتەوە، ئەگینا حەیا و نامووسی هەزار ساڵمان ئەچێت.

ڕەحمە: ئەرێ فەتحتکردووە! چییە پیاوەکە؟ پەنجا دینارت بە قەرزی سەری مانگ هێناوە، ئەوە چییە ئەوەندە شت بە موهیمات ئەگریت؟!

صەلاح: گوایە حەقم نییە شت بە موهیمات بگرم؟ پەنجا دینار لەم ڕۆژەدا ٥٠ خەتمی جارانە، بێعەقڵ، پارە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ!

ڕەحمە: ئۆ گرە کوێربیت، کاکم، بە قوربانی سەعاتێکی سەری بم، پارە و خۆری لا وەکیەکە.

صەلاح: ئەها ڕەحمە، توو قەبری ڕەحمەتییەکەی باوکت، ئەگەر نەیبڕیتەوە. دە برۆ پارەکەی بۆ بەرە و زوو وەرەوە ... دە برۆ.

ڕەحمە: وا ئەڕۆم، وا ئەڕۆم، ئاگات لە منارەکە بێت.

(فاصل موسيقى قصير)

ڕەحمە: ئۆی، ئۆی، باوانشێواو خۆم، چێشتەکە بە بنی مەنجەرەکەدا سووتاوە! ئینجا چی بکەم؟ ئۆی ... ئەگەر مەریحە جرپن بە قسە نەیگرتمایە، ئاوەکەی وشکنەئەبووەوە، (دەنگی گریانی منالّ)، دە وسبە باوانشێواو، ئێستا باوکت یەتەوە.

(دەنگی لەدەرگادان)

ڕەحمە: وا هاتم ... وا هاتم.

صەلاح: ئەو بۆکڕووزە چییە؟ ... لەگەڵ تۆم نییە؟... چییە ئەو بۆکڕووزە؟ دیسان چێشتەکە سووتاوە؟

ڕەحمە: ئا ... سووتا، خۆ ئیعدامناکەیت؟! مەنجەرەکە تەنکبوو، خەتای من چییە؟!

صەلاح: وا جوابی مێرد ئەدرێتەوە؟ هیلاک و ماندوو و قوڕبەسەر، لە بەیانییەوە تا ئێستا بە پارچەیەک نان و تۆزێک گوێز. ئێستاش چێشتەکە ئەسووتێنی و خەتا ئەخەیتە ئەستۆی بنی مەنجەڵ! گوایە تەنکبووە، کچێ بۆ ناڵێی لە ماڵان بووم، هەی ... هەی ... موبارەک نەبێ، ئەمە خۆ منالّەکە ئامبالای وا لە پیسایییا!

ڕەحمە: ئینجا خەتای من چییە؟ ئەویش هەر خەتای منە؟

صەلاح: نەء ... خەتای منە ... ئەبووایە لە دائیرەوە سێچوار جار بهاتمایەوە، تا ژێرمنالّەکەم پاکبکردایەوە.

ڕەحمە: ئینجا تۆ برێیت و من برێم، ئەمە نابێ ... ئەزانم کوێت یەشێت؟!

صەڵاح: کوێم دێشێ، خوشکی حەمە ئەفەندی بەسەروسیمای تۆبەکردووی پیاوچاک؟ کوێم دێشێ؟ بۆچی ماڵی من، دەستکەوت و دەرامەت، سوود و زیانی من، تۆیش ناگرێتەوە؟ بۆچی ئەگەر قازانج بێ و زەرەر، بۆ ئەم ماڵە نییە؟! قابیلە بیبەم بۆ خوشکم یان بۆ دایکم؟!

ڕەحمە: ئەوەتی کاکم پەنجا دینارەکەی بردووە، تۆ گۆڕاویت.

صەڵاح: ناحەقمە بگۆڕێم؟ چووم خشڵی خوشکە قوڕبەسەرەکەم خستە ڕەهنەوە بۆ براکەت! سێ مانگ لە مەعاشەکەم، لە دەمی ماڵ و منالم، پارە گلئەدەمەوە و ئەیدەم بە فائیزی ٥٠ دینارەکەدا، ئەو بە وەعدی مانگێ بردی، وا بوو بە سێ مانگ.

ڕەحمە: ئینجا چی بووە؟ خۆ قەرزار قەرزاری نەکوشتووە.

صەڵاح: مەبەستت چییە؟ خۆ ئینشائەڵلا بە کوشتنیشمان نادەیت، ڕەحمەخان؟ لەپاش هەموو پیاوچاکییەکیش، هێشتا ئەم لەوسەلەوسەی تۆ؟ پاداشی چاکەمان ئەمەیە ڕەحمەخان؟ ئەمڕۆ دە جار چوومەتە دائیرە بۆ سەر حەمە ئەفەندیی برات.

ڕەحمە: ئۆی... ئۆی... (لە خۆی ئەدا) ... ئۆی، بۆ حەیامانئەبەی پیاوەکە؟

صەڵاح: حەیا؟ حەمە ئەفەندیی موبارەکی برات لەکن خۆی تۆبەیئەکرد لە قومار و خواردنەوە! کەچی ئەمڕۆ ڕەفیقەکانی پێیانوتم کە شەو نییە یاریئەکا و نەدۆڕێنێ، لەتاو قەرزار دائیرەشی بەجێهێشتووە. ڕاستە "تۆبەی گورگ مەرگە"، ڕاستە نابێ چاکە لەگەڵ ناکەسبەچەدا بکرێت، وا لەوێ خوشکەکەم تەڵاقئەدرێت ئەگەر ئاڵتوونەکانی تا سبەینێ بۆ نەبرێتەوە. ئەمە پانزە شانزە ڕۆژە خوشکی قوڕبەسەر خوتە و بۆڵەی مێرد قبووڵئەکات لەبەر خاتری سەروسیمای جوانی برای تۆ.

ڕەحمە: تۆ ئێجگاری شوورت لێهەرکێشاوە، بەزیای خێرم نەکرد! بەخوا باوکم من ئەڕۆم و تاقەتی تۆم نییە، نەوەررا.

صەڵاح: ڕاوەستە، جارێ مەڕۆ، ئێستا کاکت تەشریف ئەهێنێ بۆ ئێرە.

ڕەحمە: کاکم یەت بۆ ئێرە؟

صەڵاح: ئا... یەت بۆ ئێرە، گەورەمانئەکات! سەرمان بەرزئەکاتەوە.

(دەنگی دەرگا)

صەڵاح: بڕۆ لێیبکەرەوە.

ڕەحمە: وا هاتم... (دەنگی کردنەوەی دەرگا و پێوەدانی)

حەمە (بە توورەیی و کەرپیاوییەوە): ئەوە جەنابی صەلاحەفەندی، بۆچی دنیات لێ پڕکردم؟ بە هەرلایەکا ئەڕۆم خەڵقی پێمئەڵێن بچۆ بۆ ماڵی صەلاح! چیت ئەوێ لە من؟ ... منت بۆ چییە؟!

ڕەحمە: بەخوا باوکم من دەقیقەیەک لەم مارەدا نامێنمەوە.

صەلاح: تۆزێک هێمنببنەوە خوشک و برا، لەسەرخۆ، لەسەرخۆ، فەرموو دانیشە حەمە ئەفەندی؟

حەمە: دانانیشم، چیت ئەوێ؟ ئەمە هەزار جار هاتیتە سەرم بۆ دائیرە و بۆ ماڵەوە! چیت ئەوێ؟ عەیب نییە؟ شوورەیی نییە؟ ئەی بۆ وتوویانە خزم؟!

صەلاح: خزم! بەڵێ ڕاستە خزم! ضەروورییە خزم! بژی خزم.

حەمە: ئەوە گاڵتە بە قسەکانم ئەکەیت؟ ئەوە لە ڕووما وەرئەگەڕێیتەوە؟ من خوشکی خۆم دا بە تۆ، بێئابڕوو؟

صەلاح: کوڕە دەمدرێژی بەسیەتی، فیرنەگولە. خشڵی خوشکەکەمم بۆ خستیتە ڕەهنەوە بە وەعدی مانگێک. وا بوو بە سێ مانگ من فایزئەدەم. وا لەوێوە خوشکەکەم خەریکە تەلاقئەدرێت، لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا کە من و ماڵ و منداڵ و خوشکم لە زەیقەت و ناخۆشیدا ئەتلاینەوە، جەنابی موبارەکی شەریفت ئارەقتئەخواردەوە و قومارتئەکرد هەتا ڕۆژی حەق، بە پارەی خەڵقی، بە دەستبڕین و ساختەچییەتی.

حەمە: ئەوە بە من ئەڵێی ساختەچی؟... بە من؟!

صەلاح: قسەم پێمەبڕە، ئا بە تۆ ئەڵێم، ئەی پێتبڵێم چی؟ شەریفی ڕۆما! قوطبی ئەقطاب! عالم و فاضیل و دانا و هونەرمەند و پیاوچاک! کوڕە کەمێ بەزەییت بە حاڵوئەحواڵی ئەو ژنە قوڕبەسەرەتا بێتەوە، کەمێک بیر لە منداڵە ڕووتەکانت بکەرەوە، لەجیاتیی قومار و ئارەق و دەستبڕین، چاوێک بە ماڵەکەتا بخشێنە، بزانە ڕووتتر نییە لە ماڵی دۆم؟

حەمە: حەددت نییە بە باوکتەوە بە من بڵێی دۆم.

صەلاح: سیرمەی بنی کلاشی دۆم، هەزار ئینسانی بێئیرادەی سەرلێشێواوی بێئەخلاقی وەکوو تۆ ئەهێنێ. حەددت چییە بە کلاشی دۆمەکانیش بیت! کوانێ ئەو سەد دینارەی دوێنێ شەوێ بردتەوە لە ماڵی شەریفبەگ؟

حەمە: کام سەد دینار؟... سەد دیناری چی؟ بوختانم پیئەکەیت؟

صەلاح: ئەمڕۆ شەریفبەگ خۆی پێیوتم، ڕاوەڕێویم لەگەڵ مەکە، هەر ئێستە ٥٠ دینارەکە دەرئەهێنی و ئەیژمێری، دەی خێراکە ... خێرا.

حەمە: خێرا خێرای چیتە؟ تۆ ئەمڕۆ ئەڵێی شێتبوویت، وا چاوت سووربووە.

ڕەحمە: (هاوارئەکات) واز لە براکەم بێنە، بۆ لێی چوویتە پێشەوە؟

صەلاح: ڕەحمە... تۆ نزیکنەکەویتەوە، ئەگینا خراپت پیئەکەم. تۆیش حەمە ئەفەندی خێرا هەر ٥٠ دینارەکە دەربێنە، هەتا نەتدۆڕاندوەتەوە، ئەگینا ......

حەمە: ئەگینا چی؟.. ئەگینا چی؟

صەلاح: ئەگینا بەزۆر لێتیئەسێنمەوە... بزۆر.... دەی خێراکە.. خێرا.

حەمە: (بە ترسەوە) ها... ها... لەسەری مەڕۆ، ئێتر جارێکیتر نەیەیت بە ماڵما؟ ئەوا پێموتیت؟ بڕۆ کچی؟

صەلاح: (بە پێکەنینەوە) نەڕۆی ڕەحمە، ئەگینا جارێکیتر نایەیتەوە بەم ماڵەدا و کەسیش نانێرم بەشوێنتا و تەلاقیشتنادەم، هەتا کاکت ئەتبا شکاتت پێوەئەکات و بە ناچیز دەرتئەهێنم.

ڕەحمە: من ناچیزەم، سیلاح؟ من ناچیزەم؟

صەلاح: هەمووتان ناچیزەن، کاکت، تۆ، زمانە جوانەکەت، ناچیزە بەشوێن ناچیزەدا، ئەوە بۆ ڕاوەستاویت حەمە کەللەگا؟ بۆ دەرەوە، دەی بۆ دەرەوە... (ڕائەکا) (تەقەی دەرگا)، ئێ ڕەحمەخان! نەڕۆیشتی؟

ڕەحمە: (بەگریانەوە) من چیم کردووە؟... خەتای من چییە، سیلاح؟

صەلاح: خەتای تۆ، کورتبینی و بیعەقڵییە! ئەمەش خەتای تۆ نییە، خەتای ئەو کەسانەیە کە هەر زانییان، تەنها منداڵ فڕیدەدەنە دەرەوە، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە پەروەردەکردنیان، خەتای کۆمەڵی دواکەوتووە. من لەمەودواوە تەنیا مێردت نیم، مامۆستاشتم. پێویستە ئەوی باوک و دایک و برا نەیتوانی ڕاستیبکاتەوە، مێرد بیکات، ناچیتە ماڵی کاکت، ئاگات لە ماڵ و منداڵی خۆت ئەبێت. تیئەگەیت؟

ڕەحمە: ئەی بۆ تیناگەم، خۆ بوقرەموون نیم؟

صەلاح: بڵێ صەلاح؟

ڕەحمە: سیلاح.

صەلاح: کچێ صەلاح، سیلاح بە چاوت، صەلاح.

ڕەحمە: صەلاح.

صەلاح: ماڵ، مناڵ، شەماڵ، پیاڵە، بۆقلەموون.

ڕەحمە: ماڵ، مناڵ، شەماڵ، پیاڵە، بۆقرەموون.

صەلاح: ئای.... کچێ بۆقلەمووووون.

ڕەحمە: ئۆی... دە بۆقلەموون...... باشە؟

صەلاح: بەم جۆرە دەستپێئەکەین، پشت بەخوا سەرئەکەوین و زمانمان ڕاستئەکەینەوە دوابەدوای بیروباوەڕ ڕاستکردنەوەمان!

(خیتام)

*

١. ڕەفیق چالاک - صەلاح

٢. ئەحمەد دلاوەر - ڕەحمە

٣. نووری عەنبەر - حەمە

٤. ئەحمەد مەحموود - نەسرین

## هامسەری ژیان*

١٩٥٤/٣/٢٩

نووسینی: قاسم خەتاب

(گۆڕین)

برایم: (بە هەڵەداوان دێتەوە) (تەقەی دەرگاکردنەوە) بابە گیان، بابە گیان.

حەسەن: گیانی بابە، برایم گیان، چییە؟ چی قەوماوە؟

برایم: شوکور دەرچووم، دەرچووم، بووم بە مەحامی.

حەسەن: ئۆخەی، خوایە سەد شوکور، ئەلحەمدولیللا. خوای گەورە بە زۆری نەزانی، بێنە ناوچاوانت ماچبکەم. (ماچ)

برایم: بابە گیان، من تەشەکوری تۆ ئەکەم، بێنە دەستت ماچبکەم. ئەگەر تۆ نەبوویتایە، من چۆن ئەمتوانی بخوێنم! چۆن ئەگەیشتمە ئەم ڕادەیە! بێنە دەستت ماچبکەم. (ماچ)

حەسەن: کوڕی شیرینم، شت نییە لە دنیادا بەقەد جگەر خۆشەویست بێت! ئینجا ئەگەر خزمەتی تۆم نەکردایە و پێمنەگەیاندیتایە، ئەی بۆ کێم بکردایە؟ بۆ گڵ؟

برایم: بەڕاستی بابە گیان، بەتەواوی واجیباتی باوکێتیی خۆتت بەجێهێناوە.

حەسەن: خۆزگەم بە خوزگاییی خوا، دایکت بمایە، تا ئەم ڕۆژەی ئەدی. (ئاخ) بەڵام داخی بە جەرگم، لە هەشت ساڵ لەمەوبەرەوە مرد و ئاواتی بردە گڵ.

برایم: بابە گیان موتەئەسیرمەبە، هەزار ڕەحمەت لەو. بەڵام شانوشکۆ و پیاوەتیش بۆ تۆ کە نەتهێشت دایکمردوویی پێوە دیاریبدات، کە تووشی داوی باوەژنت نەکردم، کە وەکوو عابید خۆت بۆ خزمەتی من تەرخانکرد. بەڕاستی

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٥٢-٢٦٣.
جێگەی گوتنە دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەیشی بە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە. بۆییێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

کەم پیاوی وەکوو تۆ لەم دنیایەدا هەڵئەکەوێت، کە هەموو شتێک لە خۆی حەرامبکات لە ڕێی پێگەیاندنی کوڕەکەیا.

حەسەن: سەد شوکور کە ئەمەندە تێگەیشتوویت، کە ئەمەندە هەستت بەرزە و ئەمەندە دڵسۆزی.

برایم: لەسەر هەستی بەرزی و تێگەیشتوویی و دڵسۆزیی تۆدا، هەموو شتێک حەرامە. من دەستنێژی تۆم، بێگومان ئەبێ هەوڵبدەم کە لاساییی خوو و ڕەوشتبەرزیی تۆ بکەمەوە.

حەسەن: کوڕە شیرینەکەم، ئەو شتانەی تۆ باسیانئەکەی، هەمووی لە دایکتا مەوجوودبوو، منیش ئەو پێیگەیاندووم. ئەو ڕەحمەتییەم هێنا، فرم بەسەر دنیاوە نەبوو. کە بوو بە هامسەری ژیانم، ژیانمی گۆڕی.

برایم: بەڵێ، ئافرەتی باش نیعمەتی خوایە. گەلێک جار کە چاومان بە ئینسانی زۆر باش یان زۆر خراپ ئەکەوێ، پێویستە تەماشای ئەودیوی بکەین، لە دایک و کەسوکار و ژنی بکۆڵینەوە تا نیوەی حەقیقەتمان بۆ دەرئەکەوێت چونکە نیوەکەیتری مەسەلە بەستراوە بە زرووفی ناو کۆمەڵەوە، بە جۆری ژیانی خۆیەوە.

حەسەن: هەتا ئەو دەقیقەی چاوی لێکنا، هەر خەمی تۆی بوو، هەر ئەیوت کە برایم زیرەکە و ئەبێ بە ئینسانێکی باش، ئەگەر بێت و باش پەروەردەبکرێ و هامسەرێکی باشی بۆ بدۆزرێتەوە.

برایم: تۆش هەموو واجیباتێکی باوکێتیی خۆتت بەتەواوی بەجێهێناوە و هەزار ڕەحمەتیش بۆ ئەو.

حەسەن: هێشتا بەتەواوی -کوڕم- من واجیباتی خۆمم جێبەجێنەکردووە، پێویستە تەواویکەم، ئینجا ئەو حەلە بە دڵنیایی ڕووبکەمە بارەگای خوا.

برایم: وا مەڵێ، بابە گیان، ئینشائەڵڵا هەتا دێرزەمانێک ئەمێنیت. ئینجا من بەبێ تۆ، بەبێ پشتیوان، بەبێ ڕابەڕ و ڕێپیشاندەری دڵسۆز، چۆن ئەتوانم دەرەقەتی واجیباتی پیاوەتی بێم؟

حەسەن: کوڕم شیرینەکەم، بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن و ناوچاکی. ڕێی پیاوەتی بگرە. هەتا ئەتوانی بخوێنەرەوە و لە کۆمەڵ، لە خەڵقی، لە ژیان وردببەرەوە. هەوڵبدە لەگەڵ پیاوچاکانا چەوت ڕاستبکەنەوە.

برایم: بێگومان‌به که بەم ڕێیەدا ئەڕۆم، شەو ئەخەمە سەر ڕۆژ بۆ خزمەتی تۆ، بۆ خزمەتی خەڵقی، بۆ خۆشکردنی ژیانێکی پڕ ئاسوودەگی و کامەرانی و جوان‌ڕێکخراو.

حەسەن: بێ هامسەرێکی باش، بێ ژنێکی تێگەیشتووی ساکاری پاکی باش پەروەردەکراو، ژیان زۆر زەحمەتە.

برایم: ئەی تۆ چۆن توانیت ئەم ....

حەسەن: ڕاوەستە، ئەزانم ئەڵێی چی؟ وتم ژیان زەحمەتە، نەموت ئینسان ناژی.

برایم: بەڵێ، ڕاستە بابە گیان، ئێستا ئەفەرمووی چی؟ لە کوێ مەحەل بگرم بۆ موحامات؟

حەسەن: مەحەل ئاسانە، شوێنێکی بەرچاوی نزیک سەرا. بەڵام ئەمەوێ جارێ مەسەلەی ماڵوحاڵیشت بۆ جێبەجێبکەم، ئافرەتێک ماڵ بڕازێنێتەوە، ماڵێک کە دەمێکە دەستی ئافرەتی لێنەکەوتووە.

برایم: بابە گیان، با جارێ بوەستین، ئێستا من کەی وەختی ژن‌هێنانمە؟ جارێ بیسمیللا هێشتا دوو پوولم دەست‌نەکەوتووە.

حەسەن: من بۆت ئەهێنم، کوڕم. ناهێڵم یەک‌فلس خەرج‌بکەیت. من بۆم دۆزیویەتەوە، لە دەمێکەوە وا لە مێشکما و فیکری لێئەکەمەوە، لە دەمێکەوە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەم.

برایم: وەڵڵا بابە گیان لە عاستی تۆدا -ئەساسەن- ڕووم‌نییە قسەبکەم و چاوم نییە هەڵیببڕم. تۆ چۆن ئەفەرمووی، وا ئەکەم.

حەسەن: باشە، کەواتە هەموو شتێک ئاسانە، من خۆم هەموو شتێک تاوتوێئەکەم.

برایم: نەچین بەلای گرتنی مەحەلەوە؟

حەسەن: من نایەم، تۆ خۆت بچۆ با فێری موساوەمە و موعامەلە و جامبازیی خاوەن‌موڵکەکان ببیت، چونکە ئەمەش دەرسێکی پێویستە بۆ لەکۆمەڵگەیشتن.

برایم: خوانەکات فێری شتی خراپ ببم. باشە، ئەی مەسەلەی کورسی و مێز و..

حەسەن: بچۆ بۆ لای وەستا فەرەجی دارتاش، پێیبڵێ کوا شتومەکەکانی باوکم؟

برایم: مەعنای چی بابە گیان؟

حەسەن: هەموو شتێکم بۆ بە دروستکردن داویت. حەتا قیتعەی بەردەرگاکەش، مەحامی ئیبراهیم حەسەن.

برایم: زۆر زۆر تەشەکورتئەکەم، خوانەکات قەت هیچت لێ‌بێت.

حەسەن: دە بڕۆ و لەبیرت‌نەچێ، نزیک بە سەرا بێت، موڵکەکانی کاک ڕەشید مەسەلا.

برایم: باشە، بابە گیان، بە دوعا جارێ.

حەسەن: خوات لەگەڵ کوڕم.

(پشوویێ مۆسیقا)

برایم: (تەقەی دەرگا)

ناجی: کێیە ئەوە؟ ئەوە کێیە لە بەر دەرگا؟

برایم: منم، من برایمم، تووخوا..

ناجی: چیت ئەوێ باوکم؟ برایم کێیە؟

برایم: برایمی حەسەن ئەفەندیم، تووخوا کاک ڕەشید لە ماڵەوە نییە؟

ناجی: ئۆ، ئەوە تۆی برایم گیان؟ ئەی بۆ ناڵێی منم؟ یا خوا بەخێربێی؟ دە فەرموو وەرە ژوورەوە.

برایم: ڕووسووربیت، بەخوا بۆ لای کاک ڕەشید هاتووم.

ناجی: بەخوا باوکم هەر ئێستا چووە دەرەوە، خێرە، دە بە من بڵێ؟

برایم: بەخوا بۆ مەسەلەی خانووە چۆڵەکەتان هاتووم، لێی بگرم.

ناجی: خانووە چۆڵەکەمان ئەگریت؟ بۆچی خێرە؟ خۆ لەگەڵ باوکتا عاجزیتان نەبووە؟

برایم: (پێ‌ئەکەنێ) عاجزی مەعنای چی؟ ئەمەوێ بیکەم بە مەحەل.

ناجی: مەحەل؟ مەحەلی چی برایم گیان، عەیب‌نەبێ، نادی؟

برایم: نەء، جێگای مەحامات، ئەوقاتی، چونکە دەرچووم لە مەکتەب و بڕایەوە.

ناجی: ئۆخەی سەد شوکور، ئۆ نوخشەش بێت لە جەمالی ئامۆزام. ئەی بۆ جەمال قسەی‌نەکرد؟

برایم: بەخوا بڵێم چی، کەواتە نەختێکی‌تر یەمەوە، سەری باوکت ئەدەم.

ناجی: نه ئیحتیاج‌ناکات، ئەو خانووەی که ئەتەوێ حیسەی منه و لەپاشا باوکیشم پێی‌خۆشه بۆ تۆ. حەزئەکەی له ئێستاوه بچۆره ناوی؟

برایم: ئەی، ئاخر چۆن؟ نابێ باوکت موافەقەت‌بکات، ئەی مەسەلەی کرێ؟

ناجی: تۆ هەقت بەسەر هیچەوه نەبێ، بڕۆ بچۆره ناوی، هەزار خانوو به قوربانی دەقیقەیەکی تۆ بێت.

برایم: ئاخر مەسەلەی کرێ، نابێ، هەر ئەبێ بیبڕێنینەوه، ئەگینا ناچمه ناوی.

ناجی: کەواته مادام ئەوەنده هەر ئیلحاح‌ئەکەیت، مانگی به حەوت دیناره.

برایم: ئەی کەمتر مومکین نابێت؟

ناجی: بەرێ وەڵڵا، بڵێم چی. تۆ چۆنت ئەوێ با وابێت.

برایم: شتێکی مەعقوول، نه شیش بسووتێ و نه کەباب.

ناجی: ئیشائەڵڵا، نه شیش ئەسووتێ و نەک کەباب. باشه چەند ئەڵێیت؟

برایم: پێنج دینار باشه؟

ناجی: چۆن ئەڵێیت با وابێت. ها ئەوه کلیلەکەیەتی، لێره هەڵواسراوه، له ئێستاوه بگوێزەرەوه ناوی بەخێرێ.

برایم: تەشەکورت‌ئەکەم، زۆر مەمنوونتان‌بووم، خوا حافیز.

ناجی: ئۆ خوا حافیزت‌بێ، یا خوا خوات لەگەڵ.

(به دەنگی نزم) ئۆ به برام بی، برایم ئەفەندی.

(پشووی مۆسیقا)

حەسەن: ئەوه چییه برایم؟ بۆچی وا عاجزی؟

برایم: عاجزنیم بابه گیان، هەتا بڵێی هیلاکم. قەد نەمئەزانی ئیشکردن، مەحامات ئەمەنده قورسه و ئەمەنده سەبر و تەحەمول و ئەرکی ئەوێت.

حەسەن: کوڕی شیرینم، هەموو ئیشێک پێویستی به سەبر و توانایه.

برایم: ئەمڕۆ له مەحەل فەلاحێکم لابوو، خوا ئەیزانێ بەلای کەمەوه پانزه جار مەسەلەکەی تەکرارکردۆتەوه و گێڕاوەتەوه، ئەرزەکەی چەنده، چۆن برا،

ئامۆزاکەی وتی چی؟ دراوسێکانیان چییان وت، ئیتر مەپرسە. کاسوورِیکردم، مێشکیبردم.

حەسەن: بەڵێ ڕاستە، وە زۆر چاکتکرد کە گوێت لێگرت. بێگومانبە کە گوێگرتنی زۆر پێویستە بۆ مەحامیی ناجیح.

برایم: ڕاستە، بەڵام مێشکی ئینسانیش ئەکەوێتە خوارەوە.

حەسەن: ناکەوێتە خوارەوە، مەترسە. سەبرتببێ بۆ ئەوەی لە شت بگەیت. تۆ ئەزانی کە باش گوێت لێگرتن، جارێکیتر کە شتێکیان لێقەوما، ڕائەکەنەوە بۆ لای تۆ؟

برایم: ڕاستە بابە گیان، منیش وام کرد. لەدوای ئەوەی کە ئیتر قسەی پێنەما، بەتەواوی دڵنیابوو وە زۆر بە ڕووخۆشی چووە دەرەوە.

حەسەن: کوڕی خۆم، وا بوو بە دوو مانگ کە کەوتوویتە ژیانی عەمەلییەوە.

برایم: بەڵێ بابە گیان، دوو مانگە مەحامین، کاسپیئەکەین، پارە پەیدائەکەین. بە ڕاستی ئەوەندەی لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا فێریبووم، بە دەساڵی مەکتەب و ناو کتێب فێرینەئەبووم.

حەسەن: کوڕم، کتێب و مەکتەب و خوێندن فەرعن. سەرچاوەی ئەسڵی، ژیان خۆیەتی، ئەم کۆمەڵەیە و ئەم خەڵقە.

برایم: بەتەواوی نەمئەزانی ژیان مەعنای چی؟ نەمئەزانی ئیشوکاری ئەم خەڵقە چەندە پروچڕە و تێکەڵاوی یەکتری بوون. نەمئەزانی شار، لادێ، ئەرز و ئاو، کشتوکاڵ و فەلاحەت، دزی و کوشتن، بڕین و خەرمان سووتاندن و پیاوکوشتن و زینا و زوڵم و زۆر، مەعنای چی؟ نەمئەزانی بیروباوەڕی خەڵقی ئا بەم جۆرە جیاوازە، بڕوامنەبوو لەسەر هێشووەترییەک پیاوێک، ئینسانێک ئەکوژرێت!

حەسەن: هێشتا وایت لە سەرەتای ڕێگادا، کوڕی خۆشەویست، زۆرت ماوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە هەموو شتێک بگەی. با بێینەوە سەر مەسەلەکان.

برایم: کام مەسەلە بابە گیان؟

حەسەن: مەسەلەی ژنهێنانەکەت.

برایم: ئێستا هەر فکرت ناگۆڕێت، بابە گیان؟

حەسەن: بێگومان نایگۆڕم، ڕۆڵە ماڵ و ژنیان وتووە، ماڵ بێ ژن هیچ ناهێنێت.

برایم: ڕاستە، بەڵام بابە گیان ئەترسم ژنهێنان ببێتە هۆی دواکەوتنم.

حەسەن: ژنهێنان ئەگەر بەوردی لێیکۆڵرایەوە و ئیختیاری مووەفەقبوو، ئەوا بێگومان ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی پیاو.

برایم: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەم نەوعە ئافرەتە لە کوێ بۆ ئێمە ئەدۆزرێتەوە، لەناو ئەم موجتەمەعەدا کە حەرامە کوڕ و کچ یەکتریی تیا ببینن؟

حەسەن: بێگومانبە کوڕم، ئەگەر تێکڕا هەموو خەڵقی ئەخلاق و ڕەوشتی پتەونەبێت و جۆری هەڵسان و دانیشتن و ژیانیان بە باشی نەگۆڕێت، تێکەڵاویی بێسنوور ئەبێتە هۆی کۆستێکی کۆمەڵایەتیی گەورە.

برایم: بەڵێ ڕاستە، گورگ و مەڕ بەیەکەوە ناژین بێزیان. بەڵام شوکور ئێستا خەڵقی زۆر لە جاران پێشکەوتووترن، وە لەپاشا چینە خوێندەوارێکی باشیش پێگەیشتوون، کە بێگومان ئەبنە پێشڕەو بۆ دامەزراندنی بنەماڵەی پتەوی پاکی ڕەوشتبەرز.

حەسەن: من لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ تۆ نیم، هێشتا کوڕم زۆرمان ماوە.

برایم: بەڵێ ڕاستە، بەڵام یەعنی -مەسەلا- من بچم ئافرەتێکی نەخوێندەواری جاهیل کە هیچ نازانێ بکەمە هاوسەری ژیانم و عومری خۆمی لەگەڵا ببەمە سەر؟

حەسەن: ئافرەتی نەخوێندەوار چییانە؟ نازانن بخوێنن و بنووسن، وەنییە؟

برایم: بەڵێ، ئەمە سەبەبێکە. جگە لەوە، لە ئیستیلاحاتی دنیای تازە ناگەن. هەتا ئێستاش کچی گەلێک ماڵی -گوایە- موتەمەدین بە باوڵ ئەڵێن باڵۆن، یان بە موجەللە ئەڵێن مەجدڕە.

حەسەن: ئەمە دەلیل نییە کوڕی خۆم بۆ خراپیی ئافرەتی نەخوێندەوار، ئەی ئەگەر خوێندەوارەکان نەخوێندەوارەکان نەهێنن، چۆن ڕێی ڕاستی فێری نەخوێندەوار ئەکرێ؟!

برایم: ئینجا بابە گیان، ئەوی ژنئەهێنێ قابیلە مەکتەب دابنێ، لە ماڵەوە ببێ بە موعەللیم؟

حەسەن: بەڵێ، ئەگەر هەموو خوێندەوارێک لە ماڵی خۆیا، لە وڵاتی خۆیان نەبێت بە موعەللیم وە شت فێری نەزان نەکا و دەستیاننەگرێت، بە خوێندەوار ناژمێرێت. عیلم یەعنی زانین، یەعنی فێرکردن، نەک موجەڕەد تەنها شەهادەت وەرگرتن.

برایم: بەڕاستی بابە گیان، قسەکانت جوانن، بەڵام کێ ئەتوانێ ئەمە تەتبیقبکات؟

حەسەن: هەموو ئینسانێکی تێگەیشتووی ڕاستی دڵسۆز، ئێستا بێینەوە سەر مەسەلەکە.

برایم: فەرموو، ئەمرکە.

حەسەن: چاوت بە بەهیەی پورزات کەوت؟

برایم: بەڵێ، نیوەڕۆ کە هاتمەوە بۆ قاوەڵتی دیم. بەڕاستی بابە چێشتی چاک لێئەنێ و ئەمڕۆ ماڵەکە زۆر پاکوتەمیزە.

حەسەن: ئەی ڕۆڵە ژن و ماڵیان وتووە.

برایم: ئەوە بابە گیان چۆنە ئەمڕۆ لێرەی؟

حەسەن: بە خوشکمم وت کە لەمەودواوە با لێرەبێ و خزمەتمانبکات، چونکە حاڵیان زەعیفە و جگە لەوەش، ویستم باش ببینی، بۆ ئەوەی بزانم ئەڵێی چی؟

برایم: لە چ خسووسێکەوە؟

حەسەن: لە خسووسی هێنانیەوە.

برایم: نامەوێت بابە گیان، هەرچەندە پورزامە، بەڵام نەخوێندەوارە و بە عەمەلی من نایەت.

حەسەن: ڕۆڵە، سەد بار گۆشت لەڕ بێ، هەر لەسەر نانە. بەڵێ، ڕاستە نەخوێندەوارە، بەڵام هامسەرێکی دڵسۆز و بەئەخلاق و پاکە.

برایم: بەخوا بابە من هامسەری وام ناوێت.

حەسەن: وام ئەزانی ئەتەوێ، بەڵام قەی چێکات. باشە کێیترت ئەوێ بۆت بهێنم.

برایم: ناجیی کاک ڕەشید، وا لە موتەوەسیتەدا و کچێکی جوان و عاقڵە و دەوڵەمەندە و..

حەسەن: ڕۆڵە، جوانیی دەموچاو حسێب نییە. شەرت جوانیی عەقڵ و دەروونە. جگە لەمەش، پارە چڵکی دەستە، پیاو پێویستە چاو نەبڕێتە سەروەتی ژنەکەی، کوڕم. تۆ ژنئەهێنی، خۆ تیجارەت ناکەیت.

برایم: بەخوا هەر ئەوم لەلا باشترە.

حەسەن: نامەوێ لەمە زیاتر موناقەشەت لەگەڵا بکەم، کەیفی خۆتە. خۆت مەسئوولی نەتیجەی ئەم ئیلحاحەیت. من بۆت ئەهێنم، بەڵام ئیختیارەکەت باش نییە و بڕواناکەم هامسەرێکی باش بێت.

برایم: بزانین چۆن ئەبێت، ئەگەر حەزیش‌ئەکەی نایهێنم.

حەسەن: من بێ‌دڵیت ناکەم. هیوام زۆرە سبەینێ ڕەحمەتم بۆ بنێریت.

برایم: ئێستا کەواتە ڕازیت بابە گیان.

حەسەن: ئا ڕازیم و هەموو هەفتەییێکی‌تر نابات، بۆتی ئەهێنم.

(مۆسیقای سەرەتای دراما)

برایم: ناجی؟ ئەوە باوکم کوا؟

ناجی: چووزانم، من بەشوێن باوکتەوەم، چووزانم بۆ کوێ چووە.

برایم: ئینجا ئەم ڕووگرژی و تووڕەبوونە مەعنای چی؟ ژن وا جوابی مێرد ئەداتەوە.

ناجی: توخوا ئەگەر وزنەبیت. بەزیادنەبێ، ئەڵێی لە خوێنا وەری‌گرتووم. هەموو ڕۆژێک لەسەر باوکت بەزمێکم پێ‌ئەگریت، بۆچی وا ئەکەی؟ خۆت لە لایەک و باوکت لە لایەکی‌تر.

برایم: باوکم چیی لێ‌کردوویت، ناجی‌خان؟

ناجی: ئینجا چی ماوە نەیکات، هەموو ڕۆژێک شەش سەعات موحازەرەم بۆ ئەدات و نەسیحەتم ئەکات، وەکوو من نەخوێندەواربم وەکوو بەهیەخانی....

برایم: دەم‌درێژی نەکەی ناجی، ناوی بەهێ نەهێنی.

ناجی: بۆچی ناوی نەهێنم؟ ئاخر ئەویش فێری دەم‌درێژی بووە لە باوکتەوە.

برایم: کچێ عەیب‌ناکەی، ناجی؟ ئەمە ژنی خوێندەوار و عاقڵ و سەلار، ئەبێ بەم نەوعە بجووڵێتەوە و قسەبکات!

ناجی: جووڵاندنەوەم چییەتی؟ مەنعی ماڵی هەموو خزم و کەسوکار و باوکت لێ‌کردووم، نایەڵی قبووڵم ببێت، نایەڵیت بچم بۆ سینەماییێک، بۆ سەیرانێک.

برایم: کەواتە ئەم داخانەیە ئەتهێننە جۆش؟ مەنعم بۆیە لێکردی، چونکە هەرچییەک پەیدائەکەم، ئەیدەی بە جلوبەرگ و ئەیدەی بەوان. جگە لەوە، من تاقەتی ئەم هەموو دەعوەت و مەسرەفەم نییە.

ناجی: ئینجا خۆم ئەیکەم، یەک فلسی تۆم ناوێت. باشە بێنە پارەی ئەم سێ مانگەی مەحەلەکەم بدەرێ.

برایم: تووخوا؟ ڕاستە، حەقت هەیە. ساحێبی خانوویت و منیش کرێگرتەم، ڕاستە کرێگرتەی ژنەکەمم.

ناجی: تۆ ژن بۆچی ئەوەندە بە سووک دێتە بەرچاوت؟

برایم: من ژنم بە سووک نایەتە بەرچاو، بەڵام تەسەڕوفات و قسەت جوان نین.

ناجی: تەسەڕوفاتم چییەتی؟

برایم: ناشیرینن، لام جوان نین، حەز لە چارەی جەمال ئەفەندیی ئامۆزاشت ناکەم.

ناجی: چییەتی؟ ئەویش چەند مانگێکیتر وەکوو تۆ ئەبێ بە مەحامی.

برایم: ببێ بە هەر شتێک، لای من وەکوو چۆنە، وایە.

ناجی: چۆنە؟ چییەتی؟ من دەستم پێ لێهەڵناگیرێ.

برایم: بە سەری باوکت، ئەبێ دەستی لێهەڵگری.

ناجی: ناوی باوکم مەهێنە، دەی وەکوو تۆ بە پارە هەڵئەکێشێ.

برایم: هەموو کەسێک ئەزانێ چۆنی کۆکردۆتەوە، لە کوێی بووە! ڕێگا ئاسانە، بەڵام هەندێ کەس هەر ئەیانەوێ فەقیر بن و قەد بەو ڕێیانە دەوڵەمەندنەبن، وەکوو باوکت.

ناجی: نەخەڵەتابی ئەم نەوعە قسانە بکەیت! جگە لەوە، لەمەودواوە من بە ئارەزووی خۆم هەموو شتێک ئەکەم، من حوڕڕم، ئافرەتیش هەموو حەقێکی هەیە وەکوو پیاو.

برایم: ئەم قسانە زیادن بە دەمت، تۆ هەموو حوڕییەتێکی تەواوت هەبوو، بەڵام تێکت دا، لەبەرئەوە حوڕییەت نییە بۆ دوژمنی حوڕییەت.

ناجی: تووخوا؟ بە قانوون قسەم لەگەڵا ئەکەی؟

برایم: ئەی بە چی قسەت لەگەڵا بکەم؟ بە پارە؟

حەسەن: (لە دەرگا ئەدا)

برایم: کێیە؟

حەسەن: منم.

برایم: هەڵسە، بەهێ دەرگاکە لە باوکم بکەرەوە.

بەهێ: وا ئەچم.

ناجی: ئێستا نەتیجە؟ قەرارێک بدە. من ئەچم بۆ ماڵی باوکم.

برایم: ببڕێتەوە، باوکم هاتەوە. ناچیت، یەعنی ناچیت.

حەسەن: ئەوە چووشم بۆ مەحەل، لەوێ نەبوویت، برایم.

برایم: بەخوا تۆزێ ئیشم هەبوو.

ناجی: ئێستا مامە بۆچی وەکوو موحازەرە بۆ من ئەدەیت، دوو قسەش لەگەڵ برایما ناکەیت.

حەسەن: قسەی چیی لەگەڵا بکەم؟ لە چ خسووسێکەوە؟

ناجی: بۆچی وام لێئەکەن؟ چ خوا هەڵناگرێ بە باوک و کوڕ حەپستانکردووم.

حەسەن: کچم، من محازەرەم بۆ داوی، تا ڕێک بڕۆیت بە ڕێگاوە و ژیانتان بە کامەرانی ببەنەسەر.

ناجی: بەڵێ، ئەم قسانەم زۆر بیست.

برایم: چیت ئەوێ ئێستا؟ بۆچی بە ئاشکرا قسەناکەیت؟

ناجی: ئەمەوێ لە هیچ شتێک مەنعنەکرێم. وا لەم ماڵەشدا نامێنمەوە، ئەچینە یەکێک لە خانووەکانی باوکم.

حەسەن: من موداخەلەناکەم ئیتر. وە هەرچی قەرارێکیش ئەدەن بە چاکیی خۆتان، من پێم خۆشە.

برایم: قەرار وایە هەر لێرە ئەبین، وە ناچیت بەلای کەسوکارتا، چونکە ئەوان تۆیان وا لێکرد، ئەوەندە سرپاندیان بە گوێتا. جگە لەوەش، تەحەمولی مەسرەفی وا گرانم نییە. ئەمما مەسەلەی جەمال ئەفەندیی ئامۆزات کە مەنعمکرد لەوەی بێتە ئێرە، لەبەرئەوە بوو، چونکە لەملاوئەولا وتبووی لەگەڵ تۆدا -گوایە- دەزگیران بوون.

ناجی خان: ڕاستە.

ناجی: بەڵێ ڕاستە، ئا ڕاستە و چی ئەکەی بیکە و من هەر ئەچم، هەر ئێستا ئەڕۆم.

برایم: قسەم بشکێنیت تەلاقتئەدەم، کەریتینەکەی؟

ناجی: وەڵڵا سا ئەڕۆم و یەکدەقیقەی تیا نامێنم. ئا بێنە عەباکەم بەهیە.

برایم: ئەوە کردت بە ڕاست؟

ناجی: زۆروتنی ناوێ، کاولمکرد بەسەر خۆت و باوکتا.

حەسەن: باوکی بۆچی، ڕۆڵە؟

ناجی: هەموو خەتای تۆیە.

برایم: خەتای ئەو نییە. خەتای منە کە لە سەرەتاوە هەموو شتێکم [بەقسەکرد]، ئیللا ئەم ژنهێنانە نەبێت. وا ئەمەشی بەقسەئەکەم. ناجیخان سێبەسێ تەڵاقتکەوتبێت ناهامسەری ژیان، بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە.

ناجی: قبووڵمکرد، قبووڵمکرد. بە کوێراییی چاوت شووئەکەم بە جەمال.

برایم: لە ئەوەڵەوە کە وەفاتنەبوو، شوو بە بیست کەسیتریش بکەی، تازە هەیهوو. مەڕۆ ڕاوەستە، با جارێ پانزە دیناری کرێی مەحەلەکەت بدەمێ، لە سبەینێشەوە چۆڵیئەکەم.

ناجی: چۆڵیناکەی، چش، بێنیە.

برایم: دە فەرموو، خوا حافیز.

ناجی: خوا حافیزتاننەبێت، ئاوا.

(مۆسیقا)

برایم: ئەلحەمدولیلا کە ڕزگارمانبوو، من و ئەمەیان نەوتبوو.

حەسەن: لە ئەوەڵەوە کورم پێموتی، ئەم جۆرە ئافرەتە نیوە خوێندەوارانە غەڕا و مەغروورن.

برایم: بەڵێ، غەڕا و مەغروورن بە خوێندنەکەیان، بە سامانی کەسوکاریان. وە ئەو تۆزە حورپییەتەی هەیانە، نازانن چۆن لەکیس خۆیانی ئەدەن بە خوتوخۆڕایی. جگە لەوەش،ماڵەکانمان ئەکەن بە نادی و ئوتێل. بەڕاستی ئەم نەوعانە دەردیسەرین، نەک هامسەری ژیان.

حەسەن: ئۆخەی کە ئەم فەسڵەش بڕایەوە و دواییهات، ئێستا قەراری چیت دا؟

برایم: مەحەلم گوێزایەوە سەر چایخانەکەی عەبدوڵلا و هەموو مەسەلەی مارەیی و شتومەکێشم لە ئیجرا کۆتایی پێهێنا و لەسەر ئیشوکاری خۆم ئەڕۆم.

حەسەن: لام وایە ئەم ژنە وای چاوترسێن کردی، کە ئیتر جارێکیتر بیر لە هامسەری ژیان نەکەیتەوە.

برایم: بەڵێ، سەدمەییێکی گەورە بوو، بەڵام بوو بە تەجروبە بۆم. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر موافیقی، من ئامادەم بەهیە بهێنم.

حەسەن: ئاخر نەخوێندەوارە.

برایم: بەڵێ، نەخوێندەوارە. بەڵام لەم ماوەیەدا بۆم تاقیبووەوە کە عاقڵ و سەلار و بەتەگبیر و گوێلەمست و دڵسۆزە. بۆم دەرکەوت کە ئیشکەر و زیرەکە و ئامادەیە بۆ فێربوون. دە ئەمەتا هامسەری ژیان. پیاو بەشوێن هامسەری وا بگەڕێت. ئەگەر خوێندەواریش بێت باشتر. ئەگەر خوێندەواریش نەبوو، پیاو پێویستە خۆی فێریبکات.

حەسەن: بڕیاری تەواوت دا کەواتە؟

برایم: بەڵێ بڕیاری تەواو، من فێری خوێندن و نووسینی ئەکەم.

حەسەن: موحازرەدانی مەعلووماتی عام و تەجروبەش لەسەر من.

برایم: بەم جۆرە بەهیە ئەبێتە هامسەرێکی باش، هامسەری ژیان.

(تەواو)

## ئامۆژگاریی میکرۆفۆن

١٩٥٤/٤/٣٠

چیرۆکی یەکەم

**کوێخا و پیرێژن**[١]

(دەنگی باڵندە و ئاژەڵ.... لادێ پیشانبدا)

غەفوور: (بە هەڵەداوان) دایە، دایە گیان.

خونچە: گیانی دایە، باوکە گیان غەفوورە، ئەوە بۆچی بەم بەیانییە هاتیتەوە وا زوو؟

خونچە: دیسانەوە مەڕوماڵاتەکەی کوێخا کەوتوونەتەوە ناو پەڵەگەنمەکەمان.

خونچە: ئەیەڕۆ، وا نەڵێی غەفوور، ئەی تۆ چیت کرد؟

غەفوور: هەتا بەسەراگەیشتم وە دەرمکردن، نیوەیان زیاتر خوارد.

خەنچە: ئەی ماڵکاول خۆمان، ئەی ڕەنجەڕۆ خۆمان. ئینجا چی بکەین، بۆ خاتری خوا؟ هەموو خایەومایەمان ئەم پەڵەگەنمە بوو.

غەفوور: ئەڵێی چی دایە، لاقی سێچوارێکیان بشکێنم بە خڕک؟

خەنچە: خوا هەڵناگرێ ڕۆڵە، ئەمانە حەیوانن، عەقڵیان کوا؟ بەشوێن خواردنا ئەسووڕێنەوە.

غەفوور: ئەی خەتای کێیە؟ ئێستا چۆن ئێمە بێدەنگبین؟ بەخوا ئەگەر باوکم ئەما..

خونچە: لێلاییمدایە بۆ باوکت، ڕۆڵە، بەخوا هەتا مابوو، بەرازیش نەیئەوێرا بکەوێتە ناو مەرزەیەوە.

غەفوور: ئێستا چی ئەڵێی بیکەین، دایە گیان، بچم لە شوانەکە بدەم؟

---

[١] کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٦٥-٢٧٧.
ڕەفیق چالاک، لە دوا لاپەڕەدا خۆی دەورەکانی بەم جۆرە دابەشکردووە: ١. میکرۆفۆن: ڕەفیق چالاک، ٢. غەفوور: ئەحمەد مەحموود، ٣. خونچە: ئەحمەد دلاوەر، ٤. کوێخا: نووری عەنبەر. (ک.ڕ)

خونچە: نەکەی باوکەکەم، لێدان و شەڕکردن دواییەکەیان خێری لێناوەشێتەوە، ئەو منالە بەسزمانە گوناهی چییە؟

غەفوور: ئەی خەتای حەیوان نەبێ و خەتای شوان نەبێ، ئەی گوایە خەتای کێیە؟

خونچە: خەتای بەختی کاولی خۆمانە، خەتای من و تۆیە کە ئاگادارییی پەلەگەنمەکەمان ناکەین، ڕۆلە. هەلسە با بڕۆین، تەماشایەکی بکەین. هەلسە کوڕم.

غەفوور: بڕۆ با بڕۆین، بە قورعان نیوەی زیاتر خوراوە، بڕوام پێبکە، دایە.

خونچە: ئینجا چیمان دەستەلاتە، کوڕم. سابیرم بە بەش و کەرەمت خوایە. خوا خراپتر نەدا، کوڕم.. پێشمکەوە.

(پشوویێ مۆسیقا)

غەفوور: چاوت لێبێت، تەماشاکە ئەوە دیسان خۆ حەیوانەکانیان کردۆتەوە ناو پەلەگەنمەکە.

خونچە: ئەیەڕۆ، کامەتا، ئادەی –لە منت نەکەوێ– غەفوورە دەریانکە....

غەفوور: وەحە، وەحە هۆو، وەحە بۆ دەرەوە، سەری ساحێبتان خۆن ئاوا.. وەحە هۆو، ئەوە خۆ کوێخاش وا لە بەردەمی جۆگاکەدا و قسەشناکات....

خونچە: ئەیەڕۆ، کوێخا خۆی لەوێیە؟[1]

غەفوور: ئەرێ وەلڵا، ئەرێ باوکم مامکوێخا بۆچی حەیوانەکانت ئەکەیتە ناو پەلەگەنمەکەمانەوە؟

خونچە: کوێخا ڕەزا عەیبنییە؟ ئاخر منی بێوەژنی لێقەوماوی ڕەزیل، خوا بە هەزار کوێرەوەری..

کوێخا: لەسەری مەڕۆ، خونچە، ئینجا چی قەوماوە؟

غەفوور: چۆن چی قەوماوە مامکوێخا؟ بێقەزابی خایەومایەمان ئەم پەلەگەنمەیە.

کوێخا: غەفوورە، جێی باوکتم لێمەگرەوە.

خونچە: کوێخا ڕەزا، خوا هەلناگرێ، باوکم..

---

[1] سێ لاپەڕەی ئەم چیرۆکە بە دەستخەتی نووسەر تا ئێرە لە دەفتەرێکی ١٥ لاپەڕەییدا هەیە. (س)

کوێخا: دە ببڕێتەوە، ئیتر چیتان کرد، حاهـ. ئەوا حەیوان کەوتۆتە ناوی. لەجیاتیی دوو لالەویچ، وەختی خەرمان وەرن دوو

جامتان پیٚبدەمەوە. ئیتر ئەوەندەش لەسەری مەڕۆن.

غەفوور: دوو جامی خۆت بۆ خۆت کوێخا، خێرمان پیٚمەکە.

کوێخا: دە ببڕێتەوە ئیتر، مردووتان مریٚ.. حاهـ .. چیتان کرد بەم بەیانییە.

خەنچە: چیمان کردووە کوێخا.. نابیٚ ڕجات لیٚبکەین حەیوانەکانت بخەرە ناو حەیوانی دێیەکەوە، تا شوان نەیێڵیٚ بکەونە ناو ڕزقی خەڵقییەوە.

کوێخا: ڕێگا پێشانی من مەدەن. من کوێخام، خۆم ئەزانم چی ئەکەم. ئەیبڕنەوە یان گاڵبدەم دەرتانکەن لێرە.

غەفوور: ئەوەی دەرمانئەکات هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە.

خونچە: وزبە کوڕم. کوێخا، خوا لەسەر حەق بێت.

غەفوور: حەیوانات بکەونە ناو گەنمەکەمەوە، قاچیان ئەشکێنم.

کوێخا: هەتیو، دەست بەری بەلای حەیوانەکانما، قەبرت بۆ هەڵئەکەنم.

میکرۆفۆن: چیی بۆ هەڵئەکەنیت، کوێخا؟! (قاقای پێکەنین)

کوێخا: ئەوە چییە؟ ئەوە کێیە؟ ها.. ها..

میکرۆفۆن: منم میکرۆفۆن، پشتگیری بیٚپشت، دەستی لێقەوماوی بیٚچارە.. چیت وت، بیڵێرەوە ئەمجارە...

خونچە: ئەی بە قوربانی دەمت بم، تووخوا خەتای ئێمەیە یا کوێخا؟

میکرۆفۆن: کوێخا واز لە خەڵقی بهێنە بژین، مەیەڵە حەیوانەکانت بچێتە ناو ڕزقی خەڵقەوە.

کوێخا: ئینجا تۆ حەقت چییە بەسەرەوە، کاکە؟

میکرۆفۆن: هەموو کەسیٚ هەقی بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە. پێمناخۆشە زوڵم لە هەتیو و بێوەژن بکریٚ، پێم ناخۆشە عەزیەتی خەڵقی بدریٚ. زوڵم نە خوا ڕەوای ئەبینیٚ، نە باوەڕ، نە ئایین، نە ئەو میللەتە ڕەشوڕووتە، ئەگینا سبەینیٚ خەڵکەکە ڕاپێچتئەکەن. وازبێنە، هەتا خراپیان بەسەرنەهێناوی، کوێخا! خەڵقی دێیەکە

بلاوێنەرەوە، چاکەیان لەگەڵا بکە، باشترە لەوەی بیانکەیت بە دوژمن.. ئەگینا هیچت لێنەکەن لە کوێخاییت ئەخەن.. ئەڵێی چی کوێخا؟

کوێخا: قوربان، وەڵلا من غەفوورە و خونچەم ئەوێ بیللا.

میکرۆفۆن: وەختی خەرمان هەڵگرتن بێ پێوتنەوە، دوو فەردە گەنمیان بۆ ببژێرەوە، کوێخا.

کوێخا: ئینجا قوربان دوو فەردە زۆرنییە؟

میکرۆفۆن: نەء، زۆرنییە، ئەگەر بتەوێ ببیتەوە بە پیاوێکی چاکی خێرخوا.

خونچە: کار نییە خوا چاکی‌نەکات لەم دنیایەدا.

کوێخا: شەرتبێ ئیتر بە ڕەقی جوابی کەس نەدەمەوە، نەچم بەلای ماڵی کەسا، لە کەس نەکەوم.

میکروفۆن: ئافەرین کوێخا ڕەزا.. ئەگەر هات و لە پیاوەتی، لە کوردایەتی، لە ئیسلامەتی، لات دا و زوڵمت لە خەڵقی کرد، بێگومانبە کە خوا بە کافری ئەتکوژێ و پێش مردنیشت یەکدەقیقە بە ڕەحەتی ناژیت، ئیتر کەیفی خۆتە. خۆت ڕاستکەرەوە، هەتا خەڵکەکە داریان بۆ نەکردووی. خۆتان ڕاستکەنەوە کوێخایینە، لە هەر کوییەک هەن و ناوتان لە هەر جێیەک هەیە. خۆتان ڕاستکەنەوە چەوتینە، بەسە ئیتر، با میللەت قێزتان لێنەکاتەوە.

(پشوویێ مۆسیقا)

(چیرۆکی دووەم)

**کوڕی گەورە**[1]

کوڕ: ئێستا وتت چی بابە، زەمیرم، دەروونم، پری لە عەزاب و بەیەکاهاتنە. وەختە مێشکم بتەقێ، بۆ خاتری خوا.

باوک: ئەم قسە هیچوپووچانە لای من مەکە و ئەوا پێموتی بیهێنیت، بێبەریت ئەکەم لە هەموو شتێکا.

---

[1] ڕەفیق چالاک، لە دوا لاپەڕەدا خۆی دەورەکانی بەمجۆرە دابەشکردووە: ١. میکرۆفۆن: ڕەفیق چالاک، ٢. باوک: نووری عەبنەر، ٣. کوڕ: ئەحمەد دلێر، ٤. عاسمە: ئەحمەد دلاوەر. (ک.ڕ)

کوڕە: بابە گیان، خەتا لە منەوەیە کە بە قسەی لووس، بە هەزار فێڵ و فەرەج، سیٚهەزار وەعد و بەڵێنی هێنان، وای لیٚکردم کە لێمکرد، سکی پڕە بۆ خاتری خوا.

باوک: سکی پڕنییە، چش. من تەحەمولی ئەم شتە بیٚمەعنایە ناکەم. چۆن منی خانەدان، میرزا ڕەشیدی حاجی وەسمان، موافەقەتبکەم لەسەر هێنانی کچەتیوێک بۆ کوڕی گەورەم!

کوڕ: بابەگیان، تازە کار لە کار ترازاوە، بۆ خاتری خوا.

عاسمە: کار لە کار نەترازاوە، چش. کچەتیوەی وا ماوە ببێت بە بووکمان؟ یا خوا بەزیای خێرم نەکرد ئاوا، وەڵڵا هەر ئەم حەیاچوونەمان پیٚئەویست.

باوک: یا خوا بەرکەنەکەی، ئاوا ڕۆڵە. ئەم هەموو ئەرز و ئاوە، ئەم هەموو مەڕوماڵاتە، ئەم هەموو سەروەتە، بمێنێتەوە بۆ منالی ئەم ڕیسوایە.

عاسمە: کچی کیٚ ئەڵێیت بۆت ئەهێنین؟ بەڵام ئەو کچەتیوە دەستوپیٚ کرێشاوییە. ئەی موبارەکم نەکرد ئاوا.

کوڕ: ئێستا -دایە گیان- چۆن ئەبێت من وازی لیٚبێنم، ئاخر خۆشمئەوێت.

باوک: خۆشمئەویٚ، خۆشمئەویٚ، هەتیو عەیبناکەی؟ من چۆن کچەتیوییکی کچی پیاوی ژێر دەستی خۆم بۆ تۆ ئەهێنم؟

عاسمە: کوڕم خۆشەویستیی چی؟ من و باوکت یەکتریشمان نەدیبوو، کەچی ئێستا وەکوو ئەمانبینی.

باوک: کچی ئەحمەدئاغا ئەڵێیت، کچی حەمەبەگ ئەڵێت، کچی شەریفبەگ ئەڵێیت، بەسەر چاو، بەڵام کچی حەمەئەمینی نۆکەرت لیٚحەرامە، لێت حەرامە و بڕایەوە.

کوڕ: ئەی سکپڕییەکەی؟ ئەی منالەکەی؟

عاسمە: پێی فڕیٚئەدەین، بڕایەوە، دەستاڕ لەسەر ورگی ئەگێڕین. باجی ئایشێی مامان لە شارەوە ئەهێنین، دەرمانی بۆ دروستکا و بڕایەوە. کوڕم گویٚمەدەرە ئەم قسانە.

باوک: ئەوی بە خەیاڵتا نەیەت، ئەمە بێت. بڕۆ بەلای ڕاووشکاری خۆتەوە، دایکت هەموو شتێک جیٚبەجیٚئەکات.

میکرۆفۆن: ئەی بەلای ناگەهانتان لیٚدات بۆ کار و پیشە و کردەوەتان، بۆ قسەوباس و دەمودووتان، هاوکارانی شەیتان.

عاسمە: بیسمیللاهی ڕەحمانی ڕەحیم، ئەوە چییە، ئەوە ئەو دەنگە چی بوو؟

باوک: ئەوە گویێم زرنگایەوە، یان یەکێک قسەیکرد؟

میکرۆفۆن: ئەمە تۆی عاسمەخان، پێویست بە بیسمیللاکردن ناکات، چونکە بیسمیللا لە تۆ بەرییە. تۆش جەنابی میرزا ڕەشید، گوێت نەزرنگایەوە و مەلەرزە. تووخوا گوناهـ نییە کوڕە بێئەخلاقەکەتان کچێکی بەسزمانی هەژاری خەڵەتاندووە بە ناوی هێنانەوە، بە ناوی مەرکەزەکەیەوە و حەیا و حیشمەتی وەک دز لێفڕاندووە و سکیی پڕکردووە؛ ئێستایش ئێوە ڕازینابن بیهێنێت؟!

باوک: ئینجا تۆ کێیت؟ تۆ عیلاقەت چییە بەسەر ئیشوکاری ئێمەوە؟

عاسمە: کچە کارەکەری خۆمانە و باوکی پیاومانە، تۆ حەقت چییە، کابرا؟

میکرۆفۆن: زۆر شوورەیی و شەرمە، خۆتان لە خەڵقی بەگەورەتر، بەزلتر ئەزانن. ئەم کچە بەسزمانە سبەینێ ئەخەنە بەردەستی ئافرەتی نەزان، بە داوودەرمان، بە تەگبیری لاکۆڵان، دەستاڕ لەسەر ورگی ئەگێڕن، منالّی بێتاوان ئەهاڕن. دوورنییە کچەش بمرێت، یان باوکی، برای، کەسوکاری پێبزانن و بیکوژن، یان ئێوە لەوان و ئەوان لە ئێوە قەسابخانە دابنێ و چەند ئینسانێکی بێتاوانی تیا بڕوات، حەیای هەموو لایەکتان بچێت. ئەمە بۆ؟ ئەمە ئیسلامەتییە میرزا ڕەشید؟

باوک: باوکم من بەم پیرییەوە، بەم هەموو ناوەوە، حەیای خۆم نابەم نەوەڵڵا.

عاسمە: ئێستا پیاوەکە حەزئەکەی تۆ پرسێکیش بە....

میکرۆفۆن: نە حەیاچوون و نە پرسوڕای ئەوێت. حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەرنییە: یا ئەمیان یا ئەویان، ڕێگای مامناوەندێتی نییە. یان ئەوەتا بە حوسن و ڕەزای هەمووتان، ئەم ئافرەتە بەسزمانەی بۆ ئەهێنن، یان ئەوەتا کوڕی گەورەی موحتەرەمتان ئەبێ واز لە هەموو میرات و بەرکەوتێکی بهێنێت و کچە مارەبکات.

عاسمە: چۆن شتی وا ئەبێت باوکم، بەزیای خێرم نەکرد؟

میکرۆفۆن: چۆن شتی وا نابێت؟ ئەی حەیای خەڵقی بردن، هەروا شتێکی گاڵتە و خۆڕاییییە؟

باوک: بەخوا من ئیعدامیشمبکەن، ناچمە ژێر ئەم مەسەلەیەوە.

میکرۆفۆن: ئەی تۆ کوڕی گەورەی موحتەرەمی میرزا ڕەشید فکرت چییە؟

کوڕ: بەخوا بڵێم چی؟ .... من ... من... باوکم؟

میکرۆفۆن: ئەم مینجەمینجە چی، کرمی پیسی سەرلاشە، مێشی چەپەڵ. ئەی چۆن دەستی ئەو ئافرەتە بەسزمانەت بڕی و حەیا و حیشمەتت وەکوو جەردە لێدزی؟ ئەی کە کاری وا ناشیرینی چەپەڵت کرد، نەئەبووایە پاشەڕۆژت بهێنایەوە بەرچاو؟ خوا ئەیزانێ نەیهێنی، شکاتت لێئەکا و لە مەحکەمەدا بەزۆر ئەیدەن بەسەرتا و حەپسیشتئەکەن.

کوڕ: حەپس.. مەحکەمە؟ حەپس مەعنای چی؟

میکرۆفۆن: ئەی چۆن؟ ئەی خەڵقکوشتن.. حەیابردنیان هەروا خۆڕاییە؟ کچە عومری لە هەژدە کەمترە، لەبەرئەوە دەمارت دەرئەهێنن، دەپانزە ساڵ ئەکرێیتە کونی ژوورەوە. خەڵقی قانوونیان داناوە بۆ ئەوانەی تاوانئەکەن. بەری دنیا بە پووش نەگیراوە، هەر کەسێک خراپ جووڵایەوە، دەماری دەرئەهێنن، بە سەری باوکت.

عاسمە: ئۆی من ترسم لێنیشت، ئێستا باوکی جەلال ئەڵێی چی؟

میکرۆفۆن: هەر دیزە بەدەرخۆنە بێت باشترە، میرزا بە قسەم بکە زەرەرناکەیت.

باوک: وەڵڵا چی ئافرەت، کە مەسەلە وابێ، ئەلحوکمولیلا، بڵێین چی؟

میکرۆفۆن: بێ دەنگ و سەنگ بە کچی خۆتانی قبووڵبکەن. جگە لەمە، قسەی نزم و سووکیشی پێنەڵێن، چونکە ئەبێ بە دایکی کوڕەکەتان، ئەبێ بە بووکتان، ئەگینا لەناو خەڵقا حەیای ئێوە ئەچێ پێش ئەو. تۆش جەنابی کاک جەلال، ئەمە دەرسبێت بۆت، منداڵەکانت باش پەروەردەبکە، بۆ ئەوەی شتی خراپیان لێنەقەومێ. بە دوعا گەورەماڵان، گەورەپیاوان، هەی بەشەرەفەکان، بە دوعا.

(پشوویێ مۆسیقا)

## چیرۆکی سێیەم

### ئەجری دراوسێ[1]

مێرد: ڕەحمە ببڕێتەوە، هەزار جارم پێوتی نابێ هیچ بدەی بە خەڵقی، نابێ لە بەشی خۆمان زیاتر لێبنێیت.

---

[1] ڕەفیق چالاک لە دوا لاپەڕەدا خۆی دەورەکانی بەمجۆرە دابەشکردووە: ١. میکرۆفۆن: ڕەفیق چالاک، ٢. غەنی: نووری عەنبەر، ٣. ڕەحمە: ئەحمەد دلاوەر، ٤. فەقێ: ئەحمەد مەحموود. (ک.ڕ)

ڕەحمە: پیاوەکە، تۆ بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆیت، بۆ ڕەحمی ئیسلامەتیت لە دڵا نەماوە؟

مێرد: ڕەحمی چی، ڕەحمەخان؟ من پارەم دۆزیوەتەوە، سکە لیٚئەدەم؟ هەموو ڕۆژێک دوو دەوری چێشت، مەعنای هەیە ئەینێریت بۆ مزگەوت! ئەوا بڵێین ناوبەناو مزگەوت قەیناکات، بەڵام ئەی ماڵی باجی عاسمە مەعنای چی؟

ڕەحمە: پیاوەکە، شوکور خوا یاوینێتیٚ و پێی عەتاکردووین، وەجاغکوێر، ئەم هەموو موڵکوماڵە!

مێرد: ببڕێتەوە، ئاخر ساحێبی تۆ بووم، بۆیە وەجاغم کوێربوو، خوا بیکوشتمایە و چارەی تۆم نەدیایە، تا..

ڕەحمە: ببڕێتەوە پیاوە، عەیبە قسەی وا ئەکەیت. تۆ لەکن خۆی بەعومراچوویت و پیاوی ناو پیاوانی.

مێرد: هیچ بەعومرا نەچووم. ئێستایش ئەتوانم دوو ژنیتر بهێنم.

ڕەحمە: ئەعوذوبیللا مینە شیطانی ڕەجیم، ئەگەر ئێستا قسەئەکەم، با دیزە بە دەرخۆنە بێت. هەی خۆت بە خۆت بی.

مێرد: ئێستا بۆ لە کورتی نایبڕیتەوە، ئافرەت؟ من حەزناکەم هیچ شتێک بدەی بە هیچ کەسێک و بڕایەوە.

ڕەحمە: ئەی ئەجری دراوسێتی؟ ئەی خێرخوایی؟ ئەی ڕەحمەتی خێرێک بۆ مردووەکانمان؟

مێرد: ئەیهۆ ئەیهۆ، ئینجا بەزمە بەزم، ئەم چەنەبازی و حەنەحەبەشییە. من ئەڵێم چی و ئەو ئەڵیٚ چی؟

ڕەحمە: ئێستا تۆ بۆچی تووڕەئەبیت؟ باجی عاسمەی بەسزمان، بێوەژن و لێقەوماو و داماوە، لەو کونە گورگەدا ئەمە دە ساڵە کەوتووە و مێردی مردووە، کەسی نییە لەم دنیایەدا.

مێرد: ئینجا من حەقم چییە بەسەرەوە؟ من چی بکەم؟ من حەزمکردووە وای لیٚبێت؟ بەخوا سەیرە.

ڕەحمە: خۆ من ناڵێم خەتای تۆیە، بەڵام ئەگەر پاروویەک چێشتمان بۆ نارد، چیمان لیٚ کەمئەبێتەوە، پیاوەکە؟

مێرد: کەم ئەبێتەوە نابێتەوە، بۆی مەنێرە.

ڕەحمە: ئاخر لە برسا ئەمرێت.

مێرد: بەخوا سەیرە، کچێ ئینجا من چی بکەم؟ ئێستا بۆ وام لێئەکەیت تەڵاقت لێبخۆم.

فەقێ: (تەقەی دەرگا) ڕاتووی[1] فەقێ، ڕەحمەتتان لێبێ.

مێرد: تووخوا ئەمە وەزعییەتە؟ هەموو ئێوارەیەک ڕاتوو، ڕاتوو.

ڕەحمە: پیاوەکە عەیبە، بۆ خاتری خوا، ڕاوەستە باوکم وا هاتم.

مێرد: بە سەری پێغەمبەر ناچیت، ڕاوەستە من ئەچم. یا خوا موبارەکمنەکرد، ئەرێ چیت ئەوێ کاکەی فەقێ؟

فەقێ: وەڵڵا قوربان هاتووم بۆ ڕاتوو.

مێرد: ڕاتوو مەعنای چی، فەقێ گیان.

فەقێ: ئینجا قوربان کەس هەیە ڕاتوو نەزانێ یەعنی چی؟

مێرد: من نایزانم، ئەمەوێ تێمبگەیێنیت. یەعنی حەقمنییە سوئالت لێبکەم؟

فەقێ: بەرێ وەڵڵا، گوایە بۆچی حەقت نییە؟ قوربان، ڕاتوو یەعنی یارمەتیی تەلەبەی عیلم، یەعنی خزمەتکردنی ئەو کەسانەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ هیدایەتی خەڵقی، بۆ خوێندن، بۆ....

مێرد: بەس بەس، لەسەری مەڕۆ. ئەی بۆ ئیشێک بۆ خۆتان نادۆزنەوە، لەپاڵ ئەم فەقێیەتییەدا بیکەن؟

فەقێ: وەڵڵا قوربان هەتا ئێستا نەبووە بە عادەت، وەنەبێت حەزنەکەین لەپاڵ دەرسخوێندنیش، ئیشبکەین. بەڵام بۆچی جەنابت وا بەم لەهجەیە قسەئەکەیت؟

مێرد: ئینجا بۆ تۆزێک نایەیت بەگژما؟

فەقێ: ئێمە ناچین بەگژ کەسا، ئێمە ئیشمان بەربەرەکانیی جەهالەت و نەزانین و کفرە. ئێمە خۆمان بۆ بڵاوکردنەوە و پاراستنی ئایین تەرخانکردووە. بە دوعا قوربان، ئەم نانەمان نەویست.

مێرد: (دەرگا پێوەئەدا) بەخوا شتێکی باشە. ئاخر ئەگەر تۆ لە ئەوەڵەوە ئیزنت بدانایە..

---

[1] ڕاتوو: واتە نانی فەقێکانی مزگەوتان کە خەڵک ڕۆژانە بە خۆڕایی پێشکەشی فەقێ و قوتابییەکانی فێرگەکانی مزگەوتە بەنێوبانگەکانیان کردووە. (ک.ڕ)

ڕەحمە: پیاوە ڕجات لێناکەم بەسیەتی. ئەوە عەیبنەبوو بەم ئێوارەیە ئەو فەقێ بەسزمانەت وا موتەئەسیرکرد، تووخوا شوورەیی نییە؟

مێرد: نەوەڵڵا هیچ شوورەیی نییە.

میکرۆفۆن: (پێئەکەنێ) مەرحەبا قەمتەری شەیتان لەدەم، کاک غەنی مەرحەبا.

مێرد: کێیە ئەوە؟ ئەوە چییە؟

میکرۆفۆن: تووخوا عەیبنییە ئەمەندە بەرچاوتەنگ، ئەوەندە ڕەزیل و سووک و ڕیسوا و بێمەعنای؟ تووخوا عەیبنەبوو بەم ئێوارەیە ئەم بەزموڕەزمەت داگیرساند؟

مێرد: کابرا تۆ موداخەلەی ئیشی من بۆ ئەکەی، حەقت چییە بەسەر تەسەڕوفاتی منەوە؟

میکرۆفۆن: ئاخر تەسەڕوفاتەکانت ناشیرینن، خوا تەسەڕوفاتی وا ببڕێت. لەپاشا دووسێ قسەکردن، دووسێ نەسیحەت بۆ خێرخوایی خراپنییە کاک غەنی. بەم ڕۆژگارە هەتا نیوەشەو فەقێی بەسزمان لە کونجی مزگەوتا بێکەس و دوور لە شاری خۆی خەریکی خوێندن و عیبادەتە و ئێوارە و ئێوارە داوای تاقە نانێک لە تۆ ئەکات کە هەتە، ئەبێ وا جواببدەیتەوە؟ بە نانێک چیت لێدێت؟

مێرد: نایدەم، باوکم ئارەزووی خۆم نییە؟

میکرۆفۆن: ئینجا نایدەی، چش. سبەینێ هەرچی خەڵقی شارەکە هەیە، ئەم مەسەلەی ڕاتووی فەقێیەکانی ئەکەوێتە دەم، ئەشبیت بە بنێشتە خۆشەی سەرزمانی خەڵقی، ڕیسوائەبیت، کاک غەنی.

ڕەحمە: ئەی بە قوربانی دەمت بم، زۆرم پێوت، زۆری لەگەڵا خەریکبووم، فایەینەبوو.

میکرۆفۆن: خۆی زەرەرئەکات. دوورنییە کەس لەمەودوا مەرحەبای لێنەکات. جگە لەوە، ئەو دراوسێ بەسزمانەتان، باجی عاسمەی پیری قوڕبەسەر، تووخوا ئەوپەڕی شوورەیی نییە لە برسانا لەتەنیشت تۆی موسوڵمانەوە لە برسانا بمرێت؟ ئەی بەڵام دا لە هەموو ڕەزیل و پیسکەیەک، لە هەموو قەمتەرێکی شەیتان لەدەم، لە هەموو یەکێک کە ئەجری دراوسێتی نازانێ.

ڕەحمە: بەخوا باوکم یەکدەقیقە من لەم ماڵەدا نامێنمەوە، نەوەڵڵا.

مێرد: بۆ کوێ ئەچی ڕەحمە؟ ئەوە چی ئەکەی؟

ڕەحمە: ئەڕۆم، من لەگەڵ بێڕەحمێکی خێربەشراوەی ڕەزیلی وەکوو تۆدا ئیتر دانانیشم. هەرچی ڕەحمی خوا و ئینسانییەتە تیاتا نەماوە. بووی بە عەبد و خزمەتکاری پارە و دەوڵەت. من و تۆ...

مێرد: ئەمە باشە کابرا؟ تۆ بۆچی بەم ئێوارەیە وەکوو مووی لووت، وەکوو بایەقوش، حازربوویت و خەریکیماڵم بەقوڕئەگریت؟

میکرۆفۆن: تۆ خۆت بە ئیش‌وکار و کردەوەت، بەم ڕێ ناشیرینەی گرتووتە، ماڵی خۆت کاولئەکەیت و خۆت ڕیسوائەکەیت و لە زومرەی بەشەر ئەچیتەدەرەوە. خۆت ڕاستکەرەوە کاک غەنی، دنیا پینجودوو ڕۆژێکە. ئەوی پیاوە، ناوی چاک، کردەوەی چاکی لەدوا بەجێئەمێنێ، لەگەڵ ڕەحمەتگۆیی.

فەقێ: (لە دەرگا ئەدات)

مێرد: کێیە؟ کێیە ئەوە؟

فەقێ: منم تووخوا کاک غەنی، هەتا ئێرە فەرموو.

مێرد: ئەوە خۆ فەقێکەیە هاتەوە.

میکرۆفۆن: بێگومان فەقێکەیە، کەرامەتی هەیە، تەلەبەی عیلمە، خاوەنی عیززەتی نەفسە.

مێرد: ها فەقێ ئەڵێی چی؟

فەقێ: ئەڵێم قوربان هەتا ئێستا یانزە نانمان لە ماڵی ئێوە بردووە. مامۆستام نانەکانی ناردۆتەوە.

مێرد: یەعنی چی؟ یەعنی چی؟

میکرۆفۆن: یەعنیی ناوێ، کاک غەنی، نانەکانت وەرگرەوە.

مێرد: نامەوێتەوە، باوکم عەیب‌نییە؟

فەقێ: عەیبی چی، نانی خۆتە قوربان. هەر ئەبێ وەری‌بگریتەوە.

مێرد: کاکەی میکرۆفۆن فریامکەوە، بۆ خاتری خوا. باوکم ئیمانم بە هەموو قسەکانت هێنا.

میکرۆفۆن: دە ئیعتیزار، عوزرخواییی بۆ بهێنەوە.

مێرد: لێم خۆش‌بە فەقێ و عەفوومکە، ئێرە بە ماڵی مزگەوت و عیلم دابنێ.

فەقێ: باشە قوربان، باشە بە دوعا.

میکرۆفۆن: لام وایە ڕەحمەخان تۆش ئیتر هیچت لە دڵا نامێنێ؟

ڕەحمە: ئاخر ئەترسم با بداتەوە؟

میرد: با نادەمەوە ڕەحمە، خۆ من مناڵ نیم.. عەهدبێ لەمەودواوە هەرچی چاکەیە بیکەم. ئەجری ئینسانییەتی، دراوسێیەتی، بەتەواوی بەجێبهێنم.

میکرۆفۆن: دە ڕەحمەخان نانەکە تێکە و بەشەکەی حاجی عاسمە بنێرن، چاوەڕوانە، برسییەتی. بە دوعا..

مێرد: تووخوا ئەگەر لێرە نانەخۆیت..

میکرۆفۆن: تەشەکورتئەکەم کاک غەنی، بەزیادبێ، تێرم. خوابکات ڕۆژی سەد خێر بکەیت، بە دوعا.

(مۆسیقای کۆتایی)

(تەواو)

چیرۆکی تەمسیلیی (١١):

## میکرۆفۆن لە ڕەمەزانا

### چیرۆکی یەکەم

**بەربانگ**

سەعید: ئەرێ ڕەحمە! کچێ ڕەحمە، بۆ جوابمنادەیتەوە؟

ڕەحمە: چیت ئەوێ سەعید؟ عەیبنییە ئەوەندە قسەئەکەیت؟

س: ڕەحمە، بیسمیللا، وا ئەمە ئەوەڵ ڕۆژمانە! ئینسان کە بەڕۆژوو بوو، مەعنای ئەوەنییە تەنگەچیکەڵانە بێت.

ڕ: تووخوا ئەگەر نەیبڕیتەوە، من تاقەتی تۆم نییە. ئەی نابێ شتەکان حازربکەم؟ قوڕی کوێ بکەم بە سەرما؟ داوای هەزار نەوع خواردنیش ئەکەیت و ناشهێڵی ئیشبکەم، دە بڵێ، بزانم چیت ئەوێ؟

س: لەبیرتبردمەوە، ئا... ئەڵێم ڕەحمە گیان بۆ پارشێو چی ئە..........

ڕ: پیاوەکە هێشتا پارشێو لە کوێیەتی؟ تۆ بۆ ئەوەندە خەریکی سکتی، بۆ خاتری خوا؟

س: من بە زمانی بەڕۆژوو، بەم ڕۆژگارە ئیشبکەم، هیلاک و ماندوو و برسی... هێشتا باسی خواردنیش نەکەم؟

ڕ: ئەم عالەمە هەمووی بەڕۆژووە و کەسیش وەکوو تۆ ناکات، ئا هەڵسە، ئیتر....... بەهێ، ئیشبکە کچم.

س: وازیلێبێنە، هەتا تۆپەکە ئاگرئەدات.

ڕ: یا خوا موبارەکمنەکرد، کچێ بەهێ.....!

بەهێ: دایە گیان، سەرم گێژئەخوات، ئەڵێی لەناو بێژنگام.

ڕ: کچێ هەڵسە، بە قوربان یارمەتییەکمبدە. وا سەماوەرەکە ئەکوڵێ. ئاو بکەرە قۆرییەکەوە، کچم.

س: ئەبێ ئەمڕۆ زۆرت ئیشپێکردبێ، ڕەحمە.

ڕ: ئیشی چی؟ خوا ئەیزانێ هەمووی دوو سەعات هەڵنەساوە، هەر نوستووە.

س: دە هەڵسە کچم، کەواتە هەڵسە، عەیبناکەیت؟!

ب: ئاخر بە خوا بابە پشتم ژانئەکات.

ڕ: دیارە پشتت ژانئەکا! تۆ ئەوەندە پاڵبکەوی، چۆن لەشت تێکناشکێ؟

س: ئەگەر ئەزانی ناتوانی کچم، بەڕۆژوومەبە.

ڕ: ئەوە وتت چی سەعید؟ یا خوا بە زیایی خێرم نەکرد، عازەب و زل و زەلام، بۆچی -گوایە- بەڕۆژوونەبێت؟

ب: بە خوا من ناتوانم بەڕۆژووببم.

ڕ: بە خوا بشمری، هەر ئەبێ بەڕۆژووبیت! عەیبناکەی کچم؟ ئەوە ئەختەری زەکیەخان، لە هەشت ساڵانەوە ڕۆژووئەگرێ.

س: دە ببڕێتەوە، چیتان کرد؟ وا دوو دەقیقەی ماوە.

ڕ: ئێ، چیت ئەوێ؟ وا هەموو شتێک حازرە.

ب: وتت چی بکەم، دایە؟

ڕ: ئەی زەینت بە زەینی سوورِسوورِە بێت، گوایە هێشتا نازانی چی بکەی؟ کچێ، ئاو بکەرە قۆرییەکەوە، جلفڕ! قوڕ بەسەر ئەوەی ئەتهێنێ!

ب: ئەوە چییە دایە، بە زیایی خێرم نەکرد؟ چاوت لەم دەستە سووکانە بێت؟

س: ئەمە کەس بەڕۆژوونییە تۆ نەبێت، ڕەحمەخان؟

ڕ: تووخوا ئەگەر تۆ نەیبڕیتەوە، سەعید، ڕجات لێناکەم.

س: دە ئەو پەڕۆیانەی دەستت فڕێبدە و وەرە ئێرە، ئافرەت.

ڕ: ئەوە پەڕۆیە، یا بەرماڵەکەمە؟ ئینجا ئێستا ....

ب: ئەوە خۆ چای تیانییە!

س: چا لە چییا نییە؟

ب: لە قۆرییەکەدا ... بەتاڵوحەتاڵە.

ڕ: ئۆ، دەمولەوست خواتەوە. ئینجا ناتوانی تۆزێ چای تێکەی لە شووشەکە، جرپنەی بێمێشکە؟

ب: ئەوە چییە دایە، بە زیایی خێرم نەکرد؟

س: ئێستا نەتیجە؟ بە خوا لام وایە ئەم بەربانگەمان لێئەکەن بە قوزەڵقورت. ئێستا ئەگەر جنێو بە ئەژداوئابادتان ئەدەم بەم ڕەمەزان و وەختی بەربانە.. نەعوذوبیللا ..

ڕ: خوا ئەیزانێ، بە باوک و کچ خەریکن بەم وەختێ بەربانە ... ئەگەر ئێستا ماڵ بەجێئەهێڵم ... ئینجا شەیتان ...

س: ڕەحمە، بۆ نارۆیت و وازم لێبێنی؟

ڕ: شەرتبێ مادام واتان کرد، یەک دەقیقە و سەعاتی تیا نامێنم.

میکرۆفۆن: السلام علیکم! مەرحەبا کاک سەعید.

س: علیکم السلام! ئەوە کێیە؟

ڕ: موور محەمەدی شەریف! بسم الله الرحمن الرحیم!

ب: ئۆی دایە، من ئەترسم.

م: مەترسە بەهاوەخان، مەترسە، لە چی ئەترسی؟ من میکرۆفۆنم، بڕیار وایە لە ڕەمەزانا چەند شوێنێک بچین، چەند ئامۆژگارییەک بکەین.

س: باوکم، کاکەی میکرۆفۆن تووخوا ئەمە حاڵە بەدەست ڕەحمەوە؟ تووخوا ئەگەر ئەم ڕەحمەی ژنی منە، نەخەیتە تەمسیلەکانی بەشی کوردییەوە!

ڕ: ئەی تۆ بۆ نەخات، کەوڵەکۆنی ڕەزاگران، حەق وایە تۆ و بەهێی کچت باسبکات.

ب: من حەقم چییە! موبارەکمنەکرد.

م: بێگومانبن کە باسی هەمووتان ئەکرێت، یەک لەدوای یەک، بۆ خێر و سوودی خۆتان. تووخوا کاک سەعید، جارێ بێینە سەر تۆ، چ پێویستە ئەم هەموو مەسرەفە؟ ئەم هەموو شتومەکە کە بە دە کەس تەواونابێ و کە بەشی پێنج ڕۆژی جارانتە؟

س: ئەی باوکم ڕەمەزانە و ئەیەوێت.

م: ڕەمەزان شتی فەزڵە و زیاد لە لزوومی ناوێ، شۆربایەک، زەڵاتەیەک، تۆزێ سەوزە و کەمێ گۆشت بە برژاوی، بە سوورەوەکراوی، بە شفتە، بڕایەوە کاک سەعید. تۆ ئەڵێی مەطعەمت داناوە، بێقەزابی!

ڕ: باوکم، وەڵڵا ئەمە ٢٠ ساڵە پێیئەڵێم، فایەینییە، سکی کوشتوویەتی.

س: ئەی تۆ ڕەحمەخان! لام وایە ماشاڵڵا زۆر کەمخۆری. خۆ تۆ هەموو پارشێوێک قبووڵی و قەزاتمە نەبێت، یان تاسکەبابی، نایخۆیت!

م: مەعیدە، دوای ئەوەی ئەو هەموو خواردنە قورسەی تێئەکرێ و بەسەریا ئەنوون، ئەترشێ، لەبەرئەوە گەلێک جار بەیانیان کە هەڵئەستن، قڕقێنەی ترشەڵۆک ئەدەنەوە، دەموچاوتان ئەئاوسێت. دوورنییە تەسەمومبکەن. ئەمە هەمووی لە زۆرخواردنەوە پەیدائەبێت.

ب: وەڵڵا ڕاستئەکات، من پار کە بەربانگمئەکردەوە، ئا ئێرەم، بیلامانی کەلەکەم، سکم ژانیئەکرد.

م: بەڵێ، ڕاستە بەهێخان، چونکە ماشاڵڵا زۆر ئازا و گورجوگۆڵ و ئیشکەری! ئەی تۆ پار بەربانیشتئەکرد، پارشێویش، نیوەڕوانیش کە دایکت ئەنوست، تێر و پڕ شتت بە دزییەوە ئەخوارد. دیارە لەبەر ئەم هەموو خواردنە، بیلامانی، کەلەکەت ژانئەکات، بەهاوەخان.

ب: ئەمە چییە بەزیایی خێرم نەکرد؟ تۆ لە کوێ ئەزانی باوکم؟!

م: چۆن نازانم؟ من ئاگام لە هەموو شتێکە، هیوام زۆرە ئەمساڵ وەکوو پار نەبێت. هیوام زۆرە شەڕوشۆڕ لە ناوتانا نەمێنێ و بۆ خۆتان بە ئاشتی و ئاسوودەگی و خۆشی ڕەمەزان و هەموو ساڵ تێکڕا ببەنەسەر، وە لە ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزانا یارمەتیی یەکتری بدەن. کەم بخۆن، دەستی لێقەوماوان و داماوان بگرن و هەستبکەن بە ئێش و ئازاری برسێتی، لەسەر شتی هیچوپووچ ماڵ لە خۆتان مەکەن بە دۆزەخ. وا تۆپی ئاگردا، بە دوعا کاک سەعید، ڕەحمەخان، بەهاوەخان، بە دوعا.

ڕ: ئەها تووخوا ئەگەر بەربانگمان لەگەڵ نەکەیتەوە.

م: سوێندمەدە، منیش ئەبێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بە دوعا.............

(فاصل موسیقي)

## چیرۆکی دووەم

### لە چایخانە

شاگرد: ئاو، ئاوی سارد، کێ ئاوی ویست؟ ئاو.

ڕەسووڵ: ئەرێ ئەحمەد ئەم ڕەمەزانە لە کوێوە بۆ ئێمە هاتەوە؟

ئەحمەد: نازانم! یاهوو ڕێی هەموو شتێکمان لیٚگیرا، مەگەر شەواوشەو تۆزیٚ ئەم چایخانە و سەرجادانە پڕببنەوە لە خەڵقی.

ر: ڕاستئەکەی ئەڵێی ئاشی ئاوکەوتەیە، تووخوا ئەمە وەزعە؟

ش: ئاو، ڕەسووڵ ئەفەندی چات خواردەوە؟

ر: ئا خواردمەوە، بەڵام چایەکیترم بۆ بێنە.

ش: چایەک بۆ ئێرە ڕەوف، ئاو، ئاوی سارد.

ئـ یاهوو، پێش ئەم ڕەمەزانە ئەو هەموو سەیرانە خۆشانە .... ئەو هەموو ڕابواردنانە!

ر: تووخوا ئەمە حاڵە؟ لە ماڵەوە بۆ دایەرە و لە دایەرەوە بۆ ماڵەوە هەتا شەویٚ.

ئـ ئینسان عەسران بۆ خۆی تۆزیٚ بستە و چارەکێکی ئەخستە گیرفانی ...

م: (قاقای پێکەنین) ئەی بەڵام لیٚدان، بیٚئەخلاقی داوێنپیسی ناپیاوینە.

ر: ئەوە کێیە؟ ئەوە چییە؟

ئـ ئەوە بە کێی وت؟ کیٚ بوو؟

م: ئەوە منم من منۆکیٚ، دوو چاوم پێوەیە بزبزۆکیٚ. کیٚ خواردوویەتی تیتی من؟ کیٚ خواردوویە بیبی من؟ بێتە شەڕەجەنگی من.

ڕ: ئەریٚ ئەمە مەعنای چی؟ ئەحمەد، ئەوە کێیە؟ ئێمە ... کوا.... کەسمان لە دەوروپشت نییە؟!

ئـ منیش سەرم سووڕماوە! کێیە قسەئەکات؟

ش: (لە دوورەوە) ئاو، ئاو.

م: وا دیارە کاک ڕەسووڵ و ئەحمەد ئەفەندی هێشتا میکرۆفۆنتان نەبیستووە؟

ڕ: ئەوە خۆ لەگەڵ ئێمەیەتی؟

ئـ میکرۆفۆن مەعنای چی؟

م: میکرۆفۆن مەعنای دەرخستنی شەرم و شوورەییە، مەعنای دەرخستنی دەرد و دەرمان، مەعنای ئامۆژگاری و ڕێگاپیشاندانی خەڵقی نەزان.

ڕ: ئینجا کیٚ ناردویەتی بەشوێنتا کاکە؟

م: چاوەڕوان‌نیم تا جەنابتان ئەنێرن بەشوێنما. بێ‌گومان تۆ و ئەحمەد ئەفەندیی هاوڕێت و عەزیز ئەفەندی و مارفی براگەورەتان قەت نانێرن بەشوێن میکرۆفۆنا بۆ ئەوەی چەپەڵیتان دەرنەخات.

ڕ: ئەوە شەرمناکەیت کابرا تۆ؟

ئ: ئاخ..... بمدیتایە.

م: (پێکەنین) تووخوا عەیب‌نییە بەم ڕۆژگارە هەر کە دوو ماڵی بەسزمان ڕوویان‌کردە قەراغ شار، ئێوە قوزەڵقورتەکەتان وەکوو دەمانچە ئەخەنە پشت قنگتان و نزیک بەو ماڵە بەسزمانە، نزیک بەو ئافرەتانە، دەستئەکەن بە خواردنەوە و زەڕەزەڕ و پلار و توانج تێگرتن، بۆ ئەمە ئاخ هەڵئەکێشن و قینتان لە ڕەمەزانە؟

ڕ: کێ ئەڵێ قینمان لە ڕەمەزانە؟ تۆ لە خۆتەوە بوختانمان بۆ دروستئەکەیت.

م: دوور لە ئێوە! بوختان؟ ئەی ئێوە ئێستا باسی چیتان ئەکرد؟ کوڕە تۆزێک شوورەیی، تۆزێک عەیبە، تۆزێک غیرەت، ئێوەش خوشک و کەسوکارتان هەیە، شەرەفی خەڵقی بپارێزن، تا کەس طەماع نەکاتە شەرەفتان. بەڕۆژوونابن چش، بەڵام ئیحتیرامی ئەو کەسانە بگرن کە بەڕۆژوون، بۆ ئەوەی ئیحتیرامتان بگرنەوە.

ئ: من پێم‌وتی ڕەسووڵ هیچ نییە بشارڕێتەوە، مردووت مرێ. بە نامووسم مادام ناوی مارف و عەزیزی برد، مەعنای ئەوەیە هەموو شتێکی‌تریش ئەزانێ.

ڕ: ئینجا گوایە چیمان کردووە؟ بە خوا سەیرە!

م: ئەمە گوایە هیچتان نەکردووە؟ شەو و ڕۆژ قومار و خواردنەوە و شوێن ئافرەت کەوتن و خەڵق‌ترساندن و مێبازی و هەتیوبازی و کاری ناڕەوای پیسی چەپەڵ. وا بەم ڕەمەزانەش بەڕۆژوونین و ئیهتیمام‌نادەن حەتا بەوەی کە تۆزێک ئیحتیرامی شەعائیری دین بگرن. ئەتانەوێ هەموو خەڵقی بەڕۆژوونەبن و مانگی ڕەمەزان هەڵگرن، وەکوو ئەم دنیایە بۆ ئارەزووی جەنابی پیسیناموبارەکتان دروستکرابێ. ئەمە هێشتا هیچ؟

ڕ: یاهوو، بە خوا کابرایەکی چەنەبازە ... ئینجا کێ دەرەقەتی تۆ یەت؟

ئ: بە خوا هەموو قسەکانی ڕاستە، ئەشهەدوبیللا ئێمە قۆڕ ئەڕۆین بە ڕێگادا.

م: بژی ئەحمەد ئەفەندی، پێ‌نان لە گوناهـ مەعنای ئەوەیە بەرەو ڕاستی، بەرەو پیاوەتی، ئەڕۆیت. هیوام زۆرە لە ڕەفیقایەتیی ئەم نەوعە ئینسانە بێ‌نرخانە

دوورکەویتەوە. بەڵام تۆ جەنابی ڕەسووڵ ئەفەندی لەگەڵ هاوڕێکانیترتا، بێگومانبە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵقی شاربەدەرتانئەکەن، لەبەر بێئەخلاقی و ڕەوشتنزمیتان. جارێ بە دوعا، ئیشم زۆرە، من میکرۆفۆنم (قاقای پێکەنین).

چیرۆکی سێیەم

**لە بازاڕا**

ڕەحمە: گەزی ئەم بلورییە بە چەند، باوکم؟

غەنی: بە ٢٠٠ فلس.

ڕەحمە: دووصەد مەعنای چی؟ بە چوار پەنجایی؟

غەنی: ئا... بە چوار پەنجایی ... بەری پانە.

ڕەحمە: ئینجا با بەری پان بێت! کوا بەری پانە؟

غەنی: من ئەیزانم یان تۆ. بە خوا سەیرە.

ڕەحمە: ئینجا باوکم بۆچی وا گرانی ئەفرۆشی؟

غەنی: ماڵی خۆمە و وای ئەفرۆشم... دایکم بەرەجەژنانە و ...

ڕەحمە: بەرەجەژنانی چی؟ بیسمیللا، جارێ ئەوەڵ ڕۆژی ڕەمەزانە.

غەنی: ئێستا درێژکردنەوەی بۆ چییە؟ بڕۆ نایفرۆشم، سەری بلووری بە ڕیشی بابی، ئینجا ئێستاا.....

ڕەحمە: بیسمیللا کابرا، ئەم تووڕەبوونەی بۆ چییە؟ بۆچی ئێمە شەڕئەکەین یان سەوا و مامەڵە؟

غەنی: من سەوا و مامەڵە ناکەم، دە بڕۆ، چیت ئەوێ؟

ڕەحمە: ئەوە کابرا تۆ شێتبوویت؟ بۆچی سواڵە، ساقەسەرە، بەزیادمنەکرد، ئاوا؟!

غەنی: ئەڕۆیت یان بۆت بێمە خوارەوە، گەزێک بکەم بە ورگتا؟

ڕەحمە: کوڕە، نەخەڵەتابی ئەوەندە دەمدرێژی بکەیت، کابرا. ڕیشتخواتەوە، ئەڵێی کلکی بزنەکەی ماڵی حاجی بارامە.

غەنی: ئەوە بە کێ ئەڵێی، جادووگەرەی فەرهادکوژەی.... ڕاوەستە با بێمە خوارەوە..... ئەوە کوا قۆنەرەکانم؟؟

میکرۆفۆن: (قاقای پێکەنین) یا خوا موبارەکنەبێ ئاوا لەم کڕین و فرۆشتنە، لەم سەوا و مامەڵەیە، لەم بێمێشکییە. ڕاوەستە، بابە میرزاغەنی، سەبر، تۆزێ سەبر باشە بۆ پیاو..... دانیشەرەوە. ئێجگار وا جڵەوی خۆت بەرمەدە، ئەڵێی ئێستری تۆپخانەی...... سەبر .. تۆش پووری.... باجی ڕەحمە.... ڕاوەستە مەڕۆ.

ڕەحمە: ئەڕۆم باوکم، شەرتبێ ئێستا شکاتیشی لێبکەم و گاڵیشیبدەم، حەو... سەعۆلە و حەسەن و عەبە بێنە سەری، گەزەکەی بکەن بە ورگیا.

میکرۆفۆن: تۆزێ سەبر... حیلمتبێ ڕەحمەخان، تۆزێ سەبر....

غەنی: توو خوا ئەگەر وازمان لێنەهێنی، ڕجات لێناکەم، من زمانبەڕۆژووم، تەحەمولی ئەمە ناکەم، هەر ئەبێ لێیبدەم، ئینجا با ئەو شکاتم لێبکات.

میکرۆفۆن: میرزا، غەلەط لە ڕۆژوو و لە موسوڵمانێتی گەیشتوویت.

غەنی: حەددت چییە وا بە من بڵێی کابرا.

میکرۆفۆن: موسوڵمانێتیی ڕاستەقینە، یەعنی ئیحتیرامی ئافرەت گرتن، یەعنی سەوا و مامەڵەی ڕاستی بێغەلوغەش، یەعنی نەخەڵەتاندنی خەڵقی. ئەمما ڕۆژووش، مەعنای ئەوەنییە ڕووی خۆت گرژبکەیت و تەنگەچیکەڵانە بیت و ناوچەوانت بکەیت بە دوو ئەموست و وەکوو دووپشک چزووت حازرکردبێ، بۆ ئەوەی بە خەڵقییەوە بدەیت.

ڕەحمە: ئەی بە قوربانی دەمت بم.

غەنی: تۆ کابرا وەعزی چی دائەدەیت؟

میکرۆفون: وەعزنییە میرزا، ئامۆژگاریی ڕێگاپیشاندان پێویستی هەموو موسوڵمانێکی ڕاستەقینەیە. پێمناخۆشە موشتەری لە خۆت بتەرێنی. پێمناخۆشە موسوڵمانێک جنێوبدات و شەڕبکات و خەڵقی هاودینی هاوجنسی ڕووتبکاتەوە بە ناوی شت پێفرۆشتن و بە ناوی ڕۆژووگرتن و بە ناوی بەرەجەژنانەوە.

ڕەحمە: ئەی بە قوربانت بم کاکەی میکرۆفۆن بۆ خۆت و قسەی جوانت، من چیم پێوت... تووخوا خەڵقە؟

میکرۆفۆن: تۆش باجی ڕەحمە، پێویستناکات ئەوەندە لەسەر شت بڕۆیت و درێژەی پێبدەیت و بیرێسیت. ئەڵێ بە چوار پەنجایی، بڵێ بە سەدوپەنجا، بە سەد، بە هەشتا. نەیدا بچۆ بۆ لای دووکانداریکیتر. کە دیت دووکاندارێک تووڕە و تڕۆیە... شتی لێمەکڕە و بڕایەوە.

ڕەحمە: باوکم، وەڵڵا خەتای ئەو بوو، هەر لە خۆیەوە کەوتە کەفوکوڵ و هەڵچوو، وا ئەزانێ کەس بەڕۆژوونییە، ئەو نەبێ.

میکرۆفۆن: ئێستا پێویست بە دڵگیری و عاجزی ناکات، موسوڵمان و ڕۆژووگری ڕاستەقینە ئەوانەن کە دەمیان پاکە و جنێوی پێنادەن و قسەی سووکیان لێنایەتە دەرەوە، ئەوانەی دەستیان خاوێنە و خراپەی پێناکەن. هەردوو لا خوا حافیزتانبێت، منم میکرۆفۆن... بە دوعا.

## چیرۆکی چوارەم

### غەیبەتکردن

عاصمە: بە قوربانی خوا بم، خۆزگە بمزانیایە چۆن وا هەڵگڕان؟ بە چی بوون بە صاحێبی خانوو؟! هەتا دوێنێ سواڵیانئەکرد.

ئافتاو: ئەوە باسی کێ ئەکەیت، دایە؟

عاصمە: باسی ماڵی سالە دەمخوار ئەکەم. هەیبەتی ژنی ئەمڕۆ دەستینابووە کەلەکەی، بە ناو هەیوانی بەردەمی عرووسییەکەدا ئەهات و ئەچوو، فیزیئەنا بەسەر ئەو ئەرزەشا کە بەسەریا ئەڕۆیشت.

ئافتاو: ئینجا هەیبەتەکەچەڵیش ئینسانە؟ ئەو گڵە کوێربێ. خۆ پەروانەشی کردووە،[1] دایە!

عاصمە: ئەی گوایە بۆ نایکات؟! کردەی سالە دەمخوارە و بردەی ئەو. هەر ڕۆژەش دەستێ جل ئەگۆڕێ.

مێرد: ئافرەت، دە تۆزێ بێدەنگ، با بۆ خۆمان بنووین.

عاصمە: ئینجا تۆ چیت ئەوێ لە من؟ بۆچی بۆ خۆت نانوویت؟

مێرد: چۆن بنووم؟ تۆ ئاوا منیشت خستە بیرکردنەوە.

ئافتاو: فکر لە چی ئەکەیتەوە، بابە؟

مێرد: وەڵڵا ڕۆڵە، منیش بیر لەم دنیایە ئەکەمەوە، لەم خەڵقە (هەناسە هەڵئەکێشێ).

عاصمە: هەزار جارم پێوتی پیاوەکە دووکانداریتیی بەقاڵی نانی تیا نەماوە.

---

[1] نەزانرا چییە. بەپێی ڕستەکە، دەبێ مەبەست جۆرە جلێکی ژنانە بێ. (س)

مێرد: ئەی چی نانی تیایە، ئافرەت؟

عاصمە: سینەما، پیاوەکە سینەما.

مێرد: سینەما مەعنای چی، ئافرەت؟

ئافتاو: تووخوا بابە گیان ئەگەر ئیزنمان نەدەیت بچین بۆ سینەما.

مێرد: هەی های.. ئەمە کەواتە ئەم هەموو قسە و هەناسەهەڵکێشان و ئاخ و داخە، هەمووی بۆ سینەما بوو؟

عاصمە: وزبە پیاوەکە، مەترسە، ناچین بۆ سینەما. ئەڵێم ئەگەر تۆش ببوویتایە بە شەریک لەگەڵ صاڵحەدا لە سینەماکەدا، ئێمەش ئێستا صاحێبی هەموو شتێ ئەبووین.

مێرد: من حەز لە چارەی صاڵحە ناکەم و نابم بە شەریک لەگەڵیا، ئافرەت.

عاصمە: نابی، چش، ئەم نەحسییەی تۆیە ئێمەی بە مەرارە بردووە و خەڵقیش، هەتیو و چەتیوی دوێنێ، ئەمڕۆ بوون بە ئەفەندی و خانم.

مێرد: من بێزمنایەت مەرحەبا لەم تازەپیاکەوتووانە بکەم.

میکرۆفۆن: (پێکەنین) چی؟ ئەوە ئەڵێن چی، عاصمەخان، جەنابی کاک حەسەن؟ موشتەرییەکانت، ئەوانەی ڕۆن و برنج و شەکر و چات لێئەکڕن، کێن؟ کێن ئەوانەی هەموو سەری مانگێ خایەومایەیان تەسلیمی تۆ ئەکەن؟ ئەم ئەفەندییانە نین؟ ئەی تۆ بە دەمیانەوە پێناکەنی و چایان بۆ ناکڕی و پێیاناڵێیت ماڵ ماڵی خۆتانە؟ ئەی بە هەندێکیان ناڵێیت بەگم، بە سەرت قەستەم ڕۆنی ئاوێتەیە؟ ئەم دووڕووییە بۆ، کاک حەسەن؟

مێرد: ئینجا بە حسابی تۆ، بێ ئینسان نابێ لە ماڵەکەی خۆشیا دوو قسەبکات! بە خوا شتێکی باشە.

میکرۆفۆن: قسە بۆ ناکەیت؟ کێ ڕێی قسەی لێگرتوویت؟ بەڵام قسەی جوانی بەکەڵک، نەک باسی خەڵقی کردن، نەک دووڕوویی و غەیبەت.

عاصمە: ئەها تووخوا میکرۆفۆن گیان، ئەگەر هەیبەت و سالە دەمخوار نەخەیتە ناو تەمسیلییەکانەوە.

میکرۆفۆن: ئەی تۆی غەیبەتکەر، عاصمەخان؟ هەیبەتی بەسزمان ناوی کەسی نەبردووە، بۆ خۆی لە ماڵی خۆیا دەست بخاتە کەلەکەی، یان خۆی بگۆڕێ. چی سووکییەکی تیایە و بۆ ئەبێ غەیبەتی بکرێ؟ یان صاڵحی بەسزمان، ڕۆژ تا

ئێوارێ ئیش‌ئەکا و هەڵئەسووڕێ و هیچ فیعلێکی خراپی نییە. ئەگەر شتومەک بکڕێ بۆ ماڵەکەی، چی سەنە و سووکییەکی تیایە؟ عەیبە غەیبەتکردن !

عاصمە: ئینجا ئەمە تۆ بۆ وا بەگەرمی لەسەریان ئەکەیتەوە، ئەڵێی برای باوکتن!

میکرۆفۆن: پێویستە ئینسان لەسەر هەموو شتێکی حەق و باش بکاتەوە. جگە لەوەش، ڕەمەزانە عاصمەخان، کاک حەسەن، ڕەمەزان و ڕۆژوو و موسوڵمانێتی دوورن و ڕێکناکەون لەگەڵ غەیبەت و دووڕوویییا، ئەگینا ڕۆژووەکەتان بەتاڵە و هەموو هیلاکی و ماندوێتییەکەتان ئەچێت بۆ ئەوان! خەڵقە ڕەمەزانە، بەسیەتی غەیبەت، بەسیەتی دووڕوویی، موسوڵمانی تەواو ئەو کەسانەن کە بەڕۆژووش‌ئەبن لە غەیبەت و دووڕوویی و زمان‌پیسی..... خوا هیدایەتتان‌بدات....... خوا بتانخاتە سەر ڕێی ڕاست، خەڵقە، بە دوعا......... بە دوعا.............. .

## چیرۆکی پێنجەم

### خەرمان سووتاندن

ڕێحان: هەی ڕۆ، ماڵی ویرانم، ڕەنج‌بێوەر خۆم! خایەومایەمان ڕۆی! ئەو کەسە بەر گوللە کەوێ کە خەرمانەکەی سووتانین. خوایە بە کافری بیکوژی. توو ئەم ڕۆژی ڕەمەزانە، بە سووتان بیمرێنە و جەرگی هەڵقرچێنە (لەسنگدان).

مەنیج: ئەوە چییە پلکەڕێحان؟ چی قەوماوە؟

ڕێحان: کەنی مەنیجە، جوابیان بۆ هاوردم کە خەرمانەکەیان سووتاندووە، کافری بێ‌دینانە. بەم ڕەمەزانە خەرمانی بێوەژنێکی ڕەزەڵخوای هەتیوبار! ئۆهـ خوا قبووڵی‌نەکەی، ئەم حەقەم لە تۆ ئەوێت.

مەنیج: ئۆهـ عەمرەکەم نەمێنێ پلکەڕێحان! یا خوا ئەوەی خەرمانەکەتی سووتان، جەرگی بە قاورمە بێ، دە بڕۆ شکات‌بکە لە ناحیە.

ڕێحان: ئینجا شکات لە کێ بکەم؟ چووسانم کێ سووتاندوونی، مەنیج گیان لە خۆمەوە کێ گوناهبار بکەم؟ خوا هەڵناگرێ.

مەنیج: شکات‌بکە، کێ ئەگرن با بیگرن، چش. ئەی خوا هەڵئەگرێ بەم ڕەمەزانە موسوڵمان ڕزق و ئازووقەی موسوڵمان بسووتێنێ؟

حەمە: ئەوە چییە مەنیجە؟ کەنی، بچۆ بە لای ئاژاڵەکەوە، با خڕکێکت تێ‌نەگرم.

مەنیج: ئۆهـ خوا بتکوژێ، ئاوا. حەمە گەلۆری تێرنەخۆرە، وا ئەچم... وا ئەڕۆم.

ڕێحان: حەمە نایەی لەگەڵما بچین بۆ لای قۆمیسەر؟

حەمە: من کارم وە قۆمیسەر نییە، ڕێحان فەرمانم هەس ڕێحان، وە ڕۆژووم، بەڵام بۆچی ئەچی بۆ لای قۆمیسەر؟!

ڕێحان: شکاتئەکەم، قوڕئەکەم وەسەر خۆما، خەرمانەکەیان سووتاندگم.

حەمە: ئینجا کێ چووسوانێ چۆن سووتاوە، کەنی؟ ڕەنگبێ وە جگەرەی خۆت سووتابێ، بوختان بە خەڵقی مەکە.

ڕێحان: جگەرەی چی، حەمە گزیر؟ بە قەیتانی چەخماخ سووتانوویانە، خوا بیانسووتێنێ.

حەمە: کەنی، بۆ دینت خراوە، دوعامەکە، تۆ لەکن خۆت بەڕۆژوویت!

میکرۆفۆن (پێکەنین): بەڵێ، حەمە گزیزی ساختەچی، تۆش بەڕۆژوویت! بەڵام بە شەویش جەردەییئەکەیت و خەرمان ئەسووتێنی. تووخوا تۆ عەیبتنەکرد؟ شەرم نەیگرتی خەرمانی ئەم ئافرەتە بەسزمانەت سووتاند؟

حەمە: ئەوە بە کێ ییژی کابرا؟ وە من؟

میکرۆفۆن: ئا بە تۆ ییژم، ئادەی چەخماخەکەت دەربێنە، دەریهێنە، خێرا... بێنە، بێنە.

حەمە: تۆ کارت چییە وە چەخماخی منەوە؟!

ڕێحان: دەریهێنە حەمە کەڵەگا. بەو خوایە دەرینەهێنی، گشت لەشت وەگاز ئەپچڕم.

حەمە: ها ئەوە چەخماخ.

میکرۆفۆن: کوا؟ قەیتانەکەی ناوی کوا؟

حەمە: لێمکەوت، چووسووانم چیی لێهات.

میکرۆفۆن: ئای موجریمی جەردەی خەرمانسووتێنەر، بەو قەیتانە خەرمانی باجی ڕێحانی کلۆڵت سووتاند؟ بڕۆ شکاتی لێبکە، با ئەم موجریمە بگرن.

ڕێحان: هەر ئێستا دەردی دەرمانئەکەم. ئەمە قینی ئەوەت هەڵسا کە مەڕەکەم پێنەدایت، وا چوویت خەرمانەکەمت سووتاند، حەمە سووتاو.

میکرۆفۆن: ڕانەکەی حەمە، وا دەورییەکە هات.

ڕێحان: ئا بیگرن، نامەردتاننەکەن، بیگرن نامەردتاننەکەن، بیگرن خەرمانی سووتاندووم.

حەمە: بە قورحان، شەیتان پێیکردم.

میکرۆفۆن: بەڵام دا لە تۆ و لە شەیتان، لە هەموو جەردە و چەتە و پیاوخراپ و سووتێنەرانی خەرمان، بیگرن، بیبەن، منم میکرۆفۆن. (پێکەنین)

(ختام)

٩٥٤/٥/٢

چیرۆکی یەکەم:

سەعید- نووری    بەهێ- ئەحمەد

ڕەحمە- دلاوەر

چیرۆکی دووەم:

شاگرد: دلاوەر    ئەحمەد- ئەحمەد

ڕەسووڵ- نووری

چیرۆکی سێیەم:

غەنی- نووری

ڕەحمە- دلاوەر

چیرۆکی چوارەم:

مێرد- نووری    ئافتاو- ئەحمەد

عاصمە- دلاوەر

چیرۆکی پێنجەم:

حەمە- نووری    مەنیج- ئەحمەد

ڕێحان- دلاوەر

چیرۆکی تەمسیلی (١٢):

# ڕۆژووگرتن

نووسینی: عەبدولجەبار شەوکەت

(گۆڕین)

١٩٥٤/٥/٧

(پەردەی یەکەم)

(مؤثرات: أصوات غنم وصهيل جياد وأصوات ديكة)

حەسان: خوایە، توو گەورەیی خۆت و خۆشەویستیی پێغەمبەر، هەرچی خێر و خۆشی، هەرچی چاکی و باشییە، ئەوەمان بهێنەرە ڕێ. بمانخەرە سەر ڕێی ڕاست و لە چەوتی دوورمانخەرەوە، کاروبارمان ڕایی‌کە، ئیمانمان بەهێز و پتەو کە، بەرەی موشریکین و بتپەرست و ناحەزانی بەشەر لەناوببە!

ئافرەت: دایکی نائیلە، ئەوە چی ئەکەی؟

ژن: (فووئەکا بە هەرچوار دەوری خۆیا) توو گەورەیی خۆت بمانپارێزە لە هەموو دەرد و بەڵایەک! ئەڵێی چی پیاوەکە؟

حەسان: وتم ئەبێ ئەمڕۆ بچم بۆ یەثروب، بۆ دیدەنیی پێغەمبەری گەورە.

ژن: ئینجا زوو نییە وا لە ئێستاوە ئەڕۆی؟

حەسان: ئافرەت گڕ و کڵپەی ئیمان، ئایەتە بەرزەکانی قورئان، حەدیثەکانی پێغەمبەری گەورەمان، وایان لی‌کردووم خۆشمم لەبیربچێتەوە!

ژن: بەڕاستی، لەو ڕۆژەوە کە دینی پیرۆزی ئیسلام بڵاوبۆتەوە لەناو ئێمەدا، جۆری ژیانیشمان گوڕاوە!

حەسان: بێ‌گومان هەموو گۆشەیەکی ژیانمان گۆڕاوە، جاران کچ زیندەبەچاڵ‌ئەکرا، تالان و برۆ، جەردەیی و دزی و پیاوکوشتن، باوبوو! لەجیاتیی خوای گەورە، ئەبووایە لات و عەزا و هوبەل و بتەکانی‌تری ناو کەعبەمان بپەرستایە!

ژن: لەپێش ئیسلامییەتا، ئافرەت هیچ نرخێکی نەبوو، وەکوو حەیوان تەماشائەکرا، کەس بە هیچی نەئەزانی.

حەسان: بەڕاستی ئافرەت ئێمە بەختیارین کە بەرچاومان ڕوونبووەوە و ڕووناکیمان لە تاریکی جیاکردەوە و شوێن ئەم بیروباوەڕە بەرزە کەوتین و لە وەحدانییەت گەیشتین! ئەوە کوا موجاشیع؟

ژن: دوای ئەوەی نوێژیکرد، چووە دەرەوە!

موجاشیع: وا هاتمەوە بابەگیان! ولاخەکەم بۆ زینکردی، بەڵام بۆچی وا زوو ئەڕۆی، بابە گیان؟

حەسان: بۆ ئەوەی بە فێنکی بگەمە یەثروب، بۆ ئەوەی لە حەدیثەکانی پێغەمبەر مەحرووم‌نەبم.

موجاشیع: ئەزانی -بابە گیان- عەبدوڵلای ڕەفیقم فێری خوێندن و نووسینم ئەکات، بۆ ئەوەی باش لە قورئان بگەم؟

حەسان: زۆر شتێکی بەجێیە! پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێک، نێر بێت یان مێ، گەورە بێت یان بچووک، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، فێریبێت و هەوڵی زیاتری فێربوون بدات. پێغەمبەری گەورە ئەفەرموێ: "اطلب العلم ولو بالصین"، داوای عیلم بکە و بچۆ بەشوێنیا، حەتا ئەگەر لە چین بێت.

ژن: بەڕاستی کە گوێم لە بانگ و سەڵا، لە خوێندنەوەی قورئان ئەبێت، ئەچمە عالەمێکی نوورانییەوە.

موجاشیع: هیچ کتێبێک نییە بگا بە قورئان.

حەسان: قورئان هەموو شتێکی تیایە، کوڕم، هەموو شتێکی گرتۆتەوە، هەرچییەکت بوێت، وا لە قورئانا.. هەر کەسێک بەتەواوی لە قورئان بگا و پەیڕەویبکات، موسوڵمانێکی تەواوە و ئیماندارێکی پتەو و عالمە.

نائیلە: دایە گیان، ئەم کوندەئاوەم لێبگرە.

ژن: ئا بێنە دایکەکەم، بۆچی دوو کوندە ئەبەی لەگەڵ خۆتا، کچم ناتوانی.

نائیلە: ئەتوانم، دایە گیان.

ژن: پیاوەکە بە موجاشیع بڵێ، ئاگای لە خۆی بێت.

حەسان: لە چ ڕوویەکەوە ئافرەت؟ هیچ ڕوویداوە؟

ژن: لەگەڵ عەبدوڵڵا مەڕەکان لێئەخوڕن بۆ دوور. هەتا ئێواران ئەگەڕێتەوە، دڵم وا لە مەراقا.

حەسان: جوابی چیی دایکت ئەدەیتەوە، کوڕم؟

موجاشیع: هەموو دایکێ وایە، بابە گیان، ئەگینا شوانی مەراق و ترسی بۆ چییە؟

ژن: کوڕم ئەوەندە دوورمەکەوەرەوە، چونکە جوولەکە و دوژمنە موشریکە بتپەرستەکان بۆ هەلێک ئەگەڕێن موسوڵمانێکی تیا شەهیدبکەن.

موجاشیع: خاوەنئیمان لە بێئیمان ناترسێت.

حەسان: بژی کوڕم، خوا بەرخوردارتکا و ئەمسالت زیادبێت.

موجاشیع: موسوڵمانێکی ئیمانداری پڕبڕوا، دەرەقەتی لەشکرێکی بێئیمانی بێبڕوای کافر دێت.

حەسان: لەمەودواوە شیرە کۆنەکەمان لەگەڵ خۆتا ببە، هەتا شیرێکی تازەت بۆ ئەکڕم.

موجاشیع: هەموو ڕۆژێک، بابە گیان، عەبدوڵڵای هاوڕێم دوو شیر لەگەڵ خۆیا ئەهێنێ و خەنجەریشمان پێیە.

حەسان: کەواتە ئافرەت ئیتر ترست نەبێت، ئەم دوو شیرە و ئیمانی ئەم دوو موسوڵمانە پڕبڕوایە و ئەو قورئانەی پێیانە، لەشکرێکی بێئیمانی پێ مەحوئەکرێتەوە.

ژن: وا من لەگەڵ کوڕمم.

موجاشیع: شەوێ کە هاتیەوە، ئەبێ هەموو حەدیسەکانی پێغەمبەری گەورەم بۆ بگێڕیتەوە.

حەسان: بێگومان بۆتانی ئەگێڕمەوە.

موجاشیع: منیش دوعا.

ژن وە نائیلە: خوات لەگەڵ، لە پەنای خوابیت.

(مۆسیقای نای و دەف)

ژن: نائیلە، نائیلە.

نائلە: بەڵێ، دایە گیان.

ژن: ئەوە چی ئەکەی، کچە شیرینەکەم؟

نائیلە: خەریکی دروونەوەی ئەم جەواڵەم.

ژن: چاوت لە ئاوابوونی ڕۆژە.

نائیلە: بەڵێ، چاوملێیەتی: لە جوانییا وەسفناکرێ، مەگەر هەر خوای گەورە بتوانێ ئەم جۆرە نیگارانە دروستبکات.

ژ،ن: دڵم وا دیسان دەکەوێتەوە مەراق.

نائیلە: مەراق؟ بۆچی دایە گیان.

ژن: وا ڕۆژ ئاوائەبیت و تاریکدایەت، کەچی نە باوکت دیارە و نە کاکت.

نائیلە: پێغەمبەر ئەفەرموێ "دڵنیایی نیوەی ئیمانە"، پێویستە مەعنای صەبر بزانین.

نائیلە: ئینجا کە وا ئەزانیت، بۆ مەراقئەکەی، دایکە؟

ژن: نازانم، ماڵی جگەر بەقوڕبگیریت.

نائیلە: تەماشاکە، دایە گیان، تەماشای ئاسۆ کە!

ژن: بەڵێ! ڕۆژ خەریکی ئاوابوونە!

نائیلە: ئەوە ناڵێم، تەماشای ئەو تۆز و غوبارە کە!

ژن: ئەترسم سەرەتای تۆز و گەردەلوولی سەحرا بێت.

نائیلە: نەء، گەر گەردەلوول نییە، تۆز و غوباری مەڕەکانی کاکمە.

ژن: خوابکات ئەو بێت.

نائیلە: بێگومان. ئەوە باش سەرنجبدە.

ژن: ئا..! ڕاستە مەڕەکانن، ڕانی ئاواییەکەیە، ئەوە عەبدوڵلایە و .. ئەوەش کاکتە.

نائیلە: باشە، ئەوە چییە بە باوەشی کاکمەوە؟

ژن: ئەوە کوا چییە بە باوەشیەوە؟

نائیلە: باش سەرنجیبدەرێ وە لێی وردببەرەوە!

ژن: ئەوە لە بەرخ، لە کار ئەچێت، بەرخە.

نائیلە: هیی هەر کەسێک بێت، دەرئەکەوێت، کچم.

(مؤثرات: أصوات لغنم من بعيد، ثم تتعالى)

نائیله: ئەوە بۆچی وا دواکەوتی، کاکە؟

ژن: ڕۆڵە، دڵت خستمە مەراقەوە.

موجاشیع: دڵتان نەکەوێتە مەراقەوە، بۆچی من منالّم؟ ئەوە باوکم نەهاتۆتەوە؟

ژن: نەء، وا تۆ هاتیتەوە، ئینجا نۆرەی خەمخواردنی دواکەوتنی باوکتە.

موجاشیع: پێویست بە خەم خواردن ناکات. بێگومان نوێژی ئێوارەی لەوێ ئەکات، ئینجا یەتەوە.

ژن: لە مزگەوتی پێغەمەرا؟

موجاشیع: بێگومان.

نائیله: خوزگەم بەو کەسەی لەگەڵ پێغەمەرا نوێژئەکات.

موجاشیع: من و عەبدوڵلا جارێکیان لەوێ نوێژمانکرد.

ژن: خۆزگەم بە خۆتان، خۆزگە نەمردمایە و چاوم بە پێغەمبەری خوا بکەوتایە.

نائیله: منیش هەتا بڵێی حەزئەکەم.

موجاشیع: ئینجا بۆچی گوایە بێهیوان؟ شت نییە لەمە ئاسانتربێت، ئێوەش وەکوو ئافرەتانی موسوڵمان ئەتوانن بچن وە گوێتان لە هەموو وەعظ و حەدیسی پێغەمبەر بێت.

ژن: بۆچی ئەهێڵن ژنان بچنە مزگەوت؟

موجاشیع: بێگومان، من بە چاوی خۆم دیمن، کێ ئەڵی ژن نابێ بچێتە مزگەوت؟

ژن: کەس، کەواتە با نائیله بە باوکت بڵێین کە هاتەوە.

نائیله: زۆر شتێکی بەجێ و جوانە، بێگومان ئیزنمانئەدات.

موجاشیع: خۆی ئەتانبات.

ژن: وەی، کچم با مەڕەکان بدۆشین.

نائیله: با بڕۆین، دایە گیان، کوا جامە گەورەکە؟

ژن: ئەوەتە لە پەنای کوندەکەدا.

(موسيقى دفوف وناي)

(مؤثرات حوافر جواد وصهيل جياد)

نائیلە: گوێتان لێبێت؟

موجاشیع: بێگومان باوکمە هاتەوە.

ژن: بێگومان خۆیەتی.

حەسان: السلام علیکم.

هەموو: وعلیکم السلام.

موجاشیع: بێنە وڵاخەکەت، بابە گیان.

ژن: دەی زووکە، کچم نان بێنە بۆ باوکت.

نائیلە: چیی تازە هەیە لە یەثروب، بابە گیان.

حەسان: ئایەتێکی تازەیتری قورئان هاتۆتە خوارەوە بۆ عیبادەتێکیتر.

نائیلە: چی؟ عیبادەتێکیتر چییە، بابە گیان؟

ژن: دە وازی لێبێنە کچم، جارێ با نانەکەی بخوات، هیلاک و ماندووە!

حەسان: قەیناکە، گوێبگرن، ئەم عیبادەتە تازەیە کە ئەو ئایەتەی بۆ هاتۆتە خوارەوە، ڕۆژووگرتنە.

ژن: ڕۆژووگرتن مەعنای چی؟

حەسان: لە هەموو شتێک، غەیری ئیشکردن و قسەکردن.

نائیلە: نابێ قەد هیچ بخۆین؟

حەسان: گوێبگرە کچم، ئایەتەکە ئەڵێ چی! ئەی ئیماندارینە، پێویستە سیڕۆژەی ڕەمەزان بەڕۆژووبن. ئەوانەی نەخۆش، یان لەسەر سەفەرن، ئەتوانن بەڕۆژوونەبن، بەڵام ئەبێ بە قەزا بیگێڕنەوە. ئەوانەی ئەتوانن و بەڕۆژوونابن، پێویستە خۆراک بدەن بە ڕۆژوودار و هەژارانی موسوڵمان. پیرۆزیی مانگی ڕەمەزان لەوەدایە کە قورئانی تیا هاتۆتە خوارێ بۆ ڕێی ڕاست.

ژن: کەی ئەم ئایەتە هاتووە پیاوەکە؟!

حەسان: ئەمڕۆ وە لە لەبزی پیرۆزی پیغەمبەرم بیستووە.

نائیلە: ئینجا هەر وا زوو لەبەرتکرد؟

حەسان: بەڵێ، کچە شیرینەکەم، ئینسانی خاوەنئیمان کە شتێکی خۆشویست، پڕبەدڵ زۆر سووک و ئاسان ئەبێت لای. منیش و هەموو ئەسحابە پیاوچاکەکانیش

لەبەرمانکرد، وە بیلالی کوڕی ڕیاحیش بە دەنگە خۆشەکەی لە بەردەمی نێراوی خودا دووبارەیکردەوە.

نائیلە: تووخوا ئەگەر، بابە گیان، نەمانبەی بۆ یەثروب؟

ژن: پیاوەکە زۆر حەزئەکەم بمانبەیت.

حەسان: ئەی ماڵەکە بەدیار کێوە بەجێبهێڵین؟

موجاشیع: تەنیا ڕۆژێکە، من لێرە ئەبم.

ژن: ڕۆژێک هیچ نییە.

موجاشیع: ئینجا قەیناکە دوو یا سێ ڕۆژمان پێبچێت.

نائیلە: کەی بڕۆین، بابە گیان؟

حەسان: وا دیارە زۆر پەلەتانە؟

ژن: بێگومان پەلەمانە، کێ هەیە پەلەی نەبێ بۆ بینینی ئەو کەسەی ڕێی هیدایەتی پیشانی خەڵقی دا؟

نائیلە: ئەو کەسەی لە تاریکییەوە عالەمی پاڵپێوەنا بەرەو ڕووناکی.

حەسان: بەڵی، ڕاستە پێغەمبەری گەورە بووە ڕێپیشاندەر و پێشەنگمان بۆ ڕزگاربوون لە نەزانین، لە تاریکی، لە کردەوەی پیس و ناشیرین، لە بتپەرستن، لە کۆیلەتی ڕزگاریکردین. مەعنای حەق و داد و سەربەستیی تێگەیاندین، لە شەڕوشۆڕ و تالان و برۆ و جەردەیی و دزییەوە، ئێمەی خستە باوەشی ئاسوودەگی و ئیمانداری و ئارامگرتن و فێری ئاسایش و ئاشتیوانی و برایەتیی کردین.

ژن: هەتا دنیا دنیایە ناوی پێغەمبەری گەورە هەر ئەمێنێ و ناکوژێتەوە.

نائیلە: هەتا دنیا دنیایە بانگی حەقپەرستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەرزئەبێتەوە.

حەسان: خۆتان ئامادەکەن، سبەینێ لەگەڵ شەبەقا ئەکەوینە ڕێ ڕووەو یەثروب، ڕووەو ئەو شارەی نوری حەق کردوویەتی بە جێنشین.

(فاصیلەی مۆسیقا)

موجاشیع: بابە! بابە!

حەسان: ها، باوکم ئەڵێی چی؟

موجاشیع: ئەڵیم وا بەیانییە ناچن بۆ یەثروب؟

حەسان: چۆن ناچین؟

موجاشیع: دایە، دایکە دە هەڵسە!

ژن: بۆ کوێ هەڵسم، کوڕم؟ ئەی پارشێومان‌نەکرد؟

موجاشیع: مەبەستم پارشێو نییە؟

موجاشیع: ئەڵێم ناچن بۆ یەثروب؟

ژن: چۆن ناچین؟ نائیلە؟ نائیلە، کچم دە هەڵسە!

نائیلە: من بەخەبەرم، دایە گیان!

حەسان: کچم، ئەگەر ئەزانی ناتوانی بەڕۆژووبیت، بیشکێنە، چونکە سەفەرمان وا لەبەر.

نائیلە: بە خوا نایشکێنم.. ئەم بستە ڕێگایە سەفەری پێ‌ناڵێن.

حەسان: کوڕم، ئاگات لە ئاژەڵەکە، ئاگات لە ماڵەکە بێت!

موجاشیع: پێویست‌ناکات، بابە گیان.

حەسان: ئێواران بۆ خۆت بەربانگی خۆت بکەرەوە.

موجاشیع: لەگەڵ عەبدوڵڵادا بەیەکەوە لێرە بەربانگیش و پارشێویش ئەکەین.

حەسان: ئەی ڕانی ئاواییەکە؟

موجاشیع: عەبدوڵڵا و براکەی ئەم دوو ڕۆژە ئەیانلەوەڕێنن.

ژن: بە دوعا کوڕە شیرینەکەم.

موجاشیع: خواتان لەگەڵ.

(مؤثرات: صوت حوافر جیاد کثیرة وهي تبتعد)

حەسان: وا گەیشتین، ئەمە یەثروبە، ئەو شارەی پێغەمبەری گەورەی لێیە.

ژن: ئەم ماڵە گەورەیە هی کێیە پیاوەکە؟

حەسان: ئەمە ماڵی خوایە، ئەو مزگەوتەیە کە بۆم باس‌کردن.

نائیلە: ئێمەش لەگەڵ ئەم هەموو خەڵقەدا ئەچینە ناو ئەم مزگەوتەوە؟

ژن: جێگای ژنان جیایە کچم.

حەسان: وا خەریکە ڕۆژ ئاوائەبیت، نەختێکیتر بانگئەدا. با بچین شتێک پەیدابکەین بۆ بەربانگ.

ژن: نان و خورما و پەنیرم لەگەڵ خۆما هێناوە.

حەسان: ئەی ئافەرم، باشە لە مزگەوت ئاویش هەیە، بەڵام بۆ پارشێو چی بکەین؟

ژن: بەشی بەربانگ و پارشێومان ئەکات.

نائیلە: ئەی بۆ نەچینەماڵی پوورم، دایە؟

حەسان: چونکە دەستیان کورتە، کچم. ئێمەش بچین ئەبین بە بار بەسەریانەوە.

ژن: پیاوەکە حەزئەکەم گوێم لە بانگ و سەدای بیلال بێت، چونکە زۆری مەتحئەکەن.

حەسان: نەختێکیتر گوێت لێیئەبێت، ئافرەت. ئەها، نائیلە تەماشای سەربان کە، ئافرەت ئەو پیاوە درێژە ئەبینیت؟

ژن: ئا، چاوم لێیەتی.

نائیلە: ئەوە کێیە بابە؟

حەسان: ئەوەیە بیلال، بانگڕاهیڵەری ڕەسووڵی گەورە.

ژن: وتیان بتپەرستە موشریکەکان زۆریان ئەشکەنجە و ئازار دا لە سەرەتای ئیسلامییەتا.

حەسان: بێگومان، ویستیان لە ئایینی پاک وەریچەرخێنن، پەشیمانیکەنەوە، لەخشتەیبەرن، هیچ سوودێکی نەبوو. وا ڕۆژ ئاوابوو، ئێستا بیلال بانگئەدا.

(مؤثرات آذان)

حەسان: ئێستا خو بەتەواوی هەموو شاری یەثروبتان دی؟

ژن: بێگومان شارێکە نووری لێئەبارێ.

نائیلە: پڕیەتی لە ئیمان، چونکە پێغەمبەری گەورەی تیایە.

ژن: چونکە هەموو پڕ لە ئیمانن، هەموو بەڕۆژوون، هەموو نوێژئەکەن.

حەسان: بەڵێ، چونکە هەموو برا و خوشکی یەکترین، کەس تەماع ناکاتە ماڵ و شەرەفی کەس، کەس لە کەس ناکەوێ، هەر کەسە پێویستیی سەرشانی خۆی ئەزانێ.

ژن: ئێستا و زەمانی جاهیلییەت ئاسمان و ڕێسمانە.

حەسان: ئەو حەلە بتپەرستی بوو، ئێستا خواپەرستی. ئەو حەلە زولّم و زۆر بوو، ئیستا حەق و عەدالەت جێگیر و بنجبەست بووە.

نائیلە: خوای بکردایە ئەم نووری حەقە زاڵببووایە و هەموو شوێنێکی تاریکی ڕووناکبکردایەوە.

حەسان: بێگومان بە کچم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرچی گۆشەی زەوی هەیە، بەم نوورە ڕووناکئەبێتەوە. سەرەتای ئەم دینە چونکە لیرە بنجبەست بووە، تازە هەرچی بتپەرستی دنیا هەیە، بکەونە سەر یەک، ناتوانن بیلەقێنن. سەرکەوتن بۆ ئیمانی پتەوە و بۆ حەقپەرستی و بۆ ئەوانەی بڕوای تەواویان هەیە بە پێشکەوتنی ئیسلام، بە زاڵبوونی بەسەر دوژمنە بتپەرستە بێبروا و زاڵمەکانا.

ژن: پیاوەکە نەگەڕێینەوە؟دلّم وا لە مەراقا.

نائیلە: دیسانەوە دایە دڵت کەوتەوە مەراق؟

حەسان: ناحەقی نییە کچم، جگەر عەزیزە و ئینسان نابێ ماڵیش بەرەڵابکات.

ژن: کە واتە با بگەڕێینەوە و لە فرسەتێکیتریشا، ئەگەر عومر ما، بۆ دیدەنی دێینەوە.

حەسان: با بڕۆینەوە، دەی سواربن، بەڵام ئەوەتان لەبیرنەچێت کە دین، یەعنی ئیشکردن و تێکۆشان، یەعنی دەمپاکی و دەستپاکی و دڵپاکی، یەعنی خراپەنەکردن، یەعنی خێرخوایی، بەجێهێنانی هەموو ئەمرێکی خوای گەورە، نوێژ و ڕۆژوو، خێرکردن، دەستی داماو و لێقەوماو گرتن، یارمەتیدانی برای هاودین و هاوجنس و هاوبڕوا، بە دوعا شارەکەی یەثروب، قەرارگەی نووری حەقی سەرکەوتوو، بە دوعا...

(صوت جياد وهي تبتعد)

(ختام)

چیرۆکی تەمسیلیی ١٤:

## قەوماوی ناوماڵ

١٩٥٤/٥/٢٥

### چیرۆکی یەکەم

**مەلای ناعادل**

پیاو: ئافرەت! حەلاو! دە هەستە! ئای!

ژن: ئەوە چییە تۆ بەم نیوەشەوە، بەزیای خێرم نەکرد، ئاوا!

پیاو: ئافرەت بۆ تووڕەئەبی؟ عەیب‌نییە دەنگمان دەرئەهێنی بەم نیوە شەوە! دە هەڵسە!

ژن: نەخێر هەڵناسم! چیت ئەوێ بزانم؟

پیاو: ئەی پێم‌نەوتی پارشێوم بۆ دروست‌بکە، بە ڕۆژووئەبم!

ژن: من پارشێوناکەم و بە ڕۆژوونابم!

پیاو: پارشێوناکەیت و بەڕۆژوونابی، چش!

ژن: چشت لێ پڕ، هۆ بەزیای خێرم نەکرد، ئاوا وەڵڵا لێت پەیائەبێت.

پیاو: دەنگم دەرمەهێنە، حەلاو! بەسە، چەنەبازی و حەنەحەبەشێ! من ئەمەوێ بەڕۆژووبم و پارشێوم بۆ دروست‌بکە!

ژن: من پێم‌وتی بەڕۆژوونابم و پارشێو بۆ کەس دروست‌ناکەم.

پیاو: بە خوا ئیشمان باشە! زەمانێک تێکەوتووین ژن بە قسەی پیاو ناکا...

ژن: تۆ پێم‌ناڵێی ئەم‌ساڵ ئەم موسوڵمانەتییەت لە کوێوە جووڵا؟

پیاو: ئەی چین، ئێمە فەرمەسۆنین؟ ئەی ئێمە موسوڵمان نین، حەلاوە خان؟

ژن: ئەوە ماڵی مەلا حەسەنی دراوسێمان شەش سەرن، تاقە یەکێکیان بەڕۆژوونین.

پیاو: کچێ، عەیبە بە درۆ ناوی خەڵق ببەیت، گوناهە. خوا بتگرێ، ئاوا!

ژن: خوا ئەوەندە بتگرێ، هەتا غەوری غەزەبت ئەکا! ئای!

پیاو: لە کوێ ئەزانی ماڵی مەلا حەسەن بەڕۆژوونین؟

ژن: ئەوە ئامینەخانی مەلاژن؟ خۆی پێیوتم! خۆشم بە چاوی خۆم ئەمڕۆ نیوەڕۆ مەلا حەسەنم بینی، دانی پاکئەکردەوە، پارچەگۆشتی لە دەمی ئەهێنایە دەرەوە.

پیاو: ئێستا حەقمان چییە بەسەر ماڵی مەلا حەسەنەوە؟ بە ڕۆژوو ئەبن یا نابن، کەیفی خۆیانە. ڕۆژی قیامەت هەر کەسە بزن و مەڕ بە لاقی خۆیا هەڵئەواسرێ!

ژن: ئینجا کە ماڵی مەلا بە ڕۆژوونەبن، ئیتر ئێمە بۆچی.....

پیاو: دەمدرێژی بەسە، کچەتیوەی ناکەسبەچە، توخمی مارفەشێت!

ژن: ئەوە بە کێ ئەڵێی کوڕە، هۆو بەزیای خیری نەکرد ئاوا! نەخەڵەتابی ناوی باوکم بێنێ!

پیاو: پارشێو دروستئەکەیت یان تەڵاقتبدەم؟

ژن: تەڵاقمنادەیت، فیلنار فیلسقەر! بێنە هەر ئێستا تەڵاقمبدە، دەی!

پیاو: کچێ لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە. ئافرەت ئەمە دە ساڵە ئێمە...

ژن: دە ساڵ و بیست ساڵی ناوێ، بێنە دەی، تەڵاقمبدە هەر ئێستا، پیاوە تووڕەی بێفەڕە؟

پیاو: دەسا مادام وات وت، سێبەسێ تەڵاقتکەوتبێ، بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە و هەرچی شەرع بتداتێ، من نەتدەمێ. دە بڕۆ دەی!

(نقلة موسيقية)

پیاو: ئەرێ مامۆستا! مەلا حەسەن! مەلا حەسەن!

مەلا: ئەوە کێیە؟ فایەق ئەڵێی چی؟ باش بوو دیمی!

پیاو: ئەوە چۆن وتت تەڵاقەکە چاکنابێتەوە مەلا حەسەن؟

مەلا: تۆ فایقە، ڕۆڵە موسوڵمانێکی باشی و بەڵام تۆزێ نازانی چۆن ئیشوکار مەیسەرئەکەیت.

پیاو: ئیشوکاری چی مەلا حەسەن؟

مەلا: ئەگەر بهاتیتایە بۆماڵەوە، باشترنەبوو لەوەی بێیت لە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە باسی مەسەلەی تەڵاقەکە بکەیت؟

پیاو: گوایە باشتری چی بووە؟ ئەمە چی عەیب و عارێکی تیایە! خوا نەخواستە دزیمکردووە، پیاوم کوشتووە، زینامکردووە، مەلا؟

مەلا: ئاخر کە پێتئەڵێم کەمفامی، ئەڵێی بۆچی مەلا حەسەن وا ئەڵێ؟ کوڕم، تۆ لە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە ئەڵێی سێبەسێ ژنەکەمم تەڵاقداوە، ئیتر چۆن ئەتوانم بە شەرع خاسیبکەمەوە، بەڵام......

پیاو: بەڵام چی؟ دە بیڵێ مەلا حەسەن!

مەلا: ئەڵێم ئەگەر بهاتیتایە بۆ ماڵەوە، تەماشای کتێبم بۆ ئەکردی و یەکێکمان چاکئەکردەوە، بە حوکمی ئەو یەکە ئەوانیتریشمان ئەهێنایەوە جێ؟

پیاو: دە باشە، ئێستا با بچینە ماڵەوە و تەماشای کتێبم بۆ بکە!

مەلا: کتێب بە خۆڕایی تەماشاناکرێت. فایەق ئەبێ تێگەیشتنت ببێ، بە قوربان!

پیاو: چەندت ئەوێ مەلا؟

مەلا: بە دوو کاوڕ بۆ مناڵەکان، یارییان پێبکەن، فایەق و دراوسێتییە.

پیاو: وەڵڵا دوو کاوڕم نییە و ئەگەر دراوسێیەتیش بێ، ئەی تۆ بۆ لەگەڵ من دراوسێیەتی ناخوێنێتەوە، مەلا حەسەن؟

مەلا: کەیفی خۆتە، وا ئەڕۆم نوێژەکەم ئەچێ؟

پیاو: کوڕە نوێژی چی؟ بەو قورعانە هەموو بەتاڵە!

مەلا: وا مەڵێ، بۆ دینت خراپە! وا مەڵێ.

پیاو: ئەی تۆ بە دوو کاوڕ بە درۆ تەڵاق چاکئەکەیتەوە و ئەیهێنێتەوە جێی خۆی، وەکوو ناووک بێ کەوتبێت، یا پێ بێت لەجێچووبێت. ئەمە بۆ دینت خراپ نییە. ئەی تۆ لەباتیی سێشەممە چوارشەمەت کرد بە ڕەمەزان، بڕواتنەکرد بە قاضی و بە شەرع، بڕواتنەکرد بە ڕادیۆی حکوومەت کە بڵاویکردەوە سێشەممە ڕەمەزانە. ئەم هەموو موسوڵمانەی دێت چەواشەکرد، بۆ دینت خراپ نییە؟!

مەلا: ببڕێتەوە فایەق چیت کرد! بەو قورعان لای مدیری ناحیە شکاتت لێئەکەم، لەم ئاواییە حەیشت پێ تاڵئەکەم، وە عوسمانبەگیش پێژم.

پیاو: شکاتناکەی، چش! مەلای ناعادل، بەڵام تا لەو دێیەی تۆ مەلای بیت! ئەوا نە ژنم ویست و نە ئەم دێیەش، کە نەزانێکی وەکوو تۆ پێشەوای بێت! شەرتبێ ئەمڕۆ باربکەم! شەرتبێ شەوی تیا ناکەمەوە.

(فاصل موسيقي)

## چیرۆکی دووەم

### نەدیوبدی

(مۆثرات: دەنگی گۆرانییەک بە بەرزی)

ژن: تووخوا ئەمە حاڵە؟ ئەمە وەضعییەتە؟ ئەم خەڵقە تۆزێ بۆ لێکدانەوەیان نییە، بۆ خاتری خوا؟

پیاو: چییە دیسان حەلاوە؟

ژن: تۆ گوێت لێنییە لە ماڵی وەستا فەرەجا ڕادیۆکەیان چۆن بە وەخت و ناوەخت ئەکەنەوە و ئەوەندەی بەرزئەکەنەوە، ئینسان کاسئەبێت!

پیاو: ئێستا چی بکەین، چارمان نییە؟ من دوێنێشەوێ هەتا دوای تۆپەکەی بەربانگیش خەوم لێنەکەوت، لەبەر ئەم قرەقرە، ئەڵێی ئاشی ئەلەکتریکەکەیە!

ژن: بە خوا من پێیانئەڵێم وە تاقەتی ئەم قرەم نییە، نەوەڵڵا!

پیاو: ئەترسم بێن بەگژمانا، تاقەتی شەڕمان نییە، فەرەج بێحەیایە!

ژن: بێحەیا نییە، چاوی دەرئەهات! بە قوربانی خوا بم! هەتا دوێنی شەمەکەچەڵی ژنی کراسەکۆنی خەڵقیی لەبەرئەکرد.

(بە دەنگی بەرزی) ئەرێ شەمسە! شەمسە!

شەمسە: ئەوە کێیە؟ کێ بوو بانگیکرد؟

ژن: ئەڵێم ڕۆڵە، خوا هەڵناگرێ، تۆزی ئەو ڕادیۆیەتان نزمکەنەوە!

شەمسە: بوچی گوایە نزمیبکەینەوە؟

ژن: ئاخر وا نابێ، ڕۆڵە بە شەو و بە ڕۆژ بە دەنگی بەرز ڕادیۆکردنەوە، مەعنای نییە، کچم!

شەمسە: ڕادیۆمان بۆیە کڕیوە، کەیفی پێوە بکەین! ئینجا ئێوە بۆچی قینتان هەڵئەسێت، ڕۆڵە! بەڵام نابێ نەختێ لێکدانەوەتان ببێت!

شەمسە: کچێ ببڕێتەوە، هۆو بەزیادمنەکرد، ئاوا!

ژن: ئێستا ئێوە نابێ لێکیبدەنەوە، خەڵقی نەخۆشیان هەیە، منالّیان هەیە، ئەیانەوێ بنوون، ئیستراحەتبکەن!

شەمسە: ئینجا بۆ ئیستراحەتناکەن، بەزیادنەبێ! دایکم ڕادیۆمان .. ئێمە بۆ کەیف نەکڕیوە، ئێوەش بۆ ناکڕن؟

ژن: کچێ، ڕادیۆن ڕادیۆن؟ شەمسەکەچەڵ، بە قوربانی یایەمەنیجی دایکت نەبم، کە هەتا مرد لە سەرەنوێڵک، وەکوو دۆم پەڕەشڕی کۆئەکردەوە.

شەمسە: ئەوە بە من ئەڵێی حەلاوەکونج، دەموچاوت ئەڵێی توێکڵە شووتییە و مریشک دەنووکی لێداوە!

پیاو: کچێ حەلاو، تاقەتم نییە، بێدەنگبە، وەرە خوارەوە!

حەلاو: وەڵڵا نایەم! هەر ئەبێ ئەمڕۆ کراسە کۆنەکانی خەڵقیی بهێنمەوە بیر.

فەرەج: ئەوە کچی حەلاو عەیبناکەی تۆ هاتوویتە سەرمان بەم ڕەمەزانیەتییە؟

حەلاو: ئەمە لە ماڵەوەی فەرەجەورگزل؟ ئەی بۆ تەمێی ژنە جوانەکەت ناکەیت؟

فەرەج: کچێ دەمدرێژی بکەی، حەلاو هەڵئەسم لە سەربانەکە ئەتخەمە خوارەوە!

حەلاو: ئەوی من ئەخاتە خوارەوە، هێشتا لەدایکنەبووە، دە تۆ پیاوی و هەڵسە!

پیاو: ئەوە فەرەج قسە بە حەلاو ئەڵێیت؟ قەسەم بە زات و سیفەتی خوا، لەمەودوا ڕادیۆکەتان بە سپایی بۆ خۆتان نەکەنەوە، کە هاتم، خۆتان ئەکەم بە ڕادیۆ!

فەرەج: باوکم بە وەڵڵا خەتای من نییە، تۆ تەمێییەکی حەلاوی ژنت کە!

پیاو: من لێرە دانیشتووم، گوێم لە هەموو شتێکە، فەرەج! ئەزانم خەتای شەمسەی ژنتە! فەرەج، ئەگینا دیوارەکەی مابەین ئەڕووخێنم، بیللا.

فەرەج: ئیحتیاجناکات کاک عەبدوڵڵا، حەزئەکەی هەر وا ڕادیوکەش ئەفرۆشمەوە و نامەوێت!

پیاو: نەء، مەیفرۆشەوە! بەڵام بۆ خۆتانی لێبدەن! با خەڵقی خەریکی دەرد و کوێرەوەری خۆی ببێت! ئەم عالەمە نەخۆشی هەیە و منالی ساوای هەیە و هیلاکە و ماندووە، ئەیەوێت ئیستراحەتبکات! خۆ ماڵ چایخانە نییە، ڕجات لێئەکەم!

فەرەج: وەڵڵا وەڵڵا شەمسە! لەمەودواوە ڕادیۆ بە بەرزی بکەیتەوە، تەڵاقتئەدەم!

شەمسە: ببڕێتەوە، ئینجا نۆرەی تۆ نییە، بەزیادنەبێ!

فەرەج: بەزیادنەبێ، لە عومری باوکت! ئاخر کچەتیوە و نەدیوبدیت، بڵێم چی؟

(فاصل موسيقي)

(چیرۆکی سێیەم)

**پاکوتەمیزی و لەشساغی و ماڵداری**

حەلاو: ئەی عەبدوڵڵا!

عەبدوڵڵا: بەڵێ، حەلاوەخان، چی ئەفەرموویت دیسان؟

حەلاو: ئەڵێم پیاوەکە قسەیەک هەیە و ئەمەوێ بیکەم، بەڵام ناوێرم!

عەبدوڵڵا: قسەکردن لە ناوماڵا هێشتا قەدەغەنەکراوە، بەڵام تووخوا یان قسەی جوان بکە، یان هەر مەیکە!

حەلاو: پەنام بە تۆ خوایە! گوایە بۆچی قسەکانمان جوان نین؟

عەبدوڵڵا: کچێ نەموتووە جوان نین! ئەڵێم قسەی باش و بەکەڵک بکە! شتێک قانزانجی ببێت! قسەیەک بکە گۆشتی پێبگریت. ئافرەت!

حەلاو: ئەمە وانابێ کە تۆ ئەیکەیت، پیاوەکە! تۆ هەموو شتێکت بە حیسابە!

عەبدوڵڵا: بەڵێ، هەموو شتێکم بە حیسابە! هەر ئینسانێک لەم دنیایەدا هەموو کاروبارێکی دەرەوە و ماڵەوەی بە حیساب نەبێت، تیائەچێت، ملی ئەشکێت، قوڕئەکرێت بە سەریا. دە بڵێ، قسەبکە!

حەلاو: تازە قسەی چی بکەم، پیاوەکە! تۆ ئینسان ئەکەی بە کەری نیوەزەڕ!

عەبدوڵڵا: ئافرەت، ئەوەندەی درێژمەدەرێ! کتێبێکی باش و بەکەڵکم لە هاوڕێیەکم خواستووە بە وەعدەی ڕۆژێک، زوو قسەکەت بکە و یا ببیڕەوە، با لەسەر خوێندنەوەی خۆم بڕۆم، ئافرەت!

حەلاو: ئەم خشەخشە هەر نەبڕایەوە، هەموو ڕۆژێک کتێب! کتێب! دەبا دوو قسەبکەین.

عەبدوڵڵا: فەرموو شەکر بشکێنە! فەرموو قسەبکە!

حەلاو: ئەڵێم ئەمڕۆ بۆ سوخمەکەم ئەگەڕام!

عەبدوڵڵا: ئێ وا گەڕایت! چی بوو، دووپشکێ پێوەیدایت؟

حەلاو: ئۆ، دەمت شکێ، ئاوا! چاوت لەم نوقڵانەی خێرە بێت، بە زیادی خێرم نەکرد! ئەڵێم قاپووتەکەتم دی، مۆرانەیەکی پێوەبوو!

عەبدوڵڵا: یا خوا موبارەکم‌نەکرد، مۆرانە یەعنی چی؟

حەلاو: ئینجا خەتای من چییە، بەزیادنەبێ!

عەبدوڵڵا: ئەی من لەو حەلەوە کە دامکەندووە، پێم‌نەوتی نەفتالینی پێوەکە!

حەلاو: ئینجا من نەفتالینم لە کوێ بوو، بەزیادنەبێ!

غەنی: (لە دەرگا ئەدات)

حەلاو: ئەوە کێیە؟

شەمسە: منم؟ حەلاوەخان.

عەبدوڵڵا: کێیە حەلاو؟

حەلاو: شەمسەیە، ڕاوەستە وا هات!

شەمسە: سەلاموعەلیک!

حەلاو: یا خوا بەخێربێی، ئەوە کێیە لەگەڵتا؟

شەمسە: میرزایە!

عەبدوڵڵا: فەرموو میرزاغەنی! فەرموون! یا خوا بەخێربێن!

غەنی: شوکور چاکن؟

حەلاو: سەلامت بیت یا خوا میرزا.. فەرموون!

شەمسە: چاکی شوکور، کاکە عەبدوڵڵا!

عەبدوڵڵا: خوا خۆشتکات! بە دایکی کوڕان بیت، یا خوا بەخێربێن.

غەنی: چییە، ئەڵێی وەکوو ئیستراحەتمان لێ‌تێکدابن، وایە؟

عەبدوڵڵا: نەوەڵڵا، بەڵام قوربان حەلاو نەفتالینی نەکردووە بە جلە زستانییەکانمانەوە، خوا ئەیزانێ ئێستا چییان لیٚهاتووە.

شەمسە: ئینجا خۆ ئێمە زۆرمان هەیە، بۆ قسەتنەکرد، حەلاوە خان.

حەلاو: چووزانم، زەینمخواتەوە.

غەنی: بە خوا من کە ژوورمان هەڵگرت، فەرشەکانمان تەکاند، ئینجا وردەتووتنمان پێوەکردن وە هەڵمانگرتن. ئیتر ببڕایببڕای مۆرانە بێت بە لایانا.

شەمسە: جلە زستانییەکانیشمان، بەتایبەتی خوری، نەفتالینمان پێوەکرد. ئای کە شتێکی باشە.

عەبدوڵڵا: بیٚگومان شتێکی باشە! ئەی تووخوا کە فەرش و جلی زستانە مۆرانە تێیبدا لەبەر ئیهمال، لەبەر باییی سەد فلسێک نەفتالین و وردەتووتن، مەعنای ئەوەنییە زەرەرێکی زۆر گەورەت لە ماڵەکەی خۆت خستووە. بەڕاستی ئەمە وەکوو ئەمە وایە بهێنی شتومەکی ناوماڵەکەی خۆت بسووتێنی.

حەلاو: بە خوا پیاوەکە هەر ئەموت ئەمڕۆ نا سبەینیٚ، هەتا ئەمە قەوما، تۆ ئەمجارە تووڕەمەبە. شەرتبیٚ ئیتر هیچم لەبیرنەچێت.

عەبدوڵڵا: هەر ئەمە نییە ئافرەت، خۆزگە هەر ئەمە بووایە!

حەلاو: گوایە چییتر هەیە، پیاوەکە؟

عەبدوڵڵا: کچیٚ مناڵەکان مێش و مەگەز خواردنی، خوا بتگریٚ بە ڕەحمەتی خۆی!

حەلاو: ئینجا من پێمنەوتی مەلمەلمان بۆ بکڕە، بۆ پەردەکوللە!

عەبدوڵڵا: کچیٚ، من نایزانم بیکڕم، ئافرەت ئەمە ئیشی ژنە!

غەنی: ئەشهەدو کوللە زۆر زەروورییە بۆ مێشومەگەز، بۆ گەڕاندنەوەی تۆز و خۆڵ.

شەمسە: ئەی قەرەوێڵە؟ تووخوا ئەوە حاڵبوو، پار ڕۆحم دەرچێت، کە پوورە فاطیمە مارەکە پێوەی دا!

عەبدوڵڵا: ئینجا وا ناوشار چەن کەسێک توانیی قەرەوێڵە بکڕێت.

غەنی: کوڕە تەخت، هەرزاڵە، کەپر، هیچ نەبیٚ ئینسان تۆزی لە ئەرزەکە بەرزببێتەوە، لەبەر ئەم دەعبا و جڕوجانەوەرانەی بە شەو دێنە باوەش پیاوەوە!

حەلاو: بۆچی مار و دووپشک بەسەر قەڕەوێڵەدا هەڵناگەڕێن؟

غەنی: نەوەڵڵا هەڵناگەڕێن، هەرچی چۆنیبێ باشترە لەسەر ئەرز.

عەبدوڵڵا: هەر تەنیا قەرەوێڵە و کوللە کافینییە، باوکم کاک غەنی. ئەی ئەم هەموو کون و کەلەبەری ناو حەوشە و دیوار و گوێسوانانە!

غەنی: بەڕاستی زەروورییە تەرزی بینای خانووەکانمان بگۆڕێن، لە کەرەستەی تازە دروستبکرێن.

عەبدوڵڵا: ئەوا لە ژوورا نوستووی، لەپڕ تەماشائەکەی چرۆچاوت پڕبوو لە خۆڵ.

شەمسە:ئەو ماڵانەی سەقفی ژوورەکانیان کردووە، یەکزەڕڕە خۆڵیان لێنایەتە خوارەوە.

حەلاو: ئەوە پێموتی ئەو کەلەگییەش سەقفکە، پیاوەکە من ئەترسم.

عەبدوڵڵا: تۆزە تۆزە، ئافرەت، لەتوانامانییە، ئینشائەڵڵا لە پاییزا ئەیکەین.

غەنی: دوێنێ بە بەردەمی ماڵی حاجی غەفوور تێئەپەڕیم، دیم پەنجەرەکانیان بە تەلی هێڵەک ئەگرن.

عەبدوڵڵا: ئەزانی چەند قازانجی هەیە، میرزا؟

غەنی: بەڵێ، مەعنای چی، تۆز و خۆڵ، مێشومەگەز ئەگەڕێنێتەوە.

عەبدوڵڵا: هەر ئەوە، حەتا بۆ سەرما و گەرماش تەئسیری هەیە، بیللا.

شەمسە: بە خوا شتێکی باشە، تووخوا پیاوەکە دڵم وا لە مەراقا، ئەگەر ستارەکەی سەربان دروستنەکەی.

غەنی: بە وەستا ئەمینم وتووە، دوای جەژن دێت و دروستیئەکات!

حەلاو: ستارە بۆچی، شەمسە گیان؟

شەمسە: لەبەر منداڵەکان. ئۆی، چی ئەکەن. ماشەئەڵڵا بەم ڕۆژگارە، وەختی ئێواران..

غەنی: بەڕاستی زۆر پێویستە بۆ موحافەظەی منداڵ لە کەوتنەخوارووەوە، بۆ پاراستنی دەرنەکەوتن.

حەلاو: ئینجا ئەم عالەمە هەموو بەیارە! ئەم ستارەیە بۆچی؟

شەمسە: وا مەڵێ دایکم، هەتا ئێستا -دووربێ لێمان- هەزار منداڵی بەسزمان لە سەربان کەوتوونەتە خوارەوە، ملیان شکاوە.

عەبدوڵڵا: بەڕاستی ئەم ستارەیە شتێکی باشە. ئینشائەڵڵا ئێمەش ساڵێکیتر دروستیئەکەین.

شەمسە: ئەوە لەبیرمنەبوو -حەلاو- بۆت گێڕمەوە، ئەزانی ئەمڕۆ هەموو ماڵی فەرەجیان ڕاپێچکرد بۆ مەحکەمە.

حەلاو: ئەیەڕۆ، بۆچی شەمسە گیان؟

شەمسە: ئەمە حەفتەیەک زیاترە، موڕاقیبەکانی بەلەدیە، چاوەشەکان پێیانئەڵێن چڵکاو مەڕێژنە بەردەرگا، زبل فڕێمەدەن، نەیەڵن مناڵەکانتان پیسایی‌بکەن لە کۆڵان؛ فایەی‌نەبوو.

غەنی: بردنیان، چش. خوایئەکرد شەش مانگ لە حەپسخانەیان توندئەکردن.

عەبدوڵڵا: بەڕاستی بێ‌مەعنایییە، بەڕاستی کردارێکی ناشیرین و ناڕەوایە، تەنەکەیەک دابنێن بۆ زبڵ. ئینجانە لە هەموو ماڵێکدا هەیە، ئیتر ئەم پیسایییە لە بەردەرگا و لە کۆڵان بۆ؟

حەلاو: حەق وایە ماڵ و بەردەرگا بە پاک و تەمیزی ڕابگیرێ. ئەو ژنەی گوێ‌نەداتە پاکوتەمیزی، ژن نییە!

عەبدوڵڵا: بەڵێ، هەر بە قسە!

حەلاو: قسە بۆچی، پیاوەکە؟ گوایە لەم پاکوتەمیزییە زیاتر، ماڵ ئەڵێی گوڵە.

عەبدوڵڵا: ئەمە حەفتەیەک زیاترە پێتئەڵێم بە ئیسفەنیک تۆزێک ئاوڕشێنی ئەم ماڵە بکە، بزانە ئەیکەیت!

حەلاو: ئۆی، وەڵڵا ڕاستئەکەی!

غەنی: بە خوا ئەم ئیسفەنیکە شتێکی مەعقوولە، یاهوو مار و دووپشک، قالۆنچە، سیسرک، کرم، هەموویان دەرئەپەڕێنێ و ئەیانکوژێت.

عەبدوڵڵا: ئەی میکرۆب بۆ ناڵێی؟ بە هەزارەها میکرۆب لەناوئەبات، بۆنی پیسایی ناهێڵێ!

شەمسە: بە خوا ئەو کابرایەش شتێکی باش بوو پیاوەکە، کە ئەوجارە بۆت هێنایەوە.

غەنی: کابرا کامە شەمسە؟ بە خوا ئیشمان چاکە!

شەمسە: دی‌دییەکە، چووزانم تۆش!

غەنی: دە بڵێ دیدیتی، ئافرەت!

حەلاو: چیت بۆ مناڵەکەکان کردووە، شەمسە؟

شەمسە: بە خوا بڵێم چی؟

غەنی: بڵێم چی یەعنی چی؟ ڕاستتئەوێ حەلاوەخان -حەشا مین حضوور- هەندێ کەس زۆر بێمەعنایانە دەستیانداوەتێ!

حەلاو: چۆن ئەفەرمووی، کاک غەنی؟

غەنی: مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ: "نانی نەبوو، ئەچوو نێرکەپیازی قەرزئەکرد!"

عەبدوڵڵا: ئەشهەدوبیلا ئەمە لە ئێمە ڕوویداوە، بە هاوین هەر جلئەکەین. بە زستان، بە پاییز، بە بەهار، کەچی ئەبێ هەموو جێژنێکیش دەستبکەینەوە بە جلدروستکردنی تازە!

غەنی: خۆزگە ئەم عادەتە بێمەعنایەش نەمایە و عەیبنەبووایە ئینسان بە جلی پاکوتەمیزی ئیعتیادیی خۆیەوە جێژنی بکردایە!

عەبدوڵڵا: قوربان، بە بیانووی جێژنەوە -ئەوە دوژمنی ئیمانت بێت- لە دووەم ڕۆژی ڕەمەزانەوە ژنان سەرئەکەنە سەر پیاو، بەرەجێژنانە پیاوەکە! بەرەجێژنانە پیاوەکە، ئەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزمان و ژێرزمان.

غەنی: بەڵکوو یەکێک نەیبوو!

شەمسە: ئینجا مناڵ "نەیبوو" چووزانێ، پیاوەکە؟

غەنی: کچێ چۆن نازانێ؟ ئەبێ بیزانێ، ئەبێ فێریببێ! قسەی هیچوپووچ!

عەبدوڵڵا: گوایە بچین قەرزوفەرزبکەین بە خوتوخوڕایی، چییە وەڵڵا مناڵ نییە، نازانێ؟!

غەنی: کوڕە باوکم مناڵی قوڕبەسەر کوا شتی وا ئەزانێ؟ ئەگەر دایکەکان ئەوەندەی تەکرارنەکەنەوە، بێقەزابێت!

عەبدوڵڵا: ئەشهەدوبیللا ڕاستئەکەی، ڕەحمەت لە باوکت!

حەلاو: ئەم قسانەت پێخۆشە، وەنییە؟ وا زەردەئەتگرێ؟

عەبدوڵڵا: ئافرەت، "هەموو شتێک بە خوێ، خوێش بە مەعنا!" مادام جلیان هەیە و جلەکانیان پاک و جوانە، ئیتر ئەم مەسرەفە زیادە بۆ؟

غەنی: تۆ ئەوە مەڵێ، باشە هەر جێژناوجەژن جل بۆ منداڵ بکەین، چۆنە حەلاوەخان؟

حەلاو: ئینجا ئەوە چۆن ئەبێ، باوکم؟!

عەبدوڵلا: زۆر چاک ئەبێت! ئەی باشە ئەگەر ئێوە مەخسەدتان خۆتان نییە...

حەلاو: هیچ مەخسەدی ناوێ و لەسەریشی مەڕۆ، نایکەی چش! خەڵقی عەیبە لە تو ئەگرن، من چی؟

عەبدوڵلا: خەڵقی چی ئەڵێن بیلێن، ئاخر ئەم عەیبە و ترس و لەرزەی قسەی خەڵقییە، ماڵی ئەم عالەمەی کاولکردووە! تۆزێ پاکوتەمیزی، تۆزی ماڵداری. هەڵسە، نەختێ میوە بهێنە ئافرەت!

حەلاو: ئینجا تۆ لەبەر قسەکردن ئەهێڵی ئینسان فکرێکبکاتەوە؟

غەنی: عەزێت مەکێشن، درەنگە! ئەمانەوێ بڕۆینەوە!

عەبدوڵلا: بە قورئان ناڕۆن، هەتا میوە نەخۆن! بێقەزابیت، هێشتا شەو لە کوێیەتی!

حەلاو: دەی فەرموون، بیسمیللا.

عەبدوڵلا: دەی فەرموون کاک غەنی! فەرموو شەمسەخان، وەرنە پێشەوە. عەمر ئەبڕێتەوە و قسە نابڕێتەوە، فەرموون.

(ختام)

| ٣ | ٢ | ١ |
|---|---|---|
| عەبدوڵلا: ڕەفیق | پیاو: ڕەفیق | پیاو: ڕەفیق |
| عەبدوڵلا: ڕەفیق | پیاو: ڕەفیق | پیاو: ڕەفیق |
| حەلاو: دلاوەر | فەرەج: نوری | مەلا: نوری |
| شەمسە: ئەحمەد | شەمسە: ئەحمەد مەحموود | |

چیرۆکی تەمسیلی: (١٥)

## دایکێکی خراپ

١٩٥٤/٦/٨

ئایشێ: کچێ ڕووناک، ئەوە لەگەڵ تۆم نییە؟

ڕووناک: چیت ئەوێ دیسان؟ بۆچی تووڕەبوویتەوە؟

ئایشێ: کچێ، بۆچی تووڕەبوومەتەوە، دەمگاوەخان ؟ توخمی ڕەشەزل.

ڕووناک: ئەوە قسە بە باوکیشم ئەڵێی، دایە؟

ئایشێ: بۆ؟ خۆ ئینشائەڵڵا لێم نابیت بە وەکیلی باوکت؟ ئەمترسێنیت، ڕووناکخان؟

ڕووناک: ئینجا من حەددم چییە بتترسێنم! کی ئەتوانێ پەنجە لە پەنجەی تۆ بدات؟ تۆ باوکمت کردۆتە کونەوە.

ئایشێ: ئۆ، ئەو وەخت و سەعاتە خواتەوە کە تۆمان تیا ناونا ڕووناک! هەی تاریک! وەرە داوێنی خۆت دوژمنت بێت! ئەمە چ دنیایەکە، چ زەمانێک تێکەوتووین، پڕ لە بەڵا و ئاشووب، کچ ببێ بە ڕەقیب و دوژمنی دایک! یا خوا بەزیادنەبێ لە دەور و زەمانی وا!

ڕووناک: خوا هەڵیپێچێت بە ڕەحمەتی خۆی، یا چاکیکات. گوایە من دوژمنی تۆم؟ کچێ عەیبە وا ئەکەی، تۆ ئەڵێی باوەژنمی، لەو ڕۆژەوە کە من خۆمم ناسیوە، هەتا ئەمڕۆ دانێکی خێرت پیانەنام.

ئایشێ: دانی خێری چیت پیابنێم؟ ئینجا تۆش کچێ؟ خۆزگە پشیلەیەکم ببووایە، تۆش خۆت ئەبەیتە ڕیزی ئەختەر؟

ڕووناک: عەیبە قسەی وا ئەکەیت، ئەختەر خوشکمە و بێگانە نییە. ئەوە بۆچی هەر ئەوت لەسەر زمانە؟

ئایشێ: چونکە قسەلەمست و عاقڵ و سەلار و ئیشکەر بوو؛ لەو ڕۆژەوە شوویکردووە،ماڵەکە ڕەنگی قەبرستانی لێنیشتووە.

ڕووناک: پێش شووکردنیش هەر ئەوت خۆشئەویست. خۆ من پێم ناخۆش نییە، بەڵام تۆزێ بە سلووکەت بە لەگەڵما.

ئایشێ: سلووکەت؟ ئیهی، ئەڵێ سلووکەت؟

ڕووناک: بەسە گاڵتەپێکردن و عەزێتدان و داخ و خەفەت، منیش لە گۆشت و خوێن دروستکراوم، خۆ ئاسن و دار و بەرد نیم.

ئایشێ: ئینجا چی ئەفەرمووی؟

ڕووناک: ئەڵێم ئەم ماڵە حەپسخانە نییە و تۆش کرابیت بە وەردیان! هەموو شتێک حەددێکی هەیە، جام کە پڕبوو لێیئەڕژێت.

ئایشێ: ئەم قسانەیان فێرکردوویت لە مەکتەب؟ دە وەرە تۆزێکی لێدە.

ڕووناک: من حەددمنییە لە کەس بدەم، ئینسان بۆ لێدان و ئازار دروستنەکراوە.

ئایشێ: ببڕێتەوە، کچێ، درێژەیمەدەرێ، با نەیەم تیتکت لەبن دەرکێشم. بە لوغەت قسەم لەگەڵا نەکەی. من تاقەتی قسەی مەکتەب و ناو کتێبم نییە. بە خوا، بە خوا، کە هات بەسەرما، دۆ و دۆشاو تێکەڵاوئەکەم. هۆ، هۆ، نەخەڵەتابی.

ڕووناک: هەی ئافەرم، ژنە سەلارەکە! ئەگەر دایک و کچێتیی هەموو خەڵقی بەم نەوعە بێت، ئەگەر ئینسان دروستبکرێت بۆ عەبدایەتی و زیللەت و چەرمەسەری، بەڵام دا لە هەزار ژیانی وا بێمەعنای شێواو!

ئایشێ: ئیستا چیت ئەوێت، دایکم؟ هەموو ڕۆژێک ئەم دەمەوەری و بێحەیاییە بەسنییە؟ بە خوا من تاقەتی تۆم نییە؟ با ڕەشید بێتەوە، شەرتبێ مەسەلەکەی لەگەڵا یەکلاییبکەمەوە!

ڕووناک: بە شەرتێ درۆی تیا نەکەی، من حازرم بۆ هەموو حوکمێکی باوکم. ئەوی پاک بێت، لە هیچ شتێک ناترسێت. تۆ ئەتەوێ منیش وەکوو ئەختەر هەرچییەک بڵێی، تەصدیقیبکەم.

ئایشێ: کچێ، نەخەڵەتابی ناوی ئەختەر بێنیت! قۆندەرەکانی هەزاری وەکوو تۆ ئەهێنێ.

ڕووناک: عەیبە، قسەی وا ناشیرین مەکە. وا وەختی هاتنەوەی باوکمە، با هەموو ڕۆژێ بەسەر شەڕا نەیەتەوە.

ئایشێ: دووسێ دەرسم پێبڵێ، فێری وێڵ و ئوصووڵم کە، ڕووناکخان. شەرتبێ ئێستا بێتەوە...

(تەقەی دەرگا)

ڕووناک: کێیە؟

ڕەشید: منم کچم.

ڕووناک: یا خوا بەخێربێیتەوە بابە گیان.

ڕەشید: خۆش‌بیت، فەرموو کاکە.

ڕووناک: مامە گیان، یا خوا بەخێربێیت.

مام: خۆش‌بیت ڕووناک‌خان، چۆنیت، دایکە گیان؟

ڕووناک: خوا خۆشت‌کات! خەریک‌بووم ئەمڕۆ بێم بۆ لات!

مام: ئینجا بۆچی نەهاتی؟ چوار ڕۆژە دیارنیت!

ڕووناک: تۆزێ سنگم ژان‌ئەکات، وەکوو قورساییەکی لەسەر بێت، وایە! وتم بەڵکوو فەحصێکت بکردمایە!

مام: بەسەر چاو، سبەینێ وەرە! ئایشەخان، ئایشەخان!

ئایشێ: (لە بەرخۆیەوە) خوا بەخێرت‌نەهێنێ، ئاوا (بەدەنگی بەرز). ئەوە تۆی دوختەر قادر؟ یا خوا بەخێربێیت.

مام: شوکور چاکیت؟

ئایشێ: خوا خوشت‌کات، دەمێکە دیارنیت؟

مام: وەڵڵا دائیرە و عەیادە و ئەم خەڵقە بەسزمانەی دوچاری هەزار نەوع دەردیسەری و نەخۆشی بوون، لە نیوەشەوا، لە بەرەبەیانا، هەر بەوەدا ڕائەگەم ڕاکەم بەملاوبەولادا!

ئایشێ: ئینجا ئەوەندە بۆ عەزیەتی خۆت ئەدەی؟

مام: عەزێت مەعنای چی؟ ئینسان بۆ ئەوە دروست‌بووە، هەست بە ئازار و ئاواتی هەموو ئینسانێکی‌تر بکات. ئەی کە من بۆ تۆ نەبم و ئەو بۆ ئەم نەبێت، ئیتر چ تامێک لە ژیانا ئەمێنێ؟ ژیان، یەعنی یارمەتیدانی خەڵقی، یەعنی خۆشویستنی ئادەمیزاد!

ئایشێ: (بە تەوسەوە) بەڵێ، وایە. نانتان بۆ تێ‌کەم، پیاوەکە؟

ڕەشید: ئەی بۆ تێی‌ناکەی؟ چیمان هەیە، ئافرەت؟

ئایشێ: لەپەی ساوەر!

ڕەشید: لەپەی ساوەر مەعنای چی، بەم هاوینە؟

ئایشێ: وەڵڵا، حەزم لێکرد، گوایە چییەتی، خوا نەیبڕێ، تووخوا کاکە قادر!

مام: هیچی نییە، بەڵام لە هاوینا ساوەر مەعنای نییە؟

ڕەشید: کچی من، بەیانی نەموت قبووڵی و باینجان لێبنێ؟

ئایشێ: نەڕەنەڕ، بەزیادنەبێ. ئینجا ڕووناکخانی کچت ئەیەڵێ ئینسان بەرپێی خۆی ببینێ؟

ڕەشید: چیی کردووە دیسان؟

ئایشێ: ئینجا چی ماوە بیکات؟ هەموو ڕۆژێک کە تۆ ئەڕۆی، عەینی تاسە و عەینی حەمام؛ هەر لە خۆیەوە دەستئەکات بە جنێودانی هەردووکمان

ڕەشید: جنێودان؟

ئایشێ: ئەرێ وەڵڵا، جنێودان، ئەرێ وەڵڵا، هەرچی فەزح و فەزیحەتی دونیا هەیە، ئەیکات، ئەچێتە دەرەوە بێپرس، هەرچی ئارەزووبکات ئەیکات. منیش ناوێرم لەل بڵێم، ئەگینا لێمئەدات!

ڕەشید: یا خوا موبارەک نەبێ، ئاوا!

مام: ببڕێتەوە جانم ئەم وەزعە بێمەعنایە، ئەمە هەموو ڕۆژێک ئەم قەوانە؟ دە کۆنیکەن!

ئایشێ: چۆن کۆنیکەین، باوکم؟

ڕەشید: ئەمە مەعنای چی، ڕووناکخان؟

ڕووناک: بابە گیان، بە هەرچی شتێکت باوەڕە، ئەم قسانەی دایکم ڕاستنییە و هیچ خەتایەکی منی تیانییە، ئەوەنەبێت کە لە هەندێ شتی ناڕەوادا بەربەرەکانییئەکەم.

ئایشێ: ئەوە دەستتکرد بە درۆکردن؟ ئەوە شەرم ناتگرێ وا ئەڵێی؟ ئەی کێ بوو وتی منەتی باوکم بە بنی قۆندەرەکانم، من سبەینێ ئەبم بە موعەللیم.

ڕووناک: ئەگەر وام وتبێ، زمانم بڕن. تۆ خۆت دایکم ناناسی، هەر لە منالییەوە قینی لە منە و ئەختەری خۆشئەوێت.

ڕەشید: باشە ببڕێتەوە، یەڵڵا نان‌بێنن، بەزیادمنەکرد لەم حاڵە. ئێستا من کاکمم بۆ لەپەی ساوەر هێناوە؟

ئایشێ: چی باشە، ببڕێتەوە ڕەشەزلە؟ ئەی موبارەکم‌نەکرد لە عەمرت، بۆ چ پیاوێکی ئاوا.

ڕەشید: کچێ، عەیب‌ناکەی ئایشێ، هەی بێ‌ئابڕوو؟

ئایشێ: بێ‌دەنگ بە، کوڕە هۆو، ئەوا پێم‌وتی، ئەگینا..

مام: پێویست بەم بەزمە ناکات، چیتان کرد؟ عەیبە، بەڵام دا لەم دنیایەی نە ماڵی ماڵە و نە دەرەوەی دەرەوەیە. بە هەر لایەکا ئەڕۆی، موشکیلەیە و قاچت ئەگەزێت. دەست بۆ هەرچییەک درێژئەکەیت، وەکوو مار پێتەوەئەدات، دەرەوە بەو هەموو ئاشووب و شتە پچڕانە، ئیتر ئینسان چۆن و کەی و لە کوێ هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشێ؟

ئایشێ: وس‌بە، باوکم، بە خوا تۆ خووی ڕووناکت وا خراپ‌کرد، ئەوەندە کتێبت بۆ خوێندەوە و ئەوەندە لاوانتەوە!

مام: خووی خراپ‌نەبووە، بەڵام بە زۆری زوردارەکی تۆ ئەتەوێ خووی خراپ‌بکەیت، ئایشەخان.

ئایشێ: تووخوا؟ چۆن؟

مام: وا ئەزانێ ئەمیش ئەبێ وەکوو ئەختەر وابێت، حاڵبووکی ئەختەر نەخوێندەواربوو، مێشکی هیچی هەڵنەگرت، لەوە زیاتر کە تۆ فێرت‌کردبوو.

ئایشێ: هەزار خوێندەواری وا بە قوربانی پەنجەیەکی ئەختەر بێت.

مام: بەڵێ، چونکە بارەگوێزی لێ‌بنرایە، خرەی نەئەهات. بە ئیعتیقادی هەموو کورتبینێک، هەر کەسێ هەموو شتێکی قبووڵ‌نەکرد، ئێوە بە خراپی ئەدەنەقەڵەم. جگە لەمە، ئەی بۆ کە هاتن بۆ خوازبێنی، نەتهێشت شووبکات و بڕوات؟

ئایشێ: بیدەم بە کێ؟ بە حسێن ئەفەندیی موبارەک، کە مەعاشەکەی هەشت دینارە؟ باوکم تۆ بۆ پەنجە ئەخەیتە ئیش‌وکاری ئێمەوە؟ ئای؟

ڕەشید: کچی بێ‌دەنگ بە، هەی هەژدیها، با زمانت نەبڕم!

ئایشێ: لە بەرچاوی کاکت هەڕەشەوگوڕەشە نەکەیت، هۆوا ئەوی زمانم ئەبڕێ، هێشتا لە دایکی نەبووە ...

مام: ئەمە هەمووی بوودەڵەییی تۆیە، سەرژنانی، تۆ ئەگەر مێردێکی باش بوویتایە و ئاگاداریی ماڵی خۆتت بکردایە و تۆزێ پیاوەتیت تیا بووایە، ئێستا ئەمیش ئەمەی نەئەکرد..

ڕەشید: ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ کاکە!

ڕووناک: مامە گیان نەڕۆی؟

مام: بەڵام دا لە موجتەمەعی وا دواکەوتوو، کەس هەتا ئێستا تێنەگەیشتووە کە ژیان، پێویستیی سەرشان، یەعنی چی؟

ڕەشید: کاکە گیان، نەڕۆی.

مام: کوڕە بڕۆ بەسزمان، شەرتبێ هەتا خۆت نەکەی بە پیاو، هەتا ڕوشتەی ژیانی ناوماڵ و دەرەوەت ڕاستنەکەیتەوە، مەرحەبات لێنەکەم و پێتنەڵێم برا. زۆرم لەگەڵا وتی: پیاو ئەو پیاوەیە هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی ببات‌بەڕێوە، بێ گێرەشێوێنی، ترسنۆکی، بێ ورەبەردان و خوخەڵەتاندن و خەڵق خەڵەتاندن. بە چاونووقاندن لە ناڕێکی، دنیا ڕاستنابێتەوە.

ئا: ئینجا تووخوا من قسەمکردووە؟

ڕەشید: کاکە گیان، تووخوا ئەگەر بڕۆی؟

مام: پێموتی، پێموتی ڕەشید، تۆزێ ڕەشید بە. تۆزقاڵێک جەسارەت، ڕێگای نەجاتە.

(فاصل موسیقی)

ڕەشید: ئەمە باش‌بوو ڕووناک‌خان؟

ڕووناک: ئینجا خەتای منە، بابە گیان؟

ئایشێ: خۆ ئینشائەڵڵا خەتای من نییە، تۆ چاوت لەم.. ئینجا ئێستا.. کەتنەکەش ئەکا و..

ڕەشید: ببڕێتەوە، ئایشێ ڕجات لێناکەم، ئاسایشی ئەم ماڵەتان تێکداوە. دوو کەس ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن، ئەڵێی دش و هەوێ و خەسووی یەکترن.

ئایشێ: کوڕە، ببڕێتەوە ڕەشەزلە، هەڵبەتە لاسایی کاکت ئەکەیتەوە. تۆش ئەتەوێ خۆتم..

ڕەشید: ببڕێتەوە و لەپە ساوەرەکە بێنە.

ئایشێ: ئەی ڕووناکخان؟

ڕەشید: چییەتی ڕووناکخان؟

ئایشێ: ئەی تەمێیناکەی، لێینادەی؟

ڕەشید: شەوێ کە هاتمەوە، دووقسەی لێئەکەین!

ئایشێ: ئێستا یەخەی خۆم دابدڕم و عالەمت بهێنمە سەیر؟

ڕەشید: پێویستناکات عەزێتی خۆت بدەی.

ئایشێ: نەتیجە.

ڕەشید: ئافرەت عەیبە، تۆ تۆزێ بیربکەرەوە، بزانە ئێمە لە چ کوێرەوەری و قوڕبەسەرییەکداین. وازم لێبێنە، با تۆزێ ئیسراحەتبکەم.

ئایشێ: بە وازی خوا، لێینەدەی، سەری شامان[1] دائەدڕم.

ڕەشید: بابە، ئایشێ ئەم لەپەی ساوەرەش خوا بیبڕێت. ئەوا نەمخوارد و ڕۆیشتم لە داخی ئێوە.

ئایشێ: ئەڕۆی چش، خوایئەکرد نەئەهاتیتەوە.

(فاصل موسيقي)

ڕەشید: پێموتی ڕەشید، تۆزێ ڕەشید بە. تۆزقاڵێک جەسارەت، ڕێگای نەجاتە، تۆزقاڵێک جەسارەت، جەسارەت یەعنی لەخۆبوردن، یەعنی وازهێنان لە هەموو شتێک، نەترسان لە هەموو شتێک، بەڵام لە کوێی ئەهێنی ئەم جەسارەتە؟ لە کوێ ... (لە دەرگا ئەدات)

ئایشێ: کێیە؟ ڕووناک.

ڕەشید: ڕووناکی چی، منم.

ئایشێ: ئەزانی جێگا نەماوە بەشوێن ڕووناکا نەگەڕێم؟

---

[1] شامان: شەمەند، هەر شتێک قنج و قوت و دەرپەڕیو بێ، سنگ و بەرۆک. مەبەست نیشاندانی سنگ و مەمکە بۆ ئابڕووبردنی بەرامبەر. (س)

ڕەشید: یەعنی چی؟

ئایشێ: عەبای یاوە بەسەریا و ڕۆیشتووە.

ڕەشید: ئەی تۆ لە کوێ بووی؟

ئایشێ: سەرێکی ئەختەرم دا، تۆزێک لەگەڵ خەسوویا عاجزییانبووە.

ڕەشید: یا خوا موبارەکنەبێ، ئێ.

ئایشێ: ئێی ئێی، چوومە سەر ماڵی حسێن ئەفەندیش ئەوەم پێکردن کە نەکرابێ.

ڕەشید: ماڵی حسێن ئەفەندی بۆچی، ئایشێ؟

ئایشێ: چۆن، بۆچی، بەزیادنەبێ، حسێنی موبارەک ڕووناکی فڕاندووە.

ڕەشید: بێدەنگبە، مەرجانەی جادووی بێئابڕوو، هەر ئەم پەندە مابوو بیدەی؟ ڕووناک ڕەدووئەکەوێت؟ ئینجا حەیا و شەرەف چۆن بکڕینەوە؟

ئایشێ: بە خوا، بە خوا، حەیا و شەرەفم پێوە نەهێشتن. چووشم بۆ سەرا، حسێنم بەگرتندا و ئێستا بۆ خۆی تەوقیفە و ماڵیشیان باسخوونکردن.[1]

ڕەشید: ئەی بەڵام لێدایت. شەرتبێ بە شەرتی خوا و پێغەمبەر، دوای ئەم مەسەلەیە نەیەڵم یەک ئان و دەقیقە لە ماڵما بیت. شەرتبێ تەڵاقتبدەم.

ئایشێ: ئینجا گوایە خراپمکردووە.

ڕەشید: نەوەڵڵا، حەیای تایەفەیەکت بردووە، گوایە خراپی چیت کردووە! ئەی نەئەبوو ڕاوەستی هەتا یەمەوە؟

ئایشێ: ئینجا چووزانم، وتم هەڵبەتە تەواو باشە، تۆ بۆ وا زوو تووڕەئەبیت.

ڕەشید: بە سەری مارفە سووتاوی باوکت، تازە ئیشت تێپەڕی. ئەمەندە پڕبووم، تازە قووەت نییە تۆ بە ژنێتیی من بهێڵێتەوە، بەڵام جارێ تۆزی بۆم ڕاوەستە.

ئایشێ: ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟

ڕەشید: ئەچم بۆ لای کاکم، مەسەلەکەی تێئەگەیەنم، ئەی فاتەی سوورەبان، حەیابەری حەوت دەوڵەت.

ئایشێ: دە مەڕۆ منیش یەم؟

---

[1] باسخوونکردن: بە پێوشوێنی ڕستەکە، واتە یا استجواب، لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لە تاوانبارکراو، یان پشکنین و هەڵگێڕوداگێڕکردنی شتومەک. (س)

ڕەشید: ئەی نەچوویت بۆ ئەویش؟

ئایشێ: هەر ئەوێ نەچووم، ئەگینا جێ نەما نەگەڕێم بەشوێنیا.

ڕەشید: ئینجا ڕووت یەت بێی لەگەڵما؟

ئایشێ: گوایە بۆچی ڕوومنایە؟ خوا نەخواستە چیم کردووە؟

ڕەشید: شەرتبێ بتکەم بە پەند و عیبرەت بۆ هەموو دایکێکی خراپ، بۆ هەموو ئافرەتێکی بێمێشک.

(فاصل موسيقي)

(دەنگی جەڕەس)

مام: کێیە؟ ئۆو ڕەشید، ئەم جەرەسلێدانە مەعنای چی؟

گوایە بۆچی نایەیتە ژوورەوە؟

ڕەشید: کاکە گیان، لێم ببوورە، تۆ لە جێی باوک و دایکمی.

مام: گوایە خوانەخواستە چی قەوماوە؟ فەرموون دانیشن، مەرحەبا ئایشەخان.

ئایشێ: ئۆ خوا هەر بتهێڵێ و دەست و باڵت گرێ و ببی بە مودیر صیحە.

ڕەشید: کاکە گیان، وەزعێکی پیسمان لێقەوماوە، بە تۆ نەبێ، چارناکرێ.

مام: ئەترسم لەپەی ساوەرەکە ئینتەلای پێکردبن.

ڕەشید: ساوەری چی، بێقەزابی، ئێمە لەوێ جەنابی نائایشێ حەیایبردووین.

ئایشێ: من بۆچی، پیاوەکە.

مام: چییە مەسەلە؟ حەیای چی؟

ڕەشید: قوربان ڕووناک...

مام: چییەتی، نەخۆشە؟

ئایشێ: خوزگە بمردایە و ئەم عەیب و عارەی بەسەر نەهانینایە.

مام: چۆن؟ چیی کردووە؟

ئایشێ: حسێن ئەفەندییناموبارەک فڕاندویەتی.

مام: چی، حسێن ئەفەندی کێیە؟

ئایشێ: ئەوەی هاتە خوازبێنیی لە وەختی خۆیا، ئەوی کاتبە لە دایەرەکە.. ئۆی ناوەکەشیم لەبیرچووەوە.

مام: فڕاندن، مەعنایە چی؟ ئەم قسە قۆڕە بێمەعنایانە مەکە جارێکیتر.

ئایشێ: بە قورعان بە ڕاستمە، ئەوە بڕواناکات خو.

ڕەشید: کاکە، ڕاستئەکات ڕووناک دیارنییە، من هەر ئەترسم خۆی کوشتبێت، حەیامان چوو.

مام: ئینشائەڵڵا حەیامان ناچێت، کچێکی خوێندەواری تێگەیشتوو، باش ئەزانێ چۆن حەیا و حیشمەتی خۆی ئەپارێزێت. جگە لەوە، خۆکوشتن دوورە لە ئینسانی بیروباوەر بەرزی زیرەک، ئێ.

ئایشێ: بێقەزابی، تۆ هەموو شتێک هەر بە لەسەرخۆیی باسئەکەی.

مام: هەموو شتێک بە هێمنی ئەبێ باسبکرێ، بە هێمنی بیری لێبکرێتەوە، بە هێمنی چارەسەربکرێت، لەگەڵ تۆزێک جەسارەت و پیاوەتیدا. وا نییە ڕەشید؟

ڕەشید: بەڵێ وایە.

ئایشێ: خۆ من ئەگەر بڵێن جێگا نەماوە، نەگەڕێم بەشوێنیا.

ڕەشید: قوربان، چووە خەبەریشیداوە بە سەرا و حسێنیان گرتووە وماڵیشیان پشکنیوە.

مام: وا نەڵێن، بۆ خاتری خوا؟ ئەمەشت کرد ئایشەخان.

ئایشێ: ئەی چی بکەم، باوکم؟

مام: یا خوا موبارەکنەبێ، ئەوا مەسەلە پیس و بێمەعنا بوو. ئەی جەنابت لە کوێ بووی، پیاو؟ مێردی موحتەرەم؟

ڕەشید: من ئاگاملێنەبووە، بە قورعان، هەتا هاتوومەتەوە، ئەم فاتەی سوورەبانە دنیای خرۆشاندووە.

مام: بە ڕاستی ئایشەخان گالەئەکەیت بەم عالەمە. بڕاستی هەتا ئەم موجتەمەعە پانزە ئافرەتی وەکوو تۆ و شەشحەوت پیاوی وەکوو ڕەشیدی تیا بمێنێ، قەت هەناسەی ڕەحەتیی تیا هەڵناکێشرێت. ئینسان ئەبێ تۆزێک لێکدانەوەی بێت، ئەبێ پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بنێت، جارێ فکربکاتەوە و مەسەلەکە تاوتوێبکات، قازانج و زەرەری ئەنجام لێکبداتەوە، بەڵام فایەی چی؟ هەتا خەڵقی ئەگەنە ئەو

ڕۆژە، هەزاری وەکوو من، هەزارەها ئافرەت و پیاو و گەنج بە خۆڕایی -بەداخەوە- سەرئەنێنەوە و ئەبن بە قوربانی بۆ کەرپیاوان.

ئایشێ: گوایە خوانەخواستە هیچ غەڵەتمانکردووە؟ تووخوا ڕەشید، حەوت جار سڵاو.

ڕەشید: کچێ سڵاوی چی ئایشێ، بێدەنگبە، با دیزەبەردەرخۆنە بێت.

مام: خەتای تۆ نییە، ئایشەخان. خەتای کۆمەڵی دواکەوتووی قوڕبەسەرە، کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە مێشکی خەڵقی ڕاستبکاتەوە بۆ ئەوەی کاروبار بە ڕاست و ڕەوانی بڕواتبەڕێوە.. بێگومان بن، کە هەتا خەڵقی تێکڕا لە ڕاستی نەگات، هەموو هاشوهووش و جرتوفرت و ماڵداری و کار و کاسپییەک، هەر بە بۆش و بەتاڵی ئەمێنێتەوە.

ئایشێ: باوکم، تۆ باسێکی کچەکەمم بۆ بکە، وا کسپە لە جگەرمەوە یەت.

مام: کچەکەت، کسپە. عەجایب ئایشەخان، ئەم قسانە بە غەڵەت بێنە سەر زمانی تۆ. کەی تۆ بە ڕووناکت وتووە کچم؟ کەی جارێک کسپەت لە جەرگەوە هات؟

ڕەشید: قوربان، ئەیەوێ خۆی بە پیاوچاک، بە ئافرەتی سەلار بداتەقەڵەم، چونکە زۆری بۆ هاتووە.

مام: بەڵێ، "کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە"، بەڵام بۆچی هەموو شتێک هەر ئەبێ هەڕەشەوگوڕەشە و بەزۆر بێت؟

ڕەشید: ئەم نەوعە ئینسانانە، چونکە کورتبین و بێمێشکن، هەتا زۆریان بۆ نەهێنی، نایەنە ڕێز، نابن بە ئینسان.

مام: تۆش وا دیارە خەریکی خوڕاستکردنەوەی، خەریکی بڕیاردانی.

ڕەشید: بڕیاری تەواوم داوە، زاتم ناوەتە بەر خۆم، یا ئایشێ ڕاستئەکەمەوە، یان..

ئایشێ: بۆچی من چیم کردووە. خوا نەخواستە؟

مام: هیچت نەکردووە، ئێستا بێینەوە سەر مەسەلەی ڕووناک، خورشیدخان.

ئایشێ: دە فەرموو، چۆن ئەڵێی بیکەین؟

مام: "لەپاش باران کەپەنەک"، تۆ ئەو هەموو بەزموڕەزمەت ناوەتەوە، ئینسانێکی بەسەزمانی بێتاوانت لە حەپسخانە توندکردووە بە خۆڕایی، ئینجا ئێستا پرسوڕا بە ئێمە ئەکەیت!

ئایشێ: ئێستا من قوڕی کوێ بکەم بە سەرما؟

ڕەشید: دەنگەدەنگ، هەتا نەمکێشاوە بە لەوستا.

مام: نەئەبوو جارێ لە پێشەوە بهاتیتایە بۆ ئێرە، یان تەلگرافێکمان بناردایە بۆ ئەحمەدی براشم لە مووصڵ، بزانن لەوێیە لێرەیە. ئینجا ئەو حەلە شتێکیترت بکردایە.

ڕەشید: هەتا هاتمەوە، ئەمەی کردبوو کە کەس هەتا ئێستا نەیکردووە؟

ئایشێ: خوا بمکوژێ و ڕزگارمبێت.

مام: ڕزگارتئەبێ، پەلەمەکە. بێگومانبە، کە هەموو شتێک چاکئەبێت، کە هەموو چەوتییەک ڕاستئەبێتەوە، کە گیروگرفت نامێنێ چارەسەرنەکرێت. ئێستا چی بکەین بۆ مەسەلەکەی ڕووناک.

ئایشێ: خۆت ئەزانی؟ ئەها مەعزەنلیللا، ئەگەر بە قسە بمکوژی.

مام: ئەی تۆ بۆچی بە قسە خەریکبووی کچەکەی خۆت، ئەوی لە خوێن و گۆشتتە، بیکوژیت؟ چۆن ئەبێ باوک و دایکی تێگەویشتوو فەرقوفرووقبکەن لە بەینی مناڵەکانیا، لە بەینی کچێک و کچێکیتر، یان کچێک و براکەیا؟ هەموویان، هەر جگەرن، هەموویان هەر ئینسانن، پێویستە کەرامەتیان بپارێزرێت، ئازاریاننەدرێ، باش بەخێوبکرێن، بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشیان لێ دروستببێت.

ئایشێ: تۆ ئەمجارە ڕووناکم بدەرەوە دەست، ئەگەر لەلم پێوت، زمانم ببڕن.

ڕەشید: "تۆبەی گورگ مەرگە".

ئایشێ: ئەگەر هیچم کرد، دەرمبکە.

مام: تازە ڕووناک نایەتەوە بۆ لای تۆ، ئیستا ئەچم حسێن بەرەڵلائەکەم وە ڕووناکی لێ مارەئەکەم لەسەر پەنجا دیناری پێشەکی و دە دیناری پاشەکی.

ڕەشید: کەواتە ڕووناک لێرەیە.

ئایشی: ئەی بۆ قسەناکەی لەخوانەترس؟

مام: دەمدرێژیەکەی لەگەڵ منا، منیش ڕەشید نیم.

ڕەشید: بۆچی ڕەشید چییەتی؟ پیاونییە؟ جەسارەتی نییە؟ حەزئەکەی هەر ئێستا تەڵاقیبدەم، بیدەم؟ بیدەم؟

مام: پێویستناکات وا هەر هەردووکتان ئەمێننەوە. ئەو حەلە کەیفی خۆتانە، چی لەیەکتری ئەکەن بیکەن، ڕووناک، ڕووناک.

ڕووناک: بەڵێ. مامە گیان.

ئایشێ: ڕووناک گیان.

ڕەشید: کچە شیرینەکەم.

مام: دە یەکتری ماچکەن و ببڕێتەوە، هەڵسن پێشمکەون.

ئایشێ: بۆ کوێ؟

مام: بۆ ماڵەوە، بۆ ماڵەکەی خۆتان. وا منیش ئەچم حسێن بەرەڵلائەکەم و سبەی ئیوارێ مارەبڕینە وە ئایشەخان خۆت حازربکە و بەزموڕەزم نەبێت.

ڕەشید: بەزمی چی، بە خوا نقەی لێوە بێت، نقەی ئەبڕم.

مام: دە خواتان لەگەڵ.

ڕەشید: خوا لە برایەتیت کەمنەکات.

ئایشێ: خوا بتهێڵێ و بیتە مودیری صیحە.

ڕووناک: مامە گیان، ژیان بۆیە خۆشە، چونکە چوارپێنجێکی وەکوو تۆی تیایە.

مام: دڵنیابە کچە شیرینەکەم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو خەڵقی ئەبنە ئینسان، ئەبنە مەلائیکەت، وە کەس لە کەس ناکەوێ.

(موسيقى الختام)

# کرێگرتەیی*

١٩٥٤/٧/١٦

حەبێ: ئەوە پیاوەکە دیسان بەخێرێ چی ئەکەی؟

پیاو: ئەوە ژنەکە دیسان بەخێرێ کتێب ئەخوێنمەوە.

حەبێ: ئینجا بۆ تووڕەئەبی؟

پیاو: کامەتا تووڕەبووم؟ تووڕەییی چی؟ ئەتەوێ بە خوتوخۆڕایی و بەبێ بەهانە ناخۆشی دامەزرێنیت؟

حەبێ: پەنام بە تۆ خوایە، ئەوە بۆچی وا ئەکەی؟

پیاو: بەخوا شتێکی سەیرە، چیم کردووە؟ ئەوە بۆچی هەندێ ئینسان لەشیان، فیکریان ئەخورێ بۆ شەڕکردن و بەزم دۆزینەوە؟ ئەوە بۆچی هەندێ کەس هەر ئەیانەوێ لەناو گەرداو و تۆفا بژین؟ کچێ، تۆزێ ئارام باشە، چیت دەستئەکەوێ لەم بەزم داگیرساندنە؟

حەبێ: باشە، لەسەری مەڕۆ هیچ. کتێب بخوێنەرەوە هەتا ئینشائەڵڵا ئەم تۆزەش نامێنێ.

پیاو: کام تۆز؟ گوایە چی ماوە؟ بەخوا -تۆ خۆشبیت- هەتا ئەمرین هەناسەی ڕەحەتی هەڵناکێشین.

حەبێ: من؟ خەتای من چییە؟ چیم کردووە؟

پیاو: ئەی گوایە من چیم کردووە؟ هەر لەبەرئەوەی کتێب ئەخوێنمەوە، ئیتر ئەم تۆزەش نامێنێ؟ نامێنێ خەم، نامێنێ قیروسیا و فیلنار، فیلسەقەر.[1] وەڵڵا ئیتر ئەم

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٧٨-٢٨٩.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆییکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

[1] في النار، في الصقر: لە ئاگر و لە دۆزەخدا. (ک.ڕ)

وەزعییەتە ئەگەر نەما، دنیا ئاخرئەبێ؟

حەبێ: ئینسان تۆزێ بیر لە حاڵوئەحواڵ و وەزعی دوارۆژ بکاتەوە، باشە.

پیاو: بەڵێ، بەڵێ، حەبەخان وایە. بەڵێ، حەبیب گیانی جانیجانان ڕاست ئەفەرمووی، شەکرت شکان، نوقڵ لە دەمت.

حەبێ: ئەوە گاڵتە بە ئەقڵم ئەکەیت؟

پیاو: حەددم چییە گاڵتە بە ئەقڵت بکەم! من بە قوربانی ئەقڵی هەموو بێئەقڵێک ئەبم. ئەوانەی بەختیان یارە و بە سودفە ئەبن بە هەموو شتێک، ئەوانەی گیرفانیان قورسە و مێشکیان بەتاڵ.

حەبێ: ئینجا فایەی چی لەگەڵ تۆدا. بە قسە هیچت نەهێشتۆتەوە و بە کردەوەش..

پیاو: بە کردەوەش هیچ، چیت ئەوێ حەبیبەخان بیکەم؟

مەئموورم، ئیش‌وکاری خۆم باش ئەکەم، دڵی خەڵقیم ڕاگرتووە. نە ئەخۆمەوە نە قومارئەکەم، نە بەند و حەشیشە و تلیاک ئەکێشم، نە زینائەکەم، نە دزی، دانیشتووم کتێب ئەخوێنمەوە. لە سای سێبەری تۆی ئاقڵ و ئەم ماڵە جوانەدا، ئەتەوێ چی بکەم؟

حەبێ: ئینجا ئەم قسانە هەمووی چەندی بە چەن؟

پیاو: هەمووی بە هیچ. قسەیە و ئەیکەم و لە قسە زیاتر هیچیتر نازانم و سەرەتای هەموو شتێکی پڕکەڵکی ئەم دنیایەش لە پێشەوە هەر قسەیە، قسە لە بۆمبا موهیمترە.

حەبێ: تووخوا؟ قسە لە بۆمبا موهیمترە؟

پیاو: بەڵێ، موهیمترە و بێدەنگیش‌بە، با کتێبەکە تەواوکەم، بە وەعدە هێناومە.

حەبێ: کتێبیش بە وەعدە ئەبێت؟

پیاو: بەڵێ ئەبێت، ئێی چییتر؟ دە قسەبکە؟ چیت پێیە دەریببڕە و ببڕێتەوە. ئەزانم ئەتەوێ باسی شتێک بکەیت.

حەبێ: ئەڵێم دوێنێ لە ماڵی پوورم باسی خانوویان ئەکرد.

پیاو: ئینجا چی بووە؟ ئەیانوت چی لە ماڵی پوورت؟

حەبێ: خەڵقی خەریکی خانوو دروستکردن و خانوو کڕینن.

پیاو: به چی ئەیکڕن و به چی دروستیئەکەن؟

حەبێ: ئینجا ئەوە سوئالی ئەوێ؟ کێ هەیە نەزانێ که به پارەیە.

پیاو: ئافەرم، دە ئێمە چونکە پارەمان نییە، نه ئەتوانین بیکڕین و نه ئەتوانین دروستیبکەین، تەنیا ئەتوانین بەکرێیگرین.

حەبێ: ئینجا ئەمە خانووە، خوا بیبڕێت.

پیاو: خانوو گرانە و لەمە باشترمان بەم پارەیە دەستناکەوێت.

حەبێ: ئەی تۆ ئەمە سێ ساڵە هەر ئەڵێی خانووئەکەن بۆ مەئموور، کوا، کامەتا؟

پیاو: تۆ زۆر سەیری، ها، گوایە یاویانە به من و نەچوومەتە ناوی! ناوی خۆمم نووسیوە و چاوەڕوانم هەتا دەرووی فەرەجمان ئەکرێتەوە.

حەبێ: ئینجا به چاوەڕوانیی دەرووی فەرەج ئەکرێتەوە؟

پیاو: ئەی چارم چییە؟ خۆ ئینشائەڵلا حەبێخان شەرم پێناکەیت. ئای بەخوا شتێکی باشە، چی بکەم، بچم پەلاماری ماڵێک بدەم و بچمە ناوی؟ بۆ تووشی چەرمەسەریم ناکەیت تووخوا. سەرەڕای ئەم کولەمەرگییەش، نۆرەی بەزمورەزمە.

حەبێ: ئەی ماعنای هەیە ئینسان بێخانوو بێت لەم دنیایەدا؟

پیاو: ئێستا وا وایە، چی بکەین؟ له کوێی بهێنین؟ پیاو بکوژین، یان دزیبکەین؟

حەبێ: خوانەکات، بەڵام ئەڵێم پارەمان کۆبکردایەتەوە.

پیاو: (پێئەکەنێ) جوانە، به چی؟ له کوێ کۆیبکەینەوە؟

حەبێ: له مەعاش.

پیاو: مەعاش؟ بەشی خواردن و کرێخانوو و جلوبەرگ ناکات.

حەبێ: ئەیکات، ئەگەر بیدەیتە دەست خۆم.

پیاو: (پێئەکەنێ) دەست تۆ؟ بەخوا شتێکی باشە. ئەمە دایکت فێریکردی یان پوورت؟ ئافرەت، لەمەولاوە ئیتر ڕازیمنییە بچیت نه بە لای دایکتا و نه به لای پوورتا.

حەبێ: بۆ، بەزیادنەبێ چییان کردووە؟

پیاو: هیچیان نەکردووە؟ ئەی ئەم قسە تازانە له کوێ فێربوویت؟ هەڵبەتە دایکت پێویستی به چەند دینارێکە، وەنییە؟

حەبێ: وا مەڵێ بەزیادنەبێ. دایکم ئەڵێ سەد دینارمان بە قەرز ئەداتێ، ئەگەر خانوومانکرد.

پیاو: چۆن؟ کەی دایکت وابوو بە خێرخوا؟ من هەتا ئێستا خەسووم نەدیوە کارێکی خێری کردبێ، بەڵام دایکت ئەم چاکەیە بۆ ئەکات؟

حەبێ: بۆ ئەوەی لە کرێگرتەیی ڕزگارمانبێت.

پیاو: ئینجا ئەو بۆچی وا بەپەرۆشە؟

حەبێ: چونکە خۆشی زۆری بەسەرهاتووە و داخی وا لە دڵا.

پیاو: دە بەخوا دایکت هەر داخی وای لە دڵا بێت، بەڵکوو ئەمە خوایە دەرووییێکی بەڕەحمەتمان لێبکرێتەوە. کەی سەد دینارەکەمان ئەداتێ؟

حەبێ: کە ئێمە پارچەزەوییەکمان کڕی و نەختێ پارەمان بوو.

پیاو: ئەگەر ڕاستئەکات، با سێ سەدمان بداتێ، منیش سەدوپەنجا دیناری شەش مەعاش لە مەسرەفی ڕهوون وەرئەگرم و ئەرزەکە ئەکڕین و ئەکەوینە ڕەهنکردن و قەرزوقۆڵە و تەواویئەکەین.

حەبێ: باشە پێیئەڵێم، بچم ئێستا.

پیاو: ئینجا بۆچی ناچیت، دە هەڵسە برۆ، خێرا. سەر و زمانت خۆش بێت، ئافرەت. پێیبڵێ ئەوڕەحمان زۆر عەرزی سەلام و ئیحترامی هەیە.

(پشوویێ مۆسیقا)

حاجی: (لە دەرگا ئەدات) ئەوە کەس لە ماڵەوە نییە؟

پیاو: ڕاوەستە وا هات، ئەوە کێیە؟

حاجی: منم باوکم، ئای کە دنیا گەرمە.

پیاو: یاخوا بەخێربێی حاجی ئەحمەد، گەورەتکردین.

فەرموو، فەرموو، لێرە دانیشە فێنکە و هەر ئێستا ئاوی ساردیشت بۆ ئەهێنم.

حاجی: ئیحتیاجناکات، سەلامەتبی، خۆت عەزێت مەدە.

پیاو: عەزێتی چی بێقەزابیت، وەکوو مامم وای.

حاجی: من خۆم هەر ئەمزانی کە ئەم خانووەم بە هاوین فێنکە و بە زستان گەرم.

پیاو: وەڵڵا مامەحاجی وانییە. خوا ئەیزانێ ئەم زستانە وەختەبوو لە سەرمانا بمرین.

حاجی: وانییە باوکم تۆ خانووی خەڵقیترت نەدیوە، بێقەزابی. ماڵ ئەڵێی سندووقە، ئەڵێی بووکە.

پیاو: بەڵێ وایە، قاوەیەکت بۆ دروستبکەم؟

حاجی: نەوەڵڵا قاوەی چی، من نەخۆشم.

پیاو: خوانەکات، چ خێرتە.

حاجی: ڕێگای بازاڕم دوورە و ڕێگای مزگەوتیش، جگە لەوە نەختێ تەعمیراتم هەیە، ئەمەوێ بیکەم.

پیاو: ئینجا یەعنی لەبەرئەمە نەخۆشکەوتوویت؟

حاجی: ئای، گوایە ئەمە کەمە؟ ئێ پیریشم و خەم و خەفەتیشم هەیە و -ناشوکری نەبێ- پارەکەش نییە و کاسپی نەماوە و..

پیاو: ڕاستە کاسپی نەماوە، ڕاستە پارە کەمبۆتەوە و گرانی هەیە، بەڵام تۆ شوکور وەزعت باشە.

حاجی: وەزعت باشە، وەزعت باشە! هەر کەسێ ئەبینم وام پێئەڵێ. باشی چییە؟

پیاو: ئێستا وا دووکان و بازاڕ هیچ. بەڵام شوکور یانزە خانووت هەیە. موعەدەل بەلای کەمەوە حەفتا هەشتا دینار وەرئەگری لە کرێ و کرێشنادەی.

حاجی: ئاخر چاوی خەڵقی وای لێکردم. باوکم خۆ نەمدزیوە؟ ئینجا ئێوەش بۆچی خانووناکەن؟!

پیاو: ئاخر پارەمان نییە مامەحاجی، بە چی بیکەین؟

حاجی: ئێستا ئێمە بۆچی درێژە بە مەسەلەکە بدەین باوکم بە خۆڕایی؟

پیاو: هیچ، پێویست بە درێژکردنەوە ناکات.

حاجی: ئەڵێم بەڵکوو خانووەکەتان چۆڵبکردایە.

پیاو: بۆچی؟ کام خانوو؟

حاجی: چۆن کام خانوو، ئەوڕەحمان ئەفەندی؟ ئەی ئەمە چیی پێئەڵێن؟

پیاو: ئەڵێم گوایە بۆچی چۆڵیبکەین؟ خوانەخواستە کرێمان خواردووی، ڕووخاندوومانە؟

حاجی: کەس ناتوانێ کرێی من بخوا، باوکم. هەر ئیحتیاجم بە خانووەکە هەیە.

پیاو: بۆ؟ ئەیفرۆشیت؟

حاجی: بۆ ئەیفرۆشم باوکم؟ بۆ بۆم ئەقرێنی، ئەورەحمان ئەفەندی؟ خۆم یەمە ناوی.

پیاو: ئێ تۆ دە خانووی‌ترت هەیە. دووانیان چۆڵن، بۆچی بەمەی منەوە نووساویت، مامەحاجی.

حاجی: باوکم، دڵم بەمەیان ئەکرێتەوە و نزیکە لە بازاڕ و لە مزگەوتەوە و فێنکە و منیش نەخۆشم و بڕایەوە.

پیاو: باشە، کەواتە یەکێ لە خانووە چۆڵەکانتم بدەرێ.

حاجی: تەعمیراتیان تیا ئەکەم، کوڕم.

پیاو: تەعمیراتم ناوێ هەر کامێکیانم ئەدەیتێ قەیناکا.

حاجی: باوکم، من نەخۆشم، تاقەتم‌نییە زۆر قسەبکەم.

پیاو: ئەی چۆن؟ هەروا بە ئاسانی من لەم ماڵە دەرئەپەڕێنی بۆ کوێ؟ بۆ کوێ بچم؟ ئەمە دووساڵە لەم خانووەی تۆداین و ڕاهاتووین و تەرتیباتمان تیا کردووە و دووجاریش بۆم زیادکردوویت.

حاجی: من حەقم چییە بەسەرەوە، باوکم وا ئەمرم، خانوو زۆروزەبەندەیە.

پیاو: بەڵێ، لای تۆ زۆروزەبەندەیە، تۆ و ئەمسالی تۆ دەوپانزەتان هەیە منیش و ئەمسالی منیش تاقە یەکبست شکنابەین، مەگەر لە سەرقەبران کە مردین.

حاجی: کێ بمرێت، ئەوڕەحمان ئەفەندی؟

پیاو: باسی خۆم ئەکەم، حاجی.

حاجی: ئێستا وتت چی؟

پیاو: وەڵڵا ئێستا ناتوانم جارێ وەعدەت بدەمێ.

حاجی: گوایە بۆچی ناتوانی؟

پیاو: جارێ مناڵبوونمان وا بەدەستەوەیە، ئەمە یەک. دووەمین، ئەبێ بگەڕێم بۆ خانوویەک کە شرووتی سیحیی تیابێت و بشتوانم کرێکەی بدەم.

حاجی: ئینجا من حەقم چییە بەسەر ئەمەوە؟

پیاو: ئەگەر حەزیش‌ئەکەی نیو دیناریءترت بۆ زیادئەکەم، ئەلحوکمو لیللا، با دەنگمان دەرنەچێت؟ حەوتە بۆت ئەکەم بە حەوت‌ونیو.

حاجی: هەڵبەتە خێرم پیءئەکەیت؟

پیاو: خێر بۆچی؟ نیودینارت ئەتوانم بۆ زیادبکەم، لە دەمی ماڵ و منالی خۆمی بگێڕمەوە.

حاجی: بەخوا کار لە دووانیشا نییە، بە سەری تۆ.

پیاو: تووخوا؟ دوو دینارت لە کویءبۆ بهێنم، وا سەری دنیام لیءهاتۆتەوە یەک؛ ناچمە دەرەوە، بۆ ئەوەی دە فلس نەدەم بە چایخانە.

حاجی: ئینجا من هەقم چییە بەسەرەوە، باوکم؟

پیاو: ئەی هەر تەماشای سوود و قازانج و دەستکەوتی خۆت ئەکەیت! تۆ بتبێت، ئیتر ئەم عالەمە چیی لیءبێت، چش! ئەی بەلام دا لەم وەزعە پیسە بیءسەروپێیە.

حاجی: من سەروپێم فرۆشتووە؟ من بە سەروپی فرۆشتن خانووم کڕیوە؟ کی حەددی هەیە وا بلێت. ئێمە سەرتاپا تان‌وپۆ ئاوریشم بووین، ئێمە وەکوو ئێوە ڕۆڵە..

پیاو: ببڕێتەوە، کەڕەواڵەی خەڵەفاوی بیءمەعنایە، تان‌وپۆ شەیتانبێزی و جاو و خام! لەگەڵ دوو پوولتان بوو، خوا و دین و ڕەحم و ئینسانییەتتان لەبیرئەچێتەوە. بە چاوی عەبد و خزمەتکار تەماشای ئەم عالەمە ئەکەن، وەکوو بۆ ڕەتاندنەوە و تەقاندنەوە و ئێوە دروست‌کرابن.

حاجی: سا -شەرت‌بیء- مادام وات کرد، ئەبیء دەرتکەم.

پیاو: کوڕە بۆ دەرەوە کەرپیاو، هەی قەمتەری شەیتانی پیسکەی خوانەناس.

حاجی: دەرمئەکەی؟ لە ماڵەکەی خۆم، دەرمئەکەی؟

پیاو: ماڵ هەتا من کرییبدەم، ماڵی خۆمە. لەبەرئەوە جارێکیءتر بێیتەوە بەم ناوەدا، دار ئەدەم بە ڕۆحتا. جگە لەمە، بشمری، لەم خانووە ناچمە دەرەوە و یەک پوولیشت بۆ زیادناکەم.

حاجی: دەسا شەرت‌بیء قاپیی مەحکەمەت لیءبگرم.

پیاو: بڕۆ بیگرە و منەتت نەبێت. قوڕ بەسەر عەقڵت، میری قانوونی داناوە و داری یاوە بە ڕۆحتانا، ناتوانن نە کەس دەربکەن و نە لەسەر کەسی زیادبکەن. سەری مانگیش کرێکە ئەدەم بە کاتبی عەدل.

حاجی: شەرتبێ ئێستا دە مەحامی بگرم. شەرتبێ شکاتت لێبکەم.

پیاو: خوایئەکرد هەرچی پارە و پوولێکت بەم نەوعە کۆکردۆتەوە، ئەتدا بە مەحامی و شکات. فەرموو دەی ڕامەوەستە، ئیشم هەیە.

حاجی: پاڵم پێوەمەنێ.

پیاو: کوڕە، بۆ دەرەوە بێقیمەت. بەڵام دا لە تۆش و لە هەموو کرێگرتەیەکیش کە ڕازین بەم وەزعە پیسە. شەرتبێ چاکەتەکەی بەریشم بفرۆشم و کەلاوەیەک بۆ خۆم دروستبکەم، شەرتبێ ئەگەر لەژێر دەوارا دانیشتووم، ئەمە قبووڵنەکەم.

(پشوویێ مۆسیقا)

حەبێ: (لە دەرگا ئەدات)

پیاو: خێر، دیسان کێ بێت، دیسان؟

حەبێ: ئەوە بۆچی وا دەموچاوت گرژە؟

پیاو: بۆ هیچ، دایکت وتی چی؟

حەبێ: دایکم دەسرازەکانی یا بە دروستکردن.

پیاو: دەسرازەی چی؟ ئێمە باسی دەسرازە ئەکەین؟ من تۆم بۆ دەسرازە ناردە خزمەت دایکت، یا بۆ پارە؟

حەبێ: ئاخر ئەمیش و ئەویش. پیاوەکە ئەڵێت، سەدوپەنجاتان ئەدەمێ، بەشەرتێ هەموو مانگێ دە دینارم بدەنەوە.

پیاو: باشە زۆر مەمنوونم و خوابکات، خوا خەسووی وا زۆرکات لەم دنیایەدا، کوا پارەکە؟

حەبێ: لای خۆیەتی، ئەڵێ با ئەوڕەحمان سەدوپەنجاکەی ڕهوون وەرگرێ و بیهێنێ، ئەو حەلە یان خانوویەکتان بۆ ڕەهنئەکەم، یان ئەیگرن.

پیاو: مەعلوومە یان دروستیئەکەین.

حەبێ: ئینجا سێسەد دینار بەشئەکات؟

پیاو: زیادیشە، لە قوڕ ئەیکەم. چیغی بە دەورا ئەگێڕم و خۆم لە قوڕگی ئەم پیاو هەڵلووشە ڕزگارئەکەم.

حەبیّ: کام پیاوهەڵلووش، موور محەمەدی شەریف؟

پیاو: ئەمسالی حاجی ئەحمەدی موبارەک.

حەبیّ: بو وای پیّئەڵیّی پیاوەکە؟ نوورانی و هەتا ئیّستا هیچ خراپەییەکمان لیّ نەدیوە و..

پیاو: لەسەری مەڕۆ، دوو دەقیقە لەمەوپیّش لیّرەبوو.

حەبیّ: بۆچی هاتبوو؟ خۆ هیّشتا بیستی مانگە؟

پیاو: قوربان، ئەڵیّ یان ئەبیّ لە خانووەکە بڕۆنە دەرەوە، یان دوو دیناریتر زیایی ئەویّ.

حەبیّ: ئەی موبارەکمنەکرد لە عەمری ئاوا، تۆ وتت چی؟

پیاو: منیش لە پیّشەوە قسەی خۆشم لەگەڵا کرد، فایەی‌نەبوو، ئینجا ئەوەم پیّکرد با بە دەواری شڕی نەکردبیّ.

حەبیّ: ئاخری؟

پیاو: ئاخری چوو شکاتم لیّبکات.

حەبیّ: ئینجا هیچی بۆ ئەکریّ، پیاوەکە؟

پیاو: نەء، قانوونی ئیجار و ئیستیئجار هەیە، ناتوانیّ هیچ بکات. ئافرەت فایەی‌نییە، زنجیّکمان ببیّ هیی خۆمان، لە هەزار قەسری کریّ باشترە.

حەبیّ: ڕازئەکەی، هەرچی خشڵیّکیشم هەیە هەمووی بفرۆشە، پیاوەکە.

پیاو: ئەمە لە کەیەوە، ئافرەت؟

حەبیّ: لە ئیّستاوە، وا بوو بە دووساڵ من ژنی تۆم، هیچ خراپەیەکم لیّنەدیت، لە چاکە بەولاوە. لەبەرئەوە حەتا جلی جلئاساییشم ناویّ بۆ ئەم جیّژنە.

پیاو: ئافرەت ئەمە تۆ و دایکت نین، بۆ خاتری خوا چیتان بیستووە؟

حەبیّ: ژن ئەو ژنەیە ماڵجیایی لەگەڵ میّردیا نەکات، یارمەتیی‌بدات لە هەموو کاریّکی خیّرا.

پیاو: بژی حەبیّ. نەء، بژی حەبیبە کە لە خۆشەویستییەوە هاتووە. حوب، حەبیبە، حەبیّ، بژی حەبیّ و گوڵچینی دایکی حەبیّ، بژی گوڵنازی نەنکیشیان.

(هەردووکیان پیّئەکەنن)

قادر: (لە دەرگا ئەدا)

حەبێ: ئەوە دەرگای ئێمە بوو؟

پیاو: ڕەنگبێ یا حاجی بێت هاتبێتەوە سەرمان، یا پۆلیسە، کێیە؟

قادر: منم کاک ئەوڕەحمان.

حەبێ: ئۆی دڵم داخورپا.

قادر: سەلاموعەلیکم.

پیاو: عەلیکەسەلام، فەرموو، چۆنی قادر؟

قادر: سەلامەتبی یاخوا. ئەوە دایکم سەلامی لێئەکردی، ئەیوت خانوویێکی بچکۆلانەی ماڵی باجی ئەجێ هەیە، ئەیخەینە ڕەهنی سەد دینارەوە، ئەگەر حەزئەکات با عەسر بێت بیبینێ.

پیاو: ئینجا شت لەوە باشترئەبێت. حەزئەکەی هەر ئێستا خۆمان کۆئەکەینەوە و ئەچین.

حەبێ: من دیومە، خانوویێکی خنجیلانەی خۆشە.

پیاو: مادام تۆ ڕازیت، بڕایەوە. قادر تۆ نەتدیوە؟

قادر: بەرێ وەڵڵا دیومە. کە منداڵبووین، ئەچووین بەدزییەوە لە شاتووەکەمان ئەخوارد.

پیاو: بۆچی شاتووشی تیایە؟

قادر: ئەی باخێکی خنجیلانە و حەوزێک و مێویێک و دوو دارهەنجیر.

پیاو: کوڕە وا مەڵێ بۆ خاتری خوا؟ بە ناموسم وەختە شێتببم بۆ تۆزێ سەوزایی. ماڵێک باخی تیانەبێت، ئەهێنێ پوولێک.

قادر: ڕاستە، نازانی باجی ئەجێ ڕۆژی سەدهەزار جنێوی پێئەداین لەسەر ئەو شاتووە، کەچی هەر وازماننەئەهێنا.

حەبێ: ئیتر لەمەودواوە وەرە بێجنێودان تێر شاتوو بخۆ.

قادر: نازانی کاک ئەوڕەحمان، حاجی ئەحمەدی لەمەڕ تۆ، بەسزمانە تووشی شەلەل بووە، قاچ و دەستی.

پیاو: وا نەڵێی؟ گۆجبووە؟

حەبێ: کەی؟ ئیفلیجبووە؟

قادر: ئەم ئێوارەیە بە عەرەبانە بردیان بۆ خەستەخانە.

پیاو: لاحەولە وەلاقوەتە ئیلابیلا، هەر وا زوو خوا پێی‌نووان؟

قادر: چیی پێ‌نووان؟ چی بووە؟

پیاو: قوربان، ئەمڕۆ ئەوەی کردووە کە هەر ناگێڕڕێتەوە.

قادر: دەمێکە ئەمە پیشەیەتی.

حەبێ: دە هەڵسە با بچین بۆ لای دایکم.

پیاو: یا ئەڵڵا، لەوێشەوە تەماشای خانووەکەی ئەکەین.

قادر: ئەی سەرێکی حاجیش نەدەین؟

پیاو: کام حاجی؟

قادر: حاجی ئەحمەد.

پیاو: وەڵڵا حەق نییە بچم بەلایا و سەری‌بدەم. بەڵام با هەر پیاو چاکەبکات لە خراپە باشترە، با بڕۆین.

قادر: فەموو.

حەبێ: ڕاوەستە عەباکەم.

پیاو: ئاخر دە خێراکە، ئافرەت.

قادر: با ئێمە بڕۆین، ئەویش لەدواوە یەت.

حەبێ: دە بڕۆن، با بڕۆین، چیتان کرد، حا.

(پشوویێ مۆسیقا)

حاجی: یاخوا سەر چاوەکانم بێن.

پیاو: خوا سەلامەتتکات حاجی. پشت بەخوا چاکئەبیتەوە، هیچ نییە.

حەبێ: ئینشائەڵڵا هیچ نییە.

حاجی: تووخوا دوعام بۆ بکەن. حەبیبە ڕۆڵە دوعام بۆ بکە.

حەبێ: یاخوا بە دوعای پیاوچاکان بێت. ئۆ پیری شەوکێڵ چاکتکاتەوە، قورعانەکە.

حاجی: باوکم قاله من ئەمڕۆ تەعەدام کردە سەر ئەوڕەحمان ئەفەندی، ئەبێ لێم خۆش‌بێت.

قادر: نە ئینشائەڵڵا تەعەداتنەکردووە.

پیاو: گوێ‌مەدرێ حاجی، هەموو شتێک ئەبڕێتەوە. دنیا ئەوە ناهێنێ، پیاو ئێجگار خۆی بۆ وا لێ‌بکات. ئەوی بۆ پیاو، بۆ قەبر و قیامەتی ئەمێنێتەوە، چاکەیە، مامەحاجی.

حاجی: قسەکانت لەسەر سەرم، هەمووی بەجێیە، باوکم نە زیادەم ئەوێ و نە لە خانووەکەش ئەبێ بچیتە دەرەوە. ماڵ ماڵی خۆتە و کەس حەدی ساحێب‌ماڵیی نییە.

پیاو: وەڵڵا تازە تێپەڕی حاجی. ئینشائەڵڵا سبەینێ چۆڵی‌ئەکەم.

حاجی: مەعنای چی، ئەوڕەحمان گیان؟

پیاو: چونکە خانووە بچووکەکەی باجی ئەجێمان ڕەهن‌کرد ئەمڕۆ.

حەبێ: خوا ماڵت ئاواکات.

حاجی: ئاوای چی، کچم. وا من گۆج و ئیفلیج بووم، بۆ خاتری خوا. بەڵام دا لە تەماع، بەڵام دا لەو ساحێب‌خانووەی ئیتر پەڵپ بە کرێگرتە ئەگرێ.

پیاو: وا مەڵێ حاجی. بڵێ بەڵام دا لە هەژاری و دەستکورتی و نەبوونی، بەڵام دا لە دەستنەڕۆیشتوویی و بێ‌دەرامەتی، کە ئینسان وا لێ‌ئەکەن ڕازی‌بێ بە کرێگرتەیی، ڕازی‌بێ بە قبووڵکردنی هەزار شتی بێ‌مەعنا. داد لەدەست کرێگرتەیی، لەدەست گرانیی خانوو، لەدەست هەژاریی باوکیان، داد ..

(تەواو)

## هەندێک ناڕێکی*

١٩٥٤/٩/٢٣

ئێستا خەڵقی وای لێ‌هاتووە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییەوە، کە بزانن ژیان هەر لەو ڕۆژەوە کە ئینسان ڕاست‌وچەپی خۆی ئەناسێت، هەتا دایئەهێڵنە قەبر، پڕیەتی لە چەوتی و بۆنەهاتی و خەم و داخ و ناڕێکی.

بەڵێ، زۆربەی زۆری خەڵقی چاوکراوە هەست بە ناڕێکی ئەکەن و لێی‌ئەدوێن، وە ئەزانن کە ئەم ناڕێکییانە ژیانیان تێکداون و بوونەتە هۆی شێواندنی ڕوشدی کاروبار و هەڵسان و دانیشتنیان. بەڵام -لەگەڵ ئەوەش‌دا- گوێی خۆیانیان لێ‌ئەخەفێنن، یان چاویان ئەنووقێنن، بۆ ئەوەی کە ئەوەندە گوێیان لێی‌نەبێت، ئەوەندە چاویان پێ‌نەکەوێت، ئەوەندە هەستی پێ‌نەکەن. بەڵام ئەم ڕاکردنە لە ناڕێکی، بەم خۆغافڵکردن و گوێ‌نەدانە، بەم لێ‌ترسانە، هەرگیز چارەسەر نەکراوە و ناکرێت. ناڕێکیی ناو کۆمەڵ دەستکردی ئینسان خۆیەتی، لەبەرئەوە پێویستە زۆر پیاوانە هەوڵ‌بدەین بۆ نەهێشتنیان تا ژیانمان تامی تێ‌ئەکەوێ، تا خێر ببینین لەو عومرە کەمەی ئەژین. بەڵێ، دوورنییە لەبەر هەندێ هۆ نەتوانین بەسەر هەموو ناڕێکییەکدا زاڵ‌ببین. ئەگەر هات و هەر کەسە لە عاستی خۆیەوە و لەناو ماڵی خۆی‌دا خەریکی تۆوناشتنی خێرخوایی و زانین و پاک‌وتەمیزی و ڕەوشت‌بەرزی و زیان بە خەڵقی نەگەیاندن بوو، بێ‌گومان ئەمە لە دوارۆژا تەشەنەئەکا و بڵاوئەبێتەوە. زۆربەی زۆری خەڵقی نەفام بەهۆی تێگەیشتووە خوێندەوارەکانەوە ڕاست‌ئەبنەوە لەدوای چەوتی، ئەتوانن بەشی زۆری ناڕێکییەکانی خۆیان حەل‌کەن وە یارمەتیی یەکتری بدەن لە نەهێشتنی ناڕێکییە گەورەکانی کۆمەڵا. بۆ نەهێشتنی ناڕێکی، ئەبێ هۆی ناڕێکی نەهێڵرێت، ئەبێ بنەماڵە هەژار و نەخۆش و نەزان

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٢٩٠-٣٠١.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێ‌کراوەتەوە، بۆییکا وێ‌دەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەست‌چووبێ. (ک.ڕ)

نەبێت، ئەبێ هەموو فەردێک لەو بنەماڵەیەدا ببێتە پشتوپەنای بنەماڵەکەی خۆی و لە یارمەتیی خەڵقیش دوانەکەوێت. ئیشکردن بەبێ لەشساغی پێکنایەت، هەژاری بەبێ پتەویی لەش و مێشک و لە نەبوونییەوە پەیدائەبێت. ئەو سێکوچکە ناقولایە کە بەتەواوی لەناو کۆمەڵ دەرکرا و ڕاوەدوونران، بێگومان نارێکی کەمئەبێتەوە و بەرەبەرە ناهێڵرێت، چونکە هەموو نارێکییەکی ناو کۆمەڵ لە نەخۆشی و هەژاری و لە نەزانینەوە پەیدائەبێت.

لە چیرۆکەکانی ڕابوردووا گەلێکجار لە گەلێک نارێکی دوواوین، وا ئەمجارەش چەند نارێکییەکیتر ئەگێڕینەوە بۆ کەڵکلێوەرگرتن.

## چیرۆکی یێکەم

## جلی بووک

ئەمە بنەماڵەیەکە و خوازبێنییانکردووە بۆ کوڕەکەیان و هەموو شتێک بڕاوەتەوە و تەنیا ماوەتە سەر مەسەلەی جلبڕین. دە گوێبگرن چی ئەقەومێ:

حەلاو: ئەم سورمەیە گەزی بە چەن؟

حەسەن: گەزی بە دینارێکە، ئەویش لەبەر خاتری ئێوە، ئەگینا لە دینار و ڕوبعێکی کەمتر نادەم.

حەلاو: دە باشە کەواتە حەوت گەز لەم سورمەیە دادڕە.

حەپسە: چی؟ حەوت گەز؟ بۆ؟ چی قەوماوە؟ ئینجا خوا ڕەوای حەقی هەیە، گەزی بە دینارێک؟!

حەلاو: گوایە ئەی خوا بۆ ڕەوای حەقی نییە، باجی حەپسە؟

حەپسە: بەخوا دایکم حەلاو، من پێیان نەوتووم گەزی سورمەی دینارباییی بکڕم، نە بەخوا.

حەلاو: بۆ؟ ئەی چی بۆ کچەکەم ئەکەن، چیت یان پیکە[1]؟

---

[1] چیت یان پیکە: ئەمە وای بۆ دەچم ڕاست "چیتۆکەوپیتۆکە" بێ و لەو شوێنەدا بە تەوسەوە وترابێ. چیت مانای هەیە، بەڵام پیکە مانایەکی بۆ نەبینرایەوە. کە حەپسە دەڵێ: "نە چیت و پیکە و نە سوورمەش"، واتە نە چیتۆکەوپیتۆکە کە قوماشی بێبەهای شڕکەیە و نە سوورمەیش کە گرانبەهایە. (س)

حەپسە: نە چیت و پیکە و نە سورمەش. ئا لەو قوماشە جوانەی کە گەزی .. گەزی بە چەندە. کاک حەسەن؟

حەسەن: گەزی، لەبەر خاتری ئێوە، بە نیو دینارە.

حەپسە: دە خراپی چییە حەلاوەخان؟ تۆ تەماشای تەختەکەی کە؟!

حەلاو: تەختی چی، باجی حەپسە؟ بەو خوایە وا بەسەرەوەیە، لەو سورمەیە نەبێت، بۆی نابڕم. بۆچی کچی من چیی لە کچی خەڵقی کەمترە، دایکم؟

حەپسە: ئینجا -خوانەخواستە- ئێمە چیمان وتووە، ئەڵێم نە شیش بسووتێ و نە کەباب..

حەلاو: شیش و کەبابی ناوێ، بەو کاکئەحمەدی شێخە ناهێڵم شتی پڕوپووچی هەرزانبەهای بۆ بکڕن. عەیب و شوورەیی، بۆچی ئێمە کچی خۆمانمان دۆزیوەتەوە؟

حەپسە: بەخوا دایکم ئێمەش حەمە قەدۆ نین، نە بەخوا، دوو کراسی لەو نیودیناریيانە و کراسێکی سورمە وە..

حەلاو: کچێ، دوو کراس، دوو کراس بەزیایی خێرم نەکرد ئاوا. بەخوا لە چوار دەست سورمە و گوورونی کەمتربێت، نامەوێت، ئەبێ شوغلوللەیلیشی بۆ بکڕن لەگەڵ دڵی خانما..

حەپسە: شوغلوللەیلیش دڵی خانم مەعنای چی؟ بۆچی ئێوە جیازییەکەتان چییە تا ئەم هەموو کوتاڵە بە ئێمە بکڕن، دایکم؟

حەلاوە: سا وەڵڵا هەموو ئەو شتانەی بۆ نەکڕن، لەسەر زینەکەش بێت، ئەیهێنمە خوارەوە.

حەسەن: دایکم، من درەنگمە. دە لایەکی بەلایەکا بخەن و ببڕێتەوە.

حەلاو: پەلەی چیتە، کاک حەسەن. نابێ دوو قسە و دوو باسی لێوەبکەین، بەزیادنەبێ.

حەپسە: پەلەپەلی چیتە، باوکم. ئەوە خەریکی ئەیکەی بە مەسەلەکەی ئەوجارەی ماڵی ئایشێ.

حەسەن: بەخوا ئێوە وا بکەن، مەعنای ئەوە ڕێکناکەون.

حەپسە: بۆچی ڕێکناکەوین حەسەنە چڵمنە.. بە قوربانی خوا بم، تالعی دایکت یارە..

حەسەن: ئینجا نۆرەی منە؟ دایکم بۆ نایبرِیتەوە و لایەکی بە لایەکا بخەن، ئەمە جلی بووکێنی هەڵگرتن کەی وائەبێت؟

حەلاو: ئەی چۆن ئەبێت؟ دە فێرمانکە، نایزانین؟

حەسەن: وادیارە ئێوە گاڵتەم پیئەکەن؟ برِۆم لە هەمووی مەسڵەحەتترە. بێنە ئەو سورمەیەم بدەرەوە، باجی حەپسە.

حەپسە: دە راوەستە رۆڵە، ئەوەندە پەلەمەکە، ئێستا وتت چی حەلاو؟

حەلاو: هەر ئەوەتا، سورمەکەی بۆ ئەکرِن باشە و نایکرِن، هەر کەسە لە ماڵی خۆی.

مێرد: حەلاو، کچێ حەلاو.

حەلاو: چییە ئەوە، باوکی ئەختەر؟

حەپسە: تووخوا کاکئەحمەد وا ئەبێ؟ تووخوا ئەمە شەرتی خزمایەتییە؟

مێرد: بۆچی وا ئەکەی، ئافرەت؟

حەلاو: چیم کردووە، بەزیای خێرم نەکرد ئاوا؟ ئەی نابێ جل بۆ کچەکە..

مێرد: کچێ جلی چی؟ تۆ خەریکی مەسەلەکە تێکئەدەیتەوە لەسەر شتی پرِوپووچ.

حەلاو: ئەمە شتی پرِوپووچە، بەزیادنەبێ؟

مێرد: بەڵێ، مەسەلەی جل شتی پرِوپووچە.

حەپسە: هەزار رەحمەت لە کاک سەعدی باوکت. بەخوا -رۆحم دەرچێت- لەو رۆژەوە کە عەمری خوای کردووە، ئیتر پیاو لە گەرِەکەکەدا نەماوە. ئای کوێراییمدایە بۆ شان و سەڵتەکەی کە چەفتەی مەلەکیی ئەبەست..

حەسەن: دایکم چەفتە و سەڵتەی چی، باجی حەپسە؟ من درەنگمە ئەرِۆم.. تۆ تازە خەریکی تەئریخی کچێنیی خۆت باسئەکەی!

حەپسە: نەخەڵەتابی کورِە هۆو قسەی بەرز و نزم بکەی، بەزیادنەبێ..

مێرد: پێویست بە دەمەقاڵێ ناکات. دەی چی بە مەعقووڵ و باش ئەزانن بۆ هەردوو لا، عەیبنەبێ هەڵیگرن.

حەپسە: قسە ئاوائەبێ، ئەمەتا پیاوەتی..

حەلاو: بەخوا سورمەکە نەبێ، نامەوێ دایکم.

مێرد: سا بە بیللا سورمە بێت و ناکرِێت..

حەلاو: یەعنی چی پیاوەکە؟

مێرد: یەعنی سورمەمان ناوێت، چونکە گرانە و مەعنای تیانییە.

حەلاو: ئینجا کەی بووە بە عادەت باوک خۆی هەڵقورتێنێتە مەسەلەی جلبڕینەوە؟

مێرد: نەبووە بە عادەت، من ئەیکەم بە عادەت، کچی خۆمە و داومە بە شوو. لەسەر مەسەلەی جلبڕین، لەسەر ماڵی دنیا هەڵیناوەشێنمەوە.

حەپسە: ئەی بە قوربانی دەمت بم، ئاوا..

حەلاو: وەڵڵا من ڕازینابم.

مێرد: ڕازینابیت چش. ئێستاش داخی دایکت وا لە دڵما کە لە جلبڕینا قوڕی کرد بەسەرما، چی گران بوو، ئەوەی پێکڕیم، وەکوو دوژمنی باوەکوشتەی بم.

حەلاو: تووخوا؟ نەکەی ناوی دایکم بێنی هۆو..

مێرد: کچێ بڕۆ، کچی مەنیجە کەچەڵ. ئای لەم فیز و کیبریایە! خوا ئەوە بگرێت کە تۆی کرد بە کوڵکمەوە.. دەی حەسەن لەو نیو دینارەبابییە دادڕە و ببڕێتەوە.

حەسەن: چەند گەز حەپسەخان؟ حەلاوەخان؟ دە پێمبڵێن شەقمبرد؟

حەپسە: دە حەلاو گیان قسەبکە.

حەلاو: من حەقم نییە بەسەرەوە، دایکم.

مێرد: وەڵڵا وە بیلا ڕێکنەکەویت لەگەڵ حەپسە، چیی بۆ ئەکەن بیکەن و شەڕم لێلادەن..

حەسەن: ئۆخەی شوکور دەرووی فەرەجمان لێکرایەوە.

مێرد: جلبڕین، سوورمە بێت یان چیت موهیمنییە. لە ژنهێنانا نابێ گوێبدرێتە شتومەک. مەسەلە کوڕە و کچەیە، کە کوڕە پیاو بوو، بەشەرەف و ئیشکەر، پێویست بە هیچیتر ناکات.

بۆ دامەزراندنی بنەماڵەی تازە پێویستە بە هەردوو لا، بە کەسوکاری کوڕە و کچە، هەرچی ناڕێکی و تەگەرە هەیە، نەیهێڵن. ئینسانییەت و ئیسلامییەتی و هاوزوبانی داوامان لێئەکەن یارمەتیی یەکتری بدەین و پشتی یەکتری بگرین و خێربکەین و چاکە، حەلاو و حەپسە و حەسەن دادڕن.. نیودیناری، ڕوبعەدیناری چیت، کرێشە، پیکە.

خێرخوابن خەڵقە، خێرخوا..

## چیرۆکی دووەم

**هاوڕێی بێوەفا**

ئەوە پیاوێکی خێرخوایە، بەڕێدا ئەڕوات، ئەچێت بۆ سەرا، مەئموورە لەوێ، ناوی قادر ئەفەندییە.. چاکەی هەیە بەرامبەر بە هەموو کەسێک، ئیش‌وکاری میری و خەڵقی زۆر بەباشی ڕائەپەڕێنێ، هەرچی خەڵقی هەیە مەدحیئەکەن، چونکە ئیشی بەدەستە و بەپێوە وەستاوە.. گوێبگرن.

ئەحمەد: یاهوو بە خوا ئەم قادر ئەفەندییە پیاوە.. بە ناموسم بڕواناکەم دوو ئینسانی وا عاقڵی خێرخوا ببێت لەم وڵاتەدا.

مەحموود: ڕاستە، بەشەرەفم ئەوەندەم خۆش‌ئەوێت، قەستە دەست بکەمە ملی و ئەملاوئەولای ماچبکەم.

ئەحمەد: ئەوا ئەو ڕۆژە ئیشێکم کەوتە لای ئەو. کە چوومە لای، دانیام چای بۆ کڕیوم، ئاوی بۆ هێنام، بە دەستی خۆی جگەرەی بۆ داگیرساندووم، ئیشی بۆ تەواوکردووم.

مەحموود: ئینجا ئەوە چییە؟ کوڕە میرزا فەرەج گێڕایەوە کە هەتا ئێستا ڕەنگبێ هەزار کەسی زیاتر دامەزراندبێ. ئەزانی دامەزراندنی هەزار کەس یەعنی چی؟ یەعنی چاکەی لەگەڵ پێنج‌هەزار کەسا کردووە، بەلای کەمەوە یەعنی هەزار خێزانی لە نەبوونی ڕزگارکردووە.

ئەحمەد: ئەشهەدوبیلا گاڵتەی لەگەڵا ناکرێت.

قادر: ڕۆژتان باش.

مەحموود: ژیانت باش.

ئەحمەد: یا خوا بەخێربێیت. فەرموو قادر ئەفەندی گەورەمانکە.

مەحموود: بەناموسم دائەنیشیت.

قادر: تەشەکوری حسییاتتان ئەکەم، زۆر مەمنوونتانم.

ئەحمەد: بە ناموسم خۆشمئەوێیت. بە بیللا پیاو نییە بەقەد تۆ پیاوەتییکردبێت.

قادر: خوا سەلامەتتانکات. خوا لە برایەتیتان کەمنەکات.

مەحموود: ئیش‌وکار لە چییایە قادر ئەفەندی؟

قادر: باشە، کار نییە خوا چاکی‌نەکات.

ئەحمەد: ئەوە بۆچی قادر ئەفەندی هەمیشە مات ئەتبینم؟

قادر: وەڵڵا بڵێم چی؟ هەر خۆم وام و نەختێ مەشاکلیشم هەیە.

ئەحمەد: مەشاکیل، تۆ؟

قادر: ئینسان نییە لەم دنیایەدا ڕەحەتبێت. سەری بێ‌سەودا وا لەناو خاکا.

مەحموود: باوکم من حازرم ئەوەندەم هەیە کە خۆمی پێوە بەرمبەڕێوە.

ئەحمەد: باوکم منیش چەند ئەفەرمووی حازرم. سەد، دووسەد، سێ‌سەد.

قادر: عەرزمکردن مەسەلە پارە نییە.

مەحموود: ئەی چییە؟ بیڵێ، تا بەسەرچاو ئێمەش یارمەتیت‌بدەین.

قادر: مەسائیلی ناوماڵ و عائیلییە، ئەبێ هەر خۆم حەلی‌بکەم. باوکم تەشەکوری پیاوەتیتان ئەکەم.

ئەحمەد: ئەوە چی ئەکەی قادر، مەحتەل‌نەبن.

مەحموود: باشە خێری پێوەیە. بەڵام لەبیرت‌نەچێ کە حازرین بۆ هەموو ئەمرێک.

ئەحمەد: هەرچییەکت بوێ بەسەر سەر ئەیکەین.

قادر: خوا بتانهێڵێ، خوا لە برایەتیتان کەمنەکات. بێ‌گومان -خوانەخواستە- لێم قەوما، ئەو حەلە هەر ئێوەن جێگای متمانە و یارمەتی، بە دوعا.

مەحموود: خواتان لەگەڵ، گەورەم.

ئەحمەد: خوات لەگەڵ، میرم، یاهوو بەخوا ئینسانە.

مەحموود: باسی چاکەی ناکرێ و بڕایەوە.

(پشوویێ مۆسیقا)

ئەحمەد: مەحموود، کوڕە مەحموود.

مەحموود: ها ئەحمەد چییە مەسەلە؟ مردووت مرێ، وا بە هەڵەداوان ڕائەکەیت.

ئەحمەد: کوڕە قادر ئەفەندییان دەرکرد.

مەحموود: تووخوا؟ چۆن؟ کەی؟

ئەحمەد: دوێنێ، دوێنێ دەرکرا.

مەحموود: دەستی شکاوم، بۆ؟ ئینجا حەقمان چییە بەسەرەوە.

مەحموود: چۆن؟ پیاوێکی چاکی خێرخوا.

ئەحمەد: کوڕە ئێمە عیلاقەمان چییە، مردووت مرێ، دەرێئەکەن دەرێناکەن چش. جانم، قابیلە مەعاشی بۆ ئێمە وەرگرتبێ؟

مەحموود: نەوەڵڵا، ناڵێن لەسەر چی دەریانکردووە؟

ئەحمەد: ئەڵێن دزییکردووە لە سندووق.

مەحموود: تووخوا؟ بڕواناکەم دزییکردبێ.

ئەحمەد: بۆ؟ مەلائیکەتە؟

مەحموود: نەوەڵڵا، بەڵام نە فیعلی هەیە و نە خراپەئەکا و..

ئەحمەد: ببڕێتەوە، مردووی بێعەقڵیت مرێ، ئاوا. بە ناموسم بۆیە ئیشی باش ڕائەپەڕان، بۆ ئەوەی دزییەکانی خۆی بشارێتەوە.

مەحموود: بێدەنگبە، ئەوەتا هات.

ئەحمەد: بێدەنگ بۆ ئەبم. قالە شانخواریش بوو بە پیاو، ئینسان لێی بترسێ؟

مەحموود: چاوت لێبێ لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ چۆن زەرد و زەعیف بووە.

ئەحمەد: ئەی چۆن؟ مەسەلە دزییە؟

قادر: ڕۆژتان باش براینە.

قادر: ئەڵێم ڕۆژتان باش.

مەحموود: (بەساردییەوە) ڕۆژ باش.

ئەحمەد: (بەساردییەوە) مەرحەبا قادر ئەوە بۆ کوێ ئەچوویت؟

قادر: وەڵڵا بۆ لای ئێوە هاتووم.

مەحموود: بەخێربێیت.

قادر: تەشەکورتان‌ئەکەم. باوکم وا ئەمڕۆ تووشی بەڵایەکی ناگەهان بووم بە خوت‌وخۆڕایی..

ئەحمەد: خێری پێوەیە، بیستوومانە.

قادر: بە بیلا دەستی منی تیانییە. کاتبەکەم سی‌وپێنج دیناری لە قاسەکە دزیوە و من سەحبولیەدکراوم، هەتا نەتیجەی تەحقیق.

مەحموود: ئینجا چیت ئەوێ، سی‌وپێنج دینارەکە؟

قادر: ئەڵێم ئەگەر مومکین ببووایە..

ئەحمەد: باوکم شەڕمان لێ‌لادەی باشترە، ڕجات لێ‌ئەکەم، ئێمە تاقەتی مەحکەمە و بەزم و ڕەزممان نییە.

مەحموود: ڕاست‌ئەکات قادر، مەحامییەک بدۆزەرەوە باشترە..

قادر: ئاخر پارەی مەحامیم نییە، بۆ خاتری خوا.

ئەحمەد: ئینجا خەتای ئێمە چییە باوکم، بە بیللا یەک مەنقرِ شکنابەم.

مەحموود: خوا بەو سەرەوە ئاگای لێیە، منیش لەژێر دەستما بووایە، ئەمدایتێ، گوایە کە ماڵی [دنیا] چییە[1]؟

قادر: من هەموو هیوایەکم ئێوە بوون؟

ئەحمەد: هیوای چی، باوکم؟

مەحموود: دە ببڕێتەوە بێ‌قەزابی، ئای ئەوەندە لەسەری مەڕۆ، ببڕێتەوە باوکم.

ئەحمەد: بڕۆ، مەحموود با بڕۆین.

قادر: بەخوا جووتە ڕەفیقیکی بەغیرەت و پیاو و بەشەرەفن. ئەشهەدوبیلا ئەگەر شەرەف مابێت، وا لای ئێوە. ئای کە پیاون! هەتا هیچم لێ‌نەقەومابوو، هەموو وەکوو مێش‌ومەگەز لە دەورم ویزەویزتان بوو بۆ شیرینی خواردن و ئێستایش هەریەکە بەلایەکدا ڕائەکەن. ئەمەیە شەرتی چاکەدانەوە و پیاوەتی و هاوڕێیەتی. ئەی بەڵام لێ‌دان بێ‌بەروپشتینە. من هەر ڕزگارئەبم و هیچم بۆ نابێت، چونکە تاوان و جورمم نەکردووە. بەڵام عەهدبێت ئینسانی بێ بەروپشت نەناسم. عەهدبێت چاکە لەگەڵ ناکەس‌بەچە نەکەم. عەهدبێ کلیلی سندووق نەدەمە دەست

---

[1] نووسراوە "کە ماڵی چییە"، هەڵەیە، دەبێ "کە ماڵی دنیا چییە" بێ. (س)

کەس. متمانە تەنیا بە پیاو بکەم، ئەو پیاوانەی خیانەتناکەن. ڕاکەن، خێرا بڕۆن، تلۆرببنەوە وەکوو هەڵماتی هەڵماتێن. باش ڕاکەن لە پیاوەتی، باش، باشتر، خێراتر، خێراتر. ئەوەی خراپەی‌نەکردبێت، لە موحاکەمە ناترسێت.

(پشوویێ مۆسیقا)

## چیرۆکی سێیەم

### دەروونی ئەو خەڵقە

فەلسەفەی ئەم ژیانە، لە چیرۆکی مامهۆمەرایە. لە ڕابوردووا پیاوێک بووە مامهۆمەر ناو، ئەڵێن بازرگان بووە و پیاوچاک، بەڵام ژنەکەی و کچەکەی و کوڕەکەی کەڕبوون. ژێرماڵەکەشیان ناوی فاتەکەڕ بووە. کە وتت فاتەکەڕ، ئیتر ئەبڕێتەوە و دەستبەجێ تێ‌ئەگەی کە ئەمیش بۆ کڵۆڵیی مامهۆمەر هەر کەڕە. دە وەرە مامهۆمەرێکی بەسزمان هەموو ژیانی لەناو ئەم کەڕانەدا بباتە سەر! خۆ وەنەبێ تەنیا ئەم قۆرت و ناڕێکییە هاتبێتە ڕێی، بەڵکوو لەولاشەوە ئیفلاسی‌کردووە و سەرمایەی داوەتە دەم قازانج و هەمووی کردووە بە قوڕگی ئەم کەڕانەدا. چی بکات قوڕبەسەرە، قابیلە وازیان لێ‌بهێنێ؟ ئەوا لۆش‌لۆش هەر ئەگەڕێت بۆ ئیش و ئیشیش نییە و بەم نائومێدییە ڕووی‌کردۆتەوە ماڵ.

هۆمەر: هێی؟ لەگەڵ تۆمە، بۆچی وا لووتت داژەندووە؟ لەبەر ئەو وەخت و سەعاتە مرم کە تۆم تیا مارەکرد.

ژن: ئەڵێم پیاوەکە ئەمڕۆ چەندی مانگە؟

هۆمەر: بیست‌وحەوت، بیست‌وحەوت؟

ژن: ئینجا چیمان هەیە بیخۆین، بەزیایی خێرم نەکرد. هەموو ڕۆژێک بەزمێکم پێ‌ئەگریت.

هۆمەر: ئەی قوڕەکە بەسەر من، بۆ خۆم و ژن‌هێنانم.

ژن: لە خۆتەوە بەخۆڕایی بۆچی شەرم پێ‌ئەفرۆشیت؟ ئینجا من نەبوومایە، کێ بە سوڵکەرێکی وەکوو تۆ ڕازی‌ئەبوو.

هۆمەر: کچێ ئافرەت، هیچم نەوتووە بیللا. باسی خواردنم نەکردووە، بەو قەبرەی دایکتی تێ‌چووە.

ژن: من وتوومه لەڕە و چەورنییە؟ ئەگەر وام وتبێ سەرمتاشن. تۆ کەی گۆشتت هێناوە بەمماڵەدا، تا من وا بڵێم پیاوەکە. بۆ بە خوتوخۆڕایی بوختانم بۆ ئەکەی؟

هۆمەر: ئینجا ئێستا من بڵێم چی و قوڕی کوێ بکەم بە سەرما. ئەوە وتیان کە منالی بوو، گوێی بەرئەبێ، کەچی لاڵیشبووە؟

ژن: لەپەساوەر، لەپەساوەر، بوو بە چی ئەم لەپەساوەرە؟

هۆمەر: هەش، هەش، بەس، بەس، هیچ قسەناکەم، ئیتر ببڕێتەوە، ئا وەرە بەهیە.

کچ: کەواتە هەموو شەڕەکە لەسەر منە، بەزیایی خێرم نەکرد؟

هۆمەر: ئەڵێم دادە گیان تۆزێ ئاوم بۆ بێنە، ئاو بیخۆمەوە.

کچ: تووخوا ئەگەر وا بڵێی بابە گیان، عەیبنییە شتی وا؟

هۆمەر: عەیبی چییە ڕۆڵە؟ ئاوخواردنەوە بۆ عەیبە؟

کچ: عەبە؟ عەبەی پوورە ڕێحان؟ ئینجا تووخوا دایە من کەی وتوومە شووی پێناکەم.

هۆمەر: ئەی هەشەشینبەسەر، من کە کەوتمە بەینی تۆ و دایکتەوە، تۆش حەز لە شووکردن و حەز لە عەبەی پوورە ڕێحان ئەکەی؟ من نازانم کەڕ لە کوێ ئەبێ فێری دڵداری ببێت؟ خۆ ئەڵێن کەڕ دڵداری نازانێ؟ ئەی بۆ لە بەختی ڕەشی منا.. بەهیە فێری دڵداری بووە؟

ژن: ئەوە نەبڕایەوە؟ دە بەسیەتی ئەوەندە باسی گۆشت مەکە، با سەری شامان دانەدڕم لە داخی تۆ، هۆمەرە گول.

کچ: بەخوا دایە گیان ئارەزووی خۆتانە، بە کێم ئەدەن قەیناکا و قسەناکەم.

هۆمەر: هەش، هەش، بەس، ئەوە کوا حەسەن؟ ئا وا هاتەوە، لە کوێ بووی حەسەن؟

حەسەن: من؟ من فاتە کەرم ماچکردووە؟ من؟ وەڵڵا ئێستا ئەچمە سەری.

هۆمەر: بەخوا ژیانێکی خۆشی بێگرێوقۆرت ڕائەبوێرم، بەخوا چاک ئەم ماڵە لە من بووە بە کەربازاڕ. خوایە خراپتر نەدەی، هەر کەسە چیی لە دڵایە و چیی ئەوێ و بیر لە چی ئەکاتەوە، ئەوە ئەڵێت. خۆزگە هەموو دنیا کەڕ بوونایە، بۆ ئەوەی بەڕاستی هەرچی وا لە دڵ و دەروونیا، دەریانبخستایە.

ژن: ئەوەندە بۆڵەبۆڵمەکە، کوا گۆشتەکە؟

کچ: خۆ ئەمڕۆ لە ڕێی ماڵی پوورم چاویشم بە عەبە کەوت.

حەسەن: بابە فاتەکەڕ ئەڵێت وام نەوتووە.

هۆمەر: ئەزانم کوڕم، گۆشت بۆ دایکت، مێرد بۆ بەهیەی خۆشکت. شەرتبێ فاتە کەڕیش لە تۆ مارەبکەم، بەڵکوو ئەمە خوایە چوارپێنج مناڵی کەڕتان ببێ و منیش تێرتێر بەپێوە پێبکەنم. ئێوەیش بۆ خۆتان بە ئاسوودە ئەژین، چونکە گوێتان لە قسەی خەڵقی بێمەعنا نابێت.

(تەواو)

# تەلەفۆن*

١٩٥٤/١٢/١١-١٠

کەریم: مونیرە، مونیر، مەناو، کچێ دە هەڵسە، وا سەعات هەشتونیوە، بەسە نوستن.

مونیرە: ئەوە چییە؟ چیت ئەوێت؟

کەریم: ئەڵێم هەڵسە، ئیتر ئەمەوێ بچم بەلای دایەرەکەمەوە. ئەمە سەعاتێکە هەڵساوم و جلم لەبەرکردووە.

مونیرە: ئێ ئینجا چیت ئەوێت لە من؟

کەریم: ئەی چانەخۆینەوە؟

مونیرە: ئینجا بۆچی ناخویتەوە، کێ ڕێی لێگرتوویت؟ ئۆی چییە ئەوە؟ عەیبنییە بەم بەیانییە لەسەر ئەم شتە بێمەعنایە من هەڵئەستێنێت؟

کەریم: عەفوومکە خانم، لێمببوورە، نەمزانی و غەڵەتمکرد.

مونیرە: بە حەپسە بڵێ نانت بۆ بێنێت. ئەی من کچەتیو و کارەکەرم بۆچی ڕاگرتووە، کە بەیانیان زوو هەڵسم؟

کەریم: باشە، ئێستا درێژەیمەدەرێ، خۆ کفرمنەکرد، جارێکیتر هەڵتناسێنم. حەپسە، حەپسە، کچێ لەگەڵ تۆم نییە؟ ئەوە تۆ بۆچی جوابمنادەیتەوە دادە؟ چاو لە ئاغاژنت ئەکەی؟

حەپسە: وا هاتم کەریم ئەفەندی، بەخوا لە مووبەق بووم، گوێم لێنەبوو. هێلکەوڕۆنەکەت بۆ بێنم.

کەریم: گوایە بۆ نایهێنی؟ درەنگمە، با بڕۆم بەلای دایەرەکەمەوە، وا نیوەڕۆیە.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٠٣- ٣١٥.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

(دەنگی تەلەفۆن)

کەریم: خێر، دیسان بەم سباهی سالْحانە. یاهوو بەخوا ئەم عالەمە بێ وێڵ و ئوسووڵ و بێمەعنان. ئەم تەلەفۆنە بەم بەیانییە مەعنای چی؟ دایەرەیە، دووکانە؟

مونیرە: وازی لێبێنە، من ئەچم.

کەریم: هەڵیمەگرە حەپسە.

مونیرە: هەلاو، دایە، ڕۆژ باش بەیانیت بەخێر، چۆنی؟

شوکور چاکی؟ خوا خۆشتکات، باوکم قوماشەکەی بۆ هێناوم؟

کەریم: (لە دوورەوە) تۆزێ خوێ؟ تۆزێ خوێم ئەوێ؟

مونیرە: بژی باوکم، بەڵام لای کێ بیدوورم، دایە گیان؟

نەء. بەخوا دایکم لای ئەو نایدوورم، چاوباشقاڵە، کۆستەمەکەمی سەقەتکردووە.

کەریم: کێ چاوباشقاڵە؟ ئەی قوڕەکە بەسەر من؟ کێ هەیە لەم دنیایەدا بە دڵی ژن بێت؟ ئەوە حەپسە نەموت تۆزێ خوێ بێنە، خۆ وا مەدام مونیرە خەریکی کۆستەمە.

مونیرە: قەیناکا دایە، با گران بێت باشترە، بە چەند؟

حەپسە: بە دە دینار؟ ئینجا ئەهەمییەتی چییە؟

کەریم: تەبعەن ئەهەمییەتی نییە. قابیلە تۆ پەیایبکەیت و هیلاکببیت؟! ئەڵێ دە دینار ئەهەمییەتی نییە. ئەی موبارەکنەبێ ئاوا. یاهوو دنیایەکی سەیر تێکەوتووین، دە دینار ئەهەمییەتی نییە. کچێ حەپسە، کوا خوێ ڕۆڵە؟

حەپسە: کلیلەکان، نازانم کلیلەکان چییان لێهات.

مونیرە: بەخوا دایە گیان لەسەر کەتەلۆک نەبێت و دوا مۆدەی ساڵی ١٩٥٤ نامەوێت.

کەریم: کچێ حەپسە کلیلی چی؟

حەپسە: ئاخر خوێیەکە وا لەناو دۆڵابەکەدا.

کەریم: دە بیهێنە و ببڕێتەوە.

حەپسە: ئاخر داخراوە و نازانم کوا کلیلەکان، ئۆی زەینم بە زەینی سووڕسووڕە[1] بێت، ئۆی بە پەن خۆم!

[1] سووڕسووڕە: خولەخول. (س)

مونیرە: لە کۆێیە دایە گیان؟ لەسەر جادەی تازە؟ ئێی ئێی زانیم.

کەریم: چی لەسەر جادەی تازەیە؟ کچێ کلیلەکان بدە بە حەپسە، نەختێ خوێم باتێ. هێلکە بەبێ خوێ ناخورێ، ئافرەت.

مونیرە: ئۆی چیت کرد. دە ڕاوەستە بزانم خەیاتەکە لە کوێیە. نابێ نەختێ قسە لەگەڵ دایکما بکەم؟ هەلەو دایە. نەء، هیچ نییە، کەریم داوای خوێی کرد. ئەرێ دایە گیان ئەمڕۆ چی لێئەنێیت؟ ئۆی بەخوا من حەز لە فاسۆڵیای وشک ناکەم.

کەریم: کچێ حەزی لێناکەی چش. وا هێلکەکە بوو بە دەمی مردوو، کلیلەکان بدە بە حەپسە، با خوێیەکە دەربهێنێ، هەی جرپنەی ئاگالەهیچنەماوەی بێمەعنایە.

مونیرە: وا ئێستا ئەڕوات بۆ دایەرە. ئەوە تووخوا دایە گیان بۆچی سەعادەت دیارنییە؟ بەخوا زۆری بیرئەکەم. تووخوا ئەگەر پێینەڵێی لەگەڵ هەیبەت و ئەختەرا ئەمڕۆ بێن.

حەپسە: ها ئەمە خوێ، کەریم ئەفەندی.

کەریم: چی؟ خوێ؟ ئەمە خوێیە یان پارچەبەردی مەڕمەڕ. کچێ خوێی وردم ئەوێ، عەقڵ درشتینە. ناحەقت نییە دەرست لە ئاغاژنتەوە وەرگرتووە، فێری وێڵ و ئوسووڵ، ئەو ڕۆژە تۆش نینۆکت بۆ سوورنەکردبووم، لایبە فڕێیدە.

حەپسە: فڕێیمەدە ئاغا گوناحە، نمەکە.

کەریم: چییە؟ نمەک؟ نمەک مەعنای چی، حەپسە گیان؟

حەپسە: یەعنی گوناحە و ئەبێ لە ڕۆژی قیامەتا..

کەریم: باشە بێدەنگبە تێگەیشم. باسی قەبر و قیامەتم تێمەگێینە، کچم. مەعنای نمەکیش بە فارسی یەعنی خوێ؟ یەعنی خوێ بە کوردی.

مونیرە: دایە گیان مەسەلەی ئەختەر و مێردەکەی بە چی گەیشت؟

حەپسە: تووخوا ئۆی بەسزمانە، ئینجا ئەوە عەلەدرێژی دەموچاو کولێرەی پەنجەکێشی بۆچی وا ئەکات! بەزیای خێرم نەکرد لە عەمری خۆی و تایەفەی ئاوا، چۆن؟ حەدی چییە بە ئەژداوئابایەوە ئاوا.

کەریم: لاحەولە وەلا قووەتە ئیللابیللا، ئینجا نۆبەی جنێوبەخەڵقدان و شەڕکردن و بەزمنانەوەیە. ئەمە ماڵ نییە و خەستەخانەی شێتانە. با بڕۆم لە هەمووی چاترە، هەتا شتێکم نەکردووە، لەعنەت لە ئەژدادوئابای تەلەفۆن بێت، ئاوا بێت.

مونیره: نەء قەیناکە، ئا ئەوە کەریمە، ئەچێت بۆ دایەرە.

سەلام لە باوکم ئەکەم، دەستەکانی ماچئەکەم، خواحافیز. ئا لەبیرمنەبوو، ئەڵێم دایە گیان سەعاتێکیتر قوماشەکەم بۆ بنێرە و نەختێ شێلمبەترشیش باشە، لە پەنای خوادا بێت.

مونیره: حەپسە.

حەپسە: بەڵێ، ئاغاژن.

مونیره: ئەوە چییە کەریم هێلکەوڕۆنەکەی نەخوارد؟

حەپسە: نەء، خوێی ورد نەبوو، تۆش تەلەفۆنت ئەکرد.

مونیره: ئا بێنیە بۆ من. ئەی خوێ وردەکە کوا، کچێ؟

حەپسە: وا لەناو دۆلابەکەدا و کلیلەکەش بە خۆتە.

مونیره: ئۆی وەڵڵا ڕاستئەکەی، بەڵام ئەی نەختێ خوێت بۆ نەکوتا؟

حەپسە: دەسکەوانەکەش لەناو دۆلابەکەدایە.

مونیره: وەرە لایبە، منیش دڵم گیراوە و پێمناخورێ.

دەی خێرا بچۆ بۆ بازاڕ شتومەک بکڕە و لێینێ، وا نیوەڕۆیە، من تۆزێ ئەنووم. ئەگەر تەلەفۆنیانکرد، یان قوماشەکەیان هێنا، یان کەس هات بۆ لام، هەڵمسێنە.

حەپسە: باشە خانم.

(پشوویێ مۆسیقا)

کەریم: ئەوە بۆچی وا عاجزی، عەزیز؟

عەزیز: کوڕە چۆن عاجزنەبم، بێقەزابی.

کەریم: بۆ؟ چی قەوماوە؟

عەزیز: بە هەر لایەکا ئاوڕئەدەیتەوە، موشکیلەیە و دێتە ڕێی پیاو، داخە و یەتە سەر داخ.

کەریم: ئێستا هیچی تازە ڕوویداوە؟ ئەوا کۆن هیچ، پێوەی ڕاهاتووین و بڕاوەتەوە.

عەزیز: قوربان، مناڵێکیتریشمان بوو.

کەریم: ئێی، ئێی، پێوقەدەمی موبارەکبێت.

عەزیز: یاخوا قەد موبارەکنەبێت، موبارەکی چی، وا بوون بە چوار.

کەریم: ئینجا شت لەوە خۆشتر هەیە، مردووی بێعەقڵیت مریێ؟

عەزیز: تووخوا ئەگەر قسەی وا بکەی؟ من بە یەک و دووان ڕازینەبووم، وا بوون بە چوار. بە ناموسم بمزانیایە وام بەسەر یەت، هەر لە ئەسڵا ژنمنەئەهێنا. هەتا شەکر ئەکڕی، چا ئەبڕێتەوە؛ هەتا جل بۆ ئەمیان ئەکەی، ئەویان سنگی دائەچەقێت؛ هەتا پارەی بەقاڵ ئەدەیتەوە، پارە و مەسرەفی منالبوونت لەسەر بارئەبێت.

کەریم: بەڕاستی منالی زۆر و دەرامەتی کەمیان نەوتووە. چوار منال بەخێوکردن و گەورەکردن، پشتی پیاو ئەشکێنێ.

عەزیز: ئێستا ئەوە لەولاوە ڕاوەستێ. قوربان، ئەمڕۆ خەسووی موبارەکم هاتۆتە سەرم، ئەوەی ئەو کردوویەتی، هەر بە داستان ئەگێڕدرێتەوە.

کەریم: چۆن؟ خەسووت مەعنای چی؟

عەزیز: ئەی هاتووە ئەڵێ بەڵکوو کچەکەم بمردایە، بەڵکوو دایکی ئاڵ ببیردایەوە بۆ خۆی.

کەریم: بۆ؟ لێیقەوماوە؟

عەزیز: ئەڵێ بۆ مومەڕیزەت هێناوە، من باجی ئایشێم نەهێنا، وەعدەم پێداوە.

کەریم: ئینجا ئێستا نەتیجە؟

عەزیز: نەتیجە دەرمکرد بەپاڵ، چنگلەسەرشان ڕاوەدوومنا و تێمگەیان کە ئیتر نە سەر بکا بە مالما و نە دەست بخاتە ئیشوکاری منەوە. یاهوو من نازانم ئەم خەسووانە بۆ وا ئاخریان شەڕ بووە و خۆیان هەڵئەقوتێننە هەموو شتێکەوە؟

کەریم: منیش قوربان خەسوویێکم هەیە، نە بخۆی نە بکەی، تەماشای سای گەردنی بکەی؛ مێوژە ڕەشکە بخوا، بە سابوون دەستی ئەشوا؛ گێزەر بکرێت، بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کچەکەیا ئەکات.

عەزیز: تووخوا؟ تەلەفۆن مەعنای چی؟

کەریم: قوربان، ئەڵێ یاخوا تازەدەوڵەمەند و نەدیوبدیی بێعەقڵ هیچی نەبێت. ئەوە دوژمنی ئیمانت بێ، لەو ڕۆژەوە کە تەلەفۆنیان ڕاکێشاوە، ئیتر بەداڵەی بەریدی قوڕبەسەر بەم ڕۆژگار و شەوگارە هەراسانە.

عەزیز: بۆچی تۆ لەگەڵ ماڵی خەسووتا بەیەکەوەن؟

کەریم: حەددی چییە؟ ئینجا خۆ بەیەکەوە بووینایە، کەللەیی‌ئەبووم. بەڵام فایەی چی، بەم ڕۆژگارە تەلەفۆنەکەی لە دەست ناکەوێتە خوارەوە و قسەئەکات.

عەزیز: لەگەڵ ماڵی ئێوەدا؟

کەریم: نەوەڵڵا، لەگەڵ هەموو ماڵێکی کلۆڵا کە تەلەفۆنیان هەبێت، بەڵام تەبعەن ماڵی ئێمە زیاتر.

عەزیز: یاهوو بەخوا ئەم تەلەفۆنەش نیعمەتە.

کەریم: بەڵێ نیعمەتە، بەڵام لە ئێمە بووە بە مارەکەی هۆمەر و ئاڵاوەتە گەردنمان، بە ئامان و زەمان داناماڵرێ و لیمان‌نابێتەوە، بوارەی نییە.

عەزیز: بەشەرەفم دوێنێ‌شەوێ هەزار ئاخ و داخم خواردووە بۆ تەلەفۆن.

کەریم: بۆ؟

عەزیز: ئەی بەو نیوەشەوە، سەرما، باران ڕەهێڵەی‌ئەکرد بە باوە، ئەباری، قوڕ هەتا ئەژنۆ. هەڵسە وەرە بڕۆ بگەڕێ بەشوێن مومەڕیزە و ئافرەتا. ئەگەر وا نەبووایە، بە تەلەفۆنێک کار مەیسەرئەبوو.

کەریم: بەڕاستی ئەگەر بڵێی تەلەفۆن لە هەندێ وەختا زەرورییە و شتێکی پێویست، وە شارستانیی تازە و گەورەبوونی شارەکان تەلەفۆنیان لە کەمالیات کردۆتە دەرەوە و بووە بە شتێکی پێویست لە ماڵا. بەڵام ئەوەتا ئێمەمانان هێشتا وامان لێ‌نەهاتووە کە بزانین چۆن کەڵکی لێ‌ئەبینین، بەبێ ئەوەی عەزێتی خەڵقی‌تر بدەین.

عەزیز: ڕاست‌ئەکەی، بەڵام هەموو شتێک لە سەرەتاوە بەبێ ناڕێکی و گێرەشێوێنی نابێت. ئینجا لە دواییبا بەرەبەرە ڕێک ئەڕوا و سەقامگیرئەبێت. ئێمەمانان لە عەزاب و دەریسەری‌دا ئەژین. تەسەوربکە من ئەمڕۆ بەرچاییم‌نەکردووە.

عەزیز: بۆ، خەسووت هات؟

کەریم: نەخێر قوربان، بە تەلەفۆن قسەی‌کرد؟

عەزیز: (پێ‌ئەکەنێ) ئەی قوڕەکە بەسەر من، هەی. بەتەلەفۆن فەرمانی‌دەرکرد؟

کەریم: ئەی، ئەوە سەعات چەندە؟

عەزیز: سەعات؟ قوربان سەعات سێ و دوو دەقیقەیە.

کەریم: ئەهـ هەڵسە با بڕۆین.

عەزیز: ئەگەر پێتە، دوو دینارم بدەرێ.

کەریم: تەنیا دوو.

عەزیز: ئا جارێ بەسە، بزانین چۆن ئەبێت.

(پشوویێ مۆسیقا)

مونیرە: ئەوە چیتە پیاوەکە بۆ جوابمنادەیتەوە؟

کەریم: (قسەناکات)

مونیرە: ئەوە بۆ وا خۆت عاجزکردووە؟ گوایە چیمان کردووە؟

کەریم: (قسەناکات)

مونیرە: وا دیارە لە دەرەوە نانت خواردووە.

کەریم: (قسەناکات)

مونیرە: ئەوە لە من عاجزبووی؟ بۆ، لەسەر چی؟ دە قسەبکە؟

کەریم: هیچ نییە و وازم لێبێنە.

مونیرە: نابێ، ئەبێ هەر پێمبڵێی.

کەریم: پێتئەڵێم، هیچ نییە و بڕایەوە و لەسەری مەڕۆ.

مونیرە: ئەها توو قەبری باوکت، ئەگەر پێمنەڵێی؟

کەریم: گوایە نازانی؟

مونیرە: لە کوێی بزانم؟

کەریم: دە کەواتە بچۆ لە تەلەفۆنەکە بپرسە.

مونیرە: بیسمیللا تەلەفۆنی چی؟

کەریم: تۆ و دایکت لە تەلەفۆن خۆشەویستترتان نییە.

مونیرە: دیسانەوە باسی دایکمت کردەوە؟

کەریم: بۆ؟ نابێ ناوی بەرین؟ چیمان وتووە؟ پیاو هەیە لە دنیادا ئەمە قبووڵبکات کە من لە تۆی قبووڵئەکەم؟! پیاو هەیە بیەڵێ ژنەکەی گوێینەداتێ و لەگەڵ لە خەو هەڵسا، تەلەفۆن بۆ دایکی بکا و نیو سەعات باسی قوماش و خەیات و

خەڵقی بکەن بەو بەیانییە و مێردەش چاوەڕوانی خوێ بێت؟ هەزار نەعلەت لەو ڕۆژە ڕەشەی خۆم ڕێشگاوکرد و تەلەفۆنم ڕاکێشا.

مونیرە: ئێستا مەبەستت چییە؟

کەریم: مەبەست ئەوەیە من ئەم تەلەفۆنە لائەبەم.

مونیرە: بۆچی گوایە؟

کەریم: چونکە ئەم تەلەفۆنە ژیانی منی لەمماڵەدا تێکداوە. من تەلەفۆنم بۆ ئەوە هێنا کە لە وەختی پێویستا بەکاری‌بهێنین. ئەمە شەش مانگە تۆم مارەکردووە، بە شەش‌هەزار قورئان سوێندئەخۆم، ئەوەندەی قسەت بە تەلەفۆن کردووە، نیو ئەوەندە لەگەڵ منا نەدوواوی، کە لەکن خۆت مێردتم.

مونیرە: ئەوە بۆچی نیسکێک ئەکەی بە گیسکێک؟ ئەمە چییە؟

کەریم: درێژە بە مەسەلە بۆ بدەین. بە نیسک و گیسک و بە سەری دایکت ئەمجارە وەزع بەم نەوعە تەکراربێتەوە، یان تەلەفۆنەکە ئەشکێنم، یان ئەڕۆم و ماڵ بەجێ‌ئەهێڵم.

مونیرە: دەنگ هەڵمەبڕە، دە هەڵسە جلەکانت داکەنە. دە هەڵسە با نانەکەمان بخۆین.

کەریم: من هیچ ناخۆم، تۆ بۆ ناچی نانی خۆت بخۆیت.

مونیرە: بە تاقی تەنیا؟

کەریم: گوایە قەیچێ‌نەکات، یان حەزئەکەی لەگەڵ تەلەفۆنەکەدا بۆ خۆتان بەیەکەوە بە ئیشتیها نان‌بخۆن، عافیێتتان‌بێت.

مونیرە: عەیبە قسەی وا ئەکەیت، گوایە من کێم هەیە لە تۆ زیاتر؟

کەریم: بەخوا ئافرەت من ناتوانم ئەم وەزعە تەحەمولبکەم. جام کە پڕبوو لێی‌ئەڕژێت! هەموو شتێک هەتا ڕادەیەک تەحەمولئەکرێت. بەڵام لەپاش ئەو ڕادەیە، ئیتر نە سەبر ئەمێنێ و نە تەحەمول، ئیتر کەیفی خۆتە.

مونیرە: تووڕەمەبە، ئیتر ببڕای‌ببڕ.

کەریم: ئەمە هەزارجارت وت بێ‌قەزابی، ببڕای‌ببڕی چی؟

(تەلەفۆن)

مونیرە: دەقیقەیەک ئێستا یەمەوە، حەپسە نان حازرکە.

حەپسە: بەڵێ ئاغاژن وا تێی‌ئەکەم.

کەریم: دە فەرمووو دەی، دیسان وا لێدرایەوە.

مونیرە: هەلاو، کێیە؟ ئا، دایە گیان فەرموو.

کەریم: ئۆو دیسانەوە دایە گیانە؟

مونیرە: ئەی تۆ نەتوت ئەمڕۆ قوماشەکەت بۆ ئەنێرم. ها بۆ قبووڵ؟ نە بەخوا دایە ناتوانم بێم لەبەر کەریم.

کەریم: کەریمی چی؟ قسەی هیچوپووچ، ئەڵێ کەریم.

مونیرە: ئاخر ئەبێ بەیانی زوو بۆم بنێری، تا بچم بۆ لای خەیاتەکە. ئەمە کەی ئەبڕرێ و کەی تەواوئەبێ؟ باشە خواحافیز، بەیانی زوو.

کەریم: ئای، کچێ خۆ تۆ وتت خوحافیز، هەی خوا حافیزیبێنەبێت، دە ببڕێتەوە.

مونیرە: لەبیرتنەچێ بە ئەختەر بڵێی مونیرە چاوەکانت ماچئەکا. ئا کەریم سەلامت لێئەکا.

کەریم: چی؟ سەلام؟ ئەگەر سەلامی لێبکەم، ئیزرائیل سەلامم لێبکات! سەلامی چی؟

مونیرە: دە توخوا دایە گیان کەواتە بەیەکەوە ئەچین. باشە خوا حافیز. بای بای.

کەریم: بۆن وی[1]، کوکو.

مونیرە: ئەوە قسەم لەگەڵ دایکما ئەکرد.

کەریم: ئەزانم، کە وتت بای بای، ئینجا تێگەیشتم. وا دیارە دایکت ئینگلیزی باش ئەزانێت؟

مونیرە: (پێئەکەنێ) ئینگلیزیی چی، ئەو ڕەقەمی تەلەفۆنەکەشی لەبیرچووبووەوە، بە هەزارحاڵ هەتا دۆزیویەتەوە.

کەریم: شەڵڵا نەیدۆزیایەوە.

حەپسە: نان حازرە، فەرموون با ساردنەبێتەوە.

کەریم: ئینجا ئەمە ئەگەر هەموو ڕۆژێ سەدجار تەلەفۆنی نەکردایە، لام وایە هەر ڕەقەمەکەی بۆ لەبەرنەئەکرا؟

مونیرە: ئینجا ئەی تەلەفۆن بۆچی دانراوە، بۆ موخابەرە نییە؟

---

[1] وشەی دوعاخوازیی فەڕەنسی. (ک.ڕ)

حەپسە: بەرێ وەڵڵا ڕاستئەکا ئاغاژن، ئەمڕۆ حەمەدەمینش موخابەرەیکرد.

کەریم: محەمەدئەمین کێیە، حەپسەخان؟

حەپسە: ئامۆزاکەمە. ئیهی بەخوا دەنگی لە تەلەفۆن زۆر خۆشە.

مونیرە: بچۆ بەلای ئیشوکارتەوە، کچێ.

کەریم: بەخوا ئیشمان چاکە. یا خوا موبارەکمنەکرد ئاوا. ئینجا نۆرەی حەمەدەمینە، بە تەلەفۆن دڵداری لەگەڵ حەپسەدا بکات؟

مونیرە: دڵداریی چی پیاوەکە، عەیبە؟

کەریم: بەخوا من ئەم تەلەفۆنە لائەبەم.

(تەلەفۆن)

کەریم: ڕاوەستە مەچۆ، هەلاو، بەڵێ، بەڵێ، ماڵی ئابڵە مونیرەیە. من کێم؟ من خزمەتکاری ماڵی ئابڵە مونیرە خانم، ئەمرکە خانم. بەڵێ. نەوەڵڵا ناتوانێ بێت بۆ قبووڵ، ئەی مێردەکەی ڕازینابێ.

مونیرە: ئەوە چییە پیاوەکە؟ ئەوە کێیە؟

کەریم: وس، ها. من لە خۆمەوە قسەئەکەم. کەریم ئەفەندی، مێردی ئەبڵە مونیرەخان وای پێوتم. خواتان لەگەڵ، بای بای.

مونیرە: ئەوە چییە پیاوەکە، عەیب و شوورەیی؟

کەریم: لەسەری مەڕۆ، وەرە کچێ حەپسە.

حەپسە: فەرموو ئاغا.

کەریم: ئەوەندە ئاغا و ماغا مەگرەرەوە. لەمەودوا کە تەلەفۆنکرا، کەس جوابنەداتەوە لە من زیاتر، تێئەگەی؟

حەپسە: بەڵێ قوربان.

مونیرە: پەنام بە تۆ خوایە.

کەریم: کورسییەکم لای تەلەفۆنەکەوە بۆ دابنێ.

حەپسە: بەڵێ باشە.

(تەلەفۆن)

کەریم: ئەی گیان، دیسانەوە، هەلاو، بەڵێ ئێرەیە، کێت ئەوێ؟

حەپسە: تۆ کێیت جەنابت، میرم؟ ئا حەمەدەمین.

مەرحەبا حەمەدەمین، چیت ئەوێ کوڕم؟ دایکی نەخۆشە؟

خێری پێوەیە، چی؟ ئەمڕۆ مارەیئەکەن؟ بەخوا ئیشمان باشە. حەپسە، حەپسە، بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان کچم، موبارەکبێ سەلەفەن.

مونیرە: چییە ئەوە پیاوەکە؟

کەریم: هیچ نییە، تەنیا حەمەدەمین ئەمڕۆ حەپسە مارەئەکات.

مونیرە: ئەیەڕۆ، ئەی کێ ئیشمان بۆ بکات؟

کەریم: تەلەفۆن، تەلەفۆن، ئیشمان بۆ ئەکات. گوایە لەمە باشتر، ئەوا جارێ حەپسەی یا بە شوو.

حەپسە: دەی دوعاتان ئەخوازم.

کەریم: خوا حافیزتبێ، ئینشائەڵڵا خێری پێوەیە. سەرمان بدە حەپسە لەگەڵ حەمەدەمینا.

مونیرە: ئەی نایەیتەوە ئیتر، حەپسە.

حەپسە: بەخوا بڵێم چی ئاغاژن.

(تەلەفۆن)

کەریم: کوڕە گیان، سەدهەزار جار گیان، تەلەفۆن گیان.

هەلاو، خوا خۆشتکات. بەڵێ ماڵی کەریم ئەفەندییە، خوشکێ. ئێ تۆ هەقت چییە بەسەر ئەم تەحقیق و تەحقیقکارییەوە، کێت ئەوێت؟ ڕووناکخانی دراوسێمان؟ دراوسێمان نییە ناوی ڕووناکخان بێت.

مونیرە: هەمانە پیاوەکە، تازە هاتوون.

کەریم: ئێ هەمانە تازە هاتوون، ئەفەرمووی چی؟ تۆ خوشکی ڕووناکخانی؟ باشە. بێن بۆ لاتان بەسەر چاو، بیریانئەخەینەوە. خوات لەگەڵ. نەء، لەبیرمناچێت؟ چۆن لەبیرمئەچێت.

مونیرە: کێیە ئەوە پیاوەکە؟

کەریم: قوربان، ڕەوشەنخانی خوشکی ڕووناکخانە و ئەڵێ بە ڕووناک بڵێ لەبیرینەچێت سبەینێ بێت بۆ ماڵی ئێمە، حەمامئەکەین، خۆی بشوات.

مونیرە: ئەیەڕۆ وای وت؟

کەریم: ئەی، ئەرێ وەڵڵا وای وت، ئەی چۆن؟

مونیرە: ئینجا ئێستا چۆن ئەم خەبەرە ببەین بۆ ڕووناکخان؟

کەریم: وەڵڵا بڵێم چی؟ ئەوە بۆ نەگبەتی حەپسەش ڕۆی، من بچم؟

مونیرە: ئەرێ وەڵڵا پیاوەکە خێرشتئەگات.

کەریم: ئینجا تووخوا ئافرەت عەیبنییە پیاوێکی زل و زەلام بچم بە ئافرەتێکی نەدیو و نەناسیو بڵێم، سبەینێ بچۆ خۆت بشۆ؟

مونیرە: بەرێ وەڵڵا عەیبە، ئەی من بچم؟

کەریم: بەم شەوە؟ بەخوا ئیشمان چاکە. نە تۆ و نە من ئەچێت بۆ حەمام، ناچێت، فیلناری سەقەر. یاهوو بەخوا عالەمێکی سەیرن ئەم تازەپیاکەوتووانە، بە تەلەفۆن دەعوەتی حەمام ئەکەن. ئا ئەو کتێبەم بۆ بێنە، نەختێ بخوێنمەوە.

(زەنگی دەرگا)

کەریم: خێر، ئەمەیان چی بوو؟

مونیرە: زەنگی دەرگاکەیە، با بچم بزانم کێیە؟

کەریم: شەرتبێ بە شەرتی خوا، هەرچی زەنگ بێ لەمماڵەدا نەیهێڵم. تۆ با ڕۆژم لێببێتەوە.

مونیرە: هەڵسە، بچۆرە ژووری ئەودیو.

کەریم: بۆ خێرە؟

مونیرە: فاتەخانی میرزا ڕەشیدەشەلەی دراوسێمان هاتووە، تەلەفۆنئەکات.

کەریم: بۆ کوێ؟ بۆ قەلادزێ یان هەڵەبجە؟

مونیرە: بۆ سینەما، ئەیەوێ بزانێ ئەمشەو چ فلیمێک ئیشئەکات.

کەریم: ئەی موبارەکمنەکرد ئاوا؟ ئینجا فاتەخانی میرزا ڕەشیدەشەلە حەقی چییە بەسەرەوە؟

مونیرە: ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆی، ئەیانەوێ لەگەڵ دایکی و باجی عاسمە و هەمینا بچن.

کەریم: جوانە، ئینجا ئێستا لەگەڵ ناوی فلیمەکەیان زانی، ئیتر حاڵەن ئەزانن چییە و چی نییە؟ ئێستا ئەمان چیی لێ تێئەگەن؟! دەبا ئەگەر ئەیانەوێ بچن، بڕۆن و ببڕێتەوە. یاهوو بەخوا چاک ئەم عالەمە چاولێکەریی بێمەعنا کوشتوویەتی. من تێناگەم بۆچی هەتا خوویەکی چاک بڵاوئەبێتەوە، هەزار خووی خراپ فێرئەبین؟ پەنام بە تۆ خوا، لەمە خراپتر نەدەی. نەنووین ئافرەت؟

مونیرە: با بچم دەرگاکە داخەم.

(تەلەفۆن)

کەریم: ئەوە ئەڵێی ئەم عالەمە بە قەستی وا ئەکەن. سەری تەلەفۆن بە ڕیشی بابی ئاوا، کێیە؟

ئێ، چیت ئەوێ؟ نەخێر ئێرەنییە. ئێرە خەستەخانەی شێتانە. ئەی بە سەری باوکت درۆناکەم. شەوت باشنابێت، چش. خوایئەکرد هەتا ڕۆژئەبووەوە ئەکۆکیت.

مونیرە: (پێئەکەنێ) ئەوە چییە؟

کەریم: داوای خەستەخانە ئەکات، ئەڵێت ئەکۆکم قوربان. وا تێئەگات ئێستا سێچوار ئوتومبیلی بۆ ئەکەوێتەڕێ لەگەڵ یەکدوو دوختۆر، بۆ ئەوەی نەیەڵن ئیمشەو بکۆکێ. ئەی بە ڕۆژ لە کوێ بوو؟ بۆ نەچوو دەرمانی خۆی بکات. ئێستا جەنابی بیریکەوتۆتەوە.

مونیرە: دە وەرە ئیتر پاڵکەوە و بنوو.

کەریم: تازە خەوەکەم زڕا. بەخوا ئافرەت ئەمە حاڵە ئێمەی تیاین، نەوەڵڵا.

مونیرە: ئینجا ئەڵێی چی پیاوەکە؟

کەریم: جارێ لەپێش هەموو شتێکا ئەم پلاکەی هەڵئەکێشم، بۆ ئەوەی لە نیوەی شەوا لە خەو ڕاستماننەکاتەوە.

مونیرە: ئێی، لەوەدوا؟

کەریم: قوربان لەوەدوا سبەینێ کە ڕۆژبووەوە، بە بەرید ئەڵێم بێت لایبەرن.

مونیرە: مەعنای چی؟

کەریم: مەعنای ئەوەیە تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێویستی خێرا دروستکراوە، بۆ ئەوەی بەشەر سوودی لێوەربگرێ، نەک داخ بچێتە دڵیەوە و تووشی دەردیسەری ببێت. تەلەفۆن بۆ قسەی قۆڕ و بێمەعنا و ئارەزووی پڕوپووچ

دانەهێنراوە. کەی بەتەواوی خەڵقی لەمە گەیشت، ئەو حەلە منیش تەلەفۆن دائەنێم. ئەگینا هەتا ئەو حەلە خواحافیز تەلەفۆن، بای بای، بۆن وی؟ کوکو.

## دادی ئاسمان*

١٩٥٤/١٢/٢٤

دایک: (به دڵگیرانه) ئەوەندە لێکیمەدەرەوە، کوڕە شیرینەکەم. کەس نامێنێ لەم دنیایەدا نەمرێت.

کوڕ: ئەزانم مردن لە ڕێی هەموو ئینسانێکدایە و ئەنجامی هەموو ژیانێکی ئەم خەڵقەیە، بەڵام زوڵموزۆر و ناپاکیش تەحەمولناکرێت.

دایک: هەڵبەتە ڕۆڵە خوا وای قەراردادەکردووە. ئەبێ ڕازیبین بە هەموو شتێکی، بە هەموو شتێک کە دێتە ڕێمان.

کوڕ: هەرگیزاوهەرگیز خوای گەورە شتی خراپ قەراردادەناکات بۆ ئینسانی بێگوناهی بێتاوان. گوایە ئێمە ئەبێ چیمان کردبێت، تا ئەم کابرایەی پێیئەوترێ مام ئەم هەموو خراپی و ناپیاوی و زوڵموزۆرەمان دەربارە بکات؟ چ دادێکی ئاسمان ئەمە ئەسەلمێنێ؟

دایک: لە دەنگم دانەچڵەکێ، خەتای باوکت بوو.

کوڕ: خەتای باوکم بۆچی؟

دایک: ئەگەر نەیکردایە بە وەسی بەسەر سەرمانەوە و هەموو خایە و مایەی نەدایە دەست ئەو، ئێستا ئەمیش ئەمەی نەئەکرد.

کوڕ: ئەو وای زانی ئەمیش پیاوە و برای ڕاستی دڵسۆز. چووزانێ ئەبێت بە مارەکەی شێخ هۆمەر و دێتە گەردنمان. چووزانێ خیانەت لە قەبری براکەی ئەکا و ماڵی حەڵاڵی برازاکەی بە حەرامی ئەخوات.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣١٦-٣٢٧.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

دایک: ئەوی ماڵی هەتیو بخوات، خوا پێیئەنوێنێ و قلّپیئەکاتەوە، ئەگەر نەمرووود بێت. بەڵام هەر سەبر باشە، کوڕم.

کوڕ: ماڵی سەبرم بەقوڕگرت. ئەوەندەمان سەبر گرت، خانەی سەبر سووا و هەر دەرووی فەرەجمان لێنەکرایەوە. ئەم سەبرە بوو بە چی؟

دایک: چار نییە ڕۆڵە. ئەوقاتەکە ئەڵێن هەتا نەبێت بە هەژدەساڵان ناتوانێ.

کوڕ: ئەزانم، لەمە گەیشتووم. مەسەلەی هەژدەساڵەکە بوو بە ڕەگی گولی. ئەوەندەمان نەماوە، بەڵام فایەی چی؟ خۆ هەر ئەبێ جارێ پیاوی ئەو، دەسندەخۆری ئەو بین. بە بەرچاوی خۆمەوە بە ئاشکرا دزییەکانی ئەبینم و ناشتوانم قسەبکەم.

دایک: دزیئەکات؟ ئەیەڕۆ چی ئەدزێت؟

کوڕ: چی نادزێ؟ ئینجا چی ماوە لەو مەحەلە زلوزەلامەی باوکما؟ بەم ڕۆژگارە هەر خەریکی فرۆشتنین، بەبێ ئەوەی هیچی تازە بکڕینەوە.

دایک: ئەیەڕۆ وا نەڵێی، مەحموود، بۆ خاتری خوا؟ ئەی بۆ هەتا ئێستا قسەتنەکردووە؟

کوڕ: قسەی چی بکەم؟ بڵێم چی؟ ئەگەر ڕاستت ئەوێ، هەتا ئێستا وا بوو بە سێ ساڵ کە باوکم مردووە و من لەژێر دەستیا ئیشئەکەم. لە هیچ نەگەیشتووم، لەوە زیاتر کە هەموو ڕۆژێ دەست بە دەستا ئەدا و ئەڵێ خوا بۆمان ناهێنێتە پێشەوە و هەر زەرەرئەکەین.

دایک: تووخوا؟ زەرەر؟ زەرەری چی؟ جەنابی ساڵحبەگ پارەکان ئەخوا و ئەڵێ زەرەر؟ دەک موبارەکنەبێ ئاوا، ئەی کاتبەکان؟ ئەی دەفتەرەکان؟ گوایە شت کە بە دەفتەر و حساب بوو، ئیتر دزی و زەرەر مەعنای چی؟

کوڕ: کاتب هەموو پیاوی خۆین و دەسندەخۆر، دەفتەر و حسابیش مادام لەژێر دەستی پیاوی بێزیمەتی خۆفرۆشی لەخوانەترسایە، زۆر بە ئاسانی دە ئەبێ بە یەک و قازانج وەرئەچەرخێت بە زەرەر.

دایک: ئەوانەی کاروباری خەڵقییان لەژێر دەستایە و دەفتەر و حساب باش ڕاناگرن و زیمەت و پیاوەتیی خۆیان ئەفرۆشن و زوڵم لە هەتیو ئەکەن، حەواڵەی خوا بن، تەسلیمی ئەویان ئەکەم بۆ ئەوەی غەوری غەزەبیان کا و سەرنگوم. ئۆ خوایە دوعام قبووڵکەیت، هەر چوار یارەکەی پێغەمبەر.

کوڕ: پێویست بە دوعا و نزا ناکات و ببڕێتەوە.

دایک: بە قوربانی خوا بم. ساڵح وەکوو خزمەتکار بیست‌وچوار سەعاتە بەشوێن باوکتەوە بوو. ئەوی ئەو نەیدایە، نەیبوو بیخوات. وا ئێستاش ئێمە کەوتووینەتە ژێر ڕەحمەتی ئەوەوە.

کوڕ: بەڕاستی نەئەبوو باوکم -بە ڕەحمەت بێ- مەحەل و خایەومایە بخاتە ژێر دەستی ئەم مارسە.

دایک: تازە قەوما، ڕۆڵە. ڕاستیشت ئەوێ نەیئەزانی کە ئەمە ئەکا، چونکە ئەو حەلە خۆی بە ئەوپەڕی دڵسۆز و پیاوچاک ئەدایە قەڵەم.

کوڕ: تۆ بزانە ئەمە دوو مانگ ئەبێ، چ خۆی و چ فاتەخانی ژنی، سەرێکیان کرد بەم ماڵەدا؟

دایک: ئەڵێن فاتەخان مانگی خۆیەتی و بەم زووانە منالی‌ئەبێ. ڕەنگبێ لەبەر ئەوەبێت.

کوڕ: ئەمانە قسەی هیچ‌وپووچن. ئەزانی هەرچەند چاوی پێم‌ئەکەوێت، ئەڵێی بەراز ئەبینێ؟

دایک: ئەگەر بەو چاوە تەماشات‌بکات، هەردوو چاوە زەقەکانی دەرپۆقێ و مزمەعیل دانیشێ.

کوڕ: دوو پارچەزەویی کڕی و بە ناوی خۆیەوە تاپۆی‌کرد. کە لێشم پرسی بزانم مامە هەر بەناوی خۆتەوەیە، پێ‌کەنی و وتی: ئینجا ڕۆڵە ماڵی من هیی کێیە؟

دایک: تووخوا؟ منالٚ ئەخەڵەتێنێ؟ شەرت‌بێ بە شەرتی خوا، لەگەڵ بوویت بە هەژدەساڵ، بە محامی و مەحکەمە و قانوون دەستاڕ لەسەر سەری بهاڕم، هەتا چاوە زەقەکانی دەرئەپۆقێنم. با بۆم ڕاوەستێ.

کوڕ: ئەوەندە بەسزمان نییە پێ بە تەختەی چرووکا بنێ و کارێکی وا بکات کە قانوون گوناهباری‌بکات.

دایک: بەحەول و قووەتی خوا، نایێڵم ساڵە چاوزەق بیخوات.

کوڕ: با بڕۆمەوە بەلای مەحەلەوە.

دایک: لە پەنای خوادا بیت. بۆ هیچ جێگایێک لەگەڵیا نەچیت، نەوەکوو سەرەونگوونت‌کا مەحموود.

کوڕ: ئەوی ویستوویەتی، کردوویەتی و بردوویەتی، ئیتر سەرەونگوونم بۆ ئەکات؟ مەترسە.

(پشوویێ مۆسیقا)

ساڵح: ئەزانی ئافرەت هەرچی عەقد و دەفتەر و حساب و کتاب هەیە، هەمووی بەتەواوی ڕێکوپێک و باش کرا.

ژن: ئافەرم چاکتکرد. چەند مانگیتر مەحەلەکەی ئەدەیتە دەست؟

ساڵح: مانگی چی؟ ئەوەندەی نەماوە. بەڵام مەحەلی چی؟ بۆم پاکوخاوێن کردۆتەوە.

ژن: پیاوەکە ئەترسم شتێکت لەسەر بدۆزێتەوە.

ساڵح: شت لەسەر من؟ (پێئەکەنێ) ئەوی شت لەسەر من ئەدۆزێتەوە، هێشتا نەخولقاوە. من ساڵحبەگی وەستا تۆفیقم، ئافرەت تۆ عەقڵت لە کوێیە؟ (پێئەکەنێ) ئەڵێ شتێکت لەسەر بدۆزنەوە، ئەوەش عەقڵی ئافرەت.

ژن: ئینجا ئەوە وا لە خۆت ئەکەی ڕەزا و ئێسکت خواتەوە، ئەڵێی غەزای بەدر و حونەینی کردووە، لەئۆمەتنەچووە.

ساڵح: ئاخر ئافرەت لەسەر شەڕکردنمان نەکردبێت، فاتە گیان.

ژن: فاتە فاتە، بەزیای خێرم نەکرد لە عەمرت، ئەڵێی کۆنە کارەکەری بووم.

ساڵح: ئاخر تووڕەمەبە فاتم گیان، ئەی چیت پێبڵێم؟ تازە دەمم ڕاهاتووە.

ژن: نەخەڵەتابی، دەمت بەمە ڕانەیەت. وەڵڵا لەمەودواوە بانگمنەکەی فاتە یان فاتمەخان، ئەوەت پێئەکەم با بە دەواری شڕ و سەرما بە هەتیوی نەکردبێت.

ساڵح: باشە فاتمەخان لەسەری مەڕۆ، ئەزانی ئافرەت گیان هەر کە منالتبوو، یەک دانە ملوانکەی مرواریت بۆ ئەکرم، بەلای کەمەوە باییی سێسەد دینار بێت.

ژن: من تەنیا بە ملوانکە ڕازینابم. ئەبێ ئەم خانووەم لەسەر تاپۆبکەی، ئەبێ سێهەزار دینار بە قەرز بدەی بە عەبدوڵڵای برام، کاسپیی پێوە بکات.

ساڵح: ئەیکەم ئافرەت، هەمووی ئەکەم وەڵڵا، تۆ هەر تۆزێ سەبرم لێبگرە، هەتا مەحەلەکە بەڕەسمی تەسلیمی دەستی مەحموودی برازام ئەکەم و ئەبڕێتەوە بەخێری و گەڕ و گێچەڵمان نامێنێ. ئەو حەلە شەرتبێ هەرچییەکتان بوێت، وا ئەکەم.

ژن: باشە ئینجا گوایە من چیم وتووە؟ ئێستا ئێمە چەندمان پارەی نەختینە هەیە، پیاوەکە؟

ساڵح: بۆچی ئەپرسی فاتمە گیان؟

ژن: ئەپرسم، دنیا هەزار مردن و ژینی تێدایە، نابێ بزانم؟

ساڵح: یانزەهەزار دیناری نەقدی، دوو پارچەزەوی بە ناوی خۆمەوە کە باییی سێهەزار دینارن.

ژن: هەتا ئێستا لەوە ئەترسای وەجاخت کوێربێ و -خوانەخواستە- سبەینێ کە شتێکت لێهات، هەرچییەکت هەیە بەر مەحموود بکەوێ، ئێستا لە چی ئەترسی؟

ساڵح: لە هیچ ناترسم. هیچ شتێک نییە لەم دنیایەدا من لێیبترسم. بەڵام کەی مناڵەکەت ئەبێ، ئافرەت؟

ژن: چووزانم، ئینجا ئەوە قسەیە تۆ ئەیکەیت، پیاوەکە؟ ئەمڕۆ، سبەینێ.

ساڵح: خێری پێوەیە. با بچمەوە بەلای مەحەلەوە. خوا ئەیزانێ هەرچەند چاوم بەو هەتیوەی برازام ئەکەوێت، ئەڵێی خوێنەخوێی خۆم ئەبینم.

ژن: ڕاستئەکەی، منیش حەز لە چارەی ناکەم، دائیمەن بە مۆڕەوە تەماشاتئەکات.

ساڵح: بە مۆڕەوە تەماشاناکات، چاوی دەریەت، تازە ئەوی من ویستم کردم و بە موڕادی خۆم گەیشتم، ئیتر مۆڕ ئەبێتەوە، نابێتەوە، چش.

ژن: ئەرێ بەخوا ساڵح ئەوە ڕەحمەخانی دایکی مەحموود نابینیت؟

ساڵح: لە کوێی ببینم؟ دوو مانگێک زیاترە نەمدیوە. ئینجا بۆچی گوایە بیبینم؟ ئەوەندە حەز لە چارەی ئەکەم. خوا حەقە.

ژن: ئاخۆ ئێستا شەو و ڕۆژ چەند هەزار دوعامان لێبکات، پیرێژنە سەرئاسنینە؟

ساڵح: دوعاناکات، چاوی دەرئەهات ئیتر. ئەمە بەم ڕۆژگارە ئەم عالەمە هەر بە دوعا ئەژین و ئەمرن. وا من بۆ خۆم تێرووپڕ ئەیخۆم. با ئەویش هەتا لە تاقەت و توانایایەتی، دوعابکات، ئەڵێ دوعا.

(پشوویێ مۆسیقا)

کوڕ: مامە ساڵح، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەحەلەکە بەتاڵترئەبێت.

سالّح: ئەی، ئەرێ وەڵڵا چی بکەین؟

کوڕ: تۆ ئەڵێی ئەتەوێ تەسفییەیبکەی؟

سالّح: تەسفییە بۆچی، ڕۆڵە؟ شتە و ئەفرۆشرێ و ئەکڕێ و ئەفرۆشرێتەوە و هەروا. بە کوڕی خۆم بڵێم، لەم چەند ساڵەی دواییدا من نەبوومایە و هەر کەسێکیتر بووایە، ئێستا ئەبووایە سواڵیبکردایە.

کوڕ: بۆ؟ لەبەر چی گوایە؟

سالّح: کوڕم بۆ و لەبەرچی و بۆ چییە؟ ئەم هەموو بارخراپی و بۆنەهاتییە و ئەم هەموو زەرەر و زیان و بارشێواویی بازاڕە، مەگەر هەر من بە عەقڵ و حیکمەت و سەبر و حیلمی بێبڕانەوەم توانیبێتم لەبەریا بوەستم.

کوڕ: خێری پێوەیە، بەس نییە توانیت زاڵببیت.

سالّح: ئەی چۆن؟ چۆن زاڵنابم؟ بەڵام لە سەرێکیترەوە ئەزانی، کوڕم زۆرمان زیان لێکەوت.

کوڕ: چۆن مامە؟

سالّح: باوکی ڕەحمەتیت کە عەمری خوای کرد، شەشهەزار دیناری بۆ بەجێهێشتین.

کوڕ: بەڵێ ئەزانم.

سالّح: لەم شەشهەزارە و لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا، ئێوە هەزار و دووسەدوپەنجا دینارتان بە ئێمەوە خەرجکردووە.

کوڕ: بەڵێ، بەپێی دەفتەرەکان ئەمە وایە.

سالّح: ئێ ئیتر بۆچی ئەڵێی؟ جگە لەوە، بەم هەموو زیان و سەرفییاتەشەوە، هێشتا هەزار و کسوور دینارت ماوە لە مەحەلەکەدا. خوابکات کە وەرتگرت، هەمووی خەرجنەکەیت و بەڵکوو بتوانی ڕۆژی چەند قڕۆشێکی پێوە پەیابکەیت.

کوڕ: جوانە، ئەی خۆت چەندت هەیە، مامە؟

سالّح: من؟ خۆم؟ خۆمی چی کوڕم؟ وا سواڵئەکەم. من هەرچی واروویێخی خۆم هەیە، لەسەر ئێوەم دانا، کوڕە باشەکەم. هەر وتم قەیناکا، لەبەر خاتری قەبرەکەی ڕەحمەتیی کاکم.

کوڕ: خوا خوشتکات، گوایە ئێمە چۆن چاکەی تۆمان لەبیرئەچێتەوە؟ ئینجا من کێم هەیە لە تۆ زیاتر؟

ساڵح: ئافەرم کوڕە شیرینەکەم، وا دیارە سپڵە نیت و ئاگات لە دڵسۆزیی من هەیە، چۆن بە هەموو توانایەکمەوە ماڵی تۆ ئەپارێزم؟

کوڕ: ئەی، ئەڕێ وەڵڵا خوا هەڵناگرێ هەرچییەکت لەتوانادابووبێ کردووتە و گوێتنەداوەتە هیچ. گوایە نازانم؟ ئەی ئەگەر نەزانم، بەربینم خڕبێت.

ساڵح: خوانەکات. بەڵام بەخوا ڕۆڵە عەبدوڵڵای شووبرام نەبووایە لە برسانا ئەمردین.

کوڕ: ڕاستئەکەی ئەزانم.

(تەلەفۆن)

ساڵح: هەلاو، بەڵێ ساڵحە. ها شەریفبەگ فەرموو. چەند ها. ئێ باشە با لای خۆت بێت، تێئەگەم، ئەزانم، ئەڵێم ئەزانم، چوارهەزارە. ئێ لای خۆتی دانێ هەتا وەریئەگرم، چونکە ئەمە عیلاقەی بێرەوە نییە و بەڕڕانییە، ئا، خوا حافیز.

کوڕ: ئەوە چییە مامە ساڵح؟

ساڵح: ها، هیچ نییە، ئەوە گوێزە کڕیومانە بۆ یەکێک پێیوتم.

کوڕ: ها، مەسەلە چوارهەزار گوێزە و وەڵڵا نەمزانی، وتم بەڵکوو دینار بێت.

ساڵح: دیناری چی ڕۆڵە، مەسەلە وەکوو وتم گوێزە.

(تەلەفۆن) هەلاو، ئا چیت کرد؟ مووافەقەتیانکرد؟ زۆر باشە و خێرا ئەیکەم. تۆ عیلاقەت نییە.

(تەلەفۆن دائەخا) ئەی کە کابرایەکی بێمەعنایە ئەم دەماغسزە.

کوڕ: ئەوە کێیە مامە؟

ساڵح: ئەوە تۆ هەتیو بۆچی ئەوەندە موداخەلەی ئیشوکاری من ئەکەی؟ هەرچییەک ئەبێ و نابێت، ئەپرسیت؟ بڕۆ بۆ لای حاجی حەسەن دە دیناری لایە، بیهێنە. وریا بە گومینەکەی.

کوڕ: ئەمە هەتا ئێستا هەزار جار چووم.

ساڵح: ئەمجارەش بچۆرەوە و ببڕێتەوە، یاڵڵا برۆ.

(تەلەفۆن)

هەلاو، ئا ئەوە تۆ شێتبووی کابرا؟ مەحموودی چی و کالیاری چی؟ من ساحێبی هەموو شتێکم. هەموو سەروەت هیی منە، ئیتر ناوی ئەوی چی؟ قانوونی

چی و مەسئوولییەتی چی؟ هەموو شتێکم وا جیٰبەجیٰکردووە، هەرچی پێیبوتری کەلەبەر تیایانییە.

جگە لەوە، گوێت لیٰبێت جەلال ئەفەندی، بەشی تۆشم داناوە، ئا لە سەدا پانزەی هیی تۆیە، ئا ئا. (پیٰئەکەنیٰ) ئەی، خوا حافیز.

دایک: مەرحەبا سالْح.

سالْح: کیٰ؟ ڕەحمەخان؟ یا خوا بەخێربێیت، فەرموو، فەرموو.

دایک: سەلامەتبیت، خۆت ئەزانی سالْح ئەمە سیٰ دانە ساڵە لەو ڕۆژەوە کە باوکی مەحموود عەمری خوای کردووە، من بە تۆم نەوتووە چی ئەکەی؟

سالْح: ئیٰ وایە. بەلاْم خوانەخواستە هیچ قەوماوە براژن؟

دایک: وەڵلا، بلێم چی؟ بۆ ئەوە هاتووم پێتبلێم کە لەپاش چەند ڕۆژێکیتر مەحموود مەحەلەکەی باوکی وەرئەگرێت.

سالْح: ئەزانم.

دایک: ئەزانم ئەزانیت، هەروەکوو ئەمە ئەزانیت، ئاگاداری ئەوەشی کە مەحەلەکە هیچی وای تیا نەماوە، لەبەرئەوە ئەمەوێت ڕێگایەکی باشی مەعقووڵ بدۆزیتەوە.

سالْح: وەڵلا براژن ڕێگای باش لای تۆیە و من لە خزمەتتام، چۆن ئەمرئەکەی وا ئەکەم.

دایک: کە تۆ ئەم مەحەڵلەت تەسلیمکرا، باییی شەشهەزار دینار ئەموالی تیابوو، کەچی ئێستا باییی هەزاریشی تیانییە؟

سالْح: ئینجا گوایە براژن خوانەخواستە من ئەتوانم چی بکەم؟ من چیم پیٰئەکریٰ لەگەڵ زەرەر و زیان و بۆنەهاتی و حوکمی قەدەر؟

دایک: گوایە ئەمە بۆنەهاتی و حوکمی قەدەر هەر بۆ ئێمە بوو؟ ئەی بزانم ئەو حەلە دەستیان لە کاکت پانئەکردەوە، ئێستا هەموو بوون بە خاوەنی زەویوزار و کۆشک و تەلار؟

سالْح: وەڵلا ڕاستە ئەمە، براژن؟ بەلاْم ئیرادەی خوا لە ژوور هەموو ئیرادەیەکەوەیە.

دایک: ئیرادەی خوای چی، سالْح؟ بلیٰ ئیرادە و ویستنی خۆم.

سالْح: ئیرادەی من بۆچی؟

دایک: ئیرادەی تۆ، چونکە شەیتان هاتە کۆڵەی شانت و وای لێکردیت دەم بنێیتە خوێناوی هەتیو و خیانەت لەو کەسە بکەی کە کردیتی بە ئەمینداری خۆی بەسەر برازاکەتەوە.

ساڵح: من قەت ڕازیم‌نییە بوختانم بۆ بکەی.

دایک: بوختان؟ من بوختان‌ناکەم ساڵح. ئەی ئەگەر ئەمە وانییە، ئەو هەموو زەوی و موڵک و ماڵ و پارەیەت لە کوێ بوو؟ پێم‌بڵێ، لە ئاسمانەوە بۆت داباری؟

ساڵح: براژن، نەختێ بەئینساف‌بە! هەر کەسێ دەوڵەمەند بوو، مەعنای ئەوەنییە خوێناوی خەڵقی مژیوە و خەڵقی ڕووت‌کردۆتەوە.

دایک: بەڵێ، بەڵام تۆ پارەی ئێمەت دزیوە.

ساڵح: وا مەڵێ عەیبە، براژن. من حورمەتت ئەگرم لەبەر قەبرەکەی کاکم.

دایک: باشە مادام وا ئەڵێیت، وەرە پیاوانە وەرە پێشەوە و نەختێ ئەم مەحەلە بەتاڵە پڕتربکەرەوە.

ساڵح: بە چی گوایە؟

دایک: بە پارە، بە شتومەک.

ساڵح: ئینجا لە کوێی بهێنم؟

دایک: چۆن نیتە؟

ساڵح: لە کوێم بوو، براژن؟ وا من سواڵ‌ئەکەم. جگە لەوە، من مەجبوورییەتم چییە ئەمە بکەم؟ منیش ساحێبی ژن و ماڵم. وا ئەمڕۆ و سبەینێش منالم‌ئەبێت. با بێت دووکانی خۆی وەرگرێت و ئیشی تیا بکات، من مەسئوول‌نیم بەرامبەر بە کەس و نابێ کەس ئەم قسەوباسانەش لەگەڵ منا بکات.

دایک: تۆ مەسئوولی بەرامبەر بە ویژدانی خۆت، بەرامبەر بە قەبری براکەت، بەرامبەر بەو خوایە کە ئاگای لە کردارتە.

ساڵح: بەخوا ئەمترسێنیت؟

دایک: هەموو وەختێک، ئەی بە کێ بتترسێنم؟ لە ویژدانت ناترسی، چونکە مردووە. لە قانوون ناترسی، چونکە فێڵت لێکردووە. لەبەرئەوە هەر ماوەتەوە خوا.

کوڕ: دایە ئەوە لێرەیت، ئەوە چییە مەسەلە؟

ساڵح: دایکت ڕاز و گلەیی ئەکات.

کوڕ: ڕاز و گلەییی چی؟ تۆ و ڕاز و گلەیی؟

ساڵح: بۆ گوایە؟

کوڕ: چونکە ئێستا چووم بۆ لای شەریف‌بەگ و زانیم کە چوارهەزار گوێزەکە چوارهەزار دینارە، چونکە زانیم کە دوو پارچەزەوییەکەت بە سێ‌هەزار دینار کڕیوە و عەبدوڵڵای برای ژنەکەت مالیکی چوار فلسی قەڵب نییە لەم دنیایەدا.

ساڵح: ئەم قسانە مەعنای چی؟ ئەوە ڕووت یەت لە ڕووی مامی خۆتا ئەم قسە ناشیرینانە بکەیت؟

کوڕ: مام؟ کاشکی نەبوویتایە. چۆن منی مالیکی شەرعیی هەموو سەروەت و سامانی باوکم، لە هەموو شتێک بکەیت و ماڵەکەم بدزی و دەم بنێیتە خوێناوم، هێشتا بە مامت دابنێم؟

ساڵح: قسەی وا قۆڕ مەکە. من گەورەی تۆم، بێ‌ئەدەب.

کوڕ: جەنابی موحتەرەمی بەئەدەبی گەورە، تۆ گەورەی من نیت. تۆ گەورەی دز و جەردە و دەستبڕەکانی، تۆ هاوکاری خوێنخۆر و جانەوەر و شەیتانی.

ساڵح: هەتیو، من تۆم گەورەکرد، من تۆم خۆش‌ویست. بۆچی من دوژمنتم؟

کوڕ: نەوەڵڵا، تەنیا دوژمنی من حاشا، تۆ دوژمنی خوا و پێغەمبەر و دوژمنی هەموو کەسێکی.

ساڵح: ئەوە شێت‌بوویت؟

کوڕ: گوایە هەتاکەی شێت‌نەبم. ئەوەندەم سەبرکرد و ئەوەندە عاقڵ‌بووم، مردم. چۆن گوایە هەرچییەک لە مەحەلا بوو، فرۆشتت و کێشەت کردە ماڵەکەی خۆتەوە و منی مایەپووچکرد. خیانەتت لە براکەت کرد، پێت نا بە ئینسانییەتا، ویژدانی خۆت مران، لەسەر حیسابی منی هەتیو دەوڵەمەندبوویت و گەنجینەت پڕکرد لە ئاڵتوون. هێشتا شێت‌نەبم؟

عاقڵی لە عورفی تۆی تەماعکاری بێ‌بڕوادا، ئەوەیە خوێنم بمژی و بێ‌دەنگبم و جووڵەنەکەم؟ من ئەم شێتییە بە هەزار عەقڵی وا ناگۆڕمەوە، لەجیاتیی جارێک سەدهەزار جار من شێتم.

ساڵح: ئافەرم، هەی ئافەرم. ئەوە بۆ قسەناکەی براژن، ئەمە عەیبنییە؟ چیتان ئەوێت ئێستا؟

دایک: عەیب عەیبی چی، ڕۆڵە. ساڵحە کوا عەیب ماوە لە دنیادا؟

کوڕ: حەق بگەڕێنەوە بۆ خاوەنحەق.

ساڵح: حەق؟ حەقی چی هەتیو، کام حەق؟

کوڕ: ئەوەندە هەتیو هەتیوم لێمەگرە، با دەست نەنێمە بینت، تاوانداری گوناهباری موجریمی چەپەڵ.

ساڵح: ئەوە بە من؟ بۆ دەرەوە، یاڵڵا بۆ دەرەوە، هەتا گاڵی فەڕاش و حەماڵم لێنەداون؟

دایک: ڕووت یەت ساڵحە وا بڵێیت؟ شەرم ناتگرێت؟

ساڵح: ئێوە لە شەرمتان کردە دەرەوە. وەڵڵا وەڵڵا جارێکیتر قسەی بەرز و نزمتان لە دەم بێتەدەرێ، یان سەربکەنەوە بێرەدا، هەتا مودەتەکە تەواوئەبێت، ئەوەتان پێئەکەم هەتا ئێستا بە کەس نەکرابێت.

دایک؛ خوا لەسەر هەق بێت ساڵح. خوا پێتبنوێنێ.

ساڵح: بۆچی ناچن لە مەحکەمە شکاتم لێبکەن؟

کوڕ: شکات؟ شکاتی چی؟ من خۆم ڕێشگاوناکەم. من باش ئەزانم کە تۆ و هاوڕێکانی تۆ، هەموو ئەو موجریمانەی ماڵی هەتیو ئەخۆن و حەقی بێهێزەکان ئەکەن بەژێر پێوە، هیچ بەڵگەیەک نادەنە دەست قانوون و پیلانە پیسەکانتان باش ڕێکئەخەن. من ئەزانم هیچت بۆ نابێت.

ساڵح: ئینجا کە ئەزانیت ئەمە وایە و هەموو سیجلل و قەید و حیساب ڕاستە، ئەم بوختانانە بۆ؟

دایک: وتت قەید و دەفتەر و حیساب ساڵح؟ هەموویانت دەستکاریکردووە، بەڵام قەیدی لای خوا بە ڕاستی نووسراوە و دەستی پیسی تۆ ناتوانێ ڕەشیبکاتەوە.

ساڵح: (ئەنەڕێنێ) بۆ دەرەوە ناکەسبەچەینەی سواڵکەرینە، بۆ دەرەوە.

کوڕ: بڕۆ دایە وازی لێبێنە، پارە پیاو دروستناکات. پارە ناتوانێ هەموو کەسێک وەکوو ئەم ڕاپیچکات بۆ ناخی شوورەیی.

دایک: برۆ کورم با برۆین، سالحە چاوزەق، خوا لەسەر حەق بێت. ئەی ئاسمان هانا ئەهێنمە بەر تۆ لە زوڵمی بەشەر. ئەی ئاسمان داد، دادێک ئاسمان، دادێک نەیخەیتە سبەینێ، بە بەرمانەوە نەماوە، داد ئاسمان.

(پشوویێ مۆسیقا)

(دەنگی هەور و برووسکە و ڕەشەبا)

سالح: هەلاو، بەڵێ من سالحم. دەنگ هەڵبڕە، قسەبکە ئەڵێی چی؟ چۆن تێناگەم؟ وا نەڵێی بۆ خاتری خوا؟ هەورەتریشقە؟ بەر ماڵی ئێمە کەوت؟ بۆ؟ ئەسووتێ؟ وا هاتم، وا هاتم.

(دەنگی ئۆتومبیلی ئاگرکوژێنەوە)

کوڕ: دایە، چاوت لە مامم بێت بە هەڵەداوان هات.

دایک: کامەتا؟ با بێت ببینێ خوا چۆن بە ناپاکەکانی ئەنوێنێ.

سالح: بەرەڵامکەن؟ هەر ئەچمە ژوورەوە، ئەچم، پارەکانم، پارەکانم.

دایک: کوڕە نەچیت، سالحە ئەسووتێیت، نەچیتە ژوورەوە.

کوڕ: نەڕۆی مامە، نەڕۆی. ئەها وا ئەو دیوارە ڕووخا، ڕووخا، مامە نەڕۆی.

دایک: لەپاش مردوو ڕەحمەت چاکە.

کوڕ: دایە بەزەییم پیایایەتەوە، کەوتە ژێر ئەو هەموو دار و پەردووە سووتاوەوە.

دایک: گەلێک جار کوڕم دادی ئاسمان زوو دێتەدی، دوعای بێوەژنی هەناسەسارد و هەتیوی زوڵملێکراو زوو گیرائەبێت.

کوڕ: بەڵام دا لە تەماع و لە تەڵەکەبازی و ڕێی چەوت، کە ئەبنە هۆی هەموو ناشیرینی و خراپییەک لەم دنیایەدا. تۆش خوای گەورە ناوبەناو کە تاوانکارەکان دەستی قانوونیان ناگاتێ، دادێکی ئاسمانی بخەرە کار، بۆ ئەوەی تەماعکار و مەغروور و ناپیاوەکان ببنە عیبرەت، ناوبەناو دادێکی ئاسمانی پێویستە.

(مۆسیقای کۆتایی)

(تەواو)

چیرۆکی تەمسیلی بە گۆرانی:

ئۆپەرێتی

## دڵداریی کوڕەشوان*

(اوپريت حب الراعي - تمثيلية غنائية شعرية)

شیعری: محەمەد ئەحمەد

دەستکاری و ئاوازی: ڕەفیق چالاک

(بۆ سێشەمووی ١٩٥٥/٣/٢٩)

(کات دەمەوبەیانە و سەرەتای بەهاری بەهاداری پڕ ئەفسوون و دڵداری، شوێن مێرغوزارێکە، مەڵبەندی یاری)

(مؤثرات: صوت تغريد بلابل وطيور)

شوان: (بە گۆرانییەوە)

گزنگی زێڕینی خۆری بەیانی،
خۆی سوو لە لالە و سەر سنگی کانی
ئاونگی سەر گۆنای گوڵی سوور تکا
سوپاکەی زستان ڕایکرد و شکا
خۆر دەمی ناوەتە ناوجەرگەی گوڵزار
تاڤگەی چەم ئەڕوا بۆ دامێن نزار
هوزار و پەپوولە لە عەزرەتی گوڵ
ناسڵەمێنەوە لە دڕک و چقڵ
بەهارە و بەهار، کاتی دڵداری

---

* ئەم دەقە لە دەفتەرێکی نووسەر خۆی وەرگیراوە، لەم سەرچاوەیەیشدا بڵاوکراوەتەوە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٢٩-٣٣٢. (س)

کاتی بردنەسەر شەو بە بێداری
وەرە نازەنین، ئارامی گیانم
تاقانەی ئاغا، چرای ژیانم!
نازەنین:
وا هاتم گیانە، شوانی بالابەرز
بینینت گشت دەم لێم بووە بە فەرز
سا لەگەڵ ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵ
لەرەی بێت ژێرملی بێگەردت، چاوکاڵ
شوان:
گیانەکەم نازەنین، پۆلاییبڕوا
چۆن وێرات بێیتە لام بێترسوپەروا
ناترسی خەنجەری زۆرداری لەپڕ
بڕژێنێ خوێنی دڵ لەناکا بەخوڕ؟
نازەنین:
هەرگیز ناترسم خۆشەویستەکەم
گەر بۆشم حازرکەن دارەمەیتەکەم
کوڕە شوان، شوانی جوان، دڵنیابە تۆ
دڵی من بۆ تۆیە و ناتکەم دەسخەڕۆ
هەر تۆ یارمی هەتا دوانەفەس
بەڵێن بێ دوای تۆ، دڵ نەدەم بە کەس
شوان:
دڵنیام گیانە لە وەعد و پەیمانت
لە هەستی ناو دڵ و هۆش و زمانت
زرەی زێڕ بە قوربان دەنگی تریقەت
بریسکەی بە قوربان خەندە و بریقەت

سەرکەوە سەرکەوە، سەرکەوە سەرکەل
تا خۆزگەمان پێبەرن کچگەل و کوڕگەل
بە لەنجە و ڕەوتێک جوانتر لە هیی مەل
سەرکەوە، سەرکەوە، سەرکەوە، سەر کەل
نازەنین:
کۆشکەکەم بە قوربان خاکی ژێر پێتە
سەرودڵیشم دایم لە ڕێتە
هەر تۆ یارمی هەتا دوانەفەس
بەڵێن بێ دوای تۆ دڵ نەدەم بە کەس
(فاصل موسيقي)

(لە دوورەوە)
باوک:
پێمنالێن ئەو دەنگە دەنگی کێیە دێ
لەو کەژەی ئەوبەر، بێباک هەڵئەسێ؟
پێمبڵێن نۆکەرینە، خێراکەن؛
کچە کێیە و کوڕە کوڕی کێ؟
ئامۆزا:
ئاغا ئەو دەنگە نازەنینخانە
دڵدارە و سووتاوە و گیرۆدەی شوانە
گوێتلێیە پێیئەڵێ- هۆ هۆ کوڕە شوان
نەک خۆم، باوکیشم ئەکەم بە قوربان
باوک:
ئا سواربن بە تاوێک بەرەو دەمی کەل
ئەو شوانەم بە خەنجەر بۆ بکەن پەلپەل

لاشەکەی فڕێدەنە بەردەمی قەل و داڵ
جلە خوێناوییەکانی تاقەتکەن لە چاڵ
(مؤثرات خيالة، ثم فاصل موسيقي)
نازەنین:
گیانەکەم لاوی پاک، شوانی دیدەکاڵ
کوا دەنگی گۆرانیت، سۆزەیناڵەناڵ!
بێنێتە شایی جەنگەڵی قەدپاڵ
دوژمن بسووتێنێ و بیکا بە زووخاڵ؟
شوان:
گیانەکەم نازەنین پۆڵاییبڕوا
چۆن وێرات بێیتە لام بێ ترس و پەروا
ناترسی خەنجەری زۆرداری لەپڕ
بڕژێنێ خوێنی دڵ لەناکاو بەخوڕ
نازەنین: (مؤثرات خيالة)
ئەوە چییە؟ هەی هاوار! هەی هاوار!
شوان:
مەترسە گیانەکەم، خەنجەری زۆردارە بۆ سنگی دڵدار!
باوک:
مەیکوژن جارێ، هەتا ئەدەم قەرارێ
ئا، با بە دار قەبرغەی بکەم بە خڕخاڵ
بە پشکۆ گلێنەی بکەم بە زووخاڵ
مەیکوژن، بە سووژن چاوی دەردێنم
بە خەنجەر خوێنی دڵی ئەڕژێنم
نازەنین:
بابە! کوا ڕەوای کاری ئینسانە

ئێوە وا بکەن لەو بەسزمانە؟
تووخوا مەیکوژن، خەڵقە دڵدارە
خۆشەویستی منە ئەم شوانە هەژارە
لە جێی ئەو، ها دڵی من ئەنجنئەنجنکەن
چاوی من بە سووژن و دەرزی ئاژنکەن
شوان:
ئای! بێویژدانینە! ئای ئارام، قەرار!
نازەنین:
مەیکوژن تووخوا؟ هاوار، سەد هاوار!
شوان:
مەترسە! خەنجەری زۆردارە،
بۆ سنگی دڵدار، دوایی ناهەموار!
نازەنین:
کوڕە شوان، بە قوربان سۆزی کوڵت بم
بە قوربان دڵۆپێک خوێنی دڵت بم
باوک:
کوا زیڕەی قامچی و دار لەسەر پشتی بێ
ماندووبوون، داڕزێن، هەی دەستان شکێ؟
شوان:
بمکوژن خێراکەن بەس بێسزا
بەڵام بێگومانبن کە ئەیخۆن جەزا
ئای

(فاصل موسيقي حزين)

نازەنین:

دەمەوبەیانە و سەرەتای بەهار
کەچی ماتەمە و شەپۆڕی دڵدار
ئەوتان کوشت، بەڵام دڵ تاکوو ماوە
بۆ ئەو شینیەتی و بۆ ئەو سووتاوە
دەک بن بە قوربان باڵی بەسراوی
ڕەنجبەری برسیی لاملخوێناوی
ئامۆزا:
نازەنین شێتبوو، وێڵ و پەتیارە
کەژاوکەژئەکا و دڵ پڕجەخارە
ئاواتی دڵی خرایە ژێر خۆڵ
ئەمیش ئاوارەی دەشت و چیا و چۆڵ
گرتوویەتیە بەر ڕێگەی نەهاتی
بەدەم ئێشەوە سەد مەرگە ساتی
نازەنین: (لاوانەوە)
ئەی مانگ تا مردن هاوڕێی تیشکی تۆم
سەرینم بەردە و تا ڕۆژ تلئەخۆم
شەماڵی هاودەم، ئەی سۆزەی شمشاڵ
کوا نیگای مەنگی شوانی دیدەکاڵ؟
ئەی مەلانی شاخ، وەرن بگرن کۆڕ
تێکڕا با بیکەین بە شین و شەپۆڕ
بە دەنووکی ئاڵ بۆم هەڵکەنن گۆڕ
ئینجا با بمرم، بێ ئاواتی دڵ
سیسبم، بوەرێم، وەکوو پەڕەی گوڵ
(تەواو)

١٩٥٥/٣/١٩

دەورەکان:

١. شوان: ڕەفیق

٢. نازەنین: ئەحمەد

٣. باوک: نووری

٤. ئامۆزا: دلاوەر

مۆثرات:

١. دەنگی پێی وڵاخ

٢. مۆسیقای حەزین

٣. دەنگی بولبول

٤. فیرقەی مۆسیقای ئیستگە

## تۆبەکردن*

(نێوان ١٩٥٠-١٩٥٥؟)

نووسینی: قاسم خەتات

دەرهێنانی: عەبدوڵڵا عەزاوی

گۆڕین  لە عەرەبییەوە

ئەحمەد: ڕۆژباش کاک جەمیل.

جەمیل: ڕۆژباش یاخوا بەخێربێی، فەرموو دانیشە. فەرموو، ئا ڕاکە شەفیق، بچۆ بۆ لای میرزا عەلی، سێ‌سەد سنووق چای‌تری لێ‌بکڕە، خێرا پیش ئەوەی دووکان هەڵبگرێت. عەزیز تۆش بچۆ بۆ لای هاروون، دووسەد و بیست فەردە شەکری لێ‌بێنە. ئا ئەوە چوارسەد دیناری بۆ بەرە. خێرا بە قوربانە وا ڕۆژ ئاوائەبێت. درەنگە، دە درەنگە بۆچی بەدیارمەوە ڕاوەستاوی، برۆ خێراکە.

(دەنگی دەرگابەیەکدادان)

ئەحمەد: نەتیجە؟ هەڵسە کاکی خۆم، شەکری چی و چای چی!! ئێستا وەختی شەکر و چایە؟ بەڵام دا لەوەی کە شەکر و چای هێنا بەم وڵاتەدا! ئێستا نێرگز[1] چاوەڕوانمان‌ئەکا.

ئەم بەیانییە ئەڵماسم[2] دی لە ماڵی بەهیجە،[3] هەتیو کوژرام، خۆی لەتەل‌دابوو.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٧٤-٣٨٦.
مەتنی ئەم درامایە، بە نووسراوی دەستگیرنەبووە، بۆیەکە ئێمە بە بیستن لە شریتەوە وەرمانگرتووە و نووسیومانەتەوە، دابەشکردنی  دەورەکانیش هەر لەبەر ڕۆشناییی ناسینەوەی دەنگیان ئاشنامان‌کردوون، کە ئەمانەن: ١. جەمیل: ڕەفیق چالاک، ٢. ئەحمەد: ئەحمەد دلاوەر، ٣. نووری: نووری عەنبەر، ٤. ژن: ئەحمەد مەحموود. شریتەکە لە دووکانی عەلی شێخ فەرەج، سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٦دا لێم‌کڕیوە. (ک.ڕ)

[1] بە ڕای من نێرگز، گۆرانیبێژ (فەوزییە محەممەد)ە کە لە ئێرەدا پارچەیەک گۆرانیی کوردیی وتووە. (ک.ڕ)

[2] بە بڕوای من، ئەڵماسی گۆرانیبێژ ئەڵماس محەممەدە. (ک.ڕ)

[3] بە بڕوای من، بەهیجەی گۆرانیبێژ دایکی جەماڵە. (ک.ڕ)

جەمیل: کاکی خۆم نابێ کاسبیبکەین؟ نابێ پارە پەیدابکەین؟ کەس وەکوو تۆ بۆی نەلوواوە پارەی مفت، بێڕەنج و تەقەلا، بەبێ سەرئێشە و هەوڵدان، بێتە بەردەستی. بەخوا باوکی ڕەحمەتیت، ئەگەر ئەیزانی وا لە سەروەتەکەی ئەکەی، دەمێکبوو بێبەریکردبووی لە هەموو شتێک.

ئەحمەد: لەسەری مەڕۆ، مردووت مرێ، دنیا پێنجودوو ڕۆژێکە، سبەینێ ئەمرین. بەخوا هەتا لەتوانامابێ بێدڵیی خۆم ناکەم. ئێستا نەمەلازم، ئەمڕۆ قازانج چەندە؟

جەمیل: من قازانج ناژمێرم، ئیمشەو ئەیکەم... خوا هەرچییەکی نارد، بەزیادبێ، نیازت چییە کاک ئەحمەد؟

ئەحمەد: ئەمشەو ئەچین بۆ مەلها. لەدوای تەواوبوون، نێرگز ئەمانباتەوە بۆ ماڵێ، هەتا ڕۆژی بەحەق ئەبێتەوە، من و تۆ و نێرگز و نووری و دایکی نێرگز و فاتیمەی[1] خوشکی نێرگز....

جەمیل: عائیلەی نێرگز هەموویان، بەڵێ...

ئەحمەد: ئا ئا ئا، ئەخۆینەوە و پۆکەرئەکەین و گۆرانیئەڵێین، سەماشئەکرێ و ....

جەمیل: بیلتەبع سەماشئەکرێ و ئێ ......

ئەحمەد: ئەیکەین بەو شەوەی قەرەوەیسی تیا ئەکوژن.

جەمیل: جوانە جوانە.. ئاخر نیوەڕۆ نەچوومەتەوە ماڵێ، ئێستاش نەچمەوە، شتێکی ناشیرینە. ئەمە مانگێکە لەگەڵ دایکی هیوادا ساردی کەوتۆتە بەینمانەوە لەسەر ئەم درەنگ ڕۆیشتنەوەیە...

ئەحمەد: واز لەم قسە بێمەعنایە بێنە، پێیانبڵێ پارە پەیاکردن و بازرگانی بە ئیشکردن جێبەجێئەبێ. تۆ هەموو شتێکی ناوماڵت بۆ جێبەجێنەکردوون؟

جەمیل: کردوومە.

ئەحمەد: ئیتر چییان ئەوێ؟ قسەی هیچوپووچ، یەکەمدەردوو ئەچین بۆ مەلها....

جەمیل: بەخوا ئەحمەد خووت خراپکردووم، خوا خووت لەمە خراپتربکا.. هەڵسە با بڕۆین. تووخوا ئێستا ئەمە وەختی مەلهایە؟ تووخوا ئەمە وەختی مەلهایە؟

---

[1] بە بڕوای من فاتمە، مەبەست لە خوشکی گۆرانیبێژ فەوزییە محەممەدە کە ناسراوە بە گوڵبەهار. (ک.ڕ)

(دەستپێکردن و لێدانی گۆرانیی "قل للمليحة في الخمار الأسود"، بە دەنگی گۆرانیبێژی عەرەب، کەرەوان)

ئەحمەد: ئەمەیە ژیان کاک جەمیل (بە سەرخۆشیی زۆرەوە). بەڵێ، کاک جەمیل خۆی ئەخزێنێتە ژوورەوە، وا ئەزانێ ژنهێنان و ماڵئاواکردن و شتی وا ئەبێ، ئیش بەسەریا تێپەڕێ و ئەمەش پێیئەوترێ تێخزان. ئەمەیە بەڵێ تێخزانە، شوکور لە تاریکییەوە هێنامانەوە ڕووناکی.

جەمیل: (بە سەرخۆشییەکی زۆرەوە) ڕووناکیی ڕۆژ یا ڕووناکیی ئیمان.

ئەحمەد: چیی ناوئەنێی بینێ، ئایا ماڵەکەتان وا پڕ جۆشوخرۆشە؟

جەمیل: هەر تەنیا بە ڕاویەی تیاترۆ ئێرە بوو بە پڕ جۆشوخرۆش؟

ئەحمەد: ئەگەر ئێستا بڕۆیتەوە، ماڵێکی تاریکونوتەکی ساردوسڕ ئەبینی. دانیشتووەکانی هەموو نوستوون و ئەڵێی خۆڵی مردوویان بەسەراکراوە، بەڵام دا لە ژیانی خێزانی ئەم وڵاتە..

(قرقێنەیەک دەداتەوە) ئەمە ئەم ژنهێنانە بۆچی لەم خەڵقە بووە بە ملۆزم؟ چاو[1] شێر ئەکا بە ڕێوی!!

جەمیل: هەی قوڕبەسەر ئەوەی ئەکەوێتە کوڕی دوو شەیتانی وەکوو ئێوەوە، یەکێکتان (قرقێنە) سەرئەتاشن، ئەویترتان ئاوێنە ئەدەنە دەستی.

ئەحمەد: (بە سەرخۆشییەوە) حای، بۆچی کاک جەمیل تۆ ئێمەت لە خانەقاوە هێناوە بۆ ئێرە؟ ئەوە کۆنە تاوی[2] خۆتە... تەنیا ئەوەنەبێ ماوەیەک بوو لێی بە .. بەلەسەبووی، ئێستا گەڕاویتەوە.

نووری: ئا، پیاوەکە ژنیهێناوە، بە قسەی پڕوپیرێژنان گەڕاوەتەوە، شوکور گەڕاوەتەوە، هە هە هە ها...

جەمیل: من پێم لەوە ناوە کە دەرەقەتی دوو شەیتانی وەکوو ئێوە نایەم.

نووری: پێش ئەوەی ژنبهێنی، دەرەقەتی دە شەیتان ئەهاتی، کاک جەمیل.

ئەحمەد: ئێستاش کە تەوقەکەت بە دەستی خۆت کردە ملت ...

---

[1] چاو: بڕوانە. (س)

[2] ڕستەکە ناڕوون و هەڵەیە. هیچ شتێک لە بەردەستدا نەبوو، تا ڕاستبکرێتەوە. (س)

جەمیل: بەس لەسەری مەڕۆن، قسەکانتان بەجێیە.

ئەحمەد: دە بخۆنەوە، چریۆ، لە چاوی نێرگز کە ئیمشەو (پێکەنینێکی نەرم) هە هە...

جەمیل: ئەوە ڕاویە لیٚنەبووەوە؟ ئەوە ڕاویە نییە؟

نووری: بەڵێ ڕاویەیە، ڕاویە بە قوربانی سەعاتێکی بێ.

جەمیل: بە خۆت و تایەفەتەوە بە قوربانی یەکئانە بی.

ئەحمەد: ئەوە بۆ تووڕەئەبی، جەمیل؟

جەمیل: بۆچی؟ کوا تووڕەئەبم؟ گاڵتەئەکەین، گاڵتە..

ئەحمەد: تووخوا جەمیل.. ئەوە ماوە.. عەرز و ئاسمان نییە..

جەمیل: کاکی خۆم، ئەگەر ئیرادەمان بەهێزبێ، لە تواناماندایە کە ماڵەکانمان بکەین بە بەهەشت، بەتایبەتی چونکە وەزعی ماڵیشمان باشە.

نووری: هەرگیز ئەمە پێکنایەت، بەڵام دا لە ماڵ، دۆزەخ زۆر خۆشتر و باشترە ... ئەوە نیوەڕۆ لە دایەرە دیٚمەوە، ماڵێکی پەرتوبڵاو، ئەڵێی سەرەنوێلکە... دەوری، مەنجەڵ، پەڕۆ، بێشکە، خۆڵ، تۆز، قڕە و گریان و نووکەنووکی مناڵەکانیشم لەولاوە بوەستێ.

ئەحمەد: سەرباقیی ئەوانەش -کاک نووری- تەماشائەکەی ژنە کراسێکی چڵکنی لەبەرایە، قژی بژبووەتەوە، ڕەشیی مەنجەڵ وا بە دەموچاویەوە، بۆنی چێشتی ئەو ڕۆژەی لیٚیەت، ئینسان قێزی لیٚئەکاتەوە.

جەمیل: ئینجا شوکور هەموو هەتانە، بۆچی کارەکەریان بۆ ڕاناگرن؟ ژنی قوڕبەسەر کەوتۆتە بەینی دوو ئاگرەوە: چێشتت بۆ لیٚئەنێ و خزمەتی ماڵ و منداڵ ئەکا، وای پیٚئەڵێن!! (قرقێنە) نایکا، ناویئەنێن شتێکیتر. بۆچی ناڵێن ئەمانەوێ پەڵپ و بەهانە بە ژنەکانمان بگرین، تا لەم جۆرە شوێنانە شەو و ڕۆژ بکەینەوە؟

ئەحمەد: بۆی؟ هەتیو بۆی (یەکێک لە دوورەوە دەڵێت: بەڵێ، بەڵێ) نیو لیتر قۆنیاکیتر بهێنە. ئیتر ببڕێتەوە ئەم قسانە، قابیلە هەموو عومری خۆمان بە باسکردنی ژن و مناڵەوە بەرینەسەر. ئێوە باس لە ڕابواردنی ئەمشەو بکەن.

جەمیل: سەعات چەندە، ئەحمەد؟

نووری: ئای، ئای، کوڕە دوانزەیە. تەماشای سەر شانۆ بکە، ماڵوێران. تەماشایکە، ئەوە نێرگزە گۆرانیئەڵێت.

ئەحمەد: ئەی بە قوربانی نێرگز...

جەمیل: نێرگز، نێرگز. (دەستپێکردنی گۆرانیی گۆرانیبێژ فەوزییە محەمەد لەسەر ئاوازێکی عەرەبی)

(پشوویەک مۆسیقای جیاواز)

(دەنگی گریەی منداڵی شیرەخۆرە)

جەمیل: ئۆ... ئەمە نەبڕایەوە ئەم گریانە. کچێ، مێشکم لەسەر نەما، وا لە دە لاوە دەموچاوی خۆم بڕی... تووخوا ئەمە ژیانە، خۆ داخی ئەم ڕیشە پیسەش! ئەی بەڵام لێدای بۆ چ ڕیشێکی هەر ناتاشرێی، ئەوا شەویش داهات.

ژن: چییە؟ ئەوە پیاوەکە هەر ئەتەوێ ڕاکەی، وا بوو بە مانگێ شەوێکت لە ماڵەکەتا ڕۆژنەکردۆتەوە!

جەمیل: ئیشوکارم زۆرە (بە دەنگی بەرز) ئیشوکارم زۆرە.

ژن: بە ڕۆژ یا بە شەو؟

جەمیل: فەرقی شەو و ڕۆژ نییە. ئیش هەر ئیشە، بە شەو بێ، بە ڕۆژ، بە شەو، بە نیوەشەو، ئیشم هەیە، ئیش، ئیش، تێئەگەی ئیش.

ژن: لەو حەلەوە منت هێناوە، هەتا پێش مانگێکیش شەو کارت نەبوو. پیاوەکە ئەمە مانگێکە ئەم شەوکارییە دەستی پێکردووە.

جەمیل: ئافتاوخان، حسابی شەو و ڕۆژم لەگەڵا ئەکەی؟

ژن: نا، نا، باوکی هیوا حسێبت لەگەڵا ناکەم، بەڵام لە مانگێ لەمەوپێشەوە گۆڕاوی، جەمیلەکەی جاران نەماوی.

جەمیل: بۆ ناگەڕێی بەشوێن جەمیلەکەی جارانا؟

ژن: ئافەرم پیاوەکە، خۆزگە بتزانیایە لەم ماڵە چۆڵە چۆن شەو و ڕۆژم لێئەبێتەوە (بە گریانەوە)، ئەو حەلە تۆ بەجێتنەئەهیشتم. خۆزگە هەستت بە ئێشوئازارم بکردایە، خۆزگە.

جەمیل: لەسەری مەڕۆ، خۆزگە خۆزگە، خۆزگەیان چاند و نەڕوا. پێش ئەوەی بگریت و دەستبکەی بە نووکەنووک، با تێتیبگەیێنم کە هەرگیز ناتوانی ئەمرم بەسەرا بکەی؟ من لەو پیاوە سەرژنانییانە نیم کە ژنەکانیان بوون بە مێردیان.

ژن: پیاوەکە، من داوای شتی ناڕەوات لێناکەم، چاکەی هەردووکمانم ئەوێ، نەختێ بیربکەرەوە؟ بیربکەرەوە؟

جەمیل: بەم قسە لووسانە من ناخەڵەتێم. لەسەری مەڕۆ، با دەموچاوی خۆم لەمە زیاتر نەبڕم؟ بە خوا ئافرەتێکی عەجایبە، ئیشم هەیە، وا نیوەشەوە.

ژن: ئاخر خوا ڕەوای ئەبینێ هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە بازاڕ ئیشبکەیت و شەویش لە دەرەوە ڕۆژبکەیتەوە؟ بۆ بەزەییت بە گەنجیی خۆتا نایەتەوە؟! وا من و هیواش چش.

جەمیل: چی؟ گەنجی؟ گەنجی؟ ئا گەنجی ئێی. ئەی قوڕبەسەر من. ئاخر گەنجی و لاوی و قۆزێتیی ئەو حەلە نەمان، کە تۆم هێنا، کە تەوقی عەزازیلم بە دەستی خۆم کردە ملی خۆمەوە، ئافتاوخان.

ژن: من تەوقی عەزازیلم، وا لە بەرچاوت کەوتووم؟

جەمیل: لەسەری مەڕۆ، ئەتەوێ لەمماڵەدا بژین، ئەوا لێکیبنێ قوڕوقەپ، وەکوو مقەبا وەرە و برۆ، بەبێ دەنگ، بەبێ دەنگ.

ژن: ئەگەر قسەکردنت پێناخۆشە، وا ئیتر بە هیچ کلۆجێ قسەناکەم، پیاوەکە.

جەمیل: من ئافرەت باش ئەناسم. تۆ ئەتەوێ وەکوو مریشک بمبەستیتەوە. چاک چاوبکەرەوە. ئەگەر پڕوپیرێژن دەرسیان دایاوی بۆ ئەوەی سواری کۆڵی شانی من ببی وەکوو مێردەزمە، ئەوا باش تێبگە کە نەک پڕوپیرێژن، شەیتانیش گرەو لە من ناباتەوە. تێئەگەی ئافتاوخان ئەڵێم چی؟

ژن: ئەی ژن حەقی ئەوەشی نییە دوو قسە لەگەڵ مێردەکەیا بکا؟

جەمیل: نەء، هەرگیز حەقی هیچی نییە و لەسەریشی مەڕۆ، خەریکی بە زۆربڵێیی کاس و گێژم کەی؟

ژن: پەنام بە تۆ خوایە، پەنام بە تۆ خوایە. هەتا ئەو هاوڕێ بەدانە ڕاویاننەکردبووی، ڕێگای دوورت دووکان و ماڵەوە بوو. سابیرم بە بەش و کەرەمت، خوای گەورە.

جەمیل: کچێ، دەمدرێژی بەسە. باش بەخێونەکراو، ناوی هاوڕێی من بۆ ئەبەی؟ بێدەنگ، ئیتر با زمانت نەبڕم.

ژن: (دەگری) ئەمە ڕەواش نییە تۆ وام پیٚبکەی، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە وەکوو سەگی پیٚسووتاو ماڵت بۆ بەرمبەڕێوە و مناڵت بۆ بەخێوبکەم، بە هەموو شتیٚ ڕازیٚبم، هێشتا تۆ.....

جەمیل: لەسەری مەڕۆ، لەسەری مەڕۆ، منەتم بەسەرا مەکە. من کوا لە ماڵەوەم؟ خانوو و ماڵبەڕێوەبردن و ئیشکردن و مناڵ بەخێوکردن بۆ خۆتە. من کوا ماڵ ئەکەوم؟ قسەی قۆڕ، دەمدرێژیٚمەکە. بیٚدەنگئەبی، یان تێتبسرەوێنم؟

ژن: سوپاستئەکەم، سوپاستئەکەم، سوپاستئەکەم، ئەگەر حەیام بە خۆم بیٚ!

جەمیل: (بە تەوسەوە) سوپاستئەکەم، سوپاستئەکەم، بە کوردیی پەتیش قسەئەکات!! بەڵام دا لەو ڕۆژە ڕەشەی کە تۆم تیا هێنا، ئەگەر ئەمزانی ئەمەیە ژنهێنان، بەڵام بڵێم چی، تازە کار لە کار ترازاوە. ئای هەر دەقیقەییک نا دەقیقەییک ئەم حەنەحەبەشییەیە، چییە ئەمە؟ ژنم نەدی زمانی گەزێک درێژنەبیٚ و بەقەد دە شەیتان نەزانیٚ. یاخوا ماڵتان بەقوڕگیریٚ، خوێنەواریان لە نەخوێنەوار و هیچنەزانیان چەنەبازترن. ماڵی ئەحمەدئاغا ئوتومبیلەکەیان هێناومەتەوە؟ ئەوان وتیان سەعات، وابوو بە دوو سەعات و نیو.

ژن: دەمێکە هێناویانەتەوە، دە نان بخۆ، ئینجا بڕۆ.

جەمیل: ناخۆم، نانی چی؟ ئێستا وەختی نانخواردنە؟ یان ئێستا وەختی تیجارەتکردنە؟

ژن: بەم ئێوارەوەختەیە وا تاریک داهاتووە، کوا دووکان و بازاڕ ماوە؟ پیاوەکە تیجارەت لە کویٚ ئەکەی؟

جەمیل: لە چاڵی چاوتا تیجارەتئەکەم، بۆچی تیجارەت بە دووکانە یان بە قسەکردن و هاتوچۆکردن و ئێی... لەشتگەیشتن و...... بنوو بۆ خۆت. من خۆم کە هاتمەوە، دەرگاکە ئەکەمەوە... تیٚگەیشتی.

ژن: باشە، باشە، وا ئەنووم (دەنگی دەرگاداخستن) ئۆهـ خوایە، خوایە، خوایە، بیخەیتە سەر ڕێی ڕاست و گەورەیی خۆت. خوایە بیپارێزە لە هاوڕێی بەد، لە کرداری ناشیرین، لەم ڕیٚ پیسە لایدە، خوایە... ئای، ئای، خوای گەورە ئەم تەنیاییە، ئەم ئەشکەنجە و سزایە هەتا کەی، خوای گەورە، خوای گەورە.

(ماوەییک دەنگی ئیشپیٚکردنی ئوتومبیل و ڕۆیشتنی)

ژن: تاکسییە؟

جەمیل: ئێ .... خانمەکە فەرموو، فەرموو ئێ...؟

سەرکەوە، سەرکەوە.

ژن: تاکسییە؟

جەمیل: تا تا تا تە تە تەکسییە، ئا تەکسییە بۆ سوواربوونە، فەرموو، فەرموو، فەرموو. (دەنگی ڕۆیشتنی ئوتومبیل)

بۆ کوی ئەفەرمووی کچە جوانەکە بتبەم؟

ژن: کچ نیم. لێخوڕە، لێخوڕە.

جەمیل: عەفوومکە، بەڵام بۆ کوێ لێخوڕم، خانم؟

ژن: ئێ ... بۆ بابولشەرجی.

جەمیل: بەسەر هەردوو چاوەکەم، بەسەر هەردوو چاوەکەم، ئێ... ئایا ئەتوانم ناوەکەت بزانم، خانمەکەم؟

ژن: چۆن، ناوی منت بۆ چییە؟ هەقت چییە بەسەر ناوی منەوە، کابرا؟

جەمیل: هیچ، هەر حەزئەکەم، هەر وام حەزکرد، هەر لەبەر هیچ، لەبەر هیچ.

ژن: چۆن لەبەر هیچ؟مەعنای هیچ هەیە، مەعنای هەیە؟

جەمیل: (بە شڵەژاوییەوە) ئـ ئـ ئـ ئێ، تۆ بۆچی عاجزئەبیت؟ گوایە پرسیارکردن عەیبە؟

ژن: ناوی منت بۆ چییە؟

جەمیل: خۆ گوایە خوانەخواستە ناوپرسین شتێکی تیایە؟

ژن: ناوم سەنییەیە.

جەمیل: ئاوا بڵێ سەنییە ... سەنییە لە سەناوە هاتووە، ناوێکی زۆر جوانە، سەنییە سەناء، یاخوا بەخێربێی، منیش ناوم جەمیلە.

ژن: ناوی تۆم پێ لازمنییە.

جەمیل: باشە منیش نەمەلازم.

ژن: (پێکەنین) تۆ ئەم نەمەلازمە لە کوێوە فێربووی؟

جەمیل: باشترین شت خانمەکە لەم ڕۆژەدا، بلێم سەنییەخان، لەم ڕۆژەدا بۆ ئینسانی عاقڵ ئەمە لازمە. هەموو کەسێک ئێستا وشەی نەمەلازمی بەسەر دەمیەوە گرتووە.

ژن: وا دیارە قسەخۆش و عاقڵی.

جەمیل: نا، نە نە نە نە مومکینە قسەخۆش بم، بەڵام قەت عاقڵنەبووم و عاقڵنیم، عاقڵیش‌نابم. هەر کەسێ سەنییەخان عاقڵبووبێ، جگە لەوەی نانیشی دەست‌ناکەوێت و هەموو کەسێک قینیشی لێیەتی، خۆشی بە سیلەوە سەرئەنێتەوە. ناوی عاقڵ مەهێنە، بۆ خاتری خوا. ئەم دنیایە کەربازاڕە، کەربازاڕە. لەوە بەولاوە نەمەلازم نەمەلازم!!

ژن: (پێکەنین) لێرەدا دامبەزێنە، ئەگەر ئەتوانی.

جەمیل: ئەی نەختێک نەگەڕێین سەنییەخان؟

ژن: گەڕانی چی، دامبەزێنە.

جەمیل: ئێ بۆچی؟ کەمێک ئەگەڕێین و ئینجا بۆ کوێ ئەڵێی ئەتگەیێنم.

ژن: تۆ ئیشت چییە؟

جەمیل: (بە شڵەژاوییەوە) من ن ن ن، ئێ ئێ... بازرگانم، بازرگانم.

ژن: نەء، بازرگانێکی بێحەیا.

جەمیل: ئەم سەروسیما جوانە، گورگیش ئەکات بە مەڕ.

ژن: جنسی پیاو مەعنا، هەموو شەیتان و بێوەفا و کەتن‌بەخەڵک‌کەرن.

جەمیل: هەموو وانین. جگە لەوە، من پێم‌نەوتی من لە نەمەلازمەکانم.

ژن: (پێکەنین) ئێستا بۆ کوێم ئەبەی؟

جەمیل: بۆ کامەرانی، با تێر بنواڕمە ئەو چاوە پڕ ئەفسوونانە. با ئیمشەو خۆم بەو قژە ئاڵتوونییە بخنکێنم. تووخوا ئەگەر دەست‌بنێی بە ڕووی جوانپەرستێکەوە کە بێناز و دڵ و دەروونی هەڵقرچاوە.

ژن: تۆ لە شاعیر و خەیاڵی و شتی وا ئەچی، ژنت نییە؟

جەمیل: من، من، ژ.. ژ.. ژن، ژن چی؟ نا، نا، من هەر خۆم و خۆم، کەسم نییە لەم دنیا گەورەیا لە تۆ زیاتر، تۆ تۆ، تۆ پەیکەری جوانیی.

ژن: ئا، من مێردم هەیە.

جەمیل: (بە سەرسامییەوە) مێرد؟ مێرد؟ بۆ خاتری خوا وا مەڵێ. ئینجا ئەو خواپیاوە کێیە کە کەوتووەتە ئەم ناز و نیعمەتەوە؟ چۆن دڵی یەت یەکدەقیقە و یەکئان لێت جیابێتەوە.

ژن: تۆ زۆر بەسزمان و ساویلکەیت، بۆچی نیو سەعات لە ماڵەکەدا ئەمێنێتەوە؟

جەمیل: ئەبێ کابراییێکی شێت بێ.

ژن: ئەڵێی ماخۆلانیەتی، لەگەڵ لە کارکردن هاتەوە، خۆی ئەگۆڕێ و خۆی جوانئەکا و سەیارە هەڵئەگرێ و سواری ئوتومبیلەکەی ئەبێ و بەناو ئەم بەغایەیا ڕاوی ئافرەتی ناو کۆلانان ئەکا، وەکوو جەنابت ئاوا...

جەمیڵ: (ورتەورتێکی شڵەژانی پێوە دیارە)

ئم ئە و و ... و .. و

ژن: ئەوا تۆ بڵێین ژنت نییە. بەڵام ئەو داوێنپیسە....

جەمیل: (شڵەژان) گو.. گوایە بە درێژاییی شەو خەریکی ئەو ڕاووشکارەیە.

ژن: کە ڕاوێکی باشی کرد. بە خۆی و نێچیرەکەیەوە ئەڕوا بۆ ماڵی هاوڕێکانی، هەتا ڕۆژی حەق ئەبێتەوە، پۆکەرئەکەن و ئەخۆنەوە، بەتایبەتی لە ماڵی ئەو ئافرەتە تیاترۆیە کە ناوی نێرگزە (دەنگی ورتە و شڵەژانێکی جەمیل) ئاخ دەستم بکەوتایە و بمدیایە...

جەمیل: نێرگز، نێرگز، نێرگز....

ژن: ئا، نێرگز، ئەوە بۆ وا شڵەژای؟ تۆ نێرگز ئەناسیت؟

جەمیل: نا. ناوەڵڵا، من نە نێرگز ئەناسم و نە کەسیتر، کەس ناناسم، هەروا بیستوومە، نێرگز.

ژن: بەیانیش کە هاتەوە، خومار، لەشتێکشکاو، پیاڵەیێ چا ئەخواتەوە یان نایخواتەوە و ئەڕوا.

جەمیل: ئینجا ئەی چۆن تۆ بێدەنگ ئەبی لەمە؟

ژن: قسەکردن فایدەی نەبوو، گریان و لەخۆدان پوولێکی نەهێنا. لە دواییدا دەستیکرد بە لێدانم.

جەمیل: ئەی دەستی شکێ، ئاوا، نەتیجە؟

ژن: نەتیجە، ئەوەیە کە ئەیبینی، ئەوەی من بە پاشماوەی خەڵقی بگۆڕێتەوە، من بە کەری ئەگۆڕمەوە.

جەمیل: جوانە، جوانە، جوانە، ڕاستە، ڕاستە، زۆر ڕاستە.

ژن: چاوەڕوانی چیی بم! کە پیاوێ ژنی بەم حاڵە بەجێهێشت، ئاوڕی لێنەدایەوە و خیانەتی لەگەڵا کرد، لە نەتیجەدا چی ئەکا؟ ها؟ ئەوە، بۆ وا شڵەژایت؟ بۆ وا پەشۆکایت؟

جەمیل: بۆ، بۆ... (ورتەورتی شڵەژاوی)

ژن: بۆ زەردهەڵگەڕای، بۆ؟ بۆ؟

جەمیل: لوتفەن لێرەدا دابەزە، من، من نەخۆشم، نەخۆش، نەخۆشکەوتم. دابەزە خێرا، ئەبێ بڕۆمەوە، ئەبێ بڕۆمەوە، خوا حافیز، خوات لەگەڵ...

ژن: باشە وا دائەبەزم.

(پشوویێ مۆسیقا)

جەمیل: ئێ، فەرموو، فەرموو (لەدەرگادان)

(دووکەس دێنە ژوورەوە و ئەڵێن سەلامونعەلەیکوم) عەلیکوموسەلام، فەرموون دانیشن، بەخێربێن. ئادەی شەفیق بڵێ دوو لۆری شەکر باربکەن بۆ هەڵەبجە، ئێی کاک ئەحمەد)

ئەحمەد: ئەمە وائەبێ، نێرگز هەراسانیکردین، ئەوە چوار ڕۆژە لە کوێی؟

جەمیل: نێرگز بۆچی هەراسانیکردوون؟

ئەحمەد: ئێی قوربان، ئەڵێ نەیبینم شێتئەبم. هەڵسە با بڕۆین، هەستە لەبەهەشتڕاکردوو.

جەمیل: جارێ نێرگز شێتئەبێ یان هار، ئەوە هیچ نەوعە کارێکی بە منەوە نییە، خوای ئەکرد مناڵەوردکە چەپڵەیان لێئەکوتا. جگە لەوەش، ئەو بەهەشتەی ئێوە هەرگیز بەم دۆزەخەی خۆم ناگۆڕمەوە. جارێکیتریش لوتفەن باسی ئەو پاشماوەی خەڵقە پیسە لای من مەکەن. شەونخوونی، قومار، خواردنەوە، هەرسێکی تەڵاقدران، تەڵاقدرانێک بە هیچ مەزهەبێک چاکنەکرێتەوە. تێئەگەن یان نا؟

ئەحمەد: ئەمە مەعنای چی، جەمیل؟ شێتبووی، جەمیل؟

جەمیل: ئێستا من شێتنەبووم، ئێوە خۆتان بەخۆڕایی شێتکردووە، بە دەستی ئەنقەست ماڵی خۆتان وێرانئەکەن، ئابڕووی خۆتان ئەبەن.

ئەحمەد: ئەوە ئەڵێی چی؟ تۆ زۆر گۆڕاوی، چییە ئەوە؟

جەمیل: بێگومان گۆڕاوم. جارێ کەمێک گوێم لێبگرن، ئینجا تووڕەببن. ئەرێ کاکئەحمەد، تۆش کاک نووری، ئەتانەوێ قسەبکەم یان نا؟

ئەحمەد: بەڵێ، فەرموو.

نووری: بەڵێ، فەرموو.

جەمیل: بەکورتی من تۆبەمکردووە، ئەوی تۆبەشی پێکردم ئافرەتێکی خراپکراو بوو، نەک مەلایەکی دوانزەعیلم یا فەیلەسووفێک.

ئەحمەد: دە قسەبکە، بزانین چییە؟

جەمیل: وەکوو عادەت و پیشەی هەرسێکمان و ئەمسالی هەرسێکمان لەوانەی پارەدارن، سواری ئۆتومبیلەکەم بووم و دەستمکرد بە ڕاووشکار لەسەر جادەی ڕەشید.

ئەحمەد: ئێ، ئێ.

جەمیل: ئافرەتێکی زۆر جوانم ڕاوکرد. لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە ژنی پیاوێکە لەو پیاوانەی کە لەناو کۆمەڵا زۆر بەشەرەف ناسراوە.

ئەحمەد: کێیە؟ ئادەی ناوی بڵێ؟

جەمیل: ناو ناڵێم. قسەشم پێمەبڕن، ژنی یەکێک بوو لەوانەی ڕاوی ژن ئەکەن. ژنی کابرایێکی بێغیرەتی وەکوو ئێمە بوو، کە ژنەکانیان بەجێئەهێڵن و هەتا ڕۆژئەبێتەوە لە باوەشی خواردنەوە و قومار و ئافرەتی پاشماوەی خەڵقییا ئەمێننەوە.

ئەحمەد: ئەم قسە قۆڕانە مەعنای چی؟ ئەوە تۆی خەڵەتاندووە، میرم. ژنی ئینسانی بەغیرەت شتی وا ناکا.

جەمیل: من زانیم ژنی کێیە و بۆم ساغبووەوە بەتەواوی.

ئەحمەد: باشە ناوەکەی بڵێ؟

جەمیل: نایڵێم، بەڵام ئەوە باش بزانن کە ئەو ڕێگا چەوتە ئێمە لەسەری ئەڕۆین، شتێکی باش نییە بۆ خۆشمان و بۆ....

جەمیل: وای دابنێین ئا لەم دەقیقەیەدا خوانەخواستە عائیلەکانمان لەگەڵ کابرایێکا بن..

ئەحمەد: چی، تۆ نابێ نەختێ شەرمبکەی؟ ئەم قسانە چییە!

نووری: ئەوە شێتبووی، کوڕە جەمیل؟

جەمیل: نا هێشتا شێتنەبووم، بەڵام کە ئەو ژنەم دی، هەموو شتێک لە بەرچاوما تاریکبوو، ڕامکردەوە ماڵێ، تۆبەمکرد. وازم لە هەموو شتێک هێنا، لە ڕێی ئەوەیا ڕۆژێ لە ڕۆژان -خوانەخواستە- نەک ئەوەم....

ئەحمەد: ئەڵێی چی بۆ خاتری خوا؟ چۆن؟ بێدەنگبە، تەواوینەکەی. بە ناموسم نەک کابرایێک لەوانە، سێسەد کابرا ئەکوژم...

نووری: بە شەرەفم من ملیۆنێک هەڵئەدڕم، مەسەلە عەرز و ناموسە.

جەمیل: دە عەرز و ناموسی خەڵقی بپارێزن، تا خەڵقی بەلای عەرز و ناموستانا نەیەت. تۆبەبکەن لە کرداری پیس، هەر کەسە ئاگای لە خۆی و ماڵ و منالی بێت، تەعەداشنەکاتە سەر خەڵکی، بۆ ئەوەی نە ئابڕووی بچێ و نە کەس بکوژێ و نە بیکوژنەوە. تۆبەکردن، ڕاست بەڕێداڕۆیشتن، چاکەکردن، نزیکمان ئەخەنەوە لە ئینسانییەت...

ئەحمەد: بەڕاستی ئەم ئافرەتە دەرسێکی فێرکردین، نیوەی واعیز و مەلاکانی دنیا نەیانئەتوانی ئەوەندە کارمان تێبکەن.

نووری: بە ناموسم ئیتر لە ماڵەوە نایەمە دەرەوە.

جەمیل: کەواتە تۆبەبێ لە سێکوچکەی بێئەخلاقیی قومار و خواردنەوە و داوێنپیسی، تۆبەبێ لە سێکوچکەی بێئەخلاقیی قومار و خواردنەوە و داوێنپیسی. مردن بۆ هەرسێکیان، مردن بۆ خراپە و بۆ خراپەکەران. تۆبەبێ، تۆبەی نەسووح لەگەڵما بڵێنەوە: تۆبەبێ، تۆبەی نەسووح.

(مۆسیقا)

(تەواو)

## حاجی قادری کۆیی*

(نێوان ١٩٥٠-١٩٥٥؟)

ئەحمەد: فاتێ، فاتم، ئەوە چ دەکەی، سەلامەت بی؟

فاتم: ئەوە چتە هەند قسان‌دەکەی؟ (بە ئازارەوە)

ئەحمەد: ئەوە دەگریەی؟ فاتێ چ ڕووی‌دایە، لۆ دەگری؟

فاتم: ناگریەم، ئەتۆ چتە وە کاری ژنانەوە؟ هەڕۆ ئایشیلەی مامانی گازکە.

ئەحمەد: هەر ئێستا دەچم. ئایشیلە داخۆ لە ماڵە یان لە کانی؟

فاتم: ئەمن چووسووانم لە کوێندەرێیە؟ لۆ هێندە قسان‌دەکەی ئەحمەد، دە هەڕۆ، زوو بە زوو، ئەوا دەمرم.

ئەحمەد: ئەوا دەڕۆم، دەڕۆم... پلکە ئایش، هۆ پلکە ئایش؟

(دەنگی گریەی مناڵ)

ئەحمەد: کیژە یان کوڕ، حورمێ؟

فاتم: ئەمن چوسوانم، پلکە ئایش نەهات؟

ئەحمەد: وا هات، پلکە ئایش؟

ئایشێ: (لە دوورەوە) وا هات، ئەوا تێم.

ئەحمەد: وە کەلامولڵا کوڕە، فاتێ کوڕە وە قورحان.

چیرۆکبێژ: بەم جۆرە لە ساڵی ١٨١٥، سەد و سی‌ونۆ ساڵ لەمەوبەر، لە دێی گۆڕقەرەج نزیک کۆیە، ئەستێرەی گەشی پرشنگدار، شاعیری بەناوبانگی نیشتمانپەروەر، حاجی قادری کۆیی هاتە دنیاوە، بۆ ئەوەی ببێتە پێشڕەو و ڕێ پیشانی خەڵقی بدا، بۆ ئەوەی ببێتە مۆم بسووتێ لە ڕێی ڕوونکردنەوەی ڕێی تاریکا....

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٨٨-٥٠٦.

جێگەی گوتنە، دەوری ئاکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەیشی بە دەفتەرەکەوە دیارە دوا لاپەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆییکا وێدەچێ دابەش‌کردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بووبێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

(پشوویێ مۆسیقا)

فاتم: خودایە ئەتۆی بێشەریک، ئەتۆی داڵدەی داماوان، ئەوا مێردم مرد. قادرم گەیاندە حەفت ساڵان، بە برسێتی، بە ڕەنجەڕۆیی، گوندی گۆڕقەرەجم وەجێهێشت، هاتمە شاری کۆ، لە مزگەفتی موفتی خوێندی و قورحانی خەتمکرد. مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگونبەنی فێری فەقیایەتیی کرد، ئەوێستاش لە تەک مەلا حەبدوڵڵای ڕۆیشتن لۆ فەقیایەتی... دەترسم بمرم پێش وەی بە مەلایەتی ببینم، دەترسم دیارئاخر بین... خودایە ئاگات لە قادری بیت، هەر ئەتۆیم قادر و کەریم....

(مۆسیقایەکی جیاواز)

قادر: عەبدوڵڵا ئێستا ئێمە لە کوێندەرێینە؟

عەبدوڵڵا: واین لە لاجان. دوای ئەوەی خۆشناو و هەولێر، سەردەشت و سابڵاغ، شنۆ و سولەیمانی و کەرکووکمان دیت، وا ئێستاش نسیب هێناینییە لاجان....

قادر: با هەڕۆینە مزگەفتی.

عەبدوڵڵا: جێی فەقێیان مزگەفت یان دیواخانانە.

قادر: دیواخان، برا جێی ڕیاکارانە و مزگەوت بێمنەتە، چونکە ماڵی خودایە و لۆ عیبادەت تەرخانکرایە.

عەبدوڵڵا: بەڵێ، کە ئینسان ئەچیتە ناو مزگەوتەوە و بەڕاستی ناوی خوای تیا بهێنێ و ڕووی دڵی تێبکا، ئەکەوێتە عالەمێکی حەقیقەتی بێڕیا و بێدرۆوە.

قادر: بانیی نۆ تاقی قوبەیی بێستوون
کەعبەیەکی بۆ مە کردە ڕاهنموون
قاسیدی پەیغامی فەرموو "من بنی مسجدا"
یبنی لە بیتا کما
یەعنی هەر ماڵێ کرابێ بۆ خوا
کەعبەیی عولیایە بۆ زیکر و دوعا
عەبدوڵڵا: وا گەیشتین، پێشکەوە.

قادر: ئەستەغفیرولڵلا، ئەتۆ پێش‌دەکەویت.

عەبدوڵڵا: ئەسسەلامونعەلەیکم.

جەماعەت: عەلەیکوموسسەلام وە ڕەحمەتوڵڵا وە بەرەکاتوهوو

قادر: ئەسسەلامونعەلەیکوم.

جەماعەت: وە عەلیکومولسەلام، بەخێربێن فەقێ، بەخێربێن فەقێ...

عەبدوڵڵا: پێش ئەوەی جەماعەت پرسیارمان لێبکەن، دەڵێین کە ئەمن عەبدوڵڵا جەلی‌زادەمە و ئەمیش فەقێ قادری کوڕی ئەحمەدی‌یە و هەردووکمان فەقێینە و خەڵقی شاری کۆ.

جەماعەت: وەخێربێن، فەڕتان هاورد، وەبانی سەر.

قادر: پێش ئەوەی بێنیە ئێرە، هەولێر، خۆشناوەتی، کەرکووک، سولەیمانی، سەردەشت و سابڵاخ و شنۆ چووین. چاومان بە براکانمان کەوتووە و لە حاڵوئەحواڵی دین و دنیایان شارەزابووینە. کار و پیشەی ئێمە هیدایەتی ڕاستی ڕێی خوداوەندی باری تەعالایە، ڕێی ڕاست و باش پیشانی بەشەر دەدەین.

جەماعەت: قسەتان وەجێیە، ئەمسالتان زیادبن.

عەبدوڵڵا: قادری برامان کە مەشهوورە بە حاجی قادر، شاعیرە.

جەماعەت: فەقێ قادر حەجی‌کردووە؟

عەبدوڵڵا: نەخێر، کونیەی شیعری حاجییە و لە مانگی حاجییانی موبارەکدا لەدایک‌بووە.

جەماعەت: حاجی چەند شیعرێکمان بۆ ئەخوێنیتەوە؟

عەبدوڵڵا (بە لەسەرخۆیی): دەی خێراکە چەند شیعرێک بخوونە، تا قەدرمان زیاتر بگرن..

قادر: ئەمن شیعر لۆ قەدرگرتن و ڕیایی و ... ڕواڵەت ناڵێم. شیعر دەڵێم لۆ فیکرکردنەوە و پێشخستنیان.

عەبدوڵڵا: دە خێراکە، چیت کرد؟

قادر: کتێب و دەفتەر و تەئریخ و قاقەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زەمانی

مەلا و زانا وو پیر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی
هەمووتان ببنە یێک تەعلیم و نووسین
وە یەک بەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین
حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕدەپێوێ
گوێی لێدەگرن زەریفە، نایکەن بەڵا لە خۆتان

ئێمەش دەمرین دەبینە خاکی سەرەڕێ
ئەم ڕۆژ و شەوە تەنووری سوبحی دەگرێ[1]
دەسگا و دوکانی شارەکان دادەنرێ
ئەمیان دەفرۆشێت و ئەوی‌تر دەکڕێ
ئەم باوکی مردووە، یەخەی دادەدڕێ
ئەو بووکی نووی[2] هەیە، کەوای بۆ دەبڕێ
پەیوەستە فەلەک ئاشەکی[3] وای ناوەتەوە
بۆ هاڕدنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕێ
لادێییش ڕەزی ئاودەدات و وەردی دەبڕێ
حەیوانە دەزێ، سەگ دەوەڕێ، کەر دەزەڕێ
لوقمان لەمەدا شوانە گەر[4] خۆی بکوژێ
گاوانە فەلاتوون لە غەما[5] گەر بدڕێ

---

[1] ڕەفیق چالاک، ئەم نیوە دێڕەی وا نووسیوە: ڕۆژ و شەو تەنویری سبەینێ دەگەڕێ. کەڵک وەرگیراوە لە دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپی ساڵی ١٩٨٦. (ک.ڕ)
[2] چالاک: دەزگای نووسیوە. (ک.ڕ)
[3] چالاک: نوێی نووسیوە. (ک.ڕ)
[4] چالاک: پێویستەی نووسیوە. (ک.ڕ)
[5] چالاک ئاشێکی نووسیوە. (ک.ڕ)

ئەم دەستە کە چوو دەستەییێکی تازەیە[1] دێ
مەعلووم نەبوو ئەم کەشمەکەشە کەی دەبڕێ
عالەم هەموو مردن لە غەمی زانینی
ئەم حیکمەتەیان نەزانی هیچ لێمەگەڕێ
جەماعەت: بژی بوێژ، بژی حاجی قادر.
قادر:
حەق تەعالا واقیفی ئەحواڵمە،
خالیسەن ئەڵڵایە تەرقیمی ئەمە
وەرنێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسییە
گەر لەبەر ئێوە نەبی، باکم چییە؟
من لە تۆفانا بەری خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕدەکەم
ئێستە هەرچیم پێبڵێن، عەیبی نییە
چونکە ئینسان عیلمی غەیبی پێنییە
گەر لە سەحرا مەلا نەمردایە
گورگەشین با کەری بخواردایە
شێری دڕوندە وەک لەناو بێشە نەما
گورگ و مامڕێوی دێنە ڕەقس و سەما

ڕۆستەمی مازەندەران ئەو وەختە دەستی بردەوە
هاتە ڕێی دێوی سپی، ئازانە دەستیکردەوە
هەر کەسێکی دایە بەر شەق زاڵی دونیایی دەنی
گۆی لە مەیدانی جەوانمەردانی عوقبا بردەوە

---

[1] ڕاستەکەی لە دیوانی حاجی قادری کۆیییەوە وەرگیراوە و هەڵەکان دووبارە نانووسینەوە. (ک.ڕ)

داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ
پێتدەڵێم چۆنە، ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە
ئاهی من صووره، چیا وەک لۆکە هەلاجی دەکا
عوقدەیی زوڵفی گرێی موویینە با نایکاتەوە
هەر کە بیستم پێمدەڵێ: حاجی سەگی دەرگانەمە
من لە ترسی گورگی بەدکارم کەری خۆم بەستەوە

لە گوێی گا نوستوون هەرچەندە شێرن
وەکی کەروێشکی چاوئازا وو کوێرن
ئەوی ئەعلایە، سەردەستەی شکارە
ئەوی ئەدنایە، بەستەی زوڵفی یارە
ئەوی ئازایە، شانامە دەخوێنی
ئەوی مسکێنە، گەنم و جۆ دەچێنی
ئەمانە بێشوعوور و گێژووێژن
موتیعی لۆتی، خوێڕی و هەرزەبێژن
بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین:
"اطلب العلم ولو بالصين"!!
نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهیی فەرموو، دینی نییە
جەماعەت: یا خودا هەر خۆشبیت، سفرەیان لەبۆ ڕابخەن.
(پشوویێ مۆسیقا)

عەبدوڵڵا: پێخەف و بالیفێکی گەرم و نەرمە. ئەگەر لە مزگەفت بخەفتینایە، پەرێشاندەبووین.

قادر: قەرەنیئاغا پیاوێکی باش و میوانڕاگر و سەخییە.

عەبدوڵڵا: ئەو مەدحەی لۆ خاتری گۆڕییە.

قادر: بەڕاستی گۆڕێ و گوڵە و لاجانی گشت ڕازندووەتەوە، خودا بیپارێزێت و حەیا و حیشمەتی کاکی زیاتربێت.

عەبدوڵڵا: قادر توو خودای دڵت نەچوویتێ؟

قادر: پڕبەدڵ خۆشمدەوێت. خۆشەویستیی مە وەکوو مەم و زین و شیرین و فەرهادە.

عەبدوڵڵا: تووخودای هیچت لۆ نەگوتووە؟

قادر:

مەهـ و میهری بەغارەت دا، بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری
گوڵستانیش بە یەغما چوو، لە تەنگیی غونچەیی زاری
لە نەشئەی دیدەیی مەستی، هەموو مەیخانە وێرانن
هەموو کەس بەستە زوننار لە سەودای زوڵفی تاتاری
دڵ و جان و ڕەوان و تەن، وەکوو ئیمان و دینی من
فیدای ڕوخساری گوڵناری، نیساری زوڵفی تەڕڕاری
شوعاع و شەعشەی میهری، ئەشیعە و میشعەلی بەدری
لە سایەی پرتەوی ڕووتە -بە قوربان- نووری یان ناری
دەخیل، ئەی چاوی جادووگەر، بفەرموو مەردومان یەکسەر
دەڵێن خەوتوویی بێداری، دەڵێن مەخمووری هۆشیاری
بپرسە حاجی تۆ جارێ لە زوڵف و پەرچەمی خواری
بڵێ؛ گەر تاری بۆچ ماری؟ بڵێ: گەر ماری بۆچ تاری؟

ئومێدی وەصڵی تۆم زانی، نیشانەی بێنیشانی بوو
ئەوەی ئێمەی فریب دا ئیلتیفاتی سەر زمانی بوو
لەسەر تۆڕی ڕوخت مووسا کە فیرعەونی خەتی لادا
لە سیرڕی زاری تۆی پرسی، جەوابی "لن تراني" بوو
ئەگەر مووسا وو دارا بی، لە دنیا بەهرەوەر نابی

دەزانی مەنسەبی هەردوو؛ شوانی و ئاشەوانی بوو
لە سایەی لێو و دندانی لە بەرچاوم نەما شانی
ئەگەر لەعلی یەمانی بوو، وە گەر ئەڵماسی کانی بوو
مەگەر بیستوویەتی خەتت لەنێو چاهی زەنەخدانت
ئەسیری یووسفە، بۆیە نزوولی کاروانی بوو
ئەوی تۆ هەتبوو من نەمبوو، قەرار و سەبر و عیززەت بوو
ئەوی من هەمبوو تۆ نەتبوو، وەفا وو میهرەبانی بوو

عەبدوڵڵا: بەڕاستی حاجی شیعرەکانی جوان و بەرزن. وا دیارە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرت بە جۆرێکی وا هەڵدەقوڵێ، تا دەگەینەوە شارەکەی کۆ، لافاوی دەمانبات.

قادر: لافاوی شیعر و بیروباوەڕی جوان، نەفسی بەشەر، دنیای پڕلەخەتەر، پاکدەکاتەوە.

عەبدوڵڵا: بزانم گشت شیعرەکانت تا ئێستای هەر غەزەلن؟

قادر:

که شەیتان تاقی میحرابی برۆی تۆی دی، گوتی یاڕەب
لە سوجدەی حەزرەتی ئادەم، سەری خۆم بۆچی باداوە؟!
بەغەیرەز باسی ئەو زارە موهیممە دەرکی ئەو زارە
ئەوی بیستوومە بیستوومە، ئەوی دیتوومە دامناوە
چ سەییادێکە سەییادی بووە سەییادی ئوستادی
چ هەستیکردووە هەستا چ بازیبەست و وەستاوە
وەرە ڕەبعی دڵ و چاوم، بەهەشتی ڕوبعی مەسکوونە
هەتا دڵ حەزدەکا باغە، هەتا چاو بڕدەکا ئاوە
نیهایەت بمکوژن، وەڵڵا لە ماچی لێوی خۆشنابم
ئەوی خوا حەزنەکا نابێ، ئەوی قەوماوە قەوماوە

عەبدوڵڵا: قسەی دری بێوێنە، لەسەر دەستی نێ، بینوێنە.
سبەینێ ڕێ دەگرینە بەر، دەگەڕێینەوە بۆ وڵات

قادر: ئێرە و ئەویَ گشتی ولاَتە. لە هەر کوێیەکی بم، هەست بە غەریبایەتی ناکەم. سبەی بگەڕێینەوە؟

عەبدولَلاَ: دەگەڕێینەوە، ئەمن تەواو تاقەتم چووە.

(پشوویێ مۆسیقا)

قادر: ... دلَ بەندە دەست بادی سەبا هەستە مەلەرزە.

(عەبدولَلاَ لەدەرگادەدات)

قادر: کێیە؟ لۆ نایەیتە ژووریَ؟

عەبدولَلاَ: ئەوە خەریکی چ بووی؟ ئەوا هەموو شاری کۆ لە ئەتوو، لە کەیفی جوانڕۆیی هەلَستاون.

قادر: مەلَیَ، هەموو شاری کۆ؟ بلَیَ ساختەچییەکان. ئەوانەی لەبەریان گرانە حەقیقەت بلاَوببێتەوە. ئەوانەی دینی پاکی خودایان کردیتە بازرگانی و تیجارەتکردن، کیَ سەرکردەی وانە.

عەبدولَلاَ: شێخ نەبی. نازانیت؟ شێخ نەبی هەموو ئاغاکانیشی هەلَگێڕایتەوە لە ئەتۆ و لە کەیفی.

قادر: باشە، کەیفی بۆ؟

عەبدولَلاَ: چونکە کەیفی و هەیبەتی ئایشۆکی دلَخوازی یەکدین و سەروسەودایان لە هەموو کۆیە بلاَبوویتەوە.

قادر: ئێستا ئەمنیش قەسیدەکەی لۆ گولَەم نووسییە، تەواوکرد.

عەبدولَلاَ: لۆمی بخوونەوە.

قادر:

ئەم خەیمە کە شەمسیەیی شاهەنشەهی ئەرزە

تا چادری نیلووفەری سەر تەپلَەکی بەرزە

ئەتنابی وەکوو توولَی ئەمەل لاموتەناهی

ئەوتادی وەکوو کێوی ئوحود مەرکەی فەیزە

سەقفی وەکوو گەردوونە، شکافی وەکوو ئەنجوم

پەردەی وەکوو ئەدواری سەما ئەتڵەسی سەوزە
هەروەک ئەلیفی جانە ستوونی لە سکوون‌دا
نەک تابیعی غەیرە موتەحەڕڕیک وەکوو هەمزە
وەسفی چ بکەم؟ نێوەنی گوڵ، دامەنی سونبول
شایستە سەناخوانیی‌بکەم هەر وەکوو فەڕزە
مەئزوونی ئەوەندە وەکوو ئاهم بە نەزاکەت[1]
لادەی سەری زوڵفی نەوەکوو بیخەیە لەرزە
لای ژووری سەمەن، نێوەنی گوڵ، دامەنی سونبوول
لەو سوورەت و مەعنایە کە سەد جەننەتی لەغزە
ئەوسافی وەکوو خەتتی دو زوڵفی بە چەپ و ڕاست
وەک ماری موتەلسەم کە تەلیسمی سەری کەنزە
هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت‌ئایینی لاجان
ئاهیستە بڕۆ، نەک وەکوو دێوانەیی هەرزە
تا داخیلی خەڵوەت دەبی، ئەمجا بە وەکالەت
خاکی قەدەمی ماچبکە بەم تەزوە کە تەرزە
ئەو نەوعە گوڵە هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەڕنێ
نەک وەک گوڵی بازاڕییە هەر ساڵە کە سەوزە
فیلجوملە وەکوو خاڵی ڕوخی دولبەری حاجی
دڵ پەستە، دەسا بادی سەبا هەستە مەلەرزە

ئەگەر لێدانە مەقسوودت، بفەرموو
وەگەر قەتڵە مەرامت، ها دەسا زوو
لە ڕێی خوا مەیکە تەحسیلداری ئێمە

---

[1] ئەم شیعرانە لە مەتنی دراماکەدا پاش‌وپێشن و لە دیوانەکەوە وشە ڕاستەکانمان داناوە. (ک.ڕ)

ڕەقیبی کافر و بێدین و بەدخوو

شەو و ڕۆژێ دەبرژێم وە دەقرچێم

بە سووتن ئیکتیفاناکەم وەکوو موو

گەلاوێژە گەلاوێژی دووچاوت

درەوشاوە، سەروڕیشم سپی بوو

کە خۆیان خستە بەحری ئەشکی خوێنین،

دڵ و جان بۆ تەوافی خاڵی هیندوو

بە قەولی تاجری دەریایی ئەخبار:

دڵی دێوانە تێچوو، ڕووحی دەرچوو

عەبدوڵڵا: ئاخر حەسادەتی ئەو شیعرانەیە و ڕاستیی قسەوباست، بۆیە هەموو لایەک لێت هەڵساونە سەرپێ، ئێستە تەدبیرێک بکە حاجی.

قادر: تەگبیری چی بکەم، دەتوانم بە تەک و تەنیا چییان لەگەڵ بکەم!

عەبدوڵڵا: کەیفی لە دوێنێ شەوەوە مەجبووربووە شاری کۆ بەجێبهێڵێ.

قادر: کەیفی ڕۆی؟ بۆ کوێ چوو؟

عەبدوڵڵا: بۆ مولکی خوا، کە لێرە جێینەبێتەوە، چی بکات؟ دەڵێن ڕێی هەولێری گرتووە.

قادر: لەدوای کەیفی ئەمنیش نامێنم.

مەماتم حەیاتە، حەیاتم مەمات

کە لێم تونددەبێ ئەو دەمی ئیلتیفات

لەبی نازەنینی بە خەتیی جەلی:

لە ئێرانەوەی گرتووە تا هیرات

عومەرگومبەتی لەززەتی داتەپی

تەکەڵتووی شکا زینی ئەسپی حەیات

تەماعم بوو دونیا وو عوقبا بخۆم:

ئەمم چوو لە دەست و ئەوم بۆ نەهات

له غوربەت بە شاهی لەبیرناکرێ

زەمانی جوانی و یادی وڵات

لە قوشخانەوە تا دەمی ئیچقەڵا

لە بایزئاغەوە تا مەحەللەی قەڵات

هەموو خزمی خۆمن، دەزانم دەڵێن:

لەبێ حورمەتیمان بوو حاجی هەڵات

ئەمن مەلا عەبدوڵڵا شوێن کەیفی دەکەوم. شاری کۆ بەجێدەهێڵم بۆ ئەوانەی گورگن و پێستی مەڕیان لەبەرکردووە. هەموو ئینسانێکی دانا دەربەدەرە.

عەبدوڵڵا: ئەوانەی لە کاروباری ژیاندا سەرڕوشتەیان گرتۆتە دەست، ڕێ تێکدەدەن و پێشڕەوی مەردووم نین؛ ئەگینا چۆن دوو تێگەیشتووی ڕاستی وەکوو تۆ و کەیفی، دەبێ نەحەوێنەوە و بکەونە باوەشی غەریبییەوە؟

قادر: ئێمە ئەوی توانیمان، کردمان. هەرچییەکمان بە باش زانی، گوتمان. چووین بەگژ بت و بتپەرستەکاندا.. ئینجا ماوەتەوە سەرئێوە. بە دوعا شارەکەی کۆ، بە دوعا مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە. بە دوعا بۆ غەریبی، بۆ دەروێشی، بۆ گەڕانی دنیای گەورە لە ڕێی حەقیقەتپەرستیدا.

(پشوویێ مۆسیقا)

قادر: براله، کەیفی، وا دیارە ئەمڕۆکە زۆر بە کەیفی.

کەیفی: حاجی لەپاش ئەو هەموو ڕێگە دووردرێژە، دوای ئەو هەموو هیلاکییە، شاری ئەستەمووڵ، باڵەخانەی بنەماڵەی بەدرخانپاشامان بوو بە مەڵبەند، یاخوا هەرگیز نوشوستینەهێنن.

قادر: من بووم بە مامۆستای منداڵەکانی بەدرخانپاشا.

کەیفی: خۆشی لە خۆت. ئەمنیشی داخیلی حقووق کرد. پشت بە خوا لێرە زەمان بە دەممانەوە پێدەکەنێ.

قادر: ساڵی ١٨٥٤ه، هەر منم ئێستە واریسی عیسا، بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا..

کەیفی: ئێمەی دەربەدەر، ئەو کەسانەی خۆیان بۆ خوشکردنی دنیا تەرخانکردووە، پێویستیان بە ژن و مناڵ نییە، برا.

قادر: خوێندن و دنیای ئێرە، جۆرێکی‌ترە لەگەڵ وڵاتا.

کەیفی: بەڵێ، نزیکە لە ئەوروپاوە و ئەوروپاش لە خەوی غەفڵەت هەڵساوە.

قادر: ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی، کەیفی؟

کەیفی: کارێکی گەورە وا بەسەر شانمەوە، پێویستە تەواوی‌بکەم.

قادر: زوو بێیتەوە برا، ئەگەر بنەماڵەی بەدرخانپاشا و تۆ نەبیت، لەم غەریبییەدا هەرگیز هەڵناکەم.

گوتم بە بەختی خەواڵوو، بەسە ئەتوو بی خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ، بچینە ئەولا
گوڕەی بەهارییە، ئیستێکە شاخ و داخی وڵات
پڕە لە لالە وو نەسرین و نەرگسی شەهلا
لە گرمەگرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
چیایە پڕ لە هەرا وو نواڵە پڕ لە سەدا
پڕە لە سەیل و لە گوڵاو و کانی، ڕووی زەمین
پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکەی جەووی سەما
شکۆفە درهەمی شاباشی بایی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە دار و بەردی چیا
پیاڵەیی زەڕی نەرگس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنمی وەک دوڕڕ و لوئلوئی لالا
گوڵیش بە پەنجەیی فەیرووزە جامی یاقووتی
لە بۆ نیثاری موهەییایە پڕ لە زەڕڕی تەڵا
لە شادی وەک سەفی شایی، لە کێو و کەژ ئەزهار
هەژا بە خەلعەتی گوڵگوون و کەوتە ڕەقس و سەما
چەمەن لە لالە میسالی خەتی ڕوخی دولبەر

سیاهـ چادری لێ بۆتە خاڵی سەر گۆنا
لەکن بنەوشە وو خاو و هەڵاڵ و بەیبوونی
هەڵاڵی پێستەیی خاوە عەبیر و موشکی خەتا
چیا لە تەوقەسەری داڕژاوە تا کەمەری
چو زوڵفی سونبولی دەرهەم، چو پەرچەمی بەڕەزا
بە جۆشی ئاگری گوڵناری کانی هەڵدەقوڵێ
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەزرا
قەڵاتی زیوی ڕووخاوە، هەرەس بە تۆپی نەسیم
سوپاهی لالە وو گوڵ، چادری لە جێ هەڵدا
لە گۆلەسینێ کە قاز و مراوی دێن و دەچن
نەزیری ماهـ و ستارەن لە قولزومی مینا
شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەر قەڵبەز
بە ورشەورشی گیا، شەنگەبی بووە شەیدا
خڕینگوهوڕی قولێنگ قەتارەی سی لە سەران
دەبێت و کەو دەفرێت و شەهێن چریکەدەکا
لە پیرە پیر و لە سمکۆڵی پیرە گاکێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما
لە دەنگ و دووکەڵی شینی تفەنگی نێچیرەوان
میسالی سونبولی زوڵفی کە تێکبچێ بە سەبا
چیایە شێخ و کەوای سەوزە، مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ڕێواسە، تەیلەسانی گەڵا
چەمەن لە لالە وو ڕەیحان و نەستەرەن ئیمڕۆ
سوپیهر و سوبح و شەوە و ئافتابی وەختی زوحا
چنار و عەرعەرە دەفزەن، هەزارە نەغمەسورای
گیاشی زاکیرە تەسبیحی شەبنمی لە ملا

له ژووری مێگەلی هەورە، لە ژێری مێگەلی مەڕ
شەبیهی گوڵشەنی خەزرایە توودەیی غەبرا
لە کێو و کەژ کە سەر ئێوارە دێتەوە ماڵات
لە دەوری چادری ساحێبی مەوجی دا، وەستا
لە حیلەحیلی کەحێل و لە باڕەباڕی مەڕان
لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا
لە گورگەلوور و حەپەی سەگ، لە قاڕەقاڕی بزن
لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا
لە ئۆحەئۆحەیی گاوان و قیڕەقیڕی شوان
لە بگرە بەردەیی کابان، دەبێتە حەشر و حەلا
مەلائیکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی
دەبێنە جونبووش و لەرزین، دەکەونە حەولەوەلا
کە هەڵکرا شەوێ ئاگر لە کوللی ڕەشماڵەک
خجڵدەبن لە زەوایایی خەیمەیی واڵا
عوتارید و زوحەل و ئافتاب و ماهی تەمام
خولاسە سابیت و سەییارە تا دەگاتە سوها
سەبا دەزانی ژیانم لە دوورییان مەرگە
دەسا وەرە بە کزەی خۆت خجڵبکە عیسا
ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ
ئەگەر دڵە وەکوو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا
لەپاشی ئەم هەموو داستانە، بەختی خوابئالوود
میسالی ئەژدەری نوستوو بە ڕق لە خەو هەستا
جەوابی‌دامەوە، ئەمما جەوابێکی وا ڕەق
نەما مەجالی مەقال و موباحەسە لەملا
گوتی هەتاکوو خەزان و بەهار و زستانە

مەداری عەیشی مەوالیدی عالەمی غەبرا
بەهاری وا هەموو ساڵێکی دێتەوە ئەمما
ئەوانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا
یەکێکی نایەتەوە، چوونیان هەر ئەو چوونە
لە شێخ و عالیم و جاهیل، لە پادشاهـ و گەدا
مەکانە: شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنەهەوار
حەیاتە: زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاب و هەوا
ڕەفیقی کۆنە نەماون، جەوانەکان پیرن
بە شەق دەڕۆن و لە داری دیارە شەققی عەسا
لە دووسەدی یەکەکی زەحمەتە بناسییەوە
مەگەر بە ناوونیشان و بە خزم و باب و برا
کە بێی و بچیەوە ئێستا ((کأنە)) دیسان
سەفەردەکەی لە وەتەن، دەچیە شاری جابولقا
خولاسەیی قسە: ئێستێکە مەسڵەحەت ئەمەیە
بڵێی بە وەجهی نەسیحەت، بە کاغەز و ئینشا
ئەمان کوڕانی ڕەفیق و برادەرانی وڵات
بە ئێوە هەر کە گەیی ئەم کەلامی بێسەروپا
لەپاش ئەوەی کە تەسیحە و موتاڵەعەی بکرێ
بە یادی من لەبەریکەن لە ڕوویی میهر و وەفا
هەتا لە خیتتەیی بێگانە فەخری پێوە بکەم
لە بەینی زومرەیی ئەحیا وو مەجمەعی مەوتا
وتی: مەکەن وەکوو ئاساری (نالی) و (کوردی)
لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەربکەن لە خەتا
نییە لە مومکینی ئیمکان خەتا وو سەهوی نەبێ
بەغەیری خواجەیی دیوانی (علم السما)

ئەوی حەسوود و جەهوولن، لەئیم و ڕەخنەگرن
لە عەیبە و ڕەخنەیی عالیم بەریدەبن ئودەبا
ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما
میسالی فەرخەیی ژیشک کە پێیدەڵێ دایکی
ئیلاهی قاقومە یا خەز، سەمموورە یا دیبا
شەبیهی چۆلەکە ڕازینەبێ بە سەردڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا
بەلاغەتێکی هەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ
لە بێتەعەسوبیی کوردانە بێ ڕەواج و بەها
کە خۆتی تێنەگەیێنی، لە نیکتەکانی نەگەی
دەڵێی هەمووی هەزەیانە، خودا بەڵای لێدا
بەڵام ئەوانی کە سەڕڕافی زێڕ و زیوی قسەن
بە شەهڕەوایی دەزانن، چ سککەییێکە ڕەوا
چ حیکمەتێکە کە ئاساری کوردە نامووسی
نە کیمیایە، نە عەنقا، لە بەینی ئێمە نەما
ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم
نقوودی حاجی کە نەیدیوە خوسرەو وو دارا
ئومێدی وایە نەسیبی کەریمەکی وابێ
بەخێری دایکی و بابی، لە ڕێی خودا بیبا
گەلێ قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو
کەچی، لە بەختی کەچم، خامە نووکی لێرە شکا
یەکێک: مامۆستا، حاجی قادر، مامۆستا
قادر: چییە ئەوە؟ چ باسە؟
یەکێک: کەیفی دیلە، دەڵێن کەیفی ئەسیری ڕۆمە.

قادر:

ئەم ئەرزە کۆنەهەوارە، خەلایقیش کۆچە
تەماعی سووری نەبی کەس لەژێری چادری شین
دووگەز زەمین و سێ گەز جاو و مستەخولێکە
لیباسی پێخەف و ڕاحەت هەتا دەگاتە سەرین
سەبا موسلیمی ئافاق و قاسیدی غورەبای
ئەنیسی یار و هەمیازی منی غەمگین
سبەی مەوەستە وەلامی بگەیینە خاکی وڵات
دیارە چەندە حەزین و غەریب و بێکەیفین
کە چوویە سەرحەدی بابان و عێلەکەی جافان
بگریێ هەروەکوو بارانی مانگی فەروەردین
لە قوڕ بنیشە، بڵێ قەوموقیلە هاوارە
ئەسیرە کەیفی لە ڕۆما، لە حەپسی ژێری زەمین

لەبەر پیری ئەمەندە بێحەواسم
دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم
سەروڕیشم سەراپا بۆتە لۆکە
بە شەو هەمڕازمە پشمین و کۆکە
غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان
سەراپا ئەرزی لێکردوومە زیندان
وەلێکین تۆ کەریم ئیبنولکەریمی
بە ڕەحمەت بابی ئەشعاری یەتیمی
ئەتۆ ماوی لە نوققادی ویلایەت
ئەوانیتر هەموو بوونە حیکایەت
منیش کاتێ دەزانی پێم هەڵەنگووت

ئەجەل بای سەرسەرە ئێمەش پەرِوپووت
رِەفیقانم لە کۆیە ئاشنانین
وقووفی حاڵی ئێمەی بێنەوانین
سەلامێکە دیاریمان، دیارە
لە دار و بەردی ئەو دار و دیارە
خسووسەن ئاستانەی ئەرجومەندی
جەلیزادێکە عەبدوڵلا ئەفەندی
وەرە با بێینە سەر باسی نیهانی
بە یادی عەیش و ئەییامی جەوانی
بە فیکرت دێ زەمانێ چووینە باڵەک
بەپێخاوسی، نە کەوشم بوو، نە کاڵەک
لەبەر پێم درِک و دار و شاخ و باری
وەکوو مەخمەر بوو نەرمی یا نە قاڵی
دەڵێن ئێستا هەواری گورگ و شێران
وەکوو قەلبی حەسوودی تۆیە وێران
چکاوە ئاوی پرژ و گۆلەشینی
نەماوە هەر لە کۆتر تا شەهێنی
لە دەردی دووریی و جەوری زەمانە
گەلێ نەزدیکە، زۆر دووری مەزانە
لە خۆم ئاگر هەڵێنم وەک چنارۆک
لە چاوم گریە دەربێ وەک حەمامۆک
لە ئێمە هەر کەسێ پرسی تەمامی
وەکیلی موتڵەقی سەرفی سەلامی

برايينه، وەسييەت بێ لەگەڵ نالی بمنێژن لە ئوسکودار، با هیچ نەبێ لە غەریبیدا لە تەنیشت هاوولاتییەکمەوە بنێژرێم.[1]

[1] لە ئەم شوێنەوە، پاشماوەی دڕانی (٧) لاپەڕەی بە دەفتەرە دەستنووسەکەوە دیارە، کۆتایی دراماکە دیارنییە. من بە ڕۆشنایی ئاخاوتنی نەتەوەپەروەری نەمر مستەفا سائیب کە لە دەفتەری وانە گوتنەوەیدا و لە قوتابخانە شەوانەکەی (کۆمەڵی زانستی)ی ساڵی ١٩٢٨دا نووسراوە و دەبێژرێت: "حاجی لە ماڵە فەقییەکی خۆیدا لە ئەستەموول مردووە"، پێم چاک و جوانە کە ئەم وتووێژەیەم ببێت بە کۆتایی بۆی و هیوام وایە پەسەندی خوێندەواران بێ. (ک.ڕ)
(لەدەرکەدانێ)

حاجی: (بە تەنگەنەفەسییەوە بە هێواشی و لە بەرخۆیەوە) فەقێ، فەقی.. فەقێ..

فەقێ: وەڵامی نییە!

حاجی: ف ف. فە فەقێ: کوڕە چت، چت لێهات: بەرزتر فەقێ

فەقێ: (بە پەلەوە) بەرێ بەرێ عاجی، ئەمرکە، چت دەوێ، ئەوە لە دەرکەیان دا...

حاجی: (بە هەناسەی گرانەوە) ڕ ڕ ڕ ڕاست دە ... دەکەیت... (بە ئێشی زۆرەوە) ئە.... ئەمن... ئاخ ئاخ ... خ خ.

فەقێ: ئاوت بدەمێ؟

حاجی: (بە ئێشی زۆرەوە) ن ن ن نا، ئە ... ئەتۆ بەر.... بەر لەوەی یا... یاسینەک بخوو ن ن نی ... گوێم لێ ... لێڕا... گوێ ڕا... ڕادێرە...

فەقێ: (بە جۆشەوە) کەرەمکە عاجی.. چ ئەمرێکت هەیە...

حاجی: خ خ خ خودا ساحێب... ؛ خودا ئامیرە، بەڵان فەقێ حە ....حەسەنۆکێ... ئەتۆ بزانە... بزانە لە دوو: بەرێ لە دوو... دوو دوو چتان دەترسێم.

فەقێ: (بە ژیرییەوە) من بزانم هەرگیز تۆ نەترسایتە.

حاجی: با ... با ... دەترسێم.

فەقێ: لە چی؟

حاجی: (بە گرانەوە) لە ... لە ... لە کوردان و .... لە ... لە ... لە... ش ش شیعرە...کانم (بە ژانی زۆرترەوە) کە ... کە بفەوتێن.

فەقێ؛ چ خەمت نەبێ عاجی، نە کورد دەمرێ، نە شیعرەکانت دەڕزێ... شیعری تۆ بەستەی سەرزاری کوردانە... ئەمنیش....

حاجی: ک کو... کوردانی ڕە... ڕەشش‌وڕوو... ڕووت و ئاقڵ.
ئا... ئاخ... ئە .. ئە.. ئا... خ خ خ

فەقێ: قومەک ئاوت بدەمێ؟

حاجی: ئا... ئا... ئاوی ڕۆمان... ئاو... ی ی ڕۆ... چی دی... چ چ چی دی نا ... ناخۆم م م ... یاسین ... یاسینەکەی ب ب ب خوو ... نە...در.. درەنگە.

زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ: ١

## هێزی تاریکی، یان تاوانی دڵداری*

وەرگێڕی: ڕابەر

دانەی بە ١٠ فلسە

چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٥م

[ناوەوەی لاپەڕەی یەکەم لێی‌نووسراوە: ١٩٥٤م-١٣٧٤هـ لە ئەدەبیاتی بێگانە وەرگیراوە.]

**سەرەتا**

تێکڕا چیرۆک لە ئەدەبیاتی زمانە پێشکەوتووەکان‌دا، پایەیەکی بەرز و بەڕێز بۆ خۆی داگیرئەکات، بە تایبەتی چیرۆکی سەر شانۆ، لە تێگەیاندن و ئاڕاستەکردنی گەل و کۆمەڵدا، دەورێکی گەورە و هەستدار ئەگێڕێت. جا لێرەدا هەرچەندە بە پێویستی نازانین کە بە دوورودرێژی بە تان‌وپۆی ئەم باسە قووڵە ڕەگ‌ڕەگاوییەدا بچین، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە پەیوەندیی بەم باسەی ئێرەمانەوە هەبێ. ئەوەش ئەوەیە کە زمانی کوردی سەرباری ئەوەی لە هەموو لایەکەوە دواکەوتووە، لەم ڕووەشەوە بێ‌نازە. جا ئەمە وای لێ‌کردین کە زنجیرەیەک بە ناوی چیرۆکی سەر شانۆوە دەربکەین، بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی پایەی زمانەکەمان وە بۆ

---

فەقێ: (یاسین دەخوێنێتەوە، حاجی ئاخ ئاخیەتی و لە پڕێک‌دا دەنگی کپ‌دەبێت و فەقێ هەر یاسینی خۆی دەخوێنێ و لەدوای سەدەقەڵڵاهولعەظیم دەبێژێت) خودا بەهەشتیت‌کات و انا لله و انا الیه راجعون (دەنگی بارانی خوڕ و مۆسیقای کۆتاییی دراماکە کە تەواو خەمناکە و بۆ ئێرە شایستەیە).

(تەواو)

* ئەم شانۆییە، جگە لە بڵاوبوونەوەی بە ناملیکەساڵی ١٩٥٥، لە دوو ژمارەی ٣٠٧، ١٩٥٥/٨/١٥، ل٢-٦؛ ٣٠٨، ١٩٥٥/٨/٢٢، ل٧-١٤؛ ٣١٠، ١٩٥٥/٩/٥ی گۆڤاری "پەیام"یش‌دا بڵاوکراوەتەوە. (س)

ڕازاندنەوەی گەنجینەی ئەدەبیاتمان. وە لەم ڕووەوە چ لە ئەدەبیاتی بێگانە، وە چ لە ئەدەبیاتی خۆمانەوە ناوبەناو چیرۆک بڵاوئەکەینەوە، لەگەڵ نووسینیتری کوردییا. هیوامان زۆرە بتوانین دەستەبەرەی کارکردنی بەکەڵک هەڵبگرین، لە ڕێی ئامانجێکی پیرۆزی پێویستا، کە بەردی بنچینەکەی بڵاوکردنەوەی زانیارییە.

بڵاوکەرەوەکان

## هێزی تاریکی یان تاوانی دڵداری

پێشەکی

هێزی تاریکی یان تاوانی دڵداری، چیرۆکی ئینسانە، ئەو ئینسانەی دووڕووە؛ ڕوویەکی نەمر کە شوێن هێزی ڕووناکی کەوت، ڕووەکەیتریشی چەپەڵییە، کە جڵەوی خۆی دایە دەست شەیتان.

چیرۆکی کچێکە کە لەبەرئەوەی ئەدرێت بە پیاوێکی پیر، خراپئەبێ و دۆست بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە و فێری کوشتن ئەبێت. چیرۆکی زۆرانگرتنی ئەزەلی و ئەبەدییە لە بەینی خێر و شەڕا، لە بەینی گیاندڕندەییتی و خێرخواییدا. ئەو کاتە پیشانئەدات کە ئینسان ڕاڕاییئەبێ و حەز لە خراپە ناکا و کەچی هەتا ئامباڵاشی نوقومئەبێت لە تاوانا. دڵدارییە و خۆشەویستی، بەڵام لەجیاتیی ئەوەی کامەرانی و خۆشی و تام ببەخشێ و فەڕبدات بە ژیان، تاوانی لێوە ئەقەومێ و مەرگی چەند کەسێک، چەند کەسێکی بێتاوانی بەسزمان، بە خوتوخۆڕایی ئەمرن، بەڵکوو ئەکوژرێن، لە گۆڕی تاریک توندئەکرێن.

چیرۆکەکە هاوارێکە بۆ ڕێی ڕاست، نەڕەیەکە بەرامبەر بە بارپیسی و چەپەڵی. پیشانمانئەدات کە پیاوەتی، چاکە لەدوای کەوتن و پێشێلکردنیش نامرێت، هەر هەڵئەسێتەوە سەرپێ، لە جاران بەهێزتر و سەرکەوتووتر. لە ناوجەرگەی تاریکیدا، برووسکەی ڕووناکی چەخماخەئەدا و هەتا دێت نزیکتر و گەشتر و پرشنگدارتر ئەبێتەوە و هەتا دێت دنیا زیاتر ڕووناکترئەکاتەوە و ئەو حەلە بەتەواوی ئەبینین کە دوورنییە تاواندارترین بەرەی هێزی تاریکی تۆبەبکا و لە بەردەمی خەڵقا هەموو تاوانەکانی هەڵڕێژێ و پەشیمانببێتەوە.

شکسپیر لە چیرۆکی "ماکبێث"دا، تۆڵستۆی لەم چیرۆکەدا، بۆمان دەرئەخەن کە هەر کەسێک تاوانیکرد، پێی هەڵئەخلیسکێ بۆ تاوانیتر. وە ئەم تاوانانە ڕۆژ لەدوای

ڕۆژ و سەعات لەدوای سەعات تاوانکەر ڕاوەدوونەنێن، دەستئەخەنە بینی، ویژدانی ئەتاسێنن، نایەڵن هەرگیز تاقە تاوێک بە ئاسوودەیی بێخەم بحەوێتەوە. ئەم سزایە لە گرتن و زنجیر و زیندان گەورەتر و زیاتر و ئازاراویترە. پیاو ئەو پیاوەیە خۆی بەم عەزاب و ئازار و ئەشکەنجەیە نەگەیێنێ و تاوانەکات، پێچەوانەی حەق و ڕاستی و چاکی و جوانی نەجووڵێتەوە. ژن ئەو ژنەیە پێی هەڵنەخلیسکێ و بە قسەی لووس تەفرەنەخوا و شوێن هێزی تاریکی نەکەوێ و شەیتان تەفرەی‌نەدا. جوانی و پاکیی گوڵ لەوەدایە کە لە هەر شوێنێکا ڕووا، هەر گوڵ بێت. بەرزیی ئینسانیش لەوەدایە، بە دەستی خۆی پەتی تاوان نەکاتە مل.

**(بەندی یەکەم)**

ماتریۆنا: ئیتر ئەوەندە باسی ئەم مەسەلەیە مەکە و لێکی‌مەدەرەوە.

نیکیتا: ناتوانم لێکی‌نەدەمەوە. من خراپەمکرد، گوناهی ئەو چی بوو؟ بۆچی ئەبێ پیاو تاوان و داوێن‌پیسی و ناشیرینی بکا و ئافرەتی بەسزمان بە گوناهبار و خراپ بدرێتەقەڵەم.

ئەکیم: ئەم قسانە جوانن، بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئێستا فێریان‌بووبێت.

ماتریۆنا: وس‌بە، تۆ هەڵمەدەرێ.

ئەکیم: بۆچی هەڵنەدەمێ ئافرەت؟ منیش باوکم، حەقی دوو قسەم هەیە بیکەم.

ماتریۆنا: هەقی قسەت نییە. گەنجە و کەیفکردن بۆ ئەم هاتووە.

ئەکیم: کەیفکردن! مارینای هەتیوی ڕەزەڵخوای بێکەس خراپکردن، ئابڕووبردنی خەڵقی، بووە بە کەیف؟!

ماتریۆنا: هەموو ئینسانێ کە بۆی لووا، ئەبێ بە گورگ.

ئەکیم: ڕاستە. هەموو ئینسانێکی وەکوو تۆ و کوڕەکەت. ئەگەر ئەم کوڕە تووشی دایکێکی لە تۆ چاکتر بهاتایە، فێری ئەم کردەوە ناشیرینانە نەئەبوو.

ماتریۆنا: نەخەڵەتابی جارێکی‌تر قسەی وا بکەی، پیرەمێردە خەڵەفاوەی عەمرنەماوەی بیرهەڵکەنە!

ئەکیم: بیرهەڵکەندن پیشەیەکی پیاوانەیە و هیچ شەرم و شوورەیییەکی تیانییە.

ماتریۆنا: ئێستا ئەیبڕیتەوە، یان ...

نیکیتا: هەموو قسەکانی باوکم ڕاستن و لەسەری مەڕۆ دایە. من دەستی مارینام بڕیوە و بەڵێنی هێنانم داوەتێ، لەبەرئەوە هەر ئەبێ بیهێنم. چاری ئەم مەسەلەیە، بە هێنان ئەکرێت.

ئەکیم: ڕۆڵەی شیرین، پیاوەتی لەوەدایە پێ لە تاوانی خۆمان بنێین، ئەو هەڵانە ڕاستکەینەوە کە کردوومانن. ئا شتومەکەکانم بۆ بێنە، ڕۆڵە.

نیکیتا: بەم ڕۆژە ناخۆشە ئەچیتە سەر ئیش؟

ئەکیم: ئیش، خۆشی و ناخۆشیی بۆ نییە. نانپەیداکردنە و ژیان گوێنەداتە هیچ. هیوام زۆرە ببیت بە پیاو.

ماتریۆنا: (گاڵتەی پێئەکات) بەڵێ، وەکوو تۆ، ئەویش ببێ بە بیرهەڵکەن، بۆ ئەوەی نانی شەوی نەبێ!

ئەکیم: پیاو نانی شەوی نەبێ و بەشەرەفبێ و بە تەنگ شەرەفی خەڵقەوە بێت، باشتر لەوەی .... دەی پێویست بە قسە ناکات، ئافرەت.

نیلیتا: دڵنیابە بابە، کە چۆن بڵێی وا ئەجووڵێمەوە.

ماتریۆنا: هەرگیز نەمئەزانی ئەوەندە ڕێشگاو و کورتبینی.

نیکیتا: بۆ؟ پیاو هەڵە و گوناهی خۆی ڕاستبکاتەوە، پێیئەڵێن ڕێشگاو و کورتبین؟

ماتریۆنا: ئەی تۆ کە مارینات هێنا، چی لە ئەنیسیای ژنی پیتەرئاغا ئەکەیت؟

وازی لێئەهێنم، ئیتر دڵداریی لەگەڵا ناکەم.

ماتریۆنا: واز لە ئەنیسیای جوانی دەوڵەمەند ئەهێنی بۆ مارینای کچەتیو؟

نیکیتا: ئەنیسیا ژنی مێردداره و ....

ماتریۆنا: پیتەرئاغا سەری لە گوێقەبر ئەلەرزێ. لەو ڕۆژەوە ئەنیسیا شووی پێکردووە، وا بوو بە ساڵێک لە ژوورەکەی نەهاتۆتەدەرێ لەبەر نەخۆشی.

ئەزانم. بەڵام پیاوێکی باش و خێرخوایە و پێم عەیبە ...

ماتریۆنا: ئەگەر پیاوی باش و خێرخوا بووایە، بەم پیرییە ئەو کچە جوانەی نەئەهێنا. ئەو کچی بەشووی هەیە، داڕزێت، ئاوا!

نیکیتا: ئێمە حەقمان بەسەر ئەم مەسەلەیەوە نییە.

ماتریۆنا: ئاخر ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی ئەوەی ئەنیسیا حەز لە تۆ بکات، ئەگینا لە چیی کەمە؟ لە ..

نیکیتا: بەڕاستی وەختە سەرم بتەقێ، لەبەر ئەم موشکیلانەی تووشمهاتوون.

ماتریۆنا: دایکت خۆشبێت، هەموو موشکیلەیەکت بۆ حەلئاکات! ڕۆڵە، ئەنیسیا دەوڵەمەندە، کە پیتەرئاغا مرد، هەموو سەروەت و سامانەکەی ئەبێ بە هیی تۆ، ئەبێ بە هیی ئێمە!

ئەنیسیا: (لەدەرگائەدات)

نیکیتا: کێیە؟ کێیە ئەوە؟

ئەنیسیا: منم، بیکەرەوە.

ماتریۆنا: ئەنیسیا هات. نەخەڵەتابی قسەی ڕەقی لەگەڵا بکەی. وا من ئەچمە ئەودیو.

ئەنیسیا: ئەوە بۆچی دوو ڕۆژە دیارنیت، گیانە شیرینەکەم؟

نیکیتا: نەخۆشم، لەشم ژانئەکات.

ئەنیسیا: خوانەکات، نەخۆشیی چی؟ گاڵتەم پێئەکەیت؟

نیکیتا: گاڵتە مەعنای چی؟

ئەنیسیا: دایکت پێیوتم خەریکی ژنهێنانی.

نیکیتا: چارم ناچارە.

ئەنیسیا: ئەی من؟ ئەی دڵداری بۆ خۆشەویستی؟ ئەی سوێند و بەڵێن و پەیمانەکانت؟

نیکیتا: تۆ ژنی مێرداری، لەپاشا من خەتایەکمکردووە، ئەبێ ڕاستیبکەمەوە.

ئەنیسیا: ژنی مێردار مەعنای چی؟ ئەی جاران ژنی مێردار نەبووم؟ لەپاشا ئەم چڵوچێوە پێیئەوترێت مێرد، بەزیادنەبێ؟

نیکیتا: ئێستا ئێمە بۆچی درێژە بە مەسەلەکە بدەین؟

ئەنیسیا: با بەڕاستی پێتبڵێم، ڕووتم لێگرژبکەیت و ژنبهێنی، خۆم ئەکوژم و پێتەوەئەکەم.

نیکیتا: بە خوا شتێکی باشە! ئینجا ئەم خۆکوشتنە بۆچی؟

ئەنیسیا: سەرتاپا ژیانم تاریکە. لەو ڕۆژەوە شوومکردووە بە پیتەرئاغا، خێرم لە دنیا نەدیوە. تەنیا تۆ ترووسکەی ڕووناکیت لە گیانی تاریکی منا. تۆش نەمێنی، خۆم ئەکوژم.

ماتریۆنا: هیچ خۆکوشتنی ناوێت و له تۆش زیاتر کەسیتری ناوێ.

ئەنیسیا: منیش شەرتبێ چاکەت یەکبەهەزار بدەمەوە. شەرتبێ چاکەتم لەبیرنەچێتەوە.

ماتریۆنا: بۆ خۆتان ڕابوێرن. دنیا پێنجودوو ڕۆژێکە. مەسەلەی پیتەرئاغاش، هەروەکوو ئاسانە، نەخۆشە و بەقەد چنگێکی ماوەتەوە. بەڵام گەلێک ڕێگاش هەیە بۆ قورسترکردنی نەخۆشییەکەی.

نیکیتا: ڕێگا، ڕێگای چی؟

ماتریۆنا: کوڕم، هەموو کەس هەر ئەمرێت. ڕۆژێ لە ڕۆژان هەموو خەڵقی هەر ئەمرن. ئینجا بۆچی هەندێ جار یارمەتییاننەدەین و مردنیان بۆ خۆشبکەین؟

ئەنیسیا: مردنیان بۆ خۆشبکەین.

ماتریۆنا: ڕێگای مردن، بۆ ئەوەی عەزێت زۆر نەکێشن، کچم. ئەمەش خێرە.

نیکیتا: خێر، پیاو خەڵقی بمرێنیت، ئەمە خێرە؟!

ماتریۆنا: ئەگەر قازانجی تیابوو، مەسەلا ئەنیسیای بەسزمان ڕزگاریببێت یان دەوڵەمەندببین، ڕێگایەک هەیە ئێوە بەیەکئەگەیێنێ.

ئەنیسیا: چۆن؟ ڕێگای چی؟ چی بکەین؟

ماتریۆنا: هەموو ڕۆژێک دووسێ قەترە لەم دەرمانە.

نیکیتا: دەرمانی چی؟ ئەوەت لە کوێ بوو؟

ماتریۆنا: لە شارەوە بۆیان هێنام. من هیچم لەبیرناچێ لە ڕێی خۆشیی هەردووکتانا، بەڵام بە سێ ڕووپیەم کڕیوە.

ئەنیسیا: ئینجا سێ ڕووپیەکە ماڵی چییە؟ حەزئەکەی پێنج ڕووپیەشت ئەدەمێ.

ماتریۆنا: بۆی بکەرە چایەکەوە، چونکە حەز لە چا ئەکا و زۆری ئەخواتەوە.

نیکیتا: ئەم ڕێگایە زۆر ناشیرین و چەپەڵە. ئەمە پێیئەڵێن خەڵقکوشتن، تاوانکردن..

ماتریۆنا: ئەمە پێیئەوترێ پیاوچاکی و خێرخوایی و بەزەیی و ڕێگای درێژ کورتکردنەوە!

ئەنیسیا: ئەی ئەگەر یەکێک پێیزانی؟ ئەگەر دەرمانەکەیان دی؟

ماتریۆنا: خوانەکات. ئەو حەلە من حەقم بەسەرەوە نییە و هیچ نازانم، تاقەتی مەحکەمە و پۆلیسم نییە. بلێ دەرمانی کێچ و ئەسپێیە و پیتەرئاغا ئەسپێ تێیداوە.

ئەنیسیا: کەواتە با من بڕۆم. ها ئەوە پێنج ڕووپیە.

ماتریۆنا: ئۆو پێنج ڕووپیە؟ خوا بەزیادیکات. خوا نەیبڕێت. خوا ئەم دەرگایەمان لێدانەخات.

نیکیتا: ئینجا دایە ئەمە وائەبێ کە تۆ ئەیکەی؟ ئەمە ڕەوای حەقە؟

ماتریۆنا: حەق؟ دنیا هەمووی بریتییە لە پیلان و ڕێگادۆزینەوە بۆ خێر و خۆشی.

نیکیتا: ئەمەیە ڕێگای خێر و خۆشی؟

ماتریۆنا: بیرێک لە کۆشک و تەلارەکەی پیتەرئاغا، بیرێک لە پارەکەی، بیرێک لە جوانیی ئەنیسیا بکەرەوە.

نیکیتا: ڕاستئەکەی، دایەگیان. هەموو ڕێگایەک لە دنیادا، مەشرووع و نامەشرووع، ئەمانبەنەوە بۆ "بوون". ئینسان لە دنیادا بێسامان، بێئافرەتانی جوان، هیچ ناهێنێ. یەکێک بە پیاو نادرێتە قەڵەم لەم دنیایەدا..

ئەکیم: چییە مەسەلە، باسی پیاو و ناپیاو ئەکەن؟

نیکیتا: ئەی ئەگەر بمانبووایە، ئەم ژیانە خراپە نەئەژیاین. تۆ مەجبوورنەئەبووی بەم پیرییە خەریکی بیرهەڵکەندن بیت لەژێر زەویدا. بڕیارم وایە مارینا ئەهێنم.

ئەکیم: چی؟ ئەوە وتت چی؟

ماتریۆنا: نایهێنی و بڕایەوە. ئافرەتی خراپی داوێنپیسی وا، چییە بیهێنیت؟

ماتریۆنا: ئاخر کوڕەکەی تۆ خراپیکرد.

نیکیتا: خراپمکرد، چش! ئەم خەڵقە هەموو بە درێژیی ئەم ڕۆژگارە هەر خەریکی خراپەن. ئەم عالەمەی خۆیان بە پیاوچاک ئەدەنەقەڵەم، هەموو تەمسیلئەکەن. هەر یەکە لەبەر شتێک خۆی وا پیشانئەدات. لە سەرەتادا هەموو یەکێکمان بەڕاستی ڕاستین لە هەموو شتێکمانا، بەڵام لە دواییدا بەڕێکەوت لەبەر شتێک -چارنییە- خراپە هەر ئەکەین. هەموو یەکێکمان ڕۆژی هەزار سوێند بە درۆ ئەخۆین. لای هەر یەکە خۆمان بە جۆرێک پیشانئەدەین. ئیتر ئەم تەمسیل و تەمسیلکارییە، ئەم پاکییە درۆیە، ئەم ساختەچێتییەی بۆ چییە؟ بەڵام خۆزگە و سەدهەزار خۆزگە تووشی خراپەکردن نەهاتمایە!

**(بەندی دووەم)**

ئەنیسیا: تووخوا ئەوەندە پرسیارم لیٚمەکە. وا وەختە ئێستاش لە ترسا زراوم بتۆقێ.

ماتریۆنا: سەعات چەند مرد؟

ئەنیسیا: پاش نیوەشەو. شین هەڵگەڕا، چاوی دەرپەڕی. زۆری هاواری سکی کرد. داوای ئاوی کرد، هەتا بۆم برد، کار لە کار ترازابوو.

ماتریۆنا: چاوت لێیە دایکی خۆت چۆن کارت بۆ سازئەکات. بێنە لیرەکان لای من دانێ، نەوەکوو خوشکەکەی بتگەڕێ، یام ئەکۆلێنای کچی.

ئەنیسیا: هانێ. ژماردوومە، سەدوحەفتاوشەش لیرەیە.

ماتریۆنا: ئێستا کە نیکیتا هاتەوە، زۆر شادئەبێت.

ئەنیسیا: ئەبێ مەسەلەی موڵک وماڵەکە زوو جێبەجێبکەین. کەی مارەمئەکات؟

ماتریۆنا: هەمووی سێچوار مانگ ناخایێنێ. ئەوە نیکیتا لە کوێیە؟

ماتریۆنا: چووە بۆ سەر ئیش. ئێستا یەتەوە. هەڵسە بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، ئێستا منیش یەم.

ئەنیسیا: ناوێرم زۆر لەو ماڵەدا بە تاقی تەنیا بمێنمەوە. ئەڵێی هێشتا پیتەر نەمردووە و ئاگای لە هموو هەڵسان و دانیشتنێکمە.

ماتریۆنا: لە هیچ مەترسە. شت نییە لە دنیادا پیاو لێیبترسێ، جگە لە نەبوونی. خوات لەگەڵ، ئۆخەی ئەوە منم دەستم دا لە سکەی لیرەی سوور.

نیکیتا: (لەدەرگائەدا) دایە، دایە.

ماتریۆنا: ئەوە هاتیتەوە باوکەکەم. من هەر لە منالییەوە ئەمزانی ناوچەوانت پڕیەتی لە خێر. وا پیتەرئاغا تۆ خۆش! دەرمانی وا باش کەم ماوە.

نیکیتا: مرد؟ کەواتە با بچم بۆ سەرقەبران.

ماتریۆنا: پەلەمەکە. جارێ هێشتا نەشۆراوە. ئەوا پێتئەڵێم ئەبێ ئاگات لە خۆت بێت. ناوی دەرمان و دەرمانکاری لای کەس نەبەیت.

نیکیتا: نەء، چۆن ناوێئەبەم.

ماتریۆنا: لەمەودواشەوە هەموو ڕۆژێک داوای پارە لە ئەنیسیا بکە و وای لێبکە موڵکەکانی بفرۆشێ.

نیکیتا: بۆ؟ ئینجا من موڵکی بۆ پێبفرۆشم؟

ماتریۆنا: وا باشترە کوڕم. ئافرەت کە نەیبوو، ئینجا شوێن پیاو ئەکەوێت. وا من ئەچم ئاو گەرمئەکەم بۆ شتنی پیتەرئاغای ڕەحمەتی. تۆش بچۆ گۆڕهەڵکەن ئاگادارکە و بە باوکیشت بڵێ بێتەوە، تا جگەرە و قاوە بدات، چونکە پیتەرئاغای ڕەحمەتی چاکەی زۆر بەسەرمانەوەیە.

نیکیتا: بێگومان. گوایە لەوە زیاتر کە ماڵ و موڵک و ژنەکەشی بوو بە هیی ئێمە و بەر ئێمە کەوت. چاکە لەوە زیاتر کە ناردمان لە شارەوە باشترین زەهرمان بۆ هێنا و دەرمانخواردمان دا و بە زووترین وەخت درەنگترین کاتمان لێ نزیککردەوە. درێژترین ڕێگامان بۆ کورتکردەوە. خۆ ئەو هەر ئەمرد. دە وا ئێمە ئەم مردنەیمان نزیکترکردەوە. بەڕاستی پیتەرئاغا چاکەی زۆر بەسەرمانەوەیە.

**(بەندی سێیەم)**

ماتریۆنا: کچێ تۆ نابێت ئەوەندە دەمدرێژنەبیت، مێردی خۆکوژ؟

ئەنیسیا: ئەوە بە من ئەڵێی پیرێژنە سەرئاسنینەی فەرهادکوژە؟ هەرچی پارە و پوول و موڵک و ماڵم هەبوو، هەمووتان لەدەست دەرهێنام بە خۆت و کوڕە بێئەخلاقەکەت.

ماتریۆنا: کوڕی من بێئەخلاقە، دووشووکەر!

ئەنیسیا: ئەرێ وەڵڵا کوڕی تۆ. ئەی ئەوەنییە منالێکی بووە لە ئەکۆلینای کچی پیتەری کۆنەمێردم!

ماتریۆنا: پیاوە پیاو، هەرچییەک بکات، شەرم و شوورەیی نییە.

ئەنیسیا: زۆر لەسەر قسە بڕۆیت، شکاتئەکەم و هەمووتان بەگرتنئەدەم بە خۆشمەوە. بۆچی دوێنێشەوێ ئاگام لێنەبوو کە منالەکەتان خنکاند و لەناو باخەکەدا ناشتان بە دزییەوە؟

ماتریۆنا: ئینجا ئەوە عەقڵە ئێمە واز لە تۆ بێنین، یان خوانەخواستە قیمان لێتبێت! ئەگەر من قینم لێتبووایە، نەمئەهێنای بۆ کوڕەکەم.

ئەنیسیا: ئەمە هەتا ئێستا کوڕە بەشەرەفەکەت سێ ئافرەتی بەسزمانی تووشی دەرد و کوێرەوەری و حەیاچوون کرد. پیاوێکتان بە من کوشت، منداڵێکی بێتاوانی بەسزمانیشتان ..

نیکیتا: تەواوی‌نەکەی، هەژدیها. ئەگەر لە سەرەتاوە بە تۆ و بە دایکم نەهاتنایە بنکڵێشەمەوە وەکوو شەیتان، نە تۆم ئەهێنا، نە پیتەرئاغا دەرمانخواردئەکرا، نە ئەم کۆرپە مەعسوومە بەسزمانەی کە بەندی جگەرم بوو، ئەخنکێنرا و ئەنێژرا. بەڵام دا لێتان. بەڵام دا لە هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیی تاواندار ئەدەن و ڕێگا خۆش‌ئەکەن بۆ تاوانکردن و بۆ داپۆشینی تاوان.

ئەکیم: من دەمێکە ئەزانم کە ئەم نانە زەقوومەی ئێمە بە خوێن شێلراوە، بە ئێش و ئازاری خەڵقی هەوێن‌کراوە. خواردنمان، نوستنمان، دانیشتنمان، جلی بەرمان، هەمووی لەجیاتی بە ئارەقی ناوچەوان پەیدابکرێت، بە موئامەرە و کەڵەکبازی و ئارەقی بێئابڕوویی پەیداکراوە. من ناتوانم لەگەڵ موجریمەکانی ناو ئەمماڵەدا ئیتر هەڵکەم. ئێوە هەموو تێکڕا لەناو شێوێکی پڕپیسایی‌دا ئەژین.

نیکیتا: نەڕۆی بابەگیان، نەڕۆی.

ئەکیم: بڕۆ چەپەڵ، لەو ڕۆژەوە تۆ و دایکت دەستتان‌داوەتە ئەم بێئابڕووییە، من خەو لە چاوم نەکەوتووە. وا هەست‌ئەکەم کە هەموو شتێکی ئەم ماڵە وەکوو مار و دووپشک پێمەوەئەدەن.

نیکیتا: باشە دایە، ئەوا باوکیشم ڕۆی.

ماتریۆنا: کوڕم، باوکت هەتوچەیە و بەم ژیانە بەرزە ڕانەهاتووە. باوکت کفرانی نیعمەتی کرد.

نیکیتا: ئەو منداڵە بەسزمانەتان بە من کوشت، خوا بتانکوژێت. بەم دەستە پیسانەم کوشتم، بەم دەستە چەپەڵانەم گۆڕم بۆ هەڵکەن. ئەم دەستانەی بە درۆ بۆ دایکیم کرد بە سەرین، ئەم دەستانەی وەکوو مار ئاڵانمە گەردنی ئەو ئافرەتە بەسزمانە بێگوناهە، ئەو کچەی باوکی دەرمانخواردکرا و میراتییەکەی دزرا و ئابڕووشی‌برا و منداڵەکەشی کوژرا. ئای کە ئێمە تاوانکارین!!

ماتریۆنا: ئەمە تاوانی دڵدارییە، ئەمە هێزی تاریکییە، ئەو هێزەی کە هات هەرچی جوانی و پاکی و بەرزی و شەرەف و خێرخوایی هەیە، پێشێلی‌ئەکات، ئەیفلێقێنێتەوە، پیسی‌ئەکات. ئێمە بە خوت‌وخۆڕایی بە دەستی ئەنقەس بووین بە

مەقاشی دەستی هێزی تاریکی. بووین بە تاوانکەر و خەڵقمان کوشت. بەڵام ئەم تاوان و بێغیرەتی و لەسەر خراپەڕۆیشتنەمان گەیشتۆتە پۆپە و ئیتر هەرگیز لەمە زیاترنابێت. لەم پۆپەیەوە هێزی تاریکی ئەشکێ و سەربەرەوخوار خلۆرئەبێتەوە بۆ گۆڕ. شەرتبێ هەموو شتێک لێرەدا بوەستێنم.

(بەندی چوارەم)

ئەنیسیا: نەکەی بۆ خاتری خوا قسەبکەی، ئابڕووی هەزارساڵمان ئەچێ.

نیکیتا: ئابڕوو! بەری چ دارێکە؟ دەمێکە ئێمە ئابڕوومان لە لا نەماوە. ئەو ڕۆژە ئابڕووی پیتەرئاغای مێردت چوو، کە کچێکی پچکۆلانەی وەکوو تۆی هێنا بەو پیرییە. ئەو حەلە ئابڕووی تۆ چوو، کە حەزت لە من کرد و بە قسەی دایکمت کرد و مێردەکەت دەرمانخواردکرد.

ماتریۆنا: ئەوە شێتبوویت؟ ئەوە.

نیکیتا: لێکی نێ. جارێ هێشتا شێتنەبووم، ماومە. تۆش ئەی دایکی ناموحتەرەم، ئەو حەلە حەیاتچوو کە گوناهـ و تاوانی منت داپۆشی و هانەهانەتدام بۆ لەسەرخراپەڕۆیشتن. ئەو ڕۆژە تاوانتکرد کە ژەهرت کڕی بۆ کوشتنی پیتەرئاغای نەخۆش. ئێمە هەرسێکمان تاواندارین، هەرسێکمان خۆمان فرۆشتووە بە شەیتان، بە هێزی تاریکی. هەرسێکمان چەپەڵین. بەڵێن و پەیمانتان لەبیربردمەوە. مناڵەکەی خۆمم خنکان. دەستم چووە جگەرم. وام لێهاتووە بە شەو و بە ڕۆژ هەر لە تاوان بکۆڵمەوە.

ماتریۆنا: ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ نەڕۆی.

ئەنیسیا: نەڕۆی، خۆم ئەکوژم، نەڕۆی.

نیکیتا: ئەی خەڵقی دێ! ئەی خەڵقی لەگوێیگادانوستووی ئەم دێیە! باش تەماشامکەن. ئەو کەسەی سەلامی گەرموگوڕی لێئەکەن، هەتا بینەقاقای لە تاوانا نوقمە. هەرچی خوا حەزی پێنەکردووە و بەشەر نایەوێت، ئەیکات.

ئەو کەسە منم، باش تەماشامکەن. من و دایکم و ژنەکەم، پیتەرئاغامان دەرمانخواردکرد، موڵک و ماڵەکەیمان دزی. منی تاوانکەر، دەستی دوو کچی

بەسزمانم بڕی و وەکوو گورگ خوێنم خواردنەوە. منی پیاوکوژ دەستم چووە کوڕەکەی خۆشم، خنکانم و لەناو باخی ماڵەکەمانا ناشتم.

من گۆڕ وایە هەڵواسرێم، چونکە بوومەتە کوتەکی پیسی دەستی هێزی تاریکی. لەجیاتیی ئەوەی دڵداریم بکردایە لە ڕێی خێر و خۆشیی خۆم و هاوڕێکەما، کەچی تاوانمکرد. بەردبارانی تاوانکەر کەن، بێغیرەتینە، هەر وا مەوەستن وەکوو دار و بەرد.

(تەواوبوو)

## بووکی ژێر دەواری ڕەش

نووسینی بە چیرۆک : مامۆستا ئـ. ب. هەوری

ئامادەکردنی بۆ شانۆ: ڕەفیق چالاک

لە ٩٦١/٣/٢ ەوە تەمسیلکرا لە کتێبخانەی گشتی هەتا ٩٦١/٣/١٠ بە سەرکەوتوویی, (٩) ڕۆژ.

بۆ قوتابیان: لە ٤ هەتا ٦

بۆ گەورە: لە ٧,٣٠ ی شەوێ هەتا نزیک ١٠

٩٦١/٣/١٢

ڕاوێژکەر: شوێن مەڵبەندی دسکەرەیە لە ناوچەی دەوروبەری شارەزوورە. وەرز بەهارە و ساڵ ١٨٩٠. ٧١ ساڵ لەمەوبەر، تیرە و عەشرەتی کوردەواریی ڕۆغزایی و تەرخانی بە هانەهانەی داگیرکەر، کردنی بەگژیەکا، بۆ ئامانجی پیسی خۆی! زیانێکی گەورە لە هەردوو لایان کەوت، خوێنێکی زۆری ئەم کوردە ڕژا بە دەستی کورد. کەس سوودی وەرنەگرت، بێگانە نەبێ و نابێ جارێکیتر ئەمە ڕوو‌بداتەوە.

دێ تاڵانکراو، بەشەر کوژراو، زاوا نەکرایە پەردە و برا دەستی چووە برا و خەنەی زەماوەنی خوێنی گەشی لاوەکان بوو، لێوی شانازی نازدار بە فوارەی خوێنی سەر دڵی سەیئەلیی دڵخوازی ڕەنگی ئاڵی وەرگرت و ئینجا بە مۆری زەردی مردن ئەو دەم و لێوەش چووە کلیلە و گڵ گرتنیە باوەش.

### پەردەی یەکەم

(دیکۆر: دیمەنێکی شاخوداخ، تۆزێ لە دوور، باریکە ڕێگای بەینی ئاش و دێ، بەهارێکی تەڕی قەشەنگی ئاوداری بەڕەونەق) (دێی چەند نهۆم، ڕەشماڵ، ئاش لە دامێنا)

شاناز و سەیئەلی هۆڕی دووتای پڕ لە بەردەما و ئەمیان تفەنگبەشان، ڕاوەستاون، قسەئەکەن.

(کەلوپەلی پێویست، جلی کوردی بۆ هەردووکیان، کەوش و کڵاش بۆ ژنە و پیاوە، هۆڕ، بەرهەڵبێن، تفەنگ، قەفەزی کەو، ملوانکەی حێل و مێخەک، گوڵبەسەر، خەنجەر و فیشەکلغ، هەیاسە)

سەیئەلی: شاناز! فریشتەی جوان!

شاناز: (ئاوڕئەداتەوە) سەیئەلی.. ڕۆحی ڕەوانم!

سەیئەلی: گیانی شیرینم، ئەوە بۆ وا داماوی؟

شاناز: چووزانم، گاڕەشی سندانلێداو باراشەکەیشی خستم و کەچی خۆیشی ڕایکرد بۆ چەمەکە.

سەیئەلی: جا بۆ نەچووی بیهێنیتەوە؟

شاناز: ئەی کێ باری بکردایە لەگەڵما؟

سەیئەلی: هێشتا ڕۆژ زووە و با گا بلەوەڕێ و با باراشیش بکەوێ، منیش تێر تێتبڕوانم!

شاناز: قسەی وا مەکە و با بارەکەم  بارکەم، درەنگمە، خوات لەگەڵ!

سەیئەلی: ئەم جارەیە و ئەم بەهارە و ئەم هەلە، کێ ئەڵێ جارێکیکە ڕێئەکەوێتەوە، خۆشەویستەکەم؟

شاناز: مەبەستت چییە، سەیئەلی؟

سەیئەلی: ئەڵێم چەند ڕۆژێکە هەروا دوراودوور ئەتبینم، ئێمە هێشتا لە ئاوایییا و ئێوە دەوارنشین، توخوا دڵم بە بەریەوە نەماوە لەمە زیاتر، شاناز.

شاناز: کوڕی چا بە و با بارەکە بارکەم و وەک پیرێ دایکت بەیەکەوە دینی، با ئەمڕۆش کەس بەیەکەوە نەمان بینێتەوە.

سەیئەلی: دڵداری هات، شەرم لە کەس ناکا. خوانەخواستە هیچی خراپەمان لێنەوەشاوەتەوە. من و تۆ بۆ یەک دروستکراوین بۆ یەک بین.

شاناز: پێنجودوو ڕۆژێکە و نەختێ ئارام بگرە. ئەو حەلە هەرگیز لەیەک دوورناکەوینەوە.

سەیئەلی: ئاخر ئەو پێنجودوو ڕۆژەیە ماڵی منی کاولکردووە و بە قورئان ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتووم.

شاناز: تا کەسوکاری هەردوو لامان بەپێی نەریتی خوا و عەشرەتیمان ڕازینەبن، هیچ شتێک لە من نابینی، غەیرەز خۆشەویستیی دووربەدوور نەبێ.

سەیئەلی: شەللا بەدەست خۆم بووایە و ئەمشەو مارەمبکردیتایە. بووکی ناو دەواری ڕەشم بفڕاندایە کۆشکی سپیی لالەسەرحەد.

شاناز: دڵداری و خۆشەویستیی ڕاست لە کۆشک و ڕەشماڵا هیچ تەوافیرێکی نییە.

سەیئەلی: شاناز، تۆ بڵێی خوانەخواستە بۆ یەک نەبین؟

شاناز: من بۆ تۆم و دوای تۆ گڵ، دە توخوا بڕۆ گایەکەم بۆ بێنەرەوە.

سەیئەلی: کەنیشکە کوردەی ماڵ لە نۆ هەوار،

بەرکە بەم لاوە و گاکەت بۆ بکە بار.

شاناز: (توورەئەبێ و ئەکشێتە دواوە) نە تۆ بمێنی و نە خاوەنی بار،

چەفتەی حەوت برا چۆن ئەکەم لار؟

سەیئەلی: لێم گرژمەبە، گیان و خۆشەویستم، کەفوکوڵی دڵم پێیکردم.

شاناز: پەشیمانن، بڕواناکرێ.

سەیئەلی: توخوا لێم مەگرە، خۆشەویستەکەم.

شاناز: من ڕەوشتی بەرزی باووباپیرم هەرگیز تێکنادەم، تا نەبین بە هاوسەر. خۆ ئەگەر هات و ختوورەی داوێنپیسی بە دڵما هات، شەرتە لە گورپەی دەخەم.

سەیئەلی: بێگومانبە، بێگومان منیش لەگەڵتام، هەرگیز خۆشەویستیی پاک و داوێنپیسی بەیەکەوە نالکێن. دامەزراندنی بنەماڵەیەکی پاک بە خۆشەویستییەکی پاک و بێگەردە، خۆشەویستەکەم.

شاناز: پەروەردەکردنی ڕۆڵەی مەردی نەوەی نوێ، لە باوەشی خێزانێکی پاکا گۆشئەکرێ.

سەیئەلی: ئاشتبوویتەوە؟

شاناز: ئا ئاشتبوومەوە، دە بچۆ گایەکە بێنە.

سەیئەلی: نەء، با بارەکە بەرینە ئەو دیبەرە.

(هەردووکیان دەست ئەخەنە دەستی یەکەوە و بارەکە ئەبەنە دەری شانۆ و لەم کاتەدا وەیسە دێتە سەر شانۆ)

وەیسە: وەی گیان! دەک موبارەک نەبێ لە عەمرتان! ئەمە شاناز بۆیە ئاوڕ لە من ناداتەوە، حەزی لە سەیەلی کردووە. جا من چی بکەم؟ (کەمێک فکرئەکاتەوە و لێو ئەگەزێ و دەستئەدا بە دەستا) شەرتە کارێکی وا بکەم هەموو تەختی شارەزوور بە خوێن سوورکەم، ڕۆغزایی و تەرخانی دەست لە جەرگی یەک نێن. شەرتە دەستم لەگەڵ دەستی دوژمنا بێ. (ئەڕوا)

(سەیئەلی دێتە سەر شانۆ، خۆی ئەتەکێنێ و دەستئەداتە قەفەزی کەوەکە و ناوبەناو ئاوڕئەداتەوە بۆ دواوە و بە ڕووخۆشی بەرەو دەرەوەی شانۆ ئەڕوا)

**پەردەی دووەم**

دیکۆر: (دیوەخانیماڵێکی لادێ و پۆشتەوپەرداخ و ڕووناک)

پێداویستییەکان: (بەڕە و دۆشەک و سەرین بە هەرسێ لای شانۆدا و لە ناوەڕاست کوننەی ئاو و ئەسکوێی ئاو خواردنەوەی دار، چیغێکی ئەسمەرپێچ، کڵاوی قووچ، دوو جامانە، گۆچان، جلی کوردیی پیاوانە و ژنانە، بەرماڵ، تەزبیحی درێژ، سەبیل)

مکیاج: (ژن و پیاو هەردووکیان، پیرێکی خەفیف)

سەرحەد دانیشتووە لە ناوەڕاستی دیوەخانا، شانی داداوەتە سەر سەرین، سەبیل ئەکێشێ و تەزبیحی بەدەستەوەیە.

پەردە هەڵئەدرێتەوە و ژنەکەی سەرحەد تەزبیحێکی بەدەستەوەیە و لەسەرخۆ دێتە ژوورەوە و تۆزێک لە خواروویەوە لەبەردەمیا دائەنیشێ و تەزبیحەکەی ئەکاتە ملی و ئەڵێ:

ژن: باوکی سەیەلی، لە پێرێوە پێوەم باسێکت لەگەڵا بکەم.

سەرحەد: بێژە.

ژن: دەمێکە لە سەیەلی وردئەبمەوە و وەکوو سەیئەلیی جاران نەبێ وایە!

سەرحەد: تێناگەم ئەڵێی چێ؟!

ژن: پێژم داویەتیە باریکی و لاوازبوون، سەرکزم پێتە وەرچاو.

سەرحەد: دەی منیش وا ئەیوینم.

ژن: وەکوو دڵخوازی هەبێ، وایە.

سەرحەد: (زەردەخەنەیەک ئەیگرێ) دڵخواز؟! دەی یاخوا بیوێ!

ژن: هەیەتی بە قورحان، پێرێکە زانیم.

سەرحەد: کێیە؟ کەی؟

ژن: شانازی کەنیشکی لالەمرادە.

سەرحەد: ئێی! ئێی! لالەمرادی هەوارنشینەکانی خۆمان؟

ژن: خۆیەسی، ئەرێ وەڵا ئەوە.

سەرحەد: ئینجا چی بێژی، ئافرەت؟

ژن: بێژم با داوایبکەین و بیوڕینەوە. ئەوە ژنمان بۆ مەوالی هێناوە و ئەمجارەش بۆ سەیئەلی و بۆ هەر چوارەکەیکەش، خوا بیکا بەرەودوا.

سەرحەد: ئینجا کەنی چی وێ لەمە خاستر! بەو کەسەی گیانی سەرحەدی ها وەدەس، هەموو هیوا و ئاواتێکم ئەوەبوو لەم دنیایە، پێش ئەوەی بمرم، هەموو کوڕەکانم بکەمە پەردە.

ژن: دە کەواتە با ناوی خوای لێبێنین، پیاوەکە.

سەرحەد: ئێی دنیا (هەناسەیەک هەڵئەکێشێ). لەویرتە کەنی، پێش ئەوەی بوهێنم، تازە ناردبوومە خوازبێنیت، ڕۆژێکیان کوننەیەکت هەڵگرتبوو، ئەچووی بۆ کانی؛ کە خۆم یا بەتەکتا، تۆش وەک سوێسکە تێئەپەڕیت، دەستکرد وە زووڕەزووڕ.

ژن: (تۆزێ زەردە ئەیگرێ) کوڕە باوکی مەوالی، تازە باسی چی دێنیتەوە بیر؟ ئەوە ڕۆی لەگەڵ لاویمانا.

سەرحەد: ئێی دنیای بێوەفا! سەرحەد پیرئەکەی، چاوکز و کەنەفت لەماڵەوە دابنیشێ، توانای ڕاووشکاریشی نەمابێ.

ژن: کوڕە باوکی مەوالی، تازە باسی چیم دێنیتەوە بیر؟! ئەوە ڕۆی لەگەڵ لاویمانا، توخوا ئەگەر ئەم قسانە بکەیت و برینم بکولێنیتەوە، دەی چیت وت؟

سەرحەد: چی بێژی خاسە، ئافرەت. ئەنێرینە خوازبێنی و مارەیئەکەین و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئەدەین لە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا و ئەم ناوە هەمووی ئەخرۆشێنین.

ژن: ئەی کەس بانگناکەی؟

سەرحەد: کەنی چۆن بانگیاننەکەم؟ بەرە وەڵڵا، هەرچی سەرتۆپی ئەم عەشایرگەلەی کوردستان هەیە، هەموویان بانگئەکەم، ئەیکەمە ڕمبازێن و تەقوتۆقێک، لەو دنیایەدا دەنگباتەوە.

ژن: دەی کەواتە با من بڕۆم، خەریکی تەدارەک بم.

سەرحەد: دەی بڕۆ خەریکبە. گوێت لێبێ کەنی، لەناو هەگبەکەشا هەندێ دراوی ها تیا، لێی خەرجکە.

(ئافرەتە قنج و قیتتر ئەبێتەوە و بە ڕووخۆشییەوە ئەڕواتە دەرەوە)

سەرحەد: سەد شوکور خوا، کە شوکور وا ژنیش بۆ کوڕی دووەم ئەهێنم. خۆزگە نەمردمایە پێش ئەوەی هەموو کوڕەکانم ئەکردە پەردە.

(پیاوێک دێتە ژوورەوە): وەقوربانی سەرەکەت بم، وەیسە لای تەرخانییەکانەوە هاتووە، گەرەکیەتی بێتە لات.

سەرحەد: وەیسە! کام وەیسە؟

پیاوەکە: قوربان وەیسەی سەیفوڵڵا.

سەرحەد: ئا ئا.. ناسیم، پێی بێژە با بێ، وەسەر چاوان بێ. (پیاوەکە ئەڕوات)

سەرحەد: خێربێ، خوا! یاخوا خێربێ.

(وەیسە دێتەژوورەوە)

وەیسە: ئەسسەلامو عەلەیکوم.

سەرحەد: وەی عەلەیکومەسەلام و خۆش هاتی، فەرموو بێرە ئێرەوە، دانیشە.

وەیسە: دەی وەختی دانیشتن نییە، لالە سەرحەد.

سەرحەد: چۆن؟ تۆ لەو ڕێ دوورەوە هاتگی، چۆن شەکەتیی خۆت ناحەسێنیتەوە؟

وەیسە: بێژم چی؟ وەڵا خۆشم نازانم بێژم چی؟

سەرحەد: چییە ئەوە؟ بۆ قسەناکەی، وەیسە؟

وەیسە: ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرجەم تەرخانی هەڵساون و داوای خوێنی لالەجافر ئەکەن.

سەرحەد: ئەمە یەعنی چی، بۆ خاتری خوا؟! ئەی ئێمە ئامۆزای یەک نین؟ ئەی خوێنی خاڵە جافرمان نەدا؟ ئەی صوڵحمان‌نەکرد لەسەر دەستی مەلادا؟ ئەی نەمانبڕاندەوە؟

وەیسە: بەخوا هەر ئەوەسە، وەکو عەرزمکردیت.

سەرحەد: ئینجا ئێستا چییان ڕاسپاردووی، وەیسە؟ چییان گەرەکە؟

وەیسە: یا ڕەوکردنتان لەم مەڵبەند و ناوچەیە، یا شەڕ.

سەرحەد: ئینجا وەیسە ڕەو بۆ کوێ بکەین؟ زەوی زەویی باووباپیرمان، ئاووهەوا و عەرد و بەرد و دار هیی خۆمان. لەم خاکەدا لەدایکبووین و لەم خاکەدا ئێسقانی باوک و باپیرمان پووا و ڕزا. بەم ئاووهەوایە گۆشکراین، ڕەو بۆ کوێ بکەین؟

وەیسە: کەواتە شەڕئەکەن؟

سەرحەد: ئەی ناکرێ پیاوماقووڵانتان شوێن دەماری ڕقی دڕندەیی نەکەون و یەکزمانی و خزمایەتی و یەکدینی و وەفا و خێرخوایی بهێننە بەرچاو؟

وەیسە: تازە بڕیارە و قەرار، یا ڕەو یا کوشتار.

سەرحەد: ئینجا ئێوە دەرەقەتمان یەن، وەیسە؟!

وەیسە: لەشکریترمان وا لە پشت، لالە.

سەرحەد: لەشکریتر؟! بێگانەی بێویژدان؟ دەی تێگەیشتم. ئینجا ڕۆڵە حەیف نییە وا بەم میللەتی خۆتانە ئەکەن؟

وەیسە: ئێستا چیت وت، لالە؟ ئەڕۆم درەنگە.

سەرحەد: خوا.. ئاگاداری لە هەموو شتێک، شەڕە و یەخەمان‌ئەگرێ؛ ئەگەر نەیکەین، خوا ئەمانگرێ. بەو کەسەی گیانی سەرحەدی ها وەدەس، ڕۆغزایی ئەبێ سەر شۆڕنەکا و مەڵبەندی باووباپیری بۆ هیچ هێزێکی ئەم دنیایە بەجێ‌نەهێڵێ. بڕۆ لاچۆ لە بەرچاوم، شەڕە جواوم.

(وەیسە ئەڕوا و سەرحەد هەڵئەسێ و پەردە دائەدرێتەوە)

## پەردەی سێیەم

(هەمان دیکۆری پەردەی دووەم)

سەرحەد: ئا وەرە ... سەیئەلی.

سەیئەلی (دێتە ژوورەوە): ئەمرکە، بابە گیان.

سەرحەد: بچۆ بەشوێن شەریفبەگا، با تەشریف بێنێ بۆ ئێرە.

سەیئەلی: بەسەر سەر، ئێستا بێت؟

سەرحەد: هەر ئێستا. (سەیئەلی ئەڕوات)

سەرحەد: مەوالی.

مەوالی (دێتە ژوورەوە): بەڵێ، بابە گیان.

سەرحەد: هەر ئێستا پیاو ئەنێری بە سواری بۆ هەموو ئاوایی و ڕەشماڵێکی ڕۆغزایی، سوارە و پیادە، هەموو بکەونەڕێ پڕچەک بەرەو ئێرە.

مەوالی: فەرمانی باوکمان ڕەوایە.

سەرحەد: دەرکی عەماری چەک بکەنەوە و چی چەک هەیە دابەشیکەن بەسەر قارەمانانا.

مەوالی: فەرمانی گەورەی ڕۆغزایی لەسەر سەرمانە. (ئەڕوا)

سەرحەد: فەتالی..

فەتالی (دێتە ژوورەوە): ئەمرکە، بابە گیان.

سەرحەد: ئاگر لەسەر هەموو گردەکان بکەنەوە و ئاژەڵ تاقەتکەن و ژن و پیاو بکەوێتە خۆی و فووبکەن بە کەڕەنادا و سوارە تەپڵی باز لێبدا و خواردن و ئازووقە حازرکەن.

فەتالی: فەرمانی گەورەمان ڕەوایە. (ئەڕوا)

سەرحەد: محەمەد با بێ.

محەمەد (دێتە ژوورەوە): بەڵێ، باوکە گیان.

سەرحەد: گیانی باوکت.. بە غارێک بگەرە ڕەشماڵەکان و لالەمرادم بۆ بانگبکە و کە گەڕایتەوە مامۆستاش با تەشریف بێنێ.

محەمەد: بەسەر چاو، باوکە گیان. (ئەڕوا)

ژنەکەی (دێتە ژوورەوە): باوکی مەوالی، گشت تەدارەکم سازکرد، پیاوم نارد بۆ کڕینی کەلوپەلی شایی.

سەرحەد (دەست ئەخاتە بەر سەری و ڕووی لیَئەکا بەولاوە و بە دەستەکەیتری چاوی ئەسڕێ): خاستکرد، ئافرەت.

ژن: چییە باوکی مەوالی، چی ڕوویداوە؟

سەرحەد: ئینجا لەمە خراپتر چی ڕووبدا، ئافرەت؟

ژن: ئەیەڕۆ، خراپی چی؟

سەرحەد: تەرخانی بە فاکوفیکی بێگانە شەڕمان لەگەڵ ئەکەن.

ژن: دیسان! ئەی صولّحنەکرا؟ ئەی نەبڕایەوە ئەم خوێنی سیاوەحشە؟

سەرحەد: بێگانە و نۆکەری ناوخۆ خۆشنەبن، نابێ برا لەگەڵ برادا، ئامۆزا لەگەڵ ئامۆزادا، ئەم تیرە لەگەڵ ئەو تیرەدا بە ئاسوودەگی و بێخەم بحەوێنەوە.

ژن: ئەی خوا هەڵینەگری، ئەی خوا هەموو ناپاکێکی گێرەشێوێنی فیتنەهەڵگیرسێنەر غەوری غەزەب کەی. خوا منداڵەکانم بپارێزی، خوا جوانکەن.

سەرحەد (تووڕەئەبێ): بوڕێتەوە.. چەنەچەن، هەر تۆ منداڵت نییە! دوعا بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم عەشرەتە بکە.

ژن: بۆ هەموویان... خوا بیانپارێزێ. ئەی دایکت کوێربێ، سەیئەلی، خۆ من کەلوپەل و خەنەم کڕی بۆ شاییەکەت.

سەرحەد (موتەئەثیرئەبێ و ئەقیژێنێ): ببڕێتەوە..... بۆ ئەودیو.

(ژنە ئەچێتە دەرەوە)

(دەنگی تەپڵ و دەنگی دەف و دەنگی بوڕیەزەن، غەڵبەغەڵبێکی زۆر لەودیو شانۆوە)

(دەنگی چەند پیاوێک، ئا کوڕە ڕێیانکەن، ڕێیانکەن، فەرموو مامۆستا، فەرموو شەریفبەگ، ئەی خۆش هاتی، لالەمراد)

(مامۆستایەکی ئایینی، شەریفبەگ، لالەمراد، مەوالی، سەیئەلی، فەتالی، محەمەد، لەگەڵ دوو کوڕیتری سەرحەددا)

مامۆستا: ئەسسەلاموعەلەیکوم.

سەرحەد: وەعەلەیکومەسەلام وە ڕەحمەتوڵڵا، فەرموو ئێرەوە.

(ئەوانیتریش سەلام ئەکەن و سەرحەد وەڵامیانئەداتەوە. میوانەکان لەمدیووئەودیوی لالەسەرحەد دائەنیشن و کوڕەکانیش بە پێوە)

سەرحەد: مامۆستا.. برایینە.. وا سەرلەنوێ و بەبێ بەهانە تەرخانی بە وەیسەی کوڕی سەیفوڵڵادا جوابیان بۆ ناردووین، کە یا ڕەوکردن وەیا شەڕ. (میوانەکان هەموو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەک ئەکەن) دیسان سەرلەنوێ باڵۆرە کۆنەکەیە و هەڵیداوەتەوە و داوای خوێنی لالەجافر ئەکەنەوە.

شەریف: هەمدیسان؟

سەرحەد: بەڵێ.... هەرچەند لەگەڵیا خەریکبووم، کەڵکی نەبوو. زۆرم وت و کەمی بیست و بەم نزیکانە ئەدەن بەسەرمانا و لەشکری بێگانەشیان وا لەتەکا.

مراد: ئەی موارەک نەوێ لە عەمریان، بەڵام دا لە ڕەزایان بۆ چ ئامۆزایەکن ئاوا.

مامۆستا: وەڵا ئەمە ئەعجەبی عەجائیب و ئەغرەبی غەرائیب و ئەکبەری کەبائیرە، لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم.

مراد: ئەی وەقوروانی دەمت بم.

سەرحەد: ئێستا ئێوە بێژن چی؟ ڕەوبکەین، یا شەڕبکەین؟

شەریف: ڕەو! ڕەو بۆ کوێ؟ قەسەم بەوەی دروستیکردووین و ناهەقی قبووڵناکا، لەسەر بەردێکی ئەم خاکە، دوا دڵۆپی خوێنی خۆم و تایەفەم ئەبێ بڕژێ.

مراد: بە هەموو قورعان و کەلامولڵلایەکی سەیسایەق و باڵانتەران، هەرچی دەوارنشینە ئەبێ لە ڕێی کوێرەکانییەکی ئەم وڵاتەدا ورگی بدڕێ.

سەرحەد: تۆ ئەفەرمووی چی، مامۆستا؟

مامۆستا: وەڵڵا من بڵێم چی، لالەسەرحەد؟ خۆت گەورەیت و ئەم پیاوانەش گەورەن.

سەرحەد: ئایا ئێمە لەم شەڕەدا، کە دوورنییە خوێنێکی زۆری تیا بڕژێ، تاوانباری بەر قاپی خوا ئەبین؟

مامۆستا (ئەکۆکێ و ئەجووڵێ و ئەڵێ): نە ئینشائەڵڵا، چونکە ئەوان شەڕمان پێئەفرۆشن، نەک ئێمە. جگە لەمەش، فەرموویانە "حب الوطن من الإيمان".

شەریف: ئەوی مەڵبەند و نیشتمانی خۆی خۆشنەویست، ئیمانیشی نییە.

سەرحەد: ئێمە چاومان لە سامانی کەسەوە نییە و شەڕ بە کەس نافرۆشین و خوا ئەوانە بگرێ کە شەڕمان پێئەفرۆشن.

لاله‌مراد: نامانه‌وێ نیشتمان و مه‌ڵبه‌ندی که‌س داگیر و زه‌وت بکه‌ین و ئه‌وی دێته سه‌ریشمان، کوشتنی غه‌زایه.

مامۆستا: به‌ڵێ، قسه‌کانتان جوان و شه‌رعییه، به‌ڵام هه‌تا نه‌یه‌نه سه‌رمان، نابێ په‌لاماریان‌بده‌ین.

سه‌رحه‌د: به‌جێیه فه‌رمایشته‌که‌ت و با دۆست و دوژمن بزانێ که کێ تاوانبار و شه‌ڕفرۆشه.

شه‌ریف: ده‌ی لاله‌سه‌رحه‌د ئیتر با بڕۆین به‌لای خۆکۆکردنه‌وه و تفاقه‌وه. شه‌رتبێ ئه‌وه‌یان پێبکه‌ین، جارێکی‌تر هه‌تا بنوبنه‌چه‌یان زاتنه‌که‌ن ناوی شه‌ڕ بێنن.

سه‌رحه‌د: به‌و که‌سه‌ی گیانی سه‌رحه‌دی ها وه‌ده‌س، هه‌موو یه‌کێکتان به‌رامبه‌ر به هه‌زار ئه‌وه‌ستن، چونکه له‌سه‌ر هه‌قن، خواش له‌سه‌ر هه‌قه.

لاله‌مراد: ده‌ی له‌دوای خۆت کێ سه‌رله‌شکر بێ، لاله‌سه‌رحه‌د؟

سه‌رحه‌د: من شه‌ریف وه‌باش ئه‌زانم.

شه‌ریف: ئه‌مه شه‌ره‌فێکی گه‌وره‌یه بۆ من، به‌ڵام به‌و خوایه‌ی تاق و ته‌نیایه، له مه‌والیمان ئازاتر و زرنگتر و تێگه‌یشتووتر تیانییه، دوای تۆ و هه‌ر لایقی ئه‌وه.

مامۆستا: فه‌رمووده‌یه‌کی جوانه و له جێی خۆیه‌تی.

لاله‌مراد: نه‌وه‌ی سه‌رحه‌دی مه‌رد، سه‌رله‌شکره و نه‌به‌رد.

سه‌رحه‌د: ده‌ی موباره‌ک بێ، ڕۆڵه. خوا ده‌ست به باڵتانه‌وه گرێ.

مه‌والی: به‌و سه‌ره‌ی مایه‌ی سه‌ربه‌رزیی ڕۆغزاییه، هیچ تایه‌فه و عه‌شره‌ت و میلله‌تێک سه‌ربه‌ست و ئازادانه ناژی، هه‌تا خۆی به ده‌ستی خۆی هه‌قی ته‌واوی خۆی نه‌سێنێ و نه‌یپارێزێ به خوێنی لاوه مه‌رده‌کانی.

مامۆستا: پشت به خوای ته‌باره‌ک وه ته‌عالا و به‌م هه‌موو جه‌نگاوه‌ره قاره‌مانانه، هه‌ر هه‌ق سه‌رئه‌که‌وێ و ناهه‌ق ژێرئه‌که‌وێ، "ان الحق یعلو ولا یعلی علیه".

سه‌رحه‌د: ده‌ی خوا ده‌ست به‌باڵتانه‌وه گرێ.

(هه‌موو هه‌ڵئه‌سن): دوعا ئه‌خوازین.

سه‌رحه‌د: خواتان له‌گه‌ڵ، خوا پشتیوانتان بێت.

(به‌ره به‌ره ئه‌ڕۆنه ده‌ره‌وه و په‌رده دائه‌درێته‌وه)

## پەردەی چوارەم

(دیکۆرێک، دیمەنی پانایی بەرماڵی لالەسەرحەد پیشان‌بدا و دەروازەیەکی گەورە سەرحەد لەبەردەمیا وەستاوە و دەستی خستۆتە سەر قەفی گۆچانەکەی، سەرباز و کوڕەکانی بە چەکی تەواوەوە ئامادە وەستاون و چەند ئافرەتێک لەولاوە کە ژنەکەی لالەسەرحەد و شاناز بە غەمباری لەناویانا وەستاون)

(پەردە ئەکرێتەوە)

مەوالی: گەورەم، لە بەرەبەیانەوە، سوارە ڕۆیشت و هەموو ڕێباز و دەرودۆڵەکانمان تەنیوە و وا ئێمەش ئامادەی ڕۆیشتنین.

سەرحەد: هەرچەندە خوێن لە جەرگم ئەتکێ کە دەست بخەینە خوێناوی یەکترییەوە، بەڵام چارمان ناچارە و لە ڕێی خاک و ناموس و شەرەفمانا، ئەبێ بجەنگین. وەک بەشمکردوون و پێموتوون، هەمیشە نیوەتان ئەجەنگێ و نیوەکەی‌ترتان ئەحەسێتەوە. بواریان‌نەدەن یەک‌هەنگاو بێنە خاکتانەوە. هەر کامێکتان لە پشتەوە بپێکرێن، نەوەی ئەم ڕۆغزاییە نین.

سەی‌ئەلی: هەر کەسێک پشت بکاتە دوژمن، لەگەڵ دوژمنایە و بە دەستی خۆمان لەناوی‌ئەبەین و نابێ لەناومانا بژی.

سەرحەد: تیغ مەگەیێننە سەر ئێسقان؛ کە پشتیان تێ‌کردن، مەیانکوژن، فرە مەنیشنە سەریان. کە دوژمن شکا، لەسەر لوتکەی شاخەکەوە فوو بە کەڕەنادا بکەن و تەپڵی باز لێ‌بدەن. دەی بە قوربانی کوڕ بم، ڕووی خۆتان و نەوەی دواڕۆژی ئەم خاکە سپی‌بکەن.

(تاقم تاقم ئەکەونەڕێ، ئافرەتەکان گوڵبارانیان‌ئەکەن)

شاناز (نەختێ دێتە پێشەوە و بە بەشی دوایی لەشکرەکە ئەڵێ): ئەم مەڵبەند و نیشتمانە بە ئێوە سپێردراوە و ئێوەش بە خوا و بە غیرەتی مەردانە ئەسپێرم.

سەرحەد (ئیشارتێکیان‌ئەدا کە بڕۆن): بڕۆن ئێوە.

سەرحەد (پاش ڕۆیشتنیان لەسەر بەرزاییەک تەماشای ئەو ڕێیە ئەکات کە جەنگاوەرەکانی لێوە ڕۆیشتن و بە گریانەوە ئەڵێ): ئەی کوێرایی‌ت دایە زەمان، کەنەفت و پیر و ئیفتادەم ئەکەیت، لە ماڵەوە دانیشم، لە کاتێکا کە قەوم‌وقیلەم لەسەر مەڵبەندەکەم شەڕی ژیان و مردن ئەکەن.

سەرحەد (سەر بەرزئەکاتەوە و بە دەنگێکی گریاناوییەوە ئەڵێ): خوای گەورە، دەست بەباڵیانەوە بگرە و سەریانخە، هیچ عەیب و عارێک نییە لە دنیادا بگاتە عەیب و عاری دیلی.

فەلەک بڕووخێ حوکمی دەورانت
نەمێنێ چەرخ و بەخت و ئەیوانت
چەرخت هەڵپێچرێ، زاڵمی دەوران
وەک ئێمەت ئاوا بەم حاڵە گەیان

## پەردەی پێنجەم

(گریان و شینوشەپۆڕی ژنان و دەنگەدەنگێکی زۆر)

لالەسەرحەد: کەنی، حەیامانچوو لەناو تیرەی ڕۆغزاییبیا. ئەی کوا کوڕەکانی تۆ، بۆ نەکوژراون؟! لەناو کەندەڵانا خۆیان شاردۆتەوە؟!

یەکێک: کوڕە ئاوایی، مەیتی سەیئەلییان هێنایەوە.

(گریان و هاوارهاوارێکی زۆر)

ئافرەتێک: کچێ باوان شێواو، لاشەی کوژراویان هێنایەوە.

(مۆسیقایەکی بەهێز)

ئافرەتێک: زاواڕۆیە و هەر ئەمرۆیە... (ژنان بۆی ئەسێننەوە)

شاناز (ڕائەکاتە سەر مەیتەکە و ئەکشێتە دواوە و ئەکێشێ بە سنگ و دەموچاوی خۆیا و هاوارئەکا و ئەڵێ: کوژرای سەیئەلی؟! بڕوا بەوە بکەم کە مردووی؟!

(ژنان ئەکەونەوە گریان و هاوار و سەرحەد و ژنەکەی بەرەو دارمەیتەکە ئەچن)

سەرحەد: دادەنگ (ئەگاتە سەر لاشەکە و جاجمەکەی سەری لائەدا و ئەڵێ) قەسەم بەوەی گیانی سەرحەدی ها وەدەس، لەپێشەوە نەپێکرابێ، بە کوڕی خۆمی دانانێم. (سەر هەڵئەبڕێ بۆ ئاسمان و ئەڵێ) ئۆخەی خوای گەورە، نەتکردم بەپەنگ لەناو کوردەوارییا. (ڕووئەکاتە ژنەکەی و ژنەکانیتر و ئەڵێ): ئافرەتگەل نەگرین، ئەوی لەسەر گەل و نیشتمان و میللەتەکەی بکوژرێ، شەهیدە لەلای خوا و بەشەر،

گریانی پیناوێ. (دەست ئەخاتە سەر سنگی سەیئەلی و دەستی بە خوێن سوورئەبێ و بەرزیئەکاتەوە و ئەڵێ): ئا بەمە هەق ئەسێندرێ و هەرگیز نادرێ.

شاناز: قەسەم بەو خوێنە گەشە، نابێ دوای سەیئەلی چاو بە دنیادا بگێڕم. (خەنجەر دەرئەهێنێ و ئافرەتەکان لێی ئەچنە پێشەوە و هاوارئەکەن): نەکەی... نەکەی.

شاناز (ئەقیژێنێ): کەس نەیەتە پێشەوە، (لە جەنازەکە نزیکئەبێتەوە و ئەڵێ): سەیئەلی... لە ژیانا بەیەکنەگەیشتین، ئەشێ لە خاکا بۆ یەک ببین. (خەنجەرەکە ئەدا لەسەر سنگی خۆی) (مۆسیقا) (شاناز لە تەنیشت جەنازەکەوە ئەکەوێ و خەڵقەکە هەموو دەورەی لێئەدەن بە دانیشتنەوە و جاجمێکی سووری بەسەرائەدەن)

سەرحەد: ئیتر کوژراویتر نەهێننە ئێرە. (دەنگی کەڕەنا و تەپڵی بەهێز دێت)

سەرحەد: سەرکەوتین.. سەرکەوتین، میللەتێک لەسەر هەق بێ و شوێن هەقی خۆی بکەوێ و نەترسێ، ئەنجامی هەر سەرکەوتنە. (سەربازەکان بە جلوبەرگی کوردیی جۆراوجۆرەوە دێنە ژوورەوە، ئافرەتەکان دوورئەکەونەوە)

سەربازی یەکەم: ئێمە بۆ زەماوەندی سەیئەلی هاتین، کەچی ئەم کۆستە ئەبینین!

سەرحەد: ئەمە کۆست نییە، زەماوەندە و تەنیا یەکزەماوەند هەیە لە دنیادا، ئەویش زەماوەندی سەرکەوتنە. خەنەی زەماوەندی سەرکەوتنیش خوێنی لاوەکانە.

سەربازی دووەم: تا کەی خۆخۆر و مەقاشی دەستی ناپاک بین؟ تا کەی خوێنی یەکتری بڕێژین؟

سەرحەد: لە خۆتان بپرسن.

سەربازی سێیەم: وەرن، ئەی گەورەی هەموو تیرەکانی ئەم ناوچەیە، دوایی بەم کارەساتانە بهێنین.

سەرحەد: بەڕاستتانە و لە دڵتانەوەیە؟

هەموو: بەڵێ، بەڕاستمانە.

سەرحەد (ڕووئەکاتە لاشەکان و دەست درێژئەکا و ئەڵێ): لەگەڵما بڵێن بە یەکدەنگ: قەسەم بە خوێنی ڕێژراو.

(هەموویان ئەیڵێنەوە)

سەرحەد: قەسەم بە لاشەی کوژراو.

(هەموویان ئەیڵێنەوە)

سەرحەد: بە منالّی هەتیوکراو.

(هەموویان ئەیلّێنەوە)

سەرحەد: بە دایکی جگەرسووتاو.

(هەموویان ئەیلّێنەوە)

سەرحەد: جارێکیتر دەست نەخەینە خوێنی یەک.

(هەموویان ئەیلّێنەوە)

سەرحەد: پشت و پەنا بین بۆ یەک، بۆ مەڵبەند و نیشتمان.

(هەموویان ئەیلّێنەوە)

سەرحەد: هەر کەسێ دەستی چووە براکەی و بوو بە نۆکەر، ڕووزەردی بەر دیوانی خوا و میللەت بێ.

(هەموویان ئەیلّێنەوە و دەست ئەخەنە ناو دەستی یەکەوە و دەست هەڵئەبڕن، فەقیانەکانیان شۆڕئەبێتە خوارەوە و مەخشەڵێک لەناو دەستەکانەوە بەرزئەکرێتەوە و چرایەکی زۆر دێتە سەر شانۆ، مۆسیقای صاخیب و پەردە دائەدرێتەوە و گۆرانیی نیشتمانی "گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی" لێئەدرێت)

شانۆنامەی

## ژنهێنانی نابەجێ

(فیکرەکە و هەندێ حیواری لە شانۆنامەی "ژنهێنانی بەزۆر"ی مۆلێر وەرگیراوە)

ئامادەکردن

٩٧٣/٢/١٥

**پەردەی یەکەم**

دیکۆر: ژوورێکی ماڵی بازرگانێکی دەوڵەمەند.

جلوبەرگ: جلوبەرگی ئاساییی ئێستاکە.

پێویستی: مۆبیلیا و فەرش و مێز و کتێبخانە و گوڵدان و پێویستییەکەی ژووری ماڵە دەوڵەمەندێک.

(پەردە ئەکرێتەوە)

میرزاڕەشید: (خەریکی ڕێکخستنی گوڵی ناو گوڵدانەکەیە) کوای حەمە، کوڕە حەمە! ئەحە! کوان؟

حەمە و ئەحە: (بە جووتە و بە هەڵەداوان دێنە ژوورەوە) فەرموو! ئەمرکە!

میرزا: هەزار جارم پێوتوون! دائیمەن یەکێکتان لەم بەردەرگایە بن.

حەمە و ئەحە: بەڵێ! بە خوا هەر لێرەین.

میرزا: ماڵ پاکوتەمیز، هەموو شتێک لە جێی خۆیا بێ، من ئیشێکی پچکۆلەم هەیە و زوو ئەگەڕێمەوە، ئەچم بۆ ماڵی نووریبەگ. ئەگەر پارەیان هێنا، ئەوا وەرن بەشوێنما. ئەگەر ئیشیتر بوو، ئەوا بڵێن کە سبەینێ بێنەوە.

حەمە و ئەحە: بەڵێ، باشە! تێگەیشتین!

میرزا: (بەرەو ڕێی چوونەدەرەوە ئەڕوات)

نووری: (دێتە ژوورەوە)

(هەردووکیان بەیەکئەگەن)

میرزا: باش بوو هاتی! خەریکبووم من بێم بۆ لات! فەرموو دانیشە!

حەمە و ئەحە: (ئەڕۆنە دەرەوە)

نووری: (دائەنیشێ) خێربوو میرزا!

میرزا: ئەمویست پرسێکت پێبکەم.

نووری: فەرموو میرزا!

میرزا: خۆت ئەزانی نووریبەگ، من هەموو شتێکم بە ڕاوتەگبیرە!

نووری: بەڵێ، وایە! ڕاوتەگبیر زۆر پێویستە لە هەموو شتێکدا.

میرزا: بەڵام تکات لێئەکەم نووریبەگ، بە تەواوی جوابمبدەرەوە و بەبێ موجامەلە!

نووری: بڕوات ببێ میرزا ڕەشید بەتەواوی ڕای خۆمت پێئەڵێم.

میرزا: ناشیرینترین عادەت ئەوەیە کە دەردێکی خۆتت لای هاوڕێیەکت باسکرد و ئەو بچێ بیگێڕێتەوە بۆ خەڵکی و هەڵیشیگێڕێتەوە و بەهاراتی پێوەبکا و نان و پیازیشی پێوە بخوات.

نووری: بەڵێ، ئەمە ناشیرینترین شێوەی دوژمنایەتییە، نەک ڕەفیقایەتی.

میرزا: ڕەفیق زۆر کەمبوونەتەوە لەم ڕۆژانەدا، نووریبەگ! بە قەبری باوکم، هەندێ کەس بە ڕەفیق تێئەگەیشتم و زۆر بە دڵسۆزانە هەندێ شتم لا باسئەکردن، یان ئەوان لای من باسیانئەکرد، کەچی لە دواییدا تەماشائەکەم، ئەیهوو، ئەیهوو!

نووری: بەڵێ! وەفا نەماوە و ڕەفیقایەتی و خزمایەتی و هەموو شتێکی ئەمڕۆ، بووە بە مەصڵەحەت و خۆویستی و مەرکەزپەرستی و پارەپەرستی.

میرزا: یاهوو، هەندێ لەو ڕەفیقانەم زۆر بێشەرمانە چوون درۆودەلەسەیان بۆ هەڵبەستم، ئەسەف!

نووری: بەڵێ، ئەو نەوعانە هەن!

میرزا: نەک هەن، زۆرن، ئێجگار زۆرن! من قەرارمداوە لەمەودواوە نە پارەیان بە قەرز ئەدەمێ، نە یارمەتییانئەدەم، نە مەرحەباشیان لێئەکەم.

نووری: بەڵێ، وا باشترە! پیاو لە سەریەشە و داخ و خەم و خەفەت دوورئەکەوێتەوە! بەڵام جەنابت پێتنەوتم مەسەلەکە چییە!

میرزا: بەڵێ! ئاخر منیش ئەمەوێ داخڵی مەسەلەکە ببم! بەڵام چونکە زۆربەی هەرە زۆری ڕەفیقەکانم گزییان لێکردم و پاشقولیان لێگرتووم و لە پشتەوە و وەک دز خەنجەریان کردووە بە کورتە کەلەکەما، ئەمەوێ سوێندم بۆ بخۆی کە قسەناکەم، ڕای ڕاستیشم ئەدەیتێ!

نووری: میرزا، عەیبە ئەو قسانە! بە شەرەفم، بە ناموسم، لای کەس قسەناکەم و ڕای تەواویشت ئەدەمێ!

میرزا: عاجزمەبە، برام! بڕوام کەمبووە بە خەڵکی!

نووری: ئینجا من خەڵکیم، میرزا؟

میرزا: (تۆزێ ئەوەستێ و تەماشایئەکا و سەر ئەلەقێنێ و ئەڵێ) نەوەڵڵا! حاشا! وەجاغزادە شتی ناشیرین ناکات! ئەو کردارانە هەر لە هەیتوچە و ناڕەسەن ئەوەشێتەوە!

نووری: چییە مەسەلەکە، دە پێمبڵێ شەقمبرد؟!

میرزا: ئەڵێم! ئەمەوێ ژنبهێنم!

نووری: بەڵێ، چی؟

میرزا: ئەڵێم ئەمەوێ ژنبهێنم و ڕای خۆتم بدەرێ!

نووری: (بەسەرسووڕمانەوە) وەڵڵا ئەمەم قەد بەبیرانەئەهات!

میرزا: گوایە بۆچی؟ شتێکی سەیرە پیاو ژنبهێنێ؟

نووری: نەوەڵڵا سەیرنییە! بەڵام پێش ئەوەی جوابتبدەمەوە، ئەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم!

میرزا: فەرموو بڵێ!

نووری: عەمرت چەندە، میرزا؟

میرزا: (لێکیئەداتەوە) وەڵڵا بڵێم چی؟ عەمرم زۆرنییە و شوکور ساغم و بە هێز و گوڕم.

نووری: باشە، کە من و تۆ یەکتریمان ناسی، عومرت چەند بوو؟

میرزا: هەر وا دەوری ٢٠ساڵێک ئەبووم و نەئەبووم.

نووری: ده لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ٣٢ ساڵە میرزا، بە حساب و کیتاب بیستیشی بچێتە سەر، ئەوا ئەگاتە ٥٢.

میرزا: چی، چی؟

نووری: ئەڵێم تەمەنت ئێستاکە ٥٢ ساڵی دەقە!

میرزا: ئینجا -گریمان- واش بێ! چییە؟!

نووری: وەک هاوڕێیەکی ٣٠ساڵی، پێت‌ئەڵێم کە ژن‌هێنان لەم تەمەنەدا شتێکی ڕاست‌نییە. ئەگەر ڕاست‌بێ کە ژن‌هێنان لە ئەصڵا خۆی شتێکی بێ‌مەعنابێ، ئەوا لەم تەمەنەدا و ژن‌هێنان لە بێ‌مەعنایی‌دا ئێق‌ئەکاتەوە.

میرزا: دە زۆر باش بزانە کە بڕیاری ژن‌هێنام داوە و کچەم دۆزیوەتەوە و خوازبێنیشم کردووە لە باوکی و ئەمشەویش مارەی‌ئەکەم.

نووری: ئینجا ئیتر پرس و ڕا مەعنای چی، میرزا؟

میرزا: وا مەڵێ نووری‌بەگ! پرس و ڕا هەر پێویستە!

...[1]

□

[1] ئەم شانۆنامەیە ناتەواوە و تەواوکەرەکەی دیارنییە. (س)

# داركیۆلا*

پێشەكی:

هەتاكوو ئێستا لە چیرۆكەكانمانا، تەنیا ئەو نەخۆشییانەمان گێڕاوەتەوە كە تووشی كۆمەڵ، كە تووشی ئینسانەكانی ناو كۆمەڵی وڵاتی ئێمە بوون. ئەو كەموكووڕییەمان دەربڕیوە كە زیانی كۆمەڵایەتییان ناڕێك و نالەبار كردووە. بەشی زۆری چیرۆكەكانی ڕابوردوومان ساكار و كەمەعنا بوون، وە بە شێوەیەكی پێكەنیناوی ئەمگێڕانەوە، تا گوێگرەكانمان بەرەبەرە موستەوای زانیارییان بەرزبێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پێبنێینە پلەی دووەمی ئامانجمان، كە بەرزكردنەوەی موستەوای گوێگرە بە نووسین و تەرجەمەكردنی چیرۆكە تەمسیلییە عالەمییەكان. وا لەم هەفتەیەوە پێمان نایە پلەی دووەمی ئامانج، بە گۆڕینی چیرۆكی داركیۆلا بۆ كوردی بە شێوەیەكی بەرزتر لە جاران.

داركیۆلا، شەخصییەتێكی عالەمییە، بەشێكی زۆر لە نووسەر و ئەدیبەكانی ئەوروپا گەلێ چیرۆكیان دەربارە داناوە؛ هەندێكیان لە وێنەیەكی خورافییا، هەندێكیتریان بە شێوەیەكی ڕەمزی خستوویانەتە ناو كتێبەوە. خەیاڵییەكان، لە وێنەی شەمشەمەكوێرەیەكی گەورەی داندرێژی خوێناوییا باسیانكردووە. ڕەمزییەكانیش، لە وێنەی ئینسانێكی خۆویستا، كە هەزاران كەس لەناوئەبات، لە ڕێی ئەوەدا بە نەمری بمێنێتەوە وە هەتا دنیایە هەر گەنج و جوان بێت.

بەڵام نووسەری ئینگلیزی برام ئوستوكو كردوویەتی بە ڕۆمانێك لەسەر شێوەی شەمشوون وە ئۆدیب، وە هەتا بڵێی لە واقیع نزیكی خستۆتەوە. دە ئەم چیرۆكەی ئێمە ئەمەی دواییانە، كە زۆر نزیكە لە واقیع وە یەكێ لە شیركەتەكانی سینەما كردوویەتی بە فیلم.

---

* ئەم ناوە لە دەستنووسی شانۆنامەكەدا هەروا هاتووە، بەڵام ڕاستییەكەی دراكیۆلایە.
دەقێكی ئەم شانۆنامەیە لە ڕووی دەنگەوە وەرگیراوە و بڵاوبووەتەوە لە: كەمال ڕەئووف محەممەد، مێژووی ڕادیۆی كوردیی بەغدا ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یێكەم جزمی دووهەم، (لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠١٤، ل٦٠-٦٨. (س)

تەحلیلی چیرۆک، شەڕە لە بەینی جوانیپەرستن و ناشیرینیویستنا، بەربەرەکانییە لە بەینی خێر و شەڕا.

کات، پاش نیوەشەوە، لە دێیەکی خامۆشا. دارکیۆلا، لە بەردەمی مێزەکەیا دانیشتووە، کاغەذ و کتێبێکی زۆر لە دەوروپشت و بەردەمیا کەڵەکەبووە، بێپشوو خەریکی نووسینە، خامە زەلالەتیەتی بەدەستیەوە، چرای زۆرە کە هەتا یە[1] کزترئەبێت.

(مۆسیقا)

دارکیۆلا: چییە ئەمەی ئەینووسم؟ بۆ کێ؟ بۆچی ئەنووسم؟ لەڕێی کێدا؟

ئەی ئەو ئافرەتەی پڕبەدڵ خۆشمویستی، بۆ یاریم پێئەکەیت، بۆ؟ گیانی من، گیانەکەم، تەلێکە بە کەمانێکی هەڵپڕواوەوە؛ کە پەنجەی پیائەهێنی، زووخاو هەڵئەڕێژێ! کە بە پەستی ئەتبینێ، دڵۆپ لەدوای دڵۆپ خوێنی گەرم لە جگەری برینداری ئەتکێتە زەوی. من تەلی کەمانچەیەکم، بەڵام ئەو ئاوازە نیم کە هەستی تۆ ئەجووڵێنێ؟ من قاوغی کەمانچە تێکشکاوە پڕواوەکەم، کە ئەینێیت بە سنگتەوە، بۆ ئەوەی بزانی لە ڕێی تۆدا بووم بەم چڵوچێوە. من ئەو لەشەم کە لەناو خەیاڵا دۆزیتەوە، بەڵام ئەمەوێ ئەو گیانە بم کە بەشوێنیا ئاوارەیت. جوانی بە چییە؟ ئەدوێت، بۆیە تەنیا ئەو گیانانە تێئەگەن کە لە ئێش و ئازارا قاڵبوون. من تۆم ئەوێ، بەشوێن تۆدا وێڵم.

ئۆرنیە: لە دەرگا ئەدا...

دارکیۆلا: کێیە بەم نیوەشەوە؟ کێیە؟

ئۆرنیە: منم کاکە، خەوت لێزڕاندووم بەم وڕێنەکردنەت. ئەمە بۆ ئەم چیرۆکنووسینە، لە ئێمە بوویتە ڕەگی گولی؟ دە هەڵسە، واز لەم کتێبانە بێنە و بەرەبەیانە، هەڵسە چاوێک لێکنێ، با کەمێ بحەسێیتەوە. ئەزانی چەندەت کەمکردووە؟ گۆشت بە لەشتەوە نەماوە، زەرد و لاواز بوویت، بۆ وا لە خۆت ئەگەی؟

دارکیۆلا: وازم لێبێنە برا، بووم بە کوڕێکی قول، بۆ ناشتنی پاکی کوژراوی دەستێ دەنییە چەپەڵەکان.

ئۆرنیە: ئەمە هێشتا لە ئافرەتە نەفامەکە ئەدوێت؟

---

[1] یە: یەت، دێت. (س)

داركیۆلا: كه چاوم پیٚكەوت، دەستبەجیٚ زانیم ئەمەیە كە بەشویٚنیا ویلٚ و ئاوارەم. لە پشتی ڕاستییەوە دۆزیمەوە، بۆ ئەوەی نهیٚنیی خۆمی پیٚبلیٚم.. بەلاٚم گالتەی پیٚكردم و ڕووی لیٚكردم بەلاوە. ئای ئافرەتەكە، ئەگەر ئەزانیت بۆچی تۆم خۆشئەویٚت؟ بەشویٚن جوانییەكا ئەگەڕام، كە هەموو كەسیٚ نایدۆزیٚتەوە..

ئۆرنیە: كاكە، تۆ حەزت لە ویٚنەیەكی ناو چوارچیٚوە كرد، بریقوهووڕی ناو چوارچیٚوەكە ئاوی چاوی بردی. یاری بە ڕەنجیٚ ڕاكیٚشاوە بە لای خۆیا، نەیهیٚشت ویٚنەی ناو چوارچیٚوەكە ببینیٚ. ئەگەر كەمیٚ ڕیٚگایان بدایتایە و لیٚت ڕابوەستانایە، تا بە گیرفانپڕی و ناوگەورەیی ئەگەڕییتەوە، بیٚگومان شیربابییەكی باشت ئەدا بە كەسوكارەكەی. ئەو حەلە چاوت بە ویٚنەیەك ئەكەوت، وەك ویٚنە ساكارەكانیتری دنیا.

داركیۆلا: ئۆرنیە، برا شیرینەكەم، من هەرگیز نەمویستووە ئەو ئافرەتە بخوازم، ئەمویست لەگەلٚ ئەو ویٚنەیەدا بژیم، دوور لە شویٚنی پۆخلٚی چەپەلٚ.

ئۆرنیە: ئەگونجیٚ ڕاستبیٚت، بەلاٚم خولیای جوانی خۆشتی لەبیربردوویتەوە.

داركیۆلا: جوانی؟ بەلٚیٚ، جوانی ئەو شتەیە كە ئەیپەرستم، جوانی هەموو شتیٚكە، ئەی ئەو نهیٚنییەی ڕاستی لە پەوڕوو كەوتووە لە بەرپیٚتا، قارەمان پیٚلاٚوت ئەلیٚسیٚتەوە، خۆزگە شتیٚكی بەدەستگیراو بوویتایە.. بەلاٚم.. داخەكەم..

ئۆرنیە: واز لەم خەو و خەیالاٚتە بیٚنە، لەم شەوە پڕمەترسییەدا، هەلٚسە، با بڕۆین، بنووین برا، داركیۆلا.

داركیۆلا: چی؟ داركیۆلا؟ ئەی كە ناویٚكی بەدناوی كلۆلٚم هەیە. داركیۆلا، نەء. برا من ئەو نیم، ئەو كەسە نیم كە خەلٚقی زراویان لیٚئەتۆقیٚ. داركیۆلا، ئینسان مرد، ئیٚستا تابووتەكەی گۆڕستانی بەجیٚهیٚشتووە، ئەگەڕیٚ بۆ یەخسیركردنی جوانی، ئەیەویٚ گولٚ لە شیٚوەی بۆگەن دوورخاتەوە، شیلەی شیرینی لەزەت بتكیٚنیٚتە لیٚوی سووری ئافرەتەوە. ژیانی خەلٚكی نەفام پڕئەكات لە تام و چیٚژ.. داركیۆلا، بەشویٚن جوانییا عەودالٚە و خەلٚقی بە خویٚنڕیٚژی دائەنیٚن، حەیا، حەیا، حەیا..

ئۆرنیە: هەموو لەشت، هەموو بیركردنەوەت، پڕە لە ئەنانییەت. خۆویستنت لیٚهەلٚئەقولٚیٚ!

داركیۆلا: دەمت لیٚكنیٚ، نەفامی بەسزمان، ترسنۆك، دەمت لیٚكنیٚ. من وەكوو هەموو دانیشتووانی ڕووی زەوی بەشویٚن كامەرانییا ئەگەڕیٚم، بەلاٚم من كامەرانی لە

تێکەڵاوبوونا ئەبینم، بە خۆنەویستن، بەڵکوو بە خۆلەناوبردن لە ڕێی زیندوویی هەمیشەییا.

ئۆرنیە: من هیچ لە قسەکانت، لە بیروباوەڕەکانت، ناگەم. ئەوەی ئێمە ئەیزانین، ئەوەیە کە جوانی پەنجەرەی لەشە، لەوێوە لەزەت هەڵئەقوڵێ.

دارکیۆلا: بەسیەتی، بەسیەتی، بەڵام لێدایت. ئەگەر وابێت، وەکوو تۆ ئەڵێیت، کەواتە من هاتووم ئەو پەنجەرەیە داخەم.. بزمارڕێژی‌کەم.

ئۆرنیە: ئەهـ. قورس و ڕەق؟ من بە هێزی گیانی نەبەزیوم ئەیهێنمە جووڵە، بە دڵۆپی خوێنی گڕتێبەربووم ئەیتوێنمەوە، لە ڕێی ڕزگارکردنی جوانییا.

ئۆرنیە: بۆچی جوانی پێویستی بەوە هەیە کەس ڕزگاری‌بکات؟ یان ئادەمیزاد ئەبێ هێز و تین و گوڕی خۆی لەوەوە وەربگرێت؟

دارکیۆلا: هێشتا جوانی هەر پێویستی بە ئادەمیزاد ماوە، چونکە ناشیرینی ..... زیندەوەر و مردووە. خێر موحتاجی یارمەتییە، چونکە شەڕ هێشتا بەهێزە.

ئۆرنیە: هەڵسە، با بنووین، وا بەرەبەیانە. هەڵسە، ئیتر.

دارکیولا: وازم لێبێنە، با نووسینەکانم تەواوبکەم، بۆ ناچی تۆ بنوویت؟ .. بڕۆ، بڕۆ، وازم لێبێنە، بڕۆ، بنوو وەکوو مردوو....

ئۆرنیە: کەیفی خۆتە. ئەمەی تۆ ئەیکەیت، خۆکوشتنی پێئەڵێن بە دەستی ئەنقەس. مردن ئەمەیە... مردن ئەمەیە...

دراکیۆلا: ها ها ها.. ئێستا لە ڕاستی نزیک‌بووینەوە، خۆکۆشتن. بەڵێ، خۆکوشتن، لە ڕێی جوانییا، لە ڕێی خێرا.. مردن نییە؟ زیندووییە، ها ها ها.. بڕۆ، بنوو، بڕۆ بنوو وەکوو مردوو، ها ها ها..

دارکیۆلا: پیاو بەهێز و زۆردارە، ئافرەتیش پڕچەکە. هەردووکیان وان لە بەربەرەکانی‌دا، یەکتری ئەهێنن و ئەبەن. بەڵام زاڵبوون بۆ هیچ لایەکیان نییە. ئەو حەلەی پیاو دەستی ئەگاتە دڵی ئافرەت و زێفی لێئەسێنێ، جوانی خۆی ئەکوژێ لە ترسی پیسبوون. جوانی وەکوو گوڵە وەنەوشە وایە، هەتا دەستی لێنەدراوە، گەشە. بۆ ڕەنگی خۆت پەڕان، گیانەکەم بۆ خۆتت ناشیرین‌کرد؟ بۆ، بۆ.. بۆچی؟

ئۆرنیە: ئینجا ئەمە ئەبێت تۆ نەیەڵی خەو بچێتە چاوم؟ خۆشت نانویت و ناشیەڵی خەڵقی بنوون؟

داركیۆلا: لەسەری مەڕۆ ئۆرنیە، دڵم کەیلە و ناخی دەروون پڕە لە کڵپە. با بە کاغەزی سارێژبکەم.

ئۆرنیە: ئێستا تێمناگەیەنی بۆ خۆت ئازار ئەدەیت لە ڕێی ئافرەتێکا کە جوانیی تیا نەمابێت؟ لە ڕێی گوڵە وەنەوشەیەکا کە سیس‌بووبێت؟

داركیۆلا: بەڵێ، بەڵێ، سەرچاوەی بێ‌ئاو، بەهاری بێ‌گوڵ، لاشەی بێ‌گیان، ئافرەتی بێ‌جوانییە. ئەمانە قاووغن، قاووغێکی پڕ لە ناشیرینیی جێی جوانی. هیچم بۆ نەمایەوە لە دەست‌بەدەستادان زیاتر.. دنیای من پڕبوو لە ئازار، لە داخ، لە سزا، لە ئەشکەنجەی گیان و لەش، بۆ، بۆچی ئەگریی.

ئۆرنیە: نامەردت‌نەکەن کاکە، بۆ بیرەوەریی ڕابوردوو ئەگریت؟

داركیۆلا: گریان ئەهێنن یان نا؟ بیرەوەریی ڕابوردوو لە واقیع ئازاراویترە، برا.

ئۆرنیە: هەرچی چۆنێک‌بێت، ڕاناپەرمووم بە تۆی تێگەیشتووا بگریت، نەکەی فێری گریان ببیت، کاکە.

داركیۆلا: ڕاستە پیاو نابێ بگری، بەڵام من وەکوو کانییەک وام کە ژێرەکەی پڕبێ لە بورکان. بۆ جوانی گریام، بۆ جوانی.

ئۆرنیە: جوانی نەمردووە تا بۆی بگریت.

داركیۆلا: بەڵێ، مردن دڵدارەکەی لەو ساتەدا کە لێوی نایە لێوی مێردەکەیەوە، ئەو حەلە مرد کە دەستیان‌کردە ملی یەکا، جوانی ئامباڵا خوێناوی پڕلەزام لە بەرپێیانا کەوتە زەوی. خوشی و شادی لە من چووە کۆڵی شێر.

ئۆرنیە: بێ‌گومان کە کەسوکارەکەی دایان بەو کابرا جوانی‌نەناسە تێنگەیشتووە.

داركیۆلا: بەڵێ، ئەوانیش دەستداربوون لە فرۆشتنیا، لە کوشتنی جوانیی ئەوا، لە ئارام و ئۆقرەش لە من هەڵگرتنا. بەڵێ، هەموویان تاواندارن، زۆر یا کەم، بێ‌دەنگ بە ئۆرنیە، وازم لێ‌بێنە با بنووسم.

(مۆسیقا)

داركیۆلا: بەڵێ، گیانەکەم، کەسوکارت پێیان‌وتی ئەو لاوە داماوە بێ‌دەسەڵاتە جوانیی تۆ ئەپەرستێت. لەبەرئەوە وەرە لێی‌بشارەوە، گومی‌کە، بیکوژە. پێیان‌وتی مادده میحوەری وجوودە، مادده.. من ماددەم نەبوو، بۆیە جوانی کوژرا، بۆیە خەڵتانی خوێن

کرا .. ها ها ها.. مادده وەرە پێشەوە، منم دارکیۆلا.. هێزێک وا لە دەست و پەنجەما، کە گوشیمیت سووراوی لە لەشتا ناهێڵم، وەرە.. ها ها ها.. وەرە لێوە پاراوەکانت بمژم، تا وشکیانئەکەمەوە، وە هەڵیانئەقرنجێنم.. منم دارکیۆلا.. ها ها.. لێوت بێنە، مۆری مردنی پێوەبنێم... مۆری مردن قابیل بە تۆیە؟.. لە مردوو چوو... ها ها ها.

ئۆرنیە: کاکە چییە ئەمە؟ چۆن تەصەووراتی وا ئەکرێ؟ خۆی یەت بۆ لای من، من ئەبێ بچم بۆ لای، من ئەبێ بچم.

ئۆرنیە: کاکە وازبێنە و وەرەوە هۆش.

دارکیولا: ناتوانم وازی لێبێنم، ناتوانم، ناتوانم.

ئۆرنیە: بۆچی ناتوانی؟ چۆن ناتوانی؟

دارکیۆلا: ئەی گەردنە شووشەیە گەرمونەرمەکە، دارکیۆلا، کەشەندە،[1] تینووە، وەختە سوێیبێتەوە بۆ قەپاڵێک، قەپاڵێکی دەم، تێرئاونابێ تا دانئەنێ بە شادەماری پڕ لە خوێنی گەشتەوە، کە لە سەرچاوەی دڵی پڕ لە دەنائەتت هەڵئەقوڵێ!

ئۆرنیە: دارکیۆلا، لەسەر وڕێنەکردن مەڕۆ، تۆ وا لە خۆت بکەی، بێگومان زۆر ناخایەنێ لەناوئەچیت!

دارکیۆلا: خۆزگە لەناوبچوومایە، پێش ئەوەی دەم بنێم بە سەرچاوەی خۆشەویستی و جوانییەوە، پێش ئەوەی لە خێر و شەڕا، لە جوانی و ناشیرینی بگەم. ئەگەر مردن ئەوەندە ترسنۆک بێت، شوێنمناکەوێت. شەرتبێ من شوێنیبکەوم. ناتوانم بژیم، لە کاتێکا کە جوانی لە بەرچاوم هەلاهەلائەکرێت. لە وڵاتێکا کە دانیشتووەکانی مێچکەمێچکە بۆ شەڕ ئەکەن، ئەو کابرایە بۆ ئەو جوانییە بکوژێ، بۆ؟ ئەمەوێ تێبگەم. ئەبێ سەری پێبدەم لە زەوی.. ها ها..

ئۆرنیە: کاکە، وەرەوە سەر خۆت.

دارکیولا: من کاکی تۆ نیم، من برات نیم.. من بەرزترم لەوانەی لە جوانی ناگەن، بە هەناسەی ژەهراوییان ژیان پڕئەکەن لە ئازار.. لاچۆ، بڕۆ، بنوو، ئیشنەکەری مردوو. بڕۆ، بنوو، لەدنیانەگەیشتوو.

(موسیقای "رقصة النار")

---

[1] کەشەند: شەکەت. (س)

داركیۆلا: دانیشتووەكانی لادێ، نیشتەجێكانی شارستان، لەگەڵ ئێوەی ئازار و سزا و ئەشكەنجە چێشتووم، بڕایینە. لەبیرتاننەچێ، داركیۆلا خوێنڕێژنەبوو وا حەزی بە مردنی خەڵقی نەئەكرد، ڕێگای سەختی پڕ ئێش و ئازاری گرتبوو وە ئەیویست ڕووناكیتان بۆ بێنێ، ئەم تاریكستانەتانی پێ ڕووناكبكاتەوە، خێر و فەڕتان چنگبخا، شەڕتان لێدووربخاتەوە، لە خۆتان، لە ماڵ و كەسوكارتان، لەوانەی خۆشیانئەوین و خۆشتانئەوێن. خەریكی جۆماڵی سەرچاوەی جوانی و خۆشەویستی بوو، لە ناشیرینی پاكیكاتەوە، لە ڕێی دڵ و دەروونی تینووەكانا.. بەڵێ ئەمە بوو داركیۆلا. بەڵام داخەكەم كردیان بە كوڕێكی قول بۆ ناشتنی پاكی كوژراوی دەستی دەنییە چەپەڵەكانی بەرەی تاریكی، بەرەی شەڕ، بەرەی ناشیرینی. ئای لەو شەوەی بەدیلگیرام، ئای.. ئای ..(بە تووڕەییییەوە) بۆ بمێنمەوە لەم دێیەدا، بۆ، بۆ؟ ئەبێ بڕۆم، ئەبێ بڕۆم، فەرمانێكی گەورە چاوەڕێمە، بەبێ ڕۆیشتن ڕێگانابڕرێت، كار مەیسەرنابێت، ئەبێ بڕۆم، ئەبێ بڕۆم..

ئۆرنیە: داركیۆلا، بۆ كوێ؟

داركیۆلا: لاچۆ لە ڕێما، ئەمەوێ بڕۆم، ئەمەوێ بچم بۆ لای، بۆ لای هاوڕێی گیانی.

ئۆرنیە: نایەڵم بڕۆیت، نایەڵم.

داركیولا: هەر ئەڕۆم، هەر ئەڕۆم.

ئۆرنیە: شێتبووی، شێتبووی؟

داركیولا: من شێتنابم، چونكە قۆناغبەقۆناغ ڕێگائەبڕم، بەگوێرەی عەقڵ ئەجووڵێمەوە، لە كاركردن ناكەوم. شێت ئەو كەسەیە شوێن جوانی و خێر و خێرخوایی ناكەوێ. لاچۆ، ئەمەوێ بڕۆم، قافڵە بەجێیهێشتم، لاچۆ لە ڕێما.

ئۆرنیە: هەرگیز ناڕۆی، نایەڵم بڕۆی، نایەڵم.

ئۆراس: ئۆراس هات، ئۆراسی هاوڕێت، ڕاوەستە با دەرگاكە بكەمەوە.

(دەرگا ئەكاتەوە)

داركیولا: ئۆراس گیان، هاوڕێ بەوەفاكە، چییە بەم بەرەبەیانە هێناتی؟ بۆ هاتی؟ بۆ؟

ئۆراس: خەبەرێكی موهیم، پەیوەندییەكی زۆری بە تۆوە هەیە.

ئۆرنیە: چییە؟ چییە؟ بیڵێ.

دارکیۆلا: ڕایکرد، لە مێردەکە جیابووەوە، جیابوونەوەیەکی دوادوایی.. جیابوونەوەیەکی بێگەڕانەوە، بێگەڕانەوە.

ئۆرنیە: ڕایکرد؟ چۆن؟ چۆن؟ چۆن ئەبێ؟

دارکیۆلا: شتێکی سەیرنییە، دەمێکە چاوەڕوانبووم. وا ئاخرییەکەی ناشیرینی بەزی، بە جوانییەوە نەلکا. شەڕی تاریکی بەزی، قاچە ئیفلیجە گۆجەکانی بەدوای خۆیا ڕاکێشا، بۆ گۆڕستان، بۆ گۆڕستانی پڕ لە کرم و مێروو و دەعبا و جانەوەر، هاوکارەکانی بەرەی شەڕ و تاریکی، با شوێنیکەوم؟

ئۆراس: وا ڕۆژ هەڵهات دارکیۆلا، ڕۆژ هەڵهات.

دارکیۆلا: بەڵێ، ڕۆژ هەڵهات، جوانی سەرکەوت، تاریکی مرد، شەڕ ناژڕا، بەڵام ئەو پارە دڵڕەقە بۆچی دەرنەکەوت، بۆچی؟

(مۆسیقا)

## هاوڕێی گورگەکان*

دوکتۆر: (لە دەرگا ئەدا)

ژن: ڕاوەستە وا هات، بەزیایی خێرم نەکرد.

دوکتۆر: (لە دەرگا ئەداتەوە)

ژن: ئای، بەخوا سەیرە، ئەڵێم وا هات، ڕاوەستە.

دوکتۆر: ئەوە چییە ئافرەت؟ نازانی هیلاک و ماندووم، نازانی وا سەعات چوارە و هەتا ئێستا من هەر لە خەستەخانە بووم بەم گەرمایە، نە نانێکم خواردووە، نە ئیسراحەتێکم کردووە. سەرەڕای ئەوەش، بە سەعاتێ ئینجا دەرگاکەم لێئەکەیتەوە.

ژن: پێش ئەوەی ماڵخۆ دز بگرێت، دز ماڵخۆی گرت. قسەت ماوە بیکەی، دوکتۆربەگی مێردی موحتەرەمم؟

دوکتۆر: ئینجا کێ بە دەم درەقەتی تۆ یەت، گوڵچین گیانی حەرەمی موحتەرەمم؟ ئەوە کوا ڕووناک؟

ژن: چوو بۆ لای خەیاتەکە، پەراوەی کراسەکەی ئەکات؟

دوکتۆر: بەم نیوەڕۆیە وەختی خەیاتە؟ خەیاتی چی؟ من هەزار جارم نەوتووە نابێ هیچ کامێکتان بە تاقی تەنیا بچن بۆ هەر کوێیەک؟ ئافرەت بۆ لەگەڵ ڕووناکی خوشکما نەچوویت بۆ لای خەیات؟

ژن: ئەوە چییە پیاوەکە، تۆ شەڕت لێئەبارێت؟ پەنام بە تۆ خوایە، بەم نیوەڕۆیە من بۆ کوێ بچم؟

دوکتۆر: یا ئەڵڵا، دەی کوا چیمان هەیە، بیهێنە بیخۆین.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٣٣-٣٤٢.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانە نەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆیێکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. ڕەنگبێ ئەم تەمسیلە ساڵی ١٩٥٢ پێشکەشکرابێ. (ک.ڕ)

ژن: ئەی ئەم جانتایە چیی تیایە؟

دوکتۆر: هیچی تیانییە.

ژن: ئەی ئەم پەڕۆ خوێناوییانە چین پیاوەکە؟

دوکتۆر: هیچ نین، حەقت چییە بەسەرەوە؟ بە جلشۆرەکە بڵێ بیانشوات.

ژن: ئەرێ پیاوەکە....

دوکتۆر: مەکەوەرە سوئال و جواب، هیلاکم، بێنە با نانەکەم بخۆم.

ژن: من ئەمڕۆ دەجار تەلەفۆنمکرد بۆ خەستەخانە، تۆ لەوێ نەبووی.

دوکتۆر: کەی تەلەفۆنت کرد؟

ژن: لە سەعات یەکونیوەوە هەتا سێونیو هەر تەلەفۆنمئەکرد و ئەیانوت لەوێ نیت.

دوکتۆر: ئەوە تۆزێک ئیشم هەبوو. ئەرێ ئافرەت، دوکتۆر جەلال هەواڵی نەپرسیم؟

ژن: با تەلەفۆنیکرد، ئەڵێ سەعات چوارونیو یەم.

دوکتۆر: وەکوو بزانیت ڕووناک حەزئەکات شووی پێبکات؟

ژن: ئەی بۆ حەزناکات؟ گوایە شووئەکات بە دوکتۆر جەلال باشتر؟

دوکتۆر: وەڵلا من حەزئەکەم ئەم مەسەلەیە پێکبێت، چونکە دوکتۆر جەلال ڕەفیقمە و لە ئەخلاقی ڕازیم وە ئیشوکاریشی باشە. بە ئەکسەرییەت خەڵقی ئەچن بۆ لای ئەم، عەیادەکەی بەرناکەوێت.

ژن: ئێ، ڕاوەستە. بەڵام ئەوە باسی عەیادەت کرد، شتێکم هاتەوە بیر.

دوکتۆر: چیت هاتەوە بیر، گوڵچین؟

ژن: ئەڵێم ئەمڕۆ ڕەنگبێ لە عەیادە بووبیت.

دوکتۆر: ئا نەختێ ئیشم هەبوو.

ژن: ئەوە بۆچی بەڕاستی بۆم ناگێڕیتەوە؟ لە سەعات یەکونیوەوە لە خەستەخانە هاتوویتە دەرەوە، چوویت بۆ کوێ؟ عەیادەی چی و ئیشی چی؟ کوا تۆ لە عەیادە بوویت؟ ئەی من تەلەفۆنم بۆ ئەوێش نەکرد و هیچ جواب نەبوو؟

دوکتۆر: ئێستا چیت ئەوێ بیزانی؟

ژن: ئەمەوێ بزانم کە لە سەعات یەکونیوەوە تۆ لە خەستەخانە هاتوویتە دەرەوە، چیت کردووە و چوویت بۆ کوێ؟

دوکتۆر: چووم قەتڵمکرد، باشە؟

ژن: ئەیەڕۆ، قەتڵ مەعنای چی؟ خەڵقت کوشت؟

دوکتۆر: بەڵێ، یەکێکم کوشت، چارم ناچار بوو.

ژن: ئەوە شێتبووی؟ بۆ بەڕاستی شتم پێناڵێی؟

دوکتۆر: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژنەکەی ئەحمەد ئەفەندیی ڕەحمەتی کە پێرار عەمری خوای کرد..

بەڵام ئافرەت بۆ خاتری خوا لای کەس قسەنەکەیت، ئەگینا دەریشئەکرێم لە دوکتۆری و حەیاشم ئەچێ و مومکینە حەپسیشبکرێم.

ژن: مەترسە پیاوەکە، گوایە ژن هەیە خراپیی مێردی بوێت؟ ئا بلێ بزانم، ژنەکەی ئەحمەد ئەفەندی ناوی نەسرین بوو؟

دوکتۆر: بەڵێ خۆیەتی. ئەحمەدی بەسزمان پێش ئەوەی بمرێت، زۆری چاکە لەگەڵ حەمەدا کرد، بەخێویکرد، مەکتەبی پێخوێند، دەریچووان، بوو بە مەئموور. بیلتەبع پاش مردنی ئەحمەد، جەنابی حەمە ئەفەندی هاتوچۆی ئەکردن، خەڵقیش کەوتنە مقۆمقۆ.

ژن: دەی منیش لە تەعزیی مەنیچخانا هەندێ شتم بیست.

دوکتۆر: ئەوا تەماشائەکەم ئەمڕۆ نەسرین بە هەڵەداوان هاتۆتە سەرم، ئەگری و لە خۆی ئەدا و ئەیەوێ خۆی بکوژێت.

ژن: بۆ؟ داوای پارە ئەکات؟

دوکتۆر: پارەی چی؟ لە جەنابی حەمە ئەفەندی سکی پڕکردووە.

ژن: ئەیەڕۆ، ئەی کە بێناموس و بێغیرەتە.

دوکتۆر: هەر ئەو بێناموسە؟ ئەی نەسرینخان؟

هەردووکیان شەریکن لەم تاوانە گەورەیەدا، لەم بێئابڕوویی و بێشەرەفییەدا؟

ژن: ئێی، نەتیجە ئەیەوێت حەمە ئەفەندی مارەیبکات؟

دوکتۆر: مارەی چی! حەمە ئەفەندیی گورگ، لەدوای ئەوەی قەپاڵی خۆی گرتووە، چووە بۆ شارێکیتر.

ژن: ئەی سپڵەی نارەسەنی زۆڵ!

دوکتۆر: نەتیجە چارم ناچار بوو، بۆ ئەوەی بەتەواوی حەیای نەسرین نەچێت، یان خۆی دەرمانخوارنەکات، مەجبووربووم عەمەلیاتمکرد و منداڵەکەم پیفڕێدا.

ژن: ئەیەڕۆ، کەواتە ئەو پەڕۆ خوێناوییانە هیی ئەوە؟

دوکتۆر: بەڵێ، هیی ئەوە و لە ماڵەوە کەوتووە.

چارم ناچار بوو. لەبەر دوو هەتیوەکەیتری و لە ڕێی ڕزگارکردنی دایکەکەیانا، مەجبووربووم نەفسێک بکوژم، چارم ناچاربوو.

ژن: ئەی قانوون؟ ئەی سوێندخواردنت کە لە قوتابخانە دەرچووی، کە خیانەتناکەی لە ئیشوکارتا؟

دوکتۆر: هەموو شتێکم خستە لاوە، چارم نەبوو.

جەلال: (لە دەرگا ئەدا)

ژن: لام وایە دوکتۆر جەلال بێت.

دوکتۆر: من ئەڵێم ڕووناکە.

ژن: سەعات چوارونیوە و موحەقەق دوکتۆر جەلالە.

جەلال: ڕۆژتان باش.

ژن: ڕۆژباش دوکتۆر، یا خوا بەخێربێیت.

دوکتۆر: ئەوە بۆ دیارنیت، جەلال؟ تەنک دەرئەکەویت، واش نا.

جەلال: وەڵڵا ئیشم ئێجگار زۆرە. لە خەستەخانەوە بۆ ماڵەوە، لە ماڵەوە بۆ عەیادە، لە عەیادەوە بۆ نادی، ئینسان دەستی ناگات سەریشی بخورێنێت.

دوکتۆر: شوکور چاکیت؟

جەلال: تەشەکورتئەکەم. ئەوە ئەڵێی ڕووناک لە ماڵەوە نییە.

ژن: چوو بۆ لای خەیاتەکەی خۆمان، ئێی دوکتۆر، دایکت شوکور چاکە؟

جەلال: چاکە شوکور. نیازی کوێتان هەیە ئەمڕۆ؟

ژن: وەڵڵا وتمان نەختێ بچین بۆ ماڵی مامم.

جەلال: خێری پێوەیە.

(زەنگی تەلەفۆن)

دوکتۆر: ئا بزانە کێیە، ئافرەت؟

ژن: هەلاو، بەڵێ؟ بەڵێ، ماڵی دوکتۆر عەزیزە، ها تۆیان ئەوێت؟

دوکتۆر: هەلاو، بەڵێ ڕۆژباش. ئێی، ئێی، چی؟ خوێنی لەبەر ئەڕوات؟ نەزیف؟ مەترسن هیچ نییە، وا هاتم. هەر ئێستا، هەر ئێستا، مەترسن، خوا حافیز. ئادەی ئافرەت کوا جانتاکەم؟

ژن: ئەی ئێمە ئەچووین بۆ ماڵی مامم؟

دوکتۆر: ئەگەر ئەمڕۆ نەچووین بۆ ماڵی مامت، هیچ زەرەرێک ناقەومێت. بەڵام ئەگەر نەچووم بۆ سەر ئەم ئافرەتە، دوورنییە نەزیف بیکوژێت.

جەلال: کەواتە با منیش بڕۆم.

دوکتۆر: بۆ کوێ ئەچی، تۆ دانیشە. هەمووی نیو سەعات نابات یەمەوە، بە دوعا.

جەلال: خوا حافیزت بێ.

(تەقەی دەرگا)

ژن: ئێ دوکتۆر جەلال، کەی مەسەلەی ڕووناک ئەبڕێننەوە.

جەلال: وەڵڵا بڵێم چی، نازانم جارێ.

ژن: یەعنی چی نازانم؟ ڕووناک کچێکی عاقڵ و سەلار و جوانە و چاوی شینە و..

جەلال: من حەز لە چاوی ڕەش ئەکەم، جووتە چاوێکی وەکوو.... وەکوو...

ژن: وەکوو چاوی من؟

جەلال: بەڵێ، وەکوو چاوی تۆ گیانەکەم، بەڵام چی بکەم داخەکەم... تازە ڕابورد.

ژن: بەڕاستی نازانم بڵێم چی؟ هەرچەن یەیتە ئێرە هەستئەکەم بە خۆشەویستییەک بەرامبەرت.

جەلال: دڵ ئاوێنەی دڵە. خۆزگە دووساڵ لەمەوبەر یەکتریمان بدیایە، پێش ئەوەی دوکتۆر عەزیز بتهێنێ، بەڵام تازە چار چییە؟

ژن: بێگومانبە، ئەگەر تۆم لەمەوبەر بدیایە، بار بە نەوعێکیتر ئەگۆڕا. بەڵام دوکتۆر دنیا پڕیەتی لە چەوتی....

جەلال: ئێستاش نەچووە بچێت.. بێگومانبە کە من حەز لە ڕووناک ناکەم.. تۆم خۆشئەوێت...

من: منیش.. منیش تۆم خۆشئەوێت...

ڕووناک: (تەقەی دەرگا بە قایم و هاتنە ژوورەوە)

ڕووناک: دەک بەزیادنەبیّ ئاوا. ئەی ئافەرم ژنە سالارەکە.. ئەوە خیانەت لە کاکم ئەکەی؟

ژن: ئەی هاوار بە مالّم، ئەی هاوار هەیش، ئینجا چی بکەم؟ بۆ کویّ بچم؟

جەلال: بیّگومانبە، ڕووناک هیچ لەئارادانییە، هەر مەسەلە هینە، یەعنی تەمسیلمانئەکرد.. ئا تەمسیل، پراوە.. هیی ڕیوایەتەکەی دویّنیّ لە سینەما دیمان.. ڕووناک بە کاکت ئەلّییت.

رووناک: تۆ لەکن خۆت دەزگیرانی منی و هاوڕیّی کاکم؟

تووخوا عەیبناکەی خیانەت لە هاوڕیّکەت ئەکەی؟ تووخوا تەریقنابیتەوە؟ بەلاّم تۆ گورگی، هاوڕیّ نیت بیّشەرم..

ژن: ڕووناک گیان، وەللاّ هیچ لەئارادانییە، هەر تەمسیلمانئەکرد، نازانم چۆن ماچیکردم.

ڕووناک: (ئەگری)

ژن: ئەوە بۆ کویّ ئەچی، جەلال؟

جەلال: ئەڕۆم بۆ عەیادە، بۆ خاتری خوا نەیەلّی بە دوکتۆر عەزیز بلّیّ.

ژن: کەمیّک لەمەوبەر باسی خیانەتی ئافرەتیّک و هاوڕییەکمان ئەکرد. وا ئیّستایش بەسەر خیانەتی ژن و هاوڕیّکەی خۆیا دیّتەوە.. چی بکەم بۆ خاتری خوا، ئەگەر هات و ڕووناک بۆی گیّڕایەوە؟

جەلال: وا من ئەڕۆم.. جاریّ میّشکم هیچ ئیشناکات.. نازانم بلّیّم چی؟ نا.. نا.. نازانم..

(پشوویێ مۆسیقا)

جەلال: بەخوا باشبوو بۆ خۆمان ڕزگاربووین، وا دیارە ڕووناک هیچی بۆ کاکی نەگیّڕاوەتەوە. کوڕە چۆن ئافرەت ئەویّریّ شتی وا بۆ کەسوکاری بگیّڕیّتەوە، جانم. ئینجا ئیّستا وا لەدوای تیّپەڕبوونی ئەم وەیشوومە پڕترسە، پیّویستە بیر لە کچیّکیتر بکەمەوە. دەزگیرانیّکی تازە بۆ چەند ڕۆژیّ، کیّ بدۆزینەوە.. کیّ ماوە.. کیّ.. کیّ.. جاریّ با لە خوشکی هاوڕیّکانمەوە پیا بیّم.. خوشکی قالە.. خوشکی نەریمان.. خوشکی عوسمان.. نەء، جانم بیّحەیایە، تاقەتی ئەوم نییە.. دەی کیّیتر.. کیّیتر..

(له دەرگا ئەدرێ)

جەلال: فەرموو.

حاجی: ڕۆژباش، دوکتۆر گیان.

جەلال: ڕۆژباش، حاجی غەنی، فەرموو دانیشە، چاکی شوکور؟

حاجی: ئا کامەتا لوتفەن دەمت بکەرەوە، ئۆ.... ئەمە بەسیتە، هەر ئێستا دەرمانیئەکەم... یا خوا بەخێربێی مامە حاجی.

حاجی: خوا سەلامەتت کات یا خوا... تۆ شوکور چاکی؟

جەلال: نەوەڵڵا چاکنیم مامەحاجی، پارەیە شوکور زۆرە، ئیش شوکور باش ئەڕوا، بەڵام بۆم دەرکەوتووە ئینسان بەبێ ژنهێنان باش ناژی.

حاجی: ئینجا گوایە بۆ ژنناهێنی دوکتۆر؟ بەخوا لام وایە داوای هەر کچێک بکەی، ئەتدەنێ. ئەی وتیان بەخێرێ ڕووناکی خوشکی دوکتۆر عەزیز ئەهێنی.

جەلال: کێ؟ نەخێر ئەسڵ و ئەساسی نییە.

ئەگەر مامەحاجی بە کوڕی خۆتم قبووڵبکەی، مەمنوونئەبم وە فەخری پێوە ئەکەم، حازرم چەندیش داوابکەن، پێشکەشیبکەم.

حاجی: وەڵڵا کوڕم.. من نازانم بڵێم چی؟ مەعەمافیهی ئەگەر لە ماڵەوە ڕازیبن، من هیچ مەنعێکم نییە.

جەلال: تەشەکورتئەکەم مامەحاجی، مەمنوونتبووم.

ڕووناک: (پاڵ بە دەرگاوە ئەنێ) منیش مەمنوونی تۆم، دوکتۆر جەلال.

جەلال: تۆیت ڕووناک؟ ئەڵێی چی؟ بۆچی هاتووی؟

ڕووناک: هاتووم ئەموستیلەکەت بۆ بهێنمەوە، چونکە بۆم دەرکەوت کە موستەحەقی ئەوەنیت ببیتە شەریکی ژیانی سەگێکیش.

جەلال: ئەوە بە کێ ئەڵێی، ڕووناک؟

ڕووناک: بە تۆ ئەڵێم خائینی چەپەڵی دز، تۆ لەکن خۆت هاوڕێی کاکم بووی، بێغیرەت.

حاجی: من سەرم لەم مەسەلەیە سووڕماوە.

جەلال: نەء، مامەحاجی هیچ سەرت سووڕنەمێنێ، ڕووناک تۆزێ نەخۆشە، نەخۆشیی ئەعسابی لەگەڵا هەیە.

ڕووناک: من نەخۆشنیم، چونکە بێئەخلاقیم نەکردووە. تۆ نەخۆشی، چونکە هەتا ئێستا دەستی هەزار ئافرەتی بەسزمانت بڕیوە، ناپیاو.

حاجی: چۆن، یەعنی چی؟ من سەرم سووڕماوە لەم مەسەلەیە.

جەلال: نەء، مامەحاجی گیان، تۆ هیچ سەرت سووڕنەمێنێ. حەزئەکەی تەشریفبەرە، ئینجا لە دواییدا مەسەلەکەت تێئەگەیێنم.

حاجی: دوایی چی؟ من ئەمەوێ ئێستا لە مەسەلەکە بگەم. تۆ داوای کچی منت کرد و وتت هیچ عیلاقەیەکم بە کەسیترەوە نییە و کەچی ئێستا شتێکیتر دەرکەوت. بەخوا من سەرم لەم مەسەلەیە سووڕماوە.

جەلال: سەرت سووڕنەمێنێ مامەحاجی گیان، وەڵڵا هەموو شتێک بەتەواوی جێبەجێئەکرێت.

ڕووناک: ناشێ دەستی تۆشی بڕیبێت، مامەحاجی؟ خوازبێنیی لێکردی؟

حاجی: ئەرێ وەڵڵا، من بۆ دانیەشە هاتوومەتە لای، کەچی ئەو باسی ژنم لەگەڵ ئەکاتەوە. من تێناگەم، سەرم سووورڕماوە!

جەلال: مامەحاجی گیان، تۆ حەزئەکەی بڕۆ.

حاجی: کوڕە مامەحاجی گیان، مامەحاجی گیانی چیت لێگرتوومەتەوە، ناڕەسەن. هەر دەقیقە نا دەقیقەیەک بڕۆ بڕۆ، بۆ کوێ بڕۆم، ئەی نابێ بەخێرێ لەم زاوایەم بگەم. من سەرم لەم مەسەلەیە سووڕماوە.

جەلال: ئاخر سەرت سووڕنەمێنێ، ڕووناک درۆئەکات.

ڕووناک: نەخەڵەتابی وا بڵێی من درۆئەکەم، تۆ کابرایەکی دەستبڕی ساختەچیت.

حاجی: ئەمەتا قسەی ڕاست. جارێکیتر دوکتۆر جەلال ناوی کچم بهێنێ، هەرچی خراپە پێت ئەکەم. ئا کوڕە ئەو گۆچانەم بدەرە دەست، کاولمکرد بەسەرتا ئاوا. من خۆم هەر ئەمزانی شتێک هەیە لەئارادا، من سەرم سووڕمابوو. ئێستاش هەر سەرم سووڕماوە.

جەلال: باشبوو ڕووناک وات لە حاجی غەنی کرد؟ وەڵڵا هەر تۆم خۆشئەوێ، بیللا هەر تۆم خۆشئەوێ.

ژن: ئا لاچۆ کوڕە لەبەر ئەو دەرگایە. کێت خۆشئەوێ دوکتۆر جەلال؟ دوێنێ من، ئەمڕۆش ڕووناک، وەنییە؟

جەلال: (ئەشلەژێ) ئەوە تۆیت؟ چۆن هاتی... چۆن هاتی بۆ ئێرە، بۆ خاتری خوا؟

ژن: هاتووم تەسفییەی حسابت لەگەڵا بکەم.

ڕووناک: تۆ وازی لێبهێنە باجی، من ئەیخنکێنم.

جەلال: بۆ خاتری خوا، حەیام مەبەن، دەستم دامێنتان.

ژن: ئەی تۆ بۆچی حەیای خەڵقی ناپارێزی، بێغیرەت؟

ڕووناک: هەلاو، هەلاو.

جەلال: چی ئەکەی ڕووناک، بۆ خاتری خوا.

ڕووناک: کاکە، وەرە بۆ عەیادەکەی دوکتۆر جەلال، هەر ئێستا، ئا..

جەلال: بۆ خاتری خوا چییە مەسەلە؟ ئەها بۆ خاتری خوا.

ڕووناک: بە خاتری خوا ئەبێ هەموو شتێک لە کاکم بگەیێنم، بۆ ئەوەی بزانێ کە چ هاوڕێیەکی گورگی هەیە.

ژن: ئاخر ڕووناک حەیای منیش ئەچێت، هەرچەندە ئەم بێغیرەتە تەنیا ماچیکردم، بەڵام عەزیز ئەمکوژێ، بڕوام پێناکات (ئەگری).

جەلال: من ئەڕۆم، ئەڕۆم سەری خۆم هەڵئەگرم.

ڕووناک: بۆ کوێ ئەچی بێغیرەت، هەڵنەسیت.

ژن: نەجووڵێیتەوە، ناپیاوی ترسنۆک. ئەوی ناپیاو بوو، خیانەتبکا، ئەبێ ئەنجامی تاوانەکانی خۆی ببینێتەوە.

دوکتۆر: ئێوارەتان باش، چییە مەسەلە؟ چی قەوماوە؟

ڕووناک: قسەبکە دوکتۆربەگ، بۆ بووی بە بت؟

جەلال: بـ.... بب بڵێم چی من؟ عەزیز گیان لێم ببوورە.

عەزیز: ئێستا چی قەوماوە، نابێ تێیبگەین.

ژن: ئەو ڕۆژەی تۆ چوویت بۆ لای نەسرین کە نەزیفی بوو، دەستی بۆ من درێژکرد و ڕووناک هاتەوە بەسەرا.

عەزیز: بەڕاستە، وایە ڕووناک؟

ڕووناک: بەڵێ، کاکە وایە.

جەلال: خەتای منی تیانییە، من من هیچم نەکردووە.

دوکتۆر: ئەی خەتای کێیە؟ من بە پیاوم زانیت، خوشکی خۆمم دایتێ، بێغیرەت. ئەمە چەند ساڵە هاوڕێمی. هەزار پیاوەتیم لەگەڵا کردووی، کەچی وەکوو گورگ لە ناکاو قەپاڵم لێئەگریت، بێشەرم. ئادەی ڕووناک ئەو ئەموستیلە پیسەی بۆ فڕێبەرەوە؟

ڕووناک: نیوسەعات لەمەوپێش لە بەردەمی حاجی غەنییا کێشام بەسەر سنگیا. من بێزم نایەت ببمە شەریکی گورگێکی چەپەڵ.

ژن: پیاوەکە وەڵڵا عەرز و ناموستم پاراستووە، منیش هیچم نەکردووە، هەمووی خەتای ئەم کابرا ناپاکەیە.

جەلال: لێم ببوورە، عەزیز گیان.

دوکتۆر: ڕووناک ئێوە بڕۆنەوە ماڵەوە، با جارێ چارەسەری ئەم بکەم.

جەلال: بۆ خاتری خوا، چی ئەکەی عەزیز گیان؟

ئەی هاوار، خەڵقینە ئەمکوژێ، هاوار، ئەی هاوار.

دوکتۆر: هاوار هاوار مەکە، بێئابڕوو، هیچت لێناکەم، تەنیا یەک گوێچکەت عەمەلیات ئەکەم.

جەلال: هەی هاوار گوێم ئەبڕێ، گوێم ئەبڕێ.

دوکتۆر: هەزار هاوار بە پوولێک، گوێچکەیەکت هەر ئەبڕم، هەر ئەیبڕم، هاوڕێ خۆشەویستەکەم، هاوڕێ گورگەکەم.

جەلال: ئەی هاوار، ئەی هاوار... ئای ئای.

(مۆسیقا)

دوکتۆر: ئێی حەرەمی موحتەرەم، وا جارێ گوێی ئەومان بڕی، بەڵام ئەی تۆ بۆ گوێت شلکرد بۆ قسەی ئەو گورگە.

ژن: پیاوەکە لێمببوورە، تێناگەم بۆچی.

دوکتۆر: لە چی ناگەی؟ لە خیانەتکردنت، بێئابڕوو.

ژن: وەڵڵا خیانەتم لێنەکردووی، تەنیا ماچیکردم.

دکتۆر: تەنیا ماچیکردی! ئای ئافەرم. دە لەبەرخاتری ئەو تاقە ماچە، سێبەسێ تەڵاقتکەوتبێت، بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە. یەڵڵا بۆ دەرەوە، بڵێ قبووڵمکرد، بڵێ قبووڵمکرد.

ژن: ئاخر پیاوەکە هیچم نەکردووە، تۆ بۆ وا ئەکەی؟

دوکتۆر: هیچت نەکردووە بێئابڕوو! ئەو ئافرەتەی بهێڵێ تاقە ماچێکی بکەن، مەعنای ئەوەیە ئامادەیە بۆ هەموو جۆرە خراپییەکیتر. بۆ دەرەوە بێئابڕوو.

ژن: شەرتبێ بە شەرتی خوا شکاتت لێبکەم.

دوکتۆر: پێویست بە شکات ناکات، هەموو حقووقێکی شەرعیی خۆتت ئەکەمە مشت.

ژن: شکاتی ئەوە نا، شکاتی منداڵپێفڕێدانەکەی نەسرین، بەڵکوو ئەمە خوایە دەرتکەن.

دوکتۆر: سواڵیشبکەم، یا بشمخنکێنن، تازە نە ئافرەتێک ئەناسم کە ماچکرابێ وە نە هاوڕێی وەک گورگ ئەناسم. بەڵام دا لە تۆ و لە هاوڕێ گورگەکانم، بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە.

(تەواو)

## کوڕی ئاغا

کوڕ: ئێستا وتت چی، بابە؟ من ویژدانم، دەروونم، مێشکم، وەختە بتەقێ...

باوک: قسەی هیچوپووچ و خۆڕایی مەکە، پێموتی، هەرچی بووە، بووە و موقەدەرە و بڕایەوە...

کوڕ: ئاخر بابە گیان منیش گوناهبارم، بە قسە هەڵمخەڵەتان و زۆرم لێکرد و پێموتووە کە ئەتهێنم.. ئێستاش ئەوەتا سکی پڕە!

باوک: پڕە، پڕنییە، چش، چۆن؟ منی عەبدوڵڵائاغای حەمەعەلیئاغای وەجاغزادەی تانوپۆ ئاوریشم و پیاوی ناوپیاوان، کچەتیوەیەکی دەستوپێکرێشاویی کارەکەر بهێنم بۆ کوڕی گەورەم؟!

کوڕ: ئاخر بابە گیان مەسەلە سکپڕبوونەکەیە...

عاصمە: وزبە! نەیلێیتەوە.. ئینجا سکپڕبوون چییە؟

باوک: من چۆن ڕازیئەبم سبەینێ خەڵکی بڵێن کچەتیوەیەکی بۆ کوڕەکەی هێناوە و تانووتم لێبدەن.. قەت ئەوە ئەکەم...

عاصمە: کچێ کێ ئەڵێی بۆت ئەهێنین، کوڕم ئەوەندە لێکیمەدەرەوە.. سکی پڕنییە، چش!

کوڕ: ئاخر دایە گیان، ڕاستیشت ئەوێ ڕێحان جوانیشە و خۆشمئەوێ..

عاصمە: ئەی جوانی وا خوا بیبڕێ، ئەڵێ خۆشەویستی؟ بە خوا من و باوکت خۆ یەکتریشمان نەدیبوو.. خۆشەویستیی چی؟

باوک: کچی ئەحمەدئاغا ئەڵێی، کچی حەمەدبەگ ئەڵێی، بە سەرچاو.. ئەمانە دەوڵەمەندن، ئەرز و ئاو و مەڕومالاَت و پارەیان هەیە، دەستیان ئەڕوا.. وەجاغزادەن.. بەڵام کچی مینەت لێحەرامە، کوڕم!

کوڕ: باشە بابە گیان! بەڵام ئەی سکپڕییەکەی؟ ئەی ئەو مناڵەی وا لە سکیا؟

عاصمە: ئۆی، کوڕە خۆشەویستەکەم، ئەوە زۆر ئاسانە، ئەوە بۆ دایکت و پوورە مەنیج بەجێبێڵە! دەرمانە دروستیئەکەین و دەستاڕە ئەیگێڕین لەسەر ورگی.. گوێمەدەرێ و هەقت نەبێ!

باوک: (پێئەکەنێ) ئەی ئافەرم عاصمە! ئەشهەدو ئافرەتێکی کارامەی، بڕۆ کوڕم ڕابوێرە و بە خەیاڵتا نەیەت...

میکرۆفۆن: ئەی بەڵای ناگەهانتان لێدات بۆ کار و پیشە و کردارتان، بۆ قسە و باس و دەمودووتان.. مەڕۆ جەناب! مەڕۆ ڕاوەستە!

عاصمە: بیسمیللا، بیسمیللا، ئۆی خوایە ئەوە کێیە؟

باوک: ئەوە گوێم زرنگایەوە، یان قسە بوو عاصمە؟

میکرۆفۆن: مەرحەبا عەبدوڵلائاغای وەجاغزادە و عاصیمەخانی ژنی و وەجاغزادە و هاوکاری شەیتان!

ئەرێ ئێوە چین و لە کوێ و لە چ عەیامێکا ئەژین؟ ئەرێ ئەو کردار و قسەناشیرین و ڕاو و تەگبیرە چەپەڵانە، مەعنای چی؟

باوک: ئینجا تۆ هەقت، عیلاقەت؟

عاصمە: کچەیە کارەکەری خۆمانە و باوکەیە جووتیاری خۆمانە و ئێمە خۆمان ڕازییانئەکەین و کەس هەقی خۆتێهەڵقولاندنی نییە.

میکرۆفۆن: زۆر شوورەیی و شەرمە، خۆتان لە خەڵقی بە گەورەتر و زیاتر بزانن. ئەم کچە بەسزمانە گوناهی ئەوەیە کە بە بەڵێن و پەیمانی کوڕی ناپاکی ئێوە خەڵەتاوە، بۆ دەستاڕی لەسەر سک ئەهاڕن؟ بۆ دەرمانی پیسی منداڵلەبارچوونی ئەدەنێ؟ کێ ئەڵێ بەم کردارانە ئافرەتەکەش ناکوژن، چ جای منداڵە بێگوناهەکە، بۆ کارێکی وا ئەکەن کەسوکاری کچە پێبزانن و کچەش بکوژن و کوڕەش؟ یان جەنابت ئاغای وەجاغزادە؟! حەزئەکەی عاصمەخان سکیشت بسووتێ و مێردیشت بکوژرێ؟

عاصمە: نەوەڵڵا باوکم، ئۆی موور محەمەدی شەریف، قورعانەکە لێمان دووربێ!

میکرۆفۆن: دەبا لە خەڵکیتریش بەدووربێ! وەرە جەناب! ئاغا! بڕۆ تەرتیباتبکە و بنێرە بۆ خوازبێنیی ڕێحان و مەلا بانگبکە و مارەیبکەن، هەتا دین و دنیاشتان نەفەوتاوە و ناوتان نەزڕاوە و حەیاتان نەچووە..

باوک: وەڵڵا من قسەکانت لەسەر سەرم! ئەڵێی چی کوڕم؟ عاصمە ئەڵیی چی؟

کور: ئەمری خۆتە، باوکە!

عاصمە: وەڵڵا خراپ نییە و ئێستا ئەچم بۆ خوازبێنی.

میکروفۆن: بێ پەشیمانبوونەوە و بێ پاشگەزبوونەوە، تاوان بە تاوان چارەسەرناکرێ.. بە دوعا، گەورەمالان.. تاوان بە کرداری باش.. بە ڕەوشتی بەرز، بە نەرمونیانی چارەسەرئەکرێ.. هیوام وایە تاوانی وا تەکرارنەبێتەوە.. نە لە لای ئێوە و نە لە هیچ شوێنێکیکەدا.. هەڵسە عاصمەخان تەرتیباتبکە، دایکی تەرتیبات...

١/٢٦[؟/][1]

(تەواو)

المشاركون:

المنهج الأول:

رفيق صابر

شمال عبدالله

عبدالله عباس

فرياد فاضل

رفيق چالاک

نسرين مرجان يان شيرين.

المنهج الثاني:

فرياد فاضل

عبدالله عباس

شمال عبدالله

آزاد احمد

[1] بەپێی ئەو ناوانە کە بەشداری شانۆگەرییەکە بوون، دەبێ هیی پاش ١٩٧٠ بێ. (س)

# نەناسراو

## (المجهول)

نووسینی: پیتەر ستینۆف

(وەرگێڕان)

لە ژوورێکی ساکاری تەمەڵخانەی پیرانا، چەند پیرەمێردێک دانیشتوون ڕاز و پەنهانیی ڕابوردوویان ئەگێڕنەوە بۆ یەکتر، ئاخ بەبائەدەن بۆ هیوا و ئاواتی بابردوویان. دیواری ژوورەکە ڕەش‌داگەڕاوە، ئاگر کڵپەی دێ لە کوورەکەدا. عەقید ڕادلی سەربازێکی نەناسراوە، تەمەنی ٨٤ە، لە پەنجەرەکەوە تەماشای گەڵاڕێزانی خەزانی پاییز ئەکات. لەش‌ولارێکی پتەو و بەهێزی هەیە، زەبروزەنگی ساڵان کاریان تێ‌نەکردووە. پیری دووەم، چارلی مالۆریی داهێنەرە، لە نزیک کوورەکەوە دانیشتووە، تەماشای گڕی ئاگرەکە ئەکات، کە دەم‌وچاوە چرچ‌هەڵاتووە خەمبارەکەی ڕووناک‌ئەکاتەوە. جۆنی لافۆرسیش شاعیرە و لە لای چەپی ژوورەکەوە لەسەر کورسییەکی پان دانیشتووە، بێ‌قەرارانە چاوی بڕیوەتە ڕادلی و مالۆری. ئەم سێ پیرە ڕۆژانی دوایی ژیانیان لەم شوێنەدا ئەبەنەسەر، هەر یەکەیان خولیایەکی وا لە سەرا.

(سیمفۆنیی پێنجەمی چایکۆفسکی)

(کەمێ بێ‌دەنگی)

جۆنی: پاییزێکی‌تریشمان دی، چی‌بوو ئەم هەموو پاییزە، هەر نەبڕایەوە.

چارلی: ئەوەندە بێ‌سەبر مەبە.

جۆنی: هەر چاوەڕوانیکردن و ڕۆژانی بەشوێن‌یەکاهاتوو ژماردن بەشمانە. لەگەڵ ئەوەشا، هەرگیز ئێوە گوێ شل‌ناکەن بۆ شیعرەکانم.

ڕادلی: ئا.. ئێجگار بەم جۆرە هەستیت نەجووڵێت.

جۆنی: من شاعیرم.. شاعیریش خاوەن هەستییە.

ڕادلی: بەڵێ، مناڵە گەورەکە ئەمە ڕاستە، بەڵام لە جەنگەکانی ئەفریقادا کە سوپاکەمی تیا نیشتەجێبوو، هەندێ لە سەربازەکانم خاوەنهەست بوون، دوورنییە لە ئێمە زیاتر لە جوانیی ناو جەنگەکە گەیشتبن. بێگومان شیعریشیان هەڵئەدا بەسەر هەموو شتێکا کە کاری تێئەکردن.. پڵنگەکان، گوڵە پاقلەی سوودانی، گومەشینەکان، بەڵام نەیانئەزانی کە لە ئەفریقادا زۆر هەستیکردن هیچ کەڵکێکی نییە.

جۆنی: پێویستم بە ئامۆژگاریکردنی تۆ نییە. من شاعیرم، ئەو ڕێگایەشم خەتکێشاوە کە بەسەریا ئەڕۆم. زۆریش شادم بە توندوتیژیی هەستیم. ئەوە نەبووایە، جوانیم لە شتی ساکار و خاوا نەئەدی.

ڕادلی: ئاهـ.. بەڵێ... بەڵێ.

جۆنی: ئامانجت چییە؟ ئەزانی ئەگەر هەستی نەبووایە، نەئەژیام. من لە ئەفریقای تۆ نەبووم، هیچ پەیوەندییەکیشم بەوەوە نییە، هەروەها ناشمەوێ هەرگیز بچمە ئەفریقا.

ڕادلی: ناتەوێ بچیتە ئەفریقا؟ قەسەم بە خوا، حەزمئەکرد چاوێکم کوێربووایە و جارێکیتر بمدیایەوە.

جۆنی: بەم پیرییەش.

ڕادلی: بەڵێ، بەم پیرییەش، هەمیشە خەوم بە مردنێکی گەورەوە بینیوە. منی شارەزای مێژووی سوپا، منێک کە چاوەڕوانیمئەکرد ببم بە میرلیوا، کەچی لە عەقیدیدا کۆتایی بە ئاواتم هێنرا. زۆرم ویست خۆم بخڵافێنم. بەڵام خۆخڵافاندن هەرگیز سەرناگرێت، هەرگیز دادی نییە. هەرگیز نەکەی خۆت بخڵافێنیت.

جۆنی: ئەمە چەندجار تۆ ئەم باسەت گێڕایەوە، وەکوو قەوان ئەم باسەت لەبەرکردووە، هەموو ڕۆژێ هەمان بالۆرەیە.

ڕادلی: ئێمە گوێناگرین لە شیعرەکانت، تۆش گوێناگری لە مێژووی ژیانم. کەواتە با چارلی ناوبژیکەرمان بێت، بەڵام چارلی هەمیشە بێدەنگە، نازانم بۆچی؟

جارلی: واز لە من بێنن، دەمێکە پەستم لەم ژیانەم، ژیانێک کە تەقەلای بێپایانم تیا دا لە ڕێی ئەوەدا کە ئادەمیزادیەتی بەشداربکەم لەو کامەرانییەدا کە لە ئیختراعەکانمەوە پەیدائەبێت. بەڵام بەختی ڕەش بووە بە سێبەرم، هەر لێمنابێتەوە. لەدوای مارکۆنی، بیرم لە لاسلکی کردەوە، لەپاش گراهام بێڵ بە چەند ڕۆژێ تەلەفۆنم دروستکرد، لەدوای بیێر بە چەند سەعاتێ ڕەنگی تەلەفیزیۆنم ڕشت.

بەڵام کەڵکی چی بوو؟ کەس نییە بەقەد من لە کارەبا و موغناطیس بزانێت، بەڵام کەس گوێم لێناگرێت لەم دنیایەدا، ئەگونجێ....

جۆنی: .... ئێ...

چارلی: ئەگونجێ لەوەدنیا کەڵکم لێوەربگرن، لەبەرئەوە حەزئەکەم بە زووترین وەخت بمرم و بچمە عالەمێکیترەوە، کە هێشتا کارەبایان تیا نەدۆزیوەتەوە. هەوڵدان لێرە کەڵک نابەخشێت، لەوێ بەڵکوو سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە. وانییە، برا؟ ئای ئەگەر بمتوانیایە بیربکەمەوە..

جۆنی: زۆر جێگای سزایە ئەم وتانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پاتبکرێنەوە، هەموو ڕۆژێکمان لە ڕابوردووەکەی ئەچێت، پاتکردنەوەی وتە وە دەمەتەقەی کاتی ڕۆژی ڕابوردوو تا نیوەڕۆ، ئینجا مومەڕیضە بمانباتە ژێرخان و لەگەڵ صەد پیری خەڵەفاو و وڕێنەکەرا نانمان دەرخوارد بدات. لەپاشا سەعاتێک پاڵکەوتن، ئینجا جارێکیتر لەم ژوورەدا کۆئەکرێینەوە وە هەمان قسەوباسی ڕابردوو دەست پێئەکەینەوە. هەموو کەسێ جەواڵی خۆی ئەڕێژێتەوە و من نەبم، کەس گوێ لە شیعرەکانم ناگرێت. بەڕاستی پێتانئەڵێم هیچ شتێکی تازە نەماوە لێیبدوێین، ئایا هیچ هەیە؟

رادلی: نەخێر، هەرگیز هیچ نییە.

جۆنی: داخی گرانم بۆ عومری بابردوو، وا پاییزێکیتریشمان دی.

چارلی: بەشوێنمانەوەیە بە درێژاییی ساڵان، هەندێ جار لە ناوەڕاستی زستانیشا سەرەتاتکێیەکمان لێئەکات.

جۆنی: بەڵێ، سەرەتاتکێ.. ئاخ سەد ئاخ.

ڕادلی: ئایا جۆنی ئەم جۆرە باسانەت پێناخۆشە؟

جۆنی: ئەگونجێ پێم ناخۆشبێت، بەڵام با لە مردن بدوێین.

چارلی: ماڵی مردن بە هەشە شینا چێت، کوشتینی و هەر نەهات.

جۆنی: بەڵێ.. هەڵیپڕوانین.

چارلی: ئەم هەموو سزایە بۆ؟

جۆنی: ئەگەر ڕۆیشتن، چیتان لەدوا بەجێئەمێنێ کە خەمی بۆ بخون؟ بۆچی ئەترسن؟

ڕادلی: ئەی ئەفریقا؟

چارلی: ئەی هیوا و ئاواتەکانی لاویم؟

جۆنی: بەڵام من.. داخەکەم هیچم بۆ نەماوەتەوە، یادگارە نەمرەکانی ڕابوردووی ناو شیعرەکانم، تابلۆیەکی تێکشکاویشی بۆ نەهێشتوومەتەوە. ڕۆژان و شەوانیشم با بردنی، وەک عەتری گوڵێکی عومرکورتی جوانەمەرگ.

(تۆزێ بێدەنگی)

ڕادلی: ئای.. ئەفریقا. ئەفریقا دڵدارم بوو، جێی ڕاز و نیازم بوو. بار هەرچۆنێک بێت، ئەفریقا بەشەکەیتری ژیانمە. هەرچەندە ئیحتمال[ە بۆ] قولەڕەشەکانیش زۆر گرانبوو[بێ]، بەڵام من حەزم لە سەختیی ژیانەکەی کردووە. گاکێوییە بەلەسەکانیم خۆشئەوێت کە بەناو دەشت و جەنگەڵەکانیا دێن و ئەچن، بەبێ ئەوەی سڵ لە هێزی ئادەمیزاد بکەن. هەموو ژیانم بە بەربەرەکانیی سەخت و سەنگ بردەسەر، دڕندەی کێویم داپڵۆست، ئادەمیزادم بەزان لە مەیانی جەنگا، بە چڕ و بێشەی تاریکا هاتم و چووم، بەڵام .... هەموو لە بیریان چوومەوە.. دڕندەکان، قولەڕەشەکان، هونەروەرانی شەطرەنج، کەس منی بەیادانایەت، داخەکەم.

جۆنی: ڕادلی، من ئامادەم یاریی شەطرەنجت لەگەڵا بکەم.

ڕادلی: تۆ یارییەکە باش نازانی، برا، لە هەنگاوی دووەم یا سێیەما ژێرئەکەویت.

جۆنی: هەوڵدانێکە، با بزانین، هەرچەندە حەز لەم جۆرە یارییەش ناکەم.

ڕادلی: لێم ببوورە، مناڵە گەورەکە.

چارلی: هەمیشە هەوڵمئەدا بەسەر ماددەدا زاڵبم.

ڕادلی: من ئاواتم لەوەش کەمترە. ئەوەی ئەمەوێ جۆرە سەرکەوتنێکە، ئیتر ئەو سەرکەوتنە هەرچی چۆنێ بێت، قەیناکا. سەرکەوتن وا لە خوێن و دەمارما. ئەم تەمەڵخانەیە منی فەوتان. تەمەنم ئەوەی هەڵنەئەگرت کە بمهێننە ئێرە.

جۆنی: ئای برا خۆشەویستەکەم.

ڕادلی: تەماشای ناو دولابەکەم کەن.

جۆنی: چیی تیایە؟

ڕادلی: ئەمە، دەمانچەکەم.

جۆنی: خوای گەورە. ئەو دەمانچەیەت لە کوێ بوو؟ چەک بۆ خراپە؟ ئای کە شتێکی نەنگە.

ڕادلی: هەرچەندە دڵنیاشم لێتان، بەڵام هەتا ئێستا پیشانمنەداون، چونکە وا بە بیرما ئەهات، کە ئەگونجێ بە مومەڕیضەکە بڵێن و ناهومێدمبکەن لێی. وا تێئەگەم کە دەمانچەکەم بەشدارمە لە خۆشەویستیما بەرامبەر بە ئەفریقا. نیوەڕۆ، ئێوارێ، ناخۆشی و خۆشی، دڵنیایی و مەترسیی ئەفریقای لەگەڵا چێشتووم.

جۆنی: هیوام وایە فیشەکی تیانەبێت.

ڕادلی: ئاهـ.. مەترسیی لێناکرێت.. وە قازانجیشی نییە.

چارلی: ئا بێنە با بیبینین، لە دەمانچە کۆنەکان ئەچێت. ڕۆژێکیان دەمانچەیەکی تازەم دروستکرد..

جۆنی: بۆچی دروستتکرد.

چارلی: حەزم لێئەکرد.

جۆنی: تۆ.. تۆ حەز لە ڕەنگڕشتنی کەرەسەی مردن ئەکەیت؟

چارلی: ئەگەر بلیمەتیی میکانیکیم داوای داڕشتنی خەتی مردنم لێبکات، مەجبوورم دەستبەجێ بیکەم.

جۆنی: من شیعر ئەنووسم لە ڕێی ئاشتیدا.

ڕادلی: ڕاوەستە جۆنی، تۆ داوات لێکردین کە لە مردن بدوێین، کەچی ئێستا لێی ئەترسی.

جۆنی: لە مردنا حەز لە ساتە ساکارەکەی ئەکەم، ئەگینا هیچ شتێک نییە لە دنیادا بەقەد مردن بیبوغزێنم.

ڕادلی: ئایا لە مردن ئەترسیت؟

جۆنی: نەخێر، بڕواشناکەم کەس ببێت لە مردن بترسێت. هەمووان لێیناترسن، لە دوا هەناسەی ژیانا نەبێت.

ڕادلی: بەڵێ، لەبەرئەوەیە کە حەز لە مردنێکی کتوپڕی ئەکەم، گوللەیەک، خەنجەرێک، سنگم کوناودەربکات، بۆ ئەوەی بە ئازایی بمرم. ئەمەتە ئەو مردنەی حەزی لێئەکەم.

جۆنی: من.. حەز لە مردنێکی هێمنی پڕغیرەتانە ئەکەم، وەکوو مردنی ناو ئۆپێراکانی سەدەی هەژدەهەم. کەمێ فرمێسک و زۆر لە گوڵم ئەوێت. حەز لە عەشامێکی زۆری بە درۆ فرمێسکڕشتوو ناکەم. خۆزگە لە ڕۆژی مردنما بارانێکی

سەخت ئەباری، تا بە تەنیا ببرامایە بۆ گۆڕستان لەژێر چەترەکەی هێنری نیووبۆڵتا. زۆر ژیام، لەبەرئەوە بڕوام نییە تازە ببم بە شاعیرێکی گەورە، چونکە شاعیرە گەورەکان لە سی سالانا ئەمرن بە نەخۆشیی سیل و دەستە خۆشکەکانی سیل، بە دڵداری، یا بە گوللەتۆپێکی دوژمن.

ڕادلی: تۆ بیر لە شاعیری جەنگاوەری ئینگلیزی لۆرد بایرن ئەکەیتەوە.

جۆنی: بیر لە شۆپان، بایرن، شیللی، پۆشکێن ئەکەمەوە، هەریەکەیان جۆرە مردنێکی تایبەتی هەبوو، هەموو لە ئادەمیزاد ڕایانکرد. من بۆیە خۆشمئەوێن، چونکە کوژران بە دەستی ئەو بێمێشکانەی ڕێی دەرخستنی بلیمەتیی ئەمانەیان نەدا. بیریش لە نەغمەخوانەکان ئەکەمەوە کە تەمەنیان لە تەمەنی گوڵی بەهار ئەچێت. بەزەییشم بە تاقمێکیترا دێتەوە کە ئەدەبیا[نە] ئەمرن، پێش ئەوەی مردنی ڕاستەقینە ڕاپێچیان بکات. بەڕاستی زۆرم قین هەڵساوە لە مەنطیقی ئەم دنیا شێتە گاڵتەچییە دڵڕەقە.

چارلی: لەبەرئەوەی کە ژیان لەوە بێدەسەلاتترە هیچمان پێ ببەخشێت، نابێ لە مردن بترسین. هەموو ئەو ئازارانەم چێشتووە، کە ژیان بەسەریا داوم. لەبەرئەوەشە کاتێکی تەواوم چاوەڕوانی گۆڕینێکم .. بەلام داخ...

ڕادلی: ئەوی ئاشکرابێت لای من، ئەوەیە کە تا ئێستا بۆم ساغنەبۆتەوە کە ئەفەریقاش لەگەڵما ئەمرێت.

جۆنی: چاوڕوانی ئاوات پێکهێنانێک لە مردن ئەکەیت؟

ڕادلی: چاوەڕوانم پاداشی سەبرم بدرێتەوە. چاوڕوانم ببم بە سوارچاکێکی زاڵ. لە شوێنی نیشتەجێی ئەو بەشە بم کە ئەفریقاپەرستەکانی تیا دانیشتوون. ئەوی لە مردنم ئەوێت، ژیانێکی ساکاریترە.

(دائەنیشێتەوە وە ئەمرێت)

جۆنی: شتێکی سەمەرەیە جەنگاوەرێک بچێتە زەویی ئاشتییەوە.

چارلی: من حەز لە مردن ئەکەم لە ڕێی مردنی خۆیدا وە هیچیتر.

جۆنی: وام لێهاتووە بڵێم ئەوەندە ماوینەتەوە لێرە، ئیزرائیلیش لەبیری چووینەتەوە.

(دائەنیشێتەوە وە ئەمرێت)

جۆنی: شتێکی سەمەرەیە جەنگاوەرێک بچێتە زەویی ئاشتییەوە.

چارلی: من حەز لە مردن ئەکەم، لە ڕێی مردن خۆیدا و هیچیتر.

جۆنی: وام لیٚهاتووه بڵێم ئەوەندە ماوینەیتەوە لێرە، ئیزرائیلیش لەبیریچووینەتەوە.

(مۆسیقا)

(کەمێ بیٚدەنگی)

چارلی: بیٚدەنگی دڵ زۆر پەستئەکات.

جۆنی: ڕادلی، ئەڵێی نوستوویت، بۆ قسەناکەیت؟

چارلی: ڕادلی.

جۆنی: وس، هەڵیمەسێنە، خەو زۆر بەنرخە لەم ڕۆژانەدا.

چارلی: ڕاوەستە بزانم، نوستنی چی؟ (بە تەئەثورەوە) ڕادلی مردووە!

جۆنی: ڕەحمەتی تۆ، خوای گەورە.

چارلی: (بە دەنگی بەرز) دکتورەکان، تیمارکەرەکان، وەرن، وەرن بۆ ئێرە.

جۆنی: نەء، نەء، وەرەوە.

چارلی: چییە؟ چیت ئەویٚ؟

جۆنی: ئایا هیچت بەبیرانایەتەوە؟ ئەوا بیری ئیزرائیل کەوتینەوە، وا جاریٚ ڕادلیی ڕاپێچکرد، بیٚگومان نۆرەی ئێمەش دێت. ڕادلی، لە منیش بچووکتربوو، کەچی لەپێش منیشا ڕۆیی. وەرە با دانیشین و چاوڕوانبین.

چارلی: ئەمە شتێکی سەمەرەیە، لام وایە وا باشترە کە ....

جۆنی: نەء، نەء، دانیشە و بیٚدەنگبە و بیربکەرەوە. ئا لەم کاتەدا بۆ ڕادلیی خوالێخۆشبوو دەرئەکەویٚ کە ئایا ئەتوانیٚ ئەفریقا لەگەڵ خۆیا ببات، یان بەناو هەورا وڵاخە ئاسمانییەکانی تاوبدا و لە ئەستیرەیەکەوە بچێتە ئەویتر؟ وا ژیانی تازەی دەستی پیٚکرد. با لە خوا بپاڕێینەوە کە ناومان لە داستانی دنیا ڕەشبکاتەوە.

چارلی: هیوام وایە ڕادلیی خوالێخۆشبوو بە ئاواتەکانی خۆی بگات.

جۆنی: بیٚگومان ئەگاتە ئاواتەکانی، هەروەها ئێمەش. سەرلەنویٚ تۆش دەستئەکەیتەوە بە داهێنانەکانت، چونکە لە هەر کوێیەک بیت، کاریان پێتئەبێت.

چارلی: پێویستە کاریان پێمببێت. (بە ئازارەوە) وام لیٚهاتووە هەست بە تێپەڕبوونی زەمانیش ناکەم، وەکوو یەکێکم لیٚهاتووە کە بەناو بیابانێکا بە وێڵی

دێت و ئەچێت. ناوبەناوێکیش ئەڵێی لە ڕۆخ دۆڵێکی قووڵی ناخبەدەرەوەنەبوو وەستاوم. هەست بە نەرمەباییێکی ساردئەکەم کە دەموچاوی گرتیبەربووم ساردئەکاتەوە. لەوێ، لەو ناخەدا تاریکی و ڕووناکیی ژینم تیکەڵاون. لەوێ، سنوور نییە بۆ هیچ شتێک. ئەوەتە لە بەرچاومە، ئای، وا تێئەکەوم. ئەچمە ناخ، ڕووەو ناخ ئەڕۆم (ئەمرێت).

جۆنی: (ڕووئەکاتە ئاسمان و هاوارئەکات) ئێستا نۆرەی منە. ئینجا نۆرەمە، خەتێک بەسەر ناوەکەما بێنە. خوای گەورە ڕەحمێک، بەزەیییەک، منت لەبیرنەچێتەوە. تەمەنی من هەشتاوپێنجە، ڕادلی هەشتاوسێ، چارلی هەشتاوچوار ساڵان بوو. پێویست وابوو من پێشیانبکەوتمایە، کەچی ئەوان پێش من کەوتن. (بێدەنگی) ئەو تۆزە تاڵە داوەی بەینی ژیان و مردنە، با زوو بپچڕێت. با مردن وەک برووسکە بێت و ببڕێتەوە، با دنیا بخرۆشێت، با شوێنیانکەوم بۆ زەویی ئاشتیی هەمیشەیی (بێدەنگی). ئێستا وەختیەتی، دەی خێرا، خێرا، (دەنگی مۆسیقایەکی هێمنی کلاسیک بۆ نیو دەقیقە، دەنگی زەنگی گەورە) هۆی بەرزبوونەوەی ئەم ئاوازانە چییە؟ زەنگم بۆ لێئەدەن. بێگومان بەم زووانە لە بەرەوژوور لەناو ئەستێرەکانا گۆرانیئەڵێم (ئەقیژێنێ). دەرگاکەم لێدامەخە، گوێت لێبێ. گوێم لێبگرە. کوا دەمانچەکەی ڕادلی؟ ئای وەرە (تەقەی دەمانچە).

مومەڕیضە: ئەو تەقەیە لێرەوە هات؟

جۆنی: بەڵێ، لێرەوە بوو.

مومەڕیضە: (ئەقیژێنێ) کوشتت؟ کوشتت؟

جۆنی: نەء، بەڵام ئەوان خەڵەتانیان، ڕۆیشتن و منیان لە باوەشی تەنیاییدا بەجێهێشت بۆ پاییز ژماردن.

مومەڕیضە: ئایا گوللەیتری تیا ماوە؟

جۆنی: ئەگەر تیایا بووایە، ئێستا منیشت لێرە نەئەدی.

مومەڕیضە: بۆچی هەوڵت دا خۆت بـ.... خۆت بکوژیت؟

جۆنی: هەوڵمدا کە نەرمەبایەکی سارد دەموچاوی گرتیبەربووم ساردبکاتەوە، بەڵام نەمتوانی. هەوڵمدا تاریکی و ڕووناکی ببینم، ویستم مەنطیق ببەزێنم. ژیان ڕاوەدووبنێم، خۆڵ بەسەر خۆما بکەم، نەمتوانی، نەمتوانی.

مومەڕیضە: بەڵام تێمبگەیەنە چۆن مردن؟.

جۆنی: خۆزگە بمزانیایە (بە هەناسەهەڵکێشانەوە) خۆزگە بمزانیایە.

مومەڕیضە: با بیاننێژین، ڕەحمەت بۆ مردووان.

جۆنی: دەمێکە نێژراون، خوشکێ، دەمێکە مردوون، پێویست بە زەحمەت ناکات. زەحمەت بۆ زیندوو قازانجی زیاترە.. ئاخ، سەد ئاخ، ئەوا پاییزێکیتریشم دی. وا خەزانێکیتریشم بە بەردەما تێپەڕی، چی بوو؟ ئەم هەموو پاییزانە بۆ نەبڕانەوە، بۆ نەبڕانەوە، بەسیەتی لەبیرچوونەوە، بەسیەتی نەناسراو بۆ پاییز ژماردن؟ بەسیەتی.

(مۆسیقا)

## چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر
## یان ڕزگارکەری گەل

**(پەردەی یەکەم)**

(پەردە ئەکرێتەوە، دە دوانزە سەربازی شا لەگەڵ زابتێکا، جلوبەرگی زەمانی کۆنیان لەبەرایە (شەڕواڵ و مرادخانی)، شمشێر بە قەدەوە، قەڵغان بە دەستی چەپەوە، قامچی بە دەستی ڕاست، سەر سنگی لای چەپیان پارچەیەک قوماشی سەوز و سووری پیا دووراوە (١٠ سم درێژی، ٥سم پانی) سمێڵیان زلە، دەموچاویان موجریمانەیە، لەشیان قەبە و زەلامە. ئەمانە لە دەری مەسرەح حازرن بۆ چوونە ژوورەوە لە دووسێ دەرگاوە. کە پەردە هەڵدرایەوە، سێچوار پیاوی زەبوونی لاواز، ڕانکوچۆغە و دەرپێی شەڕیان وا لەبەرا، پێڵاوەکانیان کاڵە و پێتاو و پەڕۆی شڕە، چوارپێنج مناڵ و سێچوار ئافرەتی قەیرە و جوانی لاوازی ڕەنگزەردهەڵگەڕاوی بەرگشڕ دانیشتوون، ئەم قسانە ئەکەن بە دەنگێکی نزمی پڕ لە ترسەوە.)

شامراد: ئەم زوڵم و زۆرە، نە خوا ڕەوای ئەبینێ، نە پێغەمبەر.

خلە: کوێرەوەری ئەوەیە ناشوێرین پێیانبڵێین بۆ وامان لێئەکەن؟

پیرۆز: (ئافرەتێکی قەیرەیە) کوڕە ئەی هاوار، دوێنێ لەماڵەوە دانیشتووم، لەپڕ جەردەکانی پاشا خۆیان کرد بە ژوورا و دوو سەر مەڕم مابوو، ئەویشیان برد. خوایە ئێستاکە من قوڕی کوێ بکەم بە سەرما، بە چی بژیم؟! کوڕە ئەی هاوار، غیرەت نەماوە لەناو ئەم میللەتەدا.

مناڵێک: دایە، برسیمە.

دایک: بێدەنگبە ڕۆڵە.

مامشەریف: بەخوا خوشکم غیرەت نەماوە، ئەشهەدوبیلا تۆ ڕاستئەکەی. ئای بۆ جاری جارانم، ئای بۆ چەند ساڵێ لەمەوپێش کە لە تافی لاویما بووم، ڕمبازیمئەکرد بە بەردەمی ماڵی خاتوونا، شام بە سەپانی خۆم نەئەزانی؛ میللەت تێروپڕ، خەلە و خەرمانێکی زۆر، سپیایی هەتا زستانێکی درەنگ ئەما، نە دزی، نە جەردەیی لەم ناوەدا ناویان نەبوو. بەڵام ئەوەتەی کە ئەم پاشایە هاتووە و ئێرەی داگیرکردووە، بەخوا حەیشمان پێ تاڵبووە.

شامراد: نە موڵکمان، نەماڵمان، نە زەویوزارمان، هیچی نەما، هەمووی برد بۆ خۆی. کوڕە، خۆ هەر هیی ئێمەی مسکێن نا، هیی ئاغا و خانەکانیشی داگیرکردووە. ئەم زوڵم و زۆرە، نە خوا ڕەوای ئەبینیَ، نە پێغەمبەر.

خاسەلمە: (بە تەئەثورەوە) لێڵاییمدابێت، ئەم بەیانییە کە چاوم بە لاشەی شاسوار کەوت لەژێر پێی وڵاخەکانی ئەو جرۆجانەوەرانەی پاشادا، وەختەبوو ئاگرم تیَبەربیَ. خوا ئەیزانیَ، نازداری کچمیان بکوشتایە، بەقەد ئەوەم پیَ ناخۆشنەبوو. ئەی دایکت کوێربیَ، شاسوار، چ کوڕێکی قۆزبووی، هەوهەوی سواریت هەزار دڵی دائەخورپان. دەک بەکوشتچن ئەوانەی کوشتیتیان. خوا ئاگای لە هەموو شتێکە. پشت بە خوا، بزنی بیَشاخ حەقی خۆی لە بزنی شاخدار ئەکاتەوە.

پیرۆز: بۆچی شاسواریان کوشت؟ دەک کوێربم بۆت، ڕۆڵە.

خاسەلمە: ئەریَ وەڵڵا میمکە پیرۆز، ئەم بەیانییە سەربازەکانی شا لەژێر دارا کوشتیان و ئینجا بە سواری بەسەر لاشەکەشیا دەستیان بە تەراتێن کرد.

شامراد: ئەم زوڵم و زۆرە، نە خوا ڕەوای ئەبینیَ، نە پێغەمبەر. لەسەرچی کوشتیان، خاسەلمە؟

خاسەلمە: ئینجا ئەمە پرسیاری ئەویَ؟ ئارەزووی کوشتن و بڕینی هەر کەسێکیان بوو، هەزار بیانووی بۆ ئەدۆزنەوە و لەناویئەبەن.

مامشەریف: بەخوا خوشکم ڕاستئەکەی، غیرەت نەماوە لەناو ئەم میللەتەدا. ئای بۆ چەند ساڵیَ لەمەوبەر کە ..

شامراد: (قسەی پیَئەبڕیَ) کە لە تافی لاویتا بوویت، ڕمبازیتئەکرد لە بەردەمی ماڵی خاتوونا، شات بە سەپانی خۆت نەئەزانی. ماڵکاول، تۆ قەت دوو قسەی خێرت نەکرد. ئەمسەر ئەکەیت و ئەوسەر ئەکەیت، ئەیهێنیتەوە سەر ئای بۆ چەند ساڵی لەمەوپێشم. بنێشتە خۆشەی سەر زمانت: بە خوا غیرەت نەماوە لەناو ئەم میللەتەدا، غیرەتی چی ماڵوێران؟ میللەتێکی هەژاری نەخۆشی تێنەگەیشتووی بیَپەنا، وڵاتێکی کاولبوو، زۆردارێکی بەهێزی دەعبا، ئەبیَ ئێستاکە غیرەتی چی بەکاربێنین؟ بچین بەگژ پاشادا؟ ئێمڕۆ ڕۆژی نییە. ڕۆژی نییە، چونکە هێشتا لەناو کوورەی ئێش و ئازار و سزادا باش قاڵنەبووین. (بە ئیستیهزاوە) ئای بۆ ئەو ساڵەی کە لە تافی لاویما ڕمبازیمئەکرد بە بەردەمی ماڵی خاتوونا.. نەبڕایەوە ئەم فەتحەی کە تۆ کردووتە، ئەم شێرەی کە تۆ بەگویَ گرتووتە؟!

مامشریف: ئەرێ ئەوە تووخوا شامراد، ڕۆڵە، بۆچی وا قسەکانی منت پێناخۆشە؟ خۆ من لە تۆ گەورەترم، هەی بێعەقڵ، غیرەت نەماوە لەناو ..

شامراد: وس، لەسەری نەڕۆی، تەموورەکەت تازەنەکەیتەوە. عەقڵ هیچ بە گەورە و بچووکی نییە.

خلە: تووخوا ئەگەر واز لەم بەزم و شەڕەشەقە نەهێنن. ئێمە ئێستا وەختی ئەوەمانە بچین بەگژ یەکتریدا؟ ئێوە باسی کوێرەوەریی خۆمان بکەن، ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ڕزگاربوون، نەک پەلاماری یەکتری بدەن. دوشمن بەو هەموو هێزەیەوە سەربکاتە لاکمان و ئێمەش لەناو خۆمانا پەلاماری یەکتری بدەین؟ زۆر بێشەرمییە ئەم بەزموڕەزمەمان. گوێبگرن، ئەزانن شامراد بۆچی کوژرا؟

پیرۆز: نە، دەی بە قوربانە بۆمان بگێڕەڕەوە.

مامشەریف: سا دەی کوڕم (ئەوانەیتریش هەموو لە دەوری خلە کۆئەبنەوە و ڕووی تێئەکەن).

خلە: دەمێکە مەلا شێخ وەسمان حەز لە گوڵچینی ژنی شاسواری جوانەمەرگ ئەکا.

(خەڵقەکە: ئەم قسانە چییە ئەیکەیت؟ ئەوە خەڵەفاوی، عەیبناکەی وا بە مەلا شیخ وەسمان ئەڵێیت؟!)

پیرۆز: ئەو پیاوە نوورانییە، ڕۆحم بە قوربانی بێ، بەو کۆڵە عیلمەوە ئەچێ شتی وا ئەکات؟

خلە: ئێوە گوێبگرن، ئینشائەڵڵا درۆناکەم.

شامراد: دەی تووخوا ئەگەر نەیگێڕیتەوە. بە خوا منیش دیومە، زۆر بە بەردەمیماڵی شاسوارا ئەهات و ئەچوو، هەر چاوی ئەبڕیە دەرگاکەی ئەوان.

خلە: هەتا دوێنێ ڕەنگە هەزار جار سەرەڕێی بە گوڵچین گرتبێ. دە دوێنێ ڕاستوڕەوان خۆی ئەکا بە ماڵی گوڵچینا. گوڵچینیش ناکاتە نامەردی، پەڵێکی باشی پیائەکێشێ و دەرگای حەوشەی لەسەر دائەخا و جواب ئەبا بۆ شاسوار. شاسواریش دووسێ تفی لێئەکا و پەلاماری خەنجەری لێئەدا بیکوژێ. وەڵڵا خەڵقە کە بەسەریانا دائەبارێ و بە ئەمری مەلا، شێخ شاسوار ئەگرن و لە حەپسخانەدا لەژێر دارا ئەیکوژن.

شامراد: دەک بە نەعلەت بی، ئینسانی ناپاک.

خەڵقەکە: ئەی هەزار جار.

خاسەلمە: ئەی ڕەحمەت لەو دایکەی شاسواری خستۆتەوە.

خەڵقەکە: ئەی هەزار جار.

منالێک: برسیمە دایکە.

دایک: بێدەنگبە ڕۆڵە، خوا ئەم زوڵمە قبووڵنەکات. (زابت و سەربازەکان دێنە ژوورەوە بە پڕتاو)

زابت: ئەرێ ئەو غەڵبەغەڵبە چییە بێئابڕووییینە، دەی هەڵسن ملبشکێنن (خەڵقەکە بە ترسەوە، ئافرەتەکان مناڵەکانیان ئەگرن بە باوەشەوە.)

شامراد: بۆ کوێ بچین میرم، غەڵبەغەڵبی چیمان کردووە؟

زابت: بێئابڕووییینە لە ڕووی منا وەرئەگەڕێنەوە؟! دەی تێیانهەڵدەن.

(ئەیاندەنە بەر قامچی. ژن و مناڵ هاوارئەکەن و ئەگرین و خۆیان ئەدەن بەسەر مناڵەکانیانا.)

شامراد: (هاوارئەکات) خوایە ئەم زوڵم و زۆرە قبووڵنەکەیت، خوایە ئەم زوڵم و زۆرە قبووڵنەکەیت.

زابت: تێیهەڵدەن، بیانکوژن ئەم هەرچیوپەرچییانە. بەدەم هاواری شامراد و گریان و ناڵەی ئافرەت و مناڵەوە، پەردە دائەدرێتەوە.

**(پەردەی دووەم)***

* ئەم شانۆییە لێرەوە لە دەفتەرێکی دەستخەتی نووسەردا بە ناتەواوی ماوەتەوە. (س)

## خەسوو یا هەژدیها

عارف: کوڕە هەتیو ئێوارەیە و وەختی بەربانگە، ئەم مووشێن و مووشێنکارییەتان لە چییە؟ خوا بتانگرێ.. ئافەرم کوڕی خۆم، ئافەرم. هەستە وەرە لای باوکی خۆتەوە. ئۆخەیش کوڕم، چیتە، ئەوە نەخۆشی؟!

ژن: ئەرێ وتت چی، پیاوەکە؟ وا نزیکبۆوە.

عارف: چی، ئافرەت؟

ژن: چووزانم چی.. ئەمە سەدجار باسمانکرد.

عارف: ئای لە بۆڵەی ژن.. ئافرەت بەیانی بۆت دێنم، ئێوارە بۆت دێنم، بڵێم چی؟!

ژن: بۆ منی ئەهێنیت؟ وا ئەزانی لەمماڵەدا هەر منی تیام!

عارف: تۆی تیانیت.. هەر تۆش نانناخۆیت. ئەزانی دنیاکەی گرانییەکە، ئەوسەری دیارنەبێت! جارێ مەعاشەکەم هەر بەشی کرێخانوو و نانی وشک ناکات. چی بکەم؟ ئەو یەکدوو پوولەی هەشمانبوو، خواردمان. بۆ ئەوەی بەشکم ئەمە خوایە لایەک بە لایەکا بکەوێ.. ئەم گرانییە لەناوا نەمێنێ.

ژن: جا هەر بۆ ئێمە گرانییە؟! ئەی ئەم خەڵکە بۆچی هەر ڕۆژەی بابەتێک لەبەرئەکات، لەسەر نووکی پەنجە ئەڕوات؟

عارف: قوڕ بەسەر عارف، ئەم چاولێکەرییە نەبڕایەوە؟ مردووتمرێ، چەند جارت پێئەڵێم فلان و فیسار لە من مەگرەوە! من مووچەخۆرێکم، لە دەی مانگدا فوو لە مەعاشەکەم ئەکرێت، ئەکەومە قەرزوقۆڵە لەسەر مانگی تازە.. خۆت حاڵەکەم باش ئەزانی، ئافرەت، چی بکەم.

ژن: بەخوا دە دینارم ئەوێ.

عارف: دە دینار! تەنها دە دینار، لە کوێی بێنم؟ وەڵڵا نییە. قوڕی کوێ بگرمەوە و بیکەم بە سەرما! ئەمە چۆن ئەبێ؟ هەرچی تۆ فەرمووت، من بیکەم؟! بۆ خاتری خوا، خۆت باش ئەزانی کە مەعاشەکەم چەندە. ئەبێ مانگی چەند خەرجکەین؟ کە بووم بەژێر باری قەرزارییەوە، چۆن بۆم ئەدرێتەوە؟ نابێ تۆزێ ئەقڵتبێ، ئافرەت؟ ئەمە شەش ساڵە لەگەڵمایت، نەبڕایەوە؟

ژن: ئەشهەدو، هەرچییەک دایکم ئەڵێ، ڕاستئەکات.

عارف: بۆ دایکت هات بۆ ئێرە؟ من ئەموت حەز لە چارەی ناکەم، با نەیەتەماڵمان.

ژن: خۆ نەهاتووە سواڵت لێبکات؟ بەزیادنەبێ، ئاوا!

عارف: لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم! ئەزانم نەهاتووە سواڵم لێبکات، هاتووە ماڵم وێرانکات. قوڕ کا بە سەرما. هەر کاتێ هاتبێ، گەڕەکەکە هاتۆتە سەیرمان. کردووینی بە سینەمای خەڵکی، ئینجا ڕۆیشتووە. ئەوا نانەکەشم لە قوڕگ گیرا.. ماڵتان وێرانبێ!

ژن: بەسە، بەس لەسەری بڕۆ. ئەوە بۆ ئەو دایکەمت لێبووە بە دێو و درنج؟ خوا بیبڕێ ئەم بەشەی من. بە قوربانی خوا بم، ئەگینا من و تۆ هەر قسەی لێمەکە.

عارف: بۆ ئافرەت من چیم؟ دایکت نەبێ، هەموو کەس دەست بە سنگەوە ئەگرێ و ڕێزم لێئەگرێ. ماڵی خەڵک ناخۆم و چاوم لە دەستی کەسەوە نییە و سەربەرز و سەربەست ئەژیم، ئیتر چیمە؟

ژن: بەڵێ، بە قسە تەواوی.. کوێربم بۆ ماڵ و حاڵەکەت، هەموو خەڵک گاڵتەمان پێئەکات. پێکەنینیان بە ناوماڵەکەم دێ.

عارف: بەڵێ، ئەوانە بە ماڵەکەی من پێئەکەنن، کە هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێک یاریئەکەن و بە مەرایی و ڕیایی. درۆودەلەسە لە پێناوی پارەدا، ئەوەی ناشێ ئەیکەن. من باش لە دنیا گەیشتووم.. ئەوەی ئارەقی ناوچەوانی خۆم نەبێ، نامەوێ. ڕەوشتبەرزی بە دەوڵەمەندی و فەقیری نییە.

ژن: ئەوەی منی کوشتووە، ئەم کتێبکڕینەی تۆیە.. پارەی ئەو کتێبە بدەی بە من، باشترنییە؟

عارف: کتێب، کتێب دیسانەوە. ئەگەر هەمووتان بمرن لە برسا، کتێب و ڕۆژنامە هەر ئەکڕم، تا ئەو ڕۆژەی تۆ لە داخا ئەتەقی! وەک سەگی پێسووتاو، بەملادا ڕاکە و بەولادا ڕاکە و پارە پەیداکە، کەچی ئێوارە وەک سەگ قاچت بگرن، نەهێڵن بحەوێیتەوە! بڕۆم، بڕۆمەوە دەر.

ژن: دە بڕۆ، بۆ لێماننابیتەوە؟ کێ قسەیکردووە، بەزیانەبێ یا خوا؟ هەر کە دایکم سەرێ لە منداڵەکان بات، تۆ ئەیکەی بەم کارە.

عارف: کچێ، دایکت، حاڵی دایکت.. ئەو ماڵبەقوڕگیراوە، کچێ دایکت ژنی چاکە، بەسەروسیمایە. دەک بەخێربێت یا خوا، سەر هەردوو چاوەکانم هاتی، دیسانەوە گەورەتکردین، فەرموو، لای سەروو دانیشە.

خەسوو: کوڕە ئەوە "دایکت، دایکت"ی چیتە، شێتبوویی؟

عارف: ئەڵێم ئەوە دایکە بەڕەحم و شەفەقەکەتەکەتە!

خەسوو: ئەرێ بەخوا ڕۆڵە، ئەمەندە بەزەییم بەم منداڵانەدا دێتەوە.

عارف: بۆ هەتیون؟ ڕاستئەکەی، فەرموو ئیسراحەتکە. یا خوا بەخێربێیت، سەر هەردوو چاوم.

خەسوو: عەمرت درێژبێ و قەبرەکەت پڕ لە نوور بێ.

عارف: چی؟

خەسوو: قەبرەکەت پڕ لە نوور بێ!

عارف: قەبری کێ؟

عارف: قەبری تۆ؟

عارف: هاتووی قەبرم بۆ هەڵکەنی و قەبرم بۆ هەڵبەستی؟ دەک بەخێرنەیەیت، بۆ خاتری پێغەمبەر.

خەسوو: خۆ ناڵێم ئێستا، بە عەمری درێژ ..

عارف: دەی قەبر نەتگرێتە خۆی!

خەسوو: ئەڵێم وەرن ڕۆڵە، سەرو عانەتان بەمێ. دە وەرن، ڕۆڵە وەرن.

عارف: تەشەکورتئەکەم. دانیشن ڕۆڵە، فێری عانە و مانەیان مەکە.

منداڵ: بابە، ئەڵێی چی؟

عارف: هەتیو، ئەمجارە هەر کامێکتان مووشێن و هەڵماتێن بکەن، چاوتان دەردێنم، عەمرتان نەمێنێ. سەیری ئەو دەموچاوە پیسانە.

خەسوو: ئەیەڕۆ، ئەوە بۆ وایان پێئەڵێیت؟ سەروشکڵت خواتەوە!

عارف: ئەڵێم موداخەلەی ئومووری من مەکە. جارێکیتر دە فەرموو وەرە بەربانگبکەرەوە.

خەسوو: بەو خوایەی هەموومانی دروستکردووە، بەربانگناکەمەوە، تا خوا حەقم لە حاجی نەسێنێ.

عارف: کام حاجی؟

خەسوو: باوکی کافییە.

ژن: بۆچی دایە گیان؟ ناشێ دیسان شەڕتانبووبێ لەگەڵ باوکم؟

خەسوو: ئەرێ وەڵا، داوای لاگیرەیەکم لێکرد، هەزار قسەی سووکی پێوتم.

عارف: ئەگریجەڕشکن، تۆ لەم عومرەدا لاگیرەت بۆ چییە؟ سەیری ئەم هەموو تیتیلە و بیبیلەیە لە خۆت داوە، ئەڵێیت مەزاتخانەکەیە! کچێ، عەیبناکەی؟

ژن: تووخوا دایە گیان گوناهە ئا بەم ڕەمەزانە بەجێتهێشتووە و ....

خەسوو: وس کچێ. دەمدرێژینەکەیت، نەهاتووم بۆ لای تۆ، هاتووم بۆ لای مارفەفەنی.

عارف: کچێ ناوم عارفە، عارف! پێنج ساڵە ژنمهێناوە. تازە پێمئەڵێ مارف. ئەی عەمرت نەمێنێ، ئاوا!

خەسوو: دە بڵێم چی. هەر وا بۆم دێت.

عارف: ئێستا بەخێرێ یەعنی تۆراوی!

خەسوو: ئەرێ وەڵا ڕۆڵە تۆراوم.

عارف: دەی گەورەتکردین. بەخێربێی بۆ خاتری قورعان. ئینشائەڵا پێوقەدەمت خێرئەبێ، بەم بەرەجەژنانە.

خەسوو: ئینشائەڵا.

عارف: کوڕم، ئەوە بۆ نانناخۆیت؟ چیتە، نەخۆشی؟ نەمریت، هەتیو. نەک پێوقەدەمی شەڕ بێت.

خەسوو: نە ئینشائەڵا، خوانەکات. بۆ مناڵەکان ئەترسێنی؟

عارف: مناڵەکە لە نەنکی ترساوە. دە فەرموو وەرە بەربانگمان لەگەڵا بکەرەوە، پوورێ.

خەسوو: سوێندمخواردووە، نانناخۆم.

عارف: سوێند لەسەر نان ناکەوێ. فەرموو با بێتە ئێرە.

ژن: دە بخۆ دایە گیان، با ساردنەبێتەوە، بۆ ئیمانت زەرەرە.

خەسوو: بەخوا مەگەر لەبەر خاتری مارفەفەنی تۆزێ بخۆم.

عارف: کچێ عارف، عارف، ناوم عارفە پووری.

خەسوو: بەخوا ڕۆڵە هەر مارفم بۆ یەت، چونکە باوکم خزمەتکارێکی هەبوو، ناوی مارف بوو.

عارف: کچێ، تۆ باوکت لە تەمەڵخانەکەدا مرد، ئیتر خزمەتکاری چی و ماڵی چی و شتی چی! تێتگەیەنم عارف یەعنی چی پووری؟

خەسوو: لەسەری مەڕۆ، سەرم دێشێ. نەوەڵا تێمەگەیەنە.

عارف: عارف یەعنی دانا و زانا و تێگەیشتوو، بە ئیبداع باوکم بۆیە ناوی ناوم عارف، بۆ ئەوەی لەم ڕۆژە ڕەشە بگەم.

خەسوو: کوڕە ناشوکور مەبە، خوا خراپتری لایە.

عارف: لەمەش خراپتر، ئەبێ چی بێ؟! تێئەگەم، ئەزانم، ئەی ناڵێم ناوم عارفە. (لە دەرگا ئەدرێ)

عارف: ئەوە کێ بوو؟ دەرگایە، کوڕە ئەو دەرگایە بکەرەوە، بزانە کێیە.

خەسوو: بەخوا باوکم من ناڕۆمەوە.

عارف: بۆ کوێ ئەڕۆیتەوە؟ دانیشە.

مناڵ: بابە، حاجی ڕەحیمە.

عارف: کام حاجی ڕەحیم؟

مناڵ: حاجی ڕەحیمی ساحێبخانووەکەمان.

عارف: پارەی ئەوێ.. نەمداوەتێ. ماڵی کرێخانووم بەقوڕگرت، مەعاشەکەمان دوو کرێخانووە.

حاجی: سەلامون عەلەیک.

عارف: وەی عەلەیکە سەلام، بەخێرهاتی. حاجی، فەرموو دانیشە.

حاجی: باوکم، بۆ وامان لێئەکەیت، گوناحمان، خراپیمان؟!

عارف: چیم لێکردوویت، حاجی؟

حاجی: ئەمڕۆ هەشتی مانگە، یەکفلست نەداومێ.

عارف: هەشتە، یا نۆ؟

حاجی: هەشتە.

خەسوو: ئەمە بەخێرێ کرێخانووەکەشت نەداوە؟

حاجی: ئێ، پارە بێنە.

عارف: حاجی لە ئیجرا بۆم داناوی، چونکە میری خۆی نرخی بڕیوەتەوە بۆ خانوو. تۆش کە هانیم، وەرتنەگرت.

حاجی: ئیجرا.. ئیجرای چی؟ ئەمەشت کرد! من ئیجرا و میجرا نازانم. بەو کەعبەیەی دەستم پێوە گرتووە، بەتەواوی نەمدەیتێ، شڕوشیتاڵت فڕێئەدەمە دەرەوە. من لەبەر خاتری حاجی نەبووایە، چۆن خانووم بە سوڵکەری وەکوو تۆ ئەدا!

عارف: حاجی، ئەمە سوڵکەرییە کە بەم بانگی شێوانە یەخەم پێبگری. میری چەندی داناوە، یەکفلس زیاد نادەم، بڕۆ شکاتبکە.

حاجی: قوڕ بە سەرت، هەزار فڕوفێڵ هەیە. وا ئەزانیت بەمە ڕزگارتئەبێ. سبەینێ ئیجازەی بۆ دەردێنم، هەر لە بنەڕەتەوە ئەیکەم بە دوو خانوو. دیارە زۆر بێعەقڵی، دوو خانووی باشی تیائەبێ، کە یەکی ٥٠ دینار بکات. لەبەرئەمە لە ئێستاوە مشووری خۆت بخۆ.

عارف: ئەزانم ئەتوانی، بەڵام خۆت ئەزانی کە ئێستا گرانییە و منیش هەر ئەوەندەم پێهەڵئەسووڕێ، خۆشم بەیانی دێم، تێتئەگەیەنم.

حاجی: چیم تێئەگەیەنی؟ من پارەم ئەوێ، پارە!

خەسوو: دەی لێرە تێیگەیەنە مارف. بۆچی ئەیخەیتە سبەینێ؟ ئێستا پارەکەی بدەرێ.

حاجی: وەڵا شڕوشیتاڵت فڕێئەدەمە دەرەوە.

عارف: شڕوشیتاڵ هەمووی فرۆشرا، بە سەری باوکی هەردووکمان.

حاجی: ئەوەی کە ماوە، لەگەڵ خۆت و ماڵ و منداڵت. من تاقەتی ئەمەم نییە.

عارف: بە ئەصحاب، هەمووی باییی دوو دینار نابێ.

حاجی: قەینا.. خۆت ئەبینیتەوە.. خوا حافیز.

عارف: کچێ، پێوقەدەمت خێرە. شاڵڵا پێیان ببڕیتایە، پێش ئەوەی بێیت بۆ ئێرە.

خەسوو: بەخوا پێت خۆشبێ و پێت ناخۆشبێ، ناڕۆم.

عارف: ئێستا تێگەیشتی کە ئەمە حاڵوئەحواڵمانە.

خەسوو: ئەوە پێمناڵێی ئەو مەعاشە چی لێئەکەی؟ تۆ کوڵێ مەعاش وەرئەگری.

عارف: ئینجا حیسابمان لەگەڵا دەکەی، مدیری حیسابات! مەعاش ئەدەم بە ساڕۆخ، ئەچم بۆ مانگ لەتاو تۆ.

خەسوو: لەتاو من بۆ؟ خوا بەزیادی خێرم نەکرد، ناوی من نەهێنی، هۆو..

عارف: ئەیدەم بە قومبەلەی زەڕی و هایدرۆجینی، بۆ ئەوەی هەردووکمان ببین بە خۆڵەمێش.

خەسوو: بە چی؟

عارف: بە خۆڵەمێش.

خەسوو: ئەیەڕۆ، خۆڵەمێشی چی؟!

عارف: خۆڵەمێش ئەوەیە، بیلامانێ، کە کەر خۆی تێدا دەگەوزێنێ.

خەسوو: بەزیادنەبێ یا خوا. لە ئۆمەتنەچوو. (لە دەرگا ئەدرێ)

عارف: ئادەی بزانە لەدەرگایان دا، قەدەمت خێرە.

خەسوو: خێرئەبێ ئینشائەڵڵا، مارف ناڕۆمەوە.

عارف: کچێ، ناوم عارفە، عارف.

مناڵ: بابە کاک نوورییە.

خەسوو: بەخوا هاتووە بەدوای منا، وەڵاهی ناڕۆمەوە.

عارف: کچێ، تۆ مەڕۆ، من ئەڕۆم.. من.

نووری: سەلامو عەلەیک.

عارف: عەلەیکە سەلام، یا خوا بەخێربێیت، فەرموو. (هەموو بەخێرهاتنی ئەکەن)

نووری: ئەرێ حاجیژن عەیبە، بۆ ئەو پیاوەت بەم ڕەمەزانە جێهێشتووە.. تۆ کەی لەوەدا ماوی!

خەسوو: نەموت هاتووە بەشوێن منا، بەخوا ناڕۆمەوە.

عارف: کچێ، بۆ کوێ ئەڕۆیتەوە؟ ئەوە هاتووی بەشوێن ئەوا؟

نووری: ئەرێ وەڵڵا.

خەسوو: ناچمەوە، ناچم. لاچۆ، من ناڕۆمەوە.

نووری: وەڵڵا حاجی ئەوەتا لە ماڵەوە، خوێن لە جەرگی ئەتکێ.

خەسوو: خوایئەکرد هەموو جەرگی کونکونئەبوو.

عارف: کچێ عەیبە ئەم قسانە بە مێردەکەت ئەڵێیت. خوا بتگرێ، سی ساڵە ژنیت، عەیبناکەیت؟

نووری: وەڵڵا وایە، باوکم.

خەسوو: مارفەسیس، ئەوە دەرمئەکەیت؟!

عارف: کچێ، بۆ دەرتئەکەم؟ هەستە، وەرە نانەکەت بخۆ.

خەسوو: ناخۆم، بڕایەوە. (حاجی دێتەژووری)

عارف: یا خوا بەخێربێیت، مامە فەرموو، فەرموو.

ژن: بابە بەخێربێیت.

حاجی: ئێستە تۆ بۆ وا ئەکەیت، ئافرەت؟ تۆ عەیبناکەیت؟ من خراپیم چییە؟ ئەوەندە ئەڵێم تەداخولی ماڵی عارفەفەنی مەکە و وازیان لێبێنە، با بۆ خۆیان بێقڕە دانیشن.

عارف: گوایە -خوانەخواستە- ئەم تەداخولی ئوموری ئێمەی کردووە؟ نەوەڵا مامە!

خەسوو: ئەوە گاڵتەم پێئەکەیت؟ بەزیادنەبێ لە عومرت، ئاوا.

حاجی: بەسیەتی، واز لەم قسانە بینە، ئافرەت. سەیری چەند دەمی درێژە، لێرەش قسەئەکات!

خەسوو: نابێ دوو قسە لەگەڵ کچەکەم بکەم و دوو نەسیحەتی بکەم؟

حاجی: تۆ هەتا ئەگاتە ئەو تەمەنەی ئەیدەی بە شوو، تێر لە نەسیحەت ناخۆیت؟ وا حەوت ساڵە شوویکردووە، ئەم نەسیحەتە تەواونەبووە. دە بەسە، بەس. چاوت لێیە چیت بەسەر ئەم ماڵەش هێناوە؟!

عارف: نەوەڵڵا، نەء، پێوقەدەمی خێرە.

خەسوو: ئەوە گاڵتەم پێئەکەی، مارف.

عارف: نەوەڵڵا، حەددم چییە گاڵتەت پێبکەم.

نووری: دە هەستە حاجیژن بڕۆرەوە ماڵەکەت.

خەسوو: دە بڕۆ، بڕۆ. با بڕۆین.

حاجی: باوکم، بە ناموسم، قەت شتی خراپم بە دەما نەهاتووە. وام لێهاتووە کە ..

عارف: وس نەیڵێیت، بۆ خاتری خوا، نەیڵێیت بۆ خاتری پێغەمبەر. ماڵی من ویراننەکەیت.. ئەمە خەسووە یا هەژدیها؟!

حاجی: سا وەڵڵا وە بیللا وە تەڵڵا، کە هەرسێکی ناوی خوایە، ئەگەر ئێستە پێشمنەکەوی، لە سبەینێ زووتر نییە، بێوەژنێک ئەدۆزمەوە. هەر بۆ پەندی پسات، ژنی بەسەرا دینم.

خەسوو: چی.. چی؟ کات درەنگبوو، با بڕۆم.

(هەموو دەستئەکەن بە پێکەنین)

# داد لەدەست هەژاری*

**(؟)**

جەلال: (لە خەو ڕائەپەڕێ) ڕەحمە، کچێ ڕەحمە.

ڕەحمە: (خەواڵووە) چییە ئەوە؟ بیسمیللاهی ڕەحمانی ڕەحیم.. داتچڕەکانم، خوا داتچڕەکێنێ. ئەوە چییە، ئەوە چییە، بەم بەرەبەیانە؟

جەلال: دە هەڵسە چاییێک لێنێ و بزانە سەعات چەندە؟

ڕەحمە: بەم بەیانییە بچم بە مارانەوە بگەڕێم، بزانم سەعات چەندە؟ یا خوا موبارەکنەبێ ئاوا. ئاخر ئەگەر سەعاتەکەت نەفرۆشتایە، باشترنەبوو؟

جەلال: باشتری چی بوو، ئافرەت؟ ئەی ئەگەر سەعاتەکەم نەفرۆشتایە، چیمان بکردایە، چیمان بخواردایە؟ بەخوا ئەگەر ئەو دوو دیناری سەعاتە نەبووایە، ئەم هەفتەیە نانی وشکیشمان دەستنەئەکەوت.

ڕەحمە: ڕووناک، ڕووناک.

ڕووناک: ئەڵێی چی دایە؟

ڕەحمە: هەرسە ڕۆرە، بچۆ بۆ ماری حەپسەخان، بزانە سەعات چەندە و پیارەییێکش چامان لایانە، بیهێنەرەوە.

ڕووناک: بەخوا دایە من پێم عەیبە داوای چایەکەیان لێناکەمەوە.

ڕەحمە: بۆچی عەیبە ڕۆرە؟ قەرز و قەرزکاری عەیبی بۆ چییە، خۆ سواریان لێناکەین.

جەلال: ڕووناکخان، عەیب مەعنای چی؟ پیاڵەیەک چایان بە قەرز بردووە و تۆ داوای پیاڵە چایەکە ئەکەیتەوە، کچم.. هەڵسە دەی خێرا.. سەعاتەکەت لەبیرنەچێ؟

ڕووناک: نەء، بابە لەبیرمناچێت.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٥٠-٤٥٩.

ڕەفیق چالاک، لە دوا لاپەڕەی دەفتەرەکەیدا دەورەکانی بەمجۆرە دابەشکردووە: ١. جەلال: ڕەفیق چالاک، ٢. عەزیز: فائق چالاک، ٣. ڕەحمە: ئەحمەد دلاوەر، ٤. مودیر: نووری عەنبەر، ٥. ڕووناک: ئەحمەد مەحموود. (ک.ڕ)

ڕەحمە: ئێی پیاوەکە.

جەلال: ئێی چی؟ فەرموو.

ڕەحمە: کوا باقیی پارەی سەعاتەکە؟

جەلال: بۆچی؟

ڕەحمە: چونکە ئەمڕۆ هیچمان نییە بۆ ئەوەی شتی پیێبکڕین.

جەلال: بە قەرز، قەرزبکە لەو دووکانانە، ئافرەت. ئەم عالەمە هەمووی بە قەرز ئەژی، کەس نییە قەرزارنەبێت.

ڕەحمە: ئەوەندەمان قەرزکردووە، ئیتر کەس متمانەمان پیێناکات.

جەلال: لاحەولە وەلا قووەتە.. ئینجا باشە ئیتر چی بکەین، خەتای من چییە؟

ڕەحمە: ئەی خەتای منە؟ یا خوا موبارەکنەبێ ئاوا. ئاخر ئەگەر نەختێ سەرڕاست بوویتایە، وامان بەسەرنەئەهات و لە گەڕەکەکەدا حەیامان‌نەئەچوو.

جەلال: کەس هەیە لە دنیادا زەڕەییێک عەقڵی بێ و حەزبکات هەژاربێت، حەزبکا ناڕاستبێ، حەزبکا قەرزکوێر بێت؟ چی بکەم، ئافرەت، ماڵی نەبوونیم بەقوڕگرت، ئاوا..

ڕەحمە: کەیفی خۆتە، من حەقم نییە بەسەر ئەم قسانەوە.

جەلال: ئەی حەقت هەیە بەسەر چییەوە؟ هەر ئەوە ئەزانی بڵێی بێنە، بێنە، ئەمەوێ..

ڕەحمە: مار هەموو شتێکی ئەوێ.

جەلال: مار، کچێ زمانت ڕاستکەرەوە، مار بەسەری زمانتەوە با، ئاوا. دە بڵێ ماڵ. ماڵ بەخوا ئەم زمانخوارییەی تۆ سەری لێشێواندووم.. دە وەکوو خەڵقی بڵێ ماڵ، پیاڵە، خەڵقی.. ئەم لامە قوڕبەسەرانە بۆ ئەکەی بە ڕێ..

ڕەحمە: ئەی سندان لە بەربینت هەرێ ئاوا. ئەوە گارتەم پێئەکەی؟

جەلال: تۆ.. دیسانەوە بەزمەکەیە، ئێستا وازمان لە زمانت هێنا و چۆن قسەئەکەی بیکە و سابیرم.. بەڵام داخم مەکەرە دڵەوە.

ڕەحمە: من داخ دەکەمە دری تووە، یان تۆ هەموو ڕۆژێک بەزمێکم پێئەگری؟ ئەگەر نیو دینارت بدایە بە بەکری قەساب، شتەکانی حیجزنەئەکردین.

جەلال: لەسەری مەڕۆ، هەتا تووڕەنەبووم. ئەوا ڕووناک هاتەوە. سەعات چەندە، ڕووناک؟

ڕووناک: سەعات هەشتە بابە گیان.

جەلال: هەشت ئەی قوڕ بە سەرم. ئەوا ئەمڕۆش دواکەوتم، باشە ئەمە ئافرەت؟

ڕەحمە: دواکەوتم، دواکەوتم، من وتوومە دوابکەوە؟ کرێکاریەتیش بووە بە ئیش، دواکەوتم.

جەلال: ئەی کرێکاریەتی ئیش نییە، چی؟ بەناموسم ئەمڕۆ مودیر ڕوبعەدینارێکی مووچەکەم ئەبڕێ.

ڕەحمە: مودیر؟ (پێئەکەنێ) کام مودیر؟ بۆچی قۆمیسەری؟ کرێکار مودیری کوا؟

جەلال: ئەوە گاڵتەم پێئەکەیت؟ کرێکار بۆ مودیری نییە؟ ئەی لە کارگەدا ئیشناکەم؟ ئەی کارگەمان مودیری نییە؟ ئەی لەمەوپێش ئەمانەم هەموو بۆ باسنەکردووی؟ ئینجا ئافرەت کە وابوو بۆ شووتکرد بە منی کرێکار، بۆ قۆمیسەرێ، زابتێ، دوختۆرێ، موهەندسێکت نەدۆزییەوە شووی پێبکەیت؟

ڕەحمە: بە قوربانی چارەنووسی ئەو خوایە بم.. ئیتر بڕێم چی؟ هەموو ڕۆژێک من دابنیشم ئەو جلە چەورانەی تۆ بشۆم.

جەلال: ئەوە ئەزانی تۆزێ دەستم کورتبووە، لێمهەڵئەگەڕێیتەوە. بە باو و باپیرتەوە بە قوربانی ئەم جلە چەورانەم بێت. ئەمە جلی نانپەیاکردنە بە شان و بازوو، بە ئارەقی ناوچەوان.

ڕەحمە: ئێستا چیمان وتووە، وا تووڕەبوویت. بێنە پارەم بەرێ، شتی پێبکڕم.

جەلال: بۆ نامبەی لە بازاڕ بمفرۆشی؟

ڕەحمە: ئینجا کێ تۆی ئەوێت؟

جەلال: دە وازم لێبێنە کەواتە، هەتا پارە وەرئەگرین؟

ڕەحمە: ئەی چی بخۆین؟ بە چی بژین؟

جەلال: لە پارەی سەعاتەکە تەنیا پەنجا فلسم پێماوە. سی فلسی بۆ تۆ، بیستیشی بۆ من.

ڕەحمە: دەک موبارەکنەبێت، بێنە هەر پەنجا فلسەکە.

جەلال: فەرموو، فەرموو ئەوە پەنجا فلسەکە، بەڵام دا لە ژیانی ئاوا، بە عاسمان ڕۆژانەکەم ئەبرن.

ڕەحمە: دە خێراکە بڕۆ.

جەلال: خێرا؟ خێرای چی؟ بێچا، بێنان، بێپارە، بێجگەرە، بە سکی برسی و لێوی وشک بچمە سەر ئیشێکی قورس، دە دوانزە سەعات میلبازیبکەم. ئەی بەڵام دا لە هەژاری، داد لەدەست هەژاری.

(مۆسیقا)

مودیر: ئا وەرە جەلال، ئەوە ئەمڕۆ بۆچی دواکەوتی؟

جەلال: وەڵڵا قوربان مودیر، چی بێ لە تۆ نهێنیبێ، ئەمجارە لێمببوورە. بە سەری جەنابت، ئەم هەفتەیە بە پارەی سەعاتەکەمان ژیاوین.

مودیر: تۆ ئەم قسانە بۆ کێ ئەکەیت؟ سەعاتی چی و ژیانی چی؟ ئێمە بە پارە تۆمان ڕاگرتووە تا ئیشمان بۆ بکەیت.

جەلال: ئینجا قوربان، خۆت و ویجداتی خۆت.

مودیر: بڕیارمان دا مووچەی نیوڕۆژت لێببڕین.

جەلال: قوربان نیوڕۆژ زۆرە. من تەنیا سەعاتێک دواکەوتووم، نەک نیو ڕۆژ.

مودیر: سەعاتێک نیو سەعات، چارەکێک دواکەوتوویت، ئەمەیە جەزاکەت.

جەلال: ئاخر قوربان هەموو شتێ بە خوێ، خوێش بە مەعنا! ڕۆژی چوارسەد فلسم هەیە و هەشت سەعات ئیشئەکەم. سەعاتی بە پەنجا فلس. ئیتر بۆچی دووسەد فلسم لێئەبڕی؟

مودیر: ئەوە حیسابی سەعات و دەقیقەم لەگەڵا ئەکەیت؟ ڕازیت بەمە، ڕازیت.

جەلال: ئاخر میرم غەدرم بۆ لێئەکەیت؟ وەکوو تۆ لەسەر حەقی خۆت سووری و حیسابی سەعاتێک ئیشکردنم لەگەڵا ئەکەیت، منیش حەقم هەیە داوای حەقەکەی خۆم بکەم.

مودیر: درێژەی ناوێت. ڕازیت ڕازیت، ڕازینیت دەرگای کارگەکە وا لەسەر گازی پشت، حوشتریشی پێوەئەچێ. هەزار کرێکاری بێئیش چاوەڕێی ئەوەن عەمەلەیێک دەربکرێ و بچنە جێگاکەی. یاڵڵا بڕۆ بە لای ئیشوکاری خۆتەوە.

(مۆسیقا)

(دەنگەدەنگی سەرشەقام)

عەزیز: جەلال، جەلال، لەگەڵ تۆمە جەلال.

جەلال: من؟ ئا مەرحەبا کاک عەزیز، چاکی شوکور؟

عەزیز: سەلامەتبی، تۆ شوکور چاکی؟ ئەوە چییە، بۆ وا پەشۆکاوی و ڕەنگت زەردهەڵگەڕاوە؟

جەلال: کوا پەشۆکاوی چیم؟ هیچم نییە.

عەزیز: وەرە، با بچینە ئەو چایخانەیە دانیشین.

جەلال: نایەم بۆ چایخانە.

عەزیز: وەرە یەکدوو قسەبکەین، بۆ نایەیت؟

جەلال: چونکە پارەم پێنییە.

عەزیز: بۆچی پارەت پێنییە؟

جەلال: ئینجا ئەوە پرسیارە ئەیکەیت؟ پارەم پێنییە و بڕایەوە. ئیتر ئەم درێژەیەی بۆ چییە؟ تۆ سەرەڕای کوێرەوەریی خۆم، دەردم گرانئەکەی؟

عەزیز: باشە، وەرە من پارەی چایخانەکەت بۆ ئەدەم.

جەلال: پێویستناکات. بەزیادبێ، پێمانگەیشت.

عەزیز: دە بڕۆ، با بڕۆین، بەرەوخوار ناچیتەوە بۆ ماڵەوە؟

جەلال: خۆشم نازانم. وا ئەڕۆم بزانم هەتا کوێ بڕئەکەم.

عەزیز: تووخوا ئەگەر جەلال پێمناڵێی چیتە، من لە جێی براتم. هەر دەردێکت هەیە، بۆ منی باسبکە.

جەلال: بڕیارم وایە شتێک بکەم.

عەزیز: شتێک؟ ئیش. ئەی بەتاڵیی ئێستاکە؟

جەلال: کەر لە کوێ کەوتووە و کوننە لە کوێ دڕاوە، ئیشی چی! ئەمەوێ خۆم بکوژم.

عەزیز: خۆت بکوژی؟ ئەستەغفیروڵڵا، ڕجووع بەرەوە، ئەمە کفرە.

جەلال: کفر؟ یەکێ لەتاو وەزعێکی پیسی بێمەعنا خۆی بکوژێ، کفرە؟

عەزیز: بەڵێ کفرە. پیاو ئەو پیاوەیە خۆی لەو وەزعە ڕزگاربکا و بەسەر ناخۆشییا زاڵبێت.

جەلال: بەڵێ، ئەم قسانەمان زۆر بیستووە. ئەی هەژاری بۆچی کفرنییە؟ ئەی ناحەقی بۆچی کفرنەبێت؟

عەزیز: ئەمانەش وەختە ببن بە کفر.

جەلال: ئەبن بە کفر، نابن، بار ڕاست ئەبێتەوە، نابێتەوە، چش. من کە خۆم کوشت، ئینجا ئیتر چی ئەقەومێ و ناقەومێ، مەطڵەب‌نییە.

عەزیز: ئەی دۆزەخ؟ ئەی عەزاب و ئەشکەنجەی ئەوەدنیا؟

جەلال: جارێ تۆ لە خۆتەوە بۆچی بۆ من ئەخوێنی؟ کێ ئەڵێ من ئەچمە ناو دۆزەخ؟ لەپاش ئەم ژیانە پڕ ئەشکەنجەیە و لەپاش ئەم هەموو هەژاری و نەبوونی و ئێش‌وئازار چێشتنەش، جەنابت بۆم ئەقڕێنی کەوا ئەچمە ناو دۆزەخ؟

عەزیز: ئەی ئەوی خۆی بکوژێت، ئەچێتە کوێ؟ ئەچێتە بەهەشت؟ هەموو دین و شەریعەت و ئایینێک نەهیی لە خۆکوشتن کردووە. تۆ کە ئەتوانی ئازاری دنیا بچێژیت، چۆن لەبەر عەزابی قیامەتا خۆت ڕائەگریت.

جەلال: بەڵێ قسەکانت جوانن. وازم لێبێنە و بچۆ بەلای کاروباری خۆتەوە.

عەزیز: کاروبارم تۆیت. وازت لێناهێنم هەتا یارمەتیت‌نەدەم. موسوڵمان و هاووڵاتی ئەبێ پشتیوانی یەکتری بن.

جەلال: جوانە. مودیری کارگەکەمان موسوڵمان و هاووڵاتیشە، کەچی لەجیاتیی پەنجا فلس، دووسەد فلسم لێدائەشکێنێ و ئەیخوا!

عەزیز: ئێستا بۆچی نایەیت بگەڕێیت بۆ هۆی ئەم یەئس و پەستییەت؟

جەلال: هۆی یەئس و پەستیم هەژارییە، بە چی ماڵ بەرمبەڕێوە؟

عەزیز: بە ڕۆژانەکەت، ئیشت هەیە یان نیتە؟

جەلال: ئیشم هەیە قوربان، بەڵام خۆزگە نەمبووایە، باشتربوو.

عەزیز: بۆچی؟ شتێک لە هیچ چاکترنییە؟ .. ڕۆژی چوارسەد فلس وەرئەگریت؟

جەلال: بەڵێ، بەڵام بە چوارسەد فلس ماڵ نابرێ‌بەڕێوە، لەم زرووفە ناخۆشەدا.

عەزیز: ئەی من چەن وەرئەگرم؟ منیش وەکوو تۆ کرێکارنیم. منیش چوارسەد فلس وەرناگرم؟

جەلال: ئێ ئینجا بەشت‌ئەکات؟

عەزیز: بەڵێ بەش ئەکات، مەسەلە ژیان نییە.

جەلال: ژیانی چی؟ نان و چا خواردن ژیانە؟

عەزیز: کێ ئەڵێ نان و چا ئەخۆین؟ تەنیا ئەوەندە هەیە بەقەد بەرەی خۆمان پێ ڕائەکێشین.

جەلال: ئاخر ئەم قسە پڕوپووچانە ئەم خەڵقەی کوشت؟ بەقەد بەرە، ئەی ئەوی هەر بەرەی نەبێت؟ باوکم بۆ وازم لێناهێنیت؟

عەزیز: هەردووکمان کرێکار و هاوپیشە و هاودەردین، وازت لێناهێنم هەتا ئەو پەردەڕەشەی سەر چاوت لانەبەم.

جەلال: پەردەی ڕەشی سەر چاوم لاناچێت، هەتا هەژاری لەکۆڵ خۆم نەخەم.

عەزیز: چۆن لەکۆڵ خۆتی ئەخەی؟

جەلال: ڕێگاییێکی بۆ ئەدۆزمەوە.. هەندێ ئینسانی تێنەگەیشتوو ئەڵێن نەخۆشی و نەزانین لە هەژاری پیسترە. بەڵام ئەو قسەیە ڕاست بێت، هەژاری خۆی نەزانین و نەخۆشییە.

عەزیز: چۆن؟ ئادەی بۆمی باسکە.

جەلال: ئەگەر ئینسان هەژارنەبێت، ئەوا پارەی هەیە و ئەخوێنێ. پارەی هەیە و باش ئەخوا و خۆی لە نەخۆشی ئەپارێزێ. کە نەخۆشیش کەوت، بە پارە خۆی دەرمانئەکات. کەواتە هەژاری ڕەگی گولییە و لە هەموو شتێک پیسترە.

عەزیز: ئەی دەردەکانیتر، ئەی نەزانین و نەخۆشی؟

جەلال: بەڵام دا لە هەرسێکیان، بەڵام دا لەدەس هەژاری. ئێستا ئێمە بۆچی خۆمان خەریکبکەین، ئەتەوێ یارمەتیمبدەی؟

عەزیز: بەڵێ ئامادەم.

جەلال: دینارێکم بە قەرز بدەرێ یان وازم لێبێنە و بڕۆ، تا دیناری لە یەکێ بستێنم.

عەزیز: ئەی قەرز دانەوەی ئەوێ؟

جەلال: بەڵێ دانەوەی ئەوێ، دە بڕۆ وازم لێبێنە.

عەزیز: ها ئەوە دینارەکە و عاجزمەبە.

جەلال: تۆ لەم ڕۆژەدا دینارێکت هەیە؟

عەزیز: بەڵێ هەمە، هەمیشە پارەم هەیە.

جەلال: لە کوێت بوو، بازرگانیئەکەی؟

عەزیز: لە کرێکاری زیاتر هیچیتر ناکەم. مانگی چەند ئەدەی بە جگەرە، جەلال؟

جەلال: جگەرە و شقارتە، تێکڕا دینارونیوێک.

عەزیز: ئەی مانگی بابیی چەند ئەخۆیتەوە؟

جەلال: بابیی دووسێ دینارێک.

عەزیز: باشە، چەند ئەدەی بە کرێخانوو؟

جەلال: سێ دینار بە ئاو و کارەبا و حەسحەس و من نازانم ئەم حەسحەسییە چییە؟ ئێستا من چیم هەیە تا بیدزن، ئەی هاوار؟

عەزیز: باشە، تۆ جارێ واز لە مەسەلەی حەسحەسی بهێنە، دینارونیوێکی جگەرە و شقارتە، دوو دیناری عارەق، ئەمە سیانونیو. ئەگەر ژوورێکیشت گرت بە دینارێک، ئەوا مانگی پێنج دینارونیوت بۆ ئەگەڕێتەوە.. ڕاستە یان نا؟

جەلال: بەڵێ ڕاستە. تەرکیانکەم؟

عەزیز: ئا تەرکیانکە وەکوو من.. ئەو حەلە بێگومانبە کە لە ئێستا باشتر ئەژیت.. با وابکەین، هەتا دەروویێکی ڕەحمەتمان لێئەکرێتەوە.. تۆ نوێژئەکەی جەلال؟

جەلال: نوێژی چی؟ دەمێکە هەژاری نوێژی لەبیربردوومەتەوە.

عەزیز: وا مەڵێ، نوێژکردن شتێکی باشە، خێروبێری وا لەدواوە..

جەلال: خێروبێری چی، لەبەرتمرم.. ئەو دەوڵەمەندانە بە نوێژ دەوڵەمەندبوون؟

عەزیز: هەزار دەوڵەمەند هەیە لە باوەشی ئازار و کوێرەوەرییا شەو و ڕۆژ ئەکەنەوە.. تۆ وەرە و نوێژبکە و ئەو کارە ناشیرینانە واز لێبێنە کە پارەکەت بەفیڕۆئەبەن، ئەو حەلە دڵنیایی ئەبینی بە چاوی خۆت..

(دەنگی بانگ بەرزئەبێتەوە)

ڕەحمە: پیاوەکە، باوکی ڕووناک، ئەوە چی بوو هەر دیارنەبوویت؟ وات لێکردم بێم کۆڵانانت بەشوێنا بگەڕێم.

عەزیز: مەرحەبا دایکی ڕووناک.

ڕەحمە: مامی باوکی ڕووناک، عەمری خوای کرد.

عەزیز: "انا لله وانا الیه راجعون"، کەواتە هەموو سەروەتەکەی بۆ باوکی ڕووناک بەجێهێشت؟

جەلال: بەڵێ، بۆ منی بەجێهێشت، ئەو ڕەزیلی پیسکەیەی داوای ڕوبعێکم لێئەکرد، بە قەرز دەستی نەئەگرتم..

عەزیز: کەواتە واز لە ئیشوکارەکەشت ئەهێنی و جگەرە و خواردنەوەش تەرکناکەیت.

جەلال: تۆ غەڵەتی کاک عەزیز، من هەر کرێکارە کلۆڵەکەی پێنج دەقیقە لەمەوپێشم. بڕیاری تەواو بێت هەرچی خوا نەهیی لێکردبێ و خرابێت بۆ بەشەر، نەیکەم. لە ئەمڕۆشەوە دەستئەکەمەوە بە نوێژکردن.

عەزیز: ئەمەتە ڕێگای پیاوەتی و ڕاستی.

جەلال: ڕەحمە تۆ بڕۆڕەوە، من جارێ ئەچم بۆ مزگەوت و نوێژئەکەم، ئینجا ئەچم بۆ ماڵی مامم.

عەزیز: دە بڕۆ هەتا نوێژەکەم نەچووە.

جەلال: بڕۆ، بەڵام دا لە هەژاری، داد لەدەست هەژاری! شەرتبێ سەروەت و سامانەکەی مامم بکەم بە کارگەیێکی گەورە بۆ کارکردنی کرێکاری داماو، قوتابخانە و نەخۆشخانەش دروستبکەم بۆ خوێندن و دەرمانکردنی هەژارە داماوەکان. سوپاستئەکەم خوای گەورە. تۆش هاوڕێ شیرینەکەم، منت کڕییەوە ئیمان و بڕوات پێ پەیاکردمەوە.

(دەنگی بانگ بەرزئەبێتەوە)

(تەواو)

# ژن‌هێنان*

(؟)

ڕزگار: ژن‌ناهینم، ژن‌ناهێنم. بەم ڕۆژگارە هەر ئەبێ خەریکی ئەوەبم وا بەو کەسانە بڵێم کە لە کوڵم‌نابنەوە و ئەیانەوێ هەموو نهێنییەکی ناو دڵ و دەروونم، هەموو ماجەرایەک و سەرگوروشتەی ژیانی ڕابووردووم، بزانن.

منیش خۆ ناکرێ بە توورەیی خەڵقی بێ‌دەنگ‌بکەم، هەروەها لەتواناشمانییە دابنیشم لە خەڵقی بگەیێنم. چاریش ناچارە، ئەبێ لە هەموو شتێکی هەموو کەسێکیش بگەن بۆ دەرس‌وەرگرتن. پێم‌ئەڵێن سەرەتای لاویتە و بێ‌کەس ئەبێ ژن‌بهێنێ، ئەگینا کە پیربووی کەس نابێ بە دایەقت[1] دەربێت، کەست نابێ یارمەتییەکت‌بدات، چۆڕێ ئاو بکا بەدەمتەوە. بەڵام ئەمە ڕاست‌نییە، چونکە زۆر پیاوی پیر هەن کە خۆیان ڕێشگاوئەکەن و لە عومری پەنجاوشەستا ژن‌ئەهێنن، چونکە پارەیان هەیە. کە ئینسان بووی، هەزار کەس بە خۆڕایی ئاو ئەکا بەدەمیەوە، کەواتە مەسەلە گەنجی و پیری نییە. مەسەلە بوون و نەبوونە. لە دواییا کە هەموو ڕێیەکم لێ‌بەستنەوە، سەرلەنوێ لە نووکەوە بۆم دەستپێ‌ئەکەنەوە و ئەپرسن:

کەواتە بۆ ژن‌ناهێنی؟ ئینجا بۆ بێ‌دەنگ‌کردنی خەڵق و بۆ شت فیرکردنیان، چارم ناچارە چیرۆکی بەسەرهاتی ڕابوردووم کە قەترەیەکە لە دەریای کۆمەڵی دواکەوتوو، ئەگێڕمەوە، بۆ دەرس لێوە فێربوون بۆ عیبرەت‌لێ‌وەرگرتن.

بەڵام هەر ئەمەش نییە هۆی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بەڵکوو ئەوەشە کە فیکرم گۆڕیوە، چونکە جاران لە خۆمم ئەپرسی: ئایا پێویستە منیش ژن‌بێنم، بۆ ئەوەی ژنەکەم وەکوو ئافرەتی ناو ئەم چیرۆکە وە منالەکانم وەکوو خۆمیان بەسەربێت؟

جگە لەوە، ئایا ئەتوانم پاشەڕۆژێکی پڕ لە دڵنیایی بۆ خۆم و خێزانەکەم دەستبخەم؟ ئایا لەتوانامایە منالەکانم باش پەروەردەبکەم و بەتەواوی پێیان‌بگەیێنم و

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٦٤-٣٧٣.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێ‌کراوەتەوە، بۆیێکا وێ‌دەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەست‌چووبێ. (ک.ڕ)

[1] دایەق: کەڵک، سوود، بایەخ. (س)

بیانکەم بە ئینسانێکی باش لەناو کۆمەڵا؟ ئەم پرسیارانە کاریگەربوون و وەرامەکانیشیان دڵیان خۆشنەئەکرد.

بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە نابێ من وەکوو باوکم بم، بۆ ئەوەی ژنەکەم وەکوو دایکم ئازار نەچێژێ، بۆ ئەوەی منالّەکانم وەکوو من دوچاری ئەشکەنجە و سزا و نەهامەتی و کوێرەوەری نەبن. هەموو ئینسانێکی ناوکۆمەڵ، ئەبێ هەوڵی خۆباشترکردن و خەڵقباشترکردن بدات، ئەبێ گوڵ بێت و بۆنوبەرامەی خۆش بڵاوبکاتەوە و هەرگیز دڕک نەبێت، تا خەڵقی ئازاریان پێنەگات. ئەبێ ئینسان کە ویستی کارێک بکات، دەستبداتە ئیشێک، قازانج و زیانی هەردوو سەرەکەی لێکبداتەوە، ئینجا ئەو حەلە بڕیاری دەستپێکردنی بدات. کە بڕیاریشی دا، نابێ بترسێ، نابێ بگەڕێتەوە، چونکە "ئەگەر سواربوون عەیبێک بێت، دابەزین دووعەیبە"، چونکە هەر کەسێک لە نێرینەی ئاوا ترس و لەرز گرتی، لە هەردوو کەنار ئەبێ و ئاوەکە ڕایئەفڕێنێ و ئەیخنکێنێ؛ لەملاش ئەبێ و لەولاش ئەبێ بە "کوردەکەی لە هەردوو جێژنان بوو". خوابکات کەس تووشی نەیەت، چونکە کەس بە دایەقی دەرنایەت، کەسیش زیانناکات خۆی نەبێت..

(پشوویێ مۆسیقا)

بێینەوە سەر نووکی چیرۆکەکەمان؛ ئەو حەلەی فامکردەوە، ئەم کارەساتانەم ئەدی، ئەم قسانەم ئەبیست، لە ماڵی خۆمانا لە بەینی دایکم و باوکما.

باوک: ئەمە دیسانەوە کچت بووە، هەی ڕاستنەبیتەوە ئاوا.

دایک: ئینجا خەتای من چییە، پیاوەکە؟

باوک: من نازانم، شەش کچ و کوڕێک بە چی بەخێوکەم، بە چی؟

دایک: خوا کەریمە پیاوەکە.

باوک: بەڵێ، ئەی ئەیبارێنێ! من تێناگەم بۆچی هەر کچت ئەبێت؟

دایک: بۆچی هەر کچ؟ ئەی ئەوە ڕزگاریشمان نییە، پیاوەکە؟

باوک: ئینجا تاقە کوڕێک بە چی ئەچێت، لەناو شەش کچی دەعبادا کە بەم ڕۆژگارە وەک زەڕنەقووتە هەر دەمیان کردۆتەوە و من ئەبێت خواردنیان بدەمێ؟

دایک: ئەمە نیعمەتی خوایە، ئەبێ پێی ڕازی و شوکور بین.

باوک: کام نیعمەت؟ وزبە، قینم هەڵنەسێت.

دایک: خوا وای قەراردادەکردووە، ڕازیم بە بەش و کەرەمی.

باوک: ئەی گوایە بۆچی ڕازینیت؟ چی لە تۆیە؟ قوڕەکە هەمووی بۆ من گیراوەتەوە. ئەمە ناوچاوانی شوومی تۆیە منی بەم مەرارەتە بردووە.

دایک: ناوچاوانی من چی بکات، پیاوەکە؟ تۆزێ ڕەحمی خوات لەدڵابێت! بەسە هەموو ڕۆژێک ئەم ئازار و ئەشکەنجەیە؟ وەڵڵا ئێسقانت پروانم، ئەمەندەم نەماوە تووشی سیل بم.

باوک: تووشنابیت چش. لەگەڵ دوو قسەم لەگەڵا کردی، باسی نەخۆشی و مردنم لەگەڵا ئەکەیت.

دایک: بڕوام پێناکەی کە نەخۆشم؟

باوک: من بڕوا بە تۆ بکەم؟ ئەڵێ بڕوا، قسەی هیچوپووچ، هەموو جارێک کە سکت پڕئەبێت، ئەڵێی ئەمجارە کوڕە، کەچی لە دواییدا ئەبێت بە کچ.

دایک: ئەوە شتێک نییە بەدەست من بێت، بەڵام چ درۆیەکم لەگەڵا کردوویت؟ چ ڕۆژێک لە ڕۆژان -خوانەخواستە- شتێکی خراپم کردووە؟ هەموو خایەومایەم لە ڕێی تۆدا دانا، عومر و جوانیی خۆمم بۆ تۆ بەختکرد.

باوک: ئەم قسە بێمەعنایانە بەسیبێت.

دایک: ئەمەوێ شتێکت پێبڵێم، پیاوەکە.

باوک: هیچم پێمەڵێ.

دایک: تۆزێ ڕەحمەت بێت، بمبە بۆ خەستەخانە، سنگم ژانئەکات.

باوک: (پێئەکەنێ) تووخوا؟ سنگت؟ بۆ؟ ئینجا نۆبەی ئەم مەکر و پەراوێزەیە، ئافرەت؟

دایک: بڕوام پێبکە، ناتوانم هەڵسم، نەخۆشم. پیاوەکە ئەها مەعزەن لیلاهـ چارێکمبکە، ئەگینا ئەمرم.

باوک: وەی نامریت، چش. (دەرگاداخستن)

ڕزگار: ئا لەم دۆزەخەدا چاومکردەوە و گەورەبووم و فاممکردەوە. ئەمە مێردایەتی و پیاوەتیی باوکم بوو لەگەڵ دایکما. بەبێ گوناهـ و تاوان، هەموو ڕۆژێکی خوا بەزمێکی پێئەگرت، داخی دڵی خۆی، داخی دەرەوەی، بەم ئەڕشت. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و مانگ لەدوای مانگ و ساڵ لەدوای ساڵ، بەشوێن ساڵا هاتن و چوون و

دایکیشم هەتا ئەهات کەمی‌ئەکرد. هەتا ئەهات ئەتووایەوە و زەرد هەڵئەگەڕا، بەڵام ڕیخۆڵەبەکێش‌بوو لە ڕێی ئێمە و باوکما، هەوڵی ئەدا هیچ نوقسانییەک لە ماڵەکەدا نەبێت، هیچ کەموکووڕییەکمان پێوە دیاری‌نەدا لە بەرچاوی خەڵقی. باوکم خووی‌دابووە قومار و ئارەق‌خواردنەوە، کەم ماڵئەکەوت، کەمتر ئەیدووواندین؛ شتێکی لەدڵابوو، شتێکی لە ژوور سەرا بوو، شتێکی بنیات‌نابوو، بۆیە وای ئەکرد. ڕۆژێکیان دایکم بەتەواوی کەوت لەناو جێگادا، ئیتر توانای ئیشکردنی نەما، مۆمی ژیانی کە بۆ ڕووناککردنەوەی شەوەزەنگی ئێمە داگیرساندبوو، خەریکی کوژاندنەوە بوو. ئێمە ئیشی ناوماڵمان ئەکرد، من و خوشکەکانم، هەموومان کز، بێ‌شەوق، بەو منالییە ترس وری‌کردبووین، داخ و زووخاویش لە دڵمان ئەتکا. بە دزییەوە شەوێ کە ئەنوستین هەریەکەمان لەژێر لێفەکەوە تێروپڕ ئەگریاین. منالبووین دەسەلاتی هیچمان نەبوو، لە گریان زیاتر، نەمئەزانی چاری بەلای ناگەهان بە گریان و پاڕانەوە و ترسان ناکرێت، لەپاش دووسێ هەفتە، دایکم لەگەڵ باوکما کەوتنە قسەکردن:

دایک: باوکی ڕزگار، باوکی ڕزگار.

باوک: چییە ئەم دەنگەدەنگە؟ چیت ئەوێ؟

دایک: ئەترسم پیاوەکە بمرم.

باوک: ئینجا بۆچی ئەترسی؟ بۆچی نامری؟

دایک: چۆن دڵت یەت پیاوەکە؟ چۆن وا ئەڵێی؟

باوک: دەی لەسەری مەڕۆ، ئێستا چیت ئەوێت؟

دایک: ئەڵێم بەڵکوو دوختەرێکت بۆ بهێنامایە.

باوک: بۆ؟ دوختۆر بۆچی؟

دایک: ئەی نامبینی؟ ئەی چاوت لێم‌نییە چیم لێ‌هاتووە؟

باوک: هیچت لێ‌نەهاتووە، تۆزێک سەرمات‌بووە.

دایک: ئەمە نزیکەی مانگێکە کەوتووم. ئەمدیو و ئەودیوم بۆ ناکرێت، ئەمە سەرمایە پیاوەکە؟

باوک: ئەی سەرمایە.

دایک: ئەی ئەگەر مردم، پیاوەکە؟

باوک: ئەگەر مردیت، وا ئەمریت و ئەبڕێتەوە و تەواو.

دایک: ئەی ئەم منالآنە؟

باوک: ژنێکیتر ئەهێنم.

دایک: ئاخر باوەژن ڕەهەندەی کۆلآنیان ئەکات.

باوک: نایکات، ئینجا تۆ مەراقی ئەوە بۆ گرتووتی؟ منالّ منالّی خۆمن، چییان لێیە و لێنایەت، چش.

دایک: بۆچی وام لەگەلآ ئەکەی، پیاوەکە؟ بۆ بەم ڕەنگە ئەمکوژی؟ بۆ ڕەحم و بەزەییت لەبەر هەڵگیراوە، بۆ لە خوا ناترسیت؟

باوک: دەمدرێژیمەکە و خوام پێمەناسێنە و بۆ خۆت ئیسراحەتبکە و بەبێ دەنگ بمرە.

دایک: خوا، خوا، عەرش و قورش بلەرزێنە و زالّم غەوری غەزەبکە. خوا زوو بمکوژە و ڕزگارمکە لەم دیلیەتییە، خوا، بەزەییت پیامابێتەوە، بمکوژە. (ئەگری)

(پشوویێ مۆسیقا)

ڕزگار: چەند ڕۆژێکی کەمی خایان، دایکی کڵۆڵی کەساس بەو هەموو ئێش‌وئازارەوە، بە هەموو هیوا و ئاواتەوە، دەمی لێکنا و مرد و شۆڕکرایە ناو گۆڕی تاریک. ئێمەی هەتیوی لێقەوماوی کەساسی دڵ پڕ لە داخی چاو پڕ لە فرمێسکی بەجێهێشت، بۆ ئەو باوکە زاڵمە و بۆ باوەژنی موبارەک. بە هەموو تاقەت و توانایەکمانەوە خزمەتمانئەکرد، ئیشمان بۆ ئەکرد، بەڵکوو ئەمە خوایە لێمان ڕازیبێ و پارووپەک نانی ڕەحمەتمان بداتێ و شکاتمان لێنەکات لای باوکمان، یان خۆی لێماننەدا و بە شیشی سوورەوەکراو داخماننەکات. کەچی ئەو باوەژنە دەعبایەشمان، چونکە بۆی لووابوو، حەزی لە چارەی کەسمان نەئەکرد، قینی لێهەڵگرتین، دوژمنی ئیمانتان بێت، هەموو ڕۆژێک ماڵی ئێمە مەحکەمەیەکی تیا دائەنرا و دەستئەکرا بە فەلاقەکردنمان بە ناحەق. هەر لەبەرئەوەی باوەژن ئەیەوێ ڕەهەندەی کۆلآنمان کات، حەپسەی خوشکم -کوێراییمدایێ- تووشی نەخۆشی بوو، مرد. فاتە ڕۆژێک چوو بۆ بازاڕ، سەرکەف بۆ دەموچاوی باوەژنی کونج بکرێت، بوو بەژێر ئوتومبیلەوە. نازەنینی جوانیش کە ئەتوت بووکەشووشەیە، لە ترسی داخ و ژێرخانی تاریک و

شیشی سوورەوەکراو، شێتبوو.ماینەوە من و ئافتاو و شەونم و گێلاس. من و سێ خوشکی بێدەرەتان، ئەگەر لەوان گەورەتر نەبوومایە و چارەسەرم نەکردنایە، ئەم سیانەشیان ڕەهەندەی مالآن و شاران ئەبوون، یان ئەبوون بە ئافرەتی خراپی کلۆڵ. ئینسان بە مردنی باوکی نابێ بە هەتیو، هەتیوی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە دایکە باشەکانیان ئەمرن و ئەکەونە ژێر دەستی باوکی بێمەعنا و باوەژنی دڕندەوە.

گوێبگرە گوێگری خۆشەویست

باوک: ئەوە چیتە هەیبەت گیان، بۆچی وا ماتی، ڕۆحی ڕەوان؟

هەیبەت: بۆ هیچ، هەر تۆزێک سەرم ژانئەکات.

باوک: خوانەکات. سەری خۆم و هەموو ئەولادەکانمت لە دەور ئەگێڕم، خوانەکات گیانی من.

هەیبەت: ئەڵێم پیاوەکە ئەوە کوا دەسماڵەکەم، پێموتی؟

باوک: ئاخر بەخوا هەیبەت گیان تۆزێک گرانە.

هەیبەت: چی؟ ئەوە وتت چی؟ گران؟ دەک موبارەکنەبێت، بەخوا بەخوا..

باوک: سوێند بەخوا، تەواوینەکەی، هەموو شتێک، هەرچییەکت ئەوێ، ئەیکەم. ئەمڕۆ بۆت ئەکڕم.

هەیبەت: سرکەییەکیشم بۆ بکڕە لە ئاوریشمە باشەکە.

باوک: بەسەر چاو.

هەیبەت: دوو دیناریشم بدەرێ، بیدەم بە زەڕەنگەرەکە.

باوک: بەسەر چاو، هەر تۆ عاجزمەبە، هەیبەت گیان. بەڵام ئافرەت قسەیەکت لەگەڵا ئەکەم، عاجزمەبە.

هەیبەت: بڵێ با بزانم.

باوک: ئەڵێم کراسێکی کۆنی خۆت نادەیت بە گێلاس، هەموو لەشی بەدەرەوەیە.

هەیبەت: ئینجا من کراسی کۆنم کوا؟ بەزیای خێرم نەکرد ئاوا.

باوک: باشە تووڕەمەبە، لەسەر تووڕەبوونمان نەکردبێت.

هەیبەت: ئاخر تۆ قسەی وا ئەکەی، قینی پیاو هەڵئەسێنێت..

باوک: نەء، ئیتر قسەی وا ناکەم، باشە ئافرەت با بچین بۆ بازاڕ، نەختێ جلیان

بۆ بکەین، چونکە دنیا زۆر ساردە و ..

هەیبەت: ئینجا ساردنییە چش. من حەقم چییە بەسەرەوە، بۆچی ناچیت جلیان بۆ بکەیت.

باوک: باشە توورەمەبە، یەکی چەند گەزیان ئەوێت؟

هەیبەت: من نازانم، لە خۆیان بپرسە. ئینجا ئەمانە کچن، ئەمانە منالْن، خوا بیانباتەوە بۆ خۆی. بەخوا باوکم من یەک ئان و سەعات لەم مالْەدا نامێنمەوە، نەوەڵلا و هەر ئێستایش ئەڕۆم.

باوک: بۆ چی بووە دیسان؟

هەیبەت: گوایە چی نەبووە، هێشتا بەزیای خێرم نەکرد، بۆچی من دیلم لەم مالْەدا؟

باوک: ئاخر دە تێمبگەیێنە هەیبەت گیان و توورەمەبە.

هەیبەت: بەم ڕۆژگارە شەڕئەکەن لەگەلْ دەرودراوسیێدا و بەزمم بۆ ئەنێنەوە و خەریکی چاوباشقالْین و گالْتەم پیێئەکەن و زمانم لیێدەرئەکێشن. کە پێشیان ئەلْێم وا مەکەن، بەگژ دەمما یەنەوە.

باوک: هەروا؟ چۆن؟ چاوباشقالْی مەعنای چی؟

هەیبەت: چووزانم! لێیانبپرسە، خۆ ڕزگار لەوان خراپتر، ئەو فێریانئەکات.

باوک: ڕزگار پیاوێکە، ئافرەت، عەیبە گوایە..

هەیبەت: بەخوا یان من لەم مالْەدا ئەبم، یان کچەکانت.

باوک: ئا وەرن کچیێ، ئافتاو، شەونم، گێلاس، وەرن مارسی مارس دایکینە، توخمی ئەو دایکە گۆڕبەگۆڕە، (ئەقیژێنیێ) ئەو دارەم بۆ بێنە با بیانکوژم (قیژەقیژ)

(پشوویێ مۆسیقا)

ڕزگار: ئا بەم پێودانگە هەموو ڕۆژێک کە لە ئیشکردن و قوڕبەسەری ئەهاتمەوە، خوشکەکانم بە تێهەلْدراوی و کەساسی ئەدی؛ لەش بریندار، ڕووتوقووت و چلْکن، ئەسپیێ یابوویە کالانەی چاویان، بە سکێک تێر و بە هەزار برسی، لەسەر چەند بەڕەکۆنێک لە ژوورێکی تاریکی ساردا هەتا بەیان ئەلەرزین. بووکێش، باوەژنی موحتەرەم و باوکی مەرد لەناو نوێنی گەرم و نەرمی ئاوریشما لەسەر تەختی سیسەم!

خوا ئەم ماڵوحاڵە هەڵپێچێ، خوا ئەم کەسایەتییە هەڵوەشێنێ، ئەم ڕەحم و سیلەی ڕەحمییەتە لەبناببڕێت! گوێبگرە گوێگری خۆشەویست.

باوک: ئێستا ئافرەت هەموو ڕۆژێک ئەم تاس و حەمامە؟ هەموو ڕۆژێک ئەم مەحکەمە و مەحکەمەکارییە؟

هەیبەت: بۆ؟ جەنابت تووڕەبوویت، یان بڕوام پێناکەیت؟

باوک: وەڵڵا بڵێم چی؟ بەڕاستی منیش تیا ماوم، نازانم چی بکەم و قوڕی کوێ بەسەراکەم؟

هەیبەت: بۆ نایاندەی بە شوو، ببڕێتەوە؟

باوک: چ وەختی شوویانە، ئافرەت؟ دەساڵ و یانزەساڵ چۆن ئەدرێت بە شوو؟

هەیبەت: بۆچی نادرێ؟ داوای هیچ مەکە و بە کراسی بەری خۆیانەوە بیاندە بە شوو، با ببڕێتەوە، هەتا تووشی سەرشۆڕییەکیان نەکردووین، ئەم چاو.... نەعوزوبیللا، خوایە لێم نەگریت؟

باوک: ئەوە تۆ ئەڵێی چی، ئافرەت؟

هەیبەت: هیچ ناڵێم.

باوک: چی هەیە، بۆ خاتری خوا ئەگەر پێمناڵێی؟

هەیبەت: بەخوا لەتلەتمکەیت هیچ لە دەمم نایەتە دەرەوە، بەڵام هەتا زووە بیاندە بە شوو.

باوک: کامیان وا ئەکەن؟ کامیانە ڕەوشتی خراپە؟ ئافتاو؟

هەیبەت: نازانم.

باوک: ئەی خۆ ئینشائەڵڵا گێلاس نییە کە هێشتا عومری نەگەیشتۆتە هەشت ساڵانیش، ئافرەت؟

هەیبەت: ئەیهوو، ئەیهوو، ئینجا من ئەڵێم نێرە و ئەو ئەڵێ بیدۆشە.

باوک: هەروا؟ ئەی ئافەرم، هەی.

هەیبەت: ئەوە چی بوو، بیسمیللا.

باوک: ئەوە خۆتت گرتووە لە پەنا دەرگاکەدا؟

ڕزگار: ئەی چی بکەم؟ چارم چییە؟ ئەبێت ئەم خووە ناشیرینانە فێربین، چونکە

ئەگەر وا نەکەین، ئەبین بە پۆڕی خوراو، بە شەو سەرەنگوونئەکرێین.

هەیبەت: ئینجا کێ بە تۆی وتووە؟ کێ ناوی تۆی هێناوە؟

ڕزگار: ئەوەنییە خەریکی کچ بە باوکی بەکوشتبدەی؟

هەیبەت: ئەیەڕۆ من؟ من لە جێی دایکتانم.

ڕزگار: تووخوا؟ لە جێی دایکمان، حەددت نییە بە ئەژدادتەوە لە جێی ئەو بیت، ئەو بە شەرت ئافرەت بوو، تۆ دڕندەیت.

هەیبەت: من؟ ئەوە بە من ئەڵێی؟ گوێت لێیە پیاوەکە؟

باوک: نەخەڵەتابی هەتیو قسەی بەرز و نزم بکەی؟

ڕزگار: لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە مادام مەسەلە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خەریکی کچەکانت بە کوشتن بکوژیت، ئیتر من و تۆ قەل و بەردین، هەتا دنیا دنیایە نە ئەمناسی و نە ئەتناسم.

باوک: ئەوە لەگەڵ منتە هەتیوە بێحەیایە؟ ئەوە لە ڕووما وەرئەگەڕێیتەوە؟ کوڕ لە ڕووی باوکیا وەرئەگەڕێتەوە؟

ڕزگار: ئەی ئەگەر باوک بوویتایە، لە ڕووتا وەرنەئەگەڕامەوە، خۆمم لە ڕێدا بەختئەکردیت. بەڵام لە باوەپیارە خراپتر بووی، دایکمت کوشت. بووی بە سەبەبی شێتبوونی کچێکت، بووی بە سەبەبی کوشتنی دوو خوشکیترم. وا ئەم سێ خوشکەشم وەکوو یەخسیر لە مناڵییەوە هەتا ئێستا بە منەوە هەر خەریکی زەهر دەرخواردانمانی، هەر خەریکی کوشتنمانی بە خۆت و هەیبەتخانی جوانی ژنت. ئیتر باوکی چیت، خوا ئەم نەوعە باوکانە لەناوبەرێت. کاشکی تۆ بمردیتایە لەجیاتیی دایکم.

هەیبەت: بەخوا من یەک دەقیقە و ئان لەم ماڵەدا نامێنمەوە.

باوک: بێئابڕووی بێغیرەت، هەر ئێستا ئەبێ بڕۆی، هەر ئێستا.

ڕزگار: من ئێستا ئەڕۆم، قەرارە و داومە. بەڵام هەرسی خوشکەکەشم لەگەڵ خۆما ئەبەم.

باوک: حەددت چییە بیانبەیت؟ تۆ چیی ئەوانی، هەتا من مابم!

ڕزگار: تۆ نەبوویتایە باشتربوو. من برایانم، من باوک و دایکیانم، من هەموو کەسێکیانم، چونکە خۆشمئەوێن، چونکە بەزەییم پیایانایەتەوە، چونکە لە ئێشوئازار و هیوا و ئاواتیان گەیشتووم، چونکە فرمێسکم لە ڕێدا ڕشتوون. باوکێک کە ئەمانەی

تیانەبێت، بەتەنگ منداڵەکانییەوە نەبێت، بە دایەقیان دەرنەیەت، باوک نییە و حەقی دەستبەسەراکێشانی منداڵی نییە.

باوک: حەی حەی، لە کاک نارِزگار، ئەمە ئەم قسانە لە کوێ فێربووی.

ڕزگار: ئەم قسانە لە کوێرەوەریی ناو ئەم دنیایەوە فێربووم، لە کردەوە ناشیرینەکانی تۆ و هەیبەتخانی باوەژنی موحتەرەمەوە، لەو زوڵموزۆرەی لە دایکم و لە خوشکەکانم کرا. ئێوە، کۆمەڵ فێری ئەم شتانەتان کردم.

باوک: ئینجا بە چی بەخێویان ئەکەیت؟

هەیبەت: با بینبات.

ڕزگار: ئەیانبەم هەیبەتخان، ئەزانم قورسن لەسەر دڵت، ئەتەوێ ماڵەکەت بۆ تەختبێت. تۆش باوکی موحتەرەم، خەمی ئەوە مەخۆ کە ناتوانم بەخێویانکەم، یان چی ئەخۆین؟ چونکە لێرە هەر داخت دەرخواردداوین، هیچ نەبێ لەوێ داخناخۆین. جگە لەوە، شەو ئەخەمە سەر ڕۆژ و بەخێویانئەکەم. خوێنمن، ئێسقان و گۆشت و شەرەفمن، ئەزانم چۆنیان بەخێوئەکەم، چۆنیان ئەپارێزم. دەی خوشکینە یا ئەڵڵا، بۆ ئەرزی خوای گەورە، بۆ ئەو شوێنەی زوڵمی لێنییە.

(پشوویێ مۆسیقا)

بەم جۆرە گوێگری خۆشەویست ماڵمان بەجێهێشت، ژووریێکمان گرت، بەرەبەرە بۆ خۆمان ماڵمان پێکەوەنا. ئێستاش هەر چوارمان بە خۆشی و شادی ئەژین. باوکم مرد.. بەدەم گیانەڵاوە هەر لە خوا ئەپاڕایەوە کە لێیببوورێت.

تۆ بڵێی خوا دوعاکەی قبووڵکردبێت؟ لە هەیبەتخانیش ئەپرسن؟ هەر دوابەدوای باوکم بۆ خۆی شوویەکیتری تەڕ و تازەی کردەوە. دە من ئەمە بوو چیرۆکەکەم بەکورتی. ئەمانەم دی، ئەم ژیانە ژیام، ناحەقمە ژننەهێنم؟ جگە لەوە، خوشکەکانیشم بەسەر منەوەن، مەسئوولم لە بەخێوکردن و پاراستنیان. دە هەتا ئەمان شوونەکەن و ماڵوحاڵی خۆیان پێکنەهێنن، ژنناهێنم. جگە لەوە کە داوای ژنیشت کرد، داوای هەزار دینار و لۆرییە لۆکە و ئوتومبیل و قەسرت لێئەکەن، لەگەڵ هەزار بەنگوباویترا. ئینجا تووخوا ناحەقمە پڕبەدەم بقیژێنم: ژنناهینم، ژنناهێنم.

(تەواو)

# ژنی لاڵ*

**(؟)**

پیاو: ئێستا دنیاکەمان -بە ناشوکری نەبێ- وای لێهاتووە، ئینسان لەگەڵ خۆشیا ڕێکنییە و وا لە شەڕا. کەم کەس هەیە ڕازیبێت بەو بارەی تیاییتی، بەو ژیانەی کە ئەژی، بەو ئیشەی کە ئەیکات. پیاو قارسە بە قسەی خەڵقی و بەو شتانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نییە بە خێر و خۆشیی خۆیەوە. وە گەلێجاریش -بۆ نەگبەتی- ئینسان تووشی ژنی زۆربڵێی چەنەبازی بێمەعناش ئەبێت، کە نایەوێ لە ئێش‌وئازار و دەرد و بەڵای مێردەکەی و ژیان بگات و سوورە لەسەر داواکردن و پێویستییەکانی خۆی. بێگومان ئەم جۆرە ژنانە ئەبنە هۆی ناخۆشکردنی ژیان، ئەبنە هۆی تێکدانی بنەماڵەکەی خۆیان، ئەبنە هۆی شەڕوشۆڕ لە ماڵا و مێردە ئەتەرێنن لە ژیانی ژن و مێردایەتی و هەرگیز بە ئاسوودە ناژین. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو ژنێک، هەموو ئافرەتێک، کە ئەیەوێ بنەماڵەکەی لە تێکچوون و ڕووخان بپارێزێ، شوێن ئارەزووی بێمەعنا نەکەوێت. ئارەزووی بێمەعنا چییە؟ هەموو ئەو شتانەیە کە پێویستنین بۆ ژیان، کە مێردە پێیناخۆشە، هەموو ئەو شتانەیە کە زیان ئەگەیێنێ بە دەستکەوتی خێزان. بێگومانبن کە قبووڵ و ئاڵتوونکڕین و پاڵتۆی مانتۆر و قوندەرەی سێچوار دیناری و سووراو و سپیاوی ماکس ڤیکتۆر و قاش و قاشکاری و موجادەلە و موناقەشەی بێئەنجام و زۆربڵێیی و چەنەبازی، هەرگیز پێشمانناخەن، هەرگیز ژیانمان خۆشتر و باشتر ناکەن. هەگیز ئەم شتانە، نینۆک درێژکردن و سوورکردنیان، نیشانەی مەدەنییەت و شارستانی و بەرزێتی نین. بێگومانبن کە ئەم شتانە ئارەزووی بێمەعنان، پێویستە ئافرەتی بەغیرەتی تێگەیشتوو دەماری ئەوەندە بەهێزبێت کە ئەم بیدعەتانە زاڵنەبن بەسەریا و

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤١٣-٤٢٥.
جێگەی گوتنە، دەوری ئەکتەرەکان نیشانەنەکراوە کە کێ و کێ بەپێی چیرۆکەکە دەینوێنن. ڕاستییەکەشی لە دەفتەرەکەوە دیارە یێکەم پەڕەی دڕاوە و لێکراوەتەوە، بۆییکا وێدەچێ دابەشکردنی دەورەکان لە ئەو پەڕەیەدا بێ و لەدەستچووبێ. (ک.ڕ)

شلی‌نەکەن. بێگومان‌بن کە ئەم شتانە خۆتان ڕەوانەئەکات بۆ ڕیسوایی و مێرد و کەسوکارەکانتان بۆ دزی و بەرتیل وەرگرتن و حەپسخانە. وە هەندێ جاریش مێردەکانتان گورج بە خۆیانا ڕائەگەن و تەڵاقتان‌ئەدەن و ژیانتان لێ تاڵ‌ئەکەن.

خەڵقە، قوڕەکە وا لێ‌مەکەن زۆر ئاو بکێشێت، ئەگینا لە دواییبا تیایا ئەخنکێن، ئیتر کەیفی خۆتانە.

(پشوویێ مۆسیقا)

پیاو: ئێستا وتت چی، پووری؟

پوور: وەڵڵا بڵێم چی، حەسەن گیان، گوایە ئەتەوێ بڵێم چی، بە قوربانەکەت بم؟!

پیاو: ڕازیت یان نا؟

پوور: گوایە بۆ ڕازی‌نیم، باوکەکەم؟ چ ڕادەمان‌ئەکەوێ لە تۆ زیاتر، لە تۆ باشتر بیدەین بە شوو.

پیاو: باشە ئاخر پێویستە ڕەئیی خۆشی وەربگرن، بەڵکوو ڕازی‌نەبێت؟

پوور: حەددی‌نییە ڕازی‌نەبێت. هەرچی شەرتی پیاوەتی هەیە وا لە تۆدا، عاقڵ و تێگەیشتوو و بەئەخلاق و ئیشکەر و خزم، پیاوی ناو پیاوان، لە هیچت کەم‌نییە و فەخرت پێوەئەکەین.

پیاو: تەشەکوری فیکری بەرزت ئەکەم. هیوام زۆرە دایکانی تێگەیشتووی وەکوو تۆ زۆربن لەم دنیایەدا.

پوور: چەند ڕۆژێ لەمەوپێش هاتبوونە خوازبێنیی بەهیە، ئەوە لەبیرم‌نەبوو بۆت بگێڕمەوە، حەسەن.

پیاو: کێ هاتبوو، پووری؟

پوور: هەتیوە بێ‌ئەخلاقەکەی مچە. منیش یامە قاقای پێکەنین و پێم‌وتن کە دەزگیرانی تۆیە و لە تۆ زیاتر نایدەم بە کەسی‌تر.

پیاو: نەمئەزانی کە شتی وا ڕووی‌داوە، بەڵام با ئێستا بێینەوە سەر مەسەلەی شتومەک و شتومەککاری.

پوور: شتومەکی چی، حەسەن گیان؟!

پیاو: مەسەلەی جیازی، کە گەورەترین قۆرتە لە مەسەلەی ژنهێنانی ئەم وڵاتەدا.

پوور: هیچ بە قۆرتی دامەنێ و چۆنت ئەوێ، وا ئەکەین.

پیاو: ئەزانی پووری هەندێ کە ئەم مەسەلەی شتومەکە دائەنێن بە گەورەترین قۆرت و هەر لەم ترسەشە ناوێرن مل بۆ ژنهێنان ڕاکێشن؟

پوور: ڕاستئەکەی، بە قوربانت بم. بەڵام بەخوا ڕۆڵە ئەمە لە بێعەقڵی زیاتر هیچیتر نییە، ئەگینا قابیلە شتومەک بۆ ئەوان بێت؟

پیاو: وا لەگەڵ پیاوا ئەجووڵێنەوە کە ئەننەما دوژمنایەتیی خوێنسەندنە. ئێستا وتت چی بکەین پووری؟

پوور: پێموتی کوڕم چی بە چاک ئەزانی، ئەوە بکە. شتی پێویستی ناوماڵ جێبەجێبکە و بەقەد بەڕەی خۆت پێڕابکێشە و هیچ ڕازیشنیم خۆت تووشی قەرزوقۆڵە بکەی.

پیاو: زۆر قسەییێکی جوان و بەجێیە و تەشەکورتئەکەم، هەرچی پێویستییەکی ناوماڵ هەیە هەمانە، هەر لە گەسکەوە هەتا ئەگاتە نوێن.

خۆ ئەگەر بڵێی بەمەشەوە ناوەستم، بێگومان هەرچی ژیانمان خۆشترئەکات، ئەیکەم، بەڵام بەرەبەرە لەسەرخۆ.

پوور: باشە، باوکەکەم.

پیاو: ئەی مەسەلەی هین، هیی مارەیی؟

پوور: چۆن ئەڵێن وا، شتێک کە عەیبنەبێت.

پیاو: پووری لێت موحەقەق بێت کە پیاوێک خراپبوو، وا لە ژنە ئەکات لە واز لە هەموو حەقێکی بێنێ. وە ئەگەر ژنەش خراپبوو، دیسانەوە پیاوە مەجبووری ئەوەئەبێت گوێنەداتە ئەنجام، چەندی ئەڕوا و چیی لێبێت، تەڵاقی هەر ئەدا و خۆی ڕزگارئەکات.

پوور: ئینجا وەڵڵا وایە. ئەی کە ئافرەتێک باشنەبوو، قابیلە مەسەلەی مارەیی پیاو ببەستێتەوە.

پیاو: باشە، سەدوپەنجای پێشەکی و سێسەد دیناری پاشەکی، پووری؟

پوور: باشە بەساقەت بم. هەرچییەک تۆ بە باشی ئەزانی وا، هەر عەیبنەبێ خەڵق گاڵتەمان پێنەکەن، ئیتر باشە.

پیاو: ئینشائەڵڵا قەت شتێکی وا ناکەم کە ناشیرین بێت و زیان ببەخشێت. ئینجا پووریَ موساعەدەئەکەی یەکدوو قسەش لەگەڵ بەهیەدا بکەین هەردووکمان؟

پوور: گوایە چیی تیایە، بەهیە، بەهیە..

بەهیە: (لە دەرەوە) بەڵیَ.

پوور: وەرە بۆ ئێرە، کچم.

بەهیە: ئەڵێی چی دایە گیان؟

پوور: ئەوە بۆ دانانیشیت. ئەڵێم کچم مەسەلەی ژنهێنان و شووکردن هیچ نەوعە عەیب و عارێکی تیانییە و شتێکی شەرعییە و ئەم بەشەرە هەموو بەم ڕێیەدا ئەڕوا و لەم ڕێیەوە هەمووومان دروستبووین، لەبەرئەوە شەرمەکە.

پیاو: ئەڵێم بەهیە تۆ کچێکی خوێندەواریت، لەبەرئەوە بە پێویستی ئەزانم چەند پرسیارێکت لیَبکەم. پێش هەموو شتێک، جاریَ لە سەرەتادا ئەوەشت پیَبڵێم کە ئەبیَ فکربکەیتەوە، ئینجا جوابدەیتەوە و هەرچییەکیشت لا خراپە، بەبیَ ترس دەریببڕە.

بەهیە: دایکم چی بە چاک ئەزانیَ، هەر ئەوەتا.

پیاو: بەڵیَ، ئەم قسەیە جوانە، بەڵام تەواونییە. ئەبیَ بە سەراحەت ڕەئیی خۆتم پیَبڵێی وە لێشت مەعلوومبیَ، ئەگەر نەتویستم، بیَگومانبە کە ناتهێنم، شووم پیَنەکەی.

بەهیە: (کەمێک بیَدەنگی)

پوور: بۆ قسەناکەی؟ نەمانوت شەرمی ناویَ، یان بڵیَ ئا یا بڵیَ نەء.

بەهیە: بەڵیَ.

پیاو: باشە، ڕازیت بەبیَئاڵتوون، بەبیَ قبووڵ، لەگەڵ منا بژیت؟

بەهیە: بەڵیَ.

پیاو: باشە سپاس. منیش بەڵێنتانئەدەمیَ کە هەرچییەکم لەتوانادابێت ئەیکەم وە هەرچی ڕەنج و تەقەلایەکیشم هەیە، بۆ تۆ بێت. خوا حافیز.

پوور: خوا حافیزتبیَ. ئەی تۆ چاشت نەخواردەوە؟

پیاو: قسەکانی تۆ لە هەزار چاو و شەربەت شیرینتر و خۆشتر، ئەمە یەک لە دنیادا ئینسان خەسووی وەکوو تۆی تووشببێت. لە کتێبیشا نەنووسراوە بیللا، (هەموو پیَئەکەنن) خوا حافیز.

پوور: خوا ئاگادارتبێت. خوا حافیزتبێ و دەست بەباڵت گرێ.

(پشوویێ مۆسیقا)

پیاو: ئا بەم جۆرە بوو ژنمهێنا، کچێکی بێزمانی شەرمنی خوێندەواری هەژار. بیللا یەککراسی هەبوو کە من هێنام. خۆ هەژاری -وەنەبێ- عەیببێت. خەسووش بەم زمانە شیرینە و بەم هەموو پیاوەتییەوە هاتە پێشەوە، هەرچییەکم وت، وتی باشە. منیش لەبەر ئەو پیاوەتی و باشییە، هەزار کەموکووڕیم ئەبینی قسەمنەئەکرد. وا بوو بە ساڵێک، ساڵێکی ڕەبەق، لەم ماوەیەدا ئەوەی بەسەر من هات، یاخوا بەسەر کەس نەیەت. بێگومان ئەڵێن بۆچی؟ دە گوێبگرن لە ژنە بێزمانەکەم و خەسووە موحتەرەمە تێگەیشتووە دڵسۆزەکەم.

پوور: باوکم من ڕازیمنییە تۆ بەم نەوعە لەگەڵ بەهیەدا بجووڵێیتەوە، نەوەڵڵا. یا خوا بەزیایی خێرم نەکرد، ئاوا بۆ ئەم شووکردنە و ئەم موعامەلەیەی تۆ لەگەڵیا ئەکەی.

بەهیە: بەخوا دایە گیان ئیتر توانا و تەحەمولم نەماوە، نەوەڵڵا سەعاتیتری تیا نابم.

پوور: ئێستا بۆ قسەئەکەی، باوکم حەسەن ئەفەندی بۆ لایەکی بە لایەکا ناخەی؟ بۆ نایبڕیتەوە؟

بەهیە: ئاخر بەم قسەنەکردنەی منی کوشتووە.

پوور: بەخوا شتێکی باشە، یا خوا بەزیایی خێرم نەکرد، باوکم بۆ قسەناکەی؟! کچەکەم چییەتی؟ چ خراپەیەکی کردووە، خوانەخواستە.

پیاو: من بە مەعقوولی نازانم ئینسان بێهوودە و هەر لە ڕێی قسەکردن و زۆربڵێییدا قسەبکات.

پوور: یەعنی چی؟ کەواتە ئێمە زۆربڵێین؟ بەخوا ئیشمان چاکە.

پیاو: مەبەسم تۆ نییە بە تەنیا. ئەرێ پوورێ کە من ئەم کچەی تۆم هێنا، لە بەرچاوی تۆ پێمنەوت- من حەز لە قبووڵ و قبووڵکاری ناکەم.

پوور: با وتت. ئینجا چی بووە ئێستا؟

پیاو: ئەوی بووە ئەوەیە کە قبووڵی بۆ داناوم، هەموو هەفتەیەک سێچوار دینار ئەدرێ بە چەرەس و کێک و میوە و شتومەکیتر.

پوور: ئینجا چییە کوڕم، هەموو کەسێک ئەمە هەر ئەکات، ڕۆڵە.

بەهیە: من تێمگەیاندی کە حەزی لێناکەم و نامەوێت.

پوور: تۆ خراپیی ئەم قبوولەم تێناگەیێنی، وا ڕقت لێی هەڵساوە؟

پیاو: ئا، جارێ لەپێش هەموو شتێکا قبووڵ وای لە کچەکەت کردووە ئاگای لەماڵەکەی خۆی نەبێت و هەموو ڕۆژێک بە ماڵانەوە بێت. جگە لەمە، ئەو ڕۆژەی نۆرەی ئەم بێت، ئەبێ من ماڵم لێحەرام بێت. جگە لەمە، من لەتوانامانییە و بە مەشرووعی نازانم لەم زرووفە ئیقتیسادییە خراپەدا دەدوانزە دینار مانگی مەسرەفی قبووڵ بکەم.

بەهیە: ئینجا بۆ ناڵێی مەسەلە پارەیە؟

پوور: ئینجا ڕۆڵە ئەم بەرچاوتەنگییە بۆ؟

پیاو: (پێئەکەنێ) هەر ئەمەش نییە. قوربان لە قبووڵا وردورد فێری قوماریش بوون.

پوور: ئەیەڕۆ! قوماری چی، بەزیادنەبێ؟

پیاو: قوماری پۆکەر و کۆنکەن، وەکوو قومارچییەکان کاسبیئەکەن. دوێنێشەوێ بەهێ سێ دیناری دۆڕاندووە.

پوور: ئینجا بۆ ڕابواردن چیی تیایە؟ فەرقی ژن و پیاو؟!

پیاو: هیچ. مەسەلە زۆر ئاسانە. فەرقی ژن و پیاو کوا هەیە، فەرقی چی، ئەی قوڕ بەسەر ئەو پیاوەی ئەکەوێتە دەست ئێوەمانانی نیوەخوێندەوار.

پوور: ئینجا ڕۆڵە ئەگەر بۆ بێتاقەتی ....

پیاو؛ هەر ئەمەش نییە قوربان، مەسەلەی قاشیش[1] هەیە ..

پوور: قاش؟ قاشی چی؟

پیاو: تۆ چۆنی تێئەگەی، پوورێ؟

پوور: وەڵڵا ڕۆڵە من بە شت قاشکردنی تێئەگەم، وانییە بەهیە؟

بەهیە: من نازانم.

پیاو: من ئەیزانم، من هەموو شتێک ئەزانم. قوربان کچان و ژنان حەز لە یەکتری ئەکەن و لەو قبوولانەدا بەسەر یەکتریدا ئەگرین و ئەلاوێنەوە و پارە بۆ یەکتری خەرجئەکەن، وا ....

---

[1] قاش: پانپانۆکێ، کاری جنسیی مێ لەگەڵ مێ. (س)

پوور: ئەیەڕۆ، بۆ خاتری خوا، وا مەڵێ باوکم؟

بەهیە: ئەوە عەیبنییە ئەو قسانە ئەکەیت؟ تۆ لە کوێ ئەزانی ئەمە وایە؟

پیاو: هەمووی ئەزانم، چۆلەکەکەم پێمئەڵێت. هەمووی ئەزانم و جارێکیتر ڕازیمنییە بێن بە ماڵما.

بەهیە: کێ نەیەت، بەزیادنەبێ؟

پیاو: شیرین و تاڵ و خێڵوخوارەکەی بە چاو چەقەنە لێئەدا و لووت خوراوەکە و دەم گاوەخانەکە و هەموو ئەوانەی خەریکی قاش و قاشکارین. من ژنم هێناوە یان مێرد؟ تەرکیکەن ئەم خووە ناشیرینە چەپەڵە شازە بێمەعنایە. ئەگەر ژنی منی، ئەوا من ئەمانەم ناوێ و قبووڵیش نەئەچێت و نە لێرەش ئەکرێت.

پوور: ڕاستئەکات ڕۆڵە، وەڵڵا ئەگەر ئەمانە وابێت، منیش ڕازیمنییە، نەوەڵڵا.

بەهیە: سا وەڵڵا مادام وا ئەکەی، یەکسەعاتی تیا نامێنمەوە، نەوەڵڵا.

پیاو: سا بە بیللا بتۆرێیت، جارێکیتر سەرناکەیتەوە بەم ماڵەدا و تەڵاقیشتنادەم، بۆ ئەوەی بە داخەوە سەربنێیتەوە.

پوور: بۆچی وا ئەکەی، کچم؟ بۆ بە خوتوخۆڕایی ماڵ لە خۆت تێکئەدەی؟!

بەهیە: هەڵسە با بڕۆین.

پوور: وەڵڵا ڕۆڵە من هاتنە دەرەوەت بە باش نازانم و حەسەن ئەناسم کە قسەییێکیکرد، ئیتر لێیناگەڕێتەوە.

بەهیە: ئای دایە سەرم گێژئەخوات، ئەڵێی تام لێهات.

پوور: ئەیەڕۆ، ئادەی، ئەرێ وەڵڵا تات لێهاتووە، باوانشێواو.

پیاو: ئا بزانم ئەم تایە لە کوێوە پەیدابوو؟

پوور: پاییزە و پاییز هەزار نەخۆشی ئەهێنێ، ئەبێ سەرمایبووبێت.

پیاو: با بچم بەشوێن دوختۆرا.

پوور: دوختۆری بۆ چییە؟ نەختێ ئیسراحەتبکات، چاکئەبێتەوە.

پیاو: قەیناکا، دوختۆر زەرووورییە و زەرەرنادات.

(پشوویێ مۆسیقا)

پیاو: باوکم، دوکتۆر زۆر زۆر سپاس.

دوکتۆر: پێویستناکات، واجبی خۆمم بەجێهێناوە.

پیاو: من تێناگەم سێبەرۆی لە چییەوە تووشبووە؟

دوکتۆر: موهیم ئەوەیە تووشیبوو و چاکبووەوە و بڕایەوە. بەڵام ئەوی کە پێم ناخۆشە و پەستیکردووم، مەسەلەی لاڵییەتی.

پیاو: وا مەڵێ، بۆ خاتری خوا؟ باوکم -بە ناموسم- بە هەزار دینار من ئەم لاڵییەم ئەکڕی، "خوا هەتا کێو نەبینێ، بەفری تێناکات".

دوکتۆر: چۆن دڵت یەت وا بڵێی؟

پیاو: دڵ؟ ئینجا فایەی چی؟ هەر کەسە خۆی دەردی خۆی ئەزانێ و خۆی ئەزانێ ژنەکەی چییە و چۆنە و کوێی ژانئەکات.

دوکتۆر: بەڵێ، ئەمە ڕاستە و بەڵام جێگای ئەسەفە ئەم لاڵییە.

پیاو: باوکم، بە شەرەفم لەوانەم چوارچێوەیەکی گەورە لە باشترین دار دروستبکەم، ناوی سێبەرۆی بە زەڕکەفی ئاڵتوون تیا بنووسم.

دوکتۆر: یەعنی چی؟

پیاو: قوربان نەیئەهێشت بخوێنمەوە، نەیئەهێشت بنووسم،ماڵنەئەکەوت. هەموو ڕۆژێکی خوا باس باسی جلوبەرگ و ئاڵتوون و قۆندەرە و قبووڵ و قبوولکاری بوو. هەموو ڕۆژێ شەڕبوو، ماڵی لێکردبووم بە دۆزەخ، بوجەی تێکدابووم، شاختی ئەڵمانیشم بهێنایە ڕاستینەئەکردەوە! ڕجات لێئەکەم، من بە سووراو و سپیاو و سەرکەفی خۆمان نەبووم، ئەو ڕۆج و سواری پاریس و ئارایشتی ماکس ڤاکتۆری بۆ ئەکڕیم.

دوکتۆر: گوایە ئێستا ئەمانە هیچی نەماوە؟

پیاو: قەتعییەن، نەوەڵڵا شوکور ڕووینایەت لە ماڵ بچێتە دەرەوە و بیلتەبع باسی هیچیشم لەگەڵا ناکات، وەکوو شتێک نەفسییەتی شکاوە.

دوکتۆر: وەڵڵا سا مژدەت بدەمێ، ئەم لاڵییە ئەوەندە دەوامناکات، هەمووی چەند ڕۆژێکە.

پیاو: یەعنی چی، بۆ خاتری خوا، دوکتۆر؟

دوکتۆر: یەعنی قوربان لەدوای چەند ڕۆژێکیتر زۆرباش چاکئەبێتەوە و لە جاران باشتر قسەئەکات.

پیاو: ئەی ماڵی وێرانم، هەی. ئینجا بە بیللا ئەو حەلە یا ئەبێ تەڵاقیبدەم یان من خۆم ڕائەکەم بۆ شارێکیتر.

دوکتۆر: مەسەلە سووک و ئاسانە. بێگومانبە کە لەم نەخۆشییەوە دەرسی وەرگرتووە و وەکوو جاران نابێت.

پیاو: بەخوا کەیفی خۆیەتی، شت نییە چارنەکرێت.

بەهیە: (دێتە ژوورەوە)

دوکتۆر: شوکور ئێستا باشتریت، بەهیەخان؟

بەهیە: خوا خۆ..ست.. کا، تەت و سوکر چا..کی؟

دوکتۆر: مەسەلەی زمانیشت بەم زووانە چاکئەبێت، هیچ خەیاڵنەکەیت.

پیاو: تەبعەن، ئەی گوایە چۆن چاکنابێت. ئێستایش شوکور چاکە، باش قسەئەکات. بەڕاستی دوکتۆر هەتا ئافرەت زمانی تۆزێ قورستربێت، ڕوحی سووکترە و قازانجترە بۆ هەموو لایەک. بێگومانبن کە زمان بەڵایە.

دوکتۆر: بە حیسابی تۆ ئەبووایە کەس زمانی نەبووایە.

پیاو: نەء، ئێجگار واش نا، بەڵام پیاو نیوەزمان بێت باشترە. ئینسان ئەبێ زمانی خۆی قەمتەرکات، لەواشەییێکی تێخات. نەتانبیستووە "ئەگەر زمان بهێڵێ، سەر ڕەحەتە".

دوکتۆر: ڕاستە، قسەکانت بەجێیە. ئەشهەدوبیللا، منیش هەتا بڵێی پەستم و هەتا ئێستایش هۆی ئەم پەستییەی خۆمم نەئەزانی، توومەز مەسەلە زمانە.

پیاو: ئەی ڕەحمەت لە باوکت. چۆن زمانە دوکتۆر؟

دوکتۆر: قوربان کە خەڵقی یەن بۆ خەستەخانە، لەجیاتیی ئەوەی بە دووقسە مەقسەد بدەن بەدەستەوە و ببڕێتەوە، سەعاتونیوێک هەر قسەئەکەن، ئەمە لە دائیرە لە ماڵیشەوە..

پیاو: ئێی، لە ماڵیشەوە.. ماڵەوەم تێبگەیێنە -بۆ خاتری خوا- تۆش وەکوو منی و بە خۆتت نەزانیوە؟

دوکتۆر: من ژنەکەم نییە، ژنەکەم بێدەنگە.

پیاو: ئەی کێ؟ ناشێ خەسووت بێ؟

دوکتۆر: بەڵێ، وەڵڵا خۆیەتی، ئەوە چۆنت زانی؟

پیاو: چۆنی نازانم، ئێی دوکتۆر ئینجا چی ئەکەی؟

دوکتۆر: مەسەلە ئاسانە، لەمەودواوە منیش قبووڵ و قبووڵکاری ناهێڵم. خەسووشم یان دەرئەکەم یان خۆم کەڕئەکەم، بۆ ئەوەی گوێم لە چەنەبازییەکەی نەبێت.

پیاو: ئۆخەی وا ئێستا ئیسراحەتمکرد.

دوکتۆر: یەعنی چی حەسەن ئەفەندی؟

پیاو: یەعنی قوربان شوکور خەڵقی لێقەوماوی وەکوو منیش هەیە و ئیتر دڵم لە خۆم نامێنێ و مەرگیش لەگەڵ ئاوەڵانا جێژنە.

پوور: (لە دەرگا ئەدات) دە بیکەرەوە، ئەوە کەس لەماڵەوە نییە؟ ئا هەڵسە بەهیە، ئەوا خەسووی منیش هات، دوکتۆر.

دوکتۆر: با ببیەین، شەڕێکی پێبکەین لەگەڵ خەسووی منا.

پیاو: بۆ، شەڕە کەڵەشێرە؟ بەخوا باوکم من شەڕ بە خەسووی خۆم ناکەم؟ هەتا بڵێی جیاوازە لە خەسووی خەڵقی..

پوور: بزانم باس باسی خەسووە، حەسەن گیان.

پیاو: ئەی پوورێ گیان، لەگەڵ دوکتۆر قسەمان کرد، ئەزانی..

پوور: چۆنی دوکتۆر گیان؟ دایکت شووکر چاکە؟ حەلاوخان چاکە، ڕەحمەخان شوکور چاکە؟

دوکتۆر: خوا خۆشتکات یا خوا. ئەرێ وەڵڵا ڕەحمەخان هەتا بڵێی شوکور چاکە، لەمەودواوە چاکتریش ئەبێت.

پوور: ئەوە هەر پێوەبووم بێم؟

دوکتۆر: بەخێربێیت، لە دەمێکەوە ڕەحمەخانی خەسووم ئەناسیت؟

پوور: ئەرێ وەڵڵا لە ساڵی ڕشانەوەکەوە ناسیم. ئەوساکە ڕشانەوەشی گرت و شوکور نەشمرد.

دوکتۆر: چۆن ئەمرێت؟ ئەبووایە هەر بمایەوە، بۆ ئەوەی من بە خزمەتی بگەم، چۆن ڕشانەوە پێی ئەوێرێ!

پیاو: ئەی قوڕەکە بەسەر من، بە ڕشانەوە نەمرد؟

دوکتۆر: چۆن ئەمرێت، بەو زمانە مەقەستییەی هەرچی میکرۆبی تاعوون و مشک و کێچ هەیە لەو ماڵەدا، هەموویانی شاربەدەرکرد.

پوور: ڕاستئەکات دوکتۆر، بەدەمە بەدەم.

پیاو: ئێ وایە، پەنابەخوا لە دەم.

بەهیە: ئەرێ دایە گیان، کەی بچین بۆ ماڵی حەپسەخان؟

پوور: گیانی دایە، کەی ئەڵێی ئەچین.

پیاو: چی؟ ئەوە زمانت کرایەوە بەهێ؟

پوور: ئۆ، وەڵڵا ڕاستئەکات. ئۆخەی سەدهەزار جار ئۆخەی.

دوکتۆر: ئەموت حەسەن ئەفەندی زۆر ناخایەنێت؟

پیاو: با وتت، شاڵڵا نەتوتایە، بەهیە؟

بەهیە: بەڵێ، ئەڵێی چ؟ تاقەتی بەزمورەزمی تۆم نییە و داخم زۆر لە دڵایە. ئەوە هەر قسەتئەکرد و نەمئەتوانی جوابتبدەمەوە، خوام لەو خوایە ئیتر قسەت لەدەم بێتە دەرەوە، ئەوا پێم وتی..

پیاو: بەسە، گیانە شیرینەکەم، بەسە. ئەوەندە قسەمەکە، جارێ با زوو نەسوێتەوە و لاڵنەبیتەوە، بەهیە گیان. تۆزێ ئیسراحەتبدە بە زمانت.

بەهیە: زمانم چییەتی؟ هەر چییەکم لێهات، لە داخی تۆ بوو..

پیاو: نەتبیسووە زمان وەکوو بەرداش وایە و ئەسوێ؟ نەتبیستووە وەکوو مەقەست وایە، ئەبێ دەمەزەردبکرێتەوە؟

بەهیە: نەخێر، هیچم نەبیستووە و لەمەولاش لە بەیانییەوە قسەئەکەم هەتا وەختی نوستن.

دوکتۆر: نە ئێجگاری ئەمەش باشنییە، بەهیەخان؟

پیاو: ئینجا خۆت زەرەرئەکەیت.

بەهیە: بۆ زەرەری چی ئەکەم؟

پیاو: دوکتۆر فەحسیکردم و پێیوتم کە لەپاش نیوسەعاتیتر کەڕئەبم. دوور لە ڕووی خۆت و دایکت، ئیتر گوێم لە هیچ نابێت. وا وژەوژ دەستی پێکرد لە گوێما..

دوکتۆر: من؟ من چیم وت؟

پیاو: ئا تۆ؟ هەموو شتێکت وت. ئای وەڵڵا کەڕبووم. گوێم لە هیچ نەما، تەواو، بڕایەوە، بەهێ.

بەهێ: ئەوە چییە پیاوەکە، بەڕاستتە؟

پیاو: من لەگەڵ دوکتۆر ئەڕۆم بۆ خەستەخانە.

بەهیە: لەگەڵ تۆمە، ئەڵێم بەڕاستتە؟ وایە دوکتۆر؟

پیاو: نەء، هیچم بۆ دامەنێ، ئێوارێ لە دەرەوە نانئەخۆم.

بەهیە: ئەیەڕۆ ئەوە چییە، بەزیادنەبێ؟

پوور: ئۆ، موور محەمەدی شەریف، دوکتۆر گیان فریایکەوە.

دوکتۆر: بەخوا قسەی ڕاست ئەوەیە هەتا بەهیە لاڵئەبێتەوە، ئەم چاکنابێتەوە.

پیاو: ئەرێ وەڵڵا ڕاستئەکات.

بەهیە: گاڵتەم پێئەکەی، بەزیای خێرم نەکرد؟

پیاو: گاڵتەت پێناکەم، بەڵام بە بیللا لەمەودواوە ئەوەندە قسەبکەیت، خۆم کەڕئەکەم، هەرچی قسەییێکم بەدڵنەبوو، جوابتنادەمەوە، ئیتر کەیفی خۆتە...

بەهیە: تۆ هەر کەڕمەبە. منیش مادام شوکور چاکبوومەوە، ئیتر تۆ چۆن بڵێی وا ئەجووڵێمەوە.

پیاو: ئۆخەی سەد شوکور. ئەوە بۆ کوێ ئەچی دوکتۆر؟

دوکتۆر: منیش ئەچم چارەسەرێکی زمانی خەسووم ئەکەم، دەرمانەکەی تۆ، خۆکەڕکردن، بەکارئەهێنم.

پیاو: دوکتۆر ڕاوەستە تۆ.

دوکتۆر: ئەڵێی چی، درەنگمە؟

پیاو: عەمەلیاتی چی؟

پیاو: عەمەلیاتی زمانی خەسووت، تۆزقاڵێکی لێببڕە.

دوکتۆر: ئەی بژیت، ئافەرم، زاتەن بالووکەیەکیش وا بە سەری زمانیەوە.

پیاو: بڕایەوە، بە قوربانی کوڕ بم، زمانە بچکۆلەشی نەهێڵی، ها ئەگینا سەرهەڵئەداتەوە و ئیش گەنئەبێت.

باشە خەڵقە ئەمە حاڵە؟ ئەمە باشە ئینسان وەختی بەنرخی خۆی، ڕۆژانی کورتی ژیان، بە زماندرێژی و بە شتی پڕوپووچ بباتە سەر؟ تکاتان لێ‌ئەکەم، تۆزێ لاڵی، با -هیچ نەبێ- ناوماڵەکانمان ئاشەمەکینە نەبێت.

(تەواو)

# شەیتان زەفەرت پێنەبات

**(المال والشيطان: لاتدع الشيطان ينتصر عليك)**

دانەری: شاکر مستەفا سەلیم

(گۆڕین بۆ کوردی)

هیچ شتێک نییە لە دنیادا بەقەد نەبوونی، دەستکورتی، مەعیشەتکزی، کاربکاتە سەر ئادەمیزاد. پێغەمبەر ئەفەرموێ "الجوع کافر"، برسێتی کافرە، خراپەی لێئەوەشێتەوە. بەڵام وەنەبێ دنیا هەتاسەر بۆ یەکێک بمێنێت، یان خراپیی وەزع هەتاسەر دەوامبکات. ئەگونجێ ئیمڕۆ کەمدەست و هەژار بیت وە ماڵت بەتاڵوحەتاڵ بێت، پارەیەکی کەمت چنگبکەوێ، بە ژیانێکی کولەمەرگانە بژیت. بەڵام ئەگەر بێت و لە ژیان ڕانەکەیت وە دوچاری مەئیووسیی تۆقێنەری پیس نەبیت، بێگومان سبەینێ لە ئیمڕۆ باشترئەبیت وە ئەتوانیت حاڵی خۆت چاکتربکەیت. ئادەمیزاد بۆیە ئادەمیزادە وە گەورەی هەموو مەخلووقاتە، چونکە بیرئەکاتەوە و ڕێگا دائەنێ بۆ باشترکردنی ژیانی خۆی، بۆ گۆڕینی ئەو حاڵە خراپە ناهەموارەی کە تێیکەوتووە. ئەگەر وانەبێت، ئادەمیزاد نییە وە ئاژەڵێکی قسەکەرە.

لە کاتی لێقەومان و دەستکورتی و مەعیشەتخراپییا، ئەگەر هات و ئادەمیزاد بتەو وە بەئیرادە نەبوو، ئەوا دەستئەکا بە ڕێگای چەوت گرتن، زیانی هەرە گەورە بە خۆی، ئینجا بەو کۆمەڵەی ئەگەیەنێ کە تیایا ئەژی، ئینجا ناوی ئادەمیزادیەتیش لەکەدارئەکا. دە ئەو کەسە بێئیرادە بێمێشکانەی شوێن ڕێگای چەوت ئەکەون، لە ئادەمیزادێتی بێبەریئەبن، وە ئەمە ئەو حاڵەیە کە خەڵقی پێیئەڵێن: شەیتان زەفەری پێبردووە.

گەلێ لە مەئموورە بچووکەکان و هەندێ لە مەئموورە گەورەکانیتریش کە تەنیا مەعاشێکی کەم وەرئەگرن وە هیچ سەرچاوەیەکیتری ژیانیان نییە، یان لەبەرئەوەی کە ژنەکانیان یا کەسوکاریان هەر وشەی بێنە، بێنە، بێنە ئەزانن، وەیا هاوڕێی خراپ و کۆمەڵی پڕ لە خراپە فرێیانئەداتە باوەشی زیادەمەسرەفییەوە؛ ئەڵێین ئەم جۆرە مەئموور و خەڵقانە، کاتێک بە خۆیان ئەزانن کە کەوتوونەتە دووڕیانێکەوە: یەکێک لەو

ڕێگایانە ڕاستە، دووەمیان چەوتی پێچەوانەکەیەتی. دە ئەگەر لەسەر ئەم دووڕیانە کە تووشبووە، ئەگەر بڕیاری دا بە ڕێی ڕاستییا بڕوات، ئەوا هەوڵئەدات ئەو هۆیانە لابەرێ کە دوچاری ئەم حاڵە ناهەموارەیان کردووە. ئەگەر ڕێگای دووەمیشی گرت، چەوت- ئەوا دەستئەکات بە بەرتیل وەرگرتن و درۆودەلەسەکردن و دزیکردن، دەستئەکات بە گرتنی هەموو ڕێگایەکی ناشیرین لە ڕێی ئەوەدا کە بژی. وە پێشڕەوی ئەم جۆرە ئادەمیزادە لەئاژەڵچووانە شەیتانە، شەیتان زەفەری پێبردوون و بەدووی خۆیا کێشیانئەکات بۆ ئابڕووچوون، بۆ سزا و کوێرەوەری، بۆ بەندیخانە، بۆ دۆزەخ .. دۆزەخێکی بێبڕانەوە. چیرۆکی ئیمڕۆمان باسی مەئمووریکی بچووکە کە دوچاری خراپیی مەعیشەت بووە، بەڵام هەرچەندە شەیتان تەقەلایەکی بێشوماری لەگەڵا ئەدات کە بیگرێتە باوەش، کە بیکات بە هاوڕێی دەعباکانی ژێردەستی، بەڵام زەفەری پێنابات. دە پیاو ئەو پیاوەیە شەیتانیش زەفەری پێنەبات.

کات- پێشنیوەڕۆی سەری مانگە، شوێن- ماڵی حسێن ئەفەندییە. هیوامان وایە چیرۆکەکەمان جێگای کەڵک بێت.

حسێن: (لە دەرگا ئەدا) لوتفی، لوتفی، بیکەرەوە.

لوتفی: ئەوە تۆی باوکی سەرچڵ؟ ئیمڕۆ زوو هاتیتەوە (کەمێک بێدەنگی) ئەوە بۆ وا ماتی؟ چی قەوماوە؟ ئادەی پێمبڵێ؟

حسێن: چیت پێبڵێم، ئافرەت؟ وازم لێبێنە، با بە دەردی خۆمەوە بناڵێنم، بەڵام دا لەم ژیانە.

لوتفی: چۆن، چیم پێبڵێیت؟ ئەی من شەریکی ژیانت نیم؟ ئەی نابێ بزانم بۆ وا دڵگیریت؟

حسێن: ئەی نازانی ئیمڕۆ سەری مانگە؟ نازانی مەعاشم وەرگرت؟ مەعاش، قوربان مەعاش (پێئەکەنێ)، کاشکی وەرمنەگرتایە .. پارەی خەڵقی کیسە ئەدڕێت.

لوتفی: ئینجا ئەمە ئەبێت هەموو سەری مانگێ تۆ وا لە خۆت بکەی؟ قەرزاری، قەرزاری؛ خۆ قەرزار قەرزاری نەکوشتووە، دڵی خۆت بۆ عاجزئەکەی؟ ئەگەر - خوانەخواستە- ئەمەش نەبووایە، چیمان بکردایە؟

حسێن: ئەگەر ئەمە نەبووایە، ئەمزانی چیم ئەکرد. چۆن عاجزئەبم، ئافرەت؟ سەرچڵم بمرێ، خوێن لە دڵم ئەتکێ. نەختێکیتر قەرزار شڕەم بە بەرەوە نایەڵن، تام لێئەهێنن تا گرانەتا، ئافرەت.

لوتفی: خۆزگەم بە بەش و کەرەمت خوایە، لەمە خراپترمان پیشان‌نەدەیت. با نانت بۆ تێکەم، ئەوەندە فکرمەکەرەوە، خوا کەریمە.

حسێن: بەخوا هیچم پێناخورێت، لوتفی. دڵم کەیلە، ئەڵێی لە بەحرێکی بێبنام، هەروا تاس ئەمباتەوە، هەزار خەتەرە بە دڵما دێت.

لوتفی: پیاوەکە خوا کەریمە، ئەبێ پارووێەک هەر بخۆیت، وا بۆت تێئەکەم.

حسێن: بەڵێ، خوا کەریمە، بەڵام قەرزار ڕاناوەستێ، پارە بەش‌ناکات. قوڕی کوێ بکەم بە سەرما! بە خوا ئەگەر تۆ و سەرچڵ نەئەبوون؟ بەڵام بڵێم چی؟ سابیرم بە بەشت خوایە.

لوتفی: دەی بخۆ، بەس‌نییە ئەم پارووە نانە دەروێشییە حەڵاڵ و زوڵاڵە و بە ڕەنجی شان هاتۆتە بەرهەم. بەس‌نییە شوکور دزنیت، ڕیشوە ناخۆیت. گوێمەدەرێ پیاوەکە، تۆ خۆش‌بیت، حاڵمان هەر باش‌ئەبێت.

حسێن: ئافرەت، ئەگەر ئەم قسە خۆشانەی تۆ نەبووایە، بێگومان ئەمدایە کێو. بەس‌نییە خوا پەرییەکی تێگەیشتووی وەکو تۆی کردووە بە شەریکی ژیانم! ئەوە کوا سەرچڵ؟

لوتفی: نوستووە لەودیو، نەختێ لەپێشی تۆدا نانی خوارد و نوست.

حسێن: ئا هەڵیسینە!

لوتفی: (بە دەنگی بەرز) سەرچڵ، هەڵسە، باوکت هاتەوە، هەڵسە.

سەرچڵ: (خەواڵووانە) باوکم؟ کوا؟ (بە پێکەنینەوە) هاتیتەوە بابە گیان؟

حسێن: ئا باوکەکەم، وەرە ماچێکمبەرێ. لێرەوە وەرە، خۆت لە سینییەکە نەدەیت. ئۆخەیش باوکی باوکەکەم (ماچی‌ئەکات).

سەرچڵ: ئەوە بۆ وا ماتی، بابە گیان؟

حسێن: کوا ماتم، باوکەکەم؟

سەرچڵ: بەرێ وەڵڵا، وەکوو گریابیت وایە. تووخوا دایکە وانییە؟

حسێن: ئاخر مامم عەمری خوای کرد، باوکەکەم.

سەرچڵ: بۆچی تۆ مامت هەیە، بابە؟ ئەی بۆ نەهاتووە بۆ ماڵی خۆمان؟ بۆ نەمدیوە؟

لوتفی: وەرە بچۆ نیو کیلۆ شەکر بکڕە، با چا لێبنێین. ئاقڵ، ها ئەوە پەنجا فلس، دوو فلسیش بۆ خۆت خەرجکە.

سەرچڵ: (بە ئەسپایی) ئەی دایە باوکم قۆندرەکانم بۆ ناکڕیت؟ ئەمە ٣ مانگە هەموو جارێ ئەڵێ سەری مانگ. بەخوا من قۆندرەم ئەوێت.

لوتفی: ئاخر جارێ مامی مردووە، باوکەکەم. قسەنەکەی، کە مەکتەب دانرایەوە، بۆت ئەکڕێت. ئێستا وەختی قۆندرە نییە، عاقڵ. دەی خێرا بچۆ شەکرەکە بکڕە، با چا لێبنێین.

سەرچڵ: ئاخر بەخوا قۆندرەم هەر ئەوێت.

لوتفی: بەسەر چاو، زوو بێیتەوە.

(مۆسیقا)

عەلی: (لە دەرگا ئەدا) حسێن ئەفەنی، حسێن ئەفەنی.

حسێن: ئای قوڕ بەسەرم، بە ناموسم دەنگی عەلیی بەقاڵە، ماڵوێران خۆم، هەیش.. بچۆرە ئەودیو تۆ، ئافرەت. (بە دەنگی بەرز) ڕاوەستە وا هاتم مامەعەلی (دەرگا ئەکاتەوە) یاخوا بەخێربێیت .. گەورەتکردم.

عەلی: یا خوا بەخێرنەیەم و ملم بشکێت ئاوا. گەورەی چی و بچووکی چی، حسێن ئەفەنی! حسێنبەگ، ئەمە وا نابێ کە تۆ ئەیکەی، باوکم.

حسێن: دەنگ هەڵمەبڕە، بۆ خاتری خوا. تۆ فەرموو دانیشە، تۆ فەرموو کاک عەلی، چایە بخۆرەوە.

عەلی: کوڕە بۆ دائەنیشم، باوکم ئیشم هەیە، کوا پارە؟

حسێن: دە تۆ وەرە چایەک بخۆرەوە؟

عەلی: کوڕە قوزەڵقورت ئەخۆمەوە، کاکە بێنە پارە، پارەم ئەوێت.

حسێن: بەخوا کاک عەلی ئەم مانگە .. نەمتوانی، بەڵکوو ئەمە خوایە سێچوار ڕۆژیتر شتێکت بۆ پەیابکەم، بەسەر چاو.

عەلی: دەک موبارەکی خێرم نەکرد ئاوا. ئەمە هەموو مانگێ هەر نەتتوانی؟ ئەرێ کاک حسێن سێچوار ڕۆژیتر لە کوێ بۆم پەیائەکەی؟ گوایە قابیلە حکوومەت مانگی دوو مەعاش بدا بە تۆ؟

حسێن: ئەڵێم بەڵکوو بۆت پەیابکەم .. شتێکم بەدەستەوەیە، بە سەری تۆ ..

عەلی: کوڕە سەری من بەبڕینبچێ، تۆ ئەڵێی منالّ ئەخەڵەتێنی.

حسێن: خوانەکات، کاک عەلی، خوانەکات.

عەلی: کوڕە خوابکا و ئەولاتریش. باوکم بە خوا شکاتت لێئەکەم، ئیتر کەیفی خۆتە. بە نەحلەت بم، ئەگەر ئیتر قەرزبدەم بە کەس لەسەر دەستی تۆدا (بە تووڕەیی دەرگا ئەدا بەیەکا).

حسێن: ئافرەت، خۆ گوێت لێبوو، لا حول ولا قوة الا بالله.

لوتفی: خوا کەریمە پیاوەکە. تۆ بڵێی هەر وابین..

حسێن: ئافرەت، هەرچی لەشم هەیە داهێزراوە، بەخوا لام وایە تام لێهاتووە.

لوتفی: ئا دەیزانم، خۆت ڕووتکەرەوە و پاڵکەوە، زۆر گەرمیت.

حسێن: خۆم زوو زانیم.. هەموو سەری مانگێ، ئەبێ تام لێبێ، چارنییە. ئادەی لە دالانەکەدا جێم بۆ ڕابخە. نەکەی، نەکەی لە دالانا، نەوەکوو خەڵق بێن.. لە کەلەگییەکە دایخە، لە گەنجینەکە.. لە گەنجینەکە، هەر کەسێ هەواڵی پرسیم، بڵێ نەهاتووەتەوە..

(مۆسیقا)

حسێن: لوتفی، لوتفی، ئای ئای باوکە، عەلیی بەقاڵ، ئەحەی قەساب، ڕیشوەت سەد دینار.. صندووق ئەمینی.. پارە.. پارە.. ئای ئای کوا گەردانەکەت؟ با جووتێ قۆندەرە بۆ سەرچڵ بکرم .. شکات .. چۆن .. پێنجسەد دینار، ئەی بەڕەکە؟ ئای..

سەرچڵ: دایە؟ دایکە؟ ئەوە باوکم ئەڵێ چی؟ من ئەترسم.

لوتفی: (بە نازەوە) مەترسە باوکەکەم.. وڕێنەئەکات.. وڕێنەی تا..

سەرچڵ: لەبەر مامی وا ئەکات؟

لوتفی: ئا باوکەکەم ئا.. بچۆ بۆ خۆت یاریبکە لە کۆلان.. برۆ باوکم.

(مۆسیقا)

بەم جۆرە ئەم خێزانە کلۆڵە شەوێکی ئێجگار تاریکیان بەسەربرد. هەتا دەمی بەیان حسێن ئەفەندی هەر پەلەی بەدەست مەلائیکەتێکەوە بوو.. گەرمیی تا ناو دەروونیی هەڵقرچاند.. هەر وڕێنەیکرد وە خەوی ناخۆشی دی تا ڕۆژبووەوە..

لوتفی: باوکی سەرچڵ، باوکی سەرچڵ، هەڵسە درەنگە. شوکور تایەکە خاویکردوویتەوە.

حسێن: ئای، ئای، هەموو لەشم تێکشکاوە. بەخوا خەوێکی پیسم دی.. ئۆخەی کە خەو بوو.

لوتفی: چۆن؟ خەوی چی؟

حسێن: ئەوا ئەبینم بە بیابانێکی چۆڵوهۆڵی لماوییا ئەڕۆم.. تا ئەژنۆم ئەچەقێتە زەوی ... هەتاو کاسیکردووم.. هەوای سەبوونی گەرم دەموچاوم ئەبرژێنێ.. هەر ڕۆیشتم تا پەکمکەوت، تینوو .. برسی .. لە پەوڕوو لێیکەوتم.

لوتفی: ئێ؟

حسێن: تەماشائەکەم یەکێ هەڵیساندم.. کە چاوم کردەوە و لێمپرسی تۆ کێی؟ وتی- من حەقم وە تۆ ئێستا کە وای لە زەویی منا، لە زەویی حەق و ئەمینی و دڵسۆزی و نەزاهەتا.. منیش پێموت- ئینجا من چی ئەکەم لێرە؟ وتی- چونکە هەمیشە ڕاستبوویت و لایەنی منت گرتووە، لەبەرئەوە هاتوویت بۆ ئێرە. منیش پێموت- ئەگەر تۆ نەئەبوویت، حاڵم بەم حاڵە نەئەگەیشت، ئێستا ساماندار، خاوەنکۆشک، خاوەندەسەڵات، ئەبووم. لاچۆ لە بەرچاوم، بەڵام دا لە خۆت، لە زەوییەکەت دا. هەر هەڵسام و دەستمکرد بە ڕاکردن.

لوتفی: خەوێکی وا دوورودرێژت دی؟

حسێن: هێشتا لە کوێیەتی! ڕاوەستە بۆت تەواوکەم، ماڵی قەرزاری بەقوڕگیرێ. کە لەسەر ڕاکردن هەر دەوامکرد، هەتا ئەهات هەوا فێنکترئەبوو.. سەوزایی.. ئاو.. گوڵ و گوڵزار، دەرئەکەوت.. بولبول، قومری، ئەیخوێن.. قاسپەی کەو، چریکەی شەهێن، شاخوداخ و ئاسمانی پڕکرد لە جۆشوخرۆش. دڵم خۆشبوو.. چاوم گێڕا. ئەبینم دوو پیاو و ئافرەتێک دانیشتوون لەسەر کانییەک، ئەخۆنەوە. تەماشائەکەم بانگیانکردم.. کە نزیککەوتمەوە، یەکێکیان کە زۆر ناشیرین بوو، پێیوتم- یاخوا خێربێ، ئاقڵبووی ئێستا؟ منیش پێموت- خۆ لەمەوپێش شێتنەبووم؟ وتی- ئەگەر شێتنەبوویتایە، شوێن

حەقی ڕەزاقورسی داوێنپیس نەئەکەوتی، ئەهاتی بۆ لای من.. من خۆمت تەقدیمئەکەم، شەیتانم ناوە؟ ئەمیش.. باخەڵی[1] هاوڕێمە؟ ئەو ئافرەتەش پارەی دەزگیرانمە.

لوتفی: دەک موبارەکنەبێت لە عومری شەیتان و هاوڕێ و دەزگیرانەکەی! ئێ باوکی سەرچڵ، بە قسەی من هەڵسێ و دانیشێت. تۆ پارەت ناوێت، ئەوە پارە.. لیرە.. دینار.. پاوەن.. دۆلار، کۆشکی پێبکە.. ئۆتومۆبیلی پێبکڕە.. قەرزی پێبدەرەوە.. دەمی خەڵقی پێببەستە.. کەیفی پێبکە.. ڕابوێرە.. ویجدانی پێ بکڕە و بفرۆشە..

لوتفی: ئەمە تۆ خەوت دیوە، یا حکایەتت داناوە، باوکی سەرچڵ؟

حسێن: وەڵڵا، ئافرەت باش لێم مەعلووم نییە.. خەو بوو، زیندەخەو بوو، خەیاڵ بوو، ئیتر چۆنم لێبەسەرهات، بەو جۆرە بۆت ئەگێڕمەوە. ئافرەت –قسەی خۆمان بێت– تەماع گرتمی. پێموت– باشە چیت ئەوێ، ئامادەم.. بەم جۆرە قوربان بووم بە پیاوی.. تەماشائەکەم هەرچی خراپە هەیە لە دنیادا پێیکردم و کە تووشی چەرمەسەریش بووم، بە قاقا دەستیکرد بە پێکەنین پێم.. هەر لە خەوەکەدا بڕیارم دا کە تۆڵە لە شەیتان بکەمەوە وە شوێنینەکەوم هەرگیزوهەرگیز، ئەگەر مردووم.. ئیتر لەو حەلەدا بوو کە تۆ خەبەرتکردمەوە.

لوتفی: پیاوەکە، ئەم خەوە خەیاڵ و فکرکردنەوەی پێش نوستنتە، ئاوێنەی ئەو شتانەیە کە پێوەیانەوە مەشغووڵیت. دەی هەڵسە، خۆت کۆبکەرەوە و بچۆ بۆ بازاڕ، گەردانەکەم بفرۆشە و قەرزەکانی لێبدەرەوە. جووتێ قوندەرەش بۆ سەرچڵ بکڕە؟

حسێن: چی؟ گەردانە، گەردانەی بووکێنییەکەت؟ چۆنی ئەفرۆشم؟ چۆن دڵم یەت؟

لوتفی: دڵت بێت،ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، هەتا ئەمەش ئەخۆین، خوا ئەمێنێ و مولکی! کێ ئەڵێ بەم زووانە حاڵمان باشترنابێت؟ کەی بووت، ئەو حەلە بۆم بکڕەرەوە.

حسێن: ئافرەت، ئاخر چۆن ئەبێ ئاڵتوونی تۆ بفرۆشم؟ بە خوا نانیشمان نەبێ، نایفرۆشم.

لوتفی: هەڵسە، بیفرۆشە و شەیتان لە خۆت، لە من.. لە سەرچڵ، دووربخەرەوە. هەڵسە، با بەسەرتا زاڵنەبێت.. خوانەکردە دزییەکبکەی.. یا ڕیشوەتێک وەربگری و ببی بە پیاوی شەیتان.. حەبستبکەن، یان ناوت بزڕێت.

---

[1] باکلی نووسراوە، دەشێ بەگوێرەی پێوشوێنی ڕستەکە، "باخەڵی" بێ، کە بۆ ئەم جێیە ڕاستدێتەوە. (س)

حسێن: پشت بەخوا، قەت شتێکی ناشیرین ناکەم، هەتا ئێرەمان هێناوە.. لەمەبەدواش ئەبڕین.

لوتفی: بەڵێ، لەمەبەدواش ئەبڕین. بەڵام موهیم ئەوەیە شەیتان زەفەرت پێنەبا، کەتنێکت پێبکا لە کاتی لێقەوماوییا. هەڵسە.

حسێن: من شەریکی ژیانی تێگەیشتووی وەکوو تۆم ببێت.. ئافرەتی دڵسۆزی وەکوو تۆ هاوڕێی عومرم بێت، هەرگیز شەیتان زەفەرم پێنابات، هەرگیز زەفەرم پێنابات، گیانەکەم.

# شیرین، کچە بۆهیمی

## پەردەی یەکەم

کورسی: ٣، مێز: ١

مومەثیلەکان: نەریمان، خانم، شێرزاد، شیرین

لە ئەوەڵەوە، نەریمان بە جلی قائیدی سپاوە دانیشتووە لەگەڵ خانمی ژنیدا. شێرزاد ئەچێتە ژوورەوە، سەلامئەکات بۆ باوکی، بەیاخەکان دائەنێت لە بەردەمیا، بەیاخەکە سوورە و مانگی سپیی تیایە. ئینجا لەولاوە ئەوەستێ و بە مۆرەوە باوەژنەکەی تاماشایئەکات. لەو حەلەدا زابتێک دێتە ژوورەوە، بە قائید ئەڵێ: "چی لە دیلەکانی جەنگ بکەین؟"، نەریمان ئەڵێ: "هەموویان بکوژن"، لەو حەلەدا کچێک بە هەڵەداوان و هاوار دێتە ژوورەوە و خۆی ئەدا بەسەر دەستوپێی قائیدا کە نەکوژرێت، وە ئەڵێت: خوای گەورە ئاگادارە کە من هیچ بوغض و کینەیەکم لەدڵانییە بەرامبەر بە هیچ میللەتێک، هیچ وڵاتێک، هیچ دینێک، چونکە من کچە بۆهیمییەکم وە هەموو دنیا وڵاتمە. من لەگەڵ کەسا نەبووم و بەرامبەر بە ئێوە و بەرامبەر بە هیچ کەسێکیتر شەڕمنەکردووە. میرم! لێمببوورە و بە خۆڕایی مەمکوژە. دایک و باوکم فرۆشتوومیان بە سەربازێکی بێشەرمی بێگانە (تورک)، هەموو جۆرە کەموکووڕییەکی بەسەرهێنام، هەموو ڕۆژێ دە چین دارکارییئەکردم و نێزەی لێدەرئەکێشام. نە خواردنم خواردن بوو، نە نوستنم نوستن! تا خوا ئەمیر شێرزادی کوڕتی بۆ قەراردادەکردم و ئەو سەربازەی کوشت و منی هەژاری لەدەست ظوڵم و زۆری دەربازکرد.

شێرزاد: بابە گیان! من دوێنێ ڕزگارمکرد لە ئێش و ئازار. تۆش ئیمڕۆ ژیانی پێببەخشە. لەو هەموو چەک و دارایی و دیلەی لە دوشمنم سەندووە، هیچم ناوێ، تەنیا ئەمم پێببەخشە.

خانم: (بە ئیحتیقارێکەوە تەماشای شێرزاد ئەکات و ئەڵێت) تۆ ئەو سەربازە شکۆدارەی چەند جارەها دوشمنی بەهێزی ئەم وڵاتەت شکاندووە. تۆی نەوەی ئەم سەرکردە بەرزە پایەدارە، ئێستا داوای کچێکی بوهیمیی فرۆشراو ئەکەیت؟! تۆ ئەبووایە ئەم ئافرەتە نزمەت فڕێدایە بۆ یەکێ لە یاساوڵەکانی بەردەرگاکەت،

وەکوو پارچە ئیسقانێک کە بۆ سەگ فڕێئەدرێت و چۆن ئەبێت ژیانی بەرزی پاکوخاوێنی تۆ، ببەسترێت بە ژیانی پیسی ئافرەتێکی نزمی وەکوو ئەمەوە.

شێرزاد: خانم!

خوا بێهێز و لێقەوماو و بێچنگی بۆ ئەوە دروستنەکرد، کە ببن بە خۆڵ وە ئێمەمانان پێیان پیابنێین. هێز و دەسەڵاتمان نەدراوەتێ، بۆ ئەوەی قامچی و چەک بن بە دەستمانەوە و لەشی ئەوانی پێ زامار و خوێناوی بکەین. هەموو گوناهێکی ئەوان، ئەوەیە کە بێهێزن و وەکوو ئێمە دەسەڵاتدار و پایەبەرز نین. دە ئەمە گوناهـ نییە و بارسووکی نییە بۆ ئەوان.

خانم: ئەگەر بێت و ئەوان وەکوو ئێمە یان لە ئێمە زیاتر بەهێزتر بوونایە، بێگومان ئێستا بە چاوێکیترەوە سەیرمانئەکردن و لێشیانئەترساین. ئەو دەسەڵاتدارەی دەسەڵاتی خۆی بەرامبەر بە بێهێزێکی بێتاوان بەکارئەهێنێ، پێویستە بە ناخی شەرم و شورەییبیا بچێتە خوارەوە.

ئێمە ئێستا کە واین لە شەڕا لەگەڵ دوشمنێکی ستەمکارا کە جەورمان لێئەکات و ئەمانکات بە کۆیلە، ئێمە (هەموو میللەت) بە بێهێز و بە بێدەسەڵات دائەنێ. دە چۆن ئەبێ ئێمە لەم کاتە تەنگوچەڵەمەیەدا لەناو خۆمانا دەست بنێینە بینی یەکتری و یەکتری بکوژین.

خانم: ئەم شیرانەی وا بە دەستمانەوە بۆ کوشتنی ئافرەت و مناڵ و بێتاوان و بێهێز و بێچەک هەڵماننەگرتوون، شیری قەدمان بۆ کوشتنی ستەمکار و بۆ لەناوبردنی ظوڵم و زۆری دوشمن نەبێت، بۆ هیچیتری هەڵناکێشین.

بڕوام بە هیچ شەرەفێک نییە، شەرەفی دڵ و دەروون نەبێت. پێ لە هیچ بنوبنەچەیەک نانێم، جگە لە بنەچەی ڕەوشتوخووبەرزی. ئەم ئافرەتە لێقەوماوەی ئێوە ئێستا بە نزمی دائەنێن، ژیانی کۆمەڵایەتی پیس و نزمی کردووە، ئەگینا خۆی حەزی بە نزمی نەئەکرد، وە خواش بە نزمی دروستینەکردووە. ئەم ئافرەتە تاواندارنییە، چونکە نازانێ تاوان چییە و هێشتا مناڵە. ئەوانە تاواندارن کە تاوانئەکەن و ئەشزانن کە تاوانە.

خانم: ئێمە تێکرا (ئەم میللەتە) تووشی کلۆڵی و دیلی و کوێرەوەری بۆیە بووین، چونکە دەوڵەمەندمان هەژارانی مران، دەسەڵاتدارمان بێدەسەڵاتی کوشت، گەورەمان بچووکمانی خنکان. بە درێژیی ئەم ماوە دوورودرێژی ژیانە، هەر لەگەڵ ناکۆکی و

یەکتری لەناوبردن و ڕێنەکەوتن خەریکبووین، بۆیە بێهێز و زەبوون بووین، بۆیە دوشمن لە هەموو لایەکەوە لووتی تێژەنین. بە سەرەتیر یەکتری کوشتن و لەیەکتری دووان، با هەموو تێکڕا دەست بدەینە دەستی یەک و پەلاماری دوشمنی ستەمکارمان بدەین و خۆمان ڕزگارکەین لە دیلی. (خانم، ئەچێتە لایەکەوە و دەستئەکات بە گریان).

نەریمان: (تووڕەئەبێت و بە شێرزاد ئەڵێت) جارێکیتر نەخەڵەتابیت بەرامبەر بە ژنی من بەم جۆرە ڕەقە قسە ناخۆشانە بدوێیت. بە هەموو موقەدەساتێکم، ئەم بەیاخە سوورانە نەبوونایە، هەموو خراپەیەکم دەرباره ئەکردی. بەڵام نەکەیت جارێکیتر ئەم قسانە بکەیت، ئەوەش کچەکە، دووریبخەرەوە لێرە.

**پەردەی دووهەم**

(شێرزاد وە کچە دانیشتوون بەیەکەوە، مۆسیقایەکی مەحزوون لێئەدرێت. کوڕە عاجز و غەمبارە و لە بەرخۆیەوە ئەڵێت:

خوای گەورە دایکمت مران لە سەرەتای لاویما، بەم جۆرە بێبەشتکردم لە خۆشەویستیی پاک، ئێستاش تاقە هیوام خۆشەویستیی باوکم بوو، وا ئەو خۆشەویستییەشم لەکیسچوو، بەهۆی ئەم باوەژنە یۆنانییە عەیارە ناپاکەوە، کە لەژێرەوە خەریکە باوکم تووشی هەزار دەرد و بەڵا ئەکات.

شیرین: گەورەم! ئیمڕۆ گوێم لێبوو لە خانم، بە باوکتی ئەوت- من زۆر ئەترسم کە شێرزاد هیوامان بەبابدات، چونکە زۆری پێناخۆشە کە تۆ هەوڵئەدەیت لە ڕێی پاشاییی ئەم وڵاتەدا. دیسانەوە وتی کە لە هاوڕێیەکیم بیستووە کە وتوویەتی- من سەربازێکم لە میانی جەنگا بەخێوبووم وە هەر ئەشبێ لە میانی جەنگا بمرم. من نامەوێ باوکم هەوڵبدات بۆ پاشایی، لە کاتێکا کە وڵات زۆر پێویستی بە سەرکردەیەکی وەکوو ئەو هەیە کە بیپارێزێ لە دوشمن. دیسانەوە میرم! خانم بە باوکتی ئەوت: ئەم جۆرە قسانە لە لایەن زابتێکی دەسەڵاتداری خۆشەویستی وەکوو کوڕەکەتەوە لەناو لەشکرا، بەربەرەکانییە بۆ هیوا و ئامانجی ئێمە. باوکیشت پێیوت: نەء، خانم! بڕوا بە قسەی خەڵقی مەکە، شێرزاد هەموو خێر و خۆشییەکی بۆ ئێمە ئەوێت. ئەوی تۆ ئەتەوێت کە تاجنانە سەر سەرە، پێکیەت.

(شێرزاد، لەپاش گوێگرتن بە کچە ئەڵێت: بچۆرە ژووری خۆت بنوو، ئەویش خۆی ڕووتئەکاتەوە و پەردە دائەدرێتەوە).

(خانم کیمۆنۆیەکی[1] لەبەرایە. دنیا شەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوتووە، گوڵچینی کارەکەری باوەشێنیئەکات. لەم کاتەدا لە دەرگا ئەدرێت، هەڵۆی جاسووسی تورک دێتە ژوورەوە و بە ئیحترامەوە کڕنووش بۆ خانم ئەبا و لەسەر کورسییەک دائەنیشێ و دەستئەکات بە شمشاڵلێدان. هەڵۆ، پارچە مۆسیقایەکی ڕۆمانی لێئەدات، کە لە دەمێکەوە ئامادەیکردووە، بۆ ئەوەی ئافرەتەی پێ مەفتوون و شەیدا بکات. ئافرەتەکە بەم پارچەیە زۆر دڵخۆش و شاد ئەبێت.)

خانم: گوڵچین! هەڵسە کەمێ بە ناوشارا بگەڕێ، بۆ ئەوەی بزانین دەنگوباسی ناو کۆڵانی ئەمشەو چییە (ئەڕوات).

(هەڵۆ، هەڵئەسێ و شمشاڵەکە دائەنێ و ئەچێتە سەر چرپایەکە لای خانم وە پێیئەڵێت:) مەسئەلەکە چیی لێهات؟ دەمێکە من لێرەم، ئەترسم خەڵقی پێمبزانن. بەڕاستی لە سێ ڕۆژیتر ناتوانم زیاتر بمێنمەوە.

خانم: (ڕاستئەبێتەوە وە ئەڵێ) دوێنێ مەسئەلەکەم لەگەڵ سەرکردەی گەورەما کردووە وە ئیقتیراحەکانی تۆم بۆ باسکرد. لە سەرەتاوە گوێی لێگرتم، لەپاش کەمێک ڕووی گرژکرد و نەیهێشت ئیتر لەم باسە بدوێم. منیش حەزمنەکرد لەسەری برۆم، بەڵام سبەینێ کە لە بارەگا گەڕایەوە، سەرلەنوێ لەگەڵیا تێهەڵئەچمەوە و ئەمجارە هیوام وایە کە چەک فڕێبدا و سەر بۆ قسەکانم شۆڕبکات. بێگومان تۆش ئەزانی کە پیاوێکی بەرزی شکۆداری وەکوو نەریمان، بە ماوەیەکی کەم ڕەوشتوخووی خۆی ناگۆڕێت، وە لەپڕ لە پیاوێکی نیشتمانپەرستەوە نابێت بە خائینێکی نزم، وڵات بفرۆشێ بە دوشمنەکانی لە ڕێی دارایی دنیادا.

هەڵۆ: (ئەکۆکێ و ئەڵێ) هیچ خیانەتێک و دەنائەتێک لەم مەسئەلەیەدا نییە، فرۆشتنی وڵات و میللەتی چی؟ ئێمە کە نەتەوەی تورکین، نامانەوێ دوشمنان بێنە ناو وڵاتەکەتانەوە، بەڵکوو وەکوو هاوڕێیەکی دڵسۆز ئەجووڵێینەوە لەگەڵتانا. ئێمە کە هاتینە وڵاتەکەتانەوە بۆ لابردنی ئازادیی ئایین و کۆمەڵایەتیی ئێوە نایەین، هەروەها ڕووتتانناکەینەوە وە خراپەتان لەگەڵ ناکەین. بە پێچەوانەوە، ئێمە یارمەتیتانئەدەین بۆ

---

[1] کیمۆنۆ: بەرگێکی باوی ژاپۆنییە، بریتییە لە کراسێکی ئاودامان بە سەرپێچی بەرز و فشوفۆڵەوە. (س)

بەرزبوونەوە و پێشکەوتنتان. هەروەها ناشیەڵین دوشمنە هەنگارییەکانتان داگیرتانبکەن. ئێمە هاورێی دڵسۆزی ئێوەین، نەک دوشمن و خوێنخوارتان.

خانم: (زەردەخەنەیەکی گاڵتەپێکردن دێتە سەر لێوی و بە ئیحتیقارەوە ئەڵێت) هاوڕێم، نەریمانمان لەگەڵا نییە بۆ ئەوەی بەم جۆرە قسانە لایبدەیت و بیخەڵەتێنیت. منیش بەم جۆرە قسانە ناخەڵەتێم، چونکە منیش و تۆش و هەموو سیاسییە درۆزنەکانیش باش ئەزانین کە لە باوکە ئادەمەوە هەتا ئێستە وە هەتا ئەم ئاسمان و زەوییەش تەخت و تاراجی تێکئەدرێ، هەموو ئەو میللەتانەی زەوی داگیرئەکەن، بۆ ئەوەی ناکەن کە پێشیانبخەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی ئەکەن کە خوێنی میللەت بمژن، گۆشت و ئیسقانی بخۆن و هەموو ماددەیەکی ژیانی تیا بمرێنن. میللەتێ خۆی تیماری برینەکانی خۆی نەکات، درۆیە هەرگیز میللەتێکیتر برینەکانی سارێژبکات.

ئەگەر هات و یەکێ لە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان هەندێ ئیصلاحاتیانکرد، ئەوە باش بزانە کە وەکوو ئەو قەصابە وایە کە مەڕەکەی قەڵەوئەکات، بۆ ئەوەی لە کاتی سەربڕینیا گۆشتی زیاتربێت لە جاران.

ئێمە تاقە دوشمنێکمان هەیە و ئەویش ئێوەیە، دە لە خۆتانمان بپارێزن و هیچیتر. تۆ ئەڵێیت هەنگارییەکان دوشمنمانن، وە ئایا ئەگەر دوشمنیشمان بن، هەر داوای داگیرکردنی ئەم وڵاتە ناکەن، وەکوو ئێوە ئێستا داوائەکەن؟ چ عەقڵ و بیروباوەڕێکە، ئێمە لە پێناوی ئەوەدا کە ئێوە مەترسیی دوشمنایەتیی ئەوانمان لەبەرچاو گەورەئەکەن، ئێمە بێین و وڵاتی خۆمان تەسلیمی ئێوە بکەین؛ کە ڕاست و ڕەوان ئێوە دوشمنی حەقیقیمانن و ئێستە کە دەستتان لە قوڕگمان گیرکردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە یەکێک هەموو ماڵ و موڵکی خۆی بدا بە یەکێک، نەوەکوو دزێک بێت ماڵەکەی ببرێ.

برا، با بەتەواوی ئێستاکە قسەکەبکەین و هەوڵنەدەین یەکتری بخەڵەتێنین، من تەخت و تاراجی ئەم وڵاتەم ئەوێ بۆ مێردەکەم. دە بەرامبەر بەمەش، ئەم وڵاتەتان تەسلیمئەکەم. بە شەرەفی بیزانتە سوێندئەخۆم، ئەگەر ئەم وڵاتە وڵاتی خۆم بووایە و من بێگانە نەبوومایە پێی، هەموو تەخت و تاراجی دنیاتان بخستایە بەرپێم، هەوڵمنەئەدا زەڕەیەک لەم خاکەتان بدەمێ.

هەڵۆ: (ڕەنگی زەردهەڵئەگەڕێ و گرژئەبێت و ئەڵێ:) ئێمە کۆنەبووینەتەوە بۆ ئەوەی مەعنای ئیستیعمار و وڵات داگیرکردن لێکبدەینەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە

ئەم پەیمانی سوڵطانییە پیشانی مێردەکەت بدەین، وە بیکەین بە پاشای ئەم وڵاتە، بەرامبەر بەوەی ڕێگا بۆ سپای تورک بەرەڵابکات کە بێتە ناو ئەم وڵاتەوە، وە پەیمانەکە بیگەیەنە بە مێردەکەت، وە بڕیاری دوایی لەپاش سێ ڕۆژیتره.

خانم: (وەرەقەکەی لێوەرئەگرێ و ئەڵێ) باشە لەپاش سێ ڕۆژیتر سەرم لێبدەرەوە. (ئینجا هەڵئۆ هەڵئەسێ و ئەچێتەوە جێگای یەکەمی و دەستئەکاتەوە بە شمشاڵلێدان و کارەکەر لەم وەختەدا دێتەوە، هەڵئۆ هەڵئەسێ و ئەڕوات)

خانم ئەڵێ: پێویستە تاجی شاهانە بە سەری خۆم و مێردەکەمەوە بنرێت. شت نییە لە دنیادا لە پاشایی خۆشتر، هەموو شتێک لە ڕێی تاجێکا زۆر هەرزانە (پاڵئەکەوێت، چرا ئەکوژێنرێتەوە و پەردەدائەدرێتەوە.)

## پەردەی چوارەم

شیرین: (دانیشتووە، مۆسیقایەکی موحزین لێئەدرێت، ڕەسمی شێرزادی لە بەردەمی خۆیا داناوە وە لە بەرخۆیەوە ئەم قسانە ئەکات:

خۆشەویستیی دڵداری پڕە لە کوێرەوەری. ماڵوێرانترین دڵداریش ئەو کەسەیە بەبێ هیوا و ئاواتی پێگەیشتن یەکێکی خۆشبوێت. فرمێسک ئەڕێژن، باش ئەشزانن کە ئەم فرمێسکانەیان ئەڕژێتە زەوییەکی وشک و برینگەوە وە هەرگیز ئاسوودەگی و بەختیاریی لێیناڕوێت، شەوبێداری ئەکێشن، ئەو دڵدارە کڵۆڵانە باش ئەشزانن کە هەگیز ڕۆژێکی خۆشیان لێهەڵنایەت. با فرمێسکیان بڕێژین بۆ ئەو دایک و باوکەی پێیان‌ئەڵێن کوڕەکەتان مرد و ئیتر هەرگیز چاوتان پێیناکەوێتەوە. با کەمێکیش وێنەی ئەو دڵدارە کەساسە لێقەوماوە بهێنینە پێش چاومان، کە لەپڕ پێئەکەنێ، وا دەستگیرانەکەت شوویکرد و سبەینێ ئەیبەن بە بووکی وە ئیتر هەرگیز هیوات پێی‌نەمێنێ، تازە ڕابورد. چەند ژیانێکی پڕ ئێش و ئازارە، خوای گەورە، کە ئێستاکە منی تیام (تەماشای ڕەسمەکەی شێرزاد ئەکات وە بە هەناسە هەڵکێشان ئەڵێت)، گیانە شیرینەکەم، تۆ کوڕی سەرکردەیەک و من کچێکی لێقەوماوی کڵۆڵ؛ تۆ زابتێکی گەورە و من کارەکەرێک؛ شیرینەکەم! چ هیوایەکم بە خۆشەویستی بێت لەگەڵ تۆدا؟! بۆ خۆم بخەڵەتێنم بەوەی کە تۆ بۆ من ئەبیت؟ بەڵام -لەگەڵ ئەمانەشا- ئەوەندە بزانە کە هەتا مردن هەر بۆ تۆم وە هەمیشە کارەکەرتم.

شێرزاد: (دێتە ژوورەوە ئەڵێت) ئەوە لەگەڵ کێدا قسەتئەکرد؟

شیرین: لەگەڵ کەس، گەورەم.

شێرزاد: ئەو ڕەسمەی من، بۆچی لەسەر ئەو مێزەیە؟

شیرین: (سەری دائەنەوێنێ و قسەناکات)

شێرزاد: هەموو شتێک تێگەیشتم. دڵنیابە لە پاشەڕۆژ گیانەکەم، گوێم لە قسەکانت بوو. من لەو کەسانە نیم کە فرووقی ئیجتیماعی لێکئەدەنەوە. دڵداریی پاک حەقی نییە بەسەر کوڕە سەرکردە و بەسەر کچێکی وەکوو تۆوە. تۆ دەستگیرانمی لە بەردەمی خوادا (ئەینووسێنێ بە سنگیەوە. لەپاشا دائەنیشن، شمشاڵی پەردەی سێیەم لە دوورەوە لێئەدرێتەوە. کچە واقی وڕئەمێنێ، کوڕە زەردەخەنەیەک ئەیگرێت و شیرین ئەڵێت)گوێبگرە لەو شمشاڵە خۆشە کە لە ماڵی باوکم لێئەدرێ! من زۆر حەز لە مۆسیقا ئەکەم، بۆچی تۆش وەکوو من پێناکەنی و وا ڕووت گرژکردووە، گیانەکەم! ئایا تۆ حەزی لێناکەیت؟

شیرین: نەء، میرم.

شێرزاد: بۆچی؟

شیرین: چونکە حەز لە شمشاڵژەنەکە ناکەم.

شێرزاد: بۆچی ئەیناسیت؟

شیرین: بەڵێ.

شێرزاد: ئایا کابرا سواڵکەرەکە نییە کە گەلێ ڕۆژ دێتە لای خانمی باوەژنم؟

شیرین: سواڵکەر نییە، گەورەم، بەڵکوو زابتێکی تورکەکانە و بە جاسووسی هاتۆتە ئێرە.

شێرزاد: (ڕاستئەبێتەوە و ئەڵێ) چۆن؟ جاسووسە؟

شیرین: بەڵێ.

شێرزاد: تۆ دڵنیایت؟

شیرین: بەڵێ، میرم! (لێرەدا فرمێسکێک ئەڕێژێ)

شێرزاد: دەی قسەبکە، چی دەربارەی ئەم جاسووسە ئەزانیت؟

شیرین: ناتوانم قسەبکەم، ئەترسم بڕوام پێنەکەیت.

شێرزاد: قسەبکە خێرا، بوونی جاسووسێک لە شوێنێکا، مەعنای فەوتان و کاولبوونی ئەو شوێنەیە. دەی خێرا قسەبکە؟

شیرین: ئەوەندە بە گەورەم ئەڵێم کە دیومە لە بارەگای تورکەکانا و زابتە و بە ئیش نێرراوە بۆ ئێرە (شێرزاد هەڵئەسێ و ڕووئەکاتە دەرگا بڕوات)

شیرین: بۆ کوێ ئەچی، گەورەم؟

شێرزاد: ئەچم بە باوکم ئەڵێم.

شیرین: وا شمشاڵەکە بڕایەوە، بێگومان ئێستاکە ڕۆیشتووە، نایدۆزیتەوە.

شێرزاد: پێویستە بیدۆزمەوە و بە باوکم بڵێم.

شیرین: گەورەم! باوکت ئەیناسێ.

شێرزاد: ئەڵێی چی بێشەرم! باوکم جاسووسێکی دوشمن ئەناسێ و ئەیەڵێت لەسەر ئەم زەوییە بسووڕێتەوە؟ (شیرەکەی هەڵئەکێشێ) قەسەم بە خوای گەورە، درۆبکەیت و ئەم قسانەت بوختان بێت، ئەتکوژم.

شیرین: میرم! کەمێک هێمنبەرەوە؟ من هەرگیز لەگەڵ تۆدا درۆناکەم، چونکە تۆ بتی منی. دانیشە با هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە (شێرزاد شیرەکەی ئەکاتەوە بە جێی خۆیا، دائەنیشێ).

شیرین: بڕیاردراوە لە مەعبەینی کابرای جاسووس و باوەژنەکەت و باوکتا کە ئەمشەو باوکت کلیلی ڕێگاوبانی وڵات بداتە دەست تورکەکان، بۆ ئەوەی ئێرە داگیربکرێت، وە سبەینێ لەگەڵ گزنگی هەتاودا باوکت بکرێت بە پاشای باڵقان.

شێرزاد: لە کوێوە ئەم قسانەت زانی؟

شیرین: گوێم لێیانبوو. لە ژوورەوە قسەیانئەکرد.

شێرزاد: چییتریشیان وت؟

شیرین: باوکت ئیمشەو ئەچێت بۆ تراجان، کە گرنگترین نوقطەی ستراتیجییە، وە جلوبەرگی یاساوڵیش لەبەرئەکات وە لەوێ ئەبێت وە ئاگر داناگیرسێنێ، بۆ ئەوەی سپای ئەم وڵاتە لەپڕ بدرێ بەسەریانا وە هەموویان لەناوببرێن و وڵات داگیربکرێت لە لایەن تورکەکانەوە.

شێرزاد: (ڕووی گرژئەبێت وە ئەڵێت) ئەمشەو هەموو شتێک دەرئەکەوێت، شتومەکم بۆ ئامادەبکە، ئەڕۆم بۆ تراجان.

(پەردە دائەدرێتەوە)

**پەردەی پێنجەم**

(چەند گرد و تەپۆلکەیەک لەسەر مەسرەحەکە، پەردەیەک تەمثیلی سوار و پیادە بکات، چرای مەسرەح هەمووی بکوژێنرێتەوە، تەنیا گولۆپێکی شین دەربکەوێت لە لایەکەوە باوەشێک دار دانراوە. لەپشت قەوسی ڕۆمانییەوە، یاساوڵێک وەستاوە. لەپاش کەمێک نەریمان بە جلی یاساوڵییەوە دێتە ژوورەوە.)

یاساوڵی یەکەم: کێیت زەلام؟

نەریمان: یاساوڵ.

- وشەی پەنهانی ئەمشەو چییە؟

- "کە دوشمنت دی ئاگربکەرەوە".

(جێگاگۆڕکێ‌ئەکەن، یاساوڵی یەکەم ئەڕوات. نەریمان ئەچێتە جێگاکەی، نەریمان ناوبەناو تەماشای بەردەم و ئەم‌لاوئەولای خۆی ئەکات. دائەنەوێتەوە، چاوئەبڕێتە ئاسۆی دوور، ناوبەناوێکیش سەرهەڵئەبڕێ و تەماشای ئاسمان ئەکات.)

(دەنگێکی ڕەزینی لەسەرخۆ لەودیو پەردەکەوە بە مۆسیقایەکی لەسەرخۆوە ئەڵێ:)

وا شەو خێوەتی داکوتاوە بەسەر کردگارا، هەموو گێتی مات و خامۆشە، هەموو چاوێک پڕە لە خەو، هەموو کەسێک نوستووە، ئیللا تۆ نەبێ، ئەی سەرکردەی سپا، ئەی ئەمیر نەریمان. بێ‌گومان ئێستاکە دڵت ئەلەرزێت، هێزی چاکە و خراپەی ناو دەروونت وان لە جەنگا. ئەستێرە درەوشاوە بریسکەدارەکانی ئاسمان چاویان تێ‌بڕیوی. خوای گەورە ئاگاداری ئیش‌وکارەکانتە. دەنگێکی نهێنی ئێستاکە پێت‌ئەڵێ: ئەی ئەو کەسەی کاروباری پارێزگاریی ئەم وڵات و میللەتەت پێ‌سپێرراوە! وڵات و میللەت مەفرۆشە بە دوشمن، بە بێگانە، لە ڕێی هیچ شتێکا. سووکیی وڵات و میللەت فرۆشتن، لە هەموو سووکییەکی‌تر کەم‌وکووڕتر و شەرم‌وشوورەییترە. نەکەی وڵات بفرۆشی، نەریمان! دەستم دامێنت، نەکەی میللەتت بە گورگانخواردوو بدەیت، نەکەی ڕێگا بۆ دوشمنی ئایینی و بیروباوەڕمان بەرەڵابکەیت، نەکەی! نەکەی نەریمان!

(مۆسیقا و دەنگ ئەوەستێ)

نەریمان: (تەماشایەکی ئەملاوئەولا ئەکات و زەردەخەنەیەک ئەیگریّ و ئەڵیّ) ڕاستە خیانەت تاوانێکی گەورەیە، بەڵام تاجیش وەنەبیّ شتێکی کەمبیّ و هەموو ڕۆژێک دەستمکەویّ. سبەینیّ، ئەی وڵات ئەبێت بە موڵکم، ئێوەش ئەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە! سبەینیّ هەمووتان خزمەتکاری من ئەبن و کوڕنووشم بۆ ئەبەن، سبەینیّ ئەبم بە پاشا (پێکەنینیّ بە قاهـ قاهـ)، بەڵیّ، سبەینیّ ئەبم بە پاشا و تاج لەسەر سەری خانم دائەنێم. بەم جۆرە ئارەزووی ژنەکەم جیّبەجیّئەکەم.

خانم! گیانە شیرینەکەم! هەزار نیشتمان بە قوربانی چاوهەڵبڕینێکی تۆ بێت. هەزار میللەت بەخت بێت لە ڕێی زەردەخەنەیەکی تۆدا، هێشتا کەمە. تۆ هەموو شتێکمی: وڵاتم، میللەتم، ژیانم، تۆی، تۆیت و بەس. (بیّدەنگ ئەبێت، لەپاش نەختێک تەماشای بەردەمی ئەکا و لەو کاتەدا سەرێک دەرئەکەویّ و نەریمان تیّئەخوڕیّ، ئەڵێت:) کێی زەلام؟

شێرزاد: (بەتەواوی لێی نزیکئەبێتەوە، ئەڵێت) منم بابە.

نەریمان (ئەشڵەژیّ، ئەلەرزیّ و ئەڵیّ) بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟ کیّ پێیوتی کە من لێرەم؟

شێرزاد: ئەی تۆ چی ئەکەیت لێرە؟ ئەتەویّ ئەمشەو چی بکەیت؟

نەریمان: تۆ حەقی پرسینت نییە، بۆچی قەڵاکەی خۆتت بەم شەوە بەجیّهێشتووە؟ کیّ ئیزنیداوی؟

شێرزاد: نیشتمانم ئیزنی هاتنمی داوە بۆ ئێرە، لە هەموو شتێک ئاگادارم. ئەتەوێت تۆ ئەمشەو گەورەترین تاوان بکەیت لە دنیادا. من بۆیە هاتووم کە نیشتمان بگرمەوە. بەڵام تۆ بۆیە لێرەیت، نیشتمان بفرۆشیت بە دوشمن.

نەریمان: (بە تووڕەبوونەوە) ئەی بیّحەیای بیّئابڕوو، چۆن لە ڕووی باوک و سەرکردەتا ئەم قسانە ئەکەیت؟ هەر ئێستا ئەمرت پیّئەکەم بگەڕێیتەوە بۆ قەڵاکەی خۆت. تۆ سەربازێکی، سەربازیش پێویستە لە فەرمانی سەرکردەی دەرنەچیّ. بڕۆ، بگەڕێرەوە بۆ قەڵاکەت، تۆ نازانی من بۆچی هاتووم، سبەینیّ دوو قسەت لەگەڵ ئەکەم و هەموو شتێکت تیّئەگەیەنم.

شێزاد: (بە ئەژنۆدا یەت لە بەردەمی باوکیا وە ئەڵێت) بمبوورە گەورەم! من بە جۆرێکیتر تیّگەیشتبووم. نەمزانی بۆیە لێرەیت کە وڵات بپارێزی و خۆت بە جلی یاساوڵییەوە شەونخوونی ئەکێشیت لە ڕێی نیشتمانا.

(هەڵئەسێتە پێیان، لەو کاتەدا پەردەکە دەرئەخرێت. باوکە تەماشای پەردەکە ئەکات، شێرزاد ئاوڕئەداتەوە بۆ دواوە. سپای دوشمن ئەبینێ.)

شێرزدا: بابە، ئاگر بکەرەوە وا دوشمن لە ئاسۆوە دەرکەوت، دەی خێرا ئاگرەکە بکەرەوە، تا هەموو هێزەکەمان ئامادەبن بۆ بەرهەڵستیی لافاوی دوشمنی ستەمکار. ئاگر! خێراکە ئاگرەکە. چییە بۆچی وا وشک وەستاوی؟! دە تۆ خۆت لادە، با من ئاگرەکە بکەمەوە. ئێستا وەختی بیرکردنەوە و حەپەسان نییە، خۆت لادە!

نەریمان: (بە ڕووگرژییەکەوە تەماشای شێرزاد ئەکات و ئەڵێت) کەواتە تۆ من بە خائین دائەنێی، ئەوپەڕی کڵۆڵی ئەوەیە ئینسان داوێنی خۆی دوشمنی بێت، کەواتە تۆ گوێت لە قسەکانم بوو کە ئیمڕۆ لەگەڵ ژنەکەما ئەمکرد. بڕۆ بە لای ئیش‌وکاری خۆتەوە و لێرە مەمێنە. وەکوو پێم‌وتیت، خۆم چ کاتێ ویستم ئاگرئەکەمەوە، بڕۆ تۆ حەقت بەسەر ئاگرەوە نەبێت.

شێرزاد: خوای گەورە! یارمەتیم‌بدە، بە تەواوی بۆم دەرکەوت کە باوکم خائینە. وا وەختە وڵات بفرۆشێ بەم ئاگرنەکردنەوەیەی (کەمێک تەماشای باوکی ئەکا و دەستێک ئەگرێ بە ناوچاوانیەوە، لەپڕ ئەڵێت) نەخێر! ناڕۆم! لێرە ئەمێنم.

نەریمان: تۆ ئەڵێی دوشمنی منی، نەک کوڕم، پێت‌ئەڵێم بڕۆ!

شێرزاد: نەء، بابە گیان! دوشمن نیم. من ئەمەوێ شەرەفی تۆ و وڵاتم بپارێزم. لە دنیادا هیوام ئەوەیە تۆ و ئەم وڵاتە بە خۆشی بژین و هەمیشە پایەدار و بەرز بن. بابە گیان، بەزەییت بەم وڵات و میللەتە هەژارەدا بێتەوە و لاچۆ لە ڕێگا، بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکەمەوە. (هەنگاوئەنێت، باوکی ڕێی لێ‌ئەگرێ و پێی‌ئەڵێت) هەنگاوێکی‌تر بێیتە پێشەوە، ئەتکوژم، بڕۆ حەقت بەسەر ئاگرەوە نەبێت.

شێرزاد (ئێجگار تووڕەئەبێ و ئەڵێ) هۆشت بێتەوە لای خۆت، بابە. ئەوە بزانە کە لە ئاسمانا خوایەک هەیە، ئاگای لە هەموو شتێکە و سزای تاوانداران ئەدا و بێت و ئەم خیانەتە بکەیت و نیشتمان بفرۆشیت، سبەینێ کە مردیت، هەموو میللەت تف لە قەبرەکەت ئەکات و پێ‌ئەنێن بەسەر لاشەکەتا. ئیمڕۆ کەمێکی مابوو بە پاشا بڵێم کە تۆ خەریکی نیشتمان فرۆشتنی، بەڵام نا. با ناومان نەزڕێ و با خەڵقی لە خیانەتت نەگەن. پشت بە خوا، تۆش واز لە بیروباوەڕی تەختی لەمەوپێشت ئەهێنێ و ڕێگام ئەدەیت کە ئاگرەکە بکەمەوە.

نەریمان: کە بڕیاری شتێکم دا، هەتا دواهەناسە لەسەری ئەڕۆم. خۆت مەخەڵەتێنە و بچۆ بە لای ئیشوکارتەوە، بەڕاستی پێو بڵێم، نە ئاگرئەکەمەوە و نە ڕێگاشئەدەم ئاگربکەیتەوە.

شێرزاد: (سەری ئەنێ بە قەراخ قەوسەکەوە وە کەمێ بێدەنگ ئەبێ و لە پاشانا ئەڵێت) ئەی نەریمان! ئەی قارەمانی شکۆداری باڵقان! ئایا دڵت یەت ئەم وڵاتە تەسلیمی دوشمن بکەیت و ئەم میللەتە بە گورگانخواردوو بدەیت؟! ئەو تاجەی بە دەستی بێگانە ئەدرێت بە یەکێک، تاج نییە، بەڵکوو پێوەندە. نە تاج، نە تەخت، نە سامان و دارایی دنیا ئەوە ناهێنن کە پیاو نیشتمانی خۆی بفرۆشێت. (کەمێک ئەوەستێت، سەرلەنوێ ئەڵێتەوە، بەڵام بە دەنگێکی نەختێ نزمی لەسەرخۆ) گەورەم! ئاوڕێک بدەرەوە بۆ پاشەوە، بۆ ڕۆژانی ڕابوردووی پڕلەشکۆت، ئەو ڕۆژانەی ئەچووی بەگژی دوشمنا و بەسەریانا زاڵئەبوویت، ئەو ڕۆژانەی هەموو دانیشتووانی ناو شار و دێ گوڵبارانیان ئەکردی کە ئەگەڕایتەوە.

دیمەنی یاساوڵی شەرەف و بەیاخە ڕەنگاوڕەنگەکان بهێنەرەوە بیر، کە بەرەوپیرت ئەهاتن. سبەینێ چۆن دڵشادئەبیت بە گریانی میللەتەکەت، چۆن تێرئەبی بە برسێتیی ئەوان، چۆن ئازادئەبی بە دیلیی نیشتمان. ڕۆژانی ڕابوردوو بێنەرەوە بیر، ئەو ڕۆژە شوومانەی کە ئەم تورکانەی ئیمرۆ تۆ دەستیان بۆ درێژئەکەیت، لەم وڵاتەدا بوون. ئەو ڕۆژانەی لە وڵاتی خۆمانا غەریببووین، لە ماڵی خۆمانا دیلبووین، بە زمانی خۆمان نەمانئەتوانی قسەبکەین و بخوێنین و بنووسین، ئەو ڕۆژانەی بیروباوەڕە بەرزەکانمان.

(زابتێک لە دەرگا ئەدا و دێتە ژوورەوە و ئەڵێت: میرم! خانم ئەیەوێ بتانبینێ.)

شێرزاد: پێویستە بمبینێ؟

زابت: وا ئەڵێت بەگم.

شێرزاد: با بێت. (ڕووئەکاتە شیرین و ئەڵێت) من حەزناکەم هەرگیز چارەی ناشیرینی ئەم ئافرەتە ببینم.

(خانم دێتە ژوورەوە و ڕۆژباش ئەکات)

شێرزاد: فەرموو دانیشە.

خانم: بۆچی وا لە خۆت ئەکەیت؟ بۆ ژیانی گۆشەگیریت گرتووە؟ خوای گەورە ئاگادارە کە هەمیشە بیر لە تۆ ئەکەمەوە و بەقەدەر کوڕێکی خۆمم خۆشئەوێیت. لەو ڕۆژەوە کە ئەو کۆستە گەورەیەمان لیکەوتووە، من گوێم هەڵخستووە بزانم فیکری خەڵقی چییە دەربارەت. وا لەم لایەنەوە بە پێویستم زانی کە ئیمڕۆ بێم بۆ لات وە سەراحەت هەموو شتێکت پێبڵێم، بەڵکوو ئەمە خوایە بتوانیت خۆت ڕزگارکەیت.

شێرزاد: (بە سەرسامییەکەوە تەماشایئەکا و ئەڵێت) خۆم لە چی ڕزگارکەم؟ بۆچی؟ چی بووە؟

خانم: تۆ لە گەورەترین مەترسیدایت، هەموو سەربازەکانت ڕقیان هەڵساوە و دڵیان پڕبووە لە قین لێت، چونکە زۆریان لیکوژراوە لەم ماوەیەدا کە تۆ سەرکردەیانیت. خەڵقی شاریش ئیتر توانای شەڕیان نەماوە و ئەڵێن ناتوانین هەر ئێمە کوڕ پیبگەیەنین و ئەو بەکوشتیانبدات. بەڕاستی هەموو کەسێک بە خائینت ناوئەبات.

شێرزاد: (هەڵئەسێتە پێیان و ئەڵێت) من بە خائین ناوئەبرێم؟

خانم: بەڵێ، بە خائینت ناوئەبەن، چونکە شەوی ڕابوردوو سپای تورک ناوچە ستراتیجییە شاخاوییەکانی هەموو داگیرکرد و لەپاش یەکدوو ڕۆژیتر ئەگەنە ئێرە.

شێرزاد: زمانت بڕن، دوشمن هەرگیز ناتوانێ بێتە ئەم وڵاتەوە، تا لاوێک لە باڵقان بمێنێ. (ڕووئەکاتەوە دەرگا بڕوات)

خانم: (ڕایئەکێشێ و پێیئەڵێت:) بۆ کوێ ئەچی؟

شێرزاد: ئەچم بۆ سنوور، ئەچم خۆم بەختئەکەم لە ڕێی نیشتمانا.

خانم: مەڕۆ دانیشە! هیچ سەربازێک، هیچ کەسێک بەقسەتناکات. ناوی خیانەتی تۆ بەسەر هەموو زبانێکەوەیە (خەڵقێکی زۆر هاوارئەکەن بمرێ خائین، بمرێ شێرزاد و..)

خانم: گوێتلێیە. دە دانیشەرەوە، بۆیە هاتوم ڕزگارتکەم.

شێرزاد: تۆ ڕزگارمکەیت.

خانم: بەڵێ، گوێم لیبگرە و بە قسەم بکە، ئێستا پاشا دێت بۆ لات وە داوات لیئەکات بچیت بۆ مەیدان. دە خەڵقی بەم هاتنی پاشایەیان زانیوە و چاوەڕوانیئەکەن کە بێت و پێیبڵێن کە تۆ خائینی. پاشا ئەگەر بە قسەی کردن، ئەوا دەرئەکرێی و تا ڕۆژی مردن بەدناوئەبێت. (شێرزاد ڕووی گرژئەبێ و لەسەر چەرپایەکە دائەنیشێ،

خانم ئەچێتە تەنیشتیەوە وە دەست ئەخاتە سەرشانی و پێیئەڵێ:) هیچ چارەیەک نییە، یەکشت نەبێت، ئەویش ئەوەیە ڕێگای باوکت بگری.

شێرزاد: ئەڵێی چی؟ (بە گرژییەکەوە)

خانم: ئەزانی باوکت بۆچی چوو بۆ تراجان، لەو شەوەدا کە بەسەریا کوژرا؟ دەبا پێتبڵێم: بۆ ئەوە چوو کە سپای تورک بەبێ تەقە بێنێتە ناو وڵاتەوە و ببێ بە پاشا، بەڵام نەیتوانی هەتاسەر دەوامبکات وە ئاگرەکەی داگیرسان وە شەڕی لەگەڵ تورکا کرد، هەتا کوژرا.

شێرزاد: ئینجا ئێستا چیت ئەوێت؟

خانم: ئەو پەیمانە سوڵطانییەی کە باوکت لەگەڵ تورکەکانا بە مۆری بنەماڵەی نەریمان مۆریکردووە، ماوە، ئەوەتە پێم. دوێنێ نوێنەری سەرکردەی تورکەکانم دیوە، وە ئەوەی بۆ باوکت نەبوو، تا بۆ تۆ بێت. ئینجا ئێستا هەڵسە و بچۆ بۆ سنوور وە سپاکەی خۆت بە شکاندن بدە و ڕێگا بۆ تورکەکان بەرەڵابکە. دەی قسەبکە، یا تاجت ئەوێ، یان دەرکردن و حەپسخانە.

شێرزاد: (بە زەردەخەنەیەکەوە) هەرگیز وەکوو باوکم نابم. هەرگیز خیانەت لە نیشتمان ناکەم، نە تاجم ئەوێ، نە تەخت. ئەو کەسەی تۆی هەڵتخەڵەتان، لە جاری یەکەما بە شیری من کوژرا، بە شیری دوشمن نەبوو. مێردەکەت خانم! هەتا دواهەناسە لەسەر خیانەتکردن ڕۆی وە نەیهێشت ئاگرەکە داگیرسێنێ. دە بڕۆ بەو دەردەوە بتلێرەوە.

خانم: تۆ باوکتت کوشت؟

شێرزاد: بەڵێ، من کوشتم، وە هەڵسە بڕۆ پەنجەی نەدامەت بگرە. هەر توانیت باوکم بخەڵەتێنی، من ناخەڵەتێم، خیانەتناکەم. هەڵسە بڕۆرەوە، هەڵسە با نەتکوژم (لێرەدا دەنگی مۆسیقایەکی بەهێز پەیدائەبێت، خەڵقی لە دەری شانۆکە ئەڵێن: پاشا گەیشت، بژی پاشا.)

خانم: (زەردە ئەیگرێت وە ئەڵێ) شێرزاد! تۆڵەتئەکەمەوە، تۆڵەی ئافرەتی بێهیواش هیچ جۆرە تۆڵەیەکیتری ناگاتێ.

(پاشا و زابتێک و دووسێ سەرباز دێنە ژوورەوە، لەگەڵ دەدوانزە کەسیتردا.)

سەربازێک: (وە خەڵقەکەش لەگەڵیا ئەڵێن) بێگومان خائینە گەورەکە! هەمووومانی بەقڕ دا، وەختە وڵات تەسلیمی دوشمن بکات.

پاشا: هەمووتان بێدەنگبن، بڕواناکەم بە قسەتان، (ڕووئەکاتە شێرزاد و ئەڵێت) ئەی قارەمانی بەرز! نیشتمان لە مەترسیدایە، خۆت ئامادەکە بۆ مەیدان. هەموومان سەربازین لەژێر سەرکردەییتا.

(خانم دێتە بەردەمی پاشا و بە دەنگی بەرز ئەڵێت:) گەورەم! شێرزاد قارەمان نییە، خائینە. ها ئەوە دەلیلی خیانەتی. (وەثیقەی پەیمانەکە ئەداتە دەستی. پاشا ئەیخوێنێتەوە ڕووی گرژئەبێت و ئەڵێ:) تۆ! تۆی قارەمانی ئەم وڵاتە، نیشتمان ئەفرۆشی بە دوشمن؟! (شێرزاد سەردائەنەوێنێ)

پاشا: وەرامبدەرەوە! قسەبکە! (خەڵقەکە هەموو بە جارێ:) بمرێ خائین، نەژی شێرزاد! (بێدەنگی)

شێرزاد: ئامادەم بۆ هەموو سزایەک، توانای پارێزگاریی خۆمم نییە.

پاشا: (ڕووئەکاتە زابت و دوو سەربازەکە و بە پەنجە ئیشارەتی شێرزاد ئەکا و ئەڵێ) بیگرن ئەم خائینە و بیبەنە بەردەمی پەیکەری باوکی، با لە نزمی و سووکیی خۆی و بەرزیی قارەمانێتیی باوکی بگات. (شێرزاد کەلەپچەئەکرێت)

شێرزاد: گەورەم! تکایەکم هەیە لە لات.

پاشا: چییە؟

شێرزاد: ئەبم بە سەرباز بۆ ئەوەی لە مەیانی جەنگا بمرم.

پاشا: تازە ئەو شەرەفەت لەکیسچوو.

(خەڵکەکە ئەڕۆن و پەردە دائەدرێتەوە)

### پەردەی شەشەم

(کورسییەکی سەطیح[١] و مێزێک، چەند کتێبێکی لەسەر دانراوە. قەرەوێڵەیەک. شێرزاد چاکەتەکەی داکەند و لەسەر قەرەوێڵەکە داینا و خۆی لەسەر کورسییەکە

---

[١] سەطیح: درێژکۆلە. (س)

پاڵکەوتووە و جگەرەئەکێشێ. دەنگی مۆسیقایەکی مەحزوون یەت. شیرین دێتە ژوورەوە، دەسکێ گوڵی پێیە)

شێرزاد: شیرین.

شیرین: بەڵێ، گەورەم.

شێرزاد: ڕۆژ باش.

شیرین: ژیانت باش. (لە لایەن شیرینەوە چەپکەگوڵ پێشکەشئەکرێت) ئەم چەپکەگوڵەم بۆ تۆ کردەوە، بۆ ئەوەی بە بۆنی خۆش کەمێک لە خەم و خەفەت دووربکەویتەوە. بەسە، ئیتر ڕەحمێک بە گەنجیی خۆت بکە.

شێرزاد: (بۆنی گوڵەکە ئەکات و بە زەردەخەنەیەک و ئەڵێت) بێگومان کە بۆنی تۆم لە لا خۆشترە لە بۆنی گوڵ. (کچە سەردائەخات) ئەگەر تۆ نەبوویتایە لە ژیانما، بڕواتبێ دەمێک بوو داوای مردنم ئەکرد. ژیانم لەبەر تۆ خۆشئەوێت. تاقە هیوام ئەوەیە کە هەموو ڕۆژانی عومرم لەگەڵ تۆدا بەسەربەرم. سوپاستئەکەم بۆ چەپکەگوڵەکەت، دڵدارە شیرینەکەم. تۆ تاقە ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ژیانمی، تۆ ترووسکەی ڕووناکییەکەیی کە تاریکایی دڵەی پڕ ئێش و ئازارمم بۆ ڕووناکئەکەیتەوە.

شیرین: خۆزگە هەموو ئێش و ئازارێکی تۆ بۆ من بووایە. تۆ هەموو شتێکی لە ژیانما، گەورەم. (کچە لەگەڵ کتێبەکانا خەریکئەبێ و ئەم بەیانە هەڵئەگرێ و ئەیخوێنێتەوە بە دەنگی بەرز)

لە شەوی ٢٧ی حوزەیرانی ١٧٢٦، دوشمن لەپڕ ڕژایە ناو سنووری نیشتمانەوە. ئەگەر فیرقەی یەکەمی ضابطی شکۆدارمان شێرزاد نەریمان نەبووایە، بێگومان ئازادیمان ئەکەوتە مەترسییەکی تەواوەوە. لە نەتیجەی شەڕا، دوشمن شکا، بەرەودوامان کردەوە، دیل و جبەخانەیەکی زۆرمان پێ بەجێهێشتن. بەڵام ئەوەی شایانی ئەسەف و دڵگیریی تەواوی هەموو سوپا و میللەت بێت، ئەوەیە کە لەو جەنگەدا سەرکردەی بەرزی سوپا، نەریمان شەهیدکراوە، لەژێر دەستی ڕۆمانیا لە تراجان. بەڵام ئەوەی جێگای هیوا بێت، ئەوەیە کە زابطی ئازای وڵاتڕگارکەرمان، شێرزاد نەریمان، خراوەتە جێگای باوکی و کراوە بە سەرکردەی بەرزی سوپا. بژی سەرکردەی تازە، بژی قارەمانی شەهیدی نەمر.

(کچە کاتێ کە دائەنەوێتەوە، بە شێرزاد ئەڵێ:) بابەی تازەت موبارەکبێ!

شێرزاد: دڵم بە هیچ خۆشنییە لەم دنیایەدا، بە تۆ نەبێت.

(کچە لە لایەوە دائەنیشێت، سەرئەنێ بە سەریەوە. لەدەرگائەدرێت. ضابطی مورافیق دێتە ژوورەوە، سەلامئەکا و ئەڵێت:) میرم، خانم ئەیەوێ بتانبینێ.

(شێرزاد قسەناکات)

## پەردەی حەوتەم – دوایی

(پەیکەری نەریمان، ڕووناکی زۆر کەمە لەسەر شانۆ، شێرزاد کەلەپچە و پێوەند کراوە لە بەردەمی پەیکەرەکەدا، شیرین دێت بۆ لای، لە تەنیشتیەوە دائەنیشێ.)

شێرزاد: (سەرهەڵئەبڕێ بۆ پەیکەری باوکی و ئەڵێ) گەشکە و شکۆ و بەرزی با بۆ تۆ بێت، با ناو و شەرەفی نەمریی ناو و مێژووش هەر بە تۆ ببەخشرێ. هەموو میللەت کە بە لاتا ڕائەبوورن، کڕنوشت بۆ ئەبەن. منیش، بەڵێ، منیش، دیل، زەلیل، دەستبەستراو، پێبەستراو، وە شەرەفشکاو، لە بەرپێتا کەوتووم، بۆچی؟ چونکە حەزمنەکرد خیانەتت ئاشکرابکەم. بە شیرێکی من، لەو پیاوە خائینەوە بووی بەم ئینسانە بەرزە. بە شیرێک لەسەر تەختی نەمری تۆم دانا، خۆشم فڕێدایە باوەشی زیللەت و کەموکووڕییەوە. تۆ تاوانداری و من سزائەدرێم، تۆ خائینی و من ئەکوژرێم، تۆ پەیکەرت بۆ ئەکرێت، خەڵقی لە بەردەمتا ئەنوشتێتەوە، منیش بەدناوبووم و سبەینێ خەڵقی پێ بە لاشەکەما ئەنێن. چەرخی چەپگەرد هەڵەیەکی گەورەی کرد، ئەبووایە ئێستا تۆ من بوویتایە، منیش تۆ. بەڵام قەیناکا، با باوکم لە مردن و ژیانا هەر گەورەبێت. سەرت هەڵبڕە بۆ ئاسمان وە شەڕ لەگەڵ ئەستێرەدا بکە. سەرهەڵبڕە، چونکە کوڕەکەت بە خوێنی خۆی و تۆ جورم و خیانەتەکەی شتیت. خۆشت شەریف و بەرز نەبیت، ئەوەندە بەسە بۆ فەخرکردنت کە باوکی ئادەمیزادێکی شەریفی. زۆر هیلاکم، تووخوا با تۆزێ بنووم، لەپێش ئەوەدا ڕۆژببێتەوە و دواییی ناهەمواری خۆم ببینم. (کەمێ بێدەنگی، لەپاش تۆزێک پەردەدادانەوە و شەوقی چرای شانۆ زیادکردن، پەردەکە هەڵئەدرێتەوە، پاشا و عەشامێکی زۆر دێنە ژوورەوە.)

پاشا: (ڕووئەکاتە شێرزاد و ئەڵێ) ئەی شێرزاد نەریمان! جەریمەکەت لەوە گەورەترە کە مردنت لە پێناویا پێببەخشرێت. بڕیار وایە هەر لەم شوێنەدا ببەسترێیتەوە و خەڵقی ئازارت بدەن هەتا ئەمریت.

خەڵقەکە: بژی پاشا، بژی داد! بمرێ خائین. (شێرزاد ئەگری)

لەپڕ شیرین خەنجەر هەڵئەکێشێ و دێتە بەردەمی شێرزاد، خەڵکەکە کەمێ ئەکشێنەوە دوواوە وە هورووژم ئەهێننەوە بۆ پێشەوە و شیرین ڕاویانئەنێتەوە بۆ دوواوە وە خۆی ئەگەڕێتەوە و بە شێرزاد ئەڵێ: تاقە دڵێک هەیە، هەتا مردن هەر بۆ تۆ لێئەدات وە هەرگیزاوهەرگیز پەروانەی سەرتە، چونکە لە هەموو کەسێکت باشترت ئەناسێت. (دەس ئەکاتە ملی)

پاشا: (ڕووئەکاتە کچە و ئەڵێ) ئەزانی ئەمە کێیە؟

شیرین: بەڵێ، ئەزانم.

پاشا: بە تاوانی خیانەتی نیشتمان سزادراوە.

شیرین: هەر تاوانێکە، هەقم نییە بەسەرەوە، خۆشمئەوێ و بڕایەوە. نایەڵم کەس هیچی لێبکات تا دڵۆپێ خوێن لە لەشما بێ.

خەڵقەکە: هەردووکیان بکوژن بەیەکەوە. (شاڵاوئەهێنن، لەپڕ کچە خەنجەر ئەکا بە دڵی کوڕەدا، خەڵق مات ئەوەستن. ئینجا کچە خەنجەر ئەکات بە دڵی خۆیا، ئەکەوێ و ئەڵێ: بمرە بە بەرزی وەکوو بە بەرزی ژیای. با لەم دنیایەوە دووربین کە پڕە لە جەور و بێدادی. کوڕە خۆی ڕائەکێشێ هەتا ئەگاتە لای کچە و سەری ئەکەوێتە سەر سنگی، خەڵقەکە بەچۆکادێن وە سەری بۆ دائەنەوێنن. مۆسیقایەکی پڕگریان لێئەدرێت، پەردە دائەدرێتەوە.)

# فەصڵی هەزەلی

پێش هەموو شتێک ئەمە ئەخوێنرێتەوە:

ئەم پارچە هەزەلییە، ژیانی بەشێک لە قەوم (هۆز)ی کورد لە تیرەی هەورامی نیشانئەدات. ئەم تیرەیە کە زۆر بە گورجی و چالاکی و زیرەکی ناسراون و بە صەنعەتکاری هاتوونەتە پێشەوە، لە کارخانەی نەبوو شتی وا دروستئەکەن کە لە کارخانەکانی ئەوروپای ئەوسا دروستبکرێت. ئەم تیرەیە لەبەر گورجوگۆڵییان، بە هەموو شاراندا بڵاوبوونەتەوە، بە صەنعەتکارییەوە خەریکن. لەم پارچەیەدا ژیانی ئیشکردنیان، زەوق و گۆرانی، بەزم، وتەیان، بە جۆرێکی هونەری ئەهێنرێتە پێش چاو. هەر لەم کاتەدا ئەم پارچەیە ئەچێتە بەرگێکی کۆمەڵایەتییەوە، لەسەر زمانی حەکیم ئەو بیروباوەڕە غەڵەط و کۆنانە کە پرۆپیرێژن و مەلا و دەلاک بڵاویئەکەنەوە، دەرئەکەوێ و حەکیم ئەو جۆرە تیمارییەی کە ئەوان ئەیکەن، دەریئەخات چۆن پڕۆپیرێژن و ژنان هەڵئەفریوێنن بە دەرمانی زەنجەفیل، خاسەڕەنگ، مانیلۆس و چۆن هەندێ دەرد دروستئەکەن کە نە ئەصڵی هەیە و نە ئەساس.

– ناوکت کەوتووە، بە قۆری بۆت ئەگرمەوە؛ با یاویەتە لەشت، بچۆرە لای مەلا لە مزگەوتی ....؛ مناڵەکەت ترساوە، قورقوشمت بۆ ئەتوێنمەوە؛ بە هەناسەی خەڵقەوە بوویت، نوشتەیان لێکردوویت. بە کەللەشەکرێک هەزار نوشتەیان بۆ ئەکا، کاغەزێکیان بۆ ڕەشئەکاتەوە. نازانن کە خوا مەلای بۆ قورئانخوێنن داناوە، نەوەک ببێ بە حەکیم. دەلاکیش لە سەرتاشییەوە یەت، بە شریتێک بەرئەبێتە ......... هەڵئەکێشێ، جەهەننەمیشت پیشانئەدا، دوو شەو و دوو ڕۆژ ........... هەروەها ئەبینین چوونە ............ پڕوپووچ ................ بۆ قەصاب. ئێوەش سەری بێدەلاک مەتاشن.

*

لە کاتی تەمثیلدا – ئەمانە زیادە، ئەخرێتە سەر ئەوی د....... بۆ ئەوەی مەغزایەکی ئیجتیماعی بدات.

*

(هەورامییەکان کڵاش و چەقۆ دروستئەکەن، بەدەم گۆرانییەوە یەک....... کڵاشێکی جوان ئەهێنێتەبەرهەم، ئەڵێت:)

- برا وس، برا وس، تەواوبێ (کڵاش هەڵئەبڕێت) بزانم لە کارخانەکانی ئەمەریکاش شتی وا دروستبکەن. ئەمە هیی کوردستانە، ئەڵێن چی بینێرم بۆ میستەر تروومان. ئەشترسم تەریقیشبێتەوە کە بزانێ کارخانەکانی ئەمەریکاش وا ناتوانن بکەن.

یەکێکیتر- نەء، نەء، نەکەی مردووتمرێ، با نەتوانێ بێت بەسەر شاخەکانمانا هەڵگەڕێ. (چەقۆ دروستکەر چەقۆ تەواوئەکات)

- برا وا نەزانیت هەر خۆت شتی خاس ئەکەیت. چاقۆکەی منیش تەواوبێ، لە لۆندەرەش هیی وا ناکەن. دەبا بینێرم، بۆ ئەوەی بیفرۆشم.

وەستا- قوڕ وەبان سەرم، ئەتەوێ کەتنێکمان پێبکەی سەرمان ببڕن بەم چاقۆیە.

- قوڕ وەبان دەمت، زۆرزۆر لێی ئەنووسی: مەید ئین ئینگلاند Made in England و بۆمان ئەنێرنەوە، وەکوو خورییەکانمان.

(شەڕیانئەبێت. یەکێکیان ئەکەوێت. حەکیم بانگئەکەن. حەکیم یەتە ژوورێ)

حەکیم بێجگە لەو دەردانەی کە ئەیڵێت و تیماریئەکات، ئەمانەش ئەڵێت:

- وا بزانم دەوری ٧-٨ دەردی هەیە (عەمەلیاتئەکا، میقرۆب .................. پاشان ئەڵێت) وا بزانم ناوکیشی کەوتووە. ئەو قۆرییە و ....

- قوروان وەقوروانی سەرت ووم، ناوکی هەر وە سکیەوەیەی ....... دیلان. قوروان ئەگەر کەوتبێ، ئێستە ونبووە، هەر ناشیدۆزنەوە.

......دیتر (عەبدوڵا)- وتم دوایکەوم، بیگرمەوە. من چاک ڕائەکەم.

[وەسـ]تا- حەکیم، ئەترسم بە قسەی پرۆپیرێژنان هەڵخەڵەتابێ. ناوک چۆن ئەکەوێت. کە وابێ، ڕۆژێک ئەبێت لووتیشم بکەوێ. خۆ بە عاستەم بەنگە! ڕەنگە ڕیخۆڵەکانیەتی ئەو دوو جووت و نیوە یاپراخەی کە ..زیویەتی، ئەوە لە ڕیخۆڵەیدا عاسیبووە.

.... – بەخوا ڕاستئەکەیت. دە بزانین نەترساوە، هیچ زەلامی کەڵەگەت و چوارشانەی نەدیوە، قوڕقوشمی بۆ بێنن، بیتوێنێتەوە.

شاگرد (عەبدوڵا)- حەی حەی، من دایکم ئەڵێت هەر مناڵ بە ترس نەخۆشئەکەوێت.

شاگرد (قادر)- مردووی درۆی دایکت مرێ، من کە نۆمانگان بووم، بە چەپۆکی دایکم نەخۆشکەوتم، کەچی کە قورقوشمیان تووانەوە، وتیان سەگ دەرچووە. حاشا لیللا، نە سەگ بوو، نە کەمتیار!

حەکیم- کە وابێ، بە هەناسەی یەکێکتانەوە بووە.

وەستا- قوروان ئێمە ڕۆژی ملیۆنێک زیاتر هەناسەئەدەین، چووزانین بە کامیانەوە بووە، هەتا بەرەڵای‌بکەین؟!

شاگرد (عەبدوڵا)- ئەمڕۆ من هەناسەیەکی قایمم دا، ڕەنگە ئەوە گرتبێتی.

شاگردی‌تر (قادر)- ڕەنگە تۆ کە هەناسەبدەیت، گوریس یان کرمی ناوسکیشت لەگەڵیا بێتەدەرێ، ئەگینا پێمناڵێیت هەناسە چۆن ئینسان پێوەی‌ئەبێت.

حەکیم- وا قوڕ وەسەرم، هەرچیم ئەزانی، ئێستە بۆم دەرکەوت هەمووی پڕوپووچ بوو. هەر عەمەلیاتەکەم خاس‌بوو، میقڕۆبەکەم دەرهات. ئەو ..... هەیە ......... بووەوە (کابرا چاکئەبێتەوە).

(کابرای نەخۆشی‌تر دێتەژووری)

وەستا- لالۆشم دەمێکە ناخۆشیی هەیە، ناتوانێ بڕوا، خاسی‌کەرەوە. چیت ئەوێ، کەرەمتی‌ئەکەم.

حەکیم (پاش فەحص)- ئای.. ئای.. هەژار، حەیفێکم بۆ تۆ! با داویەتە هەموو گیانی، گوتیان لە وژەیەتی.

(شاگردەکان و وەستا گوێی پێوەئەنێن، هیچیان گوێ لێ‌نابێ)

وەستا- خوا خاستکا، بەخوا زیرەکیت. ئەوە ئەو ساڵەی لە سلەیمانی ڕەشەبا لە سەر و خواریەوە چۆتە لەشیەوە.

شاگرد (عەبدوڵا)- (دەستێکی پیائەهێنێ) بۆیە وا قەڵەویش دیارە، هەمانەی فوودراوە.

شاگردی‌تر (قادر)- ئەی مردووی درۆت مرێ! حەکیمەکە ئەم دەردە چ جادووگەرێک فێری‌کردیت؟ گوایە ئەگەر بابێت لە لەشیا، بۆچی کون قاتە بێتەدەرێ؟! من ڕۆماتیزمەم بیستووە، بەڵام باداریم نەبیستووە.

حەکیم- ڕاستئەکا، بیرمکەوتەوە، ڕۆما و بیزەنطەیەتی. کە تەئریخم ئەخوێند، ئەوەش فێربووم. کە وابێ، با چارێکی‌بکەم.

(تەداویی ئەکات، شرینقەیەکی لیَ ئەدات. کابرا ئەمریَت. بە شەق حەکیم دەرئەکریَت. هەموو ئەلیَن:) برِۆ، خۆت و باوەڕە کۆنەکانت.

(پەردە دائەدریَتەوە)

# فەصڵێکی هەزەلیی کورت

**(یەکپەردەیە)**

(پەردە هەڵئەدرێتەوە)

(وەضعی دووکانێک و ئەو کەسانەی کە تیایەتی:

دووکانێک دەرئەکەوێ، کە وەستایەکی دۆم لەسەر دەستگای خۆی لە ناوەڕاستی دووکانەکەدا بە ورگێکی زلەوە دانیشتووە، نێرگەلەیەکی لە تەنیشتەوەیە، ئەیکێشێ. تەپلەیەکی هەورامییانەی لە سەرایە، کاکۆڵدار، پشتێنێکی زلی بەستووە. تەکمەی[1] خولامانەی لەبەرایە. فەقێیانەی لێهەڵکردووە. سمێڵێکی بۆزی زلی هێشتۆتەوە، لەگەڵ تەنکەڕیشێ. خەنجەرێکی بە لاقەدەوەیە. لای ڕاستیەوە خەلفەیەکی سمێڵ باریک و درێژ، ڕیشتاشراو، دەستەسرێکی سوور لە ملا، دانیشتووە، مشکییەکی زۆری هەورامییانەی بەستووە، بە توێی دەرپێ و چۆغە و کراسەوە، سەبیل ئەکێشێ و مشتاو[2] ئەوەشێنێ لەسەر دەستگاکەی. دووجار سیغار ئەپێچێتەوە.. لای ڕاستی خەلفەکەشەوە، دوو شاگردی ڕەشوڕووت دانیشتوون، بە پەڕۆدڕین و ئیشکردنەوە خەریکن.

وە ئەمانە هەموویان هەر یەکە بەدەم ئیشکردنەوە گۆرانیئەڵێن و سۆزئەکەن. گۆرانییەکان وەکوو: ئامەکە، ئامەکە، شانمەدە لە شانم، مانم تێ و مانم تێ. وە لە بەینی گۆرانییەکان: ئایییی .... ووووو.... ، براکە کەناچە .... ئەڵرێتەوە و شان لەیەک هەڵئەسوون و بۆ یەکی ئەسەننەوە.)

دەوری قسەکردن:

(شاگردەکان)

(شاگردەکان خەریکی پەڕۆدادڕینن)

---

[1] تەکمە: جۆرە لبادێکی ناوداری پڕتەریبە تا سەر ئەژنۆ، لەسەر کالاوە لەبەرئەکرێ. (س)

[2] مشتاو: مشتە، ئاسنێکی سەرپانی قنگباریکی قورسە، کڵاشکەر و چەرمدروو پەڕۆ و چەرمی پێئەکوتنەوە. (س)

شاگردی ئەوەڵ: هەتیمە پیسکە، چەند ڕات پێ‌بێژم وەستام پێی گوتگین پەڕۆ بەو بارا دادڕین. بەو بارا کە تۆی دایئەدڕی، هەڵویشئەبێت[1] و شی‌ئەبێتەوە. ئێمە بە دەرزی و جاجک فرۆشتن ئەم پەڕۆگەلەمان پەیدا کردگە، تۆ وا خەساری‌ئەکەی!

شاگردی دووهەم: تۆیچ، تۆیچ، تلێکت تێ‌گرم، وەثات باوکی وەثات بێنمەوە بەرچاو و لەقوڕتنێم. ئەنا شاگردیچ ناکەم.

خەریکە هەڵسێ، شاگردی یەکەم عرمبازی‌ئەبێ، چۆک ئەداتە سەر سنگی، ئەڵێ:

– بکەمە قەوری وەثای پێشووتەوە، ئەوە وەکی ئەژی (بە پەنجە هەڕەشەی لێ‌ئەکا). بێژی جیق‌وفیقی بێنمە دەرەوە!

(لەپڕ وەستا و خەلفە ڕوویان تێ‌ئەکەن و تەماشایەکی یەکتر ئەکەن. وەستا یەک‌دوو جار تەکان‌ئەدا و ناتوانێ هەڵسێ، ئەکەوێتەوە بە قنگا. دەستی لە خەلفەوە ئەوەشێنێ و ئەڵێ:

وەستا: ئادەی قیتە، نامەردت‌نەکەن، بیانگەرێ.

قیتە، گورج هەڵئەسێ و پەلاماریان‌ئەدا، خەریکە لەسەر یەکیان لابەرێ، لەپڕ وەستا تاوئەداتە لنگە کلاشێ، تێیان‌ئەگرێ، بەر خەلفە ئەکەوێ. خێرا بە ڕقەوە کلاشێکی‌تریشیان تێ‌ئەگرێ، کە بەر ئەوان بکەوێ. لەو عانەدا کە خەلفە کلاشەکەی بەرئەکەوێ، تونگ دەست‌ئەگرێ بە کەواکەیەوە، ئەڵێ:

خەلفە قیتە: هەی هاوار، کەلەکەی بڕیاو خۆم! کوژریام (هەڵئەسێتە سەر پێیان بە دەست بە کەلەکە گرتنەوە، بە نووکەنووک و نکەنکەوە ئەڵێ:

ئای وەثا گیان، دەردەکە سەری لێ‌یامەوە، ئێستا ئەمخا (لەو عانەدا شاگردەکان دەست لەیەک بەرئەدەن و بە حەپەساوییەوە لەگەڵ وەستا سەیری بۆڕەبۆڕکردن و هاواری ئەکەن. وە لەپڕ خەلفە ئەکەوێ و دەست‌ئەکا بە لەقەفرتێ و پەل‌کوتانن و سست‌ئەبێ وەکوو بێ‌هۆش کەوتوو. ئینجا وەستا دووسێ جار تەکان‌ئەداتە خۆی و هەڵئەسێ لەگەڵ شاگردەکان، لە دەوری ڕائەوەستن و بۆی دائەنەونەوە. وەستا دەست ئەخاتە سەر دڵی، ئەڵێ: بەخوا قۆمیاگە! شاگردی یەکەم دەست‌ئەداتە قاچی ڕاستی، هەڵی‌ئەبڕێ وە قاچی ڕەپ بە ئاسمانەوە ئەوێستێ. ئەیەوێ قاچی دابنێتەوە، قاچی چەپی وەک ئەو بەرزئەبێتەوە، لەپاش قاچی ڕاست دانان. لەو عانەشا وەستا بە

[1] هەڵویشئەبێت: هەڵدەوەشێ. (س)

لەهجەیەکی زل و هەزەلییەوە ئەڵێ: لا حول ولا قوة الا بالله، ڕۆژ ئەچێ و قەضا ناچێ. ئینجا هەر شاگردی ئەوەڵ قاچێکی خۆی ئەخاتە سەر قاچی ڕاستی خەلفە وە بە هێز قاچی چەپی دائەنێتەوە زەوی، دوور لە قاچی ڕاستی، لەبەرئەوەی کە قاچەکەیتری هەڵنەسێتەوە. شاگردی دووهەمیش بە پەلاماریا ئەچێ، یەکی قاچێکی ئەگرن. لەپڕ خەلفە بە چاوی نووقاو و زمانی هاتووەدەرەوەوە هەڵئەستێتە سەر قنگ و ملی شۆڕئەبێتەوە بە لایەکیا. ئینجا دوو شاگردەکە قاچیان گرتووە، وەستاش بە هێواشی پاڵیئەخاتەوە. ئینجا بانگئەکاتە شاگردەکان لە جێگەی خۆیەوە وە ئەڵێ: ئەوە خاکەنازەکە کوا؟ بیدەینە ژێری، هەڵیسێنین.

دەستئەکا بە باخەڵی خۆی و گیرفانەکانیا، بۆ خاکەنازەکە ئەگەڕێ. شاگردەکانیش لەگەڵ وەستا لە بەردەمیا سەردائەنەوێنن وە چاو وردئەکەنەوە. لەپڕ وەستا بە دەستی خاکەخەڵووزیا وە سەرو شەقازلەیان پێیائەماڵێ وە یەکەیەکە بە لادەموچاوی ڕەشەوە سەر بەرزئەکەنەوە، دەست بە دەموچاویانا ئەگرن. وەستاش ئەڵێ: دەویت باوکینە، ئەمیچە کەتنی ئێوە بوو. دەی من هەناوم تیانییە، بۆسۆ بەن بە لووتیا.

خێرا هەردوو شاگردەکە یەکێکیان پەڕۆ، ئەویتریان شقارتە دێنێ. ئەوی شقارتەکەی پێیە، دەنکێک دائەگیرسێنێ و لەو پاکەتەی کە لە تەنیشتەوەیە، جگەرەیەک دەرئەهێنێ وە خەریکئەبێ جگەرەکەی داگیرسێنێ. وەستا و شاگردەکەیتر بە یەکدەنگ بە تووڕەیییەوە ئەڵێن: گەلۆر، جارێ پیاگەکە مرد، چ فیشەفیشی جگەرەتە، بۆسۆکەی بۆنکە، درەنگە.

شاگردی دووهەم ئەڵێ: بەخوا سا من تا جگەرەکەم دانەگیرسێنم، مێشکم لەسەر هیچ نییە، فرمانم بۆ ناکرێ (وە نەفەسێک لە جگەرەکەی ئەدا، فوویەک لە دەنکە شقارتەکە ئەکا و ئەیکوژێنێتەوە).

ئینجا وەستا ئەقیژێنێ بەسەریا و ئەڵێ:

کوڕە درەنگە، ئاور، ئاور، بۆسۆی بۆنکە.

ئینجا دەنکێکیتر لێئەدا، بۆسۆکە ئەکەن بە لووتیا. لەپڕ خەلفە مرخەیەکی درێژ ئەکا. گەلێ خەریکیئەبن، لە مرخەیەکیتر زیاتر دەنگی لێوەنایەت.

لەپاشا وەستا ئەڵێ:

کوڕە، ئەمە بەڵایە، هەتا حکوومەت بەمەی نەزانیوە، ڕاکەن دەختەر بانگکەن.

شاگردی ئەوەڵ: کام دوختەر باشە؟

شاگردی دووهەم: دوختەر پەراسوو.

وەستا: نەء.... دوختەر فرەنجی باشترە.

شاگردی دووهەم: (کڵاشەکانی ئەکا بەسەر پێیەوە، ڕائەکاتە دەرێ بەدوای دوختۆر فرەنجییا. لەپاش نەختێ لەگەڵ دوختۆر فرنجییا ئەکەن بە ژوورا)

(وەصفی دوختۆر فرەنجی: کڵاوێکی قووچ یا فێستێکی سووری لە سەرایە. دیشداشەیەکی درێژ و صەدرییەکی سپیی لەبەردایە. سەماعەیەکی لەملدایە. جانطایەکی لەشاندایە. ڕیشێکی تۆپ هەر لەسەر چەناگەی، وە سمێڵێکی درێژی ڕەشی پێوەیە وە عەینەکێکی سپیی لە چاوایە. کە دێتەژوورەوە، ڕووئەکاتە وەستا و ئەڵێ)

- ئەسسەلاموعەلەیکوم ئەی وەستا (بە لەهجەیەکی هەزەلییەوە. ئینجا ڕووئەکاتە نەخۆشەکە و پێیئەڵێ)

- ها چیتە؟

شاگردی دووهەم: ئەی پێمنەوتی زمانی شکاوە.

دوختۆر: بۆچی لەسەر سەربان کەوتۆتەخوارەوە، وا زمانی لەتبووە؟

شاگردی دووهەم: نەء... قوربان بووراوەتەوە.

دوختۆر: ئای... خۆ تۆ نەتوت لە هۆش خۆی چووە؟ ئێستا ئەڵێی بووراوەتەوە!

شاگردێک: بەڵێ، قوربان بووراویشەتەوە، لە هۆش خۆی چووە، زمانیشی شکاوە.

دوختۆر: ئینجا من چی بکەم؟

وەستا: قوربان، بۆمان خاسکەرەوە. چیت ئەوێ، سەرمان لە ڕێدایە.

دوختۆر: ئاخر، کوڕە نەیکەن بە دەردەکەی کابرا ها! من چاکیبکەمەوە و تەنەکەیە کەپەک و حۆقەیە جۆ بۆ بارگیرەکەم و دوانزە پەنابات بۆ خۆم و جووتێ کڵاشتان بۆ ژنەکەم لێئەسێنم.

وەستا: چی ئەمرەکەی، حاضرە.

دوکتۆر ڕووئەکاتە دوو شاگردەکە و ئەڵێ: ئەی ئەم دووانە چییانە وا لاچاویان ڕەشبووە؟ لاڕەشەیانە، من ئەزانم.

دوختۆر: (ڕووئەکاتە نەخۆشەکە و دەستێکی تێوەئەژەنێ و ئەڵێ) کوڕە هەستە.

وەستا: قوربان، ئاخر لە هۆش خۆی چووە، گوێی لێ‌نییە.

دوختۆر: بۆچی گوێشی‌گیراوە؟ (بە سەرسامییەوە)

هەرسێکیان: بەڵێ، دوختۆر.

دوختۆر: کەواتە حەقی گوێ‌چاکردنەوەش، جامێ گەنمەشامیتان لێ‌ئەسێنم بۆ کچەکەم.

وەستا: دە درەنگە، تۆ چاکی‌کەرەوە، ئەوانە هەمووی حاضرن.

(ئینجا دوختۆر هەگبە لە شانی دائەگرێ، تۆزێ دەرمان ئەکا بە لۆکەیەکەوە، وە ئەیخاتە سەر کونەلووتی و ئەڵێ:) ئەم دەرمانە ئێستا ئەیپژمێنێ و وە هۆشی‌ئەکاتەوە بە بەرا.

(لەپڕ خەلفە سێ جار ئەپژمێ وە کەلیمەی ئای بە درێژییەوە لە دەمی یەتەدەرێ. وە لەپاشا دوختۆر گوێ‌ئەنێ بە سنگیەوە، سەماعەکە ئەنێ بە بەری دەستیەوە وە پێی‌ئەڵێ: بکۆکە، زمانت دەربێنە. ئا کامە چاوت. بە دەست دووسێ تەقە لە سەرسنگی و سکی ئەکا و ئەڵێ:

بەخوا من وا بزانم ئەم نەخۆشە دوو دەردی هەیە: یەکێکیان کولێرەی ڕەقی بە ساغی قووت‌داوە وە لە سکیا ماوەتەوە، نەخووساوەتەوە. دووهەمین دەعبایەک لە سکیایەتی، نەعوذوبیللا لەو دەعبایە! (وە بە چەقۆکەی دووسێ جار بە سکیا ئەهێنێ وە بە مقاشەکە ئەو کولێرە ڕەقە دەرئەهێنێ کە لەسەر سنگیەتی، ئەڵێ:

ئەمە دەردی ئەوەڵی.

وەستا: ئایا ئەمە چ نەخۆشییەکە، یا جەنابی دوکتۆر؟ من بەم عەمرە گەییم، ئەم دەردەم نەدیوە.

دوختۆر: ئەم دەردە دەردێکە زۆر موهیمە، دەردەکولێرای پێ‌ئەڵێن وە زۆر سارییە. وە ئەمە ئەگەر من فریای نەکەوتمایە، نەخۆشیی لەواشەشی لێ پەیدائەبوو! وە بگرە بۆ سەموونیش ئەچوو.

وەستا: کوڕە دەخیلت‌بم، دەردەکەی‌تری عیلاجکە هەتا زووە.

دوکتۆر: (قاچی خۆی هەڵئەکا وە قۆڵی هەڵئەماڵێ وە ئەڵێ) وریابن بۆ ڕاکردن، چونکی ئەم دەعبایە زۆر موهیمە. ئێستا عەمەلیاتێکی کەبیری ئەکەم.

شاگردی یەکەم: دوختۆر، چۆن عەمەلیات لە دووکانی دۆما ئەکرێ؟

دوختۆر: کوڕە ئەڵێی چی؟ حەو، من عەمەلیات لە سەروپێخانەشا ئەکەم. (لەپاشا بە چەقۆکە خەریکی ورگی ئەبێ وە لەپڕ بە مقاشەکە قاچی جوجکەکە ئەگرێ، کە لە بەردەمی نەخۆشی خراوە سەر تەنیشتەوەیە وە جوجکەکە هەڵئەبڕێ وە ڕائەپەڕێ و ئەچێتە دواوە و هەموو بڵاوەی لێئەکەن.)

دوختۆر: (ئەقیڕێنی بەسەر نەخۆشەکەدا) مەجووڵێرەوە، هێشتا ورگت نەدووراوەتەوە!

وەستا: ئەی کوڕە خۆ ئەمە جووچکە، مەترسن.

دوختۆر: تووخوا ڕازئەکەی جووچکە. کوڕە ئەگەر جووچک نییە، با نەیەینە پێشێ، لە ڕێی خوا.

وەستا: بەخوا جووچکە، بە سەری تۆ نا، بە سەری خۆم وە بە سەری لە خۆم بچوکتریش، ئەوە بۆ باوەڕناکەی؟ تۆ ترساوی. (دوختۆر بە ترسەوە هەنگاوێکی نایە پێشەوە، ملیی درێژکرد، لە جووچکەکە وردبۆوە. وتی)

کەی من ترساوم؟ ئەوی ڕاستیبێ بۆیە بە نەخۆشەکەم وت مەجووڵێرەوە، بەڵکوو دەعباکە هەر ئەو بخوا و ئێمە نەجاتمانبێ. باوجوود ئەگەر بشجووڵایەوە، شرینقەیەکم لێئەدا، ماتمئەکرد. من کەی ترساوم؟!

شاگردی یەکەم: کەی تۆ ترساوی!

شاگردی دووهەم: کەی تۆ ترساوی!

دوختۆر: کەی من ترساوم؟ (لەپاشا دوختۆر لە نەخۆشەکەوە نزیکبۆوە، بە چیچکانەوە دانیشت، دەستیدایە سووژن و بەنێک وە ڕوویکردە وەستا و وتی:

- بەخوا ئەم سووژنەی من باشنییە، سووژنێکی خۆتانم بۆ بێنە.

(شاگردی یەکەم لەپڕ ڕایکرد، سووژنێکی بۆ هێنا و دایەوە دەست دوختۆر. ئینجا دوختۆر وتی:

- تووخوا جارێ ئەو جووچکەم لە بەرچاو دووربخەرەوە، هەتا ئەم ورگە ئەدروومەوە، چونکی هەر خەیاڵم لای ئەو ئەبێ، ئەترسم.

شاگردی یەکەم: (هەستا و جوچکەکەی برد، خستیە ژێر سەبەتەیەکەوە، وتی)

- دوختۆر، وا بۆت هەڵئەگرم، هەر بە نموونە بەناوشارانا بیگێڕە.

دوختۆر: (خەریکە ورگ ئەدوورێتەوە وە لە کابرای نەخۆشی پرسی و وتی) عەجەبا لە چییەوە ئەم دەردانەت تووشبووە؟

کابرای نەخۆش (لەپاش نەختێ بێدەنگی) وتی: قوربان، دوختۆربەگ ئەفەندی، وەختی خۆی ژن و ماڵم نەبوو، لە بازاڕ نانمئەخوارد. ڕۆژێکیان چوومە لای ماملەفتە، تۆ نایناسی ماملەفتە کێیە. مام لەفتە، ماملەفتەی یاپراخفرۆشە! کە چوو-بیست جووت یاپراخم لێکڕی، جووتی بە عانەیە، لە کاتێکا کە مەنجەڵ و حاجەتەکانی ئەشۆشت، بە دزییەوە جووت و تاقێ یاپراخیترم لێدزی. هەرچی زەفەری پێبردم، ئەو جووت و تاقە بوو، چونکە ئەوە لە حەددی خواردنی خۆم زیاتر بوو، ئەگینا من ورگم لەوانەنییە کە ئەو نەوعە شتانە ئەزمنەکا. بەخوا مەعیدەی من لەوانەیە پەتکە گوریسیش ئەزمبکا.

شاگردی یەکەم: کێ، کێ، بەخوا -بێچاوێنیبێ- مەعیدەی ئەم لەوانەیە کە هەموو قایشوقرووشی عەسکەریشی پێ ئەزمئەکرێ!

قیتەی خەلفە: ئەمجا جەنابی دوختۆر، لەوەوە قەبزییەکم تووشبوو، لە ڕووتانا بە شەربەت بێ، کە بە تێلاش لێیانئەدا، نەئەهاتەدەرێ. داد لە دەرمان، برا کە من پێوەی نەگەڕێم، پرۆپیرێژن نەما نەیناسم، هەر بۆ ئەو دەردەم. لە ئاخرییا نوسخەییێکیان لە کتێبەکەی سەفەرەترەی کوڕی ئەلیاس شیلاناوا بۆ دەرهێنام، کە ئەویش قووتدانی حەو دانە مێرووڵەی مێچکە بوو. بە سەری تۆ، بە نەوعێ ڕەوانیکردم، ئەو ڕەوانییەم -ئەمجاریش بە سەری تۆ- بە یەکدەقیقە نەجاتیدام. بەڵام کە نەبێتە قسەکەی کابرا، لەو حەوت مێرووڵەیە، شەشیانم دانایەوە. هەرچەنێکیش گەڕام، ئەویتریانم نەدۆزییەوە. ئینجا لێرەدا قسەکەی تۆ تەصدیقئەکەم کە ئەبێ ئەو مێرووڵەیە بووبێ بە جووچکە!

شاگردی دووەم: ئای مردووی درۆی زلت مرێ! سەیری ئەم درۆ زلە کەن کە کردی.

دوختۆر: کوڕە ئەوە ئەڵێی چی؟ بەخوا ئەگەر ئەمە لە سکیا بمایە، ئێستا ئەبوو بە دەعبایەکی وا کە لەگەڵ بڕیایە، ئەمیشی بە خۆیەوە ئەبرد بە ئاسمانا، هەتا لای سیمورخەکەی قوللەی قاف نەئەوێستانەوە.

ئینجا دوختۆر دەستێکی ماڵی بەسەر سنگی نەخۆشەکەدا، وتی: دە هەستە، ئیتر نەجاتتبوو. ئیتر عەلەمت تیا نەما. ئەها (قاقاقاقا) بەخوا منیش کەپەک و مەیەکم حەڵاڵکرد. دە بڕۆن بیپێون بە تەشپییە گەورەکە.

لەپاشا دوختۆر قسەکەی تەواوکرد، خەلفە هەستایە سەر پێیان وە بە ئیحتیرامەوە دەستی دوختۆری ماچکرد وە دەستی هەڵبڕی بە بێدەنگی بە دوعاکردن. لەپاشا دەستی بە دەموچاوی خۆیا هێنا. ئینجا وەستا، وتی:

- تۆ جارێ لە کەپەک و مەیەکە گەڕێ، ئەم دەردەی من عیلاجبکە. ئەگەر بێ و خاسمکەیتەوە، چارەکەیە کەشکت بۆ تێرم.

دوختۆر: بڵێ، چیتە؟

وەستا: ئەزانی چوالەتاڵە چییە؟ چوالەتاڵە، ئەوساکە کە سەبیلەکەم کەوتە ناو حەوزی مزگەوتەوە، لەو ڕۆژەدا خزمەتکارێکی تۆم هەیە، بەوەلەدبووبوو، شەوچەرە و ئاهەنگمان بۆ کرد. لە چوالە خواردنا، چوالەتاڵە، دەنکێکی ڕەقی تیابوو، بۆم نەئەشکا، زەبری بە دانم گەیان. تۆ نازانی چوالەتاڵە چییە؟

دوختۆر: نەخێر، چوالەتاڵە چییە؟ دەرمانە.

وەستا: ئای، قوربان چوالەتاڵە، چوالەتاڵەیە، تۆ ڕەنگە هەرچی دەرمان نەبێ، نەیزانی.

دوختۆر: نەخێر، تۆ ئەوەم بۆ بڵێ، تۆشی ڕەوان‌نەکردبێ، وەک ئەم کوڕە باشە. (دەست درێژئەکا بۆ خەلفە)

وەستا: نەخێر، عەرضت‌ناکەم ضەرەری بە دانم گەیان. خۆ من مێرووڵەم قووت‌نەدابوو، چوالەتاڵەم بۆ نەشکابوو.

دوختۆر: ئەی ئێستا چیت ئەوێ؟

وەستا: ئەمەوێ تەماشایەکی دانم بۆ بکەی زۆر جوان.

دوختۆر: (سەری بردە پێشێ، تەماشایەکی دانی وەستای کرد، وتی)

- ئەوا بۆم تەماشاکردی.

وەستا: هەر ئەوەندە، کوڕە من ئەمەوێ بۆم عیلاجبکە.

دوختۆر: ئا... عیلاج، تۆ وا بڵێ. (ڕووئەکاتە شاگردی یەکەم) ئا کوڕە ئەو لەواشەیە بێنە (وەستا ئەحەپەسێ) (لەواشەکە دێنن وە تونگ شاگردەکەی لە دەم و چەناگەی قایمئەکا، وە دختۆر بە مقاشە درێژەکەی خەریکئەبێ دانی دەربێنێ. لەو عانەدا وەستا بە دزییەوە بەردێکی پچووک ئەخاتە دەمیەوە وە دختۆر بە مقاشەکە لە دەمی دەری‌ئەهێنێ وە ڕووئەکاتە ناو ئەهلی دووکانەکە و ئەڵێ:

– خەڵقینە، تەماشاکەن ئەم دانە وەختی خۆی تەراخومای بووە، وا ئێستەش گەڕبووە. ئەگەر ببووایە ئەم دانە بمایەوە، وەکوو فەریکەنۆک کرمی تێئەدا. ئەوسایە دلۆپەی دائەدایە ناوسکت وە لێیئەکردی بە زەحیری. هەتا کلێنچکەیان دەرنەهێنایتایە، چاکنەئەبووی. ئێستەش خوا تۆی چاکردەوە و منی کرد بە سەبەب.

وەستا: ئەرێ دوختۆربەگ تۆ شەهادەت چییە؟

دوختۆر: من شەهادەم "أشهد أن لا اله الا الله، وأشهد أن محمدا رسول الله"یە (هەموو دانیشتووان لەگەڵ دکتۆر کەلیمەی شەهادەت تەکرارئەکەنەوە.)

وەستا: قوربان، من ئەوە ناڵێم، ئەڵێم شەهادەی مەعلووماتت چییە؟ تۆ ئەوەندە ماهیری لە نەخۆش چاککردنەوەدا، ئەوەندە لە دوختۆری ئەزانی؟

دوختۆر: من وەختی خۆی بێکاربووم، هەموو ڕۆژێ بۆ مەحکەمە ئەچووم، وە گوێم لە شایەت و شایەتکاری ئەگرت، هەتاکوو فێری شەهادەت بووم و مەعلووماتی شەهادەتم وەرگرت.

وەستا: ئەیهوو، بۆ درێژیئەکەیتەوە، ئەڵێم شەهادەی مەتکەبت چییە؟ لە کوێ فێربووی؟

دوختۆر: من ئەساسەن، ئەساسەن لە مەکتەبی پەڕۆ خوێندوومە، ڕۆستەم سەرەگا و مالۆس پەلقەوی دەرسم وەرگرتووە وە بە شەویش چوومە چایخانە و مەیخانە، وە گوێم لە کتێبی حیکایەت و میکایەت گرتووە وە لە پڕوپیریژنیشەوە فێری داوودەرمان بووم. من، من، من زۆر دوختۆرێکی باشم. هەزاران شتی وام لەدەستدەرچووە، هەزاران زیندووم مردوو کردۆتەوە.

وەستا: کەواتە بە فڕکانێ بچن لالە بانگکەن، چونکی دەمێکە بە دەردی زەخمەوە ئەتلێتەوە.

شاگردی یەکەم و دووهەم ئەچنە دەری شانۆ و لەو عانەدا دوختۆر ئەڵێ:

دە دەرنگە کەپەک و کەشک و مەشکەکەم بۆ حاضرکەن، حەقی خۆمە.

ئینجا هەردوو شاگرد چوونەتە ژێر باڵی کابرایەکی ڕانکوچۆغەلەبەری سەروچاو تێکترشاوەوە، کەوا قاچی ڕاستی بە پەڕۆوپیتاڵێکی زۆر پێچاوە، نایێنتە عەرز.

دوختۆر: ئەمەتان بۆ هێناوم، ئێستا یەک شرینقەی لێئەدەم، دەرمانێکیئەکەم، قەد نیو سەعات ناخایانێ، چاکئەبێتەوە. ئەگەر چاکنەبۆوە، گوێچکەیەکم بە ئێوە حەلاڵبێ.

ئینجا دوختۆر نەبضێکی دەستی ئەگرێت، زمانی پیدەرئەهێنێت. بە وەضعێکی هەزەلییەوە تەماشایەکی چاوی ئەکا وە لە هەگبەکەی هەندێ دەرمان دەرئەهێنێ، پانیئەکاتەوە وە لە قاچە ساغەکەی ئەنێ، ئەڵێ ئەمە شەلتەی پەلپینە و سواڵەتی هاراوەیە، زۆر گرانە، ئێستا چنگناکەوێ.

لالە: قوربان، خۆ ئەڵێن تۆ دوختۆرێکی زۆر چاکی، من ئەم قاچەم بریناره، چۆن ئەویان تیمارئەکەی؟!

دوختۆر: کوڕە، تۆ ڕاوەستە، دەرمانێک ئەکەمە چاوتەوە، شرینقەیەکت لیئەدەم وە دەرمانێکیشت بۆ ئەنووسم بۆ خواردن، ئەو لە سەرەوە، ئەو لە خوارەوە، ئەو لە ناوەڕاستەوە. نیو سەعات ناخایەنێ بەرەبڕیئەکەن (ئەمجا دەستئەبا دوو دڵۆپ دەرمان ئەکاتە چاوی وە لە باخەڵی کاغەزێک دەرئەهێنێ وە بە قەڵەمەکەی پەناگوێچکەی وەصفەیەکی بۆ ئەنووسێ وە ئەیداتە دەست وەستا: ها.

وەستا: (بە دەنگی بەرزەوە ئەیخوێنێتەوە کە ئەمەیە)

خوێنی پەپوولە، چوار مثقاڵ و نیو؛ دۆشاوی تەماتە، سێ مثقاڵ؛ ڕۆنی چەوەنەر، دوو مثقاڵ و شەش حەببە؛ شیلاوگی ورچ، باییی قڕانێ؛ ئاوی سەروپێ، یەک لەگەن. ئەمانە هەمووی تێکەڵبکرێن، ڕۆژی چوار فنجان بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، جاری فنجانێ بخواتەوە. وە پارێزیشی شەقشەقە لێنەدات وە ئەسکیمۆ نەخوات، نەچێتە جۆلانەوە، وە هەندێ شتیتریش. لەو عانەدا شرینقەی لیئەدا و دوختۆر لە هەگبەکەی شرینقەیەک دەرئەهێنێ و تەحضیراتی شرینقەی خۆی ئەکا وە قۆڵی بە لادا ....[1]

---

[1] بابەتەکە لە لاپەڕە ١٢ی دەستنووسەکەدا بە ناتەواوی ماوەتەوە. (س)

# قسەی خەڵقی

نووسینی: ئوسامە نوورەدین

(وەرگێڕان)

ڕۆستەم: گێلاس گیان، بەڕاستی من خۆم بە بەختیار ئەزانم.

گێلاس: من لە تۆ زیاتر، گیانە شیرینەکەم.

ڕۆستەم: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، سەعات لەدوای سەعات، خۆشەویستی زیاتر بنجبەستئەبێ لە ناخی دەروونا. کە لەگەڵ هاوڕێکانمانا دائەنیشین و لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان ئەدوێین و بەتایبەتی نارێکیی ژیانی خێزانیمان، لەناو دڵی خۆما شادی و بەختیاری هەستئەکەم، کە شوکور ئێمە لە بەشی زۆری ئەم خەڵقە ناچین و لە بەشی زۆریان خۆشتر ڕائەبوێرین، چونکە هەردووکمان یەکفیکر و یەکزەوق و یەکدەستین لە هەموو شتێکا بۆ پێکهێنانی هەموو شتێک.

گێلاس: خوابکات ئەم بەهەشتە خێزانییەمان هەتاسەربێت، هیچ قۆرت و گیروگرفتێکمان نەیەتەڕێ.

ڕۆستەم: پیاو نابێ لە قۆرت و گیروگرفت بترسێت. ژیان بۆ هیچ کەسێک تەختنەکراوە و ڕێکنەخراوە. پێویستە ئینسان خۆی ژیانی خۆی ڕێکبخات، ڕێی بەردەمی تەختبکات، بۆ خۆشی و بۆ ئەو کەسانەش کە لەدوایەوە دێن. پیاو و ژنی تێگەیشتووی خوێندەواری بیروباوەڕ تازەی ئەخلاق پتەو، پێویستە لە قۆرت، لە گیروگرفت، لە ناخۆشی و تاڵی، نەترسن، بیرێکی ڕێکوپێک بکەنەوە، ڕێیەکی ڕێکوپێک دابنێین و زاڵبن بەسەر هەموو ترشوتاڵییەکی ژیانا.

گێلاس: سەد شوکور کە تووشی پیاوێکی تێگەیشتووی عاقڵ بووم. جاران وام ئەزانی تەنیا شاعیری، بەڵام وا بەرەبەرە بۆم دەرئەکەوێت کە مێردێکی شاعیر و فەیلەسووفم هەیە.

(هەردووکیان پێئەکەنن)

ڕۆستەم: شیعر یەعنی هەستی، فەلسەفەش یەعنی زانینی پێویستی، یەعنی لە ژیان

گەیشتن. هەموو هونەرە جوانەکان، هەموو عیلمێکی سەر ڕووی زەوی بە فەلسەفەوە، پێویستە لە ڕێی بنەماڵەی باشدامەزرێنراوی پڕ کامەرانی و بەختیارییا بەکاربهێنرێن. ژیان یەعنی شادیی بەشەر.

گێلاس: تۆ تەماشای سەعاتەکەت نەکردووە!

ڕۆستەم: سەعات؟ ئا ساعات، ڕاستئەکەیت سەعات. کوا چاکەتەکەم، ئادەی بە قوربان نەوەکوو دوابکەوم.

گێلاس: مەترسە، چارەکی ئەوێ بۆ نۆ، پیائەگەی و زیاتریش.

ڕۆستەم: ئەزانم پیائەگەم. بەڵام ئینسان هەتا زووتر بچێتە سەر ئیشەکەی، درەنگە. مادام وا براوەتەوە کە ڕزقی ڕۆژیی ئێمە بە مەئموورییەت بێت، ئەبێ باشی جێبەجێبکەین.

گێلاس: خۆزگە بە خۆزگای خوا، دەرامەتێکی باشمان ئەبوو وە بە شەو و ڕۆژ لە یەکتری جیانەئەبووینەوە.

ڕۆستەم: خۆزگەیان چاند، نەڕووا. ئینجا ئەو حەلە چی نرخێکی ژیانمان لا ئەما. پێویستە ئافرەت ئینسان خۆی ئیش‌بکا و هەوڵبدا و تێبکۆشێ و ماندوببێ و ئارەق بڕێژێ، بۆ ئەوەی لەزەت لە بەری هەوڵوتەقەلای خۆی وەرگرێ.

گێلاس: وا بوو بە ساڵونیوێک، لەو ڕۆژەوە کە من و تۆی تیا بووینە شەریکی ژیانی یەکتری، شوکور هیچ قۆرتێکمان نەهاتۆتەڕێ.

ڕۆستەم: ئەگەر من و تۆ عاقڵبین و هەموو شتێک بە لەسەرخویی و هێمنی چارەسەربکەین و تۆزێک لێبوردنیشمان ببێت، بێگومان‌بە کە باشترین ژیان ئەژین. هەر هەردووکمانین، بمانبێت، نەمانبێت، بێقرە، ئاسوودە، بێشەڕوشۆڕ، ئۆخەی سەد شوکور.

گێلاس: باسی هەزار شتت کرد، کەچی ئەو شتەی ئەبوایە لێیبدووایتایە، بەلایا نەچوویت.

ڕۆستەم: کام شت؟ شتی چی؟ ڕادیۆکە.

گێلاس: ڕادیۆی چی؟ دەی هیچ قەیناکا.

ڕۆستەم: ئاخر دە مەحتەلمەکە، با بچم بۆ دائیرەکەم. دە چییە؟ پێمبڵێ.

گێلاس: قەیناکا، کە هاتیتەوە.

ڕۆستەم: باشە گیانە شیرینەکەم، جارێ بە دوعا.

گێلاس: خوات لەگەڵ، ڕۆستەم.

ڕۆستەم: گیانە شیرینەکەم.

گێلاس: سەعات چەند یەیتەوە؟

ڕۆستەم: وەکوو ڕۆژان، نازانی سەعات سێ لە دائیرە دێمە دەرەوە!

گێلاس: باشە، بەڵام دوانەکەویت.

ڕۆستەم: چۆن دوائەکەوم، گیانەکەم (فیکە.. دەرگا)

(فاصل موسيقي)

گوڵچین: (لە دەرگا ئەدا)

گێلاس: ئەوە کێیە؟ وا هات.

گوڵچین: منم گێلاس گیان! ڕۆژ باش!

گێلاس: ژیانت باش، گوڵچین گیان، یا خوا بەخێربێیت!

گوڵچین: سوپاستئەکەم. شوکور چاکی، گێلاسخان.

گێلاس: خوا خۆشتکات یا خوا، خۆ شوکور چاکی!

گوڵچین: بە دایکی کوڕان بیت. ئۆی دایکم، خوا ئەیزانێ لەو جارەوە کە لە حەمام چاوم پێتکەوت، لەگەڵ خانمی باجی هەمینا هەر پێوەبووم بێم.

گێلاس: یا خوا بەخێربێی، گەورەتکردم.

گوڵچین: تووخوا ئەگەر وا بڵێی، گێلاس! دایکم بۆ بە خوتوخۆڕایی گەورەمئەکەی؟ تۆ لە صونفی یەکا بوویت و من لە صونفی شەشا!

ئیتر ئەوەبوو نەمخوێن! چی لە خوێندن بکەم! کچ هەر کە فێربوو کاغەز بنووسێ و بخوێنێتەوە، بەسە!

گێلاس: چۆن وائەبێ، گوڵچین؟ عیلم کوا نیهایەتی هەیە؟ ئینسان هەتا بخوێنێ کەمە!

گوڵچین: تۆ واز لەو قسانە بێنە! خوا ئاگادارە گێلاس گیان! بەدەست خۆم نییە، هەر لە منالییەوە خۆشمئەویستی! وەڵڵا عەیبنەبووایە، قەستبوو لە قبووڵی ماڵی ڕووناکخانا بتگرم، تێرووپڕت هەڵگوشم!

گێلاس: (پێئەکەنێ) نەکەی گوڵچین، بۆ خاتری خوا، تاقەتی قسەی خەڵقیمان نییە پێمان‌بڵێین ئاشقەوماشقە و قاشمان شوێن بخەن.

گوڵچین: قسەی خەڵقی، بەخوا من گوێ‌نادەمە قسەی کەس، دایکم نەوەڵڵا. بەخوا هەرماڵێکم بوێ، ئەچم! حەز لە هەرچی شتێک بکەم، دایکم بێ‌دڵیم‌ناکات، نەوەڵڵا. دنیا پێنج‌ودوو ڕۆژێکە، گێلاس گیان! ئێی دە تۆ بۆم بگێڕەوە؟

گێلاس: چیت بۆ بگێڕمەوە، گوڵچین.

گوڵچین: (پێئەکەنێ) چۆن؟ گوایە نایزانی؟ ئای لەم تاقمە کچە تازەیە کە زۆرزانن، خوایە! باسی خۆت و ڕۆستەمم بۆ بکە، گیانە!

گێلاس: باسی چیت بۆ بکەم، گوایە تۆ خۆت مەسەلەی ژن و مێردایەتی نازانی.

گوڵچین: نەوەڵڵا نایزانم، لە کوێ بیزانم؟ من بۆچی هێشتا شوومکردووە تاکوو بیزانم؟ ئێهی.. دوێنێ چاوم بە فاتە ڕەق کەوت، ئارایشتێکی خەست‌وخۆڵی کردبوو. ئۆ فەساڵی خواتەوە، ئەڵێی مۆمیایە. لەگەڵ ئەو مێردە جوانەدا، بە برام بێت، ئەڕۆیشت و هەر ئاوڕی‌ئەدایەوە بەم‌لاوبەولای خۆیا!

گێلاس: ئێمە، گوڵچین گیان، بۆچی غەیبەتی خەڵقی بکەین، ئەمە قیسمەت و نصیبە.

گوڵچین: قیسمەت و نصیب؟ تووخوا قسەم پێ‌مەکە، گێلاس گیان؟ بە قوربانی بەخت و ناوچەوان بم.. ئۆ خوایە، بە غەیبەت نەبێ و لیم‌نەگری! ئەو هەموو خێروبێرەی بەسەر ئەوا داڕژاوە، هەر لە حیساب نایە!

گێلاس: هەر کەس نانی ناوچەوانی خۆی ئەخوات!

گوڵچین: ئۆ، ناوچەوانی وا قۆقز، خوا بیباتەوە بۆ خۆی. وەڵڵا بە ناوچەوان و جوانی و ویڵ و ئوصووڵ بووایە، ئەبووایە تۆ ئێستا هەموو ئامباڵات لە خشڵ و ئاڵتوونا بووایە، کەچی لیلاییم‌دایە..

گێلاس: تووخوا گوڵچین ئەگەر باسی من بکەی، دایکم من خوای‌ئەکرد هیچم نەئەبوو، بەس‌نییە شوکور هیچ فیعلێکی نییە و دڵسۆزە بەرامبەرم و خۆشی‌ئەوێم و پیاوێکی بەتەجروبە و تێگەیشتووە، من چیم لێ‌ئەوێ؟

گوڵچین: ئەم قسانە جوانن، هەی ئافەرم گێلاس. بەڵام -ڕۆڵانی- ژن ئەبێ ئەوەندە خۆی نەدا بەدەم مێردەوە! ئەبێ ناوبەناو پێی لێ‌بکاتە کەوش،

توورەیبکات بۆ تاقیکردنەوە! هەرچی جنسی پیاو مەعنایە، وەکوو شەیتان وان، یەکی شتێک هەر لە بنهەنگڵیانا ئەشارنەوە و لای ژن کاتێک دەرینابڕن!

گێلاس: من بڕواناکەم! ڕۆستەم هیچ لە من ناشارێتەوە.

گوڵچین: ئای کە بەسزمانی، هەندێ جار دوائەکەوێ یان نا؟

گێلاس: دوائەکەوێت! بەڵام یا لە دایەرە دوای دەوام ئیشەکانی تەواوئەکات! یان لەگەڵ چەند ڕەفیقێکیا بۆ خۆی ڕائەبوێرێ.

گوڵچین: (پێئەکەنێ) دایەرە؟ کام دایەرە؟ ماڵان لای ڕەفیق ڕابواردن! ئاخر کە پێتئەڵێم ساویلکەی، بڕوام پێناکەی؟

گێلاس: یەعنی چی؟ ئەوە ئەڵێی چی، گوڵچین؟

گوڵچین: هیچ ناڵێم! ئەڵێم چی؟ ئەی بێعەقڵ، ئەگەر دایەرە و لای ڕەفیق نەکا بە بەهانە، ئەبێ بڵێ چی؟ پێتبڵێ وەڵلا لە فلانە شوێن و فیسارە جێگا بووم! باشە ئەتبەم بۆ سینەما؟ بۆ گەڕان؟ هەر شتێکمان لێ داوابکەی، بۆت ئەکات؟

گێلاس: نەوەڵلا! ناوبەناو هەندێ شتم بۆ ئەکا بە بەهانە و هەندێ شتیش لەبیر خۆی ئەباتەوە و هەندێکیشیان ئەکات.

گوڵچین: چیم پێوتی؟ عاقڵ! من پیاو باش ئەناسم، بزانە چیی لەژێر سەرایە؟ ئەی گوایە تو بۆ شووتکردووە؟ بۆ پاروویەک نان؟ ئەی لە ماڵی ئەحمەد ئەفەندیی باوکت پاروویەک نان و چۆڕێک چێشت نەبووە! تووخوا گێلاس، وانییە؟

گێلاس: بڵێم چی، گوڵچین؟ هەروا تاسئەمباتەوە!

گوڵچین: تاسنەتباتەوە، من لە زەمانی طەڵەبەییەتییەوە هەر خۆشمویستوویت! حەزناکەم پیاوێک، هەرچییەک بێت، بەم نەوعە زوڵموزۆر لە ژنەکەی بکا و هیچ حوڕییەتێکی نەداتێ، نەوەڵلا! ئۆی وا خەریکە درەنگبێت، ئەبێ بڕۆمەوە، نەوەکوو دایکم دڵی بکەوێتە مەراقەوە!

گێلاس: دە تۆزێکیتریش دانیشە، گوڵچین.

گوڵچین: بەخوا دایکم ئەڕۆم، بەڵام ئەگەر تەگبیر و ڕات ویست، وەرە بۆ لای خوشکی خۆت و گوێمەدەرە قسەی خەڵقی! باشە، گێلاس گیان؟

گێلاس: با بزانین! خوایە خراپتر نەدەی!

گوڵچین: کچێ ئەوەندە لیکیمەدەرەوە! بەخوا هەتا خۆت زیاتر بەناز بفرۆشیت و خۆت قورس ڕاگریت، شێتگیرتئەبێت و هەموو شتێکت بۆ ئەکا. من توخمی پیاو و دەمارەکەیان ئەزانم و ئەناسم!

حەی .. بە دوعا! ڕۆژ باش.. بای بای.

گێلاس: خوا حافیزتبێ یا خوا.. (تەقەی دەرگا)

(فاصل موسيقي)

گێلاس: ئەوا سەعات بوو بە چوار! یا خوا بەزیادنەبێ! ئەو وتی سەعات سێ یەمەوە! کەواتە گوڵچین ڕاستیکرد! ئەشهەدو گوڵچین ڕاستیکرد! ئەی بەزیادنەبێ ئاوا. پێیئەڵێم پارچە خشڵێکم بۆ بکە، ئەڵێ نیمە. ئەڵێم بمبە بۆ سینەما.. ئینجا ئەمڕۆ و سبەینێ. ئەبێ شتێکی لەژێر سەرا بێت، جەنابی ڕۆستەم ئەفەندی!

ڕۆستەم: (لە دەرگا ئەدات)

گێلاس: کێیە ئەوە؟

ڕۆستەم: منم ئافرەت! ڕۆژ باش، گیانە شیرینەکەم، چیت لێناوە؟

گێلاس: ئەوە بۆچی وا دواکەوتی دیسان؟

ڕۆستەم: بەخوا ئافرەت مدیرەکەمان تەقریرێکی یا بەسەرما لەبابەت حەڵقەی دیراساتی کۆمەڵایەتییەوە.

گێلاس: (بە تووڕەییەوە) هەر ئەم درۆیە مابوو لەگەڵمیا بکەیت! عەیبنییە؟ بۆچی من منالْم یان نەخوێندەوارم، گاڵتەم پێبکەیت؟

ڕۆستەم: گێلاس! ئەوە تۆی؟ ئەوە تۆی وا بەم شکڵە قسە لەگەڵ منا ئەکەی؟ بەیانی و ئێستات ئەرز و ئاسمانە! بە من ئەڵێی درۆئەکەی؟

گێلاس: ئیتر لە توانا و تاقەتما نەماوە.

ڕۆستەم: بۆچی -خوانەخواستە- چی قەوماوە گێلاس؟ چیم کردووە؟ چی بووە تا لە تاقەتتا نەمابێت؟

گێلاس: ئەمە گوایە هێشتا -بەخێرێ- هیچ نەبووە؟ هەموو ڕۆژی بەهانەیەکم بۆ دروستئەکەیت؟

ڕۆستەم: گێلاس، بەو چاوە جوانانەت قەسەم، بە هەموو موقەدەساتێکی ئەم ژیانە، درۆت لەگەڵا ناکەم وە چیت پێئەڵێم، ئەوەیە حەقیقەت و ڕاستیی بێغەلوغەش!

گێلاس: ئینجا کێ بەدەم دەرەقەتی تۆ یەت؟ حەقیقەت و ڕاستی ئەوەیە کە تۆ منت کردووە بە عەبد و کارەکەری خۆت!

ڕۆستەم: من؟ من تۆ بە شەریکی ژیانی خۆم دائەنێم، من وەکوو پەروانە خۆمت لە دەور ئەگێڕم، چونکە خۆشمئەوێیت! چیم لە توانادا هەیە بۆت بکەم و لێی لاریم؟!

گێلاس: ئەم قسانە بۆ خۆت بکە! ئافرەتێکیتر بدۆزەرەوە و گاڵتەی پێبکەی؟ من لە هەموو شتێکی تۆ گەیشتم، ئیتر ناخەڵەتێم.

ڕۆستەم: کچێ گێلاس، ئەوە شێتبووی؟ ئەم قسانە مەعنای چییە؟

گێلاس: لە خۆت بپرسە.

ڕۆستەم: ئەم دەستەسڕە چییە لێرەدا کەوتووە؟ ئەمە هیی کێیە؟ چی؟ مەعنای چی؟ ها کێیە، ها؟ لەگەڵ تۆم نییە؟ بۆ جوابمنادەیتەوە؟ ئەڵێی بتی وەستاوی؟

گێلاس: ئەو نەڕەنەڕەت چییە؟ ئینسانێکی موسەقەف ئەبێ بنەڕێنێت؟

ڕۆستەم: نەء، ژنێکی خوێندەوار ئەبێ لە هیچە بەزمێک دروستبکا و جوابی مێردەکەی نەداتەوە و متمانەی پێنەکا و لە ڕوویا وەربگەڕێتەوە و ماڵ بکا بە دۆزەخ بە خوتوخۆراییی! ئەم دەستەسڕە هیی کێیە؟ کێ لێرە بوو، ئەمڕۆ؟

گێلاس: تۆ ئەبێ هەموو شتێک بزانی؟

ڕۆستەم: بەڵێ، ئەبێ هەموو شتێک بزانم!

گێلاس: چاوت لەم دیکتاتورییە بێت.

# گەنجانی ئیمڕۆ

دانەر: شاکر مصطفی سەلیم

(گۆڕین بۆ کوردی)

شتێکی سروشتییە کە گەنج شادەماری ژیانی میللەتە، جێی هێنانەدیی ئامانج و ئاواتیەتی. گەنج، دەستێکی گەورەی هەیە لە پێشکەوتن و لە دواکەوتنی نەتەوەدا. تا گەنجی ولاتێک باشتر ڕووبکاتە ئیشکردنی بەکەڵک و زیاتر تێ‌کۆشێ، بێ‌گومان گەل سوود زیاتر وەرئەگرێ و زووتر ئەگاتە پایەی کامەرانی. گەنج، بە کچ و کوڕەوە، تێکڕا ئەگەر هات و ڕێی چەوتی گرت و خووی خراپ و کردەوەی ناشیرینی پەسەندکرد وە لەسەری‌ڕۆیشت، ئەوا بێ‌گومان ئەم خراپی و ناشیرینانە ئەبن بە خوویەکی خولیایی و ڕووەو ناخی پیسی گلۆری‌ئەکەنەوە و زیاتر ملی لە چەپەڵی توندئەبێت. چاوخشاندنێک بەناو کۆمەڵا، بۆت دەرئەخا کە زۆربەی زۆری گەنجانی ئیمڕۆ بە چاویلکەیەکی ڕەش تەماشای پاشەڕۆژ و تەماشای ژیان ئەکەن. دە ئەم بەهەڵەچوونە، گەلێ هەڵەی‌تریان پێ‌ئەکات وە فڕێیان‌ئەداتە باوەشی تاریکیی یەئسی چەپەڵەوە. کە یەئسیش زاڵبوو بەسەر گەنجا، دەماغ ماوەی حوکمی ڕاست‌دانی نامێنێ و عەقڵ ناتوانێ دەرمان بۆ دەرد بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە گەنجە مەئیووسەکان، ئەوانەی بە چاویلکەی ڕەش تەماشای پاشەڕۆژی ڕووناک ئەکەن، ئەوانەی چونکە ئیمڕۆ خۆیان لە تاریکییا ئەژین، وا ئەزانن سەرتاپا ژیان بە دوێنێ و ئیمڕۆ و سبەینێوە هەر تاریک‌بووە و هەر بە تاریکی ئەمێنێتەوە. وە بینا لەسەر ئەم باوەڕە چەوتە ناشیرینە، خۆیان فڕێ‌داوەتە باوەشی مەیخانە و قومارخانەوە و دەستە خوشکە دەعاجانییەکانی ئەم کردەوانە. ئەم جۆرە گەنجانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووەو ناخی چەپەڵی ئەڕۆن، بۆگەنی کردەوەکانیان ژیانی کۆمەڵایەتی کاس‌ئەکات. زانایان وتوویانە: تاوان نییە ئەگەر هات و ئینسانێک کەوتە ناو بۆگەنییەکەوە، بەڵام تاوانی گەورەیە هەتا ئەمریت هەر بۆگەنت لێ‌بێت. پێویستە لەسەر گەنج دەرس لە تەجروبە و بەسەرهاتی لێقەوماوان وەرگرێت، هەوڵ‌بدات هەرگیزاوهەرگیز لە خراپە، لە کەموکووڕی، لە تاوانکردن، نزیک‌نەبێتەوە. بەڵام ئەگەر هات و دوچاری‌بوو، ئەوا

به زووترین هەل و عەزمێکی نەڕووخاو خۆی لە خراپە و کەموکووڕی و تاوان دووربخاتەوە، نەک تەنیا لەبەر سەرکەوتنی چاکە، بەڵکوو بۆ ژێرکەوتنی خراپە و دەستە خوشکە دەعبا و دەعەجانییەکانی.

دە چیرۆکی ئەمڕۆمان هەندێ لەو خراپییانە پیشانئەدات کە گەنجانی ئیمڕۆ دوچاریبوون. کات ئێوارەیە، شوێن مەیخانەیەکە.

(مۆسیقای جازبەند)

نووری: (بە شێوەی سەرخۆشییەوە پەرداخ ئەدا بە مێزدا) بۆی.. کوڕە بۆی، بۆ زوو نایەی بە دەنگمەوە، هەتیو.

بۆی: وا هاتم قوربان، وا هاتم، فەرمووو ئەمرکە.

نووری: چارەکێکیترم بۆ بێنە، لە ئارەقە باشەکە، تێئەگەی؟

بۆی: قوربان، ئێمە ئارەقی خراپمان نییە، هەموو باشە و دوانزە حۆقەییە.

نووری: کوڕە هەتیو بۆ من خەڕاتم؟ ئەمە دە ساڵە من ئارەقئەخۆمەوە، گوایە هەتا ئێستا فەرقی ئارەقی چاک و خراپ ناکەم؟ یەڵڵا بڕۆ لە ئارەقە چاکەکە بێنە با داتنەپلۆسم.

بۆی: بەڵێ قوربان، بەڵێ قوربان، ئەمرئەکەی.

ئەحمەد: شەوباش نووری، ئەوە دانیشتووی؟

نووری: شەوباش و نیو و سێچارەکی شەوباشێک. (پێئەکەنێ) دانیشە ئەحمەد، دانیشە.

ئەحمەد: بەخوا دانانیشم، تۆزێ ئیشم هەیە، ئەبێ بڕۆم.

نووری: ئیش؟ ئیشی چی میوان؟ ئینسان لە مەیخانەدا تەنیا ئیشێکی هەیە، ئەویش خواردنەوەیە، دانیشە.

ئەحمەد: نامەوێ ئیمشەو بخۆمەوە، ئەمە هەفتەیەکە لەسەر یەک هەتا چوار و پێنج نانووم.

نووری: لام وایە کە نە نووستی ئیتر ڕۆژنابێتەوە، دانیشە و بخۆرەوە و بێئەقڵ مەبە دەرمانی ئێش و ئازارە. مەی بۆی (تەقەی پەرداخ).

بۆی: بەڵێ قوربان، بەڵی ئەمرکە.

نووری: چارەکێکی بۆ بێنە، خێراکە ئەڵێی یاساوڵی بەدیارمەوە وەستاوی. دەی ئەحمەد لە هینەکەی من تیَکە هەتا بۆت ئەهێنێت. (تەقەی پەرداخ و شووشە و قڵپەقڵپی ئاو) چەریۆ!

ئەحمەد: چەریۆ!

نووری: ئیمشەو من زۆر شادمان و بەکەیفم. بە سەری باوکت، ئیمشەو ئەبێ کەرکووکیش بزانێ کە خواردوومەتەوە.

ئەحمەد: وا دیارە پارەت پەیاکردووە؟ دوێنێشەوێ هیچت پێنەمابوو، کە لە ماڵی عەزیز هەڵسایین.

نووری: پارە؟ ئا پارە؟ بەڵێ پەیامکرد، زۆریشم پەیاکرد، زۆر بەئاسانیش.

ئەحمەد: چۆن؟ چۆن؟ چۆنت پەیاکرد، ئادەی تووخوا؟

نووری: حەزئەکەیت پێتبڵێم، وەنییە؟ باشە گوێبگرە. دایکم خەڵەتاند، دزیم لە دایکم کرد. ٢٠ دینارم لێدزی. تۆ من چۆن ئەناسیت؟

ها ؟ دە ئینجا پێمبڵێ چاکم کردووە یا خراپ؟

ئەحمەد: بۆ خوا بڵێم چی کاک نووری؟ بەڵام کاکی خۆم نەبوونی هەموو شتێک بە ئینسان ئەکات، بەڵام تۆ جارێ بۆم بگێڕەوە، مەسەلەکە چۆنە؟

نووری: مەسەلەکە ئەمەیە- بیست دیناری دامێ ببیەم بۆ عەلیی بەقاڵ، چونکە خۆ من هیچم بۆ نەمایەوە لە مەعاشەکەم، هەروەکوو عادەتە.. دە ئەو بیست دینارەش چووە لای پارەکانیتر کە بەم ڕێگایانە لە دایکم سەندووە.

ئەحمەد: ئینجا بۆ موتەئەسیری؟ ماڵی دایک هیی کوڕە. قسەی هیچ، ئینجا ئەی شەوێ کە چوویتەوە، چیی پێئەڵێیت.

نووری: شەوێ ناچمەوە تا بەری بەیان. بەری بەیانیش قەوانێکی تازەی بۆ ئەخەمە کار، باش نییە؟

ئەحمەد: باشە، گوایە بۆ باش نییە؟ کاکی خۆم ئینسان مەجبوورئەبێ ناوبەناو درۆشبکات. وانەبێ، دەریناهێنێ.

نووری: کەواتە چەریو لە چاوی درۆی ناوبەناو. (پێکەنین)

ئەحمەد: با نەختێ خێراکەین، درەنگە. ئێستا هاوڕێیەکان چاوەڕوانیمانئەکەن.

نووری: کام هاوڕێ، کاک ئەحمەد؟ قومارچی کەی هاوڕێ بووە؟

ئەحمەد: ئەی کە هاوڕێ نین، بۆ هەموو شەو ڕۆژیان لەگەڵا ئەکەیتەوە، ئەم هەموو پارەیەیان پێئەدۆڕێنی.

نووری: بەخوا من قەت بە هاوڕێیان دانانێم و هەرگیز خۆشمناوێن. ئەمە ئەقڵە ئینسان ئەو کەسەی خۆشبوێ کە گیرفانی بەتاڵئەکات؟

ئەحمەد: دە هەڵسە، هەڵسە با بڕۆین، درەنگە.

نووری: ئەڕۆین، درەنگی چییە؟ پیائەگەین ئەمەش بدۆڕێنین.

ئەحمەد: ئۆهۆ، ئاخر دە هەڵسە و مەحتەلمەکە، با بڕۆین.

نووری: تۆ پەلەپەلی چیتە؟ من دوێنێ چوار دینارم دۆڕاندووە، ئەبووایە پەلەمبکردایە، کەچی تۆ پەلەتە، لاجلاجبەگ[1]؟

ئەحمەد: لام وایە ئەوە فەرهادە لە بەردەرگا.

نووری: کێ؟ فەرهاد؟ با بێت. بانگیکە ئەحمەد گیان، با بێت. من ئیمشەو زۆر پەستم. بەخوا هەتا مەلا بانگئەدا، ئەبێ ئیمشەو گۆرانیبلێت. ئا بانگیکە، بە قوربانی کوڕ بم.

ئەحمەد: فەرهاد، فەرهاد، وەرە ئێرە، وەرە نووری بانگتئەکا.

فەرهاد: شەوتان باش، مەرحەبا کاک نووری.

نووری: مەرحەبا گیانی من، وەرە ئێرەوە دانیشە. تۆ ئەزانی، دەمێکە گوێم لە دەنگت نەبووە؟ بەخوا ئیمشەو نابێ بە هیچ لایەکا بچیت.

فەرهاد: ئاخر نابێ، بە سەری تۆ، وەعدم هەیە.

نووری: من وعد و مەوعید نازانم، نابێ بە هیچ لایەکا بڕۆیت. ئیتر لەسەریشی مەڕۆ. کوڕە بڕۆ خێرا مەی بێنە.

فەرهاد: ئاخر بەخوا ناتوانم بخۆمەوە، بە سەری تۆ.

نووری: کوڕە سەری من بەبڕینچێ، تۆ ناوی سەرم من مەیەنە. ئا دایکوتە، قوربانی کوڕ بم.

فەرهاد: بەخوا دەنگیشم نووساوە، بەڵام حەز لە چی ئەکەی؟

نووری: کوڕە حەز لە هەموو شتێک ئەکەم، چی ئەڵێی بڵێ.

---

[1] بە لاجلاج یەک، نووسراوە، کە هەڵەیە. لاج: لاوی جوان و شۆخ. دووبارەکردنەوەکە تەوس و گاڵتەپێکردنە. (س)

ئەحمەد: ئاخر نووری درەنگە. هەڵسە با بڕۆین، هاوڕێکان چاوەڕوانمانئەکەن، دە هەڵسە.

نووری: وس، وس، وسبە. کەرە گوێ لە قووەتی دڵ بگرە، یان تۆ کابرایەکی بێدڵ و بێهەستیت، هەرگیز حەز لە گۆرانی و شیعر و فەن ناکەی؟ ها.

ئەحمەد: کاکە گۆرانیی چی و فەننی چی؟ هەڵسە با بڕۆین، درەنگە.

نووری: وس، گامێش، نەخەڵەتابی ناوی گۆرانی و فەن بێنی. دائەنیشی دانیشە، دانانیشی بە جەهەننەم. بڕۆ، بۆ کوێ ئەچی بچۆ، من نایەم.

ئەحمەد: ئینجا ئەوە عەقڵە، من تۆ بەجێبێڵم.

نووری: کەواتە بێدەنگبە، دەی فەرهاد گیان، دەست پێبکە.

فەرهاد: (گۆرانی ئەڵێ، لەپاش نەختێ نووریش لەگەڵیا)

ئەحمەد: دە ئینجا هەڵسە با بڕۆین، دەرنگە. بەخوا ئێستاش سێ کاریان تەواوکردووە.

نووری: ڕاستە سێچوار کەری وەکوو من و تۆشیان داخکردووە. ئا وەرە بۆی؟

بۆی: بەڵێ، بەڵێ ئەمرکە.

نووری: حساب چەندە؟

بۆی: ٦٥٠ فلسە، قوربان.

نووری: باشە بە وەستات بڵێ قەیدیکات، هەڵسن با بڕۆین.

بۆی: ئاخر قوربان من.. من.. وەستام.

نووری: منجەمنجمەکە هەتیو، ئەڵێی کونەپەپووی.

بۆی: قوربان، وەستام ئەڵێ ئەمە دوو مانگە پارەتنەداوە، چۆن وا ئەبێ؟

نووری: چۆن وا نابێ هەتیو، وەستات یاغنیشە. پێیبڵێ نووری سەلامت لێئەکا و ئەڵێ قەیدیکات. دە بڕۆ گوێرەکە، وای پێبڵێ، بڕۆ.

(هەموو گۆرانیئەڵێن)

(مۆسیقای کۆڵان)

نووری: ئەمە چی بوو، هەر نەگەیشتین؟

ئەحمەد: تۆزێکمان ماوە، ها ئەوە دەرگاکەیانە.

نووری: کوا دەرگاکەیان، کاولبێ بەسەر ساحێبیا. ئەو کچەتیوە دوێنێشەوێ ڕقی هەڵسانم، ئەحمەد خەریکبوو لێیدەم، زۆر دەمدرێژە.

ئەحمەد: دەم مەخەرە دەمی، دانیشە یاریی خۆت بکە. ئیتر هەقت چییە بەسەریەوە، کاکی خۆم.

نووری: چۆن هەقم چییە بەسەریەوە؟ بەخوا ئیمشەو نرکەی لێوەبێت، دایئەپڵۆسم. (مؤثرات)

ئەحمەد: وا گەیشتین، بێدەنگبە، لە دەرگا ئەدا. (دەرگا ئەکرێتەوە وە پێوەئەدرێت)

عەزیز: بەخێربێن، یاخوا بەخێربێن. ئەوە فەرهادیشتان هێناوە، بەخوا شتێکی باشە. تووخوا نووری چەندەت پێیە؟

نووری: بە قورسایی ئەو سەرە ڕەقەت پەنجایی، کاغەزیشم بەقەد تووکی سمێڵت پێیە؟

عەزیز: یا خوا بەخێربێیت، بەخوا باوکم تۆ سکە لێئەدیت. دەی با ئێمەش کاری خۆمان دامەزرێنین. چواری تەواوین.

نووری: کوا چوارین؟

ئەحمەد: من و تۆ و فەرهاد و عەزیز، ئەوە چوار.

نووری: فەرهاد تۆ یاریئەکەی؟

فەرهاد: لەبەر خاتری ئێوە، تەنیا کارییەک ئەکەم.

عەزیز: زۆر باشە، دەی قوربان وا ئاو زایە دەمم.

ئەحمەد: بەخوا من لە ئێوارەوە سمکۆڵئەکەم. (هەموو پێئەکەنن)

نووری: ئەوە کوا مادلین؟ با بێ پێکێکمان باتێ. خۆ ئێمە خلە نین.

عەزیز: مادلین، مادلین، وەرە پەرداخی بۆ نووری بێنە. (بێدەنگی)

مادلین: (دەرگا ئەکاتەوە) بەخێربێن، کێ پێکی ئەوێت؟

نووری: من ئەمەوێت، پێکێکی خەستی کەمئاو.

ئەحمەد: کاغەز؟

عەزیز: دابەشیکە.

فەرهاد: کردمەوە. (پەنجا فلسێ فڕێئەداتە ناو پارەکانی سەرمێزەکە)

نووری: باشە.

ئەحمەد: من هاتم.

عەزیز: باشە.

ئەحمەد: کاغەز

فەرهاد: سێ کاغەز.

نووری: یەک کاغەز.

عەزیز: سێرفی.

فەرهاد: بارۆڵ بۆ سێرفی.

نووری: پێنج بوت.

عەزیز: ڕیستەک.

نووری: باشە چیت؟

عەزیز: فوول کچ.

نووری: کاری ڕووا، بێنە ڕیستەکەت.

ئەحمەد: ئەی ڕۆڵە ڕۆڵەم، هێشتا دانەنیشتوویت، کارییەکت هێنا.

نووری: ئەوی لە ئەوەڵەوە بباتەوە، لە ئاخرییا ئەدۆڕێنێ. هیچ شتێ لەم دنیایەدا هەتاسەر نییە.. ئا بێنە مادلین‌خان پێکێکیتر.

مادلین: چییە ئەڵێی دەریالووشی؟

نووری: بە کێ ئەڵێی دەریالووشی، کچەتیوە، بۆچی ئێمشەویش دوێنێ شەوە؟

ئەحمەد: دە بێدەنگبە نووری، چیتە ئەوە؟

عەزیز: دە یاریکە، کاکی خۆم، کاغەز.

عەزیز: ئەمە سیانیش بۆ خۆم.

نووری: بوت.

فەرهاد: سێ بوت.

ئەحمەد: نیو دینار.

عەزیز: ڕیستم دیسان.

نووری: باشە.

فەرهاد: نەء.

ئەحمەد: منیش نەء.

نووری: سێ کوڕ.

عەزیز: سێ ئاس، بێنە ڕیستەکەت، ئەم حەقە بەو حەقە.

نووری: ئا فەرهاد لە بەر خۆتەوە شتێ بڵێ.

فەرهاد: گۆرانی ئەڵێ.

عەزیز: چەندی ماوە، ئەحمەد؟

ئەحمەد: دوو دەقیقە تێپەڕیوە.

نووری: مەبەستت چییە عەزیزئاغا؟

عەزیز: ئیتر شەو درەنگە، وا ڕۆژئەبێتەوە. با بچین نەختێکیش بنووین، من زۆر هیلاکم.

نووری: ڕۆژنابێتەوە چش. من کۆڵێ پارەم دۆڕاندووە، چون هەڵئەسم؟ چۆن؟ ها..

عەزیز: چۆن هەڵناسن؟ ئەی نیازت چییە؟ نابێ بنووین؟ وا تایم تەواوبوو.

نووری: تایم تەواونەبووە، ئەی کارییەکان؟ ئەوی توڕڕەکان.

عەزیز: توڕڕەی چی؟

نووری: چۆن توڕڕەی[1] چی، ناکەسبەچەی بێئابڕووی گیرفانبڕی بێشەرم، بە سەری دایکت، بە سەری مادلینی ژنت، هەر ئەبێ بیکەی.

ئەحمەد وە فەرهاد: نووری کاکی خۆم، شەڕ مەگێڕە، بۆ خاتری خوا با بڕۆین.

نووری: بە خاتری خوا ناڕۆم. قسەی قۆڕ، من واروویێخی خۆم و دایکمم لەم کاولبووەدا دۆڕاند. ئا مادلین پەرداخێکیترم بۆ بێنە.

مادلین: پەرداخی چی؟ دە هەڵسە ئیتر ناوی خوای لێبێنە، خەومانیەت.

نووری: ناوی خوا لای ئێوەی چەپەڵ بێنم؟ خوا لە گورچکی خۆت و مێردە کرمۆڵەکەت بدا.

عەزیز: ئەرێ ئەو جنێوانەت لە چییە؟ تووخوا خەڵقە، من هیچ گوناهێکم هەیە؟

---

[1] ناوەکانی سێرڤی، باڕۆڵ، بوت، کوڕ، کچ، ڕیست، توڕڕە، لە یاریی کاغەزدا بەکاردەهێنرێن. (س)

ئەحمەد: قەیناکە عەزیز، ئێستا ئەڕۆین، بێدەنگبە.

فەرهاد: دە هەڵسە نووری با بڕۆین.

نووری: هەڵناسم، هەڵناسم، یەعنی هەڵناسم. (پەرداخ ئەدا بە مێزدا) من ئەمەوێ تەماشای چرۆچاوی ئەم سەگسارە کرمۆڵە بکەم.

مادلین: دە بێدەنگبە، ئیتر بەزیانەبێ، بەخوا ئەگینا بانگی دەورییەکە ئەکەم.

نووری: بە دەوریە ئەمترسێنی کچەتیو، ئەڵێی بووکە پارێنی؟ ها..

عەزیز: ئەگەر ئێستا پەلاماریئەدەم.. ئینجا شەیتان.

نووری: تۆ نازانی پەلاماربدەی، کرمۆڵ. داخت زۆر لە دڵمایە، بگرە ها (شەقازلە و کورسی قڵبکردنەوە و نەڕەنەڕ و شووشەشکاندن. (ژنە ئەقیژێنێ)

ئەحمەد: ئادەی فەرهاد، دەی با دەرچین.. نووری لێرەوە، لێرەوە. ماڵوێران عەزیزت بریندارکرد.

نووری: برینداربوو چش. خۆ من شەقمبرد بەدەستیانەوە.

فەرهاد: ئای نووری ئەوە دەموچاوت هەمووی خوێنە. ئا ئەحمەد ئەو دەسەسڕەی خۆتم بدەرێ.

نووری: قەیناکا، وازی لێبێنە. زۆرمان ماوە بۆ ماڵی خۆمان؟

فەرهاد: نەء، وا گەیشتین، بێینە ژوورەوە لەگەڵتا؟

نووری: نەء، بڕۆن، خوا حافیظ.

ئەحمەد و فەرهاد: خوا حافیظت بێت.

نووری: (لە دەرگا ئەدا) دە بیکەرەوە، کچێ.

دایکی: تووخوا ڕۆڵە ئەمە وەختە؟ ئەوە دەموچاوت بۆ وای لێهاتووە؟ شەڕتکردووە؟

نووری: لەسەری مەڕۆ، ئەمەوێ بنووم.

دایکی: ئاخر ڕۆڵە خوا هەڵناگرێ تۆ وا ئەکەی؟ باوکتت بە دەردەوە کوشت، وارووێخی منیشت دەرهێنا. بیست دینارەکەی ئەلەی بەقاڵت چی لێکرد، ڕۆڵە؟

نووری: وارووێخی چی، کچێ؟ ئەم قسانە لای من مەکە؟ من تاقەتی تۆم نییە؟ ئەمەوێ بنووم.

دایکی: ئەی بیست دیناری بەقاڵەکە؟

نووری: هەر عەسر یامێ.

دایکی: کوڕە، عەسری چی؟ پاش نوێژی شێوان هاتە سەرم، حەشرێکی پێکردووم، هەر حەیایبردم لە گەڕەکە[کە]دا.

نووری: چۆن؟ ئەلە کەچەل وای لێهاتووە بێتە سەر ماڵی من؟ بەخوا سبەینێ دووکانەکەی پێدائەخەم، ڕاوەستە بۆم.

دایکی: کوڕە، من باسی بیست دینارەکەت لێئەپرسم؟

نووری: بیبڕەوە، ئیتر خەرجمکرد و بڕایەوە، باشە؟ ها، من ئەمەوێ بنووم.

دایکی: دەک ڕۆڵە بە ئەموستی مەرگت بێت. ئەم هەموو ڕەنجەی لە تۆمان دا، هەمووی بەفیڕۆچوو. بەخوا باوکم من ئەڕۆم و ماڵەکەت بۆ بەجێئەهێڵم. ئیتر لەمە زیاتر ناتوانم لەگەڵتا هەڵکەم.

نووری: ئەڕۆی چش، ئینجا بۆ ناڕۆیت؟ بەخوا هەموو شتومەکی ناوماڵ ئەفرۆشم.

دایکی: دیارە وا ئەکەی، ئینجا جێتهێشتووە؟ ئەمە گوایە نەتفرۆشتووە؟ بەخوا ڕۆڵە ئاخرییەکەی لە توونی حەماما ئەتبینمەوە. تۆ ئەمە پیشە و کردەوە و ڕەفتار و بیر و هۆشت بێت، نە من خێرت لێئەبینمەوە، نە کەسیتریش.

نووری: بیبڕەوە، ئەمەوێ بنووم. ئەی گوایە گەنج کەیفناکات؟

دایکی: یا خوا ڕۆڵە، بۆ خاتری ئەم سباهی ساڵحانە، یا خوا چاکتکات یان پاکتکاتەوە بۆ چ گەنجێکیت.

(دەرگا بە قائیم پێوەئەدرێ)

نووری: دایە، دایە، دایە گیان ئەوە بە ڕاستە ئەڕۆی. کچێ نەڕۆی، بۆ خاتری خوا. مەڕۆ، مەڕۆ دایە، دایە.. ئەی هاوار بە ماڵم، وا ئەویشم دۆڕان.

(مۆسیقا)

کۆمیدی (١):

## جەژنێک لە لادێ

ولاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تێکرا لەگەڵ هەموو ولاتێکی کشتوکاڵیی ئەم جیهانەدا پێیئەوترێ دواکەوتوو، وە بە هەموو ولاتێکی کارسازی کە پڕبێ لە ماکینە و فابریقەی هەمەچەشنە، ئەوترێ پێشکەوتوو. ولاتی کشتوکاڵیی دواکەوتووش دوو چەشنە: کشتوکاڵکردن بە ماکینەی تازە بەکارهێنان لە کارکردنا، وە کشتوکاڵکردن بە ئەدەواتی کۆنی وەکوو گاسن لە ولاتی ئێمە، نەک تەنیا دواکەوتووە، چونکە خەریکی کشتوکاڵ و مەڕومالات بەخێوکردنە، بەڵکوو قڕەی ئەو ولاتانەشە کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن. بۆ ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی و لە ڕێی پێشکەوتنا، پێویستە عەقڵییەت بگۆڕێ، وە کاتێکیش عەقڵییەت ئەگۆڕێت و بەرزئەبێتەوە، ئیدراک زیادئەکا و هۆش و بیری تەواو پنجبەستوو و جێگیر ئەبێ. کە ئادەمیزاد نزیککەوتەوە لە مەکینە، کە ئەدەواتی کارکردن گۆڕا، دە هەر وەختێ ولاتەکەمان ماکینەی تازەی تیا بەکارهێنرا، ئەوا ئەو حەلە چینە جووتیارێکی تێگەیشتووی لەئێستاچووی ئەوتۆی تیا پەیائەبێت کە ژیانێکی پڕ لە تێروتەسەلی و ئاشتی و خۆشەویستی ڕابوێرن.

دە هۆی سەرەکی بۆ گۆڕینی ولات لە باری کشتوکاڵیی دواکەوتووەوە بۆ باری کارسازیی پێشکەوتوو، سەربەخۆیی ئیقتصادییە لە پلەی یەکەما. لە پلەی دووەمیشا، چەند هۆیەکی فەرعی هەیە کە ولات قازانجێکی باشی لێئەکات، ئەگەر بێت و بکرێت، وەکوو ڕێگاوبان کردنەوە لە بەینی شار و دێیەکانا، بلاوکردنەوەی ئەمن و ئاسایشە لە ولاتا. مەبەس لە ئەمن و ئاسایشیش، ئەوەیە جەردە و دز و درۆزن و پیاوخراپی، دەعبای ناو شاخوداخ و لادێکان سەمەنووبکرێن[1] و لە باڵ و دەستەلاتیان بدرێت. مەکتەب و موستەوصەفی زۆر و زەوەندە و باش زۆر بکرێت لە لادێکانا، پیاوە ئیدارییەکانی لادێ و مەئموورەکانیتر لە قانوون زیاتر کەسیتر نەناسن و لە سوودی گشتی بەولاوە، توخنی سوودی تایبەتی نەکەون. زەویی

[1] سەمەنووبکرێن: مانایەکی بۆ دیارینەکرا، ڕەنگە بە پێوشوێنی ڕستەکە مەبەست بەدواداچوون و سۆراخ و پشکنین یا دەستگیرکردن بگەیێنێ. (س)

زۆر و زەبەنەی میری دابەشبکرێ بەسەر جووتیار و بێزەوییەکانا، تۆویان بدرێتێ، یارمەتییانبدرێ بە پارە و بە مەکینە، بۆ ئەوەی ڕزگاربن لە چنگی سووخۆرە دەعباکان. مەئموورانی کشتوکاڵشوناسی دڵسۆز بڵاوبکرێنەوە بەناویانا بۆ ڕێگا پیشاندانیان. جەمعییاتی تەعاونییان تیا دابمەزرێ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان و پشتگرتنیان، بپارێزرێن لەو دەستانەی درێژئەبن بۆ دزینی زەوی و پارووی دەمیان. ئەو حەلە جووتیار.. لادێ.. ئەبووژێتەوە، ئاهێکی دێتەوە بەر، بەرپێی خۆی ئەبینێ، ئەو پەردە پیسە ژەنگاوییە چڵکنە لە خورافات و ترس و سەرشێواوی چنراوەی هەزارەها ساڵە دراوە بەڕوویا، لە خۆی دائەماڵێ و ژیانێکی ئینسانانە ئەژی و وڵات پڕئەکا لە بەرەکەت و فەڕ بۆ خۆشی و بۆ شارستانییەکانیش، بۆ لادێش و بۆ شاریش.

هەر کەسێ چەند خوێندەوار وە تێگەیشتوو بێت، بەڵام نەچووبێتە لادێوە، لەگەڵ دانیشتووەکان نەژیابێ، وە هەستی بە هەستیان نەکردبێ، هێشتا لە وڵاتەکەی خۆی نەگەیشتووە، نازانێ دەردی چییە و چۆن دەرمانئەکرێ.

لە چوار بەش سێبەشی دانیشتووانی وڵاتەکەمان جووتیارە، لادێییە و نەخوێندەوارە، نەزانە، دەرکنەکەرە، لەبەرئەوە پێویستە وشیاربکرێتەوە و یارمەتیبدرێ لە لایەن هەموو کەسێکەوە، بەتایبەتی لە لایەن مامۆستاکانی لادێوە، کە پێشڕەوی ڕووناکیی زانستین لە تاریکیی نەزانین لایدا. مامۆستای بەنرخی لادێ، تەنیا ئەوەی لەسەرنییە دەرس بە منالان بڵێتەوە، بەڵکوو پێویستییەکی ئینسانییە کە تێکەڵاوییەکی تەواو پەیابکات لەگەڵیانا وە ببێ بە جێگای متمانەی دەرد و سزا دەربڕینیان، پێشڕەویان بێ تا ئەتوانێ لە هەموو کارێکی خێرا.. دە چیرۆکی ئیمڕۆمان هەرچەندە باس لە هەموو ئەو شتانە ناکات کە لەم پێشڕەوەدا گێڕامانەوە، بەڵام قورسترین دەردی جووتیار و لادێ ئەخاتە بەرگوێ کە نەزانینە، نەزانینێکی تەواو لە هەموو شتێکا، ئەو نەزانینەی لە ڕەگی گولی پیسترە.

کات ڕۆژی عارفەیە، شوێن دێیەکە. هیوامان زۆرە چیرۆکەکەمان جێگای کەڵک بێت.

(مۆسیقای کلاسیک)

مامۆستا: (لە بەرخۆیەوە) هم.. هم.. هم.. هم.. ڕا.. ڕا.. تیاراری، ڕەم.. ڕەم.. وا چاکە شتومەکەکانم بپێچمەوە وە خۆم حازربکەم، بەڵکوو -ئەمە خوایە- ئەم ئێوارەیە

ئوتوموبیلێک بیرەدا تێپەڕێ. تۆ بڵێی ئیمرۆ ئوتوموبیل بەم ناوەدا گوزەربکات؟ بڕواناکەم، گوایە بۆچی بڕواناکەم؟ ئەی ئیمرۆ عارفە نییە؟ گوایە کەس نییە لە شارەوە بێتەوە، یا لە لادێکانی دەورووپشتەوە بچێت بۆ شار؟ بەڵام خۆ لێرە جێژنناکەم، هەر ئەبێ بڕۆمەوە شار.. ئەگەر ئوتوموبیلیش نەبوو، بە وڵاخ ئەڕۆم، کوڕە بە پێ بۆی ئەکەومەڕێ. من فێرم بە شەو بڕۆم یا بە ڕۆژ، بە سواری بێ یا بە پێ، خەڵقم لەگەڵابێ یان بەتەنیا، هەر ئەبێ بگەمە شار. هەر ئەبێ بگەم.. ڕێگە شارەزام، ئەرێ میمکە خانزاد، میمکە خانزاد، کچی میمکە خانزاد..

خانزاد: بەڵێ، قوربان، بەڵێ ئەفەنی، یێژی چە، ببم وەسیاقەت؟

مامۆستا: ئەمە ڕەسووڵی کوڕت هەر نەهاتەوە؟ خۆ ئەو گوتی نیو سەعاتم پێئەچێ؟

خانزاد: ئێستا تێتۆ، ئفف، چووەتە ناوباخ مامرەکە بگرێت، سەری وڕین، بۆ بەیانی، ئفف، ناقابلی نەوێ لە ڕووی جەنابتا، ڕاسە سوەی جێژنە؟

مامۆستا: وا ئەڵێن، بەڵام تۆ ڕەسووڵم بۆ بنێرە، با شتومەکانم لەگەڵا بپێچێتەوە و جانتاکەم بۆ بەرێتە سەر جادەکە. ئەمەوێ ئیمرۆ بڕۆمەوە بۆ شار..

خانزاد: خاسە، ئۆغری خێرت وێت وە سەلامەتی. کوڕە ڕەسووڵە، هۆ ڕەسووڵە، بێرۆ.. بێرۆ.. ئەفەنی فەرمانی پێت هەن.. فرمان، بێرۆ.. بێرۆ..

مامۆستا: ئای قوڕبەسەرم، تۆ بەم تەلەفۆنە موخابەرەم بۆ بکەی، بەخوا لام وایە ئیمرۆ چاوم بە ڕەسووڵ ناکەوێ.. فایەی نییە با خۆم خەریک بم.. هم.. هم.. هم.. هم..

شەریف: هۆ ئەولهەسەن. ئەول، سەن هۆو.. بێرۆ، بێرۆ.. سوەی جێژنە جێژن، فرمانمان هەس، باوکم بێرۆ، بێرۆ..

کوێخا: مەرحەبا شەریف، ئەوە ئەولهەسەن بانگئەکەینۆ؟

شەریف: ئەرێ وەڵڵا کوێخا یێژن سووەی جێژنە.. ڕاستە؟

کوێخا: وەڵڵا بێژم چی، شەریف. ئەگەر شار کردیە جێژن، وا ئێمەش ئەیژەنین.

شەریف: خاسە، یێژی چی، کوێخا، بچینە لای ئەفەنیی خۆمان، بزانین هاڵوهەواڵی ئەم ڕۆژانە چەس؟

کوێخا: ئەفەنی، شەکەتە شەکەت، کاری هەس، وە جیننا ئەڕوانێ. کە نوێژی عیشامان کرد، ئەوسا ئەچینە خزمەتی.

شەریف: شەکەتی چیس، کوێخا؟ قوڕەکاری‌ئەکات؟ ئەی باخ ئەڕوێنێت؟ تووتن ئەچێنێ؟ ئەی جووت‌ئەکا، درەوئەکا؟ نامەخوا گشت مانگێ چەمکێ دیناری شین وەرئەگرێ..

کوێخا: ئەوە بیژی چی، شەریف؟ تۆ لە لای خۆت ڕیش‌چەرمگی ئاوابییەکەی؟ ئەزانی ئیمساڵ چەند لەگەڵ تیتڵە و بیوڵەکان خەریک‌بووگە، هەتا دوو کەلیوە چتی فێری ئەو منداڵانە کردگە، جەرگی بووسە ئاو.. چت فێرکردن گرانە گران، شەریف.

شەریف: ئەی کوێخا، مەلا وەسمان بۆچی بیژێ ئەفەنی هیچ نازانێ و چتی فێری منداڵەکان نەکردگە.

کوێخا: ئەی لەو قسە بێ‌مەعنا، مەلا وەسمان چووزانێ، برا؟ سەعەی کوڕم (خزمەتکارت) دوێنی پێم‌بیژێ- ئەرێ باوە باوە، منیش وتم- گیانی باوە، وتی- دوانزە کەڕەت دوانزە وە ضەڕب ئەکاتە چەند؟ منیش وتم ئەکاتە ٢٤، وە ضەڕبەکەش مەعنای ئەوەسە بیخەرە ناو زەرفەوە. کەچی هەتا توانیی وە قسەکەم خەنی، ڕاستت گەرەکە، شەریف تینم زۆر هەڵسیا، خەریک‌بووم خەنجەرێکی تێ‌ئاڵێنم، کەچی پێم‌بیژێ- باوە گیان ئەکاتە ١٤٤، ١٤٤ شەریف. دەی منیش هیچ بڕوامنەکرد، تا وە دەنکە قەزوان پێی سەلمانم، دە بیژی چە؟

شەریف: بەخوا براکە ئەم حساو فیربوونە شتێکی خاسە، هەر چتێ وە حساوە، کوێخا، وە حساو، درۆناکەم.

شەریف: ئەوە شەریف بۆ نایەیت، پیاوی خاس ویت، لە مەلا وەسمان بپرسی- دوانزە کەرەت دوانزە وە ضەڕب ئەکاتە چەند؟ ئەگەر زانیی، شەرتی خوا و پێغەمبەر وێت، شەکێ نێری خاسی پێ‌بدەم.

مامۆستا: ئەی میمکە خانزاد، میمکە خانزاد، ئەوە ڕەسووڵ هەر نەهاتەوە؟

شەریف: ئەوە دەنگی ئەفەنی نییە؟

کوێخا: بۆ نییە؟ خۆیەسی، با سڵاوێکی لێ‌بکەین.

شەریف: مەرحەبا ئەفەنی.

کوێخا: مەرحەبا، ئەفەنی خاسی شوکور، بێ‌مزەڕەتی؟

مامۆستا: خوا سەلامەتتان‌کات، فەرموو کوێخا، فەرموو مام‌شەریف، وەرنە سەرەوە.

کوێخا: پاش عیشا تێینە خزمەتت، ئەوسا وە یەکەوە ئەچینە چایخانەکەی غەفووری مامهۆمەر، زۆر خۆشە. وە سەری باوکت وە شەو یێژی نەکەرۆژە.

شەریف: دەی ئەفەنی ڕاستە صوبحەی جێژنە یا هەر تەواتیرە؟

مامۆستا: وا ئەڵێن، ڕەنگە سبەینێ جێژن بێت.

کوێخا: دەی کەواسە خوا لە گشت لایەکی موارەککات، گەردنم ئازاکە، ئەفەنی.

شەریف: خوا موارەکیکات، ئەفەنی گەردنم ئازاکە، گەردنی خۆت و قەوموقیلەشت ئازابێت.

مامۆستا: پێکمانەوە گەردنتان خۆش و ئازا بێت، دە فەرموو سەرکەون.

کوێخا: پاش عیشا تێین ئەفەنی، فەرموو گەورەمانکە؟

مامۆستا: سەلامەت بی، بەخوا ناتوانم، ئیشم هەیە.

کوێخا: دە با بڕۆین شەریف.

شەریف: با بڕۆین، بەدوعا ئەفەنی.

مامۆستا: خوا حافیظتان بێ (کەمێ بێدەنگی). ئەرێ چیبوو میمکە خانزاد، ڕەسووڵ هەر نەهاتەوە؟ ئەم مریشکگرتنە بوو بە قەڵای مەریوان، هەر نەگیرا؟

خ: ئا هەڵسە کەنی، هەڵسە، ئازا بچۆرە ناوباخ وە ڕەسووڵ بێژە بێتۆ، ئەفەنی گەرەکیەتی.. کاری هەس ئازا بە ئازا.

(مۆسیقای کلاسیک)

کوێخا: سەلاموعەلەیکم ئەفەنی.

مامۆستا: عەلیکوموسەلام.

شەریف: مەرحەبا ئەفەنی.

مامۆستا: مەرحەبا سەر چاوم، فەرموون. فەرموو کوێخا لێرەوە دانیشە، فەرموو مامشەریف، یا خوا بەخێربێن.

شەریف: خوا سەلامەتتکا، ئەفەنی یەژی لەسەر سەفەری وا خۆت کۆکردۆسۆ؟

کوێخا: ئەی عارفەس، عارفە شەریف، ئەفەنیش ئەچێتۆ ناو قەوموقیلەی، جێژن لە شار ئەکا.

ماموستا: ئەریَ وەڵڵا، ئەمەویَ سەرێکیماڵەوە بدەم. بەڵام وا ئیمڕۆ دواکەوتم، مەگەر سبەینیَ مەلابانگان بکەومەڕیَ.

شەریف: خاسە، خێری پێوە ویت.. دەی خوا ئەفەنی پێمبێژە هاڵوهەواڵی دنیا چییە؟ شوکور چون خوێندەواریت، ئاگات لە گشت چتیَ هەیە و نامەخوا کاغەذی سپیش ئەخوێنیتەوە.

ماموستا: (پیَئەکەنیَ) کاغەزی سپی چۆن ئەخوێنریتەوە، مامشەریف؟ دەنگوباسی تازە، قوربان جێژنە.

شەریف: خاسە، ئەوە لەوە گەیشتین و جێژن کەی دێت وەخێرویت، کەڵەبابە کرماشانییەکەی حازرکردگە؟ قەلەخەرمانی نایابیشمان هەس، بامیە و باینجانی سووریشمان بۆ تێت، ئەمێنیتەوە سەر ..

کوێخا: دە بیوڕەرەوە شەریف.. یەژی چیکەنەی، ئەفەنی هەواڵی ئەم دەوروپشتەمان بۆ واسکات.

ماموستا: هەواڵیتریش ئەوەیە نیو مەعاش بە قەرز درا بە مەئموورەکان.

شەریف: دەی ئەوە باسی مەحاش، من هیچ کارم پێوەنییە.

کوێخا: حای لەو قسە، تۆ کارت نییە پێوەی؟ من هەسم، دوو دینار و سیَ پەنجاییم ها لای رۆستەم بارچاوش. حەمەی پۆلیسیش شەش درەمی ها لە لا، نیو دیناریشم هەس لای یارۆ مزەمبیلی خەستەخانە.. بەڵکوو ئەمە خواس مەحاش وەربگرن و چەند قرۆشێکم پیَبدەنەوە و بیدەم وەیەک دوو سیپاڵ بۆ مناڵەکان، زۆر ڕووتن، ئەفەنی، وەسەری جەنابت.

شەریف: دەی تووخوا ئەفەنی چییتر هەس؟

ماموستا: ئەڵێن شەڕێکی قورسیش لە کۆریا قەوماوە.

شەریف: ئەی بەردی لیَواریَ، قۆریە چەس ئەفەنی؟ تۆ بێژە کوێخا، بیژیَ قۆریە.

ماموستا: قوریەی چی؟ کۆریا ئەڵێم کۆریا، وڵاتێکە نفووسی ٣٥ ملیۆن ئەبیَ، وا لە ڕۆژهەڵاتی دوور.

شەریف: ڕۆژهەڵاتی دوور کوێس، قوربانە، ناشیَ ئاسمان وێت یا بنیعێزە، ئەفەنی؟

ماموستا: (پیَئەکەنیَ) بنیعێز وا لە کەرکووک، بنیعێزی چی؟ ئەم وڵاتە وا لای ژاپۆن و چینەوە، نەتبیستووە ژاپۆن و چین؟

کوێخا: لام وایە من ژاپۆنم بیستگە، ها شەریف یارۆی چەرچی خامەکی هاورد، وتی ئەمە خامی چاپانە، چاپان؟

شەریف: ئێ.. ئێ.. دەمخۆش، کوێخا ڕاست یێژێ. دەی منیش بیستگمە چین و ماچین هەس. چین و ماچین هاجووجوماجووج.. ئای ئەفەنی ئەمە زەمانی محەمەدی مەهدیم تێن وە بیر کە ڕەحمەتییەکەی نەنکم بۆی واسئەکردم.

کوێخا: دەی ئەفەنی ئەوە ئەم شەڕوشۆڕە کەی تەواوئەوێ؟ وە قورحان وە من وێت قەت شەڕنەبێت.

مامۆستا: وەڵڵا شەڕ شتێکی خراپە، بەڵام هەتا تەماعکاری مابێت، شەڕ هەر ئەمێنێ و زەوی ئاشتیی دوائی نابینێت.

شەریف: دەی ئەفەنی، ئەوەی ئاگری شەڕوشۆڕ هەڵئەگیرسێنێ، یاخوا خۆی پێی بسۆزێت. قورحانەکە شەڕ چتێ خراوە، خراو. کوێخا لە قسەم حاڵی ئەویت؟

کوێخا: ڕاست یێژی شەریف، قسەت تەصدیقئەکەم. قورحان وە حەقت و صاحێوت ئەو ساڵی شەڕەکە کیلۆی شەکرە سوورەکەم سەند وە دینارێکی شین. دەی خوابکا نەیوێنینەوە جارێتر، ئامین.

شەریف: ئەفەنی بێقابیلی نەویت، ئەو ڕۆژهەلاتی دوورەی وا ناوت هێنا، چەند ڕۆژ لێرەوە دوورە وە سواری گوێدرێژە خاسە خۆشڕەوەکەی مەلا وەسمانی ئاواییی خۆمان؟

مامۆستا: (پێئەکەنێ) مامشەریف نەک بە گوێدرێژەکەی مەلا وەسمان، بە جوانووە ماینە ڕەسەنەکەی ڕەشیدئاغاش بۆی بچیت، بە دە دوانزە ساڵ نایگەیتێ.

کوێخا: بەح.. دەی بەردیان لێوارێت. ئینجا بۆ ئەم حەمکە ڕێیە دوورکەوتوونەسۆ لە ئاوایی؟

شەریف: بەخوا برا ئەم دنیایە فراوانە.. ماشەڵڵا لە کاری وەستا کەریم.. دەی ئەفەنی کە ڕێگا ئەوەننە دوورە، تۆ ئەم هەواڵتە چۆن زانی؟

مامۆستا: لە غەزەتەوە زانیم.

شەریف: دەی مامقەزەتە خۆ باڵی نییە و کڵاوی سخری جنی لەسەرانییە، ئەو لە کوێ وا زوو زانیگیەسی؟

مامۆستا: غەزەتە پیاو نییە مامشەریف، کاغەزە، کاغەز.

شەریف: دە کوێخا تۆ سەرت لەمە دەرئەچێ؟ ئەفەنی بێژێ مامقەزەتە کاغەزە وەک سیغار. دەی ئەفەنی ئەم کاغەزە فڕی؟ ئەی قاصید هێنای؟ ئەی کێ چوو بەسەریا خوێن، چۆن گەیشت، ماڵی بڕمێ ئاوەها، خۆ وە تەیارە نەیانهاوردووە؟

مامۆستا: غەزەتەش لە شارا لە ڕادیۆوە وەریگرتووە. ڕادیۆش کە لەمپەڕی دنیاوە قسەیکرد، ئەوپەڕی دنیا گوێی لێیەتی. بەم نەوعە غەزەتەچییەکان گوێ لە ڕادیۆ ئەگرن، لەناو غەزەتەکانیانا چاپیئەکەن و ئەیفرۆشن.

شەریف: ئەفەنی، پیاوێکی خاس وە، قسەیەک بێژە عەقڵ ڕێی وەرێ. هەسەنی کوڕم ها لەناو ڕەزا و بەردهاوێژێ دوورە، تا دەنگم ئەگاتێ، هەر ئەوەسە قۆڕ ناوم. دەی ڕادیۆ ئەفەنی چۆن دەنگی لەمپەڕی دنیاوە ئەگاتە ئەوپەڕی، بۆ خاتری خوا؟ تۆ بڵێ کوێخا ڕادیۆنە ئەفەنی ئیسرافیلی وێت؟

کوێخا: دەی ئەفەنی، منیش موتەحەیرم، شەریف ڕاست بێژێ، شەریف ڕیشجەرمگی ئاواییەکەس.

مامۆستا: ئاخر خۆ ڕادیۆش پیاو نییە، مەکینەیەکی پڕ لە ئەدەوات و گڵۆپ و تەلە لەناو صندووقێکا، وەکوو صندووقی قەوانەکەی غەفووری چایچی، بەڵام ئەم بە کارەبا یا پاتری ئیشئەکات.

شەریف: ئا.. ئا.. کوێخا ئەفەنی ئەوی بێژی کە لە شار لە چایخانەکەی حەمەڕەق نرابوو وەبان ڕەفەکەوە کە فیقەیکرد، حەمەسووری برازات تا مەیانی دارفرۆشەکان ڕایکرد.. دەی دەی ئینجا زانیم، ئینجا زانیم، ئەوە ئەفەنی ئەم ڕادیۆیە شەیتانی تیانییە؟

کوێخا: کوڕە شەریف، شەیتانی چی؟ واز لە پیاوەکە بێرە، با بۆمان واسکات. تووخوا ئەفەنی سەرت نەیەشێنم، ئەم ڕادیۆنە چییە و چۆن کریاوە، ماڵەکەی بڕمێ؟

مامۆستا: ئەم ڕادیۆیە مەکینەیە و بە عیلم دروستکراوە، عالمەکانی کارەبا و لاسلکی دروستیانکردووە.

شەریف: دەی کە وە حیلم دروستئەکرێت، ئەی مەلا وەسمانی خۆمان کە دوانزە حیلمە، بۆ ڕادیۆنێکمان بۆ دروستناکات؟ ئەم حەمکە مامر و گیسک و خەلە و قەندەشمان لێئەسێنێ؟

مامۆستا: ئاخر خۆ مەلا وەسمان کارەبا و لاسلکیی نەخوێندووە.

شەریف: خاسە، ئەی دوانزە حیلمی چەس؟ کەواتە مەلای تەواونییە، برا؟ وە خوا وە خوا لەمەودوا من هیچی پێنادەم، کوێخا.

کوێخا: چیتە شەریف وە سەر مەلا وەسمانەوە، وازی لێبێرە، با خەریک کاری خۆی بێت. دەی شەریف ئینجا زانیت کە خوێندەواری چتێکی خاسە وە هەموو چتێک وە خوێندەوارییە، برا؟

شەریف: ئەشهەدو کوێخا، خوێندەواری چتێ خاسە.

کوێخا: دەی شەریف با گاڵی ئاوایی بدەین، هەموو بێنە خزمەت ئەفەنی فێروین، فێر.

شەریف: خاسە کوێخا، کفتت وەچییە؟ وەڵڵا ئەگەر ئەفەنی قووڵمانکات، من خۆیشم و ڕێحانیش تێین.

مامۆستا: وەڵڵا ئەگەر پانزەبیست پیاوم بۆ کۆبکەنەوە، من مەکتەبی شەوتان بۆ ئەکەمەوە.

کوێخا: خوا بتهێڵێ ئەفەنی، خوا ڕاوەستاوتکات. حەزئەکەی لە سبەی ئێوارەوە، هەرچی زەلام هەس لە ئاواییا تێرمی؟

شەریف: وەخوا وەخوات لە مەکتەب دانانەوە وە کە تەعطیل بڕایەوە، ئینشائەڵڵا دەستی پێئەکەین.

کوێخا: دەی ئەفەنی، فەرموو با بچینە چاخانەکەی غەفوور.

شەریف: دە فەرموو ئەفەنی با بڕۆین، لە ئیمشەوەوە من فرە تۆم خۆشگەرەکە.

مامۆستا: سەلامەتبیت، بەخوا من خەریکی ئەم کتێبەم تەرجومەیکەم. ئەگەر توانیم، پێش نوێژی خەوتنان یەم.

کوێخا: خاسە، وە دوعا ئەفەنی، ماڵئاوابێت.

شەریف: وە دوعا ئەفەنی، سەرمان یەشانیت.

مامۆستا: نەء، بە پێچەوانەوە، من زۆر مەسروورbووم، زۆرم ئیستیفادە لێکردن، خوا حافیزتانبێت.

# کچەکەم نەبووایە

ئەم دنیایە تێیکەوتووین، ئەم ژیانەی ئەژین، ئەم خەڵقەی لەگەڵیا دێین و ئەچین و هەڵئەکەین، ڕێکوپێک و تەواو و خۆش و چاک و پاک نین. دنیایەکی پڕ لە شێواوی، ژیانێکی پڕ لە دەردیسەری، خەڵقێکی گیرۆدە و پەروەردەی دەستی ئەم دنیا و ژیانە، بێگومان -وەکوو پێشینان وتوویانە- جۆلاش بەسەر دەردی خۆیا قایلنییە. بەڵام چار چییە؟ وا ڕیش بووە بە ڕیشەوە، پێویستی بە شانەیە. کەس نییە ژیانێکی بەرز و بەختیاری بێت، بەڵام پیاو ئەو پیاوەیە کە بتوانێ دنیای پڕشێواویی خۆی ڕێکوپێک، وە ژیانی ناخۆشی خۆی خۆش وە خەڵقی خراپی دەوروپشتی خۆی چاک و پاک بکاتەوە. نابێ چاوەڕوانی هێلکەی پاککراو و پارووی حازرکراو بین. پێویستە بە مێشکی خۆمان بیربکەینەوە و گوێ لە ڕاوێژ و ئامۆژگاریی لە خۆمان تێگەیشتووتر بگرین، بە دەستی خۆمان بەرد لەسەر بەرد دابنێین و خشت بخەینە سەر خشت، بۆ دامەزراندنی بناغە و بینای دوارۆژی خۆمان و ئەوانەی لەدوای ئێمەشەوە دێن.

بێگومان باش دامەزراندنی بنەماڵە، مەعنای باش دامەزراندنی بەردی بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و لەوێوە هەموو شتێک دەستپێئەکات. وە هەتا ئەم بینایە باشتر دامەزرێت، ئەوەندە زووتر و باشتر ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێکتر و تەواوتر و چاکتر ئەبێت. هەر بەوپێیە خەڵقیش لەناو کۆمەڵا باش پەروەردەکراو و بەخێوکراو ئەبن. وە لە دواییدا دنیا و ژیان تام و لەزەتیان تێئەکەوێ و خەڵقیش باشتر و کامەران. بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت کە ڕەوشتی جوان و بەرز شەرتە لە هەموو بنەماڵەیەکدا، وە هیچ کۆمەڵێک بەبێ ئەو ڕەوشتە جوانە بەرقەرارنابێت و زوو ئەڕووخێت. بەڵێ، ژیانی کۆمەڵایەتی کارئەکاتە ئەفراد، بەڵام ئەفرادیش کارئەکەنە کۆمەڵ. وە بنەماڵە لەپێش کۆمەڵا دامەزراوە، لەبەرئەوە نابێ بە تەمای ئەوەی کە کۆمەڵ چاکبوو، ئەفرادیش چاکئەبن، ببین و دەستی چاوەڕوانی بنێنیە بەر ئەژنۆی تەمەڵی و دانیشین، یان گوێنەدەینە هیچ. بێگومانبن کە ئەوانەی چاوەڕوانن بێ شێو سەرئەنێنەوە و خێر لەو عومرە کەمەیان نابینن و لە دوا پلەی ژیانیانا نەدامەتی حاسڵئەکەن و ئەو حەلەش نەدامەتی فایەینییە و بێسوودە. پیاو ئەو پیاوەیە لانەیێکی ڕێکوپێکی پڕ لە کامەرانی دروستبکات و بە هەموو

هێز و توانایەکیەوە بیپارێزێ و نەهێڵێ بڕووخێت. تەڵاقدان و ژن‌دەرکردنیش، قومار و خواردنەوەش، ماڵی مێرد بەفیرۆدانیش، ئەو پاچ و پێمەڕانەن کە ئەو بنەماڵەیە ئەڕووخێنن. هیوامان وایە چیرۆکەکەمان جێگای کەڵک بێت، بۆ ئەوەی کەس ئەم ڕێگە چەوتە نەگرێت.

(پشوویێ مۆسیقا)

باوک: لە سەرەتای ژیانما ناکامڵ و کرچوکاڵ بووم. قومارم‌ئەکرد و ئەمخواردەوە، بۆ بەتەواوی قسەنەکەم، داوێن‌پیسیش بووم.

ژنێکی باشم هەبوو، بەڵام داخەکەم قەدرم نەئەزانی. هەتا بەدم نەدی، بەدخانەم بەیادنەکرد! کچێکیشم هەبوو، خۆشم‌ئەویست، بەڵام خۆمم لە هەردووکیان بەڵکوو لە هەموو کەسێک زیاتر خۆش‌ئەویست. شوێن ئارەزووی بێ‌مەعنا کەوتبووم، شەوم لە دەرەوە ئەکردەوە، نیشتمە ژێر باری قەرزەوە و حەزیشم لە ئافرەتێکی خراپ کرد. یان بە قسەیەکی ڕاستتر، ئەو وای لێ‌کردم کە من بیری وا بکەمەوە. هێشتا خاوبووم و بێ‌هێز، لەبەرئەوە کەوتمە گێژەوە و ڕاپێچکرام بۆ جەرگەی کوێرەوەری. من وێڵی شادی بووم، کەچی دوچاری کۆست هاتم. بۆچی لەسەر قسە بڕۆم، با چیرۆکەکەتان بەتەواوی بۆ بگێڕمەوە:

(تەقەی کردنەوەی دەرگا) و (گۆرانی‌وتن) ئە.. ئەوە هێشتا نەنوستوویت؟

ژن: بۆچی وەخت کەیە، پیاوەکە؟

باوک: چووزانم، هەڵسە بۆ خۆت بنوو.

ژن: سەعات حەوتی بەیانییە و تازە ناتوانم بنووم. ئەوە تووخوا، باوکی ڕووناک، بۆ وا ئەکەیت؟

باوک: چیم کردووە، دایکی ڕووناک؟

ژن: ئینجا چی ماوە بیکەی، پیاوەکە؟ وا نابێ کە تۆ ئەیکەی، عەیبە تۆزێک بیربکەرەوە و بەسە ئیتر.

باوک: بیر لە چی بکەمەوە؟ کەس لە دەرەوە نامێنێتەوە؟

ژن: "هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مەعنا". دەمێکە لێت بێ‌دەنگم و هەموو شتێک هەر ئەپێچمە دڵ و ئەڵێم بزانم دواییەکەی چۆن ئەبێت.

باوک: چی ئەپێچیتە دڵ؟

ژن: قومار و ئارەقخواردنەوە، لە دەرەوە ڕۆژکردنەوە و داوێنپیسیت.

باوک: من داوێنپیسم؟ بە من ئەڵێی داوێنپیس؟

ژن: لەو حەلەوە کە فێری ئەم لە دەرەوە مانەوەیە بوویت، گۆڕاویت. هیچت لە پیاوەکەی جاران ناچێت، حەتا سەروسیماشت گۆڕاوە و بەکەرەم نەماوی.

باوک: بەخوا شتێکی باش. ئێی چیی‌تریش؟ دەی قسەبکە وا دیارە زۆرت پێیە.

ژن: زۆرم لە دڵایە. سەبریش حەددی هەیە و من لە دار و بەرد دروستنەکراوم و لە خوێنیشا وەرتنەگرتووم.

باوک: ئێی، دەی بڵێ. من ئەم قسانەم زۆر پێخۆشە، ئێی تووخوا ئەگەر تەواوی‌نەکەی.

ژن: ئەوە گاڵتەم پێ‌ئەکەی، باوکی ڕووناک؟

باوک: نەوەڵڵا حەددم چییە گاڵتەت پێ‌بکەم.

هەر قەشمەریم پێ‌یەت تۆزێک، قەشمەریت بیستووە، دایکی ڕووناک؟

ژن: نابێ قسەت لەگەڵا بکەم؟ نابێ بزانم بۆ وا ئەکەیت؟

باوک: کچێ ببڕێتەوە، با نەکێشم بە لەوستا بەم سباهی ساڵحانە. ئەم دەمدرێژییە مەعنای چی؟

ژن: پێویستناکات، قسەکردنیش فائیدەی نەماوە بەخوا. هەرچییەکیان وت، ڕاستیانکرد.

باوک: چییان ڕاستکرد؟

ژن: کردەوەکانت، گۆڕانت، کەس نەماوە نەزانێ خەریکی چیت. بەم ڕۆژگارە هەر باس باسی تۆیە.

باوک: بۆ، چیم کردووە؟

ژن: ئەمە هێشتا هیچت نەکردووە؟ عەیب و شوورەیی پیاوێکی خاوەنژنومناڵ، شەو لە ماڵەکەی خۆیا ڕۆژنەکاتەوە و بەم ڕۆژگارە هەر خەریکی ئارەزووی بێ‌مەعنای چەپەڵ بێت، گوایە چۆن خەڵقی لێی‌نادوون.

باوک: ئارەزووی بێ‌مەعنای چەپەڵ چییە، فەرهەنگێکی زمانی تازە؟

ژن: یەعنی قومار و خواردنەوە و داوێنپیسی و کردەوەی ناشیرین، یەعنی دڵداری و خۆشەویستیی درۆزنەی ناو کۆڵانەکانی ئافرەتی خراپی ئابڕووتکاو.

باوک: بێدەنگبە، بەڵام دا لەوەی ئەم قسانەی فێرکردی.

ژن: کەس هیچی فێرنەکردووم، خۆت نەبێ. جگە لەوە، بۆچی قینت لە ڕاستی هەڵئەستێت؟ ئەی دوێنێ بە ڕۆژ و شەوەکەیەوە لە لای نەبووی؟ ئەی پێرێ بەیەکەوە لە بازاڕ نەبوون، ئاڵتوون و قوماشت بۆ کڕیوە، وەکوو ژنت بێت؟

باوک: کێ ئەم قسانەی پێوتی؟ کێ ئەم بوختانانەی لا کردی؟

ژن: ئەمانە قسەنین. حەقیقەتن، کردارە جوانەکانت، بوختانی چی؟ بوختان یەعنی شتێک کە نەبووبێ. ڕووم‌نایە بچمە هیچ شوێنێک، لە ترسی ئەوەی گوێم لەم قسانە نەبێت، خەڵقی لچم لێهەڵئەقورچێنن.

باوک: مەبەست چییە ئینجا؟ ئەڵێی چی؟

ژن: ئەڵێم وەرە مەردی خوا بە و ئێستاش نەچووە بچێت، واز لەم حاڵە بهێنە و ماڵ لە خۆشت و لە منیش و لەم مناڵە بەسزمانەش تێکمەدە.

باوک: چی بکەم بە فکری تۆ باشە؟ چیت ئەوێ؟

ژن: من هیچم ناوێ، تەنیا لەو ئافرەتە دوورکەوەرەوە کە ئەیەوێ هێلانەمان لێتێکبدا و دوچاری کۆست و کوێرەوەریمان بکات. بێنە با قۆندەرەکانت دابکەنم.

باوک: نەء، وازی لێبێنە.

ژن: پیاوەکە تۆ خۆت ئەزانی کە من چەندم خۆشئەوێیت، ئیتر بۆچی وا ئەکەی، لە چیت کەمە؟

باوک: ئەویش خۆشیئەوێم.

ژن: پیاوەکە، عەیبە قسەی وا ئەکەی. ئافرەتی خراپ چووزانێ خۆشەویستی یەعنی چی؟

ئەگەر خۆشیبوویستایتایە نەئەهات بەلاتا..

باوک: (پێئەکەنێ) چۆن نەئەهات بەلاما، ئافرەت.

ژن: لێکیئەدایەوە کە ئەوپەڕی تاوانە بنەماڵەیەکی تازە دامەزرێنراو بڕووخێنێ. ئەو ئافرەتەی حەز لە پیاوی ژندار ئەکات، موجریمە و ساختەچی و درۆزن.

باوک: ئەم قسانە بە چی ئەچێت؟ بڕۆ بۆ خۆت ئیسراحەتبکە.

ژن: ئیسراحەت؟ من موحتاجی ئیسراحەت نیم و ناڕۆم.

باوک: ئەی چیت ئەوێت؟ بۆ ناڕۆیت؟

ژن: ئەمەویٚ مەسەلەکەت لەگەڵا ببڕێنمەوە، ئەبیٚ ئەمڕۆ لایەکی بە لایەکا بخەین. ئیتر سەبرکردن خۆخەڵەتاندنە.

باوک: ئەمە لە کەیەوە فێری ئەم بیٚئەمریکردنە بوویت؟

ژن: لەو حەلەوە کە تۆ منت گۆڕییەوە بە ئافرەتێکی خراپ.

باوک: تۆ نازانی کە بۆت هەڵسام، خراپت پیٚئەکەم؟

ژن: پێویست بە شەڕوشۆڕ و بەزم ناکات. ئەتوانین بە بیٚدەنگی مەسەلەکە ببڕێنینەوە.

باوک: چۆن یەعنی؟

ژن: یان واز لەو ئافرەتە ئەهێنیت، یان من ئەڕۆم.

باوک: باشە بڕۆ.

ژن: ئەی ڕووناک؟

باوک: لێرەیە بۆ خۆی لای باوکی.

ژن: کەواتە قەرارتداوە بیهێنی؟

باوک: بڕاوەتەوە، لە پێرێوە مارەمکردووە و سبەینیٚ ئەیگوێزمەوە.

ژن: موبارەکتبێت. بەڵام لە دواییبا چاومان بە یەکتری ئەکەوێتەوە.

باوک: مەسەلەی مارەیی و تەڵاق و شتومەک چۆن؟

ژن: عەیبە، ناوی تەڵاق وشتومەک نەبەی. من لەو ژنانە نیم کە بیستووتە قاپیی سەرا لە مێردیان ئەگرن و حەیای خۆشیان ئەبەن. نە تەڵاق و نە هیچ شتێک، هەر کەسە لە عاستی خۆی و بڕایەوە پیاوەکە. بەڵکوو ئەمە خوایە فەیمەخان لە من باشتربێت، بەڵام ڕووناک؟

باوک: لای خۆم ئەبێت، فەیمە ئەزانیٚ چۆنی خزمەتئەکا.

ژن: بڕوات بەوە هەیە کە باوەژن خزمەتی منالی مێردی بکات؟

باوک: ئا بڕوام هەیە، ئەتەویٚ تۆش بمێنەرەوە.

ژن: ڕایەتان‌ناکەوێت من لێرە بمێنمەوە، بەڕاستی ساکاری و بەزەییم بەم سەرلێ‌شێواوییەتا دێتەوە.

باوک: بەزەییت بە خۆتا بێتەوە باشترە.

ژن: بەزەییم بە خۆما نایەتەوە، چونکە بە کڵاودروون بێت یان بە چنین، نانی خۆم پەیدائەکەم و بەشەرەفەوە ئەژیم و جەوهەری ژنێتیم نادۆڕێنم و سەر بۆ پیاوێکی سەرلێ‌شێواوی ڕاڕای بێ‌ئیرادەی وەکوو تۆ دانانەوێنم.

باوک: ئینجا کچەتیوەی وەکوو تۆش کە فێری ئەم نەوعە قسانە بوو..

ژن: کچەتیوە؟ عەیب‌نییە قسەی وا ئەکەی؟ هەرچی سەروەت و سامانی باوکم هەبوو، دەرخواردی تۆم دا. هەتا ئێستا کراسێکت بۆ نەکردووم، عەیبە با دیزە بە دەرخۆنە بێت.

باوک: ئێستا نەبڕایەوە ئیتر؟

ژن: با بڕایەوە. وا کچەکە هەڵئەسێنم با بچێت بۆ مەکتەبەکەی. بەڵام یەک تکام هەیە، ئەویش ئەوەیە کارێکی وا بکە نەزانێ کە من و تۆ لە یەکتری جیابووینەتەوە.

باوک: باشە.

(پشوویێ مۆسیقا)

ژن: لێ‌بوویتەوە کچە شیرنەکەم؟

ڕووناک: بەڵێ، دایە گیان ئەوە بۆچی وا عاجزیت، دایە؟

ژن: کوا عاجزم دایە گیان، ئا لەبیرمنەبوو دوێنێ پێت‌بڵێم ڕووناک.

ڕووناک: چی دایە گیان؟

ژن: من ئەمڕۆ ئەچم بۆ هەولێر بۆ ماڵی خاڵت.

ڕووناک: بۆچی ئەچیت دایە؟

ژن: نەختێک نەخۆشم.

ڕووناک: ئەی من؟

ژن: تۆ لێرە لای باوکت ئەبی دایکەکەم.

ڕووناک: حەزئەکەم لەگەڵتا بێم.

ژن: لەبەر مەکتەبەکەشت کچەکەم، نەیەڵیت باوکت لێت عاجزببێت.

ڕووناک: باشە دایە گیان، ئەی کێ چێشتمان بۆ لێبنێ؟

ژن: ئافرەتێک یەت ناوی فەیمەخانە و ئەبێ وەکوو دایکت قسەی لەگەڵا بکەیت.

ڕووناک: وەکوو دایکم؟ وەکوو تۆ؟

ژن: ئا دادە گیان.

ڕووناک: ئەبی زوو زوو کاغەزم بۆ بنووسیت.

ژن: باشە دادە گیان، ئەی تۆ؟

ڕووناک: من؟ هەموو ڕۆژێک کاغەزێکت بۆ ئەنووسم، هەموو ڕۆژێک هەر بیرت لێئەکەمەوە دایە گیان، زوو بێیتەوە.

ژن: باشە دایکەکەم. (ئەگری)

ڕووناک: ئەوە ئەگریت دایە؟ بۆچی ئەگریت؟

ژن: ئەترسم زۆر لە یەک دووربکەوینەوە.

ڕووناک: بەخوا زوو نەیەیتەوە، یەم بەشوێنتا لە هەر کوێیەک بیت.

ژن: باشە کچە شیرینەکەم، دەی هەڵسە بۆ مەکتەبەکەت. لەبیرتنەچێ ئەبێ سەعیبکەیت و زیرەک بیت و بێحەیا نەبیت، لەبەر خاتری من.

ڕووناک: باشە دایە، بەڵام ئەزانی دایە گیان....

ژن: چی دایکەکەم؟

ڕووناک: لە مەکتەب کچەکان باسی باوکم ئەکەن.. زۆرم پێناخۆشە.

ژن: گوێیانمەدەرێ کچەکەم. خەریکی دەرسەکانی خۆت بە.

ڕووناک: دەرسی چی؟ بەخوا لە داخانا نازانم چی ئەخوێنم، ئەبێ زوو بێیتەوە.

ژن: باشە. دە هەڵسە دەی، بێنە ماچتکەم. (ماچ)

ڕووناک: بێنە منیش ماچتکەم دایە گیان. (ماچ) ئۆخەی زوو بێیتەوە، زوو بێیتەوە، بەبێ تۆ ناژیم دایە گیان.

ژن: (ئەگری) باشە، دایە گیان.

(پشوویێ مۆسیقا)

باوک: لەگەڵ ڕۆیشتنی دایکی ڕووناکا، ڕووناکیش، خێر و خۆشیش لە ماڵم بڕا، ژیانم تاریکبوو. بەڵێ، ژنی تازەم گوێزایەوە، بەڵام -دوژمنی ئیمانتان بێت- ئەم پرچبڕاوە هەر ئەوەندەی باش بوو هەتا گواستمەوە، ئیتر بوو بە مارەکەی شێخ هۆمەر، ئاڵایە گەردنم. هەمیشە ئەبووایە دەستم لە گیرفانی خۆم و خەڵقیدا بووایە، بۆ ئەوەی شتومەک بۆ ئەو بکڕم.

وا بە هەر حاڵێک ببێت، ساڵێکمان بردۆتە سەر، ساڵێک بە هەزار ساڵ ئەچێت لای من، ئەوەندەم دەرد و بەڵا و ناخۆشی تیا دیوە، بەزەییم بە خۆم، بە دایکی ڕووناک، بە ڕووناک دێتەوە. نوێنی نوستنیشم لا بۆتە دڕکەزی، ماڵم لێبووە بە دۆزەخ. وا بەدمان دی، بۆیە خۆم لە ماڵا پێنەگیرا و ڕووومکردە یەکێ لە چایخانەکان و لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆنا دانیشتم.

باوک: ڕۆژ باش کاک حسێن.

حسێن: ڕۆژ باش، ژیانت باش. فەرموو میرم ئەمە لە کوێی؟ بێقەزابی وا بەجارێ گومی؟ لە کوێی بۆ خاتری خوا، کەوتوویتە چ بیرێکەوە؟

باوک: هەر مەپرسە حسێن، دوژمن بە جەستەم بێت، کەوتوومەتە گێژاوێکەوە، نە ئەمانی هەیە و نە پەیوەنی و قەرار، بەڵام خۆم وام لە خۆم کرد موستەحەقم.

حسێن: بەڕاستی من نەمئەویست ئەم باسەت لەگەڵا بکەمەوە، بەڵکوو هەر نەمئەویست بێشم بۆ لات و بتبینم.

باوک: چۆن حسێن گیان، لە چ خسووسێکەوە؟

حسێن: بەڕاستی کەس نەماوە دڵگیرنەبێت لەم کردەوەی کە کردت. خوا ئەیزانێ دۆستەکانت ئەوانەی خۆشیانئەوێیت، هەموو پەستن و دڵگیر، دوژمنەکانیشت هەتا بڵێی شادن.

باوک: قسەکانت ڕاستن، تووخوا خەڵقی ئەڵێن چی؟

حسێن: تۆ خۆت خەڵقی ناناسی؟ ئەو ئینسانەی هیچی نەکردووە، هەزار عەیب و عاری لێدەرئەهێنن.

باوک: بەڵێ وایە. ئەگەر شتێکیشی کرد، ئەوا فاتیحای بۆ بخوێنە، ئەبێتە بنێشتەخۆشەی سەر هەموو زمانێک.

حسێن: دنیایەکی ناخۆشی شێواو، ژیانێکی پڕ لە دەردیسەری.

باوک: بەڵێ، لەگەڵ خەڵقێکی بێباری زماندرێژی خۆهەڵقولێنەر لە هەموو شتێکەوە.

حسێن: تۆ مەسەلەکەم بەتەواوی بۆ ناگێڕیتەوە.

باوک: تووخوا برینم مەکولێنەوە، حسێن.

حسێن: بە پێچەوانەوە، هەتا مەسەلەکە تەکراربکەیتەوە و بۆ ئینسانی باشی بگێڕیتەوە، زیاتر تەسکینت دێ.

باوک: قوربان، هاتە بنکلێشەمەوە، وەکوو شەیتان بوارەی‌نەدام بیر لە هیچ بکەمەوە، ژنی لێ عاجزکردم، ماڵی لێشێواندم.

حسێن: خۆ دایکی ڕووناکت تەڵاقنەداوە؟

باوک: خەریکبوو تەڵاقیبدەم، کەچی قبووڵی‌نەکرد و پێی‌وتم کە یەک پوولیشی لێم‌ناوێت.

حسێن: چاوت لێیە. ئا ئەمەتا ژنی عاقڵی سەلاری وەجاغزادەی بەشەرەف.

باوک: قوربان، هەر ئەوەندەم خۆشبوو هەتا گواستمەوە، ئیتر -دوژمنی ئیمانت بێت- هەموو ڕۆژێک بەزمێکم پێئەگرێ، هەموو ڕۆژێک پەلپێک، بیللا وام لێهاتووە ڕاکەم.

حسێن: عەیبە ناوی ڕاکردن مەهێنە. پیاو ئەو پیاوەیە لە موشکیلە ڕاناکات، پێویستە ڕێگای ڕزگاربوون بدۆزیتەوە و بە هێمنی بیربکەیتەوە و جێبەجێی‌بکەی، بێئەوەی دڵت بلەرزێ و بترسیت.

باوک: ئەم قسانە جوانن، دڵ ئەگەشێننەوە. بەڵام پیاو ئەو پیاوەیە بوێرێ لە ڕووی فەیمەدا ڕاوەستێ و ئەژنۆی نەلەرزێ و زراوێ نەتۆقێ.

حسێن: مەعنای چی؟ ئەوە ئەڵێی چی؟

باوک: قوربان، ئەڵێم ئافرەتێکی شەڕانیی بێحەیای دەروون‌دڕندەیە و کە گەزارەی لێدەرکێشا، حەیام‌ئەبات لە گەڕەکەکەدا.

حسێن: کوڕە عەیبە پیاو، چیت کرد؟ ئەی چۆنت هێنا کە وات....

باوک: وام ئەزانی من کە چاوم بەو هەموو جوانی و لەشولارە نازدارە کەوت، لە هۆش خۆم چووم. من چووزانم ئەو جوانییە بەرگێکی تەنکی ڕووکەشە بۆ گیانێکی دڕندەی چەپەڵی ڕەوشت‌نزمی هار.

حسێن: ئەبووایە باش لە مەسەلەکە..

باوک: باشی چی، بێقەزابیت. ئینسان وەکوو شتێ کوێرئەبێ و چاوی هیچ نابینێ، لە جوانیی ڕووکەشیی سەرزاری زیاتر.

جگە لەوەش، ئەم پرچبڕاوەش ئەو حەلە بە نەوعێکیتر خۆی پیشانی من ئەدا و ئێستایش لێم بووە بە گورگەکە، دانم لێ ڕیچئەکاتەوە.

حسێن: کوڕە تۆ زۆر گۆڕاوی، قەد نەمئەزانی بەم نەوعە دەمارت ڕووخاوە.

باوک: هەر دەمار؟ هیچ کوێم نییە نەڕووخابێت، بووم بە کەلاوەکەی ماڵی موستەنتیق!

حسێن: برام ئەگەر ئەتەوێ زمانی درێژی خەڵقی کورتتربکەیتەوە، ئەگەر ئەتەوێ ببیتەوە بە ئینسانە موحتەرەمەکەی جاران لەناو کۆمەڵا و سەرلەنوێ لانەی ڕووخاوت تازەبکەیتەوە، ئەوا پێویستە هەموو شتێک لێرەدا بوەستێنی.

باوک: چۆنی بوەستێنم، بۆ خاتری خوا؟

حسێن: دەریکە، تەڵاقیبدە و دایکی ڕووناک بهێنەرەوە و ببڕێتەوە و چی ئەبێ ببێت.

باوک: شکاتم لێئەکا و قاپیی مەحکەمەم لێئەگرێت.

حسێن: ئەیگرێ چش. باشتر، ئەو حەلە خەڵقی هەموو حەق ئەدەنە دەست تۆ.

باوک: من داخی ڕووناک جەرگی کونکردووم. بەخوا ئەگەر کچەکەم نەبووایە، لەوانە بووم....

حسێن: بیری خراپ مەکەرەوە و هەڵسە پیاوانە لە ڕێی خۆت و کچەکەتا، لە ڕێی ئەو ژنە دڵسۆزە بەسزمانەدا کە شەو و ڕۆژ ئەگری، تۆزێ پیاوەتی بنوێنە، هەڵسە دەی.

باوک: ئاخر ئەترسم دایکی ڕووناک نەیەتەوە.

حسێن: من ئەچم بۆ لای کاکی و ئەیهێنمەوە، بە شەرتێ هەتا ئێمە ئەگەین، تۆ فەیمەخانت تەڵاقدابێت.

باوک: شەرتبێ بە شەرتی خوا، نەیەڵم ئیتر ئەم هەژدیهایە لە ماڵما بێت، شەرتبێ ئێستا دەریکەم.

(پشوویێ مۆسیقا)

باوک: بە هەڵەداوان هاتمەوە ماڵێ، دەستبەجێ فەیمەی موبارەکم تەڵاق دا. هەرچی جنێوی پیس و خراپی ناو قامووسی ئافرەتی خوێڕی هەیە، لە دەمی هاتەدەرێ. گوێمنەدایە و هەناسەیێکی ئیسراحەتم هەڵکێشا. بەڵام ئەی ئەوە کوا ڕووناک؟ ڕووناک؟ ڕووناک؟ کچە شیرینەکەم ڕووناک، گوایە بەم ئێوارە وەختەیە چووبێت بۆ کوێ؟ ئەمە ژوورەکەیەتی، ئەم کاغەزە چییە لێرەدا.. ئەمە کاغەزی ڕووناکە.

ڕووناک: بابە گیان، وا بوو بە ساڵێکی ڕەبەق من لەژێر چەپۆکی باوەژنام، مەحرووم لە خۆشەویستیی تۆ، دوور لە دایکی بەڕەحمم. وا من ڕۆیشتووم، ماڵم بۆ چۆڵکردن، ئیتر لەمە زیاتر نەمتوانی باوەژن قبووڵبکەم. وا ڕۆیشتم بەشوێن دایکما بگەڕێم، لە هەر کوێیەک بێت هەر ئەیدۆزمەوە. لێم ببوورە بابە گیان، حەزمنەئەکرد وابێت، بەڵام چارم نەما، لێمببوورە، کچت ڕووناک.

باوک: ئەمە یەعنی چی، بۆ خاتری خوا؟ شێتئەبم، بۆ کوێ چووی کچە شیرینەکەم؟

(تەقەی دەرگا) کێیە کێیە؟

حسێن: خۆمانین بیکەرەوە.

باوک: حسێن ئەی ڕووناک؟ کو ڕووناک بۆ خاتری خوا؟

حسێن: مەشڵەژێ، تۆزێ سەبر.

ڕووناک: وام لێرە بابە گیان.

باوک: گیانی بابە، ئەوە بۆ کوێ چووی باوکەکەم؟

ڕووناک: چووم بۆ لای دایکم، دەمێکە نەمدیوە.

باوک: کوا دایکت ڕووناک؟ حسێن نەهاتەوە؟

حسێن: با هاتەوە، بەڵام حەق نەبوو بێتەوە.

باوک: ئافرەت، سەد شوکور، بەخێربێیتەوە.

ژن: ئەگەر ڕووناک و کاک حسێن نەبووایە، جارێکیتر سەرمنەئەکردەوە بەم ماڵەدا.

حسێن: خاترت خۆشبێت. ئەشهەدوبیلا، حەقتە، کوا چیت کرد بە چی؟

باوک: تەڵاقم دا، سێبەسێ بە هیچ مەزەبێک چاکنەبێتەوە.

حسێن: ئەی خوارنەوە و قومار و شەونخوونی؟

باوک: ببڕای‌ببڕ، ئیتر تۆبەبێت لە هەموو کردارێکی پیس، من و خوارنەوە و قومار و شەونخوونی ئەبینە دوژمنی باوەکوشتەی یەکتری.

حسێن: هەر ئەمە بەس‌نییە.

باوک: ئەی گوایە چی بکەم، ئیتر پرچ بهێڵمەوە؟ من ئەڵێم ببڕای‌ببڕ هەرچی خراپە هەیە نایکەم، بە قەراری قەتعی، ئافرەت لیم‌ببوورە، بۆ خاتری خوا؟

ژن: بەخشیمی بەم کچە، بەخشیمی بە ڕووناک. هیوام زۆرە ئەمە بووبێ بە دەرس.

باوک: تەنیا دەرس؟ کچێ بوو بە دەروێش، ئیتر تۆبەبێ، وەی وەی وەی لە فەیمە سنجووق، چیی پێ‌کردم خوای گەورە، قبووڵ، چەرەس، کێک، پاڵتۆی مانتۆ، قاش، قاشێنە، ئاڵتوون، سینەما. ئەی ماڵی ئافرەتی وا خراپم بەقوڕگرت!

حسێن: دەی ئینجا من بە دوعا.

باوک: باوکم زۆر زۆر مەمنوونت‌بووم، هەتا بڵێی سوپاست‌ئەکەم لە کانگای دڵمەوە، بەڕاستی هاوڕێیەکی وەکوو تۆ نەبووایە، وا زوو لەم بەڵایە ڕزگارمنەئەبوو.

ژن: دە تۆزێکی‌تریش دانیشە، کاک حسێن.

ڕووناک: دە ڕاست‌ئەکات، مامە حسێن.

حسێن: گیانی مامە حسێن، ئەبێ برۆم، منیش ئێستا لە ماڵەوە تیتیلە و ببیلە چاوەڕوانمن. جگە لەوەش، کەسی مامی، نەتبیستووە ئاشتی دوای شەڕ خۆشە.

ڕووناک: یەعنی چی مامە حسێن؟

حسێن: یەعنی ڕۆڵە گیان باوکت و دایکت هەردووکیان زۆریان وا لە دڵا، ئەیانەوێ قسەی زۆر لەگەڵ یەکتری‌دا بکەن. تۆش بە قسەی من ئەکەی، بچۆرە ژوورەکەی خۆت، سەعی‌بکە و دەرسی بەیانیت حازربکە، کچی مامی.

باوک: ئەی بەڵام لێ‌دایت کە زۆرزانیت.

حسێن: ئینسان زۆرزان بێت، باشترە لەوەی وەکوو تەیر ببێت بە داوەوە، خوا حافیز.

ژن: خوا حافیزت‌بێ.

باوک: خوات لەگەڵ.

ڕووناک: یا خوا خوا حافیزت‌بێ.

باوک: ئێ و مێی ناوێ پیاوەکە. با دیزە بە دەرخۆنە بێ، هەرچی بوو ڕۆی، با سەرلەنوێ ژیانێکی باش دابمەرزێنینەوە.

باوک: ڕاستە، خۆزگە ژنی وەکوو تۆ زۆر بوونایە لەم وڵاتەدا. شەرتبێ لەمەودواوە بەلای هیچ ناشیرینییەکدا نەچم، شەرتبێ، شەرتی پیاو.

(تەواو)

## گڵکۆی تازەی لەیل*

(؟)

ئەحمەد: لەیلی پڕمەیل، دڵم کەیلە، کەیل. دیارنەبووی گیانە دوێنێ؟

لەیل: فیای[1] گوفتار و لەبزی شیرینت بم، لەبەر عەیبەی خەڵقی.

ئەحمەد: گوێمەدەرێ، عەیبە گیانەکەم. ئێمە یەکتریمان خۆشئەوێ. خۆشەویستیی ڕاستیش هەرگیز ناشیرینیی لێناوەشێتەوە و لە داوێنپیسی بەدوورە.

لەیل: من و تۆ ئەمە ئەزانین، ئەحمەد گیان، بەڵام ئەم خەڵقە گوێناداتە ئەم جۆرە قسانە، هەر خواخوای ئەوەیانە شتێ لە یەکێ بدۆزنەوە و فیتنەیەک بەرپابکەن.

ئەحمەد: من دڵنیام لە خۆم، کە ناگۆڕێم. دڵنیاشم لە تۆ کە هەرگیز دڵم خۆشەویستیی ژیاو و ئاواتم بە هیچ شتێکی بەنرخی ناو ئەم دنیایە ناگۆڕێتەوە.

لەیل: من و دڵگۆڕین، من و تۆ فرۆشتن، من و تۆ لەیادکردن، ئەحمەد گیان؟! ئەی ئەگەر ختوورەی وا بەدڵابێ، ئەنجنئەنجنکرێ دڵ! ئەگەر فکری وا بە مێشکما تێپەڕێ، پانوپلیش کرێتەوە سەرم؛ ئەی ئەگەر زمانم مەیلی تۆ گۆڕینەوەی هاتە سەر، بە نەشتەر لەبنا ببرێ زمان.

ئەحمەد: دڵ و مێشک و زمانت، سێ هاوڕێی بەوەفای یەکن، ژیانیان یەک ژیان و مردنیان یەک مردنە. ئافرەتی پاکی ناو ئەم شاخوداخە، یەک دڵی هەیە و یەک دڵدار، هەتا ئەبرێتە ناو مەزار، تا شۆڕئەکرێتەوە ناو قەبری تەنگوتار!

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٦٠-٤٧١.

مەتنی ئەم درامایە بە نووسراوی دەستگیرنەبووە، بۆیەکە ئێمە بە بیستن لە شریتەوە وەرمانگرتووە و نووسیومانەتەوە. دابەشکردنی دەورەکانیش هەر بە ڕۆشنایی ناسینەوەی دەنگیان ئاشنامانکردوون کە ئەمانەن: ١. ئەحمەد: ڕەفیق چالاک، ٢. لەیل: ئەحمەد مەحموود، ٣. سلێمان: نووری عەنبەر، ٤. میر: دەوری دووەمی ئەحمەد مەحموودە. (ک.ڕ)

[1] فیای: فیدای. (ک.ڕ)

لەیل: عەهد و پەیمانە، چاو هەر بەتۆدا ئەڕوانێ، دڵ هەر وێنەی بێگەردی تۆی شاعیری تیائەبێ. زمان، هەر بە ناوی تۆ و باوکی تۆ، بە شیعری تۆ پشکوتووە و خەملێو. هەر تۆیت و تۆ، دوای تۆ گڵە هاوڕێم.

لەیل: ئەی نەچین بۆ شار، تۆ نەتوت ئەتبەم.

ئەحمەد: ئەچین بۆ شار. دوای مارەبڕین، لەوێ لە قەیسەرییەکاندا چیت بەدڵبوو، بۆتی هەڵئەگرم. کەلوپەلێکت بۆ ئەکەم، هەر لە خانەدانی بەبە هاتبێت.

لەیل: نابێت زیامەسرەف بکەیت، ئەحمەدبەگ.

ئەحمەد: هەر کەمە و پێیناوترێ زیامەسرەفی، بەڵام بۆچی پێتوتم بەگ. نازانی پێمناخۆشە.

لەیل: بۆ پێتناخۆشە، ئەی بەگ نیت؟

ئەحمەد: ئینسانی شاعیر، ئینسانی بیربەرز، گوێناداتە بەگ و ئاغا. جگە لەوە، هەموو ناونیشان و لەقەبێک لە ئاستی جوانیی تۆدا شەرمەزارە و لە ڕاستی بیروباوەڕبەرزی و لە ڕاستی وەفای تۆدا، ئەبێت تەریقببێتەوە و شەرمەزار. تۆ خوا بەهرەیەکی یاویتێ، لەوانەیە پاشا لە بەردەمتا بنوشتێتەوە و کڕنووشی بۆ بەرێت.

لەیل: بەم قسانەت شەرمەزارمئەکەی، ئەی شاعیری شۆخ.

ئەحمەد: ئەم قسانەم هەموو ڕاستن، ئەم قسانەم دوورن لە ڕیا و لە مەتح و درۆ، لە قسەی دەسخەڕۆیی، تۆ لە ئەڵماس و دوڕ و گەوهەر بەنرختتر و جوانتری، سەوڵی خەرمان.

لەیل: ئەحمەد.

ئەحمەد: گیان و دڵی ئەحمەد.

لەیل: کەی ئەچیت بۆ ڕاو؟

ئەحمەد: کەی ئەڵێی ئەچم. چ حەیوانێک حەز لێئەکەی، بە دەستی بەستە ئەیهێنمە بەردەمت.

لەیل: هەرچییەک ڕاوئەکەی بیکە. بەڵام تووخوا جووت لەیەک مەکە.

ئەحمەد: باشە گیانە شیرینەکەم. من و جووت لەیەککردن. سبەینێ دەمەوبەیان پێش ئەوەی ڕەنگی مەیلەوئاڵی شەبەق ئاسۆ بهێنێتە پێکەنینی شادی، پێش

دەنگدانەوەی زەنگی کاروان، کاتی مەلابانگدان، ڕێ ئەگرمە بەر شادمان، بۆ ناوچیا سەختە بەرزە سەرکەشەکان.

لەیل: زۆرت پێنەچێ، ئەگینا ئۆقرەم لەبەر هەڵئەگیرێ، ڕۆحی ڕەوان.

ئەحمەد: نەریتی ڕاوی باووباوپیرمان، حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، گیانەکەم هێزی ژیان.

لەیل: وەک قۆچی قوربانی، لەیل لە دەورت ئەگەڕێ، زوو بێیتەوە ئارامی گیان.

ئەحمەد: دڵنیابە گیانە شیرینەکەم، دڵنیابە. بە دوعا، بە دوعا.

لەیل: خوایە فریشتەی پاکی ئاسمان، ئاگایان لێتبێ، ئاگایان لێتبێ، دەست بە باڵت گرێ. ئەحمەد گیان خوات لەگەڵ.

(پشوویێ مۆسیقا)

(دەنگی ڕەوتی خێرای ئەسپ و سوارە)

میر: کێ وا لێرە؟ کوڕە ئاوایی؟

سلێمان: کێن؟ کێتان ئەوێ؟

میر: نەختێ دۆ بۆ میوان.

سلێمان: میوان لەسەر چاوان، لەسەر سەران، کێ؟ پاشای گەورەمان؟ موشیری تەختی بابان.

میر: وا دیارە زیرەکی و لە زومرەی چاکانی وەفاداران.

سلێمان: فەرموو دابەزە گەورەی قارەمان. سەروماڵ پێشکەشتە، ڕۆحی ڕەوان.

میر: بڵێن دۆمان بۆ بهێنن، تینوومانە.

سلێمان: هەر ئێستا بەسەر چاوان. ئادەی کەنیشکە، بە لەیل بڵێ دۆی سارد بهێنێ بۆ گەورەمان.

میر: ئاهـ خەلەوخەرمان و شینایی ئەمساڵتان، چۆنن مامسلێمان؟

سلێمان: لە سایەی خوا و سەری میرەوە، هەتا بڵێی باشە و بەبەرەکەت و جوان.

لەیل: بابە دۆمان هێنا بۆ میوانی ئازیزمان.

سلێمان: فەرموو نۆشیکە پاشای سەر تەختی زەمان.

میر: کێیە ئەم پەرییەی ئەڵێی تازە دابەزیوە لە ئاسمان؟

سلێمان: بە نۆکەرت بم، گەورەم، کارەکەرتانە و کچی سلێمان.

میر: ساحێبی هەیە یا..؟

سلێمان: نەخێر قوربان..

میر: باشە و بەجێیە مامسلێمان، ئەمانەوێ ببین بە خزمتان.

سلێمان: فەرمانی گەورەمان ڕەوایە و لەسەر سەرمان.

میر: ئادەی کوڕە بانگکەن مەلا. با سەدای کەڕەنا و نەقارە و دوردگ و باڵەبان، ڕووبکاتە ئاسمان.

سلێمان: هەروا زوو قوربان؟

میر: شیربایی پێنجسەد قران بدەن بە مام سلێمانی خەزوورمان.

سلێمان: یا خوا موبارەکبێ، یاخوا بەزیادبێ، بە جاهی موبارەکی قورئان، قەد نەهێنێ نوشوستی پاشای گەورەی زاوامان. یا خوا موبارەکبێ.

(پشوویێ مۆسیقا)

لەیل: عەهدبێ خۆم دەرمانخواردکەم و نەمەوێ پاشا و ڕوتبە و نیشان، من و فریودان، من و دڵگۆڕین؟ من و دڵگۆڕان؟ ئاخ ئەی ڕیسوابم، ئەگەر بمەوێ ژیان. وەرە خەنجەر، وەرە خەنجەر، بۆ دڵەی کۆستکەوت و پاشی ئەو نابێ گورپەت لێوەبێت، دوای ئەحمەدبەگی کۆماسی.

(تەپەی لێدانی خەنجەر بۆ سەر دڵ)

ئاخ، ئاخ، ئاخ، ئاخ

(پشوویێ مۆسیقای خەمگین)

(گۆرانیوتنی بێمۆسیقا - گۆرانیی خاڵەی ڕێبوار بە دەنگی ئەحمەد)

سەرم ناوەتە، (گیانە) سەر خاکی بەرپێت

غەریب، موو سپی، (لەیلی) ڕووسیا، سەرشێت

ئای خاڵەی ڕێبوار، (خاڵە) ڕێگاکەم دوورە

مەنزڵ بێپایان، (خاڵە) تێشوو زەروورە
موددەی حەوت ڕۆژە (گیانە) نەمدیوی بەچاو
موددەی حەوت ڕۆژە (کاڵێ) نەمدیوی بە چاو
گەڵاڕێزانمە، (گیانە) وەک باخی بێئاو
ئای کاکەی ڕێبوار، (کاکە) ڕێگا نازانم
بۆ لای لەیل ئەڕۆم، (خاڵە) خەڵکی کوێستانم
لە دوورەوە هاتووم، (نازدار) بناسە دەنگم
تۆزی کەژ و کێو (لەیلێ) نیشتووە لە ڕەنگم
ئای کاکەی ڕیبوار، (گیانە) ڕێگاکەم دوورە
مەنزەڵ بێپایان، (لەیلێ) تێشوو زەروورە
سلێمان: ماندوو نەبێ ئەحمەدبەگ.
ئەحمەد: خوا بتهێڵێ مامسلێمان، شوکور چاکی؟
سلێمان: من و چاکی ڕۆڵە؟
ئەحمەد: بۆ؟ چی قەوماوە، بۆ خاتری خوا؟
سلێمان: لەیل خۆی کوشت، ئەحمەد.
ئەحمەد: چی؟ وا نەڵێی، بۆ خاتری قورئان؟!
سلێمان: تازە قەوما و ڕووی دا کۆستی گران.
ئەحمەد: لە کوێیە ئێستا؟ لە کوێیە ئێستا تەرمی لەیل، مامسلێمان؟
سلێمان: وا لە گۆڕا، وا لە سەرقەبران، وا لە سەرقەبران.
ئەحمەد: ئەمرۆ دیارە پەنجەی تارمە
سەروەخت هاوینی نەوبەهارمە
شەماڵ بەس برۆ بە کۆسارانا
مەشنێ بەسەر گەڵای دارانا
مەشنێنەوە چنوور لە کاوان
هاژەتان نەیە تووخوا بەفراوان

ئەو نەبێ، چنوور لە کاوان بۆ کێ
ئەو نەبێ، هاژەی بەفراوان بۆ کێ
ئەشێ بەختی من ڕەشی بنوێنێ
کێ؟ کەی دیی بەهار گوڵ هەڵوەرێنێ
ئەمساڵ نەوبەهار لێم بوو بە خەزان
گوڵخونچەی باخی بردم بۆ قەبران
هامسەران وادەی شینی پێشوومە
من کێم مردووە وا کۆستی نوومە؟
سادەی شین بۆ کەی، هەریەک لە لایەک
بیخەنە گوڕی گریە و سەدایەک
خەیاڵ غەمگین بوو. نوتقم هاتە دەنگ
ئەلاوێنمەوە بە سۆزەی سەدڕەنگ
ناکامی زەمان کامەرانیم ڕۆ
بەرنەخواردووی باغ زیندەگانیم ڕۆ
نەوجوانی عەشقی تەنیا فەردم ڕۆ
بە ناکام‌مردووی دڵپڕدەردم ڕۆ
نۆبووکی بابان، ماهـجەبینم ڕۆ
تاقە گوڵەکەی باخی ژینم ڕۆ
شەرت ئەو شەرتە یاران ئەیزانن
بەو وەفا و عەهدەی مەردان ئەیتوانن
تا دڵ لە لەرزەی جەوری ناکام بێ
ئەو زەوقە تۆزێ لە من حەرامبێ
ئەو زەوقە تۆزێ لە من هۆشم نەماوە
دڵ گۆشت و خوێنە و لە بەرد نەکراوە
بەسە کوا تاقەت؟ بڕا سەبووری

ناتوانم بیکەم گفتوگۆی دووری

(پشوویێ مۆسیقا)

ئەحمەد:

گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکۆی تازەی لەیل

وا هاتوومە سەر گڵکۆی تازەی لەیل

هاتوومە سەر گۆڕ لەیلەکەی پڕمەیل

لە چاو ئەبارێ فرمێسک وێنەی سەیل

وام لە سەرینی بە دڵەی پڕجۆش

کێلی مەزاریم ماچکرد بە پەرۆش

ئەرێ ئەی ئازیز، ئەڵماسی ناو خۆڵ

موبارەکت بی یانەی تەنیای چۆڵ

سەرێک هەڵبڕە، سەوڵی خەرامان

وا مەجنوونەکەت هات بە قوڕپێوان

کۆچی بێوادەت کارێکی وای کرد

دێوانەی کردم، هۆشی لەدەست برد

بڵێسەی عەشق و دووریی باڵای تۆ،

گڕی خستۆتە لاشە و تانوپۆ

وەختە وەک قەقنەس لەش بێ بە زووخاڵ

شادبێ بە تۆزی لاشەکەم، شەماڵ

یا وەکوو مەجنوون شێتی کوڵبەکوڵ

لەش بێ بە خۆراک وەحشییانی چۆڵ

سوێندئەخۆم، ئەی لەیل، بە یادی پیرۆز

بەو ئەگریجانەی ژاکاوی ئاڵۆز

بە دانە خاڵەی پیرۆزەڕەنگت

بەو جێ تاریکەی کش و بێدەنگت
بە یادی جوانیی لەدەستدەرچووم
بە جێگای لەیلی تازە کۆچکردووم
لەوساوە چەرخی چەپی بێئامان
تۆوی جوانیی تۆی لە خاکا ڕووان
لەوساوە کە تۆی بەزۆر لێسەندم
ڕەگوڕیشەی دڵ، جەرگی هەڵکەندم
تۆی برد بۆ خانووی تازەی ناو مەزار
منی هێشتەوە بۆ جەوری ڕۆژگار
بە وێنەی قەیسی دەروون لە غەم کەیل
هەر لەیل لەیلمە لە هەردەی دوجەیل
وێنەی بێگەردت هامڕازی ڕامە
لەگەڵ جەفا و جەور دائیم سەودامە
دڵ پڕ لە غەم و دەروون زووخاڵم
کافر بەزەییی دێتۆ بە حاڵم
شەوان زاری و شین، ڕۆژان ڕۆڕۆمە
یەکجار لە دووریی باڵاکەی تۆمە
ماڵوێرانیم و بەختی شێواوم
وەک ئاهووی سەحرا لە ڕەو جێماوم
جێی حەسانەوەم چیا و دەشت و هەرد
خۆراک و ئاوم چەرمەسەرێ و دەرد
حاڵی تۆ چۆنە، شای وەفاداران؟
کێ هامڕازتە سوبح و ئێواران؟
لەو جێ تاریکە تووبی جوانی
لەگەڵ کێ ئەیکەی ڕازی پەنهانی؟

لەباتیی قۆڵی قەیسی غەمگینت
کام بەردی ئەلحەد بۆتە سەرینت؟
داخم ئەو داخە لەیلی خاترنەنگ
بۆ زوڵفی ڕەشی شێواوی ژێرسەنگ
بە دەمی شانە کە داتئەهێنا
ئەتکرد بە پەرژین بە ڕووی جەبینا
ئێستا پەشێوە وەک پەلی مینا
پەرش و بڵاوە لەژێر زەمینا
ئەو چاوە ڕەشەی ئاهووبێزی تۆ
ئەو قەوسی ئەبرۆی شەڕئەنگێزی تۆ
ئێستا بە دەستی چەرخی نیلیڕەنگ
بێڕەونەق ماون وەک نەخشی ڕووی سەنگ
ئیتر بۆ سۆمای دیدەم تارنەبێ
زیندەگیم لەلا ژەهری مار نەبێ؟
ئەو لاشە جوانەی نازکتر لە گوڵ
ببێ بە خۆراک مار و مێرووی گڵ؟
منیش سەرسام و هەڵۆخواردوو بم
بە لاشە زیندوو، بە گیان مردوو بم
تۆ بەو نازەوە مەزار جێگەت بێ
من بەم سزاوە کۆسار ڕێگەم بێ
وەلحاسڵ هەرچەند شینوزاریم کرد
خۆم تلانەوە و بێقەراریم کرد
خۆڵی قەبرەکەم وا کرد بەسەرما
بە نینۆک جلم ئەدڕی لە بەرما
نە جوابێکم بیست، نە ڕاز، نە دەنگێ

نه خشەی پووچت لە لەرزەی سەنگێ
بە دەست ئەممالّی بە ڕووی جەبینما
خۆڵم تێکەڵکرد لەگەڵ ئەسیرینما
هیچ کەڵکی نەبوو شینەکەی دڵسۆز
حەکیمی دەردی دەرمان مەجنوون‌دۆس
لەبەر چی مەیلم لە لات ساردبووە
پەیمانی پێشووت لە یاد دەرچووە
من بەم دڵەی خار بێ‌قەرارەوە
بە برینەکەی ئێستە و پارەوە
وام لەژوور سەرت، ئەگریم، ئەناڵم
خاکی قەبرەکەت بە لێو ئەماڵم
تۆ هیچ دەربەست نیت بە بێ‌قەراریم
بە قوڕپێوان و شیوەن و زاریم
زۆر پاڕامەوە بە دڵەی مەحزوون
هەتا بلێسەم گەیشتە گەردوون
دیم وا دەنگێ هات لە توێی خاکەوە
لەو جێ تاریکەی حەسرەتناکەوە
وا دێتە بەرگوێم وەک ڕازی جاران..
وتی:
لەیل: (بە خەمگینی لە گۆڕەوە)
ئەی مەجنوون وێڵی کۆساران
....[١]
سوێندبێ بە یەزدان، بێ‌هاوتای تەنیا

[١] ئەم نیوەدێڕە لە سەرچاوەکەدا پەڕیوە، دەستنووسەکەی نەبوو، تا بنووسرێتەوە. بڕوانە: هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٦٨. (س)

که باڵای منی له تۆ کردەوە جیا
ئەوەندە خاکم لە جەستە بارە
نە ڕێگەی وەڵام، نە جێی پرسیارە
من لەژێر خاک و هەوای ساردی سەنگ
ئیتر من چی بکەم کە ناتگاتێ دەنگ
لەناو خانووی خۆڵ ئەسیرکراوم
بە تای زوڵفی خۆم زنجیرکراوم
نازانم بۆچی وام لێکراوە
مل و قاچ و دەست زنجیرکراوە
تاوانم چی بوو، ئێستا بەم ڕەنگە
لەشجنراوی ژێر تەڕافەی سەنگە؟
گوناهم چی بوو لە دنیای فانی
غەیر دڵداریی پاک، بەبێ پەنهانی؟
بۆچی ئەم دنیا وا بێوەفایە؟
لەجیاتیی وەفا، هەردەم جەفایە؟
بەڵێ تۆ هەرچەند کە ئەکەی زاری
شاران ئەگەڕێیت بە بێقەراری
بەڵام کەڵکی چی، سوودێ نادات پێت
بچۆ بگری بۆ ڕۆژی ڕەشێ دێت
هەر کەس لەدایک ببێ یان بووبێ
بۆ شاری ئێمە عاقیبەت هەر دێ
هەرچەند تۆ ئێستا زۆر بێقەراری
لە گیانی خۆت و ژیان بێزاری
کاتێ تۆش هەر دێ ڕۆژێ لە ڕۆژان
لە شاری ئێمە ببی بە میوان

بەڵام ئێستا من توانام براوە
بە بار لەسەرم گڵ بارکراوە
کاتێ هاتیتە لام بە میوانی
لەگەڵ یەک ئەیکەین ڕازی پەنهانی
ئەحمەد: لەیل، لەیل[1]

---

[1] لە ئێرەدا دراماکە لەسەر شریتەکە تەواوبووە، بەڵام مەتنی هەمان دراما بە نێوی "بووکی ناکام"ەوە لەسەر شانۆ پێشکەشکراوە، کۆتاییەکەی بەم جۆرەیە: (ک.ڕ)
ئەحمەد: لەیل، لەیل
تۆ مەڕۆ ئەی لەیل، توو یادی جاران
توو یادی پێشووی کۆنەهەواران
ئەحمەد دوای کۆچی شای نەونەمامان
بە شینی بەکوڵ، بە سۆزەی گریان
وێڵ و ئاوارە، جێگەی کێوان بێ
تا مردن بەشی سینەکوتان بێ
دەوران دەورئەدا بە نامرادی
با لەبەینابێ گەردنئازادی
کۆچی بێوادەت کارێکی وای کرد
دێوانەی کردم، هۆشی لە دەست برد
منیش دێم، بەڵام نازانم کەیە؟
بە مەرگت قەسەم، ئەمڕۆ، سبەیە
دووریت ئاگری بەردایەماڵم
کام ماڵ؟ ماڵی دڵ، وێرانە ماڵم
هەوا ئاگرین، سەروەخت ئاگرین
دڵەم ئاگرین، بەدبەخت ئاگرین
بەم ئاگرانەوە وجوودم خامە
بەختم ناپوختە و فامم نافامە
بەو بڵێسەوە تۆزێکم ماوە
کوا دەنگ و ڕازت، لەیلێ هاناوە؟
خۆ من بەبێ تۆ وا مردەمردووم
هەر وام لە خەیاڵ هەفتەی ڕابوردووم
تەرتیبی ڕاوم من ڕێکئەخست بۆت

تۆش خۆت ڕێکئەخست بۆ بووکێنیی خۆت
بەڵام کوا پەنجەی خەناویی سوورت
کوا جلی بووکیت، کوا تارای سوورت
کوا دەنگ و سەدا، کوا وردەڕازت
کوانێ ئاوات و ڕاز و نیازت
بۆچ لەبیرتانچوو هەوارگەی خۆتان
جڵەوت لارکرد بەرەو ڕووی قەبران؟
ڕۆ بۆ جێزامی خەنجەری کاریت
داد بۆ ژوور سەری کەسنادیاریت
جێی خەنجەر بە خوێن لە سینەی بێگەرد
مانگی بە سوور گرت، دڵێ ڕەش داگرت
یان کام زووخاو کە دڵم نەیکێشا؟
کام قیمەی دەرد بوو جەرگ پێینەیەشا؟
لە هەر بنبەردێ، هەر ڕاگوزارێ
فرمێسکی دیدەم بە خوڕ ئەبارێ
دەخیل سەد دەخیل، لەیلەکەی گیانی
خۆت لەو جێگەدا تەنیا نەزانی
دۆستی گیانی گیان، ڕەفیقی ڕێتە
کلی گلێنەی تۆزی بەرپێتە
دوورییەکەی تۆیە بووە بە تەوقم
شێواندی شایی و بازاڕی زەوقم
دەک ئەجەل لە داو هیجرانا گیربێ
لە بەحری خەما وەک من ئەسیربێ
نەتهێشت پیاڵەی مەرگ زوو بخۆمەوە
لەکەی دڵساردیت نا بەڕوومەوە
فەلەک ئەتناسم، کارت چەپگەردە
چەپۆکت زۆرە بۆ ئازیزمردە
چی بوو بەم دەردەت نەبردمایە
مەحروومی لەیلێت نەکردمایە؟
بۆچ خوێنەخوێت بووم، هەی بەدکردەوە؟
منت لە لەیلێ وا جوێکردەوە؟
هەناسەت بڕیم، فەلەک دادمە

---

بێئینساف بەسە، وا فەریادمە
باوجوود فەریاد لای تۆ کارناکا
تا چەرخت نەشکێ بە سەروگوێلاکا
دەک فەلەک وەک من دەردت کاری بێ
برینت پڕ ئێش و نادیاری بێ
من کە دیم لەیلا خوێن بە بەرگەوە
ئیتر پێم بەتەنگ سزای مەرگەوە
فەلەک بڕووخێ حوکمی دەورانت
نەمێنێ زوڵمی تەخت و ئەیوانت
چەرخت هەڵپێچرێ زاڵمی دەوران
وەک ئێمەت ئاوا بەم حاڵە گەیان
لەیل، وا هاتم، لەیل

# مارەیی*

(؟)

(دەنگی لەدەرگادان)

سالْح: ئاهـ چی بوو؟ چییە ئەم لەدەرگادانە؟ کێیە ئەوە. ئۆ هۆ. جا بەزمە ها.....

جەمیل: ئەوە کەس لە ماڵەوە نییە؟

سالْح: کابرا ئەوە تۆ کەڕی؟ کێیە؟، ئەوە بۆ قسەناکەی؟ ها.

جەمیل: سالْح ئەوە بۆ دەرگاکە ناکەیتەوە، بە قوربان؟

سالْح: جەمیل.. ئاهـ.. تۆ بۆ ناڵێی منم کاک جەمیل؟ یاخوا بەخێربێی، فەرموو، فەرموو. یاخوا بەخێربێی، فەرموو..

جەمیل: دە بڵێ ڕێگابکەن، دە بڵێ ڕێگابکەن. میرم، چییە ئەمە؟

سالْح: ڕێگای چی! ناشوکری نەبێ لە دایکم زیاتر کەسی‌تری لێ‌نییە. فەرموو، فەرموو....

جەمیل: ئینجا ڕۆژ باش.

سالْح: ڕۆژ باش، یاخوا بەخێربێی، فەرموو دەمێکە دیارنیت، جەمیل؟

جەمیل: کوڕە کاکی خۆم، دیاری چی بم، کوێرەوەریی ژیان ئەوەندە زۆرە، ئینسان ئاگای لە خۆیشی نامێنێ.

سالْح: گیانەکەم، دوای هەموو ناخۆشییەک، فەرەحییە و هیچ شتێک هەتاسەر وەک هەیە، نامێنێتەوە. ئێی قسەبکە.

---

* سەرچاوە: کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٧٢-٤٨٧.
مەتنی ئەم درامایە بە نووسراوی دەستگیرنەبووە، بۆیەکە ئێمە بە بیستن لە شریتەوە وەرمانگرتووە و نووسیومانەتەوە. دابەشکردنی دەورەکانیش هەر بە ڕۆشنایی ناسینەوەی دەنگیان ئاشنامان‌کردوون، کە ئەمانەن: ١. جەمیل: ڕەفیق چالاک، ٢. سالْح: ئەحمەد دلاوەر، ٣. حاجی غەنی: نووری عەنبەر، ٤. میرزا: فایەق چالاک.
شریتەکە لە دووکانی عەلیی شێخ فەرج، سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٦دا لێم کڕیوە. (ک.ڕ)

جەمیل: قسەی چی بکەم؟ کوڕە خۆ من ئەبلەقبووم. یا خوا موبارەکتبێت ئەم هەموو شتومەکە فاخیرە لە کویێ! کەلەبەرێکت نەبڕییێت، بۆ خاتری خوا موبێلە و کتێبخانە و سەعاتی دیوار و ئۆرتە و ئای کە نەرمە..

ساڵح: (پێئەکەنێ)

جەمیل: ڕادیۆ و پانکە و ... کوڕە ئەمە چییە مەسەلە، ساڵح؟

ساڵح: (پێئەکەنێ) مەعاش، مەعاشی چی برام؟ بە کەلەبەربڕین نەبێت، ئەمانە پێکنایەت. کەلەبەرێکم بڕی جەمیل، بەڵام بە ڕێگایەکی شەرعی.

جەمیل: کەلەبەربڕینی شەرعیش هەیە لە دنیادا، چۆن؟ چۆن؟ بۆ خاتری خوا باسیکە، خێراکە پێمبڵێ، وا دڵم شەقیبرد؛ ڕێگاییێک بۆ من، کەلەبەرێکی شەرعی، ناشەرعی، کەلەبەرێکم بۆ بدۆزەرەوە.

ساڵح: جەمیل، مامم عەمری خوای کرد.

جەمیل: خوا عەفوویکات یا خوا.

ساڵح: هەتا بشڵێی بەخیلبوو.

جەمیل: دە خوا عەفووینەکا کەواتە.

ساڵح: پشتێنەکەی قایم ئەبەست، بۆ ئەوەی کە نانمەخوات. عەرزتئەکەم ژنینەئەهێنا، بۆ ئەوەی مەسرەفی زیایە نەکا.

جەمیل: جوانە.

ساڵح: هەزار تەشقەڵەی ئەکرد بۆ دوو قەمەری[١]....

جەمیل: دە ئەو لاوە بچێت....

ساڵح: لە دواییدا لەدوای عومرێکی زۆر درێژ مرد. بەڵێ مرد، وەکوو ئەم هەموو خەڵقەی ئەمرن..

جەمیل: ڕەحمەتی لێبێ.

ساڵح: لەگەڵ مردووی حازریدا.

جەمیل: ئینسان لەدوای مردن ڕەحمەت بنێرێ باشترە، یا شتێکیتر. قەیناکە، ئێ ئەم هەموو سەروەت و سامانە، هەمووی گوایە میراتی مامی ڕەحمەتییە بۆت بەجێماوە.

---

[١] قەمەری: جۆرە دراوێک بووە، بەڵام نرخی کەمبووە. (ک.ڕ)

سالّح: ئا.. ئا.. ئا.. بەر من کەوت ئەم میراتە. ئەو منەی جەمیل گیان هەزارجار لێیئەپاڕامەوە دینارێکم بە قەرز بداتێ تا سەری مانگ، جنێوی پێئەیام[1]، دەریئەکردم. هەزارجار پێیبوتمایە نیمە باوکم بۆ وازناهێنی، حاهـ چیت کرد، جارێ بوو کوڕە مردم بەدەستیەوە!

جەمیل: دە خوای گەورە، ئاخر ئەگەر مامێکی دەوڵەمەندیشت بدایە بە من، چی ئەبوو؟ سابیرم بە بەش و کەرەمت، ئێی....

سالّح: ئێ، ئەوەتا گیانە، بۆ خۆم ئەمە مانگێکە هەرچی بە پارە بکرێ ئەیکەم. کوڕە خۆ من سوێمبووەوە، دینارێک لە باخەڵما گەرمینەبووەوە. کردەی من بوو، بردەی قەرزار و مەسرەف.

جەمیل: لە کانگای دڵمەوە تەبریکتئەکەم کەوا شوکور وەزعییەتت باشبووە. خۆزگە چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەو ڕەحمەتییە بمردایە..

سالّح: سوپاستئەکەم، ئەم دنیایە دنیای خوزگە نییە، دنیای بۆڕێکەوتنە. ئێ تۆ گیرفانت چۆنە؟

جەمیل: چۆنە؟

سالّح: ئاهـ

جەمیل: خێر و بەرەکەت ئەیهێنێ. تا ئێرەمان هێناوە، بزانین لەمەودواشەوە چۆن ئەبێت..

سالّح: ئێ، ئێستا ئەمرێ؟ خزمەتێ؟

جەمیل: وەڵلاهی کەوتوومەتە داوەوە، سالّح.

سالّح: چی؟

جەمیل: کەوتوومەتە تەڵەوە، گروفتاربووم.

سالّح: داوی چی؟ تەڵەی چی؟ برا شێتبووی؟

جەمیل: شێتبووم، شێتنەبووم..

سالّح: ئێی..

جەمیل: ئیتر هەزار تیر دراوە لە جەرگم..

---

[1] ئەیام: ئەدام. (ک.ڕ)

سالْح: خێر، قسەبکە، بۆ خاتری خۆت بۆم بگێڕەوە. مردووت مرێ، چیتە؟

جەمیل: خانووەکەی سەری کۆڵانەکە..

سالْح: ئێ..

جەمیل: ماڵی کێیە؟

سالْح: کام؟ ماڵەکەی سەر کۆڵانەکە ماڵی حاجی غەنییە، بەڵام من ئەڵێم چی و تۆ ئەڵێی چی؟

جەمیل: تۆ ڕاوەستە، تۆ ڕاوەستە.

سالْح: ئێ..

جەمیل: ئەوا من پێرێ بەیانی بەو ڕێیەدا چووم بۆ دایەرە..

سالْح: ئێ..

جەمیل: بەڵام چیم دی؟ ئەی هاوار کوژرام، کچەکەی حاجی غەنی لووتی بوو بە لووتمەوە. هەتیو کوژرام، خۆم پێنەگیرا، ئەژنۆم کەوتە لەرزە..

سالْح: (پێئەکەنێ)

جەمیل: سالْح، دڵم کەوتە گورپە، تۆزێکی مابوو لە هۆش خۆم بچم.

سالْح: (پێئەکەنێ)

جەمیل: کوژرام، بۆ خاتری خوا، بۆ خاتری خوا کوژرام..

سالْح: (پێئەکەنێ) ئێ ئێ ئێ.. ئەمە تووشی داوی دڵداری بووی؟ بووی بە تەڵەکەی ماڵی حاجی غەنییەوە؟

جەمیل: بەڵێ، بووم بە تەڵەکەی ئەوانەوە.

سالْح: ئەی قوڕ بەسەرت، ئەی خاک بە دامانت. کوڕە بە ناموسم ئەو کەسەرە لەگەڵ خۆتا ئەبەیتە گڵەوە.. ئای... های... های قسەی قوڕ.

جەمیل: بۆچی، بۆ خاتری خوا؟ چییە مەسەلە؟

سالْح: (پێئەکەنێ)

جەمیل: دەستگیرانی هەیە؟

سالْح: نەء.

جەمیل: ئەی مارەیی بڕاوە؟

سالّح: نەوەڵڵا.

جەمیل: ئەی شوویکردووە؟

سالّح: نا نا، کوڕە، نەء.

جەمیل: کوڕە، نەء بە چاڵی چاوت، نەئت لێ پڕبێ. دە قسەبکە. خۆ من شەقمبرد.

سالّح: (پێئەکەنێ) ئێ چەند پارەت هەیە، جەمیل؟

جەمیل: پارەی چی، تۆ جارێ جوابمبدرەوە؟

سالّح: کوڕە هێشتا هەر کچە، لام وایە هەتا باوکیشی ئەمرێ، هەر بە کچی ئەمێنێتەوە.

جەمیل: بۆ؟ چۆن؟ دە قسەبکە.. کوڕە دە قسەبکە؟

سالّح: کاک جەمیل، هەر کەسێ هەتا ئێستا چووبێتە خوازبێنیی یا دەریکردووە، یا داوای پارەییێکی ئەوتۆی کردووە کە ئەو کەسە ڕابکا و جارێکیتر بیر لە ژنهێنان نەکاتەوە.

جەمیل: ئینجا مامەحاجی بۆچی پەڵپئەگرێ؟

سالّح: چووزانم؟ کە بوو بە خەزووری موحتەرەمت، لێیپرسە. (پێئەکەنێ)

جەمیل: جوانە، جوانە، جوانە، تۆ جارێ واز لە گاڵتەکردن بێنە. تۆ بۆچی مەقسەد نادەیت بەدەستەوە؟ پەڵپ لە چی ئەگری؟

سالّح: کوڕە چووزانم کابراییێکی کۆنە. پاشماوەی جەنگی یەکەمە، مردووت مرێ. بەخوا، هێشتا باوکی ئێمە گاگۆڵکێی کردووە، ئەو زەفتی[1] بووە. جگە لەوەیش، خەزووری موحتەرەمت کچی حاجی وەسمانی هێناوە، داوای زۆریان لێکردووە.

جەمیل: ئەویش ئێستاکە حەق لە منی کلۆڵ ئەستێنێ و داوای زۆرم لێئەکا. ئاخر بەڵام ئەو زەمانە بەسەرچوو، ئەمڕۆ ئێمە واین لە دنیایەکیتردا، دنیایەک کە نابێت کچی تیادا بفرۆشرێ.

سالّح: ئێی..

جەمیل: دنیایەک کە ئافرەت ئەبێ وەک پیاو حەقی تەواوی هەبێت.

سالح: ئێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. دنیایەک کە کچ خۆی بە ئارەزووی خۆی شووبکات، دەستی ببێ لە پاشەڕۆژی ژیانی خۆیدا، وەنییە؟ ئەی قوڕ بەسەر

---

[1] زەفتی: وشەیەکی تورکییە بە مانای پاسەوان. (ک.ڕ)

عەقڵت، بە ناموسم حاجی غەنی ئەم قسانە ببیستێتەوە، بشبیت بە میرئالا،[1] ئەو کچت ناداتێ.

جەمیل: ئەی چۆن بۆ خاتری خوا، حاجی ئەوەندە دواکەوتووە؟

ساڵح: نەخێر میرم. دواکەوتوو، نەء، تۆ دواکەوتووی، ئەو زۆر پێشکەوتووە؛ چووە بۆ حەج کاک جەمیل، تۆ نەچووی؛ پارەیێکی زۆری هەیە، تۆ نیتە؛ کچی بەشووی هەیە، تۆ هێشتا بۆ ژن ئەگەڕێی؛ نیو فلسیش لێک‌ئەداتەوە، تۆ گوێ‌نادەیتە پێنج دیناریش؛ دووسێ خانوو و دووکانی هەیە.

جەمیل: لەسەری مەڕۆ، لەسەری مەڕۆ، خانوویەکی چاکم هەبوو، ئەویشمان فرۆشت. هەندێکمان یا بەدەم مەعاشەکەوە، بۆ ئەوەی پێی بژین. سەد دیناریشی ماوە، ئەمەوێ کچی حاجی غەنیی پێ‌بهێنم.

ساڵح: (پێ‌ئەکەنێ) سەد دینار، سەد دینار لای حاجی غەنی بۆ مارەییی پێشەکی سەد فلسە، بەڵام هەروا دە فلسی بەخوا بەخوا سەدجاری ماچ‌ئەکات.

جەمیل: ئەی قوڕ بەسەر من، ئینجا چی بکەم ساڵح گیان. بە ناموسم ئەو کچە نەهێنم، شێت و هار ئەبم، ئەدەمە کێو. کوڕە ناوکت خستم ساڵح، خوا ناوکت بخات. هەتیو گڕم تێ‌بەربوو، چارەسەرمبکە، بمکوژێنەرەوە. بە ناموسم ئەمرم لەتاو کچی حاجی غەنی، هاوار بەماڵم.

ساڵح: نازانی ناوی چییە؟

جەمیل: لە کوێ بزانم؟ تەنیا پیرێ چاوم پێ‌کەوتووە و تۆ ناوی ئەزانی؟

ساڵح: ئا، ئەیزانم، چۆنی نازانم، بۆچی نایزانی؟

جەمیل: ئێ دە پێم بڵێ؟ چۆنی ئەزانم؟ بۆچی نایزانم؟ نایزانم؟ دە پێم‌بڵێ؟

ساڵح: نایزانم، ئەم‌شەو ئەیکڕی؟

جەمیل: چی بکڕم ئەم‌شەو؟

ساڵح: مەی، دەرمانی ئێش‌وئازار، دەرمانی دڵداری، دەرمانی کەللەیی‌بوون، مەیم ئەوێ، مەی..

---

[1] میرئالا: وشەیێکی تورکییە و مانای "فەریق"ە لە سوپادا. (ک.ڕ)

جەمیل: ئەی بەڵام لیٚدای ئاوا، بە بەرتیل نەبیٚ ئیشم بۆ ناکەی؟ خۆ تۆ جاران هەزار ئیشت بە خۆڕایی بۆ خەڵکی ئەکرد.

ساڵح: ئاخر جاران هەژار و قەرزار بووم، قینم لە پارە بوو. ئیٚستە دەوڵەمەندم، بەخوا هەنگاونانیٚم بەبیٚ پارە، بەبیٚ دەعوەت، بیٚدیاری. ئیٚی ئیٚستا ئەڵیٚی چی؟

جەمیل: ئەی پارە نادەی بە سوو، بە فایز؟

ساڵح: با، با، با هەموو دیناریٚ بە پەنجا فلس بۆ تۆ، بە سەد فلسیش بۆ خەڵقیتر. فائیدەکەیشی لە پیٚشەوە دائەشکیٚنم.

جەمیل: هەی هەژدیهام کرد بەگژتا. جیٚگای گۆڕبەگۆڕەکەتی گرتۆتەوە. دە پیمبڵیٚ ناوەکەی، شەقمبرد، بەرتیلخۆر..

ساڵح: ئەیکڕی؟

جەمیل: بەڵیٚ ئەیکرِم، چارم چییە؟ قسەبکە، بەڵام من ناخۆمەوە.

ساڵح: ناخۆیتەوە کەیفی خۆتە، ناخۆمەوە، ناوی ناوی.. هیٚواش با فکربکەمەوە، ناوی ناوی..

جەمیل: کوڕە فیکری چی ئەکەیتەوە، دە بڵیٚ ناوی چییە؟

ساڵح: ناوی حەپسەیە، حەپسەیە.

جەمیل: ئەی هاوار حەپسە؟!

ساڵح: ئا، ئا، حەپسە.

جەمیل: کوژراوم حەپسە، ئەو حەپسەیەی کە حەپسە. ئای مردم ئەو حەپسەی حاجی غەنییە و منیش حەپسی حەپسە، کە حەپسە کوڕە کوژراوم. حەپسە ئەی....

ساڵح: کوڕە وس وسبە، بۆ خاتری خوا، نەک حاجی بیٚرەدا تیٚپەڕیٚ، دەخیلتبم جەمیل..

جەمیل: ڕاستئەکەی پەنجەرەکان دابخەن، بۆ خاتری خوا دایخە. ئیٚستە چۆن بچین بۆ خوازبیٚنی، ساڵح گیان؟

ساڵح: ئەی ڕۆڵەی ڕۆڵەم، هەروا زوو "گای بە بارەوە، دەغیلەی بە دارەوە".

جەمیل: لەسەری مەڕۆ، تەواویئەکەی هەر ئەمەویٚ، ئەگەر حاجی هەڵیشیدڕیوم یان هەڵیشمدڕیوە. حەپسە هەتا کویٚی خویٚندووە، ساڵح؟

سالْح: هەتا سونفی شەش، پێرار باوکی دەریهێنا لە مەکتەب. مومکینە..

جەمیل: مومکین و مومکین، بەسمە لەسەری مەڕۆ، تا سونفی شەش سەروزیایە. دەی بە قوربانی کوڕ بم.

سالْح: چییە شێتبووی؟

جەمیل: بۆ شێتبووم، ئەیهێنم، حەزی لیئەکەم.

سالْح: (پێئەکەنێ)

جەمیل: ئەڵێم ئەیهێنم، بۆ پێئەکەنی؟ ئەوە بە چی پێئەکەنی؟

سالْح: بە عەقڵی تۆ، هەر وا زوو حەپسەت هێنا و بووی بە کوڕی مامە حاجی..

جەمیل: ئێستا لە خەیاڵم مەدە، مردووت مرێ..

سالْح: باشە، باشە، لەسەری مەڕۆ، لەسەری مەڕۆ، لەپاش نەختێکیتر لەگەڵ پیاوماقووڵی گەڕەکەکەدا ئەچین بۆ خوازبێنی، هیچمان لەکیس‌ناچێ.

جەمیل: بێنە ماچتبکەم، برای شیرینم.

سالْح: نا، نا، نا.

جەمیل: چەندی پارە ئەوێ؟

سالْح: ئەمە هیچی ناوێ. لە شەکراوخواردنەوەوە ئینجا قوڕەکەت بۆ ئەگیرێتەوە، هەتا ئەیهێنی، بەبێ بەخشیش. کە هێنایشت، ئینجا ئەو حەلە ئەبێ بە حەپسی حەپسە و ئەبی بە حەپسی باوک و دایکی حەپسە. ئەوە بۆ پێئەکەنی کاک جەمیل؟

جەمیل: ئەی بە عەقڵی تۆ پێئەکەنم، خوازبێنیە ئەکرێ و ژنە ئەهێنرێ و حاجی غەنی ئەبێت بە خەزوورمان و ..

سالْح: ئەی قوڕ بەسەر عەقڵت، بە سەری باوکی هەردووکمان، هەتا تەپڵی سەرتی تێئەنێی. جارێ با بزانین کتێب بۆ ئاخری ئەگرینەوە. هەڵسە، هەڵسە، با بڕۆین، هەڵسە..

جەمیل: بۆ کوێ؟

سالْح: بۆ کوێ؟ کوڕە بۆ چاڵی چاوت! ئەی ناچین خوازبێنیت بۆ بکەین.

جەمیل: ئێ، ئێ، بەڵام من ڕوومنایەت بێم. من بێم لەگەڵتانا، چۆن بێم؟ ناتوانم بێم..

سالْح: ڕووتنایەت باشە. با ئێستە ڕووتنەیەت، بەڵام هیچ دوورنییە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست بنێیتە مامحاجیی خەزووری موحتەرەمت.. ها، ها، ها.

جەمیل: جوانە، جوانە چاوەڕوانیتئەکەم لە گازینۆکەی خۆمان..

سالّح: کام گازینۆ؟ گازینۆێ چی؟ هیچ گازینۆت کڕیوە، جەمیل؟

جەمیل: کوڕە گازینۆ بە چی بکڕم، مردووت مرێ. بۆ هەر ناوی کڕین و فرۆشتن و پارەت لەسەر دەمە؟ ئەو گازینۆیەی کە قوتابی بووین، لێیدائەنیشتین.

سالّح: (پێئەکەنێ) ئاوا بلّێ، قسە بە حیساب بکە؟

جەمیل: بەلّێ، ئەوانەی کە پارەیان دەستئەکەوێ، قسە بە حیساب ئەکەن، بە حیساب ئەجوولّێنەوە، بە حیساب هەلّئەستن، بە حیساب دائەنیشن. لەبەر حیسابتان مرم، زوو بێیتەوە سالّح گیان..

سالّح: بەسەر چاو، بەسەر چاو، پەلەتنەبێ، ڕۆژ باش

جەمیل: ڕۆژ باش، زوو بێیتەوە، ها کوڕە کوژراوم..

(پشوویێ مۆسیقا)

(دەنگی لەدەرگادان)

حاجی غەنی: کێیە دیسان ئافرەت؟ من هەزار جارم نەوت کەس نەیەت بۆ ئێرە، دەرودراوسێ فێرمەکەن، ڕۆژێ سەتلّ، ڕۆژێ تەشت، ڕۆژێ دەوری. چییە ئەمە، چ حالّێکە! عەیب و شوورەیی بۆ شتومەک بۆ خۆیان ناکڕن؟ ئای موبارەکنەبێ، بەو کابەیەی دەستم پێوەگرتووە، نابێ هیچ شتێ لەم مالّە بچێتە دەرەوە. بۆ من شتومەکم بۆ خەلّکی کڕیوە؟

(دەنگی لەدەرگادان) کێیە ئەوە، کێیە؟

میرزا، سالّح: (بەیەکەوە هەردووکیان ئەلّێن) خۆمانین، مامە حاجی خۆمانین.

سالّح: بە نامووسم، بە نامووسم، میرزا حاجی غەنی تووڕەیە.

میرزا: تووڕەنییە، چاوی دەرئەهات، خۆ سوالّی لێناکەین. باوکی هەتا مرد، بە عەزرەتی چێشتێکی چەورەوە بوو، سالّح.

سالّح: بێدەنگبە بۆ خاتری خوا، بێدەنگبە وا هات، بێدەنگبە.

حاجی غەنی: یا خوا بەخێربێن، یا خوا بەخێربێن. ئا ڕێگابکە، ڕێگا. یا خوا بەخێربێن، میرزا بەخێربێن.

میرزا: خوا سەلامەتتبکات یا خوا.

ساڵح: چاکی شوکور مامە حاجی، موبارەکبێ حاجی. وادیارە ئەمساڵ خانووەکەت ڕووکەشکردۆتەوە؟

حاجی غەنی: ئەڕی وەڵلاهی چی بکەم. بەو کابەیەی دەستم پێوە گرتووە، شانزە دینار و دووسەد و سیودوو فلسی تێچووە، جگە لە هیلاکیی خۆم. باوکم هەموو شتێ گرانە..

میرزا: ئەی حاجی کارەبا، ئەوە بۆ ڕاونەکێشاوە؟ هەرزان و باش، نزیک، ئەوەتا لە بەردەرگا..

حاجی غەنی: وازمان لێبێنە میرزا، کەی باوک و باپیری ئێمە لەبەر کارەبا دانیشتووە؟ سبەینێ کە کارەبام هێنا، نۆرەی ڕادیۆشە. ئەو حەلە ئەبێ ببین بەو ئاڵە فەڕەنگانەی[1] کە سمێڵیان ئەتاشن. من شتی وا ناکەم، لەسەر ڕێوشوێنی باووباپیرم ئەڕۆم..

ساڵح: ڕاستە، مامەحاجی فەرمایشتەکان ڕاستە، زۆر جوانە. کارەبای چی و ڕادیۆی چی، میرزا، بیقەزابی، حاهـ؟

میرزا: ئەو قسانە چییە تۆ ئەیکەی، ساڵح؟ ئەی تۆ بۆ لەجیاتیی ڕادیۆیەک دووانت هەیە، یەکێکیان لە ژووری نوستن و ئەویتریان لە ژووری میوان..

ساڵح: کوڕە چووزانم بێقەزابی، خەڵکی پێیانکردم، چاولێکەری نییە. دنیا دنیای چاولێکەرییە دوایی پێبێنە میرزا، دوایی پێبێنە. مامەحاجی ئێمە بۆ ئیشێ هاتووین.

حاجی غەنی: فەرموو ئەمربکەن، سەرومال پێشکەشە.

ساڵح: خوا دەوامتبدا یا خوا مامەحاجی.

حاجی غەنی: بەخوا ساڵحە فەنی هەر لە منداڵییەوە خوشمویستووی.

ساڵح: خوا خۆشتکات یا خوا.

حاجی غەنی: بەخوا لەو سەردەمەدا پێش ئەوەی مامت عەمری خوا بکات، زۆر..

ساڵح: تەشەکورتانئەکەم مامەحاجی، خوا لە گەورەییتان کەمنەکات یا خوا.

---

[1] ئاڵە فەڕەنگ: هەر کەسێک خۆرئاوایی بێ. زاراوەکە لە ئەهلی فەڕەنگەوە هاتووە. (ک.ڕ)

میرزا: باوکم حاجی، حاجی، باوکم ئێمە جەمیل ئەفەندیی عەزیز ئەفەندیی کاتب مەسرەف ناردووینی، وەکوو ئەزانن باشکاتبە لە دایەرەی مەعاریفە، مانگی بیستودوو دینار مەعاش وەرئەگرێ.

حاجی غەنی: ئا.. جەمیل ئەفەندیی خۆمان، ئێی ئێی، خێرە؟

سالْح: مامەحاجی هاتووین، هاتووین بۆ خوازبێنی، ئەگەر .. ئەگەر دەست بە ڕوومانەوە نەنێی..

حاجی غەنی: گوایە بۆچی دەست بە ڕووتانەوە ئەنێم، ئێوە پیاوماقووڵی گەڕەکەکەن، ناودار و وەجاخزادەن، کوڕەکەش خراپنییە و ..

سالْح: کچ هەر ئەبێ شووبکات و کوڕیش هەر ئەبێ ژنبهێنێ، مامە حاجی..

حاجی غەنی: بەڵێ، بەڵێ ڕاستە..

میرزا: ئینجا ئێستا چی ئەفەرموون، مامەحاجی..

حاجی غەنی: وەڵڵاهی میرزا هەموو شتێ ڕێوشوێنی هەیە.

میرزا: بەڵێ، فەرمایشتەکەتان ڕاستە.

حاجی غەنی: مەسەلەی کچبەشوودان و ژنهێنانیش یاریی مناڵانە نییە..

میرزا: بەڵێ، ڕاست ئەفەرمووی،

حاجی غەنی: پێشینان -ڕەحمەتیان لێبێت- مارەییان بۆ داناوین..

میرزا: بەڵێ.

حاجی غەنی: ئەوە ئەوەی دواوە با لەولاوە بوەستێ..

میرزا: بەڵێ.

حاجی غەنی: بەڵام ئەمی پێشەوە، ئەبێ باسێکی لێبکەین..

میرزا: بەڵێ، بەڵێ، پێویستە باسی لێبکرێ. بەڵێ ڕاستەفەرمووی، ڕاستە، فەرموودەکەتان جوانە..

حاجی غەنی: کوڕی میرزا ئەحمەد دووسەدوپەنجا دیناری دا، ڕەتمکردەوە.

میرزا: بەڵێ.

حاجی غەنی: حاجی حەسەنی ڕەفیقی خۆیشم سیٚسەدوپەنجا دیناری شینی ژمارد لەم دواییەدا، قبوولّمنەکرد.. ئینجا ئەگەر جەمیل ئەفەندی لەمە زیاتر ئەتوانیٚ، ئەوا موبارەکە و کچ کچی خۆتانە.

سالّح: ئیٚ مامە حاجی، بۆ خاتری خوا، ئاخر جەمیل ئەفەندی چۆن ئەتوانیٚ ئەمەندە پارە بدا؟ بۆ خاتری خوا مامە حاجی، قەت ئەمەی پیٚهەلّناچیٚ.

میرزا: حاجی غەنی، حاجی غەنی، ئیٚمە هاتووینەتە مالّەکەت بۆ کاریٚکی خیٚر، خوا و شەرع و ڕەوشت هەروا ئەلّیٚن.

سالّح: ئاخر تۆ ڕەتیانئەکەیتەوە، خوا قبوولّناکات ئینسان کچ بهیٚلّیٚتەوە. کە وەختی شووکردنی هات، نابیٚ بمیٚنیٚتەوە، مامە حاجی..

حاجی غەنی: قسە هەزارە و دووانی بەکارە. لە چوارسەد دینار کەمتری نادەم. ئەمە مارەییی پیٚشەکی. هیی دواوەش، سەدوپەنجا لیرەی ئالّتوونی. کچەکەم تاقانەیە و بەناز گەورەم کردووە، زەحمەتم لەگەلّا کیٚشاوە، لە مەکتەبا خویٚندوویەتی، لای مەلا حسیٚن سی جزمەی خەتمکردووە، باوکم.

سالّح: ئیٚستە غایە لە مارەییی پیٚشەکی ئەوەنییە کە شتومەکی ناومالّیٚکی تەواوی پیٚبکڕیت بۆ هەردووکیان.

حاجی غەنی: بەلّیٚ.

سالّح: ئیٚ، دە باوکم حاجی، جەمیل ئەفەندی مالّیٚکی ڕیٚکوپیٚکی هەیە، ئیحتیاج بەمە ناکات لە پیٚشەوە چوارسەد دیناری لیٚبسەندریٚ، سەد دیناریش ئەدات لە پیٚشەوە..

حاجی غەنی: چەند؟ سەد دینار؟

سالّح: بەلّیٚ.

حاجی غەنی: تەنیا سەد دینار؟

میرزا: ئەری وەلّلا.

حاجی غەنی: نەخیٚر. زۆر دووری میرزا. بە چاوەکانت قەستەم، سیٚسەدوپەنجا دیناریان داوە، قبوولّمنەکرد.

سالّح: ئیٚستە خۆ ئەمە بۆ تۆ نییە، حاجی غەنی، بۆ هەردووکیانە، باوکم.

حاجی غەنی: ڕۆلّە سالّحە، با بۆ منیش نەبیٚت، ئەی نابیٚت خۆم پارەکە وەرگرم و بۆیان خەرجبکەم.

میرزا: حاجی ئێستا سەد دینار تەنیا بەشی ئاڵتوون و جلوبەرگ و جیازی ناکات؟

حاجی غەنی: چۆن تۆ قبووڵیئەکەی میرزا کچی حاجی غەنی بە سەد دینار شووبکات؟ خەڵکی بڵێن بە سەد دینار شووی‌کرد کچی حاجی غەنی؟

نەخێر، نەخێر بەو کابەیەی دەستم پێوە گرتووە، چوارسەد دینار پوولێکی کەم بێت، نایدەم.

ساڵح: هەستە میرزا با بڕۆین، نەمەلازم مامەحاجی، نەمەلازم.

میرزا: هەڵسە با بڕۆین، فەرموو فەرموو، حاجی بە دوعا.

حاجی غەنی: ئاخر چایەک، قاوەیەک.

ساڵح: زۆر تەشەکورتئەکەین مامەحاجی، خوا حافیز، بە دوعا.

(پشوویێ مۆسیقا)

ساڵح: ڕۆژ باش.

جەمیل: ڕۆژ باش ساڵح گیان، شێری یان ڕێوی؟ قسەبکە، دەی خێرا چی بوو، وتی چی، ها؟

ساڵح: قسەی چی بکەم، قسەی چی بکەم میرم. حاجی غەنیی موبارەک داوای چوارسەد دینار ئەکات، چوارسەد دینار مارەیی!

جەمیل: نەتیجە چی بوو؟

ساڵح: چی بوو، نەتیجە چی بوو. بە من و بە میرزا هەرچەندمان کردوکۆشا، فایەی‌نەبوو[1]، لە کەلی شەیتان نەئەهاتە خوارەوە. بە کابە سوێندی‌ئەخوارد کە لە چوارسەد دینار کەمتری نادات، ئیتر ئەمە خاتیمەیەتی.

جەمیل: ئاوا، بە کابە سوێندی خوارد کە بە چوارسەد دیناری ئەفرۆشێ.

ساڵح: نا، نا، وا ئەڵێ. ئەڵێی چی ئێستا سێ‌سەد دینارت بدەمێ بە قەرز؟

جەمیل: قەرز؟

ساڵح: ئا.

[1] فایە: سوود، کەڵک، فائیدەی عەرەبییە. (ک.ڕ)

جەمیل: نا تۆ یاغنیشی[١]، من لەسەد دینار زیاترم نییە و هەر ئەبێ بەم سەد دینارە ژن‌بهێنم، یا نایهێنم!!

ساڵح: کوڕە هەزار کچ هەیە لەم شارەدا. بێ‌قەزابی دایکم و دایکت تێ‌کەون، کچێکی باشت بۆ بدۆزنەوە، سەدی زیاتر تێ‌نەچێ. بۆچی ڕووت وا گرژ کرد، جەمیل؟

جەمیل: ڕووم بۆچی گرژئەکەم؟ ئەمە ژیانی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوومان لە چەرخی بیستەما، لە چەرخی بیستەما ئەژین و هێشتا باوکەکان کچەکانیان ئەفرۆشن، بە ناوی مارەیییەوە، پێشەکی، پاشەکی. هەڵسە، هەڵسە، با بخۆینەوە، ساڵح هەستە..

ساڵح: بۆ کوێ؟ ئەخۆینەوە تۆ، تۆ کە هەتا ئێستا دەمت لە خواردنەوە نەداوە؟

جەمیل: بەڵێ من. ئا، من. هەڵسە بۆ مەیخانە. بە سەری باوکی حاجی. من هەر ئەبێ حەپسە بهێنم و بەم سەد دینارەش هەڵسە بەخوا ئەوی بێت بۆ خوازبێنیی حەپسە، دار ئەدەم بە ڕۆحیا، پیاوم ئەوێ نزیکی‌بکەوێتەوە. هەڵسە بۆ مەیخانە. خۆم دار ئەدەم بە ڕۆحیا، پیاوم ئەوێ نزیکی‌بکەوێتەوە. هەڵسە بۆ مەیخانە. خۆ لەم دنیایەدا پارە و شەق نەبێ، هیچ شتێکی‌تر بایەخی‌نییە، بەڵام دا لە ژیانی وا.

ساڵح: کوڕە قسەکەم لەسەر قسەکەتە. جەمیل بڕۆ، بە ناموسم بڕۆ، قەیناکە شەق ئەزانێ قۆناغ لە کوێیە. هەڵسە..

(پشوویێ مۆسیقا)

جەمیل: (بە سەرخۆشییەوە) بۆی، کوڕە هەتیو، بۆی..

جەمیل: چارەکێکی‌تر بێنە..

بۆی: مەزەشی لەگەڵا بێت؟

جەمیل: مەزەش ئەی چۆن..

بۆی: بەڵێ، قوربان.

ساڵح: باوکم جەمیل، بۆ خاتری خوا جەمیل، چیت کرد ماڵوێران، کوڕە بەس بخۆرەوە، جەمیل..

---

[١] یاغنیش: وشەیێکی تورکییە و مانای هەڵەیە. (ک.ڕ)

جەمیل: وش، ش، ش، ئەخۆمەوە لە چاوی حاجی غەنیی غەزوورم. لە چاوی مارەییی پێشەکی و پاشەکی، پاشەکی و شتیتریش..

ساڵح: دەنگ هەڵمەبڕە بۆ خاتری خوا، کوڕە جەمیل عەیبە، بۆ خاتری خوا جەمیل..

جەمیل: بۆچی عەیبە؟

ساڵح: کوڕە ئاخر عەیبە.

جەمیل: کچم فرۆشتووە، کچ ئەکڕم. تۆ ڕاوەستە بزانە چی لە حاجی غەنی ئەکەم. مارەیی، مارەیی، ئەی بەڵام دا لەوەی دایهێنا..

ساڵح: کوڕە جەمیل گیان..

جەمیل: مارەیی..

ساڵح: کوڕە جەمیل عەیبە، کوڕە جەمیل عەیبە، بۆ خاتری خوا، کوڕە عەیبە عەیبە.. هەڵسە کوڕە. بۆ هەستای جەمیل، دەخیلتبم..

جەمیل: وش، ش، ش.

ساڵح: دانیشە باوکم دانیشە..

جەمیل: خەڵقینە، دانیشتووانی ئەم مەیخانەیە گوێبگرن.

(سێچوار کەس بە ناڕێکی دەڵێن: بەڵێ، بەڵێ، فەرموو ئەڵێی چی)

من کە هەمووتان ئەمناسن لە ئەمڕۆوە بووم بە زاوای حاجی غەنی.

(بە ناڕێکی دەڵێن موبارەکە، موبارەکە)

ئا ڕاوەستە حاجی غەنی غەزووری منە..

ساڵح: بابە قسەی لەگەڵا مەکەن..

جەمیل: من کچی ئەوم هێنا، بڵێن موبارەکە.

(موبارەکە، موبارەکە، لە لایەن خەڵکی مەیخانەکەوە)

جەمیل: جارێکیتریش.

(موبارەکتبێت)

جەمیل: باشە.

ساڵح: کوڕە جەمیل بۆ خاتری خوا، کوڕە جەمیل عەیبە، کوڕە حەیامانچوو جەمیل..

جەمیل: عەیبنییە، بەخوا ئیمشەو هەموو شار ئەخرۆشێنم، تۆ عەقڵت لە کوێیە؟ ئینسان وا نەکات، دەرقەتی ئەم دەعبایانە نایەت.

(پشوویێ مۆسیقا)

(دەنگی لەدەرگادان)

جەمیل: حاجی غەنی، حاجی غەنی، بیکەرەوە، دەرگاکە بکەرەوە. کوڕە حاجی غەنیی غەزوورم، ئای، من جەمیلم، جەمیلی زاوای خۆتان )بەسەرخۆشییەکی زۆرەوە)

حاجی غەنی: کوڕە کابرا عەیبناکەی بەم شەوە لە دەرگای ماڵی خەڵک ئەدەی، سەرخۆش.

جەمیل: سەرخۆش؟ عەیب کوا ماوە مامە حاجیی کچفرۆش. کوڕە ئەی مامە حاجی، تۆ مارەبیت ناوێ چوارسەد دینار، حاجی غەنیی خەزوورم، کوڕە حاجی غەنی، خەڵکی گەڕەک، من زاوای ئەم دراوسێیەتانم کە مامی خۆمە و ناوی حاجی غەنییە. حاجی غەنی غەزووری منە، من زاوای مامە حاجیی خۆمم. هەمووتان بیزانن، مامەحاجی پیاوی چاکە، کچەکەی ئەیا بە چوارسەد دینار مارەییی پێشەکی..

حاجی غەنی: کوڕە بێئابڕوو نەڕۆی، پۆلیست بۆ بانگئەکەم. دەک موبارەکنەبێت ئاوا. چۆن تووشی گووڕەشی خۆم بووم، بڕۆ بێئابڕوو..

جەمیل: ئابڕوو؟ ئابڕوو؟ ئابڕوو مامە حاجی؟ پۆلیس حەقی چییە بەسەر ئێمەوە! من و تۆ خەریکی کڕین و فرۆشتنین مامە حاجی، کوڕە مامە حاجی، ئای ئای..

حاجی غەنی: کوڕە بێئابڕوو بڕۆ، با پۆلیست بۆ بانگنەکەم، ئێستا هەزار شەقت تێهەڵئەدەن.

جەمیل: مامە حاجی، حاجی گیان، غەزووری موحتەرەم، حاجی غەنی ئیمشەو لەبەر خاتری تۆ ئەڕۆم، بەڵام سبەی شەو و هەموو شەوێکیتریش هەر یەم، هەتا عەیشت پێ تاڵئەکەم، هەتا مارەبیت لەبیرئەبەمەوە، مامە حاجی بە دوعا، مامە حاجی...

(مۆسیقا)

(تەواو)

کۆمەڵایەتی:

# **موتەنەبی لە بەندیخانەکەیا**

دانەری: پرۆمیتۆس

(گۆڕین)

پێشەکی:

موتەنەبی، ئەحمەد کوڕی حسەینە، یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی میللەتی عەرەب، خەڵقی کووفەیە. باوکی، سەقا بوو و لەبەر هەژاری چوو بۆ شام و لەوێ پێگەیشت. لە ساڵی ٨٨٤ لەدایکبووە و لە ساڵی ٩٣٥ی میلادییا وەفاتیکردووە. ١٠٦٦ ساڵ لەمەوبەر هاتۆتە دنیاوە، کەچی ئێستاش کە شیعرەکانی ئەخوێنیتەوە، ئەڵێی بۆ ئێستای وتووە. دە لەبەرئەمەیە بە شاعیرێکی نەمر دائەنرێ. وەکوو هەموو بیروباوەڕ بەرزەکانی دنیا، موتەنەبی گەلێ جەور و سزای کێشاوە، ناڕەحەتیی چێشتووە و چەند جارێ بووە بە میوانی بەندیخانەکانی ئەو حەلە. ڕۆژێک لە ڕۆژانی هەزار و پانزە لەمەوپێش، لە بەینی بەغدا و کووفەدا لە لایەن هەندی جەردەی خێڵی بەنیضەبەوە کوژراوە.

دە چیرۆکی ئیمرۆمان باسی حەبسکردنی جارێ لە جارانیەتی. ئەم چیرۆکە باسی سووچی فیکری ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو دەورەی ئیسلامییە ئەکا، بەربەرەکانییە لە بەینی بەرەی خەیاڵ و بەرەی واقیعا، بەرەی خۆویستی و گوێنەدانە خەڵق و بەرەی پێشەنگی پێشکەوتن و هێزی دواخستنا. هیوامان وایە چیرۆکەکەمان جێگای کەڵک بێت.

کات: ئێوارێیە. زەمان: هەزار ساڵ زیاتر لەمەوبەر. شوێن: یەکێ لە بەندیخانەکانە.

*

موبارەک: ئەی هاوڕێ، موتەنەبی، ئەتتوانی بۆ خۆت بە ئازادی بژیت، بۆ ئەم ظوڵمەت لە خۆت کرد؟

موتەنەبی: بۆیە ظوڵمم لە خۆم کرد، بۆ ئەوەی ظوڵم لە خەڵکی نەکرێ.

موبارەک: خەڵقی شوکورن بە بەش و ژیانی خۆیان، تۆ هەقت چییە بەسەرەوە؟

موتەنەبی: بەڵێ شوکورن، چونکە لە مانای ژیان نەگەیشتوون. هەر لەبەرئەوەشە بوون بە دیلی دیلان، بە کۆیلەی کۆیلەکان!

موبارەک: ئەم بیروباوەڕانە فڕێدە، کوڕی برای. ئەم دنیایەی تیا ئەژیت، دنیای عیبادەت و زوهدە.

موتەنەبی: موبارەک، براله، عیبادەت، زوهد، دینداریەتیی ڕاست پێکنایەت، ئیللا بەوە نەبێ لە ڕێی خەڵقا تێبکۆشیت، خێریان دەستخەیت، خۆشی و کامەرانییان پیشانبدەی.

موبارەک: گوێبگرە، گوێبگرە، من سەرم لە کاروباری ئەم دنیایەدا سپیکردووە، بەتەواوی لە مانای ژیان گەیشتووم. ئەوانەی تۆ ئەتەوێت لە ڕێیانا تێبکۆشی و خوێنی خۆتیان بۆ بڕژێنی، سبەینێ کە کەوتیت، پێت پیائەنێن. ئەگەر یارمەتیتدان، بەکوشتتئەدەن و پێشت پێدەکەنن.

موتەنەبی: بەڵێ، ئیمڕۆ وان، وەکوو ئەفەرمووی، بەڵام سبەینێ تێمئەگەن.

موبارەک: کە مردیت، وانییە! ئیهە لەم عەقڵە!

موتەنەبی: شکۆی من و هاوچەشنەکانم، لەدوای مردن دەستپێئەکا.

موبارەک: بە سەری هەردووکمان، کە خراینە ژێر دوو بەردەوە، دوو گەز خۆڵت کرا بە سەرا، نە پارە، نە شکۆ، نە ناوداری، هیچی هیچ نایەنێ. داخەکەم، ئەو حەلە ناتوانی دەستیش بدەی بەدەستا. بەڵام کێ ئەڵێ پێش مردنیش پەنجەی نەدامەت ناگەزیت! لەدوای ئەشکەنجە و ڕووزەردییەکی زۆر.

موتەنەبی: ئەم قسانەی تۆ لە خەیاڵ نزیکترن. گەلێ کەس ڕێگایان گرتۆتەبەر. ئەوی لە کاروان جێماوە، جێماوە، بەڵام لە دواییدا بەشێکی هەر گەیشتۆتە ئەو سەرچاوەیەی مرواریی زانیاریی بەگوڕ لێهەڵئەقوڵێت.

موبارەک: کەمێ بیربکەرەوە لە پاشەڕۆژی کردەوەکانت.

موتەنەبی: ئەوی بیربکاتەوە لە خۆی و بترسێ، هەرگیز ناگاتە ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ ئەدا، ڕێگای بۆ نابڕدرێت.[١]

---

[١] پیتی (ب)ی کەوتووە و  بە هەڵە بە (ناردرێت) نووسراوە. (س)

موبارەک: وردببەرەوە و ببینە چۆن هەموو قابلییەت و توانایەکی تۆیان شاردۆتەوە و خستۆتە پشتگوێ لە شیعر و ئەدەب و زانیارییا. ئەزانی بۆ؟ چونکە لە ڕێی خەڵقا هەوڵئەدەی. بچۆ ناو کەلاوەکان، ببینە کێن ئەوانەی لەوێدا ئەژین؟ بە سەری تۆ، هەموو ئەوانەن کە وشەی حەقیان وا بەسەر دەمەوەیە. هەر کەس شوێن حەق بکەوێ لەم زەمانەدا، ڕیسوائەبێت. بۆ خۆت ئەکوژیت؟ بۆ بە زیندوویی خۆت ئەنێژی؟

موتەنەبی: براله، موبارەک، دەمێکە حاڵیبووم لە هەموو ئەو شتانەی باستکردن. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەمرم، هەر شوێن بەرەی ڕاستی ئەکەوم، کە بەدرێژیی عومر شوێنیکەوتم. مردنم ناوێ، پڕبەدڵ قینم لێیەتی، هەرچەندە ئەم ژیانەم پڕە لە مەخسەرە. وەکوو ئەمبینی، بێ لە پێوەند، دەستبەستراو و دیلم. بەڵام ئەگەر هەموو ڕۆژانی عومرم بەم جۆرە بەرمەسەر، لە ژیان ڕاناکەم.

موبارەک: تۆ ڕەنگبێ وا بزانیت لە من بە کامەرانیتر ئەژیت؟!

موتەنەبی: کامەرانییەکەی تۆ چییە؟

موبارەک: کامەرانییەکەی من ئەوەیە، بۆ خۆم لە گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا ژیانم بە تەصەووف ڕائەبوێرم.

موتەنەبێ: کەواتە تۆ بە زیندوویی خۆت ناشتووە، تۆ مردوویت، بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانی!

موبارەک: فەرقی بەینی مردوو و زیندوو چییە؟ ئەوەندەیە مردوو پێش زیندوو کەوتووە. پاشەڕۆژی هەموو زیندوویەک گۆڕە، برا.

موتەنەبی: داخەکەم، من ناتوانم وەکوو تۆ بم، ناتوانم خۆم بە زیندوویی بنێژم.

موبارەک: نەء، نەء، وا مەڵێ برا، ئەتوانیت ئەگەر بێت و بتەوێت، ئیرادەت بەهێزبێت.

موتەنەبی: بەهەڵەچوویت. من شتێک هەیە پاڵم پێوەئەنێ و بەم ڕێگایەدا ئەمبا. تۆش شتێک هەیە ڕووەو گۆشەگیری، ڕووو لە ژیان دوورخستنەوەت ڕاپێچتئەکات. تۆ ئەوەی خۆتت لا باشە، بەبێ ئەوەی بزانیت بۆ؟ بەڵام منیش ئەمەی خۆمم پەسەندکردووە، لەپاش ئەوەی زانیومە بۆ؟ من بەدووی کامەرانییا ئەگەڕێم، بەدووی بەختیارییا وێڵم.

موبارەک: ئا .. بەختیاری و کامەرانیت ئەوێ؟

موتەنەبی: بێگومان، بێگومان!

موبارەک: کەواتە خۆت فڕێبدەرە باوەشی لەزەتەوە.

موتەنەبی: باوەشی لەزەت؟! ئێهە .. من کەرم؟ کەر نیم، بە بۆکەی ڕانەهاتووم، ناتوانم لەناو چەپەڵییا بژیم.

موبارەک: چیت ئەوێ کەواتە؟ نازانم تۆ چیت ئەوێ؟ بڕواناکەم خۆشت بزانیت.

موتەنەبی: پێمئەڵێن بەشوێنی چییا وێڵی، ئەم شار و ئەو شار ئەکەی، شێتە، کاکەی دەروێش؟ وەرامم ئەوەیە بەشوێن ڕاستییا ئەگەڕێم، دووی خێر و جوانی کەوتووم. ئەمەوێ ئەم شەوەزەنگە بەسەرچێ، ڕۆژ هەڵبێت، دنیا ڕووناکبێتەوە.

موبارەک: تۆ ئەتەوێ ئەم دنیایە ڕووناکبکەیتەوە؟!

موتەنەبی: گوایە چیی تیایە دەستمببێ لە کارێکی خێرا! ئادەمیزاد هەموو شتێکی لەبارایە. ئادەمیزادێکی باشی واقیعی، باشترین سەرمایەیە لە دنیادا.

موبارەک: (پێئەکەنێ) بۆچی ئەم دنیایە واقیعی تیایە؟ ئادەمیزادی باشی تیا ماوە؟ خۆت مەخەڵەتێنە، برا.

یاساوڵ: (تەقەی بێدەنگی کلیل) ئەوە مەعنای چی، ئەوەندە قسەئەکەن؟ وەکوو بزانن ئێوە لە دیوەخانا دانیشتوون، یان لە حەپسخانەن؟ هەڵسە کاک موبارەک، مامت هاتووە بۆ لات، قسەت لەگەڵ ئەکا. هەڵسە خێرا، من ئیشم هەیە.

(تەقەی پێی هەردووکیان)

(مۆسیقا)

یاساوڵ: ئەوا تێمگەیاندن، ئۆباڵی خۆتان بە ئەستۆی خۆتان. بۆ خۆتان داسەکنێن. (تەقەی پێ، زڕەی زنجیر و دەرگاداخستن)

موتەنەبی: ها موبارەک، مامت ئەڵێ چی؟

موبارەک: هیچ، مەسەلەی چوونەدەرەوەی کەمێ جێبەجێکردووە. مامم خەڵقی کاربەدەستان زۆر ئەناسێ. من هەر لێم مەعلوومبوو کە زۆر لێرە نامێنمەوە، تاوانێکی وام نەکردووە. تەنیا ماڵی ئەوقافم خواردووە. گوایە کێ هەیە ماڵی ئەوقاف نەخوات؟!

ئێ، بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. برای شاعیر، بۆ نایەیت وەکوو من خزمەتی ئەوقاف بکەی؟ خواپەرستی، جوانیپەرستی، بکەی بە قیبلەی ئیشوکارت.

موتەنەبی: گوایە ئەی من لە بەیانییەوە خەڕەکی چی بۆ تۆ ئەڕێسم، کابرا؟! ئەی من نالێم جوانیپەرستی، خێرخواییکردن، بەشوێن ڕاستییا گەڕان، پیشەمە؟

موبارەک: ئاخر ڕاستناکەیت لەم قسانەتا. تۆ وتت شتێک پاڵت پێوەئەنێ بۆ گرتنی ئەم ڕێیە. دە ئەو شتە خۆوویستی و ناو و شوهرەتە. تۆ لەم ڕێیەدا ئیشئەکەی. بۆ نایەنی ئەم خۆویستنە لە خۆت دوورخریتەوە، تا ژیانێکی ئاسوودە بژیت؟

موتەنەبی: ئەم ئامانجەی من هەوڵی بۆ ئەدەم، بەرزتر و پیرۆزترە لەوەی تۆ باستکرد. من بە ڕێیەکا ئەڕۆم کە کەم کەس پیا ڕۆیشتوون، بۆ ئامانجێک ئەچم کە کەم کەس پێیگەیشتووە.

موبارەک: گوایە لەناو ئەم هەموو عالەمەدا تەنیا تۆ ئەیگەیتێ؟

موتەنەبی: من نەموتووە تەنیا من، بەڵام منیش لەو کەسانەم کە ئەیگەنێ.

موبارەک: گەلێکی وەکوو تۆ شوێن ناو و شوهرەت کەوتن، بەشێکیان مردن، هەندێکیشیان دوچاری ئەشکەنجە و سزا بوون، برا.

موتەنەبی: تۆ وا دیارە عەقڵییەتێکی سەیرت هەیە. من ئەڵێم شوێن ناو و شوهرەت نەکەوتووم. بەڵام کە بەم ڕێیەدا ڕۆیشتم، بێگومان شوهرەت لەوەوە دێت و پەیدائەبێت.

موبارەک: تێمناگەیەنی -موتەنەبی- ئەم بیروباوەڕانە لە کوێوە و چۆن فێربوویت؟

موتەنەبی: بیروباوەڕەکانم دەستکردی ئەو ظرووفەیە کە ئەم میللەتەی تیا ئەژی، هیی ئەو پێویستانەیە کە ئەبێ پێکبێن، بۆ ئەوەی بکەوینە خۆشییەوە. دائەنیشم پرسیار لە خۆم ئەکەم- بۆ دروستبووین؟ بۆ ئەژین؟ ئەبێ چی بکەین؟ ئەبێ چۆن بژین؟ وەرامم‌بدەرەوە موبارەک- بۆ دروستبووین؟

موبارەک: بۆیە دروستبووین کە عیبادەتبکەین شەو و ڕۆژ.

موتەنەبی: شتێکت لەبیرچوو، برا.

موبارەک: چییە؟ چیم لەبیرچووە؟

موتەنەبی: ئەبێ ماڵی ئەوقاف بخۆین، دزی لە هەتیو و بێدەست و لێقەوماوان بکەین، کەموکووڕی و ناشیرینیی خۆمان بە نوێژ و ڕۆژووی درۆ، بە درۆودەلەسە و ڕیاکردن

داپۆشین؟ خۆشمان و موسوڵمانانیش بخەڵەتێنین، ئایەتی قورئان بە درۆ تەفسیربکەین، بۆ سوودی خۆمان، بۆ گیرفانپڕکردن؟ بەڵێ، ئەمانەت لەبیرچوو، موبارەک.

موبارەک: ئەوە لەگەڵ کێتە، موتەنەبی؟

موتەنەبی: لەگەڵ ئەوانەمە کە وان؛ خۆیان باش ئەناسن، خەڵقیش تێیانگەیشتووە. بێگومان خوای جەللە جەلالوهوو، ئاگای لێیانە. بەڵام پێمبڵێ تۆ ئایەتەکەت لەبەرە؟

موبارەک: من.. من.. ئایەت؟ بەڵێ، لەبەرمە، ئەفەرموێ- "وما خلقت الجنس والانس الا لیعبدون"، بەڵێ، "الا لیعبدون".

موتەنەبی: "لیعبدون" یەعنی "یعرفون"، برا. ئەفەرموێ- خەڵقیم بۆیە دروستکردووە، کە فێربن، فێری زانیاری، فێری کاری باش، فێری زاڵبوون بەسەر کردگارا، فێری باش بەخێوکردن، باش بەرهەمهێنان، فێری ژیانی باشی پڕ لە کامەرانی و بەختیاری، نەک فێری ماڵی ئەوقاف دزین!

موبارەک: تۆ کابرایەکی زۆر بێئابڕوویت. من سیرِی خۆمم لای تۆ دەربڕی کە لێم ئاشکرابکەیت؟! شەرتبێ ئێستاکە داربدەم بە ڕۆحتا، ڕاوەستە بۆم (تەقەتەقێ، لە دەرگا ئەدا لەسەریەک) یاساوڵ، ئا یاساوڵەکان. وەرن، من ئەمەوێ ڕەئیسەکەتان ببینم، گەورەی وەردیانەکانم ئەوێ، ئیشێکی مهیمم پێیەتی.

موتەنەبی: موبارەک، موبارەک، ئەوە چی ئەکەی؟ شێتبووی؟ شکاتم لێئەکەی؟

موبارەک: ئەرێ وەڵڵا، دارئەدەم بە ڕۆحتا، کافرەی زەندیقەی لەخوانەترسە! ئیددیعای نبووەت ئەکەی؟ تۆی بێمێشک، داوای پێغەمبەرێتی ئەکەی. (لەدەرگائەدا) ڕاوەستە بۆم.

موتنەبی: ڕووت ڕەشبێ، ماڵی ئەوقافخۆر، ڕووت ڕەشبێ.

(مۆسیقا)

(تەقەی پێیەکی زۆر، تەقەی دەرگا)

سەرەکوەردیان: چۆن، ئەم بێئابڕووە وای لێهاتووە؟ بەندیخانە چاویی سوورکردووە. دەمێکە شەقی کاروانی نەخواردووە، (تەقەی کلیل) مەرحەبا شایەری شام! هیچ نەماوە، ئینجا داوای پێغەمبەرێتی ئەکەی، کافری بێئیمان؟! ها.. قسەبکە.

موبارەک: دە جوابی وەردیانئاغا بدەرەوە، بۆ قسەناکەی؟

موتەنەبی: قسەی چی بکەم؟ من هیچ خراپەیەکم نەکردووە، لە بەندیخانەشا واز لە پیاو ناهێنن! چیتان ئەوێ؟

سەرەک: ئای زەندیق، ئادەی سەعید بارچاوەش، ڕووتیکەرەوە وە هەڵیواسە بەو دیوارەدا. خێراکە، خێرا، باشی هەڵواسە، پێی لە زەوی ببڕە. کاک موتەنەبی ئەیەوێ ڕووی زەوی بگۆڕێ. دەک موبارەکنەبێ ئاوا. کابرایەکی شایەری سواڵکەر چییە؟ وەڵڵا من تێگەیشتووم، ئەچم بۆ ئەو سەرچاوەیەی مرواریی زانیاریی لێهەڵئەقولێت! ئێستا خۆت ئەبینیتەوە و ڕاوەستە بۆم. ئا سەتڵێ ئاوی پیاکەن (دەنگی ئاو). قامچییەکانی ئێمەش گڕی لێئەبێتەوە و دەمار دەرئەهێنێ، خوێن هەڵئەقوڵێنێ.

موبارەک: ئەی وایە، وەردیانبەگ ڕاستئەکا، جەزای خراپە خراپەیە. دە بیخۆ، دەی. پێموتی- وازبێنە! بە سەری جەنابت، وەردیانئاغا، من.. منی موسوڵمانی لەخواترسی بە دز دائەنا. ئەزانی دزیی چیش، دزیی ئەوقاف. ئەستەغفیروڵاهوولعەزیم "استغفر الله العظيم، استغفر الله، لا حول ولا قوة الا بالله".

سەرەک: ڕاست ئەفەرموویت، قوربان، ڕاست ئەفەرموویت.

موتەنەبی: خوا هەڵناگرێ وام لێئەکەن. وا قۆڵم پچڕا، جومگەکانی دەستم وەختە لەیەکدەرچن.

سەرەک: هێشتا لە کوێتە! بەخوا ڕجووعنەبیتەوە وە تۆبەنەکەیت، وازت لێناهێنین، قوڕ بەسەر عەقڵت! ئا بێنە ئەو قامچییە سەعید. (لێیئەدات)

موتەنەبی: (هاوارئەکات) ئای، ئای، ئای.

سەرەک: (لەسەر لێدان ئەڕوات) دەی تۆبەبکە.

موتەنەبی: بەسم ئازاربدەن، خوا هەڵناگرێ وام لێئەکەن.

سەرەک: ڕاست ئەفەرموێ، دەی تۆبەبکە.

موتەنەبی: تۆبە لە چی بکەم؟ لە چی؟

سەرەک: لەو کفرانەی کە کردووتە، لە داوای پێغەمبەری کردنت.

موتەنەبی: من کفرمنەکردووە، داوای پێغەمبەریشم نەکردووە.

سەرەک: ناتەوێ تۆبەبکەی، کافری لەعین! دە بگرە، بگرە (لێیئەدات).

موبارەک: گەورەم، گەورەم، قسەیەکم هەیە.

سەرەک: بڵێ، قسەبکە موبارەک.

موبارەک: من وای لێئەکەم داوای تۆبە بکات، کەمێ وازی لێبێنن.

سەرەک: باشە، کەمێ مۆڵەتیئەدەم، لەبەر خاتری تۆ. دەی وەردیانینە، با لەم ژوورە بۆگەنە بچینەدەرەوە. موتەنەبی، هەتا یەینەوە تۆبەتنەکردبێ، هەلاهەلاتئەکەم. با برۆین.

موتەنەبی: موبارەک، لە ناڵیش ئەدەیت و لە بزماریش!

موبارەک: ئەی وایە. ئینسان بیەوێ بژی، ئەبێ وابکات. تینووتنییە؟

موتەنەبی: با زۆرم تینووە، لەشم گڕی لێئەبێتەوە.

موبارەک: ها ئەوە ئاو. بۆ خۆتت بەم ڕادەیە گەیاند؟ چەندم پێوتی وازبێنە، کوڕە وازبێنە.

موتەنەبی: واز لە چی بێنم، لە چی؟ لە خێر، لە جوانی، لە دادپەرستی، لە حەق؟

موبارەک: ئێستا وەختی قسەکردن نییە.

موتەنەبی: ئەی وەختی چییە؟

موبارەک: وەختی تۆبەکردنە. دەی خێراکە، هەتا نەهاتوونەتەوە ویژەت.

موتەنەبی: تۆی ئەوقافدزیش داوای تۆبەم لێئەکەی؟! ئەی کە زەمانەیەکی پڕسەیروسەمەرەیە!

موبارەک: وادیارە هێشتا عارتنەناوە. دەی خێراکە، هەتا نەهاتوونەتەوە. من چاکیی تۆم ئەوێ، بۆ لەم بەندیخانەیەدا بمێنیتەوە، هەموو ڕۆژێ وات لێبکەن؟ خۆ بەخوا وازت لێناهێنن، هەتا تۆبەئەکەی. ئینجا کەیفی خۆتە.

موتەنەبی: کوڕە، ئاخر ئەی هاوار تۆبە لە چی بکەم؟

موبارەک: بڵێ ڕجووعبوومەوە لەو شتانەی کردم، لەو کفرانەی بە دەمما هات، لە ئیددیعای پێغەمبەرێتی. ئەهـ تەنیا ئەوەندە بڵێ و هیچ قسەیتر مەکە.

موتەنەبی: وا قوڵ پچڕا، هەموو دەمارەکانم سستبوو، ئەڵێی لەناو بێژنگا سووڕمئەدەن. ئای.. ئای.. ئەڵێی ئەکەومە بیرەوە.

موبارەک: بانگیانکەم؟ (کەمێ پێی پێئەکەنێ) لە هۆش خۆت مەچۆ. بانگیانکەم بتکەنەوە؟

موتەنەبی: هاهـ. بانگیانکەم.

موبارەک: گەورەم، وەردیانینە، فەرموون، فەرموون، تۆبەیکرد.. تۆبەئەکات.

(تەقەی دەرگا وە زڕەی زنجیر)

سەرەک: ها ئەم کەللەڕەقە نەرمبوو، چەند قامچییەکیتری ئەوێت؟

موبارەک: نەخێر قوربان، پێویست بە قامچی ناکات. عینایەتی ئیلاهی منی بۆ ڕەخسان کە ڕزگاریکەم لەو شەیتانەی دەسی بەسەرا کێشابوو.

سەرەک: تۆبەی قبووڵکرد؟

موبارەک: بەڵێ، فەرموو بپرسە.

سەرەک: ئەڵێی چی، تۆبەئەکەیت؟

موتەنەبی: ها.. جارێ بمکەنەوە.

سەرەک: کردنەوە نییە، هەتا تۆبەنەکەیت. ئەڵێی چی، ها؟

موتەنەبی: باشە، دامگرن.

سەرەک: دایگرە، سەعید بارچاوەش. ئەو کەلەپچەیەش لە دەستی بکەنەوە. (تەقەی زنجیر)

موتەنەبی: ئای.. ئای.. ئەڵێی پێ بە ژێلەمۆدا ئەنێم.

سەرەک: دەی قسەبکە، سوێندبخۆ، خێراکە من ئیشم هەیە، خەڵقیترم بەدەستەوەیە.

موتەنەبی: بڵێم چی؟

سەرەک: بە هەقی ئەم قورئانە.

موتەنەبی: بە هەقی ئەم قەرئانە.

سەرەک: تۆبەئەکەم لە هەموو ئەو کفرانەی کە کردوومە.

موتەنەبی: تۆبەئەکەم لە هەموو ئەو کفرانەی کە کردوومە.

سەرەک: و قەد داوای پێغەمبەرێتی ناکەم.

موتەنەبی: قەد داوای پێغەمبەرێتی ناکەم.

سەرەک: وە هەقم بەسەر هیچەوە نییە.

موتەنەبی: هەقم بەسەر هیچەوە نییە.

سەرەک: دەی بەرەڵای‌کەن. ئێستا ئازادیت. بەڵام ئەم‌جارە بتهێننەوە، خوێنت حەڵاڵ‌ئەبێت بەتەواوی. جلەکانی بدەنەوە، با لەبەری‌بکا و بڕوات.

موبارەک: ئەی من کەی بڕۆم، گەورەم؟

سەرەک: کەی ئارەزووئەکەی، بڕۆ. ئێستا بڕۆ، ئێمە مەمنوونتین، بە دوعا.

موبارەک: باشە، کەواتە لەگەڵ موتەنەبییا بەیەکەوە ئەچینە دەرەوە.. دە خێراکە موتەنەبی.

موبارەک: گێچەڵم لێ‌لادە، بەقوربان. وازم لێ‌بێنە. تۆ بڕۆ، هەقت چییە بەسەرمەوە؟!

موبارەک: چۆن بەجێت‌ئەهێڵم؟ ئێمە هاوڕێی بەندیخانەین. من خۆشم‌ئەوێیت.

موتەنەبی: کاکە وازم لێ‌بێنە، من هاوڕێی دزی ئەوقاف نیم.. بڕۆ ڕووڕەش!

موبارەک: ئای ئەوە پەیمانەکەت شکان؟

،وتەنەبی: پەیمانی چی؟ کام پەیمان؟

موبارەک: ئەی سەرەک پێی‌نەوتی هەقت‌نەبێ بەسەر هیچەوە؟!

موتەنەبی: بە سەری بەتاڵی سەرەک و بە سەری باوکی تۆش، ئەگەر لەجیاتیی جارێک، ڕۆژی دە جار هەڵمواسن، ...

# مێردی خەڵەتێنراو*

ڕەفیق: ژیانی کۆمەڵایەتیی شێواوی ڕێکنەخراو، پڕیەتی لە کوێرەوەری و کۆست و بەند و بەیەکاهاتن و بێئارامی و ئێشوئازاری جەرگبڕی هەمەجۆرە. نەخوێندەواری و قاڵنەبوونی پیاو و ژن لە بۆتەی بیروباوەڕی بەرز و جوانا و ڕەوشتنزمی و دەرک بە مەسئوولییەتی ئینسانی نەکردن و تێکچوونی شیرازەی کاروبار، هۆی گەلێک دەرد و بەڵا و قەوماوی پڕچەمەرن، یا خوا چەرخیان لە چەمەر کێشرێت. یەکێ لە ئەنجامی ئەو تێکچوونی ژیانی کۆمەڵایەتییە و بەرێکی تاڵ و پیسی خوێناویی زەقوومی ئەو ڕەوشتە پچڕانە، خیانەتی ژن و مێردایەتییە. ئەو تاوانە ناشیرینەی ئافرەتی مێرددار ئەیکات، هەندێجار لەگەڵ خزم و کەسوکار و هاوڕێی بەدی مێردەکەیا و هەندێ جاریتریش لەگەڵ بێگانەدا، یان لەگەڵ خزم و کەسوکار و کۆنە یارەکەیا دەست تێکەڵاوئەکا و خۆی ئەکا بە پەندی پسات و مۆری ئابڕووچوون و تاوان ئەنێت بە خۆیەوە و شەرەفی مێردەکەی و کەسوکاری هەردوو لا لەکەدارئەکا و ئەبێتە پەڵەیێکی ڕەشی پیسی چڵکن بە ڕووی ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوپەڕی بێشەرمییە بۆ ئافرەتێک کە لە هیچی کەمنییە، داوێنی خۆی و شەرەفی خەڵقی پیسبکات. ئەوپەڕی شوورەیی و بێئابڕوویی و نزمییە هاوڕێیەک یان کابرایەک دەستی ببێ لەم کارە پیسەدا و ببێتە هۆی پیسبوون و خراپبوونی ئافرەتێک. ئەوانەی گورگی بەشەرین و خەریکی کردەوەی پیسن لەناو کۆمەڵا، ئەوانەی وەکوو مێشێکی چەپەڵ هەر خەریکی خراپەن و زینائەکەن و ئازاری کۆمەڵ و خەڵکی زیادئەکەن، پێویستە لە ئەسفەلەسافیلین توندکرێن و گۆڕەوشاربدرێن بە زیندوویی. پێویستە کۆمەڵ هەموو ئینسانێکی بەشەرەفی بەغیرەتی مووی پیاوەتی لێڕوواوی حەقپەرستی بەئیمانی ڕاستببێتەوە لەم دزانەی شەرەفی خەڵقی ئەدزن و شوێن ئارەزووی کێوێتی کەوتوون، پێویستە خۆڵودۆیان بکرێ بەسەرا و شاربەدەربکرێن.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٣٩-٤٤٩.

ڕەفیق چالاک لە دوا لاپەڕەدا دەورەکانی بەمجۆرە دابەشکردووە: ١. میرد: ڕەفیق چالاک، ٢. حەمە: ئەحمەد دلاوەر، ٣. ژن: ئەحمەد مەحموود، ٤. عەلی: ڕەنگبێ عەلی مەردان بێ. (ک.ڕ)

ئینجا با بێینەوە سەر چیرۆکەکەمان، دێرزەمانێک لەمەوبەر لەگەڵ پیاوێکی پیری خزمەتکاری ماڵێکا دانیشتم و ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە. وا ئێمەش بۆتانی ئەگێڕینەوە، تا کەڵکی لیٚوەربگرن.

(مۆسیقا)

عەلی: ئەو ساڵە پێش قەومانی کارەساتەکە خزمەتکاریانبووم، منی پیری سەر لەگویٚیقەبرلەرزیوی هیچ لەدەستنەهاتوو، فرمێسکم تیا ڕشت بۆ کلۆڵیی مێردێک و بۆ خیانەتی هاوڕێیەک و هەڵفریواندنی ئافرەتێک.

پێنج ساڵ لەمەوبەر، ئا لەو کۆشک و باڵەخانەیەدا کە پڕیەتی لە بیرەوەریی پڕناسۆری پڕئازار، ئا لەو ژوورەدا و لەسەر ئەو تەختەبەندە ئەنوستن.

کوڕەکە، لاوێکی نووسەری شۆخ بوو، چیرۆکی ئەنووسی بۆ خزمەتی خەڵقی و بۆ بەختیارکردنی ژنەکەی، بە خۆشی ئەژیان. بەڵام ئەم خۆشییە هەتاسەر نەبوو، گویٚبگرە و بیکە بە تەمسیل، کوڕە شیرینەکەم.

(پشوویٚ مۆسیقا)

ژن: دە تاوێک بحەسێرەوە پیاوەکە و نەختێک بەزەییت بە خۆتا بێتەوە.

مێرد: بەزەیی و حەسانەوە مەعنای چی، ئافرەت؟

ژن: چی بوو ئەم هەموو نووسین و خوێندنەوەیە، نەبڕایەوە؟

مێرد: نووسین و خوێندنەوە بۆ هەموو ئینسانێکی ناو ئەم دنیایە پێویستە، وەکوو ئاووهەوا و خۆراک و جلوبەرگ. من سەرم سووڕئەمێنیٚ لەوەی هەندیٚ کەس چۆن ئەتوانن واز لە خوێندنەوە و نووسین بهێنن. کەی لە خەو هەڵسای گیانە شیرینەکەم؟

ژن: ئێستا.

مێرد: خۆزگە هەتا ڕۆژئەبووەوە، خەبەرتنەئەبووەوە و هەڵنەئەسای لە خەو. تۆ بۆ خۆت ئیسراحەتناکەی؟

ژن: ئیسراحەتی چی؟ تۆ لەبیرتچووەوە کە نەخۆشی و پێویستت بە حەسانەوەیە؟

مێرد: چارم ناچارە و پێویستە کاروبارم بە پوختەیی جیٚبەجیٚبکەم، تۆ بۆ خۆت بنوو.

ژن: ئەمە ئەبێت هەموو شەوێک من بنووم و تۆ بەخەبەربیت؟

مێرد: پێموتی -گیانەکەم- ئەبێ پێویستیی سەرشانم بەجێبهێنم.

ژن: بەخێرێ کەی ئەم پێویستیی سەرشانە بەجێئەهێنرێ؟

مێرد: ئەو حەلەی کە لە بەروبوومیا حەسایتەوە، ئەو کاتەی لە ئێستا باشتر ئەبین، ئەو ڕۆژەی خەڵقی ئەکەونە ناوبازاڕ، بەپەرۆشەوە ئەگەڕێن بەشوێن نووسینەکانما، ئەو حەلەی پێتئەڵێم- هاوگیانەکەم ئەوە هەموو ئەو شتانەی حەزیان لێئەکەی، ئەو ڕۆژەی ئەتوانم بێشانازی بە خەڵقی بڵێم هەموو تەمەن و لێهاتوویی و توانا و لاوییەکەم، هەموو هێز و مێشک و دڵ و قەترە خوێنێکم[1] لە ڕێی ئێوەدا بەخشی و لێمببوورن لەمە زیاترم لەدەستنەهات، ئەگینا بۆم ئەکردن.

ژن: تۆ بەخۆڕایی خۆت ماندووئەکەی، تەقەلادان و پێویستیی چی و کێ پێت ئەڵێت کەرت بە چەند؟ خەڵقی گاڵتەیان بە کتێب و کتێبنووس دێ.

مێرد: ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم خەڵقە ئەگۆڕین، وە من هەرگیز واز لە ڕێی چاکە و خێرخوایی ناهێنم، هەتا سەرکەوتن. ژیانم بەختئەکەم و دڵنیام کە ئەم نیشتمانە پێویستی بە کارکردنە و کارکردنیش بێ خۆبەختکردن و لەخۆبوردن، سوودێکی گەورە ناگەیێنێ.

ژن: یەعنی هەر ئەتەوێ لەسەر قسەی خۆت بێ و بە قسەی نەکەیت؟

مێرد: ئەگەر قسەی خەڵقی لەم قسانە جوانتر و ڕاستتر و ڕێکوپێکتر و پڕسوودتر بن، ئەوا ئامادەم لە باوەڕی خۆم لابدەم.

ژن: ئەی بڕوات بە قسەی من نییە کە ژنتم؟

مێرد: لەم بارەیەوە نەء، چونکە قسەکانتم بەدڵنییە و ئەتەوێ ساردمکەیتەوە.

ژن: کەواتە کەیفی خۆتە و من ئەمە قبووڵناکەم.

مێرد: یەعنی چی؟ ئەوە ئەڵێی چی؟ بەجێمئەهێڵی؟

ژن: ئەی چارم چییە؟ تۆ حەز لە کتێب و نووسین و تەنیایی ئەکەی، ئیتر ژن مەعنای چی؟

---

[1] ئەم ڕستەیە دەبێ وابێ: هەموو مێشک و دڵ و قەترەخوێنێکم.. . (س)

مێرد: ئەی کێ هاوڕێم بێ و کێ پشتیوانم بێ و کێ ئاگاداریمبکا و کاروبارم بۆ ئاسانکات، ئافرەت؟ چەپڵە بە تاقە دەسێک لێئەدرێت؟

ژن: گوایە تۆ خەڵقت بۆ چییە؟ خۆت کاروباری خۆت بەرەبەڕێوە.

مێرد: ئەی ئەگەر نەخۆشکەوتم، ئەگەر لێمقەوما؟

ژن: کەیفی خۆتە، بڕوام بەوە نەماوە کە لەو کەلە بێیتە خوارەوە و مەسەلە بۆتە ماخۆلان و هەمیشە ئەتەوێ هەر قسەی خۆت سەرخەیت.

مێرد: زۆرم پێخۆشە شەریکی ژیانم ئەمەم پێبڵێ و لە ڕێی پێویستی بەجێهێنانی سەرشانما هەر تانووتێکم لێبدرێ، مایەی شانازیمە.

ژن: پێویستی (پێئەکەنێ) ئەڵێ پێویستی.

مێرد: بۆ بەڕاستی چی لە دڵتایە، دەرینابڕیت؟ بۆ بەتەواوی و بێپێچوپەنا هەموو نهێنییەکی ناو دڵتم بۆ دەرناخەیت؟

ژن: تۆ نازانی من چەندە دڵگیرئەبم، ئازار ئەچێژم کە بەم هیلاکی و ماندویەتییە ئەتبینم. جگە لەوە، بەزەییم بە خۆشما دێتەوە، چونکە تەنیام لە ژیانا.

مێرد: تا ئەم ڕادەیە گیانەکەم؟ هەرگیزاوهەرگیز وا تێنەگەی کە تۆم خستۆتە لاوە. بەڵام پێویستیی سەرشانم هەموو کەلوقوژبنێکی ژیانمی گرتۆتەوە و بەڵام هەمیشە تۆ لە دڵمای و نزیکترین ئینسانی بە من.

ژن: منیش بەختیارترین سەعاتم ئەو حەلەیە کە نزیکبی لێمەوە.

مێرد: لەمە بێگومانبە و هەر کە هەلێکم بۆ هەڵکەوت، پاداشتی چاکە و خۆشەویستیت یەک بە هەزار ئەدەمەوە.

ژن: منیش دڵسۆز و شەریکی ژیانتم هەتا دوا هەناسە.

مێرد: بێگومانبە لەوەی کە ئەوی مەعنای خۆشەویستیی زانی و دڵێکی گەورەی پێوەبوو بۆ خەڵقی، ئەوا بەبێ شوبهە خۆشەویستییەکەی قووڵ و ڕاست و کاریگەر و پڕهەستییە. هیوام وایە بڕوام پێبکەی و لێم ڕازیبی.

ژن: بە درێژاییی ژیان، هەتا کاتی گیانەڵاو، بە هیچت ناگۆڕمەوە گیانەکەم.

مێرد: بۆچی تۆ هیچت لە شەو هێشتۆتەوە؟ وەرە تەماشاکە لەم پەنجەرەیەوە و چاوت بە شەبەقی بەیان بکەوێت.

مێرد: شەبەق! ئەوە خۆ بەرەبەیانە، ئای کە بەسام و جوانە. خوا ئەیزانێ بەتەمانەبووم وا زوو شەو تێپەڕێ و ڕۆژببێتەوە. ئەم چیرۆکە سەری لێسەندم و وای ڕاڕفاندم، هەر نەمزانی چۆنم خستە سەر کاغەز، چۆنم گێڕایەوە.

ژم: چیرۆکەکە باسی چی ئەکات، پیاوەکە؟

مێرد: عیبرەت وەرگرتن لە قەوماوی پرکوێرەوەریی ژیان. کارەساتەکە باسی ژن و مێردێکی بەختیارە کە ژیانیان پڕە لە گەشکە و شادی، بەڵام هاوڕێیەکی بەدی پیسیان لێ پەیائەبێ و پایەی کامەرانیی ئەو بنەماڵەیە ئەڕووخێنێت.

ژن: (تووڕەئەبی) ئینجا ئەمە چیرۆکە؟ شتی لەمە باشتر نازانیت؟ بۆچی هەمیشە باس لە شتی پڕناسۆر ئەکەی؟

مێرد: ئەگەر شت ناسۆراوی نەبێت، نرخی ئەوتۆی نابێ بۆ کارکردنە سەر خەڵقی.

ژن: ئەوە بۆچی ئێوە هەموو تانووت و لۆمە و تاوانێک ئەخەنە ئەستۆی ئافرەتی بەسزمان؟

مێرد: هەموو جارێک نا، بەڵام کەی چیرۆکەکەمت خوێندەوە، بۆت دەرئەکەوێت کە ئەم بەسزمانە چیی لەژێر داوێنیا شاردۆتەوە.

ژن: ئەی پیاو؟ ئەبێ دائیما هەر مەلائیکەت بێ؟

مێرد: کێ وا ئەڵێ؟ چەپڵە کەی بە تاقە دەستێک لێئەدرێت، خەتا لە هەردوو لاوەیە و لە کۆمەڵەوە کە جەزاییکی باشی تاوانکەر نادات. بێگومانبە کە چەند لاپەڕەییکی باش بۆ پیاوەکە تەرخانئەکەم و بە تەنیا یەم[1].

ژن: با بچم بەلای چالێنانەوە.

مێرد: باشە گیانە شیرینەکەم.

(پشوویێ مۆسیقا)

(گۆرانیی: لە بەرچاوی بەد)

(دەنگی زەنگی کارەبایی یان دەنگی لەدەرگادان)

عەلی: وا هات، کێیە؟

---

[1] یەم: دێم. (س)

حەمە: منم کاکە عەلی، ئەحمەد ئەفەندی لە ماڵە.

عەلی: بەڵێ لە ماڵە. کەمێک موساعەدە بکە (بێدەنگی) ئەحمەد ئەفەندی، ئەحمەد ئەفەندی؟

مێرد: ها. کێ بوو، کاکە عەلی؟

عەلی: حەمە ئەفەندی هاوڕێتە.

مێرد: بەخوا باش بوو هات، با بفەرمووێ.

ژن: (بە تووڕەییەوە) ئەم کابرایە بۆچی ئەوەندە یەت؟ ئیشی چییە؟

مێرد: گوایە بۆچی نەیەت، ئافرەت؟

ژن: من کە چاوم پێیئەکەوێ، سەرودڵم ئەگیرێ و لەشم قورسئەبێ.

مێرد: هاوڕێمە ئافرەت، قسەی وا مەکە.

ژن: حەمە ئەفەندی هاوڕێتە، بەزیادی خێرم نەکرد.

مێرد: لەسەری مەڕۆ، ببڕێتەوە. خۆشەویستی و قین ئەبێ هۆیان هەبێت، ئەبێ بنچینەیەکی پتەویان هەبێ، ئەگینا هەر لە خۆمانەوە و بەبێ سەبەبی تەواو، نابێ ناوی خۆشەویستی و قین بهێنین.

ژن: من وا هەستئەکەم، من قینم لێیەتی، وا ئەشچمە ژووری ئەودیو.

مێرد: کەواتە قاوەیەک، چایەکمان بۆ لێبنێ.

ژن: خوا بەخێرینەهێنێ ئاوا.

مێرد: عەلی، حەمە ئەفەندی، فەرموو.

حەمە: ڕۆژ باش.

مێرد: ژیانت باش. فەرموو دانیشە، بەخێربێی.

حەمە: سەلامەتبی، شوکور چاتری؟

مێرد: فەرموو جگەرە. (دایئەگیرسێنێ)

حەمە: دوێنێشەوێ دیارنەبووی بێیت بۆ نادی.

مێرد: بەخوا نەمتوانی، ئیشم زۆربوو، چۆنتان ڕابوارد؟

حەمە: زۆرم چاوەڕوانکردی، دیارنەبووی. لەپاشا لەگەڵ عوسمان و جەلال و عەزیز ئەفەندییا تا ڕۆژی بەحەق پۆکەرمانکرد و خواردمانەوە. مەسەلەشم جیٚبەجیٚکرد؟

مێرد: کام مەسەلە؟

حەمە: ئیجازەی نەخۆشییەکە، دوکتۆر عەزیز جیٚبەجێیکرد.

مێرد: ئەی بژین، ئەی ئافەرم، کوا؟

حەمە: فەرموو، ئەتوانی سبەینیٚ بڕۆی؟

مێرد: پشت بە خوا سبەینیٚ ئەڕۆم. زۆر پێویستە تەداویی خۆم بکەم، پێش ئەوەی ئەم دەردە بیٚمەعنایە بمدا بە زەویدا. بەڵام ئەبیٚ هەمیشە نامەم بۆ بنێری.

حەمە: گوایە ئەوە قسەی ئەویٚ؟ ئەی هاوڕێی دڵسۆز مەعنای چی؟ ئەساسەن ئەکسەری ڕۆژیش سەری فەیمەخان ئەدەم.

عەلی: فەرموون قاوە.

مێرد: ئا لێرەوە داینیٚ.

حەمە: بیدەرە دەست خۆم. ئەوە فەیمەخان دیارنییە؟

مێرد: لەودیوە، بانگیکە عەلی.

عەلی: فەیمەخان، ئەحمەد ئەفەندی بانگتئەکا.

ژن: بەخێربێی حەمە ئەفەندی.

حەمە: ڕووسووربیت فەیمەخان، دایکم زۆر زۆر سەلامت لیٚئەکا و ئەڵیٚ دیارنییە لە هیچ لایەکەوە.

ژن: وەڵڵا ئیش زۆرە، چی بکەم.

حەمە: ئیجگار وا گۆشەگیریش باشنییە.

ژن: وا باشترە، چی بکەین، بەشی ئێمەش وا قەراردادەکراوە.

حەمە: شتێکی پڕناسۆرە ئینسان بەم جۆرە ژیان بباتەسەر.

مێرد: ئێمە هەموومان نازانین بژین، کاکە حەمە. ڕۆژ بەدوای ڕۆژ، ساڵ بەدوای ساڵا دێت و تیٚئەپەڕی و کەچی هەر لە جێی خۆمان و لە باری خۆمانا ماوینەتەوە و دەستمان خستۆتە ژێر چەناگەمانەوە، بەبیٚ ئەوەی سەرنجێکبدەین لە ژیانی

پڕگەشکە و بێ ئەوەی هەوڵێکبدەین بۆ خۆشترکردن و پڕگەشکەکردنی ژیانی خۆمان و کۆمەڵەکەمان. شت نییە لەم دنیایەدا بەقەد ئەوە خۆشبێ کە ئینسان ئیشێکی باش بکات لە ڕێی خەڵقا.

حەمە: چ سوودێکی هەیە تۆ مێشک بسووتێنی و تێبکۆشی و خەڵقیتریش هەر هەوڵی خۆبەرزکردنەوە و گیرفانپڕکردن و لەزەت لە ژیان بینین بن.

مێرد: ئەمە جێگای ئەسەفە و ئەوانەی باسیانئەکەی، وازیان لە سوودی گشتی هێناوە و هەر خەریکی خۆیانن.

حەمە: ئەوان چاکئەکەن. ئەمەیە ڕێگای ڕاست.

مێرد: چی؟ ڕێگای ڕاست؟ ئەمە پێچەوانەی ژیانی ئادەمیزادیەتییە.

حەمە: ئەگەر ڕێگای تۆیان بە چاک بزانیایە، هەڵبەتە لەسەری ئەڕۆیشتن.

مێرد: ئادەمیزادێکی ڕاست نابێ گوێی خۆی کەڕبکات لە کەوتوویی و گیرۆدەییی خەڵقی و کۆمەڵ. ئەوە برسێتی و نەخۆشی و نەزانین کە بەشەرێکی زۆریان داوە بە زەویدا.

حەمە: ئینجا ئێمە حەقمان چییە بەسەرەوە؟

مێرد: ئەی بە چی ئێمە ئینسانین، هەر بەوەی کە قسەئەکەین و ئەخۆین و ئەنووین؟

حەمە: ئەڵێم ئێمە لە کوێ ئەتوانین زاڵبین بەسەر ئەو دەردانەدا.

مێرد: ئەتوانین، شتێک نییە لە دنیادا ناوی نەتوانین و یەئس بێت. تێکۆشینی ڕاستی پیاوانە و هەر کەسە بە قەت توانای، من و تۆ و ئەو و هەموو یەکێک، پێویستە چەند ئەتوانێ خزمەتی کۆمەڵ بکا لە ڕێی سوودی گشتا تێکۆشێت.

حەمە: قسەیەکی جوانە. تۆ بەهەڵەچوویت کاکی خۆم، شوێن خەو و خەیاڵ کەوتووی، ژیان لەسەر پارە وەستاوە. پارە هۆی ڕابواردن و لەزەت و کامەرانی و خۆشگوزەرانییە. هەر کەسێ پارەی نەبێ، سەرگەردانە.

مێرد: بەڵێ باشە، پارە هۆیە بۆ ژیان، بەڵام ئامانج نییە. پارە بۆ ئەوە دانراوە کە ببێتە هۆی کامەرانیی خۆت و خەڵقی و ئەبێ ڕێیەکی ڕاستی لە ڕێدا بگریت.

حەمە: ڕێی ڕاستی چی، بێقەزابی، ئەوی ڕێی ڕاستی گرت، مرد لە برسانا و مەرحەبای سەر جادەشی لێناکرێ.

مێرد: ئەی گوایە چی ئەکەی بەخێرێ؟

حەمە: مادام پارەی زۆرم نییە، هەموو ڕێیەک ئەگرم لە ڕێی پەیاکردنیا.

مێرد: کەواتە تۆ ناتەوێ کۆمەڵەکەت تێکڕا بە خۆتەوە تێروتەسەل و بووە بێ و لەم ڕێیەوە کاربکەی.

حەمە: کۆمەڵی چی و کالیاری چی و خزمەتی چی! واز بێنە کاک ئەحمەد، مەسەلە کتێب نییە. مەسەلە ڕێیە بۆ پارەپەیاکردن.

مێرد: ئەمە ڕێ نییە و کارێکی ناشیرینە.

حەمە: وا دیارە یەکنین لە باوەڕا، ئیتر بۆچی لەسەری بڕۆین؟

مێرد: ئەم قسانەی تۆ باوەڕنین. ئەمە قسەی ئینسانی خۆویستی دوژمنی کۆمەڵ و خەڵقە، ئەمە چەوتییە و ئینسان شۆڕئەکاتەوە بۆ تاوانکردن، بۆ کاری خراپی ناشیرین.

حەمە: تکات لێئەکەم بەسیەتی.

ژن: پێویست بە عاجزی ناکات.

مێرد: هەڵسە ئافرەت، جانتاکەم بۆ حازرکە.

حەمە: هیوام وایە خۆش ڕابوێری و بە سیحەتی تەواوە بێیتەوە.

مێرد: سەلامەتبی.

حەمە: بە دوعا.

مێرد: خواحافیز.

(پشوویێ مۆسیقا)

عەلی: ڕۆژبووەوە و مێردی بەسزمان ڕۆی بۆ لوبنان، بۆ تیمارکردنی ئەو نەخۆشییەی کە لە زۆر ئیشکردن و ماندووبوون و شەونخوونی و خۆڕەتاندن و نەبوونییەوە گرتی. ڕۆژێک تەماشائەکەم حەمەئەفەندیی موبارەک لەگەڵ فەیمەخانا ئەم قسانە ئەکەن..

حەمە: کاغەزی ئەحمەد نەهاتووە؟

ژن: با دوو کاغەزی هاتووە.

حەمە: من تێناگەم بۆ نەیبردی لەگەڵ خۆیا؟ تێناگەم بۆچی ئەبێ گوڵێکی جوانی وەکوو تۆ لە هەڕەتی گەنجی و لاویتا لە بەینی چواردیوارا حەپسبکرێ و

لەزەت لە ژیان نەبینیٚ.

ژن: ئەوە ئەڵێی چی؟

حەمە: هیچ، دایکم وای ئەوت. خۆ ئەگەر بڵێی ئەحمەد ئەفەندی ئینسانێکی باشە و بەڵام بەم نەوعەش مەعنای نییە. تۆ ئەزانی دایکم ئەیوت- هەر ئەبیٚ سبەینیٚ بێت بۆ ماڵیٚ ئێمە و لەوێشەوە ئەیبەم بۆ سینەما، با تۆزیٚ دڵیٚ بکرێتەوە.

ژن: دایکت وای ئەوت؟

حەمە: ئەریٚ وەڵڵا، سبەینیٚ یەم بەشوێنتا، دایکم زۆری خۆشئەوێیت. بە بیللا بەقەد یەک دنیای خۆشئەوێیت. نە شەوی شەوە و نە ڕۆژی ڕۆژە لە خۆشەویستیی تۆ.

ژن: خوا خۆشیکات.

حەمە: سبەینیٚ یەم بەشوێنتا. بە قەبری باوکم منیش زۆرم خۆشئەوێیت.

ژن: چی؟

حەمە: بەقەد خوشکێکی خۆم. نازانم، وەکوو سیلەی ڕەحممان لەبەینا بێت، وایە.

عەلی: بەمجۆرە هەڵیفڕیوان، بە خۆی و دایکی عەیاری لەخشتەیانبرد. لەپاش دووسیٚ هاتوچۆیتر، بەتەواوی هەموو شتێکم بۆ ساغبووەوە و نامەم نارد بۆ ئەحمەد ئەفەندیی مێردی بەسزمانی خەڵەتێنراو، چونکە فەیمە و حەمە ڕایانکرد بۆ شارێکیتر.

(پشوویٚ مۆسیقا)

عەلی: بەم ڕەنگە ناشیرینە ئەو هاوڕیٚ خائینەت..

مێرد: لەسەری مەڕۆ، ئەمە بوو دوادوایی دڵسۆزیی ژن و پیاوەتیی هاوڕیٚ.

عەلی: ئەڵێی چی؟ ئەمەیە دنیاکەمان.

مێرد: بەڵیٚ ئەمەیە دنیاکەمان، مێردێک ساویلکە و دڵ و دەروون پاک بێت و پەت بۆ ژن و هاوڕیٚ بەرەڵابکات، ئاخری هەردووکیانی لەکیسئەچی و ئەشبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی خەڵقیش. بەڵام دا لە خۆم، لەوان، لەم وەزعە پیسە، لەم نووسینە شوومەی بۆ خۆم هاتەدی. کوا ئەو چیرۆکەی نووسیم؟

عەلیٚ: وا لەسەر مێزەکەی خۆت.

مێرد: بەڵێ، ئەو مێزەی ئەو هەموو شتانەم لەسەر نووسی، ئەو مێزەی بستێک خۆڵی مردوو، خۆڵی قەبر، خۆڵەمێشی شەرەفی سووتاوی لەسەر بارە، ئاگرم بۆ بێنە بیسووتێنم، ئاگر. بەڵام نەء، زادەی بیری بەشەر نابێ بسووتێنرێ؛ چیرۆکی واقیعیی بەنرخ نموونەی ئەدەبی زیندوو، نابێ لەناوببرێت. نابێ ڕاکەم لە ژیان، ئەبێ چیرۆکەکە چاپکەم بۆ خەڵقی، تا دەرسی لێوەرگرن. پێویستە کۆستی شەخسیی خۆم، ئاوێتەی کۆستی خەڵقی کەم، دەردی خۆم ببەستم بە دەردەکانیتری کۆمەڵەوە. پێویستە بمێنم لە ڕێی خەڵقا، لە ڕێی پەیاکردنی دەرمانا بۆ هەموو دەردێک، بۆ دەردی هەموو کەسێک. پێویستە نەیەڵم کەسیتر بخەڵەتێ، سەرلەنوێ دەستئەکەمەوە بە خێرخوایی. خەڵقە ئەمویست بە چاو، بە دەم، ئیشارەتی تاواندارە بێبارە ڕەوشتنزمەکان کەن، مەیەڵن پیاوخراپی بکەن. پتەوی لەوەدایە ئینسان عیبرەت وەرگرێ و کە کەوت، هەڵسێتەوە و نەبەزێ و ببێتە ئینسانێکی خێرخوای دوژمنی چەوتی و چەپەڵی. پیاوەتی وا لە نەبەزینا، مەردایەتی وا لە کارکردنی بەکەڵکا..

(تەواو)

# هەندێ ناڕێکیی کۆمەڵایەتی

## فەسڵی یەکەم

(شوێن: ماڵی چیرۆکنووسە)

نەسرین: ئەوە چی ئەنووسی، باوکی سزا؟ نەبڕایەوە ئیتر ئەم هەموو نووسینە؟

نووسەر: ئیشم لێتێکمەدە و بچۆ بەلای کاروباری خۆتەوە! تۆ لە ئیشەکانی خۆت بوویتەوە؟

- لە کوێ لێبوومەتەوە، بۆچی هەزار دەستم هەیە؟ تۆ پێمناڵێی چی ئەنووسیت؟

- باسێکم نووسیوە لەبارەی ناڕێکیی کۆمەڵایەتیمانەوە، ئەو کەموکووڕییانەی وان لە ژیانمانا و حەیشیان پێتاڵکردووین.

- ئینجا وا نووسیت و خۆتت پێوە هیلاککرد، چەندی بە چەن لای خەڵقی؟

- کەمی بە زۆر! هیچ نەبێت، هەندێ کەس هانئەدەم کە وەکوو من بیربکەنەوە، هۆشیان بێتەوە بەر، ڕێگابگرن بۆ نەهێشتنیان. ئافرەت پێمبڵێ....

- پرسیارم لێمەکە! با بچم جارێ ئیشەکانی خۆم تەواوبکەم، پێش ئەوەی بە قاچاخ بمگری و دەستبکەی بە لۆمە و تانووت..

- چاوت لێیە، هەر بە یەکدوو قسە ئەوەت بە بیراهاتەوە کە پێویستە لەپێش هەموو شتێکا هەموو ئینسانێک کاروباری خۆی بەتەواوی و بە زوویی جێبەجێبکات. بەڵام تۆ وەرامی ئەم پرسیارەم بدەرەوە، بۆچی شووتکرد، بۆ ئیشئەکەی؟ من بۆ ژنمهێنا، بۆ بە شەو و بە ڕۆژ هەوڵ و تەقەلا ئەدەم، سرەوتمنییە؟ ئەمانە لە ڕێی چییان؟

- لە ڕێی، لە ڕێی ژیانێکی پڕتاموچێژا، لە ڕێی خۆشکردنی لانەکەمانا، لە ڕێی گوزەرانباشییا، لە ڕێی کامەرانییا.

- زۆر جوانە، ئەمەیە وەرامی تەواو.. دە ئافرەت ئەم بەشەری سەر زەوییە، هەموو لە ڕێی ژیانێکی کامەرانا، ئەبێ تێبکۆشن و بیربکەنەوە و هیلاکببن.

خوێندن، پارە پەیاکردن، چاکە و خێرخوایی، تەقەلای بێبڕانەوەی شەو و ڕۆژ، هەمووی ئەبێ لە ڕێی ڕێکخستن و پێکهێنانی ئەو ژیانە پڕکامەرانییەدا بێت، بەڵام..

– بەڵام چی؟ تەواویکە. من بۆیە ناوبەناو قینم لێت هەڵئەسێت، چونکە هەموو شتێک بەتەواوی دەرنابڕیت...

– ئاخر دەرنەبڕینی هەموو شتێکیش، ناڕێکییەکی کۆمەڵایەتییە.. ناتوانین هەموو جارێک هەموو شتێک دەرببڕین، چونکە کۆمەڵ هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی هەرچییەکی پێبڵێین و خێری ئەوی تیابێت، وەریبگرن. زۆربەی زۆری خەڵقی، نەخوێندەوار و نەخۆش و هەژار و دەرکبەهیچنەکەرە.

– ئینجا کەواتە نووسین و تەقەلادان و وەعز و بیروڕا پیشاندانت لە چی؟ بۆ خۆت بە کۆمەڵەوە خەریکئەکەیت؟

– هەموو ئینسانێک هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمرێت، نابێ لە تەقەلادان و ڕێگاپیشاندان و کارکردنی بەکەڵک بکەویت، نابێ تێگەیشتوو هەرگیز ببەزێت.

– ئێستا شت درێژمەکەرەوە، ئەتەوێ بڵێیت چی؟

– ئەمەوێ بڵێم لەبەرئەوەی ئامانج لە ژیانا بۆ هەموو ئادەمیزاد ژیانێکی پڕ لە کامەرانییە، بەڵام بۆیە نەهاتۆتەدی، چونکە کۆمەڵ دواکەوتووە. کۆمەڵیش بۆیە دواکەوتووە، چونکە هێشتا بەتەواوی دەرکی بە کەموکووڕی و ناڕێکیی کۆمەڵایەتی نەکردووە. دە ئامانجی ڕۆشنفکران و تێگەیشتووان ئەوەیە گوێ پڕکەن، چاوبکەونەوە، دەستی خەڵقی بگرن و بیخەنە سەر ناڕێکییەکان، بۆ ئەوەی هەر کەسە لە عاستی خۆیەوە دەرک بە هەموو شتێک بکا و تێبکۆشێ بۆ لابردنیان، بۆ چارەسەرکردنیان، لە دواییدا بۆ گەیشتنە ئامانج.

– ڕێگای ئەم تێگەیاندنە چییە؟ چۆن تۆ ئەتوانی بە تاقی تەنیا ئەم کارە گەورەیە پێکبهێنیت؟ بۆچی ئەمە گاڵتەی منالانە یان خەو و خەیاڵی گوێئاگردانی زستان؟

– نە ئەمیانە و نە ئەو، ئافرەت. مامۆستایان و خوێندەواران لە لادێکانا، ڕۆشنفکران لە شارەکانا، ئەتوانن هەموو تێکڕا وە بە زووترین کات ئەم کارە پێکبهێنن، بە شەرتێ دڵسۆزانە بجووڵێنەوە.

– تێنەگەیشتم، قسەکەت ئاشکراتربکە.

– باشە، لادێ کێی تیایە؟

– جووتیار، جووتیارێکی زۆروزەبەندە کە لە چواربەش سێبەشی دانیشتووانی هەموو وڵاتەکەن.

– جوانە، کێیتریشی تیایە؟

– مەئموورینی میری، بە مامۆستا و موضەمید و کاتب و مودیری ناحیە و قائیممەقام و خەڵقیترەوە.

– ئەگەر هات و ئەم خوێندەوارانە، ئەم مەئموورانە، کە لە لادێییەکان پێشکەوتووترن، تێکەڵاوییەکی تەواویان لەگەڵ ئەهالییەکەدا پەیاکرد و ئیشوکاریان باش بردبەڕێوە و ڕێگای باشیان پیشان‌دان، ئایا لادێ پێش‌ئەکەوێ یا نە؟ بەتایبەتی کەم دێ هەیە کە قوتابخانەی تیانەبێ.

– باشە، ئەمە ڕاستە، ئەی شار؟

– شار.. لە شارا کەم ماڵ هەیە خوێندەوارێک یان دووانی تیانەبێت، ئەگەر –هیچ نەبێ– هەر خوێندەوارە خەریکی گەیاندن و ئاڕاستەکردن و پێگەیاندنی ماڵەکەی خۆی و هاوڕێکانی خۆی بێت، ئەوا لە ماوەیەکی زۆر کەما نەزانین بارئەکا لەم وڵاتە.

– بارئەکا، قسەیەکی عیلمی نییە، بڵێ ئەنێژرێ.

– بەڵێ، ڕاستە ئەنێژرێت.

– تۆ هەر تێت‌نەگەیاندم بەتەواوی چی ئەنووسیت؟

– هەندێ نارێکیی بچووکی کۆمەڵایەتی، نارێکییەکی ساکار، کردوومن بە چەند چیرۆکێکی بچووکی تەمسیل، چونکە من وای بەباش ئەزانم کە لەم ڕێیەوە دەستەبەرەی خۆم پێشکەش‌بکەم.

– ڕێگایەکی جوانە، بەتایبەتی خەڵقی خوێندەوار بن یان نەخوێندەوار، حەز لە تەمسیل و لە چیرۆک ئەکەن.. هەندێکیانم بۆ ناخوێنیتەوە؟

– هەموویانت بۆ ئەخوێنمەوە.. گوێبگرە.

فەسڵی دووەم

**نەخۆشی**

حەسەن: مەرحەبا نەریمان.

نەریمان: مەرحەبا قوربان.

- چییە بۆ وا پەست و ڕووگرژی و چی قەوماوە، برا؟

- دوور لە ئێوە، حەمەی خزمەتکارت لەگەڵ گوڵچینی خوشکیا سیێبەڕۆیانە، کەوتوون لەماڵەوە، ناڵەیەکیان لە عەرزە و ئەوی‌تریان لە ئاسمان! بەخوا بڕواناکەم حەمە بژی، حەسەن ئەفەندی.

- کێ ئەڵێ سیێبەڕۆیانە، چۆنت زانی؟

- وەڵڵا باجی ڕەحمەی نەنکی قالەبووز وای بە دایکی مناڵەکان وتووە.

- ئەی دوکتۆر؟ ئەی نەخۆشخانە، نەریمان؟

- هیچ قوربان، باجی ڕەحمە ئەڵێ ئەوان لە سیێبەڕۆ چووزانن؟

- کوڕە هەڵسە، بەڵام دا لە باجی ڕەحمە. هەڵسە خێرا مناڵەکانت بەرە بۆ نەخۆشخانە، یان دوکتوریێکیان بهێنە سەر، هەڵسە.

- ئاخر دایکی مناڵەکان نایەڵێ، ئەڵێ ئیتیقاتم بە دوکتۆر و حەب نییە.

- ئەی تۆ پیاوی چیت، نەریمان؟ ئەی تۆ ئیشت چییە لە ماڵەکەتا؟ ئەی تۆ ئیتیقات پێیانە، یان نەء؟

- وەڵڵا قوربان نەخۆشخانە و دوکتۆر خراپ‌نین، بەڕاستی هەتا ئێستا خزمەتێکی زۆری خەڵقییان کردووە، خەڵقێکی زۆریان چاککردۆتەوە، بەڵام..

- بەڵام و مەڵامی ناوێ، هەتا مناڵەکانت نەمردوون، خێرا بۆ لای دوکتۆر.

- بۆ نەخۆشخانە، هەر ئێستا خێرا خێرا، نەوەستی.

- باوکم، بەخوا ڕاستئەکەی، هەر ئێستا ئەیانبەم. وەڵڵا بشمرن ئەبێ لە نەخۆشخانە و لە بەردەستی دوکتۆرا بمرن..

## فەسڵی سێیەم

### لۆمەکردن

ئەحمەد: تووخوا عەزیز ئەمە حاڵە، ئەمە وەزعە؟ چاوت لەم هەموو قوڕولیتەیە بێت.. شاران ئەڵێی گوڵن، ئینسان هەر حەزئەکات بەسەر جادەکانیا بڕوات.

حەسەن: مەبەست چییە؟ ئەتەوێ بڵێی چی؟

– بڵێم چی؟ ئەو قسەیە ئەکەم کە هەموو یەکێک ئەیکات، ئەگەر شارەوانی ئیش‌وکاری خۆی باش ببردایەبەڕێوە، ئەم هەموو قوڕولیتەیە بۆ لە زستانا ئەبوو. بۆ لە هاوینا شار بێ‌ئاو ئەبوو؟ بۆ کارەباکەمان وا کز و بێ‌تین ئەبوو؟

– شارەوانی چی بکات، جادەی بۆ قیرتاونەکردوویت، مەکینەی کارەبای نەکڕیوە، بۆریەی ئاوی ڕانەکێشاوە؟

– بەڵێ، ئەمانەی کردووە، بەڵام تەواونین، قیرتاو بە چی ئەچێ، کە هات و هەموو ڕێگاوبانەکان بە تاقە نمێک باران بوون بە قوڕ؟

– ئەم قوڕە شارەوانی هێناویەتی، بە دەسی ئەنقەس بیکاتە ناو ڕێگاوبانەکانەوە؟ شارەوانی حەزئەکات ئاو و کارەبا نەبێت؟ قوڕی سەر جادەکان، هیی ماڵی من و تۆیە کە بە بەرد فەڕش‌نەکراون، قوڕی قەراغ شارە کە کاروان ئەیهێنێتە ناوشار، قوڕی کۆڵانە بچووکەکانی بەردەمی ماڵی من و تۆیە کە دڵمان نایەت لە شتێک ببوورین و چەوڕێژی‌بکەین.. بەڵام خێراین بۆ لۆمەکردن!

– گوایە موبارەکم‌نەکرد شار شارەوانیی تیابوو، من بەردەمی ماڵی خۆم چەوڕێژبکەم؟ حەییا حەییا، بەزیادنەبێ ئاوا!

– من ناڵێم بە تاقی تەنیا تۆ بیکە! تووڕەش‌مەبە، ڕاوەستە! توو قەبری باوکت، ئەگەر ڕاستم پێ‌نەڵێی؟ ئایا بە هەموو دانیشتووانی گەڕەکەکە، هەر کەس بەقەد حاڵ، ئەگەر شتێک کۆبکرێتەوە، کۆڵانەکەی پێ چەوڕێژناکرێت؟

– بەڵێ، ئەکرێت!

– ئیتر بۆچی لۆمەی شارەوانی ئەکەی؟ بۆ هەموو شتێکت هەر لەم ئەوێت؟ شارەوانی سکە لێ‌ئەدات، یان خەزنەی دۆزیوەتەوە؟ بێ‌گومان‌بە کە شارەوانی، بەبێ یارمەتیی دانیشتووانی شارەکە، هیچی پێ‌ناکرێت! لەجیاتیی لۆمەکردن، یارمەتیی‌بدەن، دەستی بگرن! زبڵ فڕێ‌ئەدەنە ناو کۆڵانەکانەوە.. مناڵەکانتان پیسایی لەبەر دەرگاکانتانا ئەکەن.. ئاو و چڵکاوی تێ‌ئەڕێژن.. کە ئەمانەش بوونە هۆی پیسیی شارەکە و بەو هۆیەوە نەخۆشی بڵاوبووەوە، ئینجا هاوارئەکەن– شارەوانی هیچمان بۆ ناکات! کورە نەختێ ئینصاف! شارەوانی ئەو دار و نەمامانەی لەسەر جادەکان ڕووان، کوان چییان لێ‌هات؟ کێ مرانیی، کێ هەڵیکێشان؟ مناڵی من و تۆ و عەلی و ڕەسووڵ! بەسە لۆمەکردن! نەختێ تەمێکردن! نەختێ یارمەتی، لە ڕێی خۆت و ماڵ و مناڵ و شارەکەتا..

## فەسڵی چوارەم

### ژینی لادێ

حەمە: باوە، ژنم تەوێ، بەو قورحانە گەورەیە، ژنم تەوێ!

باوک: کورڕم، ژنت وەچی بۆ بێرم؟ بیم وەسیاقەت، چیمان هەس ناشوکری نەوێ، حەمەکە!

– حەقم نییە پێوە! بەو قورحانە ئەمتەوێ.. خۆت بەڵێنت پێنەداگم کە ئامەی مامفەرەجم بۆ بێری؟

– ئاخر گران داوائەکەن، بیست دیناریان هەر دینار تەوێ!

– خاسە، بیست دینار وە سەلەم لە حاجی عەزیز وەربگرە! ئیتر پەڵپی چی ئەگری، باوە؟ ئەی من وە شەو و ڕۆژ فرمانناکەم، ئەی ناشەکێمەوە، ئەی جووتناکەم، درەوناکەم، سەرەڕای بێگاری! ئەی ئەم کارکردنی منە، چیی لێتێ، باوە؟

– ئەی ڕۆڵە وە چی ئەژین؟ ئەی ئەم حەمکە چتە وە چی ئەخۆین؟

– کام حەمکە چت؟ نان و دۆ پێی یەژن حەمکە چت؟ کورڕە وەو قورحانە ژنم تەوێ عەلەنعەجەلە! حەی ئەوە ژیانە، باوە؟

– ئاخر حەمەکە پارەی فرمانکردنەکەمان ئەدەین وە حەقە پارەی پیرار و بەسرپێرار کە لە حاجی عەزیز و لە ئاغامان سەندگە..

– ئێمە هەمووی ١٠ دینار پارەمان لێسەندگن، لەیەل هەندێ چیتۆکە و شەکر و چاییدا. ئەوە چەند ساڵە ئەمە هەر خەلاس نەوو؟ چییە، باوە ئەزێتۆ؟!

– ئێستا بۆ دەنگم دەرتێری، حەمە؟ ئەم ژنهێنانەت لە چی، ئێستا کەی وەختییەس؟

– ئەی کەی وەختییەس، کە ڕیشم چەرمگ وو؟ کورڕە وە قورحان ئەمتەوێ! ٢٠ دینارەکە وە سەلەم وەرئەگرین و بڕاوە.. خۆ ئێمە هەر قەرزارین، با نۆش لەسەر دەیەی وێت؟

– ئەی چی لە سوورانەی ئاغا ئەکەیت، حەمە! بێژێ ٢٠ دیناری شینم تەوێ!

– ئەی بەردی لێوارێ؟ ٢٠ دینار وەو کەمییە؟ بۆچی من کەنیشکی ئەو ئەخوازم، یا ئامەی مامفەرەج، باوە؟

– کورڕە ئەوە ڕەسم و نەریتە و لە باوباپیرانمانۆ بۆمان ماوەسۆ، عاقڵ! گەورەمانە، گەورە!

– ئەی خوا ڕەسم و نەریتی وا بووڕێ، ئەوە پێی‌یێژن ڕووتکردنەوە! ئەی خوا ئەو گەورانە بووڕێ کە بچووکی خۆیان ڕووت‌ئەکەن و من حکوومەت وە گەورە ئەناسم و کەسی‌تر.. ئاخر بۆیە شار خاسە، چونکە ئەو گەورانەی تیانییە! بەخوا باوە، من لێرە بەنگناووم، هەر ئێستا ئەچم بۆ شار و سەری خۆم هەڵئەگرم و نایەم هەتا تووی سوورانە و سەلەم و سوو لەم کاولبووە هەڵئەگیرێ.. وە دوعا باوە، وە دوعا!

– (بەو پیرییە ئەگری) کوڕە نەڕۆی باوکەکەم، حەمە گیان. کوڕە نەڕۆی ڕۆڵە، ئێرەش خاس ئەوێ! مەڕۆ، حەمەکە مەڕۆ! ئەی خوا ئەمە هەڵنەگری!

## فەسڵی پێنجەم

### ئارەزووی بێ‌مەعنا

هیوا: کاک برایم، بە قوربان تۆزێ ڕادیۆکەتان نزم‌بکەرەوە.

برایم: نزمی‌ناکەمەوە، بۆچی نزمی‌بکەمەوە؟ من لە ماڵی خۆما دانیشتووم، بە ئارەزووی خۆم هەرچییەک بکەم، ئەیکەم! بەخوا سەیرە!

– کاکی خۆم، لە ماڵی خۆتا دانیشتوویت، بەڵام نەخۆشمان هەیە، نەخۆش!

– کەیفی خۆتە! من نەخۆشم نییە! حەز لە ڕادیۆ ئەکەم.

– برام شتێک هەیە، پێی‌ئەوترێ ئەجری دراوسێتی.. زانیمان هەموو سیفەتێکی باش لەناو خەڵقییا باری‌کردووە.. بەڵام تۆزێ ئینسانییەت!

– بۆچی خوانەخواستە چ نائینسانییەتێکم دەربارە کردوون؟ لە ماڵی خۆما دانیشتووم، ڕادیو لێ‌ئەدەم.

– ئاخر دەنگی ڕادیۆکە زۆر بەرزە، تۆزێ نزمی‌بکەرەوە، ڕادیو بۆ ئەوە دروست‌نەکراوە گەڕەکەماڵێکی پێ هەراسان‌بکەیت، بۆ خۆتی بکەرەوە!

– قانوون مەنعی ئەوە ناکات، من چی لە ڕادیۆکەی خۆم بکەم، لێی‌بکەم!

– ئاخر قانون ڕێگای ئەوەش نادات بە هیچ جۆرێک عەزیتی خەڵقی بدەیت.. جگە لەوە، ئەم مەحکەمە و مەحکەمەکارییەی بۆ چییە؟ بە ئینسانییەت، بە دۆستایەتی، بە دراوسێیەتی، تۆزێ دەنگەکەی نزم‌بکەرەوە، لەبەر نەخۆشەکەمان!

– نەخۆش، نەخۆش.. وەڵڵا چونکە وات کرد، دنیا بڕووخێت. نزمی‌ناکەمەوە.. دە بڕۆ دەی..

– کوڕە تۆزی زەوق و پیاوەتیت بێت، ناپیاوی تازە دەوڵەمەند! تازە پیاکەوتوو، کوڕە نەدیوبدی! هەی بێشەرم. شەرتبێ بە شەرتی پیاوەتی، بەسەرتەوە نەچێ.

## فەسڵی شەشەم

### ژنی نەزان

پیاو: ئەوە کوا نازەنین، ئافرەت؟

ژن: لە دەرەوە بۆ خۆی یاریئەکات، دایکی بەساقەی بێت!

– کچێ، یاری مەعنای چی؟ هەزار جارم پێوتی با نەچێتە دەرەوە! مەیەڵە خۆڵەپەتانێبکا، مەیەڵە بچێتە سەرجادە، ئەبێ بەژێر ئوتوموبیلێکەوە! کچێ ئافرەت، نەختێ عەقڵتبێ! ئەو منداڵە بۆ ئەکەی بە خوێڕیی ناوکۆلانان؟

– حەی حەی، ئەمە چییە ئەمڕۆ ئاگرت لێئەبێتەوە؟ پەنام بە تۆ خوایە.. بۆ خۆت ئاگات لە منالّی خۆت نابێت؟ چییان لێبکەم.. بۆچی مریشکن قاچیان ببەستمەوە، یان بیانخەمە ناوکۆلانەکان؟ ئەی منالّ یارێناکات!

– منالّ یاریئەکا، بەلام لەناو تۆزوخۆلّ و قوڕا نا، منالّ ئەچێتە دەرەوە، بەلام بەتەنیا نا.. کچێ هەزار جارم پێوتی– با بیخەمە مەکتەبەوە، وا حەوت سالانە!

– ئەی بەزیادنەبێ ئاوا! ئەمە ئەتەوێ ئەم باسەم لەگەلا بکەیتەوە، بۆیە وا خۆتت لێتووڕەکردووم.. بەو قورعانە دووپێی ناچێتە مەکتەب، خەیالّت خاوە!

– بەو قورعانەی تۆ سوێندی پێئەخۆی، سبەینێ ئەیبەم و ناوی ئەنووسم.. هیچ نەبێ لە کۆلانان دوورئەکەویتەوە.

– بەخوا دووپێی ناچێتە مەکتەب، کچ و خوێندنیان کەی وتووە؟ بەزیادنەبێ!

– ئەی ئەم هەموو کچانە چین ئەخوێنن؟ کچێ بۆ ئینکاری ڕاستی ئەکەی؟

– ئینکاری ڕاستی ناکەم.. بەلام ئەو کچانەی چوونەتە مەکتەب، لەپەنای خوادا بن، چی فێربوون؟ چییان کردووە بۆ کەسوکاریان؟

– چۆن چی فێربوون؟ ئەی هەموو فێری خوێندن و نووسین نەبوون، ئەی وێلّ و ئوسوولّیان فێرنەکراوە؟ ئەی نەبوون بە مەعلیم و بە دوکتۆر و ئەوقات و موهەندیس؟ ئیتر ئەتەوێ چی فێربن؟

– ماشەڵڵا لەو فێربوون و وێڵ و ئوسووڵە! ئیف.. ئیف.. ئیف! تووخوا ئەوە وێڵ و ئوسووڵە ئەو کراسە کورتانە لەبەرئەکەن! پەچە فڕێئەدەن، هەموو ڕۆژێک مۆدەیەکی تازە کە داهات، ئەمان پەڵپ لە کەسوکاریان بگرن؟ وێڵ و ئووسووڵ فێربوون، سینەما چوونە؟

– ئەی کراسی چی لەبەرکەن؟ ئاودامان.. وەکوو ئەم کراس و کەوایەی تۆ، بەشی سێ دەست جل پارە و قوماشی بردووە، یان وەکوو سەرەباتمانییەکەت، کە بە شەش سەعات هەر لە بەستنی نابیتەوە.. بۆ نەچن بۆ سینەما ئافرەت، تا چاویانبکرێتەوە و بزانن ئەم دنیایەی تیایا ئەژین، چییە و چۆنە! ئەی بچن بۆ ماڵان و بۆ تەعزییەکان، بۆ غیبەتکردنی دەروداروسێ و خەڵقی؟ ئاخر دایکی وەکوو تۆ وا لەناو ئەم کۆمەڵەدا، بۆیە ژیانی خێزانیمان ئەمەندە چەوت و نالەبارە..

– ئەوە بە کێ ئەڵێی؟ بەزیای خێرم نەکرد. ئینجا بۆ ژنێکی مۆدەی خوێندەوار بۆ خۆت ناهێنی.. پەڵپ و بیانووی چیم پێئەگریت؟ کەس ڕێگای لێگرتوویت؟

– ئاخر بە ژنهێنانی خوێندەوار مەسەلە چارەسەرناکرێت.. چارەسەر ئەوەیە هەر کەسە کێی نەزانی هەیە، فێری خوێندەواریی کات.. ڕێگای پیشان دا و ئاڕاستەیکات..

– بۆچی ئێمە کوێرین، ڕێگامان پیشانبەن؟

– ئینسانی نەخوێندەوار لە کوێر خراپترە.. لەبەرئەوە سبەینی نازەنین ئەبەم بۆ مەکتەب.. تۆش لە ئەمڕۆوە دەرست پێئەوترێ و شتت فێرئەکرێ!

– چی، چی؟ بەزیادی خێرم نەکرد.. ڕازی و زازی و دەرزیم فێرئەکەی، یان دوو کەڕەت دوو؟

– بە سەری باوکت، هەموو شتێکت فێرئەکەم، بە زۆر بێت یان بە خۆشی.. ئەبێ لە ماوەی ساڵێکا ببیت بە خوێندەوار.. هەموو ڕۆژێک دوو سەعات.

– کچێ خۆت چی لێئەکەی، لیێبکە. بەڵام نەیەی بەلای منەوە. ئەوا پێموتی.. بەزیای خێرم نەکرد.. تازە ئەمکاتەوە بە نوونوولانە.

– ئەم قسانە هەمووی پوولێک ئەهێنێ.. فێربوونی تۆ بەکەڵکترە لە فێربوونی نازەنین.. ئەبێ لە دایکانەوە دەستی بدەینێ..

– شەکرت خوارد، ئەو سیرە لە سمێڵی من مەسوو!

- تازە سووم و بڕایەوە، بڕیاری تەواوی ئەوەیە کە ئەبێ فێربێت، بنووسی و بخوێنیتەوە.. ئەبێ لە هەموو شتێک بگەی، کەوا لەناو ئەم دنیایەی تیایا ئەژین.

- بۆ نامانکەی بە پەنگی گەڕەکەکە و حەیامانبەری!

- حەیامان بۆچی ئەچێت؟ ئەگەر ڕاستت ئەوێ، فێربوون ئەوپەڕی حەیا و حیشمەتە.

- خەڵقی چیمان پێئەڵێن، باجی ئایشێ و پوورە هەمین ببیەن من دەرسئەخوێنم؟

- باجی ئایشێ و پوورە هەمین سەربکەن بەم ماڵەدا، سەریان ئەتاشم.. پێغەمبەر فەرمویەتی: عیلم ئەگەر لە چینیشا بوو، شوێنیبکەوە و فێریببە.

- پیاوەکە لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە و لەسەر ئەم مەسەلەیە مەڕۆ!

- بە قەبری باوکی ڕەحمەتیت، ئەم کەلە کەلی ڕەحمانە، نەک کەلی شەیتان. ئەوی نایەوێ فێربێت، ئەوی ئەیەوێ بە نەزانی بمرێت، ئەو وا لە کەلی شەیتانا.

- ئێستا چیت ئەوێ، بۆ وازم لێناهێنی؟

- لە سبەینێوە نازەنین ئەخەینە مەکتەب، لە ئەمشەویشەوە تۆ دەستئەکەی بە فێربوون.. لە ماوەی تاقەساڵێکا، ئەبی بە ئینسانێکی خوێندەواری شتزان، ئەبی بە ژنێکیتر..

- ئینجا ئەمە قازانجی چییە، پیاوەکە؟

- قازانجی ئەوەیە بنەماڵەکەمان لەسەر بناغەیەکی پتەوی خوێندەواری دائەمەزرێ، خێوی نەزانین و ئاشووب و ناکۆکی لەم ماڵە دەرئەپەڕێ و ڕائەکات.

- ئەی خەڵقی بۆچی وەکوو تۆ ناکەن؟

- کە خەڵقی پێشڕەوی باشیان دی، کە چاویان پێکەوت ئێمە لەم کارەمانا سەرکەوتین، ئەوانیش پەیڕەویمان ئەکەن، شوێنمانئەکەون.

- سابیرم بە بەش و کەرەمت خوایە! باشە پیاوەکە چۆنت ئەوێ وا ئەکەین.

- سەرەتای هەموو کارێکی پڕخێر، تێگەیشتن و بڕیاردان و کارکردنە.. پیسترین نارێکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیمانا نەزانینە، ئەو نەزانینەی بۆتە هۆی دەرکنەکردن، بۆتە پەردەیەکی تاریک ڕووناکی لێداپۆشیوین، ئەو نەزانینەی بۆتە پێوەند و چۆتە مێشکمانەوە، چۆتە پێمانەوە و نایەڵی هەنگاوبنێن.. پێویستە بە من و تۆ، بە پیاو و بە ژن، بە پیر و بە گەنج، پەلاماریبدەین، بیچڕێنین، هەلاهەلایبکەین، لە ڕێی پێشکەوتنا.. هەمیشە بۆ پێشەوە، بۆ کامەرانی.

# نامۆژگاریی میکرۆفۆن*

چیرۆکی یەکەم

**ناپاکی**

بەهیە: ئەها پیاوەکە، بیکە بە خاتری خوا و پێغەمبەر، لەبەر خاتری من ئەبێ ئەم هیلاکییە قبووڵبکەیت.

مێرد: ئافرەت، من مەجبوورنیم خزمی تۆ بەخێوبکەم، من مەجبوورنیم شارەوشاریان لە ڕێدا بکەم.

بەهیە: ئەزانم، قسەکانت ڕاستن، بەڵام هەر چاکە چاکە.

مێرد: ئەم چاکەیە بوو بە چی بەهیە؟ ئەو هەموو ساڵە بەخێومانکرد و پێمانگەیاند و دامان بەشوو، کەچی نە لایەکی لێکردینەوە و نە هەواڵێکی پرسین؛ بێسیفەتە، بێسیفەت و ناپاک.

بەهیە: قەیناکا تووخوا. ئێمە نابێ بەپێی عەقڵی بێعاقڵ و کەمئیدراک بجووڵێینەوە، لێیقەماوە پیاوەکە.

مێرد: ئێ لێیقەوماوە من چی بکەم؟ بەخوا سەیرە، خەتای منە بەهیەخان؟

بەهیە: خۆ من ناڵێم خەتای تۆیە، بەڵام گوناهە و بێکەس و بێدەر، لەم دنیایەدا هەر منی هەم، منیش تۆ.

مێرد: ئێستا چیت ئەوێت و ئەوەندە لەسەری مەڕۆ؟

بەهیە: عەمرەکەم نەمێنێ، بەو هەموو گەنجییەوە و بەو کۆشە مناڵەوە و لەو غەریبییەدا لێیقەوما و مێردی کوژرا و مایەوە بێکەس و بێدەرەتان.

مێرد: باشە لەسەی مەڕۆ، ئێستا چیت ئەوێت لە من؟

بەهیە: بچۆ بەشوێنیا و بیهێنەرەوە و خوا پارووییەک نانی داوینەتێ، بەیەکەوە ئەیخۆین، پیاوەکە.

---

* کەمال ڕەئووف محەممەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٤٢٦-٤٢٩.

مێرد: باشە ئافرەت، لەسەری مەڕۆ، سبەینێ بەیانی ئەچم بەشوێنیا و ئەیهێنمەوە.

(پشوویێ مۆسیقا)

میکرۆفۆن: (قاقای پێکەنین) ئای لەم دنیایە کە سەیرە و لەم خەڵقە هەریەکە بە نەوعێکە، ئەزانن خەڵقە بە چی پێئەکەنم؟ بێگومان نەء، چونکە مەسەلە پێکەنینی ناوێ و پیاو ئەبێ دڵگیرببێت، چونکە ژنێک کە ناوی مەنیجە و خزمی بەهیەیە و لە ماڵی ئەما بەخێوکراوە و بەشوودراوە و لێینەپرسیوەتەوە؛ ئەڵێم ئەم مەنیجەیە مێردەکەی کوژراوە لە لادێ بە دەستی چەتە و ئەم ئافرەتە کۆستی کەوتووە و لەبەرئەوە بەهیەی بەسزمان بەزەییی پیایادێتەوە و وا مێردەکەی خۆی نارد بۆ ئەوەی بیهێنێتەوە. بێگومان ئەمە کارێکی جوان و ئینسانییەت و خزمایەتییەکی تەواوە، ئیتر پێکەنین بۆ؟ ئەتانەوێ بزانن؟ دە گوێبگرن.

پیاو: ئێی مەنیج، کەواتە بەم نەوعە خوالێخۆشبوو کوژرا؟

مەنیج: ئەڕی وەڵڵا کاکە، چۆنم بۆ گێڕایتەوە وایە.

مێرد: گوێمەدەرێ، دەی چی بکەین، تازە ئەوی قەوما ناگەڕێتەوە.

مەنیج: بە قوربانی خوا بم. کەی من ئێستا وەختی ئەمەم بوو، تووخوا کاکە گیان. ئێستا من چی بکەم؟ قوڕی کوێ بکەم بە سەرما؟

مێرد: پێویست بە تەئەسور ناکات. کار نییە خوا چاکینەکات، خوا پاروویەک نانی یاوینەتێ، گوێمەدەرێ.

مەنیج: تووخوا پوورە بەهیەم چۆنە.

مێرد: چاکە، بەخوا بە شەو و ڕۆژ هەر فکری لای تۆیە.

مەنیج: خوا خۆشیکات یا خوا، ئەوە تووخوا هیچ....

مێرد: دە تەواویکە با بزانم، خەریکبووی بڵێی چی؟

مەنیج: هیچ، هەروا..

مێرد: هەروا و هیچ، چی بە قورعان ئەیڵێیت؟

مەنیج: ئەڵێم -عەیبنەبێ- هیچ بەڕێوەنییە.

مێرد: نەوەڵڵا، تازە چی بەڕێوەبێت.

مەنیج: ئەی عەمرەکەم نەمێنێ، بەخوا لام وایە لە پوورمەوەیە، ئەگینا تۆ بڕواناکەم..

مێرد: ئیتر بڵێم چی قیسمەتە.

مەنیج: تووخوا تۆ بەم هەموو شۆخی و جوانییەوە، چ خوا.....

مێرد: بڵێم چی؟ چی بکەم؟ هەڵبەتە خوا وای بڕیوەتەوە.

مەنیج: بە قوربانی خوا بم. ئەڵێم ئەوە نەختێ پارە و شتومەکم هەیە، ئەمەوێ بتدەمێ.

مێرد: پارە و شتی چی؟ من چۆن قبووڵیئەکەم؟ بۆ چیمە؟

مەنیج: چۆن بۆ چیتە؟ بەخوا ئەبێ بتەوێ، حەزئەکەی ژنێکی جوانی پێبێنە و لەبەر مەسەلەی مناڵ....

مێرد: مەنیج بەڕاستی تۆ ئافرەتێکی باشی. من وات تێنەگەیشتم.

مەنیج: بەخوا بەخوا ڕۆحی خۆشمت بدەمێ، هێشتا موستەحەقی زیاتریت، خۆشمئەوێیت.

مێرد: خوا خۆشتکات.

مەنیج: ئەوە تۆ دووقسەی خۆش نازانی؟

(پێئەکەنێ)

مێرد: چووزانم، وەکوو گیانەکەم و ڕۆحەکەم و شتی وا....

مێرد: ئەوە ئەڵێی چی، مەنیج؟

مەنیج: چۆن بڵێم چی؟ ئەڵێم مادام پوورم مناڵی نابێ، ژنبهێنە.

مێرد: ئینجا کێ بهێنم.

مەنیج: من، من شووت پێئەکەم. من خۆشمئەوێیت، من هەموو ماڵوحاڵی خۆمت ئەدەمێ.

مێرد: چۆن؟ تۆ منت خۆشئەوێت؟ شووم پێئەکەی؟

مەنیج: ئەری وەڵلا، هەر کە گەڕاینەوە شار بمهێنە.

مێرد: ڕاستئەکەی، باشە، بێنە ماچێ گیانە شیرینەکەم.

میکرۆفۆن: (قاقای پێکەنین) ئەوە ئا بەمە پێکەنیم خەڵقە، تووخوا ئەمە ڕەوای پیاوەتی و خزمایەتی و ئینسانییەتە! تووخوا ئەمە ڕەوای حەقە! ناپاکی لەمە زیاتر. دادەڵێ مەنیجخانی جادووباز، هێشتا خوێنی مێردەکەت وشکنەبۆتەوە، تۆ مێردت دۆزییەوە و شووتکرد. هەی بە پەندی پسات بیت! تووخوا شەرمتنەکرد مێردی پوورەکەی خۆتت داگیرکرد؛ تەریقنەبوویتەوە، چاکەکانی، قسە خۆشەکانی، بەخێوکردنەکەیت لەچاو نەگیرا، هەی نمەک بە حەرام؟ ئەی تۆ پیاوی موحتەرەم، چۆنت دڵت هێنای ژن بەسەر ئەو ژنە بەسزمانە هەژارەت بهێنی؟ لە خوا، لە ویژدان، نەترسای، هەی بێئابڕوو، ئەو ئافرەتە بەسزمانەت ڕەهەندەی ماڵان کرد، بەبێ سووچ و گوناهـ؟! چۆن بێزت هات میراتی کوژراو لەبەربکەی، ناپیاو؟ چۆن دڵت هێنا ژنێک بهێنی کە بەقا و وەفای بۆ ئەو پیاوە نەبوو کە حەو سکی لێکرد و لە ڕێی ئەوا کوژرا؟ ئەی داڕزێن هەردووکتان. ئەی ئۆباڵی ئەو ئافرەتە بەسزمانە بێتە گەردنتان، وەکوو تەوقی عەزازیل، وەکوو مارەکەی شێخ هۆمەر. تووخوا خەڵقە وابوو ئەم دووانە ئەم کارە ناڕەوا بێویژدانییە بکەن؟ بێگومان نەء. بەڵام کوا حەقناس؟ حەق حەقی کێیە؟ ئەی بەڵام دا لەوانەی حەقنەناسن، لەوانەی لەسەر حەق ناڕۆن، لەوانەی لە حەق لائەدەن لە ڕێی سوودی خۆیانا، بەڵا بۆ ناپاکەکان. حەق حەقی بەشخوراوە. منم میکرۆفۆن (قاقای پێکەنین) شەرتبێ هەر پشتی داماوان و لێقەوماوان بگرم، شەرتبێ هەر حەق بدەمە دەست خاوەنحەق، منم میکرۆفۆن.

(پشوویێ مۆسیقا)

## چیرۆکی دووەم

### هێوەرژن

هەیبەت: ئەرێ ڕەحمە، ئێمە بۆچی ئەم حاڵە قبووڵبکەین؟

ڕەحمە: چی بکەین؟ بە قوربانی خوا بم. بەخوا منیش دایکم وەختە دڵم شەقبەرێت.

هەیبەت: ئینجا کە وایە، بۆچی بە حەسەنی مێردت ناڵێی، خۆ ئەو لەکن خۆی براگەورەیە و..

ڕەحمە: ئینجا من ئەوێرم باسی ڕووناکی لەگەڵا بکەم. حەو، بەخوا نیگای لە ئاسمانەوە بۆ بێتە خوارەوە کە ڕووناک ژنێکی باشنییە، یان

بەربەرەکانیمان‌ئەکات، یان شتی ئەم ماڵە بە فیڕۆئەدات، بڕواناکات و قسە هەر قسەی ڕووناکە.

هەیبەت: ئەوە بۆ نەگبەتی مەجیدیش هەر وایە و هەزار قسە دەربارەی ڕووناک بکەم، گوێم‌ناداتێ و ئەڵێ ئێوە هێوەرژنن و لە هەوێ و خەسووش خراپترن.

ڕەحمە: یا خوا بەزیادم‌نەکرد ئاوا. ئینجا ئەمە وائەبێ؟ مێردەکەی خۆشی خۆشی‌بوێ و مێردەکانی ئێمەش و هەموو ئەم خەڵقەی کە یەشنە ئێرە؟

هەیبەت: هەر کەسێک یەتە ئێرە، سوێن بە سەری ڕووناک‌خان ئەخوا.

ڕەحمە: ئەی ئەو هەموو جلە، بەشی بیست ساڵی‌تر هەر جلی هەیە.

هەیبەت: سەرەڕای ئەوەش، هەر ئاڵتوونی‌تر و هەر جلی‌تر ئەکا و هەموو ڕۆژێک دەستێک ئەگۆڕێ.

ڕەحمە: هەتا یەتیش هەر جوانترئەبێت.

هەیبەت: ئێستا ئێمە چاڵێکی بۆ هەڵنەکەنین، ڕەحمە؟

ڕەحمە: ئەبێ شتێکی هەر لێ‌بکەین.

هەیبەت: ئەزانی چی بکەین، ڕەحمە گیان؟

ڕەحمە: چی؟ دە بڵێ، با بزانم؟

هەیبەت: بوختانی بۆ ئەکەین.

ڕەحمە: چۆن؟ بڵێین چی؟

هەیبەت: ئەڵێین بە چاوی خۆمان دیمان حەزی لە سەعۆل کردووە و قسەی لەگەڵا ئەکرد.

ڕەحمە: کەس بڕوا بەمە ناکات، نە برایمی مێردی و نە مێردەکانی ئێمە و نە هیچ کەسێکی‌تریش، چونکە هەموو کەسێک کە ڕۆژێک ڕووناکی ناسیبێت، ئەزانێ کە مێردەکەی خۆیی خۆش‌ئەوێ و پاکە و بەلای هیچ شتێکی ناشیرینا ناڕوات.

هەیبەت: ئەی گوایە ئێستا هیچ نەکەین و ڕووناک بۆ خۆی هەر لەسەر تەڕی بخوا و لە وشکی لێی‌بنوێت و ئێمەیش بەم وەزعە بین؟

ڕەحمە: نەء، حەزئەکەی زەهری بۆ بکەینە ناو شتێکەوە و بیدەینێ، کە خواردییەوە بۆ خۆی ئەمرێت.

هەیبەت: بەخوا دایکم من ئەمەیان ناکەم، وەڵڵا.

ڕەحمە: کەواتە هاتووی قسە لە من دەرئەهێنی، هەیبەت؟ ئەوە بۆیە کە چاوت پێیئەکەوێ، ئەگەشێیتەوە.

هەیبەت: من؟ ئۆ ئەگەر بگەشێمەوە، خوا نەمگەشێنێتەوە. بەخوا بە کاسەی سەری تینووم، بەڵام ناوێرم ڕووبەڕوو هیچی پێبڵێم.

ڕەحمە: کەواتە کە برایمی مێردی ئەمڕۆ هاتەوە، مەسەلەی سەعۆلەی پێئەڵێین.

هەیبەت: باشە، تۆ پێی بڵێ، منیش بکە بە شایەت.

ڕەحمە: نەء، هەردووکمان بەیەکەوە پێیئەڵێین.

هەیبەت: باشە.

(پشوویێ مۆسیقا)

میکرۆفۆن: حەقی کێیە؟ (پێکەنین) ئەمە حاڵە؟ تووخوا خەڵقە ئەمە لە ماڵا تەحەمولبکرێت؟ ئەم بەغیلی و حەسوودییە بۆ؟ هەموو هەتانە هێوەرینە، هەموو مێردتان هەیە و ماڵ و ڕابواردن و خێر و خۆشی؟ بوختان و داونانەوە و بەندوباو و ماڵ لە خۆ و خەڵقی کردن بە دۆزەخ، بۆچی لە ڕێی چییا؟ ئایا کە ڕووناک دەرکرا، یان تەڵاقدرا، یان مرد، هیچ بە ئێوە ئەبڕێت؟ جگە لەوە، ئایا خوا و پێغەمبەر و ویژدان بەم کردەوانە ڕازین؟ کێ ئەڵێ سبەینێ کە -خوانەخواستە- شتێک قەوما، ئەم هێوەرانە تووشی هەزار بەڵا و دەردیسەری هێنان و بردن و حەپسکردن نابن؟ خەڵقە ئەم جۆرە کارانە ڕەوای حەق نین؟ وا برایم هاتەوە و هەردوو هێوەر بە ڕەنگی بزڕکاوەوە و بە پەشۆکاوی ڕوویان تێکرد، بیریان هەڵکەندووە بۆ ناشتنی حەق. بەڵام هەرگیز حەق نانێژرێ، چونکە هەرگیزاوهەرگیز هەر سەرکەوتووە و نامرێت.

ڕەحمە: (بە شڵەژاوییەوە) دە پێیبڵێ هەیبەت؟

برایم: چییە ئەوە؟ مقۆمقۆی چیتانە؟ ئەوە کوا ڕووناک؟

ڕەحمە: لە ماڵەوە نییە.

هەیبەت: دەمێکە ڕۆیشتووە.

ڕەحمە: پێشمان وت فایەێنەبوو.

هەیبەت: ڕاستئەکا، بەخوا بەکەرەم نەماوە.

ڕەحمە: ئەرێ وەڵڵا باوکم، تووخوا وانەبوو، هەیبەت؟

هەیبەت: بەرێ وەڵڵا.

برایم: چییە مەسەلە؟ ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟

ڕەحمە: هیچ ناڵێین؟

هەیبەت: بۆچی گوایە هیچ ناڵێین، بەزیادنەبێ. برایم وەکوو برامان وایە، گوایە فەرقی چییە، برای مێردەکانمان نییە؟

ڕەحمە: ئۆ خوایە پێمنەگرێت.

هەیبەت: بەخوا باوکم ئێمە حەقمان نییە بەسەرەوە.

برایم: کچێ عەیبناکەن، ئەوە بۆ پێمناڵێن چی قەوماوە؟ تۆراوە؟ شەڕتانبووە؟

ڕەحمە: خوانەکات، شەڕمان بۆ ئەبێت گوایە؟ دە پێیبڵێ هەیبەت، دەمت بۆ چووە کلیلە؟

هەیبەت: ئاخر ئەترسم دیسان برایم بڕوامان پێنەکات، یان -خوانەخواستە- شتێکی خراپ بکات؟

برایم: نەء، مەترسە و قسەبکە، هەیبەت.

ڕەحمە: باوکم بەخوا ئەمە چەند جارێکە سەعۆلە شووڵی لێهەڵکێشاوە.

هەیبەت: ئەی ڕووناکیش هەزار جارمان پێوتووە، کەچی هەر وازینەهێنا، هەر یاریی لەگەڵا ئەکرد و....

برایم: بێدەنگبە، زمانت بڕن.

ڕەحمە: ئەم نەڕەنەڕە بەسەر ئێمەدا بۆ ئەکەی، بەزیایی خێرم نەکرد ئاوا....

میکرۆفۆن: (قاقای پێکەنین) ئەی بەڵام لێدان، بێویژدانی بەغیلی حەسوودینە، بۆ خۆتان و پیلان و بوختانی پیستان.

ڕەحمە: ئەیەڕۆ خۆ میکرۆفۆنەکەیە.

هەیبەت: ئەوە؟ ئەی ماڵوێران خۆمان؟

میکرۆفۆن: (پێئەکەنێ) حەقی کێیە؟ کێ خاوەنحەقە؟ ئێوە یان ڕووناکی بەسزمان؟

برایم: باوکم کاکەی میکرۆفۆن -بۆ خاتری خوا- هەتا کەتنێکمنەکردووە و یەکێکم نەکوشتووە، ڕاستییەکەم پێبڵێ، چونکە بڕوام بە قسەی تۆیە.

میکرۆفۆن: کاکی خۆم، مەسەلە لە سەرەتاوە تا ئاخری، ئەوەیە سێچوار هێوەرژن لە ماڵێکا مومکین‌نییە هەڵکەن و بیر بۆ یەکتری هەڵنەکەنن و شتی خراپ بەیەکەوەنەنێن و بەغیلی بەیەک نەبەن.

برایم: چۆن؟ بۆ خاتری خوا، تێمبگەیێنە.

میکرۆفۆن: ژنی تۆ لەمان جوانترە و سەر و لەبز و قسە و کاروباری لەمان خۆشتر و رێکوپێکتر و عاقڵترە، لەبەرئەوە خەڵقی خۆشیان‌ئەوێ و ئەمانیش پێیان‌ناخۆشە، لەبەرئەوە درۆودەلەسەی بۆ هەڵئەبەستن و بەغیلیی پێ‌ئەبەن و بوختانی بۆ ئەکەن. ئەمەیە مەسەلە.

هەیبەت: نەخەڵەتابی قسەی وا بکەی، میکرۆفۆن.

ڕەحمە: گوایە بەزیای خێرم نەکرد، ئێمە درۆئەکەین و تۆ ڕاست‌ئەکەیت؟

میکرۆفۆن: ئەی، ئەرێ وەڵڵا ڕەحە جرپن و هەیبەتە جلفڕ، من ڕاست‌ئەکەم و حەق حەقی ڕووناکە و شەقیش‌بەرن، مێردەکەی هەر خۆشی‌ئەوێ و خەڵقی هەر خۆشیان‌ئەوێ و ئێوەش ئەبێ بە داخەوە بتەقێن. برایم ژنەکەت وا لە ماڵی باوکی و لە گوڵ پاکترە، هەتا زووە خانوویەک بگرە و ماڵ بۆ خۆت جیابکەرەوە، هەتا ماڵیان لێ‌تێک‌نەداوی. منم میکرۆفۆن، حەق نابێژرێ و هەر سەرکەوتووە و هەرگیز نامرێت، بە دوعا..

ڕەحمە: خوا حافیزت‌نەبێ.

میکرۆفۆن: تەڵاق میوانت‌بێ، ڕەحمەی هێوەر.

(پشوویێ مۆسیقا)[1]

(تەواو)

---

[1] چیرۆکی سێیەمی ئەم "ئامۆژگاریی میکرۆفۆن"ە، بە ناوی (حەقی کێیە؟)وەیە و ناوەرۆکەکەی هەمان ئەوەی "ئامۆژگاریی میکرۆفۆن: چیرۆکی یەکەم - کوێخا و پیرێژن"ە کە لە لاپەرە ٣٠٤دا دانراوە و تەنیا ناوەکانی دوو ئەکتەری سەرەکیی پیرێژن و غەفوور، کراون بە خورشە و سەعید، لەبەرئەوە پێویست نەبینرا پاتبکرێتەوە. (س)

## (٥٠)[١]

محەمەد: ئەوە چی ئەکەی مام ڕەسووڵ؟

ڕەسووڵ: قاشێک شووتی ئەکرِم لەو شووتییە جوانە.

محەمەد: نەکەی دەستم دامێنت! نەکەی توو ئەو قورئانە.

ڕەسووڵ: بۆچی؟ چی قەوماوە، محەمەد؟

محەمەد: دوورنییە مێشومەگەزی لێنیشتبێ، شیرینی کانگای نەخۆشی و میکرۆب هەڵهێنانە.

ڕەسووڵ: ئینجا چییە؟ ئەوی خوا نەیکات نابێ، کوڕم!

محەمەد: بەڵێ، ڕاستە و لەسەر سەرم، بەڵام خوا نەیفەرمووە بە دەستی ئەنقەس خۆت و ماڵ و منالت بکوژیت. دوورنییە لەو قاشە شووتییەوە، لە میوەی گەنیوەوە، لە کالەکی تەپیوەوە، هەمووتان تەسەمومبکەن، سەرگەردان و ماڵوێرانببن.

ڕەسووڵ: کەواتە لەمەودواوە میوە نەخۆین؟

محەمەد: شت نییە بەقەد میوە بەکەڵک بێت بۆ لەش، بۆ نایخۆی، بەڵام شووتییەکی پچووکی ساغ بکرە، لەجیاتیی نیو حۆقە ئێزرەم ببەرەوە و ترسی مردن لە ماڵ و منالەکەت دووربخەرەوە. زۆربێ و بۆربێ، پەشیمانیی لەدوایە.

جەلال: ئەرێ مامەکە! توو خوا ئەو پیاوەیان بۆچی گرت؟

پیاو: چونکە کەتانی سپیی پاکی نەداوە بەسەر ماستاوەکەیا!

جەلال: بۆچی ئەمەش زەرەری هەیە؟

پیاو: ئینجا زەرەر لەوە زیاترئەبێت؟! بە نەفامی خەڵق دوچاری نەخۆشی بکرێن. مێشومەگەز لەناوبردن، سەری شتومەک داپۆشین، پاکوتەمیزیی دەستی شتفرۆش ئەبێتە هۆی لەشساغیی کۆرپەکەم.

جەلال: کەواتە ئەیگرن چش! خوایئەکرد ساڵێکیان حەپسئەکرد، ئاوا با بیخوا، موستەحەقە.

---

[١] دڵنیانین ئاخۆ ئەم دەقە بێناونیشانە هەر ئەوەندەیە، یا ناتەواوە. (س)

پیاو: بە تێگەیاندن و جەزا نەبێت، ئەم خەڵقە واز لە کاری چەوت ناهێنن. خوا ئەو کەسانە بگرێ کە کردار و ڕەفتاریان چەوتە، کوڕم. خوا ئەوانە بگرێت کە بۆ دوو پووڵ دەستکەوتی خۆیان ماڵی عالەمێک بەقوڕئەگرن.

چاوەش: ئەرێ دادە جەیران، میمکە ڕێحان، ئەو زبڵ و پیساییە بۆچی ئەڕێژێتە کۆڵان؟

جەیران: وس‌بە، هۆ هۆ نەخەڵەتابی، بەزیایی خێرم نەکرد، ئاوا! کەی من بووم، باجی ئایشێ باوان‌شێواو بوو، باوکم.

چاوەش: کچی خۆم، بە چاوی خۆم دیم، جەیران! عەیب‌ناکەی درۆئەکەی! شەرم ناتگرێ ئەیەڵێت مناڵەکەت لە بەردەرگا پیسایی‌بکات؟! توخوا تەریق‌نابنەوە بەردەرگاکانتان، کۆڵانەکانتان لە سەرەنوێڵک ئەچێ و بۆگەنی سەگی تۆپیوی لێوەدێت.

جەیران: قرەقرِ عەلی چاوەش، بەزیایی خێرم نەکرد! ئای! وەڵڵا ئینجا نۆبەی ئەمەمانە.

چاوەش: شەرت‌بێ بە شەرتی خوا، ئیتر گوێ‌نەدەمە ناسیاو، خۆت و مێردەکەشت بە جەزا بگەیەنم. سەرەڕای ئەوەی کەتنەکەشیان‌کردووە و زمانیشیان گەرمە، شەرت‌بێ هەر ئەمڕۆ بتاندەم بە مەحکەمە، چەپەڵی، پیسی، دەست‌پیسی، زمان‌پیسی، بەردەمی ماڵ هەر پیسینە!

چیرۆکی تەمسیلیی

# پیسکەی تەڕپیر

لە چیرۆکی نووسەری بەناوبانگ: مۆلێر

گۆڕینی بۆ کوردی بە دەسکارییەوە: ڕەفیق چالاک و نووری وەشتی

١٩٧١/١١/٢

**پەردەی یەکەم**

(صالۆنی ماڵی میرزا مەحموود: دڵشاد و پرشنگ)

دڵشاد: چیتە؟ گیانە شیرینەکەم، پرشنگ؟ ماتەمینی بۆ وا دایگرتووی؟ بە پەیمانی دڵدارییەک بەختیارتکردم، کەچی هەناسەی سارد هەڵئەکێشی.

پرشنگ: دڵشادی خۆشەویست، هێزێکی گەورە بۆ لای تۆم ڕائەکێشێ، بەڵام لە پاشەڕۆژی ئەم دڵدارییە ئەترسم.

دڵشاد: چی ئەتترسێنێ؟ ئێمە پەیمانی بەیەکگەیشتنمان مۆرکردووە.

پرشنگ: لە پاشەڕۆژێک ئەترسم کە قینی باوک و خزم و کەسوکاری لەدوابێ؛ لە پێخۆشبوونی خەڵقی و لە دڵگۆڕینی تۆ؛ لەوەی بەرامبەر بەم خۆشەویستییە پاکەم، سزای بچێژم.

دڵشاد: من وەکوو خەڵقی نیم، چونکە خۆشەویستییەکەم هەتا دواییە، هیچ هێزێک نییە لەمە پەشیمانمبکاتەوە.

پرشنگ: ئای دڵشاد، ئەم قسانەی تۆ گەلێ پیاویتریش کردوویانە.

دڵشاد: کەمێ ئارامبگرە و ڕاوەستە لەسەرم، تا بە هەزارویەک بەڵگە خۆشەویستیی پاکی خۆمت بۆ دەرخەم.

پرشنگ: ئینسان زۆر یەتە ژێربار بە قسەی خۆشەویستەکەی، پڕبڕوام لە ڕاستی و دروستیی خۆشەویستی و پەیمانت، بێگومانم لە هەموو کردەوەکانت،

تاقە ترسێک بمبێ، لۆمە و تانووتی خەڵکە.

دڵشاد: کەواتە ئەو شڵەژانەت بۆ؟

پرشنگ: چونکوو خەڵقی لە چاوی منەوە تەماشاتناکەن و نازانن کە تۆی خۆشەویستی بەنرخ لە بنەماڵەیەکی خانەدانی و وازت لە نیشتمان و کەسوکاری خۆت هێناوە و لە ڕێی خۆشەویستیی منا خۆت کردۆتە نۆکەری باوکم. ئەو ڕۆژەشم لەبیرناچێتەوە کە لە چەمەکە ڕزگارتکردم و نەتهێشت بخنکێم.

دڵشاد: ئەم قسانە جوانن، لە هەموو شتێک جوانتر ئەوەیە کە ئێمە بۆ یەک بین. بەڵام پیسکەییی باوکت و باش نەجووڵانەوەی بەرامبەر بە تۆ و سالاری برات، کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێمانا. بێگومانیشبە کە بەبێ دۆزینەوەی کەسوکارم و پەیاکردنی پارە، ملنادات بۆ بەیەکگەیشتنمان؛ بۆیە هەر ئەبێ بیاندۆزمەوە.

پرشنگ: تکات لێئەکەم بەجێممەیەڵە. هەوڵی ئەوە بدە ببیتە جێگای متمانەی باوکم.

دڵشاد: خۆت باش ئەزانی کە ڕێگا نەماوە نەیگرم، بۆ ئەوەی باوەڕم پێبکا و ببمە جێی متمانەی باوکت. وات لێکردووە کە منی خۆشبوێت وە ڕیا بە شتێکی باش بزانێت. چونکە پیاوێ زۆر زیرەکیش بێ، کە مەراییکرا، ئەخەڵەتێ.

پرشنگ: دە کارێکی واش بکە بگەیتە دڵی سالاری برام، نەوەکوو خزمەتکارێک نهێنیمان ئاشکرابکات.

دڵشاد: ئەو لە باوکت ناچێت، بەڵکوو تۆ بتوانی بیهێنیتە سەربار (سالار لە دەرەوە یەت)، وا خۆشی هات. تۆ چۆنی ئەدوێنیت (دڵشاد ئەڕوات، سالار یەتە ژوورەوە).

سالار: خوشکی خۆشەویست، بەشوێنتا ئەگەڕام، باشبوو دیمیت. ئەمەوێ گرێی دڵمت بۆ بکەمەوە.

پرشنگ: گوێم لێڕاگرتوویت، برای شیرینم، فەرموو بڵێ.

سالار: قسە هەزارە و دووانی بەکارە، من دڵدارم و دڵدار ....

پرشنگ: تۆ دڵداریت؟

سالار: بەڵێ، من دڵدارم، کوژراوم، تیرلێدراوم، بەڵام تووشی باوکێک بووین کە نابێ بەبێ ئەو هیچ بکەین. هەرچی چۆنێک بێت، گەورەی ئێمەیە و دنیادیدەیە.

پرشنگ: ئایا پەیمانتداوە بە خۆشەویستەکەت؟

سالار: هێشتا نەء، بەڵام پاشگەزنابمەوە لە خۆشەویستیم.

پرشنگ: من نامەوێت تۆ پاشگەزبکەمەوە.

سالار: ئەزانم، لەبەرئەوەی هێشتا ئازاری شەوبێداریی خۆشەویستیت نەچێشتووە، نازانی هێزی دڵداری چییە.

پرشنگ: کەس نییە بە تیری خۆشەویستی کوڵەوار نەبووبێت، لە دڵدارییا عەقڵ پارەناکا.

سالار: لە خوای گەورە ئەپاڕێمەوە کە هەست بە ئێشوئازارم بکەیت.

پرشنگ: کێیە خۆشەویستەکەت؟

سالار: شۆخێکە، تازە هاتۆتە ئەم گەڕەکە، بۆیە دروستکراوە جەرگ و دڵی عالەم تیربارانبکات بە نیگای چاوی مەستی. گەلاوێژ خۆی گەلاوێژە، شەو تا بەیانی خزمەتی دایکە خۆشەویستەکەی ئەکات.

پرشنگ: بە قسەکانتا خۆشمویست و زانیم چی جۆرە کچێکە.

سالار: ئەوەش بزانە کەمدەرامەتن و هەژار، سەرباری ئەو نەخۆشییەش. خۆزگە بمتوانیایە یارمەتیمبدانایە، بەڵام پیاو میرزا مەحموود باوکی بێ، خۆشی لە ژیان نابینێت.

پرشنگ: بێگومان ڕاستئەکەیت.

سالار: خراپ تووشبووین، کە ئێستامان -کاتی گەنجی و لاوی- بەم نەبوونییە بەسەربرد. پاشەڕۆژ دەوڵەمەند بین یان هەژار، هیچ نرخێکی ئەوتۆی نییە. وەرە کوڕی میرزا مەحمووی قەمتەرلەدەم بی و مەجبووری ئەوە ببی بە قەرزوقۆڵە خۆت بژیەنیت. ئەڵێم بەڵکوو پرشنگ مەسەلەی ژنهێنانمی لابکەیتەوە، ئەگەر هات و ملینەدا، ئەوا چارم ناچارە ئەم ماڵە بەجێیەڵم، چونکە توانای جەور و ستەمی ئەم باوکەم نەماوە.

پرشنگ: قسەکانت ڕاستە، شێوەی هەڵسان و دانیشتنی دڵمان پڕئەکات لە حەسرەت و برینی مردنی دایکمان ئەهێنێتەوە سوێ.

سالار: ئا وس، گوێم لە دەنگیەتی، با لێرە دوورکەوینەوە و قسەکانت بۆ تەواوبکەم.

(پرشنگ و سالار ئەڕۆن، میرزا و نەبەرد یەنە ژوورەوە)

مەحموود: (بە تووڕەیییەوە) لاچۆ لە بەرچاوم، لاچۆ، سەرکردەی دزان، جەللادی بەر قەنارەکان.

نەبەرد: (بە لەسەرخۆیی) پیاوی وا شەڕانی و نەحلەتیم نەدیوە، بێگومان کەللەی پڕیەتی لە جنۆکە و خۆی فرۆشتووە بە شەیتان.

مەحموود: ئەوە ئەو بۆڵەبۆڵەت لە چییە، بێئابڕوو؟

نەبەرد: بۆ دەرمئەکەی، گەورەم؟

مەحموود: سواڵکەرێکی ڕەزاقورسی وەکوو تۆ وای لێهاتووە لە ڕووی منا وەرگەڕێتەوە؟

نەبەرد: چیم لێکردوویت؟ گوناهم چییە؟

مەحموود: کردووتە، نەتکردووە، ملبشکێنە و بڕۆ.

نەبەرد: چاوەڕوانی سالاری کوڕتانم.

مەحموود: بڕۆ لە کۆڵان چاوەڕوانیبکە، نامەوێ وەکوو بایەقوش لە ماڵەکەی منا بچەقێی و لە هەستونەستمان بگەیت. نامەوێت خەفیەیەکی ناپاک ئاگاداری کردەوە و بوون و نەبوونی من بێ، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشبکات بۆ دزینم.

نەبەرد: قوڕ بەسەر ئەوەی بیر لە دزینی تۆ ئەکاتەوە! ئینجا تۆ لەوانەیت شتت لێبدزرێت؟ شەو و ڕۆژ بوویتە پاسەوان و ئێشکچیی ئەم ماڵە.

مەحموود: ئارەزووی خۆمە هەرچییەک لە ماڵەکەما بکەم. خەفیەی خراپ، ناپاک، هەقتان چییە بەسەر منەوە؟ بەخوا شتێکی سەیرە (لە بەرخۆیەوە) ئەترسم ئەم کابرایە دەرکی بە جێگەی پارەکانم کردبێت. (بە دەنگی بەرز) خۆ ئینشائەڵا ناچی جاڕم لێبدەی کە گوایە پارەم لە کون و کەلەبەرا قایمکردبێ؟

نەبەرد: بۆچی تۆ پارەی شاراوەت هەیە؟

مەحموود: من کەی وام وتووە، بێئابڕو، ئەڵێم نەوەک بچیت وا بڵێیت.

نەبەرد: بەخوا سەیرە، ئینجا من چیمە بەسەر ئەوەوە بتبێ یا نەتبێت؟ خۆ شوکور کەس سوودت لێنابینێ.

مەحموود: ئا ها شەیتان، ئەڵێیت بکێشم بە لالەوسیا، برۆ ملبشکێنە.

نەبەرد: ڕاوەستە، دە ڕاوەستە وا ئەڕۆم.

مەحموود: نا، نەکەی، ڕاوەستە، جاریَ ئەترسم شتێکت بردبیَ.

نەبەرد: جا ئەتوانم چی ببەم؟

مەحموود: جاریَ کوا دەستت؟ ئاهـ باشە دە پشتێنەکەت بکەرەوە، کیَ ئەڵێت شتت لە شەڕواڵەکەتا نەشاردۆتەوە.

نەبەرد: باشە بگەڕیَ.

مەحموود: (دەست دەبا بۆ شەڕواڵەکەی) ئەم شەڕواڵە پانە بەکەڵکی شت دزین یەت. بەخوا بەدەست من بووایە، چەند کەسێکم بەم پشتێنانە ئەخنکان.

نەبەرد: (لە بەرخۆیەوە) خۆزگە بمتوانیایە شتێکم لیَبدزیایە.

مەحموود: چی؟ ئەوە وتت چی؟

نەبەرد: کوا؟ چیم وتووە؟

مەحموود: گوێم لە باسی دزی بوو.

نەبەرد: ئەڵێم پێویستە باش بمپشکنی، نەوەکوو شتێکت لیَدزرابێت.

مەحموود: منیش مەبەستم ئەوەیە (دەستئەکا بە گیرفانەکانی نەبەردا).

نەبەرد: خۆزگە هەرچی پیسکە هەیە بە ڕشکەوە ئەمردن.

مەحموود: وتت چی؟

نەبەرد: چیم وت؟

مەحموود: چیت وت دەربارەی پیسکەکان؟

نەبەرد: ئەڵێم خۆزگە هەرچی پیسکە هەیە بە ڕشانەوە، بە ئاوەڕەشە، بە تاعوون، دەتۆپین.

مەحموود: ئینجا مەبەستت چییە؟

نەبەرد: دیارە پیسکەکان.

مەحموود: کێن ئەو پیسکانە؟

نەبەرد: ئەو دەنییە چەپەڵە بێغیرەتە دەستبەسراو و دەمبەستراوانەی کە بەخیلن، کە پیسکەن.

مەحموود: بەڵام کێن ئەوانە؟

نەبەرد: جا بۆ ئەوەندە تۆ ئەترسیت؟ حەقت چییە؟

مەحموود: حەقم هەیە، ئەمەوێ لەو باسە بگەم.

نەبەرد: گوایە وا تێئەگەی کە مەبەستم تۆیە؟

مەحموود: ئەمەوێ بزانم ئەم قسانەت بە کێ وت؟ لەگەڵ کێ وا ئەدوایت؟

نەبەرد: لەگەڵ کێ قسەمئەکرد، لەگەڵ کێ قسەمئەکرد؟ لەگەڵ خۆم ئەدووام. گوایە قەدەغەیە جنێو بە پیسکە بدرێ؟

مەحموود: نەء، بەڵام زۆربڵێیی باش نییە.

نەبەرد: بەڵێ، باشە.

مەحموود: چیت لێدزیوم، بمدەرەوە.

نەبەرد: بیللا هیچم نەدزیوە.

مەحموود: تۆ خزمەتکارێکی زۆر بێئابڕوویت. سەگە، شتێکم لێبدزرێ، دەرتئەکەم. لاچۆ لە بەرچاوم.

نەبەرد: (ئەڕواتە دەرەوە)

مەحموود: (لە بەرخۆیەوە) وەرە نەتوانی لە قوژبنێکی ماڵەکەی خۆتا شتێک قایمبکەی! خۆزگەم بەوانەی پارە لە ماڵەوە دانانێن (پرشنگ و سالار لە گۆشەیەکی شانۆکە وەستاون) سندووقی ئەشتەرخان و قاسەی ئاسن جێگای متمانە نین، چونکە دز پەلاماریانئەدا و زوو ئەیاندۆزێتەوە. خوا دایناوە ژێر گڵ، کونە دیوار، پەنا حەسار، دەهەزار و سێسەد لیرەی سوور. بەڵام بەخوا ئەترسم کەڕووش هەڵبێنن. تۆ بڵێی کەس بزانێ کە لەناو باخەکەمانا شاردوومەتەوە؟ (چاوی بە سالار و پرشنگ ئەکەوێ، لە بەرخۆیەوە) ئەشهەدوبیلا نهێنیم ئاشکراکرد، ئەگەر زمان بێڵێ سەر ڕەحەتە! تۆ بڵێی گوێیان لێمبووبێ؟ ئەی ماڵوێران خۆم. (ڕوویان تێئەکات) چیتان ئەوێت؟

سالار: هیچمان ناوێت، بابە.

مەحموود: دەمێکە لێرەن؟

سالار: ئێستا هاتین.

مەحموود: گوێتان .........

سالار: گوێمان لە چی؟

مەحموود: لە کابرا ..........

پرشنگ: پرشنگ کام؟

مەحموود: ئەوەی من وتم؟

سالار: نەء.

مەحموود: با دەی، گوێتان لە شتێک هەر بووە.

پرشنگ: نە بەخوا.

مەحموود: خوا مەخۆن، شتێکتان هەر بیستووە. بەڵام کچ و کوڕە خۆشەویستەکەم، ئەوەندە هیلاک و ماندووم. ئەوەندە دنیاکەی نالەبارە، پارە بە زەحمەت پەیائەکرێت، پارە، پردی سەر زمانمان هەر لیرە و دینارە.

سالار: ئەمانویست قسەت لەگەڵ بکەین و بتدوێنین.

مەحموود: منیش بۆیە مەسەلەکەم تێگەیانن کە بە سەهوو نەچن، نەک -خوا نەخواستە- وا تێبگەن کە گوایە من دەهەزار و سێسەد لیرەی سوورم هەیە.

سالار: ئێمە دەست ناخەینە کاروباری تۆوە.

مەحموود: خۆزگە خاوەنی دەهەزار و سێسەد لیرە بوومایە، زۆرم پێویستی بە پارە هەیە. بمبووایە، ئاخی هیچم هەڵنەئەکێشا، دە هەزار و سێسەد لیرەیتر نەبێت.

سالار: بابە گیان، کەس نییە نەزانێ کە دەوڵەمەندی.

مەحموود: چی؟ من پارەدارم، کێن ئەو دەنییانەی ئەم درۆودەلەسانەم بۆ هەڵئەبەستن؟

پرشنگ: تۆ تووڕەمەبە، بابە.

مەحموود: وا دیارە ئێوەش بوون بە دوژمنم. دە وەرە داوێنی خۆت دوژمنت بێت؟

سالار: گوایە بەوەی بڵێین هەتە، بووینەتە دوژمنت؟

مەحموود: ئەم قسانەت و زیادەمەسرەفی و دەستبڵاویت، ئەبنە هۆی ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵکی بێنە سەرم و بمکوژن.

سالار: دەسبڵاوی چی؟

مەحموود: چۆن؟ ئەی ئەو جلە جوانانەت؟ ئەی قۆندەرە ئینگلیزییەکانی پێت؟ ئەی ئەوەنییە تۆش وەک پیاوی گەڕەک سنگ دەرئەپەڕێنی و بە ئاستەم پێ‌ئەنێی بە زەوییا، لاسایی زەواتم بۆ ئەکەیتەوە. ئەی ئەمە دزی نییە لە منی ئەکەی؟

سالار: بەخوا سەیرە، دزیی چی؟

مەحموود: ئەی گوایە ئەم کردار و ڕەفتارەت بە چی؟

سالار: بە قومار، من شانسم هەیە لە یارییا؛ بەوەی ئەیبەمەوە، ئەمانە ئەکەم.

مەحموود: ئەمە کردەوەیەکی ناشیرینە، ئینجا کە شانست هەیە، بۆ نایەی ئەو پارانە بخەیتە ئیشەوە و قازانجی لێ‌بکەیت و هەڵیگری بۆ پاشەڕۆژت. بۆ پارەکانت نادەی بە سوو، هەموو دینارێکی ڕوبعەدینارێکی لێ‌وەربگریت.

سالار: بەڵێ، جوانە ئەمە.

مەحموود: ئێستا تۆ واز لەمە بێنە، با باسی شتێکی‌تر بکەین (پرشنگ و سالار چاو لەیەک دائەگرن) وا دیارە ئەیانەوێ پارەکانم بدزن (بە دەنگی بەرز) ئەم چاوداگرتنەتان لە چی؟

پرشنگ: هەردووکمان ئەمانەوێت قسەیەکت لەگەڵ بکەین.

مەحموود: منیش ئەمەوێ قسەیەکتان لەگەڵ بکەم.

سالار: ئەمانەوێ باسی ژنهێنانت لەگەڵ بکەین.

مەحموود: منیش ئەمەوێت باسی ژنهێنانتان لەگەڵ بکەم.

پرشنگ: ئای، بابە گیان.

مەحموود: ئەم ئاخ و ئۆفە چییە، ڕۆڵە؟ گوایە لەم باسە ئەترسیت؟

پرشنگ: ئەترسم بیروڕای ئێمە لەگەڵ بیروڕای تۆدا یەکنەگرێتەوە.

مەحموود: مەترسن، من چاکەی ئێوە ئەزانم، با یەکە یەکە لێتان بپرسم، ئایا سالار لەم گەڕەکەی خۆمانا کچێکت نەدیوە ناوی گەلاوێژ بێت؟

سالار: بەڵێ، دیومە.

پرشنگ: من بیستوومە.

مەحموود: چۆنە کوڕم؟

سالار: هەتا بڵێی کچێکی جوان و شۆخوشەنگە.

مەحموود: هەر ئەوەندە؟

سالار: نموونەی وەفا و ئایەتی جوانی و زیرەکی و هۆش و بیرە.

مەحموود: ئایا هەر کەس بیبینێت، لە ناوقەدا نابێت بە دووکەرتەوە.

سالار: بەڵێ، ئەمە حەقە.

مەحموود: ئایا کەس هەیە حەزنەکا بیهێنێ؟

سالار: هەرگیز، مەگەر شێتی شێتخانە!

مەحموود: ئەوەی بیهێنێ، ئەکەوێتە ناز و نیعمەت و خواپێداوییەوە، کامەران ئەبێ و کامەران هەتا ئاخرزەمان.

سالار: بەڵێ، ڕاستە، فەرمانی باوکمان لەسەر سەرمان.

مەحموود: بەڵام -داخەکەم- ئەترسم هەژاربێت و پارەی‌نەبێت.

سالار: بەڵام پارە، لە عاستی ئەو جوانییەدا، ئەبێ شەرمەزار و سەرنزم بێت.

مەحموود: خەتاتکرد سالار، دنیا لەسەر پارە بەندە، کوڕم. کە پارە نەبوو، جوانی ئەڵێ چی؟ بەڵام -لەگەڵ ئەوەشا- لەبەرئەوەی ئێوە هەردووکتان پێتان خۆشە، بڕیارم دا کە بیهێنم.

سالار: بۆ کێ بیهێنی، بابە گیان؟

مەحموود: گوایە لە خۆم زیاتر، کێی‌تر هەیە.

سالار: ئەڵێی چی؟

مەحموود: ئەڵێم گەلاوێژ ئەهێنم.

سالار: گێژبووم، مێشکم تەقی، باشە بەجارێک تێکچووم، لەوانەیە شێتبم.

مەحموود: (بە ساردییەکەوە) پێویستناکات، ئاوی سارد زۆرە، بچۆ ئەودیو تێر بخۆرەوە، با تێکنەچیت (سالار ئەچێتە دەرەوە). ئەم گەنجە لەخۆباییە هیچلەبارانەبووانە بەرگەی هیچ ناگرن، کچم. ئەمەیان مەسەلەی خۆم و گەلاوێژ. سالاری براشت بێوەژنێکی باشی بۆ دۆزراوەتەوە، تۆش ئەبیتە ژنی صدیقبەگی هاوڕێم کە تەمەنی لە پەنجا زیاترنییە.

پرشنگ: صدیقبەگ .........

مەحموود: بەڵێ، پیاوێکی کامڵ، تێگەیشتووە، دەوڵەمەند و بەناوبانگە.

پرشنگ: من شووی پێناکەم.

مەحموود: بە سەری باوکت، بێ چەنەچەن ئەم ئێوارەیە مارەئەکرێیت و بڕاوەتەوە.

پرشنگ: هیچ مرۆڤێکی تێگەیشتوو بڕیارنادات بۆ شووکردنی کچێکی گەنج بە پیرێکی پەککەوتە. ئەمە چ زوڵمێکە، باوک کچ بفرۆشێت لە ڕێی ئامانجی پیسکەییی خۆیا.

مەحموود: ئەی لەم زەمانە سەرسووڕکەرە، کە کچ بتوانێ لە حزووری باوکیا دەمدرێژیبکات. (دڵشاد لە دوورەوە دەرئەکەوێت) ئا وەرە دڵشاد.

دڵشاد: بەڵێ، گەورەم.

مەحموود: لەو ڕۆژەوە تۆ هاتوویتە ئێرە، بە چاوی پیاوێکی عاقڵی جێگای بڕوا سەیرمکردووی.

دڵشاد: پیاوەتیی خۆتانە.

مەحموود: ئایا من ڕاستم، یا پرشنگی کچم؟

دڵشاد: بێگومان جەنابتان.

مەحموود: باسی چیمان کرد؟

دڵشاد: نازانم قوربان. بەڵام هەرچییەک جەنابتان بڵێن، دوڕ و گەوهەرە و لە دەمت یەتە دەرەوە.

مەحموود: ئەمەوێ ئەم ئێوارەیە پرشنگ لە پیاوێکی کاملی دەوڵەمەند مارەبکەم، ئەویش لەمە لاریئەکا.

مەحموود: لارییە! تۆ ئەڵێی چی؟

دڵشاد: من؟ من بڵێم چی؟

مەحموود: ئەبێ بڵێی، شتێک بڵێ.

دڵشاد: وەڵا قوربان، تۆ چی بڵێیت ڕاستە، بەڵام بڕواشناکەم پرشنگخان بەهەڵەبچێت.

مەحموود: چۆن؟ پیاوێکی بەساڵاچووی دەوڵەمەند کە لە ژنەکەی پێشووی هیچ منالی بۆ نەمابێتەوە، ڕازیبێ بەم، ئیتر ئەم بۆچی لارییبێ.

دڵشاد: بڵێم چی قوربان، بەڵام تۆزێ مۆڵەتی بە، تا بیرکاتەوە.

مەحموود: بیرکردنەوەی چی، هەلە و هەڵکەوتووە. من تازە زاوای وا باشم چۆن دەستئەکەوێ. کێ هەیە بابیی یەکپوولە قەمەری[1] جیازیی نەوێت!

دڵشاد: گوایە هیچ جیازی ناوێت؟

مەحموود: هەرگیز، نایەڵێ یەکفلس خەرجبکەم.

دڵشاد: کە مەسەلە وابێت چار ناچارە.

مەحموود: مەسەلە ئیقتیصادییە کوڕم.

دڵشاد: بەڵێ، ڕاستە، بەڵام شووکردن ئافرەت ئەبەستێتەوە بە پیاوێکەوە هەتا مردن. مەسەلە شەریکی ژیانە. لەبەرئەوە پێویستە دەستیان بێ لە پاشەڕۆژی خۆیانا.

مەحموود: من ئەڵێم چی و ئەو ئەڵێ چی. ئەڵێم جیازی ناوێ، دڵشاد.

دڵشاد: کە جیازی نەوێ، تازە کار لە کار ترازاوە، بەڵام مەسەلە عومرزۆرییەکەیە. ئەم منالە و ئەو پیرە.

مەحموود: کوڕە ئەڵێم مەسەلەکە ئیقتیصادییە.

---

[1] قەمەری: پارەی وردە، قۆشە، فلس.

دڵشاد: خێری پێوەیە، بەڵام دوورنییە ڕێکنەکەوتنی ڕۆحی لە بەینی ژن و پیاوا ببێتە هۆی ڕووخاندنی بنەماڵە و خوو و ڕەوشت.

مەحموود: ئەڵێم مەسەلەکە ئیقتیصادییە، جیازی ناوێت، یەکفلس، یەکمنقر، بە من خەرجناکا. تێئەگەی یان نا؟ تۆ ئیقتیصاد نازانی چییە، هەی بێئەقڵ؟

دڵشاد: بەڵێ، قوربان ئیقتیصاد موهیممە، بناغەی دنیا و پێشکەوتن لەسەر ئیقتیصاد دامەزراوە. هەی ماڵی ئیقتیصادم بەقوڕگرت کە وا موهیممە، قسەکانت بەجێن.

مەحموود: (ڕووئەکاتە باخەکە) گوێم لە دەنگی سەگوەڕە، ئەترسم پارەکانم بدزن (ڕووئەکاتە دڵشاد) لێرە بە، ئێستا یەمەوە. (ئەڕوات)

پرشنگ: ئەم قسانە یەعنی چی، دڵشاد؟

دڵشاد: چارم چییە، چی بکەم؟ قوڕی کوێ بەسەرابکەم؟ ئەگەر وام نەوتایە دەریئەکردم. لەم دنیایەدا بە ڕیا و درۆ و پولاتیقە نەبێ، ئینسان زوو هەڵئەخلیسکێ و ملی ئەشکێ.

پرشنگ: ئەی مەسەلەی ئەم شووکردنە؟ ڕێگا بدۆزەرەوە.

دڵشاد: ڕێگا ئەوەیە خۆت نەخۆشخەیت.

پرشنگ: کە دوختۆر هات، درۆکەمان ئاشکرائەبێت.

دڵشاد: مەسەلەی دوختۆر لەسەر من، شوکور دنیایەک تێکەوتووین ناوی هەر نەخۆشییەکیان لا بێنیت، خۆیان باقییەکەیترت بۆ تەواوئەکەن.

(لە دەرەوە مەحموود یەتەوە)

مەحموود: (لە بەرخۆیەوە) شوکور هیچ نەبوو، شوکور هیچ نەقەوما، ئەمجارەش خەڵەتاین.

دڵشاد: (بێ ئەوەی مەحموود بیبینێ) ئەگەر هات و سەرنەکەوتین، ئەبێ ڕاکەین. ئەگەر ڕاستبکەیت لە خۆشەویستییەکەتا، ئەوا پێویستە (سەرهەڵئەبڕێ، مەحموود ئەبینێ) بەڵێ، ئەوا پێویستە لەسەر کچ ئیطاعەی باوکی بکا. وە کە دەرکەوت مێرد جیازی ناوێ و ئەم کچبەشوودانە هیچی تێناچێت، ئەوا مەسەلەکە ئیقتیصادییە و خێری پێوەیە.

مەحموود: جوانە قسەکانت. حیکمەتن ڕاوێژەکانت.

دڵشاد: لێم ببوورە، گەورەم، ئەگەر هەندێ قسەی ناشایستەم کردبێ.

مەحموود: قسەکانت نەخشی بەردن، لە ئیمڕۆوە پێویستە تۆ ڕاوێژکەری پرشنگی کچم بیت، چونکە زۆر تێگەیشتوویت.

دڵشاد: جا گەورەم، کەواتە با بڕۆم لەگەڵیا باش تێیبگەیەنم.

مەحموود: زۆر باشە.

دڵشاد: بێگومان بە کە ئەیهێنمە سەر ڕێ.

مەحموود: باشە، تۆ بڕۆ، منیش هەندێ ئیشم لەناو شارا هەیە.

دڵشاد: (قسە لەگەڵ پرشنگ ئەکات) پارە شتێکی موهیممە، شوکرانەی خوا بکە کە باوکێکی وا بەڕەحمی سەخیدڵ و دەروونباشی بە تۆ بەخشیوە، چونکە مەسەلەی ئیقتیصاد و جیازینەویستن و پارەخەرجنەکردن، شتێکی گەلێ‌گەلێ لە مەعنای جوانی و گەنجی و عەقڵ و ئەمینی و شەرەف بەرزترن. (ئەچنە دەرەوە)

مەحموود: بەڕاستی خزمەتکارێکی مەردە، خۆزگە پیاو هەر خزمەتکاری وای ئەبوو، بەڵام بەخوا هەڵسان و دانیشتنی لە خزمەتکار ناچێت.

**پەردەی دووەم**

(سالار - نەبەرد)

سالار: ئەوە تۆ چیت لێهات، کابرا؟ من نەموت چاوەڕوانمبە؟

نەبەرد: بەڵێ، گەورەم هاتمە ئێرە و ئەوەندەی پێنەچوو باوکی دەروون هات، دەریکردم و کەمێکی مابوو تێروپڕیش بمکوتێ.

سالار: ئەی مەسەلەکەمان چیی لێهات؟ لەمە زیاتر ناتوانم بوەستم، پارەم نەبێت ماڵم وێرانە، چونکە باوکم حەز لەو کەسە ئەکا کە خۆشەویستی منە.

نەبەرد: باوکت دڵدارە؟ دێگەڵەی نەدیوە چەند ماڵە، دەک موبارەک نەبێ!

سالار: بەڵێ، دڵدارە، دێگەڵەی نەدیوە چەند ماڵە.

نەبەرد: سەمەرەیە، پیاو بەم پیرییە عەشقبازیبکات. تۆ بڵێی مەبەستی چی بێ؟ تێز بە خەڵکەوە ئەکا، یا ئەیەوێ خۆی ڕیسوابکات، کەی دڵداری بۆ ئەمانە هاتووە؟

سالار: بەڵکوو ئەمە موعجیزە بێت، خوا هێنابێتیە ڕێم، تا لە چەوتی لامبدات.

نەبەرد: بۆچی باسی خۆشەویستیی خۆتت بۆ نەکرد؟

سالار: تا بتوانم باسی خۆشەویستی خۆمی بۆ ئەکەم.

نەبەرد: بەڕاستی خوانەکات کەس بکەوێتە داوی سووخۆرەکانەوە.

سالار: کەواتە هیچت پێنەکراوە؟

نەبەرد: کاک مارفی دەلاڵم دی، وام لێکردووە کە زۆر بەگەرمی تێبکۆشێت.

سالار: کەواتە هەزار دینارە قەرزەکەم دەستئەکەوێت؟

نەبەرد: بەڵێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ جێبەجێبێت، ئەوا پێویستە شەرت و شرووتەکانیان بەجێبێنیت وە سەنەدەکەیان بۆ مۆربکەیت.

سالار: چاوت بەو پارەدارە کەوت کە قەرزەکەم ئەداتێ؟

نەبەرد: مەسەلە هەر وا ئاساننییە، نایەوێ خۆی دەرخات. نایەوێ کەس ناوی بزانێ، بەڵام ئەمڕۆ لە ماڵێکیترا ئەتبینێت و هەندێ پرسیارت لێئەکا بۆ ڕێکەوتن.

سالار: باشە و بەجێیە.

نەبەرد: ئەوەش بزانە لە هەموو پێنج دینارێکت فائیزت لێئەسێنێ.

سالار: شەرع و قانوون و خوا و پێغەمبەر ئەمە هەڵناگرێ، بەڵام چارم چییە؟ پیاو کە لێیقەوما، سەر بە کۆشی هەموو کەسێکا ئەکات.

نەبەرد: با تۆزێ بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە.

سالار: بیری چی، من پارەم پێویستە.

نەبەرد: شتێکیتریش هەیە.

سالار: چییە؟

نەبەرد: هەزار دینارەکە هەموویت بە پارەیی ناداتێ. هەشتصەد دیناری نەقدی وەرئەگریت و دووسەدەکەیتریش شتومەک بەپێی مولحەقی سەنەدەکە.

سالار: ئەمە مانای چی؟

نەبەرد: تازە وا هاتووە، هەتا بمێنین شتی سەیرتر ئەبینین، قەرەوێڵەیەک بە خۆی و نوێن و پەردەکوللە و فەرشێکی ناو ژوور، دۆڵابێک و دوو مێز.

سالار: جا ئەمانەم بۆ چییە؟

نەبەرد: ئەبێ بتەوێ شتیتریش ماوە بەپێی مولحەق.

سالار: ئەوانیتر چین؟ خوام کرد بەگژیا، نەعوزوبیلا.

نەبەرد: دوو پنەیە و سێ تیرۆک و ساجێک و دوو تەشتی فافۆن و سێپایەک، لەگەڵ دوو جووت پانیبەرز و جووتێ یارمکەوش و دوو جووت قاپقاپ.

سالار: دەک موبارەکنەبێت، جا من چی لەمانە بکەم. عەنتیکەخانە دائەنێین!

نەبەرد: ماوە جارێ بیزانی، هێڵەکێ، مایەیەک بۆ نانپێوەدان، لەگەڵ دوو تەڵەی مشکگرتنا.

سالار: دیارە هەرچی میراتییەکی دایکی ڕەحمەتیی هەیە، هەمووی بەسەر منا ساغئەکاتەوە.

نەبەرد: بەمانە ئەبی بە ماڵ.

سالار: ماڵی وام کاولکرد، سەرباقیی لە پێنجایەکی فایز، ئەو شتومەکانەشم بەسەرا ساغئەکاتەوە. بەڵام چارم ناچارە، ئەبێ ڕازیبم.

نەبەرد: گوێمەدەرێ و کار نییە خوا چاکینەکات. پشت بە خوا، بەم زووانە باوکت خۆی ئەکێشێتەوە، تۆش ئەبی بە یەکشەوە.

سالار: بۆ نەگبەتی، هەتا پیسکەیەک ئەمرێ، سەد گەنج و لاو بە ناسۆرەوە سەرئەنێنەوە. ها بێنە ئەو سەنەدەم بەرە دەست، با بیخوێنمەوە. (نەبەرد و سالار ئەکشێنەوە بۆ دواوەی شانۆکە)

(مارفی دەڵاڵ و میرزا مەحموود دێنە ژوورەوە)

مارفی دەڵاڵ: بەڵێ، گەورەم گەنجێکە و پێویستی بە پارەیە، لەبەرئەوە گوێناداتە هیچ شەرتوشرووتێک.

مەحموود: ئایا مارف هیچ مەترسییەک لەم مەسەلەیە ناکرێت؟

مارف: نەخێر قوربان، لە بنەماڵەیەکی خانەدانە، بەم زووانەش باوکی ئەمرێ.

مەحموود: بەڕاستی بازرگانییەکی باشە، ئینجا خۆ ئێمە –ناشوکری نەبێ– هیچی وامان دەستناکەوێ، بەڵام مەسەلە خزمەتە. مەسەلە ئینسانییەتە، مەسەلە دەستگرتنی لێقەوماوان و داماوانە، مەسەلە ڕزگارکردنی ئەو بەشەرە کڵۆڵەیە لەدەس نەبوونی.

مارف: بێگومان هەتا بڵێی کارێکی پڕلەخێرە، چاکەیە، دەستگرتنە. ئەتوانم بڵێم پیاوەتیکردنە.

نەبەرد: (بە ئەسپایی ئەڵێ) ئەوە کێیە؟ خۆ ئەوە مارفی دەلاڵە لەگەڵ باوکتا.

سالار: تۆ بڵێی بزانێ کە منم؟ خۆ تۆ قسەت نەکردووە لای؟

مارف: (ڕووئەکاتە سالار و نەبەرد و ئەیانبینێ) ئەوە ئێوە؟ لە کوێ زانیتان من لێرەم؟ (ڕووئەکاتە مەحموود) بێگومان ناوی تۆم لا نەدرکانوون و دێوم پیشاننەداون، مادام هاتوون، ڕێکەوە لەگەڵیان.

مەحموود: کێ؟ ئەمانەن؟ ئەی بێغیرەت؛ بازی بازی، بە ڕیشی منیش بازی؟

سالار: کردەوەکانی خۆتن، تۆی هۆی ئەم کارە ناڕەوایانە (مارف و نەبەرد لەسەر شانۆکە ڕائەکەن)

مەحموود: بەم قەرزە ناڕەوایانە، ئەتەوێ ماڵی خۆت وێرانبکەی؟ لەژێر باری قەرز ڕزگارتنەبێ و نەییێتە دەرەوە! هەوڵی خۆلەناوبردن ئەدەیت.

سالار: تۆش بەم سووخواردنە دەوڵەمەندئەبی و پارەدارتر.

مەحموود: ئیتر ڕووت هەیە لە عاستی منا سەرهەڵبڕیت؟

سالار: تۆ ڕووت هەیە خەڵقی بدوێنی؟

مەحموود: تەریقنابیتەوە لەم پارە قەرزکردنە، لەم ماڵی خەڵق بەفیرۆبردنە؟

سالار: ئەی تۆش شەرمەزارنابیت بەم بازرگانیکردنە. بەم فایز و سوو خواردنە. شەرەف و ناموست دۆڕان، بۆ ئەوەی دەست لە سکەی لیرە بخشێنی. هیچ سووخۆرێ نییە لە دنیادا، لە عاستی تۆدا خۆی بە هیچ بزانێت.

مەحموود: لاچۆ لە بەرچاوم، دزی چەپخوون[1].

سالار: کێ تاوانبارە، ئەوەی نیەتی و هەوڵی بوون ئەدا، یان ئەوەی ئەدزێ؟

مەحموود: پێموتیت لاچۆ لە بەرچاوم. (سالار ئەڕواتە دەرەوە)

(باجی ئایشێ یەتە ژوورەوە)

باجی ئایشێ: میرزا گیان .........

مەحموود: بەخێربێیت، دانیشە، ئێستا یەمەوە ( لە بەرخۆیەوە) با سەرێکی پارەکانم بدەم.

(نەبەرد یەتە ژوورەوە، بێ ئەوەی باجی ئایشێ ببینێ)

نەبەرد: من بێگومانم کە ئەبێ کۆگایەکی هەبێت شتومەکی کۆنی تیا شاردبێتەوە، بەڵام لە کوێیە ئەو کۆگایە؟

ئایشێ: ئەمە تۆی نەبەرد گیان؟ بەخوا پێمخۆشبوو دیمیت.

نەبەرد: ئەوە تۆی باجی ئایشێ؟ خێرە وا هاتووی بۆ ئێرە؟

ئایشێ: خێرئەبێ، ئینشائەڵا نەبەرد گیان. ڕۆڵە من هەموو شتێک ئەزانم، دنیاکە وای لێهاتووە- بۆ ئەوەی بژیت، ئەبێ هەزارویەک فڕوفێڵ بزانیت.

نەبەرد: بۆ لای میرزا مەحموود هاتووی؟

ئایشێ: ئەرێ وەڵڵا بۆ لای ئەو هاتووم، ئیشێکی بچکۆلانەی هەیە، بۆی ئەکەم.

نەبەرد: بەتەمای ئەوەی هیچت باتێ؟ داوای پارەی لێئەکەیت.

ئایشێ: هەر کەس ئیشی خۆی باش ئەزانێت.

نەبەرد: وا دیارە باجی ئایشێ هێشتا نایناسی، لەناو هەموو بەنیبەشەرا پیسکەی وەک خۆی نەبووە و نابێ. بڕوابکە ئەگەر بکەویتە ئاوەوە، نوقمببیت، پێیبڵێی بێنە دەستت، خۆی بە خنکانن ئەدا و دەست درێژناکات، وشەی بێنە لای ئەم کفرە.

ئایشێ: من باش لە جنسی پیاو گەیشتووم، تۆ بۆ خۆت بگری.

---

[1] چەپخوون: بزێو و جرپن.

نەبەرد: ئەها بەخوا لام وایە ئەوا هاتەوە، با من بڕۆم.

(نەبەرد ئەڕوات، مەحموود یەتە ژوورەوە)

مەحموود: باشە باشە ئیشوکار باشە، ئێی باجی ئایشێ؟

ئایشێ: ئۆی ئایشێ لە دەوری سەرت گەڕێ، وەڵڵا ئەڵێی کوڕی چواردەساڵی، بە چاوەوە نەبی.

مەحموود: کێ، من؟

ئایشێ: ئەرێ وەڵڵا تۆ، ئەم ڕەنگوڕووە جوانە و ئەو گەردنە شووشە بێگەردە، هەر لە خۆت یەت.

مەحموود: بە ڕاستتە؟

ئایشێ: ئەرێ وەڵا، ئەڵێی یووسفی کەنعانی و ئەڵێی لاوی چواردەساڵانی.

مەحموود: بەخوا باجی ئایشێ، عومرم خۆی داوە لە شەست.

ئایشێ: جا شەست ساڵ چییە کوڕە شیرینەکرم . ئێستا هەڕەتی گەنجی و جوانیتە. پشت بە خوا، سەدوبیست ساڵ ئەژیت.

مەحموود: چۆن؟

ئایشێ: لە ناوچاوانت نووسراوە. ئا بێنە دەستت با بزانم (تەماشای دەستی ئەکات) ئاهـ پێمنەوتیت، چاوت لەم خەتە درێژەیە، سەدوبیست ساڵ ئەژیت، بەو پیرسمایلە.

مەحموود: ئەوە چیت کرد بۆ مەسەلەکە؟

ئایشێ: کار نییە خوا چاکینەکات، لەوانەم ژن و پیاو نابێ لەم دنیایەدا لەژێر دەستم دەربچن و نەیاندەم بە یەکتری. ئارەزووبکەم دوژمنی باوەکوشتەی یەکتری بەیەکئەگەیەنم. قسەم لەگەڵ دایکی گەلاوێژدا کرد و ڕازیبوو بەوەی ئەم ئێوارەیە گەلاوێژ مارەبکەیت لێرە، چونکی لەوێ هیچیان نییە.

مەحموود: کەواتە با یەکجاری صدیقبەگیش بێت، تا مەسەلەکەی ئەو و پرشنگیش ببڕێنینەوە.

ئایشێ: کەواتە ئەم ئێوارەیە هەموو شتێک تەواوئەبێ و خۆم گەلاوێژ ئەهێنم بۆ ئێرە.

مەحموود: بەڵێ، بەڵام لە جیازی و پارەدا چۆنە؟

ئایشێ: بەڵێ، نیەتی، بەڵام ساڵی هەزار دینار زیاتری بە ناوچاوانەوەیە.

مەحموود: چۆن، باجی ئایشێ بۆ خاتری خوا؟

ئایشێ: بە فەقیری گەورەبووە، فێری گەنەخۆری بووە، بە هەموو شتێک ڕازییە؛ سووراو و سپیاوی ماکس فاکتۆری ناوێ؛ لەو کچانە نییە هەموو ڕۆژێ داوای دەستێ جل بکا. بەم جۆرە ساڵی هەزار دینارت زیاتر بۆ ئەگەڕێتەوە لە خواردن و جلوبەرگ و قوبووڵ.

مەحموود: ئەم حسابەی تۆ ئەیکەیت، لە قسەی ناو حەقایەت ئەچێت.

ئایشێ: من دنیادیدەم، ڕۆڵە، ئەزانم چی ئەڵێم.

مەحموود: بەخوا من جیازی و پارە نەبێت، دڵم پێیناکرێتەوە.

ئایشێ: ئەوەش هەر ئەبێت، موڵکی باشیان هەیە لەو وڵاتانە، ئەیدەن بە تۆ، گوایە چیی لێئەکەن.

مەحموود: ئەمە باشە، بەڵام ئەڵێم تۆ بڵێی حەز لە پیاوێکی تۆزێ بەعومراچووی وەکو من بکات؟

ئایشێ: نانا، ئەم لەوانە نییە، دڵی بە لای گەنجا ناچێت، حەز لە پیاوی بەساڵاچووی گەڕاوە ئەکات، چونکە ئەمان قەدری ژن ئەزانن.

مەحموود: بەخوا شتێکی نایابە. ئەی دەمخۆش باجی ئایشێ، ئەشهەدو بەربووکی چاکی.

ئایشێ: ئەوەشت پێبڵێم حەز لە پیاوێک ئەکات عەینەکی لەچاوابێت. سەر و سمێڵی بۆیەبکات، وردورد بڕوات. کە قسەبکات، دانی جیڕبکاتەوە، تا تاقمەکەی دەمی نەکەوێتە خوارەوە.

مەحموود: بەخوا ئافرەتێکی عەجایەبە، بەدڵی منە، ئەی بەرەکەت کەی هەی.

ئایشێ: جا گەنج چییە؟ هەندێکیان هەر خەریکی ئەوەن وەکوو کلکەسەنگێنە[1] بەملاوبەولادا ڕاکەن، حۆقە ڕۆن بەن لە سەریان، سەرکۆڵان و جادەکان بگرن، تیر و توانج بکەنە پیشە. عەمرم نەمێنێ، قۆنەرەکانیان جیرەی دێ و ناوسکیشیان قوڕەی دێ.

مەحموود: ئەی ئافەرین باجی ئایشێ، بەخوا باش لە شت گەیشتووی، دوو سەرسپیی وەکوو تۆ لە شارێکا ببێ، ئەو شارە ئاوەدانە، ئاسایشی بەرکەماڵە.

ئایشێ: بەخوا بە هیچ کچێک حەددی نییە پیاو لە تۆ باشتر بدۆزێتەوە.

مەحموود: (بۆینباخەکەی چاکئەکا) بەڕاست جوانم، باجی ئایشێ؟

ئایشێ: ئەرێ بەخوا، نامەخوا ئەڵێی ئەمیر ئەرسەلانی، هەر بۆ ئەوە باشی ڕەسمت بگرن و بیخەنە ناو قەزەتەوە. ئا تۆزێ لابکەرەوە، ئەی ماشەڵا، ئا هەڵسەرە پێیان، ئەی ماشەڵا، ئەم تۆزە کۆمییەت لێبووە بە نەخش.

مەحموود: وەڵا شوکور چاکم، ئەوەنەبێت، باجی ئایشێ، ناوبەناو ئیلتیهابی قەصەبات ئەگرم.

ئایشێ: جا ئەوە چییە، هەموو پێمانەوەیە. بەخوا کە نەرمە نەرمە ئەکۆکی، ئەڵێی قەتار و ئەڵڵاوەیسیم بۆ ئەڵێن.

مەحموود: ئەم تاقمی دانەشم بەسرپێرار کردووە.

ئایشێ: وەی کە جوانە، وەڵا هەر لە خۆت یەت، ئەڵێی مرواریت لە دەمایە.

مەحموود: من زۆر شادمانم، باجی ئایشی، زۆر زۆر (دەستئەدا بە دەستا و ئەکۆکێ و پێئەکەنێ)

ئایشێ: بەڵام میرزا مەحموود ئەفەندی ڕجایەکم هەیە، (میرزا کرژئەبێ) خۆت ئەیزانی لە وەختی ڕەحمەتییەکەی مێردما خانووەکەمان نابووە ڕەهنەوە، ئێستا من نەختێ پارەم لازمە، پێی دەربێنمەوە.

مەحموود: ئا وتت چی؟ بیرمکەوتەوە من نەختێ ئیشم هەیە، ئەبێ جارێ بڕۆم.

ئایشێ: مەسەلەکەی من تەواوبکە، کاکە ئەفەندی.

---

[1] کلکەسەنگێنە: کلکهەڵتەکێنە، بەرگایلکە.

مەحموود: مەسەلەی ئێوارەت لەفکرنەکەیت، بەخوا لاموایە لای چەپم بەگیر وەستا.

ئایشێ: ئۆهـ نوور محەمەدی شەریف، شاهی نەقشبەند ئاگادارتبێت. پارەکەم بەرێ، میرزا گیان.

مەحموود: پێموتیت ئیشم هەیە، جارێ بەدوعا (ئەڕواتە دەرەوە).

ئایشێ: دەک بە گوللەی وێڵەوە و ئاگری قوورەتەوە بیت، تەڕپیرەی پیسکەی ڕەزاگرانەی لەئۆمەتنەچووە! ئەڵێ لای چەپم، خوایئەکرد مافەتە تێیئەدایت، سەروسمێڵ بۆیاخکراوەی دانلەدەمانەماوەی کەرپیاوە، تازە خۆیم لێئەکاتەوە بە مناڵ. عومری باوکمی هەیە، گەماڵە بۆزە. ئەیەڕۆ ئەو هەموو مەتحەمکرد، کەچی لە چاوی نەگیرا. دایکم، بەخوا هەزار دوعا کاری لێناکا. چاوێکیشی شووشەیە، بەڵام قەیناکا شەرت و ئاهت بێ، دارێ بەم بە ڕۆحتا، هەتا ئەمری پێوەی بتلێیتەوە. قوڕ بەسەر عەقڵت، میرزا دەڕابەکۆن.[١]

**پەردەی سێیەم**

(میرزامەحموود، سالار، پرشنگ، دڵشاد، باجی مەنیج

گەسکێکی بەدەستەوەیە، مچە، ئەلەکە، وەلەکە)

مەحموود: هەمووتان گوێبگرن، هەموو یەکێکتان ئەبێ باش تێبگەن کە ئەمڕۆ ڕۆژی شادی و بەختیارییە، مەسەلە شەکراوخواردنەوە و مارەبڕینە. بەڵام ئەبێ هەر یەکێکتان پێویستیی خۆتان باش بزانن. (ڕووئەکاتە باجی مەنیج) تۆ مەنیج، گەسکەکە بە ئەسپایی ئەهێنی بەسەر فەرشەکانا، نابێ بیانڕووشێنی بۆ ئەوەی زۆر بمێنن. (مەنیج ئەڕوات، ڕووئەکاتە ئەلەکە و وەلەکە) ئێوەش ئەلەکە و وەلەکە، ئەبێت پەرداخەکان باش بشۆن بەبێ سابوون، وە ئەگەر پەرداخێکتان شکان، لە مەعاشەکانتان دائەشکێنم.

ئەلەکە: ئاخر بەرسنگم دڕاوە، گەورەم.

مەحموود: دەستی پێوە بگرە، بێئەقڵ، وەک لە ئیحتراما وەستابی.

وەلەکە: بەڵام من شەڕواڵەکەم لە پشتەوە دڕاوە.

---

[١] دەڕابەکۆن: کینایەیە لە لەکارکەوتن و بێکەڵکبوون. دەڕابە- دەرگاییکە هەڵدرێتەوە.

مەحموود: دڕاوی عەیبنییە، لە وەختی چوونەدەرەوەدا پشت مەکەرە میوانەکان، ئەمەش ئیحترامە، با دڕاوییەکەش دەرنەکەوێت (ئەلەکە و وەلەکە ئەڕۆن)

مەحموود: (ڕووئەکاتە پرشنگ) ئەبێ ڕووت خۆشبێ وە نەیەڵی زیادەمەسرەفی بکرێ، تێئەگەی؟

پرشنگ: بەڵێ بابە. (ئەڕوات)

مەحموود: تۆش کوڕی شیرینم، لێت خۆشبووم، بەڵام نابێ بەرامبەر بە گەلاوێژ کرژبیت.

سالار: من و ڕووکرژی؟

مەحموود: گەلێ لەو کوڕانەی کە باوکیان ژنئەهێننەوە، ڕوو کرژئەکەن، لەبەرئەوە وا پێموتیت.

سالار: ڕاستت ئەوێ، ناتوانم لە زەماوەندی باوکما هەڵپەڕم، بەڵام بێگومانبە کە بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕی ئەکەم. (ئەڕوات)

مەحموود: (ڕووئەکاتە دڵشاد) تۆ سەرکاری هەموو ئیشەکانی، تۆ کیسەمەسرەفیت.

دڵشاد: بەڵێ، گەورەم.

مەحموود: ئینجا نۆرەی تۆیە، مچە، ئەبێ شەربەتەکە باش بگریتەوە، هەر پەرداخە تۆزقاڵێکی تێئەکەیت و پڕیئەکەی لە ئاو.

مچە: ئینجا کەی ئەوە ئەبێ بە شەربەت؟

مەحموود: پێموتیت و بیستت، کارگەی شەربەتم دانەناوە، لەسەر خەزنە دانەنیشتووم. ئەبێ بە پارەیەکی کەم و زۆرزۆر کەم ئەم مەسەلەیە کۆتاییبێت.

مچە: دە بێنە پارەم بەرێ، دەی.

مەحموود: پارە پارە، بۆ هەموو شتێ هەر پارە، بێنە بێنە. ئای کە بە دەمیان خۆشە، بزانە یەکێ بوو بڵێ ها.

مچە: ئەی بێپارە هیچ ئەکرێ؟ کەواتە هیچ مەکە و با بە وشکی بێ.

دڵشاد: هەتیو، زۆربڵێیی بۆ چییە؟ گەورەمان چی ئەڵێ وا بکە.

مەحموود: ئافەرم، ئافەرم.

مچە: کەواتە با کاک دڵشاد بۆت ڕاپەڕێنێ.

مەحموود: چەنەبازیی پێناوێ، جێبەجێیکە بە شتێکی کەم.

دڵشاد: پیاوێکی دانا فەرموویەتی- "پێویستە بخۆین بۆ ئەوەی بژین، نەک بژین بۆ ئەوەی بخۆین."

مەحموود: دەمخۆش، بژیت بۆ ئەم قسە جوانەی کردت، پێویستە بە زەڕکەفتی ئاڵتوون بینووسین و لە ژووری نانخواردن هەڵیواسین.

دڵشاد: بە سەرچاو، تۆ خواحافیز، من خۆم هەموو شتێ جێبەجێئەکەم.

مەحموود: زۆر جوانە، بە ئارەزووی خۆت لێیخوڕە. (ئەڕواتە دەرەوە)

مچە: ئەمە تۆ بۆچی ئەم هەموو مەراییەتکرد. وەڵا ئەڵێی بکێشم بە لاشەویلگەیا، یا بەم دارە هەمو گیانی بشکێنم.

دڵشاد: ئەوە لەگەڵ کێتە، هەتیومچەی بێغیرەت؟

مچە: (بۆی ئەچێتە پێشەوە) دڵشاد پاڵێکی پێوەئەنێ، ئەیگێڕێتەوە (مچە ئەترسێ و دارەکە فڕێئەدا).

دڵشاد: (دارەکە هەڵئەگرێ) من ئەتوانم بتکوژم.

مچە: زۆر چاک ئەزانم.

دڵشاد: تۆ خزمەتکارێکی بێئابڕووی.

مچە: بەڵێ، لەوە گەیشتووم.

دڵشاد: بە منت وت لێتئەدەم؟

مچە: نەوەڵا، بە گاڵتەم بوو.

(دڵشاد ئەکەوێتە لێدانی و ئەڕوات)

مچە: بەخوا دەمڕاستی بەڵایە. شەرتبێ بە شەرتی خوا، لەمەوبەدواوە هەرچی ڕاستبێ، نەیڵێم. ئەی ئەوا میرزا مەحموود حەقی لێدانمی هەیە، ئەم کابرا مەسرەفچییە بۆ؟ شەرتبێ تۆڵەی لێبسێنم (باجی ئایشێ و گەلاوێژ دێنە ژوورەوە).

ئایشی: تۆ بڵێی میرزا مەحموود لە ماڵ بێت؟

مچە: وا بزانم لە ماڵە.

ئایشێ: دە بچۆ پێیان‌بڵێ ئێمە لێرەین. (مچە ئەڕوات)

گەلاوێژ: بەڕاستی تاس‌ئەمباتەوە.

ئایشێ: تاس بۆ ئەتباتەوە، بە قوربانی سەرت بم؟

گەلاوێژ: وەکوو شتێ ئەترسم.

ئایشێ: لە چی ئەترسی؟ بەخوا ئەکەویتە ناز و نیعمەتەوە، بەڵام لام وایە دڵت بە یەکێکی‌ترەوەیە؟

گەلاوێژ: ئەمە ڕاستە.

ئایشێ: ئەو کوڕەی ئاموشۆی‌ئەکردن؟

گەلاوێژ: بەڵێ، خۆیەتی.

ئایشێ: ئەیناسی کێیە؟

گەلاوێژ: نایناسم، بەڵام خۆشم‌ئەوێ، هەر لەبەرەئەوەشە ڕقم لەم پیرەیە.

ئایشێ: گوێ‌مەدەرێ کچم، سەری لە گوێ‌قەبر ئەلەرزێ. کە سبەینێ مرد، شوویەکی‌تر بۆ خۆت بکە، لام وایە سێ مانگی‌تر ناخایەنێ.

گەلاوێژ: هەموو سەعاتێکی ئەم پیرە بە سەد ساڵ ئەچێت.

(مەحموود یەتە ژوورەوە)

مەحموود: لێم‌ببوورە، چونکە بە عەینەکەوە هاتووم. خەڵقی لە شاران بە زەڕەبین تەماشای ئەستێرەکان ئەکەن، بۆیە منیش عەینەکم لەچاوکرد، چونکە تۆ ئەستێرەی منی.

(ڕووئەکاتە ئایشێ) ئەوە بۆچی جوابم‌ناداتەوە، وا دیارە شادنییە بە بینینم.

ئایشێ: ئەوە هیچ نییە، شەرم و نازی کچی عازەبە.

مەحموود: ئەوا کچەکەشم هات بۆ بەخێرهاتنتان.

پرشنگ: یاخوا بەخێربێن، یاخوا بەخێربێیت گەلاوێژخان، بەڕاستی ئەبووایە بۆ لای تۆ زووتر بهاتمایە.

گەلاوێژ: سوپاستئەکەم، بەڕاستی ئەبووایە زووتر بهاتمایە.

مەحموود: چاوتان لێیە کچەکەم چۆن گەورەبووە؟ ئەوە گیاکەڵەش لەگەڵ زەلا هەر وا زوو گەورەئەبن.

گەلاوێژ: (بە ئەسپایی) بەخوا کەرپیاوە.

مەحموود: (ڕووئەکاتە ئایشێ) ئەوە گەلاوێژخان ئەڵێ چی؟

ئایشێ: ئەڵێ پیاوێکی زۆر بە شانوشەوکەتە.

مەحموود: ئەمە شەرەفێکی گەورەیە، ئەمە گەورەترین مەدالیای سنگمە، وەڵا ئەڵێی عەبای شانسورمەیان داوە بە شانما.

گەلاوێژ: (لە بەرخۆیەوە) بەخوا حەیوانە.

مەحموود: بەڕاستی لوطفت زۆرە، خۆم بە غەریقی ئیحسانتان ئەزانم. وەڵا لەو دەقیقەیەوە کە چاوم پێتکەوتووە، ئەڵێی دوو سینیی پاقلاوە و برمەم خواردووە. ئەوا سالاری کوڕیشم هات.

گەلاوێژ: (ئەشڵەژێ، ڕووئەکاتە ئایشێ، بە ئەسپایی ئەڵێ) چیم لێئەکەی؟ ئەوە خۆیەتی.

ئایشێ: وسبە، قسەمەکە.

مەحموود: سەرسامەبە گەلاوێژخان، با مناڵەکانیشم گەورەبن، خۆم هێشتا گەنجم.

پرشنگ: (ڕووئەکاتە گەلاوێژ) خانمەکەم کە نەختێ لەمەوپێش باوکم ئەم باسەی بۆ کردین، هەموو سەرمان سووڕما.

گەلاوێژ: منیش وەکوو ئێوەم، بە تەمای ئەمە نەبووم.

سالار: بەڕاستی باوکم خانمێکی شۆخی هەڵبژاردووە، بەڵام بێگومان کە تێمئەگەیت و ناشتوانم قێزنەکەمەوە لەم کارەی باوکم. وا تێگەیشتی من کێم، هیچم بەدەست بووایە، نەمئەهێشت ئەم مەسەلەیە پێکبێت.

مەحموود: ئەم قسە بێمەعنایانەت چییە ئەیکەیت.

گەلاوێژ: منیش لەسەر باوەڕی تۆم و حەزناکەم دڵگیربیت لێم، وە ئەگەر هێزێکی گەورە نەبێت، نایەڵم ئەم مارەبڕینە پێکبێت.

مەحموود: قسەکانت جوانن، لەجیاتیی سندان قوزەڵقورتە، ببوورە لەم مناڵە چەپخوونە تێنەگەیشتووە.

گەلاوێژ: بێگومانبە، قسەی کوڕەکەتم زۆر پێ خۆشبوو. ئەگەر وای نەوتایە، زۆر دڵگیرئەبووم وە هەرگیز خۆشمنەئەویست.

مەحموود: زۆر شادمانم کە لە ئێستاوە لەسەر کوڕەکەم بکەیتەوە. بێگومانبە پاش ماوەیەکیتر ئەگەڕێتەوە و مێشکی پڕئەبێ.

سالار: مێشکم پڕە و دڵ ناگۆڕم. هیوام زۆرە گەلاوێژخان لە ڕاستیم بگات.

مەحموود: دە بیبڕەرەوە ئیتر، هەتیو.

سالار: با لەجیاتیی تۆ بە قەد  و باڵایا هەڵبەم. هێشتا جوانی وام لە دنیادا نەدیوە، بینینی دڵی مردوو ئەهێنێتەوە گوربە، هێنانت فەخرە و ژیانێکی پڕ لە کامەرانی. پەنجەیەکت هەموو سامانی دنیا ئەهێنێت، لە ڕێی تۆدا هەرچییەک زۆر قورس و گرانە، سووک و ئاسان ئەبێت.

مەحموود: کوڕە بیبڕەرەوە ئیتر.

سالار: لەجیاتیی تۆ بەخێرهاتنیئەکەم.

مەحموود: کوڕە، خۆم زمانم هەیە، هەتیو، بۆچی خۆت لێکردووم بە ئەوقات. هەڵسە ئەو کورسییانە چۆڵکە.

سالار: (ڕووئەکاتە گەلاوێژ) ئەو ئەموستیلە ئەڵماسە جوانە کە ئەیبینی لە ئەموستی باوکما؟

گەلاوێژ: بەڵێ، بەڕاستی پرشنگدارە.

سالار: (پڕئەکا بە پەنجەی باوکیا دەریئەهێنێ) فەرموو لە نزیکەوە بیبینە.

گەلاوێژ: بەخوا جوانە.

سالار: دە بیکە پەنجەت، ئەوە دیارییەکی زۆر بێنرخە بۆ تۆی خۆشەویست لە باوکمەوە.

مەحموود: من؟

سالار: بەم ئەموستیلەیە پەیمانی خۆشەویستی بەسترا.

گەلاوێژ: من نامەوێت.

سالار: نابێ بیگەڕێنیتەوە، چونکە باوکم پێیناخۆشە.

مەحموود: (لە بەرخۆیەوە) ئەی کە کوڕێکی بێمەعنای.

سالار: چاوی لێیە چۆن تووڕەبووە. خەتای من نییە بابە گیان، زۆری لەگەڵا خەریکم، بەڵام نایەوێ.

گەلاوێژ: نە بەخوا نامەوێت.

مەحموود: کوڕە بۆ وا ئەکەی.

سالار: ئەگەر ئەموستیلەکە نەکەیتە پەنجەت، باوکم نەخۆشئەکەوێت.

ئایشێ: ئا دە بوو بە چی لەپەنجەیکە، ببڕێتەوە.

گەلاوێژ: ئەوا لەپەنجەمکرد، تا عاجزنەبێت (وەلەکە یەتە ژوورەوە)

وەلەکە: پیاوێک تۆی ئەوێ، گەورەم.

مەحموود: تۆ بڵێ ئیشم هەیە.

وەلەکە: بەڵام ئەڵێ پارەی بۆ هێناوی.

مەحموود: کەواتە وا هاتم ببوورن، خانمە شیرینەکەم ئێستا یەمەوە.

سالار: کەواتە هەتا یەیتەوە، باخەکەمان پیشان گەلاوێژخان ئەدەم.

### پەردەی چوارەم

سالار: جێگای لەمە پەناترمان دەستناکەوێ، با بە ئارەزووی دڵمان تێروپڕ بدوێین.

پرشنگ: (ڕووئەکاتە گەلاوێژ) گەلاوێژ سالاری برام هەموو شتێکی بۆ باسکردووم. خۆشم ئەمەی ئێوەم بەسەرهاتووە، لەبەرئەوە باش تێتانئەگەم وە یارمەتیتانئەدەم.

گەلاوێژ: زۆر خۆشە خوشکەکەت پشتیوانمان بێت. هیوام زۆرە بەم ئیشە خۆشەویستیت بەردەوامبێت، تا بتوانم بەرگریی جەوری نەهاتی پێبکەم.

ئایشێ: بەڕاستی ئێوە کلۆڵن، ئەگەر لە وەخت و سەعاتی خۆیا لە منتان بگەیانایە، ڕۆژتان بەم ڕۆژە نەئەگەیشت.

گەلاوێژ: چی بکەم، چیم بەدەستە. لەم غەریبییەدا، ئاوارە، بێتوانا، مەجبوورم هەر خۆم بە هیوادا هەڵپەسێرم.

سالار: کەواتە لە کاتی لێقەومانا کەس پشتت ناگرێ؟

گەلاوێژ: خۆت لە جێی من دانێ، چی بە چاک ئەزانی، پێمبڵێ تا بیکەم، بە شەرتێ ئابڕووی تیا نەچێ.

سالار: ئیتر قسەی چی بکەم، تازە تۆ دەست و زمانت بەسترا.

گەلاوێژ: چینی ئافرەت وای بۆ دانراوە کە نەتوانێ پێی زۆر درێژبکات. پێویستە دایکم بەرەڵانەکەم، پێویستە دڵی نەشکێنم. ئەگەر توانیت پەشیمانیبکەرەوە، منیش ئامادەم کە بە هەموو دڵێکمەوە لە بەردەمیا پێ لەوە بنێم کە تۆم ئەوێت.

سالار: باجی ئایشێ، باجی ئایشێی دڵ و دەروون پاک، ئەم ئیشە بە تۆ نەبێ، جێبەجێناکرێ.

ئایشێ: وەی بەسەر چاوەکەم، ئەوەی دوو دڵ لەیەکئەکا، خوا دڵی ئەنجنئەنجنکا، بەڵام من چیم پێئەکرێ.

سالار: تکات لێئەکەم تۆزێ بیربکەرەوە.

گەلاوێژ: ڕێگایەکمان بۆ بدۆزەرەوە.

پرشنگ: فێڵێ، فەرەجێ، بۆ کردنەوەی گرێی دەستی خۆت.

ئایشێ: با بزانم، ئەبێ بە هەموو هێزێکمانەوە هەوڵی ئەوە بەین کە باوکت پەشیمانکەینەوە.

سالار: بەڵێ، ئەمە ڕاستە.

ئایشێ: ئەگەر ئافرەتێکی تەڕپیر و مەکربازمان دەسبکەوتایە، بەدرۆ خۆی لێبکردایە بە بێوەژنێکی دەوڵەمەند کە موڵکی زۆری هەیە، ئەوا ئەو حەلە دڵی باوکتم ئەگۆڕی بە لای ئەوا.

سالار: بەڕاستی تەگبیرێکی بەڕێوجێیە.

ئایشێ: دۆزیمەوە، دۆزیمەوە، هیچ خەفەت مەخۆن.

سالار: ئەگەر باجی ئایشێ ئەمەت پێکهێنا، شەرتبێ چی بڵێیت وا ئەبێ. تۆش گەلاوێژی خۆشەویست، بە چی ڕێگایەک بۆت ئەکرێ، وا لە دایکت بکە کە هەڵیبوەشێنێتەوە.

گەلاوێژ: هەرچییەکم پێبکرێ تەخسیرێناکەم.

(سالار تەوقە لەگەڵ گەلاوێژ ئەکات)

(مەحموود یەتە ژوورەوە)

مەحموود: دەک موبارەکنەبێت، ئەمە چییە؟

سالار: لەجیاتیی تۆ تەوقەی لەگەڵ ئەکەم.

مەحموود: دە هەستن تۆزێ بۆ گەڕان و وەرنەوە.

سالار: منیش بچم لەگەڵیانا لەباتیی تۆ؟

مەحموود: نەء، با خۆیان بچن، تۆزێ ئیشم پێتە.

(هەموویان ئەڕۆن، مەحموود و سالار ئەمێننەوە)

مەحموود: ئێی سالار، ئەم ئافرەتەت لا چۆنە، بەو سیفەتە کە ئەبێتە ژنی باوکت.

سالار: یەعنی چی، تێناگەم.

مەحموود: ئەڵێم بەژن و باڵای و جوانی و زیرەکیی، لە لات چۆنە؟

سالار: بێگومانبە.

مەحموود: دەی بڵێ.

سالار: بەڕاستی ئەوەنییە کە تێیگەیشتبووم. ئافرەتێکی نازونووزکەری عەیارە، نە باڵای ئەو باڵایەیە و نە جوانیی ئەو جوانییەیە. زیرەکیشی وەکوو خەڵقی وایە.

بۆیە ئەم قسانەش ناکەم کە تۆ بیبوغزێنی، چونکە ئەگەر ژنهێنانت لە چارە نووسرابێت، ئەم لە یەکێکیتر باشترە.

مەحموود: ئەی نەختێ لەمەوبەر بۆ بەو شێوەیە ئەتدووان؟

سالار: ئەوە لەجیاتیی تۆ، بۆ دڵخۆشکردنەوەی تۆ بوو.

مەحموود: کەواتە دڵت بۆی لێنادات؟

سالار: من؟ دڵم؟ هەرگیز.

مەحموود: بە ڕاستی ئەم قسەیەتم پێناخۆشبوو، چونکە وا بەبیرما هات کە من پیرم و خەڵقی باشم لێ ناڵێ و من و ئەمەیان نەوتووە و دوای ئەوە بڕیارم دا کە بۆ تۆی بێنم، بەڵام ئەم قسەیەی ئێستای تۆ فکری گۆڕیم.

سالار: بۆ من؟

مەحموود: بەڵێ، بۆ تۆ.

سالار: مارەیکەم؟

مەحموود: ئا مارەیکەیت.

سالار: کەواتە گوێبگرە، هەرچەندە بەتەنگەوەنیم، بەڵام لە ڕێی ڕەزابوونی تۆدا ئامادەم مارەیکەم.

مەحموود: لەبەر من بۆچی، هەرگیز حەزناکەم شتێکت پێبکەم کە خۆت نەتەوێت.

سالار: بەخوا ئیتر بڵێم چی.

مەحموود: مەسەلەی ژنهێنان ئەبێ لەسەر خۆشەویستی و دڵگۆڕینەوە بێت.

سالار: گەلێک جار دوای ژنهێنان ئینجا خۆشەویستی پەیدائەبێت.

مەحموود: پێویستە دووربین بین. ئەگەر هەست بە خۆشەویستی ئەکەیت، ئەوا تۆ بیهێنە، ئەگینا خۆم ئەیهێنم.

سالار: لەبەرئەوەی مەسەلەکە گەیشتە ئەم ڕادەیە، پێویستە بەتەواوی نهێنیی دەروونمت بۆ ئاشکرابکەم. لەمەوبەر دیومە و خۆشمویستووە، لەبەر تۆ بووە کە تا ئێستا نەمهانیوە.

مەحموود: ئایا ئەتدی؟

سالار: بەڵێ ئەمدی؟

مەحموود: پێتوتووە کە ئەیهێنیت؟

سالار: بە خۆی و دایکی.

مەحموود: ئەویش حەزی لێکردوویت؟

سالار: زۆر، هەتا بڵێی زۆر.

مەحموود: منیش ئەمەم ئەویست، بەڵام لێدای بۆ چی کوڕێکی. پێویستە لەسەرت لێی دوورکەویتەوە، چونکە لەپاش نەختێکی کە بێوەژنێکت لێ مارەئەکەم.

سالار: کەواتە دەستت بڕیم، شەرتبێ بە شەرتی خوا، وازی لێنەهێنم.

مەحموود: نەخەڵەتابی بە لای دەزگیرانی منا بچیت.

سالار: گەلاوێژ هەر بۆ منە و بۆ کەسیتر نابێت.

مەحموود: (ئەنەڕێنێ) کوڕە ئا دارم بۆ بێنن، خزمەتکارینە دار، با ئەم هەتیوە تەمێبکەم.

سالار: ئینسانی مەرد کە ئامانجێکی پاکی بوو، لە لێدان و هەڕەشە و سزا ناترسێ، خاوەنحەق هەر ئەگاتە ئامانج.

مچە: (بە هەڵەداوان خۆی ئەکات بە ژوورا) چییە ئەوە، چی قەوماوە، گەورەم؟ چۆن لە ڕووی باوکتا وەرئەگەڕێیتەوە؟

سالار: باوکی چی؟ شەڵا نەبووایە. خۆزگە تۆوی ئەم جۆرە باوکانە لەسەر زەوی نەئەڕوانەوە.

مەحموود: دەمڕووتیت گەیشتووەتە ڕادەی بێئابڕوویی.

سالار: کردەوەی ناشیرینت ئاوێکە ڕژاوە، ئەبێ ئێمە وشکیکەینەوە. ئەو دنیایەی ئێوە چەوتتان کردووە، ئەبێ ئێمە ڕاستیکەینەوە.

مەحموود: تۆ ئەڵێی چی، مچە؟ تووخوا ڕۆڵە، ئەمە ڕەوای حەقە؟

مچە: منی خزمەتکارێکی کلۆڵ، کەی ئەوێرم قسەی حەق بکەم. جگە لەوە، لە مەسەلەش تێنەگەیشتووم.

سالار: باوکم ئەیەوێت دەزگیرانەکەم لێ داگیربکات.

مچە: کردەوەیەکی ناڕەوایە. بەڵام باوکی موحتەرەمیشت پیاوی ناو پیاوانە و خاوەنی کیسە و مەقامی خۆیەتی.

مەحموود: ئافەرم مچە، بەڕاستی نمەکبەحەڵاڵی.

سالار: سەیر ئەوەیە کە ئەم دنیایە پڕبێ لە مەرایی. هەتا ئەم مەرایی و درۆ و مەسڵەحەتە مابێ لەناومانا، هەرگیز هەناسەی ڕەحەتی هەڵناکێشین.

مچە: شوکور هەردووکتان تێگەیشتوون، هەریەکەتان سوودی خۆی باش ئەزانێ، شوکور ڕێکن، ئێوە هیچتان لە بەینا نییە.

مەحموود: ئافەرم مچەکە.

سالار: بەڕاستی مچە قسەی باش فێربووە.

(مەحموود دەستئەکا بە گیرفانیا دەسەسڕەکەی دەربێنێ، لووتی پێبسڕێ، مچە ئەچێتە لایەوە، دەستی لێ پانئەکاتەوە، وا ئەزانێ پارەیئەداتێ:) بەڕاستی گەورەم دەستی پڕپارەت بۆ ماچکردن باشە. (ئەچیتە دەرەوە)

سالار: هیوام وایە لێمببووریت.

مەحموود: هیچی وا نەبووە، باوک هەمیشە ئامادەیە لە پەشیمانبوونەوەی منالی ببووری.

سالار: سوپاسی تایبەتیم بۆ ئەوەیە کە گەلاوێژم بۆ ئەهێنێت.

مەحموود: ئەوە وتت چی؟ گەلاویژ هێنانی چی؟

سالار: ئەی لە بەیانییەوە ئێمە ئەڵێین چی؟

مەحموود: هەرگیز واز لە گەلاویژ ناهێنم.

سالار: منیش هەرگیزاوهەرگیز ویستوومە و هەر ئەمەوێ.

مەحموود: کەواتە بۆم ڕاوەستە، بێئابڕوو، دارێک بەم بە ڕۆحتا.

سالار: چیت لەدەستیەت، تەخسیری مەکە.

مەحموود: بێبەریتئەکەم، دەرتئەکەم.

سالار: هێز نییە بمگەڕێنێتەوە لەو بڕیارەی کە داومە. (مەحموود ئەڕواتە دەرەوە)

نەبەرد: (یەتە ژوورەوە، سنووقێکی پچووکی لەبن دەستایە) بەشوێنتا ئەگەڕام، گەورەم، بۆم هێنای، خێراکە، شوکور گەیشتینە مەرام.

سالار: چییە ئەوە؟ ئەڵێی چی؟

نەبەرد: هەر بەشوێنیەوە بووم، هەر خۆم لێداگرت، هەر چاوەچاوم بوو، هەتا شوێنی شاردنەوەی پارەکانیم دۆزییەوە و بۆم هێنای.

سالار: چۆن ئەمەت پێکرا، خوا بتگرێ؟

نەبەرد: خێراکە جارێ با ڕابکەین، چونکە گوێم لە دەنگیەتی لەناو باخەکەدا ئەقیژێنێ. (هەردووکیان ڕائەکەن)

(مەحموود لەودیو پەردەوە ئەقیژێنێ: دز بگرە، پیاوکوژ بگرن، ماڵی وێرانم (یەتە ژوورەوە بە سەریا ئەکێشێ) هەی هاوار تاڵانکرام، دزرام، پارەکانیان بردم، ماڵیان کاولکردم، لێرە خۆشەویستەکانم، بەدەست چ ناپاکێکەوەن؟ کێ هەیە وەکوو من نازتان بکێشێت، پاکتان بکاتەوە، ماچتان بکات، هەرگیز نەتان دا بە کەس، نەتانگۆڕێتەوە؟ (ئەنەڕێنێ) بەڵام ئەی قانوون، .. ئەی پۆلیس ... شەرتبێ هەرچی دانیشتووانی ئەم ماڵە هەیە، بە جەزرەبەی سزایان بگەیەنم (هەموو دەستوپێوەند دێنە ژورەوە) هەمووتان دزن، کەس بەرینییە، پۆلیس، حاکمەکان، پیاوانی ئەمن و ئاسایش، مەکینەی ئازاردان، کورە جەلادەکان، سێدارە هەڵخەن، ئەمەوێ هەموو خەڵقی بخنکێنن، بیانکەن بە قەنارەدا، تا پارەکانم ئەدۆزرێتەوە. شەرتبێ نەیدۆزنەوە، خۆشم لەقەنارەبەم .. تازە دوای پارە ژیانم بۆ چییە!

## پەردەی پێنجەم

(مەحموود، موعاوین، پۆلیس)

مەحموود: بەخوا پارەکانم بۆ نەدۆزنەوە، شکات لە ئێوەش ئەکەم.

موعاوین: ئەرێ وتتان سنووقەکە چەندی  تیابوو؟

مەحموود: کوڕە دەهەزار و سێسەد لیرەی سوور.

موعاوین: بەڕاستی پارەیەکی زۆر و دزێکی گەورەیە.

مەحموود: هەر زۆر؟ هەر گەورە؟ کوولەکەی ڕۆحم بوون، هێشتا هیچ تاوانێکی وا گەورە ڕوویینەداوە.

موعاوین: شک لە کێ ئەکەی؟

مەحموود: لە هەموو کەسێک، ئەمەوێ هەرچی دانیشتووانی شار هەیە، بیانگرن و کەلەپچەیانکەیت و تا ئەتوانی ئازاریانبدەیت.

موعاوین: میرزامەحموود، وەک تۆ ئەڵێی وا نابێ. ئەبێ جارێ بە هێمنی بجووڵێینەوە، ئینجا لە دواییدا توندوتیژی بەکاربهێنین.

مچە: (یەتە ژوورەوە و ئاوڕئەداتەوە بۆ دواوە) سەری‌بڕن، کەوڵیکەن، بە بینەقاقە هەڵیواسن.

مەحموود: کێ؟ دزەکە هەڵواسن؟

مچە: نەء، گیسکێکیان بۆ هێناوی بە دیاری و منیش ئەمەوێت بۆت بکەم بە بریانی.

مەحموود: ئێستا کاتی باسکردنی گیسکە، هەی بێعەقڵ.

مچە: (ڕووئەکاتە مەحموود و ئیشارەتی موعاوین ئەکا) ئەمە میوانەکانە، قوربان. بەخوا بریانییەکتان بۆ ئەکەم هەر دەستی پێوە بخۆن.

مەحموود: کوڕە میوانی چی، موعاوینی پۆلیسە و بۆ دزییەکە هاتووە. وەرە پێشەوە قسەبکە.

مچە: قسەی چی بکەم، گەورەم؟ گوایە قسە لەمە خۆشتر ئەبێت؟

مەحموود: باسی دزییەکەمان بۆ بکە، چۆن ئەم دزییەت کرد، وەڵا لەقەنارەتئەدەم.

موعاوین: (ڕووئەکاتە مەحموود) لەسەرخۆبە میرزا، ئەم پیاوە هەر چاوم پێیکەوت، زانیم ڕاستگۆیە. ئەوەی ناوێت، ئێستا چی بزانێت ئەڵێ و نایەڵێ حەپسیبکەین. دەی مچە قسەبکە.

مچە: (لە بەرخۆیەوە) ئۆخەی گەیشتمە مەرامی خۆم، شەرتبێ دڵشاد تۆڵەی خۆمت لێبکەمەوە، ئەمە ڕۆژتە.

مەحموود: ئەو بۆڵەبۆڵەت لە چییە؟

موعاوین: قەیناکە ئەوە پراوەی قسەکردن ئەکات، ئێستا هەموو شتێ دەرئەخات.

مچە: گەورەم، وا ئەزانم دزەکە دڵشادی کیسەهەڵگرتانە.

مەحموود: چۆن دڵشادی جێی بڕوا و موتمانەم، ئێستا دزیم لێئەکات؟!

مچە: بەخوا لەو زیاتر کەسیتر نییە.

موعاوین: بەڵام ئەبێ بەڵگەی ئەم قسانەت هەبێ.

مەحموود: تۆ بینیت کە لەو شوێنەی پارەکەم تیا شاردۆتەوە، بسووڕێتەوە.

مچە: جا ئەمە شکی پێئەوێت، بۆچی تۆ لە کوێ شاردبووتەوە؟

مەحموود: لەناو باخەکەدا.

مچە: ئەرێ وەڵا دیم، کە شەو و ڕۆژ خولی باخەکەی دابوو، ئەی لە چییا بوو؟

مەحموود: لەناو صندووقێکا بوو.

مچە: ئینجا ڕاست دەرچوو، چونکی صندووقێکی لەبن دەستا بوو.

موعاوین: باشە صندووقەکە چۆن دروستکرابوو؟

مچە: دروستکرابوو ... دروستکرابوو وەکوو هەموو صندووقێ.

موعاوین: باشە .. باشە بەڵام چۆن صندووقێ بوو.

مچە: گەورەبوو.

مەحموود: ئەرەوەڵا بچووکبوو.

مچە: ڕاستە بە قەبارە بچووکبوو، بەڵام ناوئاخنەکەی گەورەبوو.

موعاوین: ئەی ڕەنگی چۆنبوو؟

مچە: ڕەنگی .... ڕەنگی .... چۆن بوو؟ ئا سوور نەبوو؟

مەحموود: کورە بۆر بوو.

مچە: بەڵێ، منیش وا ئەڵێم، بۆیەکەی بە لای سوورا ئەڕوانێ.

مەحموود: کەواتە دزی تەواو خۆیەتی. گەورەم شایەتییەکەی وەرگرە. خوایە هاوارم، ئیتر من بە کێ بڕوابکەم.

مچە: گەورەکانم، ئەوە وا خۆشی هات. تووخوا پێی‌مەڵێن کەوا من ڕاستیم لێ‌وتووە.

(دڵشاد یەتە ژوورەوە)

مەحموود: وەرە پێشەوە کاک نادڵشاد، پێ بە تاوانەکەت‌دا بنێ، کە هیچ تاوانێ نایگاتێ.

دڵشاد: ئەوە ئەڵێی چی، گەورەم؟

مەحموود: خۆت هەڵەئەکەیت، ناکەس‌بەچە؟ چۆن توانیت ئەم تەڵەیەم بۆ بنێیتەوە.

دڵشاد: گەورەم، بۆیە نەهاتووم ئەم قسانەم پێ‌بڵێیت. ڕاستە هەندێ ئیشی وام کردووە کە دڵت بۆی تەنگ‌بووبێ، بەڵام شایانی ئەوەیە کە لێم‌ببووریت.

مەحموود: جارێ ئەوەی لێت داگیرکردووم، بۆم بێنەرەوە، پێشم‌بڵێ کێ ئەمەی پێ‌کردیت؟

دڵشاد: خۆشەویستیی پاڵی‌پێوەنام کە ئەمە بکەم.

مەحموود: کام خۆشەویستی؟ خۆشەویستیی لیرە ئاڵتوونەکانم؟

دڵشاد: نەء، گەورەم، هەموو پارەکانتم بەیتێ، نامەوێ.

مەحموود: من بتدەمێ، بۆ دزییەکەت ناکەیت بە خەڵات.

دڵشاد: ئەوەی کردوومە ناوی ئەنێی دزی؟ ئێمە پەیمانمان بەیەک دابوو کە بۆ یەک بین.

مەحموود: بە چاوی خۆت ئەیبینی کە چیت بەسەردێنم.

دڵشاد: چی ئەکەی بیکە، بەڵام ئەوە بزانە کە کچەکەت خەتای نییە لەمەدا.

مەحموود: ناوی کچەکەم بۆچی ئەخەیتە ناو ناوانەوە، خۆ هیچت لێ‌نەکردووە؟

دڵشاد: من شتی لێ‌بکەم؟ بەجارێ شێتی‌بووم، چاوە جوانەکانی شەیدای‌کردووم، ئەوە باجی مەنیجیش کە ڕێکی‌خستووین.

مەحموود: چی؟ ئەڵێی قسە لەگەڵ دەزگیرانەکەت ئەکەیت؟

دڵشاد: بەڵێ، کچەکەت دەزگیرانمە و پەیمانمان‌داوە بە یەک، کە ئەبێ هەر بۆ یەک بین.

مەحموود: دەک موبارەکم‌نەکرد، ئەمەش سەرباری باران، ئەمەش نەگبەتییەکی‌تر.

مچە: قوربان، موعاوین‌بەگ، دڵشاد ئەمەشی کردووە.

مەحموود: جەنابی موعاوین‌بەگ، دەعواکە بوو بە دووان، دزیکردن و فڕاندنی کچەکەم.

دڵشاد: ئەگەر بمناسن ئەم قسانەم پێ‌ناڵێن ....

(گەلاوێژ و پرشنگ دێنە ژوورەوە)

مەحموود: دەک داڕزێی بۆ چی کچێکی! شەرت‌بێ دار بەم بە ڕۆحی تۆدا و ئەم دڵشادە ناپاکەش ڕەوانەی قەنارە بکەم.

پرشنگ: (ئەپاڕێتەوە) تووخوا بابە گیان ئەگەر ئیشەکە ئەوەندە گەورەبکەیت. ئەگەر وەکوو منی بناسیت، ئەوسا بۆت دەرئەکەوێت کە چەند مەرد و پیاوە. خۆ -هیچ نەبێ- منی لە خنکاندن ڕزگارکرد.

مەحموود: خۆزگە بخنکایتایە و چارەم چارەی ئەم دزە ناپاکەی نەدیایە.

(باجی ئایشێ یەتە ژوورەوە)

ئایشێ: ئەیەڕۆ ... ئەیەڕۆ ئەوە چییە. خوم شێواوە؟

(صدیق‌بەگ یەتە ژوورەوە)

صدیق‌بەگ: ئەوە چی قەوماوە میرزا مەحموود؟

مەحموود: چی نەقەومێ، لەمە خراپتر. ئەم دڵشادە بێ‌ئابڕووە تەڕنی پێ‌کردووم[1]؛ پارەی دزیوم، کچی داگیرکردووم. ئەو کچەی بۆ تۆم دانابوو، پێویستە بە دارا بکرێ و ئەم داوێن‌پیسە هەڵبواسرێ.

صدیق: من ئافرەتێکم ناوێ کە حەز لە یەکێکی‌تر بکات. خۆ ئەمەش بەزۆر نییە، بۆ پارەکانیش هەوڵی بۆ ئەدەین.

مەحموود: (ڕووئەکاتە موعاوین) ئەم تاوانبارە ئەبێت بە سزای خۆی بگات.

---

[1] تەڕنی پێ‌کردووم: دەستی بڕیوم، پاشقولی لێ‌گرتووم.

دڵشاد: با بەڕاستی پێتانبڵێم کە من تاوانکەر نیم، چونکی ئەگەر ڕۆژم بەم ڕۆژە نەگەیشتایە، ئێستا کوڕی پیاوێکی پیاو بووم.

مەحموود: ئەم قسانەت بە پوولێ ناچێ، چونکە زۆری وەک تۆ بە بەناوبانگ خۆیان داوەتە قەڵەم، بەڵام لە دواییدا شەرمەزاربوون.

دڵشاد: گەورەم، شان و شەرەف و بنەماڵەیەکی ئەوتۆم هەیە کە دەمکوتی ئەم قسانەت بکەم. بڕۆ لە هەموو مەریوان بپرسە، شایەتیی خانەدانیی من ئەدەن.

صدیق: ئەمە قسەیەکی جوانە، بەڵام کوڕە گەنجەکە ئەوە بزانە کە لە بەردەمی یەکێکا قسەئەکەیت کە هەموو مەریوان ئەیناسێ.

دڵشاد: ئەگەر ئەیانناسیت، دیارە ڕەسووڵئاغاش ئەناسی و ئەزانی کێیە.

صدیق: کەس نییە وەکوو منی بناسێت.

دڵشاد: من کوڕی ئەوم.

صدیق: چۆن کوڕی ئەوی؟

دڵشاد: بەڵێ.

صدیق: چۆن بڕوات پێئەکرێ، کە ئەمە شانزە ساڵ ئەبێت ڕەسووڵئاغا و ماڵ و مناڵەکەی لەناوچوون.

دڵشاد: ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەش بزانە ئەوسا من لە تەمەنی حەوتساڵییا بووم، لەگەڵ خزمەکارەکەمانا ڕزگارمانبوو، توانیم بگەمە ئەم تەمەنە.

مەحموود: ئێستا من ئەمە نازانم، پارەکانم ئەدەیتەوە؟

صدیق: وازی لێبێنە با قسەبکات، (بۆ دڵشاد) ئێ چۆن ڕزگارتانبوو؟

دڵشاد: کەواتە گوێبگرە. ڕەنگە بزانیت کە بەهۆی گرانی و کەمیی کشتوکاڵ و ئاژەڵەوە، باوکم هەرچی ماڵ و موڵکێکی هەبوو، فرۆشتی و لەگەڵ خۆیا و بەسەر پشتی ولاخەوە هێنانی بەمدیوا، تا بحەسێینەوە و خزمەکارە ئەمینەکەشمان، نەریمانمان لەگەڵا بوو. ئەو ڕۆژە بەوێدا هاتین تا تاریک بوو، بووە ئێوارە. ڕۆژەکەی زۆر ساردبوو، ڕۆژێ بوو لە چلەی زستانی کوێستان. گەیشتینە ناو دەربەندێکی سەخت کە بەفر تیایا گلۆڵەیکردبوو، لێیگۆڕین و شەومان

بەسەراهات. بەفر کەوتە بارین، بە جۆرێکی وا کە بەجارێ ڕێی لێ ونکردین و شپرزەبووین، ئەوەندەمان نەمابوو لەسەر وڵاخەکە بکەوینە خوارەوە. تاکوو باوکم خۆی پێنەگیرا، ئێمەی بەجێهێشت بەدیار نەریمانی خزمەکارەکەمانەوە و خۆی دایە غار، تا دێیەک بدۆزێتەوە وە بێن بە یارمەتیمانەوە. بەڵام ئەو ڕۆیشتنەی باوکم ڕۆیشت، هەر ئەوەبوو، گەڕانەوەی نەبوو، نەمزانی چیی بەسەرهات. دوای ئەوەی وەرسبووین لە هاتنەوەی باوکم، سەرما و بەفر زیاتر تەنگی پێهەڵچنین، دایکم و خوشکم لەپەلوپۆکەوتن و منیش دەستمکرد بە گریان. دایکم هیچی بۆ نەمایەوە، کەوتە پاڕانەوە لە نەریمان کە -هەرچۆنێبێت- من ڕزگاربکا و بمگەیەنێتە شوێنێ تاوەکوو نەمرم. لەبەرئەوە نەریمان کردمیە کۆڵی وە هەڵیگێڕام بە قەدپاڵی شاخەکەدا، تاوەکوو کونەشاخێکی دۆزییەوە وە لەوێ دانیام وە خۆشی گەڕایەوە بۆ لای دایکم و خوشکم. کە گەڕابووەوە نەیدۆزیبوونەوە و سەروشوێنی نەزانیبوون. ئیتر لەوساوە نە دایکم دی، نە باوکم و خوشکم، تا لەم دواییەدا بیستم کە باوکم نەمردووە و گەڕام بەشوێنیان و لێرە گیرسامەوە.

صدیق: چ بەڵگەیەکیترت هەیە بۆ ئەم بەسەرهاتە.

دڵشاد: بڕۆن لە نەریمانی دەروونپاکی خزمەکار بپرسن، بزانن وایە یان نا؟ ئەمە ئەو ئەموستیلەیەیە کە لە منداڵییا باوکم کردوویەتیە دەستم.

گەلاوێژ: قسەکانی ڕاستە، بڕوام پێکرد. ئێستا بۆم دەرکەوتی کە برامی و لە دایک و باوکێکین.

دڵشاد: منیش بۆم دەرکەوت تۆ خوشکم و جگەرسۆزمی. بەڵام تووخوا ئێوە چیتان بەسەرهات؟

گەلاوێژ: دایکم بۆی گێڕامەوە، هەر نەریمان کە تۆی بردووە و درەنگ گەڕاوەتەوە و لەو کاتەدا کاروانێ هاتووە، ڕزگاریکردووین، بردوویانین بۆ دێیەک. لەوساوە بە کولەمەرگی ژیاوین، تا گەیشتووینەتە ئێرە.

صدیقبەگ: خوای گەورە، چەند دادپەروەری و چەند یاریدەدەری داماوانی، وەرنە پێشەوە کوڕ و کچە خۆشەویستەکەم. وەرن تا تێر تێر بتانگوشم بە خۆمەوە و تێر بۆنتانبکەم. وا بۆ شانزە ساڵ دەقیقەیەک خۆشیمنەدی.

دڵشاد: تۆی باوکی بەنرخمان؟ تۆی ئەوەی ژیانم بەسەربرد بۆ گەڕان بەشوێنتا.

گەلاوێژ: ئای بابە گیان کە دایکم بۆت ئەگری، کە خەم و خەفەت ئەخوا.

دڵشاد: تووخوا بابە گیان کە ڕۆیشتی بۆ دێیەکە، نەگەڕایتەوە بۆ لامان؟

صدیق: کوڕی شیرینم، هەر کە لە ئێوە جیابوومەوە و تاومدایە ئەسپەکەم، تا زوو داڵدە بدۆزمەوە، بەڵام لە کاتی غارا بووم کە خۆم و ئەسپەکەم کەوتینە ناو شیوێک، وە کە بەفر لێواولێو بووبوو. هەرچەندم کرد و کۆشام، دەرەتانمنەبوو. ئەسپەش هەر پەلەقاژێی بوو، هەرچۆنێ بوو توانیم زینی ئەسپەکە بگرم و بە هەزار دەردیسەری ڕزگارمبێت. بەسەر پشتی ئەسپەکەوە بووم بە دار، تا لە دوور ڕووناکییەکم بەدیکرد. بۆی ڕۆیشتم و کە گەیشتمێ، دێیەک بوو، بەڵام لە سەرمانا زمانم شکابوو. چوومە ماڵێکەوە، ئاگریان بۆ کردمەوە و هاتمەوە سەر خۆم و بڕیارم دا کە بگەڕێمەوە بۆ لاتان. بەڵام لادێییەکان کەوتنەڕێ و کە هاتبوون، ئێوەیان نەدیبوو .. کوڕە شیرینەکەم، کچە دڵسۆزەکەم، ئەمەش بەسەرهاتی من. بەڵام سوپاس بۆ خوا کەوا شاد و شوکور بووینەوە.

مەحموود: کەواتە ئەمە کوڕتە؟

صدیق: بەڵێ، کوڕمە و بەندی جگەرم.

مەحموود: کەواتە ئەو دەهەزار و سێسەد لیرەیەم بەرەوە کە دزیویەتی.

صدیق: کوڕی من و دزیبکات؟

مەحموود: ئەی بۆ نایکات؟

صدیق: کێ پێیوتی؟

مەحموود: مچەی نۆکەر.

مچە: من ئەگەر وام وتبێ، زمانم بە بڕین چێ. من حەددی ئەوەم چییە ئەم قسانە بکەم.

(سالار و نەبەرد یەنە ژوورەوە)

سالار: بابە گیان، کەس گوناهبارمەکە و یەخەی کەس مەگرە. ئەگەر ڕێگەم بەیت گەلاوێژ بێنم، ئەوا پارەکەت بۆ ئەهێنرێتەوە.

مەحموود: کوا؟

سالار: سەری خۆت مەیەشێنە. ئێستا پێمبڵێ یا پارەکانت تیا ئەچێ، یا ئەبێت واز لە گەلاوێژ بێنی.

مەحموود: لێی کەمنەبۆتەوە؟

سالار: نە بەخوا، وەکوو خۆی وایە. ئێستاش گەر وڕکت گرتووە لە هێنانی، ئەوا ئەبێ دایکی بانگبکرێ، لە من و تۆ یەکێکمان هەڵبژێری.

گەلاوێژ: هەر دایکم بەس نییە. چونکی خوا شاد و شوکوری کردینەوە بەم باوکە بەنرخەم و برا شیرینەم. ئەتوانی خوازبێنیم لەو بکەیت.

صدیق: خوا بۆیەکی نەناردوومەوە کە ببمە کۆسپی سەر ڕێتان. جەنابی میرزا مەحموود ئەوە بزانە کە کچێکی شۆخوشەنگ کوڕێکی گەنج هەڵئەبژێرێ، نەک پیاوێکی پیری بەساڵاچوو. کەواتە وەرە با ئەم دوو شاییە بگێڕین.

مەحموود: پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەمانە بکەین، جارێ ئەبێت پارەکانم ببینم.

سالار: ئێستا پارەکانت بۆ یەتەوە.

مەحموود: ئەوە بزانن خۆتان بۆ خوا شایەت بن، یەکپول، یەکقەمەری، یەکمنقڕ، نادەم بە جیازی، ئیتر کەیفی خۆتانە.

صدیق: هەموو مەسرەفێک لەسەر من،ماڵی دنیا چڵکی دەستە. ئێمە پارە پەیائەکەین، پارە ئینسان دروستناکات. پارە بۆ خێر و خۆشیی ژیانە، نەک بۆ بەربەستی.

مەحموود: ئاوا لە پارە گەیشتووی؟

صدیق: بەڵێ، ئەو عەبدی منە، نەک من عەبدی ئەو.

مەحموود: کەواتە بەم بۆنەیەوە دەستێ جلیش بۆ من بکە.

صدیق: بەسەر چاوەکانم. بنێرن بەشوێن مەلادا. با بێت و ناوی خوای لێبێنین و گەلاوێژ لە سالار و پرشنگیش لە دڵشاد مارەبکەین. با ببینە هۆی دامەزراندنی بنەماڵەیەک کە بناغەکەی لەسەر خۆشەویستی و پاکی دابنرێ.

موعاوین: (بۆ پۆلیسەکە) کەواتە با دەفتەرەکانمان بپێچینەوە و بڕۆین، باش بوو خۆیان ڕێککەوتن.

صدیق: بەڵێ، دەعوا بسڕنەوە، واز لە لێکۆڵینەوە بێنن.

مەحموود: ئەها موعاوینبەگ تۆبی و خوا، ئەگەر ئەم مچە لاسارە تووشی سزایەک نەکەیت.

مچە: جاری پێشوو ڕاستم وت، تێتانهەڵدام. ئەمجارەش درۆمکرد داوای سزادانم ئەکەن. پیاوم ئەوێ و بزانێ چۆن بژی.

صدیق: هیوام وایە میرزا مەحموود ئیتر بێنەوە سەر خۆتان و بزانن چۆن بژین. هەوڵی سزادانی خەڵقی هەژار نەدەن، بەڵام [دا] لە پیسکەیی و تەڕپیری و ڕیایی و دژ بە هەموو کردارێکی پیسی چەپەڵ کە زیان بە خەڵق ئەگەیەنن.

گەلاوێژ: بابە گیان زۆر سوپاسی پیاوەتیت ئەکەم، با بچین بۆ بینینی دایکم.

صدیق: لەپێش هەموو شتێکا مارەبڕین، ئینجا بچین بە لای دایکتەوە، نەک میرزا مەحموود پەشیمانبێتەوە.

مەحموود: منیش ئیمشەو تێر ئەنووم. شەرتبێ لەمەودوا دەستبکەمە ملیان، ماچیانکەم، زرەیان لە گوێ نەبرم، نەیەڵم ساردببنەوە. لیرەکانم، پارەکانم، کوولەکەی دڵم، هێزی ژیانم.

(تەواوبوو)

| | |
|---|---|
| نەبەرد: بورهان کەریم<br>مارفی دەلاڵ: دڵشاد مەسرەف<br>دڵشادی خزمەتکار: کەمال قەرەداخی<br>مچە: فەرەج سەردار<br>صدیقبەگ: سمکۆ عەزیز<br>موعاوین: عەزیز ساڵح<br>دیکۆر: جەمال بەختیار و شێرزاد شەوقی<br>ئەلەکە: عومەر محەمەد<br>وەلەکە: عومەر ساڵح | پۆلیس: قادر هەمەوەندی<br>ڕووناکی: نووری بەدەوی<br>مولەقین: ڕەئووف ماستاو<br>ماکیاج: جیهان شاوەیس، جەمال بەختیار، بورهان کەریم<br>دامەزراندنی ئەلەکتریک: ئەحمەد محەمەد و مەحموود چالاک |

شانۆنامە:

# دوکتۆری دێم

(فیکرەکە و هەندێ حیواری، لە شانۆنامەی "بەزۆرکردیان بە دوکتۆر"ی مۆلێر وەرگیراوە)

تێبینی: بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێکی کوردستانا و بە کەمترین ئەرک و توانا تەمسیلبکرێ و خەڵکی چێژی لێوەرگرن، تەنیا فیکرە و هەندێ حیوارم خواستووە لە ئەسڵەکە و بەس.

## پەردەی یەکەم

دیکۆر: ژوورێک یان هەیوانێکی لادێ.

پێویستی:

١. دوو دەست جلوبەرگی لادێ بۆ پیاو.

٢. دەستێک جلی کوردی بۆ ژن.

٣. کۆڵێک داری سووتەمەنی و دۆشەک و لێفە و سەرین.

٤. دوو دار بۆ لێدان و هەندێ شتومەکی ناوماڵ (صندووقی بوراق).

٥. تەور و تەورداست و گوریس.

*

سالە: زۆر وتنی ناوێ، گەورەی ماڵ منم، نەک تۆ، ئیشناکەم و تاقەتمنییە و بڕایەوە.

خازە: منیش پێتئەڵێم کە دنیای ئەمڕۆ دنیای دوێنی نییە، ئافرەتیش هەقی قسەی هەیە.

سالە: ماڵی ئەوەم وێرانکرد کە ژنهێنانی داهێنا، نەگبەتییە پیاو ژنبهێنێ. ئەرەستۆ ڕاستیکرد کە وتی ژن لە پەراسووی شەیتان دروستکراوە.

خازە: ئەرەستۆ، بیزانیایە تۆ ناوی ئەهێنی، قەت قسەینەئەکرد.

ساله: ڕۆژەکەی ناخۆشە و میزاجم پرتەقاڵییە و تاقەتمچوو ئەوەندەم دار بڕی و ئەوەندەم دار دا بەکۆڵما.

خازە: هەر کەسە لە ژیانا ئەبێ ئیشێکبکا و بەو ئیشە بژی.

ساله: من حەز لەم ئیشە ناکەم، من پیاوێکی خوێندەوارم، کتێبم خوێندۆتەوە، لە دنیا گەیشتووم، هەتا ئێستا هەزار جۆرە ئیشمکرد، شەش ساڵیش هەر لە خزمەت دوکتۆرێکی گەورەدا بەردەستیمکردووە.

خازە: ماشائەڵڵا لە فەیلەسووف! ئینجا چییە، ئەوە ئاخرییەکەت نییە، شڕوپڕ، بێنان و بێئاو و ماڵوێران.

ساله: قەیناکا؟ نیمە ئەمبێ. خوێندەوارم، نووسەرم، هونەرمەندم، سیاسیم.

خازە: (قاقایێ ئەکەنێ) چیت، چیت؟ تۆی عەمرەکەم، ئەڵێی داری واوەیلایت! نووسەر و هونەرمەند و سیاسی؟ ئەوە لای یەکێ بڵێ نەتناسێ.

ساله: ئەوە گاڵتەم پێئەکەی، خازە لابەلا؟

خازە: نەء، حورمەتتئەگرم، نووسەر و هونەرمەند و سیاسیی دارفرۆش.

ساله: یەعنی چی؟

خازە: بەو خوایە دروستیکردووین، شتێکم بەدەست بووایە، ئەمکردی بە بەربەر.

ساله: ئەی بەڵام لێدای بۆ چ ژنێکی ئاوا.

خازە: لەعنەت لەو ڕۆژەی چارەم لە چارەت نووسرا ئاوا.

ساله: سەد هەزارجار، بەخوا شەقبەری ناچم بۆ دارستان.

خازە: ئینجا ناچی، چش. خۆ شوکور هیچیتر نەماوە بیفرۆشی. ماڵت وێرانکردم، هەرچییەکم هەبوو بردت.

ساله: بێئەقڵ مەبە، ڕەحمەتی چییتری بەجێهێشتووە، دەریبێنە و با خۆمانی پێبژێینین. دنیا ئەوەندە ناهێنێ.

خازە: ئاخر خەتای خۆم بوو، لەدوای مردنی ڕەحمەتی، لەسەر ماڵی خۆم دانەنیشتم و شوومکرد بە تۆ.

ساله: باووباپیرمان وتوویانە: میراتی کەر بۆ کەمتیارە.. شوو خۆشە، بۆ کچیش، بۆ بێوەژنیش.

خازە: خوا ئەم شووە ببڕێ کە من کردم و تووشمبوو بە تووشی تۆوە.

سالە: بۆ من چیمە، ئافرەت؟ پیاونیم؟

خازە: تۆ؟ بەڵێ، نووسەر و هونەرمەند و سیاسیت، ئاقڵی، بەڵام نە نووسینت نووسینە و نە ئەزانی هونەر چییە، نە سیاسیشیت. عەمرەکەم نەمێنێ بۆ عەقڵەکەشت!

سالە: کەواتە بە هیچی من ڕازینیت؟

خازە: حاشا، بە چیت ڕازیبم؟ خۆ منیش خەڵکی نیم پێتبخەڵەتێم، هەی لە ڕێوی قوماربازتر، هەی سەرخۆشی بەبێ هۆش.

سالە: مەسەلەکە گەیشتە ئەم ڕادەیە، خازە ڕەشەبا.

خازە: ئەرێ وەڵڵا، سالە لەرزانە.

سالە: بە شەرتی خوا، ئەبێ دەردت دەرمانبکەم، بە سەرتەوە نەچێ.

خازە: بەو خوایە تۆ سوێندی پێئەخۆی. دەستم بۆ بێنی. تووشی چورتمێکت ئەکەم.

سالە: (دەست ئەداتە دارێک و یەکدوو داری تێئەسرەوێنێ) ئەتکوژم وەڵڵا.

خازە: (هاوارئەکات) ئای کوژرام، کوشتمی، ئەی هاوار، خوایە هەڵێنەگری.

ڕەسووڵ: (دێتە ژوورەوە و هەڵەداوان) ئەوە چییە؟ کێ لە ژنەکەی دا؟ ئەوە عەیبنییە؟

خازە: ئینجا تۆ هەقت چییە، کابرا؟ مێردی خۆمە و لێمئەدا.

ڕەسووڵ: کەیفی خۆتانە.

خازە: من خۆم پێمخۆشە.

ڕەسووڵ: نەمئەزانی لێدان خۆشە.

خازە: کێ تۆی بەکرێگرتووە، کابرا؟

ڕەسووڵ: کەس، خۆ کفرمنەکرد؟

خازە: من لەشم فێرە.. هەتا ئێستا سێ شوومکردووە، بێئەقڵ.

ڕەسووڵ: (بە چەپۆک ئەکێشێ بە سەری خۆیا) ئەی قوڕ بەسەر من.

خازە: قوڕ بەسەر باوکیشت.

ڕەسووڵ: لاحەولە وەلا..

خازە: چەنەبازی، درێژەیمەدەرێ و بێدەنگبە (زللەیەکی لێئەدات).

ڕەسووڵ: (دەست ئەگرێ بە ڕوومەتیەوە و ڕووئەکاتە سالە) برام لێمببوورە و ئارەزووی خۆتە. چۆنی لێئەدەی، لێیدە. بەغیرەتم بیکەی بە تریت، قسەناکەم.

سالە: بەخوا کابرایەکی بێدەماغی.

ڕەسووڵ: بۆچی براکەم.

سالە: چونکە قابیلە لەسەر ڕای جەنابت معامەلە لەگەڵ ژنەکەما بکەم؟ ژنی منە یا ژنی تۆ؟

ڕەسووڵ: ژنی خۆتە، براکەم.

سالە: من پێویستم بە ڕای جەنابت نییە.

ڕەسووڵ: باشە براکەم.

سالە: شیشرۆن ئەڵێ..

ڕەسووڵ: باشە براکەم.

سالە: ئەم براکەم براکەمەت چییە، گەوجە؟ (زللەیەکی لێئەدا).

ڕەسووڵ: (بەدەم ڕۆیشتنەوە)، سەد ئەلحەمدولیلا کە نە ژنی کابرایەکی وا گەوج و نە مێردی ئافرەتێکی وا بێحەیا بووم.

سالە: ئەوە ئەڵێی چی، کابرا؟

ڕەسووڵ: هیچ ناڵێم: ئەڵێم ئێوە خێزانێکی بەختیارن، براکەم.. (ئەچێتە دەرەوە)

سالە: (ڕووئەکاتە خازە) وەرە ئاشتبینەوە.

خازە: ئاشتنابمەوە.

سالە: بێئەقڵ مەبە، لە بەینی ژن و مێردا ئەم شتە وردانە هەر ئەبێ.. لێمببوورە و ئەهـ

خازە: بەڵام هەر تۆڵەت لێئەستێنم، ئافرەت زۆر شتی لەدەستدێت.

سالە: منەتتنەبێ، وەرە دنیا ئەوە ناهێنێ. وا ئەشچم بۆ دارهێنان، شەرتبێ دە کۆڵت بۆ بێنم.

خازە: (لێی نزیکئەبێتەوە وە دەست ئەخەنە دەستی یەک) منیش هەتا یەیتەوە، شتێکت بۆ دروستئەکەم.

سالە: (دەست ئەداتە گوریس و تەورداست و ئەکەوێتەڕێ).

(پەردە دائەدرێتەوە)

**پەردەی دووەم**

نەریمان: یا خوا کەس وەکوو ئێمە تووشنەبێ؟

ماله: بۆ تووشبووین؟ ئیشە و ئەیکەین. ئەی چۆن بژین؟

نەریمان: ئینجا ئەمەش پێیئەوترێ ژیان؟

ماله: بەخوا من قانیعم.

نەریمان: خزمەتکاری، ڕیا، درۆکردن، ڕۆژی هەزار پولاتیقە و ساختەچێتی.

ماله: بەخوا من -بەشبەحاڵی خۆم- قانیعم.

نەریمان: طەبعەن قانیعی ماله، هەتیوچەیەکی پیسکەی بێوەفای بێئەمەک، لە نیسک بێبەروپشتتر، لە هەڵمات بێبارتر، کەوتووی بە ناز و نیعمەتا لای ئاغا.

ماله: ڕجات لێناکەم نەریمان، عەیبە ئەم قسانە، ئەگینا زۆر موتەئەثیردەبم.

نەریمان: کوڕە موتەئەثیرنابی، چش. ئینجا تۆ کەی حیسست هەبووە و شعوورت کردووە.

ماله: لەسەری برۆی، دەگەڕێمەوە و بە ئاغا دەڵێم سەد شەقت تێهەڵدات. ئێمە بۆچی هاتووین و تۆ باسی چی دەکەی، سەلامەتبی.

نەریمان: کوڕە سەلامەتنەبی. ئاخر کچەیە حەز لە کابرایەکیتر ئەکا و باوکی ئەیەوێ بیدا بە یەکێکیتر و ئەمیش خۆی لاڵکردووە و تەواو. ئیتر نەخۆشی چی و دوکتۆری چی؟

ماله: قەیدینییە، ئێمە دوکتۆرێک، حەکیمێک، هەر دەدۆزینەوە و دەیبەین و فەرمانی ئاغا جێبەجێدەکەین، سەلامەتبی.

نەریمان: باشە تۆ بۆ بە درۆ بە ئاغا ئەڵێی کە دوکتۆری باش هەیە؟

ماله: کوڕە وا باشە، عەقڵتببێ، پیاو ڕیاکار و درۆزن نەبێ و پۆلاتیقەنەکات بۆ خەڵکی، ناژی.

نەریمان: نەحلەت لەو ژیانەی تەرازووی تیانەبێ، نەحلەت لەو ژیانەی کاروباری بەدەست ئاغا و بەگی نەزان و گەوج و دزەوە بێ.

ماله: قۆلاغ وێرمه جانم، قۆلاغ وێرمه..

نەریمان: ئەم وێرمەیە چییە، ماله؟

ماله: یەعنی گویٚمەدەریٚ.

نەریمان: ئا با لەو ئافرەتە بپرسین..

خازە: (لەو سەرەوە دێتە ژوورەوە)

ماله: خانمەکەم، سلامون عەلەیکوم.

خازە: ئۆ ڕەزاتخواتەوە.

نەریمان: خوشکم، تووڕەمەبە، پرسیارێکمان هەیە.

خازە: وایلیٚ، ئێوە کێن؟

ماله: ئێمە خزمەتکاری مینە ئاغاین.

خازە: تۆ دەمت لێکنیٚ؟

خازە: چونکە سەر و قەپۆزتم بەدڵنییە.

نەریمان: دە بیٚدەنگبە، ماله. خوشکم کچی ئاغامان نەخۆشە.

خازە: ئەوە حەز لە شوو ئەکات.

نەریمان: نەخۆشییەکەی ئەوەیە قسەناکات، لاڵبووە، پێویستیمان بە دوکتۆرێکە.

خازە: ئیٚ ئیٚ، ئینجا دوکتۆرەتان دۆزیوەتەوە؟

نەریمان: نەخێر.

خازە: من دوکتۆرێکی باش ئەناسم.

نەریمان و ماله: (بەیەکەوە) دەی بەقوربانتبم.

خازە: ئەوەتا لە دارستانە، دارئەبڕیٚ.

ماله: چۆن دوکتۆر دارئەبڕیٚ.

ماله: ئارەزووی خۆیەتی، زەوقی لە داربڕینە.

نەریمان: بەڵیٚ، فەرموو.

خازە: کە پێتانوت دوکتۆری و وەرە لەگەڵمانا، گاڵتەتان پیٚئەکا و ئەڵیٚ من دوکتۆرنیم وە هەزار سوێندیشی لەسەر ئەخوا.

نەریمان: ڕاستە، هەندێ لە پیاوە گەورەکان شذووذیان هەیە. بەڵێ..

خازە: ئەگەر نەهات لەگەڵتانا، دەستی لێبدەنە دار و تۆزێکی لێبدەن.

نەریمان: ئێی..

خازە: ئێتر دێت لەگەڵتانا. ئەو مینە ئاغایە لە چ دێیەکە؟

ماڵە: لە دێی قۆڵتاش.

خازە: ئێ ئێ، ئەیزانم..

نەریمان: باشە، هەتا ئێستا کەسی چاککردۆتەوە؟

خازە: ئەی گوایە چۆن سێ هەفتە لەمەوبەر کابرایەک لە سەربان کەوتبووە خوارەوە بەسەر سەرا و سەری چووبوو بە ملیا و ملی بە لەشیا.

ماڵە: ئێی؟

خازە: بە سەری باوکت، کاکە ماڵە، سەری لە لەشی دەرهێنایەوە و ئێستا کابرا حەیران ئەڵێ..

نەریمان: بڕایەوە، دەی خێرا با بڕۆین.

خازە: (بە ئیتیجاهی موعاکیس ئەڕوا و ئەڵێ) نەڵێن کێ پێیوتوون ها، ناویشی سالەیە.. دۆکتۆر سالە مێردی خازە.

نەریمان: نەء، نەء، خوا حافیز، باشە. (لەپاش چەند هەنگاوێک ئەگەنە نیهایەتی شانۆ) (چرا کوژاندنەوە و داگیرساندنەوە)

سالە: (کۆڵێک داری پێیە و پێیانئەگات)

نەریمان: مەرحەبا.

سالە: مەرحەبا قوربان.

ماڵە: مەرحەبا دوکتۆر.

سالە: قسەی قۆڕ مەکەن، وتتان مەرحەبا، وتمان باشە و بڕایەوە (کۆڵەکە دائەنێ لە ناوەڕاستی شانۆدا)، شووشەکەی دەرئەهێنێ و دائەنیشێ و پاڵئەدات بە دارەکەوە و ئەخواتەوە).

نەریمان: خۆیەتی، بە کرداریا و بەم توورەیییەدا خۆیەتی.

ماڵە: جەنابت کاک سالەی؟

ساله: ئا منم، ئەمریک، خزمەتێک.

نەریمان: گەورەم، ناوبانگی ئێوەمان بیستووە و ئەزانین کە تا چ ڕادەیەک بلیمەت و زانای.

ساله: (پێئەکەنێ) لە چییا؟ لە داربڕینا؟

ماله: نەء، قوربان، نەء.

ساله: ئەی لە ئازایەتیدا؟

ماله: نەء، قوربان لە عیلما، لە زانستا، لە فولفووسا.

ساله: (ئەداتە قاقای پێکەنین) ئەی بێغیرەت، فولفووس چییە، گەوجە؟ بڵێ فەلسەفە.

نەریمان: یا خوا ماڵت وێرانبێ ماله. بەڵێ قوربان لە حیکمەتا، لە دوکتۆریدا.

ساله: ئێوە غەڵەتن، بە سەری باوکتان من هیچ نازانم، لە داربڕین زیاتر.

نەریمان: ئینجا بەتەواوی دەرکەوت کە خۆیەتی.

ساله: وەرن پیاوی چاک بن، ئەم دارەم لێبکڕن، با بە خۆشی بڕۆمەوە ماڵەوە.

نەریمان: ماڵی چی قوربان؟ کچی ئاغامان زمانی بەستراوە و جەنابیشت باشترین دوکتۆری و ئەتبەین بۆ ئەوێ.

ساله: من پیاوی ڕابواردن نیم، بڕۆن بە ڕێی خۆتانەوە.

ماله: دێیت، یان دەست پێبکەین؟

ساله: دەست بە چی؟

نەریمان: بە لێدانت.

ساله: ئێوە زۆر سەیرن، من ئەڵێم فرم بەسەر مامانیشەوە نییە، چ جای دکتۆری.

ماله و نەریمان: (دەستئەکەن بە لێدانی) دوکتۆری یان نا؟ بڵێ، بڵێ.

ساله: (بە ئازارەوە) بەڵێ، دوکتۆرم.

نەریمان: دە ببوورە لە دەستدرێژیمان، گەورەم.

ساله: کارتان ڕاستنەبێ و وازم لێبێنن.

ماله: هەڵسە با بڕۆین درەنگە، هەڵسە پێشمانکەوە.

ساله: ئەی کۆڵە دارەکەم؟

نەریمان: یەک بە دە پارەت ئەدەینێ، هەڵسە.

سالە: مەسەلە پارەشی تیایە؟

مالە: بەڵێ پارە؟ جلوبەرگی چاک، نوێنی پاکوتەمیز، فڕووج، قەلەموون، گیسک. بڕۆ با بە بۆنەی تۆوە، ئێمەش تێربخوێن، گەورەم.

سالە: (هەڵئەسێتە سەرپێیان) دنیایەکی سەیروسەمەرەیە، عەجایەب شێوێنراوە بە ئەنقەست.

(پەردە دائەدرێتەوە)

**پەردەی سێیەم**

دیکۆر: ژوورێکی جوان لە کۆشکی ئاغا.

پێویستی: قەرەوێڵە، چەند کورسییەک، مێز و شتومەکی ناوماڵ.

نەریمان: گەورەم، دوکتۆرێکی باشمان دۆزییەوە.

مالە: باشترین دوکتۆر لە عالەما.. مردوو چاکئەکاتەوە.

نەریمان: بەڵام هەندێ جار خۆی لەبیرئەچێتەوە و بە جۆرێکیتر خۆی نیشانئەدات.

مالە: حەز لە گاڵتەوگەپیش ئەکات.

نەریمان: زۆر مەشهوورە لەو ناوچەیە و خەڵکی هەموو باسی زانین و عیلمی ئەکەن.

مالە: کە قسەئەکات، ئەڵێی کتێب ئەخوێنتێتەوە.

میناغا: بە سەری باوکم پێمخۆشە، بانگیکەن.

نەریمان: هەر ئێستا ئەیهێنمە ژوورەوە. (ئەچێتە دەرەوە)

مالە: قوربان، من خۆم بە تەنیا ئەم دوکتۆرەم دۆزیوەتەوە.

میناغا: باشە ئافەرم.

مالە: قوربان حەز لە گۆشتیش ئەکات.

میناغا: ئەی حەذ لە نانوماثت ناکات؟

مالە: نەخێر قوربان.

میناغا: ئەی ثاوەر ماڵە؟

ماڵە: نەخێر، برنج و گۆشت،

میناغا: بەخوا دوکتۆرێکی ثەیرە.

ماڵە: یەک تکاشت لێئەکەم، قوربان.

میناغا: چییە ماڵە؟

ماڵە: هەرچییەک بڵێ و هەرچییەک بکات لێی عاجزمەبە، چونکە زۆر عالمە.

میناغا: بەڵێ، بەڵێ، ئەذانم منیش فێری ئوثووڵ بووم.

نەریمان: (دێتە ژوورەوە) مەرحەبا ئاغا.

میناغا: وەی عەلیکوموسەلام و ڕەحمەتوڵڵا. (دەستی بۆ درێژئەکات بۆ تەوقەکردن)

ساڵە: پێویستناکا، مۆدەی نەماوە.

میناغا: بۆچی جەنابی دوکتۆر؟

ساڵە: چونکە هەندێ دەست مولەووەسن.

میناغا: مولەووەث چییە قوربان.

ساڵە: یەعنی پیس، ناپاک.

میناغا: وەڵڵا جەنابی دوکتۆر بە ئاو و ثابوون شتوومە.

ساڵە: فایەینییە، هەر دەستێک درێژ بوو بۆ سەروماڵی خەڵکی، بۆ سەر گیانی خەڵکی، هەرگیز پاکنابێتەوە، ئەگەر بە هەموو ئاوی دنیا بشۆرێتەوە.

میناغا: ئینجا ئەوە مەبەثتت چییە لەوە؟

ساڵە: درێژەیمەدەرێ، قابیلە هاتبم جاهیلێکی نیوەزمانی وەکوو تۆ فێرکەم؟

میناغا: ببوورە، مەبەستم ئەوەنەبوو؟

ساڵە: کوا کچە نەخۆشەکەت؟

میناغا: لەو دیوە.

ساڵە: ناوی چییە؟

میناغا: ناوی شەرمینە، قوربان.

ساڵە: ئەهلەن، ئەهلەن، ئەهلەن.

میناغا: بەڵێ.

ساله: بانگیکەن.

میناغا: بەڵێ باشە.

ساله: (دائەنیشێ) چاک تووشبووم، ئەمەم لە کوێوە بۆ پەیابوو، خەڵکی ٢٠، ٣٠ساڵ ئەخوێنن، ئینجا ئەبن بە دوکتۆر، من بە نیو سەعات! بەڕاستی سەیرە.

ماله: (دێتە ژوورەوە، دەست بە سنگیەوە) گەورەکەم ئەمرێ، خزمەتێ؟

ساله: لەگەڵ هەر کەسێکدا، تەڵەکەبازیئەکەی، لەگەڵ منا نا.

ماله: چۆن قوربان؟

ساله: تۆ تەنیا خزمەتی خۆت ئەکەیت، چاوت بە کەس هەڵنایە، ماله. بێدەنگبە و بەس، من تەفکیرئەکەمەوە.

میناغا: (دێتە ژوورەوە) ئەوا شەرمن هات گەورەم، تکایە ذوو گرێی ذمانی بکەرەوە.

ساله: بەڵێ گرێ، گرێکردنەوە زۆر پێویستە. باووباپیرانمان وتوویانە- گرێی دەست مەخەرە دان. بوقرات وتوویەتی ئاگاتان لە گرێکوێرە بێ. دایک بە کچی ئەڵێ- یا خوا گرێی بەختت بکرێتەوە. تۆش ئەڵێی- گرێی زمانی شەرمن بکەرەوە.

میناغا: بەڵێ، بەڵێ، بەڕاشتی ئێوە تێگەیشتوون.

ساله: من چاوەڕوانی کچەکەتم، من پەرۆشم، هەموو دەرمانێکی دوکتۆریم بۆ ئامادەکردووە.

میناغا: کامەتا دەرمان، هیچ نابینم.

ساله: (پەنجە درێژئەکات بۆ سەری) وا لێرەدا.. ناوت چی بوو؟

میناغا: من ئەفەرمووی.

ساله: ئا.

میناغا: میناغا،

ساله: مینە یان مینا؟

میناغا: میناغا.. میناغا.

ساله: ها ها، میناغا، میناغا، مینا ناوی پیاو نییە، ناوی ئافرەتە. باوکت بۆ وای ناو ناوی؟

میناغا: بڵێم چی، قوربان!

ساله: تۆ میناپووری نیت، پووره مینا.. ئاوا.. ئەبێ هەڵگێڕینەوە وەک نەعنا. بوقرات لەباتیی کڵاو و جامانە، وتویەتی- هەی هەی لەم زەمانە، زاوا ئەبێ بە بووکێ. موقەدەراتی قەومێ، ئەدرێ بە مەڕنەمووکێ!

میناغا: چییە قوربان ئەم قسانە؟

ساله: عیلمن، ئەدەبن، هونەرن، فەلسەفەن، ڕۆشنبیرین (شەرمن دێتە ژوورەوە، نەریمان لە دوایەوە).

میناغا: ئەوە شەرمنە جەنابی دکتور.

ساله: طەبعەن شەرمنە. ئەی گوایە ئەتەوێ بە کێی تێبگەم؟ بە خازە؟

میناغا: بەڵێ، قوربان.

ساله: ست داون (ڕووئەکاتە میناغا).

میناغا: بەڵێ؟

ساله: یەعنی ڕۆنیشە.

میناغا: بەڵێ؟

ساله: دانیشە، ئۆتر، ئوگعود.

میناغا: (پێئەکەنێ) ئێ، ئێ، تێگەیشتم.

ساله: (ڕووئەکاتە شەرمن) تۆش بنیش.

میناغا: جەنابی دوکتۆر، هەر ئەم کچەم هەیە و زۆرم خۆشئەوێ.

ساله: من بڕوام بە قسە نییە، بڕوام بە کردارە. (ئەچێتە تەنیشت شەرمنەوە دائەنیشێ) کچێکی جوان، ئەبێ شوو بە کوڕێکی جوان بکات، ئەبێ شوو بەو کەسە بکات کە دڵدارێتی، کە حەزی لێئەکات....

شەرمن: شەرمن (زەردەخەنە ئەیگرێ).

میناغا: شوکور پێکەنی، شوکور پێکەنی.

ساله: ئێ، شەرمنی جوان، کچی مامۆستا مینە.

میناغا: قوربان من ئاغام.

ساله: قسەم پێمەبڕە، من خەریکی دوکتۆری و عیلمم، کوێت ژانئەکات؟

شەرمن: (دەستئەبات بۆ دەمی، ئینجا سەری، ئینجا چەناگەی و ئەڵێ) هان هی هۆن.

ساله: (ساله دەست ئەبا بۆ دەمی و بۆ ڕوومەتی و بۆ دڵی و ئەڵێ) تۆ غەڵەتی، هان، هی، هۆن.

شەرمن: شەرمن. (ڕووی زۆر خۆشئەبێ و زەردەخەنە ئەیگرێ)

ساله: (ڕووئەکاتە میناغا) تۆ لە زمانی هان هی هۆن ئەگەی؟

میناغا: نەخێر، قوربان، ئاخر ئەم لاڵییەیە کە شووکردنەکەی دواخستووە.

ساله: بۆ گوایە دوایخستووە؟

میناغا: چونکە هەتا ئەم لاڵییە چاکنەبێتەوە، کابرا نایهێنێ.

ساله: وا دیارە ئەم کابرای خوازبێنیکەرە زۆر گەوجە، ئەگینا پیاو هەیە لە دنیادا حەزنەکات ژنەکەی لاڵنەبێت؟ بەشبەحاڵی خۆم خازەی ژنم لاڵببێ، بە نامووسم حەوت شەو و ڕۆژ لە خۆشییانا هەڵئەپەڕم.

میناغا: تکات لێئەکەم ذوو چاکیبکەرەوە.

ساله: (دەستئەبا بۆ دەستی شەرمن) ئا نەبزی دوو جۆرە: جۆرێکی هەندێ قسە هەر ئەکات، بەڵام بە گران؛ نەوعێکیش هەر قسەناکات، یەعنی لە قسەی ناگەین. مەسەلا ئەڵێ: ئەبەبا.. ئەتەتا.. ئەقەقا.. ئێمە عالمین، زوو لە هەموو شتێک ئەگەین.

میناغا: باشە جەناب. ئەم نەخۆشییە لە چییەوە پەیدائەبێ؟

ساله: ئاسانە، هەر گوێشیمەدەرێ.. ئەرەستۆ لە دەروازەی زمانا ئەڵێ- زمان ماسوولکەیەکی پان و درێژە وە نەبەستراوە بە کاسەی سەرەوە و دێت و دەچێ و بەڵایەکە خوا تووشی بنیادەمی کردووە. باوو باپیرانیشمان وتوویانە- ئەگەر زمان بیڵێ، سەر ڕەحەتە. شتی قوڕ و ناشیرین و خراپ و چەوت، پیاوی گەندەڵ و بێتوانا و نەزان ئەبینین، زمانمان ئەخەینەکار، قسەئەکەین، جنێو بە چەوتی و ناڕاستی و بە دزی، جنێو بە گەندەڵ و نەزان و بێتوانا و ساختەچی و دەستبڕ ئەدەین. بێگومان ئەمانەش شتیان بەدەستە و دەستمان لێئەوەشێنن. ئینجا پیاو زمانی نەبێ باشە و ئەهـ

میناغا: قوربان مەبەئتم تێبگەیەنن، لاڵی لە چییەوە پەیدائەبێ؟

ساله: خۆی هەڵم، بەڵێ هەڵم لە ناوسکا پەیدائەبێ، ئەکشێ بەرەوژوور، ئەیدا لە ئاسمانی ورگ – گەدە، لێیئەپەڕێ، ئەیدا لە ڕۆخی جگەر، تێئەپەڕێ، ئەیدا لە نێرکی دڵ.

ماله: قوربان دڵ نێرکی هەیە؟

سالە: ئەی نەفام، نێرکی هەیە، گوێچکەی هەیە، ژووری تیایە..

نەریمان: قوربان، عەفووی‌کە نەزانە، نەزان (بە ماڵە) هەتیو، بێ‌دەنگ‌بە هەتا باسی قاچ‌وقولیشی نەکردووە.

سالە: بەڵێ، ئێوە کامتان لاتینی ئەزانن؟

(هەرسێکیان بێ‌دەنگ و تەنیا سەر ڕائەوەشێنن)

ئەی جاهیلی نەفامینە، بە نەخۆشیی زمان لاڵی ئەوترێ. لاڵیش، دڵداریش، خەمخواریش. بەڵێ، ئینجا ئەو نێرکی دڵە ئەلەرێتەوە، ئەلەرزێ، ئەبێ بەهۆی لاڵی و ئەمەیە نەخۆشی و هۆی نەخۆشی.

نەریمان: ماشائەڵڵا لە عیلم، ماشائەڵڵا لە ڕۆشنبیری.

مالە: ماشائەڵڵا لە سیاسەت.

سالە: هەتیو، مالە گەڕ، سیاسەت عیلاقەی چییە بە لاڵیی زمانەوە؟ هەی جاهیل؟

میناغا: وثبە مالە. ئێی قوربان، دەرمان چییە بۆ نەخۆشییەکە؟

مالە: ئاها.. هاها.. دەرمان؟ نان و شەراب. بەڵێ، نان و شەراب.

میناغا: ئینجا نان و شەراب دەرمانە، قوربان؟

سالە: طەبعەن دەرمانە، تۆ ئەیزانی یان من؟

میناغا: جەنابت ئەیذانێ، بەڵام بۆچی؟

سالە: چونکە تووتی، ببیی مە تۆ، بەبغاء، بە نان و شەراب دێتە زمان.. دەی بڕۆن نان و شەراب بۆ ئەو و خۆراک بۆ من جێبەجێ‌بکەن، تا نەختێک ئیسراحەت‌بکەم.

میناغا: ئادەی کوڕە، ئادەی خەریک‌بن.

(پەردە دائەدرێتەوە)

*

## پەردەی چوارەم

دیکۆر: ئەوی پێشوو.

(سالە لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵکەوتووە، نەوزاد بە ترسەوە دێتە ژوورەوە)

نەوزاد: گەورەم، کاک دوکتۆر، گەورەم.

ساله: (بەرزئەبێتەوە) وەرە، وەرە پێشەوە، کێت ئەوێ؟

نەوزاد: جەنابت.

ساله: ئەمرێ، خزمەتێ؟

نەوزاد: داوای یارمەتیتان ئەکەم، گەورەم؟

ساله: بێنە دەستت، (نەبزی ئەگرێ) ئۆو نەبزت سێلۆنەیە.

نەوزاد: من نەخۆشنیم، گەورەم.

ساله: وا نەڵێی بێئەقڵ، کەس هەیە لەم دنیایە نەخۆشنەبێ؟ یەکێک نەخۆشی پارەیە. یەکێک نەخۆشە بۆ کورسی، یەکێک نەخۆشە بۆ پایە و یەکێک نەخۆشە بۆ ماڵوێرانکردنی خەڵکی. هەموو نەخۆشین.. هەموو دەردەدارین.

نەوزاد: من نەخۆشی دڵداریم، قوربان.

ساله: وا مەڵێ گەوجە. ئێی، قسەبکە.. قسەبکە..

نەوزاد: قوربان، من حەزم لە شەرمن و شەرمنیش حەزی لە من کردووە. بۆیەش خۆی لاڵکردووە، چونکی باوکی پیاوێکی پوولەکییە و ئەیەوێ کچەکەی بدا بە کابرایەکی دەوڵەمەند.

ساله: تۆ دەوڵەمەندنیت؟

نەوزاد: نەخێر، فەقیرم.

ساله: باوکت، خاڵت، مامت دەوڵەمەندنین؟

نەوزاد: مامم دەوڵەمەندە و پیرە، سەری لە گوێی قەبر ئەلەرزێ.

ساله: ئاهـ ئەمە شتێکی باشە. بەڵکوو ئەمە خوایە بمرێ و هەموو سەروەتەکەی بە تۆ ببڕێت و ببیت بە یەکشەوە.

نەوزاد: دەمخۆش قوربان. ئێستاش تکائەکەم ئەمەم لێوەربگرە (پارەی ئەداتێ).

ساله: تۆ وا دەرئەکەوێ تۆ ئوصووڵ ئەزانی.

نەوزاد: بەڵێ گەورەم، بمکە بە موضەمیدی خۆت، بەڵکوو ببینم و دوو قسەی لەگەڵا بکەم.

ساله: تەواو. لەم ساتەوە تۆ موضەمیدی، ڕاوەستە (دەستئەکا بە ژماردنی پارەکە). ئاهـ ئافەرم، ئۆغڵم ئۆغلانم، برۆ موەظەفی صیحی بە، یا ئەڵڵا.

نەوزاد: زۆر سوپاس گەورەم (بە هەردوو دەست تەمەننائەکات). ئینجا گەورەم شتێکیشم فێربکە لە عیلم.

سالە: کام عیلم، کوڕم؟

نەوزاد: عیلمی دوکتۆری.

سالە: (قاقا پێئەکەنێ) خۆشی خۆشئەشکە.

نەوزاد: بۆچی قوربان؟

سالە: لام وایە زۆر ئەزانم تا فێری تۆی بکەم.

نەوزاد: چۆن قوربان، ئەی دوکتۆر نیت؟

سالە: کوڕە دوکتۆری چی، بێئەقڵ؟ هەموو خوێندەواریی من هەتا صونفی شەش بووە.

بەڵام ئەوەتا بە زۆری زۆردارەکی کراوم بە دوکتۆر، بە لێدان ، بە دار. بەڵام ئەم پیشەیەم پێخۆشە و یا خوا هەتاسەر بێ. ئەوی چاکئەبێتەوە، ببێتەوە و ئەوی ئەشمرێ، لە ئامانەتی خودا بێ. کەس نییە نەمرێ، کوڕم، هەموو هەر ئەمرین.

نەوزاد: گەورەم، دوکتۆر بی و دوکتۆر نەبی، لە لای من پیاوی چاکی.

(دوو زەلام دێنە ژوورەوە، پیاوێک و کوڕەکەی)

پیاو: قوربان، خۆم و کوڕەکەم هاتووینەتە خزمەتت.

سالە: خزمەت لە منەوە، چیتان ئەوێ؟

پیاو: دایکی کوڕەکەم ناوێ ڕەحمەیە.

سالە: یەعنی بەڕەحمە، بەزەییی بە خەڵکا دێتەوە؟

پیاو: نەخێر قوربان، ناوی ڕەحمەیە.

سالە: چییە ئەم قسە بێمەعنایە؟ داخڵبە.

پیاو: داخڵی چی (ئاوڕئەداتەوە بەملاوبەولادا)

سالە: کوڕە داخڵی مەسەلەکەی بۆی هاتووی، یەعنی بۆم بگێڕەوە.

پیاو: (زەردە ئەیگرێ) ئێ، ئێ، تێگەیشتم قوربان.

سالە: ئەی بەخێر تێنەگەی ئاوا.. دەی قسەبکە.

پیاو: ڕەحمە گوناحە (بە کەساسییەوە).

ساله: بۆ؟ لێیان‌داوە؟

پیاو: نەء، قوربان گوناحە (بە گریانەوە).

ساله: کوڕم وادیارە باوکت زۆر عاقڵە و منیش بەرامبەر بە پیاوی وا عاقڵ، کەمچیکەڵانەم. تۆ قسەبکە.

کوڕە: مامە، دایکم گوناحە (بە کەساسییەوە).

ساله: تووخوا؟ دایکت گوناحە (بە کەساسی و گاڵتەپێکردنەوە) خۆم ئەبووایە زوو بمزانیایە کە گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ. ئێی، (بە تووڕەیی).

پیاو: ڕەحمە نەخۆشە.

ساله: چییەتی؟

پیاو: لە دوابڕاوەکەیەتی.

ساله: دوابڕاوەکە چییە؟ کلکی نییە؟

پیاو: نەء، قوربان ئاوساوە.

ساله: ئەی خوا بتئاوسێنێ، وەکوو منت ئاوسان، سکی پڕە؟

پیاو: نەء قوربان، هەموو لەشی پەنمیوە.

ساله: خوا بتپەنمێنێ، ئینجا چیت ئەوێ؟ ئاوساوە لە دواییا ئاوساوییەکەی ئەنیشێتەوە.

پیاو: چۆن ئەنیشێتەوە، قوربان؟

ساله: چەندت پارە پێیە؟

پیاو: چەند دینارێک، قوربان.

ساله: بێنە هەقی موعایەنە.

پیاو: (پارەی بۆ دەردێنێ و ئەیداتێ) دەی قوربان.

ساله: دەی ئینجا مەعقوولە، وتت گوناحە، ئاوساوە، پەنمیوە؟

پیاو: بەڵێ گونا....

ساله: هوس، هوس. ئەیزانم، ئەو ئافرەتە لە داخا ئاوساوە.

پیاو: لە داخی چی، قوربان؟ بەشەرەفم داخمنەکردووە.

ساله: لە داخی بێنانی و بێئاوی و بێوبەرگی و بێخشڵی ئاوساوە.

پیاو: هەمووی هەیە، قوربان، لە هیچی کەمنییە.

سالە: کەواتە لە داخی زۆرزانی و زیرەکیی تۆ ئاوساوە، هەی قومارباز؟

پیاو: (زەردەخەنە ئەیگرێ و قسەناکات)

کوڕ: نەوەڵڵا وانییە. هەموو جارێ دایکم پێیئەڵێ گەلۆر، گەندەڵ، گەلحۆ. دایکم گوناحە.

سالە: دایکت زیرەکە، دایکت عاقڵە، دایکت هەق وایە داخڵی مەجمەع بکرێ، چونکە بەپێی وشە قسە بە باوکت ئەڵێ.

پیاو: قوربان دەرمان، مەسەلەی ئاوساوییەکە؟

سالە: ڕەحمیست ئاوساویست، پیاو گەوجیست نەفامیست، ناقص، تەقسیم، زائید، زەڕبیست. ئۆهۆ غەڵەت، گەلۆر و گەلحۆ و گەندەڵ، موساوی پیاو. شعوور زائید ئیدراک، زائید قسەی خەڵکی: ئۆ عەمرەکەم نەمێنێ بۆ چ شوویەک کە تۆ کردت، موساویی ئاوساوی، دۆزیمەوە.

پیاو: چیت دۆزییەوە، قوربان؟

سالە: دەرمان، فستق.

پیاو: فستق؟

سالە: گوێبگرە کابرا، تووتی، ببیی بە تۆ، بەبەغا تەیرە یان نا؟

پیاو: نازانم قوربان.

سالە: تەیرە، ئەم تەیرە قسەئەکات، بۆ قسەئەکات، چونکە فستق ئەخوات، فستق مێشکی ئەکاتەوە، زیرەکیئەکات. تۆش لەمەودواوە هەموو ڕۆژێک لالەوێچێک فستق ئەخۆی.

پیاو: من بیخۆم؟

سالە: بەڵێ، تۆ ئەیخۆیت. لەپاش هەفتەیەک زیرەکئەبیت. ڕەحمە چیی وت، تۆ ئەوە ئەڵێیتەوە. ئینجا حەمە پێئەکەنێ. ئەمجارە حەمە مەسروورئەبێ، ئینجا هیچ داخێکی لە لەشا نامێنێ و ئاوساوییەکەی ئەنیشتێتەوە.

پیاو: ئەی بژیت بۆ چی دوکتۆرێکی!

سالە: (ڕووئەکاتە کوڕە) ئاگات لە باوکت بێ، دەمی نەوەستێ لە فستقخواردن. یاڵڵا بڕۆن. (هەردووکیان ئەڕۆن)

ساله: ئێی نەوزاد.

نەوزاد: بەڵێ، قوربان.

ساله: تۆ لەگەڵ فستقخواردنا چۆنی؟

نەوزاد: وەڵڵا قوربان من ناوبەناو ئەیخۆم.

ساله: بەڵام کە ئینشائەڵڵا ژنتهێنا، بە دائیمی بیخۆ.

نەوزاد: ئەمرەکەی.

(میناغا دێتە ژوورەوە)

میناغا: هیوام وایە جەنابتان ئیئتراحەتێکی باشتان کردبێ.

ساله: من قەت ئیسراحەتناکەم، هەتا هەرچی نەخۆشی هەیە، لەناونەبرێت.

میناغا: بە خذمەت ئەم ذاتە نەگەیشتووم.

ساله: لە خزمەت منایە، بەردەستیمئەکات، ئیشی نەخۆشی پێئەسپێرم. شەرمنخان چۆنە؟

میناغا: ئینشائەڵڵا ئەویش دێت، بەڵام جارێ هەر قثەینەکردووە.

ساله: (بە نیگا) بە ئەری باوکت بەم زووانە قسەئەکات.

شەرمن (دێتە ژوورەوە، چاوی بە نەوزاد ئەکەوێ، ئەگەشێتەوە)

میناغا: دانیشە کچم.

(شەرمن دائەنیشێ)

ساله: (ڕووئەکاتە نەوزاد) وەرە پێشەوە، نەبزی بگرە (قۆڵ ئەکات بە قۆڵی میناغادا و پشتیان تێئەکەن) عولەمای گەورە هێشتا بڕیاری تەواویان نەداوە دەربارەی ئەوەی کە کامیان زووتر چاکئەبنەوە، پیاو یان ژن؟ هەندێکیان ئەڵێن ئەمیان و هەندێکیان ئەڵێن ئەویان. بەڵام من بە هەموو فەخرێکەوە ئەڵێم هەردووکیان.

میناغا: بۆچی قوربان؟

ساله: ئا.... وتت بۆچی؟ با پێتبڵێم. ڕۆژ ئەسوورێتەوە و پرشنگی جوان پەخشئەکات، مانگ بە ڕۆژ ئەچێتە ناو کۆڵانەوە و خۆیمان لێئەشارێتەوە.

میناغا: مانگ ئەچێتە کۆڵانەوە؟

ساله: طەبعەن، ئەی گوایە کە ڕۆژ دەرکەوت، ئەو لە کوێ بنوێ؟ نابێ ئیسراحەتبکات؟

میناغا: بڵێم چی؟ قابیلە مانگ مریشک بێ؟

ساله: ئافەرم، ئەرێ وەڵلا مریشکە، بیلزەبت مریشکە، بەڵام مریشکێکی ئاسمانییە و هێلکەکانیشی شتێکی سەیرن.

میناغا: هێلکە؟ هێلکەی چی؟

ساله: هێلکەی بێزەردێنە، هێلکەی ئاسمانی، ئەستێرە (ئەکێشێ بە میناغادا) ئەستێرە هێلکەی مانگە.....

شەرمن: بەخوا قسەم یەکە و نابێ بە دووان.

میناغا: ئەوە خۆ قسەیکرد، سەد شوکر خوا، ئەی بژیت دوکتۆر.

شەرمن: بابە گیان، ئەمەوێ پێتبڵێم ئەگەر لەتوکوتمکەی، هەر شووئەکەم بەو کەسەی کە خۆشمئەوێ. شووناکەم بەو کابرایەی هاتبوو بۆ خوازبێنیم.

میناغا: وثبە کچم، ئێستا وەختی ئەو قثانە نییە.

ساله: وەختیەتی، دەی قسەبکە، با قسەت لەبیرنەچێتەوە. ئافرەت چۆن ئەتوانێ قسەنەکات.

میناغا: ڕجائەکەم دوکتۆر.

ساله: هوس، لاتتکلم، خەریکی ئیشم لێتێکئەدەی؟ شوو بەو کەسە ئەکات کە حەزی لێئەکات.

شەرمن: بەخوا بابە بشمکوژی، هەر ئەوەیە کە پێموتی..

میناغا: تووخوا ئەمە وەذعە؟ ئەمە حاڵە؟ ئەمە چ دنیایە کە کچ بتوانێ بێئوثوولیبکات؟

ساله: بێئوصوولی ئەوەیە بەزۆر کچێک بدەی بە دەوڵەمەندێکی پیری پەککەوتە. ئوصوولیش ئەوەیە دوو دڵ، دوو گەنج لەیەکنەکەی.

مامۆستا سەماوەر لە بنمیچی شەشەمی ژنهێنان و شووکردنا فەرموویەتی- هەرچی کچ هەیە ئەبێ شووبکات؟ هەرچی کوڕ هەیە ئەبێ ژنبهێنێ. مامۆستا قوڕەڕەشیش ئەڵێ: خێزانی بەختیار لە ماڵی پڕ خۆشەویستی و دڵداریدا پەیدائەبێ..

میناغا: بەثە، ڕجات لێئەکەم، بە سەری باوکم ئەمشەو مارەیئەکەم لە ..

سالە: نەیەڵی، نەوەک زمانی بچێتەوە کلیلە.

میناغا: چش با بچێتەوە کلیلە، ئەمەوێ لاڵببێتەوە.

سالە: (قوڵی ئەگرێ و قسەی بە گوێدا ئەچرپێنێ) ئەتەوێ شووبکات بە کابرا؟

میناغا: بە ثەری باوکم، من موافیقم.

سالە: (وەرئەچەرخێتەوە بۆ لای شەرمن و نەوزاد) بڕۆن بۆ ناو باخەکە دڵداریزم، ڕابواردنیزم، قەناعەتیزم، یەڵڵا بۆ ناوباخ.

(هەردووکیان ئەچنە دەرەوە)

میناغا: لەو قثانەی جەنابتان و باخ و قەناعەت تێگەیشتم، بەڵام ئەواتیتر..

سالە: پێویستناکات، ئەوانە دەرمانن، لە کاتی پێویستا بەکارئەهێنرێن.

میناغا: کە ذانیم کچەکەم حەذی لەو هەتیوە ناجثنە کردووە کە ناوی نەوزادە، ئیتر نەمهێشت بچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی نەیبینێ..

سالە: چاکتکرد.. مامۆستا دەسکەقۆریەی دووەم لە پەراوێزی کتێبی داری واوەیلادا ئەڵێ- لە بێخەبەران کەشکەک.. ئەشکە، مەنگوس.

میناغا: تێنەگەیشتم؟

سالە: قەیناکا با تێنەگەی، باشترە، چونکە کە پیاو تێگەیشت ماڵی وێرانئەبێ، دوژمنی بۆ زۆرئەبێ، درۆودەلەسەی بۆ هەڵئەبەستن. پیاوی ئاقڵ و زانا و دانا ئەوەیە هیچ نەزانێ، بارەگوێزی لێبنێن، خڕەی لێوە نەیەت، هەمیشە دەست بە سنگەوە بگرێ، هەرچییەکیان وت، زەردە بیگرێ و سەر بلەقێنێ.

میناغا: بەخوا دنیایەکی ثەیرە، ئەم هەموو شتە هەیە لە دنیادا.

سالە: بەڵێ، عیلم گوناحە، زانین گوناحە، ڕاستی و هەقوتن گوناحە.

میناغا: ئەمەیان چییە، جەنابی دوکتۆر؟

سالە: ئەمەیان لە کتێبی ئیبنی ڕەحمە (کوڕی ڕەحمە)وە وەرگیراوە بە دەسکارییەوە. (بە هەڵەداوان دێتە ژوورەوە قوربان، ئاغا، شەرمنخان و کوڕەکەی لەمەڕ دوکتۆر ڕایانکرد)

میناغا: چۆن شتی وائەبێ؟ ئەی ئەو حەذی لە یەکێکیتر نەکردووە؟

ساله: نەء، هەر حەزی لەم کردووە، ئەوە نەوزاد بوو، دڵدارەکەی شەرمن.

میناغا: کەواتە تۆ ئەم کەین‌وبەینەت بۆ من دروشتکردووە.

ماله: بەڵێ، قوربان، هەموو فیتەکە وا لەژێر سەری ئەم جامبازەدا.

میناغا: دەی نەریمان، ماله، پەلی ببەشتن. وا ئێستا خۆشم ئەچم پۆلیث ئەهێنم له مەرکەز.

(دەستئەکەن بە پەل‌بەستن له پشتەوە)

(پەردە دائەدرێتەوە)

## پەردەی پێنجەم

(ساله لەسەر زەوی کەوتووە، ماله و نەریمان ڕاوەستاون، یەکی دارێک بەدەستەوە)

خازە: ئۆی بەقوڕگیرێ، ئەمە چی بوو ئەم ڕێ دووردرێژە؟ بە خۆڕایی ناویان نەناوە دێی قۆڵتاش؟ (ڕووئەکاتە ماله) کوانێ دوکتۆر؟

ماله: دوکتۆر؟ (پێئەکەنێ) پشت بەخوا نەختێکی کە ئەیدەن له سێدارە.

خازە: (ئەکێشێ بە سنگیا) ئەیەڕۆ، بۆ پیاوی کوشتووە، دێی سووتاندووە؟

ماله: نەء، ئەمانەی نەکردووە، بەڵام جامبازیی‌کردووە.

خازە: ئینجا جامبازی کەی خراپە؟ هەرچی خەڵکی هەیە، هەر یەکە بە شێوەیەک بۆ سوودی خۆی جامبازیئەکات.

ماله: کچی ئاغامانی بە فڕاندن داوە.

خازە: ئێی، ئێی. ئینجا لەسەر ئەمەیە ئەیخنکێنن.

ماله: بەڵێ.

خازە: ئەی کوا له کوێیە؟ ئەمەوێ ببینم. (هەڵئەگێڕنەوە بۆ ئەمدیو و دایئەنیشێنن).

نەریمان: ئەوەتا، فەرموو ببینه.

خازە: تۆی -عەمرەکەم نەمێنێ- ساله گیان، ئەوە تۆی وا بە کزی ئەتبینم!

ساله: قسەی بێ‌مەعنا مەکە، خازە.

خازە: داری خۆت ببڕیایە و ڕازی‌بوویتایە بە ژیانی خۆت و تۆزێکیش لەگەڵ منا نەرم‌ونیان بوویتانه، باشترنەبوو؟

ساله: لەسەری مەڕۆ، لەمەوداوە منیش فستق ئەخۆم.

خازە: (پێئەکەنێ) قوڕ بەسەرت، وا تۆ ئیعدامئەکرێی، فستقی چی؟! ئینجا من پارەی دەنکە کوولەکەم نییە، نۆبەی فستقە، ساله گیان!

ساله: خازە. (هەڵئەسێتە سەرپێیان)

خازە: ئەڵێی چی، ئامۆزا گیان.

ساله: ساله گوناحە.

خازە: ئامۆزا گیان.

ساله: گیانی ئامۆزا. خازە گیان.

خازە: خازەش گوناحە..

ساله: دە بڕۆ ئیتر و لەکۆڵمبەرەوە.

خازە: بەخوا ناڕۆم، هەتا هەڵتئەواسن و ئەشتنێژن.

ساله: ئەی بەڵام لێدای بۆ چ ژنێکی ئاوا.

(میناغا، دوو پۆلیس، موعاونێک دێنە ژوورەوە)

میناغا: فەرموو بیبەن، قوربان.

ساله: ناکرێ کوشتنەکە بگۆڕن بە لێدان، بە حەپسی.

معاون: نەخێر.

ساله: کوڕە بەدەست خۆتانە، دە بیگۆڕن و ببڕێتەوە..

(نەوزاد و شەرمن دێنە ژوورەوە)

ساله: ئەوا هاتنەوە، سەد شوکر خوا.

نەوزاد: مامە میناغا (نامەیەکی بەدەستەوەیە)

میناغا: قوزەلقورت، هیچ شەرمناکات پێمئەڵێ مامە.

نەوزاد: ئەوە وەصیەتەکەی مامە حاجی وەسمانبەگم، ئەمری خوای بەجێهێنا، هەموو سەروەتەکەی داوە بە من.

میناغا: (کاغەزەکەی لەدەست وەرئەگرێ وە ئەیدا بە موعاون)

معاون: (ئەیخوێنێتەوە) بەڵێ تەواوە، ٢٠ هەزار قڕان، مۆر و شایەتی موعتەبەر، جووتە برای بازرگان و قۆنتەراتچیی بەحورمەت.

میناغا: (بە کەیفخۆشی و تەعەجوبەوە) بە ثەری باوکم پێمخۆشە، بیثت هەزار قڕان (ئەچێت ناوچەوانی نەوزاد و شەرمن ماچئەکات).

ساله: (بە تووڕەیییەوە) دە دەستم بکەنەوە ئیتر. (دەستیئەکەنەوە)

دەستمانبکەنەوە با بنووسین، دەممانبکەنەوە با قسەبکەین، گوێمانبکەنەوە با ببیستین، چاومانبکەنەوە با ببینین.

دوو دڵ لەیەکمەکەن، کرداری ناشیرین مەکەن. بە یەکێتی و بە ئازادی و بە برایەتی، هیچ موشکیلەیەک نییە چارەسەرنەکرێ.

(پەردە دائەدرێتەوە)

(هەموو نوێنەرەکان دێنەوە سەر شانۆ بە ڕیز، پەردە سەرلەنوێ ئەکرێتەوە.. دائەدرێتەوە)